
د.الف.ب
مرۆڤ بوو خودای خولقاند
تیۆری ڕزگارکردنی مرۆڤ لە چنگی ڕۆحانیەت
لێکۆڵینەوەیەکی سۆسیۆ مێژوویی و جوگرافیی دروستبوونی ئایینەکانی جیهانە
وەرگێڕانی :
عادل مەریوانی
د.الف.ب
2015
وەرگێرانی :
عادل مەریوانی
چاپی یەکەم
Dr.a.b
There was a man God created
Theoretical liberation of man from the clergy
Translation
by
adil mariwani
2015

مرۆڤ بوو خودای خولقاند

د. الف – ب

مرۆڤ بوو خودای خولقاند

لێکۆڵینەوەیەکی سۆسیۆ مێژوویی و جوگرافی ئاینەکانی جیهانە

تێۆری ڕزگار کردنی مرۆڤ لە چنگی ڕۆحانیەت

وەرگێڕانی :

عادل مەریوانی

مرۆڤ بوو خودای خولڵقاند


ناوی کتێب : مرۆڤ بوو خودای خولقاند

بابەت : تیۆری ڕزگار کردنی مرۆڤ لە چنگی ڕۆحانیەت

بوار : لێکۆڵینەوەیەکی سۆسیۆ مێژوویی و جوگرافی و ئایینەکانی جیهانە

نوسینی : د . الف – ب

وەرگێڕانی لە فارسی یەوە : عادل مەریوانی

دیزاین بەرگ :

دیزاینی ناوەوە :

پیتچنین :

سەرپەرشتیاری چاپ :

تیراژ :

چاپخانە :

ژمارەی سپاردن :

فێرستی سەردیرە گشتی یەکان

پێشەکی : وەرگێڕ

پێشەکی : نوسەر

کتێبی یەکەم : خودا بەر لە مێژوو ، شارستانیەتە کۆنەکان

بەشی یەکەم : ئاین لە سەردەمە کانی بەرلە مێژوودا

بەشی دووەم : ئاین لە شارستانیەتە سەرەتایەکاندا و خودا مردووە لە یاد کراوەکان

کتێبی دووەم : ئاین لە هیندستان و خۆر ئاواو خۆرهەڵاتی ئاسیا

بەشی یەکەم : ئاین لە هیندستان

بەشی دووەم : ئاین لە چین و یابان

کتێبی سێیەم ئاین لە خۆرهەڵات

بەشی یەکەم : زەردەشت و مزدیسنا

بەشی دووەم : موساو ئاینی یەهود

بەشی سێیەم : عیساو مەسیحیەت

بەشی چوارەم : محەمەد و ئیسلام

بەشی پێنجەم : پەیڕەویی ئاینی

بەشی شەشەم : کۆتایی و دەر ئەنجام

کتێبی یەکەم :

خودا بەر لە مێژوو ، خودا مردوو لە یاد کراوەکان

بەشی یەکەم : ئایین لە سەر دەمی بەر لە مێژوو

بەشی دووەم : ئاین لە شارستانیەتە دێرینەکان و خودا مردووە لە یاد کراوەکان .

بەشی یەکەم : خودا لە نێوان دووروبار

بەشی دووەم : خودا لە میسر

بەشی سێ یەم : خوداکانی یونان

بەشی جوارەم : خوداکانی ڕۆمی کۆن

بەرایی یەکەم : ئایین بەر لە مێژوو

بەرایی :

ماهیەتی عەقڵی مرۆڤ خولقێنەرێکی خولقاندوە

خۆی خولقێنەری ئەو خولقاوەیە کەچی بوەتە دیلی

ئەو خولقاوە . مارکس

پاش خوێندنەوەی ئەم کتێبە : تیگەشتم کە ژیان بە هەموو بەهاو نۆرم و نەریت و ئاینەکانیەوە بریتی یە لە تیۆریاکەی داروین کە دەلیت : ( ململانێ لە پیناو مانەوەدا ) جەوهەری بون ئەسلی ئەو تیۆریایەیە . بەو مانایەی کە بون لە چەمکی ئەو تیۆریایەدا بریتی لە هێزی مانەوە و داهێنانی نوێ بۆ دەست بالأبوون . مرۆڤ بە درێژایی ماوەی ژیانی هەمیشە بە شوێن نەمریدا گەراوەو ویستویەتی بمێنێتەوە ، بۆ ئەم مەبەستەش چەندین شێوازی هزری و نەریتی گرتوەتە بەر تا بتوانێت درێژە بە ژیانی بدات یان نەمری بەدەست بێنێت ، هەموو ئایینەکان یەک سەرچاوەو ڕێکەیان هەیە و دەگەڕێنەوە سەر ماهیەتێک . لە ڕاستی بۆ وەرگێڕانی ئەم کتێبە زۆر شەو نخونیم کێشا بەڵام لە بەرگرنگی کە تا ئێستا هیچ تاکێکی

کورد شارەزایان لە بابەت ئاینە کانەوە نیە  بە پێویستم زانی کە ئەبێت بە هەر چی جۆرێکە رۆناکی بینێت .

رۆشنبیر و هۆشیارەکانی ئێمە ترسنۆکن یان رۆشنبیر مان نی یە چونکە تائیچستا نەتوارناوە دەست بۆ ریشکی هەندێک بابەت ببرێت کە رشاستەو خۆ کاریکەری لە سەر زان و گوزەرانی خەڵک هەیە ، و پەیوەندی بە چارەنوسیانەوە هەی . بەڵام ئەگەر ئاورێک لە میژوی نەتەوەکانی تری وەکو فارس بدەینەوە ئەوان دەستیان لە ریشکی بیرۆزیەکانەوە گیر کردوەو لەویەوە دنیا دەبینن  . بیچ گوێ دانە ئەوەی کە دەبێت ئاخۆ ئەم پرۆزیانە جەند زەرەمەند بون  بۆ ژیانی کۆمەڵکە . کەی ئیمەش دەتوانین ئەم تابۆ بیرۆزیانە بشکینن و دەست بە شرۆڤە کردنی پیرۆڤیەکان بگەین کە چەندین سەدەیە بەناوی بیرۆزیەوە دەمان چەویسننەوە و سوکایەوتی بەیرۆزی ئیناست دەکەن ئەوەی کە بیرۆزە خودی مرۆڤە نەک ئەو ئاینەی خۆی دروستی کردەوە خوی بوتە دیلی  ،

من ئەوە تێکەیشتوم کە کیشەی ئیە کێشەی شوناسە ، ئایندارێک لای کرنگ نیە جی رەکەزیکەو سەر بە جی رەحەلەکیکە ئەو وا تەمو مزاوی کراوە تە نیا لیەلای ئەوە کرنگە کە باوەرداره . بەلام بەدریزایی میژو لە دوای دەولەتی مادەوە کورد کیشەی شوناسەی هەیە  ؟، ئمە بۆیە تا ئیستا نەمان توانیوە خاوەن شوناس بین لە ناو شوناسی نتەوەکانی تردا تواوینەتەوە ، یەهودیەک و موسلمانیک و مەسیحیەکی رۆشنبیر باش دەزانن ئاینەکەیان نەک هەر هیجی لەباردا نیەو درۆو سەرقال کردنی خەلکەی ساویلکەیە بەلکوە دەزانن کە ئاینە کەیان ترسی ئەوەی نیە لەو دنیا یان لەم دنیا لیپرینەوەی خودای دەکرین بەلکو ئەوان بۆ خۆیان ئەم ئاینەیان ککردوەتە شوناسی گەلو نەوەکەیان و بونەتە خاوەن کیان و ئازادی و دەولەت . بۆیە سورن لە سەری و داکرکی ی دەکەن .    لە کۆتایدا دەمەوێت ئەوە بڵێک کە بۆ وەرگێرانی ئەم کتێبە  سودەم لە چەند کتێب و فەرهەنگێکی زاراوەکتن و هاوکات  تەفسیری ئاسان وەرگرتوە کە لە کۆتایی کتێبەکەدا ئاماژەم بەو سەرچاوانەکردوە .

پێشەکی نوسەر  :

مرۆڤ  لە رەوتی مێژوودا ، نەتەنیا لە سەر زەوی خۆی بە سەر بونەوەرەکانی تردا سەپاند  ، بەڵکو سروشت و دەوروبەریشی خستە ژێر رکێفی خۆیەوە و کاریگەری لە سەر دانان . بە ئەفراندن و ئاشکراکردن زۆر شتی بەدەست هێناو نهێنی ئاشکرا کرد  ، گەردیلەی ئەتۆمی ئاشکراکردو چوە سەر مانگ ، کە لە رۆژگارێکدا  باوو باپیر انی مانگ یان بە خودا دادەناو دەیان پەرست  هەنگاوی نا  .  بێ گومان ئەو داهێنانانەی ئەم ( مرۆڤە ئاقڵە )ی سەدەی بیستەم ئەنجامی دا تەنیا سەرەتایەو پێشکەوتن و دۆزینەوەی مەزنتر  لە ئایندەدا بەدەست دێت . بەڵام بەگشتی هەموو ئەو ئەوئەفراندنە زانستی و هونەریانە دەستکەوتی فەلسەفەیە بۆ چارەسەرکردن و رەواندنەوەی گومانەکان و پرسیارو هەورازەکانی ژیان  . مرۆڤ و نەوەکانی  هێشتان  لە زەمینەی باوەڕە ئایینی و باوەڕبوون بە ئەو دیو سروشت کە

هەزاران ساڵ پێش لە دارستان و ئەشکەوتەکان ژیاون بەساکاری ماوەتەوە . مرۆڤی بەرایی لە پەیوەندی هۆ و هۆکارەکان تێنە دەگەیشت . ئازاری دەچەشت لە بەر گەرماو سەرما و لە ژێر تیشکی سوتێنەری هەتاو و برسی یەتی و نەخۆشی ، لە و جێگا بۆ ئەو جێگا ، بە مێشکی سەرەتایی خۆی هەرچی بە خەیاڵیدا دەهات دەیکردە خودا و لە بەردەم ئەوەی کە خۆی دروستی کردبوو کرنوشی دەبرد . داوای بەخشینی تاوانەکانی خۆی دەکرد بۆ سەلامەتی گیانی خۆی و بە دەست هێنانی دەستکەوت قوربانی بۆ ئەو خودا دەستکردە پێشکەش دەکرد . بە پێی تێپەرینی سەدەکان ماهیەت و بنچینەی ئەم گومانە گۆرانێکی هەستیاری بە سەردا نەهاتوە خودا دروستکراوەکان لە سەر شێوەی مرۆڤ وێناو ناوی جۆراو جۆریان لێنراوە ، سنووردارییەتی کرداری ئەم خودایانە بە پێی تێپەرینی کات فراوان بوو بونە ئەو خودا بەهێزو بە توانایانەی کە چارەنوسی مرۆڤیان دیاری دەکرد ، بەڵام ماهیەت و جەوهەریی بنچینەیی خودای دروستکراوی دەست و هزری مرۆڤ بە هەمان شێوەی سەرەتایی خۆی ماوەتەوە ، زۆرێک لە خەڵکی باوەرِدار لە مەودای سەدەی بیست و یەکی زایینیا دەژین لە سەر بنەمای باوەرِە ئایینی و نەریتی کۆنی ئایینی هەستە توند و ئاگریناوی بونیاد نراوە ، کە لە نەوەکانی ئێمەوە بۆمان ماوەتەوە زۆر لە گەڵ مەنتیق و ئەقڵدا دورن لە یەکەوە .

بەرگری لەوە ناکەم کە ئەوەی نوسیومە پوخت و بێبەری یە لە هەڵە و کەم و کورتی ، بەڵام لە قوڵایی یەوە باوەڕم وایە کە هەستیار ترین و بەنرخترین بابەتە کە مرۆڤ بەدرێژایی مێژوی خۆی روبەڕوی بوەتەوە . باس لێوە کردوە ، ئەم کتێبە بە دەستەواژەی کورت و گوزارەی سادەو ئاسایی بۆ هەموو چین و توێژەکان ئامادە کراوە تا هەموان سودی لێ ببینن و پاش بیر لێکردنەوە و رۆ چون بە ناو هەقیقەتی ئایینەکان وەڵامی مەنتیقی ئەو پرسیارانەی کە پێشنیار کراوە وەربگرن .

هیوادارم ئەم شرۆڤەو لیکۆڵینەوەیە جێگای سەرنج بێت و کەمو کورتیەکانی ئەم کتێبە دور لە دەمارگیری ئایینی و گرژی لە لایەن قەڵەمە بە برشتەکانەوە شیکار بکرێت ، تا بەرگی کۆتایی بە قەڵەمی هەوان بنوسرێتەوە ،

دەربارەی ئاین زیاتر لە هەر بابەتێکی تر کتێب و نوسینی تر نوسراون زۆرێک لەو نامانە لە نوسینی ئەم کتێبەدا دەستپێک بون و هەتا گوزارەی ئەو نوسراوانە بە شکاندنی داب و نەریت لە بەر چاو گیراون . هەلو مەرجە کە لە پێش چاو دەگرم و بەو هۆیەشەوە سوپاسی بێ کۆتایم ئاراستەی ئەو خاوەن قەڵەم و نوسەرە مەزن و خاوەن فکرانەی کە بەهرەم لێوەرگرتون دەکەم و ئەگەر بە هۆی زۆری رێژەی کتێبەکان و قورسی لە ئەستۆ گرتنی چاپ کردن نەم توانیوە لە کۆتایی کتێبەکەدا ناویان بهێنم پۆزشیان بۆ دێنمەوە .

مرۆڤ لە سۆنگەی باوەڕی ئایینیەوە هێشتان لە چەرخی موعجیزە کاندا دەژی ، باوەری ئەم خواستەش کە خۆرگیراون و مانگ گیران بە موعیزەی خودا دەزانێت و یان خەڵکی عاد و سمود بە سزای کاری خودا لە بەر ئەو گوناحانەی کە لە ئەستۆیان نرابوو خاپور دەکات و بە فەرمانی خودا لە سەر زەوی دەیان سرێتەوە و زۆرێکی تریش لەم هۆزانە ، هێشتان پاەی باوەڕی ئایینیان وەک بەشێک لە خەڵکی جیهان پێک دەهێنن . ئەوەی کە بەرگری لە بێداربوونەوەی خەڵک و بیرۆکەو ئەقڵ گەری لە بەهای باوەڕە دەمارگرژی ئاینی یە . لە پلەی یەکەمدا بونی هەمەیشەیی باوەڕ گەلی ئیستەیی لە گشت کاروباری ژیانی مرۆدا خۆی تێ هەڵ دەقورتێنێت . لە یەکەمین وتەزاکانی کە دایکان فێری مناڵەکانیانی دەکەن تا کۆتا دەستە واژەی کە لە سەر جەنازەکەی تەلقینی دادەدەن . لە سەرەتایی ترین ئەو وانانەی کە مناڵان لە خوێندنگا فێر دەکرێن نمایش و فلیمەتەلەفزیۆنیەکان و شەپۆلەکانی سەتەلایتی حەتا عیبادەت هەندێک کات کە بە شێوەی پاشماوەی مێژوویی لە ڕۆژانی پشوو سەفەر کردن بەرچاو دەکەوێت . هەموو ئەمانەو هەموو تەلقینی کۆتایی یە و سرکەری بەرەبەرەی خۆدە لە سەر هێزی کۆ

ئەندامی دەمارو ویژدان  لە سەر کەسیەتی مرۆڤی دادەنێنن ، لایەنی باوەڕباری ئەویش تەنیا بۆ لایەکی سوتێنەر و ئینحرافی ڕێنمنی دەکات .

هەدەف لە نوسینی ئەم کتێبە پێشنیاری یەکێک لە ئالۆزترینی بابەتی ژیاری  و مێژوویی مرۆڤە بە شێوەیەکی گشتی . هەبوونی وەلامێکی مەنتیقی  بەو پرسیارانەی کە تەواوی تاکەکانی مرۆڤایەتی لە دماوەی ژیانیدا بیری لێدەکاتەوەو بەدوایدا ویلە ، وای دابنێ کە باوەڕو بیرۆکەی جیاوازی خەڵک ئازادانە باس بکرێت وەک گرنگ لە سامالّیدا و لە ئەنجامی  پێکدادان و ململانی  باوەڕەکان  و فیکرەکان   جەوهەری هەقیقەت بەدیار دەکەوێت . وەرە تا تا پەنجەرە داخراوەکان ڕێگایەک بۆ گۆڕینی هەوای نوێ  و زانستی و هزری نوێ لە هەناوی ئەم چێوە داخراوە  کە بە توندی بە بۆنی کۆنەیی بە خۆیەوە نوسساندوە  هەمواربکەینەوە ، هزری نوێ لە گەڵ باوەڕەکۆنەو باوەکان بخەینە بەر باس و لێکۆڵینەوە . ئەقڵ و هزر بکەینە جێنشینی دەمارگرژی کوێرانەی ئایینی و باوەڕی پاشماوەی نەوەکۆنەکان . هەموان دەست بالآیی ئەقڵ قبوڵ بکەین  ، لە دەمارگرژیەتی و تندو تیژی خۆ ببوێرین و دور بکەوینەوە . بە هزرو شرۆڤە کردنی زیاتر بە هاوکاری زانست و ئەزموون  ئەوەی کە ئەقڵ و مەنتیق بەرەوای نازانێت دوربخەینەوەو ڕێگای نوێ هەڵبژێرین

بەشی یەکەم  :

ئایین لە سەردەمی بەر لە مێژوو

پاش ئەوەی کە داروین  تیوریا ناسراوەکەی خۆی  ئاشکرا کردوو جەختی لەوە کردەوە کە  یەکێک لە جۆرەکانی مەیمون وەک بنچینەو ڕەچەڵە کی  مرۆڤ لە دو توێی کتێبێکدا بە ناوی ( بنچینە ی جۆرەکان  (  origin of spices)ساڵی 1859  زاینی و بڵاو کردەوە  . ئەو تیۆریایە مشتو مڕێکی زۆری نایەوە لە تەواوی دنیادا بە شێک لەپیاوە ئایینیە توندڕەوەکان ( ڕۆحانیە توندرەوە ئاینیەکان ) دژایەتی ئەم تیۆریایەیان کرد و  وتیان کە هیچ جۆرێک لە  جۆرەکانی مەیمون  ناتوانێت ببێتە ڕەچەڵەک و بنچینەی مرۆڤ  و شیاوی قبوڵ کردن نیە  .  مرۆڤ هەر بەو جۆرە ی کە لە تەوراتدا هاتوە  خودا خۆی لە قوڕ دروستی کردوەو خولقاندویەتی  . لە لایەن بەشێک لە توێژەرانەوە شیکاریەکی ورد بۆ ئەم تیۆریایە ئەنجام درا ، چەندین جۆر ئێسقان و بەشی مرۆڤی کۆن کۆکرایەوە بۆ سەلماندنی ئەم تیۆریایە ، لە ئاکامدا بۆچونێکی پۆزتیڤی بەدەستهات  . ئەمرۆکە تەواوی بیرمەندان  لە سەر ئەو پنتە یەک بۆچونیان هەیە کە  مرۆڤیش لە بنچینەدارەگێکی ئاژەڵی هەیە ، و لە بەرانبەر کاریگەری سروشتیدا پەرەی گرتوەو گە شتوەتە ئەم ئاستە  .  هیچ جیاوازیەک لە پەیکەری پێکهاتەی جەستەیی و فیزیکی لە نێوان مرڤ و ئاژەڵەکانی تری نزیک لە خێزانی مرۆڤەوە بونی نیە  . بەو جۆرەی کە جیاوازیەکی ئەو تۆ لە نێوان خوێنی مەیمون و مرۆڤدا نیە لە بەر ڕۆشنایی ئەو شیکاریانەی کە لە هەمبەر کروموزومی مەیمون و مرۆڤدا بەدەست هاتوە  ، ئەوە ئاشکرا بوە  کە  کە مرۆڤ و مەیمون  پەیوەندیەکی بنچینەییان پێکەوە هەیە  . مرۆڤ لە ئاسمانەوە نەهاتوەتە سەر زەویی و دروستکردنی  لە قوڕ جگە لە ئەفسانە یەک هیچی تر نیە  ، ئەنجومەنی جوگرافیایی ئەمریکا بە جۆرێک

لە ڕێگەی پشکنینی ئتۆمیەوە ئەوەیان ئاشکراکردوە کە بونەوەری وەک مرۆڤ  لە پێش یەک ملیۆن ساڵەوە  لە سەر گۆی زەوی پەیدابوەو زیاتر لە  دوسەد هەزار ساڵیشە لە تەمەنی نەژادی مرۆڤی ئێستا تێدەپەڕێت .

لە چۆنیەتی و ئاستی ژیانی مرۆڤە سەرەتایەکان زانیاریەکی دروست لە بەردەستدا نیە ، وەک پێویست بێت ، مرۆڤی سەرتایی ژیانی خۆی وەک هەموو ئاژەڵەکانی تر بەڕێ کردووە ، ئاستێکی بیرکردنەوەی سنووڕداری هەبووەو  تەواوی هزری لە تەوەری بەدەست هێنانی خواردن و جێگای خەو و پشودانا سوڕاوەتەوە ، هێشتان مێشکی مرۆڤ  ئامادەیی پێویستی بۆ خولقاندنی خوداکان و ئەفراندنی ئەفسانە کان و حیکایە تەکانی خواوەند  بەدەست نەهێنابوو  .

هەزاران ساڵ لە ژیانی مرۆڤی  پێش مێژوو  تێپەریوە ، تا سەردەمی بەردینی کۆن و پاشان تا گەشتوەتە سەردەمی بەردینی نویَ، هێدی هێدی لە هێزی بیر کردنەوە کە سروشت وەک بونەوەرێک پێی بەخشیوە سودی وەرگرتوە . ئاسەواری بە جێماوی سەردەمی بەردینی دێرین  (    Paleolithic )  کە زاناکان مێژوەکەی دەگێڕنەوە بۆ پێش پێنج سەد هەزار ساڵ بەر لە ئێستا ئەوە ئاشکرا دەکات  کە مرۆڤ  لە و سەردەمەدا  بێبەری بوە لە  ژیانی شایستەی خۆیی و هیچ شتێکی شیاوی بۆ پاش خۆی بە جیَ نەهێڵاوە .

سەردەمی بەردینی نویَ  (    Neolithic) ئەتوانرێت بە دەستپێکی سەربیناى کۆ ئەندامی دەماری هزری  مرۆڤ  ئەژمار بکرێت،   زاناکان دروست بونی زمان دەگێڕنەوە بۆ ئەو سەردەمەی مێژووی مرۆڤ، کە هەنگاو بەهەنگاو  پەیوەندی تاک و کۆمەڵگەی مرۆیی  دروست  دەبێت  ، ئەزمونەکانی نەوە بە نەوە  دەگوازرێتەوە و هێزی ڕێکخستن و چالاکی هزری  مرۆڤ گەشە دەکات ، لەو سەردەمەدا ، مرۆڤ  خۆی ئامادە دەکات و دەست وەردەدات لە ژینگە بۆ ژیانێکی باشتر و هەوڵ دەدات  کە سروشت لەگەڵ داخوازیەکانی خۆیدا بگونجێنێت و ڕێکی بخات  ، هەرچەند نزیکتر ببینەوە لە ژیانی سەردەمەکانی دواتری مرۆڤ    ئەزمونی زیاترو خێرایی پێشکەوتنی بەرەو گەشە کردنێکی زیاتر هەنگاو دەنێت  .

مرۆڤ هەروەک بونەوەرەکانی تر بە پێچەوانەی ئەو  شێوازەی کە چۆن  خولقێنراوە  هیچ کات وەک تاک  نەژیاوە و لەم خاڵە شەوەیەکە چونیەکیەک لە نێوان  مرۆڤ و مەیموندا بەدی دەکرێت  ،
مرۆڤەکان بۆ دابین کردنی پێداویستیەکانیان بە هەرەوەز ڕاویان کردوە ، پێکەوە کۆبونەوتەوەو بە خێل و هۆزەکانی خۆیانەوە نوساون و هۆگریان بۆ یەک دی پەیداکردوە  . هەمان شتە کە بوەتە هۆی سەرهەڵدانی باوەڕی خێڵەکایەتی و تایفە گەریەتی و لەوانیشەوە ئەم باوەڕانە بۆ نەوەکانی دواتر گوازراوەتەوە لە ڕێگەی بۆماوەییەوە ، لە بەرانبەر باوەڕو نەریتی چونیەکدا ، هۆگریەکی زیاتری لە لای تاک و هەر خێڵێک دروست کردوە  ، لەم کۆمەڵگەیەدا تاک سەربە خێڵ بوەو باوەڕو نەریتەکان هاوبەش بون  ، وەک فاکتەری هۆگری تاکەکان بۆ یەک دی  .

زاناکان لەم سەردەمە دا لە سونگەی ( ئەنسترۆپۆلۆجیەوە ) مرۆڤناسیی یەوە ئەو بەڵگەیان بە دەست هێناوە  کە  دەی سەلمێنێت  کە کۆمەڵگەی چەندین خێزانی بونی بووە  .

هەر وەک ئەو شیکاریەی ئەنجام دراوە لە سەر پاشماوەی مرۆڤی نیاندەرتاڵ  ( neanderthales) لە ئەشکەوتەکانی ئەوروپادا کە چەندین ژووری بەرانبەر یەکدی هەبووە، و هەر یەکێک لەم ژوورانە تایبەت بوە بە یەک خێزانی جیا کە لە ڕاووشکاردا هاوکاری یەکتر بوون  .

خواردنی مرۆڤ  لە سەردەمی سەرەتای و سەردەمی بەردینی کۆندا وابەستە بەو ژینگەیە بووە  کە تیایدا ژیاون  ، ئەگەر ژینگەکە سەوزو میوەدار بوبێت ئەوا بۆ خواردن میوەو بەری درەختیان بە کار

هێناوە  کە لە بنچینەدا سەوزەو میوە خۆراکی سەرەکی ئەو سەردەمەبووە  ، وە ئەگەر لە کەنار دەریا یان ئەو ژینگەیەی کە تیایدا ڕاو شکار بەرفراوان بووە  ، سودی لە ماسی و گۆشت وەرگرتوە  ، بەم جۆرە ، ناتوانرێت مرۆڤی سەرەتایی بە تەنیا بە گۆشت خۆر یان میوە خۆر ناوزەد بکرێت  ، مرۆڤ بۆ بەردەوامی سودی لە هەموو جۆرە خۆراکەکان وەرگرتوە بە تایبەت ئەوجۆرەیان کە  زوترو ئاسانتر بەدەست هاتوە  ، و تەنها خۆراکێکی تایبەتی بەکار نەهێناوە  .

یەکەمین  جێگای حەوانەوەی  مرۆڤەکان  ئەتوارێت بوترێت ئەشکەوتەکان یان شاخ و کێوەکان بوە  ، گۆڕستانی مردوەکانیان لە و جێگایانە داناوە کە  بۆ سەردانی کردنیان ئاسان بوە  .

شێوەی بیرکردنەوەی سەرەتایی مرۆڤ  دەربارەی ئاین هەروەک بونەوەرەکانی تر  سنووری تێنەپەڕاندوە ، سەرهەڵدانی ئاین ناتوانین  بە یەکجاری بیگێرینەوە بۆ سەردەمێکی تایبەت  ، هەرسەردەمێکی ژیانی   مرۆڤ خاوەنی ئاینێکی گونجاو لەگەڵ سەردەم و ژینگەی جوگرافی و کۆمەلایەتی خۆی  بوە . پێویست بونی ناسینی خوداو ئاگایی لە هەمبەر  باوەڕە ئاینیەکان لە هەر سەردەمێکی ژیانی مرۆڤ دا  ، خۆناسینی مرۆڤ و کۆمەڵگە کەی بوە لە وسەردەمەدا  ، کە بەو خودایە باوەڕدار بوون ، خودا لە هەر کۆمەڵگەیەکدا ڕەنگدانەوەی وێناکردن و بیرکردنەوەی خودی ئەو کۆمەڵگەیە بووە  ، بەڵام بە داخەوە کە  چونکە هێشتا مرۆڤ نەگەشتوەتە ئەو ئاستە هزریەو ئاسەوارێکی زیندوی ئەو سەردەمانەی لە بەر دەستدا نیە  ، تیۆریای زاناکانیش هێشتا ناتوانرێت لە سنووری گومان و بۆچوون  تێپەڕێت  .

بەڵام پاشماوەی ئاسەوارەکانی دو جۆر لە مرۆڤ پێش سەد هەزار ساڵ پێش مەسیح بۆ نموونە ئاسەواری نیاندەر تاڵ  بەبەراورد بە پاشماوەی ئاسەواری کرومانیون (  cro – magnons )بونی گۆڕانێکی بەرچاو لە سۆنگەی هزریەوە بۆ باوەڕە ئایینیەکانی مرۆڤ دەسەلمێنێت  ، وەک دیاری کردنی گۆڕ و ئامادە کردنی مردوو جۆریک لە حیکایەت و باوەڕی ئاینی دەربارەی مردوەکان لەو سەردەمەی مێژوودا چۆنیەتی مرۆڤ بەدیار دەخات  . نیاندەرتاڵ مردوەکانیان بە شێوەیەکی تایبەت مەند بە خاک سپاردوە  .

لەو سەردەمەی مێژوودا لە ئەشکەوتی شنیدار  (   shenidar)لە باشوری ئێراق جەستەی مرۆڤ دوزراوەتەوەکە  لە ڕوی بەستەری چەندین جۆر گڵ و لە ژێر زۆرێک لە بەردا شاردراوەتەوە ، هەمان شێوەش لە تاجیک تاش  ( techick tach)لە تورکمانستان  جەستەی منداڵێک دۆزراوەتەوە و بە پێنج شاخی بزنەکێوی  بە شێوەی بازنەی لە دەوری جەستەکە دانراوە ، لە مۆنیت سیر شۆ (  monte circeo  )پەیکەرە ئێسکی مرۆڤ  لە نێوان بازنەیەکی لە بەرد دروستکراودا دۆزراوەتەوە  ، لەم گۆڕانەدا  بە گشتی مردوەکان بە ڕەنگی سور ڕەنگ کراون و هەموو شتەکانیشیان کە هەیان بووە لە گەڵیاندا نێژراون  .

لە ماوەی نزیکەی سی  هەزار  ساڵ  پێش مەسیح  ، مرۆڤی نیاندەر تاڵ بەرەبەرە شوێنی خۆیان بۆ بەشێکی تر لە مرۆڤ کە پێیان دەوترا مرۆڤی ژیر  (    home sapiens)چۆڵ کرد،  کە نەوەی مرۆڤی ئەمرۆ پێک دەهێنن  ، مرۆڤی ژیر   بە زویی لە بەشە جۆراو جۆرەکانی ئەو روپا و ئاسیا نیشتە جێ بوون  ، ( هۆمۆساپینس ) ، بە ئێسکی گەورەترو بالایەکی بڵند تر و ئەندامی بەهێزتر لە مرۆڤی نیاندەر تاڵ لە ناوچە ساردو شێدارەکانەوە بۆ ژینگە گەرمەکان  کۆچیان کردوو ڕەوشی کۆچەری یان بەرەو بیابان گرتە بەر ، خواردنی ئەم بە شە لە مرۆڤ  زیاتر لە سەر ڕاو و شکار بوو  ، هیچ کەسێک نازانێت  هۆی ئەوەی کە بۆچی  مرۆڤی ئەو سەردەمە  مردوەکانی خۆیان  بە ڕەنگی سور ڕەنگ دەکرد  و لە تەنیشتیشیا ئەو شتانەی کە هەیبوە دادەنا  ، لە ماتون  (    menton)لە باکوری

فەرەنسا  چەندین جەستەی ئەو سەردەمە کە باس لە ژیانی مرۆڤی ئەو کاتە دەکات کە دەست بەند و گەردن ملیان لە ملدابوە کە لە سەدەف و درو گەوهەری دەرو شاوە دروستکراوە دۆزراوەتەوە ، لەگەڵ کەرەسەکانی وەک چەقۆی لە چەخماخ دروستکراو  شاخی ئاژەڵ و بەردی تیژ    . ئەمە جگەلە و پەیکەرانەی کە لە میتاڵ  و مس و بەرد و مەعدەنی گران بەها و ئێسقان دروستکراون  ، ئەمانە لە گۆڕەکانی ئەو سەردەمانەدا دۆزراونەتەوە ، ناودارترین پەیکەری ( ونوس  ) کە لە سەرانسەری خاکی ئەوروپا ی خۆرئاوادا بینراوە ، پەیکەری ناوداری  ( ونوس ویلن دروف  )( ( wenus willendrof  کە بۆیەکەمین جار لە خاکی نەمسا  دۆزرایەوە  ، ئەم پەیکەرانە  بە تەواوی هاوشێوەی یەکن  و بە ڕوخسارێکی ناشیرینی  سنگ و مەمک و ئەندامی زاوزێ ی گەورە وە کە بە شێوەیەکی کەمتر سەرنج دراوەتە ئەندامەکانی تری جەستە  ، زاناکان لەو باوەڕەدان  کە سەرنجی مرۆڤ لە سەر دروستکردنی ئەو پەیکەرانە بۆ مێژویەکی دووری سێکس دەگەڕێتەوە ، بەڵکو ( ونوس ) ناسراو بوە بە خواوەندی مناڵ بون و سکپڕی و  بەرهەم و خێرو  خۆشی ، هەمان ئەو هزرو ئەندیشەی خوداوەندیە دواتر بوە هۆی سەرهەڵدانی عشتار  (  ( Ishtarو ئارتمیس (  ( artemisو سیبل  (  ( Cybeleکە لە نێو خێڵەکاندا دەپەرستران ، لەو سەردەمەی مێژوودا خودایەکی نێر بوونی نەبوو  ، ڕەنگە دایک خودایی  و پەرستنی خودای مێینە هێشتان بایەخی هەبووبێت . شیکاری گۆڕەکان و پاشماوەی ئاسەوارەکانی ئەو سەردەمەی مێژوو  ، زاناکانی گەیاندوەتە ئەو ئەنجامەی کە  ڕەنگە مرۆڤی ژیر  ، لەو سەردەمەدا گەڕابنەوە بۆ باوەڕی مردوەکانیان و ژیانی ڕۆحی ئەوانیان هەڵبژاردبێت ، چونکە  واتای  ئەو کردەوانە شێوەیەکی ڕێزگرتن بوە  لە مردوەکان  یان بابەتی ترس بوە  لە  ڕوح و توانای خۆتێ هەڵ قورتاندنی ئەوان لە ژیانی زیندوەکان بوە  ، بەو هۆیەوە بووە  کە  پێویستە بابەتی ڕازی کردن و حورمەتی ژیانی ڕەفاهیەتی مردوەکانیان فەراهەم بکەن  ، خواردن و کەرەسەکانی ڕاوشکاریان لە گەڵ مردوەکان دەخستە گۆڕەکانیانەوە  ، ئەم باوەڕە هەتا ئەمڕۆکە لە هەندێک خێڵی دەشتەکی لە دارستانەکانی ئەفریقای ناوەندی دەبینرێت . مۆمیایی کردنی جەستەی مسیریەکان لە سەردەمانی دواتر دا لە سەر بنەمای ڕێزگرتن لە ڕۆحی ئەوەی ڕابوردوو  ،  قبوڵ کردنی ئەو باوەڕە بووە  ، کە مرۆڤ لە پاش مردنی بە خێرایی دەگەڕێتەوە بۆ ژیانێکی نوێ  .

مرۆڤی ژیر لە شێوەکاری و وێنەکێشاندا توانایەکی لە ڕادە بەدەری هەبووە  ، ئەو شێوانەی کە لە ئەشکەوتی سێ برادا  (   ( les trois reresلە باکوری  فەرانسە  و لە ناحیەی سلوتر  (  solutre  هەمان شێوەش لە  باشوری ئیسپانیا  لێیان بە جێ ماوە  نموونەیەکی گشتی لە بەهرەی هونەری و شێوەکاریی دەردەخات  ، مەبەستی سەرەکی لەم شێوەکاریە  دیار نیە ، ڕەنگە لە ئەشکەوتەکاندا بە شێوەی پەرستگا سودی لێوەرگیرابێت  ، بەشی زۆرینەی وێنە کێشراوەکان  شێوەی ئاژەڵن  و زیاتریش شێوەی ئەسپ و گامێش و بزن  پیشان دەدەن ، زانا کان دوای شیکاری وێنەی کێشراوی ئەشکەوتەکان  گەشتنە ئەو ئاکامەی کە  باوەڕی خەڵکی ئەو سەردەمە  بە شێوەیەک لە شێوەکان پەیوەندی چڕی بە سێحرو ئەفسونەوە هەبووە  ، لەو وێنە کێشراوانەدا پیاوانێک لە سەر شێوەی ئاژەڵ لە کاتی سەما کردندا دەبینرێن ، لە ئەشکەوتی سێ براکان وێنەیەکی مرۆڤ  بە شێوەی بزنە کێویەکی شاخدار و چاوی بز و ریشن و دەستی شێوەی دەستی کەروێشک و دەمی شێوەی قەپۆزی ئەسپ دروستکراوە . هاو شێوەی ئەو وێنەیە  زاناکان کە بە ( سێحر بازی گەورە ناوزەدیان کردوە ) لە زۆرێک لە ئەشکەوتەکاندا دیمەنی  ئەوەی کە زیاتر باوەڕی پەیوەندی دار بە بونی سێحرو جادوە وە لەو سەردەمەدا ئاشکرا دەکات  ، بونی ئەو بەردە ڕەنگاو ڕەنگ و جۆراو جۆرانەیە  کە  لە گۆڕو ئاسەواری پەیوەندی دار بە و سەردەمە ئاشکرابووە  .

لە کۆتایەکانی سەرەدەمی بەردینی نوێدا ، مرۆڤ هەنگاو هەنگاو  لە ئەشکەوتەکان هاتە دەرەوەو لە کەنار ڕوبارو دەریاکان و ئەو ناوچانەی کە تیایدا دەیتوانی بەرو بوم و خۆراکی  بە ئاسان تر تیادا

دەست بکەوێت   نیشتە جێ بوو و کەوتە دروستکردنی یەکەی نیشتە جێ بوون  ،کە شێوەیەک بوو لە سەرەتایی ترین شێوەی ژیان  و چۆنیەتی  ئەنجامدانی ڕاوو شکار بە شێوەیەکی سادە و سود وەرگرتن لە دارو بەرد وەک کەرەستەی ڕاو شکار ، بە شێوەیەکی گشتی ئەتوانرێت ئەوە بوترێت کە ماوەی حەوت بۆ دە هەزارساڵ پێش مرۆڤ بۆ بەرگرتن لە برسیەتی ئاژەڵی ماڵی کرد و وەک بەشێکی خۆراکی سودی لێ دەبینی  .

کاتێک کە خۆراکی داهاتوی دابین کرد و دلنیا دەبێت لە هەبوونی خۆراکی پاشەکەوت کراو ئەنجار دەست دەکات بە ڕێکخستنی ژیانی خێزانی و ڕێکخستنی کەرەستەکانی بەرهەم هێنان و دابین کردنی گوزەرانێکی شیاو  .  ژیانی کۆمەڵایەتی فاکتەری قوڵبونەوەی باوەڕەکانە . لیکۆڵینەوەی مرۆڤ سەبارەت بە  بە دەست هێنانی زانست  لە هەمبەر شتێک  کە لە دەوروبەری ژیگەی ژیانیدا بوونی هەیە ، هەزاران پرسیاری جۆراو جۆر دەهروژێنێت  و لە و سەردەمەی ژیانی مرۆڤدایە کە خوداو ئایین  لە هزری مرۆڤدا چەکەرەدەکات  ، و هێزەدەرەکیەکانی ئەو دیو سروشت  ڕۆڵی دیاری کەری خۆیان دەگێرن و بە شێوەیەکی تەدریجی کاری گەری فراوان لە سەر کۆی کایە کۆمەڵایەتیەکان  دادەنێن  ، و دەستی لە ڕێکخستنی کۆمەڵگەو  گەشە کردنیدا دەبێت  ، بە جۆرێک کە  یاسابالاکان  لە سەر کۆمەڵگە و هەتا شێوەی بالاخانەی ناو شارەکان تا ئەندازەیەکی زۆر  دەکەونە ژێر کاریگەری  باوەڕی ئایینی یەوە  .

خۆف و ترس و  پێویستی ، فاکتەری سەرەکی پەیدابوونی خوداو  ئایینن ، مرۆڤ لەو شتەی کە نایناسێت و هیچ زانیاریەکی  لە بارەیوە نیە ، لێی دەترسێت و تر سو وەهم هۆکاری  سەرهەڵدانی نواندنی ڕێز و ستایشن بۆ ئەو شتە نەناسراوەی سەر هەڵدەدات  ، مرۆڤ لە دەستپێکی سەرەتای ژیانیدا ، لە گەڵ فاکتەرە سروشتیەکاندا مامەڵە دەکات  ، بە هەلاتن و ئاوا بوونی خۆر باو باران  شەو ڕۆژ  سەرماو گەرما هەورە بریسکە و چەخماخەو نەخۆشی  و مەرگ  بیردەکاتەوە  و لە هەناوی بوونی ڕێگایەک  بۆ ڕزگار بوون  و مانەوە  لە بەرانبەر ئەم فاکتەرە بێ ڕەحمانەی سروشتدا لەهەوڵی دەربازبووندایە  .  ئەو دەیەوێت سەرچاوەو بنەمای هەریەکێک لەم دیاردانە  ئاشکرابکات و لە گەڵیاندا پەیوەندی دروست بکات  و ئاستی سەرهەڵدانی هەریەکە لەم فاکتەرانە بۆ خۆی ڕابکێشێت  .  تالە کاتی پێویست و لە بەرانبەری هێرشەکانی ئەم فاکتەرە سروشتیانەدا پارێزگاری لە خۆی بکات  ، تایبەت مەندی بێسنووری  مرۆڤ  و بیر کردنەوە و لێکۆڵینەوەی بۆ ئاشکرا کردنی هۆکاری سەرهەڵدانی ئەو ڕوداوانە و بە مەبەستی دەست خستنی ئەو پێداویستیە ماددی و ئابووریانە . لە سەرەتادا و بۆ بەرگری کردن لە فاکتەرە سروشتیەکانی وەک  سەرماو  گەرما و برسیەتی و  نەخۆشی و مردن  و لە قۆناغەکانی دواتر ئەو بۆ ئەو ڕێگایە ڕادەکێشێت کە کۆتاییەکەی ڕۆشتنە بەرەو پەرستنی خۆداکان  ، مرۆڤ  خولقێنەرو ڕێکخەرە هەمانشێوە کە  بۆ بە دەست هێنانی پێویستیەکانی بەرەو داهێنان ورێکخستنی کەرەستەکانی کارو بەرهەم هێنان هەنگاوی نا هاوکات لە بیرکردنەوەی ئایینی خۆی نەوەستا چالاکی هزری خۆی  هەرچەند وەک هەژارێکی فیکری  هاوکات فراوانتری دەکرد خەیاڵ و پانتایی  مەودای ئەفسانەیی  خۆی ئەوەندە  بەرزکردەوە تا بگاتە ئەو جێگایەی هەروەک چۆن کرمێکی ئاوریشم  لە هەناوی ئاوریشمەکەی دا کە خۆی چنیویەتی گیرۆدە دەبێت و لە هەوڵی ڕزگارکردنی خۆیدایە ئاوای لێهات  ، هەماشێوە ئەفراندن و ئەفسانە کانی کە خۆی دروستی کردووە بوەتە فەرمانڕەوای هزرو بۆچوونی خۆیی و ئەمیش بوتە کۆیلەیان.

باوەڕەکانی مرۆڤ  لەو سەردەمەی مێژووی ژیانی مرۆڤدا بە شێوەیەکی گشتی بریتی بون  لەمانە :

پەرستنی ڕۆح :

باوەڕ بە بوونی ڕۆح و پەرستنی ڕۆحەکان یەکێک لە و ڕێگایانەیە کە لە تەواوی ئایدیای خێڵە سەرەتایەکانی مرۆڤ دا بوونی هەبووە . مرۆڤ لەو سەردەمەی ژیانیدا لە سەر ئەو باوەڕە بووە کە لە تەواوی شتەکاندا بە گیانلەبەرو بێگیانەوە ڕۆح هەیەو تەواوی جیهان پڕ لە ڕۆحی مرۆڤ و شتەکانە . ڕۆحی مرۆڤ لە کاتی خەوتندا لە جەستەی جیا دەبێتەوەو لە کاتی بە خەبەربوندا دەگەڕێتەوە ناو جەستەی لە سەرەمەرگدا بۆ هەمیشەیی جەستە بە جێ دێڵێت و لە دنیادا بە شێوەیەکی ئاسایی لە دۆڵ و ئەشکەوت و چیاو نشێوەکاندا درێژە بە ژیان دەدات .

مرۆڤە سەرەتایەکان ڕۆحیان بە بونەوەرێکی زیند و خاوەن هەست و سۆزو ئیرادە دەزانی و باوەڕیان وابوو کە زیندوەکان پێویستە بە شێوەیەکی باش لەگەڵ ڕۆحەکاندا هەلسو کەوت بکەن و نە بنە هۆی ئازار بۆیان . تا ڕۆحەکانیش ببنە هاوکار بۆمرۆڤ لە ژیانیدا ، ئەگەر ڕۆحەکان تورە بوون مەترسی دارەو خیرو بێریان نامێنێت ، بەم جۆرە بۆ بە دەست هێنانی ڕەزامەندی ڕۆحی مردوەکان بە ڕێو ڕەسمێکی شایستە مردوەکانیان دەناشت . ئەم ڕێو ڕەسمانەش بە شێوەیەکی گشتی بە ئەنجامدانی قوربانی بە ئاژەڵ یان ژن یان کۆیلەکان بوو . ئەمە جگە لەوەی کە هەندێک خواردەمەنی و کەرەستەی شەڕو وێنەی ڕاو کرد ن و ڕاو کردنی ماسی و هەتا ئەو شتانەی وەک زێروخشڵ و شتە بەنرخەکان لەگەڵ مردوەکاندا دەنێژران ، لە هەندێک کاتدا مردوەکانیان دەسوتاند . باوەڕبوون بە ڕۆح لە دوای مردن کە لە زۆرێک لە ئاینە زیندوەکانی دنیادا بە شێوەیەکی هەستپێکراو بەرچاو دەکەوێت بنچینەو پایەی ئەم ئاییانانە دادەڕێژێت . لە پاشماوەی باوەڕەکانی مرۆڤی پاش سەردەمی بەردینی نوێ لە هەمبەر بونی ڕۆح و مانەوەی لە پاش مەرگ نەوە بە نەوە بە شێوەیەکی بۆماوەیی تا ئەمرۆکە ماوەتەوەو لە نەریتە ئایینیە ئاسمانیەکاندا بنچینەی ئەسڵی باوەڕبوونە . هەڵبژاردنی مەراسیمی ناشتن و پرسە گرتن بۆ چەندرۆژێک دوای مەراسیمی ناشتنی مردوو و پێشکەش کردنی خەلآت و خوارد ن و مەراسیمی شەوی حەوتەم و خواردن و خواردن بە خشین لە دەوری گۆڕەکە کە لە مرۆدا گۆڕان کاری بەسەردا هاتوە گەرچی هەست و سۆزی خێڵ و نزیکانی مردوەکەیە بەڵام ڕیشەی ئەوە لە باوەڕی مرۆڤە سەرەتایەکاندا بەرجەستە بووبوو .

باوەڕبوون بە بوونی ڕۆح و کارگەری ڕۆحەکان لە سەر ژیانی ئابووری زیندووەکان هۆی سەرهەڵدانی چینی نوێی کۆمەڵە ، چینێک کە لەو باوەڕەدابوون دەیان توانی لە گەڵ ڕۆحەکاندا پەیوەندی دروست بکەن و ئەو ڕۆحانە بخەنە خزمەتی خۆیانەوە . زۆرێک لەو کەسانەی کە گرێی دەرونیان هەیەو لە باری دەرونیەوە تەواو نین گوایا وا وینە دەکرێت کە ئەمانە ڕۆحی پیس چوەتە ناو جەستەیانەوە ، بۆ چارە سەر کردنی ئەم گرێ یەی ئەو کەسانە دەگەڕانەوە بۆ خێڵەکانیان لە ژێر ئەوە باوەڕەی کە زۆرینەی تاکەکانی خێڵ جادو گەرن چونکە جادوگەری زۆر سەری هەڵدابوو فەرمانەکانی ئەم جادوگەرانەشیان بە بێ چەندو چۆن جێ بەجێ دەکرد . هەمان دەستوروکردەی جادوگەرەکانیانبنەماو بنچینەی ڕیشەی باوەڕە سەرەتاییەئایینیەکانی مرۆڤیان پێک دەهێنا .

چالاکی جادوگەرو فاڵچیەکان . تەنیا لە چاککردنی نەخۆشە کان و دەرکردنی ڕۆحی پیس نەبوو لە جەستەی نە خۆشەکاندا بەڵکو زۆرینەی کاروباری خێڵ و تیرەیان لە ئەستۆ گرتبوو ، هەتا لە زیاد کردنی بەرهەم و خۆراک و منالبونیشدا حزوریان هەبوو زەروریش بوو کە لە بۆنەو مەراسیم و ئاهەنگە تایبەتیەکانیشدا ئامادە بونایە . چینی ڕۆحانیەکانی خێڵ کە دواتر بە ناوی جۆراوجۆر بەرهەمن و کەشیش و ئاخوند و مەلا و ڕاهیب و نازناوی جۆراو جۆر لە ئایین و ئاینزاکانی تردا سەرهیان هەڵدا بەو جۆرەی کە ئەمان نێوانگیر یان فریاد ڕەسن لە نێوان خوداو خەڵکداو خواست ویستی بەندەکان لە ڕێگەی ئەمانەوە دەبێت و ئەتوانن بە پێشکەش کردنی قوربانی و بەخشینی خەلآت و یادکردنەوەی تایبەتی سەرنجی خوداکان ڕا بکێشن تا بەندەکان هەموو بەشدار بن لە ڕەحمەت و خێرو

بێری خوداو ڕزق و ڕزیان بدات . پێشکەش کردنی قوربانی بۆخوداکان بۆ پاک بونەوە لە گوناە بوو سڕیمەوی گوناە بە خوێن یەکێک بوو لە مەراسیمە کان کە لە نێوان خێڵە سەرەتاییەکاندا لە لایەن سێحر بازان و فاڵگرەکانە و جێ بە جێ دەکراو لە کاتێکدا کە خواست و ویستی مرۆڤ بە دی نەدەهات و پێچەوانەی بارودۆخەکە دەبوو بۆ ڕاکێشانی سەرنجی هێزی پەنهان سێحربازان و فاڵچیەکان قوربانیان ئەنجام دەدا مەراسیمی پێشکەش کردنی قوربانی بۆ خوداکان لە سەرەتادا لە لایەن هدیەکان و یونانیەوکان و ڕومیەکان و یەهودیەکان بوبوە دەستورو هەتا تائەمرۆکەش یەکێک لە فەرزەکانی ئاینی ئیسلام پێک دەهێنێت . باوەڕەکانی مرۆڤ لە سەردەمی بەردینیدا سەرچاوەی گرت و بەشێوەیەکی بۆماوەی بۆ ( مرۆڤی ژیر ) گوازراوەتەوە . بێگومان پێشکەش کردنی قوربانی هاوکات تایبەت مەندیەتی پێک هێنەری بوونی بەدی هاتنی خواست و ویست بوو . بە تەدریجی کە سێحربازان و فالچیەکان جێگەی خۆیان بۆ کاهین و ئەو کەسانەی کە پەیوەندیان لە گەڵ خودا و هێزی پەنهاندا هەبوو چۆڵ کرد ، جێگەی تایبەت بە ناوی پەرستگاو شوێنە پیرۆزەکان بۆ جێ بەجێکردنی مەراسیمی قوربانی دروست کرد .چوارچێوەیەکی دیاری کراو دروست کراو کردەی قوربانی کردن بوە بەشێک لە مەراسیمی ئاینی .

باوەڕ بوون بە بوونی جنۆکە و دێو درنج و پەری لەو باوەڕانەی مرۆڤی کۆتاییەکانی سەردەمی بەردینی نوێ و باوەڕە ئاینی یەکانی پەیوەندی دار بە ڕۆحەکان سەرچاوەی گرتوە .

پەرستنی دیاردە سروشتیەکان هەمان شێوە لەو باوەڕانەی مرۆڤی پێش مێژوو و دابەش بوونی باوەڕەکان بە بوونی ڕۆح لە جەستەو هەست پێکردن و هەست پێ نەکردنی . مرۆڤ بە درێژایی مێژووی ژیانی خۆی تا ئەمڕۆکە .هەرچی لە ئاسمان و زەوی هەبووە پەرستویەتی و بۆ هەر یەکێک لەم شتانە هێزێکی پەنهانی ئەو دیو سروشتی پێبەخشیوە ، بەرد پەرستی لە بەرفراونترین جۆری سروت پەرستی بووە ، ئەستێرە بەرستی و بەردی گەورەی هاوشێوەی پەیکەر و بەردی لە شێوەی جۆراو جۆر دروست کردووە ئەو بەردانەی کە لە سروشتدا بە شێوەی سەرسورهێنەر و یان شێوەی جۆراو جۆر و هەرکەشیان بە جۆرێک پەرستراون . ئاژەڵ پەرستی لە شێوەی پەرستنی مانگا و گورگ و مارو بزن و جۆرەکانی تری ئاژەڵەکان لە خێڵە جۆراو جۆرەکاندا بونی هەبووە ، گاپەرستی بە شێوەی خودا پەرستی و خێرو بێر لە باوەڕە هاوبەشەکانی ئاینی نێوان خەڵکی نیشتە جێی کەنار دەریاکان و خۆر هەڵاتی دور و نزیک بووە ، خۆر و مانگ و ئەستێرەکان و هەورەبروسکەو دەریاو باو باران و ئاگرو شتەکانی تری سروشتی .ڕۆژگارێک ناونیشانی خودایان پێبەخشرابوو .

جۆرێکی تر لە باوەڕەکانی تری مرۆڤ لە چەند هەزار ساڵ پێشدا تەتەم پەرستی بووە ، ( totemism ( ئەم باوەڕە کە بە پێی چۆنیەتی دابەش بووە بۆپەرستنی بەشە جیاجیاکانی سروشت لە سەر ئەو بنەمایە ڕێچکەی گرتوە کە هەر خێڵێک یەکێک لە ئاژەڵەکان یان دارو درەخت یان هەر شتێکی هەست پێکراو بە شێوەی باوکی خولقێنەری خێڵ قبوڵ کردووە . تاکە کانی خێڵ دەگەشتنە ئەو باوەڕەی کە تەوتەم بەرگری کاری مەترسیەکانە هەر خێڵێک تەوتەمی خۆی بە بەرجەستە تر دەزانی و هەوڵی دەدا زیاتر لێی نزیک ببێتەوە . هاوسەر گیری لە ناو پەرستراوەکاندا تەوتەمێکی شیاو نەبوو تاکەکان پێویست بوو پرۆسەی هاوسەر گیری لە خێڵێکی تر ئەنجام بدەن کە تەتەمێکی تریان دەپەرست ، تەو تەم پەرستان لە ڕوانگەی ڕێز یان ترسەوە لە نوسراوەکان یانیاندا یان لە قسە کردنیاندا ناوی تەوتەمیان نەدەهێنا و بە شێوەیەکی خوازراو یادیان دەکردەوە یان شوێنی تەوتەمیان بە بۆشایی دەهێڵایەوە .

ئوتمیزم ڕێگای بەرەو دەرکەوتنی فیتیشیزم ( fetishism )بە واتای باوەر بوون بە سێحرو ئەفسون و ڕێزگرتنی باڵا جگە لە ڕۆح گەرانەوە ئەو باوەڕە ی بەرجەستەکردەوە کە هەندێک بەردوو

پەیکەر خاوەنی ئەو  جۆرە هێزە سێحرئامێزو توانا رۆحیەن  کە ئەتوانێت دەستکەوتی باش و ئاکامی بەسودی هەبێت  بۆ تاکەکان  . رێزی بالا تا ئەندازەی پەرستنی موسوڵمانان بۆ بەردە ڕەشەکەی مەککە یان لە دەستکردنی ئەو موستیلەیەکە بە هێمایەکی تایبەت نەخشێنراوە  لە باوەڕی فتیشیزمەوە سەری هەڵداوەو بە شێک لە باوەڕی بت پەرستی . باوەڕە پەیوەندیدارەکانی تابۆ و مانا هاوکات لە باوەڕی رۆح پەرستی یەوە سەرچاوەیان گرتوە . تابۆ کە دەستەواژەیەکی تایبەت  بە خەڵکی پۆلینزی ( Polynesia ) جەزایری و باکوری  خۆرهەتی ئاسیا لە ئۆقیانوسی ئارام .بۆ یەکەمین جار لە لایەن کاپتن کۆکی ئینگلیزی یەوە  سەرنجی درا   ئەو گەشتە ئەو ئاکامەی کە خەڵکی ئەو بەشەی جەزائیر سەبارەت بە هەندێک شت   و ئەندامەکانی جەستە پیرۆزکراوەو   دەست درێژی و بێ حورمەتی بەو بەشانەی جەستە بە حەرام و تاوان دەزانن  . سەرۆک خێڵ ، جەستەی مردوو  پرچ ، خوێن  ، و هاوشێوەی ئەوانە  هەموو ئەوانە دەبنە تابوو . ئەو بەشەکەی تری جەزائیر تەنها مەرگیان بە تابۆ دەزانی بەڵام بۆمیان و پۆلینزی باوەڕی ئەم هۆزوتاکانەیان بە بەشێک لە هێزی پەنهان دەزانی و ( مانای ) واتە هێزی ئەو دیو سروشتیان بە هەموو شت دەزانی  ، دەستەواژەی مانا بریتی یە  لە  هێزی بالا لەو دیو سروشتەوە کە لە ناو هەندێک شتدا وە یان لە ناو ئاژەڵەکاندا بونی هەیە . مانا شیاوی گواستنەوەیە لە  هەرشتێکەو بە مرجێ بەستو ( جامد ) نەبێت و گیاندار بێت بۆ بۆ دەستەمۆ کردنی مانای لە کەسەکاندا یان لەو شتانەی کە جێگای سەرنجن  پەنایان دەبردە بەر ئەفسون و سێحر تا ئەو کەس وشتانەی لەگەڵ ئیرادەو تێڕوانینی سێحربازەکان کاردانەویان هەبێت .

یەکێکی تر لە باوەڕەکانی مرۆڤ لەو سەردەمەی مێژوودا پە پیرۆز ناساندن و رێزگرتنی لە ڕادەبەدەری ئەو شتە دیاری کراوە یان ئەو جێگا تایبەتە بوە و لەو باوەڕەدابوون کە ئەو شتە یان ئەو جێگایە رۆحی پەنهان و لە ڕادەبەدەری هێزی هەیەو ئەتوانێت سەرچاوەی خێرو شەڕبێت  بۆ مرۆڤ  .  تەنها هەندێک تایبەت لە نەوەی خێڵ و خاوەن ئیمتیاز نەبێت کە دەتوانێت  دەست وەربدات  بۆ نزیک بوونەوە لەو کەسە یان ئەو جێگیە . رێزگرتن و پەرستنی لە ڕادەبەدەر لە ناو  هەندێک لە خێڵەکانی ئەمرۆکەش دا ماوە وەک پەرستنی بەردو جێگای پیرۆزکراو ، ئاکامی باوەڕی ئەو خێڵانە بە تابۆ مانای بونی ئەو شتە بووە کە بە شێوەی بۆماوەی بۆ نەوەکانی دوای خۆیان ماوەتەوە . پاش بە یاد هێنانەوەی ئەو پێشەکیە کاتی ئەوەش هاتوە کە بە شێوەیەکی ورد سەربدەین لە کارگەی خوداشسازی مرۆڤ و لە نزیکەوە لەگەڵ ئەو خودایانەی کە مرۆڤ بەدرێژایی مێژوو بەزیندویی ماونەتەوە تا ئەمرۆکە و خولقینراون ئاشنا ببین  .

پێش تەواو بوونی ئەم بەشەی کتێبەکە  پێویستە سەرنج لە سەر ئەو پنتە دابنێین  ئەوەی کە بنچینەی هەر ئاینێک دادەرێژێت باوەڕبوونە بە خودا یان خوداکان و ئەوەی کە ئاینەکانی تر لە یەک دی جیادەکاتەوە ، جۆری خوداکەو یا ئەو خودایانەی دەخەینە بەر پرسیارو هەڵسەنگاندنی هێز خەسڵەتەکانیەتی . کە باوەڕدارو موسڵمان رازین کە ئەو خودایانەیان ئەوانی خولقاندوە .دروست بوونی هەر خودایەک و هەڵسەنگاندنی هێز وتوانای  پەیوەندی  دەربیچەی لەگەڵ سیستەمی بەرهەم هێنان و تایبەت مەندیەکانی ژینگەو شێوەی ژیانی مرۆڤەکان هەیە ، کە لەو ژینگەیەدا ژیاون  .  بەو جۆرەی خوداکانی مرۆڤ لە سەردەمی ڕاووشکار خولقاند ونی و  پەریتویانە   . لەگەڵ ئەو خودایانەی کە لە سەر دەمی کشتوکاڵدا لە هەموو رویەکەوە جیاوازن  . بە شێوەیەکی گشتی پەیرەوانی ئەموو ئاینەکان لەو باوەڕەدان  کە خودای جێگای پەرستن بۆ ئەوان  بونی هێزی ئەو خودایە کە هێزی لە ڕادەبەدەری  لە مرۆڤ بالاترە . پەرستنی ئەو خودایە  هۆکاری بەرختەوەری و ڕەزامەندیەتی ڕەحمەتی خوداو لە ئاکامدا ئاسودەیی  تاک دەستە بەردەکات و بە پێچەوانەشەوە ملکەچ نەبوون و جێبەجێ نەکردنی فەرمانەکانی خودا غەزەب و نارەحەتی و بەدبەختی مرۆڤ بە دوای خۆیدا دێنێت  .

بەشی دووەم :

## خودا مردوو لە یاد کراوەکان

بەرایی یەکەم : خودا لە نێوان دوڕوبار

بەرایی دووەم : خودا لە میسر

بەرایی سێیەم : خوداکانی یونان

بەرایی چوارەم : خودا کان لە ڕۆمی دێریندا

بەرایی یەکەم : خودا لە وڵاتی نێوان دووڕوبار ( میزیۆپۆتامیا )

### خودا لە نێوان دوو ڕوبار ( میزیۆپۆتامیا )

وڵاتی نێوان دوو ڕووبار یان میزیۆپۆتامیا ( ( mesopotemiaهیچ فاکتەرێکی بەرگری سروشتی نەبوو بەپێچەوانەوە فراوانی ئاو و پانتایی زەویەکەی بوبوە هۆی سەردانی کردنی ڕێژەیەکی زۆری کۆچبەرانی بیانی . بەو هۆیەشەوە سەردەمانی دەسەڵاتداریەتی یەک لە دوای یەکی پاشایەتی کە لەو ناوچەیەدا حکومیان دەکرد ، ئەو شانشینانەی وڵاتی نێوان دوو روبار ماوە کورت بون و بە هێرشێکی خێڵەکانی تر لە ناو دەچوون ، لەگەڵ ئەم لە ناوچونەشیاندا باوەڕەئاینیەکانیان لە ناو دەچوو یان گۆڕانی بەسەردا دەهات .

ئەو ماسی گرانەی کە لە ڕۆخی ڕووباری دیجلەو فورات و کەنداودا دەژیان ، هەنگاو هەنگاو بەرە و دروست کردنی خانو و دێهات ودواتریش شاریان بونیاد نا . و وەک شارەکانی ئور ( ( urئیما ( emaنیپور ( ( nippur)ئارۆک ( ( urukلاگاش ( ( lagashو بابل یان بونیاد نا . وڵاتی نێوان دووڕوبار (میزیۆپۆتامیا ) لانکەی شارستانیەتی خۆرهەڵات و جێگای دەرکەوتنی باوەڕ ِ و ئاینەکان بوو . نوسین و ڕێچکەی زۆرێک لەو زانستەی کە دواتر لە یونان و ڕۆم و یان لە دنیای ئەمرۆدا گەشەی زیاتری بە خۆوە بینیوە لە داهێنان و ئەفراندنی سۆمەریەکانن .

خۆرهەڵات ناوچەیەکە کە گەورەترین ئاینەکانی ئەمڕۆی مرۆڤی تیایە وەک ئاینی ئیسلام و یەهود و مەسیحیەت و زۆریش گرنگیان پێ دەدرێت .

ئەوەی کە خەڵکی ئەم ناوچەیەی بە یەکەوە گرێ دابوو ، ئاین و باوەڕە هاوبەشەکانیان بوو ، هەتا هێز و توانای کاهینەکان لە ئایینەوە سەرچاوەی گرتبوو . یەکەمین و گرنگترین بینای هەر شارێک پەرستگای ئەو شارەبوو کە بە ناوی پەرستگای پیرۆز ناوزەد کرابوو . ئەو پەرستگایانە لە تەواوی بینای شارەکە مەزنتربون سەرپەرشتیاری تەواوی شارەکەبون . ئەو بینایانە کە لە خشتی خاو یان خشتی پاککراوە دروست کرابوون . بە هەستیار ترین ناوەندی چالاکی ئاینی و بازرگانی شارەکە ئەژماردەکران . تەواوی ڕێگاکانی ناو شارەکە کۆتایەکەی دەچوەوە سەر ڕێگای ئەو پەرستگایە . گرنگترین بەشی پەرستگاکە ژووری پیرۆز بوو کە لە ناویدا پەیکەرێکی خوای شاری تیادا بوو .

هەموو ڕۆژێک ئەو پەیکەرەیان خاوێن دەکردەوە و جلو بەرگی نویَ یان لە بەردەکرد  خواردنیان دەدایە خۆراک و جلوبەرگی خوای شار لە لایەن  پەرستیارانەوە دابین دەکرا  تەنیا  کەسانێکی دیاری کراو مافی چوونە ژوورەوەیان هەبوو بۆ ژووری پیرۆز و دەستیان دەگەشتە خوای شار .

لە ناو پەرستگاکە جگە لە پەرستیاران  و جێگای بە ئەنجامگەیاندنی مەراسیمی پەرستن  جێگای تایبەتیش بۆ دادوەری و وەرگرتن و پێشکەش کردنی قوربانی و پەروەردەو فێر کردن و پەروەردەی منداڵ بونی هەبوو  . کاهینەکان کە جێنشینی سێحربازو جادووگەرەکان بوون بوبونە هۆزێک و خۆیان بە نمایندەی خوداکانی شار دادەنا و  تەنیا چینی ڕۆشنبیر و خوێندەواری شاربوون و خۆش گوزەرانی وهەموو موڵکی  دانیشتوانی شار لە دەستی ئەواندا بوو . کاهینەکان بۆ هەموو خەڵک نوشتەو دوعایان دەنوسی  بۆ ئەوانەی کە پێویست بوو مناجات و ئەفسون و سێحریان ئەنجام دەدا . لێکدانەوەی خەون و شتەشاراوەکانیان لە سەر ڕوی هێڵی سپی وپاڕانەوە لە ئەستۆی ئەوان بوو  بەم جۆرە  کاهینەکان لە شارەکاندا ئیعتیبارو کەسایەتیەکی ناوداریان هەبوو ، لە ئەنجامی شەریکە بەشی  لە چالاکی بازرگانی پەرستگەی شار لە ڕادەبەدەر دەوڵەمەند بوبون . ئەم خزمەتکارانەیماڵی خوداکان  کە کاری تەندروستی و ئەفسونیان دەکرد وەک زاناکان ڕۆڵیان دەگێرا جێگای تایبەتیان  هاوشێوەی کۆشکی پاشایەتی لە ناو پەرستگاکاندا دروست کربوو لە وێشەوە حکومی شاریان دەکرد  . کاهینەکان  خەڵکانێکی زۆر چالاک بوون و ڕێکخراوێکی ڕێک کو پێکیان هەبوو  چەندین نوسینگەی تایبەت بە  ئەژمارو داهاتیان هەبوو . گەشەی ئابووری و مانەوەی خەڵکانی ئەو ناوچەیە کە خواستیاری گۆڕانی کەشوهەوا بوون ، ئەگەر زستان باران نەبارایە  دەشت و دەرو کشتو کاڵ لە هاویندا وشک دەبوون گەنم و دانەوێڵە بەرهەم نەدەهات . پارانەوەی زۆر لە ئاسمان  و لە ناو چونی هەمو  شت و هەست و نەستی خەڵکی تێک دەشکاند . بەرزبوونەوەی پلەی گەرما هۆی لە ناوبردنی گەنجینەکانی ئاوو وشکی زەوی بوو هەر ئەو هۆکارەش بوو  ئاینی سۆمەریەکان  کە دواتر لە ناوچەی وڵاتی نێوان دووڕووبار ( میزیۆپۆتامیا  ) لە سەرەتاکانی بنچینەو دەستپێکی  پەرستنی هێزی سروشتی بوو  . لە ڕۆح پەرستی و فیتیشیزم سەرچاوەی گرتبوو . هەر شارێک یەک یان چەند ڕەگەزێکی لە ڕەگەزەکانی سروشت  وەک خودای خۆیان  هەڵبژاردبوو و خەڵک باوەڕیان پیَ هێنابوو کە خوداکەیان شارو خەڵک لە مەترسی دەپارێزێت دانیشتوانی شار ئیمتیازاتی تایبەتیان بۆ خوداکانیان دادەنا و ئەوانیان بە توانترو بە بەهێزتر لە خوداکانیتر ی شارەکانی تر دادەنا  .

پەرستنی خوداکان بە شێوەی ئاهەنگ و لێدانی سیمفۆنیا کە ئەمەش بە مەبەستی نەرمکردنی دڵی خوداکان بوو ئاهەنگی خۆش و جوانیان ڕێک دەخست  . هەرکات پرۆسەی پارانەوەو ئاواز و نوێژ کردن یدانی مۆسقا دڵی خودای نەرم نەکردبێت ئەوا پەنایان بردوەتە بەر کاهینەکان  . بە بەخشینی سەروەت و سامان بە کاهینەکان لە بەرانبەر سێحرو ئەفسون و جادودا تا دڵی خوداکان بەلای خۆیاندا ڕابکێشن .

پانتیئۆن ی خوداکان لە میزیۆپۆتامیادا پڕبوو لە ناوی جۆراو جۆر مێژوو نوسان تا چوار هەزار جۆرخودایان لە میزیۆپۆتامیادا ئاماژە پێداوە . جگە لە و خودایانەی کە ناوهێنراون  و بەناو بانگتربوون . ئاشوریەکان ئاژەڵیان لە شێوەی جۆراو جۆر و بە سەری مرۆڤ بۆنموونە پەیکەری مانگا بەڵام سەری بەشێوەی مرۆڤ  دروستکراوە و لە کۆشک و تەلارەکانیاندا بە شێوەیەکی پیرۆز کراو دانراون و بە شێوەی پەری ناونراون  .

گرنگترین خواکانی سۆمەریەکان بریتین لە مانە :

ئانۆ : ( ( anuخوداى خوداكان و خوداى ئاسمان كە لە شاردا ئۆروك ( urukجێگاى پەرستن بوو .

ئين ليل ( ( enlilخوداى زەويەكان و لە ژێر زەويدا بوەو خواى جەنگ لە شارى نيپۆر

نينتورا ( ( nintura كوڕانى شەو لە شارى لاگاش

ئاى نانا ( ( innaخوداى عەشق و منالبون كە لە مێژە جێگاى پەرستنى خێلە كانى دانيشتوى ئەو ناوچەيەبووە . لە شارى ئور

سين ( ( sinخوداى مانگ

بابار ( ( babbarبا ئوتو ( ( utuيان خۆر خوداى روناكى لە شارى لارسا ( ( larsa

ئا ( ( eaيان ئانكى ( ( enkiخوداى دەريا كان لە شارى ئاريدو ( ( eridu

نين تود ( ) ( nintudپائاپشتر ) دايكى هەموو خوداكان لە شارى كيش .

ناوى ( ئان ليل ) خوداى زەوى و ژير زەوى و جەنگ لە ناوچەكانى تەواوى شارەكۆنەكانى ميزيۆپۆتاميادا چەندين جار دەركەوتوەتەوەو يەكێتى سۆمەريەكان لە ژێر كاريگەرى پەرستنى ئەم خودايەدا بوە . پەرستگاى سەرەكى خوداى ( ئان ليل ) لە شارى ( نيۆر ) بوە بەڵام ئەم ناوە وەك رێزگرتن كە بۆ ئان ليل و پەرستگاكەى دانراوە و خوداى تەواوى ميزيۆپۆتاميا بوە . لە شارى ئۆرۆك ( ( urukلە پەرستگاى سەرەكيدا ئاشكرا كراوە كە مێژوەكەى دەگەرێتەوە بۆ سەد هەزار ساڵ پێش زاين .هەندێك پەيوەنديان بە پەرستنى ئانو ( ( anuخوداى خوداكان و سوڵتانى ئاسمانەكان و هەنديكى تر پەيوەندى داربوون بە ئاى نانا ( ( innaخوداى عەشق و منداڵ بوون . ئاى نانا بە بێ گومان خودايەك بووە كە خەڵكى ميزيۆپۆتاميا ئەويان لە سەردەمانى كۆنەوە پەرستوە . پەيكەرى ئەم خودايە لە گڵ و بەرد بە شێوەيەكى ئەندازيارى وێنە كراوە لە تەواوى خاڵەكانى پەيكەرەكەدا سەردەمى زۆر كۆنى پێوە دەبينرێت . هەر خودايەكى نێرينە بۆ خۆى خاوەنى هاوسەرو پەرستگاى تايبەت بە خۆى بووە . تەنيا يەك خودا نەبێت ئەويش بە ناوى ئيشتر لەو چوارچێوەيەدا نەبووە و لە تەواوى ناوچەكانى ميزيۆپۆتاميادا پەرستراوە . هيچ خودايەك نە بووە كە خەڵكەكەى نەتوانێت خوداكانى تر بپەرستێت هيچ ئيرەيەكيان نەبووە كە خەڵكى توانيويانە بۆ پەرستنى هەر خودايەكى تر هەتا بچنە پەرستگاكانى ترەوە لە شارێكى تر .

سۆمەريەكان و بابليەكان لەو باوەڕەدابوون كە ژيانى مرۆڤ بە گشتى دەبێت لە خزمەتى خوداكاندا بێت . بۆ سەركەوتن و پێشكەوتن لە ژياندا پێويستە خوداكان لێيان رازى بن و رۆژى تايبەت و ديارى كاويان بۆ ئەنجامدانى پەرستن و بە رێوەبردنى مەراسيمى پەرستن داناوە و پەيكەرى خوداكەيان لە ناو كۆلانى شارەكەدا گێراوە بۆ پيشاندانى خۆ بەخشين لە پێناويدا قوربانى يان پێشكەش بەو خودا كردووە . خەڵكى ئاسايى نەيان دەتوانى راستەو خۆ بە بێ واسيتە برۆنە خزمەت خوداكانيان . بەڵكو پاش تكاو رەجايەكى زۆر پێويست بوو كە خزمەت كارە كە ئاگادار بكاتەوە تا خوداكەى ئاورێكى ليبداتەوە .

خوداكان بە پێى تيپەرينى كات بون بە چەند كۆمەلْيەكى سێ لايەنەوە ، خەڵكى ميزيۆپۆتاميا جگە لە بتەكان و فاكتەرەسروشتى و زەويەكان سەرنجێكى تايبەتيشيان لە سەر ئاسمان هەبوو و مانگ و خۆرو ئەستيرەكانيان بە شێوەى ديارەدەى خودايى دەپەرست . و پێ يان وابوو رۆحە پاكەكان لە ئاسمانەكاندان .

باوەڕبوون بە بوونی ڕۆحەکان و بەریەک کەوتنێک کە ڕەنگە ڕۆحە ناپاکەکان بچنە ناو جەستەی مرۆڤەکانەوە . گۆشەی بنچینەی باوەرەکانی سۆمەریەکان پێک دەهێنێت . کاهینەکان بۆ چاککردنەوەی ئەو نەخۆشانەی کە پێیان وابوو لە ژێرکاریگەری ڕۆحە پیسەکان کە هێلانەیان لە جەستەی نە خۆشەکاندا کردووە لە هەوڵی دۆزینەوەی ڕێگەچارەی ئامادە کردنی دەرمانی گژو گیایی و یان نوسینی ئەفسون و پارانەوەی ئاینی دابوون .

کاهینەکان پاش سەلماندنی هێزوتوانای خۆیان لە شاردا کەوتنە خەیاڵی بە دەست هێنانی هێز و جەنگ لە نێوان شارەکاندا سەری هەڵدا ئەم جەنگانە لە راستیدا جەنگی نێوان خودا کان بوو . هەر شارێک کە شکستی لە جەنگدا دەهێنا خوداکەشی شکستی دەهێناو هێزی لە دەست دەدا و خەڵکی ئەو شارەش ناچاربوون خودای ئەو شارە بپەرستن کە لە جەنگدا بردویتیەوە .

کاریگەری ئایین لە شارەکانی میزیۆپۆتامیادا گە شتبوە ئەو ئاستەی کە هەتا خێڵ و تاکی خێڵی دەخستە ژێر باڵی خۆیەوە .

سێ هەزار ساڵ پێش زاین سۆمەریەکان لە ناو چەکانی باکوری میزیۆپۆتامیا و لە تەنیشت کەنداوی فارس سەرکەوتنیان لە دروستکردنی دەوڵەتدا بەدەست هێنا کۆنترین شاری میزیۆپۆتامیا ئۆر یان کردە ناوەندی دەسەڵاتی پاشایەتی . ناوی ئەو شارە بە هۆی ئەوەی کە جێگای لە دایک بوونی ئیبراهم کە لە کتێبی پیرۆزی یەهود دا هاتوە ناونرا بەکلدە لە سەرتادا بۆ ئەو بەشانەی تری باکوری میزیۆپۆتامیا پەلی هاویشت دواتر هەر بە و ناوەوە مایەوە .

ناوی ئەو شارە لە کۆچەکەی ( سفر ) شەنعاردا هاتوە .

وە لە سنووری 2400 ساڵ پێش زاین ئەکادیەکان بە سەر سۆمەریەکان دا سەرکەوتن و شارستانیەت و دەسەڵاتی ئەکادیەکان بنچینەو پایەی بۆ دارێژرا . بەناوبانگترین سوڵتانی ئەو دەوڵەتە سارگۆن ئەکادی بو ( 2384-2340 ) پ-ز و پاشاکانی ئارماو لاگاشیان شکست پێ هێناو دەسەڵاتی خۆیان تا دەریای میدیترانە فراوانکرد . لە سەردەمی پاشایەتی ئەکادیەکاندا ، هەندێک لە خوداکانی سۆمەریەکان ناوەکانی خۆیان گۆڕی بۆ خوداکانی سامی . بۆنموونە خودای خودایانی سامی ( ئانۆ ) خودای نانا بە ئیشترمە بە ( ئا ) خودای خۆرو روناکی خودای مانگ و بە سین ( sin) ناو دەبران . ئەفسانەکانی سۆمەری بە زمانی سامی یان زمانی ئەکادی گۆڕان و دەستەواژە سا میەکان لە ڕستەو نوسینەکانیاندا ڕەنگی دایەوە لە سەردەمانی دەسەڵاتداریەتی ئەکاد دا چوار خودای بنچینەیی لە میزیۆپۆتامیادا هەبوو کە دەیان پەرستن .

شاماش یان شمش ( ( shamash خوای خۆر

ئال یان ئانۆ ( ( el-anu خودای خودایان و خودای ئاسمان

ئان لیل ( ( enlil خودای ژێر زەوی

ئا یان ئە ( ( ea خوای دەریاکان

تا ئەو کاتەی کە ئاستی کاهینەکان نەگەشتبوە ئاستی پادشاکان پاشاکان بە بەخشینی بەرتیل و ڕەشوە ئاسایش و ئارامی ژیان و مورید و خزمەتکاری پەرستگاو کاهینەکانیان دەپاراست و کاهینە کان لە ئاینەدا بە پەسەند کردنی کارو کردەوەکانی پادشا و سود وەرگرتن لە چەسپاندنی ڕای ڕەهای پاشاکان سودیان وەردەگرت . سارگون ئەکادی بە ناوی نارام سین ( naramsin ) ئیدعای خودایی کردو ئالوهیتی بۆ ناوی خۆی زیاد کرد و پلەو پایەی کاهینەکانی بەدەستەوە گرت کەم کەم دەستەواژەی شا-

کاهن  نوێنەری خودا لە سەر زەوی لە ئەفسانەکانی سۆمەری و ئەکادیەکاندا جێگیر کراو  سوڵتان بوە ئەو مرۆڤەی کە لە خەڵکانی تر لە خودا نزیکتر بوو .  چونکە کاهینەکانی پەرستگای لە ئەستۆ گرتبوو بە پیرۆز ئەژمار دەکرا  . لەو بەڵگە بە دەست هاتوانەی لە سەردەمی ئەکادەکاندا باڵای پاشا لێکرایەوەو ئەویش بوو  کە سوپای   لە سەردەمانی جەنگدا ڕێبەرایەتی ئەکرد .. نازناوی شا  - کاهن  تا کۆتایی مێژووی دەسەلاتداریەتی میزیۆپۆتامیا درێژەی کێشا و پاشا نوێنەری خودا بوو لە سەر زەوی چونکە هێزی پاشا لە ئایینەوە سەرچاوەی دەگرت  پاشا تەنیا خۆی  بە بەرپرسیار لە بەردەم خوداکاندا دەزانی .. لە چەندین وینە کە لە سەردەمی شارستانیەتی ئەکادەکاندا دەست کەوتوە  بەشێک لە پاشاکانی میزیۆپۆتامیا و شێوەیان زۆر مەزنتر لە خەڵک پیشان دراوە و کڵاوێکی گەورەیان لە سەرناوە کە نیشانەی بونی خودایە تیە . لە ئاهەنگەکانی وەرزی بە هاراندا شا بە کائینیک کە ناسراوبوو بە کائینی ئیشتر ( با ئەی نانا ) خوداوەندی عەشق بوو لە پەرستگای مەزندا یەکی دەگرت  . ئەم یەکگرتنەش هێمای پەیوەندی دەرباڕو پەرستگا بوو  فاکتەری یەکێتی و هاوئاهەنگی دو فاکتەری ئیدارە دانی کۆمەڵگەی پیشان دەدا  .

لە سنووری 2000 ساڵ پێش زایین خێڵێکی تر لە نەوەی سامی بە ناوی عاموریتی   سەرکەوتن بە سەر سۆمەریەکان و ئەکادەکاندا و دەستیان گرت بە سەر تەواوی ناوچەی میزیۆپۆتامیادا و پایتەختەکەیان بۆ بابل گواستەوە بەناوبانگترین پادشای ئەم دەسەڵاتداریەتیە  حامورابی ( Hammurabi) ( 1792-1750 )ی پێش زاین  بوو  کە قەڵەم ڕەوی دەسەڵاتدارێتی خۆی زۆر فراوان کرد  هەر ئەویش بوو  کە  یەکەمین یاسای شارەکانی مرۆڤی لە سەر دولەوحە ی بەردین وێنەکێشا ( 1) شاری بابل لە سەردەمی دەسەڵاتداریەتی حامورابیدا تا ساڵانێکی دواتر گەورەترین شاری خۆرهەڵات بوو.

کاتێک حامورابی گەیشتە دەسەڵات شەش خودا لە کۆمەڵیەکی سێ لایەنەدا لە سەروی هەموو خوداکانی ترەوە دانا بۆ پەرستن  .

( ( anuخودای خوداکان و خودای ئاسمان  ( ئان لیل  ( enlilخودای زەویەکان و خودای ژێر زەوی و جەنگ و ئا ( (eaخودای دەریا کان

کۆمەڵەی دووەم  :

شمش  ( (shmashخودای خۆر ( سین )  خودای مانگ و ئیشتر یانین نو دایکی هەموان

لە نێوان ئەم خودایانەدا ئیشتر لە هەموان خوشەویستر بوو  و چونکە ئەویان بە خودای مناڵ بون و زاوزێ دەزانی . مێردەکەیشی تاموز یان تاموس ( ( tammuseخوای خۆرە تاو بوو بەو هۆیەوە بوو کە سیفەتی عەشقیان وەک تایبەت مەندیەتی خواوەند ئیشتر دابوە پاڵی  . هەربەو جۆرەی زەهرە شاژنی ئاسمان و ئەستێرەکان بوو  . ئیشتر بوە شاژنی سەر زەوی ئەم خواوەندە لە ناو ئێرانیەکاندا ناوێکی تری هەیە بە ئاناهیتا ناو دەبرا .

گەورەترین نەیاری خواوەندە ئیشتر لە سەر زەوی مەردوخ (    (mardukبوو تاپێش گرتنە دەستی دەسەڵات لە لایەن حامورابیەکانەوە و لە ناو چوونی سۆمەریەکان  و ئەکادەکان  مەردوخ خودایەکی بچوکی لۆکاڵی بوو  کە زۆر بایەخی ئەو تۆی نەبوو  .

---

1- ئەم دوو لەو حەیە لە مۆزەخانەی فلیدی شیکاغۆ پارێزراوە.

بەڵام پاش ئەوەی کە حامورابیەکان گەیشتنە دەسەڵات و قەڵەم ڕەوی دەسەڵاتەکەیان فراوانتر کرد وڵاتەکانی فەلەستین و میسریشیان خستە ژێر ڕکێفی دەسەڵات داریەتیەکەیانەوە . بابل بوە پایتەخێکی مەزن و شۆکۆیەکی تایبەتی هەبوو . بە گشتی خواوەندی خەڵکی ئەم شارە بە شێوەیەک لە شێوەکان بەشدار بوون لە دەسەلآت و حکومڕانی ناوەندی و خواوەندەکان و خواوەندەکانیان خست بووە ژێر ڕکێفی خۆیانەوە ، و هەندێکیش لەوانە بوبونە بەشێک لە خۆیان . بەو جۆرەی کە خواوەند ( ئانا ) خواوەندی شاری ئاریدو تابۆی خواوەندی چارەنوس پلەو پێگەی خۆی بەخشیە خواوەند مەردوخ و هەموو چونە سەر ئەو باوەڕەی کە مەردوخ خودای خوداکانە و خودای ئاسمان و زەوی یە . بەم جۆرەش لە تەواوی نوسراوەئایینیەکانی پەرستگە کان و شارەکان جێگیر بوو ناوی ئەو خواوەندەکانی تر لە لەو حەکان سڕانەوە .لە ئەفسانەکانی سۆمەریەکاندا هاتوە کە پاش ئەوەی کە مەردۆخ ئەژدیهایەکی دەریایی بە ناوی تیامەت ( tiamat )لە ناوقەدەوە کردوەتە دو کەرت و لە کەرتێکی ( سایبانی ) بەرگرێکی دروست کردوە کە ڕێگە لە ئەو ئاوانە دەگرێت کە لە ئاسمانەوە دادەبارێت و لە کەرتەکەی تریشی جێگای تری لە سەر ڕوی دەریا کان دروست کردووە . ئیتر بەم هۆیە شەوەیە کە لە گێتیدا ڕێکو پێکی دروست بوو . لە جوڵەی ئەستێرەکان و سەوز بونی گیاو منالّ بون و دروست بونی بونەوەران و بارودۆخێکی پۆزەتیڤی خولقاند تا ئەو ئاستەی کە سەرەی دروست بونی مرۆڤیش گەیشت . لە هەزار ساڵ پێش زایین ئاشوریەکان سەرکەوتن بە سەر بابلیەکاندا و ئەو شارەیان داگیر کرد . ئاشور یان نیپاڵ بابلیان کردە ناوەندی دەسەڵاتداریتی خۆیان . شاکانی ئاشوور شارستانیەتی بابلیەکانیان قبوڵ کردوو خوداکانیشیان پەرستن . لە سەروی هەموو ئەم خودایانەوە لە جیاتی ئان لیل خودای جەنگی سۆمەریەکان ئاشوریان داناو وڵاتەکەشیان بە هەمان ناوەوە ناو نا . کاتێک ئاشوریەکان بۆ جەنگ دەڕۆشتن فەرماندەی گشتی ئاشور بوو هەموو وڵاتەکانی تریان بەناوی ئەم خودایەوە داگیر دەکرد . ئاشوریەکان لەگەڵ ئەو خەڵکانەی کە لە جەنگدا شکستیان دەهێنا ئازادی ئەنجامدانی مەراسیمی ئایینی خۆیان بۆ دابین دەکردن بەلآم ئەگەر شۆرشیان بکردایە خوداکانیان دەستبەسەر دەکردن و لە پەرستگە ئاشوردا بە ڕێزەوە دایان دەنا لە ژێرچاودێریدا . نبوکد نسر ( بەخت نەسر ) ( nebuchadnezzar )یەکێک لە پاشاکانی ئەم دەسەلآت داریەتیە هێرشی کردە سەر فەلەستین و پاش پرۆسەی داگیر کردن و وێران کردنی ئورشەلیم یەهودیەکانی بە دیلی بۆ میزیۆپۆتامیا گواستەوە و تا ئەو کاتەی کە کورش شای ئێران بابلی داگیر کرد و یەهودیەکانی ئازاد کرد ، هەمان شێوە لە زیندانی بابلیەکاندا بوون . لەو مێژووە بە دواوە بابل وێران بوو تا ئێستاش وێرانیەکانی کە دەکەوێتە خاکی ئێراقەوە ئاسەواری هەرماوە . ئێرانیەکان پاش داگیر کردنی بابل خەڵکی ئەو ناوچانەی لە پەرستنی خواوەندەکانیان و ئەنجامدانی مەراسیمی پەرستن ئازاد کرد . هەندێک لە خواوەندەکان و خوای بابلیەکان تا سەرهەڵدان و بڵاو بونەوەی ئاینی ئیسلام لە میزیۆپۆتامیادا هەر دەپەرستران .

سۆمەریەکان و بابلیەکان ، سەرنجێکی تایبەتیان لە هەمبەر ئاسمان و ئەستێرەکان هەبوو ، لەو باوەڕەدابوون کە بزوتنی ئاسمانی و ئەستێرەکان کاریگەریان لە سەر چارەنوسی مرۆڤ هەیە ، لە ڕێگەی جوڵەی ئەستێرەکانەوە ئەتوانرێت پەی بە ئایندەی مرۆڤ و شتە شاراوەکان ببرێت . لەو سۆنگەیەوە بوو کە خولگەو جوڵەی ئەستێرەکان لە ئاسمان و ( strology )لەو سەردەمانەدا لە میزیۆپۆتامیا بایەخێکی زۆری هەبوو، لەوێشەوە گواسترایەوە بۆ ناوچەکانی تری خۆرهەڵات . هەنگاو هەنگاو ئەم پێشبینی کردنە لەقەڵەم ڕەوی جوڵەی ئەستێرەکان فراونتر بوو. سۆمەریەکان و بابلیەکان گەیشتنە ئەو باوەڕەی کە لە هەر ڕوداوێکی نەخوازراو ، لەگەڵ خولقانی بونەوەری نائاسایی و جوڵەی ئاژەڵەکان و شێوەی بەرزی شاخەکان و دیوارەکان لەژێر کاریگەری پەنجەی خوداکاندا هێمایەکە بۆ

ئاشکرا کردنی ڕووداوی ئاینده . ئەگەر کەسێک بیەوێت هاوسەرگیری بکات یان پاشایەک بڕواتە جەنگەوە لە سەرتادا لەگەڵ کاهینەکان ڕاوێژی دەکردوو ، کاهینەکانیش هەڵدەسان بە ئەنجامدانی قوربانی لە نەزری خودایان و بە شێوەیەکی ئایینیانە ئەو کردەیان ئەنجامدەدا و، دەستەیەکی تایبەتیش لە کائینەکان بۆ تەفسیری جوڵەی ئەستێرەکان و پێشبینی و شیکاری کردنی ڕوداوەکان ، پەروەردەکرابوون و کتێبێکی زۆریان بۆ پێش بینی و ئاشکرا کردنی ئەم ڕوداوانە نوسی بوو .

لە سەدەی حەڤدەی پێش زایین بۆ دواتر ئەم زانستە کە لە سەرتادا جگە لە گومان و خورافە هیچی تر نەبوو ، چوە بواری حەقیقەت و ڕاستیەوە ، خشتەی تایبەت بۆ دیاری کردنی جوڵەی ئەستێرەکان دارێژرا، کە لە سەرەتادا وەک چوارچێوەیەکی ماتماتیکیانە و گەردوونی بوو . کاتی مانگ گیران خۆر گیران بە ئەژمارێکی دەقیقی ماتماتیکی دیاری کرا . هەمان ئەم شیکاریانەی سۆمەریەکان و بابلیەکان پایەو بنچینەی زانستی ( astronomy ) ئەمرۆکە پێک دەهێنێت . زاناکان هەتا فەریزەیەی ناوەندیەتی خۆر لە کۆمەڵەی خۆر و جوڵەی ئەستێرەکانی تری ئەم کۆمەڵەیە بە دەوری خۆردا بۆ زاناکانی سۆمەری و بابلی دەگێڕنەوە .

سۆمەریەکان کاتیان بە حەوت ڕۆژ دابەش کردبوو ، هەر ڕۆژێکیشیان بە جێگیری ئەستێرەکان دەزانی . ناوچەی بورجیان بە دوانزە کۆمەڵەی ئەستێرەکان دابەش کردبوو ، و هەر ناوچەیەکیشیان بە ناوی یەکێک لە ئاژەڵەکانەوە ناو نابوو وەک تەوتەمە لۆکاڵیەکان ناونرابون ( وشتر –گا-شێر ..... ) دانانی ئەم ناوانە دابەش کردنی ساڵ بە دوانزە مانگ و هەر مانگێک بە چوار هەفتەو هەر هەفتەیەک بە حەوت ڕۆژ . هێشتان لە ئاستی نەتەوەکانی دنیادا برەوی هەیە .

بابلیەکان و سۆمەریەکان . لە هونەری ماتماتیک و ژمارەدا پێشکەوتنی سەرسوڕهێنەریان بە خۆوە بینبوو . گەرچی هێشتان ژمارەی سفر ( 1) یان نەناسیوە بەڵام زنجیرەی دانەیی خۆیان لە سەر بنچینەی دابەشکاری شەست دانابوو کە تا ئیستاش جێگای کار پێکردن و سود لێوەرگرتنە . ئەمە دابەشکاری شەستە بازنەیەکی بە پلەی 360 کاتژمێر بە خولگەی شەست خولەک و هەر خولەکێکیش یان دابەش کردوە بۆ شەست چرکە .

سۆمەریەکان خاوەنی هێزێکی لە ڕادەبەدەری بیرکردنەوەو وێنا کردن بوون ئەفسانە ئایینیەکان زۆرێک لەم هێزی بیرکردنەوەو خەیاڵانەی تیایە .

---

1- لە سەردەمی خەلافەتی عەباسیەکاندا ژمارەی سفر لە هندستان خرایە ناو زانستی ژمارەی ئیسلامیەوە . لۆناردۆ پیسا( Leonardo pisa ) لە وەرگێڕانی زانستی ژمارەی موسڵمانانەدا بە ئیتالیایی بە سفیروم ( cephirum ) ناوزەدی کردو بە تەدریجی بۆ زفیروم و زیرو ( zero ) گۆڕا .

لە یەکێک لە ئەفسانەکاندا لە هەمبەر چۆنیەتی خولقانی مرۆڤ نوسراوە : وەک چۆن خواوەندەکان لە تۆو کردنی زەوی جۆگەو کاناڵی ئاو، بۆ ڕوەکەکان دەبەن بۆ بەرهەم هێنانی خۆراک هیلاک بوون ئەوە کێیەلە ڕوبەڕوبونەوەی کۆتایی خاکدا سەرەتای بون بخولقێنێت ، خودای دایکە کە ژیانی پێ دەبەخشێت ئەم هاوکاریەی خواوەندەکان سەرەتای خولقانی مرۆڤ بوو . لەو کاتە بە دواوە ئەنجامی کارەکانی تایبەت بە تۆو کردن و بەرهەم هێنانی مەوادی خۆراکی بۆ خوداکان ،کەوتە ئەستۆی مرۆڤەکان .هەمان ئەم شێوە بیر کردنەوە لە ناو ئەفسانە یۆنانی و میسریەکانیشدا برەوی پەیدا کرد . یەهودیەکان لە

سەردەمی دیلیەتیان لە بابل لە هزرو بیری بابلیەکان بەهرەی تەواویان وەرگرت و خولقاندنی ئادەم لە خاک سەرتای دەست پێکرنی خولقاندن بوو لەوێشەوە ئەم هزرە گواسترایەوە بۆ ئاینی ئیبراهیمی و نفوزی پەیدا کرد .

یەکێک لە ئەفسانە بەناوبانگەکانی سۆمەریەکان کە لە کتێبی ئایینی ئیبراهیمی دا دوبارە کراوەتەوە ، ئەفسانەی تۆفانە (زریان ) ئەم داستانە لە رەوالەتدا لە نێوان دوو رووباری گەورەی دیجلەو فورات و کەوتنە ژێر ئاوی بەشێکی زۆری زەوی میزۆپۆتامیا لە سەردەمە دیرینەکاندا سەرچاوەی گرتوە . لە بەشێک لە داستانی گلگامێشدا ( Gilgamesh) هاتوە . ناوەرۆکی ئەم داستانە بە شێوەی شێعر لە 12 لەو حەدا کە هەر لەو حەیەک 300 رستەی لە خۆ گرتوە لە کتێبخانەی ئاشوریانیپاڵ کە لە سنووری 730 پێش زایین دەسەلاتداربوون دەستکەوتوە . ئەم داستانە بە جۆرێک لە سەر زاری خەڵک بووە لە هەموو شوێنێک خەڵک ئاشنای بووە کە هەتا بە زمانە کانی تر وەرگێردراوە ، نوسخەیەک لەم داستانە بە زمانی هیتی و عوریان لە تاقیگەی ئاسەوار ناسیدا لە ئاسیای بچوک و فەلەستین دەست کەوتوە .

گلگامێش پادشای کولاب ( kullab) دەگات بە پاشی شاری ئور دایکە ئالاهە نین سون ( ninsun ) لەم رووەوە خودی گلگامێش نەوەی سێیەمی سیفات خودایی بووە . وەزیفەیەک کە ئەو خستیە ئەستۆی خەڵک بە ئەندازەیک قورس بوو کە بۆخویشی کێشەی زۆری نایەوە . گلگامێش دانی بەوەدانا لە بەرانبەر کێشەکان و دوژمنەکانیدا ، بەلام هاورێیەکی خۆشەویستی خۆی ئان کیدو ( enkidu) ی لە دەستدا . گلگامێش لە ترسی ئەوەی کە نەبادا رۆژێکیش مەرگ بەرەو روی خۆی بێت . لە روبەبروبونەوەیەکی جاویدانی لەگەڵ باپیرانی خۆی ئوتنا پیش تیم ( utnapishtim) رەنگە بتوانێت نێهنی ئەوەی کە چۆن چۆنی کەسێک بتوانێت تەمەنێکی هەمیشەی هەبێت و سەرکەوتبێت . گلگامێش پاش ئەو هەموو موسیبەتە کە لە لەوحەکاندا بە تەواوی باس کراوە . دەستی دەگات بە پیاوێکی جاویدانی . لە لەو حەی یانزە دا ئوتنابە شێوەی شێعر داستانی توفان بۆ گلگامێش دەخوێنێتەوە .

خوداکان هەر وەک لە کردەوەی گوناهکاری مرۆڤ تورەو نیگەران بون ئاواش لەو تورەبون و بریاریاندا کە بە توفانێکی بەهێز نەژادی ئەو لە ناو بەن و لە سەرزەوی بیان سرنەوە . ئان کی یان ( ئا ) کە ئادەمی دروست کردبوو پەیوەندی تندو تۆڵیشی لەگەڵ (ئوتنا ) هەبوو ، لە روبەروبونەوەی سەرهەلدانی ئەودا تا لە مەترسی توفان ئاگادری بکاتەوە ، کۆتایی هات . چونکە نەیدەویست نهێنی گشتی خوداکان ئاشکرابکات . خانە نشین بونی ئوتنا لە جێگایەک کە دڵنیابوو ئوتنا لە ناو خانوەکەدایە . قسەی بۆ کردو بەوی وت کە خانوەکەی خۆی چاک بکات و کەشتیەکی گەورە کە 120 باڵ پان و 40 باڵ بەرزبێت دروستبکات پاشماوەی داستانەکە تێکەڵ بە ژیانی ئوتنا بکات :

من خانەدان و کەسەنزیکەکانی خۆم لە کەشتیەکەدا جێگا کردەوە هەنێک لە جوتیارو پیشەوەری ولاتەکەم لەگەڵ خۆم بە کەشتیەکە برد ، لە رۆژێکی دیاری کراو کە خواوەندی خۆر دیاری کردبوو . لەو رۆژەدا خواوەندی تاریکی بارانێکی بەخوری دەباراند . من بە کشتیەکە رۆشتم دەرگاکەم داخست رۆژی پەسلان نزیک بوەوە و لە ناو پەڵە هەورە رەشەکانەوە هەورە بروسکەیەکی ترسناک دەرکەوت خواوەندەکانی نابو مەردوخ لە ناو چون . تۆفانەکە کۆتای هات .

تیشک و روناکی تاریکی و ترسناکی راماڵی . شەپۆلی ئاو هەموو دنیای داپۆشی و لە لوتکەی شاخەکانیش تێپەری ئاو گسکێکی سرینەوەی لە مرۆڤدا . هیچ کەس لە خەمی ئەوی تردا نەبوو . هیچ کەس تاقەتی ئەوەی نەبوو سەربۆ ئاسمان بەرز بکاتەوە بیارێتەوە ، چونکە کار گەیشتە ئەو ئاستەی کە خوداکان خۆیان لە مەترسی لە ناوچون دا بوون و پاشان هەستانەوەو بەرەو ئاسمان رۆشتن . بەو جۆرەی وەک سەگ لە ترسا لول بوبون . خواوەندی ئیشتر هەروەک ژین ◌ٚک لە کاتی منالبوندا دەی

ناڵاند ئەو پەری خواوەندە هاوار هاوری بوو دەگریا ، مرۆڤەکان هەموو لە ژێر خاکدا شارانەوە چوونکە رۆژی حەوتەم گەیشت شپرزەیی نەما و توفانەکە وەک لە شکرێکی هێرش بەر گەرایەوە دواوە . دەریا کان هێواش بونەوەوشەپۆلەکان خامۆش بوون من دەرگاکەم کردەوە وبیرم لەو دەریایە کردەوە و دەستم بە شیوەن و گریان کرد . تەواوی مرۆڤایەتی خاک دای پۆشی بوو. باخ و زەوی و زاری فراوان لە بەرچاوم نەمابوو خۆریش بە شێوەیەکی جوان دەدرەوشایەوە دانیشتم دەستم بە گریان کرد .
فرمێسک لە چاوانم دەباری چونکە فریای گێتی نەکەوتم و هەمووی لە ناو چوو . پاش ئەوەی دوانزە رۆژ خۆشی تێپەری کەشتیەکەم بەرەو ناوچەی نی سیر ( nisirپێچ پێکردەوە شاخەکانی (نیسیر ) کەشتیەکەیان بە توندی لە باوەش گرت و نەیان هیڵا جوڵە بکات . پاشان من کۆترێکم هێناو رەوانەم کرد و دای لە شەقەی باڵ و سەیری ئەم لاو ئەولای دەکرد . چونکە هیچ شوێنێکی نەبوو بۆی بروات گەڕایەوە بۆ ناو کەشتیەکە هەرجی باڵندەیەکم ئازاد دەکرد چونکە جێگایەک نەمابوو بۆ پشودان دەگەڕایەوە بۆ ناو کەشتیەکە جارێکی تر باڵندەیەکی ترم ئازاد کرد ئەو باڵندەیە کەمبونەوەی ئاوەکەی هەست پێدەکردو دەستی کرد بە ئاواز خوێندن و نەگەرایەوە بۆ کەشتیەکە . من هەرچیم هەبوو بەرەو هەر چوار گوشەی جیهان هەموویم ئازاد کردوو لە سەر لوتکەی شاخێک قوربانیم ئەنجامداو شەرابیی پیرۆزم نۆشی .

(ئوتنا ) داستانی توفانی بۆ گلگامێش دەگێرایەوە بەڵام هیچ کەسێک لە هەمبەر مەبەستی سەرەکی ئەو و جاویدانی بونی مرۆڤ ناتوانێت پێی بڵێت . تەنیا جۆرێک گیایە کە گەنجیەتی بۆ پیری دەگێرێتەوەکاتێک کە گلگامێش لە گەراندنەوەدا بوو بۆ سەر سەرچاوەیەکی ئاو بۆ ئەوەی خۆی بشوات مارێک گیاکەی دەخواردو یەکسەر پیستی لێدەبویەوە جوان دەبوەوە .گلگامێشی نیگەران و دڵشکاو دەگەرێتەوە لای ( ئور ) و لە رێگەی گەرانەوە بۆ ناوچەکەی خۆی لە سەر دەریای خۆرئاوا کچێکی دەریایی بە ناوی سابی تو (( sabituپێی دەڵێت :

تۆ ئەی گلگامێش بەم سەرگەردانیەتەوە بۆ کوێ دەرۆیت ؟ ژیانی نەمری کە بۆی دەگەرێت هەرگیز دەستت ناکەوێت ، رۆژێک کە خوداکان مرۆڤیان دروست کرد مەرگیشیان لە بەرانەریدا دروست کردو ژیانی نەمریان بۆ خۆیان دانا . ئەمە چارە نوسی مرۆڤە ، تۆ ئەی گلگامێش شەوو رۆژ بە خۆشی بگوزەرێنە گەدەت پرکە لە خواردنی خۆش لە هەررۆژێکی ژیان چێژ وەرگرە . رۆژوو شەو رابوێرە جلی جوان لە بەر کە سەرت بە ئاوی پاک بشۆ لەو منداڵەی کە دەستی تۆی گرتوە چاودێری بکە لەم خۆشیانەدا کە ئەو ژنەی هەتە بەشداری پێ بکە .. ئەم ئەفسانەیە لە ئاینەکانی ئیبراهیمی دا و بە هێنانی ناوی پاڵەوانی داستانەکە هەر وەک کۆپی کراو وایە لە تەورات دا توفانی نوح لە موعجزەکانی یەهود و لە قورئانیشدا تایبەت کراوە بە الله .

بەرایی دووەم :

خودا لە میسر

وڵاتی میسر بە پێچەوانەی میزۆپۆتامیاوە ، بە فاکتەرە سروشتیەکان دەور دراوە دەریای سور و دەریای میدیترانە و لە باشوری خۆر هەڵات و خۆرئاوایە وە بیابانی لیبی یە . کە باشترین بەرگرن بۆ هێرشی بێگانە . حکومەتەکان لە میسر لە بەردەوامی و جێگیری مرۆیی بەردەوام بوون ، ئاینەکانیش کەمتر گۆرانیان بە سەردا دەهات و کەمتر لە ژێر کاریگەری وڵاتی دراوسێ و بێگانەکاندا دەگۆرا.
مێژووی میسر بە یەکێک لە کۆمنترین مێژوی هەموو میللەتەکانی دنیا دەژمێرێت . خەڵکانێک کە لە کۆتاییەکانی سەردەمی بەردینی نوێ دا لە تەنیش رۆخی روباری نیل و دەریاچەکان خەریکی راوی

ماسی بوون  هەنگاو هەنگاو خانو و کەرەستە و ئالەتی کاریان دروست کرد . خانوی جیاجیاکە پێکەوە بون دواتریش ئەو خانوانە بونە شار , دواتر هەر کومەڵگەیەک کە شاریان پێک دەهێنا بۆ خۆیان سەربەخۆ بوون ، خودای هەر کۆمەڵگەیەک  هاوپەیوەندی کۆمەڵگە کەی دیاری دەکرد.  بە تێپەر بوونی کات  نوسینی وینەیی  (      pictographic)یان داهێنا ، دوو دەزگای دەسەڵاتداریەتی لە باشورو باکوری میسر بە شێوەیەکی لە سەر خۆ گەشەیان کرد  لە کۆتاییەکانی سەردەمی چاخی بەردینی نوێ دا باکوریەکان دەستیان گرت بە سەر باشوریەکانداو دەوڵەتێکی پێگەیشتویان دروست کرد  .  پاش ماوەیەک  سەرەی باشوریەکانیش هات کە تاجی فیرعەونی لە سەر بنێن .

باوەڕەئایینیەکان لە میسردا هەروەکو خێڵەسەرەتاییەکانی تر بوو ،  لە سەر بنەمای پێداویستی ماددی ململانێی مانەوەو کێشمەکێش لە نێوان مان و نەماندا بوو  . لە بنەما سەرەتایی و سادەکانی ئایین بەواتای پەرستنی رۆحەکان  تەوتەم پەرستی و باوەڕهێنان بە هێزی پەنهان دەستی پێکردو ، بە پەرستنی خواوەندە جیاجیاکان (  (polytheismکۆتایی هات  . هەر شارێک بۆ خۆی تەوتەمێکی هەڵبژارد  لە هەنێک لە شارەکان  لە نێوان سێ بۆ نۆ تەوتەم بونی هەبوو  ، زۆرینەشیان بریتی بوون لە ئاژەڵی دیار و بە هێزترینی سروشت بون  کە لە گەشەی ئابووری و فراوانی بەرهەموو فاکتەرێکی کاریگەر ئەژمار دەکرا   . بۆ نموونە باز کە باڵندەیەکی بەرزە فرە بوبونە باوەڕی زیاتر بوونی دەستکەوت  ، مار کە لە سەر زەوی دەڕوات بوبوە هۆ مناڵ بوون و زیاد کردنی دەستکەوت  ، بەم جۆرە هەر شارێک  گیانەوەرێکی تایبەتی بۆ خۆی  دیاری کردبوو دەی پەرست  و ئەو ئاژەڵەیان وەک پارێزەری خەڵک و پاسەوانی شار دیاری کردبوو  ، بۆ نموونە شاری  فیوم (   (fayumتیمساحیان وەک خواوەندی خۆیان هەڵبژاردبوو لە تبس  (   thebes)خودای ئامون  بە شێوەی گا دەپەرسترا ممفیس ( (Memphisمادە شیر و گاونر (   (appisوەک پارێزەری خەڵکو شار هەڵبژێردرابوون . لە زۆرینەی شارەکان  بوزینە ئەسپی ئاوی مشک و لەکلەک و پشیلەو مارماسی و بۆق و ئاژەڵەکانی تر جێگای رێزو ئیحترام و پەرستن بوون  . و ئەوانەیان وەک دەرکەوتەیەکی غەیبی دەزانی . کەم کەم سەری ئەم ئاژەڵانەیان لە سەر جەستەی مرۆڤ ناو دواتر سیفەتی خودایان دەدایە پاڵ و ئەم بونەوەرە نوێیە  بە شێوەی خودا پارێزەری شار قبوڵدەکران  . پاش مردنی هەریەکێک لە م ئاژەڵە پیرۆز کراوانە جەستەکەیان مۆمیایی دەکردو لە تابوتێکدا بە مەراسیمێکی تایبەت بە خاکیان دەسپارد  .

میسریەکان باوەڕیان وا بوو  کە خوداکان هەروەک مرۆڤ  پێویستیان بە پشوو خواردن و جلو بەرگ هیە  . بەە هۆیەشەوە بوو  کە  پەرستنی رۆژانە تەنیا  پاش ئەوەی کە  خوداکان بە سرودی ئاینی و مۆزیک لە خەو هەڵدەسان  . دەیان شۆر دو جلیان لە بەر دەکردو خواردنی بەیان نیانیان پێ دەدان ئەنجار دەستی پێ دەکرد  ، هەندێ کاتیش مەراسیمی پەرستنی رۆژانە بە ئاهەنگو سەفەر کردن لەگەڵ خوداکان ئەنجام دەدرا , کە تەنیا مەراسمێکی کورتکاراوە بوو جگە لە مەراسیمی رۆژانە هەندێک کاتیش چەندرۆژێک درێژەی دەکێشا کە رێک دەکەوت لەگەڵ بردنی خوداکان بۆ سەر روباری نیل  . هەروەک ئامون لە پەرستگای مللی خۆی لە کارناک (    (karnakبۆ پەرستگەیەکی تر لە لاکسور(   (luxorکە جێگای تایبەتی خۆی بوو  ، کۆچی دەکردوو لەوێدا چەند رۆژێک لە گەڵ هاوسەرکەی خۆی ( موت ) (mutبەسەردەبات  پاشان بە هەمان تەشریفاتەوە بۆ پەرستگەی سەرەکی دەگەڕێتەوە ، هاتور ( (hathorخودایەکی تری میسری یەکان  بۆ بینینی سالانە لە پەرستگای هۆروس در ) ئیدفو ( edfu ( لویب سەدو شەت کیلۆ مەتر لە جێگای تایبەتی خۆی (دندرا ) (     denderahبە بەلەم سەفەری دەکرد ، لە کاتی سەفەری خوداکاندا ، پشوی گشتی بوو دەستە ئاینی یەکان لە روبارەکەدا خەریکی لێدانی سەوڵ بون  بۆ بەرێ کردنی خودا و هەنێکیش بە پێ دەرۆشتن بە درێژایی سەفەرکەی خودا  . خوداکانیان بە شێوەی نێنی دەبرد ئەگەر لە رێگەی روبارەوە سەفەریان بکردایە ئەوا لە ناو خانویەکی بچوک دایان دەناو ئەگەر بە رێگای وشکانیشدا بوایە ئەوا لە ناو کەژاوەیەکی داخراودا دەیان برد . ئو

بەلەمانە ئەگەر چی لە دار دروستکرابوون بەڵام دەیان ڕازاندوە بۆ ئەوەی وا هەست بکرێت کە ئەم مەراسیمانە لە دێرزەمانەوە باو بوەو هەبوە . ئەنجامی هەموو ئەم کارانە بەهۆی ئەوەوە بوو کە زۆرترین خەڵک بیپەرستن . ئەنجامدانی قوربانی و بەخشین لە ئەستۆی کاهینەکان بوو کە خۆیان بە پەیوەندی خەڵک و خودا دەزانی . بە خۆێندنەوەی دوعاو سکالاو ئەنجامدانی مەراسیمی ئایینی وایان پیشان ئەدا کە خوداکانیان ناچار کردووە کە وەڵامی داخوازیەکانی خەڵک بدەنەوە . لەم سۆنگەیەوە میسریەکان ڕێزیان لە ستحیر و کاهینەکان دەگرت ، و لێشیان دەترسان پەرستگاکان بە هۆی ئەو بەخشین و پێدانەوە لە لایەن خەڵکەوە لە ئەندازە بەدەر دەوڵەمەند بووبون و ببوونە خاوەنی سەر وەت و سامانێکی زۆر و هاوکات سودیان لەو نفوزە زۆرەی خەڵک وەرگرت بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری ئیداری و سیاسی حکومەت . لە ڕاسیتیدا وەرچەرخێنەری ڕاستی سیاسەتی میسر هەمان ئەو کاهینانە بون لە کاتێکدا کە فیرعەون بۆ جەنگ دەرۆشت یان نەخۆش دەکەوت کاهینی مەزنی پەرستگای ئامون حکومرانی میسر بوو . جگە لە کاهینی مەزنیش زۆرێکی تر بە پێیی پێگەکانیان .بە هۆی تێکەلاویان لە گەڵ کاهینەکان و بۆ سود وەرگرتن لە دەسەڵاتی ئەوان لە هەندێک بواری سەربازی و پێداویستیدا خۆیان سەربە پەرستگا دەناساند . لە ئاهەنگی بەهارەی سەد ( sedفیرعەون بە دارعاسا فیرعەونیەکەی و هێمای هروس کە هێمای خوای ئەو بوو بۆ پەرستگا دەرۆشت و تەوافی دەکردو داوی لە پەرستگا دەکرد زیاتر هێزی بداتێ ، دۆستایەتی فیرعەون بۆ هەر پەرستگایەک دەبێتە هۆی بەرزکردنەوەی ئەو پەرستگایەو لە بەرانبەریشدا کاهینی ئەو پەرستگایە بۆ باڵابردنی پێگەی فیرعەون بۆ ئاستی خودایەتی هەوڵی دەدا .

لە کۆمەڵگەی میسریدا هەروەک کۆمەڵگە سەرەتاییەکان یەکێتی شارەکان لە سەر بنچینەی هاوئاهەنگی باوەڕو نەریتی ئاینی بونیاد نرابوو ئایین تەنیا هۆکاری سیستەماتیکی کۆمەڵگە بوو ئاهەنگ و سەرپەرشتی هاوئاهەنگی ئاینی هۆکاری هاوپێوەندی زیاتری خەڵک بوو بۆ یەکتر . نفوزی خەڵک لە باوەڕی ئایینڕا گەشتبوە ئاستێک کە کاتێک هیکسوس ( Hyksos ) کان لە بیابانی فەلستینەوە هێرشیان کردە سەر میسر و داگیریان کرد بۆ ڕاکێشانی دڵ و پارێزگاری کردنیان لە لایەن خەڵکەوە خۆیان بە دۆستی ست ( sethکە یەکێکە لە خوداکانی میسر نیشان دەداو ئەویان وەک خودا داناو دەیان پەرست و ڕێزیان دەگرت . لە میسر کتێبیکی پیرۆز هاوشێوەی تەوراتی یەهود لەگەڵ قورئانی موسڵمانان کە جێگای قبوڵ کردن و ئیحتیرامی پەیرەوانی ئەو ئاینەیە . میسریەکان هەروەک یونانیەکان بۆخۆیان چەندین ئەفسانەیان دروست کردبوو کە هەندی لەوانە هەر بە نەخوێنراوەیی تۆز لە سەری نیشتبوو . ئەوەی کە ماوەتەوە بەشێکە لەو ئەفسانە مەزنانەی کە ئەگەر یەکیان بخەیت ڕێنمایی یەکە بۆ کۆی داستانەکان گەرچی بەشێکی کەمیشە لەو داستانانە . میسری یەکان لەو باوەڕەدابون کە جیهان لە سەرەتای دروست بونیدا پڕبوە لە ئاو هەموو شوێنێک هەر ئاو بووە لە ناو ئەو ئاوانەدا سەرەتای بون و ژیان دەستی پێ کردوە خواوەندەکان لە ناو ئاوەکانەوە سەریان هەڵداو بەدیار کەوتن و خوداکانی تریان خولقاند . پەرستگای مەزنیان دروست کرد .

دەرکەوتە سروشتیەکانی وەک خۆرو ڕوبارو زەوی و چاندن کە لە کردەی کشتوکاڵی دا کاریگەر بوون لەو خواوەندانە بوون کە لە تەواوی میسردا ستایش دەکران . ئوزریس ( ozirisدەرکەوتی ڕوبار نیل ( horusخودای خۆرەتاو ئیزیس ( isisخواوەندی زەوی پەرستنی ئۆزیس و ئەفسانەی ممفیت بەگشتی لە لیبی یەوە بۆ میسر گوازرایەوەو نفوزی پەیدا کرد و لە ئەفسانە کانی میسردا جێی خۆی کردەوە . بە جۆرێک کە پلۆ کارک ( plucarchمێژوو نوسی یونانی لە سەرداستانە کۆنەکانی میسر دەنوسێت لە هاوسەر گیری گب( gebخودای زەوی لەگەڵ ( nath خواوەندی ئاسمان ئوزریس هاتە دنیا ئوزریس کاتێک گەیشتە تەمەنێکی گەنجی لەگەڵ خوشکی خۆی ئیزیس هاوسەر گیری کرد ڕۆژگارێک ئەم ژن و مێردە لە میسر دەژیان تا بونە خاوەنی منالێک بە

ناوی هۆرۆس (ست ( setخودای تاریکی و وشکه ساڵی لێرەیی بە براکەی خۆی ئوزیریس بردو پاش فرت وفێڵێکی زۆر ئەوی دەستگیر کردوو کوشتی جەستەکەی خستە ناو تابوتێکەوەو لە ڕێگەی ڕوباری نیلەوە خستیە ناو دەریا هاوسەرکەی ئەو ئیزیس پاش ئەو هەموو نارەحەتیە تابوت و جەستەکەی لە دەریا دۆزیەوەو بۆ میسری هێنایەوە و بە نهێنی لە جێگایەکی نادیار شاردیەوە . ست ئەو شوێنە شاراوەیە دۆزیەوەو جەستەکەی دەرهێناو کردی بە چوارده بەشەوە هەر بەشێکی لە ناوچەیەکی میسر ناشت . لەو کاتەوە ئەو چوارده ئەیالەتە پڕبون لە بەرکەت و خێرو هەر بەشێک لە جەستەی ئوزیرس بوتە جێگای باوەڕو خێر . هوروس کوڕی ئوزیرس لە ڕۆخی نیلدا خولی پەروەردەی وەر وەرگرت و بەهێز و گەورە بوو بوە خاوەن ماڵ و لە جەنگێکی درێژخایەندا کە لەگەڵ مامی خۆی ئەنجامی داو دەستگیری کردوو خستیە بەرپی دایکی . بەڵام ئیزیس ئەوی بەخشی و بە یاری تات ( ( thothخودای حیکمەت و عەقڵ کە بە شێوەی وراوە دەچێتە جەستەی مرۆڤەوە ئوزیریسی دوبارە زیندو کردەوە . بەڵام ئوزیریس ئیتر لە سەر زەوی نەماو خواوەندی سەرزەمینی بەخشیە کورەکەی هوروس و خۆی بۆ ژێرزەوی ڕوشت و چوە دنیای مردوکان و لە وێدا بۆ هەمیشە دەسەڵات دارێتی دەکات . لەوێدا کە هۆرس ناوی خودای پاشاکانی میسی سفلی و ست ناوی خودای پادشاکانی علیا بو ئەفسانەی ممفیت لە ڕاستیدا نمایشکەری جاوازیەکانی میسری سلفی و میسری علیا ست مە بە دو جۆر بە دەست بەسردا گرتنی باکور بە سەر باشوردا ست گۆڕا بە ئوزیریس و هاوکات لە هێرشەکانی دواتر هوروس و ڕێکخستنی میسر علیا بۆ مسیری سفلی گفتو گۆکان کۆتایان هات .

هۆروس کوڕی ئۆزیریس ماوەی سێ هەزار ساڵ بە ناوی جۆراو جۆرەوە لە سەرانسەری میسر پەرستراوەو ئەم حواوەندە مای گەرمی زەوی و گەشەکردن و هۆی سەوز بونی گژو گیادەزانرا لە هەر کاتژمێرێکی ڕۆژدا ئەویان بە ناوێکی تایبەت ناو دەنا . وەکو ر.ع ( ( reaخودای نیورۆژ لەگەڵ تەواوی مەزنی و پرشنگی خۆر نمایش دەکرا خێرس ( ( khepresخۆری بەیانیان لە بەلەمێکدا دانیشتوەو تیشکی بۆ ئاسمان دەنێرێت . والوم . خۆری ئێواران و بەیانیان بە بەلەمەکەی ڕۆژانە بەرەو خۆرئاوا بوون دەڕۆشت .

کاتێک تبس ( ( thebesبوە شاری ناوەندی سێ دەرگا خواوەندی خۆر لەم شارەدا بە ناوی ئامون ( ( amonناونرا بەو ناوەی کە لە بەشێک لە شارەکان گۆڕای بەسەردا هات و تێکەڵیان کرد و ئامون – رع یان لێ پێک هێنا . پەرستگەی ئامۆن لە شاری کرناک لە پەرستگە باڵاو پیرۆزکراوەکانی میسر بوو خواوەندی مرگ ( ( mutلەگەڵ سرکرکس هاوسەرگیری کرد و لەوانیش خودای مانگ یان خونسو ( ( khunsuلەدایک بوو . فیرعەونەکانی میسر خۆیان بە نەوەی هوروس دەزانی و هێزی خۆیان وەک هێزی خۆر دەناساند . هاوسەری فیرعەون کاهنە ی پەرستگەی ئامون بوو منداڵەکانیشیان وەک نەوەی خۆر .

یەکێکی تر لە و ئاژەڵانەی کە دەپەرسترا لە لایەن جوتیارەکانی میسرە وە حوشتر بوو ( ( scarab ئەم ئاژەڵە لە سۆنگەی خێرایی و چالاکی هەمیشە سەر مەشقی جوتیارە میسرسەکان بوو بۆ ئەم ئاژەڵە ڕێز و حورمەت دادەنراو بە جۆرێک لە جۆرەکان پیرۆز کرابوو هەتا وینەی ئەو ئاژەڵەیان لە مل دەکردیان لە ناو موستیلە دایان دەناو لە دەستیان دەکرد .

کاتێک کە ممفیس لە میسر سفلی دەسەڵاتی هەبوو خودایەکی تر بەناوی پتاح دەپەرستراو ئەویان بە خواوەندی خواوەندەکان و خولقێنەری جیهان ناوزەد دەکرد بە باوەڕی میسریەکان ( پتاح ) خواوەندێک بوو لە ئەزەلەوە بونی هەبووەو بە قسەی خۆی هەمشتێکی خەلق کردوە هەرچی ئەو بە زمانیدا بێت لە ساتێکدا دروست دەبێت . پتاح ئادەمی لە گڵ دروستکردوە .

ئەم خواوەندە لە کفنێکی وەکو کفنی جەستەی مرۆڤ مۆمیایی کراوە . تا پیشانی بدەن کە پتاح لە سەردەمانێکی زۆر کۆنەوە و پێش خواوەندەکانی تر بونی هەبووە . کونومو ( knummu ) یان پەیکەرەی خودای گشت بە جەستەی مرۆڤ و بە سەر دەیان کردە ئاژەڵ .

ئانوبیس ( Anubis ) خودای ژێر زەوی و دنیای مردوەکان کورێکی سەرقاڵی هەبوو . خواوەندی ئاسمان نوت ( nut ) پەیکەرەکەی بە شێوەی گا وەستاوەو چاوێکیان خۆر و ئەویتریشیان مانگ بوو .

گب ( geb ) خواوەندی زەوی پەیکەرەکەی لە شێوەی پیاوێکدا بوو کە لە سەر ئەژنۆ پاڵ کەوتبوو لە پشتی ئەوەوە گژو گیاو خوری و بەن دەردەردەکەوت .

بونی ئەم خودایانە رێگر نەبوو کە خوداکان بینە هۆی دەست نەکەوتنی قازانج لە وڵاتانی دەرو دراوسێ . هەر وەک ئانا هیتای ئێرانیەکان بەناوی ئانای تیس ( anaitis ) و ئیشتری بابلیەکان بە ناوی عشتار .. لە میسریش دەپەرستران . جگە لەم خواوەندانە فیرعەون خودای زیندوی میسریەکان بوو ئەو نەوەی خواوەندی خواکان بوو خۆی بە کوری هۆروس دەزانی و بۆ سەلماندنی خواوەندیەتی فیرعەون لەو وێنانەی کە کێشرابوون فیرعەون بە هەیکەلێکی زۆر گەورەتر لە هەیکەلی ئەوانی تر وێنە دەکێشرا .

بۆ هەریەکێک لەم خواوەندانە لە هەر شارێک پەرستگەیەک بینا کرابوو . ئەنجامی ڕەوشی ئایینی و پرۆسەی بەجێ گەیاندنی پەرستن و قوربانی لە دەستی کاهینەکان و بەوان سپێردرابوو . باوەڕبونی قوڵی میسریەکان بە ڕۆحەکان و تەوتەم پەرستی هۆی هاتنە بون و بایەخی تەواوی سێحرو جادو تەلیسم لەم ناوچەیەدا بوو و کاهینەکان جگە لە وەزیفە کانی ئاینی بە نوسینی پارانەوە نزای تایبەت و دەست بەرزکردنەویان بۆ خەڵکی ئەنجام دەدا و هاوکات ڕۆحە بیسەکانیشیان لە جەستە دەردەکردو سەرگەرم بون لەو بارەیەوە .

یەکەمەین روناکی ، یەکتا پەرستی خودای نادیار

لە سەدەی 14ی پ-ز فیرعەونێک بە ناوی ئامن هوتێپ 1366-1349 ( amenhoteplv )ی پێش زاین چوە سەر تەختی پاشایەتی ئەم پیاوە نوێگەری لە جیهانی ئایینی دا دەست پێ کرد .ئەو فیکری پەرستنی یەکتاپەرستی خودایەکی نادیاری لە میسردا پەیڕەو کردو بنچینەی خۆری وەک سیمبولی خوای نادیار قبوڵ کرد خوای نادیار بە ناوی ئاتون ( aton) ناوناو ناوی خۆیشی بە ئاخن ئاتون ( Akhenaton ) متمانە پێکراوی ئاتون ) گۆڕی . پەرستگەیەکی نوێی بۆ پەرستنی ئاتون دروست کردو نۆرم و سرودو پارانەوەی زۆری بۆ پەرستنی خودای تاک رێک خست. لە پەرستگای ئاتون هیچ جۆرە پەیکەرێک یان میحرابێک بۆ ئەنجام دانی پێشکەش کردنی قوربانی بونی نەبوو . فیرعەون پەرستنی ئامون و خوداکانی تری میسر و هەروەها تەواوی مەراسیمەکانی قوربانی کردنی قەدەغە کرد . ئەم یەکەمین روناکیە ، یەکتا پەرستی زۆری نەخایاند و فیرعەون لە گەنجیەتیدا گیانی لە دەستدا . دوای مردنی فیرعەون رەوشی ئایینی دووبارە کەوتەوە دەست کاهینەکۆنەکان و خواوەندە کانی پێشویان بۆ پەرستگاکان گێڕایەوە . (1 ) تا ئەو کاتەی ڕۆمەکان هێرشیان کرد سەرقاڵی ئەنجامدانی بەجێ گەیاندنی نەریتە ئاینیەکانیان بون . تێئودوسیوس ( 345-395) ( Theodosius )پێش زایین قەیسەری ڕۆم پەرستگە ئاینیەکانی میسری داخست و ئاینی مەسیحی لە جێگای خواوەندە جیاجیاکانی میسر دانا .

---

1-له سەر بنەمای ئەو تۆمارانەی کە لە سینۆهە پزیشکی تایبەتی فیرعەون بە جێماوە . بە هاندانی کاهنی گەورەی ئامون ، لە ئەنجامی داخستنی پەرستگەکە هێزی خۆی لە دەست دابوو ، سینۆهەش فیرعەونی ژەهر خوارد کردووە کوشتی .

## دنیای پاش مەرگ

یەکێک لە باوەڕەکانی میسریەکان  کە زۆر بە هەند وەریان گرتبوو سوربون لە سەری باوەڕبون بوو بە ژیان لە پاش مەرگ هەرتاکێکی میسری  لە سەردەمی ژیانی خۆیدا بیری لە ژیانی پاش مردنی دەکردەوە و گۆڕێکی گونجاوی لە ئاست پێگەی کۆمەڵایەتی خۆی و پێداویست یەکانی بۆ دەست پێ کردنەوەی ژیانی لەو دنیا ئامادە دەکرد . میسریەکان لەو باوەڕەدابوون کە جەستەی مرۆڤ  لە دوو فاکتەری ڕۆح و جەستە پێک هاتوە بەڵام فاکتەری دووەم یانی جەستە لە زەویدا دەمێنێتەوە . لە کۆتایی ساتەکانی تەمەندا با ٘ندەیەک بە ناوی  بە (  baبە نهێنی لە مرۆڤدا لە ناو جەستە دێتە دەرەوە و دەفرێت .

پاش مەرگ  بەو پەیوەندیو هاوسۆزیەی کە لە نێوان ڕۆح و جەستەدا بەدرێژایی ژیان بەرجەستە بووە ڕۆح دووبارە بەرەو  جەستە دەگەڕێتەوە ئەگەر جەستە توشی خراپ بون و کەمایەتی نەبوبێت ڕۆح ئارام ناگرێت پێویستە بە ڕێگایەک  پارێزگاری لە جەستە بکرێت کە ڕۆح گەڕایەوە سەرگەردان نەبێت و جێگایەکی بۆ ژیان هەبێت  هەمان باوەڕ بوو کە بوە هۆی سەرهەڵدان و بیرکردنەوە لە شتێک کە جەستە بپارێزێت ، ئەویش مۆمیایی کردنی جەستە بوو  . تا ئەو ئەندازەیە کە جەستەی مۆمیا کراو لە گۆڕستانە کانی میسردا کە لە ئەنجامی پشکنینی شوێنەوار ناسانەوە دەستکەوتوە . بە شێوەیەکی سەر سوڕهێنەر تا ئێستەش وەک خۆیان ماونەتەوە . لە کاتێکدا تاکێکی میسری  لە ئاگردا دەسوتا یان لە ناو دەچوو یان لە دەریادا نقوم دەبوو  . پەیکەرێک یان شێوەیەک لەویان وێنە دەگرت و وەک جێنشینی ئەو دایان دەنا . بەشی پێویست خواردن و خواردنەوەیان لە ناو گۆڕەکە دادەنا ئەو جگە لەوەش کە ڕۆژانە لە سەرەی گۆڕەکەوە یان کونێکیان لە گۆڕەکەدا دەهێلایەوە تا سیموغی ڕۆح بە ئاسانی بتوانێت بۆ ناو جەستەکە بگەڕێتەوە . و بە سود وەرگرتن لەو خواردن و خواردنەوەیە کە لە ناو گۆڕەکەدا هەبوو  درێژە بەژیانی خۆی بدات  . لە تەنیشت جەستەکەوە پەیکەرێکی بچوک یان دادەنا تا (  kaڕۆحێکی تر کە بنەمای هێزی مێشکی مردوەکەو سەرچاوەی جوڵەو بیرکردنەوەی ئەو بوو  پاش مەرگی بچێتە ناو پەیکەرەکەوەو بەسەرهات و یادگاری تەمەنی مردوەکە لە سەر دیوارو ناو گۆڕەکە وێنەکرابوو ببینێت . بۆ ئاسایشی ئەو پەیکەرە هاوکات کورسی و مێز و تەور و کەرەسەکانی ژیانیان بۆ دابین دەکرد  ئەگەر مردوەکە لە بنەماڵەیەکی ناسراو بوایە  . هەندێک زێرو زیویشیان لەگەڵ جەستەی مردوەکە دەنێژا . بۆ ئەوەی کە مردوەکە بتوانێت لە دەریای خۆرهەلات بپەڕێتەوە بە کەشتی و بگاتە لای خوای خۆرەتاو بەلەمێکیان بە تواوی پێداویستیەکانەوە دەخستە ناو گۆڕەکەیەوە . یەکێکی تر لەو شتانەی کە لە گەڵ جەستەی مردوەکاندا دەیان ناشت  کتێبی مردوەکان بوو  ئەو کتێبە  هەموو ئەفسون و دوعاوبوو کە پەیکەرەکانی خزمەتکارانی مردوەکە بە خوێندنەوەیان خاوەنەکەی خۆیان بۆ ژیانی ئاسایی دەگەڕاندەوە . پیاوی مردوو  بە خوێندنەوەی بەشێک لەو کتێبە ئەی توانی لە بەرگرە جیاجیاکان و ئیبلیس کە لە سەرانسەری ڕێگای خۆیدا بۆ بەهەشتی ئەزیریس لەگەڵیان ڕوبەڕودەبویەوە تێپەڕێت چەند بەشێک لەو کتێبە لە سەرکفنی مردوەکە یان دیواری گۆڕەکە دەنوسرایەوە .

میسریەکان باوەڕیان وابوو کە ڕۆح پاش دەرچوونی لە جەستە لە چینە کانی ژێرەوەی زەوی لە خزمەتی ئیزیریس دا کە دانیشتوە و چل خوای تر ئامادە دەبن ئەو دادگایی دەکەن  . کارو کردەوەی باش و خراپی مردوەکە لە لایەن ئانوبیس ( Anubisخواوەندێکی سەرقاڵە هەڵدەسەنگێنرێت .ڕۆحی مردوەکە بە شێوەیەکی گشتی بەرگری لە خۆی دەکات و ئینکاری لە کردەوە خراپەکانی دەکات . ئەو کاتە دڵ و

جگەری دەردەهێنن و لە ترازو یەکدا دای دەنێن ئیتر سیمورغی ڕۆحی دەکوژن . ئەگەر دڵ و جەرگی بە هۆی باشی کردەوەکانی کە مردوەکە لە سەردەمی ژیانیدا ئەنجامی داوە زۆربێت ئەوا خودای تات (thoth) بە شێوەی نوسەر کردەوەکانی دەنوسێت و بۆ ئیزیریس دەیکاتە ڕاپۆرتێک و مۆڵەت بە ڕۆحی دەدەن بچێتە سەر زەوی ئیزیریس . ئیتر ئەو دەتوانێت بە خۆشی و شادومانی لە سایەی دارو درەختی بەرز و لەگەڵ هاوسەرو هاوڕێکانی ژیان بگوزەرێنێت و خزمەتکاری جۆراو جۆر پێشوازی لێ دەکەن و زەوی نایاب بە گای شاخ درێژ دەکێڵن و سنبولی ئاڵتونی و بەرز دەچێنن و پاش هەزار ساڵ دوبارە بۆ سەر زەوی دەگەڕێتەوە و ئەگەر جەستەکەی هێشتان پاک و بێ عەیب بوو دەچێتەوە ناوی . ئەگەر کردەوەکانی مردوەکە زیاتر بێت لە پەڕی وشترمورغێک ئەوا لە دۆزەخ بە هەزاران جۆر ئەشکەنجە دەدرێت و تا ڕۆحی مردوەکە پاک بکرێتەوە وە ئەگەر کردەوەکانی زۆر خراپ بوبن عیفرتێک بە شێوەی تیمساح ئەو ئەجوێت و قوتی دەدات بەڵام ڕۆحی دەسەڵات داران و خاوەن پایەکان بە هۆی خواوەندی نات (nath) دەچنە سەر زەوی ئەستێرەکان و خزمەتکاریان دەبێت و لە وێدا لە پەنهانی و فەنادا پارێزراو دەبن .

بەرایی سێیەم :

## خوداکانی یونانی

هەڵکەوتی جوگرافی یونان پێک هاتوە لە شێوەی دورگەو ، دورگەی جۆراو جۆرو شاخ و کێو کە لە باکوری خۆرهەڵاتی ئەوروپا لە دەریای مدیترانە دەست پێدەکات . کاتێک کە هێرشی هۆزە جیاجیا کانی ئاریایی بەرەو ئەوروپا دەستی پێ کرد چەند قەبیلەیەکی ئاریایی بە ناوەکانی ئیونی دوریان و ئاشین لە سەرە خۆ لە ڕوباری دانوب کردیانە ئەوبەرو چونە خاکی یونانەوە دانیشتوانی ئەسڵی دورگە ی هلادیک بەرەو دەریای جنوبی ڕاونا چونکە قەبیلە ئیونی یەکەمین قەبیلەیەک بون کە چونە ناو خاکی یونانەوە لە نێوان هەموو هۆزو قەبیلەکانی خۆرهەڵاتدا یونان بەتەواوەتی وەک دورگە ناسێنرابوو یونانیەکان نیشتیمانی خۆیان هلاس و دانیشتوانی ئەو خاکە هلنز قسەیان دەکرد ، و خۆرئاوایەکان ناوی یەکێکی ترلە قەبیلەکانی ئاریاییان گریسیاکە هێرشی بۆ سەر خاکی یونان ئەنجام دابوو بۆناو نانی ئەو خاکە هەڵبژێررابوون دانیشتوانی شارەکانی ئاتن و ئیسپارت بوبونە پاشکۆی ئیونی یەکان و دوریانەکان لە سەدەی شەشەمی پێش زاین و ئیونی یەکان لە ئانت شارستانیەتیەکی درەو شاوەیان بەرقەراکرد و لە دنیای فەلسەفە و هونەر ئەفراندنی سەرسوڕهێنەریان لە دوای خۆیان بە جێ هیلا .

خێڵە سەرەتاییەکانی ئاریاییی لە یونان لە سەر بنەمای باوەڕی ئایینی کۆنی خۆیان هەمان ئەو خودایانەی کە لە کتێبی ( ڕدا ) کە خۆیان ناویان نابوو دەپەرست لە سەر سەری ئەم خواوەندانەدا دیوس پیتار ( dyuspitar ) بو کە لە ناوچە نوێکان بە هەندێک گۆڕان کاری لە گوتندا بە زئوس پاتر ( zeuspater ) ناوەکەی گۆڕا .

لە پائینتون خواوەندەکانی یونان جگە لە خواوەندەکانی ئاریایی خواوەندی تر کە هاوکات بوو لە گەڵ خێڵەکانی دواتریش بەرەو یونان کۆچیان کرد و لەگەڵ ئەو خواوەنداەی کەلە خۆرهەڵاتی یونان و ئاسیای بچوک دەپەرستران تێکەلاو بوون . دورگە شاخاویەکانی یونان بۆ ژیان جێگایەکی شیاو نیە تەنها یەک لە دەی بۆ کشتوکاڵ دەشێت . دەریایە کە ڕەونەق بە ژیان دەبەخشێت یونانیەکان لە ڕێگەی دەریاوە دەستیان دایە بازرگانی کردن ئەستێرەکانی ئاسمان تەنیا ڕێپیشانەری مەلەوانە سەرگەردانەکانی یونانی بون لە کۆچکردنی درێژخایەن . بەم جۆرە ئەستێرەکان لە ڕ ێپیشاندەریەوە

بونە خوداوەند مەریخ ( mars ) عەتارد ( mercury ) یان هرمس ، کیوان ( kronos ) و زهرە ( venus ) سیفاتی مرۆیان لە خۆ گرت و لە سەر شاخی مەلب بەرانبەر بە شارەکانی یونان جێگیر بوون ئەم خواوەندانە بە هەر شێوەو شکڵێک کە بیان ویستایە دەردەکەوتن . مرۆڤەکان یان دەپارانەوە یان قوربانی و ڕژاندنی شەرابیان پێشکەش دەکردن خواوەندەکانیان دەپەرست ، بە باوەڕی یونانیەکان مرۆڤ ڕاستەو خۆ و یان لە ڕێگەی دیالۆگەوە لەگەڵ هاوڕێکانی کە خواوەندەکان لە شێوەی ئەواندا خۆیان نمایش دەکرد یان لە ڕێگەی ڕوئیاو خەونەوە لەگەڵ خواوەندەکان هیوەندیان دەگرت و دەبونە جێبەجێکاری فەرمانەکانیان . ئەوانەی خەونیان لێک دەدایەوە یان ئەو کەسانەی کەلە هونەری دیالۆگدا هاوشێوەی خواوەندەکان توانایان هەبوو ڕای گشتی خواوەندەکانیان بۆ یونانیەکان تەفسیرو لێکدەدایەوە . هەورە بروسکەو چەخماخە دیاردە ئاسمانیەکان بە هێما شومەکان ئەژمار دەکران . دودنا ( Dodona ) و درەختی مەزنی بەڕو و شتە پیرۆزەکان بون و یونانیەکان بۆ بیستنی دەنگی خواوەندەکان بۆ سەردانی کردن دەرۆشتنە لایان لە هەزارەی یەکەمی پێش زایین دوشاعیری مەزنی یونانی بە ناوەکانی هومر ( homer ) و هزیود ( Hesiod ) شێعری هەست بزیونیان لە هەمبەر وەسفی خوداکان و کردەوەکانیان هۆنیەوە . ( 1 ) شێعرەکانی ئەم دوو شاعیرە بە شێوەی کتێبێکی ئاینی و باکگراوندێکی ئایینی یونان دانرا .

ئەو خودایانەی کە لە ڕاستیدا هەریەکەیان پێک هاتبون لە دیار دەیەکی سروشتی بە شێوەی مرۆڤ خۆیان پیشاندا و خاوەنی سیفاتی ئەزەلیەت و ئەبەدیەت بوون خواوەندەکان لە سەر ژیانی مرۆڤەکان دەسەڵاتی تەواویان هەبوو ئەیان توانی مرۆڤەکان بەختەوەر بکەن و بیانیرن بۆ باخی بەهەشت .

---

1- کتێبی هزبود بە ناوی کارەکان و ڕۆژەکان ( woeks and days ) زیاتر دەربارەی زانیای کشتوکاڵی و ئەو جۆرەکارانیە کە هەموو ڕۆژێک ئەنجام بدرێت ، و دەربارەی مەراسیمی خێزانی ، یان تەفسیری فاڵگەریانەی لە دەروبەری ڕۆژەکانی مانگ .هززبود لە دەرئەنجامدا پێی وایە بەختەوەر ئەو کەسەیە کە زانیاری تەواوی لە م بوارانەدا هیە ، بە بیچ ئەوەی کە جێگای بچوکترین سەرنج بێت ، بەڕەو ئەبەدیەت بەڕێوەیە ، گوێ لە دەنگی باڵندەکان بگرێت ، لە کارە خراپەکان خۆی بەدور بگرێت . ڕێگای بەختەوەری لە ئەنجامی وەزیفەئاایینی یەکانەوە و دورکەوتنەوە لە تاوان و گوناح دەبێت .

خواوەندە کانی یونان بە هیچ جۆرێک ترسێنەر و ترسناک نەبوون یونانیەکان زنوس یان بە شێوەی باوک پەیکەریان بۆ دەکرد کە لە سەر لوتکەی کێوی ئەلمەپ دانیشتوەو تەواوی کاتی خۆی بۆ ئاسایش و ئارامی خەڵک دابین کردوەو کۆشش دەکات کە بتوانێت ئازاری ژیانی خەلک کەم بکاتەوە . سەردەمی بایەخداری ئەفسانە یونانیەکان هاوکات بوو لەگەڵ گەشەی هونەری بیناسازی و پەیکەر سازی لە یوناندا و هونەر مەندان جوانترین روخساریان بۆ خواوەندەکان دادەنا لە ئەکروپول ( acropolis ) لە پێشانگایەکدا نمایشیان دەکردن . ئەم پەیکەرە ناوازانە بنچینەی باوەڕو ئیمانی ئاینی یونانیەکان بوو .

شیعرەکانی هومر و هزیود لە تواوی یونان بڵاوبوبویەوە لە سەر زمانی هەموکەسێکدابوو کاریگریەکی گەورەی لە سەر خولقاندنی یەکێتی مللی و پەروەردەی گەنجەکان هەبوو . گەنجەکان لە بۆنەو ئاهەنگ و کۆڕو کۆبونەوەکانی ڕۆژانەدا شیعرەکانی هومر و هزیودیان بە شێوەی سرودی ئایینی بە ئاوازەوە

دەوتەوە و بە شێوەی کۆرس و دوانزە خودای نێرومیان لە شێوەی پەیکەر دروست دەکردوو کە یەکێک لەوانە بوفرازی کێوی ئەلمپ بوو کە لە و شاخەوە دنیای بەڕێوە دەبرد .

خواوەندەکانی کێوی ئەلپ بریتی بون لە :

زنوس zeus خودای خواوەندەکان

پوزیدن Poseidon خواوەندی دەریا

هیفائیستوس hephaestos خواوەندی پیشە سازی و ئاگر

هرمس hermes خواوەندی بازرگانی و کۆچکردن

ئارس ares خواوەندی جەنگ

ئاپۆلۆن appolon خواوەندی مۆسیقاو هونەر

دیون dione ژزنی زئوس و خواوەندی پارارێزەری ژنان

ئاتنا Athena خواوەندی هزرو بیر

ئارتمیس artemis خواوەندی ڕاوو شکار

هستیا Hestia خواوندی ناوندی خێزان

ئافرودیت aphrodit خواوەندی جوانی

دمتر Demeter خواوەندی کشتوکال و بەروبوم

زنوس ( ( zenus

خوای خواوەندەکان که لە ڕۆمدا بە ( ژوپیستر ) ناوزەد کرابوو ، لە سەرەتادا خواوەندی ڕوناکی و ئاسمان بوو ، بەڵام هێدی هێدی بوە مەزنترین خودا و خاوەنی خولقێنەری جیهان کە دەی توانی هەموو شت ببینێت و هەمووشت بزانێت و هیچ شتێک لەو شاراوە نەبوو ئاگای لە هەموو شت بوو . ئەندامی بە تواناو نورانی و شکۆمەند و دوپرچی پەرێشانی هەبوو هەمیشە دار عاسایەکی سێ شاخەو بەرزی بە دەستەوە بوو وەک هێمای خواوەندی .

زئوس لە سەرەتای دروستبونەوە خواوەندی خواوەندەکان نەبوو بەڵکو ئۆرانۆس ( Uranus ( خواوەندی مەزن و یەکەمین فەرمان ڕەوای جیهان و مێردی گشا ( gaea(خواوەندی زەوی بوو . خواوەندی خواوەندەکان بوو لە ئۆرانوس تیتان ها ( titans(و سیکلب ( Cyclopes(و ئەو خواوەندەکانی تر هاتنە بوون ئورانوس منالەکانی خۆی کە لە دایک دەبوون لە سەر زەوی دەیشاردنەوە گشا منالەکانی خۆی بۆ شۆڕش دژی باوکیان هاندەدا . بەڵام هیچ یەکێکیان جورئەتی هێرش بردنیان نەبو بۆ ئۆرانۆسی باوکیان تا ئەو کاتەی کە کرنوس ( cronus(جوانترین کوڕی ئۆرانوس لە دایک بوو هاتە دنیا گشا ئەوی ئامادە کرد بۆ لە ناو بردنی باوکی کرنوس لە بۆسەیەکدا بە نا ئاگایی هێرشی کردە سەر باوکی و قاچەکانی بریەوە لە جەستەی ئۆرانوس خواوەندەکانی تۆڵە و برین ( ( erinyes(هەڵفرین و بەرەو ئاسمان ڕۆشتن لەو کاتە بە دواوە ئاسمان لەزەوی جیابویەوە .

کرنوس دوای باوکی بوە فەرمان ڕەوای جیهان و لەگەڵ خوشکی را (( area(هاوسەر گیری کرد .

چونکە لە چارەی وانوسرابوو کە بەدەست یەکێک لە کورەکانی خۆی لە ناو بچێت . کورەکانی خۆی بە منداڵی هەڵ دەلوشی کاتێک زنوس لە دایک بوو ڕا بە ڕێنمایی دایکی گشا بەردێکی لە پارچە پەرۆیەکەوە پێچاو خستیە سەر ئەژنۆکانی کرنوس وەک ئەوەی کە کوری خۆیەتی تەختە بەردەکەی هەڵلوشی ، ڕا کورەکەی خۆی خستە نێو ئەشکەوتێکەوە و شاردیەوە و پەروەردەی دەکرد تا بە تەواوی بەهێزو گەورە ببێت . ڕۆژێک کە کرنوس هەنگوینێکی زۆری خواردبوو لە سەر گیاکان خەوتبوو زنوس بە نهێنی هێرشی بۆ کردوو دەستو قاچی بە زنجیر بەستەوە کرنوس کە خۆی بەو جۆرە شکسخواردویە بینی هەموو منالەکانی خۆی کە هەڵلوشی بوو هەمووی هەڵهێنجایەوە پاشان زئوس خستە ناو چاڵی بێبنی تاتار و کورەکانی ئەویش و گشایشی ئازاد کرد . بەڵام تیتانەکان لە پەرستنی ئەو پاشگەز بونەوەو جەنگ لە نێوان خواوەندەکان دروست بوو . زئوس بۆ هاوکاری براکانی تیتانەکانی لەناو بردوو بوە خواوەندی خواوەندەکان ئەگەرچی زئوس بچوکترین منالی کرنوس بوو بەڵام براگەورەکان و خوشکەکانی دەسەلاتداریەتی ئەویان قبوڵ کرد . تەنیا یەکێک لە تیتانەکان نەبێت کە ناوی پرمتە کە لە جەنگی نێوان خواوەندەکاندا بەشداری نەکرد و بیلایەن مابوەوە لە بەیعەتدان بە زئوس وەک خواوەندی مەزن دژایەتی کردوو و لە ڕێگای ترەوە کەوتە شوێن خواستەکانی خۆی تا تۆڵەی خۆی لە زئوس بکاتەوە . زئوسیش دەیزانی پرومتە لە لایەکەوە پەیوەندی توندی بە ژیانی خۆیەوە هەیە نەی دەتوانی پرومتە لە ناو ببات .

لە ئەفسانەی خواوەندەکانی یونانندا پرومتە خولقێنەرو بەدی هێنەری مرڤە . هەر ئەویش بوو بە هاوکاری دەریاو زەوی لەگڵ یەکەمین مرۆڤی بەو شێوە ناوازەیە دروستکرد . دواتر ئاتا کچی زئوس ڕۆحی کردە بەر ئەو گڵەو ئادەمی لێ دروست بوو . پرومتە چۆنیەتی کشتوکاڵ کردن و پیشە سازی و زانستی فێری ئادەم کرد ( 1) زئوس کە لە کارەکانی پرومتە زۆر نیگەران بوو بۆ ئاسودە کردنی دەرونی خۆی و هێوەربونەوەی تورەیەکەی ئاگری ژیانی نەمری لە دەرونی ئادەمدا دەرکرد و ئەوی بە شێوەی مرۆڤێکی کاتی و ون بوو دەستنیشان کرد .

---

1- کورتەی باسی بەشی یەکەمی ئەفسانەی خوداکانی یونان لە دواتردا لە زمانی ئەفلاتونەوە دەبیستین

چوونکە تورەبونەکەی زئوس لەوەندە زیاتر نەبوو بریاری وێران کردنی جۆری مرۆڤی دا بەم جۆرە بە نهێنی فەرمانی بە ڕووبارو دەریاکان کرد تا هەڵبسن و تەواوی سەرزەوی دابپۆشنو نوقمی بکەن .

بەڵام ئەم جارەش پرومتە ئاگادراو چاودێر بوو بەم جۆرە پێش هاتنی تۆفان بە کورەکەی خۆی ئوگالیۆن و ژنەکەی پیرا کە کچی برایەکی پرومتە بوو فەرمانی کرد تا کەشتیەکی گەورە و داخراو دروستبکات و بچنە ناو کەشتیەکەوە . نۆرۆژو نۆ شەو کەشتی مەزن بەڕێوەبوو تا ڕۆژی دەیەم توفانە کە ئارام بویەوەو کەشتی لە سەر لەتکەی شاخی پارناس وەستایەوە . لەوێدا ئوگالیون پێش هەرکارێک کە ئەنجامی بدات قوربانی پێشکەشی خواوەندی خواوەندەکان کرد . زئوس لە وەڵامی داواکاری ئوگالیون بەڵێنی دا کە جۆری مرۆڤ لە نابوتی نەجات بدات . (1)

زئوس له تەاوی یونان دەپەرسترا له هەندێک کاتدا  ناوی لوتکەی شاخیان به ناوی زئوس زیاد دەکرد وەک زئوس لیکراس . زئوس لافیتوس لەگەڵ زئوس ئولیسپوس ناودەبراو بەو جۆره وەزیفەو کاری نوێیان به کارو وەزیفەکانی پێشوی زیاد دەکرد  . بۆنموونه ئەو که ل سەرەتادا  خواوەندی بزورگ و باوکی ئاسمانی و خواوەندی بابو  هەنگاو هەنگاو و بوه پاریزەری شارەکان و دادوەر له بەرانبەر سکالای خەڵکدا  . به کائینێکی غەیب زان و رێنمایی کەری هەورەکان ناوزەرد کرا .له هەر شارێک پەیکەری هاوسەرێکیان بۆدروست کرد . بەڵام ژنی ئەسلیو هەمیشەیی ئەو هرا (  (heraبوو . هرا له سەرەتادا خواوەندی دانیشتوانی دورگەکان بوو هەر له دورگەکانیشدا نیشته جێبوبو هرا هاوکات لەگەڵ هەندێک له خوداکانی یونان بەرەو رۆم کۆچی کرد ناوی گۆرا بۆ جونو (          (junoو چووەرێزی خواوەندەکانی رۆمەوه .

زئوس که وەسفی جوانی هرا ی بیستبوو  رۆژێک چوو بۆ ئەو دوورگەیەی ئەوی لێنیشتەجێیه و عاشقی هرا بوو.

---

1-لەوێدا که ئەفسانەی تۆفانی سومەری ، له چەندین سەده لەوەو پێش له لایەن ئەفسانەی یونانیەکانەوه هۆنراوەتەوه ، ئەتوانین بڵێن که یونانیەکان ئەم داستانەیان له سەر بنەمای ئەفسانەی تۆفانی سۆمەری که له سەرانیەری خرهەلآت و ئاسیای بچوک بەناوبانگ بووه دایان رشتوەتەوه .

بۆ ئەوەی که نەبێته هۆی گرفت بەشێوەی کۆترێکی سپی له وەرزی زستاندا بۆلای هرا فری و وای پیشاندا که له بەر ئەوەی که زۆری سەرمایه ئاگای له هیچ نەماوه هرایش که کەوتبوه ژێر کاریگەری هەستێکی سەختەوه کۆترکەی توند به سەر سنگی خۆیەوه گوشی تا گەرم بیتەوه زئوس لەو کاتەیه یا وەک خۆی لیهاتەوه بەڵام تا ئەو کاتەی که بەڵێنی نەدا لەگەڵ هرا هاوسەر گیری بکات هرا روی خۆشی پیشان نەدا هرا چوار مندالّی به ناوەکانی هبه خواوەندی جوانی ، ئیلی تی خواوەندی زاوزێ ، ئارس خواوەندی جەنگ وهفائیستوس خواوەندی پیشه سازی و کورەی ئاگر بۆ لای زئوس هێنا  .

زئوس پێش هاوسەر گیری لەگەڵ هرا ژن و عاشقی زۆری هەبوو  دوای هاوسەر گیریش لەگەڵ هرا وازی له دڵداری نەهێنا یەکێک له عاشقه کانی زئوس خواوەندی پارێزەری زەوی بوو  مایا که عاشق و ئەویندارى زئوس بوو  له ترسی ئیرەیی هرا رۆشت بۆ ئاکادی و له لوتکەی کێوی سبلن نیشته جێبوو لەوێدا مەحرومانه لەگەڵ زئوس عاشقی دەکرد . بەرهەمی ئەو عیشقه منالێک بوو بەناوی هرمن که یەکێک بوو له دوانزه خواوەندەکەی کێوی المپ  .

پۆزئیدن ( ( Poseidon

ئەم خواوەنده له رۆمدا به ناوی نیتون (  (neptunusناوزەد کرابوو  .پۆزئیدن خواوەندی دەریاکان بوو بەڵام له کێوی ئەلمەپ نیشته جێ بوو  ئەو برای گەورەی زئوس بوو شێوەشی دەچوەوه سەر شێوەی زئوس له جەنگی زئوس و تیتانەکان دا هاوکاری زئوسی کردوو  پاش سەر کەوتنیان به سەر تیتانەکاندا زئوس و براکانی میراتی مەزنی کرنوس واته تەواوی جیهانیان له نێوان خۆیان دابەش کرد زئوس بووه خودای ئاسمان و مرۆڤەکان هادس (  (hadesبرایەکی تری زئوس خواوەندی ژێر زەوی و تاریکی بوو  پۆزئیدن خواوەندی دەریاکان و ئۆقیانوسەکان  بەڵام دووبرای تریان هەندیک ئەرکی

تریان لە ئەستۆ گرت .پۆزێدن هەر وەک براکەی خۆی عاشقی پیشەو جوڵە بوو کچە جوانەکان زۆر خۆشیان دەویست .

هفائیستوس ( ( hephaisstos

ئەم خواوەندە لە ڕۆمدا بە ناوی ( ولکان ) ( ( volcanusدەپەرسترا ، هفائیستوس لەو جواوەندە بەرجستانەی کێوی ئەلمپ بوو خواوەندی پیشەسازی و ئاگرو ئاسنگەری و کەرەسەی جەنگی بۆ شەڕوانەکان دابین دەکرد هەمیشە ئەم خواوەندە چەکوشێک بەدەستیەوە بوو و کڵاوێکی کە لە کڵاوی کرێکار دەچوو لە سەردا بوو . ( هفائیستوس ) بە پێچەوانەی خواوەندەکانی ترەوە کە جوان و ڕێک پۆش بوون ناشیرین و نارێک بوو هاو شێوەی چوار پێ هەر لە یەکەم ڕۆژی لە دایک بونیەوە بەو جۆرە بو . زئوس پاش لە دایک بوونی هفائیستوس لە ترسی ئەوەی کە نەبادا خواوەندەکانی تر گاڵتەی پێ بکەن قاچەکانی هفائیستوس ی گرتو ئەوی بەرەو ئاسمان ڕەوانە کرد . بەڵام کچی ئۆقیا نوس هفائیستوس لە دەریاکانەوە ڕزگاری کردوو خستیە ناو ئەشکەوتێکی گەورەوە . بەشێکی تری ململانێنی نێوان زئوس و هاوسەرەکەی هرا ئەوەبوو . هفائیستوس بۆ پشتیوانی دایکی لەو کێشە خێزانیەدا خۆی تێهەڵ قورتاند ئەنجام زئوس ئەو ندە بە توندی ڕەوانەی ئاسمانی کرد کە حەوت شەو ڕۆژ لە ئاسمان دەخولایەوە تا دوایی لە دەریاکانی لمنوس کەوتەخوارەوە . دوای ئەوە ئیتر هفائیستوس نەگەرایەوە بۆ کێوی ئەلمەپ لە کارگە ئاسنگەریەکەی خۆی سەرقاڵی پێشخستنی پیشەسازی بوو . ژنەکەی ئافرودیت خواوەندی عەشق و شەهوەت بوو . ئەم خواوەندە ناشیرینە لە ئەویندارییدا ئەوەندە شارەزابوو کە لەو بوارەدا جگە لە باوکی زئوس خواوەندێکی تر لەگەڵیدا پێوانە نەدەکرا .

هرمس ( ( hermesئەم خاوەندە لە ڕۆمدا بە مرکور ( ( mercureناوزەد کرابوو . هرمس یەکێک بوو لە خودا دێرینەکانی یونان و بوو لە بنچینەدا خواوەندی شەوان و حەس حەسی ماڵەکان بە تیپەڕینی کات بوە خواوەندی کۆچەران . هرمس کوڕی زئوس و ئەویندارى مایا بوو. کاری هرمس ڕێنمای کردنی مردوەکان بوو بۆ سەر زەوی هادس و منادی زئوس لە سەرزەمین لە ژێر زەویدا بوو . ئەوی بە شێوەی هێمایەکی بەردی ستونی و چوار گۆشە کە لە سەر پانانی هەندێک کات لە سەر پەیکەری هرمس دادەنرا . ئەویان پیشان دەدا کە کراسێکی قۆڵ کورتی درێژ لەگەڵ کڵاوێکی قەرا غ دار و جوتێ پێڵاوی باڵداری لە پێ بوو .

ئارس : ( ( ares

کوڕی قلدەر و جەنگ خوازی زئوس هەمیشە لە ئاژاوەنانەوەو مشتومڕبوو لە گەڵ خواوەندەکانی تردا . بەو بۆنەیەشەوە بوو کە هەمیشە لە لایەن باو کیەوە سەرزەنشت دەکرا . ئەم خواوەندە لە ڕۆمدا ناوی مارس ( ( marsبوو وە زۆر بە چاوی ڕێزەو سەیری دەکراو دەپەرسترا .

ئارس لە ژنی فەرمیی و یاسایی زئوس هرا لە دایک بوو بوو هەر زەبی و بێباکی ئەو لە ناو خواوەندەکاندا دەنگی دابوویەوە . ئەو بە پەنهانی لە گەڵ ئەفرودیتی ژنی براکەی هفائیستوس ئەویداری دەکرد . کاتێک هفائیتستوس بەم ڕوداوەی زانی هیچ خۆی تێک نەداو بە نهێنی تۆڕێکی زنجیری وەک مو باریک و قایم وەک پۆلا دروست کردوو بە ژنەکەی وت کە دەروات بۆ سەفەر ئەفرودیت کە لە فێڵی مێدەکەی بێ ئاگا بوو ئارسی ئاگادار کرد لە کاتێکدا کە هەردوکیان لە باوەشی یەکدا پاڵ کەوتبون هفائیستوس کە خۆی حەشار دابوو هاتە دەروەوەو تۆڕەکەی دا بە سەر هەردوکیانداو هەردوکیانی لە باوەشی یەکدا دیل کرد . لە ئەنجامی دەنگە دەنگو هاوار هاواری ئەم سیانە هەموو خواوەندەکان بۆ سەیری ئەو ڕوداوە هاتن هفائیستوس لە بەرانبەر بەڵێنی ئارس کە ئەو زەرەرە پڕبکاتەوە ئەوانی ئازاد کرد ئافرودیت بەرەو دوورگەی قوبرس ڕۆشت و لەوێ کچێکی بەناوی

هارمۆنیا  له ئارس هێنایه دنیا  و خۆی بوه پاشای تب و ئارسیش ڕێگای ئاسیای بچوکی گرتو ڕۆشت .

ئاپۆلۆن  ( ( appolon

ئەم خواوەندە لە ڕۆمدا هەر بەناوی خۆیەوە ناوبانگی هەبوو  . خواوەندی مۆسیقا و هونەر و یەکێک لە بەناوبانگترین  خواوەندەکانی یونان بوو . ئاپۆلۆن خواوەندی نور و خواوەندی پێشبینی و غەیب زانی بوو . بەڵام زیاتر لە بواری مۆسیقیدا بە ناو بانگ بوو کە بۆ کوڕان و کچان ئاوازی لێدەدا . ئاپۆلۆن  لایەنگری قارەمانەکان و وەرزشکاران و بوو  تیرو کەوانی زۆر بە هێزەوە ڕادە کێشا  .
ئاپۆلۆن توانی پیتون کە لە شاری دلفیەوە هاتبوو بکوژێت  و دواتر خۆی وەک پاشای دلفی ناوزەد بکات  . دواتر ئاپۆلۆنیان وەک خودای خۆر ناونا کە هەر سپێدەیەک  بە سواری گالیسکە زێرینەکەی خۆی تەواوی ئاسمان تا دەمەو خۆر ئاوا بوون دەگەراو لە خۆر ئاوا بوونیشەوە بە سواری کەشتی یە ئاڵتونیەکەی دەگەرایەوە بۆ جێگەکەی پێشوی تا سپێدەی ڕۆژی دواتر . هەمیشە کۆچەکانی بەردەوام بوو  ئەم خواوەندە لە تەواوی یوناندا بە تایبەتی لە دوورگەی رد (  ( Rhodesدەپەرسترا و پەیکەری ئەویان وەک خواوەندێکی جوان و پێکەوتە لە سەر گالیسکەیەکی چوار ئەسپی دروست دەکرد  .جەژنی ئەو ڕێکەوتبوو لەگەڵ دەستپێکی پێشبڕکێی وەرزشیدا .

ئاتنا (  ( Athenaخواوەندی هزرو بیر و یەکل لە خواداکانی پلە یەکی کێوی ئەلمەپ . ئەم خواوەندە لە ڕۆمدا بە ناوی مینروا (  (Minervaبە ناو بانگ بوو  .  خەڵکی یونان  بە تایبەت خەڵکی ئاتن ئەم خواوەندەیان زۆر دەپەرست  ئەو کچی زئوس بوو لە متبس خواوەندی هزر و هەمیشە زئوس لەو سۆنگەیەوە خستبویە ژێر ڕوناکی چونکە پرومتە بە زئوسی وتبوو کە ئەگەر لە متبس ببێتە خاوەنی منال ئەو منالە ئەوەندە هزرو بیری هەیە کە باوکی لە سەر تەختی خواوەندی بهێ ◌ِنێتە خواورەوە .
زئوس لە ترسی  متبس و ئەو منالەی کە لە سکیابوو  هەڵی لوشین  بەڵام  توشی سەرئێشەیەکی خراپ بوو  . هفائیستوس خواوەندی پیشەسازی هات بۆ هاوکاری کردنی باوکی و بە قەمەیەک سەری لە ت کردوو ئاتنا خوای جوانی هزرو بیری لە سەری زئوس دەرکرد . زئوس لە ڕۆژی یەکەمدا زیاتر گرنگی بەو مندالەی دا .ئاتنا لە ڕۆژەکانی سەرەتادا خواوەندی جەنگ بوو  لە ڕۆژی لە دایک بونیشیدا جلێکی پرشنگداری لە بەردابوو نێزەیەکی  نوک زێریشی دەستەوە بوو  . ئەم خواوەندە بە پێچەوانەی ئەفرودیت  لەگەڵ عەشق و ئەویدانریدا هیچ بەینی نەبوو  ئەو هونەری  بار هێنانی ئەسپ و دروست کردنی کەشتی فێری مرۆڤ کرد  . بەڵام هونەری سەرەکی ئەو پارچە چنین بوو . هاوکات هەر ئەویش بوو لە گڵ پرومتەی دروستکردبوو  ڕۆحی کرد بە بەر پەیکەری ئادەمداو ژیانی پێ بەخشی .

ئارتمیس  ( (arthemis

خواوەندێکی جوان و ڕێک پۆش و کە لە ڕۆمدا بە ناوی دیانا ( ( Dianaناوزەد کرابوو . یەکێک بوو لە مەزنترین خواوەندەکانی کێوی ئەلمەپ  کچی زئوس و خوشکی دوانەی ئاپۆلۆن بوو دایکیان لتۆ بوو . ئەم خواوەندە لە عەیشق بیزاربوو حەزی لە تیرهاوێژی و ڕاوو شکار بوو حەزی لە هیچی تر نەبوو . ئەم خواوەندە زیاتر لە خواوەندەکانی تر لە لایەن یونانیەکانەوە وێنەی کێشراوەو پەیکەری بۆ دروستکراوە  و زۆرترین شیعرو پەخشان و نوسینی لە بارەوە نوسراوە . لە وێنە کێشراوەکاندا ئەم خواوەندە  کراسێکی کورتی لە بەردایەو پرچەکانی ئەڵقە ئەڵقە تا لای مرو گەردنی شۆربوەتەوە .
پێڵاوەکانی لە پێستی مار دروستکراوە قاچ و قولی ڕوتە و دوای ئەوەش کەگەیشتە تەمەنی لاوی ناوچەی ئەرکادی کە لەو ناوچەیەدا مەودای ڕاوکردن فراوان بوو بۆ شوێنی نیشتە جێبونی خۆی هەڵبژارد .

هستیا ( ) Hestia

خواوەندی ئاگر و خێزان لە رۆمدا بە ناوی ڤیستا ( vesta)دەپەرسترا ئەم خواوەندە وەک ئانتاو ئارتمس جدی و داوێن پاک بوو و دوربوو لە ئەویندارى . پەرستگەکەی ئەو جێگایەک بوو کە تیایدا هەمیشە ئاگر بوونی هەبوو هەرکاتێک یەکێک لە تاکەکانی کۆمەڵگە هاوسەر گیری دەکرد . بەشێک لەو ئاگرەی پێ دەبەخشی تا بۆ پێک هێنانی خێزانێکی نوێ روناکی هەبێت . لیکۆڵەرەوەکان لەو باوەرەدان کە خواوەند هستیا روگە (قبیلە )ی ئەو دیو سروشتی بە دیاری لە گەڵ خۆیدا بۆ یونان بردوە و ئەو خواوەندە بەرهەمی خەیاڵی شاعیرانی یونانی نیە . و دەربارەی ئەو هیچ ئەفسانەیەک بوونی نیە لە ئەفسانەکانی یونان‌دا هستیا منالی کرنوس بە واتای هێزی سەرەتای لە دایک بوونی زئوس دەزانن . لەم روانگەیەوە ئەم خواوەندە یەکەمین خواوەندی کێوی ئەلمەپ بوە . هەموو خواوەندەکان هەتا زئوسیش رێزی لەم خواوەندە گرتوە ئەو هیچ کات لە گرفتەکانی نێوان خواوەندەکاندا بەشداری و لایەنگری نەکردووە و سوێندی خواوردوە هەمیشە بە کچی بمێنێتەوە و دوربێت لە پەیوەندی عاشقانە .

ئافرودیت ( ) Aphrodite

خواوەندی عەشق و شەهوەت لە رۆمدا بە ناوی ڤینۆس ( venus)پەرستراوە . هاوشێوەی ( ئیشتری ) سۆمەریەکانە . لە کۆتایدا جوانی و سۆز بە بێ لە بەرچاو گرتنی داوێنپاکی . ئافرودیت کچی زئوس لە یەکەم ژنی دیون ( dione)بوو . ئافرودیت هەمیشە بە شێوەی ژنێکی جوان و زۆر نازدار و ئەندامی سێکسیانە خۆی پیشان دەدا . زئوس چونکە باوەرێ وا بوو کە مێردی ناشیرین باشتر نرخی ژنی جوانی خۆی دەزانێت ئەوی لە هفائیستوس مارەکرد . بەڵام ئەفرودیت لەگەڵ ئەو مێردەی وەفادار نەبوو لەگەڵ ئارس برای مێردەکەی خۆشەویستی دەکرد .

دمی تر ( ) Demeter

ئەم خواوەندە کە لە رۆمدا بە سرس ( ceres)ناسراوە خواوەندی گەنم و بەروبوم و خواردمەنی بوو . دمیتر کچی کرنوس و خوشکی زئوس بوو ئەو هەیکەلێکی جوان و رێکی هەبوو بە پرچە ئاڵۆنیەکانیەوە و روخسارە گەنم رەنگیەکەیەوە بەشداری کردن لە جەژنی دمیتر کە بە جەژنی ئالوسیس ( Eleusis)ناسرابوو بە کۆچێکی ئاینی گەورە ئەژمار دەکرا . ئەم جەژنانە هەمیشە بە مەراسیمی رەمزی و شاراوە دادەنرا تەنیا کاهینەکان و ئەو کچانەی کە لە خزمەتی پەرستگەدا بون مافی بەشداری کردنی ئەم مەراسیمانەیان هەبوو .

زئوس خواوەندی خواوەندەکان حەزی لێ کردبوو بەڵام دمیتر ئامادە نەبوو لەگەڵیدا بخەوێت زئوس خۆی کرد بە مانگاو لەگەڵیدا کەوتە ئەویندارى بەرهەمی ئەم ئەویندارییە کچێک بوو بە ناوی کورئا کە زۆر پەیوەندی گەرمی لەگەڵ دایکی هەبوو رۆژێک کە کورئا لە باخێکدا یاری دەکرد و گوڵی دەچنی نێرگسێکی جوانی بینی بێئاگا بەرەو نێرگسەکە رۆشت تا لێی کاتەوە بەڵام نا ئاگایانە زەوی شەقی بردوو هادس خوای ژێر زەوی کورئای برد بۆ ژێر زەوی دیکی کە نەیدەتوانی لە دوریدا ئارام بگرێت دەستی دایە تۆڵە کردنەوەو فەرمانی بە زەوی کرد تەنها یەک دنکیش گەنم نەروێنێت وشکە ساڵی و نەبونی هەموو شوێنێکی گرتەوە ، خواوەندەکان لە کێوی ئەلمەپ کەوتنە هەوڵی دۆزینەوەی رێگەچارەیەک و پەیامنێریکیان بۆلای دمیتر نارد ئەو وتی تا ئەو کچە نەبینێت مۆڵەت نادات یەک دەنک گەنم لە سەر زەوی برویت هادس جگە لە فەرمانی زئوس کورئای بۆ سەر زوی گەراندەوە بەڵام پێش گەراندنەوەی کورئا چەند دەنکە هەنارێک کە لە یونان‌دا هێمای منال بون بوو دەرخواردی دا . کاتێک کورئا گەرایەوە بۆ سەر زەوی دایکی لێی پرسی : کچەکەم لەوێ بووی چیت خوارد ؟ ئەگەر

هیچت نەخواردوە دەتوانی لەگەڵ من بێیت بۆ کێوی ئەلمەپ و ئەگەر خواردویشتە پێویستە بگەرێیتەوە بۆ تاریکیەکان ) کورئا دانی بەوەدا نا کە پێش ئەوەی بگەرێتەوە چەند دەنکە هەنارێکی خواردوە دایکی رەنگی پەری خواوەندەکان تورەبوون خواوەندی خواوەندەکان کە لە تورەیی دمیتر دەترسا بە نێوانگیری ئەو خواوەندەکانی تر توانی رەزامەندی دایکی کورئا بەدەست بێنێت کە کورئا لە ساڵێکدا چوارمانگ بچێتە لای هادیش و هەشت مانگیش لەلای دایکی لە سەر زەوی بمێنێتەوە دایکی لە بەرانبەردا بەروبوم بۆ سەر زەوی بگەرێنێتەوەو خۆی بێت بۆ کێوی ئەلمەپ . لە مەراسیمی رۆشتنی کورئادا بۆ ژێر زەوی تەنیا ژنانی یونانی مافی بەشداری کردنیان هەبوو ، لە جەژنی بەهترەدا کە وەرزی گەرانەوەی کورئا بۆ سەر زەوی بوو هەزاران کەس لە ژن و پیاو بەشداریان دەکرد مەراسمێکی فراوانیان ریچک دەخست .

جگە لەو دوانزە خواوەندە کە لە کێوی ئەلمەپ نیشتە جێ بوون خواوەندی تریش وەک ئیریس خواوەندی جوانی پەلکە زیرینەو باکوس خواوەندی شەراب و مەستی و سەنتورەکان کە بەشێکی مرۆڤ و بەشێکی ئەسپ بوون بونیان هەبوو . لە پانتئون خواوەندەکانی یونان زیاتر لە سی خواوەند بونی هەبوو . یونانیەکان لەو باوەرەدابوون کە سەرجێیی کردنی خواوەندەکان لە گەڵ مرۆڤ بونەوەری نەخۆش و ناشیرینی وەک سیکلۆپ ( cyclope)هارپی ( harpy)گۆرگۆ ن ( gorgon )و سرتیوس ( certus)دێتە بوون .

جگەلەو باوەرەشیان یونانیەکان تواوی رۆحەکانیان جگە لە رۆحی ئەو کەسانەی کە بە خاک نەسپێردرابوون بەهۆی بەلەمی شارۆن لە دەریاچەی ئاشرون ( acheron)دەپەرانەوە تا بگەنە سەرزەوی هادس . ئەو سەرزەوی یە سربوس پارێزگاری لێ دەکرد و بە هیچ جۆرێک ریچگەی بەو مردوانە نەدەدا کە بچەنە ئەو سەرزەویەوە . مۆڵەتی چونە دەرەوەو بەجێ هێشتنی جێگاکەی پێ نەدەدان . بە خاک سپاردنی مردوەکان شتێکی زۆر گرنگ بوو کۆتایەکەی لە مەراسیمێکی گشتیدا نەفرەتی خواوەندەکانی بە دوای خۆیدا دەهێنا . جەستەی شەروانان بە جلوبەرگ و چەکەوە وەک جەستەی مردوەکانی تر دەیان سوتاندن و خۆڵەمێشەکەیان بە خاک دەسپارد و بە خۆڵێکی کەم دایان دەپۆشی و لە سەر تاشەبەردێک ناو ناونیشان و ئیشوکاریان دەنوسی و لە سەر گۆرەکەی دایان دەنا .

تورەیی خواوەندەکان لە کاتی لێپرسنەوە ی ئەو مردوانەی بە خاک دەسپێردران و ئەنجامدانی کردەی تنوتیزی و کوشتنی بە نهێنی و بۆ سرینەوەی هەموو ئەو کردەوە شوم و خراپانە یونانیەکان قەربانیان پێشکەش دەکردو دەپارانەوە و شەرابیان دەبەخشیەوە .

پەرستنی یونانیەکان بۆ بە دەست هێنانی خواستەکانیان و دەستکەوتنی پێداویستیەکانیان لە رێگەی پارانەوەو چون بۆ پەرستگاو پێشکەش کردنی قەربانی بۆ هەریەکێک لە خوداکان ئاژەڵێکی تایبەتیان دەکردە قوربانی . بۆنموونە بۆ خوای خۆرەتاو سەگ و بۆ خواوەندی دەریا کان ئەسپ یان پێشکەش دەکرد و بۆ خواوەندە نێرەکان ئاژەڵی نێریان دەکردە قوربانی و بۆ خواوەندە مێینەکانیش ئاژەلی مێچینەیان دەکردە قوربانی .

یونانیەکان بەهەشت ( eilysium)بە جێگایەکیان دەزانی بۆ بەختەوەرەکان و جەهەنمیش بۆ بێ بەختەکان و لەو باوەرەدابوون کە مردوەکان پاش لێپرسینەوەو دادگایی کردنیان لە بەردەم خواوەندەکاندا بۆ یەکێک لەم دوو جێگایە رەوانە دەکران .

یونانیەکان رۆژێکی تایبەتیان لە هەفتەدا بۆ پشودان هەبوو . بەڵام بە درێژایی ساڵ هەندێک لە رۆژەکانیان کردبوە جەژنی تایبەت بۆ بەشداری کردن لە و جەژنانەدا لە جێگایەکی دیاریکراودا کۆدەبوونەوە بۆنموونە جەژنی ئاتن لە زستاندا بە ناوی جەژنی ( anthesleria)و یان جەژنی

زستانەی کۆرئا  کە تیتیدا تەنیا ژنان بەشداریان دەکرد  و یان جەژنی پاڵەوانیەتی و نمایشی هێز کە لە شاری ئیسپارتا لە هاویندا دەستی پێ دەکرد .

یونانیەکان باوەڕیان بە سێحرو جادوو و غەیبزانی هەبوو ، کاهینی دلفی  (  Delphi  )نهێنیەکانی دەزانی هرودێت دەنوسێت کە دێرینترین  پەرستگەی نێنی زانی ( غەیب زانی ) لە سەردەمی ژیانی ئەودا تەنها پەرستگەی دۆدۆنا  (  Dodona)داربەڕوە مەزنەکە بوو کە لەسەریا وەڵامی پرسیارەکانی تایبەت بە ئارامی و سەلامەتی درابوەوە . ئەوانەی پێویستیان هەبوو پاش سەردانی کردنی پەرستگە  لە هەمان شوێن دەخەوتن و تا وەڵامی پرسیارەکانیان لە خەونەکانیاندا وەرگرن  . پلە کانی دولفی لەهەمبەر سیاسەتی  ناوچەکە  هەمان ڕەوش پەیرەو دەکرا  .

پەرستگاکانی ئەس کلپیوس (  asclepios)  ) خودای شفاهێنەری نەخۆشەکان  ) لەو سەردەمەدا زۆرترین نەخۆشەکان نەخۆشی دەرونی و دڵەڕاوکەیان هەبوو  کە زۆرترینیان پیاوی حکومی بوون  . دەوڵە مەندەکان  کە سەردانی ئەو پەرستگەیانەیان دەکرد بۆ وەرگرتنی چارەسەر  پاداشتێکی باشیان بە پەرستگە کە دەبەخشی  . بەڵام لە ئەو نەخۆشانەی کە هەژاربوون هیچ وەرنەدەگیرا  . ئەم پەرستگایانە لە شارەکانی  کرنیس (  cornith ) ئەپی دوروس  (  epidauros ) و پرگامون ( ( pergamon و هەبوونی ژینگەیەکی زۆر پاک  وەرزش و سیستەمی خواردن  و  مەلەکردن لە ئاوی ساردا و پشودانی باش بۆ چارە سەرکردنی نەخۆشەکان ناو بانگی باشی بە دەست هێنابوو .

یونانیەکان باوەڕیشیان بە هێزێکی ئەو دیو سروشت کە بە هێزتر بوو لە هێزی خواوەندەکان هەبوو . هێزێک کە هەتا زئوسی خواوەندی مەزن و بەهێز لە بەردەمیاکرنوشی دەبرد  ئەم هێزە لە لە سەروی هێزی خواوەندەکانەوەبوو موایرا  (  moira) بە چارەنوس ناوزەدیان کردبوو . خواوەندەکانی یونان لە هەمانکاتدا کە لە سەروی مرۆڤەوە بون  بەڵام هێزی ئەوان  لە دەستی خواوەندەکانی تر وەکو مەرگ و تورەیی و شێتی سنووردار کرابوو .

زۆرترینی ئەفسانەکانی یونان لە هەمبەر خواوەندەکان ڕێکەوت بوو لەگەڵ قەلەمرەوی دنیای فەلسەفەو زانست لە یونان . فەیلە سوفەکان هیچ گرنگی یەکیان بە خواوەندەکان و ئەفسانەکان  نەدەداو دژایەتی ئەو باوەڕانەیان دەکرد  گەرچی سوقرات لەوریگایەدا گیانی خۆی لە دەستدا بەڵام خوێندکارەکانی و فەیلە سوفەکانی تر بنچینەیەکیان داڕێژا فیکری مرۆڤی لە هەمبەر بابەتە ئایینیەکان ڕێنامیی دەکرد . فەیلە سوفەکانی یونان لە هەوڵی پەروەردەکردنی باوەڕ بوون بە یەکتا پەرستیدا بوون  ئەیان وت  گەرچی شتەکان بە ڕەواڵەت جیاوازن بەڵام تەواوی شتەکان کە شێوەیان جیاوازە لە بنچینەدا یەکشتن . بەڵام ئەوەی  یەکێتی شتەکان کە سەرەتاو کۆتایی جیهانە . چی یە ؟  لە نێوانیاندا جیاوازی بۆچوون هەبوو هەندێکی وەک تالیس  (  thales ) ئەو شتەی بە ئاو دەزانی  هەندێکیان بە هەوایان دەزانی و دەستەیەکی تری وەک هراکلیتوس  (  heracliptus ) گومانی دەکرد کە ئاگرێت . ( گەزنەفۆن (  xenophone ) فەیلە سوفێکی تری  یونانی یەو  هێزی خولقێنەرەی کە پەیوەندیدارە بە خوای تاک و تەنیا و مەزنترە لە خواوەندەکانی یونانی و کە هەموو شتێک دەبینێتو دەزانێت .

ئەفلاتون دژی بونی خواوەندەکانی یونانی نەبوو  بەڵام ڕەخنەی ئەو لە چۆنیەتی وەسفکردنی خوداکان و نادادپەروەری و خراپەکاری کە لە ئەفسانەکانیاندا ڕەنگی داوەتەوە . بە باوەڕی ئەفلاتون  لە سەروی هەموو خواوەندەکان و باڵاتر لە تەواوی شێوەو شتەکان خولقێنەرێک بوونی هەیە کە خوایەکی  پوختە و هەر ئەویشە کە لە شێوەی جۆراو جۆری شتەکانی وەک ئاو خاک و باو کێو و دەشت و دەرو دەریای خولقاندوە . مرۆڤیش خاونی ڕۆحێکە کە لە جەستەیدا جێی خۆی کردوەتەوە ئەوانە وەک بازنەیەک دەسوڕێنەوە بۆ لای خواوەندی پوختە دەگەرێنەوەو تا سەر ئەنجام دەگەنە حەقی ڕەهاو تێکەلاو دەبن  .

ئەفلاتون لە کتێبی کۆماردا لە زمانی پروتاگوراس ( Protagoras )وە داستانی خولقاندن چۆن دەگێرێتەوە :

( رۆژگارێک بوو کە لە گەردوون دا تەنیا خواوەندەکان بونیان هەبوو هیچ بونەوەرێکی تر نەبوو بەڵام چوونکە کات بۆ خولقاندنی ئەوانە فەراهەم بوو خواوەندەکان بڕیاریاندا کە هەوێنی خولقاندن لە گڵ و ئاگر و هەندێک شتیتری جیاجیا کە لەقوڵایی زەویدا بوونی هەیە دروست بکەن کاتێک کە قۆناغە سەرەتایەکانی دەستی پێکرد و کەمێکی مایەوە بۆ ئەوەی ئەو بونەوەرە نە بوانە بێنە دنیا خواوەندەکان فەرمانیان بە هەردو خواوەند پرومتەو ( promethe )ئاپی متە ( epimethe )کرد کە ئەم جەستە بیگیانانە هەجۆرەها هێزو توانا کە بۆ مانەوەیان لە ژیان پێویستە تەاو بکەن . ئاپی متە بە پرومتەی وت : رێگەم بدە کە من ئەو خەسڵەتانەی پێویستە بۆ جەستەکان کە چاوەڕوانی رۆح بەبەردا کردنن دابەش بکەم پاشان تۆش سەرکێشی بکەو ببینە کە ئایا دابەش کردنەکەی من جێگای رەزامەندیە یان نە ؟ پرومتە ئەم پێشنیارەی قبوڵ کردوو ئاپی متە سەرقاڵی کارەکەی بوو هێز خەسڵەتەکانی کە پێویستە بەسەر جەسەتەکاندا دابەشی کرد بە هەندێک هێزی جەستەیی بەخشی و جوڵەیانی قورس کرد . بە بونەوەرەلاوازەکانیش باڵی بەهێزی پێ بەخشین و تا کاتی مەترسی بفرن و دوربکەونەوە . بەشێک لە بونەوەرەکان بۆ هاتنە بوون لە پەناگەو خۆڵ و خاک دروست کردن . بەم جۆرە هەریەکێک لە جەستە بێگیانەکان بە کەرەسەی تایبەت و لە بۆتەی حەزەر ی ئەوانەدا بێت ئامادە کرد و کەرەسەکانیان خستە خزمەت یانەوە کە ئەندام و ونکردنی نەوەی ئەوانەو هەندێکی تری بونەوەرەکان بە دەست ئەوان بێت .

هاوکات هەرێکێک لەم بونەوەرانە بە جۆرێک ئامادە کرد تا لە بەرانبەر رقی سروشت و ئافاتی ئاسمانی و بیباک لە جیاوازیە ژینگەیەکان ئەندامی هەنێکیانی بە پێست داپۆشی و هەندێکیشیان بە مو ئەوکات بۆ هەر دەستەیەک لەو بونەوەرانە خۆراکێک کە لەگەڵ خەلق بوونی ئەواندا سازگار بێت تایبەت کرد . بە هەندێک کاو بەهەندێکی نر میوەو بۆ هەندێکی تر ریشکی درەخت و یان گۆشت بۆ هەندێک لە بونەوەرەکان دیاری کرد بەڵام نا ئاگایانە کەوتە هەڵەوە کە کاتی دابەش کردنی پێداویستی یەکانی ژیان تەواوی هێزەکان و خواستێک کە هەی بوو لە نێوان ئاژەڵەکاندا دابەشی کرد و ئیتر هیچ شتێک بۆ مرۆڤ نەمایەوەو رێک نەبوو . لەو کاتدا بۆ سەیر کردنی ئەو دابەکردنەی هێز پێداویستیەکان لە دورەوە هاتو لە یەکەمین رووبەڕووبونەوەدا لەگەڵ بونەوەرەکان پەی بە هەڵەی ئاپی متە بردوو تێگەشت کە کە مرۆڤ بە هەلومەرجێگی دەستەوەستان و رووت و بێ دەسەڵات ماوەتەوەو فەرامۆش کراوە . لەو ساتەشدا ورە وردە کات بۆ بەردا کردنی رۆح نزیک دەبوویەوە پرومتە بە ناچاری بۆ خەڵوەت گەی دوتنی خواوەندەکان بە ناوەکانی هفائیستوس و ئاتینا دەستی درێژ کردوو هەگبەی شاراوەی خواوەندەکان کە بۆ دروستکردنی فلزو ئاگرو چنین بوو ، دزی و رادەستی مرۆڤی کرد بەم جۆرە مرۆڤ هزرمەند و هۆشیارو بینینی پێویستی بۆ بەردەوامی لە ژیان بەدەست هێنا و ئەم بونەوەرە تەنیا خولقینراوێک بوو کە بەشێک لە رازی خواوەندەکانی بە دەستهێنا . هەر ئەوبوو کە ویچنەیەکی لە خواوەندەکان کێشاو پەرستگەی بۆ پەرستنی خواوەندەکان دروست کرد هێشان زۆر بە سەر خولقاندنیدا تێ نەپەری بوو کە توانی هونەری قسە کردن و ناولێنانی شتەکان ئاشکرا بکات ماڵ جلوبەرگ پێلاو جێگای نوستن دروستبکات و کەرەسەی خواردەمەنی لە خۆراکی سەرزوی فەراهەم بکات بەڵام خواوەندەکان چارەنوسێکی نادیاریان بۆی فەرامۆشکردنی ئاپی متەوە دیاری کرد و دەست بردنی پرومتە بۆ کارگەی خواوەندەکان بوە بوختی هەردولا .

پاش بلاوبونەوەی فەلسەفە لە یونان و دروستبونی قوتابخانەی رەواقیەکان کە پەرستن و کرنوش بردنی پاک لە بەرانبەر یاساکانی جیهانی هەستی و خولقاندنی بەختەوەری جاویدانی دەزانی . و قوتابخانەی

ئەپیکۆریش کە بەختەوەری لە دەرک پێکردنی چێژی جەستەدا دەبینیەوە و بە هۆی بنچینەیی ژیانی دادەنا . ورده ورده لە بواری باوەڕە ئەفسانەیە دێرینەکان دورکەوتنەوەو پێشکەوتن و ڕویان لە قوتابخانە فەلسەفەیەکان کرد بە دەرکەوتنی ئتینی مەسیح و دروستبوونی کڵێسای مەسیح لە شارە جیاجیاکانی یونان یونانیەکان یەکەمین کەسانێک بوون کە لێکۆلینەوەو شیکاریان لە بارەی کتێبی پیرۆزی مەسیحەوە کردیەکەمین جار لە لایەن ڕۆمەکانەوە ئاینی مەسیح وەک ئاینی فەرمی قبوڵ کراو ، یونانیەکانیش بە فەرمی پەیوەست بون بەم ئاینەوە .

بەرایی چوارەم :

خواوەندەکان لە ڕۆمی دێریندا :

هەڵکەوتی دوورگەی ئیتالیا هاوکات وەک بە شەکانی تری ئەوروپا چەندین جار کەوتوەتە بەر هێرش و پەلاماری خێڵەئاریایەکان لە ناوەڕەراستی هەزارەی دووەمی پێش زایندا بەشێک لە نەژادی ئاریا بەناوی لاتین لە کێوەکانی ئەلپ بەڕێکەوتن و لە کەناری دەریاچەی ( تیبر ) نیشتە جێ بوون و جێگاکەیان ناونا ( لانیئۆم ) لە هەمان شوێن ئاتروسکان ( etruscans)بەشێکی تر لە ئاریایەکان لە دەریای خۆرهەڵاتی ئیتالیا چونە ناو ئیتالیاوە . یونانیەکانیش بەشی باکوری دورگەکیان داگیر کرد ئاتروسکانەکان کە خڵکێکی چالاک و بازرگان بون دەستبالاَ بون بە سەر لاتینەکاندا بەڵام زۆری نەبرد دەسەڵات کەوتە دەست لاتینەکان ئەوان شاری ڕۆمیان بونیاد ناو بە خێرایی گەشەیان کرد بە جۆرێک کە لە ماوەیەکی کەمدا بوەنە خاوەنی ئەو دوورگەیە بە یەکگرتنی هێزو دەسەڵات و نفوزی زۆر لە کۆتاییەکانی سەدەی سێیەمی پێش زاین بنچینەی ئیمپراتۆریەتی مەزنی ڕۆمیان دامەزراند کە ماوەی چەندین سەدە حکوم ڕانی تەواوی ئەوروپاو بەشێکی ئاسیای کرد .

ڕۆمەکان لە سەرەتادا ئاینێکی زۆر سادەو ساکاری پڕ لە ئەفسانەیان هەبوو . دیانا کە پەرستگەکەی لە کەنار دەریاچەی سمی نزیک ڕۆم بوو پەرستگەی ڕۆمیەکان بوو و هەموو خێڵەکان بۆ پەرستن جەژنەکانیان دەچوونە ئەو پەرستگایەوە . ئەو ئایینەی کە ناوی نۆما ( numa)ناوبانگی دەرکردبوو (7) جۆرێک لە ڕۆح پەرستی تێکەڵاو بە باوەڕی سێحرو ئەفسون بوو . چوونکە ڕۆمیەکان خێڵێکی کشتوکاڵی بوون بەرهەم هێنان و چاندن و ناشتنی درەخت و زیاد کردنی سەوزەو میوەو گژو گیا ناوەندی فیکری ئەوانی پێک دەهێنا بەو هۆیەشەوە خواوەندە سەرەتایەکانی ڕۆم لە پەیوەندی تەاوی کشتوکاڵ و ڕواندنی دارو ڕەخت دا بوون و هیچ یەکیچک لە خواوەندەکان بەشێوەی مرۆڤ یان جیا لە مرۆڤ نەدەپەرستران . ڕۆمیەکان بۆ هەریەکیک لە بەشەکانی کشتوکاڵ کە کاریان تیا دەکرد بەو ڕۆحە ڕەزامەند بوون و ڕۆحەکانیان بە پێشڕەوتی ڕەوتی کشتوکاڵ و زیاد کردنی بەرو بوم و بەرهەم هێنانی زیاتر دەزانی . بۆ بەرهەمی زیاتری کشتوکاڵی ساتورنوس ( sarunus)بۆ تۆو دان و ئین سی تور ( insitor)بۆ کۆکردنەوەی پوش و پەڵاش و سوبرن سی ناتور ( subrunsinator )بۆ درەو کردن و مسور ( mesor)بۆ گەشە کردنی خەڵەو خەرمان و دانەوێڵەو سرس ( ceres )بۆ پەرژین و کنسوس ( consus)بۆ چرۆکردن و فلورا ( flora)بۆ گەیینی میوەکان و پومونا ( Pomona)بۆ پاریزگاری لە دارستان و فونوس ( founus)بۆ پارێزگاری گشتی کشتوکاڵ و دەشت و دەرو لارس ( lares)بۆ لەوەڕگاو سەوزایی پالس ( pales)بۆ هێما کانی چواردەوری کشتوکاڵ ترمینوس ( terminus)بۆ دەریاچەکان ڤالترنوس ( va;ternus)ڕێزلێنان و پەرستنی ڕەزامەندی : تەقویمی لمیی نوما کە تیایدا ڕۆژی ئەنجامدانی کاری کشتوکاڵی و باخەوانی و چۆنیەتی کارکردن هاتوە جێگای کار کردن بوو . لە سەر هەموو ئەو ڕۆحانەوە خواوەندی ئاریاییەکان دیوس پی تار ( dyuspitar)کە لە ئیتالیا ناوی جوپیتر ( Jupiter)بوو بەرجەستە کرابوو . کە

پەرستگەیەکی مەزنی لە سەر لوتکەی کاپی تولین بە ناوی پەرستگەی ( Jupiter capitalinus ) دروستکرابوو و مەراسمی تایبەتی لە جەژنەکان لەو پەرستگایەدا بەرێوە دەچوو .

لە هەمبەر پەیوەندی بە ماڵ و گروپەوە هەندێکی تر لە رۆحەکان خاوەنی هێزێکی ڕوحانی و جێگای پەرستن بوون .

جانوس ( janus)ڕۆحی دەرگاکان ڤیستا ( vesta)ڕۆحی روناکی خێزان جنیوس ( jenius) ڕۆحی هێزی ژیان و پێویستی جونو ( juno)ڕۆحی پەیوەندی ژنانی خێزان پیاوان ئامادەبوون لەگەڵ جانوس پەیوەندیەکی باشیان هەبێت ئەم ڕۆحە خاوەنی ڕێزو پەرستنی تایبەت بوو پارانەوەی کاتژمێرەکانی سەرەتای رۆژ و سەرەتای هەر مانگێک تایبەت بوو بەوەوە . دەستەواژەی جانوس کە سەرەتای هەرمانگێکی ساڵ لەو رۆژانەیە . کە لە ناوی جانوسەوە وەرگیراوە .لە بەرانبەر ژناندا هەوڵیان دەدا لەگەڵ ڤیستادا پەیوەندی نزیک دروست بکەن بۆ لە دایک بوونی منالی چالاک . لە ڕۆژی جانوسدا مەراسیمی تایبەتیان رێک دەخست .

لە بەرانبەر ئایینی خەڵکدا لە ناو کتوکاڵ و لە ناو خێزانەکاندا دەوڵەت بۆ پەرستنی خواوەندەکان رێکخراوی تایبەتی دروست کردبوو لەم رێکخراوەدا ئیمپراتۆر سەرۆکی کاهینەکان ئەژمار دەکراو سەرپەرشتی رێورەسمی پەرستنی تایبەتی دەکرد لە سەرخۆ ئیمپراتۆرەکان ئەنجامی ئەم وەزیفانەیان دایە دەست نوێنەرەکانیان لە ڕۆمدا 104 رۆژ لە ساڵدا بۆ پەرستنی خواوەندەکان و ڕۆحە جۆراو جۆرەکان تایبەت کرابوو . بۆ هەر خودایەک کەشیشەکانی تایبەت بەو خودایە لە پەرستگەی ئەو خواوەندەدا مەراسیمی پەرستنیان رێک دەخست .

بە تێپەرینی کات لە ئەنجامی کاریگەری خێڵەکانی رۆمەکان و ئاتروسکەکان و یونانیەکان و خێڵەکانی تر کە ناوچەکەیان بەشێک بوو لە دەسەڵاتداریەتی ڕۆمەکان هەندێک لە خواوەندە کۆچەریەکان لە پانتئون چونە ناو خاوەندە رۆمیەکانەوەو خواوەندەکانی رۆم کە لە سەرەتادا جوبیتر مارس و کری نیوس بون ئالۆ گۆریان بە سەرداهات و بون بە جوپی تر و جنورمی و نروا و لە پەرستگەی کاپی تولین دانران و دەپەرستران . بەشی گەورەی پەرستگەکە بۆ جوپیتر تەرخان کرابوو ئەو دوو خواوەندەکەی تر لە دەستی راستو چەپی دانرابوون جنو پاشای ئاسمان و زەوی کە زۆر لە لایەن ژنانیماڵەوە گرنگی پێدەدرا هاوسەر گیری لەگەڵ جوپیتر کردو لە ئاکامدا خواوەندەکان بە شێوەی مرۆڤ بە دیار کەوتن . مینروا بە شێوەی ژنێکی چەکدار کە نێزەیەک بەدەستیەوە و جانوس بە شێوەی پیاوێک کە خاوەنی دوروخسار بوو لە دوولاوە خۆی نمایش دەکرد پەیکەری خواوەندەکان بوە جێگای پەرستن یونانیەکان کە لە جنوبەوە هاتبونە جوگرافیای دوورگەی ئیتالیا کەوتنە بڵاو کردنەوەی داب و نەریتی پەیوەندی دار بە پەرستنی هەریەک لە خاوەندەکانی یونانی و خواوەندەکانی خۆیان وەک نیپتون خواوەندی دەریا و ئاپرلر خواوەندی هونەرو مۆسیقا و ولکان خواوەندی پیشەسازی و ئاگردان و ونوس خواوەندی جوان و ژئوس خواوەندی دەرگاکان . لە سەروی خواوەندەکانی رۆمەوە دانران و رۆمیەکانیش هەمان داب و نەریت و مەراسیمێ کە لە کاتی پەرستنی ئەم خواوەندانەدا لە یونان بەربڵاو بوو لە رۆمیش پەیرەوی دەکرا . وێنەی کاهینی نهێنی زان کە لە پەرستگەی دلفی ( Delphi)لە یونان دانرابوو گواستیانەوە بۆ رۆم و کۆمەڵێک لە غەیب زانەکانی تایبەت بە کاهنە ( cumaean sityl)یونانەوە هێنرانە رۆم و بە لاتینی وەریان گێراو لە پەرستگەی کاپی تۆلین دایانا . چەندین کاهن بەرپرس و چاو دێرو پاسەوانی ئەم کۆمەڵە بون و لە کاتی ڕودانی رووداوی گەورەدا سەردانی ئەو کۆمەڵەیان دەکرد .

فراوانبوونی ئیمپراتوری ڕۆم و گەشە کردنی . بازرگانی به ناچاری شارستانیەتی ڕۆم لە ژێر کاریگەری باوەڕە کانی خەڵکی و دەسەلاتداری ترو داگیر کاری ر هزری ئاینی ئەوانەشیان خستە ناو ئاینی ڕۆمەوە ، هەروەکو ئایینی ما ( ( ma و خواوەندی باکوس ( (bacchos لە ئاسیای بچوک ، ئیزیس لە ژێر ناوی سراپیس ( ( serapis لە میسر و میترا لە ئێران بەرەو ڕۆم کۆچیان کرد .

ڕۆمیەکان لە ئەنجامی کاریگەری خێڵەکان لەگەلچ یونانیەکان و خوێندنی ئەفسانەکانی یونان بە خرۆشەوە و بە خێرایی پەیوەندیان پەیدا کردو زۆریک لە ئەفسانەکانی یونان پاش میکیاژ کردنیان وەک نەریت و نۆرمی و شێوازی ڕۆمیان لێکرد و خستیانە نێو مێژووی ئایینی ڕۆمەوە . بەسەرهاتی هاتی برای ژوپی تر ژونوس و ومی نروا نوسرانە وە ئەفسانەی روملوس دەربارەی چۆنیەتی بنیات نانی ڕۆمیان خولقاند .

روملوس ( (Romulus کوڕی سیلویا کچی نومی تور ( ( numitor پاشای ئالیا بوو ئامولیوس ( (amolius کە تاج و تەختی نومی تورا خاپور کردبوو فەرمانی کردبوو کە ئارومولرس لە گەڵ براکەی بخەنە ناو دەریاوە . بەلام سبدی کە منالی شیرە خۆرەی لەو هەبوو گواستیەوە بۆ کەناری تپە پالاتین ( (palatine گرگ مادەیی کە بۆ کەنار دەریاچەکە هاتبوو لە دەنگی گریانی منداڵەکان چاوی بە سبد کەوتو لە دەریاچەکەی دەرهێناو ئەوی بە ڕاکێشان بۆ ئەشکەوتەکەی خۆی برد و شیری بە منداڵەکان دا . چاش ماوەیەک بەڕێکەوت شوانی تومی نور لەوێوە تێپەڕی منداڵەکانی بیی نیو ئەوانی بۆ ماڵی خۆیان بردەوە و گەورەی کردن و پەروەردەی کردن . ئەم دوبرایە منالی و گەنجیەتی خۆیان بە شوانیەتی باوکیان بەسەر بردو کاتێک کە گەورەبوون ئامولوس کە تاج و تەختی خاپور کردبوون لایان بردوو روملوس دەسەلاتی خۆی لە سەر زەوی باوەگەورەی جێگیر کرد . دوبراکە بریاریان دا بە دروستکردنی شارێک روملوس خواستی ئەوەبوو ئەو شارە لە سەر لوتکەی پالاتین دروست بکات . بەلام براکەی رموس ( ( remus لوتکەی ئارنتین لە سنووری سێ یان چوار پلە خوارتری پێباش بوو چونکە هاوڕێکانیان بۆچوونی روملوسیان پێ پەسەند بوو لتکەی پالاتین یان هەڵبژارد بۆ دروستکردنی ئەو شارە . رموس ڕۆشت بۆ لایەکی تری کێوی ئالپ و شاری رمسی ( reims) دروستکرد و روملوسیش شاری ڕۆمی بونیاد نا . چونکە لە ڕۆمدا تەنیا پیاوان دەژیان داوا ژنیان لە روملوس کرد روملوس مەراسیمێکی ئایینی گەورەی ڕێکخست و سابینەکانی ( sabines بانگ هێشت کرد تا بە ژنان و کچەکانیانەوە بەشداری ئەو مەراسیمە بکەن لە کاتی مەراسیمەکەدا ڕۆمیەکان بێ ئاگایانە پەلاماری سابینەکانیان داو ژن و کچەکانیان بردن بەم جۆرە لە نێوان دوو خێلدا ئامادەباشی بۆ جەنگ کرا . بەلام بە هۆی نێوان گیری کچە سابیەکانەوە کە لەگەڵ پیاوانی ڕۆمدا هاوسەر گیریان کردبوو ئەو شەرە ئەنجام نەدراو لە یەک ئیالەتدا یەکیان گرت . روملوس پاش 37 ساڵ دەسەڵاتداریەتی بە گالیسکەیەکی ئالتونی باوکی مار بۆ ئاسمانەکان بەرزبویەوە .

لە ماوەی نزیکەی یەک سەدە پێش زاین و پاش زایین ئاینی دەوڵەت لە ڕۆمدا بە تایبەت لە ناو خانەدانەکاندا بەرەو لە ناو چون چووبوو خەڵک باوەڕی وایان بە ئایین و پەرستنی خواوەندەکان نەمابوو .

ئیمپراتۆرەکانی ڕۆم بۆ پاراساتنی یەکێتی نەتەوەیی و بەرگری کردن لە پەرت بوونی ڕۆم لە هەوڵی ئەفراندنی تیۆلۆژی نوێ و دەستخستنی پەرستگایەکدا بوون بۆ پەرستن . تا جێگە نشینی خواوەندە ئایینیەکان کە بە شێوەی شتێکی گاڵتەجاری و ڕبواردنی لێ هاتبوو بگرێتەوەو ڕۆمیەکان لە ژێر یەک ئالادا کۆبکاتەوە . بە بۆچونی ئیمپراتۆرەکان کەسێک شایستە تر لە خودی ئیمپراتۆر بۆ جێنشین و پلەی خوایەتی ڕاکێشانی هزری خەڵکی نەبوو . ئاگوستوس بۆ باوکە خوێندەوارەکەی خۆی جولیوس سزار پەرستگەیەکی دروستکرد و ئەوی ناو نا دیڤیس جولیوس ( ( divis Julius شای ڕۆم لە

ساڵی 44 پێش زایین به ڕێگایەکی یاسایی ناوبانگی سزار خواوەندی به جولیوس بەخشی پاش مەرگی ئاگوستوس ئەویش له ریزی خاوەندەکاندا جێگیر کراو پەرستگەیەکی بۆ دروستکرا . لەو بەرواره بەدواوه تەواوی ئیمپراتۆرەکان له ریزی خواوەندەکاندا بوون و ناوی ئەوان پاش مردنیان له ریزبەندی خواوەندەکاندا دادەنرا . تەواوی خواوەندەکانی دەوڵەت جگه له خواوەندەکانی سێ لایەنه جوپیتر ، جونرو میترا له سەر خۆ ئاستی خواوەندێتی خۆی بۆ ئیمپراتۆرەکانی ڕۆم چۆڵ دەکرد و ئیمپراتور له تەواوی دەسەڵاتداریەتی ڕۆمدا بەی جێگای پەرستن هەتا دوکەس له ئیمپراتۆرەکان به ناوەکانی کالیگولا ( caligula ) و دومیتیان ( Domitian ) له سەردەمی ژیانیاندا ئیدعای خواوەندیان کردوو خەڵک دەی پەرستن نرون ئیمپراتۆری شێتی ڕۆم خۆی له ئاستی ئاپۆلۆ خواوەندی هونەر و مۆسیقا دەزانی .

میترا پەرستی :

پەرستنی میترا ڕەنگه تەنیا ئاینێک بێت که له چوار ناوچەی جیاواز دور له یەک جێگای پەرستن و قبوڵ کردن بوبێت . نوسراوێک که له سەردەمانی هیتیەکاندا له ساڵانی 1350 پێش زاین له ئاسیای بچوک دۆزراوەتەوه میترا به ناوی میدراشیل ( midrashill ) ناسراو بوه پەرستنی میترا له ئایینی زەردەشتی و هندیدا ڕیشکێکی قوڵ و مێژوویی هەبوەو دەگەرێتەوه بۆ سەردەمانێک که خێڵە ئارییاییەکان له سەرزەوی و شوێنی له دایک بونی خۆیان پێش کۆچکردنیان بەرەو ئێران و هند نیشته جێبوون پاش پەیوەندی رۆمیەکان لەگەڵ ئیرانیەکان هزری ئاینی زەردەشتی یەکان گەشتبوه ڕۆم و میترا پەرستی ئاستێکی باڵای له نێوان ڕۆمیەکان و تەواوی دەسەڵاتداریەتی ڕۆم و ئەورووپاو ئاسیادا هەبووه . نوسراوی میترا پەرستی له شێعرەکانی ئیستاتیوس ( statius ) که بۆ ساڵی 96 پێش زاین له ڕۆمی دێریندا دەگەرێتەوه دەبینرێت .

پەرستگەی میترا له ناوەراستەکانی سەدەی دووەمی پێش زایین له ڕۆمدا بونیاد نراوەو تا سەدەی پێنجەمی زایینی به شکۆوه ماوەتەوه . پاشماوەی پەرستگەجیاجیا کانی تری میترا له ناوچەی دوری ئیمپراتۆری ڕۆم تا سنووری ویلز ( wales ) له ئینگلیز له پشکنین ئاسەوارناسیەکاندا بەدەست هاتوه . بەڵام ناوەندی بنچینەیی له شاری ڕۆم بوه و زۆرێک له رۆمیەکان فەرمانده سەربازیەکان و یەربازان و بازرگانەکان پەیرەوی ئەم ئاینەیان کردوه پەرستگەکانی میترا زۆر بچوکو به جۆرێک دروست کراوه که هاوشێوەی پەرستگه سەرەتایەکان که مرۆڤ له ناو ئەشکەوتەکاندا دروستی دەکرد سەقفی پێچاو پێچی ئەم پەرستگایانه به ئاسانی دەبینرا و له چوار دەوری پەرستگه که جێگەی دانیشتنی میترا پەرستان دروستکرابوو له بەرانبەری چونەژورەوەشدا وێنەیەکی زەقی میترا بەگشتی له سەر تاشه بەرد دروستکرابوو بابەتی وێنەکه بەگشتی له تەواوی پەرستگاکاندا چون یەک بوون و شیوەی میترابوو که گای دەکرده قوربانی که به تەواوی هەموو جەستەی میترای دەردەخست ئەژنۆی چەپی میترا له سەر پشتی گاکه بوو پێی راستیشی له سەر سمی گاکه بوو میترا به دەستی چەپ به تواوی هیزیەوه سەری گاکەی بەرز دەکردەوەو به دەستی راستی چەقۆکەی له ملی گاکه دەسوی سەگێکیش له کاتی وەریندا بەرو خێنەکه که له ملی گاکەو دەهات و بلاو دەبویەوه دەرزشت و دوپشکیکیش به ئەندامی نیرینەی گاکەوه هەلواسرابوو .

جەژنی له دایک بوونی میترا له تەاو ئیمپراتۆری رۆمدا له رۆژی 25 دیسامبری هەموو ساڵێک دەستی پی دەکرد . چونکه پەرستگەکەی بچوک بو بۆ قوربانی کردنی گتکه نەدەبوو له بەرانبەر پەرستگەکه لەدەرەوه مەراسیمی قوربانی کردنەکه بەریوه دەچوو .

پاش قبول کردنی ئایینی مەسیحی لە لایەن کستانتین بە شیوەی فەرمی ئاینی ئیمپراتۆری رۆم میترا پەرستی بە تیپەرینی کات لە هزری خەلکدا سرایەوە . بەلام رۆژی 25 دیسامبر یانی رۆژی جەژنی لە دایک بوونی میترا گۆرا بۆ رۆژی لە دایک بوونی عیسا و هیشتان لە گشت ولاتانی دنیا کاتۆلیک و پرۆتستان ئەم مەراسمە بە شێوەیەکی گشتی بایەخی خۆی لە دەست نەداوەو بەردەوامە . مەراسم و باوەری تری میترا پەرستی کە لە ئاینی مەسیحیدا بەرچاو دەکەوێت بریتیین لەمانە :

خۆر ئاوابون رەبانی و بەکار هینانی نان و شەراب لە مەراسیمی پارانەوە (8)

لە دایک بوونی میترا لە دایکێکی کچ

هەستان و دادوەری میترا لە رۆژی حەشردا

رۆژی یەک شەممە رۆژی پشو کە هیشتان لە زمانی ئەلمانیدا ((Sonntagو بە ئینگلیزی ( Sunday پێ دەوتریت)

زەنگ کە بۆ ئاگادار کردنەوەی پەرستنی میترا لیدەدرا

ئاوی پیرۆز لە پەرستگای میتراو کلیسا

کتێبی دووەم : ئایین لە هیندستان ، باکورو خۆرهەلاتی ئاسیا

بەشی یەکەم : ئایین لە هیندستان

بەرایی یەکەم : هیندوئیزم

بەرایی دووەم : جنیزم

بەرایی سێ یەم : بودیزم

بەرایی چوارەم : سیکهیزم

بەرایی یەکەم : هیندۆزم

هندستان ، جێی چوار ئاینی زیندوی جیهان

1-هیندوزم کە بونیاد نەرەکەی دیار نیەو سەرهەلدانی دەگەریتەوە بۆ نیوان سالانی 2000 تا 1500 پیش زاین

2- بودیزم کە دامەزرینەری ئەو ئایینەیە ، گرتوما ناسراو بە بودا (گەشتو بەروناکی ) سالی 560 پیش زاین

3-جنیزم کە ناسراوە بە جینا (فاتیح ) لە دایک بووی 599 پێش زاین ئەم ئاینەی دامەزراند

4-سیکهیزم کە لە لایەن نانک ناسراو بە (مالفم ) لە دایک بووی سالٌی 1469 زاینی بونیاد نەری ئەم ئایینە بووە .

جگە لە ئاتین سیک کە بنەماکانی ئایین و نەریتەکانی ئاینی خۆی زیاتر لە ئیسلامەوە وەرگرتوە .لە سێ ئایینی تر سودی وەرگرتوە وەک فیکرو هزری ئایینی . جەستەو مادە ژیان لەم دنیا لە قۆناغی ئانیدا جێگیر دەبیت . ئەوەی کە جێگەی سەرنجە دنیای پەیوەندیداری رۆحی و ژیانی دوای مردنی رۆحە .

بە بۆچوونی پەیرەوانی جینا کردەوەی مروڤ مایەی بەختەوەری و یان سەرچاوەی بەدبەختی رۆحە . مرۆڤ بەرهەمی کارو کردەوەی خۆیەتی . کردەوەو رەفتاری مرۆڤ پێویستە لە هەموو لایەکەوە بە تایبەت لە لایەنی مادیەوە باش بێت تا ڕۆح بگاتە ئاستی ئاسودەیی .

بە باوەڕی بودا بەدبەختی و نەهامەتی مرۆڤ خولقینراوی ئارەزووە مادیەکانیەتی کە هەرگیز کۆتایی نایەت .

مرۆڤ بە وازهێنانی لە ئارەزوە دنیاییەکانی خۆی دەتوانیت بچێتە ناو دنیای رۆحانیەت و عەقلانیەتەوە تا رۆحی ئارامی و جاویدانی بە دەست بێنێت .

هزری ئاینی هیند لەو چوار چێوەیەدا دەخولیتەوە کە جەستەی مرۆڤ هۆکاری بەدبەختی و نەهامەتی و گومرایەتی . رزگاربوونی مرۆڤ لە ئازاد بونیەتی لە دەرکەوتەی گومرایی و دنیایی مادی و جیهانی جەستە . پیویستە پەنا ببرتە بەر جیهانی رۆحانیەت تا بگەیتە هیز و حەقیقەتی رەها و بەختەوەری جاویدانی بە دەست بینیت .

ئایینی هیندو (8 ) دەگەڕێتەوە بۆ ئەو سەردەمانەی کە هۆزە جیاجیاکانی ئاریایی لە بەشەکانی ناوەندی ئاسیا بۆ باکوری خۆرئاوا کۆچیان کردوو باوەڕەئاینیەکانیشیان لەگەل خۆیان برد . دەستەیەک لە ئاریاییەکان لە زنجیرە شاخی هینوکش بەرەو هندستان کۆچیان کردوبە تەدریجی هۆزی بویەکەیان ناچار کرد برۆنە ناو دارستانەکانەوە و خۆیان بینە خاوەنی ئەو ناوچەیە . هەنگاو هەنگاو بەرەو کشتوکال کردن و دوستکردنی شارو رۆیشتن بەلام لە سۆنگەی ئاینیەوە هەر لە سەرداب و نەریت و نۆرمی ئایینی خۆیان مانەوە . و بەشێکی کەمیشیان لە بومیە باوەرداڕەکان بۆ ئایینەکەی خۆیان راکێشا . سەرۆکی هەر خیلیک لە خیلەئارییاییەکان بە ناوی راجە ( raja) ناونرا و ئەم سەرۆکایەتیەش بە بۆماوەی بۆ نەوەکانی دەمایەوە راجەکان بە بوونی زمەت کارو ئیمکانیاتی فراوان لە تاکەکانی هۆز جیاواز تربون و بۆ پاریزگاری کردن و پاراستنی خۆیان سوپاو شەروانیان پیک هینا بەو جۆرە پایەی نیزامی کە دواتر لە کۆبوونەوەی هیندوسەکاندا بە ناوی کاست ( ( caste ناوزەد کرا نەخشە رێژیان کرد . لە سەرتادا ئاکامی مەراسمی ئاینی و پیشکەش کردنی قوربانیان بۆ خواوەندەکان لە ئەستۆ بوو سەرۆکی هۆز بوو کە لە کەشو هەوایەکی ئازادا لە سەر سەوزایی و لە کەنار دەریاچەکان و ئاگردانەکان هەلدەبژێرا . بەلام لە سەر خۆ بە فراوان بونی دەسەلاتی راجە لە سەر تاکەکانی هۆزو ئەنجامدانی تەشرفاتیئاینی و مەراسیمی پیشکەش کردنی قوربانی و پارانەوە لە دەرگای خوادا کەوتە ئەستۆی چینێکی تری کۆمەڵەکە بە ناوی رۆحانیەکان و چینی چوارلایەنەی کۆمەلە لەگەڵ کاست ( ( caste تیکەڵ بون و لە ماوەی سالانی 500 پیش زایین هەیکەلەی تەواوی پیک هینرا .

1-چینی فەرماندەو پلە دارەکان : راجەکان ( ( rajanyas کە دواتر بەناوی کشاتریا ( kashatrias ناوزەد کرا ) .

2- چینی رۆحانیەکان بەرهمنیس ( ( barhamins

3- بازرگان و خاوەن موڵکەکان ڤایشیا (( vaishyas

4-خزمەت کارو نۆکەر شودرا ( ( shudras

ڕەش پیستەکان و خەلکی غەیر ئارییایی  کە بە ناوی ( پاریا  ) بەواتای نانەجیب لە بەرانبەر ئاریا  کە بەواتای نەجیب دێت  . جگە لەو چوار چینەی کە لە سەرەوە ئاماژەمان پیدا ئارییایەکان ئیتر هەموو هۆزەکانی تریان بە سەگ و بەرازو دەزانی و هێمای زەقی ئەم تیرەیە ڕەنگی روخساریان بوو

( ( untouchahiesهەر لە چاخەکۆنەکانەوە بۆهۆی پێستیانەوە کۆیلە بون و خەریکی دەباغی و حەمالی و بون و لە هەموو جیگایەک سوکایەتیان پی دەکرا  . دەستلێدان لە جەستەی ئەمانە وە حەرام بوو  هەتا لە هەندیک جیگای هندستاندا ناچار بوون لە کاتی تیپەرین بە شەقامەکانی ناوشارەکاندا خۆیان بناسینن و هاوار بکەن کە چینە بالاکان لیان دوور بکەونەوە ئەگەر لە دوریشەوە بەرهمنیشیان ببینیایە ئەبوایە یەکسەر خۆیان بشاردایەتەوە . یان ئەگەر لە دوکانێک شتیان بکریایە دوکاندارە کە شتەکەی نەدەدان بەدەستەوە و دەخستە سەر زەویەکەو ئەنجار هەلی دەگرت و دەرۆشت  . قسەکردن لە گەلیاندا حەرام بوو ئاو خواردنەوەش بە دەستی ئەوان قەدەغەبوو  هەندیک لەم خەلکە بەدبەختە کە گاندی بە هاریجان ناوی بردوون ( ( harijansریژەیان دەگاتە زیکەی 50 ملیون کەس  .

هەرچینیک بە سەرەی خۆی  دابەش دەبوو بەسەر چەندین لق و پیشەدا بۆ هەر تاکیکی ئەم چینانە پەرستن و کارکردن و خواوردن و خواردنەوە لەگەل تاکی چینەکانی تر قەدەغە بوو  لە سێ چیندا یەکەم سیستەمی کۆمەلایەتی هیند هەر کوریک کە دەگەیشتە تەمەنی کامل بوون  لە سۆنگەی نەریتە ئایینەکانەوە سێگۆشەیەکی پیرۆزی پیدەدراو کە ناسینەری چینی کۆمەلایەتی ئەوی دەردەخست لە ناو کۆمەلگەدا و هەرگیز نەدەبوو ئەو سیگۆشەیە لە ناو بدات  بۆ چینە باڵاکانی سیستەمەکەش سیستەمیکی نارەحەتی گیا خواردن هەبوو کە نەدەبوایە  هیچ جۆرە مەشروبیک و ئالکولیکی بونی هەبیت  و ئەندامانی ئەم چینانە نەدەبوو ئاو لە کەسانیک وەرگرن کە  لە چینەکانی خوارەوەن بۆ ئەوەی لە ناو چینەکانی تردا ناسراو بن  تاکی هەر چینیک  کلاوو عەمامەی تایبەت بە خۆی هەبوو  منالی هەر جینیک خۆبەخش بوون بۆ پەیرەو کردنی ریبازی باوکیان  .  لە ئیستادا ژمارەی بەشەکانی ئەم چینانە دەگاتە  2000 پیویستبوونی چینەکان لە هزری هندەکاندا لە سەر ئەو باوەرو بۆچونەیە کە کەسانی چینەکانی خوارەوە هاتونەتە دنیا بە هۆی ئەو گوناهانەوەیە کە لە ژیانی پیشوی خۆیدا ئەنجامی داوە و لەم روەوە ئەو چارەنوسە چاوەریی دەکات . ئەو کەسانەیشی کە لە خانەوادە ی چینەباڵاکانی کۆمەلگەن بە هۆی کارو کردەوەی باشەوە کە لە ژیانی پیشویان دا ئەنجامیان داوە

بە داخەوە هەمان باوەرو بەڵگە ی نا مەنتیقی  و ناعەقلانی هۆی گەورە کردنی جیاوازیەکان و فراوان بونی  مەودای نیوان کەسەکان و جی بەجێ نەبوونی دادپەروەری یە لە کۆمەڵگەدا . کە لە هندیەکانەوە سەری هەلداوە . گەرچی لەم سالانەی دواتردا لە سیستەمی چینایەتی  ( ( casteهەند پیاچونەوەیەکی فراوانیان بە کردەوەکانی هەندی لایەندا کردەوەو ئەو یاسایانەیان قەدەغە کردوە . بەلام هێشتان ئەم داب و نەریتە پایەو بنچینەی سیستەمی هند پیک دەهینیت  و زۆریک لە بابەتەکانی وەک پرۆسەی هاوسەر گیری و پیکەو خواردن و سەرپەرشتی کردنی خیزان و تا ئیسستاکەش لە ژیر ئەو هەژمونەدایەو چینی چوارەمی ئەو کۆمەلگەیە بە هۆی ئەوەی کە لە چاوەروانی خولقانی تردان  تیکەلاوی لەگەل چینەکانی بالادا قەدەغە دەکەن  .

هەلبژاردنی مەراسیمی پەرستن  و پیشکەشکردنی قوربانی بۆ خواوەندەکان  ئەم دەرفەتەی بۆ برهمنەکان  فەراهەم کرد  تا بۆ خۆیان ئیمتیازاتی زۆر ب دەست بینن  هەرچەند ریژەی نەریتی پەرستن زیاتر بوایە  هیزو ئیمتیازاتی برهمنە کان زاتر دەبوو  پانتایی نیوان چینەکانیش فراوانتر دەبوو . زۆری نفزی برهمنەکان بەتیپەرینی کات لە سەر زەوی و ئاسمان و ئەم دنیای و ئەو دنیا بڵاو بویەوە و خەڵک بەگشتی گەشتنە ئەو بوەرەی کە  برهمنەکان  لە زومرەی پیرۆزەکانن  و بە شێکن لە سیمبولەکانی جیهانی شاراوە . مانو کیبی پیرۆزی هندو تیایدا هاتوە کە برهمن پلەی خودایەتی هەیەو لە

دایک بونیشی خواوەندیانەیە بەلام بە شیوەی مرۆڤ خوقاوە  برهمنەکان ئەم باوەرەیان داهینا کە پیویستە پیشکەش کردنی قوربانی لەگەڵ ئەنجامدانی مەراسیمدا لە لایەن برهمنەکانەوە ئەنجام نەدریت . چونکە خواوەندەکان قبولی ناکەن  و بۆچوونی خواوەندەکان بۆ وەلامدانەوەی داواکاری و نزای خەلک  راناکیشیت و بەم جۆرە دەولەت و خەلک  هەموو چونە ژیر دەسەلاتی برهمنەکانەوە .
برهمنەکان  لە هەر دەرفەتێک و مەراسیمێکی وەک لە دایک بوون  گەورەبوون هاوسەر گیری  جەنگ مەرگ  بەخشیشی گونهکاران و نزاکردنیان بە ناوی دشکینا (  deshkinaبە دەست دەهێنا . برهمنها دەخالەتیان لە کاری سیاسی و ناوچەکەو جەنگدا بە مافی بنچینەیی خۆیان دەزانی . ئەم جۆرە بیرکردنەوە تایبەتە  کە لە ڕاستیدا هەندێک مرۆڤی خودایی و پەرستنی تاک بە شێوەی دەرکەوتنی خواوەندە . لە ماوەی ئەو سەدانەی کە لە تەمەنی ئەم ئاینە تێدەپەرێت . هێشتان جێگای خۆی لە ناو هندیەکانا چۆڵ نەکردوە و لەو باوەرەدان  کە  لە هەردوو زنجیری ژیان و مەرگ  رزگار بوون و تەمەنی دووبارە یان نیەو پاش وەفات  دەبنە هێزیکی تایبەت .

هندیەکان  خواستیارن کە پاش مەرگ  رۆحیان بچێتە ناو لەشی  ژن یان برهمنی یان ژنی شازادە تا لە ژیانی داهتو ئیمتیازاتی تایبەت ی ئەم چینە بەهرەمەند بین و لە نارەحەتی لەدایک بوونی دووبارە و مەرگ رزگاریان بیێت .

لە سەرەتای سەرهەڵدانی رداکاندا بۆ پەرستن پەرستگەی تایبەت بوونی هەبوو  ئاریایەکان  جگە لە نەریتی خیلەکی لە سەر سەوزایی و هەوای ئازاد دادەنیشتن  بەلام بە زۆر بوونی بۆنە ئایینیەکان و پیشکەش کردنی قوربانی زۆر چەندین پەرستگەی تر دروستکران  لە سەرەتادا پەرستگەکان بە دار دروستدەکران  چوونکە داریش بەرگەی زۆری نەدەگرت  چەندین پەرستگەی تر بە کانزای بە هیزو کەرەسەی باشتر دروست کە راجەکان بەکاریان دەهینا . چوونکە باوەڕی گشتی وابوو کە خواوەندەکان لە ئاستە بالاکان و شاخەکان دەژین  لە پەرستگەکانیشدا جگە لە دیوارەکانی منارەو گومەزی بەرزی تیا دروست دەکرا  و وەک هێمای خواوەندیەتی لە ناوەراستی پەرستگە دادەنرا  پێش سەرهەڵدانی تەشریفاتی پەیوەندی دار بە پەرستن  نزای تایبەت لە هەمبەر ئەو گوناهکارانەی کە داوای لیخۆشبونیان دەکرد هەندێک شەراب سوما (  somaبە ناوی خواوەندەکانەوە دەرژێنرایە سەرزەوی و هەندێکیش لەو شەرابە دەرخواردی ئامادەبوانیان دەدا .برهمن نوێژو پارانەوەی خۆیان ، یانی رهما ( brahma ( ئەنجام دەداو کاتی پێشکەش کردنی قوربانی نوێژێکی تریان دەخوێند بە ناوی سامارداا گرنگترین و باوترین مەراسمی قوربانی بەناوی ئەسڤا میدها (  asvah medhaبوو کە لەو مەراسیمەدا  609 سەر ئاژەڵیان دەکردە قوربانی مەراسیمە تایبەتەکە . هندیەکان لەو باوەڕەدا بوون  کە هەر کەس ئەم مەراسیمە ئەنجام بدات  دەگاتە هەموو خواستو ئاواتەکانی .برهمنەکان  بۆ ئەنجامدانی وەزیفەی ئایینی و بەجێ گەیاندنی نەریتێک کە لە ئەستۆی ئەوان بوو بۆ  فیربوونی سرودی ئایینی پۆلی پەروەردەییان بەناوی ئودگارتی (  udgartiدامەزراندبوو  . فیرخوازان و سەرپەرشتیارانی ئەو پۆلانە بە ئامادەکردنی نزاو پارانەوەی ئەفسونیانە و تەواو کردنی کتێب و دادگەری  کە بە ڕێژەیەک لە دەچوونە ریزی نفوزی برهمنەکانەوە .

کتێبی برهمنا (9) پێشدەکەوت و هەر رۆژێک لاپەرەی نوێی پرکراوە بە سرودی ئایینی نوێ لە سەر لاپەرە کۆنەکانی زیاد دەبوو کتێبی پیرۆزی هندەکان بریتی یە لە :

1- ڕیگڤدا (  rigvedaسرودەکانی زانست ) ریگڤدا گرنگترین کتیبی ئایینی هندیەکانە و باوەریان وایە  کە داخوازی ئەو بۆ عەقلانیەتی ئەو هۆزە (  rishishبە ئیلهام هاتوە  . بەم جۆرە ئەو پەروەردە ئەبەدیە سەنتانا ژیما (  snatana dhimaناوزەد کراوە  ریگڤدا بریتی یە لە دە بەرگی نزاو پارانەوەو شێعرو  ستایشکردنی ئایینی  . هەربەرگێکی ریگڤدا بە ماندالا (  mandala

(ناو نراوەو بریتی یە لە 1025 سرود . ریگڤدا بە رەوالەت لە سەدەی هەشتەمی پیش زایین لە سەر لاپەری کاغەز نوسراوەو بریتی یە لە نزاوپارانەوەی خۆش ئاهەنگ و پەرستنی سروشت و هێزە سروشتیەکانی وەک خۆر و مانگ و با و باران و زەوی ئاسمان و هەواو ئاگرو خۆر ئابوون و بەرەبەیان .خواستی مرۆڤەکان زیاتر لە پەیوەندی دا بووە بەدرێژایی تەمەن بونی منالّی کور دەست کەوت و بەروبوومی کشتوکالی رزگار بوون لە مەرگ وەستانەوە لە روی دوژمناندا و رەفاهیەتی گشتی دنیایی . تەواوی ئەو کتیبە بە جۆریک نوسراوە لە ریگڤدادا دەربارەی سەرەتای بوون نوسراوە :لە سەرتادا نەجیهانی هەستی و نە جیهانی نەسی نە هەواو نە لە ئاسمان هیچ شتێک لە هیچ جۆرێک جولەی نەدەکردوو کەسێک نەبوو کە شتێک بخاتە جولە نەمەرگ هەبوو نە ژیان نەرۆشنایی و نەتاریکی تەنیا یەک شت هەبوو هەناسەی دەدا بەلام هەناسە دانیش بۆ ئەو نامۆ نەبوو ئاری یەکتا بوو لە من مەپرسە کە یەکتا کی یە ؟ و چی کرد ؟ و چۆن چۆنی ئەم جیهانەی خولقاند . ئەو کە لە سەروی ئاسمانەوەیە حکومرانی ئەم جیهانەیە ئەو نهینیە دەزانیت یان رەنگە ئەویش نەیزانیت

ریگڤدا هەردوو جیهانی جستەو رۆح بە یەکتر دەناسینیت و رازی دەبیت بە هەردوو بەشی رۆح و ( purusha(و مادە ( ( prakriliجیهانی رۆحی بە بنچینەی سیتەمی کۆمەلایەتی و چینایەتی جیاواز دەزانیت و دەنوسیت : لە جەستەی مرۆڤدا دەم ناسراوە بە چینی رۆحانی )ەکان ( ( Brahminsو دەستەکان بە لە جێی چینی فەرمان رەوایان ( (rajanyasناوقەد و شانەکان بە چینی مولکدارەکان و بازرگانەکان ( ( vaishyasو پێیەکان ناسراوە بە چینی خزمەتکاران ( ( 10) ( shudras

1- چونکە تەنیا کارەکانی وەک نۆکەری و خزمەتکاری بۆ چینی خوارەوەی کۆمەڵگەیە ( (shudrasدەدریت لە م روەوەو لە نوسینی رودا دا مەمان بۆچوون پەیرەوی کراوە و پێیەکان بە ناوی چینی خزمەتکار ( شودار ) ناوزەد کراوە

2- یاجورڤێدا ( ( yajur vedaی خولقاند و لەوەیشە وە هەوا دروست بوو هەوا شیوەی خۆی گۆری رۆشنایی دەرکەوت و پاشان هەواو رۆشنایی پیکەوە گەرمایان دروست کردوو لە گەرماش ئاو دروست بوو ئاویش بوە هۆی خولقانی هەموو بونەوەرەکان .بەم ریگایە یەکەمین خانەی زیندوی گیاکان دروست بوو لە گیاکانیشەوە یەکەمین خانەی ژیان سەیرو سامدار گوازرایەوە و لە زۆنگاو کەنار دەریاکاندا سەریان دەرهینا و لە جیهاندا بو بوونەوە پاش ئەو خانەیە ژیان لە وشکای و ئەو گیاندارانەی کە لە وشکایی و ئاویشدا دەژین . و دواتریش گوازرایەوە بۆ ئەو بونەوەرانەی کە ئەم رۆ هەن و پاشانیش گوازرایەوە بۆ مرۆڤ .

3- ئاتارو ڤیدا ( ( atharva vedaبریتی یە لە ئەفسون و نزاو دەستەواژەیەک کە بە مەبەستی سیحرو جادوو نوسراوە و کاریگەری سەرەتایی ترین ئایینی بومی لەم کتیبەدا بە روونی بەرچاو دەکەویت . بۆچوونی زۆرترین لیکۆلەرەوان لە سەر ئەوەیە کە بەشە سەرەکی ئەم کتیبە لە ژیر کاریگەری جیاوازی باوەری ئاریایی یەکان لەگەڵ خەلکی بوومی لە ناوچەی هند هاتوەتە بوون . ئەم کتیبە لە سەردەمانێکدا و دوای نوسینی سێ کتیبی ترەو پێک دێت لە شەش هەزار پارچە شێعر کە 1200 پارچەی لە ریگڤدا وەرگیراوەو بەشەکانی تریشی دەربارەی کرداری پەیوەندی دار بە ئەفسون وجادوگەری دارێژراوە .

4- ئەو خواوەنداەی کە لە ریگڤدا قسە دەکەن هەمان ئەو خواوەندە دیرینانەی ئاریایەکان و گرنگترینیشیان بریتین لەمانە :

1-دایوس پاتر ( dyus pater ) خودای خواوەندەکان که تەواوی هۆزەکانی ئاریایی ئەو دەپەرستن به دیاریش بۆ ئەو هۆزە کۆچەریانەی کە بۆ ناوچە نویکان کۆچیان دەکرد دەبرد . لە یونان ژئوس پی تار ( zeus pitar ) لە رۆم ژوپی تر ( Jupiter ) ناسرابون

2-پری تی وی ماتار ( pritbivi matar ) خواوەندی زەمین

3-میترا ( mithra ) خواوەندی بەختەوەری

4-ئیندرا ( indra ) خواوەندی تۆفان و جەنگ

لە هۆنراوەکانی ریگڤدا چەندین جار ناوی خواوەندی جەنگ و تۆفان هاتوە ئەم خواوەندە پشتیوانی شەروانانی ئارایی بووە لە سرودە سەرەتاییەکانی پەیوەندی دار بە خولقاندنی جیهان .ئیندرا فاکتەری خولقینەر ناسراوە که جیهانی بوون لە مەبەستیکەوە خولقاوە و داستانی بێ ژمار دەربارەی هیزو کردەوەی موعجزە ئاسای باسکراوە و بە هەورە بروسکە ئەو ئەژدیهایەی کە سەرچاوەی ئاو لە ناو دەمیدابووە لە ناو بردوەو بە سەر کەوتن بە سەر خۆردا بەربەیان کە لە لای دیل کرابوو رزگار کرد . وینەی فیلیکی مەزن که جەستەیەک بە قاچی کراوەوە عەمامەیەکی بە جەهەر دروستکراوی شاهانە لە سەریدا بوو ناوی ئیندراو هاوسەرەکەیشی ناوی ئیندرانی ( indrani ) چەندین جار لە سرودەکاندا ناوهینراوە .

5-ڤایو ( vayu ) خواوەندی با و هەلگری بۆن و بۆنە خۆشەکان

6-رودرا ( rudra ) ئەم خواوەندە بە دوژمنی ئاریاییەکان ئەژمار دەکراو گیان و ماڵی ئەوان پەرتەوازە دەکرد پەرستیارانی ئەم خواوەندە بە داماوی و زەلیلی داوایان لی دەکرد تا خیرو بیر بە سەریاندا برژێنێت .

7-سوریا ( suriya ) خواوەندی خۆر

8-ساڤیتا ( savita ) خواوەندی تیشکی خۆر

9-شیڤا ( shive ) خواوەندی مەرگ و خواوەندی رزگاری روینەری گیاو سەوزە ، ئەم خواوەندە لە دواتردا لە لای هندیەکان پلیەکی مەزنی هەبوو ئەمرۆکەش لە نێوان سێ خودادا ( trimurti ) کە دەپەرسترین پلەی یەکەمی هەیە .

10-ڤیشنو ( Vishnu ) خواوەندی خۆر کە بە هەنگاوە گەورەکانی تەواوی سەرزەوی لە سێ هەنگاودا تەی دەکات و زەوی لە شەری تاریکی شەو رزگار دەکات . ئەم خواوەندە پاریزەری مرۆڤایەتیەو لە کاتی مەترسیداردا بۆ کۆمەکیان دیت و یەکیکە لە سێ کوچکەی خواوەندەکانی هندو.

11-ئوشا ( ushas ) خواوەندی بەرەبەیان کچێکی شۆخو شەنگ بە جلوبەرگێکی سپی یەوە وبە سواری گالیسکەیەکی ئالتونی رازاوەوە و ئەسپەکانیشی خاڵدارن و لە چاو تروکانیکدا بە ئاماژەیەک بۆ شوێنێکی دور دەی بەن .

12-ماروتس ( maruts ) رۆحێکی بچوکی توفانی کە بە خێرایی با دەجولێت

13-یاما ( yamas ) یەکەمین مرۆڤێک کە لە سەر روی زەوی هاتە بوون . ئەو پاش مردنی بوە خواوەندی مردوەکان و فەرمان رەوایی جیهانی مردوەکان دەکات . هندوکان لە کاتی سوتاندنی جەستەی مردوەکانیاندا سرود بۆ یاما دە چرن .

14-ڤارونا ( varouna ) خواوەندی خواوەندەکان خواوەندی گومەزی ئاسمان کە تەواوی هێزو توانای سروشتی لە هەر جێگایەک و لە هەر کاتێکدا لە دەستدایە ئەو جیهان لە فەنابونی ئەبەدی دەپارێزێت . هەر ئەویشە کە دەربارەی هەرکەس دادوەری دەکات پاسەوانەکانی لە هەموو شوێنێک چاودێری کارو کردەوەی چاک و خراپی هەمووکەس دەکەن . بۆ داخوازی لێ خۆش بون و لیبوردنی گوناهەکان پێویستە لە بەردەرگاکەیدا نزاو پارانەوە ئەنجام بدەیت . بە باوەری هندوەکان ڤارونا بە هاوکاری میترا گێتی بەرێوە دەبەن . خولگەی جیهان و دروستبونی شەو رۆژ و گەشە کردنی منال و پیربوونی منالان هەموو ئەمان لە نەزمێکی تایبەتدا بە ناوەکانی ریتا ( ( rita و دهاما ( ( dhama ناوزەد کراوە . کە وارونا لە جیهانێکدا پێکی هێناوە .

وارنا یەکێکە لە خواوەندە دیینەکانی ئارییایی کە بۆ هندستان گواستراوەتەوە .

خواوەندی خواوەندەکان و دروستکەری ئاسمان و زەوی لە لایەن دەستەیەکی تری ئارییاییەکانەوە گوازراوەتەوە بۆ یونان لە یونانیش ناونرا بە ئورانوس ( ( Uranus

15-ئاگنی ( agni) خواوەندی ئاگر روناکی وهزر دەرکەری رۆحە پیسەکان . پاک کەرەوەی ناپاکی و پەیوەندی نێوان زەوی و ئاسمان ژیان بەخش و خولقینەری هەموو بونەوەرەکان . ئەوەی کە برهمنانەکان بخوری بۆ دادەگرسێنن و قوربانی پێشکەش دەکەن بەو هیوایەوەیە کە ئاگنی خواوەندەکانی تر بۆ ئەو ناوچەیە رینمایی بکات .

( بەو پی یە کە ئاگنی جێگای ستایشی ئەو کەسانەیە کە لە کۆن و لە ئیستاشدا پیشبینی دەکەن خواوەندەکان بۆ ناوچەکەیان رێنمایی بکات )

ئوپانیشادەکان( ( Upanishads نزیک دانیشە )

( لە دڵی ئەم جیهانە هەستیارەدا لە تەواوی ئاڵوگۆرەکاندا کە تیتیدا رودەدات خواوەندێکی نەگۆری تیایە ، کە هەموو شتەکان دەگۆرێت . ئەوەی کە بۆ ئەوانی تر دەبیتە دەستمایە . کونجێک بگرەو لە چێژی دەروونی بەهرە وەرگرە ) (یەکەم بەیتی ئوپانیشا )

(هیچ کاتێک نەبووە کە من بونم نەبوبیت نە تۆو نە تەواوی پادشاکان لە ئایندەدا کاتێک دێت نەمێنن کە ئێمە بونمان نەبێت ، هەمانشێوەکە رۆح دەچێتە جستەی کۆرپەلەیەک و گنجێک و پیرێک لە کاتی مردندا هەمان رۆح دەچێتە جەستەی کەسێکی ترەوەو مرۆڤی هزرمەندیش بەم ئاڵو گۆرە گرنگی نادات ) ئوپانیشاد 202013

لە ماوەی سا ِنی 200 بۆ 300 ی پێش زایین هزری نوێ لە هەناوی هیدنوزمدا خرۆشا گەرچی باوەڕەکانی جنیزم لە سەرهەڵدانی ئەم هزرانە و شکڵ گرتنی هندوزیزمی نوێ بەدوور نەبوون لە کاریگەریەکانی بەڵام خرۆشی بنچینەیی لە هەناوی خودی پەیرەوانی ودیک سەری هەڵداو وانەکان نیوە سێحرئامێزێک کە لە لایەن مامۆستایانی میراتگرانی وداکان دەبوو . پایەی هیندونیزمی نوێی بونیاد نا . ئەم فرکاریانە بە ناوی ئوپانیشادەکان ناسێنرا . ئەم مامۆستایانە سەرقاڵی بەرگری کردن لە خواوەندەکان و مەراسیمی قوربانی کردن نەبوون ئەوان لە هەوڵی رێگایەکدابوون بۆ گەیشتن بە حەقیقەت . دەستیان کرد بە لێدانەوەو شیکاری سروشتی مرۆڤ و گەیشتنە ئەو ئاکامەی کە ئەوەی ماهیەت و جەوهەری بونی هەرکەسێک ( atman پێک دەهێنێت هیچ شتێک نیە جگە لەو حەقیقەتەی کە جیهانی بوونی دەور داوە . دە بێت بۆ رێگای رزگاری زیاتر لە ناسینی خودی رح و هەناوی خودی مرۆڤدا دەست پێ بکەین . ئوپانیشادەکان هەروەک کتێبە کانی هندو هەریەکێکیان وابەستەی یەکێک لەو چوار کۆمەڵە ودایانەن کە وابەستەن پێکەوە . ئەم کتێبە لە راستیدا زنجیرە وتارێکە کە لە ماوەی شەش

سەدساڵدا بە زمانی سانسکریتی نوسراوەتەوە . لەم کتێبەدا چینە نایابەکانی هند خراوەتە بەر باس و لیکۆلینەوە و بە یەکێک لە مەزنترین هزر و ئایدیای ئایینی مرۆڤ دادەنرێت. بەرهەمەکان کە لە کتێبە پیرۆزی ودا دا بە مانای نزاکەر یان زانستی پیرۆز بە کار هێنراوە . لە ئوپانیشادەکاندا بۆ ئاشکراکردنی خودا سودی لێوەرگیراوە . لەم کتێبەدا تەاوی شتەکان و دەرکەوتەکان بە شێوەی دەرکەوتەی هێزێکی تەنیا کە لە دڵی جیهاندا لێدەدات بەدیار دەکەوێت . برهما بە شێوەی بونی ڕەها بێ سنوور ئەزەلی و ئەبەدی ئامادەگی ڕەها کە بە هیچ وشەیەک وەسف ناکرێت نە نێرینەو نە مێینە جەهەری ڕۆحی بوون ڕۆحێک کە تەاوی تاکەکانی مرۆڤ خوازیاری پەیوەستبوونن پێیەوە و دەیان ناساند . بە وتەی ئوپانیشادەکان ڕزگاری تاک لە ڕزگاری ئارام و ڕزگاربونیەتی لە کۆت و بەندی تەواوی ئاڵو گۆڕەکان .

هەتا ڕەدکردنەوەو هێز و ڕاکێشانی تەواوی لە بونی برهمادایە . ئوپانیشادەکان لە کۆتایی لیکۆلینەوەکەیاندا دەگەنە ئەو دەرئەنجامەی کە : ( لە سەرەتایی بوونەوە تەنیا برهما بوە ڕۆح و زاتێک کە بە هۆی هێزو وینا کردنەوە شیاوی دەرک پێ کردن نیە تەواوی شتەکان جگە لە ماددی و مەعنەوی گیاندارو ڕوەک و یان ڕۆحەکان و شتەکان نغرۆی دەریای یەکێتیەکن و کۆتایی ئەوانەش مەحالەو نە لە ناو دەچن و نە کۆتاییان دیت و ئەوەش ڕاستی یە کە هەرگیز لە ناو ناچن و لە هەموشوێنێکیش هەن و پاسەوانی جیهانن و فەرمان ڕەاوی جیهانی بوونن ئەو ڕۆحی کەون و کەیهان پێک دەهێنێت کاتێک دنیا لە ناو چوو ئەو دەمێنێتەوە برهما لە تەواوی جیهانی دەرەکیشدا ئامادەیی هەیە . ئەوەی کە ئێمە بە هۆی هەستەکانمانەوە هەستی پێ دەکەین چاوی بوونی ئەوە . لە سەر بنچینەی فەلسەفەی ئوپانیشاد ڕۆحی مرۆیی و ڕۆحی کەیهانی جیاوان لە شتەی کە پێک یان دەهێنێت و بە وتەی ئوپانیشادەکانیش تۆ ئەو هەبوون ( tal vam asi هیچ جیاوازیەک لە نێوان ڕۆحی تاک و ڕۆحی کەیهانیدا نیەو برهما بونی نیە هەموشتێک دەرکەوتەیەکی ئازادە .

ئەمرۆکە هەرکتێبێکی ئایینی هندستان داستانی سوتاکتو ( svetaketu ) لە ئوپانیشادەوە وەردەگرێت باوکی سوتاکتو داوای لێ کرد تا یەک هەنجیر بکاتە دوکەرت و هەر هەرکەرتێکیش بکانە دوو کەرتی تر سوتاکتو ئەوەندە کەرتە هەنجیرەکانی دوکەرت کرد کە ئیتر هیچی نەمایەوە باوکی پێی وت کە هەموشتێک لە هیچەوە دێتە بوون لە دڵدا گەردێکی زۆر بچوک کە توانای کەرت کردنی نەبیت هێزێکی شاراوە هەیە کە پایەو مایەی جیهانی بوونە باوەڕت هەبێت ئەی سوتاکتو تۆ ڕۆحگەری و تۆ روناکی کۆمەڵەکەی منی لە کەماڵی حەقیقەتی بونداى . هەمان شێوە کە خوێ تێکەڵ بە ئاو دەبێت و ئیتر مەحاڵە لیی جیا بکرێتەوە ڕۆحێکی تەنیا بەو جۆرە لە هەموو بونەوەرەکاندا جێی خۆی کردوەتەوەو بونی هەیە . بزانە کە حەقیقەتێک کە لە بونی کەسێکدا بونی هەیە هەمان حەقیقەتی پوختە ( برهما )یە ئەو کەسەی کە ئەم جیهانەی خولقاندوە هەر ئەوەیە خولقینەرو خولقینراو یەکێکە کۆرم حەقیقەت بزانە تۆ خودای بۆئەوەیە کە ناتوانی جگە لە خولقینەر شتێکی تر بیت چونکە لە دەرەوەی بونیش خولقینەری هیچ جێگایەکی تر بوونی نیە کە تۆ بتوانی لەو جێگایەدا پەرەبسێنی .

شەریعەتی وادارەکان بە سەرهەڵدانی ئوپانیشادەکان کۆتایی پێ دێت . لەم ڕووەوە پاش لیکۆلینەوە لە چیوەی کەسیەتی من ( atman و قبوڵ کردنی ئەو شتەی کە لە جیهاندا تەنیا یەک حەقیقەت بوونی هەیە و تەواوی جەستەکان و شتەکان بەرگرەوەی ئەو ڕۆحە تەنیایەن . ئەم فەلسەفەیە کە بە ناوی مونیزم ( ( monism دەخوێندرێتەوە . پایەی فەلسەفی ئاینی نوێی هندیەکان پێک دەهێنێت .

بۆ ئەوەی کە مرۆڤ بگاتە پەرەسەندنی تەواو ئازایانە خۆی لە گەل بەختەوەری باربێنێت و ڕحی کەیهانی ( param atman پارام ئەتمەن بەدەست بێنێت پێویستە ڕۆح لە گەڵ ئاکارو ڕەفتاردا بە گشتی سازگار بێت هەڵەی مرۆڤ لە ( من ) دا بونی ئەوە مرۆڤ بۆخۆی کەسیەتیەکی جیاواز لەو

یەکیەتیە ڕەهایەی دەوێت . مادام کە مرۆڤ لە نەفامی و نەزانیندا ( من ) لە بەرەو چونی گەرداوی جیابونەوەدام لە نێوان ( من ) و ڕۆحی کەیهانی مەودایەک هیە . لە هەردوو نەوەی مردن و ژیاندا دەمێنیتەوە و هەنگاوێک لەو ئازارو هیلاکیە کۆتایی هات کە لە نەفاکی و تاریکیدا ( من ) دەکاتە دەرەوەو نەسی خۆی بە ڕۆحی کەیهانی پیوانە دەکات . لە دیاری کردنی ڕەوت و بنەمای ئەم جۆرە هزرەدا جیاوازیەکی زۆری تیۆریاکان دروست بوون تەفسیر و دەستەواژەی کورت ( sutras ) زۆر نوسران . چون ئاکامی نوسراوەکان لە توندی دەربریندا شیاوی تیگەیشتن نەبوون چەندین تەفسیری تر لە سەر کاغەز نوسرانەوە . کۆی ئەم تەفسیرو فیرکراوانە لە سەدەی شەشەمی پێش زاین کۆکرانەوەو کتێبێکیان بە ناوی ( barhama stura ) بڵاو کردەوە کە دواتر بە ناوی زانستی سوترا ( Vedanta sutra ) ناوزەد کرا . گەورەترین موفەسیرەکان سیچ کەس بون بە ناوەکانی شانکارا 778 ( shankara )

820 زاینی ڕامانوجا ( ramanuja ) لە ساڵی 1137 زاینی کۆچی دوایی کردووە و ماداهاوا ( 1197-1267 ( madahava ی زاینی ژیاوە . کە لە نێوانیادا شانکارا لە هەمویان بە ناو بانگترە . ئەم کەسایەتیە لە راستیدا نوێ کەرەوەو زیندوکەرەوەی هندوئیزمەو لە بەرانبەر جینیزم و بودیزمدا سرودی ڕۆحانیانەی جیاجیای بۆ پەرستن نوسیوە . ئەو بەشێک لە باوەری ئایینی خۆی دەربارەی ناحەقیقی بونی وینەی ئاشکرایی جەستەکان لە هەمبەر بودیزم بە شەرمەزاری داناو لە فەلسەفەکەی خۆیدا جیی کردەوە . ئەو بۆ حەقیقەت دو قۆناغی دەستنیشان کرد لە قۆناغی سەرەتایی کۆتایدا کە بریتی یە لە بەشی زۆرینەی لە دەوری دەرکەوتەکانی ژیان دەخولیتەوە و تەواوی شتەکان بە کاتی و گوڕاو دەزانیت .

بە بۆچونی شانکارا وینەی دەرکەوتی جەستەکان جگە لە هەڵەی بینراو ( maya ) شتێکی تر نیە . تەنانەت ئەگەر باوەریشمان وابیت کە هەر یەک لە ئیمە ی مرۆڤ جیاین لە یەکتردیسان هەڵەیەکی ئاشکرایە . حەقیقەت ئەوەیە کە لە دنیادا تەنیا یەک شت بونی هەیە کە نە تەنیا ( من ) ( atman بەڵکو هەرچی لە جیهانی بوندا بونی هەیە . بەشێکە لەو تەنیا جەستەیە . لە هەمان سەردەمانی ئەو شەسەد ساڵەدا لە ( 300 – پێش زاین تا 300 ) زاییی بهاگتی ( ( bhakti سەرسپاردن بە خودای تایبەت ) بە شێوەی ئایینی گشت خەڵک ) چووە ناو هیندئیزم و بەم جۆرە بناغەو بونیادی هیندوزمی دێرین بە بێ پاشگرەکانی دواتری بوە جێگای پەسەند کردن . خواوەندەکانی وداکان جێگای خۆیان بۆ خواوەندەکانی ئاریایی چۆڵ کرد یان بە هاتنی ئەمان ئەوان بەسەرچوون . بەو چۆرەی رودرا خواوەندی بە توانا و بە هیز ، خواوەندی سەماکەران کە پەیکەرەکانی لە سەردەمە دیرینەکانی ئاریایدا لە پشکنینە ئاسەوار ناسیەکاندا دۆزراوەتەوە . یەک شتبوون . بابەتی پەرستن بۆ خودایەکی تایبەت . ( ( bhakti سودەکانی ڕۆحانیەتی یوگا بە ناوی بهاگارادگیتا ( bhagavad ( gita سرودەکانی خودا ) بە گشتی خراوەتە بەر شیکاری . ئەم کتیبە کە بە شێوە ی شیعری پڕخرۆش ڕێکخراوە . یەکێکە لە بەناو بانگترین کتێبە ئایینیەکانی هیندەکان و بە بۆ چونی زۆرێک بە شێوەی تەورات بۆ ئەوان ئەژمار دەکرێت . دەربارەی ئە کتیبە لە پیش هەرکتێبێکی ترەوە ئەم ئایینە تەفسیرولیکدانەوەی بۆ کراوە . لە سەر بنەماکانی بهاگتی سەرسپاردن و ملکەچ بوون بۆ خواوەندێکی تایبەت وەزیفەی هەموو کسێکە .هاواکات گەیشتن بە ڕزگاری ( (1) ( moksha

1-مکشا ( = ( moksha ئازادی لە سەردەمی بەردەوامی ژیان و مردن و ئەو کاتەی کە بە دەست دێت کە لە ئەنجامی پەرستندا زانست و عەشق بۆ خودا تەواوی قورسی و وەزنی کارما کە هۆ و هۆکاری بونەکان و مردنە بەرەوامەکانە لە ناو بچێت .

تەنیا بە هۆی  خواوەندەکانی میسرەوەیە . لێرەدا بۆچوونەکە تەواو روون نیە کە ئایا تەنیا ئیرادەی خواوەندی هۆی ڕزگاریە و بەوەی کە هەوڵو تەقالای مرۆڤ  بۆ گەیشتن بەو قۆناغە  پێویستە  . بۆ وەڵام دانەوە بەو پرسیارە  . لە ئەنجامی زەرەورەتی بوونەوە یەکێک پەیوەندی بە گریانی مناڵەکەی خۆی و ئەوی تر بە بەچکە مەیمونێکو دایکیەوە . لە بابەتی یەکمدا مناڵان دەگریەن لە کاتێک دا لە جێگایەکەوە بۆ جێگایەکی تر لە مەترسی دوور بخرێنەوە  پەیوەندیدارە بە ئیرادەو سۆزی دایکەوە  . کە منداڵەکانیان بە دەمودەست منداڵەکانیان بۆ جێگایەکی بێ مەترسی دەگوازنەوە . لە بابەتی دوەمدا بە پێچەوانەوە ئەوە بەچکەی مەیمونە کە بە هەستکردنی بە مەترسی بە دەستی خۆی بە توندی باوەش بە دایکی دا دەکات  و ئەنجار دایکە کە بۆ جێگایەکی بێ مەترسی دەگوازیتەوە  . زۆرینەی بانگەشە کەرو مامۆستایانی هیندو تەفسیر دووەم بە پەسەند دادەنێن و لەو باوەڕەدان کە مرۆڤ پێویستە بە ئیرادەی تەواوەوە لە روی ملکەچیەوە نیەتی بە و خودایەی کە دەی پەرستێت بسپێرێت . تا خوداش هۆکارەکانی ڕزگاری ئەو فەراهەم بکات  .

سەردەمانی شەش سەد ساڵە ئەتوانرێت بە سەردەمی ئەفسانەسازی و هیکایەت خوانی ناوزەد بکرێت . ئەوەندەی کە ئەفسانەکان لە سەر زار بووە هەموو باوەڕەبنچینەیەکانی هندیەکان پێک دەهێنێت . لەو سەردەمانەدا کاتێک ئەم ئەفسانانە خرانە سەر کاغەز  گەرچی هەندێک لەم داستانانە هێماگەلی مێژوویی دروست پیشان دەدات  . بەڵام بابەتە بنچینەیی یەکانی مشتو مڕی هەمیشەیی نێوان خراپ و باش پیشان دەدات . نەزمی هەراو هوریای ناو ژیانی مرۆڤە . وە دڵنیا بوون لەوەی کە سەر ئەنجام سەرکەوتن هەر بۆ باشە . و لە ئاڵۆزی شک و گوماندا هەمیشە ڕێگایەک بۆ ڕزگاربوون بوونی هەیە . بنەمای زەرورەتی دوداستانی رامایانا (Ramayana) و مهاب هاراتا (mehabharata) لە سەروێناکردنی ئەو  بنچینەیە هەڵچنراوە  کە مێژوو بە سەر دوو سەردەمانی باش و خرابدا دابەش بووە . لە سەرهەڵدانی دادپەروەری و چاکەکاریدا ، نەزمو ڕێکخستن (dhama) کاریگەریان لە سەر دنیا داناوە . بەڵام لە ماوەی چوار سەردەمدا . پێوانەکان بەسەرچوون و خواوەندەکان بڕیاریاندا جیهان وێران بکەن  و دووبارە ڕێکی بخەنەوە .

ناوەندی هزری داستانەکانی هند ئەو باوەڕە گشتی یە پێک دێنن . کە خواوەندەکان بۆ ڕزگاری مرۆڤ لە هەر سەردەمێکدا بە شێوەی مرۆڤ  خۆیان پیشان دەدەن  . داستانەکانی ڕامایا  24000 بەیتە . پەوەندی دارە بە سەردەمی دوەمی جیهانەوە و سەردەمانێکە کە هێشتا دیسپلین ورێکخستن بەدەستلێنەدراوەیی مابوونەوە . ئەم داستانە حیکایەتی فێڵ و تەلەکە یە راما لەگەڵ  سیتا (sita) هاوسەر گیری دەکەن  بەڵام راوانا (ravana) پاشای سیلان  بە مەکرو فێڵ ژنەکەی راما لە گەڵ باوکی بە شەڕدەدات و لەگەڵ خۆی دەی بات بۆ دوورگەی سیلان دەی شارێتەوە . راما خەمبارو دەلتەنگ لە هانومان خواوەندی مەیمەونەکان دەپارێتەوە مەیمونەکان پردێک بە هەمویان لە نێوان هیندستان و سیلان دروست دەکەن راماو هانومان بە سەرپردەکەدا دەڕۆن  هانومان بە چونە سەر درەختە بەرزەکان شوێنە نهێنیەکەی سیتارا دەدۆزێتەوە . جەنگێکی قور لە نیوان راماو راوانا دروست دەبیت راوانا لەو جەنگەدا دەکوژرێت و سیتا ڕزگاری دەبیت و پاش ئەوەی کە بەهۆی ئاگر لە ناوەندی تاقیکردنەوەدا دەکەوێتەوە و داوێن پاکی سیتا دەردەکەوێت دەگەرێتەوە بۆ لای مێردەکەی  . راما لەم داستانەدا سەرچاوەی راستگۆیی و هاوریەتی یەکێک لە جوانیەکانی (avatars) دولایەنەی چەقی مرڤە  . داستانی راما نە تەنیا بە منداڵانیش دەخوێنن بەڵکو ناوی راما بنچینەی رۆژانەی ژیانی هیندیەکان پێک دەهێنێت . لە دەستپێکی هەر کارێکدا داوی یارمەتی لەو دەکەن  و لە کۆتایی سەرکەوتنی کارەکەش سوپاسگوزرای و ستایشی دەکەن  .

ئەفسانەی ماهاب هاراتا ( mahab harata)بریتی یە لە 9000 بەیتی شێعری . حیکایەتی جەنگی خێزانیە . کە لە کۆتایەکانی سەردەمی سێەمدا ڕوی داوە . و تا سەردەمی چوارەم یانی تا سەردەمی ئالۆزیەکان و خراپیەکان . درێژ دەبێتەوە . لەم داستانەدا دوو گروپی ئامۆزا بۆ گرتنە دەستی دەسەلات بەریەک دەکەون . پاش جەنگێکی درێژ پێنج برای پاندورا ( Pandora)دەسەلات بە سەر هەموو نەیارەکانیاندا دەگرنە دەست . بە پێچەوانەوە براکانی پاندورا بە درێژایی ماوەی جەنگە کە بنچینەو بنەمای بابەتی داستانەکەیە . یودیشت هیرا ( yudhisht hira)براگەورە بڕوای وایە کە جەنگ بێهودەیە و لە ڕقەوە دروست دەبێت و پێویستە خۆی لێ بەدور بگرێت . فەرمانی بەبرای سێیەمی کرد ئارجونا کە فەرماندەیەکی گەورەبوو دەست هەڵبگرێت . ئارجونا لە گەڵ بۆچوونی براگەورەکەی هاورابوو نەی دەویست لەگەڵ خزمووکەسو کاری خۆی درێژە بەشەر بدات . داستانەکە لە بەشی پەیوەندیدار بە سرودەکانی خواوەندەوە . دەگاتە لوتکەی خرۆشان . ئارجونا لەگەڵ کریشنا ( Krishna)ڕای تەواوی خۆی کە لە ڕاستیدا هەشتەمین هۆنینەوەی ویشنو یە ، دادەنیشن و پاش گفتو گۆ ئەم سرودە ئایینیانەی لێ بەرهەم دێت .

( من برهما م هەمان خوای تەنهاو ئەزەلی قوربانی منم نزاو پارانەوە منم نیازی مردوەکان منم ئەم جیهانە بێ کۆتایە منم باوک دایک نەژاد پاسەوان و کۆتایی مەعریفە منم کتێبەکانی ریگ ودا ساماودا یاجورودا ڕێگاو بان ، خوداو بەخیوکەر دادوەرو شاهێدو کەرامەت و پەناگاو دوستو دوژمن سەرچاوەی ژیان و دەریای ژیان هەرچی یەت و هەرچی دەروات ونبوو دیار وەرزەکانی بێ ئەژمار هەموو منم مەرگ منم ژیان منم ژیان لەم جیهانەدا کە دەی بین و ژیان لەو دنیا کە نای بینی هەموو منم و تەنیا من . ئەی شازادە خۆت ببەخشە بەمن من بپەرستە من خزمەتکە بە عەشق و ئیمان دەستی دۆستایەتیم بدەری ، تا من تۆ لە کۆت و بەندی گوناهەکان و هەڵەکان تۆ ئازاد بکەم ، دڵنیابە هەرکەس کە ئیمان بە من بهێنێت هیلاک نابیت . دڵو خەیاڵت بۆ من بکەرەوە و لە مندا جێگیر ببە و من بپەرستە لە بەرانبەر من کرنوش بە خۆشبەختی بێ کۆتایی من و بەختەوەری بزانە تا ڕۆحی سەرگەردانی تۆ لە داوێنی مندا ئارم بگرێت تەنیا ئەوانەی کە سەریان بە من سپاردووە دەتوانن من ببینن و من بناسن و بۆلای من بین . )

بۆ رازی کردنی شازادە بۆ درێژەدان بە جەنگ کریشنا پێی دەڵێت کە ئاکامی زەرورەتە چون یەکەکان لە سەر هەر کردەیەکی تر کاریگەری هەیە ، هەڵکەوتی کۆمەڵایەتی ئێمە پابەندی کۆمەڵێک وەزیفەیە خۆ بەدوورگرتن لە بەجێ گەیاندنی ئەو وەزیفانە ڕێگای ڕزگاری نیە کردەی گرنگتر لە بێ جوڵەیدا یە ئاکام و کۆتایی ئەنجامی وەزیفە چوون یەکەکان هەرچی بێت پێویستە جێبەجێ بکرێت و نابێت چاو پۆشی لێ بکرێت . ئەگەر ئەنجامی وەزیفەیەک لەگەڵ ڕۆحی پاک هاوئاهەنگ بێت گوناە نیە پرۆسەی زانست و نیەت پاکی ڕێگای جۆراو جۆر و گەیشتنە بە ڕزگاری .

)هەروەک میتیۆ لۆژیاکانی تر لە سەر وینشۆ کە گوایا سێوەی مرۆڤ و دەرکەوتەی لە شێوەی وینشۆدا . باس دەکرا . داستانی بهاگاواتاپورنا ( bhagavata purana)یە لەم داستانەدا ویشنۆ بە شێوەی شازادەی هۆزی باداواس ( badavas)دەردەکەوێت لە دەروروبەری لە دایک بونی و منداڵێدا داستانەکانی (محبرالعقول ) زۆر باس دەکرا و لە هەمبەر سەر سپاردن هەندێک کات بە منالّ و

لە وەڵامی ئەو پرسیارەی کە بۆ چی ویشنو بە جلوبەرگی شوانیەوە پەیکەری بۆ دروست دەکرێت وبۆچی گا لە لای هندیەکان پیرۆزە . پیزستە لە باوەڕەکانی ئاینی ئاریاییەکانەوە لە کاتێکدا کە هێشتان لە سەر زوی و ناوچەی خۆیان دەژیان و گایان بە پەیکەرێکی خواوەندی زەوی و نموونەی پێدراوێکی خودای بە مرۆڤ زانیوە . بزوتنی ئەم هزرە بۆ ناو ئایینی دیرینی هندیەکان بە میراتی ماوەتەوە و

دریژ بوەتەوە بۆ ئیستا . و کاریگەری لە سەر رۆژانەیان بە جوانی دەردەکەویت . ئاڵف دان بە گا لە باوەڕی هیندیەکاندا جۆرێک پەرستن و هەتا میزی گا بە پیرۆز و دادەنێن بۆ ئەو کەسانەی کە بە بێ ویست لە یاساکانی سیستەمی چینایەتی لایان داوە دەرخوارد دەدن . گەرچی هەندێک لە هیندیەکان گۆشت خواردن بەلام زۆرینەی هندیەکان لە سەر هەمان باوەڕی کۆنە وەک ریزێک بۆ گا ڕویان لە گیاخواردن کردوە .

ئەفسانە گەلێکی تر دەربارەی دەرکەوتنی ویشنو ( avatarsبە شێوەی کیسەڵ و مسی بۆ ڕزگار کردنی مرۆڤ لە هیندستان ئەوە بۆ ئەوە دەگێڕێتەوە و تا ئیستاش لە سەرزمانە هندیەکان لەو باوەڕەدان کە ویشنۆ بۆ دواهەمین جار لە شێوەی گوتوما بونیاد نەری بودیزم دێتە سەر زەوی و لە ئایندەدا و بۆ دواهەمین جار بە شێوەی کالکی دەرەکەویت . ئەو کاتەش دواهەمین سەردەمی دونیایە کە ویشنۆ سواری ئەسپێکی سپی دەبێت و بە شمشێرێکی ئاگرینەوە بۆ ڕزگار کردنی جیهان هەنگاو دەنێت و دنیا کۆتایی پێ دێت . بە برەو پێدانی فەلسەفەی ئوپانیشادەکان باوەڕێکی نوێیان لە هەمبەر تەناسخ ( samsaraگەڕانەوەی ڕۆح بۆ ژیانێکی نوێ لە ئایینی هندیەکاندا سەری هەڵدا . بەپێی ئەم باوەڕانە جگە لە ڕۆحی ئەو کەسانەی کە لە ئەنجامی پاک بونەوەی ڕەفتار یان پاک بوونەوە لە گوناح و پاش مردنیان پەیوەند دەبن بە هێزی ئەوانەوە .یان ڕۆحی ئەو کەسانەی کە زۆر شەڕەنگێزو خراپ بوون لە ئەسفەل سافلیندا بۆ هەمیشە دەمێننەوە . ڕۆحی ئەو خەڵکەی کە دەمر ێت بۆ ژیانێکی نوێ دەگەرێت و پاشان دەچێتە ناو جەستەی کۆرپەلەیەکی ترەوە . ئەم نوێبونەوەی ژیانە ئەوەندە درێژەی دەبێت تا ڕۆح لە ئەنجامی ڕەفتاری باش و کردەوەی چاکی ئەو کەسە تا دەگاتە هێزی یەکلایی . یان لە ئەنجامی شەرەنگێزی و کردەوەی خراپی مرۆڤ لە ژیانیدا بۆ جەهەنم بەری دەکرێت .

پاش سەرهەڵدانی فەلەسەفی تەناسوخ فەلسەفەیکی تر بە ناوی کارما (1) karma)لە ئاینی هندیەکاندا دەرکەوت لە سەر بنەمای فەلسەفەی کارما جۆری ژیانی ئایندە ڕۆح لە سەر بنچینەو ڕەفتاری ئەوکەسەی کە دەمرێت و خاوەنی ئەسلی ڕۆح لە ژیانی رابووردوی خۆیدا ئەنجامی داوە دیاری دەکرێت . بەو مانایەی

---

1-کارما لە بەکار بردندا مانای کارو کردەوە دەدات . بەڵام لە فەلسەفەی ئایینی هندیەکاندا بە مانی ( نەتیجەی کار بەکار هاتوە .

کە ئەگەر کەسی مردوو لە ژیانی پێشوی خۆیدا خاوەنی ڕەفتاری اش و پەسەند بوبێت و یاساکانی مانو و سیستەمی چینایەتی بە تەواوی پیادە کردبێت ، ئەوا ئەگەری ئەوە هەیە ڕۆحی بچێتە ناو جەستەی کۆرپەلەی ژنێکی برهمنی و یان بچێتە ناو جەستەی ژنێکی شازادەوە پاش مەرگی برهمن یان شازادەکە لە مەودای خۆلگەیی ژیان و مردندا ڕزگاری ببێت و بچێتە نیرواناوە . ئەگەر لە ژیانی رابوردوی خراپەکاری و شەرەنگێزیی کردبێت ڕەگە ڕۆحی بچێتە جەستەی کۆرپەلەی ژنێکی مردوو شۆرەوە . ماددەی بونەوەری یان کرم تیی بدات . لە ئاینی هندیەکاندا یاسای کارما هەروەک هەموو یاساسروشتیەکان گشتی و جێگیرە بۆ هەلسەنگاندنی کردەوەی کەسێک هیچ جۆرە دادوەری و یفادەیەک نیە . تۆبەو شفاعەت لە لایەن کەسی گوناح کارو یان لیخۆش بون و لیبوردن لە لایەن خواوەندەکانەوە بێ مانایەو هەر کەسێک بەرهەمی کردەوەی رابوردویەتی کۆی کارو کردەوەیەتی . لە ژیانی ئایندەیدا ئەو شکڵ و شێوە یەی کە دەبێت لە ژیانی نوێیدا تیای دەرکەوێت هەموو لایەنەکانی ژیانیەتی . گومان کردن لە کارایی کارما ناشیرین ترین کفرە .

باوەر بوون بە تەنسوخی ڕۆح و یاسای کارما هاوئاهەنگ لەگەڵ سیستەمی کمەڵایەتی چینایەتی ( caste) جۆرێک ژیانی عیرفانی و تەرک کردنی چێژی جەستەییە ، و دورە پەریزی لە چالاکی یە ماددیەکان لە لای هندیەکان هینایە بون . پەیرەوانی ئەو ئایدیایە گەیشتن بە رزگار بوونی ڕۆحی و پەیوەست بوون بە نیروانا وەو تەرک کردنی پەیوەندیە دنیاییەکانی جەستەییان قبوڵ کرد . لە ناو بردن و قەلا چۆ کردنی ڕۆحی گشتی لەلای هندیەکان گرنگیەکی زۆری هەیە . بۆ گەیشتن بەم قۆناغە لە رزگاری ( moksha) بیرکردنەوە و خەلوەت گرتن و تەرک کردنی چێژی جەستەیی بەس نیە و بۆ لە ناو بردنی ئیرادەی تاکیەتی و مانەوەی بە پاکیەتی تا هەتاهەتایی لە گشتی رەهادا . قوتابخانەیەکی تر بە ناوی یوگا دروست بوو . دروستبوونی ئەم قوتابخانەیە لە لایەن فەیلە سوفێکی تر لە پەیرەوانی قوتابخانەی شانکهایا بە ناوی پاتان جلی ( patanjali ) بنچینەی دارێژرا . پەیرەوانی ئەم قوتابخانەیە باوەڕیان وایە لە ژێر کاریگەری وەرزشی دژواردا پێویستە جەستە ئەو سنووردارییەتیانە تەحەمول بکات و بەشێک لە کردەی جەستەیی هەتا هەناسە دانیش ڕ ابگرێت تا ببێتە خاوەن هێزێکی لە رادەبەدەر و لە مەودای کات و سەردەمدا لە سەردەمی خولگەی ژیان و مردندا تێپەرێت و رزگاری ببێت . پاتان جلی فەلسەفەکەی خۆی لە کتێبێکدا بەناوی ڕاگا یوگا ( ragayoga ) نوسی و بلاوی کردەوە . ئەو کردەو رەفتاری نارەحەتی بۆ پشتیوانی ڕۆح پێشنیارکرد کە رێکخستنی ڕۆح ناوەندی گشتی هێزو توانای کۆ ئەندامی دەمار داناو بە دوبارە کردنەوەی دەستەواژەی (مرموزاوم – a-u-m ) بە شێکی بچوکە لەوانە .

ئەوەی کە ئەمرۆکە بەناوی ئاینەوەیەو لە ناو هندیەکاندا بایەخی هەیە . هەمە جۆری باوەرو باوەرە تێکەلاوەکان و گومان و خورافاتی جۆراو جۆرە . باوەربوون بە رۆحی خیرو شەر بت پەرستی و ئاژەل پەرستی و سروشت پەرستی و هتد... هیندۆئیزم و باوەڕی جیاوازو هەندێکاتیش دژ و کەمو کورت :

1-زۆرینەی خەڵک باوەریان بە بوونی خودایەک هەیەو هەندیکی تریش باوەریان بە بونی خودایەک نیە .

2-بەشێک لە هندیەکان باوەریان وایە کە بۆ ریزگرتن لە ئاژەلەکان و بونەوەرەکانی تر وا پویست دەکات کە مرۆڤیش گیاخۆر بیت باشە . بەشێکی تریش ئاژەڵ لە بەرانبەر پەرسگاکاندا دەکەنە قوربانی و بە بەختەوەری و بەخشینەوەی گۆشت بۆیان گرنگە

3-بەشێک شیارابە بە خواوەند دەزانن و بەشێکی تر بە پەرستنی ویشنۆ وە سەرقاڵن هەندێکی تر کریشنا و یاراmara بە خوا دەزانن و لە بەردەم خواوەندەکانی تریشدا چۆک دادەدەن و کرنوش دەبەن .

4-تەنانەت لە ناو گوندێکیشدا لە پەرستنی خوادا وەک یەک نین و یەک خودا ناپەرستن و لەم رەوەش هاو ئاهەنگی و یەکێتی لە نیوان خەلک زۆر بەدووری دەبینریت .

5- کەسێکی هندی زۆرێک لە خواوەندەکان دەپەرستێت و ستایشیان دەکات .

6- کەسێکی هندی رەنگە باوەری بە یەک خودا هەبیت بەلام لە بەرانبەر خواوەندەکانی تردا بە شێوەی دەرکەوتەی ئەو خواوەندەی دەی پەرستیت کرنوشی بۆ دەبات .

7- رەنگە دەرکەوتەی خواوەندی جێی باوەری لە ساتی دەست لیداندا لە سەر خۆ بچیت .

لە راستیدا دەتوانریت هیندوئیزم بە یەکێتی ئایینە جۆراو جۆرەکان و نەریتی دیرین یان ئەنجومەنیکی هزری و بیری جیاوازی ئاینی ناوەزەد بکەین کە تیایدا هیچ جۆرە هاو ئاهەنگیەک یان یەکبونیک بەرچاو ناکەویت و هەر یەک لە ئاوازیک لێ دەدات و خۆتی هەڵقورتاندن لە کاری یەکتریشدا

به شیاو گونجاو نازانریت . هیندۆئیزم باشتره به ئاین و ڕەوشێکی ژیانی دابنیت نەک جۆرێک له هزری ئاینی .

تیۆریایەک کە بە ڕێژەیەک لە ناو هندیەکادا جیگای قبوکردنە و باوەریان پێی هەیە . بابەتی تەناسخی رۆحە ( samsara ) و سەرلە نوێزیندوبونەوەی بەردەوامی رۆحە ، ئەوەی کە فەلسەفەیەکی تری وەک کارما ی ( karma ) خولقاند ئامانجی هندیەکان لە ژیاندا گەیشتنە بە رزگاری ( ( mokasha رزگاری لە نەویستراوەکانی ژیان وەک نیگەرانی گەندەلی و خراپەکاری ( ودر ) پلەی یەکەمی خولگەی ژیان و مەرگە و دەستگەیشتن بە ئارامی و ئاسایش ژیانی جاویدانی بە بێ گەرانەوە بۆ ژیانیکی تر و دواتر گەیشتن بە پلەی نەمری نیروانا فەلسەفەی پەیوەندی دار بە رزاری کەسەکانەوە لە پێ سەرهەڵدانی هینۆئیزمەوە بونی نەبوو و ئەم هزرە هاوکات لە گەڵ سەرهەڵدانی فەلسەفەی تەناسوخ لە ئایینی هندیەکاندا سەری هەڵدا و بنچینەی سەرەکی و ئامانجی ئایینی پێک دەهێنێت . عەشق بۆ رزگاری و ئازادی تەنیا بە فاکتەرەکانی رۆحەوە پەیوەندی هەیە و لە ژیانی سیاسی کەسەکاندا بە هیچ جۆریک کاری گەری نیە . دەستورەکانی ئوپانیشادەکان تەنیا چاودیری ئازادین لە کۆت و بەندی جەهالەتی ئاینی دا. کاتێک کە کەسیک پەی بە حەقیقەتی شتێک برد و رەفتارو هەڵەو کەموکورتیە بینراوەکانی دورخستەوە . لە سەر بنەمای زانست ( inana magra ) کە بە رزگاریەوە ( moksha ) کۆتایی دێت . دەست دەکەویت . زانست لە ریگەی فیرکرو لە خۆدا چربونەوە هاوکات لەگەڵ چالاکی یوگاو وەرزش و دوبارە کردنەوەی دەستەواژەی سێحر ئامێز ( ئوم ) کە مەعریفەی زاتی بێ کۆتایە بەدەست دێت . لە سەر بنچینەی فەلسەفەی ئوپانیشادەکان بۆ ئەو کەسانەی کە دەگەنە قۆناغی کامڵ بوون و توانی کەیشتن بە نیروانا و بەختەوەری بۆ رۆحی کەیهانی بە دەست بێنن . پێویستە رۆح بە پاکیەتی و سەفی گشتی تیر بکرێت و نەفسی خۆی لەگەڵ رۆحی کەیهانیدا بسازێنێت . ئەم ریگایەش پەیوەندیدارە بە بابەتی پێش وەختی هزری و ماددی و عەقلانیەوە تا ئەو کاتەی کە نەفسی مرۆڤ بگاتە پلەی کەماڵ و کارما بە دەست بهێنێت . پێویستە لە کاتی لە دایک بونەوە تا کاتی مردن کردەی چاک ئەنجامبدات تا خۆی بە شیاوی پاداشت و خەلات بزانیت . کە پاش مردنی رۆحی بۆ ئاسمانە کان فری بەلانی کە یا لە ژیانی داهاتوی بچیتە ناو جەستەی کۆرپەلەیەکی ژنی برهمنی یان ژنێکی شازادەوە . پێویستە بە پێش کەش کردنی خەلات و قوربانی پێشکەش کردن بۆ خواوەندەکان پەرستنی زەردەی خۆر لە کاتی هەڵهاتنی و پارانەوە و نزاکردن لیی کە بە کورتی و پوختی لە کتێبی مانودا ( 1 ) ( manu ) شیکراوەتەوە نوراوە . بەج جۆرە رۆح پاک دەبیتەوە و دەگاتە جیی خۆی .

زۆرینەی خەڵکی هندستان لە فەلسەفەی دین نازانن و لە سەر ئەو کردارە بۆ ماوەیانە کە لە نەوەکانیانەوە بۆیان جێ ماوە فیرکراون . بە بێ ئەوەی هیچ گۆرانکاریەکی تیا بکرێت پەیرەوی دەکەن .

1-مانو لە راستیدا فقەو موفەسیری چۆنیەتی پەرستن و ئایینی هندە و لە ماوەی ساڵی 150 پێش زاین دیاری کراوەو هەلگری گشتی مرمات و واجبات و ئاداب و پەرستن و موفەسری حەلال و حەرا مو زنجیرەیەک نۆرم و داب و نەریت کە بە باوەری خۆیان هۆی رزگاری یە پاش مەرگ رۆحی ئەوان دەچێتە نیروانا نەوە یان بەلانی کەمەوە دەچێتە ناو جەستەی کۆرپەلەیەکی ژنیکی برهمنی و یان ژنێکی شازادەوە . بەبیچ بیر کردنەوە ئەم ریچکەیان گرتوە . لە ناو مالەکانیاندا پەرستگەیان بۆ خواوەندەکانیان دروست کردوە و ناوی ئەو خواوەندەی دەی پەرستن بە تەواوی ریزەوە دەهینن و لە کاتی پێویستدا هانا بۆ خواکان دەبەن و داوای سوپاس و ستایش بۆ ئەوانی تریش دەکەن . ئەم خواوەندانە کە ریژەیان زیاتر لە هەزانە ، نە تەنیا لە شارەگەورەکان بەڵکو لە هەرگۆشەو کەنارێک ژێردرەختێک لە تەنیش چەمو روبار بە فراوانی جیگایان بۆ دابین کراوە .

هندیەکان جگە لە زیارەت کردنی ئەو خودایانەی کە لە مالەوە یان لە شوێنی پشودان و کارکردندا بونیان هەیە ، بۆ زیارەت کردنی ئەو خوداکانی تر بۆ شوێنە پیرۆزەکان کۆچ دەکەن . ئەم جیگایانە شوێنی پەرسگەی گەورەناگرنەوە بەڵکو هەر خاڵێک لە هەرگۆشەیەکی خاکی هندستاندا کە دەربارەی یان ئەفسانەیەک لە سەر زاریانە بە جێگای پیرۆز ناونراوە . لوتکەی شاخەکان سەرچاوەی ئاوەکان رۆخی روبارەکان یان هەر جێگایەک کە پەرستگەیەکی لێبێت . بە جێگای پیرۆز دەناسرێت و جێگای پەرستنی هەزاران هەزار هندیە .

هندیەکان هەر سێ ساڵ جارێک بەرەو هاروار ( harwar )لە شاری ئەلا ئاباد بنار س یان کەناری دەریا گنگ کۆچ دەکەن . لە قوراوی ئەو روبارەدا خۆیان دەشۆن ئاوەکەی بە چێژەوە دەخۆنەوەو سوپاس گوزار دەبن . لە یەکێک لە رۆخی روبارەکە لە سەرچاوەکەیەوە خۆیانی تی فری دەدەن و لە و سەرەوە دێنە دەرەوە . چەپکێک گوڵی زەرد دەخەنە ناو ئاوەکەو پاش زیارەت کردنی چەند پەرستگەیەک کە لە سەر ریگاکەن لە قاپێکی بچوک هەندێک لە ئاوی روبارەی گنگ بە خۆشحالیەوە بۆ مالەوە لە گەڵ خۆیان لە و سەفەرە دێننەوە . قاپە بچوکە ئاوە پیرۆز کراوەکە هەڵدەگرن تا سەفەرێکی تر . بەختەوەر ترین کەسێک ئەوەیەکە لەو سەفەردا بمرێت و بە خۆشحالیەوە هەڵی بدەناو روبارەکەوە . هەر دوانزەساڵ جارێک رێژەیەک کە نزیکەی دە ملیۆن هندی لە ناحیەی کۆمبەملا ( cumbeh mela )ئەو جێگایەی کە ڕوباری گنگ ( ganges)و روباری جومنا ( gumna) تیایدا پێک دەگەن لە مەراسیمێکی ئایینی گەورەدا بەشداری دەکەن . واران ئاسی ( Varanasi ) جێگایەکە لە رۆخی رووباری گنگ کە هەر هندیەک ئارەزووی هەبێت لەو جێگایەدا بمێرت پاش سوتاندنی جەستەکەی خۆڵە مێشەکەی لە سەر ئاوە پیرۆزەکە رۆدەکەن . سادهو ( sadhu)بە پیاوێکی پیرۆز دەوترێت کە لە خزمەتی خودایەکی تایبەتدا بیت . هەندێک لەوانە خەڵوەت دەگرن و گۆشە گیر دەبن و هەندێک کاری قورسیش ئەنجام دەدەن . هەوادارانی ویشنۆ دەمو چاویان بە سێ خەتی ستوونی رەنگ دەکەن و خزمەتکارانی شیواش هیڵی ئاسۆیی لە سەر دەمو چاویان دەکێشن .

هەمە جۆری باوەرەکان و باوەڕی ئاینی لە هندستان زۆر ئاڵۆز و هەمە جۆرەو چەندین هەست و هزری ئاینی لە خۆ دەگرێت . هندۆئیزم سیستەمێکی ئاینی کۆمەلایەتیە کە لە ناو هندیەکاندا تا برەوی هەبووەو گەشەی کردوە تا گەشتوەتە ئێستەش .

پیاوی هندی دەتوانێت لە کردەی ئاینی خۆیدا زۆر دەمار گیر و تندوتیژبێت یان لیبوردەو بێ باوەریش بێت . مادام کە بە شێوەیەکی ئاشکرا سیستەمی چینایەتی ( caste)پێشێل نەکردووە . ئەتوانێت هندیەکی رێک و پێک و باش بێت . و لە ژیانی ایندەیدا رۆژکارێکی باشتری هەبیت . لە هندستان هیچ کەسێک پەیوەندی بە باوەڕی ئاینی ئەوی ترەوە نیە و سەرنجێکی نیە کە ئەو پەیرەوی چی ئاینێک دەکات . ئەوەی کە پەیوەندی بەوەوە هەیە . ئەوەیە کە ئایا دەتوانێت لە قاپێکدا پێکەوە نان بخۆن یان نە . ؟ لە پەرستگەکاندا ئایینی پەرستن بە شێوەی تاکە و بە گشتی پێشکەش کردنی خەڵات و دیاری یە بۆ پەیکەری خواداکان . پەرستنی بتەکان بە شێوەی تەواف کردن سورانەوەیە لە دەوری بتەکان . تەواف پێویستە بە شێوەیەک ئەنجام بدرێت کە پەیکەرەکە هەمیشە لە لای راستەوە بێت .

لە مەراسیمی پەرستندا پێداویستی یەکانی خوداکان لە لایەن پەرستکارانەوە دابین دەکرێت پەرستیار لە پەرستنی پەرستگاکەیدا ( vaishnavite)شانزە جۆر کاری جیاواز ئەنجام دەدات وەک شۆردنی پێی پەیکەرەکە و دەمو چاو شۆردنی و مەلە پیکردنی پەیکەرەکەو جلوبەرگ گۆرینی و لیدانی بۆن و خاڵ دروستکردن بۆیی و پێدانی خواردن و خواردنەوە تا ئەو ئامادە بکات بۆ پێشوازی کردن لە خەڵک . لەو ماوەیەی کە تیایدا ئەم کارانە ئەنجام دەدرێت سرودی ئاینی لە گەڵ مۆسیقایەکی هندی

عەزف دەکرێت . زەنگە کان لێدەدەن بخورەکان دەسوتێن کاتێک پەیکەرەکە ئامادەبوو تێکرای پەرستکاران بۆ دانانی رێز ( juga)دێن بۆ پەرستگەی خوداو لە سەر سفرەی خوادا کە رازاوەتەوە بە خواردن و خواردنەوە بە ناوی پراسادا ( prasada)بەشداری دەکەن . بەگشتی تەنیا پەیکەرە گەورەکە نمایشگەری برهما لە پەرستگەکەدایە و لەو رۆژەدا خواردن و خواردنەوە ی دەدەنی و لە شەویشدا لە سەر قەرەوێلە دەی خەوێنن . لە ئاینی هندیەکاندا پەیکەر لە جێگەی خودا نیە و ناتوانرێت هندیەکان بە بت پەرست ناوبنرێن بەڵکو پەیکەری بتەکان دەرکەوتەی بونی برهما یە . بۆ هەر هندیەکی دمارگیریش هەر بەشێکی پەرستگە پەیامێکی رۆحانیانەی تایبەتی خۆی هەیە . بۆنموونە ناوەڕاستی میحراب دڵی پەرستیاران و منارەکان جێگەی فرینی رۆحەکانە بۆ ئاسمان . هەنگاوی دەست پێکی مەراسیمی پەرستن بەرهمنێک بەشێک لە کتێبی پیرۆزی ودا دەخوینێتەوە . بەڵام ئەمە تایبەت نیە بە برهمنانەکانەوە بەڵکو تاکی هەر یەکێک لە چینە سێ لایەنەکانی سەرەوەی کۆمەڵ کە چاوەروانی ژیانێکی نوێ نین ئەتوانن نزاو چەندبەشێک لە کتێبی پیرۆز بۆ پەرستیارن بخوێننەوە . پەرستیاران . پاش پێشکەشە کردنی دیاری وەک پارە یان گوڵ لە دەوری میحرابە کە دەسورێنەوە و بەروە پشت لە پەرستگەکە دێنە دەرەوە . هندیەکان ئەتوانن مەراسیمی پەرستن لە مالەوەش ئەنجام بدەن بە جۆرێک وەک چینەکان کە دیاری کراوەو لە ئاست چینی خۆیدابە شێوەیەکی جیاوازتر . برهمنانەکان لە هەمبەر ئەنجامدانی مەراسیم ی پەرستن زۆر وردوو ئارام گرن .

بەشێک لە هندیەکان ژورێکی تایبەتیان بە ناوی پەرستگاوە تایبەت بۆ کاری پەرستن تەرخان کردوە کە تیایدا تابلۆ یان پیکەری ئەو خوادایانەی کە دەی پەرستن داناوەو ئاو ئاگریان بۆ پاک راگرتنی و تۆزی رەنگاو رەنگیان بۆ رەنگرێژانی داناوە .

تاکی چینە کانی سێ لایەنەی سەرەوەی کۆمەڵ کە لە سەر بنەمای باوەری گشتی چەندین جار تا ئەمرۆکە هاتونەتە دنیا و لە ئایندەدا ئیتر ژیان بۆ ئەوان نیە . مەراسیمی پەرستن سێ ئاستی هەیە لە رۆژێکدا پاش ئەوەی پارچەیەکی چنراوی پیرۆز دەخریتە سەر شانی چەپ و بەرەو بەرەو لای راست دەپێچریتەوە . رەگەزی ئەو چنراوە بۆ برهمنەکان و شازادەکان لە ئاوریشم و بۆ فەرماندەو بازرگانەکان خوریە . جگە لەوەی تاکی هەریەک لە چینی سی ٘لایەنە . هێمایەکی تایبەتی چینەکەی خۆی پێوە دەلکێنێت مەراسیمی پەرستنی بەرەبەیان بە نۆتەی دەستەواژەی سێحر ئامێز ( a-u-mدەست پێ دەکات پاشان پەرستیاران ناوی ئەو خوایەی دەی پەرستن دەڵێنەوە و ناوی عاقڵەکانی خێڵکەیان دەڵێنەوە ( rishishبەشێک دەیڵێن و ئەو بەشەکەی تریش بە شێوەیەکی ریک دەیلێنەوە .

(ئێمە بە مەزنی و لیبوردەیت شازی خۆری درەوشاوە پەیوەست دەبین تا زانایی و بینین بۆ ئیمە بە ئیلهام ببەخشیت .)

هندیەکان لە کاتی نزاکردن و پارانەوەدا لە سەر چوار مشقی دادەنیشن و چاوەکانیان دادەخەن و رویان دەکەنە خۆر پاش ئەنجامدانی مەراسیمی پەرستنی باڵا ئاو دە خۆنەوەو ناوی خودا دەبەن و ئەو نیوەی ئاوەکە بە چواردەوریاندا دەرژێنن . شەش بەشی جەستەیان بە ناوی خودا دەست لێدەدەن نزای ریگ ودا دوبارە دەلینەوە و مەراسیمی پەرستن بە پێشکەش کردنی ئاو بە پەیکەری خودا کۆتایی پێ دێنن .

مەراسیمی خۆرئاوا بوون هاو شێوەی مەراسیمی بەرەبەیانە بەڵام بەکورتی . مەراسیمی پەرستن هەمورۆژێک لەگەڵ فیرکراوە ئاییینەکانی گرو ( guruکە زانیاریە بۆ ئەنجامدانی مەراسیم لە ماڵەوە ئەنجام دەدرێت .

برهمنان و گشت تاکەکانی چینی سێ لایەنە ی باڵای کۆمەڵگە بە بێ خۆی تێهەڵ قورتاندن لە بەرێوە چوونی نەریتی ئاینی گوندنشینان و خەڵکی ئاسایی لە دەوری بەردو بتەکانیان سەرقاڵی پەرستنی

خوداکانی سێلایەنەی خۆیانن کە لەو باوەرەدان کە ئەو سێ خودایە دەرکەوتەی رۆحێکی ڕەهایە ( ishvara) کە لە ئەزەلەوە بونی هەبووەو تا ئەبەدیش هەردەمێنێتەوە هەر ئەویش سەرەتای بون و خولقینەری جیهان و بونەوەرانە . لە ئاکامی جەوهەری ئەوەوەیە شانەی بنچینەیی سێ هێزی برهما و ویشنۆ و شیوا بە دیار کەوتن . پەرستنی ئەم سێ هێزە سێکوچکەو سێ لایەنە پەرستی ( trimurti (لە هندستان پێک دەهێنێت . ئەم خواوەندانە خاوەنی هاوسەرو منداڵی زۆرن لە سەرەتای سەرهەڵدانی ئەم سێ خودایەدا لە تەنیشت یەکترەوە وەستان بەڵام بە پێی تێپەرینی کات بازنەی چاودێری و تایبەت مەندیەتی پەرەوانی هەریەک لە خوداکان شیوا چوە سەرەوەی سێگۆشەکە .

1- برهما : ئەو خولقینەری گشتە بەڵام پاش فراوان بونی جیهان و زەوی چالاکی ئەو گۆرا بە یەک جەستە و بە رێژەیەکی زۆری بونەوەر سنوردار بووە . برهما بە شێوەی پاشایەک رۆڵ دەبینێت کە خاوەنی چوار سەرو چوار دەستە . لە دەستەکانیدا یەک گۆزەو یەک تەزبیح و یەک کەوچکی پیرۆز و هەندێک دەرمان هەیە . هەندێک کات سواری بروسکە بوە یان لە سەر نیلوفەرێکی ئاوی دانیشتوە بۆ سەلماندنی ئەمەش کە برهما لە کەس نەبووە رۆڵ دەگێرێت . بۆهما نوسەری ودا و یاسادانەری هندیەکانە هاوسەرەکەی بە ناوی ساراس واتی (( sarasvati خودای ئاوە پیرۆزەکان ناوزەد کراوە . برهما دەتوانێت لە یەک کاتدا بە شێوەی جیاواز خۆی دەربخات بەو هۆیەشەوەی کە هندیەکان خودای زۆر و جیاجیا دەپەرستن . پۆلی تئیزم ( polytheism ) بە خودا ناوزەد ناکرێت . چونکە هەر یەکێک لە خوداکان دەرکەوتەی بونی برهمان . دەشێ خودا بە ناوی جۆراو جۆر ناو بنرێت بەڵام تەواوی ئەو ناوانە چیرۆکی ناوەکانی بونی تەنهایی برهما دەگیرنەوە .

2- شیوا : یەکێک لە خوادا مەزنەکانی ناوچەی جنوب و جنوبی خۆرهەتی ئاسیایە . خودای کوشتارو تاقەت پرۆکێنی دەرکەوتی چالاکی و یان بێ جولەیی و پشوی رەها . سەرچاوەی خیرو شەر بە کورتی شیوا فیداییە کە تەواوی رەفتاری جیاواز بۆ تەشکیل کردنی یەکیتی لەودا کۆبوەتەوە . ئەگەر کەسێک بمریت و یان گەلای داریک بەربیتەوە سەر زەوی بێشک ئیرادەو هیزی شیوایە بەلام بە خراپی سەنجی دراوەتێ . کە لە کیشوەری سامسارا ( samsara ) یان ناسخی رۆحەکان بە شێوەی بنچینەیەکی نەگۆر جێگیرو نەگۆراوی سروشت ناسراوە . مردن و نەبوون مانای نیە بەڵکو مردن بریتی یە لە گواستنەوەی ژیانی پراکتیکی بۆ ژیانێکی تر بەو هۆسەشەوە کردەی شیوا هۆی بەختەوەری مرۆڤ و سەرانسەری جیهانە نە ویران کردن و لە ناو بردنی گشتی . شیوا لە وینەی جیاجیادا پەیکەری بۆ دەکرێت .لە پشکنینە ئاسەوار ناسیەکاندا دەرکەوتوە کە شیوا وەک بتیکی زۆر دیرین کە رۆڵی خوای سەما کەران یان بە شیوەی مرۆڤیک بە جەستەیەکی نیوەژن و نیوە پیاوەوە کە چەندین دەستی هەیە ملوانکەیەکی لەملدایەو تەوریکی بە دەستەوەیەو مانگێک کە لە سەر سەریەت و بە مار دەورە دراوە دەردەکەوێت . یان پەیکەری پیاوێک لە بەرانبەر بەشی ژنانەی پەیکەرەکەدا وەستاوە و هاوکات هەمان شیوەش ژنێک کە ئەندامی مینەی دیارە لە بەرانبەر بەشی پاوی پەیکەرەکەدا وەستاوەو دەستی بۆ بردوە . ئەو پەیکەرانە یان ئەو وینانەی کە هندیەکان سەبارەت بە شیوا یان ئەو خوداکانی تر لە کاتی کردەی سێکسیدا دروستیان کردوە ناسینێکی راستەقینەی نێوان پەرستیاران و خوداکانی هندە کە حکومرانن . ئەم وینانە هندیەکان بە مەبەستێکی تەواوەوە لە ژورەکانیان یان دای دەنین و بە ریزەو سەریان بۆ دادەنەوینن .

یەکێکی تر لە وینەکانی شیوا پەیکەرێکە کە لە خەڵوەتدایە و لە کاتی بیرکردنەوەدایە و لە سەر خۆلەمێشێک دانیشتوەو پرچەکانی شیواوە . وە لە کاتی سەماکردندا لە سەر جەستەی شەیتان کە چوار دەستی لە هەردوولاوە دریژ کردوە رای دەوەشێنێت .

هاوسەری شیوا لە ئیمتیازاتەکانی شێوا سود مەندەو لە جیگا جیاجیاکانی ئاسایادابە ناوی جۆراو جۆرەوە ناونراوە. لە ناوچەیەکی تر پێی دەڵێن پارتیاتی ( partiati) و گوهنورد و لە ناوچەیەکی تر پێی دەڵێن ئوما ( uma) و تیشک و هەندێکاتیش دورگا ( ) ( durga) رام نەکراو ) و هاوکات بە کاڵێیش ناوی دەبەن . و لە هەموو ناوچەکان بە گشتی وەک شیوا دەی پەرستن . کوری شیوا کە بە پارتیاتی هاوسەری گوهنوردار ، گانیشا ( ganesha) ناوبراوە بە شێوەی مرۆڤ کە سواری فیلێک بووە لە تەواوی پەرستگە کانی شیزادا دانراوە .

3- وشنۆ : پاریزەری گشتی و دەرکەوتی سۆزو خۆشەویستی ، خوادایەکە کەلە بەرزایەکانی ئاسمانەوە چاودێری کارو کردەوەی مرۆڤەکان دەکات و لە کاتی مەترسیدا بۆ هاوکاری دێت .ویشنۆ خۆشەویستە لەلای خەڵکی هندستان . شێوەی ئەو وەک پیاوێکی چوار دەست و ماسولکەی بەهیز کێشراوە . کە لە دەستێکیان دا بازنەیەکی ئاسن و لە دەستێکی تری گورزێکی ئاسن بەشێوەی هێمای پادشایی و لە دوو دەستەکەی تریدا سەدەفێکی حەلەزون و گوڵێکی نیلو فەری ئاوی وەک هێمای مەزنی و پاکێتی هەڵگرتوە . تاجێکیش لە سەریدایە . جلو بەرگێکی زەردی لە بەردایە . کاتی نوستنی لە سەر قەرەوێڵە دە خەوێت و یان بە شێوەی هێمای خۆر سواری سیمورغێکی مەز بووەو ( garuda) لە کاتی تێپەریندایە بە ئاسماندا .ویشۆ بۆ رزگار کردنی مرۆڤ دە پلە لە سەرەوە بە شێوەی جیاجیا دەرکەوتوە کە لە هەمویان بە ناوبانگتر کریشنا یە . ئارابەرانی شازادەو ئارجونا و راما یە .

تاکی هندی لە ژیانی خۆیدا پێویستە چوار وەزیفە بۆ گەیشتن بە ئامانج ئەنجام بدات :

1-لە ئەستۆ گرتنی کاری خوداکان کە پێی دەڵێن دهاما ( dhama) شەریعەت

2-ئەنجامدانی وەوزیفەی دنیایی یان ئارتا artha

3-چیژی جەستەیی یان کاما kama

4-گەیشتن بە قۆناغی کەماڵ یان مکشا moksha

یەکێکی تری لە باوەرکانی هندیەکان ریزی لە رادە بەدەرو زیاد لە پیویست پەرستنی مانگایە . لە دیدی هندیەکانەوە مانگا سیمبولی پیرۆزی و مەزنیە و هەر ئەندامێکی جەستەی ئەم ئاژەڵە بە جێگای یەکێک لە خوداکانی دادەنێن . هەتا پاشەڕۆو میزیشی بە پیرۆز دەزانن و نابێت لە دورەوە رۆ بکرێت . بە میزی مانگا خۆیان دەشۆرن باوەر بوون بە پیرۆزی مانگا لەو کاتەوە هاتە کلتوری هندیەکانەوە کە هۆزە ئاریایەکان کۆچیان کرد بۆ هندستان و لە و کاتەشەوە تا ئیستا ئەم نەریتە ماوەتەوە . کە یەکێکە لە جیاوازیە زۆر زەقەکانی نێوان هندیەکان و موسڵمانان سەربرینی مانگا لە دیدی هندیەکاندا بە گوناحێکی زۆر گەورە ئەژمار دەکرێت و هەرکەسێک ئەم کارە بکات وەک شێت و گەوج لێی دەروانن .

بۆنە ئایینیەکانی هندیەکان رێکەوتە لەگەل گۆڕانی وەرزەکاندا و گرنگترینیشیان بریتین لە :

هۆڵی ( holli) هۆڵی گەورەترین بۆنەی ئایینی هندیەکانە لەم بۆنە بەهارەییەدا کە بە بۆنەی کریشنا رێک دەخرێت چینەکانی کۆمەڵگە ( caste) و قەدەغە کردننیان بە گشتی نامێنێ هندیەکان جەستەی خۆیان و سەرانسەری وڵاتەکەیان بە ڕەنگی سورو زەرد ڕەنگ دەکەن و تەواوی کاتی ئەو بۆنە بە خۆشی و شادی بەڕێ دەکەن .

دیوالی ( ) ( divali) بۆنەی نورما ) کە بەبۆنەی کاڵی ( kali) هاوسەری شیوا و لاک شیمی ( lak-shimi) هاوسەری ویشنۆ لە وەرزی پایزدا رێک دەخرێت لەم بۆنەیەدا لە سەر ماڵەکان چرای بچوک

دادەگیر سێنن و هەزاران هەزار لە هندیەکان بۆ زیارەت کردنی جێگا پیرۆزەکانی وەک ورین دابان ( vrindaban ) ناوەندی پەرستگەی پەیرەوانی ویشنۆ و یان وان ئاس ( Varanasi ) لە ئەڵا ئاباد .

بەرایی دووەم :

جنیزم ( ( jainism

نیوەی یەکەمی هەزارەی پێش زایین جیهان روبەروی چەندین شۆرشی مەزنی ئایینی بویەوە و چەندین ئایینی نوێ سەریان هەڵدا . هزری ئایینی کە هەڵگری فیکری فیکری نوێی شۆرش بوو بە خێرایی بڵاو دەبوونەوە . گەشتیاران و بازرگانەکانی ئاوریشم بە سود وەرگرتن لە کاتی بە تاڵ و بێکاری یان ئەو فیکرانەی کە لە گەڵ خۆیان بە دیاری بردبویان لە هەموو ناوچەکان بڵاویان دەکردەوەو بەبەردەوام بۆ خەڵکیان باس دەکرد . خۆیان بە شێوەی بانگ خوازی ئاینی پیشان دەدا. لە ماوەی ەمتر لە دووسەد ساڵ حەوت ئایینی نوێ سەریان هەڵدا . خانەی ئەم گۆڕانە مەزنە ئایینی یە بە دەرکەوتنی زەردەشت لە ئێران دەستی پێ کرد . و بە پێی تیپەڕینی کات شەپۆلی هزری نوێ بۆ ناوچەکانی تری دنیا گوازرایەوە و ئاینی یەهود ، چینی ، بودائی ،کۆنفۆشیونیزم تاتۆئیزم و مونیزم سەریان هەڵدا . شەش فەیلەسوفی مەزنی یونانی تالیس ئاناکسیماندر ئاناکسمنس کزنفۆن فیئاغورس و هراکلیت گەرچی سەدەکانی دوای زەردەشت هاتنە دنیاوە . بەڵام پەروەردەکارو هەڵگرانی هەمان هزری شۆرشگێڕیەتی ئاینی لە یونان و هاوچەرخە شۆڕشگێرەکانی هندستان بون .

سەدەی شەشەمی پێش زایین بۆ هندستان سەدەی گۆڕانی ئاین و وەلانانی رەوتی سیتەمی سسیاسی – کۆمەڵایەتی بوو . هندێک لە میرنشینەکان و قەبیلەو خێڵەکان بونە کۆماری بچووک بچووکی سەر بەخۆ لە بەر ئەوەی کە پێویستیان بە هێزی سیاسی هەبوو چونە پاڵ حکومەتە گەورەکانەوە .لە ماوەی سەردەمی نێوان گۆڕانی هێزو لە ناچوونی سیستەمی خێڵەکیەتی تا سەرهەڵدانی سیستەمی جێنشین تاکەکانی کۆمەڵ لە هەستیان بە سەرگەردانی کۆمەڵایەتی و ئەخلاقی خۆیان دەکردو کە بە هۆی دەمارگیری ئایینی و سەرهەڵدانی ئاینی جیاجیاوە گیرۆدە بوبون . ئەوەی کە بە خێرایی گۆڕانکاری ئایینی بەرجەستە دەکرد . ئیمتیازاتی تایبەتی بوو .کە برهمنەکان لە سیسەمی چینایەتی ( caste بۆخۆیان ڕازی بوبون . برهمنەکان حۆیان بە لوتکەی چینایەتی کۆمەڵایەتی دەبینی و دەیان وت کە تەنها برهمنەکانە ئەتوانن لە خولگەی ژیان و مردن و لە دایک بونەوەی نوێ ڕزگاری دابین بکەن و پاش مەرگ بگەنە نیرونا . زیادە ڕەوی و پیرۆزی چینی برهمناکان جیاوازی زۆری هەبوو لەگەڵ ئەو چینەکانی تری کۆمەڵگە بە تایبەت چینی شازادەکان و لە ئەنجامی ئەم جیاوازیە شدا دوو ئایینی نوێی ( جنیزم و بودیزم ) سەری هەڵدا .

بونیاد نەرانی ئەم دوو ئایینە کە هەردوو لا لە چینی شازادەکان بوون بونی هەرخودایەکیان رەد دەکردەوە . ئاسمانی بونی وداکان و ئیمتیازاتی چینایەتی یان رەد کردەوە .

بنەمای ئایینە کانی بودیزم و جنیزم لە باوەڕی شراماناکان ( shramanas ) کە چەندین سەدە پێش لە شۆرشی ئایینی هندداا گەشەیان کردبو باوەڕێکی هاو شێوەی (ماهاوبرا ) دەرس دەدا ، ڕێچکەی گرتبوو .

ناتاپوتاواردهامانا ( nata-putavardhamana ) کە لە ناو پەیڕەوانیدا بە ماهاویرا ( قارەمانی مەزن ) یا جینا ( کراوە ) ناسراوە . کوڕی دووەمی سیدهارتا ( sidahartha) لە چینی کشاتریا ( kshatryia) یەکێک بوو لە فەرمانڕەواناوخۆیەکان کە لە ساڵی 540ی پێش زایین لە کونداگرما ( kundagrama ) لە نزیک شاری نـِی پاتنا ( ( panta ) لە ئیالەتی بیهار ( ( bihar ) ی هندستان هاتوەتە دنیاوە . ماهاویرا لە سەری باوکیە وە لە چینی نەجیب زادەکان بوو وەک شازادەکان لە ژێر

چاو دێری باوکیدا  پەروەردە کرابوو لە کۆشکی مجلل . هەندێک لە لیکۆڵەرەوەکان  ئەو بە تەنیا و هەندێکی تر بە باوکی منداڵێکی کچی دەزانن . ماهویرا پاش مردنی دایکو باوکی لە تەمەنی 28 ساڵێدا ژیانی ناو خێزانی بە جێهێلاو چووە ناو ئەنجومەنی خەڵوەتگران  بۆ گەڕان بە دوای حەقیقەتی ڕزگاری و نەجات بون لە خولگەی مردن و ژیاندا . لە سەرەتادا ڕێگایەک کە پارسوا (  parsva ) خەڵوەتگرێکی تری هندی لە  250 ساڵ پێش ئەو باسی کردبوو گرتیە بەر  .  پارسوا پەیرەوانی جینا بە بیستو سێهەمین و جینا بە بیستو چوارهەمینی مامۆستای مەزنی ڕێ پیشاندەری  مرۆڤایەتی ( tirthankaras) دەزانن .

لە ماوەی دوانزەساڵدا ماهویرا هەر وەک گەرۆکێک بۆ هەمو شوێنێک سەفەری دەکرد  و کۆتایی نارەحەتی و سەختی بۆ خۆی بە ڕەوا دەزانی . لە ڕۆژانی سەرەتادا تەنیا یەک کراسی لە بەردابوو بەڵام پاش سیانزەمانگ  تەنیا کراسەکەیشی لە بەرداکەندو تا کۆتایی تەمەنی بەڕوتی بەسەر برد  . لە ڕۆژانی گەرمی هاویندا لە ژێڕر تیشکی سوتێنەری خۆردا دادەنیشت و لە زستانە ساردەکانیشدا بە بێ هیچ جلوبەرگێک  سەفەری دەکرد .  نە گوێی بە دنیا دەداو نە وابەستەی دنیایەکی تر بوو  .  نە ئارەزووری ژیانی هەبوو نە ئارەزووی مردن  . لە هیچ شارێک زیاتر لە پێنج ڕۆژ نەدەمایەوە و لە هیچ گوندێکیش لە شەوێک زیاتر نەدەمایەوە لە ترسا لەگەڵ خەڵک دانەدەنیشت و نە سەرزەنشتی کەسی دەکرد  هەمیشە بیری دەکردەوەو گەشتبوە ئەو باوەڕەی کە پاکێتی نەفس جگە لە خۆڕاگری لە بەردەم ڕەنج و ئازارو وەرزش و نەکوشتنی بونەوەرەکانی تر ( ahimsa) هیچ شتێکی تر بەدەست نایەت  . تەنیا لە ڕۆژانی باران باریندا لە یەک جێگادا دەمایەوە هاوکات لە وەرزی باران باریندا بونەوەرە زیان بەخشەکان لە بیابان و جادە کان دەرۆشتن چونکە دەترسا لە کاتی ڕۆشتندا هەندێک لەوان نائاگایانە پێیان پێدا بنێت و بیان کوژێت  . ئەوەش پێچەوانەی باوەڕی ئەو بوو کە لە تەواوی تەمەنیدا پەیرەوی لەو باوەڕە دەکرد .

لە سەر بنچینەی ڕیوایەتی کتێبی پیرۆزی جینی ناتاپۆتا لە ساڵی سانزەهەم لەو کاتەی کە ڕەنجی دەکێشا بۆ گەیشتن بە نیروانا و گەیشتە پلەی کامڵ بون ( kevata) بە ناوی (فاتح ) ناسینرا .

مهاویرا  لەو کاتەوە بۆ ناو خەڵک گەرایەوە و دەستی کرد بە پرۆپاگندە کردن بۆ ئاینی نوێ و بە شێوەی مامۆستایەک تا کۆتایی تەمەنی سەرقاڵی پەروەردەو فێرکردن بوو  .  بە باوەڕی مهاویرا  هۆی تەواوی بەدبەختی مرۆڤ  پەیوەندی نێوان جەستەی مادی لەگەڵ ڕۆحی پاراوو جاویدانی ئەودایە  .  بۆ ڕێگا خۆش کردنی ڕۆح بۆ گەیشتن بە قۆناغی نیرونا پێویستە جەستە بخێتە ژێر فشارو نارەحەتی و ئەشکەنجەوە ئازار . ڕزگاری و  ئازادبونی ڕۆح لە کۆت و بەندی خواستە دنیایەکاندایە .

یاسای بەرجەستەی جینی یەکان هەمانشێوە کە هەستی بەربڵاو  .  ساختەکاری و فێڵکردن و تورەیی و غرور. مرۆڤی عاقڵ پێویستە کە هەموو ئەمانە لە خۆی دابماڵێت ئەگەر ئەم خەسڵەتانە وەلا بنریت مرۆڤ ئیدی پیویستناکات تورە ببێت . وە ئەگەر لە کاتێکیشدا هەوڵی تورە بونیان دا ئەوا هەر نابیت لە سۆنگەی سۆزداریەوە رەفتار بکات . پێویستە بە هزریکی ئارام و لە سەرخۆ هەموو شتێک تەحەمول بکات و دەنگە دەنگی بێ سود نەکات . )

ئامانج و هەدەفی ئایینی مهاویرا و گشت مامۆستاو ڕێپیشاندەرانی هاو چەرخی ئەو لە پلەی یەکەمدا دۆزینەوەی ڕێگایەکە بۆ ڕزگار بوون لە خولگەی ژیان و مردن  و گەیشتنە بە نیرونا . فەلسەفەی جنیزم لە هەندێ لایەنەوە جیاوازی لەگەڵ فەلسەفەی هندیەکان و بودیزمدا هەیە . جینا لەو باوەڕەدا بوو کە هەندێک بونەوەری لە ناو چوو (   jiva) غەیری بونەوەر (  ajiva) بونیان هەیە کە هەر یەک  لەوانە خاوەنی کۆمەڵێک خەسڵەتی تایبەتی خۆیانن . حەقیقەت و ماهیەتی جەستەکان لە دەرەوەی هۆشیاری و

ئیدراكی ئێمەدا بونیان هەیە . وەلێ لەوێدا كە رۆحە زیندوەكان لە جیهانی بوندا بێ سنوورن .
زۆرێک لەوانە بە ناچاری لە رگەی تەناسخەوە ( samsara ) لە خولگەی زنجیری جیهانی دا دەخولینەوە . هەر سەردەمێک لە خولگەی جیهاندا بە قۆناغەكانی هەورازو نشێودا دابەش دەبیت و هەر قۆناغیكی پێشكەوتنی مرۆیی بۆ ریگای گەشەكردن یان ویران كردن رادە كێشێت . لە ئیستادا ( لە سەردەمی ژیانی مهاویرادا ) ئێمە لە پێنجەمین قۆناغی نشێودا بەسەر دەبەین . گەرچی دەركەوتنی ویران بونی پیشكەوتنەكان بەرهەمی سوڕانی جیهانی و خولگەی جیاوازی ئەوە . بەڵام لە پنتی دیدی مرۆڤەوە . مرۆڤ بۆ گەیشتن بە رزگاری ئازادە تەنیا رۆحە ازاد بوەكان لە خولگەی زنجیری ژیان و مردندا لە حەقیقەتی جەستەكان بە ئاگان . رۆحی ئازادو لە كاتی پاراویدا لە هەموو سەردەمەكاندا چ لە ڕابوردوو چ لە ئایندەدا . لە سەر هەموو شتەكان بونی هەیە . بەڵام كاتێک دەچێتە جەستەوە . زانستی ئەو بە هۆی سنووردارى جەستەییەوە دادەبەزێت و سنووردار دەبیت . بەشێوەیەكی گشتی تەفسیر كردنی ئەم فەلسەفەیە بەم جۆرەیە : شەش كەسی كوێر كە هەریەكەیان بەشێک لە جەستەی فیلێكی گەورە دەست لێ دەكەن و فیلە كە لە سەر بنچینەی ئیدراكاتی خۆیان پیناسە دەكەن ، یەكێكیان فیلە كە بە هاوشێوەی مار دادەنێت یەكێكی تریان بە دیوارێكی بەرزی لە گۆشت پیناسەی دەكات و بە بۆچونی سێهەمین كەسیان بە شێوەی زەوی دیاری دەكات و چوارهەمینیش بە ستونێكی بەرزی پێوانەی دەكات . بەم جۆرە هەریەكێكیان بۆچونێكی بەگشتی نزیک لە حەقیقەت دەردەبرن . تەنیا رۆحی ئازادە لە حەقیقەتی بونی فیلە كە بە ئاگایە . جگە لەوەش جنیزم رۆحە هەبووەكان لە جەستەدا دابەش دەكان بە سەر پێنچ چیندا :

1-بونەوەرە ئۆرگانیەكان كە تەنیا هەستی لیدانیان هەیە وەكو زەوی ئاو هەوا ئاگر و هەموو ئەو بونەوەرانەی كە ئێمە بە ناوی ڕوەک دەیان ناسین .

2-بونەوەرە ئۆرگانیەكان كە خاوەنی دو هەستی لیدان و چێژ كردن وەک كرم و سەدەف

3-بونەوەرە ئۆرگانیەكان كە دەتوانن سێ هەستی لیدان و چێژ و بۆن سود وەرگرن وەكو بونەوەرە زیان بەخشەكان .

4-ئەم گروپە هەموو هەستەكانی تیادا بەدی دەكرێت كە بریتی یە لە هەستی لیدان و چێژو بۆن و بینین وەكو پەپولە.

5-لە قۆناغی پێنجەمدا ، جۆرێک ئاژەڵ بونی هەیە كە خاوەنی هەر پێنج هەستەكەن چوار گروپ لەم ئاژەلانە ئەو هەستانەیان هەیە : بونەوەرە زین بەخشەكان ،بونەوەرەكانی ئاستی سەرەوە ، مرۆڤ و رۆحە بە هەشتیەكان .

دەربارەی گواستنەوەی رۆحەكان لە هەر یەكێک لە ئاستەكانی پێنج لایەنە بۆ ئاستێكی تر ، لە پلەكانی خوارەوەو بۆ سەرەوە و بە پێچەوانەوە ، مهاویرای باوەڕی هندیەكان لە سەر بنچینەی بونی یاسایەكی جیهانی (كارما ) ئەو گۆڕانكاریانە ئەنجام دەدات و دەڵێت هەر جوڵەیەک هەر فیكرێک هەر دەستەواژەیەک و هەر كردارێک ئامانجێک دێنێتە بوون . و ئەو نەتیجەیەش بە هۆی عەڵەوە دەبێتە هۆی پەرچە كردار یان كردارێكی تر . بە ناوی یاسای ( كارما ) ناوزەد كراوە . كارما لە دیدی جیناوە فاكتەرێكی ئاشكرایە لە كاتێكدا كە هندیەكان بە یاسایەكی لە یاساكانی سروشتی دەزانن . بە باوەڕی جینا كارما لە گەردیلە یەكی زۆر بچوک دروست بوە . كە هەمان شێوەی گڵ كە گۆزەیەكی شكاوی پێ پینە دەكرێت . لە جەوهەری رۆحدا وەک ئاسەوارێک دەمێنێتەوە .

بونە یەک لە دوای یەكەكان و كاریگەری كردە ناشیاوەكان لە ماوەی ساڵاندا لە سەر هەڵاوسانی ئەم چینە زیاد دەبیت . گوازرانەوەی رۆح لە هەر بونێكدا و جیگیر بونی لە هەرچینێكی پینچ لایەنەی باڵا

به سەرنجدان بە هەلاوسانی چینی کارما دیاری دەکرێت . هەرچەند چینی کارما زیاتر هەلاوسێت رۆح لە قۆناغی تەناسخدا لە چینی خوارەوەترجیگیر دەبیت بۆ گەیشتن بە رزگاری ( moksha) کەسێک پیویستە کردەوەی باش لە سەر سەختگیری چینی کارما زیاد بکات .و رۆحی رزگار بکات .
کردەوەی نەزانانەو لە خۆبایانە و بێ بەزەییانە لە سەر سەختگیری چینی کارما زیاد دەبیت . کارمای بەرهەمی پاکیەتی و ئیرادە . سەرلیشیواوی کارمای پێشوی جێگیر بە رۆح و لە ئاکامدا سوک بونی رۆح دەبیت و لە کۆتا قۆناغدا خاوینی و پاکی رۆح ئەتوانیت لە هەمبەر دەربرینی جیهانی بوون لە شەقەی بال بدات و بۆ هەمیشە پەیوەست بێت بە نیروانا وە و لە راستیەکان ئاگاداری بکاتەوە . لە هەمبەر ئەو کەسایەتیانەی کە وەک مهاویرا کە گەیشتونەتە قۆناغی رزگاری لە کۆتیەکانی ژیانیاندا تەنیا پاشماوەی کارمان کە ئەوانە بۆ سەر زەوی رەوانە دەکاتەوە و کاتێک کە ئەم پاشماوانە لە رێگەی رۆژو و پاکبونەوەوە ئیرادە لە ناو چوو بۆ بەرزترین بەهەشتی خودایان و پشودانی ئەبەدی دەرۆن .

جینا تەنیا باوەربە جەبرو چارەنوس پەروەردەناکات . بەڵکو لە بنچینەدا باوەری بە خودا و رۆحی جیهانی و توانی خودایی و ناوەکانی وەک ئەمانە نەبوو . لە سەر بنەمای فیرکراوەکانی جینا شێتک بۆ پەرستن بونی نەبوو باوەڕی هاوبەشی هندیەکان لە هەمبەر خوداکان بە هاوبەشدانان دەزانێت و هەتا دەستەواژەی وەک پەرستن و ستایشکردنی مەحکوم دەکرد . ( مرۆڤ تۆ خۆت دۆستی خۆتی بۆچی ئارەزووی دۆستیکی تر دەکەیت کە ریگای خۆت هەیە )

بە بۆچوونی مهاویرا مرۆڤ پێویستە تەنیا پابەندی کردارو رەفتاری خۆی بیت و پەیوەندی پیانەوە هەبیت . نزاکردن لە دەرگای خواوەندەکاندا شتێکی زیادەو بێ سودە . نزاو پارانەوەی مرۆڤ و کرنوش بردنی بێ مایەیە . رۆحانیەکان و برهمنانەکان ناتوانن بچوکترین کاریگەری لە سەر ژیانی رۆحی تاکێکی تر دانانێن . داها ، ئاسمانی و پیرۆز نیەو نوکە سوزنێک لە رزگارکردنی کەسێک لە یاساکانی هەڵ قبوڵنەکراوی کارما کاریگەریان نیە . تەنیا رێگای گەیشتن بە مەنزڵگای بەختەوەری و نیروانا پاکبونەوە یە . ئەو پاکبونەوەیەی کە دەبێتە هۆی پچراندنی پەیوەندی مرۆڤ و جیهانی ماددی و تەواوی هیزی عەقڵانی و جەستەیی و شەهوانی بخرێتە خزمەت رۆحی مرۆڤەوە .

تاکێکی جینی نابێت بۆ داواکردنی هاوکاری و یان رەحم پێکردنی پەیوەست بێت بە رۆحە ئازاد بوەکانەوە . بەڵکو پێویستە لە ریگای هەوڵدانەوە بۆ ئازادی و گەیشتن بە رزگاری لە رۆحە ئازادبوەکانەوە ئیلهام وەربگریت . بە رێکەوت رودەدات کە رۆحیک لە خولگەی زنجیری تەناسخدا بەرزبیتەوە بۆ قۆناغی پینجەم لە قۆناغەکانی پینجلایەنە ی رۆحەبالاکان و بچیتە ناو جەستەی مرۆڤەوە . جگە لەوەش هەر کەس پیویستە لە هەر دەرفەتیکدا بۆ رزگاری و نەجاتی رۆحی خۆی سود وەربگریت و سێ رێگای ژیرەوە بەکار بهێنێت :

1-زانستی دروست

2-ئیمانی دروست

3-کرداری دروست

زانستی دروست لە ریگای ناسینی ئایینی جیناوە ئیمانی دروت لە ریگای باوەر بە ئاینی جیناو کرداری دروست لە ریگای بە کاربردنی دەستوراتی جینا وە فەراهەم دەکریت . سەردەمی یەکەم بەبی کرداری دروست و پراکتیک کردنی ئەوەی کە لەریگای زانست و ئیمانی دروستەوە بەدەست هاتوە . ئەو بەهایەی نیە بەو هۆیەشەوەیە رێپیشاندەرانی جینی و هەموو پەیرەوانی ئەو ئاینە پیویستە پەیمانی خۆیان لە بیر نەکەن کە کرداری خۆیان لەگەڵ دەستورات و ریگاکانی جینادا رێک بخەن .

گرنگترین و بنچینەیی ترین  دەستوری ماهاویرا ناڕەزایەتییە لە بەرانبەر کوشتن یان ئازاردانی گیاندارانداا . ( ahimsa)سود وەرگرتن لە ئازاردان و زۆرکردن لە گیانداران ئەگەر بە ئەنقەستیش نەبیت دەبیتە هۆی خولقانی کارمای زیان بەخش ، ئازاردانی ئەنقەست توندترین کاردانەوەی لێ دەکەوێتەوە .چونکە لە هەر گۆشەیەکی ئەم خاکە بەتایبەت لە کیشوەری گەرم و شیداری وەک هندستان کە بونەوەری جۆراو جۆرو گیانداری تیا دەژی . بە پیادە کردنی یاسای ئاهیمسا مەودای چالاکی ودەست کەوتی جینی یەکان زۆر سنوردارە  . تاکی جینی پیویستە گیا خۆر بیت  . ئەو ناتوانێت سەرقاڵی کشتوکال و بازرگانی و گیا رنین و قەسابی و چیشت لینەری و ئاسنگەری بیت . لەم روەوە جینی یەکان رویان لە قازانجو سودی بازرگانی وەرگرتوەو هەریەکەیان سەروەتیکی پیکەوە ناوە .

لە سەر بنچینەی فیرکراوەکانی جینا هەریەک لەم چوار لایەنە سەرچاوەو هۆی هاتنە بوونی سەروەت و سامانن.

1-وابەستەیی و پەیوەندی خواستی شتە مادیی یە دنیایەکانی وەک : خواردن و جلوبەرگ و خانو و ژن و سەروەت و سامان  .

2-ملکەچ بوون بۆ هەستو سۆزی مرۆیی وەکو : تورەیی و نیگەرانی و لە خۆبایی بون و  فروفێڵ و رق و قین و شەرانگیزی و هەلخەلەتاندن .

3-بەبنەما کردنی رۆح و جەستە لە خزمەتی شتە مادیەکاندا

4-باوەرە نادروست و خورافیەکان

بۆ ئارامکردنی رۆح و زیاد کردنی هەلاوسانی چینی کارما ، هەرتاکێکی جینی پیویستە بەڵێن بدات کە دەستوری دوانزەلایەنەی جێ بەجێ بکات .

1-ئازار نەدانی هیچ گیادارێک (( ahimsa

2-راستگۆیی و هاورێیەتی پاک

3-دورکەوتنەوە لە دزی کردن

4-داوین پاکی و لیوردەیی

5-قەناعەت کردن لانی کەم بە پێداویستیەکانی ژیان و شتەمادیەکان

6-کەمکردنەوەی سەفەرو سنووردارکردنی ئازاردانی گیانداران بە بێ ویست

7-نەهێشتنی وابەستەیی بە هەموو شتێک

8-دورکەوتنەوە لە فیتنەیی و زەمکردنی خەڵک و کاریگەری دانان لە سەر ئەوانەی کە چەک و نفوزی شەیتانیان هەیە

9-تەرخان کردنی لانی کەم لە رۆژیکدا چل و هەشت خولەک بۆ بیرکردنەوەو خەلوەت گرتن ( samayika)ئاشتی تەواو لە دنیادا – بیرکردنەوە لەوەی کە رۆحی مرۆیی لە کاتی پاکێتیدا تاچەند هەڵدەکشێت  . لە کاتی ئەنجامدانی ئەم وەرزشەدا سێ قۆناغ لە رۆژێکدا تێدەپەرێت .

10-بەکار هێنانی بەشێکی کات لە رۆژدا بۆ بیرکردنەوە – پەیمانی ئاینی و کردەوەکانی کە پێویستە هەڵبسەنگێندرێت  .

11-هەر بیست و چوار کاتژمێر و رۆژێکی تەواو سەردانی ئەنجومەنی خەڵوەتگران بکات و بە سود وەرگرتن  لە بۆن و زینەتی شتەکان و خواردن و خواردنەوەو ژن و چەک و لە ماوەی ئەو کاتەدا وەربگرێت . رۆژانە سێ دەست جلوبەرگو شەوانە دودەست جلوبەرگ لە بەر نەکات و بەم جۆرە پەیوەندی نێوان خۆیی و گشت راهبەکان (  (posadhaدەخولقێنێت .

12-پاریزگاری کردن لە کۆمەڵگە و دیاری خەڵوەت گران هەرشتێک بێت قبوڵ بکات وەک جلوبەرگ خواردەمەنی گۆزە بالیف خاولی شوێنی خەوتن و مێز و پێدویستیەکانی ژیان .

هەریەکێک لە پەیرەوانی جینا خواستیاری بەرزترکردنەوەی رۆحن پێویستە راستی (  (devaستایش بکات . پەرستن . بۆ نموونە یەکێک لە مامۆستاو ریبەرانی مرۆڤایەتی  (  (tithankaraهەڵبژێرن . رێز لە مامۆستایانی ئایینی (  (guruبگرێت . باوەری بە فیرکراوەکانی جینا هەبێت (  (dhamaو پەیرەوی لی بکات . خۆی لە قوومار کردن و دزی و زینا و گۆشتخواردن و راو کردن بەدور بگرێت و میوەو سەوزەی پیس نەخوات . لە نێوان خۆر هەلاتن و خۆرئاوا بوندا یان کاتی هەڵهاتنی خۆر بە تەواوی خۆی لە خواردن و خواردنەوەو بپارێزێت . تا نەخوازە بونەوەرێک تێکەڵ بە خواردنەکە بوبێتو بیخوات . خۆی بە دور بگرێت لە ژن چونکە رەنگە جەستەی ببێتە هۆی هروژاندنی . هەرگیز خۆی لە کارێک نزیک نەکەوێتەوە کە دەبێتەهۆی هۆگری بۆ شتەدنیایەکان کە دواجار دەبێتە هۆی ویران کردنی ژیانی . بە پاشماوەی خواردن رازی بیت . جلی خەلوەتگران لە بەربکات و لە بینا ئایینیەکان و لە دارستانەکان بە تەنیا بژی .

بە پیادە کردنی ئەو دەستورانەی سەرەوە تاکی جینی بە راستی دەتوانێت بچێتە ناخی خەڵوەت گرانەوە و دەبێتە هەڵگری ئەو خەسڵەتانەی کە جینا بە خەسڵەتی پیاوانەی دەزانێت . پیویستە لە رەفتارو هەلسوکەتیدا بەجدی بەبەزەیی و خۆش باوەرو عاقڵ و لیکەوتەو ئارام بیت و ئاگای لە قسەکانی بیت . سوپاسگوزارو چاکە کار بیت  لە ئەنجامدانی تاوان بترسێت و ریز لە بەساڵا چوان و نەریتی دیرین بگرێت . چونە ناو پێری خەڵوەتگران و پەیوەست بون بە ئەڵقەی خەڵوەت گرانەوە پابەندیەتی و خەسڵەتی زیاتری پیادە کردنی یاساتایبەتیەکانی خەڵوەتگرانی دەوێت . کەسی خواستیار لە هەنگاوی یەکەمدا سەروەت و جلوبەرگ و زیرو زیوەکەی دەبیت بدات بە خزمو کەسانی تر. سەری بتاشێت و جلو بەرگی خەلوەت گران لەبەر بکات . جلوبەرگەکەی بریتی یە لە سێ پارچە کە لەبەری دەکات و سێ پارچەی تریش کە لە پێی دەکات رەنگی جلوبەرگەکەی جیاواز دەبێت لە جلوبەرگی گروپەکەی و وەک حیجاب جلوبەرگەکەی دەبێت هەمو گیانی داپۆشێت و چەند قاپێکی لە دار دروستکراو بۆ سواڵ کردنی خواردن بەدەستەوەیەوە بگریت ، لەگەڵ گسکێک بۆ گسکدانی بونەوەرانی سەر جادەو جێگاکان لە رێگاکەیدا ، لەو ساتە بەدواوە ئەو ویڵبویەکی بێ ژنە ئەو بەلێنانەی کە ئەو لە ئەستۆی گرتوە لە بەڵێنی ئەو پەیرەوکارە ئاساییانەی تر قورسترو نارەحەت ترە . ئازاردان یان کوشتنی هەر گاندارێک لە گاندارانی چینی پێنج لایەنە بە مەبەست یان بێ مەبەست  ئیتر نابێت چاوەروانی ئەوە بکات کە پێی دەدرێت . ئەو نابیت لە بەرانبەر هیچ خودایەکدا کرنوش ببات یان پەوەندی بە رەگەزی بەرانبەریەوە هەبیت . نابیت هیچ جۆرە عەشق و ئەوین و پەیوەندی و سۆزیکی بۆ هیچ کەس و شتێک هەبیت نابیت گوێ لە هەر دەنگ یان بۆن کردن یان سەیری رەنگێک بکات بە واتایەکی تر پێویستە بە هەر شتێک کە پینج هەستەکەی مرۆڤ هەست پێ بکات بێ جیاوازی بیت . پیویستە بە رەهایی زاڵ بێت بە سەر کردارو قسەی خۆیدا پیویستە خواردنی رۆژانەی لە ریگەی سواڵ کردنەوە دابین بکات و نابیت گرنگی بەوە بدات کە خیری پێ دەکەن .

ماهاویرا سیستەمی چینایەتی (  (casteهندیەکان بەتوندی رەخنە لێدەگرت  و تەواوی پەیرەوانی خۆی کە بەگشتی لە چینی ئەرستۆقرات و فەرماندەکان بوو لە هەلومەرجێکی یەکسان و لە سیستەمێکی

گۆەگیریدا ڕێکخست . ماهاویرا پاش سی ساڵ پەروەردەکردن 468ی پێش زایین لە قسبەی پاوا ( pawa ) نزیک شوێنی لە دایک بوونی بە مان گرتن لە خواردن و خواردنەوە خۆی کوشت . پەیرەوانیشی بۆ گەیشتن بە رزگاری لەوە دەترس کە لە سەردەمی پیری و چونە تەمەنەوە بە هەمان شێوەی پێشەواکەی خۆیان بە کارەساتی مانگرتنو خۆ دابرین لە ژیان کۆتایی بە خۆیان بهێنن . لە یادداشتەکانی دیگامبرا ( digambra ) دا ڕێگایەک بۆ ڕزگاری ژن بونی نیە مەگەر ئەوەی کە لە ژیانی داهاتو خۆی بە شێوەی پیاو بێتە دنیا .

دەستورەکانی ماهاویرا بە شێوەی زارەکی تا سەردەمی بەهادرئاباهو ( bhadrabahu ) دەم بە دەم دەگوازرایەوەو بەهادرئابادو تەواوی شەریعەتی جینای لەبەر بوو . پاش مردنی بەهادرئاباهۆ لە سەرەتای سەدەی سێ یەمی پێش زایین فیرکراوەکانی ماهاویرا لە بیست و یەک بەشدا لە لایەن ئانکا( angas ) نوسراوەتەوەو بوە جێگرەوەی 14 بەشی پێش و کە لە لایەن پورواس ( purvas ) نوسرابوەوە . نوسراوە نوێکە گەرچی بوە جێگای ڕەزامەندی گروپی (سپی جامکان ) بەڵام ( ئاسمان جامکان ) کە لەو باوەرەدابون کە شەریعەتی پێشوی ونکردوە نسراوە نوێکەیان بە گشتی رەد کردەوە .

ماوەی دوسەدە پەیرەوانی ماهاویرا کۆمەڵەیەکی کەمیان پێک دەهێنا کاتێک کە بونیاتنەری زنجیرەی مۆریان ( mauryan ) بەناوی شاندراگوپتا ( Chandra-gupta ) 321- 297 ی پێش زایین دەستبەرداری تاج و تەختی پادشایەتیان بوون و چونە ریزی ئایینی جیناوە ڕێژەی پەیرەوانی ماهاویرا زیاد بونێکی بەرچاوی بەخۆوە بینی و جنیزم لە خۆرهەلات و خۆرئاوا گەشەی کرد . بوشکە ساڵی لە سەردەمی پادشایەتی مۆریاندا رویداو زۆریکیشی لە پەرەوانی ماهاویرا لە ریگای گنکەوە بۆ جنوب و ئەیالەتی دکن کۆچیان کردوو . ئەم کۆمەڵەیە لە ناوچەی مبسور پەرستگەیەکی مەزن کە بۆ پەرستن و بە جێ گەیاندنی مەراسیمی پەرستن دروست کرابوو جوانترین بینای هندستان و دنیا بوو تێکداو روخاندیان . بە جۆرێک کە باسکراوە کاتێک کە بهادرئاباهو پاش دوانزەزاڵ نیشتە جێ بوون لە جنوب بۆ بەهار گەرایەوە و بینی کە لە ئەنجامی وشکە ساڵیەوە پرشو بلاویەک رویداوە . راهیبەکانی ئایینی جینا لە شیمال بە شێوەی کۆن روت و رەجال بونەتەوەو .هەمان فاکتەر بوەهۆی ئەوەی کە دوو گروپی سوتام بارا ( svetambaras ) و (پی جامگان ) دانیشتوانی شیمال و دیگام بارا ( digambaras ) ئاسمان جامگان ) دانیشتوانی جنوبی هندستان سەرهەڵ بدەن و ئەم جیابونەوەیەش لە سەرەتای یەکەمین سەدەی زایینی یەوە دروست بوو . شەرعەتی پیی جامگان بریتی بو لە 84 فەسل و لە سەدەی پێنجەمی زایینیدا بە زمانی ئاردها – مگادهی ( ardha-magadhi ) نوسراوەتەوە .

رەد کردنەوەی بونی خوادا لە ئایینی جینا دا نابێت بەو مانایە تەفسیر بکرێت کە پەرستن و نزا لەو ئاینەدا بونی نیە . جینی یەکان لە ناو تەواوی خوداکان و بتە پیرۆزکراوەکاندا تەنیا رۆحە ئازادبوەکانی ڕێپیشاندەرانی مرۆڤایەتی ( tirthankaras ) ستایش دەکەن . بەڵام نزا کردنی ئەمانە بۆ خواستنی تۆبە کردن و بەزەیی ولیبوردنی بەخشینی گوناحەکان نیە . بەڵکو ئەم نزا کردنە وەک ئیلهامێکی بۆ ئەوکەسانەیە کە بۆ رزگاری رۆحی خۆیان لە هەوڵ و کۆششدان . هەڵبەت ئەم لایەنی فەلسەفیانەو تیۆریایانە یە . بەڵام لە کرداردا پەرستن لە ئایینی پراکتیکی جینادا شێوەیەکی تری بەخۆوە گرتوە . هەندێک لە پەیرەوانی ماهاویرا بە خوداکانی هند و بۆ داواکردنی هاوکاری پەیوەندی دەکەن . لە زۆرێک لە پەرستگەکانی جینیەکاندا وینەو پەیکەری خوداکانی هند و لە تەنیشتیشیان پەیکەری ڕێبەرانی مرۆڤایەتی بەرچاو دەکەوێت . خودی ماهاویرا وینەی لە ئاستی کرشنا و ویشنۆ و شیوا دا دانراوە و پەیکەرەکەی لە ریزی پەیکەری خوداکان و پیرۆزکراوەکانی هندا دانراوە و دەپەرسترێن . برهمنەکانی هندبۆ مەراسیمی لە دایک بونی کۆرپەلەو هاوسەر گیری و مەرگ پەیرەوانی ماهاویرا

هەڵدەبژێرن ، چونکە لە ئایینی جینیەکاندا سیستەمێکی نوێ کە بتوانێت جێگرەوەی سیستەمی چینایەتی هندەکان بێت ( casteپێش بینی نەکراوە . سیستەمی چینایەتی هندیەکان لە ئایینی جینادا دوبارە گەشەی کردوەتەوە . لە بەر ئەوەی ماهاویرا لە تەواوی فیرکراوەکانیدا بە چڕی قسەی لە سەر گۆشەگیری و خۆ پاک کردنەوەو هۆی نیگەرانی و پەیوەندی بەدنیای مادیەوە کردوە پەیرەوانی جینی ئەمرۆ بە بونی سەروەتی لاف و گەزاف لیدان ناسراون .

لە ماڵەوە هەر جینیەک میحرابێکی لە دار دروست کردوەو تیایدا وینەو پەیکەری ماهاویراو ڕێبەرانی مرقایەتی داناوە . هەرتاکێکی جینی باوەردار بەرەبەیان و پێش خۆر کەوتن لە خەو هەڵدەسێت و ئەو ئەڵقانەی کە بریتی یە لە 108 خونچە گوڵی چنراو بە دەستیەوە لە بەرانبەر پەیکەری پیرۆزکراودا نزادەکات و بە لای راستو چەپیدا بە لای خۆر هەڵاتو خۆرئاوایدا دەست لە سەر سینە کرنوش دەبات و کاتێک لە پەرستگەکە نزیک دەبێتەوە هەڵدەسێتەوە و لە بەردەم دەرگای پەرستگەکەدا ڕەنگ دەرێژێت و نزای نیساهی ( nisahiکە ئەو دوور دەخاتەوە لە گوناح و نیگەرانیە دنیاییەکان و هاوکاری دەکات چەندینجار دوبارە دەکاتەوە .

لە ناو پەرستگە کە مۆڵەت وەردەگرێت تا تیرتان کارارا بشوات . پاش مۆڵەت وەرگرتن زیرو زیو و گوڵە سیس بوەکان لە پەیکەرەکە دەکاتەوە . ئەنجار پێیەکانی پەیکەرەکە پێنجار بە ئاوو شیر دەشوات پەیکەرەکە وشک دەکاتەوەو لە چواردە خا ◌َلی پەیکەرەکەدا لە سەر تا پەنجەکانی پێی بە ڕەنگی سور خاڵ خاڵی دەکات . لە تەواوی ماوەی ئەو پرۆسەیەدا سرودی ئایینی دەخوێنێت . بخور دادەگیرسێنێت و چراکان لە دەوری پەیکەرەکە دەسورێنێتەوە . دیاری برنجی پوختە کراو لە سەر مێز لە دەرەوە ی پەرستگەکە بۆ برسی یەکان دادەنێت لە کۆتایی مەراسیمەکەدا پەرستیاران لە بەرانبەر پەیکەرەکەدا سێ جار کرنوش دەبن و نزادەکەن پاشان بە پشتاو پشت دیچنە دەرەوە . و نزای نیساهی (نزایەکە بۆ دووبارە مۆڵەتدان بە ئەو کەسانەی کە دەگەرینەوە و سەرقاڵی کاری دنیاییان دەبن ) ئەو نزایە دوبارە دەکەنەوەو هەردوست دەخەنە ناو دەست و بە پشتا لە پەرستگە کە دەچنە دەرەوە .

لە سەردەمی دورو درێژی مێژوی سیاسی هندستاندا جنیزم هەندێک کات پاریزەر و پشتیوانی هەندێک لە خانەدان و شازادەکان بوە و پەرستگەی تایبەتیان بۆ کراوەتەوە . بەڵام بە سەر هەڵدانی نوێبونەوەی هنونیزم و دروستبونەوەی مەراسیمی پەرستنی بهاکتی ( bhaktiلە بەرانبەر پەیکەرەکانی حوادا شیوادا ( shivaو ویشنۆ و ( Vishnuلە سەدەکانی ناوەراست . ئایینی جینا بەرەو لاواز بون رۆشت و تەنیا لە دو ناوچەی هندستان کوجرات و برجستان ( barjasthanناوەندی پیی جامکان ) و دکن و ومبسور (ناوەندی ئاسمان جامکان ) سنووردار بوو تا ئەمرۆکەش هەر بەو لاوازیە ماوەتەوە . بەڵام جنیزم بە پێچەوانەی بودیزم شوێنی سەرهەڵدانی خۆی چۆڵ نەکردو هەر لە خاکی هندستان مایەوە . فاکتەری ئەم بارودۆخەش ڕەنگە ئەوە بوبێت کە ئیماندارانی ئەم ئایینە زۆربە بەرفراوانی نفوزی کۆمەڵایەتی و سەروەت و هێزی خۆیان بۆ سەرخستن و وەلانانی گرفتەکانی جنیزم بە گەر خستبێت . بەراورد کردنێکی رۆژانێک کە پرۆتستانیزم لە ئەو روپا ڕەونەقی هەبوو . گروپێکی تر لە سپی جامگان بەناوی ستهانا کاواسی ( sthanakavasi(نیشتە جێی باڵاخانەکان کاتی پەسەند کردنی بنەماکانی باوەڕی ماهاویرا لە دژی هەرجۆرە بتپەرستیەک راپەرین و پەرسنیان لە پەرستگەکان بە پێچەوانەی فیرکراوەکانی ماهاویرا دانا .

بۆ ئایینێک کە پەیرەوکەرانی لە سێ ملیۆن زیاتر نەبیت جنیزم لە هندستان زیاتر لەوەی کە هەیە خاوەن نفوزە . تا ئەو ئاستەی کە کاریگەریەکانی لە ژیانی رۆژانەی هندیەکان و هەتا لە ناو کەسایەتیە گرنگ و دیارەکانی وەک مهاتما گاندی ( mehatma gandiبە روونی بەدیار دەکەوێت . گاندی

ئەگەرچی لە پەیرەوانی جینا نەبوو بەڵام  چونکە لە ناو جینیەکاندا پەروەردە کرابوو سیاستەکانی دژی داگیرکاری لە ژێر کاریگەری ڕێنمایەکانی جینادا ڕێچکەی گرتبوو .

بەرایی سێیەم :

بودیزم

من زۆر لە لەدایکبونەکاندا بۆ خۆلقاندن و ڕێکخستنی جیهانی بون بەهرەداربوم

بەڵام ئەوەم قبل نەکرد . خولقاندنەکانە یەک لە دوای یەکەکان زۆر بە ئازارن

ڕێکخەری بینا  ئیتر نایەویت  خانویەک دروست بکات خراپەکان تیک شکان و

چاڵە ئاوەکان کوێر بونەوە مەرجی گەیشتن بە نیروانا ویرانبوونی گشتی

خواستە غەریزەییەکانی لە بن دەرهێنا .

دهامابودا 153-4

Dahamma puda

بودا ( نورانی و ڕزگار بوو ) بونیاد نەری ئایینی بودایی لە ساڵی 560 پێش زایین لە شیمالی هندستان لە قسبەی لۆم بی نی (lumbini) نزیک سنوورەکانی ئێستای هندستان و نیپاڵ لە دایک بوە . باوکی شودهدانا (shudhodanna) یەکێک بوو لە راجەکان کە فەرمان ڕەوایی یەکێک لە ئەیالەتە بچوکەکانی دەکرد .

ئەفسانەی جۆراو دەربارەی لەدایک بوون و منداڵی بودا باس کراوە و هەتا ژیان بەر لە دایک بونی بودا و لە سەر بنچینەی فەلسەفەی تەناسخ لە هەمبەر ئەم ئەفسانانەوە باسکراوە . ب ۆنموونە دەڵێن کە پێش فرینی رۆحی بودا لە کاتی کۆرپەلەیی بونیدا بودا لە جێگای خوداکان لە بەهەشتی توشیتا (tushita) سەرنجی لە سەر زەوی دانا تا باشترین جێگاو شیاوترین دایک بۆ ژیانی ئایندەی خۆی و گونجاو ترین زمان بۆ دەستپێکی فێربوونی ئایین هەڵبژێرێت . ئەو شیمالی هندستانی بە شێوەی ناوەندی فیرکردن دانابوو  بە ئیمان ترین ژنیش (مایا ) کە لە پلەی پاکێتی و ئیمان هێنان بە خۆی تا سەد هەزار ساڵ پێش لە ژیانی رابوردوی پیشان دابوو . بە شێوە دایکی هەڵبژاردە . شەوێک مایا لە خەونیدا کە فیلێکی سپی چوتە ناو م

نداڵ دانیەوە . پاش دەمانگ لە یەکێک لە باخەکانی لومبیتی و لە کاتی ئاوا بوونی مانگدا بە نهێنی مایا کورێکی بوو  ڕۆژی لە دایک بوونی بودا زەوی لەرزە رویدا فاکتەرەکانی ئەو دیو سروشت  هەموو ئامادە بوون  مایا حەوت رۆژ پاش لە دایک بونی بودا ژنێکی کە کەسیەتی وەک بودا بوو هێنایە دنیاوە نابیت ئیتر هیچ دوای ئەوە خزمەتێکی تر بکات .

ناوی سیدهارتا ( بە ئاوات گەیشتو ) بۆ ئەو منالٚ هەڵبژێرا لە سەر بنچینەی نەریتی ئەریستۆقراتەکانی هندستان ناوی یەکێک لە نەوە ناودارەکانی ئەولە پێش ناوەکەیەوە دانراو منالەکە ناونرا سیدهارتا گوتاما (siddharta Gautama) بودا . بە ناوی سیدهارتا گوتاما دەناسرا  لە راستیدا شۆرەتی شانازی ئەو بوو کە بە پێی تیپەرینی کات  ناوی راستەقینەی ئەو منالە لە یادگەدا سرایەوە .

بودا لە ژێر سەرپەرشتی خاڵۆی خۆی و لە خێزانێکی ئەریستۆقراتی وباوکی بە نازو نیعمەت پەروەردەی کرد . چونکە لە چارەنوسیدا وا پێش بینی کرابوو کە لە ئایندەدا فەرمان رەوایی مەزن و یان گەرۆکێکی بێ ژن دەبێت . باوکی بۆ ئەوەی بە بێ ژنی نەمێنێتەوە لە کۆشکی ( همت )کردی بە فەرمان رەوا بە جۆرێک کە لە نوسراوە بوداییەکاندا کە لە خودی سیدهارتا گوتاما خۆیەوە وەرگیراوە :
( من زۆر جوان و ریک بوم جەستەم بە رۆنی زەیتون خۆم چەور دەکرد و جلوبەرگەکەم لە پارچە قوماشی ئاوریشم دەدورا کۆشکێکی زستانی و کۆشکێکی هاوینەو کۆشکێکیش بۆ وەرزەباراناویەکان لە خزمەتمدا بوو رۆژوو شەو سێبەرم بۆ کرابوو بە پارچە قواشێکی سپی و سەما کەران و گۆرانی ویژانی ژن چواردەوریان دابووم . )

سیدهارتا گوتاما لە گەڵ کچە شازادەیەکی شانشینانی دراوسێی هاوسەر گیری کرد و منالێکیان بوو ناویانا راهولا ( ) ( rahulaزنجیر ) بە جۆرێک کە لە کتێبی جاکارتا دا وەرگیراوە سێجار کە بۆ سەفەر چوبوە دەرەوەی کۆشک بە بینینی سێ دیمەنی جیاواز کە هەرگیز پێشتر لەو دیمەنانەی نەدیبوو بودا بە حەقیقەتی ژیان ئاشنابوو .

لە سەفەری یەکەدا پیرە مێردێکی پەک کەوتەی لە سەر ریگاکەی بینی ، لە سەفەری دووەمیدا پیاوێکی نەخۆشی بینی کە لە تاو ئازار خۆی پێچ دەدا . لە سەفەری سێیەمدا تەرمێکی بینی کە کەسوکارەکەی لە تاو نیگەرانی و لەدەست چونی بە پەرۆشەوە دەگریان . ئەو تێگەیشت کە ئەم سێ حاڵەتە چارەنوسی گشتی هەموو مرۆڤە لە سەفەری چوارەمی خۆیدا پیاوێکی راهیبی بینی کە قاپێکی سوالکردنی بە دەستەوە بوو بە خۆشحالیەوە تیدەپەری ، ئەو دیمەنانە لە رۆحیدا کاریگەری دانا و ئەوی تیگەیاند کە تەواوی چێژو سەرقاڵیەکانی دنیا بێهودەو پوچن . ئەو ئەوە تێگەیشت کە ئاکامی گەنجیەتی پیری و رەنجو ئازارو مردنە . ئەو گەیشتە ئەو حقیقەتەی کە لە نیوەشەوێکدا بە هێواشی ژن و ماڵ و منالی جێهێشت جلوبەرگەکەی بەخشی . کراسێکی زەردی لە بەر کرد قژی تاشی و چۆ بۆلای دووکەس کە راهیب ( guru ) بون و لە ئەشکەوتدا دەژیان راهێنانی لە سەر فیرکراوەکانی برهمنەکان و وەرزشی نارەحەتی جەستەیی یوگاو فیرکرد تا یەکێتی و پەیوەندی نێوان ( من ) ( atman ) حەقیقەتی رەهادا (برهما) بێنێتە بوون . بەڵام ئەم دۆخەش پیویستی رۆحی و خواستی ئەوی بەدی نەهێنا لە راهیبەکان جودا بویەوە و بریاریدا نارەحەترین وەرزشی جەستەیی ئەنجام بدات .بە جۆرێک کە پاش ماوەیەک جگە لە پێست و ئێسقان هیچی نەمایەوە چونکە لە رێگەی بەڵگەو وەرزشەوە کە دوریگای گشتی و نەریتی هندستان بون نەگەیشتە ئاکامی خواستراو و ئاکامی وەرزشیش کە ناتوانێت ئەو بگەیەنێتە خولگەی زنجیری ژیان و مەرگ و ئازادی پێ ببەخشێت و بیگەیەنێتە ئازادی و رزگاری . وەرزشیشی واز لیهێنا ، بودا گەیشتە ئەو ئاکامەی کە بە هۆی جەستەیەوە ناتوانێت بگاتە ئەنجام ئەوەی کە دەتوانێت بۆ گەیشتن بە حەقیقەت هاوکاری بکات سەرنج دانانە لە سەر رۆح و هەستی ناوەکی مرۆڤ . ئەوی گەیاندە ئەو ئاستەی کە پەی ببات بەوەی کە چۆن لە یەکەمین رۆژەکاندا لە ریگەی بیرکردنەوەوە بگاتە هەندیک حەقیقەت دەربارەی چارەنوسی ژیان و ئایندەی مرۆڤ لە ژێر دارهەنجیرێکدا دانیشت کە لە دوایدا ئەو دار هەنجیرە بە درەختی رۆشنگەری هزر (بوهی Bodhi یان بە کورتی درەخت (Bo ناسراوە بە تنیا بیری لە بابەتی رۆح دەکردەوە . پێنج کەسی مرتاز ئەویان واز لیهێناو ریگای خۆیان گرتە بەر .

بودا لە ترۆپکی خەیاڵدا وەلامی پرسیارەکانی خۆی دایەوە ئەو بەو هۆیەوە گەیشتە باڵاترین ترۆپکی زانست و بە بودا ناسرا .

بودا لە دووەمین شوی بێداری خۆیدا پەی بە یاسایەک برد کە دەسەڵاتی بە سەر ژیان و مەرگدا هەیە بە باوەری ئەو نە تەنیا مرۆڤ بەڵکو هەر بەشێک و هەر پارچەیەک لە جیهانی بوون شیاوی لە ناو چون

و ویران بونە . هەرچی دێتە بوون بێ چەندوچون ڕۆژێک دێت لە ناو دەچێت . نە مرۆڤەکان و نە ئەوەی لە دنیادا بوونی هەیە سەربەخۆو بە تەنیهایی تەواو بەش بەشی یەکترن . بەڵکو هەر یەک لە فاکتەرە تاکەکان لە فاکتەرەکانی تر دروست بون کە بە پێی تێپەرینی کات لە حاڵی گۆڕاندان .هەمیشە لە حاڵەتی لە یەک جیابونەوەن لە یەکترو بە یەککرتنی لە لەگەڵ شتی تر شتی نوێتر دەخۆلقێت . ئەم جیابونەوە لە یەکتری یان یەککرتنانە ریکەوت نین . بەڵکو لە ژێر سیستەمو یاسایەکی تایبەتدا بە ئەنجام دەگات . یاسای باڵادەست و چارەنوس ساز لە هەمبەر مرۆڤ یاسای کارمایە کە سروشت خولقاندنی ناوەندی کەسیەتی دیاری دەکات . کردەوەی چاک خۆبەخۆ ژیانی باش لە ئایندەدا بەرهەم دینیت و کردەوەی خراپیش هۆکاری ژیانێکی تەڵخ و تاڵەو نزمی ئاستی ژیان بەرهەم دێنیت .بەم جۆرە سروشت هەر خولقاندنێک بە هۆی کارمای ژیانی پێشو ەوە دیاری دەکات . ئەم نەزمە سەلمێنەری ئەخلاقی دنیایە کە هیچ کەس تانوانێت لێی هەڵبێت . دهاما ( dhama مانای یاسای حاکم ) نەتەنیا گشتی ئەم نەزمی ئەخلاقیەیە . بەڵکو فاکتەری فیزیکی حاکم لە سەر دنیا لە خۆ دەگرێت . چوار فاکتەری ( ئاو ، ئاگر، زەوی ، هەوا ) هەستی بەهێزی بزوینەری ئیرادە و توانای سەلماندنی کەسیەتی ویژدان و نەزانین و ناوبانگ و جوانی و سەروەت و رەنگەکان و سەدان فیرکراوەیی دروست بە پێچەوانەی حەقیقەت ، پەیوەندی سێکسی خەو برسیەتی نەخۆشی گەشە کردن پیری و مەرگ و بە گشتی هەرچی لە م جیهانی بونەدا دەتوانیت وینای بکەیت و ناوی بهێنیت هەموی بەر ئەنجامی هاوکاری ئەو فاکتەرە بەش بەشانەیە و پیادە کردنی یاسای دەستباڵان . پێ دەچێت کە مرۆڤ بونەوەرێکی داماڵراو بیت بەڵام حەقیقەت شتەکە جیاوازە لەوە . ئەمە تەنیا هەڵەیەک و وینا کردنێکی زیاتر نیە مرۆڤ لە جریانی پڕ لە ئاشوبی دهامادا گیرۆدە بوە کە هەمیشە کاریگەری لە سەر دادەنێت و دەی گۆڕێت و هەتا پاش مەرگیش بە شێوەو چێوەیەکی ترەوە دووبارە دەی هێنێتەوە دنیا .

بەم رونکردنەوەیە ئاینی بودیزم فەلسەفەی هندیەکان لە سەر بنچینەی ئەوەی کە ( من ( atma تەواوی بونەکانی خۆلگەی زنجیری ژیان و مەرگدا جێگیر دەکات . رەزامەند نیە و باوەری وایە کە ئەوەی کە مردوە لە گەڵ ئەوەی کە لە دایک بووە دو مرۆڤی جیاواز بن . و تەنیا لە سۆنگەی سەرنجی کارماوە لەگەڵ یەکتر هاوبەشن .

لە سێهەمین شەوی بیرکردنەوەیدا لە ژێر دار هەنجیرەکە بودا پەی بە چوار حەقیقەت برد کە لە راستیدا ناوەندی بونی سەنتەری فیرکراوەکانی بودایی پێک دەهێنێت

1-حەقیقەتی یەکەم : ناسین و جەخت کردنەوەی بون و رەنج و نیگەرانی بەو مانایەی کە ژیانی هەر بونەوەرێک هەمیشە ئالودە بە ئازارو بەدبەختیە . یان قسەی خودی بودا خولقان و پیری و نەخۆشی و نیگەرانی و هەژاری کوێرەوەری بەدبەخت و نا ئومێدی هۆی نەهێشتنی گەیشتنن بە مەبەست و دواجار هەموشیان هۆی ئازارن .

2-حەقیقەتی دووەم : ناسینی رەنج و ئازار سەرنج لە سەر ئارەزووە لە بن نەهاتوەکان ( tanba ئارەزووری نوێبونەوەی ژیان رەفاهیەتی ژیان گەشبیینی و خۆش گوزەرانی ئارەزووی بەردەوامی ژیان ئارەزووی سەلامەتی و بیوەیی ئارەزووی خاوەنداریەتی (تانکا ( tankaهەموو ئەمانە هۆی دروستکردنی ئازارو مەینەتین .

3-حەقیقەتی سێیەم : رێگای ویران کردنی رەنج و ئازار ، وازهێنان لە سەروەت و ئارەزوورەکان وەازهێننا لە هەواو هەوەس خۆ رزگارکردن لە ئارەزووەکان دورە پەریزی لە شەهوەت و ئارەزووی نەفسی .

4-حەقیقەتی چوارەم : ڕێگایەک کە ڕێنمایی مرۆڤ بۆ داماڵینی لە ئازارو ڕەنج دەکات اکامی بنەما پیرۆزەکانی هەشتلایەنەی خوارەوە یە لەم خالانەدا ئاماژەیان پێدەدەین .

ا-زانستی دروست و دەستکەوتی دروست و کامڵ لە چوار حەقیقەتدا .

ب-ئەندیشەو هزری دروست و باش . ئاشتی خوازی و دورکەوتنەوە لە هەر جۆرە خواستێکی تندوتیژی و نیەتی خراپ و خراپی .

ج- وتەی دروست . دورکەوتنەوە لە درو کردن گاڵتەو گەپی بێ هۆ . و زەمکردن قسەی هەر کەس پێویستە عاقڵا ًنەو دروست و راست و ئاشتی خوازانە بیت .

د- کرداری دروست : رەفتاری هەر کەسێک پیویستە لە سەر بنەمای ئەخلاقی بیت کوشتن و دزی کردن و زینکردن و کردەوەی ناپەسەند قەدەغە کراون .

ت- هەوڵ و تەقەلای دروست بۆ ریخستنی هەستی باش و دورکەوتنەوە لە هەڵچونی شەیتانی .

ح- چاودێری کردنی دروست و کەنار گیری لە ئارەزووی جەستەیی و دەرونی و حەزی کۆنترۆل کردنی خۆ .

خ-ناوەندێتی هزرو ئارامی دروست بۆ ئازاد کردنی کەسیەتی لە هەرشتێک کە رەنگی پەیوەندی و وابەستەیی بە خۆ بگرێت .

ج-کاری دروست : بەئەزمونی کە هۆی ئازارو نارەحەتی نەبیت بۆ کەس .بە شێوەیەکی گشتی هەشت ڕێگا پێشنیار کراوی بودا لە م سێ خالەی خوارەوەدا خۆی دەبینێتەوە :

1-ئەخلاق ( گفتاری دروست کرداری دروست کاری دروست )

2-نەزمی رۆحانی ( کۆششی دروست ، ناوەندیەتی دروست ، سەرنجی دروست )

3-رۆحی و دەرونی ( زانستی دروست ، ڕێگای دروست )

نیروانا : لە سەر بنەمای فێرکراوەکانی بودا بونی مرۆڤ بە شێوەیەکی داماڵراو و تەنیایی و شیاوی هەڵەی بینین و هەڵەی دیدگاییە . حەقیقەت ئەوەیە ، کە جەستەگەلیکی جیاواز خولقینەری جیهانی بوونن . پەیوەندی دار پیکەوەو هەمیشە لە بزوتن و گۆراندان . رەزامەندی بونی (من ) قبول نەکراوە . (من ) و (مالی من ) دەستەواژەی نەشیاوی ناو حەقیقەتن . کەسێک کە لەم دۆخەدا بێت ئیتر بە دەستەواژەیەکی خەیاڵی یەوە نلکێت . بە وردی ئەو پیکەوە لکانە درۆی قبوڵ کردنی بونی ( من ) ە کە مایەی ئازارو رەنجە . ئەوەی بە ناوی ( من ) ناوزەد دەکرێت ، کۆمەڵەیەکی بێ بەهایە لە ئارەززوی جەستەیی ، مرۆڤ پێویستە بەدەستی خۆی ریشکی ئەو لە خۆ بایی بون و ئارەزووە بێ بەهایانەی بسوتێنێت و لە ناوی ببات و سەروەت و ئارەزووەکانی لە ناخی خۆیدا خەفە بکات و بەم ڕێگایە هۆی لە دایک بونی ناوەندی ویران بکات تا خوگەی زنجیری ژیان ومەرگ بپچرێت و بە نیروانا پەیوەست ببێت . کەسێک کە دەگاتە پلەی ئاراهات ( arahatیاسای ( کارما ) دەربارەی ئەو هیچ کاریگەری نیە ، چونکە جارێکی تر نایەتەوە دنیا . هاوکات نوێبونەوەی ژیان تایبەتمەندی کەسانێکە کە رۆحی ئەوانە پێویستی بە خۆخاوین کردنەوە هەیە . بودا لە هیچ یەکێک لە فیرکراوەکانی خۆیدا سەبارەت بە ئەو دنیاو ئاراهات و رۆحەکان کە بە نیرونا پەیوەست بون باسیکی نەکردوە . رەنگە بە بۆچوونی ئەو گەیشتن بە نیروانا پەیوەندی بە دەستکەوتنی بەختەوەری تەواو یان لە ناو چونی ڕەهاوە هەبێت .

ڕەنگە فەلسەفەی ( بێ منی      un –atman) بە بۆچوونی هەندێک کە لە قوتابخانەکانی تردا پەروەردەو فیرکراون مەنتیقی و قابیلی قبوڵ کردن بێت .بەڵام هەمان فەلسەفە بەشێکی مەزنی قەڵەم ڕەوی ئاینی بودا پێک دەهێنێت و فەلسەفەی نیرونا بە شێوەیەکی سەر سورهێنەر بە فەلسەفەی ( بی منی ) دەردراوەو پەیوەست بوە . دەستە واژەی نیرونا ناسینەری کۆتایی کۆششی ئایینی بودایە .

نیرونا لە زمانی گشتیدا بە مانای ( هیچ – پوچ ) کە بە مەبەست و دیدی فەلسەفی بودا چەندین فرسەخ ماوەی هەیە . لە کتێبێکی تردا ( تری بی تاکا – tripitaka) دەرباره ماناو تەسیری نیرونا بەم جۆرە دەنوسێت ک

( نیروانا زەمینەیەکە کە لەوێدا زەوی و ئاوو ئاگرو هەوا بونی نیە ) نیروانا فەزایەکی بێ کۆتایی یان سەرزەویەکی هۆشیاری نیە ناوچەیەکی خاڵی یان سنوورێکە کە شیاوی پێداچونەوە یان پێدانە چونەوە نیە . نە ئەم دەستەواژەیەو نە هیچ دەستەواژەیەکی تریش لەوێدا کە خۆرو مانگ بونیان نیە من ئەو جێگایە بە جێگای ڕۆشتن و هاتن نازانم یان بە جێگای جێگیر بون و ئارام گرتن و دەسپێکی بون و لە ناوچوون دانانێم . نیروانا بە بێ بنەماو کۆڵەکە بە بێ سەرەتا بەبێ وەستانە . نیروانا کۆتایی ئازارەکانە )

ئەم پێناسەیە کە لە سەرنجی هەندێکدا ڕەنگە تەنیا بە ( هیچ ) تەفسیر بکرێت . بنچینەی فەلسەفەی پەروەردەکردنی ( dhma) ئاینی بودیزم پێک دەهێنێت . نیروانا لە دیدی بۆدایەکانەوە تەنیا شتێکە کە لە جیهانی بوندا هیچ گۆرانی بە سەردا نایەت . بەهیچ شتێکەوە نەبەستراوەتەوە ، هاوکات هیچ هێزێکیش ئەوی نەهێناوەتە بوون و ئارەزووی خاوەنداریێتی تیایدا هیچ کاریگەریەکی نیە . ڕەنگە نیروانا تەنیا لە ڕیچکەی هزرو لە خۆدا رۆچون پێش لە مردن شیاوی لەمس کردن بێت . بەڵام ئەمە تەنیا ڕێگایەک نیە بۆ لەمس کردنی نیروانا ، هاوکات چەندین یاسای تر لە کاردان .

بودا پاش ئەو شیکاریانەی کە لە ژێر دارهەنجیرەکەدا بوو تیگەیشت کە هەر جۆرە ئارەزوو حەزێکی لە خۆیدا کوشتوە . دۆخی بونێکی بەختەوەرو تایبەتی لە خۆیدا هەست پێ کرد کە کۆتایی ملکەچی پاکێتی و خۆشی یادگاریەکانی بوو . بودا تێگەیشت کە بۆ ئەو لە دایک بونەوەیەکی تر بونی نیە و گەیشتوەتە بەرزترین پلەی ڕۆحی . کاتێک کە لە و دۆخە هاتە دەرەوە گەرایەوە بۆ شوێنی خۆیی و دەستی کرد بە بلاو کردنەوە ئەو حەقیقەتەو خەلکی لە سەر پەروەردەدەکرد .

لە ئەفسانەکاندا هاتوە کە شەیتان ( مارا      mara) کە پێشتر کۆششی زۆری کردبوو تا ئەو بگێرێتەوە بۆ ناوحەقیقەت . دوبارە کەوتەوە گومرا کردنی بودا و دەی وت هەتا فیرکردنی خەڵکی بەو جۆرە هیچ جۆرە سودێکی نیە . خەڵک تا ئەو ئەندازەیە لە زانست بەهرەمەند نین تا بوچونەکانی ئەو دەرک پێ بکەن . بودا کەوتە گومانەوە بەڵام برهمای میهرەبان ( brahma sahama palia) کە هەتا ئەگەر چەند کەسێکیش باوەر بەمە حەقیقەتە نەهێنن ، ئەوا ئەو ئاشکراکردنەی کە دەست ئەو کەوتوە ئەو حەقیقەتانەی کە ئاشکرای کردوە بە ئەوانی تری فیربکات .بودا بڕیاریدادەست بە پەروەردەکردن بکات و یەکەمین ئامۆژگاری خۆی بە خەڵکی ڕابگەیەنێت . پێنج کەسی مرتازی کە ئەویان بە جێ هێڵابوو لە ناو خەڵکە کە ئامادەبونەوە و پەیوەندیان پێوە کردەوە و بونە یەکەمین فیرخوازی بودا . زۆر بە خێرایی کۆمەڵیچک خەڵک کە سەرسامی کەسیەتی و هێزی ڕەوانبێژی و خواستی ڕۆحی بودا بوبون لە دەوری کۆبونەوە .

قوتابخانەی بودا و ئاینی جینی لە ڕاستیدا بەرپەرچدانەوەیەک بوو کە کۆمەڵگەی هندی لە بەرانبەر زیادە ڕەوی برهمنەکان و ئیمتیازاتی تایبەت و بێ سنوور کە ئەم چینە بۆ خۆیان بە ڕەوایان دەبینی . ئەوەی پێشچاو خست کە هەردوو ئایینی هندۆیزم و مەراسمی پەرستن زیادەن و بە بێ سود ئەژمار

دەکرێن . وداکان و پەرستنی خوداکانی بە شتێکی بێ سود و بێ مانا دانا و هەردوی بە دەستکردی جیاوازی بنچینەی چینایەتی – کۆمەڵایەتی ( ( castهندستانی دەزانی . بودا باوەڕی وابو :

( پێگەی هەرکەس لە هەریەکێک لە چینەکاندا پێویستە لە سەر ئاستی بەهاو تایبەت مەندیەتی ئەخلاقی ئەو کەسە دیاری بکرێت . نە لە سەر بنچینەی بۆماوەیی و ڕێکخستنی کۆمەڵایەتی و ئایینی )

بودا دەی وت : هەرکەسێک لە حەقیقەت و ڕزگاریدا بونی هەبێت ئەو تاکێکی پیرۆزە ) ئەو برهمنی راستی یە کەسێک کە تورە دەبێت رق لە دڵ دەگرێت ئازاری بونەوەرەکان دەدات و درۆدەکات و خۆی بە گەورە تر لەوانی تر دەزانێت ئەو تاکێکی دەرکراوی ناو چینەکانەو بیزراوە . )

هەندێک جیاوازی کە لە نێوان ئایینی جنیزم و ئایینی بودیزمدا بونی هەبوو ، لە هەڵبژاردنی پاکێتی ڕۆح و گەیشتن بە نیروانا بوو ، جنیزم ڕێگای ڕزگاری لە وەرزش و بێبەش کردنی توندی جەستە لە هەموو شتێک بە شێوەیەکی رەها دەبینێتەوە . بەڵام بودیزم ڕێگای راست بونەوەو میان ڕەوی و سود وەرگرتن لە هزری تەندروست پەروەردەدەکرد . بودا لە (ئامۆژگاری یەکانی باخی غەزالاندا ) دەڵێت :

( لەم جیهانەدا تەواوی شتەکان دوو سنووریان هەیە . پیاوی بە ئیمان دەبێت لە هەردوک ئەو سنوورانە تێپەرێت . ژیانی ئەویندار ی و خواردن و خواردنەوەو ئارەزووی جەستەیی و شەهوەتی ناپەسەند و خراپ ) بەپێچەوانەوە لە دیدی بوداوە ژیان بەگشتی لە رەنج و وەرزش دا بێ مانایەو کەڵکی نیە . پیاوی بەئیمان و گەیشتو بە حەقیقەت ( tathagataلەم دوو سنوورە تێدەپەرێت و دوروپەرێزی دەکات و خاڵی ناوەندی کە دادپەروەری حەقیقی یە هەڵدەبژێرێت ) بە بۆچونی بودا مرۆڤی عاقڵ پێویستە لەگەڵ ڕاهێنانی بەردەوام بە شێوەیەکی حەکیمانە حاڵەتی ڕۆحی خۆی بونیاد بنێت . بەبێ ئەوەی کە پێویستی بە بچوکترین نەریت و نۆرمی ئاینی هەبێت بۆدا بۆ تەواوی پەیرەوانی خۆی ئەو شتانەی قەدەغە کرد .

تاونبار نەکرێیت بە کوشتن دزی نەکەیت زینا نەکەیت درۆ نەکەیت و مادەی بێ هۆشکەر نە خۆیت . هەر بوداییەک پێویست بوو هەموو رۆژێک ئەم دەستەواژانە دوبارە بکاتەوە ( من پەیوەندی دەکەم بە بوداوە من بە شەریعەتی ( دهاما ) ئیمان دینم و لە تەنیشت پەرستگاکانی بوداوە ئارامی وەردەگرم ) بودا بۆ ڕاهیبەکانی چەندین قەدەغەکاری تری دانا جگە لەو پێنج قەدەغەکراوەی سەرەوە ، خواردنی شوێنی قەدەغەکراودا دورە پەریزی لە سەما کردن و بەشداری نە کردن لە کۆری سەما کەران و گۆرانی ویژان و تەماشاکردنی یاری و سەما کردن . دورو پەریز بون لە کوشتنی گیانداران خۆ بەدور گرتن لە خاوەنداریەتی هەندێک شت کە بەوان نەدراوە ، دورکەوتنەوە لە بێ ویژادانی و بێ کەرامەتی و فرو فێڵ و پەرستنی شتی نەشیاو خەوتن لە سەر شتی نەرموو زیرو زیو و بەکار هێنانی بۆن .هەر راهیبێکی بودایی پێویست بو لە سەر تەواوی ئەو دەستورو بنەمائایینیانەی سەرەوە لە خۆیدا ڕەچاو بکات و هیچ جۆرە کردارێک پێچەوانەی ئەوانەی لێی رونەدات پێویستە لە کۆمەڵگەی راهیبەکان و هاوکاران کە مانگی دووجار کۆدەبونەوە پێی لە گوناحەکانی خۆی بنایە . ڕەدکردنەوەی سیستەمی چینایەتی – کۆمەڵایەتی ونەهێشتنی جیاوازی لە نێوان تاکەکان بەگشتی و ئاسایی کرنەوەی دۆخی ئایینی و میان رەوی لە کارو کردەوەی رۆژانەدا بە شێوەی بەجێگەیاندنی نۆرمی ئایینی بوە هۆی بە خێرایی بلاوبونەوەی بودیزم لە هندستان و زۆر خەڵکی تری دەروەی ئەو چینە پەیوەست بون بە ئەو ئایینەوە . هەتا شازادەو فەرماندەکانیش لە دەوری بودا کۆبوونەوە .

بودا بۆ ڕێنمایی کردنی خەلکانی تر کە دەستیان نەدەگەیشتێ هەندێک راهیبی خۆی رەوانەی دەورو بەری هندستان کرد . پەرستگەی جۆاو جۆری بە ناوی سانگاها( ( sanghaدروست کرد . لە کاتێکدا کە کەشو هەوا سازگاربو بو دا لە گەڵ هەندێک لە راهیبەکانی بۆ پرۆپاگەندەو بڵاو کردنەوەی

ئایینەکەی و دروست کردنی هەوادار بۆ بۆدیزم  سەفەری زۆری دەکد  . کاتێکیش کە وەرزی باران بارین دەستی پێ دەکرد  هەموان لە جێگایەکدا دەمانەوە و خەریکی پەروەردە کردنی خۆیان بوون . تەواوی پرۆپاگندە چیەکانی ئاینی بودایی دەبوایە جامانەی زەردیان بپۆشیایە  . سەرو ریشیان بتاشن و بۆ دابین کردنی خۆرادنی خۆیان قاپێکی سوالّ کردن بە دەستەوە بگرن  لە کاتژمێرە دیاری کراوەکانی رۆژدا بچنە خەڵوەتی بیرکردنەوە لە ئوراد .    بودا هەر جۆرە هزرێکی ئالۆزی ئایینی و راڤە کردنێکی ئەو دیو سروشتی  رەد دەکردەوەو بە بێ مانای دادەنا . لە ئایینی بودادا پەرستنی کەسێک یان خودا بونی نیە  . بودا خودا نیەو لە لایەن خوداشەوە بۆ رێنمایی کردنی خەڵک نەنێردراوە و ناتوانێت بۆ لێ خۆش بون و شفاعەتی گوناحەکانی خەڵک شفاعەت هێنەرو هۆکاربێت . موعجیزە لە فیرکراوەکانی بودا دا جێگاو مانایەکی نیە ، فیرکراوەکانی بودا (    dhamaگرنگتر لە خودی بودایە  . ئەو رێگایەکی زانستی لە بەر گرتوەو ئەوەی کە پێچەوانەی عەقلی پەتی بێت  بە رەد کراوە دەناسرێت . بودا دەڵێت : ( من لە هەمبەر دروست بون و ئەزەلیەتی جیهان رونکردنەوەیەکم نەداوە و لە هەمبەر رۆح و جەستەش قسەیەکم نەکردوە وەک مانەوەی رۆح  پاش گەیشتنی بە پلەی باڵا (ئاراهات   (    arahatهیچ دەستەواژەیەکم نەدرکاندوە . چوونکە راڤەکردن لەم بارەیەوە بەگشتی سودێکی نیەو ئەم بابەتانە ناتوانن بینە پایەو بناغەی ئایینی . لەم روە وە بەسەر اڤە کردنی ئەم بابەتانەدا تێپەریم  و جێ گۆرکێم بە ماهیەت و سەرەرۆیی و گومرایی و بنچینەی هۆی ئەمانە و رێگای رزگار بوونم شرۆڤە کردوە . چوونکە ئەم بابەتانە بۆ ژیانی مرۆڤ سودبەخشەو هەمان کات پایەو بینچینەی ئایینە . پێویستە مرۆڤ هێزی نەفسی و شەهوەت و تورەیی بناسێت  و ئەوانە لە خۆی دوربخاتەوە تا لە هەواو هەوەس و ئارەزووی جەستەیی رزگاری بێت و بگاتە نیروانا ) بە باوەڕی بودا رزگاری هەر کەس وابەستەی باوەربون بە هێزی زاتی ئەو کەسە خۆیەتی . مۆڤ پێویستە لە رێگەی ئازاردان و پەسەند کردنی نەفس و کوشتنی ئارەزوەکانی و لە ناوبردنی خواستە کانی خۆی لە هەموو شتێک دابرێت و خۆی پاک بکاتەوە.

بودا لە کتێبی (هامابودا – رێگای فەزیلەت ) کە بەشێک لە (تری پیتاکا - ) پێک دەهێنێت  دەڵێت  : ( هەرگیز ناتوانرێت  رقو کینە بە رقو کینە  لە ناو ببریت  رق  تەنیا بە سۆز لە گۆرەپانەکە دەکرێتە دەرەوە  ، دەشێ کە مرۆڤ بە سۆز بە سەر رق و تورەیی خۆیدا زاڵ بێت  دەشێ بە خراپیەکان بە باشیەکان داپۆشێت )

بودا سەرەرای رەدکردنەوەی هەرجۆرە هێزێکی خودایی و بە بێ مانازانینی پرۆسەی پەرستن . نزاکردن و نوێژ کردن کە  دو پرۆسەی ئایینی بوو  لە کۆمەڵە ی باوەرەکانی هندیەکان خستیە ناو ئاینەکەی خۆیە وە . لە سۆنگەی بوداوە بنچینەی راستە قینە و نەگۆر کە فەرمان رەوایی جیهان دەکات یاسای ( کارما ) یە .

( نە لە دڵی ئاسمان و نە لە قولایی دەریاکان و نە لوتکەی کێوەکانیش خالێک دەست ناکەوێت کە مرۆڤ بتوانێت پەنای بۆ ببات و لە لیپێچینەوەی کردەوەکانی خۆی رزگاری ببێت  .)

(ئەگەر خەڵکی سەرنجی تەواو لە سەر ئەوە دابنێن کە بەشێکی سەرەکی بەدبەختی و موسیبەتەکان کە پێیەوەی گیرۆدەن و بە دەست خۆیان بە سەر خۆیان هێناوە ، ئەوا لەو حاڵەتەدا چاکسازیەکی مەزن لە کۆمەڵگەدا رودەدات ) ماهیەت و کار کردی ( یاسای کارما ) بەو جۆرەیە کە سەرنج لە سەر شێوەی کردەوەی کەسێک دادەنێت لە کاتێکدا کە لە ژیاندایە ، پاش مردنی ئەو کارماکەی دەچێتە جەستەی کەسێکی باشتر یان خراپتر و سەرلە نوێ ژان دەست پێدەکاتەوە . ئەوەندە ئەو خولگە زنجیریەی ژیان و مردن  درێژ و دووبارە دەبێتەوە تا ئەوەی کە رۆح  لە ئەنجامی کاریگەری کردەوەی کەسەکە خۆی دەرباز بکات و بگاتە نیروانا و ئارامی بەدەست بێنێت .

باوەری دووەم کە بودا لە هندیەکانی وەرگرتوە و گۆڕانکاری نوێ ی تیا کردووە باوەری پەیوەندی دار بە تەناسخی ڕۆحەکانەوەیە ، بودا لە بابەتی تەناسخ و گوازرانەوەی ڕۆح لە جەستەیەکەوە بۆ جەستەیەکی تر دەڵێت : ( ڕۆح ماددەیەکی سەربەخۆ نیە تا لە جەستەیەکەوە بۆ جەستەیەکی تر بگوازریتەوە بەڵکو ژیان ئاکامی هاوپەیوەندی جەستەو ڕۆحە و ئەم دوانە هەردوک سەر بەیەکن ، ئەوەی کە لە ژیانی کەسێکەوە دەگوازرێتەوە بۆ کەسێکی تر خەسڵەتی ژیانی کەسی یەکەم لەگەڵ ( کارمای ) ژیانی ئەودایە کە بۆ ژیانی کەسی دووەم دەگوازریتەوە . لە نوسراوەکانی بودادا بۆ شرۆڤە کردنی زیاتر ئەم فەلسەفەیە زۆر پرسیار هروژینراوە بۆنموونە دەنوسێت : ( کاتێک کە کەسێک مۆمێک بەهۆی مۆمێکی ترەوە دادەگیرسێنێت ئایا ڕوناکی مۆمی یەکەم بۆ جەستەی مۆمی دووەم دەگوازریتەوە ، ؟ بێگومان کە نە . بەڵکو ئەوە هەمان نوێ بونەوەی ژیانە . بەم جۆرە کارما لە بونی کەسێکەوە بۆ خانەی کەسی دووەم دەگوازریتەوە ، بە بێ ئەوەی کە کەسی دووەم هاوشێوەی کەسی یەکەم بێت . لە هەمبەر جیهانی بون و خودای خولقینەر ، باوەڕی بودا لە سەر ئەو بنەمایەیە کە ئەوەی کە لەم جیهانی بونەدا دەی بینین و هەستی پێدەکەین هەمویان لە جوڵەو بزوتن و گۆڕاندان بە شێوەی جیاجیا . مانەوە لەجیهاندا بیچ ماناو ناوەڕۆکە . دێن و دەڕۆن . دەردەکەون و ون دەبن . هێزێکی خولقینەر یان دروستکەری بونی نیە کە جوڵەی جەستەو گۆڕانی شێوە ئاشکرا کانی ئەوانە ڕیزبەندی بکات . بەڵکو تەواوی شتەکان لە سایەی یەک حکومدان و یەکێتیەکی گشتی لە جیهاندا فەرمان ڕەوای دەکات . هەموو بونەوەرەکان جگە لە شێوەو دەرکەوتەی جیاوازیان پێکەوە گرێ دراون و لە یەکێتی یەکدان . کاتێک مرۆڤ ( من ) بون لە یاد بکات و خۆی بە بەشێک لە یەکیەتی گشت بزانێت ، لە جیهانی بێ کۆتایی نیرواناد دەگیر سێتەوە و لە بەرەکەت و ئارامی و ئاسایشی یەکێتی ڕەهای جیهاندا بونی دەسەلمێنێت . کتێبی پیرۆزی بودا یەکان تری پیناکا ( tripinaka بە ( سێ پرەنسیپ ) ناو نراوەو پێک دێت لە سێ کتێب :

ویناياپیتاکا ( ) ( venaya pitaka پرەنسیپی ڕێکخستن ) بریتی یە لە بنچیەوە پەیرەوی پەیوەندی دار بەو کەسانەی کە تازە پەیوەندی بە ئاینی بوداوە دەکەن .

سوتا پیتاکا( ) ( sutta pitaka پرەنسیپی فیرکردن ) بریتی یە لە راڤەو شیکاریەکانی فیرکراوەکانی خودی بودا .

ئابهید هاماپیتاکا ( ) ( abhid hamma pitaka پرەنسیپی میتافیزیکی ) بریتی یە لە خاڵی نایاب و ئاڵۆزی فەلسەفەی بودیزم و راڤەی تیۆری ئایینی .

کتێبی تری پیتاکا ( abhid hamma pitaka ) لە بیست و نۆ بەش پێک هاتوەو درێژی هەر بەشێکیش لە 10 بۆ 1839 لاپەڕەی جیاوازە لە کتێبی تری پیتاکا دا بەشێکی کورت دەربارەی بەهەشتی خۆرئاوا ( sukhavati ) بەرچاو دەکەوێت بەهەشتێک کە نە تەنیا تیایدا ئارامی و بەختەوەری تیا بەدی دە کرێت . بەڵکو جوانی و تێری ڕەنگەکان دیمەنی سەر سورهێنەری دارو درەختی ، نەبوونی جیاوازی لە نیوانی پێگەی مرۆڤ و خوداکاندا نەبوونی شەوو ڕۆژ بە گشتی بە ختەوەری تیایدا بێ کۆتاییە . پێناسەو داستانی بەهەشتی خۆرئاوا لە حیکایەتەکانی ئامی تابها ( ( amitabha دا باس کراوە ، ئامی تابها ، ڕاهێبێکی بودایی بوو کە سوێندی خواردوە ئەبێتە بودایەکی تر ئەگەر لە ئەنجامی کارو کردەوەکانی بەهەشتێک بێتە بوون کە تەواوی ئەو کەسانەی بۆ ئەو نزایان کردوە لە وێدا کۆبوونەوەو پاش مەرگ بە خۆشی لەوێدا بژین . لە ئاکامدا ناوچەی ( بە هەشتی خۆرئاوا ) دە گۆڕرێت بە جێگایەک کە تیایدا تەواوی کۆسپ و تەگەرەکانی خوازیارانی ڕزگاری لە ناو دەچێت ڕێگای گەیشتن بە نیروانا تەخت و فراوان دەبێت . دەستپێکی ڕێگای دروورو

درێژی پەیوەست بون بە نیروانا بە کۆتا خاڵی گەیشتن دەگۆڕرێت و دەبێتە ناوەندێک بەختەوەرەکان پاش مردنیان بە خۆشحاڵیەوە لە وێدا دوبارە ژیان بەسەر دەبەن .

پێگەی کۆتایی لیپرسینەوە . لە کتێبی تری پیتاکا بەم جۆرە نوسراوەتەوە :

پاسەوانی بەردەرگا تاکی خراپ کار بەراکێشان دیچنێت بۆ بەردەم پاما پادشای جەهەنم . پادشا قسەیان بۆ دەکات ئایا کاتێک تۆ لە سەر زەوی بویت ئەو پێنج پەیامبەرە کە بۆ رێنمایی کردنی ئیوە نیردرابوو نەتان بینین . ؟ مناڵێکی بچوک پیاوێکی بە ساڵا چوو نەخۆشێک مرۆڤێکی رەنجبەر جەستەی مردویەک ؟ پیاوی خراپە کار وەلام دەداتەوەو دەڵێت بەلی من ئەوانم بینی پاما دووبارە دەپرسێت ئایا تۆ لە هزریی خۆتدا بیرت نەکردەوە کە من دووبارە زیندوت دەکەمەوە ؟ نازانی من پیرو مردنم ؟ بهێڵە با کارێکی باش ئەنجام بدەم مرۆڤی خراپە کار وەلام دەداتەوە من ئەو کارەم نەکردووە . من لە هەناوی گەمژەیەیەوە بیرم لەو کارە نەکردوەتەوە پاشان پاما چارەنوسی دیاری دەکات و دەڵێت : ئەم کارە خراپانەی تۆ کاری دایک و باوک و خزم و کەسەکانت و هاوریانت نین تۆ بە تەنیا ئەم کارانەت ئەنجام داوە تۆ تەنیا پیویستە لە ئاکامی کارە خراپەکانت بۆ داپۆشینیان درۆ بکەیت . (1)

1-بودا نوسینی oldenberg ل 243

کتێبی تری پیتاکا بە دوو زمان پاڵی ، یاسای گروپی هینایانا ( hinayanaبوداکانی دانیشتوی جنوبی ئاسیاو سیلان کە بە زمانی سانسکریت ، یاسای گروپی ماهایانا ( Mahayanaبوداکانی دانیشتوی شیمالی ئاسیا نوسراوە لە زمانێکی دیرین نوسراوەتەوە .

بودا جگە لە تەرک کردنی چێژە جەستەییەکان و کوشتنی ئارەزوو خواستەکان بونی مناڵو پێکەوە نانی خێزان رەد دەکاتەوە چوونکە بە بۆ چوونی ئەو ئەوە ژنە کە لە خولگەی زنجیری ژیان و مەرگدا لە ئاکامدا دەبنە هۆی بەد بەختی مرۆڤ ، بەم جۆرە لە دەستپێکی دۆخەکەدا بەرگری دەکرد لەوەی کە ژنان پەیوەست ببن بە ئاینەکەیەوە و بێنە ریزی ئاینەکەیەوە .

بودا لەم دۆخەدا لە گەڵ مهاویرا داستانێکی چون یەکیان هەیە کە لە دەستدانی هەر شتێک دەبیتە هۆی رەنج و نارەحەتی . ئەبێت هەموو ئەو شتانە تەرک بکەیت و نابێت هۆگری بۆ هیچ شتێک هەبیت . هەر کەسێک وەک ئاژەڵی بیابان بێماڵ و بێ ژن و مناڵ لە هەوڵی پاکژ کردنەوەی نەفسی خۆیدابێت و لە همان کاتیشدا دەبیت سۆزو خۆشەویستی بۆ رەگە زەکانی بەرانبەری هەبیت و تەمەنی خۆی لە پیناو پاکیەتیدا وەک تاکێکی مرۆڤ تێپەرێنێت . ویژدانی خۆی پڕبکات لە سۆز و خۆشەویستی بۆ هەموو دنیاو بۆ پارێزگاری کردنیشیان تا ئەندازەی خۆبەشین هەڵویست وەربگرێت .

دۆخی پشگیری کردنی نەفسی و پەروەردەکردنی سۆزو خۆشەویستی لە هەناوی باوەرپارانی ئایینی بودایدا بەم جۆرەیە کە تاکێک بە ئارامی لە شێوەیەکی چوار گۆشەدا و لە گۆشەیەک دادەنیشێت چاوەکانی دەنوقێنێت و لە قولایی دڵیەوە حاڵەتی سۆز و هاورێیەتی سەبارەت بە گشت بونەوەرەکانی جیهان و گیانداران دەخولقێنێت و پەروەردەی دەکات و دەیەوێت کە دڵ و دەروونی پڕبێت لە دەربرینی سۆز و خۆشەویستی . بە بێ ئەوەی کە چاوەروانی پاداشت یان سۆزو خۆشەوەیستی بەرانبەر بێت ئاساییە ئەم جۆرە خۆشەویستی یە هیچ لێک چونێکی لەگەڵ سۆز و خۆشەویستی نێوان دو هاورێ یان خزم و کەس نیە . هاوکات لە دەستدانی خزمو کەس هۆی رەنج و ئازارەو بۆ یە خیر خوازی گشتی بە دوورە لە هەر جۆرە ئازارو بەدبەختیەکی دوایی . بە هۆی بوونی ئەم فیرکراوانەوەیە کە لە ناوچەی بودایدا نەرمو نیانی و پێکەوەیی مەودایەکی فراوانی بە خۆ وە گرتوەو لە مێژووی

سەرهەڵدانی بوداییەوە تندوتیژی هیچ ڕۆڵێکی نەبووە و بەلانی کەم بە بەراورد بە ئاینەکانی تر کەمترین تندو تیژی یایدا روی داوە  بودا لە وتە بەناوبانگەکەیدا لە باخی غەزالاندا دەلێت :

( ئەگەر کەسێک لە روی گەمژەییەوە لە هەمەبەر ( من ) تاوانێک ئەنجام بدات  ( من ) لە بەرانبەر ئەودا لە سایەی سۆزو خۆشەویستی بێ خەوشی خۆمی پێش کەش دەکەم . هەر چەند  لە لایەنی ئەوە وە بە شتێکی زۆر خراپیش بێت بەلام لە لایەنی منەوە باشی زیاتر دەخولقێت  )

بودا لە ساڵی     480 ی پێش زایین لە تەمەنی هەشتا ساڵەیدا لە شاری کوشی  ناگارا (  kushinagara )  کۆچی دوایی کرد  بە وتەی پەیرەوانی گەیشتە نیرونا . خوێندکارەکەی ئاناندا جەستەکەی سوتاندو  خۆڵە مێشەکەی لە ناوچە جیاجیا کانی هندستان بڵاو کردەوە .  لە سەر هەر یەکێک لەم ناوچانە کە خۆڵەمێشەکەی تیابڵاو کردەوە پەرستگەی بە ناو ئاستوپا (     stupa ) دروست کرد کە جێگای خۆ پاکردنەوەی بودائیەکانە  . لە نوسراوەکانی بودا دا و لە دواهەمین وتاریدا بەرەو هەناگوی مەرگ  بەم جۆرە دەنوسێت :

( ئاناندا بۆ مردنی من دەگریەت  ، ئایا چەندین جار بە تۆم نەوتوە کە ئێمە پێویستە ڕۆژێک  لە تەواوی شتەکان و کەسەکان کە لە دەورو بەرمانن جیا ببینەوە و ئەوان بە جیچ بهێڵین  . ئەمە فەرمانێکی سروشتی یە  پیاوی عاقڵ دەزانێت  کە تەواوی شتەکان بەرهەمی چاودێری و ڕەنجی ئێمەن  ڕۆژێک دێت لە ناو دەچن  تەنیا حەقیقەتە کە هەمیشە بە ڕەهای دەمێنێتەوە  چونکە دەبێت من نهێنی ئەم لە سەر پێوە ستانەی خۆم  ئاشکرا بکەم  . لە کاتێکدا ئەوە تەنیا حەقیقەتە کە پاکژە . تۆ ئاناندا تا ئەم کاتەش کردەوەکانت باش بون  تەواوی کۆششی خۆت بە کار هێناوە تۆ بە زوویی لە دەست ئیهریمەنە مەزنەکانی نەفس پەرستیو لە خۆ بایی بون  وینا کردن و گومان بردن ڕزگار دەبیت  .)

بودا لە پاش مردنی لە ناو پەیرەو کەرانیدا کەسیەتیەکی تری لێ دروست بوو  بودا لە تەواوی تەمەنیدا خەڵکی بۆ پەیرەوی کردن لە یەک ڕێگای ژیانی ئەخلاقی کۆنترۆل کردنی نەفس و پشت بەستن بە خۆ بە بیچ پەرستن و ملکەچ کردن لە بەردەرگای خواوەندەکاندا ڕێنمایی دەکرد و لە بنچینەدا باوەڕی بە بونی هێزی خودایی و خواوەندی نەبوو . پاش ماوەیەکی کەم  لە مردنی وەک خودایەک بوە جێگای پەرستنی خەڵک  و ئەوەی کە لە ئایینەکاندا بوەتە نەریت  زۆرترین موعجیزەو دەسەلات و بەزەیی زۆری پێبەخشرا . هەتا لەو باوەرەداون کە بودا بونەوەرێکی دیرین و ئەزەلیە و جەستەیەکە کە بەرهەمی لە دایک بونێکی ئەو دیو سروشتە  .  ئەو ب مەبەستی ڕزگار کردنی مرۆڤ نێردراوە  ،  ئەو زاناو داناو ڕزگار کەری مرۆڤ و پاکی برهماو ویشنۆ و خوداکانی هند بوو .  پەیکەری جۆراو جۆرە بە ئەندازەی جیاجیا بۆ دروست کرا  پەیرەو کەرانیشی لە بەرانبەر پەیکەرەکانیدا لە سەر ئەژنۆ کرنوشیان بۆ دەبرد .

پاش مەرگی بودا دەربارەی چۆنیەتی گۆرانی وتەو وتەزاکانی بودا ، لە نێوان کۆمەڵگەی راهیبەکان بوە جێگای مشتو مر ، و بون بە دوبەشەوەو بەرانبەر یەک وەستان  یەکەمیان  ( ترواادینەکان ( trvadins ) فێرکردن لە سەر بنچینەی نوسراوە دیرینەکان ) کە ڕەزامەند نەبون لە سەر تەفسیری وتەزاکانی بودا و ئەوانەش بە گروپی دوەم  ( ماهاسانگ هی کا     ( mahasanghikas ناسران کە زۆرینەی پەیرەو کەرانی بودایان پێک دەهێنا و زیاتر بە نەرمو نیانتر لە کارو کردەوەو رەفتاریاندا لە گەڵ پەیرەو کەرانی تردا جیاوازتر بوون  .

گروپی یەکەم  پاشتر بە (  هینایانا   ) (hinayana بەخت باشەکان ) ناوزەد کران  . ( تراوادینە کان – باهی نایانا ) باوەڕیان بە هەڵی تاک هەبوو بۆ ڕزگار بوون لەم ڕێگایەدا هاوکاری و یارمەتی دانی خوداکانیان پێ قبوڵ نیە . ئەنجامدانی مەرایسمی پەرستن و کرنوش بردن لە بەردەم پەیکەرەکان و

وینەکاندا هەتا لە بەر دەم پەیکەری خودی بوداشدا بە بێ بنەماو بایەخ دەزانن و باوەڕیان وایە کە چونکە بودا گەیشتوەتە نیروانا و لەو جیهانەدا خۆی بینیوەتەوە پەرستن و ستایشی ئەویش بێ مانایە . بە باوەڕی تراوادینەکان کەمن ئەو کەسانەی ئەگەر بگەنە پلەی بودا گەیشتن بە قۆناغی پیاوی پیرۆز ( arhartپێویستی زۆری بە هەوڵدانی لێبڕاوانەیە . چونکە لە سەر بنچینەی باوەڕی لایەنگرانی ئەو گروپە تەنیا راهیبەکان . ( bhikshuدەتوانن بگەنە پلەی ڕزگاری ، یەیەکێک لە تاکەکانی بودایی لایەنگری هیناپانا هەوڵدەدەن بەشێک لە تەمەنی خۆیان لە خەڵوەتدا بەسەرببەن وەکو راهیب پەیرەوانی ئەم گروپە گوتامارا تەنیا بە بودا نازانن لە نوسراوە سەرەتاییەکاندا دەربارەی شەش ڕ ێبەری ئاینی یەک بودا کە لە ئایندەدا دێن ئایدیایەک بەرچاو دەکەوێت ، و لە نوسراوە کانی دواتری ئەو گروپەشەدا باس لە سەر نزیکەی 28 بودا کراوە کە لە نێوانیاندا گوتاما لە هەمویان گرنگترە . فیرکراوەکانی ئەو گروپە هینا پانا گەرچی هاو ئاهەنگە لەگەڵ فیرکراوەکانی خودی بودا دا لە هەمبەر ئەو دۆخەی کە بودا لە ژیانیدا پیادەی کردبوو . بەڵام بە هۆی توندی کردەوەی کە هیناپانا لە خۆیدا پیشانی دەدا نەیتوانی لە کیشوەرێکدا کە خەڵک باوەڕیان بە خواوەندە زۆرو جیاجیاکان هەیە و لە بەردەم پەیکەری خوداکان و ڕۆحە پیرۆزەکان چۆک دادەدەن و کرنوش دەبەن ڕەزامەندی گشتی بەدەست بێنێت و پەرەبسێنێت .

بە باوەڕی ماهاسانگ هیکاهابا ( ماهایانا ) ڕزگاری تایبەت بە بەشێکی دیاری کراو یان ئەو کەسانەی کە خاوەنی ئیمتیازاتی تایبەتن نیە . بەڵکو هەموو خەڵکی دەتوانن ڕزگاری بەدەست بێنن لە ئاینی بوداییدا کە ماهایابا فیردەکرین ڕابوردوو تایبەت مەندیەتی زیاتری پابەند بون و تەقوای تاک بە گشتی لە بەر چاو دەگیریت ، لە سەر بنچینەی لایەنگرانی ئەم گروپە کەسی گوناما بونەوەرێکی ئاسمانی بو کە بۆ ڕزگاری بەندەکان بۆ سەر زەوی دابەزیوە بودا خاوەنی لایەنی خودایی و پەرستنە لەم گروپەدا جگە لە قبوڵ کردنی بنەماکانی بودایی کە گروپەکە قبوڵیان کردوە هیبایانا نوسراوەکانی تر لە هەمبەر نوێکردنەوەی بودیزم داڕێژراوەتەوە کە هەتا هەندێک نوسراوی دواتر جەخت لە سەر کتێبە دێرینەکان دەکاتەوە یەکێک لە کەسایەتیە دیارەکانی ئەم گۆوپە ( بەختەوەری مەزن ) بەدهی ساتوا ( bodhisattva یە . ئەو کەسێکە کە بۆ ڕۆشنکردنەوە تەفسیر کردنی چارەنوسی هزری بوداییەکان هەڵبژێردراوە ئەو بۆ ڕزگار کردنی مرۆڤایەتی و ڕزگاری هەرچەند زیاتری خەڵک بڕیاریدا لە سەر بنەمای دەرکەوتنی کۆمەڵەیەکی تری بودای دەربکەویتەوە. بۆ ماوەیەکی نادیار کە زۆر دورو درێژیش نەبیت ( بەدهی ساتوا ) جەختی کردوەتەوە و سوێندی خواردوە تا دواساتی پێش چونەناو جەستەی کەسێکی ترەوە گەرتوانێت هاوکاری هەرکەسێک بکات . بەو مەبەستەی کە گەرانەوەی بۆ نیروانا قەدەغە کردوە تا بتوانێت زیاتر بە سودی مرۆڤایەتی خزمەت بکات . هەرکەس کە لەبزوتندایە بۆ بەدەست هێنانی ڕزگاری ، ئەتوانێت پارێزگاری لێبکات و هاوکارییکات . ئەو لە هەموو ساتەکاندا بۆ هاوکاری لیقەوماوان ئامادەیە.

پەیرەو کەرانی گروپی ماهایانا باوەریان وایە کە هەندێکک لە بوداکان بە ئەندازەی چەند دانەیەکیان کە بە تەواوەتی لە بونی هەستی ڕەهای دهارماکیا( dharmakaya)جێگیر دەبێت ئەگەر دهار ماکایا بتوانن ببینن لە و دا شێوەی بودای هەقیقی ( adibuddaha)لە بونی ئەودا دەبینرێت . گوتاما خۆی هێزێک بوو لە بونی هەستی داخراو.

لە سەدەی سێیەمی پێش زایین پادشایەکی دەسەڵاتدار بە ناوی ئاشوکا لە هندستان حکوم ڕانی دەکرد ئاشوکا لە ئەنجامی کاریگەری جەنگێکی زۆر قەڵەمڕەوی دەسەڵاتداریەتی خۆی لە سەر زۆرینەی خاکی هندستان فراوانترکرد بەڵام لە ئەنجامی زیادە ڕۆیی خوێن ڕشتنی ئەو ئەوی بە ئاگا هێنایەوە بو بەیەکێک لە پەیرەوکەرانی ئایینی بودایی و فیرکراوەکانی بودای لە سەرانسەر هندستان خستە بواری

جێ بەجێ کردنەوە . خۆیشی بۆ ئەو پەرستگایانە دەچوو کە بودا بە پیرۆزی دەزانی و زۆرهەولیدا کە سیمایەکی جیهانی بە ئاینی بودا ببەخشێت هەندێکی بە شێوەی پرۆپاگندە چی و سەفیری بودا بۆ ناوچە جیاجیاکانی جیهان ڕەوانە کرد پرۆپاگنە چیەکانی تا سنوورەکانی میسرو یونان ڕۆشتن و پێشەکیەکانی بڵاوکردنەوەی جیهانی ئایینی بودایان فەرهەم کرد ، ئاشوکا لە ڕاستیدا دووەمین کەسی بونیاد نەری ئاینی بودابیە ئەو کورەکەی خۆیشی لە ساڵی 250 پێش زایین کرد بە سەرۆکی ئەنجومەنی پرۆپاگندە چیان و ڕەوانەی سیلانی کردن ئایینی بودا جێگای گونجاوی بۆ پرۆپاگندەو بڵاوبوونەوەو گەشە کردنی بەدەست هێناو بە خێرایی لە و دوورگانەدا بڵاو بویەوە کتێبێک کە لەو سەردەمانەدا بە زمانی پاڵی دەربارەی بوداو ئایینە کەی نوسراوە هێشتان بە شێوەی سەرەتایی خۆی ماوەتەوە و لە دێرینترین پشماوەو کتێبەکانە کە پەیوەندی بە سەردەمی بوداوە هەیە .

ئایدیای بودیزم لە وڵاتانی ( برمە ، سیام ، چین ، یابان ، ) بە بێ ئەوەی هیچ ڕێگریەکی لێ بکرێت بەردەوامی بە پرۆپاگندەی خۆیدا ، بە جۆرێک کە ئەمرۆکە مەزنترین ئاینی پەرستراوی خەڵکی خۆرهەڵاتی دوورە .

خاڵێکی جێگای سەرنج سیاسەتێکە کە بەرهمنیزم لە بەرانبەر نەیارانی خۆیدا سەری گرت بەرهمنیزم ئاینەکانی وەکو بودیزم جنیزمی نەک تەکفیر نەکرد بەڵکو تەنها ڕەخنەیەکیشی لێ نەگرتن بەڵام بە پێچەوانەوە بەشێک لە باوەڕدارانی ئەم دوو ئایینە کەسی وەک ئاهیمسا ( ahimsaقەبوڵ کردوو لە ئاداب باوەڕەکانی خۆیدا جێی کردەوە پیادە کردنی هەمان ئەو سیاسەتە ئەوەی بۆ نەیارەکانی سەلماند لایەنگرانی جنیزم ئەمرۆکە کەمترین خەڵکیی لە دەوردا ماوە بودیزمیش وەک بە شێکی کەم لە هندستان لە دەرەوەی دەسەڵاتی حکومرانی بەرهمنیزم چوار چێوەیەکی داخراوی وەرگرتوە ( 1) بودیزم لە دنیای ئەمرۆکەدا لە گۆڕانکاریەکی مەزندایە لە هەندێک لە کیشوەرەکانی جنوبی خۆهەڵاتی ئاسیا بە تایبەت لە برمە و سریلانکا هەوڵی ڕێبەرکەکانی لە سەر ئەو بنەمایەیە کە بە زیندویەتی بودیزم و تێکەلاویەک لە قوتابخانەی کۆمۆنیزم و بودیزم لە بەرانبەر کاپیتالیزم و سیاسەتی داگیرکاری وڵاتانی خۆرئاوا روبەڕوو ببنەوە لە ساڵی 1940 سەرۆک وەزیرانی برمە یونو ( unuلەم ڕێگایەدا هەوڵی زۆریدا نەبونی پەیوەندی ، پەیوەندی دارانی نیروانا بە خاوەنداریەتی زەوی و کۆکردنەوەی سەروەت تێکەلاوی و ئایدیای بودیزم و کۆمۆنیزم ئاسانتر دەکردوو ڕەخنە کانی کۆمۆنیزم بەهیچ جۆریک روبەروی بودیزم نەدەبویەوە . سیاسەتی داگیر کاری دەوڵەتانی خۆرئاوا بە گشتی لە سەردەمە بەرایەکانەوە لە ئاسایا لە نزیک بونەوەی ئەم دو ئایدیایە کاریگەری زۆری هەبوو بەڵام چوونکە یەکێتی دوو قوتابخانەی نا هەماهەنگ بە بێ لە بەرچاو گرتنی بەرژەوەندی گشتی و تەنیا لە سەر بنەمای سیاسەتی سەردەم سەری هەڵدابوو زەرەو زیانی کۆمەڵایەتی زۆر بە زوویی ئاشکرابوو .

1- گەرچی ئەم هەنگاوە

بەرایی چوارەم :

سیکیهیزم

ئاینی ( sikh)سیکە یەکێکە لە ئایینەدووایینەکانی دنیا لە ڕاستیدا هەوڵێکە بۆ دروستکردنی پردێک لە نێوان هەردوو ئاینی هندستان ( ئیسلام و هندۆنیزم ) لە سۆنگەی هزری ڕۆحی نوێ وە هیچ خاڵێکی نوێ و ئەرێنی زیاد نەکردوە جگە لە لەوەی کە لە هەردوو ئایینەکەدا هەیە لەم ئاینەدا هیچ ئەفراندنێکی ئایدیای بەرچاو ناکەوێت . یەکێتی بوونی خودا ملکەچ بوون بە پاکژی لە بەرانبەر ئیرادەی خوداوەندی

ئایینی ئیسلام و تیکەڵەیەک لە هەندێک باوەڕی ئایینی هند وەک ( کارما ) و ( مایا ) بنچینەو پایەی ئەم ئایینە پێک دە هێنێت .

نانک یەکەم کەس نە بوو لە ڕێگەی هاوئاهەنگ کردن و بە یەکەوە بە ستنی دو ئایینی ئیسلام و هیندۆنیزم هەوڵ بدات . پێش ئەوەیش کەسانی وەکو ڕاماناندا ( ramananda ) و خوێندکارەکەی کبیر پانتیس ( kabir oanthis ) هەمان ڕێگایان بە یەکەوە بەستوەتەوەو پێشەکیەکیان بۆ نانک ئەفراندوە .

نانک ( nanak) لە چلو پێنج کیلۆ مەتری باکوری خۆرئاوای لاهور لە ساڵی 1469 زایینی لە دایک بووە . لە سەر بنەمای کتێبی جانم ساکهیس ( janam sakhis ) داستانی ژیان ) کە باشترین سەرچاوەی زانیاری دەربارەی ژیانی نانکە . باوکو دایکی نانک هاوڵاتیی مام ناوەند و ئاسایی بون و ژیانیان هەژارانە دەگوزەراند باوکی سەر بە ئایینی هیندۆنیزم بوو خزمەتکاری کەسێکی فیوداڵ بوو دایکیشی هاوکات ژنێکی زۆر باوەڕدار و ئایینی بوو . نانک لە تەمەنی سی و شەش ساڵی دا هیچ بەهرە یەکی لە ژیان وەرنەگرت هەندێ کات شوانی و هەندێکاتیش لە گەنجینەدا کاری دەکرد بەڵام پاش ماوەیەکی کەم نارەزایی لە کارەکەی دەردەبڕی و دواجار وازی لێ دەهێنا باوکی بۆ بە دەستهێنانی کارێکی شەرەف مەندانەو شیاو ڕوی لە شاری سوڵتان پور کرد نانکیش سەفەری کرد بۆ ئەو ئایالەتە و لە گەڵ باوکیدا دەستیان بە کار کردن کرد . نانک لە گەڵ کارناسێکدا سەرقاڵی کارکردن بوو شەوان لەگەڵ هاوڕێیەکەی ( مردانا ) کە موسڵمانێکی ئێرانی بوو دەستیان دەکرد بە وتنی سرودی ڕۆحانی و مناجات لە بەردەرگای خودادا . لە ئەنجامی بەردەوامی نزاو پاڕانەوە و دەربڕینی هەستی ئایینی . حاڵەتی پرخرۆش و هەستی ئایینی گەیشتە ئاستێک کە ڕۆژێ پاش ئەوەی لە ئاوی ڕوبارەکەدا مەلەی دەکرد هاتە دەرەوەو بەرەو دارستانەکان سەری هەڵگرت . بە وتەی باوەڕداران و پەیرەوانی . نانک گەیشتە ئاستی زانست و لە بەردەم خوداوەندا گرسایەوە . خوا جامێکی شەرابی بەهەشتی نکتۆر ( nector ) شهد روحانی ) پێ بەخشی کە بە منەتەوە وەریگرتوە . خودا بەوی وتوە : ( من لەگەڵ تۆم من بە تۆو ئەو کەسانەی کە ناوی تۆ قبول دەکەن خۆشحالم بڕۆ ناوی پیرۆزی من رابگەیەنە و لایەنگرم بۆ دروست بکە ئەگەر ئەم کارە بکەیت ئەوا خیرو بیرت و نوری پەرستنت دەدەمێ و هزر و ئەندیشەت ڕێک بخە ناوی من خودایە یەکەمین برهما و تۆش گوروی ( guru ) ئیلاهیت (1)
نانک لە وەڵامی خودادا سرودی جاب تی ( japti) خوێندەوە :

( خودا تەنیایە ، ناوی ئەو هەقە ، بەدی هێنەری تورەیی و رق و ترس و تۆقاندنە ، هەرگیز لە ناو ناچێت ، لە دایک نەبووە بەتوانایە مەزن و میهرەبانە ، هەق لە ئەزەلەوە هەبوەو لە ئیستاشدا هەر هەیە ئەی نانک هەق لە ئایندەشدا هەر دەمێنێت ) (2)

نانک پاش چەندرۆژێک لە دارستانە کە هاتە دەرەوەو جلو بەرگی مرتەزانی هندیەکانی لە بەر کرد پارچە پەڕۆیەکی سادەی لە کەمری بەست و خۆی بە پەیامبەری خوداو نوینەری خودا دانا و خەڵکی بۆ پەرستنی ( هەق ) بانگهێشت کرد . لەو کاتەوەئیتر بۆ هەموو ناوچەکانی هندستان دەرۆیشت و بانگەشەی دەکرد لە تەواوی ئەو سەفەرانەیدا هاوەڵەنزیکەکانی هەمان ئەو کەسە ئیرانیانە بون ، ئەو جلوبەرگەی کە لە بەری دەکرد هاو ئاهەنگ بوو لە گەل ئاینەکەی جل و بەرگی هندی و موسلمانە کان بوو وە تاجێکی لە شێوەی قەڵەندارەکان لە سەردەکرد بازنەیەکی لە ئیسقان دروستکراوی دەکردە ملی . چوونکە نانک سیستەمی چینایەتی هندیەکانی ( caste ) رەد دەکردەوەو دەی وت : ( باری چینایەتی جگە لە گاڵتەجاریەکی ناتەواو هیچی تر نیە ) خەڵکێکی زۆر چینی چوارەم ، و لجسە کان ( untouchables ) پەیوەندیان بە پەیرەوانی نانکەوە کرد.

1- گورو نازناوێکە کە پرۆپاگندە چیەکانی ئایینی هندۆ کە لە چارە سەر کردنی کیشەئایینیەکانی هندیەکاندا هاوکاریان دەکرد بەوانە وتراوە .

2-ئەم سرودە بریتی یە لە یەکەمیت ئادی گرات ( adi grath)کتێبی ئایینی سیکە پێک دە هێنێت و سیکە هەر بەرەبەیانێک ئەوەیان دەخویندەوە .

سەرکەوتنی یەکجارەکی نانک لە ( پنجاب ) بوو زۆرینەی ڕێژەی دانیشتوانی پنجاب موسڵمان و هندۆنیزم بوون جیاوازی و ململانێی ئایینی هۆکاری مشتو مرو روبەڕوبونەوەی هەمیشەیی پەیرەوانی هەردوو ئاینە کە بوو . پەیامە نوێکەی نانک ئاشتی بوو بۆ کۆتایی هێنان بە جیاوازی و ڕوبەڕووبونەوەکانی باوەڕدارانی هەردوو ئاین ، خەڵکێکی زۆری پنجاب پەیوەندیان بە نانکەوە کرد ، ئەو موریدەکانی خۆی ناونا ( سیکە ) یانی بە پەیرەو کەری خۆی دای دەنان و خۆیشی ناونا گورو ( guruبە واتای مامۆستای ئاینی .

نانک لە 69 ساڵەیدا کەمێک پاش مردنی مردانا کۆچی دوایی کرد ، سەبارەت بە مردنی نانک زۆرێک داستانی خەیاڵ ئامێز دەگێرنەوە ، یەکێک لە موریدەکانی بە ناوی لاهینارا نازناوی ئانگاری لە خۆی ناو بوە جێنشینی . کورەکانی گورو بەیعەتیان بە باوکیان نەدابوو کاتێک دەوروبەری نانک بەمەیان زانی کە نزیک بوەتەوە لە کاتی مردن ، گورو ڕۆشت و لە ژێر درەختێکی وشک بوودا دانیشت . لە پڕ درەختە کە سەوز بویەوەو چرۆی کرد . موسڵمانان کە ناوی خودای تەنیایان لە نانک بیستبوو وتیان : دەبێت پاش مردنی ئەو بە رێو ڕەسمی ئاینی موسڵمانان بە خاکی بسپێرین . پەیرەوانی هندۆنیزم بە پێچەوانەوە وتیان : جەستەی ئەو دەسوتێنین کاتێک کە داوایان لە نانک کرد کە بۆچوونی خۆییان لەم بارەیەوە پێ بڵێت وتی ( بزانن هندۆنیزمیەکان لە لای ڕاستی منن و موسڵمانەکانیش لە لای چەپی من چەپکە گوڵ دابنێن یەک لەم دوو دەستەیە کە بەیانی زوو هاتن و هێشتان گوڵەکان بە گەشاوەیی مابوونەوە ئەوا من بیاتەلای خۆی پاشان گورو داوای لە موریدەکانی خۆی کرد تا سرود بڵێن . پاش ئەوەی کە خۆی داپۆشی بە هێمای سەر سوپاسی خودای کرد نوری خۆی لەگەڵ گورو تێکەڵ کرد . بەیانی زوو کاتێک کە هاتن و سەیریان کرد بالیفەکەیان لە سەر ئەو لادا شتێکیان لە ژێر بالیفەکە نەبینی و گوڵەکانی لای راست و چەپیش هەر بە گەشاوەیی مابونەوە . تەواوی سیکەکان وەک ڕێز لێنانێک ئەو جێگای کە نانکی لێ پاڵ کەوتبوو سڵاویان لێکرد ، لە (کارنەپور ) لە تەنیشت ڕووباری (ڕاوی ) لە ئایالەتی پنجاب موسڵمانەکان گۆڕێک و هندۆ کان پەرستگەیەکیان وەک ڕێزێک بۆ دروست کرد کە هەردووک گۆڕەکەو پەرستگە کە ئاوی ڕوبارەکەی بردنی ورای ماڵین .

هەمان شێوە کە لە نێوان پەیرەوانی گشت ئایینەکانی جیهان نەریتە کە بۆ مەزن کردن و پیرۆز کردنی پەیامبەری ئایینی خۆیان لە پاش مەرگی ڕێژەیەکی زۆری لە رادەبەدەر موعجیزاتی ئەو دیو سروشتی بۆ دەخولقێنن . پاش مەرگی نانک زۆرێک موعجیزاتی یان بۆ خولقاند جگە لە داستانی دیار نەمانی جەستەی پاش مردنی دەڵێن کە ئەو درەختی هەندیرو سێوی وشکبووی سەوز و زیندو کردەوە . فیلی مردوی زیندو کردوەتەوە . ڕۆحی نوێیی بە بەری جەستەی مردودا کردوە . نەخۆشی چارەسەر کردووە . لە زەویەکی وشک سەرچاوەی ئاوی خولقاندوە . هێشتان نیو سەدە لە ماوەی مردنی تێنەپەڕی بوو کە پەیرەو کەرانی بەرزیان کردوەو بۆ پلەی خودایەتی و لە نوسراوەکانیاندا بە خودا ناویان هینا ( گورو نانک خودایە ، برهمای خواوەندە )

پاش مردنی نانک نۆ ( 9 ) گوروی ترپێبەری کردنی سیکەکانیان لە ئەستۆ گرت :

نانک 1469-1539 nanak

ئانگاد 1504-1552 angad

ئامرداس amardas 1497-1574

ڕام داس ramdas 1534-1581

ئارجان arjan 1563-1606

هەرگویند har govind 1595-1644

هەررائی har rai 1630-1661

هەر کنیشان harkanishan 1656-1664

تک بەهادر tegh bahadur 1621-1675

گوبیند سینک gobind singh 1666-1708

بە گشتی بنچینەو بنەمای باوەڕی ئایینی سیکە کان لە سەردەمی ڕێبەرایەتی پینجی گوری و یەکەم دروست بون . پەیرەو کەرانی نانک بونە گروپی فیدایی ئایینی سیکەکان و بەشێک لە باوەڕی هنیەکانی شیمالیان بۆ خۆیان هەڵبژارد .

مێژووی باوەڕی سیکەکان لە راستیدا لە دوو سەردەمی جیاواز لە یەک دەست پێدەکات . بەشی یەکەمیان لە سەرهەڵدانی خودی نانک خۆیەوە بە شێوەی پێشەوای ئایینی و بونیاد نەری ئایینی نوێی سیکەکان لە ماەی سالآنی 1500ی پێش زایین تا سەردەمی ئاکینشاو بون بە فەرمان ڕەوای جیهانگیر پاشا لە هندستان و بەشی دوەمیشی لە 1600 ی پێش زاین تا مردینی دوایین گورو لە ساڵی 1708 کۆتایی دێت .

گورو ئانکاد زۆر هۆگری وەرزش و لەشو لاری ڕێک بوو و هەمان حەزیشی بۆ پەیرەو کەرانی دیاری کرد . پێشبڕکێی جیاوازی وەرزشی دروست کردوو لە سۆنگەی هێزی جەستەییەوە تاکی چالاک و بە توانی پەروەردە کرد . گورو ( ئامرداس ) بۆ ڕێکخستنی پەیوەندی و هەماهەنگی نێوان سیکەکان و لە ناو بردنی سیستەمی چینایەتی ( casteلە کۆمەڵگەی سیکدا خوانی گشتی ( langarکە بودجەکەی کۆی سیکە کان خۆیان دابینیان دەکرد دامەزران( 1) بەم جۆرە کاتێک کە جیهانگیر پاشا کەوتە ململانێی موسوڵمانەکان و تندوتیژی بەرانبەران لە بەرانبەر سیکەکانیشدا یەکێتیەکی پتەو بەهێزی دروست کردوو خۆی ئامادە کرد تەعبیری ئەم عیبارەتەی نانک کە نە ( هند و نە موسڵمان ) هۆی هێنانە بونی کەسیەتی ئاینی و ئەنجومەنی سیاسی و نیزامی سەربەخۆ بە ناوی ( سسیکە ) لە بەرانبەر ئەو ئایینەکانی تردا کە پارێزەربێت لە بەرانبەر نەیارانی ( کاست ) بە تایبەتی چینی جوتیاران ( jar بوو .

گورو ئارجان لە زیندانی موسولمانەکان دەربازی بوو یان بە وتەی سیکە کان لە زیندان کوشتیا وشەهید بوو ئەمەش بوە هۆکاری زیاتر یەکگرتنی سیکەکان و ڕوبەروبونەوە لە بەرانبەر موسولمانەکان . ڕۆحانیەت و باوەڕ گۆڕا بۆ جەنگ و شەری عەلەنی . هێرشە یەک لە دوای یەکەکانی موسلمانەکان کە بە هەر جۆر بوو لە سیکەکان هێوی زیاتریان هەبوو سیکەکانیان نا چار کرد بگەڕێنەوە دوواوە . پاش مردنی گویندر لە ساڵی 1644 پێش زایین هەررائی ڕوی کردە شاخەکانی حەواڵی پنجاب . کورو جێگرەوەکەی ئەو نەیان توانی لە تۆڵەکردنەوەی ئاورنگ زیب پاشا هندو لە ئاسایشدابن و لە دلهی لە ماڵەکەی خۆیدا دەست بەسەر کرا کاتێک ئاورینگ زیب فەرمانی کرد پەرستگەی سیکە کان بڕوخێنن

تگ بەهادر کە لە بتگال لە گەڵ خێزانەکەی دەژیا  لە هەوڵی کۆکردنەوەی سیکەکاندا بوو بۆ ڕوبەڕو بونەوەی موسوڵمانەکان ئاورنگ زیب ئەوی بۆ دلهی ( delhi)هێناو لەوێ شەهید بوو کوڕەکەی (گوبند سینگ ) لە کاتی کوژرانی تەمەنی باوکیدا 9 ساڵان بوو بوە جێگرەوەی باوکی و بە بونی (  سفر ممەن ) بۆ ماوەی سی (   30 ) ساڵ لە گەڵ موسلمانەکاندا جەنگا  سەردار ڕەشیدی لە ئاو هاتە دەرەوەو سیکەکانی سەرخست بە سەر موسلمانەکاندا . گەرچی جەنگە کانی گوبند لەگەڵ موسڵمانان لە کۆتایدا بە شکستی سیکەکان کۆتایی هات  ، بەڵام سەرکەوتنی ئەو زیاتر لە یەککگرتن و هاو ئاهەنگی لە کۆمەڵگەی سیکەکاندا گۆڕانکاریەکی گەورە بوو کە بۆ مانەوەی چینی ئەو کۆمەڵگەیە دەست کەوت بوو .

1-گەرچی ئەم هەنگاوەی گوروی سێیەم  لە سەر هاوسەنگی هاورێیەتی و هاو پەیوەندی تاکی سیکە گەیشتە ئاستێکی هەستیار بەڵام نەیتوانی ریشەی باوەڕی کە سیستەمی چینایەتی هندیەکان لە یادگەی سیکەکاندا مابویەوە بەگشتی بسریتەوە هێشتان سیمفۆنیای باوەڕ بە سیستەمی چینایەتی لە مەراسیمە جیاجیاکان و بۆنە ئایینەکانی سیکە کاندا بەرچاو دەکەوێت

بە و گۆڕان کاریەی کە گۆرو گوبند لە ئایینی سیکەدا ئەنجامی دا سەلاحیەت و بەرپرسیەتی گورون لەو کاتە بە دواوە بوە کەسیەتێکی دیارو کتێبی پیرۆزی  بۆ کۆمەڵگەی سیکەکان نوسی و کۆی ئەم دوانە بەرزترین مەرجەعی ئاینی ئەمرۆکە پێک دەهێنێت .

لە ئایینی سیکە کاندا کەشیش و ئاخوند و پیاوی ڕۆحانی بۆ هەڵبژاردنی مەراسیمە ئایینیەکان یان پرۆپاگندە کردن بونی نیە  و هەریەکێک لە تاکەکان هەریەکەیان لە سەر رێگای خۆی و ئاکامی مەراسیم و نەریتی ئاینی خۆی هەیە . تەنیا بەشێکی کەم نەبیت  بۆ خوێندنەوەی ( ئادی گرانت ) پەروەردە دەکرێن  ، هەمان دۆخی ئەم پەیرەوکارانەی ئەم ئایینە لە باوەڕدارانی ئاینەکانی تر زیاتر بە توندی گرتویانەوە زۆرتریش پەیوەندی دارن بەیەکەوە . پەیوەندی تاک بە خوداو ڕێگای گەیشتن بە ڕزگاری لە سەر بنەمای ئەزمونی کەسیەتی و هزرو لە خۆدا ڕۆچن و بیرکردنەوە فەراهەم کراوە تا زانیاری قوتابخانەو زانیاری جەبری و یان فشاری کۆمەڵگە کەسکە پێویستە بە شرۆڤە کردنی قۆناغە جیاجیا کانی ژیانی خۆی و پەی بردن بە لە خۆ بایی بون و نەزانین و هەڵپەی بێ سنووری سەروەتی ماددی و لە هەڵی گەیشتن بە خولقینەری ئاسمانی بون  بگات هێزی راکێشەری جیهانیماددی کەسەکە لە دەرک پێکردنی راستیەکانی ژیانی نابینا دەکات . تەواوی جیهانی بون  بە شێوەی دەریایەکە کە مرۆڤەکان بە بێ هیوا بە ڕزگاربوون و دەرباز بون تیایدا با   ً لێ دەدەن و نقوم دەبن  تەنیا رێگای رزگاری بۆ گوناح کاران ڕەحمەتی خودایە .

(ئەگەر ئەو خوداتەنیایە بە ڕوی سۆزەوە سەرنجی کەسێک بدات  لەوکاتەدا ئەو دەگاتە گوروی ڕاستە قینەو بە تەواوی بەدەستی دیچنێت )

خودا ، بە شوێنکەوتەکانی خۆی حەقیقەتی بونی خۆی بە ڕێگای جۆراو جۆر دەسەلمێنێترو کەسەکە لە ژیانی شەیتانی ڕزگار دەکات و ڕێنمایی دەکات بۆ ناو ئەو کۆمەڵەیەی کە خوازیاری ڕێگای حەق و حەقیقەتن .ئەگەر کەسەکە لە ناوی خودا دا ژیان بە سەر بەرێت و ئایەتی پیرۆزی ستایش کردنی پەرستنی پەروەردگاری جیهان بڵێتەوە بێداری جەوهەری لە حەقیقەتی بونی دا بەدەر دەکەوێت و لە بونی خوداداتێکەڵ دەبێت . دەستەواژەیەک کە سیکەکان لەم ڕەوەوە بە کاری دەهێنن ( من موک ) ( manmukhو (گروموک ) ( gurumukhکە لەوێدا ( گورو ) بە مانی خوداو مامۆستای هەقیقی بەکار دەهێنریت یاد کردنی راستە قینەو پەرستنی خودای تەنیا لە دڵی کەسەکەدا ڕێچکە دەگرێت

نە پاش ماوەی دوورو دیدەنی جێگاپیرۆزەکانی وەکو مەککە یان رۆخی رووباری گنگ . یاد کردنەوەی ناوی خودا لە جیاتی ناوەند و هەستەی ناوەندی بۆ پاک کردنوەی رۆح و رزگاری مرۆڤە.

بە جۆرێک لە ناو سیکە کاندا بڵاوە کە گوبیند پەیرەو کەرانی خۆی کۆکردوەتەوەو داوی لی کردوون تا پێنج کەسی خوازرای فیداکار بینە قوربانی ئەمەش تاقکردنەوەیەک بوو بۆ دیاری کردنی پلەی فیداکاری و سەر سپاردنی سیکەکان بۆ ئاینەکەیان . پاش ماوەیەک بیر کردنەوە پێج کەسی خواستیار هاتنە پێشەوەو گوبیند نە تەنیا ئەوانی قوربانی نەکرد بەڵکو جلو بەرگی نوێی پێدان و وەک پەیڕەوکارانی خۆی کە هەڵبژێردراون و خۆشەویستانی خۆی کە بە نازناوی سینگ ( ) ( singhشێر ) و کائار ( ) kaurشازادە ) ناوینان . لەوکاتە بەدواوە ئەو گروپە پێنج کەسی یە ئیجماعی ڕێنمایی سیکە ( ) khalsaیان پێک دەهێنا . هەر کورو کچێک کە دەگەیشتنە تەمەنی چواردە ساڵی ئەی توانی داخوازی ئەندام بون بکات لەو مەراسیمەی کە بە ناوی بەیعەتدان دەخوێندرایەوە پاش خوێندنەوەی سرودی ئایینی تایبەت شەربەتێکی لە شەکرو ئاو دەرژێنرا بەسەر دەمو چاوی داواکاراندا و بنچینەو پرەنسیپی ئەندامیەتی بەوانە دەوترایەوە . ئەندامانی ئەم گروپە نەدەبوو موی جەستەی خۆیان بتاشیایە پێویست بو لە ژن و دوکەڵ و خواردنی گوشتی ئاژەڵ کە بە پێی نەریتی موسلمانەکان سەردەبران دەرەپەریز بن ئەم خۆ بەدور گرتنە بە شێوەیەکی گشتی بوە نەریت و لە لایەن گروپی پەیرەوانی ئاینی سیکەوە پەیرەوی دەکرا . گوروگوبیند ، نەریتێکی نوێی بۆ پەیرەو کارانی دانا پێنج شت کە لە زمانی پنجایی دا بە پیتی کاف دەستی پێ دەکرد لەوشتانەی کە دیاری کرد کە هەرسیکە یەک پێویستە هەمیشە هەی بێت بریتی بوو لە :

1-کیس keis موی دەمو چاو

2-کانگا kanga شانە

3-کاشرا cashera ژێر پۆش تا ئەژنۆ

4-کارا kara دەست بەندو ئەنگوستەیلەی فلزی

5-کرپن karpan چەقۆ یان خەنجەر

ئەم نەریتانە لە لایەن سیکە کانەوە بەگشتی پەیرەو دەکرا و لە ناو عەمامەی هەر سیکیەکدا خەنجەرێکی بچوک هەبوو . لە ساڵی 1765 زایینی کۆنگرەی میللی سیکە کان ( خالسەکان ) لە ئەمریتسار لە سەر بنەمای ئەو دروشمەی کە ( دنیا شمشێر سەرکەوتنی بەردەوام سکەکان بەرکەوتن . بەم جۆرە ئیمان بە خودای تاک و رەهاو دەست باڵا بە سەرکەوتنی سەربازی بەسەر جیهاندا سەردەکەوێت . لە ساڵی 1849 مهاراجە دولیپ سینگ بە شێوەیەکی گشتی ملکەچی هێزەکانی ئینگلیس بوو و جەواهیر ناسراەی بە کیوی نوری پێشکەش بە پاشای ئینگلیس کرد .

لە دڵ و باوەڕو مەراسیمی ئایینی سیکەکاندا کتێبی پیرۆز ( گورو گرانت ساحب ) ( guru granth sahib ) جێگای خۆی گرتوە .گرانت ، گوڵبژێرێکە لە هۆنراوەی نوسەرە جیاوازەکان و کۆمەڵێک لە هزری نانک و چەندین هزری تر دەربارەی خوداو ئامۆژگاری دەربارەی ژیان و عیرفانی . ئەم کتێبە بریتی یە لە 21480 بەیتی شێعری . ئادی گرانت ( کتێبی مەزنی بنچینەیی ) لە ساڵی 1604 زایینی لە لایەن گوروی پێنجەم لە رۆژێکدا نوسراوەکان و داخوازی کە لە هەمبەر نانک لە یادگە و ئەرشیفی کتێبخانە کاندا مابوەوە . کۆی کردەوەو هەندێکی تری لە بەرهەمی نوسەرەکان و گوروەکانی تر پێشوی پێئیزافە کرد . دواتر لە سەردەمی گوروی نویەم و دەیەمدا هۆنراوی تریان بەم کتێبە ئیزافە کرد کتێبێکی تر بەناوی ( داسام گرانت ) لە لایەن پەیرەو کەرانی گوروی دەیەم لە سەر بنچینەی

کتێبی پێشو بەرهەمەکانی گوروی دەیەم نوسرایەوە کە ئەندازەیەکی زۆر لە لایەن ئادی گرانت ڕێزی زۆری لێ دەگیرێت و پیرۆز کرابوو . لە نوسینی گرانت دا سود لە شەش زمانی جیاوازی هندی و فارسی وەرگیراوە و بەم جۆرە کە سانێک بتوانن بە بێ هیچ هەڵەیەک و تەندروست ئەم کتێبە بخوێننەوە و لێی تێبگەن . زۆر نا پەسەندن . زۆرینە ی سیکەکان لە چەمکی ئەم کتێبە بە باشی تێناگەن .

سیکە کان باوەڕیان وایە کە بنەمای ئەم ئایینە ڕاستەو خۆ خودا بەسروش بۆ دڵی بونیاد نەرەکەی ناردووە ئەوی کردوتە پەیامبەر تا مرۆڤایەتی لە تاریکی ڕزگار بکات .لە کتێبی پیرۆزی گرانت دا جۆرێک لە دەرکەوتنی دیار لە خودای نا دیار بە ڕچاو دەکەوێت . برهمینەکان کتێبی ئادی گرانت بە شێوەی دەرکەوتەی خودا و خودای پەرستگەی سیکە هادر گورداوار ( gurdawar ) لە ئامریتسار ( Amritsar ) وەک نەریتێک تا ئەندازەی پەرستن ئاگاداری دەکرێت . هەموو ڕۆزیک بەرەبەیان ئەو کتێبە پیرۆزە لە پارچە پەرۆیەکی ئاوریشم دەپێچن و بەڕێزو حورمەتەوە لە ژێر سێبەری خشڵو زێردا لە سەر مێزێک دای دەنێن و ئێوارانیش کتێبە کە بۆ پشودان بۆ جێگاکەی خۆی دەگێرنەوە لە ناو تەختێکی ئاڵتونی لە ژوورێکی تایبەت دای دەنێن و دەرگای ژوورەکە دادەخەن . لە لایەکی تری پەرستگەکەوە ئامریتسارنوسخەیەکی تری ئەم کتێبە بەشەوو ڕۆژ بە دەنگی بەرز دەخوێنێتەوە . یەکێتی خودای تەنیا دەستەواژەیەکە کە بەبەردەوام لە ناو کتێبەکەدا دووبارە دەبێتەوە کە بەشی زۆرینەی ئەو کتێبە پێک دێت لە دەستەواژەی هروژینەرو عیرفانی . ئەم کتێبە ناوەندی فیرکردنی ئایینی سیکە کان و ڕێگای گەیشتن بە هەقیقەتی ئیلاهی یە . سیکەکان لە بەرانبەر ئەم کتێبەدا کرنوش دەبەن . هەمان شێوە کە هندیەکان لە بەرانبەر وێنە و پەیکەری خوداکانیان و مەسیحیەکان لە بەرانبەر پەیکەری عیسی و سەلیبە کەیان . کاتێک کە منداڵەکانیان بۆ یەکەمین جار بۆ پەرستگە دەبەن کتێبی گرانت بە شێوەیەکی هەرەمەکی دەکەنەوە . بەشێکی لێ دەخوێننەوە تا ناوی مناڵەکە لە سەر بنەمای ئیرادەی خوداوەند لە وشە و نوسراوەکانی گرانت بۆ ناوی مناڵەکە دەربهێنن کە خوداوەند بڕیاری لە سەر بووە . لە پرۆسەی هاوسەرکیریدا بوک بە شوێن زاوادا چوار جار بە دەری گرانت دا دەسورێنەوە سرودە ئاینیەکان دە خوێننەوە لە مەراسیمی پرسەو مەرگدا چەند بەشێک لە کتێبی گرانت بۆ ماوەی حەوت بۆ دەرۆژ دەخوێننەوە . لە هەندێک لە جەژنەکانیاندا خوێندنەوەی کتێبی پیرۆز تادوو ڕۆژ بەردەوامی دەبێت .

ناوی خودا لە کتێبی پیرۆزی سیک کەکاندا سات نام ( satnam ) ناوی هەقە کە لە دەست پێکی هەر یەکێک لە سرودەکانی بە شێوەیەکی پەیتاپەیتا دەست پێ دەکاتەوە . بەڵام بەناوی جۆراو جۆر . وەکو گورو ( guru ) مامۆستا و یان بە ناوەکانی هەندێک لە خوداکانی هندۆ ئیزم ، هەروەک بەرهما و یان ڕاما دەخوێندرێتەوە . تەنیا خەسڵەتێک کە نانک بە شیاوی خودا دەزانن . بە بۆچوونی هاری ( hari ) مهرەبان ئەم خەسڵەتە جوانە تایبەت مەندیەتی سروشتی خودایە .

فیرکراوەکانی سیکە زۆر سادەو ڕێگای بنچینەین و بریتین لە هزرو ئەندیشە دەربارەی خوداو دوبارە کردنەوەی ناوەکەی .

( باڵاترین وەزیفەی هەرکەسێک تێکرار کردنەوەی ناوی خودایە )

(ناوی زۆر پاکی رامارا و هەموو تشێک ئازاد بکە نابێت لە بیر بکرێت )

(ڕزگاری مرۆڤ لە زانینی هەقدایە ، بە دەستهێنانی ڕەزامەندی هەق پەرستنی هەق و هەق بوون )

هزری ئایینی گرانت بەشێک لە ئایینی ئیسلام و بەشێکی تریشی لە فیکری ئایینی هندیەکان پێک هاتوە . گرانت لە هەمبەر ئیرادەی ڕەهای خوداوەند لە هەموو دۆخێکدا بە لاسایی کردنەوەی ئایەتەکانی قورئان دەنوسێت :

( هەقی یەکتا ، بە تواناو ڕەهاو دیاری کەری چارەنوسی گشتی  بون و بونەوەرەکان . هەموو بونەوەرەکان بە فەرمانی خودا دروست بوون  . بە فەرمانی خودا وەزیفەکانیان ئەنجام دەدەن . بە فەرمانی خودا چۆک دادەدەن لە بەردەم مەرگدا و بە فەرمانی خودا لە یەکێتی یەکی هەقیقەیدا یەک دەگرن )

(ئەم خودا تەنیاو میهرەبانە بە شێوەیەکی بەزەییانە سەیری هەرکەسێک بکات ئەو لە گومڕایی و ئازار ڕزگار دەکات )

بە وەرگرتنی ئەندێشەی عیرفانی هنۆئیزم  دەربارەی یەکێتی بوونی تاک لەگەڵ ڕۆحی بەرهما ئۆپانیشاد لەو بارەیەوە دەنوسێت : ( هەر ئەو کەسەی کە دەزانێت  من بەرهمام بۆخۆی تەواوی بەرهمایە )

گرانت دەڵێت  : ( ئەوکەسەی کە خۆی بە ڕۆحی جیهانی ( سوهام      ( soham دەناسێنێت ئەوە باوەڕی بە ڕازی جیهانی بوون هەیە  )

لە گرانتدا کرارا لە ( ساچ قەند ) بەهەشتێکی تایبەتی بۆ ئەو کەسانە داناوە کە بەڵێنی ڕزگاربونی پێداون  و ئاوا باسی دەکات : ( لە ئاینی سیکەدا لە پلەی یەکەمدا هەوڵ بۆ ئەوە دراوە کە  جیاوازیە ئایینیەکانی نێوان هندیەکان و موسڵمانان چارەسەر کردوە . نانک بە وەلانانی بت پەرستی و ئاهیمسا و حەڵاڵ کردنی گۆشتی ئاژەڵ موسڵمانانی بۆ ئاینەکەی خۆیان بانگ هێشت کردوە بە قبوڵ کردنی بنچینەی گرنگی ئاینی هندی یانی تەناسخ و کارما بۆچوونی هندیەکان و هاوکات گرەنتی کردنیان بە وتەی ئەم ئاینە خوازیار کردوە نانک دەربارەی دو بنچینەی تەناسخ و کارما دەڵێت : ( ئەمە هەمان ئەو شتیە کە  خودی ئەو چاندویەتی و ئێستا خدی خۆی دەی خوات  مرۆڤ بە فەرمانی خودا دوچاری چارەنوسی تەناسخ کردوە . گرانت ل 206

(ئەی برای من  ، مرۆڤ  لە سەر بنەمای ئاکامی کردەوەی چاک یان خراپی پێشوی خۆی دێتە دنیا . هەرجۆرێک کە مرۆڤ  بیەوێت بەو جۆرە دەبیاتەوە . )

نانک بە خوێندکارەکانی خۆی دەوت  بۆ خۆ دورخستەوە لە ژیان و سەرلە نوێ نوێبونەوە لە یادی خودا غافڵ نەبن و ناوی خودا بەردەوام بڵێنەوە تا پێستی کارما کە لە ڕۆحی ئەوانەدا بەستراوەتەوە بەبێت یان تێکەڵ ببێت و بگەنە هەقیقەتی ڕەها .

فەلسەفەیەکی تری ئاینی هندیەکان  کە لە ئاینی سیکەدا مەودایەکی فراوانی گرتوە فەلسەفەی مایا یە  . لە سەر بنچینەی ئەم فەلسەفەیە کە جێگای قبوڵ کردنی هەردووک هندیەکان و سیکە کانە ئەوەیە کە خوداوەند ماددەی خولقاند و بەوەش دەمامکێکی پوچی بە سەر هەقیقەتی شتەکاندا کردو جیهانی بوونی بە شێوەی جۆراو جۆر دەرخست . وەکو زەوی و ئاسمان مرۆڤ و ئاژەڵ سەوزەو میوە  هەموو ئەمانە شێوەی جیاوازی بوونن کە دەمامکێکی سەر ڕوی هەقیقەتن  . هەموو ئەندێشە پوچەکان و فیرودەرانە تەنیا خودا خولقێنەری هەقیقەتی خولقاندنە . گەرچی پەیرەو کەرانی ئەم باوەڕە ناخود ئاگایانە بەشێکی زۆری بەرپرسیارەیەتی نادیاری هەقیقەت و دەمامکردنی بە شتێکی پوچ ی شتەکان دەخەنە ئەستۆی خودا بەڵام ئایینی سیکە  خۆی ناخاتە ناو ئاگری شەڕی  شەیتان و خوداکان و ڕێگایەکی تری بۆ دەربڕینی خۆی دیاری کردوە . و وەک دەڵێت ئەگەر مرۆڤ غەریزەو خۆپەرستی و نەزانین بە نزاو پارانەوەی هەمیشەیی ناوی خودا لە هەناوی خۆیدا لە ناو ببات و وێرانی بکات . لەو چێوەی دەمامکە کە دراوە بەسەر هەقیقەتی بونیدا ڕزگاری دەبێت . و دەچێتە خزمەتی خوداوە  . بۆ گەیشتن بەم بابەتە بە یەکێتی بون دەبێت لە گەڵ خودا  (  sakajو ڕزگاری کۆمەک و ئیادەی مامۆستای هەقیقی زەروریە . بەبێ ئیرادەی خوداوەند هیچ کەس توانی گەیشتنی نیە بە قۆناغی یەکێتی عەشق لەگەڵ خودادا نەخۆشی

غەریزەو خۆپەرستی و نەزانین لە ناوی دەبات . مرۆڤ پێویستە پەیتا پەیتا خولگەی زنجیری ژیان و مردن بەیاد بێنێتەوە . کاتێک ئەم خولگە زنجیریە گەیشتە بن بەست و کۆتایی هات  کە کەسەکە بە مامۆستای راستی پەیوەندی بگرێت  . کە سانێک کە عەشق و خواستی خزمەت کردن بە خودایان هەیە دڵی ئەوانە ڕوناکە ئەتوانن ببنە خزمەتکاری مامۆستای مەزن  . ئەم پابەندیەتی یە ئاکامی هەوڵی وەزیفەی وەکو گسک لێدانی شوێنی کۆبوونەوە لە پەرستگەو ( gurdward) ئامادەکردنی  خواردن و بەڕێ بردنی کارو بارو ناساندنی کۆبونەوەکە بە دنیای دەرەوەی سیکە کان .

نانک لە سەربنچینەی نەریتی گشتی لە هەناوی ئیسلامدا ڕەزامەندبو بە جێگرەوە و ڕێنمایی کردنی ئایینی ( گورو ) بۆ ڕێنمایی کردنی باوەڕداران بۆ سەر ئاینی سیکە پەیرەوکەرانی خۆی بۆ ملکەچ کردنی بێ چەند و چۆن  بۆ فەرمانەکانی ئیلاهی و نەریتەکانی گۆرون ڕێنامیی دەکرد .

یەکەمین بەشی کتێبی پیرۆزی هەردوو ئایینی ئیسلام و سیکە کان سەرسوڕهێنەر هاوشێوەی یەکن و نزاو ارانەوەیە لە بەردەم خودای تاک  کە پەیڕەوانی هەردوو ئاین بەرەبەیان ئەنجامی دەدەن و زۆر لە یەکترەوە نزیکن  . جگە لەوەی کە  لە پارانەوەو نزاکردنی گرانتدا سرودی زۆر بەرچاو دەکەوێت کە لە بەرانبەر ئایەتە کانی قورئاندا چون یەکن  . وەکو ئەو دەستەواژە هاوبەشانەی کە هەردوو ئایینی ئیسلام و سیکە هەیانە ڕێژێکی زۆرە کە پەیرەو کەرانی هەردوو ئاین  بۆ بونیادنەری ئاینەکانیان ب ناوی پەیامبەری خودا و کتێبی  پیرۆز جێگای باوەڕو هاوکات پەرستگەکانیش مەکەو ئامریتسا بە شێوەی ڕوگە ( قیبلە ) خوداو پەرستگای باوەڕداران دادەنێن . بەڵام لە بەرانبەر سیکەکاندا باوەڕبوون بە ڕۆژی قیامەت سەرهەڵدانی شێوەی ئیسرافیل و ڕۆژو گرتنیان نیە . نانک بە نزاو پارانەوەی ڕەواڵەتی و شێوەی هندیەکان و موسڵمانان کە لە پەرستگەو مزگەوتەکاندا بەجێی دەگەیەنن . بۆچوونی جیای هەبوو  . ئەی وت : ( ئەم نزاو پارانەوەیە بەبێ بیرکردنەوەی قوڵ دەربارەی خواد هیچ بە هایەکی نیە . ئەوانە تەنیا جوڵەی جەستەین و دوبارەکردنەوەی وشەی دیاری کراون  کە ناونراون بە نزاو پارانەوە . پیاوی باوەڕدار ئەو کەسەیە کە نزاکانی لە دەروون و نیەت پاکی و عەقڵانی و جەوهەری بێت . لە جەنگو ململانێ خۆی بەدوور بگرێت مافی بەرانبەرەکانی پێشێل نەکات  و تەمەنی خۆی لە ڕێگەی ئەو کەسانەی کە کاروکردەوەیان باشە دانێ . هەمان شێوەی برسیەک چۆن بەدوای نان و تینویەک بەدوای ئاودا عەوداڵە  ئاوها لە هەوڵی گەیشتن بە هەق دابێت  . تەنیا لەگەڵ ژنەکەی خۆیدا بێت و لەگەڵ ژنانی تردا پەیوەندی نەبەستێت و هەتا خواست و ئارەزوی چاودێری بکات . خۆی بەدووربگرێت لە خواردنەوە هۆش بەرەکان و توتن کێشان  .

لە سەردەمی گوروی سێیەمدا ئامرداس پەرستگەیەکی نوێی بە ناوی  ( هارمندیر      ) ( harmandir پەرستگەی خودا  ) بۆ پەرستن دروست کرد . ئەم پەرستگەیە کە دواتر ناونرا ئامریتسا (فەنابوون ) لە ناوچەیەکی بچوکی چلوپێنج کیلۆ مەتری جنوبی خۆرهەڵاتی لاهور دروستکرا و لەو بەروارەشەوە تا ئەمرۆکە پەرستگەی سەرەکی و پەرستگای گشتی پەیڕەوکەرانی ئەو ئاینە ناوزەد دەکرێت . و یەکێکە لە بینا زۆر جوانەکانی هیندوستان .

یەکێک لە بەندە ئاشکراکانی ئەم ئایینی سیکەیە باوەڕبوون بەو خواستیە کە نانک و نۆکەسی جێگرەوەی ئەو خاوەنی یەک هەقیقەتن و دیدێکی  یەکسانیان دەربارەی خودا هەبووە . لە راستیدا هەردەیان یەک فەرمانیان هەیە . لە سەر بنەمای باوەڕی سیکەکان ئەم دە مامۆستایە وەکو مۆم بون کە هەریەک بەڕوناکی خۆی ئەوەی تری بەخشیوەو بەگشتی ئەوان لە ساڵانی کۆتایی تەمەنیاندا بونەتە مامۆستای کۆمەڵگەو سەرقاڵ بون پێیەوە . هەریەکەیان بۆ ئەنجامدانی وەزیفەی کۆمەڵایەتی و بە هۆی مامۆسایی بونیانەوە لە سەر بنەمای ڕۆحانیەت بونیان و پاکێتیان هەڵبژێرداون .

ئەوکاتەی کە ئایینی سیکە لە سەر پێی خۆی وەستا بە شێوەی هێزێکی ناوەندی بەدیار کەوت و هەر بەوشێوەیەش مایەوە . ئایینی سیکە وەک ئایینێکی جیهانی هاوشێوەی ئاینەکانی بودائی و ئیسلام و مەسیحیەت نیە و بۆ فراوان بونی و پەلهاویشتنی هەوڵ نەدراوە و بانگەشەیان بۆ نەکردوە . بەڵکو هاوشێوەی ئایینی یەهود تەنیا بۆ پاراستن و ئاگاداری لە ناو کۆمەڵگەی باوەڕدارانیدا چڕبوەتەوە .

سیکەکان لە هەر ناوچەیەکی جیهاندا کە ژیان دەگوزەرێنن وابەستەیی تەواوی خۆیان بۆ ئایینەکەیان و جێگای لەدایک بونیان زۆر بەتوندی پارێزگاری دەکەن . بە ئەندازەیەک کە زاراوەی سیکە بە شێوەی وشەی هاوتەریب لەگەڵ پنجاب یەکی گرتوە . بەگشتی تەاوی ئەم ئایینە وێنەی نانک و پەرستگەی ئامریتسار و وێنەی جیاجیای پنجاب یان لە ماڵەکانیاندا هەڵ واسیوە بۆ ئەوەی کە منداڵەکانی سیکەکان وچیان کردوەو دورکەوتونەتەوە لە شوێنی خۆیان یان هەر نەهاتبنە ناو خاکی پنجابەوە و نەیان بینیبێت بەڵام مەراسیمی پەنجابی لە ماڵەکانی سیکەکاندا بە رێوە دەچێت .

بە تایبەت لە کاتی پرۆسەی دیاری کردنی هاوسەرو هاوسەر گیریدا . هەردوو خێزانی بوک و زاوا لە جیای زاوا بڕیاردەدەن و مێردی ئایندەی کچ دیاری دەکەن ، ئاساییە کە سیستەمی چینایەتی ( caste ) یەکەم کەسی بەتەمەن هەڵبژاردنی لە ئەستۆیە و ئەندامانی هەرچینێک براوای ئایندەی خۆی لە هەمان چین دیاری دەکات و کەسی دیاری کراوی خۆی هەڵدەبژێرێت . بۆ فیرکردنی منالان و چاودێری کردنیان تەقویتی ڕۆحی هاو ئاهەنگی و یەکێتی کۆمەڵگەی سیکەکان بە هاولاتی خۆیان دەلێن کتێبی ئایینی و ئەدەبی زۆر بە زمانی دایک پنجاب چاپ و بڵاو دەکەنەوە .

لە ساڵانی دواتردا دوای جەنگی جیهانی دووەم لە کۆمەڵگەی سیکەکاندا کە بۆ پەیداکردنی کار و نیشتە جێ بوون بەرەو کیشوەرەکانی خۆرئاواو ئەوروپا کۆچیان کرد بوو گۆرانکاری بنچینەیی روی داوە . منالەکانیان لە خوێندنگا ئەوروپیەکان بە ڕەوت و دۆخی نوێ پەروەردەو فیردەکران و ئاشنا دەبوون . و کۆمەڵگەی سیکە لە بلاوکردنەوەی ئایینەکەیدا لە و ناوچە نوێ یانەدا چالاک بوون . لە ساڵی 1960 کە ئەنجومەنی بانگەشە کەرانی سیکە لە ئینگلیس و ئەمریکا و کەنەدا دامەزران . بینای جیاجیاو جۆراو جۆریان لە گۆشەو کەناری خاوەنداره خۆرئاوایەکاندا گۆری بە پەرستگەو هەندێکیش لە تاکەکانی ئەمریکایی هاتنە ریزی ئەم ئایینەوە . بەڵام دۆخی پرۆپاگندە ی ئاینی سیکە هێشتان گشتی نیەو باوەری گشتی لە سەر ئەوەیە کە پەیرەو کەرانی هەقیقی کە بە ( خلص ) شانازی دەکەن لە کۆبونەوەی خودی سیکە کاندا ژیان دەگوزەرێنن .

سەرهەڵدانی ئاینی سیکە لە هندستان نەتەنیا نەیتوانی کێشەی ئایینی ئەو وڵاتە چارەسەر بکات بەڵکو بەپێچەوانەوە بوە هۆی بەرجەستە بونی گفتوگۆ و مشتومری زیاتری ئایینە جیاجیا کانی هندیەکان و موسلمانان و زەقتر بویەوە هاوکات بە شێوەی گۆشەی سێیەم چوە ناو ململانێ یەکی توندەوەو ئەمرۆکە گرەگوری سیاسی و ئایینی گەورە بۆ وڵاتی هندستان ی فەراهەم کردوە .

بەشی دووەم

ئایین لە چین و یابان

بەرایی یەکەم : تائۆئیزم

بەرایی دووەم : کنفۆشیونیزم

بەرایی سێ یەم : شینتۆئیزم

بەرایی یەکەم : تائۆئیزم

ئەدەبیاتی چین ، بە پشتبەستن بە شارستانیەتی دێرین و درەوشاوە لە سۆنگەی ئەفسانەکانەوە زۆر دەوڵەمەندە .

و لە بابەت هەر شتێکەوە داستانی جۆراو جۆر لە گەنجینەی ئەدەبی خۆیدا نمایش دەکات . دەربارەی چۆنیەتی دروستبونی جیهان ئەفسانەکانی چین ئەڵێن :

( لە سەرەتادا جیهان وێران و دوکەڵ بوو ، نارێک پێک بوو ، زەوی و ئاسمان دیار نەبوون ، هەموو وێران و تێکەڵ و پێکەڵ بوون . لە ماوەی چوار ملیۆن ساڵ پێش یەکەمین مرۆڤ بە ناوی پاکۆ ( pan ku )دروست بوو . ئەو بە تەدریجی گەشەی کردوو وەک مرۆڤی سەردەمی لێهات ، پاشان کەوتە رێکخستنی جیهان بە قەڵەم و چەکوشە ئاسنینەکەی هەژدە هەزار ساڵ کاری تیاکرد تا توانی زەوی و ئاسمان لە یەکدی جودا بکاتەوە، خۆرو مانگ و ئەستێرەکانی لە ئاسمان لە جیگچکانی خۆیاندا جێگیر کرد دواتر سەرقاڵی رێکخستنی زەوی بوو دەریاکانی دروست کردوو شاخو کێوەکانی دروست کردوو زەوی بۆ کشتوکاڵ فەرهەم کرد ، کاتێکیش کە مرد هەر بە شێکی جەستەی ئەو بووە یەکێک لە شاخەپیرۆزەکانی چین ، لە هەناسەی ئەو با دروست بوو لە دەنگی ئەو هەورەبروسکەو لە ئێسقانەکانیشی فلز دروست بوو . لە تۆکە ئارەقەکانی باران و لەو کرم و جرِو جانەوەرانەی کە لە جەستەی ئەودا دروست بوبون مرۆڤەکان دروست بوون )

ئاینەکانی چین لە دو خاڵی جیا دا لە ناو ئاینەکانی جیهاندا کورت دەکەینەوە :

1-بەپێچەوانەی زۆرینەی ئاینەکانە مەزنەکانی جیهان لە ئاینی چینیدا خودا ناوەند و هەستەی ناوەندی ئایین پێک ناهێک ناهێنێت .

2-ئایینەکانی چین کورت کراوەتەوە لە ئایندەی گەشە کردن و بەرهەمی هزرو فیکری بیرمەندانی چینی یە و لە دانانی بەردی بناغەیدا بونیاد نەرانی ئەم ئایینانە چیچ ئاینێکی جگە لە ئایینی چینی نفوزو رۆڵیان نەبووە . ئاینی کۆنفۆشیوس و تاتۆ ، پێش ئەو سەرەمانەی کە چین لەگەڵ دنیای دەروەیدا پەیوەندی سیاسی و بازرگانی دەست پێبکات دروست بوون . بەم جۆرە ئەم دوو ئاینە شێوەیەکی تایبەت مەندی جیا لە ئاینەکانی تریی جیهانیان لە خۆ گرتبوو . رەنگە هەر ئەم هۆیەش بێت هەندێک لە لێکۆڵیاران ئایینی کۆنفۆشیوس بە شێوەی ئایین قبوڵیان نەکردوەو بەڵکو وەک قوتابخانەیەکی فەلسەفی - ئەخلاقی ئاسیویانە .

بە هەر حاڵ ئەم ئایینە لە سەدەکانی رابوردو تا پێش سەرهەڵدانی کۆمۆنیزم لەو وڵاتە لە ناو دڵی خەڵکی ئەو وڵاتەدا هەر بەزیندویی مابوەوە .

لە هەمبەر ئایینە سەرەتایەکانی چین زانیاری پێویست لە بەردەستدا نیە ، لە نوسراوە دیرینەکاندا بەو هۆیەی کە ئەلف بای چینی ئەو پیتە دەنگدارانەی تیانەبوو هیچ ئامارو نیشانەیەک لە سەر چۆنیەتی باوەڕی خەڵکی لە بەردەستدا نیە . تەنیا یادگاریەک لە هەمبەر خودای شانگ تی ( shang- ti) و تین هی ( tien 0 he )نەبێت ئەویش بە شێوەیەکی تەمو مژاوی و لێڵ کە پەرستنیان بە شێوەی پێشکەش کردنی قوربانی بوە لە کەش و هەوایەکی ئازاد دا . هەروەک قوربانی کردن لە ئایینی یەهودا . ئەم مەراسیمە گشتگیر و لە سەر سەربڕینی ئاژەڵ بوەو ئەنجار خوێنە کەیان بەدەورو بەری پەرستگەکەدا رژاندوە و پاشان قوربانیەکە سوتێنراوە . هەرچەند کە ئاینەکانی هکو ئاتۆئیزم و بودیزم

و مەسیحیەت لە چین قوربانیان پێکەش کردوە تا ئەو کاتەیشی کە رژێمی کۆمۆنیستی لە چین سەری هەڵدا .

ئەوەی کە موسڵمانە لە هەزارەی دوەمی پێش زایینی دنیای رۆحەکان و عەیب وتن لە فیکری خەڵک و شکست یان سەرکەوتنی ئیمپراتۆران زنجرەی شانگ 1050-1751 ( shang) پێش زاین رۆڵێکی لە ئەستۆ گرتوە . ئیمپراتۆرەکان سەرکەوتن یان بیچ ئاکامی خۆیان لە کارەکانیاندا بە دەستی قبزڵ کردن یان تورەیی رۆحەکان دادەنا . ئیمپراتۆرانی چین لە رێگەی پێش بینی ئالۆزیەکان لە ئەنجامی پەی بردن بە بۆچون و ئارەزووی رۆحەکان تا خۆاست و کارەکانیان لە گەڵ ئەواندا رێک بکەن و لە سەر بنەمای رۆحەکان ئەنجامی بدەن . پاشماوەیەک کە پشکنینەکانی ئەو سەردەمی مێژوودا لە چین دەستکەوتوە ئەوە پیشان ئەدات کە چۆن چۆنی نهێنی ( غیب ) لە سەر خواستی ئیمپراتۆر پرسیاریان لە رۆحەکان کردوە و وەڵامە کەشیان لە سەر کاسە یەکی بەردین یان ئێسقان دەیان نوسی .

چینی یەکان لەو باوەڕەدابون کە سەراسەریجیهان لێوانە لێوە لە رۆحی جیاجیا . زەوی و ئاسمان پرن لەو بونەوەرانەو سروشتیش بە بونی ئەوان زیندوە . جولەی با باران بارین هەورەبروسکە هەموو ئەمان لە ئەنجامی بونی ئەو رۆحانەن . روباری زەرد سەرچاوەی کانیەکان زنجیرە شاخە پیرۆزەکانی چین جێگای رۆحی نیکۆ و ( shen ) تری کیەکان بوە جێگای دورو خەڵوەت جێگای ررۆحە شەرەنگێز و خراپەکان ( kewi ) ین و ئەگەر کەسێک بە بێ چرا یان روناکیەک لەم جێگایەوە گوزەر بکات لە لایەن رۆحەکانەوە توشی ئازارو ئەشکەنجە دەبێتەوە ، رۆحە ئازار دەرەکان لە ئا و هە وا و لە سەر زەوی بە شێوەیەی گیتەوەری زیان بە خش و درندە توشی مرۆڤ دەبن . چینی یەکان بۆ وەک پاڵنەری خوێنبەرکان رۆحەکان بە جۆرەها نزاو سێحرو تەوتەم ناودەبەن . کەروێشک یان لە بەرەبەیان و ئاماژەی بەرەبەیان و دەرکەوتنی ( شن ) لە سەر (کوی ) دەبینی بە ئاژەڵێک یان دەزانی کە ئەتوانێت بۆ

سەرکەوتن بە سەر رۆحە پیسە کان سود مەند بێت . خوێنی کەروێشکیان بە شیفای نەخۆشیە کانی دڵ دادەناو ئەو کەسانەی کە نە خۆشی دڵیان هەبوایە خوێنی کەروێشکیان دەدایە . پەیکەری کەروێشک یان لە سەر دیواری دەرگای ماڵەکان و دادەنا تا کاریگەریە خراپەکانی ( کوی ) بسرێتەوە داگیرساندنی ئاگرو مۆم و داکوتینی کاغەزی سوری روناک لە سەر دیوارەکان کە وێنەی چەندین جۆر تەلیسم و پوچەڵ کردنەوەی سێحری لە سەر کێشراوە .

لە رۆژی یەکەمی ساڵ ( رێکەوتە لەگەڵ سەرەتای مانگی ئەپریل ) ماڵیان بە گشتی پاک دەکردەوە تا رۆحە بیسە کان برۆن چینیەکان باوەڕیان بە رۆحی ناوەندی خێزانی بە ناوی تسائوشن ( -tsao shen ) و هەروەها بە هەشتی رۆحی جاوید کە لە شاخە بەرزەکان دەژیان هەبوو، دەیان وت کە ئەم رۆحانە جاویدن و مرۆڤ گەلێک بون کە لە ئەنجامی چاکی و خاوێنی و کارو کردەوەی باش یاندا گەیشتونەتە پلەی جاویدانی و ئێستاش بە هەمان جەستەو پەیکەر لە ژێر درەختە کاجە کان لە بەرزترین لوتکەی شاخەکان نیشتە جێ بوون و خەریکی خواردنەوەو دروستکردنی مەیین ( شەراب ) تسائۆشن لە دوکەڵکێشی چێشتخانەدا دەژی و هەر لەوشوێنەشدا چاودێری کارو کردەوەی خێزان دەکات . لە بیست و چوار هەمین رۆژی کۆتایی مانگ (لە سنووری 24ی مانگی مارس ) لە نیەتی ئەودا خواردن و خواردنەوەیان دەبەخشیەوە . وێنەی تسائوشن یان لە سەر کاغەز دەکێشاو لە گەڵ هەندێک پارەی کاغەزدا لە ناو دوکەڵ کێشی چێشتخانەکەدا دەیان سوتاند تا رۆحی ناوەندی خێزان سواری ئەو ئاگرو دوکەڵە ببێت و بۆ ئاسمانەکان برِوات و هەواڵی باش لە بارەی خێزانەکانەوە بدات . لە سەردەمی پاشایەتی چو ( chou ) دا ( 1100 تا 325 ) پێش زایین پەرستنی باپیران بەربڵاو بوو ، کنفۆسیۆس بە نواندنی رێزو ئیحترام لە بەرانبەر خزمو کەس وپیاوە پیرەکاندا لە سەردەمی ژیانیدا و

له پاش مردنیشی له فیرکراوەکانی خۆیدا بەهای بەخشیە ئەم نەریتە دێرینە . چینی یەکان باوەڕیان وابوو که له پاش مەرگ ڕۆحی مردوەکە له سێ جێگادا دەگیرسێتەوە بەشێکی دەڕوات بۆ ئاسمانەکان بەشێکی تریشی بۆ بەدەستخستنی قوربانی له نزیک گۆڕەکە له تەنیشتی جەستە دەمێنێتەوەو ئەو بەشەکەیشی له لەوحەی باپیراندا وله پەرستگای خێزانی دەمێنێتەوە . پێویستە هاوکاری ڕۆحەکان بکرێت له سەفەر کردندا . بەم هۆیەشەوەیە کە لە مەراسیمی ناشتنی مردوەکاندا ڕێو ڕەسمێکی بەشکۆی بۆ ڕێک دەخرێت . تا له پێداویستیەکانی گشتی سەفەرەکەا کەموو کورتی نەبێت . دیاری کردنی جێگای گۆڕەکە زۆر گرنگ بوو لەمبارەیەوە و له پێشدا ئەو کەسانەی کە له زەوی ناسیدا شارەزاییان هەبوو جێگای هەڵکەندنی گۆڕەکەیان دیاری دەکرد ( فنگ شوئی سین شنگ - feng shui sien shengبە پرسوڕا جێگای هەڵکەندی گۆڕەکەیاان دیاری دەکرد . تەواوی ئەندامانی بنەماڵەکەی له گەڵ ڕاهیبەکەدا نزایان دەکرد و پارەو خواردن و خواردنەوەیان دەبەخشیەوە ، بە خشینەوەی ئەم خیرو خێراتە بۆ مردوەکە له تورەیی ڕۆحە ناپاکەکان دەیان پارست و ڕۆحە ناپاکەکانیش بەم نزاو بە خشینەوانە دەم کوت دەبوو . کەسو کاری مردوەکە پارێزگاریان له گۆڕەکە دەکردو بەبەردەوام سەردانی گۆڕەکەیان دەکرد و هەندێکاتیش خەڵات یان بۆ ئەو بەشی ڕۆح کە له تەنیشتی مردوەکەدا بۆ وەرگرتنی قوربانی و خێرو خێرات دەمێنتەوە دەبرد . سەد ڕۆژ پاش مردنی مەراسمی چلەیان له ماڵی گەورەترینی کەسی ئەنجام دەدا و لەوحەی باپیرانی بە هۆی ڕاهیبێکەوە پێش کەش بە کەسی نزیکی و بەتەمەنی دەکرا . ئەم لەو حیەش بە گشتی بریتی بوو له وێنانەی کەسی مردوو ناو ناوی بنەماڵەکەی و ئاست و پلەی له ناو کۆمەڵگەدا ئەو کەسانەیشی کە له خێزانەکەین بون و تازە هاوسەرگیریان کردبوو کرنوشیان له بەرانبەر ئەو لەو حەیەدا دەبرد . له هەندێک لەم مەراسیمانەدا بەخشینەوەی خۆراکیشی تێدەکەوت بونی ئەو لەوحەیە بووبوە هۆی یەکێتی و یەکگرتویی زیاتری خێزان و تەقویتی گرەنتی هاوبەشی دەکردن .

له چیندا ، هیچ یەکێک لەم سێ ئایینە تائۆ ، کنفۆسیوس و بودائی تایبەت مەند نین و هەرکەس دەتوانێت جگەلەوەی کە باوەڕی بەیەکێک لەم سێئاینە هەیە باوەڕی ئاینی تریشی هەبێت .

ئاینی کنفۆسیوس و ئاییني تائۆ زۆر بە توندی ڕۆچوبونە نێو هەستو نەست و باوەڕی پێشینەکانەوە و هەمان ئەو باوەڕانەش تا ئێستا له چیندا بە باشی دەبینرێت . چینی یەکان هەروەکو دانیشتوانی تری سەر زەوی له ڕابردوودا باوەڕیان وابوو کە گۆی زەوی بە تختی ڕاخراوە و ئاسمانیش وەک سەرپۆشێک دراوە بەسەریدا و خۆرو مانگ و ئەو ئەستێرەکانی تریش لەدەورو بەری زەوی جێگیر کراون ، له ئەنجامی سەرهەڵدانی چوارەوەرزەکەوە گژز گیا سەوز دەبێت یان وشک دەبن و ڕوداوەکانیش بەم جۆرە ڕو دەدەن ، زەوی و ئاسمان له ژێر چاودێری ڕێکو پێک و نەگۆڕ ِدان له دایکبوون ، مردن ، بون و نەبوون هەست و نەست ناتوانێت له ڕەوتی بوون گۆڕانکاریەک ئەنجام بدات چینی یەکان بۆ ئاشکراکردن و هۆی چۆنیەتی بوون ئەم جۆرە ڕەوتە له جیهان و له سروشتدا بە فەلسەفەیەک بەناوی ( تائۆ ) ناوزەد دەکەن . تائۆ له زمانی چینیدا بە مانای ڕێگاو بەستەر بەرەو ڕوبار ، بەڵام وەک دەستەواژە یەکی فەلسەفی چەمک و دەلالەتێکی تری هەیە . له یەکەمین ئەفسانەی کتێبی تائۆتچینگ ( tao teching ) کە شەش سەدەپێش زایین نوسراوەتەوە پێناسەی تائۆ بەم جۆرە دەکات :

( تائۆئی کە بتوانێت ئەوە تەفسیریی بکات ، تائویەکی جاوید نیە ناوێک کە بتوانێت ئەوە پێناسەبکات ناوێکی نەگۆڕنیە نەبوون ، ناوی پێشوی ئاسمان و زەوی و بوونە دایکی تەواوی شتەکانە )

( چارەنوسی ڕێگاکانی مرۆڤ بە هۆی ڕێگاکانی ئاسمانەوە یەکان گیر دەبیت و چارەنوسی ڕێگاکانی ئاسمانی بە هۆی ڕێگای تائۆ وە یە . تائۆ خۆبە خۆ دروست بوەو بنچینەی جیهانی بونەو پەرچە

کرداری ڕەفتاری مرۆڤە ) لائوتسە ( 604 -517 ) پێش زاین تائۆ بە ڕێگاو دۆخێک دەزانێت کە لە ئەزەلەوە هاتوەو تەواوی بونەوەرەکان بە شێوەیەک کە لە خولگەی سرۆوشتی خۆیانداروبەڕوی بەرگرەکان نەبنەوە و وەک ئەوان بجوڵێنەوە ، بە هۆی بونی تائۆ وە ڕەوتی خۆیان بەرەو پێگەیشتنی (کامڵ ) تەواو بەردەوامی پێدەدەن . تائۆ هەروەک سەرچاوەیەکی ژیان و هێزی بوون ، لە هەموو بونەوەرەکاندا بونی هەیە ، تائۆ پێش بونی جیهان بوونی هەبووەو پاش دروست بوونی شتەکان و بونەوەرەکان لە دەروونی ئەواندا دەرکەوت و ئەوانی بەروە پێگەیشتن ( کامڵ بوون ) ڕێنمایی کرد ، لەگەڵ ئەوەی کە تەواوی شتەکان لە جیهانی بووندا بونیان هەیە ، دەرکەوتەی جۆراو جۆری تائۆن ، بەڵام تائۆ خۆی بۆخۆی هیچ شێوەو شکڵێکی نیە ، تائۆ تاک و تەنیایە ، تاکەو ئەبێتە دوانیش ئەبێتە سێ و چوار و بەم جۆرە تا کۆتایی ژمارە ، بەڵام نەفسی ئەو تاکە ، پەیوەست بوونی ژمارە بێ کۆتاکان کە تائۆ تیایاندا جێگیرە ، تەواوی شێوەی سروشت و ڕاستیەکانی ڕۆژانە کە ڕودەدات لە مانادا یەکسانن و هیچ گۆڕانێکیان بەسەردا نایەت ، هەوو لە یەک سەرچاوەوە هاتونەتە بوون و دەشگەڕێنەوە بۆ هەمان سەرچاوە ، هەدەف لە ژیانی مرۆڤ گونجاندنی بزوتنی خۆیەتی لەگەڵ جوڵەی تائۆ و بزوتنە بەرەو پێگەیشتن ( کامڵ بوون ) هەڵبەت مرۆڤ ئەتوانێت ئازادانە ڕێگایەکی تر بەپێچەوانەی ڕەوتی تائۆ وە بگرێتە بەر ، لەم حاڵەتەدا مەلەکردن بە پێچەوانەی ڕەوتی ڕوبارەکەوە جگە لە هیلاک بون و بێ هیوا بوون هیچ شتێکی تر نیە ، ناسینی تائۆ و هەماهەنگی لەگەڵ جوڵەی ئەو هۆی شەرەف مەندی نەفسە ، بە درێژایی تەمەن ، ڕۆتینی جەستەیی و لە ناو نەجونی ڕۆحە ، ئەو خەسڵەتانەی کە لائۆتسە دەی داتە پاڵ تائۆ بریتی یە لە : ( ڕەسەن ، ئەزەلی ، هیچ شتێک لە ڕەنگی نیە ، بێ ناو ، بە بێ گۆڕان و سەرچاوەی بوون ، خولقێنەری هەموو جیهان ، ( هەڵچنینی فەلسەفەی تائۆ لە سەر ئەم بناغەیە کە دواتر بە ئایینی جادوگەرو سێحربازان ناوزەد کرا .

لائوتسە ( lao – tze)گەرچی ئاماژە بەوە دەدات کە لە بارەی ژیانی ئەم حەکیمە چینی یەوە زانیاریەکی ئەو تۆ لە بەر دەست نیە ، بە جۆرێک کە هەندێک لە لیکۆڵیاران پێیان وایە کە لە بناغەدا ئەم کەسایەتیە بونی نەبووە و گومانیان لە بارەی بونیەوە هەبووە . هەندێکیش ئەو بە پیرە فەیلەسۆفێکی هاوچەرخی کۆنفۆسیۆس دادەنێن ، کە لە ڕاستیە مێژوویەکەیدا لائۆتسە ئەبێت هاوچەرخی پەیامبەرە کانی یەهودبووبێت لە و سەردەمەی کە یەهودەکان یەخسیر کرابوون . ئەوەی کە لە مێژووی ئەم فەیلە سوفە چین یەوە لە بەردەستدایە بەشێکی بیۆگرافی یە کە ( سوماچین ) مێژوونوسی بە ناوبانگی چینی لە بارەی لائوتسەوە نوسیویەتی : ( لائو تسە مرۆڤێکی ملکەچ و خاوەن باوەڕبوو ، ئاماجی ئەو خۆ ون کردن و بێ ناوبانگی بوو ، لائوتسە بەشێکی زۆری تەمەنی خۆی لە ( چو ) گوزەراند ، کاتێک کە ( چو ) لە گەندەڵیدا غەرق بوو بوو لە بەردەم مەترسی سڕانەوەدا بوو ، پێش بینی ئەوەی کرد ئەوێی بەجێ هێشت و هاتە سەر سنوور بەر پرسی گومرک پێی وت لە کوێدا کە خۆت پێت خۆشە دەتوانی نیشتە جێ ببیت ، وە داوات لێدەکەم کە کتێبێک بنوسیت . پاش ئەوە لائوتسە کتێبێکی لە دوو بەشدا نوسی ، کە بریتی بوو لە پێنج هەزار وشەی هیوا خواستن ، و لەو دەستەواژانەدا باوەڕو عەقڵانیەتی شرۆڤە کردبوو ، پاش نوسینی ئەو کتێبە ئەوێشی بە جێهێشت و هیچ کەس نازانێت ئەو بۆ کوێی دنیا ڕۆشت ) (1)

پاش چەندین سەدە لائوتسە بوە جێگای ڕێزو ستایش ، لە ساڵی 156 ی پێش زایین حکومەتی ئەو کات فەرمانی کرد بە ناوی ئەوە وە قوربانی پێشکەش بکەن و پەرستگەیەکیش بە ناوی لائوتسە دروست بکرێت ، لە ساڵی 586 زایینی پاش نۆژەن کردنەوەی پەرستگە کە لە سەر دیوارەکەی نوسیان : لائوتسە بە ئاشکرا خۆی ئاوێتەی تاکەکان دەکات ) لە ماوەی ساڵانی 650 تا 684 زایینی وەکو ئیمپراتۆری پێشو ناوزەد کرابوو دواتریش لە ساڵی 1116 زاینی گەیشتە پلەی خودایەتی( soothill ) بنچینەی تائوتیزم لە سەرپایەی ملکەچی و ڕازی بوون لە بەرانبەر ڕودانی کارەسات و

ڕوداوە سروشتیەکان دامەزراوە . هەرکات شتەکان لە ڕێگەی سروشتی و بەبێ دەستوەردانی ئیهریمەن ، فاکتەری شەڕ یان مرۆڤە خراپە کارەکان ئارام بگرن و بە کۆتایەکی گونجاوی پێگەیشتن بجولێن و بە ئاسانی و نەرمی بەرەو پێشەوە دەچن . هەرشتێک کە تائۆ خولقاندی لە جێگەی خۆیدا زەروری و باش بوە . هەقیقەت و ناهەق ، دو چەمکی ڕیژەیین و لە سەر بنەمای چێژکردنی هەر تاکێک مانی دەگۆڕرێت . مرۆڤی بە هەست خۆی بۆ دەرک پێکردنی شتە گۆڕاوەکان لە جیهانی ماددیدا هیلاک ناکات ، بەڵکو ئەو بە شێوەیەکی گشتی ئارام دەگرێت تا لە ناو تائۆدا جێگیر ببێت . مۆڤ نابێت پێچەوانەی کارو کردەوەو ڕەفاتری خۆی هەلسوکەت بکات یان بەرگری لە ڕەوتی ئارامی سروشت بکات . دەستەواژەیەک کە فەیلەسوفەکان تائوتی لەم بارەیەوە بە کاری دێنن ( وو – وی ) ( wu – wei نەبوونی چالاکی ) یە مرۆڤ پێویستە بە وەستاندنی چالاکیەکانی دۆخی چەق بەستن و نیشتە جێ بوون و ملکەچ بوونی یەکجاری لە بەرانبەر فاکتەرەسروشتیەکان و پێشهاتەکان . خۆی بگرێت و هەتا بە بێ بەکار هێنانی ئەندامەکانی جەستەی ئەو کارەی کە دەیەوێت ئەنجامی بدات بیکات . تائۆ چین ( 427- 365 ) پێش زاین ( tao- chien ) حاڵەتی سەرگەردانی ملکەچی و ڕازی بوون بەم جۆرە دەردەبرێت : ( خۆت بهاوە ناو شەپۆلە مەزنەکانی گۆڕانکاری ....... نە پێی خۆشحاڵ بەو نە لە هیچ شتێکیش بترسە .... ماوەی کات ڕۆشتن گەیشت ، بەبێ بچوکترین هاواری بێهدە ، تەنیا برۆ .. ) هەرکەسێک پێویستە ئارامی و پراکتیکی ڕەفتارو گوفتاری خۆی لەگەڵ تائۆ سروشتی تائۆ لە بونی خۆیدا بەرپا بکات و هەموو شتەکانیش ئازاد بکات تا بە ئارام گرتنی سروشتی خۆی بەردەوامی بدات . پێویستە مرۆڤ لە دەوروبەری تائۆ بیر بکاتەوە بەڵام ئەو نەپەرستێت . لەوێدا کە تائۆ ڕەوتی چارەنوسی

1- هیوم ، ئایینە زیندوەکانی دنیا

هەموو شتەکان و هەموو مرۆڤەکان دیاری دەکات و لە ڕاستیدا بە هێزی باڵا دەست ئەژمار دەکرێت . ملکەچی بۆ ڕێگای تائۆ و هاوئاهەنگی ڕەفتار و کردەوەی خۆ لە گەڵیدا باڵاترین ئیمانی ئایینی یە . لە تائۆدا تە چینگ ( tao – te – ching ) دەنوسێت : ( لە ئەنجامی هاوئاهەنگی و چونیەکی لەگەڵ ڕەوتی جوڵە و ئایندەی تائۆ مرۆڤ دەگەیەنێتە ئەو هێزەی کە هیچ دەسڵاتێک نەتوانێت بەسەریدا سەرکەوێت . جەنگێک ناتوانێت کاریگەری تێبکات . ئەو جۆرە کەسەش تەمەنێکی درێژی دەبێت ) لەم کتێبەدا هەتا یەک وشەش کە دەلالەت لە باوەڕبون بە خودا و دەرهاویشتەی تائۆئیزم کە بە شێوەی ئایین بناسێنێت بەرچاو ناکەوێت ، ئامۆژگاریەکانی ئەو لە بابەت پاکی و باشی سەبارەت بە هاوڕێ و هەتا ئەو کەسانەی کە نیەتی شەرانگێزیان هەیە . :

(من چاکە لە گەڵ ئەو کەسانەدا دەکەم کە لەگەڵما چاکن ، بەڵام بەوانەی کە چاکەم لەگەڵ ناکەن ، من هەر چاکەیان لەگەڵ دەکەم ، ئەم جۆرە چاکەیە دەمێنێتەوە تەنیا ) ( ئەوەی کە ئەخلاق بە درۆزن ئەژماردەکات عەیبی ئەوە لە خۆتدایە ، کە باوەڕ بە قسەکانیان ناکەیت ) ( لە جیهاندا هیچ شتێک وەک ئاو لاوازو نەرم نیە ، لەگەڵ هەموو ئەمەشدا ببینن چۆن ئەوشتەی کە قایم و بەهێزە لە ناو دەبات ، بۆیە نەرم و نیانی ، بەهێزی و تندوتیژی هەڵدەگێرێتەوە و لە دوایدا لاواز بە سەر بەهێزدا سەردەکەوێت ) ( ئاسمان لەو بارەیەوە مەودیەکی فراوانی هەیە زەوی بەم جۆرە زۆرتر بەردەوام دەبێت کە ئەوانەی بۆخۆیان ناژین ، خەڵکی شیاو وەک خۆی بڕیاردەدات ، مەزنترین بەختەوەری ئەوەیە کە مرۆڤ هەروەک ئاو سود بە هەموو شتێک بگەیەنێت و خۆیشی لە خوارترین جێگادا بمێنێتەوە ) (مەزنترین گوناح ئەوەیە کە بەرز بفریت و هیچ بەدبەختیەکیش هێندە خراپ نیە کە قەناعەت لە دەست بدەیت و هیچ کەمتەرخەمیەکیش لەوە خراپتر نیە کە ئارەزوو خواستت زۆربێت )

پاش ماوەیەکی زۆر دوای مردنی لائو تسە حەکیمێکی تری چینی بە ناوی چوانگ – تزو ( choung- tzu ) کە نیگەرانی چارەسەر کردنی گرفتی مرۆڤ بوو ، قوتابخانە فەلسەفیەکەی

پێداگیری کرد و پرۆپاگندەیەکی زۆری بۆ تائۆنیزم کرد . لە م حەکیمە سی و سێ وتار بە داڕشتنی سلیس وبەڕونی ماوەتەوە ، چوانگ – تزو کاتی تەفسیر کردنی باوەڕەکانی لائۆتسە لە هەندێک بواردا هەتا لە مامۆستاکەی خۆی پێی زیاتر ڕاکێشاو بە توانای داڕشتنی خۆی جوڵەیەکی زیاتری لە کۆمەڵگەی چیندا بە تائۆئیزم بەخشی .

چوانگ تزو لە بواری گۆڕان و خولگەی فاکتەرە سروشتیەکان و پەرچە کرداری پراکتیکی کە کەسی ئەقڵ پێویستە لە بەرانبەر گۆڕانکاریەکان و ڕوداوەکان دا بەرچاوی بخات ، دەنوسێت : ڕۆژەکان و مانگەکان و ساڵەکان بە سەرە و بەدوای یەکدا دێن و تێ دەپەڕن و هەرچی هەیە لە گەڵ خۆیاندا دەی بەن و وێرانی دەکەن . ئەم خولگە زنجیریەی خولقاندن و لە ناو بردن ( یاسای دژەکان ) تا کۆتایی بەردەوامی هەیە . لەوبارەیەوەی کە هەریەکەیان خولقێنەرو وێرانکەرن ، شتێکی تر دەبن ، خەسڵەتی نێگە تیڤ و پۆزەتیڤی مرۆڤ وەک دۆستایەتی و هاوڕێەتی ، ڕاکێشان و پاڵنەر ، خواست و نەفرەت ، لە سەر بنەمای یاسای کردارو پەرچە کرارن ، کاریگەری لە سەر یەک دادەنێن و پاڵنەری یەکتریشن ، و کاریگەریەکانی یەکتریش دەسڕنەوە ، بەڵام ئەم حاڵەتانە هیچ یەکیان ئارامی و جێگیربوونی یەکجاری بەدەست ناهێنێت ، مرۆڤی دانا خەیاڵ و خەونی ئەم دنیا بە فەرمانێکی بەشەکی و بیچ بەها گرنگی ناوزەد دەکات . ڕۆژەکان بە بەتاڵی بەسەر دەبات و دنیاش بە پوچ دەزانێت ، ئەو بە شێوەیەکی گشتی لە ڕێدایە و پەیڕەو ڕێگای ( وو – وی - ( wu – wei لە تائۆ جێگایەک دەگرێت . ئەو جێگایەی کە تەاوی گەردیلەی بوون ، دولایەنەو جیاواز لە دەست دەدات . هەموی دەبێتە یەک و دەگاتە پلەی ئارامی و ڕها و جێگای هەقی خۆی .کاتێک کەسێک کگەیشتە ئەم حاڵەتە تائۆ سەرانسەری بوونی ئەو لە ئامێز دەگرێت )

چوانگ – تزو دەربارە باشی و خراپی شتەکان دەڵێت : ( باشە ڕەهای هەمیشەیی خراپەش ڕەهای هەمیشەیی بوون نیە . لەوێدا کە لەم جیهانەدا چێوەی گۆڕان و گۆڕانکاری بە شێوەیەکی ڕێکخراو بونی هەیە ، سروشت جێگای هەرشتێک بە پێویست بزانێت دەی هێنێتە بوون و کاتێک ئەو شتە ئیتر پێویست نەبێت لە ناوی دەبات ، جگە لەوەش هەرشتێک لە جێگەی خۆیدا پێویست و باش بوە کە خولقێنراوە ، بەڵام ناتوانرێت ئەو شتە بە بە ڕەهایی بە باش بزانرێت . باش و خراپ لە جیهاندا بە شێوەی ڕەها بونی نیە . بەڵکو تەواوی شتەکان لە ئاستی خۆیاندا یەکسانن . هەرشتێک لە بارودۆخی کاتی تایبەت پێویست و باشە ، هەقیقەت و ناهەق هەردویان شتێکی ڕێژەیین و بەپێی تەفسیری هەرکەسێک ماناکەیان دەگۆڕرێت )

جوانگ تزو بە پێشەوانەی کۆنفۆشیۆسەوە ، قوتابخانە فێرکاریەکەی باوەڕی وابوو کە فێرکردنی ئەخلاقیانەی فەلسەفە هۆی دەست وەردان دەبێت لە سوڕان و ڕەوتی سروشتی تائۆ دا لە ئەنجامدا لە ناو ئەو ڕەوتەدا دەتوێتەوە . ئەو دەنوسێت : لە ڕۆژگای دێریندا ،ڕۆژگاری بوو کە بونەوەرو گیانەوەرەکان لە سەر زەوی پرش و بڵاو بوون و مرۆڤ بە ئاسودەیی و ئارامی ژیانی دەگوزەراند ، درەخت و گژو گیا بە سروشتی گەشەیان دەکرد و بونەوەرەکانی تریش لە نێویدا دەژیان هیچ کەس لە ریگەی ڕاست توشی لادان نەبوو . تا ئەوکاتەی کە حاکمەکان و بیرمەندان هاتنە گۆڕەپانەکە و ئەوەیان فیری خەڵک کرد کە وەزیفەی هەرکەس لە هەمبەر کەسانی تر بە شێوەیەکی ڕێژەیی دیاری کرد ، و لە بەرگی پەروەردەو فێر کردن و ئەدەب و نەریتی مرۆڤایەتی چوونە نێو ڕەوتی تائۆ وە تا ئەوەی کە کۆمەڵگە هەڵوەشایەوە ڕێک و پێکی تێک چوو تا گەیشتە ئەمڕۆ .

کتێبێکی تر کە لە ناو پەیڕەو کارانی تائۆ دا پیرۆزو جێی بایەخە ساڵانێکی پێش لە لایەن چوانگ تزو نوسراوە ، کتێبی ( نامەیەک دەربارەی کردارو پاداشتەکانی ) ( تای شانگ کانک پینگ پی پین -

( thi shang kang ping pienنە لە ئایینی تائۆ دا پێنج کردار حەرامە : ( کوشتنی نەفس ، مەی خواردنەوە ، دزی ، زینا کردن و درۆکردن )

فەزیلەتی مرۆیی لە : 1- سۆزو خۆشەویستی بۆ دایک و باوک 2- وەفاداری بەرانبەر بە مامۆستاکان 3- میهرەبانی لەگەڵ خەلک بەگشتی 4- دورە پەرێزی لە کردەوە ناشیرین 5- فیداکاری لەرێگای خزمەت کردن بە ئەوانی تر 6-کەندنی چاڵی ئاوو ناشتنی درەخت 7- دروست کردنی پرد و رێگا 8- فێرکردنی نەخوێندەوارەکان 9- ئازاد کردنی کۆیلەکان 10- خوێندنەوەی کتێبە پیرۆزەکان .

بناغە دانەرانی ئایینی تائۆ ، لەگەڵ ئەم جۆرە بنەما فەلسەفیانە و لەگەڵ تەلیسم دا لە بەرانبەر پێش هاتەکان و رووداوەکان و فاکتەرە سروشتیەکان بە بێ بچوکترین چالاکی جەستەیی بە ئارامی و بە بێ هەڵچون و نیگەرانی ژیانیان گوزەراندوە .

گەرچی ئایدیای تائۆ ئیزم بە شێوەی فەلسەفە پێش نەکەوت ، بەڵام بە هۆی جیاوازی و دژبەیەکی هزری ئایینی دەربارەی بنەماو چۆنیەتی ئەم ئایینە ناکۆکی کەوتە نێوان بونیاد نەرەکانیەوەو ئەم ناکۆکیانەش بوە پرۆپاگندەی گومان و وەهم و سێحرو خورافات لە لای خەڵکی . خواستێک کە لائوتسەو چوانگ تزو دەربارەی ئەبەدی بونی ( هسین - hsein ) و ( رۆتینی بونی جەستە ، یان کیمایی بەختەوەری ) گوایا وتویانە بە چێژکردن خەڵکی لە دێرزەمانەوە لە جمو جوڵی دژە لە ناوچون بۆ بە دەستهێنانی ژیانی جاویدانی بون . زۆر خۆش باوەربوون ، تائۆئیزم لەگەڵ ئارەزووەدێرینەکانی ئەواندا هەمانگ بوو و بەشێوەی ئایینی جادوگەران و سێحربازان و خواسیارانی ژیانی نەمری ( جاویدانی ) و بەختەوەری ئەبەدی گۆڕا . لائۆ تسە لە کتێبەکەیدا دەڵێت : ( لە ئەنجامی کاریگەری هاوئاهەنگبوون و تێکەڵبوون بە بزوتنەوەی تائۆ وە کەسەکان گەیشتنە ئەو هێزەی کە هیچ کەس تا ئێستا دەستی پێی ڕانەگەیشتوە ، هیچ شتێک کاریگەری لە سەر ئەو دانانێت و خاوەنی تەمەنێکی درێژە )

هەمانشێوەش چوانگ تزو لە کتێبەکەیدا کە بە هەمان ناو بڵاو کراوەتەوە ئەوەی بە بیر هێناوەتەوە کە : ( هەرکەس بە ئایدیای تائۆ وە پەیوەندی بکات ، دەگاتە ژیانی نەمری هەروەک ئەو رۆژگارەی کە ( فو هسی - fu his ) لە خانە دانەکانی چین بوو ، پەیوەندی بە تائۆوە کردو لەم رەوەوە رازی نەمری و تەمەنی جاویدانی بە دەست هێنا . ئەو خاقانە زەردە پاش ئەوەی گەیشت بە مەبەست سواری هەورەکان بوو بەرەو ئاسمان فڕی . )

هەمان خواست بوە سەردێری ئاژی تاتۆری تائۆ ئیزمی نوێ . کتێبی جۆراو جۆرنوسران دەربارەی سێحرو ئەفسون و کیمیاگەری ، چۆنیەتی دەست گەیشتن بە نەمری ژیانی جاوید یان سەلامەتی ئەبەدی ، بە کارهێنانی دژە نەخۆشیە جۆراو جۆرەکان و رۆن و هەویر بۆ رۆتینیاتی جەستە ، بەم جۆرە تێگەیشتن لە هزری فەلسەفەی پەیوەندی دار بە رەوتی جیهان ، گومان و وەهم و خورافاتی بەربلاو لە ناو خەڵکدا ئاینێک سەری هەڵدا ، کە لە لایەنێکی ناسراوی ژیانی مەعنەوی یەوە حەکیمەکانی چینەوە ناوزەد دەکرا ، لە لایەکی ترەوە باوەڕی ساویلکانەی خەڵکی بە بوونی رۆحە چەپەڵەکان و کاریگەری ئەو رۆحانە لە ژیانی رۆژانەی مرۆڤدا دورخستنەوەیان لە خۆ، تائۆ ئیزمی نوێ لە سەر ئەم پایانە دارێژرا . هەتا ئیمپراتۆرەکانی چین لە ژێر کاریگەری ئەم ئاژیتاتۆرە ئایینی وگۆرینەی فەلسەفە بە سێحرو ئەفسون بێلایەن نەمانەوە ، شی هوانگ تی ( shi- houang- ti ) لە 212 زاینیدا کەشتیەکانی خۆی نارد بۆ دورگە کان تا گیای جاویدانی بدۆزێتەوە، ئیمپراتۆر کای یون ( kai- yuen ) 713- 742 ی زایینی بەشێک لە ( زیرو زیوی ) دروستکاوی بۆ سێحربازەکانی تائۆ خەرج کرد ، تا بە شێوەی موعجیزە ئاسا لە روی هێزی جەستەییەوە بە توانا ببێت . ئیمپراتۆر

ووتسانگ ( wu- tsang )سودی لە دەرمانی هەمان ئەو سێحربازانە وەرگرت تا بتوانێت وەک فریشتەکان بفرێت بۆ ئاسمان ، لە ساڵی 1900 زایینی لە راپەڕینی بوکسرەکان ( boxers ) پەیڕەوانی یەکێک لە گروپەکانی تائۆ بە باوەڕبوون بەوەی کە ئەو خواستەی کە دەیان وت : ڕێبەرانی جەستەی ئەوان ڕۆتینی جەستەیەو گوڵەی سوپای چەند میللەتی وەک ئەوروپایی و ئەمریکایی نایان بڕێت و کاریگەری لە سەر جەستەیان نیە ، دەسە دەسە هیچرشیان دەبردو لە بەرانبەر گولەباراندا زنجیر ئاسا دەکەوتنە سەر زەوی ، یەکێک لەو کەسانەی کە تائۆ ئیزمی نوێی بە هەند وەرگرتبوو و وەک خەڵکی چین کە بۆ دەست کەوتنی ئەو بەڵێنانەی تائۆئیزم لانی کەم سودی وەرگرتبیت پیاوێک بوو بە ناوی چانگ تائۆلینگ ( chang – tao – ling )ئەم پیاوە کە لە خۆرهەڵاتی چینەوە بۆ خۆرئاوای هاتبوو زانیاری باشی دەربارەی نەریت و شێوازی پەرستنی ئایینی زەردەشتیان هەبوو ، لە نیوەی دوەمی سەدەی یەکەمی زاینی ئەنجومەنێکی نهێنی تەشکیل کردوو خەڵکێکی زۆری لە دەوری خۆی کۆکردەوەو بەرەبەرە دەبوە خاوەن هێز نفوزی سیاسی گەورە . پەیرەوانی ئەویان سستایش دە کردو گەشتبونە ئەو باوەڕە کە ڕوح لائوتسە لە ودا بەدیار کەوتوەو ئەوی فێر کردوە کە گەیشتن بە جاویدانی ئاشکرا بکات و ڕێکی بخات .

کاتێک لە تەمەنی 120 ساڵیدا لە ساڵی 154 زاینی کۆچی دوایی کرد وایان پرۆپاگندە کرد کە سواری پشتی پەڵە هەورێک بووەو بەرەو ئاسمانە کان فریوە ، نفوزی قسەکانی ئەو لە ئاست بەدەربوو کە هەتا جێنشینەکانی پاش مەرگی سودیان لە هێز نفوزی ئەو وەردەگرت و چەندین سەدە خەریکی کۆکردنەوە سەروەت و سامان بون لە سەر خەڵک و حکومەتیان بەڕێوە دەبرد .

گروپێکی تر لە لایەن کەسێکەوە بە ناوی چانگ چو ( chang – chu )وهاوڕێکانی لە سەدەی دووەمی زاییینی سەریان هەڵدا کە خاوەنی سەد هەزار پەیرەو کار بوون و تا بەرقەراری حکومەتی کۆمۆنیستی لە چین ئەوان خاوەن دەسەڵات بوون .

ئەمرۆکە وەزیفەکانی ڕێبەری تائۆ ئیزم ( پاپ ) بەرگری کردنە لە نەخۆشی یەکان و دۆسیەکانی ڕۆحە چەپەڵەکان و فرۆشتنی نزاو نوشتەو ئەفسونە .

یەکێکی تر لە ئەفراندنەکانی تائۆئیزمی نوێ هێنانە پێشەوەی بابەتی بەهەشت و دۆزەخە ، بەوەی کە لائۆ تسە لە کتێبەکەی خۆیدا باسی لە باوەڕ بوون بە بوونی خوداوەند نەکردوەو ئامۆژگاریە ئەخلاقیەکانی ئەو تێکرای لە مەودای چاکە لە گەڵ دۆست و کەسانێکە کە نەفسی خراپە کاریان هەیە ، لەگەڵ ئەوەش پاش هاتنە بوونی تائۆئیزمی نوێ ملیۆنان کەس لە خەڵکی چین لە سیمای ئەم حەکیمە مەزنەدا خەسڵەتی خودایی یان دەبینی، تائۆئیزمی نوێ وای پرۆپاگندە دەکرد کە بەهەشت لە سەرزەمینەو لە دوورگەکانی سان هسین شانە ( san-hsen-shan )ئەم دورگانە لە جێگایەکی نادیارن و لە دەریاکانی خۆرهەڵات لە نێوان چین و یاباندان . بەڵام هیچ کەس ئەوانەی نەبینیوەو هەرکەس بگاتە ئەو جێگایە ناگەرێتەوە ، خاقانی چین باڵاترین پایەی لە بەهەشتدا هەیە ، لائۆتسە لە هەمبەر خاقانی چین و پان کۆ یەکەمین مرۆڤ کە زەوی و ئاسمانی لە یەک جیا کردەوە لە بەهەشتەو ئەم سێ کەسە بە سێگۆشەی تائۆئی یان سێ گەوهەری دیار پێک دەهێنن .

کاریگەریەک کە ڕێژەی کتێبی پەیوەندی دار بە سێحرو ئەفسون و پرۆپاگندەی ڕۆحانیەکانی قوتابخانەی تائۆ لە سەر خەڵکی چینی داناوە ، تا ئەو ئەندازەکەیەیە کە تائۆئیزم ئەمرۆکە تەنیا لایەنی سێحرو ئەفسون شرۆڤەی بۆ دەکرێت ، لە فەلسەفەی بنەڕەتی ئەو کلتورە دورکەوتوەتەوە ، بە سەرهەڵدانی شۆڕشی کۆمۆنیستی ماوەیەکی دورو درێژە کە ئایینی تائۆ بەرەو لاواز بوون ڕۆشتوەو چارەنوسی وەک چارەنوسی ئەو ئایینانەی تری چینی دیار نیە ، ڕەنگە لە ناویشی چو بێت .

بەرایی دووەم :

## کۆنفۆ سیونیزم

گەرچی سروشتی سەردەمی ( شانگ و چو ) بە هۆی نەبوونی زانیاری و بەڵگەی پێویستەوە ، بە تەواوەتی ڕوون نیە . بەڵام ئاماژە پەیوەندی دارەکان وبوونی ئەندام و ئەندیشەی ئایینی ئەو سەردەمە لەگەڵ ئاینەکانی تر کە لە دواتردا لە چین سەریان هەڵدا لە بەردەستدایە . باوەڕی پەیوەندی دارو ئایدیای ئایینی بە جیهانی بوونەوە – کە دواتر وەک چەمکی ین ( yin ) و یانگ ( yang ) یان هێزی ڕووناکی و هێزی تاریکی ، نەرمیی و ڕەقی ، ناسازگارو مادده ، لێکدراوەتەوە ( 1 ) نمایشکەرو گرنگی پێدەری باوەڕی ئایینی ، هەردوو سەردەمەکە بووە . باوەڕێکی تری گرنگ کە بە درێژایی مێژووی ئایینی چین ڕۆڵێکی مەزنی هەبووە بەڵگەیەکی تری بەردەوامی باوەڕی ئایینی بووە . نیگەرانی لە ئەنجامی وەزیفەو گرنگی نەدان بە ڕەفاهیەتی کۆمەڵگە . لە سەردەمی حکومەتی ئیمپراتۆرەکان شانگ و چو ، خەڵکی چین کوێرانە باوەڕیان بەوە هەبوو کە وەک هەر مرۆڤێک پەریەکانی ئاسمان دەبینن و هەستیان پێدەکەن و بەو هۆیەشەوەیە کە نیگەرانی ڕەفاهیەتی خەڵک و ئاسایشی کۆمەڵگەن . نیگەرانی جیهانی هەستی دەربارەی ڕەفاهیەت و بەختەوەری مرۆڤ پایەی ئەندیشەی ئایینی قوتابخانەی سەردەمەکانی دواتر دادەڕێژن . ئاینەکانی چین لە بنەما ئەخلاقیەکان نزیکترن بە پێچەوانەی ئاینەکانی تری یەهود و ئیسلام کە ترس لە خوداو تورەیی ئیلاهی بنچینەو پایەی پەروەردە کردنی ئەم ئاینانە پێک دەهێنێت .

1-لە سەر بنچینەی ئەو باوەڕەی کە لە جیهانی بوندا دو هێزی دژ بەیەک واتا یانگ ( هێزی پۆزیتیڤ ) و ین ( هێزی نیگەتیڤ ) بونی هەیە کە لە ئەنجامی کردارو پەرچە کردارئەم دوو هێزەدا جیهانی بون خولقاوە تی – ین هی ، خواوەندی خواوەندەکان لە عەرشی باڵا لە ئاسمانەکان نیشتجێیە . هەرشتێکی تاک لە هەمان کاتدا ڕەنگە خەسڵەتی پۆزەتیڤی ( yang ) و خەسڵەتی نیگەتیڤی ( yan ) پێکەوە بن کە هەریەکەیان حاڵەتی پۆزەتیڤ یان نیگەتیڤ لە سەر بنەمای کرداری ئەو شتەی کە ئەنجامی دەدەن دژبێت ,

هەستی نیگەرانی لە دەرئەنجامی وەزیفەکان هاوبەشی تەقالاو دەرکی ڕۆژانەی خەڵکی چین ، لە هەمبەر چەمکی پەیوەندی تاک لەگەڵ باوک و دایک و ئاستە باڵاکانی بەشێکی تری خەڵک کاریگەریەکی قوڵی هەبووەو فەلسەفەی ئایینی کۆنفۆشیوس لە سەر هەمان بنچینە داڕێژراوە .

لە ئایینی کۆنفۆشیۆسدا هیچ بابەتێک دەربارەی پەرستنی خوداو بەهەشت و دۆزخ بوونی نیە . هەندێک لە لێکۆڵیاران قوتابخانەی کۆنفۆشیۆس بە ئایین ناوزەد ناکەن . ئەم دژە ئاراستەییە لە بۆچوندا لە چۆنیەتی لێکدانەوەو تەفسیری دەستەواژەی چینی ( چیا – chia ) قوتابخانەی ئەندیشە و هزری فەلسەفەی ) و ( چیائۆ chiao ) پەروەردەو ئایین ) سەری هەڵداوە . دەستەواژەی یەکەمین ، زیاتر لە بابەت بیرمەندانی بەناوبانگ و فەلسەفە و، پەروەردە و نەریت و باوەڕە باوەکانەوەیە. دەستەواژەی دووەم دەربارەی ئایینە لە چەمکە فراوانەکەیدا و کورت کردنەوەی تەنیا لە تاکدا ، کە خەڵک نەریتە باوەکان وەک بنچینەی باوەڕی ئایینی دادەنێن و شرۆڤەی دەکەن . هەڵبەت شێوەی جیاواز لە نێوان هزری فەلسەفی و ئایین و پەرستن و ملکەچ بونە بە ژیانی ئایینی . بەڵام نەریتی

چینی هیچ کات ناکۆکی نێوان پابەند بوون و هاوتەریب کردنی  ئەم دوو چەمکەی هەست پێ نەکردوە . بە واتایەکی تر ئەم دوو دەستەواژەیە لە زهنی خەڵکی چیندا وەک دووشتی جیاواز لە یەکدی لە یەک شێوەدا دەبینن گەرچی لە ڕەواڵەتدا جیاوازن بەڵام لە ماهیەتدا پێکەوە گرێ دراون و لە یەک خولگەدا دەخولێنەوە . بەو جۆرەی کە حەکیم و بیرمەندە مەزنەکانی کۆنفۆسشۆنیزم ، ئاتۆئیزم ، و بودیزم ، لە چیندا بە دیار کەوتن  و لەهەمان کاتدا لە هەمان ئاییندا مامۆستای بەرجەستەبوون بۆ پرۆپاگندەی ئەم قوتابخانانە ، بە شێوەی ئاین و پراکتیکی ئادابی پەرستن و ئایدیای پەرستن خۆیان ناساندوە . ئایینی کۆنفۆشیۆس چەندین سەدە ئایینی فەرمی دەوڵەت و نەتەوە بوەو یەکێک بوە لەو سێ ئایینەی کە بە شێوەی  سان چیانۆ (  ( san chianoلە چیندا بە کە فەرمی ناسرابوون .

چەمکی کۆنفۆشیۆنیزم  لە داهێنانی پرۆپاگندە چیانی گروپێکی مەسیحی ( ژزونیت ) کە لە سەدەی حەڤدەیەمی زایینی هاتبوونە وڵاتی چینەوە . ( ژزونیت  ) ئەگەر چی لەگەڵ ئادابی ئایینی و مەراسیمی پەرستنی پەیڕەوکارانی کۆنفۆشیۆس دا هاوڕانەبوون  ، بەڵام ئەم قوتابخانەیە تەنیا لە سۆنگەی بۆچوونی ئایینیەوە شرۆڤەو شیکاریان بۆ دەکرا . ئەو دەستەواژانەی کە خودی چینیەکان بۆ گوزارشت کردنی کۆنفۆشیۆنیزم بەکاریان دەهێنا بریتی بون لەمانە :

1-جوچیا (       ) ju  chiaئاماژەدان بە پەرۆشی هزری کۆنفۆشیۆس و شرۆڤە کردنی دۆخی کۆنفۆشیۆس لە ڕوانگەی زانست و حیکمەتەوە .

جوچیائۆ ( (jochiaoلە ڕوانگەی ئایین و خودی ناوی بونیاد نەرەکەی .

کونگ چیائۆ ( ) ( kungchiaoبە ناوی بنەماڵەی کۆنفۆشیۆس – کونگ  )

لی چیائۆ ( ( li-chiaoلە سەر بنەماو بنچینەی فەلسەفەی کۆنفۆشیۆس پەروەردەی دەکرد .

لی  . تەواوی ئەو دەستەواژانە هەڵگری ئاماژەی ئایینی  و پەرستن بوون .

جوچیائۆ ( (ju-chiaoلە ساڵی 549 پ-ز لە ئەیالەتی شونتنگ هاتوەتە دنیاوە و لە ساڵی 479 پ-ز  لە تەمەنی 70 ساڵەیدا بە بێ ئەوەی کە سەرکەوتن بە دەست بێنێت  کۆچی دوایی کردوو  لە هەمان شوێنی لە دایک بوونی نێژرا . بەڵام پاش کۆچی دوایی ئەو خەڵک دەرکیان بە گرنگی ئەو و ئامۆژگاریەکانی کردو بونە شوێن کەوتەی . جو جوانترین مناڵی خێزانەکەی بوو لە تەمەنی سێ ساڵیدا بوو باوکی کۆچی دوایی کرد  و ئەویش ناچار بوو بۆ پەیداکردنی بژێوی ژیانی خێزانەکەی لەو تەمەنە مناڵیەی دا کاری زۆر قورس بکات . لە تەمەنی پانزە ساڵیدا دەستی بە خوێندن کرد ، لە تەمەنی نۆزدە ساڵیدا هاوسەر گیری کرد . لە نێوان ساڵانی تەمەنی        21 بۆ  51 وانەی دەوتەوە لەو خوێندنگا تایبەتیەی کە خۆی دای مەزراندبوو ، بابەتەکانی مێژوو و شێعرو ئەدەبیات و ئاداب و ئەخلاق و سیستەمی حکومەت و زانستی سروشتی و مۆسقای دەوتەوە . لە ماوەی ساڵانی تەمەنی     50 بۆ  55 ساڵی بوە دادوەرو بەڕێوەبەری شارەکەی و پاشان بوبە دادوەر و پارێزگار لە پارێزگا کەی . ئەو سەرکەوتو بوو لە داماڵینی چەک لەخەڵک وگێڕاندنەوەی بۆ حکومەتەکەی و ئاسایش و ئارامی لە پارێگاکەیدا بەرقەرار کرد . بەڵام بە پلانی پارێزگاکانی تر ناچار بوو وازبهێت و دەست لە پارێزگاری هەڵبگرێت ، لەدوای ئەوەشەوە تەواوی کاتەکانی خۆی بۆ وانە وتنەوە بە خوێندکارەکانی تەرخان کرد . پاش مەرگی کۆنفۆشیۆس خوێندکارەکانی سێ ساڵ لە دەورو بەری گۆڕەکەی ژیانیان بەسەر برد و پاشان بۆ ناوچەکەی  خۆیان گەڕانەوە . بەڵام خوێندکاری پلە یەکی ئەو تزە کونگ (  tez- kung سێ ساڵی تر لە دەورو بەری گۆڕەکەی مایەوە . پاشگەڕاندنەوەی خوێندکارەکانی بۆ ناوچەکەیان  ، لە ناوچە جیاجیا کان کەوتنە بڵاو کردنەوەی فێر کراوەکانی مامۆستاکەیان .

چاو پۆشی کردن  له ئایینی بودایی كه ئاینێكی هاورده كراوبوو ، جیاوازیەكی زۆر كه له نێوان دوو ئایینی كۆنفۆشیۆس و تائۆ دا هەبوو  ، ئەوەبوو كه تائۆئیزم بۆ گرنگی دان به ژیان شرۆڤەی سروشت دەكات  تا نهێنیەكانی ئاشكرا بكات . بەڵام كۆنفۆ شیۆنیزم  بەختەوەری له نێوان خەڵك و دڵی ئەواندا دەچێنێت . ڕێبەرەكانی ئایینی تائۆ له كاتێكدا كه له ژیانی پڕ له فرۆفێڵی خەڵك و هەڵخەڵەتاندن و دزی و فزی ئازار دەچێژن و دەناڵن  ، به چەند ڕەخنەیەكی ئامۆژگاریەكانی حەكیمەكان ئارام دەبنەوه و خۆیان له و جەنگه دەكشێننەوه خۆتێ هەڵقورتاندن لەو دۆخه به شیاو گەنجاو نازانن و نایانەوێت  كه ڕوداوی دەرەكی كاریگەری بكاته سەر ئارامی و ئاسایشی ئەوان . له كاتێكدا كۆنفۆشیۆنیزم  تاكەكانی چینه جیاوازەكان ڕێنمایی دەكات بۆ پیادەكردنی ئاداب و چێوەی كۆمەڵایەتی ، ڕەفتاری باش و ئەنجامدانی وەزیفەی باش پێداگری دەكات  ، بەڵام هیچ یەكێك ئەم دوو ئاینه دەربارەی پەرستنی بونەوەرێك به ناوی خودا و ئەنجامدانی مەراسیمی نزاو پاڕانەوەو نوێژو ڕێو ڕەسمی پەرستن پیاده ناكەن .

گەرچی كۆنفۆشیۆنیزم  زیاتر له لایەنی ئەخلاقیەوه كه له لایەن خودی كۆنفۆشیۆس و پەیڕەوكارانی من سیۆس ( mencius  371 -289  پ-ز ) و هسون تسو ( hsun- tsu   298 -238 پ- ز ) دارێژراوه ، دەناسرێتەوه بەڵام  نابێت وا وێنای بكەین كه له نوسینەكانی هیچ یەكێك له مامۆستاكانی ئەم ئاینه دا باسی هێزی ئیلاهی نەكرابێت . بەڵكو باوەڕه ئایینیەكان كه له باوەڕه دێرینەكانی چینەوه بۆی ماوەتەوەو بوەته بەشێكی تایبەتی بۆی، له زۆر لایەنی جیاوازەوه كۆنفۆشیۆس له ( شانگ تی – shang ti ) هێزی خواوەندی تی ین ( tien  عەرش و ئاسمان  ) و( مینگ – ming  چارەنوس ) و پەیوەندی ئەوان  به ئیمانی تاكەكانەوه ناو دەبات  . خودی ئەو تەواوی ئاداب و نەریتی ئاینی سەردەمی خۆی زۆر به وردی ئەنجام دەدات ، و ئیمانی تەواوی به پەرستن و ستایش كردنی  باوەڕی پاپیرانیەوه هەبوو . كۆبونەوه لەو جێگایانەی كه باوكەكان تیایدا كۆدەبوونەوه ئەو ڕێو ڕەسمه ئایینیەی كه باوكەكان به ئەنجامیان دەگەیاند ، ڕێزگرتن له و خەڵكەی كه شیاوی ڕێز گرتن بوون ، سۆزی باوكەكان بوو هەروەك به خەسڵەتێكی منالانی هەڵبژاردەیشی دەزانی . له كتێبی ( مین ) دا هاتوه كه كۆنفۆشیۆس باوەڕی وابووه كه ئیمپراتۆر ( wu ) و براكەی خەڵكێكی به ئیمان و باوەڕ دار بوون به هۆیەی كه پەرستگەی تایبەتی باپیرانی خۆیان به باشی ڕێز لێ دەگرت و هەر وەرزی به هارو پایزێك دەچونه ئەو پەرستگایەو قوربانیان ئەنجام دەدا  . ڕۆژێك كەسێك لەوی پرسی كه بۆچی خەڵك بۆ تسائۆشن ( ئەو ڕۆحەی كه له چێشتخانەی ماڵەكاندایه )  ڕێزی زۆری لێ دەگرن . كۆنفۆشیۆس وتی : كه ئەو قسانه بێ بنەماوپوچن ، ئەگەر كەسێك به پێچەوانەی ئاسمان تۆش بێت به گوناحێك نزاو پاڕانەوه له ڕۆحەكان دەربارەی ئەو هیچ سودێك و كاریگەریەكی نابێت . خوێندكارێكی تری كۆنفۆشیۆس هسون تسو ( hsun tsu ) كه یەكێكی تره له حیكمەتەكانی كۆنفۆشیۆس زیاتر سەربه بنەمای عەقڵانیەت و مەنتیقه  ، هەنگاوێكی تر له مامۆستاكەی نزیك دەبێتەوەو خولقاندنی كۆمەڵگه به كاریگەری دەرك پێكردن ( كۆئەندامی هزر  ) دادەنێت و كتێبەكەی ئەو تەنیا له سایەی قبوڵ كردنی نهێنی و بونی هێزی پەنهان شیاوی دەرك پێ كردنه  . لەگەڵ ئەوەشدا فاكتەری مەزن كه دەسەڵاتی تەواوی به سەر فێركراوەكانی كۆنفۆشیۆنیزمدا هەیه پیاده كردنی ئەخلاقه ، له پەیوەندی نێوان خەڵك لەگەڵ یەكتر . هەوڵی كۆنفۆشیۆس زیاتر له سەر ئەوەیه كه باوەڕ به ڕۆحەكان و پەری ئاسمان كه وەكگ نەریتێكی بۆماوەیی له لای خەڵك ماوەتەوه له هەناوی باوەڕەكانی كەسەكاندا دەربێنێت و به ئەخلاقی لایەنی ئایینی ببەخشێت . به بۆچونی ئەو بەو جۆرەی كه كەسێك چێوەی ئەخلاقی  به گشتی پیاده بكات كەواته وەك ئەوەی كه ئاسمان ویستویەتی ڕەفتاری كردوه .

تەوەری سەرەكی فێركراوەكانی كۆنفۆشیۆنیزم چاكسازی كردنی ڕیشەیی كۆمەڵگه و پشتیوانی كردنی خەڵكه بۆ ئەنجامدانی وەزیفه كۆمەڵایەتیەكان به جوانترین شێوه بۆ دابین كردنی ڕەفاهیەت بۆ كۆمەڵگه

. ئەو هەوڵیدا ئایین لە سەر بنەمای مرۆڤ گەری ( jen) بونیاد بنێت . مرۆڤ گەری و مرۆڤ بوون هەدەفێکە پێویستە لە سەر هەر تاکێک پێش لە هەرشتێک لە خۆیدا بیچەسپێنێت . رۆژێک یەکێک لە خوێندکارەکانی لێی پرسی : وەزیفەی مرۆڤ سەبارەت بە رۆحی مردوەکان چی یە ؟ ئەویش لە وەڵامدا وتی : ( ئێمە کە هێشتا وەزیفەی خۆمان سەبارەت بە زیندوکان ئەنجام نەداوە چۆن سەبارەت بە رۆحی مردوەکان کارێک لە ئەستۆ بگرین . ؟سەرەتا دەبێت لە روی ڕاستگۆیی و یەقینەوە چاکەی خۆمان سەبارەت بە خەڵک و مرۆڤایەتی ئەنجام بدەین و ئەجا ڕێزیش لە رۆحەکان بگرین . )

مرۆڤی پێگەیشتو ( چون تزو chun tzu) لە دیدی کۆنفۆشیۆسەوە منالێکە خۆشەویستی دایکو باوکی هەمیشە لە دڵدایە ، مێردێکە کە هەمیشە لەگەڵ هاوسەرەکەی وەفادارو ڕاستگۆیە ، باوکێکە کە لە گەڵ منالەکانی بەختەوەرو دایپەروەرە ، هاورێیەکە لەگەڵ هاورێکانی خۆی بەرەوشت و یەک روە ، سەربازێکە سەبارەت بە فەرماندەو بەرپرسەکەی هەمیشە وەفادار و دەست پاکە ، مرۆڤی پێگەیشتو ، هەمیشە بە پێنج خەسڵەت پەسەند دەکرێت : ( نەفس بەرزی ، ڕەفتاری باش ، نیەت پاک ، زەوق لە کارکردن و باشی ڕەفتار ، مرۆڤی پێگەیشتو ، بەدڵی پاک و ئارەزووی نیەت پاکی ڕەفتار دەکات و خواستی بنچینەیی لە خەسڵەتەکانی ناخەوە هەڵ دەقوڵێت و نەفس بەرزە ) مرۆڤی پێگەیشتو ، لە فەزای واقیعی خۆیدا ( jin) وەستاوەو هەمیشە ڕەفتاری باش ئەنجام دەدات ( ( li) ئەدەبی درۆزنی و ڕەواڵەتی لە دیدی ئەودا بەهایەکی نیە .

( من ) ئەوەی کە لە شێوەیەکی هەقیقیدا پێک هاتوە لە ڕاستیدا هەقیقەت نیە ، دوژمنە ، ئەگەر مرۆڤ بە هەقیقەت مرۆڤ نەبێت ئەنجامی نزاو پاڕانەوە بۆ ئەو چی سودێکی هەیە ؟ ئەنجام دانی نەریتی ئایینی بۆ ئەو چی دەستکەوتێکی دەبێت ؟ )

کۆنفۆشیۆس پێش هەرشتێک مامۆستایەکی ئەخلاقی کۆمەڵگە بوو لە فەلسەفەی ئایینی خۆیدا مەودای بنچینەو چێوەی مرۆڤایەتی ، ئەو هیچ کات نەدەچوە بواری پەیوەندی نێوان چاکەو گوناحەوە و ، لە ڕەواڵەتی مەراسیمی ئایینی هەر وێنەیەک کە بە پێچەوانەی هاوئاهەنگی عەقڵی و بنەمای مرۆڤایەتی بوایە بەلارێدابردنی ئاماجی کۆمەڵایەتی بوو پەسەندی نەدەکرد . هەدەفی فێر کراوەکانی ئەو دەستگەیشتن بە مەعریفەی عەقڵی و خزمەت کردن بوو بە کۆمەڵگە .

فیرکردن و خواستی فێربوون ، بەختەوەری بەرهەم دێنێت .

ئەگەر بەرێگای تاواندا ڕۆشتی ، لە گەڕانەوە مەترسە .

زانستی کۆن فێرببە و زانستی نوێ وەربگرە تا مامۆستایەکی شیاو بیت .

لەوەی کە گومانت هەیە ، بێدەنگ بەو لە هەمبەر شتەکانی تر بە هۆشیاریەوە قسە بکە تا کەمتر توشی هەڵە ببیت .

پیاوی گەورە ، درەنگ بەڵێن دەدات و زوو بەڵێنەکەی جێبەجێ دەکات .

هەرچی کە دەی بیستی دایپۆشەو ئەوەی کە باشە هەڵی بژێرە .

دروست ئەوەیە کە بە خەتەوەری بە بەختەوەری و دوژمنیش بە نەرمی وەڵام بدەینەوە .

خوێندکارەکە وەڵامی دایەوە : ئایا مامەڵەکردن بەم دەستەواژانە نیە ؟ ئەوەی کە بۆ خۆت لات پەسەند نیە لە بەرانبەر کەسانی تردا ئەنجامی بدەیت ، ئەم یاسای ئاڵتونی یە بە جۆرێک کە هەندێک لە بیرمەندان بەو دەستەواژەیە ناوزەدیان کردوە ئەتوانێت سەرمەشقی ژیان بێت بۆ گەیشتن بە مرۆڤایەتی

. کۆنفۆشیۆس جەخت دەکاتەوە کە ئەم چێوەیە پێویستە لە پێنج پەیوەندی هەمیشەیدا سەرنجی لە سەر دابنرێت .

لە پەیوەندی کاربەدەست و کرێکاردا

لە پەیوەندی باوک و منالّدا

لە پەیوەندی ژن و مێرد دا

لە پەیوەندی برای گەورەو برای بچوکدا

لە پەیوەندی هاورێ لەگەڵ هاورێکانیدا

دەستوراتی جەخت لێکراوی ئەو لە ستایش کردنی منالّ بۆ باوک و پیادەکردنی دۆخی منالّ لە لایەن باوکەوە ، پایەیەکی بەهێزی سیستەمی خێزانی و رەگەزی بنچینەیی کلتوری باوکو دایکی چینی یە .

لە زۆرینەی ئاینەکاندا یان قوتابخانەکان لە دنیادا هیچ کامیان ئەوەندەی ئایینی کۆنفۆشیۆس جەختیان لە پەیوەندی وەفادارانەو رێز بەرانبەر بە یەکتری لە ناو خێزاندا نەکردوەتەوە ، زۆرینەی ئامۆژگاریەکانی بۆ رێزگرتنی خێزانیە . منالّ دەبێت ستایشی باوکی بکات و چونکە کاتێک باوک دەمرێت منالّەکە جێگای باوکی دەگرێتەوە و بەرێوە بردنی خێزان لە ئەستۆ دەگرێت . هەر باوکێک پێویستە بۆ بەختەوەری و سەلامەتی ئەندامانی خێزانەکەی خۆی هەولّ بدات و منالّەکانیشی بە خەسلّەتی باش و هۆشیارانە پەروەردەو فێربکات .

هیچ سیستەمێکە ئەخلاقی یا ئایینی لە جیهاندا بەو جۆرە قولّ و فراوانەی کە کۆنفۆشیۆنیزم رۆ چوە تیایدا و رێنمایی خەلّکی دەکات رەفتاری باش ئەنجام بدەن بوونی نیە . کۆنفۆشیۆس باوەری وایە کە چاکسازی کۆمەلّگە پێویستە لە ئاستە بالّاکانەوە دەست پێ بکات . لە پلەی یەکەمدا یاساکان لە خودی لایەنی دەسەلّات دارانەوە پیادە بکرێت ، تا دۆخی ولّات باش بێت . رۆژێک یەکێک لە فەرمان رەواکان لە مامۆستای پرسی : ( ئایا نابێت ستەمکاران و خراپەکاران لە ناو ببەیت تا رێکی و باشی جێگیر ببێت ؟ ) ئەو لە وەلّامدا وتی : ( لە حکومەتدا پرۆسەی لە سێدارەدان چی زەرورەتێکی هەیە ؟ ئەگەر تۆ لە روی نیەت باشیەوە باوەرت باش بێت ، خەلّکیش باش و چاک دەبن . ئیمان و فەزیلەتی پاشاکان ، هەروەکو با یە و سروشتی تاکەکان وەکو گیا، هەلّبەت گیا لە بەرانبەر هێزی با دا لار دەبێتەوە و مل کەچ دەکات ) ئەگەر فەرمانرەواکان بە باشی و دادپەروەرانە رەفتار بکەن ، تاوان و خیانەت خۆ بە خۆ لە ناو دەچێت و دادپەروەری کۆمەلّایەتی بەرپا دەبێت . حکومەتی باش ، حکومەتی دەسەلّات داری پاک و باشە ، نە حکومەتی دۆخی یاسا جۆراو جۆرەکان . خەلّک پێویستە بە سروشت لە رەفتاری ئاستە کان بە باشی و چاکی رابێن ، ترس لە یاسا رەنگە بۆ ماوەیەک خەلّک لە ئەنجامدانی تاوان دوربخاتەوە ، بەلّام ناتوانێت سروشتو ناخی ئەو لە راستەقینەی دور بخاتەوە ، باشی و چاکی پێویستە لە نۆرمەکانی خەلّکیدا جێگیر بکرێت و خۆپاراستن لە ئەنجامدانی تاوان بکرێتە سرشتیان . حکومەتەکان پێویستە بۆ دابین کردنی ئاسایشی خەلّک لە ژێر فەرمانی خۆیاندا هەولّ بدەن و پێداویستی یەگشتی یەکان دابین بکەن ، تەواوی ئەو کەسانەی کە لە ولّاتێکدا دەژین لە گوتارو کرداردا ئەوانی تر بە برای خۆیان بزانن و لوتکەی ئەخلاق و ئەدەب پیادە بکەن . خێزانەکان پێویستە سنوورو مافی تەواوی ئەندامانی خێزان دابین بکەن .

1. کۆنفۆشیۆس لە ناو بونیاد نەرانی ئاینەزیندوەکانی دنیادا ، یەکێکە لەو سێ کەسەی کە پەیامەکەی کە بریتی یە لە فێرکراوە کانی بە دەستی خۆی نوسیویەتیەوە ، ئەوی تریش زەردەشت بو

بەشێکی لە گاتاها لێ  بە جێماوە ئەوی تریش لائۆتسە کە تائۆتچینگی نوسی وەتەوە  ، ئەو کتێبانەی کە کۆنفۆشیۆس خۆی نوسیونیەتەوە و خوێندکارەکانی  پێ فیر کردوە بریتین لە مانە  :

| | | |
|---|---|---|
| شوچینگ | shu  ching | پێشەکیەک لە سەر مێژووی چین |
| شی چینگ | shi   ching | کتێبی شێعر |
| ئای شینگ | I  ching | ئالّو گۆرو نهێنی زانی ( غەیب زانی ) |
| لی چینگ | li   ching | سەرەتایەک سەبارەت بە ئاداب و دانوستان |
| چون چیو | chun  chiu | بەهارو پایز  ( مێژووی خۆجێیی ) |

چوار کتێبی یەکەم  ، کۆمەڵێک وتەی حەکیمەکانی پێشینانە و کتێبی پێنجەمیش بەتەواوی هزرو تێڕوانی خۆیەتی .

مامۆستا بۆ وتنەوەی هەر یەک لەم کتێبانە باوەڕی تایبەتی خۆی لە سەر کتێبەکەش زیاد دەکرد و زیاتر بۆ خوێندکارەکانی ڕون دەکردەوە ، خوێندکارەکانیش ئەم شکاری و ڕونکردنەوانەی مامۆستاکەیان یادداشت دەکرد ، پاش کۆچی دوای کۆنفۆشیۆس چوار کتێبی تر کە بریتی بون لەو ڕونکردنەوانەی باوەڕی کۆنفۆشیۆس لە لایەن خوێندکارەکانیەوە کۆکرانەوە و نوسران .

1-ئانالکت  (  )  ( analectsکۆمەڵەیەکی هەڵبژاردە ) کۆمەڵێک لە تیۆریا گرنگەکانی فێر کراوەکانی مامۆستا کە  بەگشتی  بە دیار ترین بنچینەی زانیاری دەربارەی ژیانی تایبەتی کۆنفۆشیۆس ئەژمار دەکرێت .

2-فیرکراوەکانی  مین لەگەڵ  چونگ  یانگ  (  chung – yungتەفسیریک لە سەر کتێبی لی چی .

3-تاهسوئە  (  tahsuehکە لە سەر بەشێکی لی چی نوسراوە  .

4-منکیۆس   (   menciusبریتی لە کۆی باوەڕی مامۆستا دەربارەی خێر و باشی و پیادە کردنی بنچینەی ئادابی کۆمەڵایەتی و سەد ساڵ پاش کۆچی دوای خۆی نوسراوە .

کۆنفۆشیۆس لە کتێبی  لی – چی  تەفسیریکی وردی دەربارەی مانای جیاجیای لی  ( پاکی ، خاوێنی ، ئەدەب و مرۆڤایەتی  ) و کاریگەریەکانی پیادەکردنی ئەم چەمکانە لە چاکسازی کۆمەڵگەدا کردوە  ، ئەوە ئاشکرا دەکات وەک زیاد کردنێک کە ئەگەر ( لی ) لە پەیوەندیە پێنج لایەنکاندا پیادە بکرێت بۆ نمونە لە هەرخێزانێک ، لە هەر گوندێک ، و دواتریش لە هەر وڵاتێک میان ڕەویی و باشی پەیوەندی گشتی بەرقەرار دەبێت .

دەستپێکی پێگەیشتنی هزرو ئەندێشەی کۆنفۆشیۆس ، بیرمەندانی مەزنی وەکو مانسیۆس ( menciusو هسن تسو  (  hsun- tsuبە لوتکە گەیاند کەزیاتر بۆ لێکدانەوەی فەلسەفیانەی مەراسمی پەرستنی لی (   liبەناو بانگن  .  هسون تسو ، دەربارە باوەڕ بوون بە ڕۆحەکان و خۆتێهەڵقورتاندنیان لە کردەوەو چارەنوسی مرۆڤ  ، هەنگاوێکی لە مامۆستاکەی خۆی زیاتر نا ، کە نابێت مرۆڤ سکاڵا یان ستایشی ئاسمان بکات کە بۆچی ڕوداوەکان هاوتەریب نیە لە گەڵ داخوازیەکانیدا . هاوکات ئاسمان ، بوونێکی  سەربەخۆ و جێگیر نیە و ناتوانێت وەڵام بە نزاو پەرستنەکانی مرۆڤ بداتەوە . کاتێک خەڵک بۆ بارینی باران نزادەکەن و هاوکات باران دەباریت ، بەڵگەی قبوڵکردنی  ئاسمان نیە وەک وەڵامێک بۆ نزاکانی خەڵک . ئەم دۆخە لە ئەنجامی کاریگەری

پێکهاتەی ( ین ) و ( یانگ ) بەرجەستە بوەو باران باریوە ، ئەگەر خەلکیش نزایان نەکردایە ئەوا باران لە هەمان کاتدا دەباری .

بۆیە رێگای دەستکەوتنی مراز نە لە دەستی ئاسماندایەو نە لەدەستی زەویدا ، بەڵکو پەیوەندی بە خودی مرۆڤ خۆیەوە هەیە تەنیا گرێ دراوی خۆیەتی . هسون تسو باوەڕی لەگەڵ تائۆنیستەکان هاوڕایە کە تائۆ بنچینەی کەیهان و چێوەی دنیای بونە . بە گۆێرەی تائۆ ، چوار وەرزەکە دەخولقێت خۆر دەدرەوشێتەوەو ئەستێرەکان لە خولگەکانی خۆیاندا دەخولێنەوەو جیهانی بوون بەرەو پێگەیشتنی تەواو دەسوڕێنێ .

کۆنفۆشیۆنیزمی نوێ و بیرمەندانی تری وەکو چوهسی ( 1130 – 1200 chu-hsi و وانگ یانگ مینگ ( 1472 -1529 wang- yang- ming نوخبەی ئەم قوتابخانەیەن ، کە هەریەکەیان لەرێگای تیۆریای پێگەیشتن و رێنمایی زانستی هەنگاوی بەروە ێشەوەیان ناوە .قوتابخانەی فیرکراوەکانی ئەوان بە شێوەیەکی رێکخراو بە ناوەکانی ( لی هسوە lihsueh فیرکراوەی بنچینەیی ) و هسین هسوئە ( hsin hsues فیرکراوەی کۆئەندامی دەمار ) ناوزەد کراون . لە ڕاستیدا ئەم دو قوتابخانەیە لە پلەی یەکەمدا لە پەیوەندی پەروەردە کردنی عەقڵانیەت و بابەتی گشتی دەربارەی چۆنیەتی گەیشتن بەم قۆناغە دان . چوهسی باوەڕی وایە کە تاک پێویستە رێگایەکی دوور بۆ پەروەردەکردنی نەفس و کردەوەی ئەخلاقی بگرێتە بەر تا بگاتە قۆناغی مرۆڤایەتی ( jenچوهسی ، ئەو کەسانەی کە لە پەیرەوکردنی چێوەی مامۆستاکەی لایانداوە ، گومڕابون و بابەتێ کە لەسەر پرەنسیپی تائۆ ئیزم و بودیزم و کۆنفۆشیۆنیزمدا ئالۆز و شێویندراوە ، گێڕایەوە بۆ سادەیی و ڕەسەنایەتی سەرتایی خۆی . چوهسی بەتایبەتی لە سەر دۆخی پشکنینی شتەکان ( ko wu –بۆ گەیشتن بە قۆناغی مرۆڤایەتی هەوڵدەدات ، ئەو پشکنینانەی کە لە پلەی یەکەمدا بریتی یە لە ناسینی خودی کەسیەتی ، بۆ ئاگا بوون لە سروشتی خودی ئەو بۆ پێگەیشتن و باشتربوون دەست پێدەکات . چو ، فەلسەفەکەی خۆی بەم تیۆریایە دادەڕێژێت :

(ماهیەتی ئاسمان و زەوی کە خولقێنەرو بەدی هێنەری هەمو شتێکە مرڤایەتیە ، ( jen

قوتابخانەیەک کە کۆنفۆشیۆس و خوێندکارەکانی ( من سیۆس و هسون تسو ) دایان مەزراند ، لە سەردەمی ژیانی ئەوانداو هەتا چەند سەدە دوای خۆشیان ڕەونەقێکی نەبوو . تا ئەو کاتەی کە خاقانێک بەناوی ( ووتی ( wu- ti لە ( نەوەی هان ) لە ساڵی 136 پ-ز دەسەڵاتی گرتە دەست . ئەو ئاینی کۆنفۆشیۆسی قبوڵ کردو ئەو حەکیمانەی کە باوەڕیان بەم ئاینە هەبوو ڕای سپاردن بۆ پەروەردەکردنی خەڵک لە سەر ئەو ئایینە . لەو بەروارە بەدواوە زیاتر لە 2000 هەزار ساڵ پاش ، ئایینی کۆنفۆشیۆس ، ئایینی فەرمی میللەتی چین بوو . دەوڵەتی چین کۆنفۆشیۆسی بە مەزن ترین حەکیم ناساندو ناو و ناوبانگ و ئاستی ئەوی بەرز ڕاگرت . ئاست و پێگەی حەکیمی بیرمەند ڕۆژ بەڕۆژ بەرزتر دەبویەوە ، بۆ پەرستنی ئەو لە پایتەخت و ناوەندەکانی هەریەک لە ئەیالەتەکانی چین پەرستگەی دروستکرد . بۆ ئەو هەموو ساڵێک دوجار لە پەکین مەراسمی پەرستنی بۆ ڕێکدەخرا . لەو بەرواره بە دواوە خوێندکارەکانی و خەڵک و هەتا شازادەکان و ئیمپراتۆرەکان دەچونە سەر مەزارەکەی و ئەدای ڕێزیان دەنواد ، وڵاتی چین لە مێژووی مۆدێرنی خۆیداو تا چوار هەزار ساڵ لەمەو پێشیش کەسیەتیەکی تری وەکو کۆنفۆشیۆسی تا ئەو ئەندازەیە ڕێز لێنەگرتوە .

لە ساڵی 630 زایینی تائی تسونگ ( tai tsung خاقانی چین فەرمانێکی دەرکردوو شارەوانی شاری ناچارکرد ، تا پەرستگەی تایبەت بۆ کۆنفۆشیۆس دروست بکات و مەراسیمی ستایش کردنی

ئەوی تیادا ئەنجام بدرێت . لە جیاتی وێنەو تابلۆی بودایەکان وێنەو تابلوی کۆنفۆشیۆس ئامادە بکرێت و هەڵبواسرێت .

لە ساڵی 1530 زایینی خاقانی چین بڵاوکراوەیەکی دەرکرد و تەواوی ناو وناونیشانی کە تا ئەو کاتەی درابویە پاڵ کۆنفۆ شیۆس سرییەوەو ئەوی تەنیا وەک مامۆستایەکی پیرۆزی دێرین ناساندو پەرستگاکانیشی گەڕاندەوە سەر دۆخی سەرەتایی خۆیان .

لە ئاینی کۆنفۆشیۆسدا هیچ سیستەمێکی کەشیشی ، ڕۆحانی ، برهمنی بونی نیە ، و بۆ خەڵکی ئاسایی و دەسەڵاتدارانی دەوڵەتیش جۆری پەرستنی تایبەتی دیاری نەکراوە پەرستن و نزاکردن یەکێکە لە جۆری عیبادەتی دێرینی چین و وەک سۆزی نێوان کوڕو باوک وایە ، دەرئەنجامی بنەمای خزمەتێکی عاشقانەو خۆشەویستی نیە بۆ دایک و باوک لە سەردەمی ژیانیانداو ماتەم و نیگەرانی بۆ مردنیان ، پاش مردنی ئەوان پێشکەش کردنی خەڵات و خواردن و خێرکردن لە کاتە جیاجیاکانی ساڵ لە سەر گۆڕەکانیان پیادە کردنی ( لی ) یە لە پەیوەندی پێج لایەنە دا ، مامەڵەکردن لە کۆمەڵگەدا بنچینەی پەرستن و نزا کۆی باوەڕی کۆنفۆشیۆنیزم پێک دەهێنێت .

هەوڵی تەواوی ئایینی کۆنفۆشیۆس نۆرمی ئەخلاقی یە بۆ بەرپا کردنی کۆمەڵگەیەکی تەندروست ، تیایدا ژنانی لە ئاستێکی خوارتر لە پیاوان دەست نیشان کردوە و باوەڕیشی وابوە کە ئەگەر لە نێوان ژن ومێرد دا جیاوازیەک قبوڵ نەکەین بشێوی دروست دەبێت .

لە ساڵی 1911 ئازادی ئایینی بۆ خەڵکی چین دابیکرا و پاش شۆرشی کۆمۆنیستی پایەی باوەڕگەلی ئایینی لاواز بون و ئایندەی هەموو ئاینەکان نادیار بووون . کە سێک نازانێت ئایا ئایینی کۆنفۆشیۆس بە تەواوی هەوا دارانیەوە کە سیمایەکی ئەخلاقی خێزانی و کلتوری چینی هەیە ئەتوانێت لە بەرانبەر هێرش و پەلامارەکانی فیکری بەهێزی ماتریالیستی دا خۆی ڕابگرێت یان نە .؟

بەشی سێ هەم :

ئایین لە یابان

یابان ئەو

سەر زەویە نیە

کە خەڵکەکەی پێویستیان بە پەرستن هەبێت چونکە خۆی بۆخوی بونێکی خودایی یە .

هیتومارو

hitomaro

شاعیری یابانی سەدەی شەشەمی زایینی

ئایین لە یابان ، هەروەک ڕاخەرێکی پڕ لە نەخشە ، کە تانۆپۆی نەریت و باوەڕی زۆر کۆن و ئایینی جیاجیا پێک دەهێنێت و هەرکەس شوێنکەوتەی قەشەنگی بەشێک لە و نەخشانەی ناو ئەو راخەرەیە . تاکێکی یابانی ئەشێ لە سەر نەریتی ئاینی شینتو هاوسەر گیری بکات ، بەڵام مردوەکانیشی لە سەر نەریتی ئاینی بودایی بە خاک بسپێرێت یان هیچ یەک لەم باوەڕە ئایینیانە پەیرەوی نەکات . بەڵام ئەوەی کە دڵی هەر تاکێکی یابانی بە رێوە دەبات خودی یابان خۆیەتی ، هەر بستێک لە خاکی ئەو وڵاتە دروشاوەیە ، هەرشاخێکی هەر دەشت و پێ دەشتێکی هەر چەم و رووبارێکی هەر دارستانێکی خودایە و بەشێکە لە جەستەی هەر تاکێکی یابانی کە ئەی پەرستن . خەڵکی یابان ، بە هۆی زۆرینەی خوداکانەوە کە دەیان پەرستن وڵاتەکەیان ناوناوە ( سەرزەوی خوداکان ) باوەڕیان وایە کە ئیمپراتۆری ( نوادە خواوەندی خۆر ( amarterasu هەرتاکێکی یابانی لە لایەکەوە بەشە خودایەکی هەیە ئەم خەسڵەتەش تایبەت بە خەڵکی یابانە .

لە کتێبی کوجی کی ( koji – ki ) دەربارەی چۆنیەتی خەلقبوونی جیهانی بوون و یەکەمین بونەوەری خودا یابان دەستپێکە :

( لە سەرەتادا جیهان تیکەڵەیەکبوو هەمو شتێک گومان و نادیار بوو ، بەرە بەرە ئاسمان و دەریاکان لە یەک جیابوونەوە و چەند خودایەک لە جیهاندا بە دیار کەوتن و لە ناویش چوون ، تا ئەو کاتەی کە ئیزاناگی ( izanagi) و هاوسەرەکەی ئیزانامی ( izanami ) هاتنە بوون . ئیزاناگی بە ڕمەکەی کە لە جەوهەر دروست کرابوو دنیا کە بە شێوەی مادەیەک دەرکەوتبوو ، لێدا ، ئەوەندە درێژوی بە کارەکەی دا تا ئەو ماددەیەی وردکرد ئەو مادە ئاوێتەیە بە دەروبەردا پرژاندو چەند دورگەیەکی لێ دروست بوو . لە ئیزاناگی و هاوسەرەکەی سی و پێنج خودا و خوداوەند لە دایک بوون ، کە دواهەمینیان ، کاگۆتسو شی ( kagu – tzuchi ) کە بە ئاگرەوەو لە دایک بوو لە سەرتای لەدایک بوونیدا دایکی خۆی سوتاند و رەوانەی دنیای ژێر زەوی کرد ، ئیزاناگی بۆ گەران بە شوێن هاوسەرەکەیدا چو بۆ دنیای ژێر زەوی ڕۆشت . بەڵام لەبەر ئەوەی درەنگ گەیشتبوو ، ئیزانامی ناشیرین بوو بوو دەگریا ، ئیزانامی نەیدەویست هاوسەرەکەی ڕوخساری ناشیرینی ببینێت جەنگی لە گەڵ هاوسەرەکەی بەرپا کرد . ئیزاناگی گەڕایەوە بۆ سەر زەوی . بۆ ئەوەی جەستەی ئالودە بوی خۆی پاک بکاتەوە گۆچان و جامانەو پشتوێنەکەی لە کەنارێک دانا و لە ئاوی دەریای یاباندا خەرق بوو لە جلو بەرگ و جەستەی ئەو چەندین خودا دروست بوو ، لە گۆشەی چاوی چەپی ئەودا خواوەندی خۆر ( arnaterasu ) هەروەها لە گۆشەی چاوی ڕاستی خواوەندی مانگ ( toumki- yomi ) و لە کونە کانی مێشکیەوە خواوەندی تۆفان ( susa- no – wo ) هاتنە بوون . رۆژێک خواوەندی خۆر سەرنجی دوورگە کانی یابانی ئەدا زۆربە داماوی و وێرانی بینی بۆیە پەیامنێری خۆی نی نی گی ( ni – ni – gi ) نارد بۆ ئەو سەرزەویە تا لەوێ فەرمان رەوایەتی بکات و خەڵک فێر بکات : (لەو سەر زەویە ئاوس و داپۆشراو بە سەوزایی و مەرزە دابەزەو خۆشی ببینە ، ببە بە فەرمان ڕەوای . تۆ ئەی کوری بەرزی من برۆ بۆ ئەوێ ، هیوادارم کە خۆش گوزەران و پڕ لە نازو نیعمەت بیت ، هیوادارم ئەوە هەروەک زەوی و ئاسمان تا ئەبەد بمێنێت . (1 )

نی نی گی فەرمانی دایکە گەورەی قبوڵ کردو هات بۆ یابان .. ئەوی خواوەند جیمو تنو ( jimi – tenno ) یەکەمین خودایەک بوو کە بە شێوەی مرۆڤ خۆی پیشان داو بووە ئیمپراتۆری یابان . لە دوای ئەو بەروارەوە بە تەدریجی خانەدان و ئەرستۆ کرات و مەزنەکان و کەم کەم خەڵکی بەگشتی لە خواوەندەکانی تر دروست بوون و لەو سەرزەوی یە نیشتە جێ بوون .

شینتۆ ، ناوێکە کە بە کۆمەڵەیەکی فراوانی مەراسیمی ئایینی دەوترێت و دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی بەر لە مێژووی یابان و تا ئێستاش بەردەوامەو پەیرەوی دەکرێت . ناوی ڕاستەقینەی ئایینی شینتو ، کامی

نومی چی ( ) ( kami- no – michi ڕێگای خوداکان )ە . بەڵام ئەوەی کە ئەمڕۆکە ناوبانگی هەیە وەرگێڕانەکەی بە چینی بەشێوەی ( شینتۆ ) یان ( شین تاتۆ ) یە .

لە سەردەمە پێشوەکاندا پێش دروست بوونی حکومەتی یەکێتی و ناوەندی لە یاماتۆ ( yamato )لە سەدەی هەشتەمی پ- ز زانیاری پێویست و ڕوون دەربارەی چۆنیەتی ئایین لە یابان لە بەردەستدا نیە . ئایین بە شێوەی زۆر سەرەتایانەکەی لە قۆناغی ڕۆح پەرستیدا ( ئانیسیزم ) لە ناو خەڵکدا برەوی هەبووەو یابانیەکان باوەڕیان هەبووە کە هێزی ئەو دیو سروشت لە هەناوی هەریەکێک لە فاکتەرە سروشت و شتەکانی تردا وەکو شاخەکان ، دارو درەخت ، دەریاکان ، و لە هەندێک لە گیانلەبەرەکانی تردا بونی هەیە .

1- ئەم هۆنراوەیە کە لە کتێبی نیهۆن جی لاپەرەی 17 دا نوسراوە بەشێکە لە نزای پیرۆزی خەڵکی یابان و پیرو گەنج و مناڵ کە لە بەرەبەیاناندا دەی خوێنن .

بە تەدریجی پەرستنی سروشت و باوەڕبوون بە بوونی ڕ ۆحەپاکەکانی باپیران و تێکەڵاو بوونی ئەفسانە شینتویان خولقاند . ئەم ئاینینە لەو ڕوانگەیەوە کە هەدەف لێی پەیڕەوی کردنی ئارمانێکی سیاسی لە بنچینەدا و

پەرستنی یەکێک لە دێرین ترین زنجیرە دەسەڵاتداریەتی یەکانی دنیایە ، لە نێوان ئایینەکانی تری جیهان کورت کراوەتەوە لە تاکدا.

دێرینترین پاشماوەی نوسراوی ئایینی یابان ، کە لە لای خەڵکی یابان و پەیڕەوکارانی شینتو جێگای شانازی و ڕێزی زۆرە ، هەردوو کتێبی کوجی کی ( ) ( koji ki یادداشتە دێرینەکان ) کە لە ساڵی 712 زاینی و کتێبی نیهۆن جی ( ) ( nihonji ڕوداوو پێشهاتەکانی یابان ) نی هن شوکی ( nihonshoki )کە لە ساڵی 720 زایینی نوسراونەتەوە . ڕەوانی و بەکارهێنانی وشەکان و خۆش ئاهەنگی لەم دوو کتێبەدا تا ئەو ئاستەیە کە چێژی لە هیچ کتێبێکی تری ئاینیدا ناگاتە ئەو ئاستە .
سێهەمین کتێبی ئایینی شینتۆ ینگی شی کی ( yengi-shi- ki )یە کە بریتی یە لە 50 بەرگ و بنچینە و سەرچاوەی ئایینی شینتۆ یەو پێک دێت لە پەرستن کە کاتی خاوێنی یان ڕێکخستنی ڕێو ڕەسمی ئاینی پێویستە بخوێندرێتەوە .

بەکار هێنانی دەستەواژەی ناوی خودا ( کامی ( kami یە کە مانا سادەکەی پەروەردگارو سەروترە . بەڵام ئەو مانایەی کە لە هزری یابانیەکاندا بوونی هەیە . زۆر مەودا فراوانترە لە و ماناباوەی کە بریتی یە لە خاوەندی هەموو شت و هەموو بونەوەران و باڵندەکان و ئاژەڵەکان و گژو گیاکان و دارو درەختەکان و دەریاکان و شاخەکان و ئیمپراتۆرەکانی یابان و بە شێوەیەکی گشتی هەرچی کە بتوانێت بە هۆی هێزی نیهانی و لە ڕادەبەدەری جێگای ڕێزە دەگرێتەوە . ڕێژەی خوداکان لە ئایینی شینتۆدا کە لە کتێبی نیهۆن هی دا هاتوە هەشتا گروپەو لە کتێبی کوجی کیشدا ئاماژەی بە هەشت سەد گروپ دەدات و هەرگروپێکیش پێک دێت لە هەزاران خودا ، بەڵام یەکەمین خواداکان هەمان ( ئیزاناکی و هاوسەرەکەی ( ئیزانامی ) یە . خوداکانیش هەروەک بونەوەرەکانی تر بە زیندوی لە دایک دەبن و هاوسەر گیری دەکەن و دەبنە خاوەنی مناڵ و نەخۆش دەکەون و دواتر دەمرن و لە جێگایەکی تایبەتدا دەنێژرێن . ئیمپراتۆری یابان ئەتوانێت خودا مردوەکان دووبارە زیندو بکاتەوە . کەسیەتی خوداکانیش هەروەکو مرۆڤەکان جیاوازە ، هەندێک لەوان درۆزن و تەڵەکەبازن ، بەو هۆیەوەیە کە ڕەنگە لە پلەکانی خوداوەندێتی دابماڵرێن . هەروەک ئەوەی کە ئەمڕۆکە هیچ کەس ناتوانێت لە یابان پلەی خودایی بە سوسا نوو ( ) ( susa- no –wo خودای تۆفان ) بدات و وەک خودا ئەژماری بکات . بەگشتی تەواوی خوداکان کە دەپەرسترێن ، فاکتەرەسروشتی یەکانن و تایبەتن بە سەرزەوی یابانەوە . ئەم

ڕاستی یە جوگرافیاییە کە ئەو وڵاتە لە چوار دوورگەی گەورە پێک دێنێت و لە ماوەیەکی زۆرەوە لە لای شیمالیەوە ( باکوری درێژ بوەتەوە ، بۆ دروست کردنی جێگای پەرستن و پەرستگە کاریگەری هەبووە . بەناو بانگترین و دێرین ترین پەرستگەی شینتۆ کە هێشتان جێی بایەخی نەتەوەییە ، لە شاری ئایسە ( iseلە دوورگەی سەرەکی هونشو ( honshuلە کەناری دەریاو لە باکوری خۆرهەڵاتی کیوتۆ ( kiyotoپایتەخی کۆنی یابان دروستکراوە . پەرستگەی خواوەندی خۆر ( amarerasuپێش لە هەر ناوچەیەکی تری یابان گرنگترە لە لای خەڵکو ناو خۆش ، کە هەر سەرۆک وەزیرێکی نوێی ئەو وڵاتە هەمووئەندامانی کابینەی حکومەتە کەی لەوێدا دەناسێنێت . لە پەرستگەی درونی ( niakuئاوێنەیەکی خڕ کە وەک خۆرو تیشکەکانی دروستکراوە و نوسراوە ئایینی یەکانی شینتۆ لە دەوری خواوەندی خۆرنوسراوەتەوە ، خەڵات کراوە بە یەکەمین ئیمپراتۆر و لەوێ دانراوە : ( کوڕی من ، کاتێک تۆ سەیری ئەو ئاوێنە دەکەیت وابزانە کە سەیری من دەکەیت هیوادارم کە بۆ تۆ ئاوێنەیەکی پیرۆز بێت )

لەم پەرستگەیەدا ، یەک شمشێرو ملوانکەیەک کە لە زێڕو زیوی سەردەمێکی زۆر دێرین هۆنراوەتەوە لەوێ دانراوە ، یەکێک لە خاتونە شازادەکان ، وەکو کاهینی ئەو پەرستگەیە پارێزگارە لەو ملوانکەو شیرە دەکات . تەاوی پەیڕەو کارانی ئایینی شینتۆ و خەڵکی یابان وەزیفەی خۆیان دەزانن کە لانی کەم یەک جار لە دوای نیوەڕۆ سەردانی پەرستگەی ئایسە کە دەکەن . لە سەردەمی ( یاماتۆ ) بەدواوە کە ئیمپراتۆر لە ناوەندی ئایینی شیتودا بوو ، پەرستگەی ئایسەی تایبەت کرد بە چینی ئەرستۆکراتیەکانی فەرمانڕەوا . خودی ئیمپراتۆر لە ناو پەرستگە کە مەراسیم و نەریتی دێرینی ئایینی ئەنجام ئەدا ، لە کاتێکدا کە یابان دەکەوتە بەر هەڕەشەو مەترسیی یەوە . ئیمپراتۆ خۆی لە ناو پەرستگە کە ئامادە دەبوو ، بۆ خوداکان و باو و باپیرانی خۆی نزای دەکرد ، لە ساڵی 1868 بە دواوە ، کاتێک کە ئیمپراتۆریەتەکە بۆ جاری دووەم دۆخی ناوەندیەتی لە سیاسەتی یاباندا وەرگرتەوە ، تا شکستی لە جەنگی ئۆقیانوسی ئارام لە ساڵی 1945 ، پەرستگەی ئایسە و کەسایەتی ئیمپراتۆر لە باڵاترین پیرۆزکراوە ڕۆحانیەکان بوو . لە ئایسەدا ، پەرستگەیەکی تر بە ناوی پەرستگەی بیرونی ( ( geku بوونی هەیە ، کە بە ناوی خواوەندی خۆراک ( uke- himناونراوە . پەرستگەیەکی بەناو بانگی تر لە گەورەترین دوورگەی باکور ، پەرستگەیەکە لە ئیزومۆ ( isumoدروست کراوەو بە باوەڕی پەیڕەو کارانی شینتۆ تەواوی خوداکانی ( کامی ) یابان ساڵی یەک جار لەو پەرستگەیەدا کۆدەبنەوە . لە نێوان ئەم دوو پەرستگەیەی هەردوو پایتەختی پێشوی یابان نارا ( naraو کیتۆ ( ( kyotoدانراوە .

شاری نارا بەخۆیدا دەنازێت کە پەرستگەی کاسۆگا ( (kasugaی لێ یە . پەرستگەیەکی گرنگی تر ، پەرستگەی ( میجی یە )( ( meijiلە شاری تۆکیۆ وە . کە لە سەر شەرەفی میجی ، ئیمپراتۆری پێشوی یابان دروست کراوەو تەنیا لەڕۆژانی سەری ساڵە نوێکاندا سێ ملیۆن لە خەڵکی یابان سەردانی دەکەن . شاخاوی بونی شارەکەش کاریگەریەکی زۆری هەبووە لە پێک هاتنی ژیانی ئایینی خەڵک . لە زنجیرە شاخەکان زۆر پەرستگەی لێیە و خەڵکێکی زۆریش بۆ پاک کردنەوەی خۆیان و بەهێز کردنی هێزی ڕۆحیان ڕو لەو پەرستگایانە دەکەن . بە ناو بانگترین ئەو شاخانە شاخی فوجی یە ، کە شێوەی سیمبولێکی نەتەوەیی و نیمەوە ئایینی لە لای تەاوی گەلی یابان هەیە .

کیو شۆ ( kyushuدوورگەیەکە لە یابان دەکەوێتە قولایی باکورەوە لە ناو ئەو کۆمەڵە دوورگەیەدا ، بە هۆی نزیکی لە لە هێڵی ئیستیواوە ، چەندین پەرستگەی دێرین و مێژوویی لێیە . جگە لە نزیکی ئەم دوورگەیە بەڕێگا بازرگانیەکانی خۆرئاواوە . بوە هۆی ئەوەی کە لە سەدەی شانزەهەمی زایینیدا ببێتە ناوەندی چالاکیەکانی ئایینی مەسیحیەکاتۆلیکیەکان ، و هەمان شێوەشە بوە گۆڕەپانی

ئەشکەنجەو لە ناوبردنیان . چونکە کاتۆلیکەکان لە ناکازاکی ( nakazaki ) پشتگیریان لە جیا خوازەکان کرد لە دژی فەرمان ڕەوا کیوشۆ .

ناوەندی جێگیر کردنی هێزی ئیمپراتۆری لایەنگری ئایینی شینتۆ لە بەرانبەر حکومەت هاوکات سیستەمێکی ناوەندیەتی بوو ، کاتێک کە حکومەتی سەربازی لە ئێدو ( edo ) ( تۆکیۆی پراکتیکی ) پاش دوو سەدە و نیو بە بێ ڕکابەر و نەیار کۆتایی هات ، ئیمپراتۆر دەسەڵاتی خۆی وهەوادارانی شیتۆی لە سەرانسەری یابان لەو دوورگەیەوە دەست پێکرد و فراوانی کرد و شیتۆ لە ئەنجامی زۆربونی ڕێژەی ڕۆژ بەڕۆژی هەوادارانیەوە بودیزم و کۆنفۆشیزم کە لەوەو پێش لاواز بوون زیندوی کردەوە .

مێژووی گەیشتنی ئایینی بودیزم بە یابان دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی شەشەمی زاینی و بڵاو بونەوەی لە ڕێگەی هێڵی ئیستیوای ( سەرزەوی خۆرەتاو )( 1 ) . یەکەمین بەردی بناغەی هەقیقەتی بودیزم لە سەردەمی شازادە شتوکۆ ( shotoku ) ( 593 -622 زایینی ) دانراوە . ئەم شازادەیە ئاینێکی تێکەڵاوی لە بودیزم و کۆنفۆشیزم بە ناوی ( ریوبو ( ryobu ) بە شێوەی ئایینی نەتەوەیی قبوڵ کرد . دەستەیەکی نوخبە لە ڕاهیبەکان کە دواتر چون بۆ یابان زانیاری زیاتریان دەربارەی ئایینی بودا خستە بەردەم خەڵکەوە و لە مەودایەکی فراوانتردا بڵاویان کردەوەو بە دروستکردنی پەرستگەی جۆراو جۆری بودائی لە دوورگە جیاجیاکاندا ڕەونەقێکی زۆریان بەو ئاینە بەخشی . فێرکراوەکانی بودائیەکان لە یابان و لە سەر تیۆریایی نوخبەکان ( ماهایانا ) ( گالیسکەی مەزن ) بو کە لە خودی یابان بونە گەل و گروپی جیاجیاو دابەش بوون و هەریەکێک لەم گروپانە بە سەرەی خۆی لە سەر بنەمای نوێ دەبوونە گروپی ناوچەیی و تایبەت دەبون بە بەشێک لە فێرکراوەکانی بوداوە و ئایدیای بودایان دابەش کردبوو بۆ هەر گروپێک بەشێکی تایبەت لە ئەستۆی بوو بڵاوی بکاتەوە . بەجۆرێک کە کتێبی ئایینی گیرفان ئامادە کردبوو لە یاباندا و لەوکاتەشدا زیاتر لە حەفتا گروپی ناوچەیی لە لقی شینگون ( shingon ) وە نۆ گروپی ناوچەی لە لقی تندائی ( tandai ) نۆ گروپی تر لە لقی می شی رنیت ( michirenite ) شانزە گروپی تر لە لقی زێن ( zen ) دە گروپی ناوچەیی تریش لە لقی زەوی پاک ( pure land ) دانراون ، ئایینی بودا سەرقاڵی ئەنجام

1- خەلکی یابان بە وڵاتەکەیان وتوە ( سەرزەوی خۆرەتاو ) و.گ

دانی چالاکی یە ، هەریەکێکیش لەم لقانە خاوەنی دامەزراوەو بیناو ڕاهیب و تایبەت مەندیەتی خۆیەتی .

لەماڵەکانی بودائیەکاندا میحرابێک بۆ پەرستن و بە ئەنجام گەیاندنی مەراسیمی ئایینی دانراوە ، بە گشتی پێک دێت لە وێنەو پەیکەری بودا و پیرۆزیەکانی تر کە یادگاری پێشینەکانن و بە شەکانی کتێبی پیرۆزی بودا . وە جێگایەکی تایبەت بۆ دانانی بخور مۆم و ئەو شتانە دانراوە . لە نزای بەرەبەیاناندا بەشێک لە هەڵبژاردەی کتێبی پیرۆز دەخوێندرێتەوەو بخور دادگیرسێنرێت . وە هەندێکی کەمیش لە خواردن لە ناو میحرابە کەدا بەرچاو دەکەوێت . زۆرترین هەوادارانی بودیزم لە یابان لە شوێنی کی نهێنیدا و هەڵبژێردراودا مەراسیمی ئاینی بەڕێوە دەبەن . بەگشتی زیاتر لە گۆڕستانەکان لە ساڵێکدا دوجار لە بەهارو پایزدا بۆ سەردانی کردنی مردوەکانیشیان . و وەرزێکی تریشیان تایبەت کردوە بە یاد کردنەوەی مردوەکانیان لە ناوەڕاستی هاویندا ( o – bon ) کە بە کردنەوەی ئاگرو سەمای گشتی دەست پێ دەمکات .

چوونکە ئەنجامدانی مانیفێستی فراوان و پێشکەوتوی ناوچەکە پابەندی یەکێتی و یەک پارچەیی تەواوی تاکەکانی وڵات بووە ، ئیمپراتۆر پەیوەندی ژیانی نوێی ئایینی بە ئەفسانەی دێرینی شینتۆوە نوێدەکاتەوەو داستانی خواوەندیەتی ئەرستۆکراتەکانی فەرمان ڕەوا لە هزرو خەیاڵەکاندا بەزیندویی

دەهێڵێتەوە . هەموو وێنەو دیمەنەکان ، و زەنگە گەورەکان و نەخش و نیگاری بودایی ورمەراسم و داب و نەریت و نوسراوە ئایینەیەکانی تری لە پەرستگە کانی شینتۆ لابرد . یابانیەکانیش ۆمی پۆزەتیڤیان بەم هەڵوێستەی ئیمپراتۆر دایەوە و قبوڵیان کرد . دەرکەوتنی خودا لە جەستەی میکادۆ ( mikado ) بە خۆشحاڵیەوە بوە جێگای ڕەزامەندی هەموو خەڵک . هیچ کەس ڕوخسەتی بە خۆی نەدەدا لە شتێک لە سەروی ئیمپراتۆرە دابنێت یان لە ئیمپراتور بە گەورەتر بزانێت ، هەموساڵێک دوو ڕۆژ ڕۆژی لە دایک بوونی ئیمپراتۆر لە سەرانسەری ۆتدا ئاهەنگی فراوان و قەشەنگ ڕێک دەخرا . ئەمەش سەلماندنی هێز دەسەڵاتی ئیمپراتۆر بوو ، بۆیەک پارچەیی وڵات و ئامادەیی بۆ پێشکەوتن و پەرەسەندنی پیشە سازی . یابان توانی لە ماوەیەکی کەمتر لە یەک سەدە بچێتە ریزی مەزنترین دەوڵتە پیشە سازیەکانی جیهان . لە یاسای بنچینەیی ساڵی 1889 مافی توراسی ئەبەدی و دەسەڵاتی جاوید بۆ ئیمپراتۆر چەسپێنرا .بۆ بەرز ڕاگرتنی هەستی نەتەوەپەرستی لە هەموو تاکەکانی یاباندا . دامەزراوەیەکی تایبەت بۆ چاو دێری و پاراستنی ئایینی شینتۆ دامەزارو پەرستنی بە دوو بەشی دەوڵەتی و ( jinja- shintio ) و پەرستنی گروپی ( kyoha – shinto ) دابەش کرد . ڕێو ڕەسمی ئایینی دەوڵەتی کە تا ساڵی 1945 و کۆتایی هاتنی جەنگی جیهانی لە یاباندا بەردەوام بوو . بریتی بوو لە ئاداب و مەراسیمێک کە زیاتر بە مەبەستی بزاەندنی هەستو سۆزی میلی و چەسپاندنی هەستی نەتەوە پەرستی ڕێک دەخرا . تەواوی تاکەکان دەیان توانی لەم مەراسیمەدا بەشداری بکەن . کاتی نزاکردنی نزاکاران بە شێوەیەکی گشتی لەم کاتانەدا بوو : بارینی باران لە دوای وشەکە ساڵی ، دەستکەوتی بەروبومی باش ، پارێزگاری کردن لە بەرانبەر زەوی لەرزەو ئاگرکەوتنەوە ، مناڵ بوون ، سەلامەتی ئەبەدی ئیمپراتۆر ، بەرپابوونی ئاشتی و ئاسایش و ئاوەدانی ، سەلامەتی نوێنەرەکانی ئیمپراتۆر لە وڵاتانی تر ، دورخستنەوەی دوژمن و نەیارانی یابان ، سەرکەوتنی سوپاو ڕەفاهیەتی گشتی خەڵکی یابان بوو .

لە تەواوی کاتی نزاکردن و پارانەوەدا ، هیچ جۆرە خواستێکی ڕۆحانی و ئەخلاقی بەرچاو نە دەکەوت ، فیرکراوەی ئایینی شینتۆ لە خوێندنگاکاندا ، بەشێک بو لە وانەی ئیجباری ، هەر بەرەبەیانێک ، خوێندکارە نوێکان لە بەردەم وێنەو پەیکەری ئیمپراتۆر ڕێز بنوێنن و کرنوش ببەن و بۆ مانەوەو تەمەن درێژی ئیمپراتۆر و ڕۆحی باوو باپیرانیان نزابکەن . یابان لە پرۆپاگندەی ئایینیدا بە و ئاستە پێش کەوت کە تاساڵی 1945 ڕێژی سەدو دەهەزار پەرستگەی حکومی بە شێوەو تەقلیدی ئەندازیاری ( معماری ) شاری ئایسە لە ناوچە جیاجیاکانی وڵات دروستکران لە سەر بودجەی دەوڵەت .

پاش جەنگی ئۆقیانوسی ئارام و شکستی یابان ، لە یەکەمین ڕۆژی ساڵی نوێ ئیمپراتۆر ( هیرۆ هیتۆ ) لە ڕاگەیاندراوێکدا لە بەردەم خەڵکی یابان کۆتایی بە ئەفسانەی دێرینی شینتۆ و ڕەچەڵەکی ئەرستۆقراتی فەرمانڕەوایەتی خواوەندی خۆر هێنا . ( پەیوەندی ئێمەو خەڵک لە سەر بنەمای ئەفسانە نیە ، ئەوانە لەسەر ئەو دەستەواژە هەڵانەی کە ئیمپراتۆر بە لایەنی خودایی و ئەوەی کە هەموو خەڵکی یابان لە نەژادەکانی تر لە پێشترن و پێویستە فەرمانڕەوای جیهان بن ڕاست نیە و جەستەی ئیمپراتۆر خواوەندێکی زیندو نیە . )

ئازادی هەڵبژاردنی ئایینی بۆ هەموو تاکەکان دەستە بەر کرد . لە لەلایەن هاوڕاکانەوە ( متفقین ) مۆڵەتی حکومی بە ئایینی شینتۆ نەدرا بەردەوام بێت . هەموو هاوکاریە مادیەکانی دەوڵەت بۆ پەرستگەکانی شینتۆ بڕا و وانەی فیرکراوە ی ئایینی لە خوێندنگاکاندا لابرا .

ئەگەر چی لە سەرەتادا دۆخێکی چەق بەستوو بوو ، لە ئەنجامی پێشکەوتنی پەرستگەکانەوە تێپەڕێنرا ، بەڵام تەنیا بە سەردەمێکی کورت پێش نایەت و هەڵەیەکی گەورە بوو کە ئەگەر وا وێنا بکرێت لە ئەنجامی کاریگەری ئەم هەنگاوانەدا ئاینی شینتۆ و بودیزم و یان کەسیەتی ئیمپراتۆر هێزی مەعنەوەی

خۆیان لە ناو گەل لە دەست دابوو . ،وا پێش بینی ناکرێت کە لە ئایندەدا لەو هەوڵانەی کە لە نێوان ئەم فاکتەرانە و میللەت بەرپا دەبێت . گۆڕانکاریەک روبدات .

هەرچەند هەنگاوەکانی هاوڕاکان ( متفقین ) لە سۆنگەی ئەوەی کە پەرستگە کانی شینتۆ جێگای سۆزو ڕێزی خەڵک بوو ، نۆژەنکرایەوە و شینتۆ شێوەی ئاینێکی نەتەوەیی بە خۆی گرت . زۆرینەی خەڵکی یابان ، کە لە ئەنجامی ئەو شکستە گەورەیەی لە جەنگدا دڵبریندارو نائومێد بون ، گەڕانەوە بۆ ئایین و لە روی ئیمان و باوەڕەوە پەیوەندیان بە ئاینەوە کردوە . لە هەرماڵێکدا پەرستگەیەکی بچوک ( karni – dana )دروست کرد کە لە سەر پارچە تەختەیەک یان کاغەزێک ناوی بنەماڵەکەی تیانوسرابوو . هاوکات ئاوێنەیەکی خڕی هەروەک ئاوێنەکەی پەرستگەی ئایسە ی تیادا دانرابوو . رۆژە پیرۆزەکان تاکەکانی خێزان لە پەرستگەی خێزانی یان لە یەکێک لە پەرستگە نزیکەکان نزاو پەرستنیان ئەنجام دەدات . ئەمڕۆ هەرسێ ئایینی شینتۆ و بودیزم و کۆنفۆشیونیزم لە تەنیشتی یەک وە برا درێژە بە ژیانی خۆیان دەدەن . ئەوەی کە لە پلەی یەکەمدا شایانی پەرستنە لایەنی نەتەوە پەرستی ، سۆزی خێزانی ، پەیوەندی سۆزی باوک و مناڵ و ئیتاعەت و ڕێزی بێ سنووری پەرستنی ئیمپراتۆرە .

جگە لە ئەو پەرستگانەی کە لە شارە گەورەکاندا بوونیان هەیە ، پەرستگەی تر لە شارەبچوکەکان و گوند و کەنار جادەو هەر جێگایەک کە ژینگەیەکی جوانی هەبێت بەرچاو دەکەوێت . هەر پەرستگەیەک بە بەڵگەیەک بۆنمونە دیاردە سروشتیەکانی وەکو شاخەکان چەم و ڕوبارەکان سەرچاوەو کانیەکان ، یان رووداوێکی مێژوویی سەرسپاردنی تایبەتی یان سیاسی و فاکتەری تری ژیانی ئاینی خۆی درێژە دەدات .

هەروەک پەرستگەی کاشیما ( kashima )لە کەنار ئۆقیانوسی گەورە لە دوورگەی هۆنشۆ ( hunnshu )بە هۆی ئاسەوارەکاتی سوپاو پیشە سازی جەنگی و پەستگەی تر لە دەورو بەری و بەهۆی کە کۆڵەکە کانی بینای پەرستگەکە لە ناو ئاودا جێگیر کراوە یان ڕاگری دەوری پەستگە کە پارچە بەردێکی گەورە کە تەنیا قولەیە کە دەوردەدات و خەڵک باوەڕیان وایە کە بەدواداچونی ئەو بەردە لە ژێر زەویدا گریانی ماسی یەکی گەورەیە کە دەبێتە هۆی ڕودانی زەوی لەرزەو یان پەرستگەیەک بە ناوی یەکێک لە خوداکانی کتێبی ( نیهۆن جی ) و یان ( کوجی کی ) ناوزەد کراوە ، سەردانی کەرانی ئەو پەرستگایانە کۆی خەڵکی یابانە .

لە ناو هەریەکێک لە پەرستگە کان شینتۆ ، شیئی تایبەت مەندی ( ئێنتائی shintai )لە دێرزەمانەوە بە ئاماژەی پیرۆزی و سیمبولی هێزی باڵای مرۆیی پەرستگەکان چاو دێری دەکرێن . هیچ کەس زانیاریەکی دەربارە ماهیەتی ئەوان نیە . چونکە هیچ کەس ئەوانی نەبینیوە ، ئەم ( شتە ) رەنگە هەر لە هیچ مادەیەکیش پێک نەهاتبێت ، بەڵام تەاوی ئەو کەسانەی کە سەردانی ئەو پەرستگەیە دەکەن ئەو شتە بە بەڕێزو پیرۆز و گرنگ دەزانن و ساڵی جارێک بە نەریتێکی تایبەت سواری گالیسکەیەکی دەکەن و لە سەر شەقامەکانی شار دەی سوڕێننەوەو نیمایشی پێ دەکەن . تەواوی پەرستگەکانی شینتۆ لە ڕەواڵەتدا هاوشێوەی یەکن ، یەکەمین شتێک کە لەم پەرستگایانەدا بەرچاو دەکەوێت دەرگایەکی گەورەیە ( tori- I )کە بریتی یە لە دوو کۆڵەکەی بەرزی ستونی ، کە بە دوو پارچە دار ی ئاسۆیی و ستونی لە سەر ئەو کۆڵەکانە جێگیر کراوەو کۆتایەکانی پارچە دارە ئاسۆیەکان بەرەو ئاسمان پێچیان خواردوە . ئەم دەرگایانە لە هەندێ جێگای دورتر لە پەرستگە کە لە شەقامە قەرەباڵغەکانیش لە تەنیشت دوکان و بازارە کانەوە بەرچاو دەکەون .

ڕەنگە یەکی دودانە یان یەک هێڵی درێژ لەم دەرگایانە کە بە پەرستگە کە کۆتایی دێت ، بەرچاو بکەوێت . یان لە هەردوولایی جادەکانەوە ئەم درەختە پیرۆزانە بەرچاو دەکەون بۆ ئەوەی ڕێنمایی ئەو کەسانە بکات کە سەردانی پەرستگە کە دەکەن .

لە ناو پەرستگەکەدا بەردێک کە ئاوی لێ دێت بونی هەیە ، کە لە تەنیشتیدا تاقێک و پەیکەرەیەکی ئێسکی هەیە . پەرستیاران دەستو قاچیان دەشۆن بۆ نواندنی ڕێز و ئیحترام نیوەی خۆیان ڕوت دەکەنەوە و لە بەردەم پلیکانەکانی بیناکەدا دەوستن . مەچەکیان بە شێوەی نوێژ کردن لە سەر یەک دادەنێن . پەرستگەی سەرەکی کە بە میتاڵی جیاجیای ئەندازەیی دروستکراوە ، بەگشتی بریتی یە لە برێک سالۆن (دالانێک ( haidenو دالانی سەرەکی ( ( hondenکە پشتەوەی دالانەکە شوێنی ئەنجامدانی پەرستنە . دالانە سەرەکیەکە بەگشتی بچوکترە لە دالانی پەرستن . چونکە جێگای نیشتە جێ بوونی خودایە .

ئەوانەی سەردانی ئەو پەرستگەیە دەکەن سەردانی ئەو دالانە ناکەن ، هەنێک کات دەستەیەک لە سەردانی کەران بۆ نزاکردن دەچنەدالانی پەرستنەوە . بەڵام سەردانی کەر بە تەنیا لە دەرەوەی دالانی پەرستن ، مەراسیمی پەرستنی خۆی بە ئەنجام دەگەیەنێت . وە سکەیەک دەخاتە ناو سندوقێکەوە کە بۆ کۆکردنەوەی هاوکاری دانراوە ، زنجیری ئەو زەنگەی کە لە ژورەکەدا هە ٌواسراوە ڕای دەکێشێت و زەنگ لێدەدات . هەردوو دەستی دەخاتە سەر یەک و سەری دادەنەوێنێت بۆ ڕێز گرتن . بەتەواوی کرنوش دەبات و مل کەچ دەکات و سەرقاڵی نزاکردن دەبێت . پاش نزا کردن ، دوجار مەچەکی دەستی بە یەکدادەدات و کرنوش دەباتەوەو لە پەرستگە کە دێتە دەرەوە . کاتێک گەیشتە بەردەم دەرگای دەرەوە دوبارە هەڵدەگەڕێتەوە ڕولە پەرستگە کە دەکاتەوەو کنوش دەباتەوە . دەنگی زەنگ و بەیەکداکێشانی هەردوو دەست بۆ ئەوەیە کە ئامادەیی خودا لە پەرستگە کەدا بە ئاگا بێت ( کامی ) کە لە دالانە سەرەکیەکەیە . بگەیەنێت .

دەرکەوتەی دالانی پەرستن بە گشتی گوریسێکی ئەستور ( ( shimenawaو شریتێ ٌک لە کاغەزی سپی دەور دراوە . کە تایبەتە بە جێگای پیرۆز . هەندێک کات ، ئەم هێمایانە بەدەری بەردەگەورەکەدایان درەختەکاندا دەپێچن ، تا هەموان بزانن کە ئەم بەردە یان ئەو درەختە پەرستگەی کامیە . پەرستن بە شێوەی تاک و بە ئارەزووە ، بە هۆی دەستکەوتی ماددی یان تاک بە خواستی خۆی پێش کۆچکردن ، پێش تاقی کردنەوە ، پێش قبوڵ کردنی هەرکارێکە ، پێش کەش کردنی خەڵات بەشێکە لە پەرستن و پاڕانەوەو کرنوش بردن و بە باوەڕداری ئەژمار دەکرێت . لە ئێستادا ئەوەی کە وەکو خەڵات پێشکەشی پەرستگەکانی خواوەندی خۆر و خواوەندی خۆراک لە ئایسە پێشکەش دەکرێت . بریتی یە لە : چوار پێک شەراب و شانزە جام برنج چوار جام خوێی ماسی سەوزەو میوە عەلەفی دەریایی پارچەی ئاوریشمی و دراو .

بەشێکی تری نەریتە ئایینی یەکانی شینتۆ پەرەدان بە نەفسە ( ( o- haraiیە کە ساڵی دووجار لە مانگی مەی و نۆڤمبەر ڕێک دەخرێت ، لەم ڕێو ڕەسمەدا ڕۆحانیەکانی شینتۆ شێوەی بچوکی مرۆڤ لە کاغەزو گیا دروست دەکەن ، لە پەرستگە بە ناو پەرستیاران دەی سوڕێننەوە . هەرکەس شێوەیەک وەکو پورزای خۆی هەڵدەبژێرێت و دەی هەسوێ لە جەستەی خۆی و بەم جۆرەش تاوانی نەخۆشی و دەردو ئازای بۆ ئەو شێوە دروستکراوەی مرۆڤ دەنێرن و پاشان شێوەکە بۆ ڕۆحانیەکە دەگێرنەوە .لە کۆتایی ڕێو ڕەسمەکەدا ڕۆحانیەکان شێوەی مرۆڤە دروستکراوەکان دەخەنە ناو ڕوبار یان دەریاوەو خراپی و ئازارو دەردومەینەتی خەڵک لەوڕێگایەوە دەگوازنەوە بۆ دەریا و دەی شۆرنەوە . خودی ئیمپراتۆر بۆ ئەو نەریتە جێبەجێ دەکات ، خەڵکی یابان نزادەکەن لە سەربنەمای ئەو سۆزەی کە لەلایەن

خواوەندی خۆرەوە بە ئەوان دەبەخشرێت . لە گوناحەکانیان دەبورێت . خەڵکی یابان باوەڕیان بە بەهەشت و دۆزەخ و دنیایەکی تر نیە و دەڵێن بەهەشت و دۆزەخ لە دڵی خودی مرۆڤ خۆیدایە .

پەرستگە کانی یابان لە سەر سێ شێوەن :

1-پەرستگەی خۆجێیی و جێگای نیشتە جێبوونی کامی ( ujigami )

2-ئەو پەرستگانەی کە بۆ سەرکەوتن لە کاری بازرگانی و کارو کاسبی دەچنە سەردانی و لە دەوری پەرستگەکە دەسوڕێنەوە ، وەکو پەرستگەی ئایناری ( inari )کە هاوشێوەی ئەو پەرستگەیە لە هەموو ناوچەکانی ئەو وڵاتە بەرچاو دەکەوێت .

3-پەرستگەی نەتەوەیی ، کە خاوەنی بەشێکی سیاسەتی وڵاتە وەکو پەرستگەی شاری ئایسە و ئایزومو ( izumo )و ئەو پەرستگەیەی کە بۆ خودای جەنگ ، ئەفسەرانی زیرەک و ئازای وڵات و ئەو کەسانەی کە لە جەنگەکاندا کوژراون .

خەڵکی ژاپۆن بەگشتی لە ڕۆژەکانی یەکەم یان دووەم و سێ یەمی ساڵی نوێ و هەندێکیش نیوەی شەو 31 دیسەمبەر دەرۆنە پەرستگە ، لەو ڕۆژانەدا تیری لەدار دروستکراو کە گوایا نوکی تیرەکە ئەفسوناویە و سیحری جۆراو جۆر و شریتی لە کاغەر دروست کراو کە لە ناو پەرستگەکەداهەیە و لە سەری نوسراوە فرۆشی لە رادەبەدەریان هەیە . یابانیەکان ئەو شتانە لە ماڵەوەو لە قەفەزدی کامی لە جێگایەکی بەرز دادەنێن و ئەو شتانەی کە لەساڵە پێشو تر لەوێ دانرابوو لە کاتی سەردانی کردنی پەرستگە دەی گێرنەوە بۆ پەرستگە کە ، تا خزمەتکارەکانی پەرستگە لەو ئاگرەی کە بە و بۆنەیەوە دەیکەنەوە بیسوتێنن .

گرنگ ترین روکنی ئایینی شینتۆ نزای ( matsuri )ئایینی یە . هاوکات چەندیم بەڵگەی بونی زۆر لە پەرستگەکاندا لە هەمکان بۆنەکاندا بە پەنهانی ماونەتەوە . بۆنەکانی شیتۆ بەگشتی بە خستنە بازاری کەلو پەلو کاڵا کان و نمایش کردنی فرۆشگای جۆراو جۆرە . بەو بۆنەیەوە خەڵکێکی زۆر بۆ کرین یان بینینی دۆست و هاوریو خزمان لەو بۆنەیەدا بەشداری دەکەن ، و جوڵەیەک لە هەموو بوارەکانی کۆمەڵایەتی دروست دەبێت . شەمەندەفەری زیادەو پاس و ئۆتۆمبیلی تر دەکەونە کار و بلیتێکی زۆر بەرێ دەکرێت ، جەژنەکانی بەهارە و پایزە لە هەموو بۆنەو جەژنەکانی تر گرنگترن لەو جەژنانەن کە زۆرترین خەڵک بەشداری دەکات جەژنی جیۆن ( gion )لە کیۆتۆ ( kyoto )جەژنی تاکایاما ( takayama )لە ناحیەی هیدا ( hida )و جەژنەکانی چی چیۆ ( chi chiu )لە شاخەکانی خۆرئاوای تۆکیۆ لە جەژنەکانی چی چی بۆ ئەو وڵاتە بە فانۆس و چار روناک دەکەنەوەو لە شەودا . کاتێک کە کامی پەرستگەی شار بە دیداری کامی نزیک ترین شاخ ی گەورە بەرێدەکەوێت ڕێگای خودا بە فانۆس نورانی دەبێت . لە زۆرترین کاتەکاندا لاوەکانی شار بە جلو بەرگی خۆماڵیەوە ئاڵا و تەختی ڕەوان لە شەقامەکانی شاردا دەگێرن ، تەواوی خەڵک و ئەوانەی بەشداربوون لە جەژنی عارەق برنج ( sake )کە تایبەتە بە جەژنەکانی شینتۆ وە ئامادە کراوەو لە پەرستگەکان بە پاکو خاوێنی کراوەتە قاپی سەفەری و دەدرێت بە خەڵک ، زۆر دەخۆنەوە ئەکەر مەبەست لەو جەژنە بەبۆنەی یادی بیرەوەری یەکی مێژوویی ڕوداوێک یان جەنگێکەوە بێت ، بە جلوبەرگی تایبەتەوە کە دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی ڕوداوەکە نمایشی دەکەن ، بەگشتی ئەم جەژنانە ڕۆشتنە بەرو پەرستگە ( mikosi )وەگەڕ خستنی پەرستگە و سوڕانەوە بە ناو شاردایە . بە گشتی ئەو کەسانەی کە لەو جەژنەدا بەشداری دەکەن ، بۆ نواندنی ئەدای ڕێز و حورمەت و پەرستن لە پەرستگە ئامادە دەبن ، بەکو یەک کەس بە نوێنەرایەتی بەشێکی لە خەڵک بۆ سەرکەوتنی هەموان بە پێشکەش کردنی بەرگی سەوزی درەختی ساکاکی ( sakaki )و نزاو پاڕانەوە بۆ پەرستگە دەڕوات .

نزاو پاڕانەوەی پەوەندیدار بە هەر یەکێک لەم بۆنەو جەژنانەوە لە کتێبی ( نیکی – شی کی ) دا کە لە دواهەمین نوسراوەپیرۆزەکانی ئایینی شینتۆ یە نوسراوەتەوە و بە شێوەیەکی گشتی بریتی یە لە پەرستنی پەرستیاران و مەدح و نوێبونەوە و لیستی پێشکەشیەکانە کە دەدرێت بە خودا و یان لە ئایندەدا بۆی دیاری دەکرێت . بە گشتی وەکو نوسراوی گرێبەستی کڕین و فرۆشتنی بازرگانیە . بەو هۆیە وە خوداکان دەستکەوتی زیاتر بە من ببەخشن ... من لە بەرانبەردا یەکەمین دەستکەوتی میوەی خۆم پێکەش بەوان دەکەم و ستایشیان دەکەم .

گرنگترین جەژنی کشتوکاڵی بریتین لە :

جەژنی مەرەزە لە دوەمین مانگی ساڵ کە کاتی مەرەزەو برنجە .

جەژنی تۆدانی برنج لە چوارەمین ڕۆژی لە چوارەمینی مانگی ساڵ

جەژنی چنینەوەی برنج لە یانزەهەمینی مانگی ساڵ کە بە سەماو ئاوازی دەستە جەمعی تا ئەو کاتەی کە ئەو جەژنە ڕێک نەخرێت لە خواردنی دەستکەوتی نوێ خۆ دەبوێرن .

جەژنی چێژ کردنی برنج کە لە لایەن ئیمپراتۆرەوەو لە کاتی تاج لە سەرنان ڕێک دەخرێت .

یەکێک لە تایبەت مەندیەکانی ئایینی شینتۆ ڕاسپاردەیەکە کە لە یۆنگەی نیەت پاکی و پاکیزەیی یەوە دەهاوێتە ئەستۆی پەیرەو کارانی و لە لایەن گەلیشەوە زۆر بە جوانی پیادە دەکرێت و تەقلید کردنەوەی بابەگەورە ( ئایزاناکی ) لە ئاوی هەڵ دەژەنن و پارێزگاری لە خاوێنی خۆی دەکات .

کتێبی سێ یەم : ئایین لە خۆرهەلات

بەشی یەکەم : زەردەشت و مزدیسنا

بەشی دووەم : موساو ئایینی یەهود

بەشی سێ یەم : عیساو مەسیحیەت

بەشی چوارەم : محەمەد و ئیسلام

بەشی پێنجەم : بەها گیری

بەشی شەشەم : دەرئەنجام و کۆتایی

بەشی یەکەم : زەردەشت و مزدیسنا

بەرایی یەکەم : زەردەشت

بەرایی دووەم : ئایینی زەردەشت و ئایینی زەردەشتیەکان

بەرایی سێ یەم : بەهەشت و دۆزەخ و دنیای پاش مردن

بەرایی چوارەم : معراج لە ئایینی زەردەشتدا

بەشی یەکەم : زەردەشت و مزدیسنا

بەرایی یەکەم : زەردەشت

زەردەشت یان زراتشترا و زرواسترا ، کوڕی جوتیارێکی لە نەوەی ئاریایی یە کە لە ناو ئەو هۆزەدا لە دایک بوو . مێژووی شوێنی لە دایک بوونی بە تەواوی دیار نیە و لە کتێبی ئاڤێستادا ئاماژە بە مێژووی لە دایک بون یان ئەو سەردەمەی زەردەشتی تیا ژیاوە نەدراوە ، هەندێک لە لێکۆڵیاران مێژوی لە دایک بوونی زەردەشت 650 بۆ 550 ی پ-ز ئاماژە پێ دەدەن . هەندێکی تری وەکو ( ئدوارد مایر ) مێژووی لە دایک بوونی زەردەشت بۆ بەر لە هەزار ساڵ پێش مەسیح دەگێرێتەوە ، لەو پاشماوەی کە لە سەر سینیەکی زێر نوسراوە و لە ئەنجامی پشکنینی شوێنەوار نا سانەوە دەست کەوتوەو ، پەیوەندی بە ئاریا ڕامنس برای کورشەوە هەیە ( 640- 590 پ- ز) دەستنیشان دەکات . بەم جۆرە بە دیار دەکەوێت کە لە سەدەی حەوتەمی پێش زاین ئایینی زەردەشت لە ئێران و لە ناو خێزانی پاشایەتی سەری هەڵداوەو بونەتە باوەڕداری ئەم ئایینە . بەسەرنجدانی ئەو راستی یە مێژوویەی کە لە دەستپێکی سەرهەڵدانی زەردەشت دەوڵەتێکی بەهێزی وەکو ساسانیەکان پارێزگاریان لەو ئایینە نەکردبوو تا بە هێز وخواست ئەم ئایینە لە سەرانسەری وڵاتدا بڵاو بکرێتەوەو بچەسپێت . تەنیا فاکتەری فراوان بون و بڵاو بونەوەی ئەم ئایینە هزرو ڕەهزامەندیەتی گشتی خەڵک بوە . ئەگەر نفوزی ئایینی زەردەشت لە سەدەی حەوتەمی پێش زایین لە ناو خێزانی پاشایەتی و هۆشیارەکاندا دابنێین ، بێ گومان دەبێت ئەوە قبوڵ بکەین کە دەرکەوتنی زەردەشت چەندین سەدە بەرلە سەدەی حەوتەمی پێش زایین بووە . هەندێک لە توێژەران بە بەراورد کردنی بە ئاماژەو دەستەواژەو چونیەتی دارشتنی گاتاهای زەردەشت لەگەڵ ( ودای هندیەکان ) و مێژووی ڕێکخستنی گاتاها بەراورد بە مێژوی ڕێکخستنی (ریگ و ودا ) واتە ماوەی نێوان ساڵانی ( 1500 بۆ 1400 ) پێش زایین دەگەڕێتەوە . دەربارەی شوێنی لە دایک بوونی ئەم مامۆستا مەزنەی ئەخلاق لە ناو لێکۆڵیارانیدا هیچ بۆچونێکی جیا بوونی نیە . هەندێکیان شوێنی لە دایک بوونی بۆ خۆرئاوای باکوری ئێران لە ناوچەکانی قەفقازو ئازەر بایجان ، هەندێکی تریش پێیان وایە لە خۆر هەڵاتی باکور لە دەوروبەری دەریاچەی ئۆراڵ وباکوری تورکمانستان لە دایک بووە . بۆ سەلماندنی ئەم بۆچونەش نەریت و ئەو زاراوەی کە زەردەشت لە نوسینی گاتاهادا بەکاری هێناوە دێننەوە ، لە ( وندیداد ) دا لە بارەی یەکەمین شوێنی نیشتە جێبوونی ئاریاییەکانەوە ئاوا هاتوە :

( یەکەمین سەرزەوی قەشەنگی من ئاهورا مەزادم خولقاند ، لە دەشتاییەکانی ئێران بوو ، لە تەنیشت ڕوبار و سەوزایی ، ئەویّ دە مانگ زستان و، دوو مانگ هاوینە و ئەو جێگایانە ساردن بۆ ئاوەکان ، ساردن بۆ زەوی ، ساردن بۆ درەختەکان )

بەبێ گومان ئەم پێناسانە سەبارەت بە سەرزەویەکی سەوز و پاراو و هاوینی گەرموو ناوچەیەکی وەکو قەفقاز و باکوری ئازەر بایجان ناگونجێت ، بە پێچەوانەی ناوچەیەکی سێبەر و زەویە فراوانەکانی تورکمانستان زیاتر گونجاوە . وە لەو سەرزەویەدا بووە کە ئارياييەكان بۆ ئاسیای ناوەڕاست کۆچیان کردوە . بە هەرحاڵ ئەوەی کە سەلماوە زەردەشت ئاریایەکی تەواو عەیاری و ڕەسەن بووە . کە بەناوی مرۆڤایەتی و پاک کردنەوە و باش کردنی ئەخلاقی مرۆڤایەتی بانگ هێشتی تەواوی خەڵکی جیهانی کردوە پەیوەست بن بە ئایینەکەیەوە .

لە سەر بنەمای نوسراوەکانی مزدیسنان ، زەردەشت لە منداڵیدا نوێ گەرێکی فریاد ڕەس بووە ، لەلای مامۆستایەکی ئایینی فێرکراوەی ئایینی وەرگرتوە ، لە لاوێتیدا پشتوێنی پیرۆز ( زۆرانبازی ) وەرگرتوە ، لە تەمەنی بیست ساڵیدا بە بێ ڕەزامەندی دایکو باوکی ماڵەوەی بە جێ هێڵاو بۆ گەڕان بە دووای نوری هەقیقەتدا . لە تەمەنی سی ساڵیدا لە ڕوی فیکریەوە گەیشتە لو تکەو بەمەش توانی ئاهورا مزدا بدۆزێتەوەو بگاتە خزمەتی . ( بێ ئاگا تارمایەک کە باڵای لە باڵای مرۆڤ بەرزترو کەڵەگەت تربوو لێ یەوە دەرکەوت ، (1)

( پاشان فریشتەکە بەوی وت : بە دەرونێکی پاکەوە ئامادە بە بۆ ڕۆشتن بۆ ئاسمانەکان بۆ خزمەتی ئاهورامزدا ، زەردەشت کرنوشی برد و بەروە ئاسمانەکان ڕۆشت ، لەدەورو پشتی خودای مەزن پەریەکان زۆربوون . نوری فریشتەکان بەو ئەندازەیەبوو ، کە سێبەری زەردەشتیان ڕوناکردەوە . ئاهورا مزدا سەیری زەردەشتی کردوو ئەوی فێر کرد و ئەوی بە پەیامنێر هەڵبژارد و فەرمانی بە فیرکردنی هەقیقەت و ئاینەکەی کرد )

لە گاتاهادا لە هۆنراوە بە ناوبانگەکەیدا ( شکۆی مانگا ) بە شێوەیەکی زەق قەسەی لە سەر ئەو میوانداریەی خودا و هەڵبژاردنی زەردەشت وەک پەیامبەرکردووە . لە گاتاکاندا باس لە سەر ئەو بینینەی زەردەشت کراوە لە لایەن خوداوەو لە گەڵ فریشتەکان لە نزیک دەرگای خوداوەند .( من وەکو بەندەیەکی پاک ئەی ئاهورا مزدا لە بارەگای تۆدا ، کاتێک کە ( وهومنە ) هاتو لێی پرسیم کێیت ؟ و پەیوەندیت بە کێوە هەیە ، ئاسەواری تۆ لەم ڕۆژگارەدا چیە ؟ منیش پێم وت من زەردەشتم ، دوژمنی درۆ ، کە تا کۆتایی بوون بەرانبەر درۆ دەجەنگم و پشتیوانی بەهێزی ڕاستگۆکانم ، لە کۆتایشدا دەگەینە جیهانی ئەبەدی و لەوێشدا تۆ ئەی ئاهورا مزدا ستایش دەکەم و یسمفۆنیاکان بەیادی تۆ دەژەنم . تۆ ئەی ڕۆحی پاکی پیرۆز ،

1-زەردەشت دواتر ئەو تارمایەی بە ( نور – گومان ) ناونا .

تۆ ئەی ئاهورا مزدا لە بارەگای تۆدام ، کاتێک کە ( وهومنە ) بەرە و لای من هاتو ، پرسیاری لە من کرد ، کە سیمفۆنیای چی کارێکت هەیە ؟ لە وەڵامدا وتم حورمەت و ستایش کردنی ئاگری پیرۆزی تۆ ، ئاهەنگی منەو تا هێزو توانام هەیە لە ڕێگای هەقدا هەوڵدەدەم ، ڕاستی بەمن پیشان بدە ، تا پشتگیری لێبکەم ، چونکە تۆ بە منت وت : ڕاست بەو ڕاستی دەرس بدە ، مەگەر فەرمانت بە من نەکرد ، پارێز بکەم و فەرمانە کان بەجێ بگەیەنم ؟ تۆ وتت گوێ لە فەرمانی سروش ( ئیلهام ) بگرەو چارنوسێکی گەنجانە بەدەست بێنەوە پاداشتی چاکەکاران لە چاوەڕوانی خەڵکی چاکە کاردایە . ( 1 )

زەردەشت ماوەی دە ساڵ پرۆپاگندەی بۆ ئایینەکەی کرد ، سەفەری بۆ هەموو ناوچەکان کرد ، بەڵام جگە لە پیاوێکی هەژار کەسێکی تر نەبو پەیڕەوی لە ئاینەکەی بکات . گۆڕانێکی گەورە کە لە ژیانی ئایینی ئەودا ڕویداو بەهای بە ئاینەکەی بەخشی ، کاتێک بوو کە ( ویشتاسب ) خانەدانێکی ئەو ناوچەیەی ئەو سەردەمە ، پەیوەندی پێوە کردوو ئایینی زەردەشتی قبوڵ کرد . دەڵێن لەبەر ئەوە بووە کە زەردەشت ئەسپەکەی ویشتاسبی چارەسەر کردوە کە ئەو ئەسپە لە لای زۆر خۆشەویست بووە . یشتاسب لە بەرانبەردا ئاینەکەی زەردەشتی قبوڵ کردوە . براو ڕاوێژکارەکانیشی هاتونەتە سەر ئایینی زەردەشت ، زەردەشت لەگەڵ کچی ڕاوێژکاری پاشا هاوسەر گیری کردوو ئیتر وەک خانەدانێک لە کۆشکدا مایەوە . لەو بەرواره بەدواوە ئایینی زەردەشت فراوانتر دەبوو ڕێژەی پەیرەو کارانی زۆرتردەبون ، زەردەشت لە هێرشی تورانیەکاندا بۆ باکوری ئێران لە تەمەنی 77 ساڵیدا کوژرا ، سێ ژن و سێ کچ و سێ کوری لە دوای خۆی بەجێ هێشت .

early zara ostrianism. H . moulton 265 ل-1

بەرایی دووەم

ئایینی زەردەشت و ئایینی زەردەشتیەکان

ئاینی زەردەشت پامزدایسا ( mazdayazna ) یەکەمین ئایینی یەکتاپەرستی جیهانیە ، کە بە هۆی زەردەشتەوە کە بونیاد نەرەکەی بوو سەری هەڵدا . تەنیا ئایینی یەکتا پەرستی یە ، کە لانی کەم بەشێک لە فێرکراوە ئایینی یەکانی بە دەستی خودی بونیاد نەرەکەی نوسراوەتەوە . تەنیا ئایینێکە کە تەورات (بەرگیراوە لە ئایینی زەردەشتی ) پاشاکانی زەردەشتی ئێرانی بە باشی وەبیر دێنێتەوە ، وە ستایش و ڕێزیان دەگرێت . خودا ، کورش پاشای زەردەشتی بە مەسیحی خۆیی ناو دەبات و بەم جۆرە چەندین سەدە پێش لە دایک بوونی عیسا و سود وەرگرتن لە ناوی مەسیح ، بە شێوەی ڕزگاری کەری قەومی یەهود ، ئەم دەستەواژە عیبریە دەربارەی پاشا لە تەورات دا بە کار هێنراوە . جگە لەوەش لە بەشی چلو چواری کتێبی ( کەسیەتی پەیامبەر ) کوروش بە ناوی ( شوانی من ) ناونراوە .

گرنگی دەرکەوتنی زەردەشت زیاتر لە دیدی سەردەم و کۆمەڵگەیەکەوەیە کە ئەو لەو سەردەم و جێگایەدا ئایینەکەی خۆی بەدنیادا بڵاو کردەوە . زەردەشت سەردەمی یەکتا پەرستی بۆ جیهان ڕاگەیاند کە زەمینەی کۆمەڵایەتی و هزری گشتی بۆ قبوڵ کردن و باوەڕ هێنان بە بوونی خودایەکی تەنیا بەهیچ جۆرێک لە بارو گونجاو نەبوو . بوونی خودایەکی تەنیا ، بێ جێ و شوێن ، کە پەیوەندی بە هیچ قەوم و خێڵێکی تایبەتەوە نەبێت ، بۆ ئەو کە سانەی کە پەیڕەوی یان لە هەزاران خودای هەست پێ کرا

وو هەست پێ نە کراو بون بەهایەکی نەبوو ، زەردەشت لە ژینگەیەکدا لە دایک بوو کە خەڵک لە ژێر کاریگەری ( مغ ) پێشەوای ئایینی . پێشەوا ئایینیەکان دێو و ڕۆحەکان وەکو خودای جیا لەیەکیان دەپەرست و بۆپێشکەوتنی کارو باری ڕۆژانەیان سێحرو ئەفسونیان ئەنجام دەدا ، بۆ وەڵام دانەوە بە خواستەکانیان و ڕازی کردنی ئەم خودایانە و بە دەست هێنانی ڕەزامەندیان زۆرترین قوربانیان پێشکەش دەکردن .

1- یهوە : ناوێکە کە لە تەوراتدا بە خودا وتراوە ( و- گ )

زەردەشت بۆ وەلا نانی باوەڕە خورافی و داب و نەریتی کاهینەکان کە بە ناوی ئایینی خەڵکەوە دەیان گەوجاندن و لە نەزانین و ساویلکەیی ئەوان سودیان وەردەگرت ڕاپەڕی ، ئەو تەواوی ڕۆحەکان و دێوەکانی بە ئیهریمەن ناو برد ، کە لەگەڵ ئاهورا مزدا دەرکەوتەی پاکی و چاکی لە دووژمنایەتیدان و خەڵک لە پەرستنی مزدا دەگێڕنەوە . گاتاهای زەردەشت لەو ژینگە ئالودە بوە بە خورافەو گومان و دژ بەیەکی ، لە کۆمەڵگەیەکی داخراوی عەشایری بەبێ پەیوەندی بە دنیای دەرەوە نوسراوە و بڵاو کراوەتەوە ، کە ئاهورا مزدا خولقێنەری هەموو دیاردە باشەکانی جیهانە ، هەموو خولقێنراوی ئەون و ئەوتەنیا خودایە .

زەردەشت لە گاتاهادا بە هیچ جۆرە ئیمتیازێکی لە پێشترو تایبەتی لە بەرانبەر کارێکدا کە ئەنجامی دەدات بۆ خۆیی و هاوەڵەکانی ڕازی نەبوو . ئەو بەختەوەری و ئارامی ویژدانی بۆ هەموو خەڵکی جیهان داوا دەکردوو دەی خواست .

زەردەشت لە ناو ئەو کەسانەی کە دەعوەی پەیامبەری یان کردووە ، یەکەمین کەس بوو کە پەروەردو فێرکردنی ئایینی داهێنا کە پێویستە بەشێوەیەکی جیهانی وخواستراو جێگای قبوڵ کردن بێت .

لە ئایینی زەردەشتدا ، ئاهورا مزدا بە پێچەوانەی پەرستنی خوداکانی تر لە لایەن خەڵکی ئەو سەردەمەوە ، خواستیاری قوربانی کردن و بەرتیل و دەسەڵاتی ڕەهاو کارو کردەوەی ڕۆژانەو بەکار هێنانی توندو تیژی بۆ باوەڕ هێنانی زۆرترین خەڵک نیە . ئەو وەک هاورێیەکی بە توانا لە گەڵ خەڵکدا لە پەیوەندی دایە نەک وەکو خودا زۆر بڵێ کان . سەرەڕۆیی و زۆر و فشار لە ئایینی زەردەشتدا بوونی نیەو ئاسەواری دروشم و قورس کردنی پەرستنی ئایینی وەک ئەوەی لە ئایینەکانی تردا لە ژێر چاودێری کاهین و کەشیش و ئاخوند و ڕاهیبدا بوونی هەیە بەرچاو ناکەویت ، ستایشی خوداوەند تایبەت نیە بە پەرستگەوە . خاڵێکی گرنگ کە لە گاتاهادا بەرچاو دەکەوێت و لە هیچ یەکێک لە کتێبە پیرۆزە ئاینەکانی ئیبراهیمیدا بەچاو ناکەوێت ئەوەیە ، کە دەقەکانی زەردەشت هەموو وتەی خودی خۆیەتی ، نە وتەی خودا ، زەردەشت هەتا یەکجاریش ئیدعای نەکردوە کە گاتاها قسەی ئاهورامزدا و سروشی خواوەندە .

کتێبی پیرۆزی زەردەشتیەکان ئاڤێستا ، بە زمانی ئاڤێستایی کە لەگەڵ زمانی سانسکریت لە ئاستێکدا بوون ، نوسراوەتەوە و کۆمەڵیەکە ، بریتی یە لە داخوازی جۆراو جۆر کە دابەش بوە بە سەر پێنج بەشدا ، زۆرینەیشی پاش کۆچی دوایی زەردەشت نوسراوەتەوەو لەگەڵ دەقە ئەسڵیەکاندا یەک خراون .

1- یسنا ( ) ( yesnaستایش ) ئەم بەشە گرنگترین بەشی ئاڤێستایە و بریتی یە لە 72 فەسڵ لەگەڵ هائی تی ( haitiدا . گاتاها کە بەشەکانی یسنا پێک دەهێنێت و لە لایەن خودی زەردەشت خۆیەوە هۆنراونەتەوە ، لە ( های ) بیست و هەشتەوە تا کۆتایی ( های ) سی و چوارەم و

دەست پێکی ( های ) چلو سێیەم تا کۆتایی ( های ) پەنجاو یەک و ( های ) پەنجاو سێی یسنا پێک دەهێنێت . گاتاها بریتی یە لە پارچە کورتەکان و هەڵبەست دەربارەی ئەخلاق ، شێوەی ژیان و بنچینەی خودا ناسی ، کە بە وشەی ناسک و سادە نوسراوەتەوە .

2-ویسپرد ( vispered ) بریتی یە لەو هەڵبەستانەی دەربارەی یەزدان و گواستنەوەی دەستەواژەکان لە یسنا وە کە خۆی لە بیست و سێ پرۆسەدا دا دەبینێتەوە .

2- یشتی ( yashti ) پارانەوە و شیوەن ) کە تێکڵاویەکە لە هەڵبەست و پیا هەڵدان و لاواندنەوە دەربارەی خوداکانی ئارایایی . کە دواتر هاتنە ناو ئایینی زەردەشتی یەوە و ڕەنگ و بۆی زەردەشتیان بە خۆیان گرت ، ژمارەی ( یشت ) تەکان بیست و یەکە و هەر یەشتێکیش دەربارەی ، یەزدانە کە یشت بە ناوی ئەوەوە ڕێکخراوەو ناو نراوە بۆ نموونە :

هرمزد یشت : دەربارەی ئاهورامزدا و یشتی یەکەم

ئۆردی بەهەشتی یشت : بە ناوی دەرمان و دەرمانکردن و( دوەمیت ئامشی سپند ) (1)

ئابان یشت : دەربارەی یەزدان و ئاوو هەواو یەزدانی پێنجەم

1-ئا بەمانای نە ، مشی بە مانای مردن و سپند بە مانای پیرۆز و بە گشتی بە مانای پیرۆزکراوە نەمرەکان .

مهریشت : دەربارەی میترا ، یەزدان نور و ڕۆشنایی و یشتی دەیەم

سروش یشت : دبارەی فەرمانبەری و گوێ ڕایەڵی و یشتی یانزەهەم .

4-وردە ئاڤێستا : ئەم کتێبە لە سەردەمی شاپوری دووەم پاشای ساسانی ( 310 بۆ 379 زایینی ) لە سەر بنەمای ئاڤێستای گەورە نوسراوە و بریتی یە لە نزاو پارانەوە بۆ ئەنجام دانی نەریتی ئایینی ، نوێژ کردن و هەڵبژاردنی جەژنەکان .

5-وندیدا : ( یاسای دژی خێو – دێو ) دەقی ئەم کتێبە بەگشتی بریتی یە لە ( فقە ) حکومە شەرعیەکان و تەفسیر و نەریتی نیەت پاکیەتی و پاکیزەیی و هاوشێوەکانی ، لە فەلسەفەی بنچینەیی ئایینی زەردەشتەوە دوورە .

لە سەردەمی ساسانیەکاندا ، کتێبێک بۆ تەفسیر و وەرگێرانی ئاڤێستا بە زمانی پەهلەوی بە ناوی ( تەفسیر و تەفسیری – ئاڤێستا ) و کتێبێکی تریش کە بریتی بوو لە تەفسیر و وەرگێڕانی ئەو تەفسیرانە ، لە زمانی پەهلەویەوە بۆ زمانی فارسی یەکی نوێ بە ناوی ( لەگەڵ تەفسیر ) نوسراوەتەوە .

گاتاها ، بە مانای خەڵکی ، سێ هەزا بۆ سێ هەزارو پێنج سەد ساڵ بەر لە ئێستا و بە شێوەی شێعر نوسراوەتەوە ، لەو دەقانەدا ڕوی زەردەشت لە خەڵکی ساویلکەیەو هیچ هۆزێکی تایبەت یان کەسیەتیەکی دیار ناگرێتەوە . زەردەشت ئەنجامدانی کارو کردەوەی باش بە شێوەی باشترین فاکتەر بۆ نزیک بونەوە لە ئاهورا مزدا و دەست گەیشتن بە بەختەوەری و پاداشتی هەردوو دنیا دەرس دەدات . لە گاتاهادا هیچ جۆرە باس و خواستێکی لە بابەت ئاین و پەرستن و نزای ئایینی و شەرع بەرچاو ناکەوێت . هیچ ناوێک لە یەزدان و خودا لە ژمارە نەهاتوەکانی ئاریایی بونی نیە . تەنیا قسە لە سەر

پەرستنی ئاهورامزدا خودای یەکتا خولقێنەری جیهان لە گۆڕێ یە . زەردەشت دەرسی پەیڕەوکارانی دەدات بە هەڵبژاردنی ڕێگای باش و ململانێ کردن لە گەڵ خراپەو ناسازگاریەکان .

ئاینی زەردەشتی باشترینە بە دوو لۆژیکی جیا لەیەک : ئەگەر ئاینی زەردەشت و ئایینی زەردەشتیەکان شرۆڤە بکەین :

ئایینی زەردەشت کە لە گاتاها دا هاتوە هیچ ئاماژە لەهەمبەر ئەفسانە ئایینە جیاجیاکان بەرچاو ناکەوێت . کات و شوێن بە شێوەیەکی گرنگ ئاوێتەی یەکن . بابەتی ئەو دیو سروشت و داستانە وەهمی و خورافەییەکان کەمتر دەردەکەون .

لە ئایینی زەردەشتدا ، قەسەیەک لە سەر چۆنیەتی خولقانی ئادەم و حەوا و خواردنی میوە قەدەغە کراوەکە ، و دەرکردنیان لە بەهەشت و ئەو ئەفسانە خورافیانەی وەکو کە پیاوێک خۆی بەکوشتن دا تا گوناحەکانی ئەوانی تر بسڕێتەوە لە ئارادا نیە . لە ئاینی زەردەشتدا هەرتاکێک بەرپرسی کارو کردەوەی خۆیەتی ، بەرپرسە لە دیاری کردنی چارەنوسی خۆی ، ئایینی زەردەشت ، نمایشی ئیرادەی هێزەو لە بەربەرەکانێدایە لەگەڵ خراپیەکان . ڕەنگە هەمان شتبێت بوبێتە هۆی مانەوەی هەزاران ساڵەی ئەم ئاینە . هەر چەند هێرش و پەلاماریش بۆ سەری هەبووە .

زەردەشت لە نزایەکی خۆیدا دەڵێت :

( ئەی ئاهورامزدا ، ئەوەتا لەبەرانبەر دەرگای تۆدا دەوستم و بە شێوەی نزا کردن ، هەموو ئەندێشەی باش و وتەی باشی ئەنجامدراو پێشکەش بە تۆ دەکەم )

( ئەی مزدا ، ئەوەتا دەستەکانی خۆم بۆ نوێژ کردن بۆ فریشتەکان بەرز کردوەتەوە، پێش هەرشتێک ئاقڵانەو هۆشیارانە خوازیارم و دەمەوێت هەموو کارەکانم بەڕاستی و پاکی ئەنجام بدەم و ئەقڵی خۆم بە نزای پاکیەتی و باش ، سازگاربکەم لەگەڵ تۆ ، تا ڕۆحی خولقێنراوی توندوتیژی وەلابنێم )

کەسی زەردەشتی باش ، لە دیدی بونیاد نەری ئەم ئاینەوە ئەو کەسەیە کە :

( هەژارێک ڕزگار بکات ، هاوسۆزبێت لەگەڵ کەسەکان بۆ ڕزگار کردنیان و لە بەرانبەر کەسی درۆزن و خراپەکار و دوژمنان بجەنگێت . لە بەرانبەر هاورێ پەسەند بێت . بە زۆرترین ڕێژەی بەرهەمی چاکەو چاندنی چاکەو ڕاستی و دروستی سەرقاڵ بێت )

لە پەیامەکانی زەردەشتدا ، پەیوەندی نێوان مرۆڤ و ئاهورا مزدا ، نەکاهینەکان و نەرۆحانیەکان و نە فریشتەی باڵدارە ، بەڵکو ئەوەی کە مرۆڤ دەگەیەنێتە لوتکەی پێگەیشتن و ڕینمایی دەکات بۆ ڕزگاربوون ، خەسڵەتە باش وبەرجستەکانی مرۆڤە . ئەم تایبەتمەندیانە کاتێک پەیوەندی بە مرۆڤەوە هەیە ، خەسڵەتی باڵای مرۆیی ، کاتێک لە پێناو خودا بێت ، وەکو مەعنەویەتی خواوەندی ناوزەد دەکرێت . ئەو خەسڵەتانەی کە زەردەشت ، بۆ ئاهورا مزدا ئەژماریان دەکات و باوەڕی وایە کە دۆخی جیهانی پڕ لە نور ئەم خەسڵەتانە شێوە دەگرن کە بریتین لە :

1-وهومنە ( ) ( voho – manah جەنیوەری ) بە مانای ڕەوشتی باش ، ڕاستی ، عەشق ، سۆزبەرانبەر هەموو کەس

2-ئاشاو هیشتا ( ) ( asha- vahishta ئەپرڵ ) دیسی پلین و داپەروەری ، ڕاستی ، سیتەمی سروشت

3-خشارهرا ( ) ksharhra ئۆگەست ) فەرمانڕەوایی و هێزی خواوەند ، هەوڵ و چالاکی .

4-سپێنتا ئارمیتی (  ) (spenta- armaiti مارچ ) خاکێتی ، ئیمان و داوین پاکی .

5-هائورتات (  ) (haurvatat جون ) تەندروستی ، پێگەیشتن .

6-ئامرتات (  )amretat جاویدانی ، پارێزراو .

7-سروش ( ) (sroush ئیلهام . ویژدان ، فەرمان وەرگرتن لە خوداوە .

مرۆڤ بە بەهرە وەرگرتن لەم حەوت پرشنگەی خوداوەند و ڕاهێنانی خۆی لە سەریان ، دەبێتە هۆی بەختەوەری و ڕەفاهیەتی ئەوانی ترو رزگاری و ، فەراهەم کردنی بەختەوەری .

شارۆگی ئایینی زەردەشت لە سەر ئەو خاڵە بنچینەییە بونیاد نراوە کە دنیا و بونی هەرکەسێک لە مەودای هەمیشەیی نێوان خێرو شەڕدایە . لە بەرانبەر هەرخێرێکدا شەڕێکیش بوونی هەیە ، هەر بەو جۆرەی لە بەرانبەر ڕاستیدا درۆ و لە بەرانبەر هەق ناهەقی و لە بەرانبەر ژیان مردن هەیە ، بە هەمان پێوانە لە بەرانبەر سپتا متینیو ، ڕۆحی شەڕاگێزی پاڵنەری متینیو هەیە .

( ئەوەیە کە دوو ڕۆحی یەکەمین لە جیهاندا بزوێنەری گشتین ، یەکیان باش و یەکیان خراپ . لە وتەو ڕەوشت و کرداردا زاناکان لەم دوو چەمکە باشیان هەڵبژاردووەو خراپەیان دەست نیشان کردوە .

ڕۆژی یەکەم کە ئەم دوو دیاردەیە پێکەوە بەدیار کەوتن ، یەکیان ژیان و بوونی دروست کردوو ئەوی تریشیان لە ناو چوون وێران کردن . لە کۆتایی بوندا جێگای لایەنگرانی درۆزن و باشترین جێگاش بۆ لایەنگرانی ڕاستی دانراوە . لەم دوانە ئەوەی کە پەیرەو لە درۆدەکات ، خراپترین کرداری هەڵبژاردوە و ئەوەیە کە ئاراستەکەی بەرەو لە ناو چونە و کەسێکیش کە بە ئیمانی تەواوەوە کرداری دروستی ئاهورا مزدا بە پابەندیەتی تەواوەوە جێ بە جێ دەکات ڕاستی هەڵبژاردوە )

( تا کۆتا ڕۆژ ، نە لە جیهانی کارو کاردانەوە نە لە جیهانی ڕۆحەکان و جەستەکان ، دووشت لەگەڵ یەک هەرگیز هاو ئاهەنگ نابن )

بە باوەڕی زەردەشت ، دوو ڕۆحی باش و خراپ لە ئەزەلەوە دژ بەیەک خولقاون . تا کۆتایی بونیش نە لە وتەو نە لە کرداردا نە لەم دنیاو نە لەو دنیا لە نێوان ئەم دوو لۆژیکەدا ڕێکەوتنێک نیە . بەڵام لە گاتاهادا سنووری بەرپرسیاریەتی ئاهورامزدا لە خولقاندنی ڕۆحی شەڕانگێزدا ڕەگەزی ناپاک روون نیەو ئاشکرانە کراوە ، کە ئایا ئەم گۆی زەویە بوو لە سەرەتای بونەوە ، لەگەڵ ( سپینتامینتیو ) یەک هاتونەتە دنیا ، یان ئەوەی کە ئاهورا مزدا خولقێنەری ئیهریمەنیشە ؟ هەمان شت هۆکار بوو بۆ سەرهەڵدانی دوو باوەڕی جیاواز دەربارەی ئایینی زەردەشت ، بەشێک لە ئایینی زەردەشت بە یەکتا پەرستی و بەشێکی تریش لە توێژەران زەردەشت بە باوەڕداری دوئالیزمی ئایینی و دولایەنە پەرست دەزانن . هەریەکەیان هۆو بەڵگەیەک بۆ سەلماندنی تیۆریاکانی خۆیان دێننەوە . کە لێرەدا ئەو تیۆریاو بۆچونانە لە هەدەفی ئەم کتێبە بەدوورە . بەڵام ئەوەی کە مەنتیقی سەرنجدانە ، ئەوەیە کە بە سەرنجدان بەو خاڵەی کە لە تەواوی ئاڤێستادا کەمترین ئاماژەیەک بە پەرستنی ئیهریمەن بە شێوەی خولقێنەری ستایش کراو وەک خودا بەرچاو ناکەوێت . سەرهەڵدانی دوئالیزمی پەرستی لە ئایینی زەردەشتدا جێگای نابێتەوە . ئایینی زەردەشت بوونی دوو فاکتەر خولقاندنی باشی و خولقاندنی خراپی ئەبەدی قبوڵ دەکات . بەڵام ئەبەدیەتی جاویدانی لە قەڵەم ڕەوی ئاهورامزدا لادەدات و دەڵێت ، لە کۆتایی جیهاندا ئیهریمەن بە دەستی خالقی جیهانی بوون لە سێدارە دەدرێت و لە ناو دەبرێت .

مارتین هاونگ (  m.haug خۆرهەڵات ناسی ناسراوی ئەلمانی کە بۆ یەکەمین جار گاتاهای نوسراو ، کەسیەتی زەردەشتی لە بەشەکانی تری نوسراوەکانی زەردەشتی جودا کردەوە و ئەوی بە

بنچینەو ڕەسەن دانا . باوەڕی وایە کە زەردەشت پرۆپاگندەی بۆ یەکتا پەرستی کردوە. کە لە یەکتا پەرستی قەومی یەهود پلە بەندترو ڕەسەن تربووە . زەردەشت هەقیقەتی خەسڵەت و ماهیەتی دەروونی مرۆڤ ئاشکرا دەکات و بە زمانێکی سادە بە خەڵک دەڵێت ، کە لە هەناوی هەر کەسێکدا دووجۆر ڕۆحی دژ و تایبەت مەند ، دوو ئەندێشەی جیا لە یەکتر و پەیوەست بە یەکەوە لە دژایەتیدان . ئەم دوو ڕۆحەش هەردوکیان خەسڵەتی زاتی مرۆڤن . تورەیی و نیگەرانی ، بەختەوەری و خۆشحاڵی ، ڕاستگۆیی و درۆ . دۆستایەتی و دوژمانەیەتی ، کینەو ڕق . هەموو خەسڵەتی دژبەیەکن کە لە هەناوی کەسەکاندا سەرقاڵی چالاکین و ئەتوانن هۆی باشترین یان خراپترین ساتەکانی ژیان بن . ئەو ڕۆژەی کە ئاهورا مزدا مرۆڤی خولقاند ، ئازادی تەواویشی لە کردارو گوفتارو بیردا بۆدابین کرد . ئازادی لە هەڵبژاردنی ڕێگاکانی ژیان لە گرنگترین خاڵە بەرجەستەکانی ئایینی زەردەشت : ( ئەی خوداوەندی گیان و عەقڵ ، تۆ هێزی جیاکردنەوەی ڕێگای باش و خراپت بە بەندەکانی خۆت بەخشیوە ، تا ڕێگایەک هەڵبژێرن کە ڕێنماییت کردوون و ڕێگای باش و خراپیشت پیشان داون )

(مرۆڤ ئازادە و ڕاستە ئایین بە ئیرادەیەکی تەواو ئاگایانە ڕاستی بەدەست دێنێت )

( ڕێگای سپێنتامئین یو ، ڕوناکی دەروونی ، سامان و پرەنسیپ و ژیانی بە دیار خست )

( خەڵک تەنیا لە ڕێگەی سپێنتامئین یو بە ئامانجی خۆیان دەگەن ) ( 1 )

ئەگەر کەسێک ڕێگایەکی خراپ هەڵبژێرێت ، جگە لە ئازاری ویژدان و بەرهەم هێنانی ڕەنج و ناڕەحەتی بۆ ئەوانی تر ، ئەوا سزای خواوەندی بۆ خۆی پاشەکەوت کردوە .

تەفسیری دەستەواژە سادەکانی زەردەشت و ڕاستیە یەکی ڕوون کە ئەو دەیڵێت : پێویستی بە تواناو هێزی پەنهان و ئەو دیوسروشتەوە نیە . ئەوەیە کە زەردەشت باسی دەست پێکی خولقاندن و چیرۆکی ئادەم و حەوای نە کردوە ، خۆی بەرجەستەی ئەو ڕاستیەیەکە تەواوی هزری زەردەشت لە سەر سەرنجدانی ژیانی کۆمەڵایەتی و واقیعی مرۆڤ بووە ، لە سەر زەوی و تیۆریای باشترین ڕێگە بۆ پێشکەوتن و تێگەیشتنی کۆمەڵگە ناوەڕۆکی نامەکەی ئەو پێک دەهێنێت .

1- گاتاها : 21/7- 2 و 3-47

ئەوەی کە زەردەشت باسی کردوە مانیفێستێکی پراکتیکی ژیانە بۆ بەرپا پاکردنی کۆمەڵگەیەکی بەختەوەر . زەردەشتی یە دێرینەکان لە نزا ڕۆژانەییەکانی خۆیاندا دەیان وت : ( لە بەردەم بارەگای خودادا پەیمان دەدەم کە هەمیشە چاکە کار بم و پیشەم باش بکەم . ڕاستی هەڵبژێرم و بە ئیمانەوە باشترین کار ئەنجام بدەم ... لە دزی و خراپەکاری و ئازاردانی گیانەوەران و لە ناو بردن و وێران کردنی گوند و شارەکانی کە مزدا پەرستان تیایدا نیشتە جێن خۆم بە دوور بگرم )

زەردەشت ، پەیوەندی مرۆڤ لەگەڵ ئاهورامزدا لە سەر بنەمای هاوڕێیەتی و دۆستایەتی بونیاد دەنێت ، نە لە سەر بنەمای ترس لە ئەشکەنجەی دۆزەخ و ئیمانی پاک ، هاوکات ئەو هەر بەو جۆرەی کە داوا لە خودا دەکات داواش لە هاورێکەی دەکات بە توانابێت . پەرستنی ئاهورامزدا بە تەواوی ماناوە بە عەشق و ڕێزەوەیە . ئەتوانین زەردەشت بە یەکێک لە مەزنترین مامۆستاکانی کۆمەڵگەی مرۆیی ئەژمار بکەین ، ئایینی زەردەشت ، بە بێ لە بەرچاو گرتنی ئینحرافاتی ئایینی کە لەدواتردا ڕویدا ، لە ڕاستیدا قوتابخانەی مرۆڤایەتی و ڕێزی تەواوە بە رانبەر بە مافی مرۆڤ لە چێوەیەکی یەکتا پەرستیدا . هیچ

ریفۆرمیستێکی ئەخلاقی تر لە هیچ سەر دەمێکدا نەیتوانیوە تەنیا وشەیەک لە سەر باڵاترین بنەمای ئەخلاق کە زەردەشت باسی کردوە ئیزافە بکات . هزری باش ، کرداری باش . ڕەوشتی باش . بەباوەڕی زەردەشت باش و خراپ ، دەرکەوتەی ئەندێشەی مرۆڤە . ئەمجۆرە ئەندێشەیە هزری کەسێکە کە کردەوەی باش و خراپ جوان و ناشیرین ئەنجام ئەدا. ئەم دوو چەمکە ئەگەر لە ئەندێشەدا هەبێت ، لە قسەکردنیشدا بەدیار دەکەوێت و پاشان دەبێتە کرداریش ، فەلسەفەی ئەندێشەی باش ، وتەی باش و کرداری باش لە سەر ئەم بنەمایە داڕێژراوەو هاتوەتە بوون .

ئەوتوانین ئاینی زەردەشت لەم شرۆڤەیەی خوارەوەدا کورت بکەینەوە :

1-خودای مەزنی یەکتا ئاهورا مزدا یە ، کە جیهانی بوونی خولقاند . ئەو پیرۆزەو خراپی و ناشیرینی ناچنەوە سەر ڕێگای ئەو .

2-بوون ، لە نێوان دوو ڕۆحی ڕاستی و درۆدا دابەش بووە ، ئاهورا مزدا ڕاستی خولقاند .

3-خەڵکی ئازادن لە هەڵبژاردنی ڕێگای ڕاستی یان درۆ .

4-لەوێدا کە خەڵکی ئازادن لە هەڵبژاردنی ڕێگای ژیانیان ، چارەنوسی خۆیان بە دەستی خۆیان دادەڕێژن و هیچ هێزێکی ئەو دیو سروشت کاریگەری لە سەر چارەنوسی ئەوان نیە . ئەگەر باش هەڵبژێرێت نەمری و بەختەوەری پاداشتی جاویدانی ئەوان دەبێت ، وە بەدکارانیش ئەجامی کردەوەی خۆیان دەبینن .

5-سەرئەنجام ئاهورا مزدا بەسەر ئیهریمەن و باشی بە سەر خراپیدا سەردەکەوێت .

6- ماهیەت و نمای ئاگر دان ،ئاگرەو ئاگردان جێگای نزاو پەرستنی ئاهورامزدا یە .

زەردەشت لە سرودی 9-32 داد دەڵێت : ( مامۆستا خراپ فێرکراوە ئایینیەکان پێناسەدەکات و بە ناتەندروستیانە مرۆڤەکان گومڕادەکات و لە هەدەفی بنچینەیی لایان دەدات . ئەو مرۆڤ لە سەر ڕێگای ڕاست و دروست ، ئەندێشەی پاک و چاک ڕێ بزردەکات )

ئاینی پێشبینی زەردەشت ، دروست هەمان ئەوشتە بوو کە لە دوای کۆچی دوایی ئەو بڵاو بویەوە . پاش هێرشی ئەسکەندەر بۆ سەر ئێران و لە بەر یەک هەڵوەشانەوەی ئیمپراتۆری هاخامە نشینی لە ناو ئێرانیەکاندا ، لەڕوی باوەڕداری یەوە گۆڕانێکی گەورە دروست بوو ، ئەوەی کە بەناوی ئایینی زەردەشتەوە و لە پاش ئەو پرۆپاگندەی بۆ دەکرا ، هاوشێوەیەکی کورت بوو لە بەشێک لە بەشەکانی ئایینی زەردەشتدا ، خورافات و باوەڕی ئایینەکانی تر ، بەتایبەتی باوەڕدارە دێرینەکانی ئاریایی ، لە چێوەی ئایینی زەردەشتدا بانگەشەی بۆ دەکرا ، هەرچەند لە پاشا مەزنەکانی هاخامە شینی دورتر بکەوینەوە ، ئاسەواری ئاینە سەرەتاییەکان لە ناو ئایینی زەردەشتدا دەبینرێت . ئەوەی کە زەردەشت لە تەواوی ژیانی خۆیدا بۆی تێدەکۆشا و بە ئیهریمەنی ناو دەبردن ، هاتە ناو ئاینەکەیەوە . ( مغەکان ) پێشەوا ئایینیەکان و کاهینەکانی ئایینەکانی پێشتر ، لە بەرگی پەیڕەوکارانی ئایینی زەردەشتیدا ، کەوتبونە بڵاو کردنەوەی باوەڕی کۆنەو خورافی . هێزی سروشتی کە لە گاتاهای زەردەشتدا دەرکەوتە سروشتیەکان بوون ، بونە جێی پەرستن و ستایش کردن ، پێشکەش کردنی قوربانی زیاد لە پێویست ، پەرستنی ئیزدەکان و خواردنەوەی مادە سڕکەرەکان ، ڕەونەقی پەیدا کرد ، زەردەشتی جێگە نشینی بەرجەستە هەوڵیدا تا بتوانێت پارێزەری پەیامەکانی ئەو بێت و هەوڵی بڵاو کردنەوەی بدات ، ویشتاسب بە هێزو مەزن نەبوو ، کە بە هۆی ئەوەوە ئاینی زەردەشت هەروەک ئەوەی کە خودی زەردەشت دای ڕێژابوو پارێزگاری لێ بکات . لە دواتردا ئایینی زەردەشت و ئەندێشەی یەکتا پەرستی دوچاری ئینحرافات و گۆڕانکاری زۆر بوەوە . خوداو خوداوەندە جیاجیاکان ، بە ناوی هێزی ئەو دیو

سروشت ، له دەوروبەری ئاهورامزدا دەرکەوتن ، خەسڵەتێکی باڵا کە زەردەشت بە ناوی مەعنەویەتی خواوەندەوە خەڵکی لە سەری باردەهێنا ، پەرو باڵیان لێ رواو بە شێوەی فریشتە و هاوکارانی ئاهورامزدا دەرکەوتن ، و بە فەرمانی ئاهورامزدا کۆمەڵگەیەکی پیرۆزی جاویدانیان پێک هێنا .
فریشتەکان بە ناوی یزدان ( yazataلە ئایینی نوێدا بەدیار کەوتن . هەر ڕەگەزێکی باش وجوان بوایە بە بەشێک لە یەزدان ئەژمار دەکرا ، خودا دێرینەکانی ئارياییەکان هاتنە ناو ئایینی زەردەشتەوەو بونە جێگەی بایەخ و پەرستن و لە کتێبی پیرۆزی زەردەشتیەکاندا ناوی چل یەزدان هاتوە ، کە لە هەمویان گرنگتر بریتی یە لە :

میترا : خودای نورو روناکی ، ئاڤێستا میترا بە خودای هێز و جەنگ ناودەبات کە هاوکاری ئورمزد ، بۆ سەرکەوتن بە سەر ئیهریمەندا دەکات . لەو سوارچاکانەی کە لە سەر دەمی هاخامەنشینەکاندا دەستکەوتوە ، ناوی میترا لە تەنیشتی ئاهورا مزدا هاتوە وەک هاوکاری . میترا پەرستی بە تەدریجی لە تەواوی خۆرهەڵاتدا بڵاو بویەوە ، و لەوێشەوە بەرەو ڕۆم ڕۆشت ، جەژنی میترا هەمووساڵێک لە ناو ئێرانیەکاندا ، لە 16 ئۆکتۆبەر و لە ڕۆم لە ڕۆژی 25 دیسەمبەر بەڕێوە دەچوو .

ئیزد ئوشا ( ) (ushasخودای بەرە بە یان ) ئیزید باران ، ئیزید زانست ، ( قارە مان ) وایو )( ) ( vayuخودای با ) ئیزد مانگ ، ئیزد ئاو .....

یەکێک لە خوداکانی تر کە هاوشانی ئاهورامزدا یە و لە ناو باوەڕی زەردەشتیەکاندا سەری هەڵدا ، خواوەندی ئانا هیتایە ( ناهید ) ئاڤێستا ئەو بە شێوەی خواوەندێکی پاک و بێگەرد وەسف دەکات ، ئەم خواوەندە هەر وەک و خواوەند عشتار خواوەندی بابل ، خواوەندی سکپڕی ژنان و گوڵ و سەوزایی و بەرو بوم و باخ و کشتوکاڵە . لە بابلدا شوش ، ئاکباتان و سارد ، پەیکەریان بۆ دروست کرابوو ، لە دەستەی سوارچاکەکانی گزرسیس دووەم (404- 358 پ-ز ) ئەم خواوەندە پەرستراوەو ستایش کراوە . لە کۆنەوە لە پاش یەسنا لە نوسراوەکۆنەکانی ئاڤێستادابونیان هەیە . چەندین جۆر داستانی نوێ دروست بوون ، سروش بە بۆچوونی میترا هێرش بۆ سەر ئیهریمەن دەکات ، ئاهورا مزدا بە سەری خۆی بە تورەییەکی زۆرەوە لە گەڵ دەهەزار چاودێر و دەهەزار سەرباز هێرش بۆ سەر ئیهریمەن دەکات . ئیزدان هەروەکو خواوەندی هندیەکان لە چاوەڕوانی پێشکەش کردنی قوربانی لە لایەن هەوادارانیەوە و پەرستن و خەڵات کردنی ئەوان دەمێننەوە ، سەرنج ڕاکێشانی ئیزدان تەنیا بە پێشکەش کردنی بەرتیل بە دەڵاڵەکان و واسیتەی دەستو پێوەندەکان و ڕۆحانیەکان مەیسەر دەبێت . پەرستن بە بێ ئامادە بوونی سەلمێنەر و کاهین لە لای خوداکان قبوڵ ناکرێت . کاتێک کە لە جەنگی کۆتایی هێزی ئاهورا مزدا دا و سەرکەوتنی بە سەر ئیهریمەندا ، ئورمزد بە شێوەی ئەنجومەن و سەلمێنەری سەلمێنەران دێتە ئەم دنیاو بە هاوکاری ئیزد سروشتی نەریتی ئایینی ئەنجام دەدات . ئاهورا مزدا لە گەڵ ژنی زۆر هاوسەر گیری دەکات . زەوی و ئاوو ئەو ڕەگەزە سروشتیەکانی تر بە شێوەی خواوەندە مەحرەمەکانی ئاهورامزدا سەرهەڵ دەدەن . لە یەنیسا دا سەبارەت بە کچەکانی ئاهورامزدا قسەو باس دێتە گۆڕێ بەندی 30 گاتاهای زەردەشت دەڵێت :

( لە سەرەتای خەلق کردنی جیهان دوو ڕۆحی ناسازگار و دژ بەیەک لە جیهاندا بوونی بووە ) ئەوەش وا تەفسیر کرا کە لە ئەزەلەوە دو خودای باش و خراپ لە بەرانبەر یەکتردا کاری دروستکردن و وێرانکردنیان ئەنجامداوە . ناوی پاڵنەری مێین یو لە کۆتایی نوسراوەکانی ئاڤێستادا بە هەمان ئەندازە کە ناوی ئاهورامزدا هێنراوە دوبارە دەبێتەوە . بەم جۆرە ئایینی زەردەشتی ، بنچینەی یەکتا پەرستی کە زەردەشت یەکەمین بونیاد نەری جیهانی بوو ، بوە ئایینی دوو خودایی و پاشانیش بوە ئایینی چەندین خودایی . لە بەرانبەر فریشە نیەت پاکەکاندا ، دەستەیەک لە ئیهریمەنە دزێو و زیانبەخشەکان هاتنە بوون . پاڵنەری مێین یو دەرکەوتەی ناشیرینی و خراپەکاری بە شێوەی

خودایەکی جێگیر هاوشانی ئاهورا مزدا چالاکی خۆی دەست پێ دەکات . یەکیان خولقێنەری چاکەو ئەوی تریشیان خولقێنەری خراپە کاری ، هێزی ئیهریمەنی بە بوونی هەزاران دێو و شەیتان دەگوازرێتەوە کە پاڵنەری مئین یو لە ئەنجامی چەپەڵیەکان هاوار دەکات . سەرما ، مارو ئەژدیها ، ، گەرماو سوتان و هەمان شێوەی خەسڵەتە ناشیرەکانی مرۆڤ ، وەکو شەهوەت ، تورەیی ، حەسودی وئیرەیی ، هەموو خولقێنراوەکان بە پاڵنەری مئین یو ئەژمار دەکرێن . هەمان شێوەی بەشی 22 نديداد پاڵنەری مئین یو 9999 نەخۆشی دەخولقێنێت ، کە خراپترین و شومترینیان مەرگە ، سێحرو ئەفسون لە ئایینی پاکی زەردەشتدا دەسرێتەوەو هەندێک لە دەستەواژەکانی یەسنا بۆ دەرئەنجامی قبوڵ کردنی ئەم دۆخە بە سود ئاشکرا کردوە ، خواردنەوەی شەر بەت ( haoma ) بۆ بەتاڵ کردنەوەی سێحرو جادوو دورخستنەوەی شەڕی ئیهریمەن ، ڕینمایی دەکات .

ناوی زەردەشت لەم ڕازاندنەوانەدا دەربهێنرێت ، زەردەشت کە لە سەردەمی ژیانی خۆیدا خۆی بە ( شوانی هەژاران ) ناونابوو . بوە خواوەند و موعجیزەی زۆری بۆتاشرا و سەبارەت بە لە دایکبوونی دەیان وت : ( تیشکێکی ئاسمانی لە سەرچاوەی نورێکی بێ کۆتاییەوە هاتوەو چوتە ناو مناڵدانی دایکیەوە و تا دوای لە دایک بوونی ئەو دایکی هەر کچ بوو شتێکی سەرسور هێنەر بووە )

زەردەشت بوە بونەوەرێکی ئەزەلی کە ( گا ) یەک پیش سێ هەزار ساڵ مژدەی لە دایک بوون و دەرکەوتنی ڕاگەیاندبوو . زەردەشت بوە کەسیەتێکی پیرۆز و ئاسمانی وەک ئەستێرەیەک بۆ مرۆڤایەتی ، شایستەی پەرستنی لە هاوشانی ئاهورامزدا دا لە باشکردنی ئەودا فریشتەکان و خۆرو ئەستێرەکان هەموو هاوئاهەنگن ، تەواوی بونەوەرەکانی جیهان ڕۆژی لە دایک بوونی ئەو لە یەکتر پیرۆز دەکەن . ئیهریمەن ڕەجم دەکەن . ئەو بوو کە زەوی و ئاسمانی خستە جوڵە ، کاتێک کە زەردەشت کۆرپەیەکی شیرە خۆرە بوو ، ئیهریمەن لە دوو جێگەدا ڕەوە گاو ئەسپی بردە سەر لانکەکەی تا ڕەنگە ببێت بە ژێر سمی ئەسپ و مانگاکانەوەو تا ئەوان تاوان بار بکات بەڵام سەرقافڵەی گایەل و ئەسپەکان پێش ئەوەی بگەنە سەر لانکەی زەردەشت وەستان و ئەویان لە مەترسی و ئازاری ئاژەڵەکانی تر پاراست . لەو ڕەگەزانەی تر کە پاش کۆچی دوای زەردەشت دایان هێناوە و پێویستە ئاماژەیان پێ بدەین ( گەردیلە یەک لە گەردیلەکانی تیشکە ) ( فروهر ) گەردیلەی تیشک لە سەرەتادا ڕۆحێکی پاکی مردوو بوو ، کە لە دەوری پەرستنی زیندوەکاندا خێرو بەرەکەتی پێ دەبەخشین ، بەڵام لە سەردەمەکانی دواتردا ( فروهر ) ( 1) گەردیلە کان بونە بوونوەری جوان و نادیار ، کە هەم مرۆڤ و هەم فریشتەکانیان دەپاراست ، پاشان ئەو باوەڕە سەری هەڵدا ، کە هەر بونەوەرێکی زیندوو ، گەردیلەی تایبەتی هەیە . کە ڕەگەزی ئەبەدی و ڕۆحی ئەزەلی ئەوە ، پاش مەرگی کەسەکە گەردیلەکەی درێژە بە ژیانی خۆی دەدات و پەیوەست دەبێت بە تیشکی ڕەهاوە ، زیندوەکان پێویستە بۆ ئەوانە نوێژ بکەن و قوربانی پێشکەش بکەن ، هاوکات لە بەر ڕۆشنایی ئاڤێستای نوێدا ئاهورا مزدا پێش خەلق کردنی جیهانی مادی ، دنیای گەردیلە کانی خەلق کردوە کە گەردیلەکانی تەواوی بونەوەران تیایدا بە شێوەیەکی ڕۆحانی بونیان هەبووە . پاشان ئەم دنیای گەردیلانەی ڕەوانەی دنیای مادی کردوو دواهەمین بونەوەرێک کە ئاهورا مزدا ناردیە سەر زەوی گەردیلەی سوشیان یان ( بنچینە – ڕەگ ) ڕزگارکەری ڕۆژی دووایی یە کە پاش ئەویش کۆتایی دنیا ڕو دەدات .

لەبەر ڕۆشنایی داستانە کانی زەردەشتی دا ، لە سەرەتادا ( خولقاندن ) لە قوڵایی ئاسمانەکان کۆبونەوەیەکی ڕاگۆڕینەوە لە نێوان ئاهورامزداو بونەوەرە پیرۆزە ڕۆحانیەکان ، ئیزدان و گەردیلە کان کرا ، تا دەربارەی خولقاندنی مرۆڤ و دروست کردنی شێوەی بە گەردیلەکان بریار بدەن ( 1 ) لەو کۆبوونەوەیەدا گفتۆگۆیەک بۆداڕێژانی شێوەی ماددی ) گا (و بە کار خستنی کە ڕۆحی گا لە چارەنوس و ئایندەی خۆی دەگوزەرێنێت . ڕونکردەوەکەی لە بەندی 39 دا بە کورتی باسکراوە :

یەکێکی تر لە باوەڕە دواینەکانی زەردەشتی خۆ پاکردنەوەی مۆڤە بۆ خۆ پاراستن لە بەرانبەر فاکتەرە چەپەڵ و شەڕانگێزەکاندا . پیادە کردنی پاکیزەیی لە بنچینەدا بابەتێکە کە زەردەشت لە سەر پەیڕەو کارانی جەختی دەکردەوە و ئەوەی بە باشترین فەزیلەت دەزانی :

( بۆ مرۆڤ ، پاکیزەیی و پاکیەتی ، پاش خودی ژیان باشترین شتە )

( ئەی مرۆڤ بۆ ڕزگار بون خۆت پاک بکەرەوە )

ئەم فێرکراوانە کە بریتین لە خەسڵەتەکانی دەروونی لە ڕێگەی بیری چاک وتەی چاک کرداری چاک و هەمان شێوەش پاکی ڕەواڵەتی و جەستەیی ، بە تەدریج چەمکێکی تری جادوگەرانە لە خۆ دەگرێت ، پوختی ، هەندێک کات بە ئاو و هەندێک کات بە میزی گا دەبێت .

2-کاریگەری نفوزی ئەم داستانە لە ئیسلامیشدا لە ئایەتەکانی 28 و دواتری سورەتی بقرە و تەوەری باسی مرۆڤ – خودا لە ئیسلامدا سەرنج بدە .

بۆ پاکردنەوەی ناپاکی ، کە لە ئەنجامی کەمتەرخە م بوون و گوناحەوە ئالودەبوون ، وەیان دێوێک لە دەروونی ئەو ناپاکانەدا هێلانەی کردوە ، لە گیراوەیەکی پیرۆزی نیرینگ ( nirang ) کە تێکەڵەیەکە لە میزی گا و خۆڵەمێش سود وەربگرە . نەریتی پەیوەندیدار بە خۆ پاککردنەوە بە ( شیاکە – تەپاڵە ) بە گڵاوی دەرکردن ناونراوە .

کەسی گوناحکار یان ئەوەی کە دەڵێن جنۆکە چوتە ناویەوە بە ( تەپاڵەی گا ) 30 جار دەیشۆرن و گڵاوی دەردەکەن ، پاشان 30 جاری تر بە میزی گاو خۆڵەمێش کە تێکەڵ کراوە دەی شۆرنەوە ، لە ماوەی ئەو پاکردنەوەیەدا ، سەر پەرشتیاری پرۆسەی شۆردنەکە نزاو پارانەوەی تایبەت دەکات و لەو باوەڕەدان کە بەم جۆرە جنۆکەیەک کە لە جەستەی کەسێکی ناپاک ( ڕیمن ( riman هێلانەی کردووە لە جەستەی دێتە درەوە . بەڵام ڕیمن پێویستە بە شەو و ڕۆژ بە و تێکەڵەیەی میزی گاو خۆڵە مێش خۆی بشۆرێت بەبەردەوامی و نزای تایبەت بخوێنێت و ڕێو ر ٙەسمی ئایینی تر ئەنجام بدات تا بە تەواوی پاک ببێتەوە . ئەو ژنانەیشی کە دەکەونە سوڕی مانگانەوە یان مناڵیان بە مردوویی بووە ، پێویستە سێ ڕۆژ و سێ شەو دورکەونەوە لە هەموو خێزانەکەیان و دەست لە هیچەوە نەدەن . پاشان خۆیان بە میزی گا بشۆن و بیخۆنەوە تا پاک ببنەوە ، بە داخەوە ، زۆر لەم خورافاتانە هێشتان لە ناو بەشێک لە زەردەشتیەکاندا باوەو پێشەوایانی بۆ پایە دار مانەوەی ئەم خورافاتانە ڕۆڵێکی سەرەکیان هەیە . زەردەشتی یەکی باوەڕدارو مۆسڵمان ، پاش هەستان لە سەر شوێنی نوستن یەکەمین کارێک کە پێویستە بیکات ئەوەیە کە دەمو چاوی بە کەمێک میزی گا بشوات ، یان میزەکە بخواتەوە و نزا بکات تا ئەو جنۆکەی چوەتە جەستەیەوە لە کاتی خەوتندا و هێلانەی دروست کردوە بێتە دەرەوە .

زەردەشتیەکان ئاو و خاک و ئاگر بە ڕەگەزی پیرۆز دەزانن و باوەڕیان وایە کە نابێت بە پیسیەکان تێکەڵ بکرێن ، لە سەر بنەمای هەمان باوەڕ بۆیە نیگەرانن لە بە خاک سپاردن یان سوتاندنی مردوەکان و باوەڕیان وایە کە گوناحێکە کە هیچ کات لێبوردن لێی شیاوی قبوڵ کردن نیە ، بە خاک سپاردنی مردوەکانە ، لە کۆندا لە تابۆتێکی بەردیندا و بە گەچ داپۆشراو لە هەوایەکی ئازاددا دادەنرا ، بەڵام ئەمڕۆکە جەستەکان لە شاخەکان لە شوێنێکی بەرز دەنێژن تا ببنە خۆراکی گیانەوەرە دڕندەکان . سەروقاچی مردوەکە وا دەپێچنەوە تا گیانەوەرەکان نەتوانن ئێسقانە کانی لە یەک بکەنەوە و ببەن و ئاوو سەوزاییەکان پیس بکەن ، هەر ئەندامێک لە ئەندامەکانی مردوەکە لە جەستەی جودا دەکەنەوە ، هەتا مو و نینۆکی نابێت دەستی لێ بدرێت و هەرکەس دەستی لێدا دەبێت بە تێکەڵەکە لە میزو خۆڵە

مێش بشۆرێت . ئەو گیانەوەرەی کە شتی مردارۆبوو دەخوات وەکو گورگ و مار مەگەز و مێرولەو هتد .. هەمویان دروستکراوی ئەهریمەنن و لە ناو بردنی ئەوانە بە بەشێک لە عیبادەت ئەژمار دەکرێت . ئەگەر کەسێک دەست بدات لەم گیانەوەرانەوە پێویستە یەکسەر خۆی بشوات ، تفکردنە سەر ڕێگا گوناحێکی گەورەیە ، هەتا ئەو هەوای کە لە سینگەوە دێتە دەرەوە پیسی دروست دەکات ، بە و هۆیەوەیە کە پێشەوایانی ئایینی لە کاتی کردنەوەی ئاگری پیرۆزدا لە ئاگردان دەم و لوتیان بە پارچە پەڕۆیەک دادەپۆشن ، تا ئاگری پیرۆز لە پیسیەکان بپارێزرێت دورە پەرێزبێت .

کەسی زەردەشتی هەرکاتێک بیەوێت ، بچێتە لای ئاگردان پێش چونە ناو پەرستگە دەموو چاوی خۆی بە پاکی بە ئاو دەشوات ، پێلاوەکانی لە دەرەوە دادەکەنێت و بەشێک لە ئاڤێستا دەخوێنێتەوە و لە بەرانبەر ئاگری پیرۆز دا نوێژ دەکات و خەڵاتی خۆی بە هەندێک داری ئەسکەلە بە پێشەوای ئایینی پێشکەش دەکات ، لە بەرانبەر کەمێک خۆڵە مێش کە لە ئاگردانەکە دەری دەهێنێت ، و بە نیەتی دەستکەوتنی قازانج دەی کات بە سەرو چاوی خۆیدا و پاش پاڕانەوە هێواش هێواش بە پشتا دێتە دەرەوە تا پێلاوەکانی لە پێ دەکات و لە ئاگردانە کە دیچتە دەرەوەو دەڕوات .

بینای باڵاخانەی ئاگردانەکە ، بە ڕەواڵەت لە گەڵ ئەو پەرستگە ئاینیەکانی تر جیاوازی یەکی ئەو تۆی نیەو لە پلەی یەکەمدا بە هیچ جۆرێک سەرنجی کەس بۆ خۆی ڕاناکێشێت کە ئاشنایەتیەکیان لەگەڵیدا نیە ، بە گشتی ژوورێکی بچوکە لە سوچێکی ماڵەکەدا ، کە تایبەتە بە ئاگاداری کردنی ئاگری پیرۆز و عیبادەت ، خەڵک هەر کاتێک بیانەوێت بە پیادەکردنی نەریتی ئایینی دەتوانن بچنە ناویەوە ، گرنگترین ڕۆژی سەردانی کردنی ئەو ئاگردانە ، ڕۆژی نەورۆزە ، لەو ڕۆژەدا زەردەشتیەکان پاش خۆشۆردن جامانەی نوێ دەبەستن و بەرەو ئاگردانە کە دەکەونە ڕێ و نەریتی خۆ پاککردنەوە ئەنجام دەدەن ، پاشان هاوکاری و دەستگیرۆیی هەژاران و بێ کەس و داماوان دەکەن و تەواوی ئەو ڕۆژە کە نەورۆزە سەرقاڵی بینینی دۆست و هاوڕێ و خزم و کوسیان دەبن . ئەو ڕۆژە بە شادی و خۆشی بە سەر دەبەن . عەرەب پاش دەست گرتنی بە سەر ئێراندا لە ئەنجامی کاریگەری دەمارگیری نەتەوەیی و ئایینی پەیرەوانی زەردەشتیان بە گومراو مەجوس وئاگر پەرست ناوزەد کرد ، ئەم ناو ناتۆرانەی کە بە هەڵە بە سەر مزدیسنان دا سەپێنرابوو ، هەتا ماوەیەکی پیچش لە لە ئێراندا بە گشتی بە کار دەهینران . هەرتەنیا لە بەر ئەوەی کە زەردەشتیەکان سەیری ئاگرو خۆر وەک سمبولێکی ڕوناکی و پاکی و دەکەن ، و بە هێزی دەسەڵاتی ئاهورا مزدای ئەژمار دەکەن ، پارێزگاری کردن لە درەوشاوەیی ئاگر بە وەزیفەی ئایینی خۆیان دەزانن ، ڕز گرتن و پیرۆز کردنی ئاگر لە ناو ئارییاییەکاندا ، لە پاکیەتی پەرستی یەوە سەرچاوە دەگرێت ، و ئاگاداری بە درەوشاوەیی مانەوەی ئاگر لە ناو خێزانەکاندا هەمیشە لە ئەستۆی کوڕی گەورەی خێزان بوە . عیبادەت و پەرستن ی ئاهورا مزدا لە لای مزدیسنان بریتی یە لە دووبارەکردنەوەی چەندین جارەی پاڕانەوەو نزاکردن وەک ئەو نوسراوانەی کە بە بۆنەی هەر جەژنێک یان نزا کردنێکەوە نوسراوە . گشتی ترین و باوترین نزای زەردەشتیەکان بریتی یە لە ( ئاشم و هو – ( ashem – vohu ویتها ئاهو ویری ( yatha- ahu ( vairya –لە گەڵ ئاهون و تیری .

هەرتاکێکی زەردەشتی بەو جۆرەی کە هەست دەکات کاتی مردنی نزیک بوەتەوە ئەو نزایە دەخوێنێت کە بە فرورتا ناوزەد کراوە ( : ( faravarata بە ئەندێشەیەکی پاک و وتەی پاک لە هەر جۆرە گوناحێکی جەستەیی و دەرونی کە لە ڕێگەی ئەندێشەو وتەو کردارەوە دەربارەی گێتی یان جیهان بەهەشتێک چاوەڕێمەو داوای لیبوردن دەکەم و تەوبە دەکەم و پەشیمانم )

لە تەقیومی مزدائی دا شەو و ڕۆژ بە پێنج کات دابەش دەبێت ، و مزدیسنان لەم پێنج کاتەدا نوێژ و نزاو پاڕانەوە ئەنجام دەدەن .

1-هاون گا ( havani ) بەرەبەیان کە نوێژکردن لە خۆرئاوا بوون ئەنجام دەدرێت .

2-رپیت ووین ( rapithavin ) کە کاتی نوێزی نیوەڕۆ دەکات ئەنجام دەدرێت .

3-ئوزایرین ( usayerin ) نوێژی ئێوارە ( عەسر ) تا کاتی خۆرئاوا بوون .

4-ئائی ویس روسراین ( aiwis ruhrain ) نوێژ کردنی شەو

5-ئوشائین ( ushahin ) نوێژی ئوشین یان نوێژی سپێدە پێش دەرکەوتنی گزنگی خۆر .

هەرکاتێک لە م پێنج کاتەی شەو و رۆژ نوێژێکی تایبەتی خۆی هەیە ، بەگشتی پێنج جۆر پاڕانەوە هەیە کە دەستپێکی دابەستنی هەرنوێژێک مزدیسنان دەی خوێنن ، خۆری پاک سۆزی پاک ، مانگی پاک ، ئاو و ئاگری پاک .

بەگشتی ئەنجامدانی ئەو نوێژانە لە پێن کاتدا و دەرخستنی پاکیەتی هەموو بۆ ستایش کردنی ئاهورامزدا و سوپاس کردنیەتی سەبارەت بە و نیعمەت و رێنمایانەی کە بەڕاستی و دروستی کە بە خەڵکی بەخشیوە و هیدایەتی کردوون ، و سودی بە خەڵک گەیاندوە ، نوێژەکان هەموو بە پێوە دەست لە سەر سینگ و بەرەو تیشکی خۆر ئەنجام دەدرێت .

نەریتی تری ئایینی مزدیسنان لە بەر کردنی کەواو سەڵتەو پشتوێنە کە ئەم نەریتەی جلوبەرگ پۆشینە کۆنەو لە پێش دەرکەوتنی زەردەشتەوە بە نەریت ماوەتەوە و بوونی هەبووە , خودی زەردەشت خۆی پشتوێنی لە مامۆستا ئایینی یەکەی وەرگرتبوو ، لە کۆندا خێزانە زەردەشتیەکان منداڵە کانیشیان لە تەمەنی حەوتساڵیەوە کەواو سەڵتە یان پشتوێنیان بەستوەو لە بەر کردوە ، بە تایبەت لە بۆنەو جەژنەکاندا ، بەتایبەت لە پشت کردنی پشتوێن کە بە سێ خول بپێچرێت لە پشت سمبولی هەر سێ وتە بەناو بانگە کەی زەردەشتە کە دەڵێت : ( بیری چاک ، کرداری چاک ، رەوشتی چاک ) لە کاتی بە ئەنجام گەیاندنی نەریتی ئایینی دا نزای تایبەت کە لە ئاوێستادا هاتوە دەخوێنن . کەواو سەڵتە پێویستە لە بەر مزدا پەرستەکاندا بێت . فراوان بون یان پوکانەوەی ئایینی زەردەشت بە هۆی بە هێزی یان بیچ هێزی دەسەڵات داریەتی وڵاتەکەیەوە بوو ، هەر کات دەوڵەتەکەی بە هێز بوایە وەک ئیمپراتۆریەتی ساسانی و هەخامەنشینی ئەوا ئایینی زەردەشتی گرنگی و رەونەقی خۆی هەبوو . وە هەرکات ئەم دەوڵەتە لە لاوازیدا بوایە ، یان بکەوتایەتە بەر هێرشی وەک ئەسکەندەر یان عەرەبەکان ئەوا ئایینی زەردەشتی سەردەمی پوکانەوەو لاواز بوونی بە خۆوە دەبینی . بەم هۆیەوە بەشێکی زۆر لە جەژنەمەزنەکانی مزدیسنان وەکو جەژنی ژیانەوەی گژ و گیا کە رۆژی یەکەمی مانگی بەهارە و لە و رۆژەدا پاشا هەمووانی لە کۆشکی پاشایەتی میوانداری دەکرد ، جەژنی سیانزە بەدەر ، جەژنی رۆژی لی دایک بوونی زەردەشت ، ئەم جەژنانە لە ئێستادا نەماون . بەڵام جەژنە جیاجیاکانی تر لە وەرزەکانی ساڵ یا نەریتی ئایینی تایبەت هێشتا ئەندازەیەک ماوە . جەژنی خولقاندنی بە شە جیاجیاکانی جیهانی بوون و مرۆڤ لە شەش رۆژدا ( گاهتیار ) بونی هەیە ، کە هەریەکەیان رەنگە ، رۆژێک یان چەندرۆژێک درێژەی هەبێت . مزدیسنان لە م جەژنانەدا جلوبەرگی نوێ لە بەر دەکەن و ئەو رۆژانە بە خۆشی و شادی بە رێ دەکەن .

ئەپرڵ جەژنی نەورۆز لە رۆژی یەکەمەوە تا 13 رۆژ

ئەپرڵ فەروەردینگا ( فرود – تەنیا – تاقانە ) کە لەو رۆژەدا گەردیلە یەک لە گەردیلەکانی رۆح لە ئاسمانەوە دێدتەوە سەر زەوی بۆ دیداری کەسە نزیکەکانی خۆی لەم رەوەو بۆ بە ختەوەر کردن و بە خیر هێنانەوەی ئەو رۆحانە پێشەوای ئەوانە لە سەر لوتکەی شاخەکان ئاگریان دەکردەوە مەراسیمێکی تایبەتیان بە رپا دەکرد . ( 1 )

ئەپرل  رۆژی سێیەمی مانگی ئەپرل

ئەپرڵ گاهتیار   ( میدیپوزرم ) رۆژی خولقاندنی ئاسمان لە پانزەی مانگدا .

مەی رۆژی شەشەمی مانگی مەی

جون   رۆژی  13 مانگی جون

مەی  گاهتیار  ( میدیوشهیم ) رۆژی 15 مانگی مەی رۆژی خولقاندنی ئاو .

شەهریوەر  گاهتیار  ( پتیە شهیم ) سێ یەم رۆژی خولقاندنی زەوی  .

1-شەوی قەدرو ئایەتی   4 سورەتی قدر لە ژێر کاریگەری باوەڕی جەژنی زەردەشتیاندا هاتوە لە قورئاندا .

مهر ما مهرگان شانزەی مهر ما رۆژی جەژن و پەرستنی میترا

مهرما گاتیار ( ئایاسرم ) رۆژی سێ یەم رۆژی خولقاندنی بەرو بوم و گژو گیا .

دی ما گاتیار ( میدیارم ) رۆژی بیستەمی خولقاندنی گیانەوەران  .اسفند گاتیار رۆژی کۆتایی و رۆژی خولقاندنی مرۆڤ ( ( hamasppath maidayaa

بەشی سێ یەم  :

بەهەشت و دۆزەخ  و دنیای پاش مردن

ئاینی زەردەشتی ، یەکەمین ئایینی یەکتا پەرستی یە  ، کە تیایدا بەهەشت و دۆزەخ و دنیای کۆتایی رۆژی پەسڵان  قسەی لە سەر کراوە  ، و هەمان باوەڕە کە چاوگی باوەڕە هاوشێوەکانیەتی لەو ئاینانەی تر کە دواتر پەیوەندیان بە ئایینی زەردەشتی یەوە هەبووە وەرگرتوە  .

زەردەشت  ،  لە پەیامەکانی خۆیدا  ، دەرباری جیهانی ئەو دیو سروشت و هەست پێنەکراو ، فێرکراوەیەکی نیە  .  ئەگەر چەند ئاماژەیەک لە گاتاهادا بەرچاو بکەوێت زۆر گوماناوی و نادیارە ، کاتێک گاتاها لە هەمبەر بەهەشت بۆ چاکەکاران و عەزاب بۆ لایەنگرانی درۆ قسە دەکات . بە ڕۆنی دەردەکەوێت کە مەبەستی ئارامی یان عەزابی ویژدان و دەرونیە کەسەکەیە . لە بەندی        4-  30 لە گاتاهادا ئەوە بەرچاو دەکەوێت :

( کاتێک کە ئەم دو دەستەیە بە یەک دەگەن ، یەکەمین خولقێنەری ژیانن بەو جۆرەیە کە تا کۆتایی بوون خراپترین چاوگ بۆ درۆزنەکان و باشترین بۆ لایەنگرانی راستی یە . )

( کەسێک کە بەرەو چاکی هەنگاو دەنێت ، جێگەی ئەو لە ئایندەدا رۆشناییە ، بەڵام بەدکاران سەردەمێکی درێژ بە پەشیمانی و شەرمەزاری و ئەفسوسەوە بەسەر دەبەن ، ژیانی بەدکاران ویژدانی ئەوانە بەرەو لای خۆیان رایان دەکێشێت . ) 2- -31 .

( رۆحی راستی ئایین ، هاوتەریبە لەگەڵ ژیانی جاویدانیدا . رەنجی کەسانی پاک دامێن بەرزو بەنرخە ) 7- 45 .

لەو کۆمەڵە وتەو دەستەواژەی زەردەشتدا دیارە کە هەدەفی ئەو لە هەمبەر بەهەشت و دۆزەخ جێگایەکی دیاری ، وەکو باخی عەدەن یان چاڵە رەشەکانی جەهەنم نیە ، بەڵکو مەبەستی ئەو ئارامی یان عەزاب و نارەحەتی دەروونی کەسەکانە کە لە ئەنجامی کاریگەری خراپ یان چاک دروست دەبێت ، و ژیانی تاڵ یان شیرین دەکات . لە گاتاهادا پاداشتی کەسێک کە بەراستی و دروستی رەفتار بکات لە هەڵی خولقاندنی جیهانێکی نوێ و پاکدابێت . جێگای ئارام و ( باش وچاک ) دەبێت .

بەڵام کەسێکیش کە خراپە کارو درۆزن بێت ، جێگاکەی ( خراپ و نارەحەت دەبێت ) لە گاتاهادا سەبارەت بە دۆزەخ و بەهەشت ( چین وات – chinvat ) کە رۆحەکان پێویستە پیایدا تێپەڕێن باسکراوە . بەڵام سەبارەت بە چۆنیەتی بونیادی بەهەشت و دۆزەخ و یان پانی و درێژی و ناوەڕۆک و شێوەی و گەیشت بە ئەژماری باش و خراپی رۆحەکان نادات و بە گشتی هەمیا هەڵدە بژێرێت .

پاش کۆچی دوایی زەردەشت ، ئەم لیستە لە ناو ئایینەکەیدا بەگشتی گۆڕانێکی مەزنی بە سەردا هات . هزری نوێ دەربارەی پاش مردن و گەیشتن بە ئەژماری کردەوەی باش و خراپی کەسەکان لەو دنیا کەوتە ناو ئاینی زەردەشتەوە .

لە سەربنەمای باوەڕی مزدیسنان مرۆڤ لە دوو فاکتەری جەستەو رۆح ئاوێتە بەیەک خولقێنراوە و بە دوروانگەو دو ئاست دەکەوێتە دۆخی داوەری کردنەوە . دوئاست پاداشت وەربگرێت یان تەمێ بکرێت . یەکیان رۆحی و یەکیان جەستەیی . رۆحی هەرکەسێک دوای مردنی تا سێ رۆژ بە سەر جەستەکەیەوە دەنیشێت و بیر لە کارو کردەوەکانی رابووردووی دەکاتەوە ، لە رۆژی چوارەمدا ، ژیانی ئەو رۆحە لە دنیایەکی تر دەست پێ دەکات . ئەگەر پێش مردنی کەسێکی چاکە کاربوبێت ، فریشتەکان پاکیەتی ئەو ستایش دەکەن و ئەگەر کەسێکی خراپە کاریش بوبێت ئەوا هۆبەی چەپەڵی بەڕویدا دەکرێتەوە و ئازاری دەدەن . بەم جۆرە تا سێ شەو و هەرشەوێکیش تا دەرکەوتنی خۆر لە سەر جەستەی مردوەکە ئاگردەکرێتەوە و تا رۆحی مردوەکە ئازار نەچێژێت . چونکە رۆژی چوارەم گەیشت ، رۆحی مردوەکە بەرەو لای پردی جینوات ( chinvat ) بەرێ دەکەوێت . لە بەرانبەر پردەکەدا ، میترا ، و هاوکارانی سروش و گوارەلە گوێکان بۆ گەیشتن بە ئەژماری را بووردووی رۆحەکە سازو ئامادەن . گوارە لە گوێکان تەرازویەکیان بە دەستەوەیەو کە لە تایەکیدا کردەوە چاکەکانی و لە و تاکەی تریاندا کدوەو خراپەکانی دەکێشن . پاشان کارنامەکەی بەدەستی راست و یان دەستی چەپ ئەدەن پێی . فەرمان دەربارەی ئەو دەردەکرێت ، و رۆحەکە بەرەو پردی جینوات بەرێ دەکەوێت . پێش گەیشتنە سەر پردەکە ویژدانی ( daen ) هەمشتێک لە بارەیەوە ئاشکرا دەکات . ئەگەر چاکە کاربوبێت ویژدانی بە شێوەی کەسێکی جوان بەڵام ئەگەر خراپە کار بێت ، دەبێتە کەسێکی پیر و تاریکی بە رویدا دادێت . لە سەر پردەکە گوێزانێکی تیژتر لە شمشێر و لە ژێریدا دۆزەخ هەیە . ( 1 چونکە رۆحی مردوەکە بگاتە ئەو جێگایە ئەگەر رزگار بێت ، دەمی گوێزانەکە لە بەرپێیدا تەخت دەبێتەوەو رێگاکە فراوان دەبێت بۆ پەرینەوە ، ئەگەر خراپە کار و درۆزن بوبێت رێگاکەی باریک

دەبێتەوە و پاش سێ هەمین هەنگاو گوێزانەکە دەیکات بە دوو لە تەوە و دەی خاتە ناو دۆزەخەوە .
ئەو کەسانەی کە لە تەرازوی دادوەریدا کردەوەی چاک و خراپیان یەکسان بێت . رەوانەی همستکان ( hamestkan برزخ ) دەکرێت و ئەویش جێگایەکە لە نێوان زەوی و ئاسمان . دۆزەخ لە چەند چینێک پێک هاتوە ، خوارترین چینی دۆزەخ لە قوڵایی زەویدایە و جێگایەکی تاریکە کە بۆگەن لێوەی بڵاو دەبێتەوە بە تایبەت دۆخی ترسناکی دۆزەخ ئاڤێستا ئاوا باسی دەکات : خراپە کاارن خۆراکی تاریکین ، وتەی ترسێنەر ) لە دۆزەخی زەردەشتیەکاندا ، باسی سوتاندن بە ئاگر نیە ، چونکە ئاگر پیرۆزەو نابێت لە گەڵ چەپەڵەکان تێکەڵ بکرێت , ئەوەی کە دۆزەخیەکانی زەردەشتی ئەشکەنجە دەدات ، سەرمایەکی زۆر و تاریکی یە . ئەم تاریکیە بە جۆرێک ترسێنەر وزەقەکە دەتوانرێت دەستی لێ بدرێت . رۆحی گوناحکاران کە بە نزجیر بەستراوەتەوە ، بۆ دۆزەخ رادە کێشرێن ، چۆنیەتی ئەشکەنجەکان تاقەت پڕوکێنن لە ماوەی سێ رۆژ ئەشکەنجەدا کەسەکە وا هەست دەکا نۆ هەزار ساڵی لە دۆزەخی تێپەڕاندوە . لە هەموو دۆخەکانی ناو دۆزەخدا جگە لە ناڵەو هاوار هیچی تر نیە . جەهەنم جێگایەکی هەمیشەیی نیە بۆ مانەوەی رۆحەکان بەڵکو جێگایەکە بۆ ئەشکەنجەدان کە تیایدا رۆحی هەرکەسێک ئازاری ئەو کردەوە خراپانەی خۆی دەبینێت کە ئەنجامی داوە تا پاش ئەشکەنجەدان بگەڕێتەوە سروشتی پاکی خۆیی و یەکێتی یەکی نوێی رۆح و جەستە ئامادە بکرێت بۆ گەڕانەوە بۆ لایی خودا .

بەهەشتیش لە تەنیشت پردی چینوات دایەو جێگای خۆشی و سەرزەوی ئەندێشە باشە کانە سەرزەویەکە کە خۆر تیایدا هەرگیز ئاوا نابێت ، بە هەشت چەندی ئاستی جیاجیای هەیە ، کە بەرو سەرو بەرزنابێتەوە .

1-لە کتێبی بۆند هشن ( bunda- hishn باسێکی تێرو تەسەلی دەربارەی پەڕینەوەی رۆح لە سەر پردی جینوات ( پردی سیرات ) کردوە بۆ زانیاری زیاتر ئەو کتێبە بخوێنەوە .

رۆحی مرۆڤ بە پێی کارو کردەوەی رابوردوی خۆی لە یەکێک لەم چینانە تا رۆژی پەسڵان ( کۆتایی دنیا ) جێگیر دەبیچت و پێویستیەکانی بەرزبوونەوە ئامادەدەکات تا بگاتە باڵاترین چین کە خانەی نەغماتی ( گاروتمان ) .

داوەری دوەم لە هەمبەر جەستە لە رۆژی پەستاندا و پاش زیندو کردنەوەی تەواوی مردوەکان ، لە دادگای دیوانی خودادا( ئاکا ) بە ئەنجام دەگات . وەزیفەی هەرتاکێک لە ژیاندا هەڵبژاردنی دۆخیچکە کە جەستە جێگەی لێبوردن ( لیبوردنی گشتی ) بێت . ئەو پێویستە ئەندێشەی پاک بر ئەنجامدانی کردەوی چاک و پاک لە بەرقاپی مزدا ئەنجام بدات و لە کارە شەیتانیەکانی وەکو ( تورەیی ، زۆروتن ، رق و درۆ ، خۆی بەدور بگرێت . بۆئەوەی کە کەسەکە بتوانێت ، لە نمایشکردنی کردەوەکانیدا جێی رەزامەندی رحی خوادیی بێت . پێویستە هاوسەنگیە ک لە نێوان ئارەزووە جەستەیی و جیهانی رۆحی بەرقەرار بکات ، لە سەر ئەو بەمایەی کە هەر تاکێکی زەردەشتی پێویستە لە زیاد کردنی خولقێنراوەماددیەکانی خوادا پارێزگاری و چاودێری بکات . رەوە گای خۆی زیاد بکات بۆ ئەوەی پاشماوەی زۆر کۆبکاتەوە . هاوسەر گیری بکات و مناڵی زۆر بخاتەوە ، تەنیا جگەلە گەنحاحێک لە دژی وەزیفەی ئاینی هیچی تر نیە . ئەو نابێت شوێن ئارەزووی شەهوەت بکەوێت کە خەڵاتێکی خودایەو لە سنووری ئاینی تێ بپەڕێت . بە باوەڕی زەردەشتیەکان ئەو راهیبانەی کە تەنیا وەک ئەو کەسانە وان کە خۆیان لە شەهوەت و مەیلی جستەیی بە دور ناگرن ، هەردوکیان پێچەوانەی ئیرادەی

خودا هەڵسوکەوت دەکەن و گوناحکارن . هیچ کەسێک نابێت لە خواردنی خۆراک خۆی بە دور بگرێت و ڕۆژو بگرێت .: ( کەسێک کە ڕۆژوو دەگرێت و هیچ ناخوات هێزی تەواوی بۆ ئەنجامدانی کارە قورسە پیرۆزەکان نیە )

هەروەها ناشبێت لە کاتی خواردندا ئەوەندە زۆر بخورێت کە ببێتە هۆی نارەحەتی جەستە . سەلامەتی ڕۆح و تەندروستی جەستە دو فاکتەری یەک بەشن و پێویستە پارێزگاری لە هەردوکیان بکەیت . وتەو قسە کردن ، لە خولقێنراوە پاکە کانی خودایە . وەزیفەی ئاینی هەر تاکێک دیاری دەکات و لە پەروەردەکردنی وتەی چاک و بە کارهێنانی وتەی باشدابە . لەوێدا کە ئیهریمەن دەستی لە کاری مردن و گەندەڵی دنیای مادیدا هەیە . هەرتاکێک پێویستە تاوان بارنەکریچت بە کردەیەک کە ئیهریمەن لە ئەنجامدانی کارە شەیتانیەکەیدا هاوکاری بکات . خۆی بەدور بگرێت . پیسی ، شتە بەسەر چوو پیس و بێکەلکەکان جێگایەکی هەمیشەین کە تیایدا ئیهریمەن هێلانەدەکات بەم جۆرە زەردەشتیان پاکی ناوماڵ هاوسەر گیری لە دایک بوون و مردن بە تەندروستی یەکی کەسێتی دادەنێت و هەموو بە پاکیزەیی تەواو و بە نیەتی ئەوەی کە خراپی لە دنیادا پاک بکرێتەوە و بە شێوەیەکی ڕەواڵەتی کە خودا لە ڕۆژی یەکەمی خولقاندندا بگەرێتەو پیادە بکەن .

بۆ دیاری کردنی ڕۆژی پەسڵان ئاڤێستا باوەڕی وایە کە لە خولگەی کاتدایە ، تەمەنی دنیا لە ئایینی زەردەشتیدا 12 هەزار ساڵە ، لە سێ هەزار ساڵ پێش ئاهورامزدا و ئیهریمەن لە تەنیشت یەکەوە بون ، جیهانی روناکی لە سەرەوەو جیهانی تاریکی لە ژێرەوە و هەوا لە نێوان مەودای ئەم دوو جیهانەدا بوو . ئاهورا مزدا یەکەمین شت - بە هەشت و ڕۆحەپاکە کانی خولقاند ، ئەو دنیای کە ئەو خولقاندی باش و رووناک بوو. گەندەڵی و نارێکی تیادا نەبوو ، هیچ یەکێک لە کارە ناپەسەندو نارێکەکان ئاهورا مزدائی نین . کاتێک ئیهرمەن خولقێنراوەکانی ئاهورا مزدای بینی وێران کردن و ئالودەکردنیانی بە هەژاری و نەخۆشی و مردن دەست پێ کرد . لە سەرزەویە تەخت و فراوانەکاندا لە ئەنجامی تەکانی توند شاخ و کێو هەورازەکان هاتنە بوون . خۆر لە شوێنی راستە قینەی خۆی لای دا ، ئاگر بویە دوکەڵ ، جەنگ لە نێوان ئاهورامزداو ئیهریمەن دەستی پێ کرد ، کە بە شکستی ئیهریمەن کۆتایی هات و سێ هەزار ساڵ بە بێ جوڵە خستیە ناو تاریکییەوە . ئاهورا مزادا لە ماوەیەدا گاو گیانەوەرانی سود بەخش و مرۆڤی خولقاند ، پاشان ماوەی سێ هەزار ساڵ جوتبوونی روناکی و تاریکی ، جەنگ لە نێوان خێرو شەردا دووبارە دەستی پێ کردەوە ، پاشان موعجیزەیەک ڕویدا ، لە مرۆڤ و گادا ، کە لە ناو چووبوون ، نوتفەیەک هاتە بوون . لە نوتفەکە گا ، ڕەو گا بە دیار کەوتن ، لە نوتفەی مرۆڤیش درەختێک ڕوا کە گە ِی زۆری پێوە بوو ، لە گەڵای ئەم درەختە یەکەمین ژن و پیاو دروست بوون و لە ژینگەی گەشە کردوی خۆیاندا بڕیاریاندا هەرگیز جیا نەبوونەوە . ئیهریمەن خواستیار بوو لە جیهان هەڵبێت بەڵام تێگەشت کە کەوتوەتە تەڵەوە . بەم جۆرە ململانێ لە نێوان چاکی و خراپی ، ناشیرینی و جوانی شێوەی ئەبەدی بە خۆی گرت ، سێ هەزار ساڵ پاش پەیدابوونی یەکەمین مرۆڤ زەردەشت بۆ ڕێنمایی کردن و هیدایەتی خەڵک بە دیار کەوت , لە کاتی دەرکەوتنی ئەودا ، سێ هەزار ساڵ زیاتر تەمەنی جیهان درێژەی نەکێشا ، لە کۆتایی هەر هەزار ساڵێکدا ، نوتفەی زەردەشت و لە مناڵدانی کچێکدا کە بە ئاوی دەریاچە سکی پڕ بووبوو ، بونەوەی لەڕادەبەدەر بە ناوەکانی ( هوشیدەر ئوشتار ( aushar و هوشیدەر مانگ ( aushtarmah و سوشیان یان ( وشیانت ) هاتنە دنیاوە . پاش لە دایک بوونی سێ یەمین بونەوەر ململانێنی نێوان خێر و شەڕ دەست پێ دەکات ، هەموو مردوەکان هەڵ دەسنەوە و کۆتایی دنیا ( قیامەت ) بەرپا دەبێت . ئەستێرەیەکی کلک دار بە ناوی گوچهر دەکەوێتە سەر زەوی . زەوی ڕووناک دەکاتەوە و هەموو میتاڵە فلزیەکان دەپەڕن و وەکو لافاو زەوی بۆڵای دۆزەخ ڕادەماڵن . هەرچی لە سەر ڕێگای ئەو لافاوەدابێت دەبێتە خۆراکی ئەو میتاڵە تواوەو ڕای دەماڵێت . ئەوەی کە ڕەگەزی خراپی و درۆ لە هەناوی ئەوانەدا بونی هەیە . دەسوتێت .

بەڵام بۆ ڕاستگۆکان  و چاکە کارەکان لافاوی میتاڵە تواوەکان هەندێک لە شیری گەرم گەرم ترە  ، ئیهریمەن و دیوانی هاوار بەری ئەو لە ئەنجامی شەپۆلی لافاوی میتاڵە تواوەکاندا ڕۆ دەچن و وێران دەبن  .  ئەوانەی کە لە م تەسفیە گشتی یەدا بە سەلامەتی جەستە دەرباز دەبن لە پێگەیشتنی بەختەوەری و خۆشی و ژیانێکی جاویدانیدا دەمێننەوە  .  لە زەوی ئاسمان ، نومردانی چل ساڵەو نورسانی پانزە ساڵە لە گەڵ هاوتەمەنەکانی خۆیاندا بە شادی و خۆشی ژیان دەگوزەرێنن.  هەر کەس دەگەڕێتەوە لای ژن و منالی خۆی  . بە هەمان شێوە  کە لە دنیادا دەژیان بەڵام ئیتر منالی تریان نابێت ، هەموو بە دەنگی بەرز  ستایشی ئاهورا مزدا و فریشتەمەزنەکانی ئەو دەکەن ، ئاهورا مزدا لە وکاتەدا کاری خۆی تەواو دەکات  ،  سوشیان لە گەڵ هاورێکانی نەریت  ( یزیشن )ی بە ئەنجام دەگەیەنن . گایەکی نوێ سەردەبڕن و لە چەرمەکەی ( هوش      (hush دروست دەکەن و دەی دەنە هەموان . بەم جۆرە هەموان بەختەوەرو خۆشحاڵ دەبن  ، زەوی بەرزدەبێتەوە بۆ لای مانگ و بۆ بەهەشت کە چوتە ناو مانگەوە یەکانگیر دەبێت .

بەرزبونەوە بۆ لای خودا ( معراج ) لە ئایینی زەردەشتدا

یەکێک لە خاڵە گرنگ و نایابەکانی ئایینی زەردەشت  ( معراجە ئارداویراف- ( ardaviraf ی پیرۆزە بۆ ئاسمانەکان  بۆ سەردانی کردنی ئاهورامزدا  ،  بۆ دڵنیا بوون لەچۆنیەتی ئەم خاڵە  کە یا نوێژو نزاو قوربانی کە لە لایەن کۆمەڵگەی ڕۆحانیەکانی زەردەشتی یەوە پێشکەش بە ئاهورا مزداو ئەو یەزدانەکانی تر دەکرێت  ، تەندروست و بەسەلامەت دەگاتە جێگای خۆی  ، و جنۆکەو ئیهریمەن هیچ سودێکی لێ نابینن . کۆمەڵگەی ڕۆحانیەتی زەردەشتی ، بڕیاردەدات یەکێچک لە ڕۆحانیەکانی بۆ ئاسمانەکان بنێرێت و پرسکە ڕاستەو خۆ  لە ئاهورا مزدا بپرسێت .

(پاشان پێشەوایان و دەستوردانەرانی ئایینی ئەنجومەنێکیان پێک هێناو گیشتنە ئەو ئەنجامەی کە داوی چارەسەرێکیان لێ بکرێت تا کەسێک تا لە مینوکان ( بەهەشتیەکان ) زانیاری بهێنێت  ،  کە ئەم پەرستن و نزاکردنە بە شێوەیەکی تایبەت جێ بە جێ دەکرێت ، (     1 ) و خوێندنی نزا لە سەر هەندێک لە خواردن و خواردنەوەکانی وەکو شیر و شەراب و ، چۆنیەتی شێوەو نەریتی ئاینی کە بە ئەجاممان گەیاندوە ، گەیشتوە بە یەزدان یان بە دیوانی یەزدان ...... لە نێوان هەمواندا وێراف  هەڵبژێردرا و پاشان ویراف سەروجەستەی شۆرد و جلو بەرگی نوێی لە بەرکردوو  بۆنی خۆشی لە خۆیدا  . تەختێکی پاکیان بۆ ئامادە کردو لە سەر ڕاخەرێکی پاک کە لە سەر تەختەکە ڕاخرابوو دانیشت  . پاشان پێشەاویانی ئایینی شەراب و ( خواردنەوەی خەوهێنەر  ) سێ جامی زێڕیان پڕکرد  .  یەک جام بە ئەندێشەی باش ، یەک جام بە وتەی باش  ، یەک جام بە کرداری باش  ، دەرخواردی ویراف یان دا .

ئەویش شەرابە کەی خوارد و لە سەر خۆ نوست  و پێشەوایان و خوشکەکانیان و ( ژنەکانی ویراف  ) حەوت ڕۆژو شەو ئاگریان کردەوەو بۆنیێکی خۆشیان لە کراسەکەی ویرافەوە دا و بە هیچ جۆرێک غەفڵەت نەبوون )

لە کۆتایی ڕۆژی حەوتەمدا ڕۆحی ویراف لە پردی چینوات ( پردی سیرات ) گەڕایەوە  ، ویراف بە شادی و ئەندێشەی پاکەوە لە خەو هەستاو سڵاوی لە ئامادە بوان و ئاهورامزدا و ئامشاسپندان و زەردەشتی پیرۆز و ئەو یەزدانەکانی تر کرد و داستانی سەفەرەکەی خۆی بەم جۆرە دەگێڕێتەوە  :

1-یەکێک لە باوەڕەکانی زەردەشتی یەکان کە لە ئایینی عیساشدا نفوزی زۆری هەیە ، و جێگیر بووە ، مەراسیمی ( خواردنی ئێوارەیە ) کە چەندین سەدە پێش دەرکەوتنی عیسا لە ناو زەردەشتیەکان و میترا پەرستاندا باو بووە .

( لە شەوی یەکەمدا سروش و ئازەر بە منیان وت ، کە زو هاتی پێش زەمان هاتیت بۆ جیهانی سەرەوە ، ویرایف دەڵێت پەیامێکم پێ یە . پاشان یەزدان دەستی ئەو دەگرێت و لە پردی جینوات نزیک دەبنەوە ، ویراف رۆحی ئەو کەسانەی کە سێ شەو پێش رۆحیان لە جەستەیان جیا بوەتەوە ، ئەبینێت کە سەرقاڵی نزا کردنن . ( سێ رۆژ دواتر رۆحی پیرۆز بە بۆنی خۆش دەڕۆن و کرداری خۆیان بە شێوەی کەنیزەکێکی پاک و خاوێن ، دەبینێت بە بالآیەکی بەرزو سنگێکی قوتەوە ئەو رۆحە پیرۆزە لێی دەپرسێت ، کە تۆ کێیت ، کە هەرگیز لە ژیاندا هیچ کەنیزەکێکی جوانتر و جوانترو قەشەنگ ترم ( 1 ) لە تۆ نەدیوە . کەنیزەکە کە وەڵام دەداتەوە ، کە من چاوگی تۆم پاشان پردی چینوات بە پانایی نۆ تیرە کرایەوە . من بە هاوکاری سروش و ئازەر بە ئاسانی بە سەر پردەکەدا رۆشتم . پاشان لە تەنیشتی مهرایزد ورشن گەیشتم ، بهرام ئیزد تواناو ئاشتات ئیزد ( زۆرکەری گەردوون ) و فرە ئایینی مزدیسنان و گەردیلەی نوری ئاهڕوان و ئەو مینۆکانی تر لە بەردەم مندا ( ئاردویراف ) یەکەمین نوێژیان خوێند و من بینیم کە روناکی ترازویەکی زەردی زێرین بەدەستیەوە بوو ، چاکەو خراپە کانی دەپێوا . )

پاشان ئاردویراف بە رێکەوتنی سروش و ئازەر بۆ تەماشاکردنی بەهەشت و دۆزەخ دەڕوات تا باشی و خۆشبەختی و ئارامی و شادی و خۆشی بەهەشت و تاریکی و تەنگی و خراپی و ئازارو ئەشکنجە و ناپاکی و نەخۆشی و ناو کیم و پیسی دۆخی جەهەنم ببێنێت . ئەو دەگاتە ئەو جێگایەی کە خەڵکیچکی زۆر پێکەوە وەستاون پرسیار لە سروش و ئازەر دەکات ، کە ئەمان کێن و ئەوێ چی شوێنێکە ؟ وەڵامی دەدەنەوە کە ئەو جێگای تاوان بارو خراپە کارانە و ئەو رۆحانە تا کاتی لێپرسینەوە (رۆژی حەشر ) لە وێدا دەمێننەوە .

چونکە تاوان و چاکەیان وەک یەکە . پاشان زۆرتر رۆشتن و گەیشتنە ئاستی ئەستێرە کان .

1-هاوشێوەیەکی زۆر لە نێوان ئەم گوزارە تەدریجی یە لە م بەشەی سەفەرنامەی ئاردیوراف دا ، وەکو ریوایەتی محمد پاش گەڕانەوەی لە معراج هەیە کە جێگای شرۆڤە کردن و تیڕوانینە ، کە محمد ئەم ئایدیای سەفرەنامەیەی ( معراج ) لە زەردەشتەوە وەرگرتوە .

کە رۆحی چاکە کاران وەکو ئەستێرەی روناک دەدرەوشێنەوە و جێگای نیشتەجیچ بوونی ئەوانە زۆر روناک بوو . دەپرسێت : ئێرە کوێیەو ئەمانە کێن ؟ وەڵامی دەدەنەوە کە ئەو جێگایە ئاستی ئەستێرەیەو ئەوانەش رۆحی ئەو کەسانەن کە پشتیان لە دنیا نەکردوەو گاتاهایان نە خوێندوەتەوە بەڵام بە هۆی چاکە کاری یەوە پیرۆز کراون ، چەند هەنگاوێک زیاتر رۆشتن گەیشتنە ئاستی مانگ و ئەنجومەنێکی چاکە کارانیان بینی .

لە نەگاوی سێ یەمدا لە هورشت ( پایەی چاکە کاران ) رۆحی چاکە کاران کە لە سەر تەخت و ڕاخەری زێڕ بون دەبینن ، سروش و ئازەر پێی دەڵێن کە ئەمانە ئەو خەڵکانە بوون کە باش پاشایەتی و رێبەرایەتیان کردووە ، لە هەنگاوی چوارەمدا ، دەگە نە گروتمان ( عەرش ) کە جێگایەکی ئاسایشە ،

ڕۆحە پاکەکان دێنە پێشوازی ئەو ، ڕۆحی ئەوکەسانەی کە بە خواردنەوەی ئاوی حەیات مانەوی جاویدانی یان بە دەست هێناوە .

( پاشان ئامشاسپند و هومن لە سەر تەختی زێڕین هاتنە خوارو دەستی منیان گرت منیان برد بۆ لای ئاهورا مزدا و وئامشاسپندان و ئاهروان و فروهەر و زەردەشت ئەو خوداکان و پێشەواکانی تری ئایینی . هومن بە منی وت کە ئەوەیە ئاهورا مزدا کە من بۆ ئەو نزام دەکرد نوێژم دەکرد ، ئەو وتی کە نوێژی ئاردویراف دروست بوەو گەیشتوەتە ئەو جێگا تایبەتە و فەرموی کە سروش و ئازەر من ببەن و پاداشتی چاکەم بدەنەوە .

پاشان سروش و ئازەر ئاردویراف دەبەنە تەنیش ڕووبارێک کە ڕۆحێکی زۆری لە دەور وەستاوە ، دەپرسێت کە ئەم جێگایە کوێ یە و ئەمانەکێن ؟ پێی دەڵێن ، کە ئەم ڕوبارە فرمێسکی چاویئەو کەسانەیە کە بە پێچەوانەی حکومی ئایینی لە پاش مردوەکان ڕژاندویانە ، ئەو کەسانەی کە لە تەنیشتی ئەم ڕووبارەن ئەوانەن کە پاش ئەوانەی دەمرن دەگریەن و شیوەن دەکەن ئەوانەی کە سەرنج دەدەن کەمتر دەگریەن .

ئاردویراف جارێکی تر بۆلای پردی چینوات دەگەڕێتەوە و دەبینێت کە ڕۆحی گوناحکاران سەرگەردانن و هەوایەکی سارد بەرەو ڕویان دێت ( لەو با یەدا daeri ) ویژدان ) ی گوناحکار کردەوەکانی خۆی بە شێوەی ژنێکی خراپە کارو بۆگەن و ناشیرین دەبینێت . ڕۆحەکەی پێی دەڵێت ، تۆ کەسێکی کە من لە تۆ ناشیرین تر کەسێکی ترم نەبینیوە . ئەویش دەڵێت کە من چاوگی تۆم ، لەو لاتربینیم کە ناو دۆزەخ وەک قوڵترین چاڵ تەنگە ، بێباک تاریک و ناخۆش و هەرکەس کە لەوێ یە بەم جۆرە بیردەکاتەوە ، کە تەنیایە .

هەموو گیانەوەری درندە بوو کە ڕۆحی خراپەکارانیان بە چنگ دە گرت و لەت و پەتیان دەکرد .

ڕۆحێکم بینی کە لە ناو چەند مارێکدا پێوەیان دەداو قوتیان دەداو دەریان دەهێنایەوە ، ڕۆحی ژنێکیشم بینی کە تەشت بە تەشت پیسی خەڵکی دە خواردەوە ، وتیان کە ئەو لە کاتی سوڕی مانگانەدا نزیک بوەتەوە لە ئاگری پیرۆز ، ڕۆحی پیاوێکیشم بینی کە خوێنی حەیز ( خوێنی سوڕی مانگانەی ژن ) یان دە رخوارد دەدا ، وتیان ئەوە لە گەڵ ژنێکدا جوت بوە کە لە کاتی سوڕی مانگانەدا بووە . ڕۆحی 1نێکم بینی کە بە مەمکی هەڵواسرابوو ، وتیان کە ئەو لەگەڵ پیاوێکی بێگانە جوت بوە ، ڕۆحی ژنێکی ترم بینی کە ژمانی خۆی بە گەردنی ڕادەکێشاو سەرەو خوار هەڵواسرابوو ، وتیان ئەوە ڕۆحی ژنێکە کە کەوتوەتە شوێن ئارەزوو خۆشیەکانی خۆی ( 1 )

بەم جۆرە ڕۆحی زۆرێک لە گوناحکاران دەبینێت کە هەریەکەیان بە جۆرێک ئەشکەنجە دەدرێن ، پاشان سروش و ئازەر دەستی ئەویان گرت و بردیان بۆ ( پرچکاتی دایتی – شاخێکە کە پردی سیرات لە وێوە دەست پێدەکات ) و دۆزەخیان پیشاندا . دواتر ئەویان لە دوزەخ دەرهێناو پێیان وت :

( تۆ بەندەیەکی باشی و بگەڕێوە بۆ جیهانی سروشتی و هەرچیت بینی و زانیت بۆ خەڵکی گێتی بگێڕەوە و بە هەر کەس ڕاست و دروست بڵێت دەزانم و دەیناسم )

لەو سەردەمانەی کە بەنی ئیسرائیل لە بابل دیل بوون و پەیوەندیان بە گروپە جیاجیائایینیەکانەوە هەبوو ، ئایینی زەردەشتی کاریگەری زۆری لە سەر باوەڕی ئایینی ئەوان هەبوو ، کە لە بەشە جیاجیاکانی تەوراتدا باسی دەکەین ، بە کورتی ئەگەر یەهودیەت توانی ببێتە یەکێک لە شێوە سەرەکیەکانی ئایینی جیهانی

1-بۆزیاتر وەرگرتنی زانیاری لە سەر چارەنوسی گوناحکاران لە ئایینی زەردەشت دا . سەیری سەفەرنامەی ئاردویرافی پیرۆز بکە .

و باوەڕی پێشکەوتوانە لە خۆی بگرێت و یەهودیەت لە شێوەی خودای خێڵەکی و باوکی یەوە دەر بێنێت و ببێتە ئایینی گشتی و یەکتاپەرستی ، لە ئەنجامی کاریگەری پەیوەندی بە ئایینی زەردەشتیەکانەوە بووە . پاش شکستی دارا بە دەستی ئەسکەندەری مەکدۆنی و دەستبەسەردا گرتنی یونانیەکان بە سەر ئێراندا پرۆپاگندەی ئایینی زەردەشتی توشی شکستێکی گەورەبوو ، سولوکیدیەکان کە هەدەفیان بڵاو کردنەوەی شارستانیەتی یونانی بوو لە ئێراندا ، گرنگیان لە سەر ئایینی ناو خۆیی و دانەدەناو ئایینی زەردەشتیان توشی لاوازی و سەرلێشێواوی کرد ، ئەم جیاکاریە تا سەردەمی حکومەتی ساسانیەکان بەردەوام بوو . گەشەکردنی ئایینی زەردەشتی بە درێژایی دەسەڵاتداریەتی ساسانیەکان گەیشتە لوتکە ، پاش هێرشکردنی عەرەب بۆ سەر خاکی ئێران ئاینی زەردەشتی گەمو گوری جیهانی خۆی بۆ هەمیشە لە دەستدا . عەرەبەکان کە لە ساڵی یەکەمی مێژووی ئیسلامدا هەتا دواتریش تەنیا ڕێگایان سودیان لە هێزی شمشێر وەردەگرت تا ئاینی ئیسلام بڵاو بکەنەوە ، لە ئازاردان و ئەشکەنجەدانی زەردەشتیەکان بۆ بەرگری کردن لە ئەنجامدانی نەریتی ئاینی بە هەر ناونیشانێک بوو دەستیان نەپاراست ، هێشتان سەد ساڵ بە سەر هێرشی ئیسلام بۆ سەر ئێران تێنە پەڕی بوو ، کە کۆمەڵە یەکی زۆر لە زەردەشتیەکان لە ئێرانەوە کۆچیان کرد و لە هندستان و ئەو وڵاتانەی کە دەکەونە دەوروبەری دەریای هندەوە نیشتە جێ بوون ، بۆئەوەی دەستی عەرەب نەیان گاتی ، هندیەکان بە سۆزو خۆشەویستی و سەلامەتی دەرونیەوە لە گەڵچ زەردەشتیەکان مامەڵەیان دەکردو ئازادیان کردن لە ئەنجامدانی نەریتی ئایینی خۆیان . داستانی سەفەری پارسەکان بۆ هندستان و نیشتە جێ بونیان لەو وڵاتە لە کتێبێکدا بە ناوی ( سنجان ) لە 1600 زاینی نوسراوە ، ئێستا لە هندستان نزیکەی سەد هەزار زەردەشتی دەژین ، کە بە هۆی ڕەنگی سپی ڕوخسارو باڵای بەرز یان لە هندیەکان جیاوازترن . زەردەشتیەکان لە ئەنجامدانی مەراسیمی ئایینی خۆیاندا زۆر وردوو بە سەلیقەن کۆمەڵگەی زەردەشتیەکان لە سۆنگەی دەستکەوت و سەروەتەوە بەناو بانگن . باشترین هۆتێتل و فرۆشگا و کارخانەی گەورە هی ئەوانە . بۆ زەردەشتی یەکان سەدەی دەیەمی زایینی نەتەنیا کاتی کۆچکردنی بە کۆمەڵ بوو بەڵکو ئەم سەدەیە سەدەی چالاکی ئەدەبی و ئاینی زەردەشتیەکان بوو . کتێبی ئاڤێستا کە تەنیا خەڵکێکی کەم تێی دەگەیشت بەو زمانەی کە هەموان لێی تێبگەن وەرگێڕ◌ٍدراو بڵاو کرایەوە و چەندین وتاری جۆراو جۆر بۆ بەرگری کردن لە ئایینی زەردەشتی لە بەرانبەر هێرش و پەلاماری ئایینەکانی تر و بە تایبەت ئایینی ئیسلام نوسرا و بڵاو کرایەوە .

بەشی دووەم : موسا و ئایینی یەهود

بەرایی یەکەم : پێشینەی مێژوویی

بەرایی دووەم : ئایینی یەهود

1-پەیمان

2-خودای نادیار

3-ناوی خودا

4-جێگەی یەهود

5-موعجیزەکانی یەهود

6-خەسلەتی یەهود و مرۆڤی خودایی

بەرایی سێ یەم : کتێبی پیرۆزی یەهود

بەرایی چوارەم : دروشم و قوربانی کردن

بەرایی پێنجەم : دنیای پاش مردن و بەهەشت و دۆزەخ

بەرایی شەشەم : چاوەروانی دەرکەوتنی ناجی

بەرایی حەوتەم : بۆنەو جەژنەکان

بەرایی هەشتەم : مەراسیمی پەرستنی رۆژانە .

بەرایی نویەم : کورەکانی ئادەم تا موسا

1-نوح

2-ئیبراهیم

3-یەعقوب و یوسف

بەرایی دەیەم : موسا

بەرایی یانزەیەم : سەردەمی داوەران – دەست پێکی دەسەلاتی یەهود و لە ناوچوونی

بەرایی دوانزەیەم : پەیامبەرەکانی بەنی ئیسرائیل

بەرایی سیانزە هەم : سەردەمی نوێی کهانت و پەرشو بلاوی خێلی یەهود

بەرایی چواردەیەم : لێک جیابونەوەو جیاوازی یەهود

بەرایی پانزەیەم : فەلسەفەی یەهود ، کاریگەریەکانی ئاینی یەهود ، پێکهێنانی دەولەتی نوێی یەهود

بەشی یەکەم :

پێشینەی مێژوویی

ناوچەیەکی گەرمو وشک کە لە نێوان دوو روباری فورات و دیجلە دا تا دەریای مدیترانە درێژبوەتەوە ، و ئەمرۆکە بە ناوی ( ئێراق و ئەردەن و فەلەستین ، هاوشێوەی دوورگەی سینا و شامات دەناسرێت . لە چاخە کۆنەکاندا جێگەی رەشمال نشینەکان بو کە بە پێی دۆخی کەشو هەوا و لەوەر گای مەرو مالات و ئاژەلەکانیان کۆچەری بوون . خەلکی ئەم ناو چەیە بریتی بوون لە خێلە جیاجیاکانی وەکو ( نەژادی سامی و ئاریایی و هیتی - hittites ئاموریان و هۆریان و کەنعانیەکان و خۆرییان پێک دەهێنا . باوەرەی زۆر سادەو سەرەتاییان هەبوو وەک پەرستنی فاکتەرە سروشتی یەکانی بەرد و رۆحەکان . ژیانی رەشمال نشینی لە بیاباندا ، مۆلەتی ئەوەی نەدەدان کە ئایینێک بە دروشمی قەبەوە قبول بکەن ، و داب و نەریت و پەرستن زۆر ئەنجام بدەن ، لەم ناوچەیە هیچ سەردەمو کاتێک دەولەتێکی بە

هێزی ناوچەیی بوونی نەبووە  زۆرینەی فەرمان ڕەواکان بچوک و جیاجیا بوون  ،  لە ژێرسایەو دەسەڵاتی دەوڵەتە مەزنەکانی دراوسێدا بوون  وەکو خێڵی بابلیەکان و ، میسر و ،  ئێران  و ،  یونان و ڕۆم  ، بە شێوەیەکی گشتی فەرمان ڕەوایەتیان دەکرد  .

پاش کۆچی دوایی حامورابی  ، سوڵتانی  بەهێزی ئاشور  و لاواز بوونی ئاشوریەکان

خولگەی فشارو هێرشی هۆزە جیاجیاکانی ئاریایی خێڵە کۆچەریەکان ناچار بوون نیشتمان بە جێ بهێڵن و بەرەو خۆرئاوای ناوچەکانی دەوروبەری دەریای مدیترانە کۆچ بکەن  ،  دەستەیەک لەم هۆزە بیابان نشینانە بە هاورێیەتی هیتی یەکان یەکیان گرت و هێرشیان کردە سەر دەوڵەتەکانی ڕووباری نیل . ئەم کۆمەڵە هۆزە جیاجیایە کە لە مێژوودا بە ناوی  ( ئیکسوس  -   iksos )ناسراون  ،  دەستیان گرت بە سەر میسری باشووردا و مێ ینەکانیان ئاوس کردن و نزیکەی یەک سەدە و نیو  لە  ( 1750 تا 1850 ) پ-ز حکومڕانیان لە دەستدابوو . تا لە دوایدا خەڵکی میسر ڕاپەڕین و ئەوانیان لە سەر خاکەکەیان وەدەرنا  .  هەر لە و خێڵە بیابان نشینانە کە هاوڕی بوون لە گەڵ هێرش بەراندا دواتر بە هۆی جوڵەی بازرگانیەوە بۆ میسر گەڕابوونەوە تا سەردەمی  ( ڕامسسی دووەم ) لە میسر مانەوە  ، ڕامسس ئەوانی بە بێگاری گرت  ،  پاش مردنی ڕ ◌امسس و کەم بونەوەی فشاری حکومەت لە میسر ئەم کۆمەڵەیە بە شێوەیەکی تەدریجی لە میسر چونە دەرەوە و گەڕانەوە بۆ زێدی باو و باپیرانیان .

ئەم سەرگوزشتە کورت و نادیارە بەڵام هەقیقەتی کورتەی مێژووە ،  هەوێنی پێک هێنانی ئەفسانەیەکی مەزنە بە ناوی ئایینی یەهودەوە،  کە بە نۆبەی خۆی بە شێوەی شادەمار و ژێربینای دوو ئایینی تری جیهانی ئێمە دادەڕێژێت .

بە سەرهەڵدانی ئایینی یەهود  مەزنترین گۆڕانی ئایینی لە مێژوویی مرۆڤایەتی و جیهانی ئایینەکاندا ڕویدا  .  مرۆڤ باڵاترین شاکاری هزری ئایینی خۆی لە ژێر ناونیشانی خودایەکی نادیار بۆجیهان پێشنیار کرد . ئایینی یەهود  ، یەکەمین ئایینە کە خودا بەشێوەی مرۆڤ لەگەڵ مرۆڤ قسە دەکات  ، فەرمانەکانی خۆی دەگەیەنێت و لە بەشە بچوکە کانی ژیانی ڕۆژانەی مرۆڤدا دەست وەردەدات . تا ئەو کاتە خەڵکی ئەم بەشەی دانیشتوانی خۆرهەڵات  یەکێک لە فاکتەرەکانی سروشت وەکو بەرد و ڕۆح و بت کە خۆیان دروستیان کردبوو بە خاوەنی هێزێکی لە ڕادە بەدەری سروشتی دەزانی و لە بەرانبەریدا کرنشیان دەبرد ، لێی دە پاڕانەوەو قسەیان لە گەڵ دەکردوو چاوەڕوانی هیچ وەڵامێکیش نەبوون لە لایەن ئەم خودایانەوە  .  لەو کاتەبە دواوەو بە سەرهەڵدانی ئایینی یەهود مرۆڤ خودایەکی تری لە شێوەیەکی تردا دروست دەکات ، مرۆڤ خودایەکی نوێ دەخولقێنێت و بە تەواوی خەسڵەتە باشو خراپەکانی خۆی ئەو خودایە بۆ ئاسمانەکان بەرزدەکاتەوە تا هێزی خودایەتی خۆی لە سەر تەواوی مەودای گێتی فراوانتر بکات ، لە کتێبی پیرۆزی یەهود دا دە نوسێت :

( خودا وتی لێمگەڕێ مرۆڤ بە شێوەی ئێمەو هاوشێوەی ئێمە دروست بکەین تا فەرمان ڕەوایەتی بکات لە سەر هەموو ماسیەکانی ناو دەریاو باڵندەکانی ئاسمان و لە سەر هەموو بونەوەرەکانی زەوی )
پەرەگرافی 26-1

بە جێ گۆڕکێ پێکردنی دوو زاراوە لەم دەستە واژە یەدا ، مەزنترین گۆڕانی ئایینی ڕویدا ، خودا لە بوونی مرۆڤدا شێوەی گرت  ،  و لە مرۆڤدا پێگەیشت و لە گەڵ مرۆڤدا پێشکەوت ، مرۆڤ خەسڵەتەکانی خۆی گواستەوە بۆ خودا  ،  هەر ئەوەی کە ئارەزووی دەکرد  لە پەیکەرەی ئەودا جێگیر بوو .

خودا کان لەم سەردەمە بەدواوە تورە و نیگەرا دەبن  ، بەخشندە دەبن  ، سەرپێچی کاران ئەشکەنجە دەدەن ، دوژمنان وێران دەکەن ، هێزی خۆیان بە کردەی موعجیزە ئاسا نمایش دەکەن ، خەڵکی ملکەچ

پاداشت دەکەن ، ئیرەیی دەبەن ، مەکردەکەن ، لە کردەی خۆیان پەشیمان دەبنەوە ، لە جەنگەکاندا لە پێش لە شکری پەیڕەوکارانیانەوە هێرش بۆ سەر دووژمان دەبەن ، بەرد دە هاوێژن ، تیردەهاوێژن ، شمشێر دەوەشێنن ، خەڵک دەکوژن ، و دوواتر بە لەدایک بوونی عیسا خودا خۆی دێتە سەر زەوی :

( ئەوەی کە مەسیح دەبینێت خودا دەبینێت ) یوحەنا 9-14

خودا لە بوونی مەسیحدا ماوەیەک لە گەڵ هاوشێوەکانی خۆی ژیان دەگوزەرێنێت ، لە گەڵ ئەوان نان دەخوات و پیاسە دەکات . ئامۆژگاریان دەکات ، پاشئەوەی کە بە دەستی هاوشێوە یەهودیەکانی خۆی دەکوژرێت ، دووبارە دەگەرێتەوە بۆ ئاسمانەکان و دەست دەکاتەوە بە کاری خودایی خۆی .

بەرایی دووەم :

ئاینی یەهود

تەوەری سەرەکی ئاینی یەهود دوو بنەما پێکی دەهێنێت :

1-پەیمانی یەهود بە قەومەکەی ، و هەڵبژاردنی بەنی ئیسرائیل بە شێوەی قەومی هەڵبژێردراوی خۆی .

( ئەو کاتەی کە لە پێشترین خوداکان ڕێژەیان بە خشیەهەر گەلێک ،

ئەو سنووری گەلەکانی لە سەر بنچینەی ڕێژەی خوداکان دیاری کرد .

بەختی یەهود قەومەکەیەتی ، یەعقوب میراتی ئەوە – یەهود ئەوی

خستە بیابانێکی وێران ، لە بیابانێکی وێران و ترسناکدا ئەوی دەوردا و

مەبەستی بوو ئەو وەکو گلێنەی چاوی خۆی بپارێزێت . هەروەکو

بەرگرێک چۆن باڵندەیەک چۆن باڵەکانی بڵاو دەکاتەوە بە سەر بێچوەکانییدا

بۆ ئەوەی هیچ زیانێکیان پێ نەگات ئەم جۆرە یەهودیە بە تەنیا

ئەوی ڕێنمایی کردو لەگەڵ ئەودا هیچ خودایەکی تر بوونی نەبوو )

تتنیە 13/8-32

پەیمان ڕێکەوتنێکە سەبارەت بە نێوان دوولایەن . بە پێچەوانەی هەنێک بۆچوونی وەسێت و ڕاسپاردەوە ، پەیمان پابەندیەتی پۆزتیڤی و شیاوی لە هەردوولایەنی هاوپەیمان دەوێت . بەڵام لە هیچ یەکێک لە پەیمانەکانی تەوراتدا سیغەی قبوڵ لە لایەن ، لایەنی لاوازی گرێبەستەکەدا بەرچاو ناکەوێت و داڕشتنەکەی وەک دەستەواژەی ئەو پەیمانانەی کە پاشا هیتی یەکان دەیان دا بە خەڵکی قەڵەم ڕەوی ژێر دەسەڵاتی خۆیان سەرچاوەی گرتوە ، پەیمانەکانی پاشاکانی هیت کە چەندین نموونەیان لە پشکنینە شوێنەوار ناسیەکاندا دەست کەوتوە هەمیشە هەڵگری سێ خاڵی خوارەوە بوون :

1-پێشەکیەکی مێژووی لەو کارو کردەوانەی کە پاشاکان بۆ ڕەفاهیەتی گەل لە ڕابردوودا ئەنجامیان داوە .

2-فێرستی ئەو داواکاریانەی کە پاشا یەک لایەنە خستویەتیە ئەستۆی گەلەوە .

3-فێرستی پاداشت سزاکان .

لە تەواوی پەیمانەکانی یەهود دا کە داویەتی بە قەومی یەهود ئەو سێ خاڵەی سەروە بووەو بریتی یە لە کۆی ئەو کردەوانەی کە یەهود لە ڕابردودا بۆ قەومی ئیسرائیلی ئەنجام داوە. هەندێک کۆت و پێوەندو مەرج و داخوازی و دواتریش فێرستێکی پاداشت و بەدبەختیەکان .

یەکەمین پەیمانی تەورات پەیمانێکە کە یەهود باوەڕ بە نوح بهێنێت :

( ئەوەی کە من پەیمانی خۆم بە تۆ و بە نەوەکانی دوای تۆ و تەواوی ئەو گیانەوەرانەی کە لەگەڵ تۆ باشن وەکو باڵندەکان و هەموو ئەو گیانەوەرانەی کە لە کەشتیەکەدا هاتنە دەرەوە ئەوانەیشی لە سەر زەوین هەتا گشت گیانەوەرانی سەرزەوی پەیمان بە تۆ دەدەم کە جارێکی تر هەر جەستەیەکی تر لە ئاوی تۆفان غەرق نەبێت و ئیتر تۆفان ڕونەدات تا زەوی وێران نەبێت . ) دەستپێک 12/8-9

وە بە شێوەی هێمای میساقی نێوان خۆی و نوح دەڵێت :

(ئەوەیە هێمای پەیمان کە دەی بەستم . لە نێوان خۆم و تودا کەوانەی خۆم لە هەوردا دادەنێم ، بە هێمای ئەو پەیمانەی کە لە نێوان من و گیانەوەراندا دەبەسترێ ، دەمەوێت سەرنجی بدەیت تا ئەو پەیمانە بە جاویدانی کە لە نێوان خوداو گیانەوەراندا بەستراوە بهێنمەوە یاد ) دەستپێک 12/15-9

ئەم پەیمانە پێشەکی پەیمانەکانی دواترە و داخوازیە ، کە تەورات دەهاوێتە ئەستۆی قەومی ئسیرائیل . پەیمانی دواتر لە نیوان یەهود و ئیبراهیمدایە ، نەوەی قەومی یەهود ڕێک دەخرێت . سەرەتا یەهود بە دۆخی پاشاکانی یەرزەی یەکانی خۆرهەڵاتی نزیک بە ئیبراهیم دەست پێ دەکات . کە ئەو بوو بە ئیبراهیمی وت لە ویلایەتی خۆت لە ماڵی باوکی خۆت ، بەرەو ئەو ناوچەیەی کە ئەو پیشانی دایت پەل بهاوە . پاشان لە هەمبەر بەڵینە کان دەڵێت :

( لە تۆ میللەتێکی مەزن دروست بکەم و بەرەکەت بە تۆ ببەخشم و ناوی تۆ مەزن بکەم ، و بەوانەیشی کە منیان پیرۆز کردوە بەرەکەتیان پێ ببەخشم و نەفرەت لەوەش بکەم کە تۆ بە گومڕا دەزانێت و بە تو و گشت ئەو قەبیلانەی جیهان بەرەکەت تان پێ ببەخشم ) دەست پێک 1/1-12

( ئێستا چاوی تۆ کراوەیە لە و جێگایەی کە تیایدایت بەرەو لای شیمال و جنوب و خۆرهەڵات و خۆر ئاوا برۆ . هاوکات تەواوی ئەو زەوی یەی کە دەی بینی تا ئەبەد بە خشیومە بە تۆو بە نەوەکانی تۆ . نەوەکانی تۆ هەروەکو غوبار بە سەر زەویدا بڵاو دەکەمەوە . چوونکە ئەگەر توانی گەردی زەوی بژمێرێت ، ئەتوانێت نەوەکانی تۆش بژمێرێت ، هەستە و بە پانی و درێژی زەویدا بگەڕێ . ئەوەیە کە بە تۆم بە خشیوە ) دەست پێک 14/18-13

پاش هەموو ئەو بەڵێنانە ، دۆخی ڕاسپێردراو کە لایەنی لاوازە پێویستە لە ئەستۆی بگرێت . و دەرئەنجامی ئەوەش بە شێوەی هێمایەک بۆ بەرقەراری پەیمانەکەو پیادە کردنی لە لایەن یەهودەوە . دەڵێت : ) ئەوەیە پەیمانی من کە دەبێت ئاگاداری بکەیت ، و لە نێوان من و تۆو نەوەکانتدا ، دواتر لە تۆ وە بۆ هەر نێرینەیەکی تر پێویستە خەتەنە بکرێت و ئەو گۆشتە زیایەی نێرینەی ببڕێت تا ببێتە هێمای ئەو پەیمانەی کە لە نێوان من و تۆدا هەیە . هەرکۆڕپەیەکی نێرینە پاش هەشت ڕۆژ لەدایک بوون پێویستە خەتەنە بکرێت . هەرکوڕێک لە نەوە کانی تۆ ئەگەر خانەدا ن و ئەگەر هەژاریش بێت وە

ئەگەر ئەو کورە بێگانەیش بێت دەبێت خەتەنە بکرێت تا پەیمانی من و تۆ لە گۆشتی تۆدا پەیمانێکی جاویدانی بێت ) دەست پێک 13/10-17

وە لە هەمبەر کۆنەپەرستەکان لەم دەستورەدا ( یەهوە ) خودا سزای مەرگیان بۆ پێش بینی دەکات و دەڵێت : ( وە بەڵام هەر نێرینەیەکی خەتەنە نەکراو کە گۆشتە زیادەکەی نێرینەی نەبڕاوە ئەو کەسە لە قەومی خۆت بێ بەری بکە ئەگەر نا ئەوا پەیمانەکەی نێوان من و تۆ شکاوە ) دەستپێک14-17

یەهوە جارێکی تر پەیمانی خۆی لەگەڵ یەعقوب نەوەی ئیبراهیم نوێدەکاتەوە و پێی دەڵێت : ( منم یەهوە خودای باوکت و خودای ئیسحاق ، ئەو سەر زەویەی کە تو تیایدا نیشتەجێی دەیبەخشم بە تۆ و بە نەوەکانی تۆ کە لە دئایندەدا وەکو تۆزو گەرد زیاد دەکەن ، وە تۆ نەوەکانی تۆ و کۆیی قەبیلەکانی سەرزەوی بەرەکەتان پێ دەبەخشم . تا ئەوەی وتومە جێ بەجێی نەکەم تۆ ئازاد ناکەم ) دەستپێک 16/13-28

پاش نزیکەی شەست ساڵ بێ دەنگی یەهوە لە دامێنی کێوی سینا بە موساو تەواوی ئەو خەڵکەی کە لەگەڵ موسادا لە میسرەوە هاتبوون . پەیمانی خۆی نوێ کردەوە و لە سەرەتادا بە بەنی ئیسرائیل دەستپیچ دەکات : ( منم یەهوە خودای تۆ کە تۆم لە سەر زەوی میسر و خانەی بەندایەتی دەرهێنا ) دەرەوە 2-2

پاشان لە هەمبەر داخوازیەکانی بەنی ئیسرائیل لە بەرانبەر خودای خۆیدا دەڵێت :

( نابێت خودای تر جگە لە من بپەرستیت ، ڕیشی تاشراو هیچ پەیکەرێک ئەوەی کە لە ئاسمانە کان هەیە و ئەوەی کە لە سەرزەوی هەیە و ئەوەی کە لە ناو ئاو و لە ژێر زەویدا هەیە دروست مەکە و لە بەردەم ئەوانەدا کرنوش مەبە و ئەوانە مەپەرستە . ناوی یەهوە خودای خۆت بە هیچ مەبە . ئەگینا گوناح بار دەبیت ، ڕۆژی شەممە ڕێز لێ بگرە و پیرۆزی کە شەش ڕۆژ سەرقاڵی کار کردن بەو هەموو کارەکانت جێ بە جێ بکە ، بەڵام ڕۆژی حەوتەمین یەهوە خودای تۆیە . لەو ڕۆژەدا هیچ کارێک مەکە ، تۆو کورەکەت و بەندەکەت و کەنیزەکەکەت و هەموو خزمو کەس و میوانەکانت کە لە ناو دەروازەکانی تۆدان . هاوکات کە خوداوەند لە شەش ڕۆژدا ئاسمان و زەوی و دەریاکان و ئەوەی کە لە ناویاندایە دروستکردو لە ڕۆژی حەوتەمیندا پشوی دا .

بەو هۆیەوەیە کە دەبێت ڕۆژی حەوتەم ڕێز لێ بگریت و پیرۆزی کەیت . ڕێز لە دایک و باوکت بگرە ڕۆژەکانی تەمەنی تۆ لە سەر زەوی کە یەهوە خودای تۆ پێت دەبەخشێت ، درێژ بکرێتەوە . قەتڵ نەکەی ، زینا نەکەی ، دزی نەکەی ، لە سەر دراوسێکەت شایەتی درۆ مەدە ، تەماح مەکەرە ماڵی دراوسێکەت بە ژنی دراوسێکەت و بەندەکەی و کەنیزەکەکەی و گاکەی و مەرو ماڵاتەکەی کە هەیەتی . ) دەرەوە 17/1-20

یەهوە لە سەفەری ( 1 ) تسنیە ( Deuteronomy ) کە لە هەقیقەتدا ڕاگەیەندراوی ماڵ ئاوایی کردنی موسا بوو لە گەڵ بەنی ئیسرائیل .... پەیمانی خۆیی و داخوازیەکانی بەنی ئیسرائیل بەجدی وە بیر دێنێتەوە . :

( من کە یەهوەم خودای تۆم کە تۆم لە سەرزەوی میسر و خانەی کۆیلەیەتی دەرهێنا ... من کە یەهوەم خودای تۆم خودای پارێزەری ناموس و گوناحی باوکان لە سەر کورەکانیان تا پشتی سێیەم و چوارەم ئەوانەی کە من بە دوژمن دەزانن دەیەنم و ڕەحمیان پێ دەکەم تا هەزار پشت لە سەر ئەوانەی کە من بە دۆست دەزانن و حکومەکانی من پارێزگاری لێ دەکەن .) تسنیە 10/6-5

(هاوكات كه تۆ ، بۆ يەهوه ، خوداكەت قەومێکی پیرۆزی . يەهوەی خودات تۆی هەڵبژاردوه تا له ناو هەموو ئەو خێلانەی كە لە سەر زەوین قەومێکی تایبەت بی بۆ ئەو .

1-سەفەر ( sepher( بە لابردنی سین و ف ، بە مانای كتێبی مەزن و له دەستەواژەکەدا بە هەریەک لە بەشە پێنج لایەنەكانی دەستپێکی کتێبی پیرۆزی یەهوه ناوزەد كراوە .

هاوكات خوداوەند تۆی بە دەستێکی بەهێزەو هێنایە دەرەوە ئەوە یە خودا ، خودایەکی پاک کە پیەمان و ڕەحەتی خۆی دەبەخشێت بە وانیە کە ئەو بە دۆست دەزانن و فەرمانەکانی جێ بە جێ دەکەن تا هەزار پشت ئاگاداریان دەكەم و ئەوانەیشی کە ئەو بە دوژمن دەزانن ئەركی قورس و تاقەت پڕوکێن دەخاتە ئەستۆیان تا هیلاک بین ، هاوکات ئەو فەرمان و ئەرک و ئەحکامانەی کە ئەمڕۆكە بۆ جێ بە جێ کردن دەی خەمە ئەستۆی تۆ پارێزگاری لێ بكە . تسنیە 6/12-7

چەند سەدە دوای موسا ، لە سەردەمی داود ، یەهوە پەیمانی خۆی لەگەڵ قەومی یەهود نوێکردەوە و لە لایەن ناتان پەیامبەرەوە ئەوەی ڕاگەیاند .

قەومی هەڵبژێردراوی خودا ، بۆجاری دووەم بە بۆتەی فەرامۆشی دەسپێردرێت و پەیمانی سینا لە یادگەدا دەسڕێتەوە . تەنیا پاش شکستهێنانی بەنی ئیسرائیل بە دەستی ئاشوریەکان سەردەمی دیل بونیان لە بابلە کە یەهوە دەکەوێتەوە بیری قەومی یەهود و پەیامبەرەکان پاش دورکەوتنەوەیان کۆتایی دێنن بە بێ دەنگی ماوەدرێژی یەهوە .

( کاتێکی کەم تۆم لەیاد کرد ، بەڵام بە سۆزی مەزنی تۆ کۆدەبینەوە ، بە تورەبونی خۆم بۆ چەند ساتێک دۆش دامام ، بەڵام بە باشی جاویدانی تۆ ڕەحمت پێدەکەم ، هەر جۆر سوێندم خوارد ، کە توفانەکەی نوح جارێکی تر لە سەر زەوی ڕونەداتەوە ، ئاوهاش سوێند دەخوم کە لە تۆ تورە نابم و سەرزەنشتت ناکەم ، شاخ و کێوو تەپۆلکەو بەرزایەکان دەگۆڕێن . بەڵام هەستی من لە هەمبەر تۆ هیچ ناگۆڕێت وپەیمانی سەلامەتی من بۆ تۆ هیچ گۆڕانی بەسەردا نایەت ) ئشعیا 9/10-54

عزرا و نحمیا ، پاش وەبیر هێنانەوەی پرۆسەکان کە یەهوە لە ڕابوردوودا بۆ ڕزگاری بەنی ئیسرائیل ئەنجامی دابوو . پەیمانی نوێی یەهوە یان وەبیری خەڵکی هێنایەوە .

جیاوازیەکی زەق بە دی دەکرێت لە نێوان دوو پەیمانی کۆن و نوێی یەهوە کە لە تەوراتدا بە قەومی ئیسرائیلی دابوو ، گرنگی یەکی لە ڕادەبەدەرە لە پەیمانی نوێ بە یاساو شەرع دەدات و پیادەکردنیشی دەخاتە ئەستۆی قەومی یەهود . پەیمانی نوێ شێوەیەکی فەرمانی و خواوەندی لە خۆی دەگرێت و ڕێنمایی جاویدانی بە خۆی دەدات . نوسراوەکانی ئەو سەردەمە و حکومەتی ئایینی یەهود پاش ڕزگاربوونیا لە دیلی هەمان سەرنج لە سەر پەیمانی نوێ شرۆڤە دەکات .

بوونی چەندین پەیمانی جۆراو جۆری یە هوە بە قەومی یەهود لە تەوراتدا و باوەڕی ڕەها بەم پەیمانانە کە قەومی یەهود تەنیا قەومێکە خوداوەند بە تایبەتی لە ناو قەومە جیاجیا کاندا هەڵی بژاردووە ، دەرئەنجامی کاریگەریەکی قوڵە لە خۆلگەی ژیانی باوەڕداری و سیاسی بەنی ئیسرائیل و جیا کردنەوەی ئەم قەومە لە گشت خەڵکی تر کە پەیڕەوی باوەڕە ئایین یەکانی تر دەکەن . هەر چەند مەودای کەنارگیری قەومی یەهود فراوانتر دەبوو . سوزنی دراوسێ کانی یەهود زیاتر دەبوو کاریگەری دەڵتەزێنی زیاتر لە بە درێژایی مێژووی بۆ قەومی یەهود لەگەڵ خۆی دەهێنا . دەمارگیری بێ ئەندازەی بەنی ئیسرائیل لە باوەڕەکەیاندا ، نەفرەت و فشاری دڕندانەی دانیشتوانی ئەو وڵاتانەی کە یەهودیەکان لە ناویاندا دەژیان ، بوەتە هۆی یەکێتی پتەوی تاکەکانی یەهود لە سەرانسەری دنیادا . ئەمڕۆکە لە دنیادا نزیکەی 18 ملیۆن یەهودی بوونی هەیە ، کە نزیکەی شەش ملیۆن لە ئەمریکا و سێ ملیۆن لە فەلەستین

و ئەو بەشەکەی تریشی لە سەرانیەری ئەوروپا و هەندێک لە وڵاتانی ئاسیایی وەکو ئێراق و ئێران دەژین . زۆرێکیشیان لە لە روسیە و ئەو روپای خۆرهەڵات نیشتە جێ بوون . لە داب و نەریت و نۆرمی ئایینی و رەوشی ژیان و هەتا زاراوەو بە کار هێنانی زمانی عیبری رەنگە لە ناویاندا جیاوازی هەبێت ، بەڵام لە بنچینەدا هەمویان خۆیان بە تاکی یەک میللەت دەزانن  کە بە هۆی ئایینەکەوە پێکەوە گرێچ دراون . هەموو ئیبراهیم بە باپیری خۆیان دەزانن و کەنعانیش بە سەرزەوی یەک دەزانن کە یەهوە بۆئەبەدی بە خشیویەتی بە قەومی هەڵبژێردراوی خۆی  . ناوی ئەو سەرزەویە لە هزری تەواوی تاکەکانی یەهودیدا هەتا لە زهنی ئەو کەسانەیشی کە دانیشتوی فەلەستین نین ، ئاستێکی باڵای بە خۆی داوەو ئەو سەرزەویە بە پیرۆز دەزانێت . هەمان تەرزی هزری دەرئەنجامی دەرکەوتنی سەهیۆنیزم ( Zionism) و پێک هێنانی دەوڵەتی ئیسرائیلی لێ کەوتەوە .

2- باوەڕ بە بوونی خودایەکی نادیار :

ا- ناوی خودا  :

خودا لە ئایینی یەهود دا پێی دەوترێت  یەهوە (  yehovah) ئەم نلوە بۆ یەکەمین جار لە داستانی موسا دەرکەوت  ، بەڵام ئەم ناوە ، هەمیشە ناوی خودای قەبیلەی یەهود نەبوو ، و یەهوە بە یەکجاری بە ناوی خودای جیهانیان و خولقێنەری جیهانی بوون  ناوزەد کراوە . بەڵکو بە تەدریج و بە پێشکەوتن و گۆڕانی تەرزی هزری نوسەرانی تەورات  ، یەهوە بە چەندین قۆناغی جیاجیادا تێپەڕیوە و لە هەرسەردەمێکیشدا بە پێی جیهان بینی و شێوەی بیر کردنەوەی خەڵکی ئەو سەردەمە بووە .

لە سەرتای دۆخەکەدا  ، وینا کردنی بوونی خودا لە لای تاکەکانی قەومی یەهود ، وەکو تاکەکانی قەبیلە سەرەتاییەکانی نیشتەجێی ناوچەکانی خۆرهەڵاتی نزیک  لە قۆناغە سەرەتاییەکاندا ( فیتیشیزم – fetishism) باوەڕبوون بە بوونی ، گیانەوەری خەیاڵی و رۆحەکان (  animism) دەستی پێکرد تا پاش تێپەڕینی چەندین سەدە چەند خودایەکی (  polytheism) و تەوتەمیزم (  totemism) سەری هەڵدا . خودا پەرستراوەکان لە لایەن قەبیلەکانی یەهودەوە لە هەرسەردەموو بە پێی ویستی ژینگەو باوەڕی خەڵکی کە یەهودیەکان لە دەوروبەریان دەژیان گۆڕانی بەسەردا دەهات .

بەرد و ستونە بەردیەکان کە لە سروشتدا ، بە پێی تێپەڕینی کات و شۆرانەوەیان لە بەربارانی بە خوریا بەشێوەیەکی نا ئاسایی گۆڕابوون لە دیدی ئەوانەدا پیرۆز و جێگەی رێز بوون و لە سەفەرکانیاندا سەردانی ئەم شوێنانەیان دەکردو قۆربانیان پێشکەش دەکردن ، هەندێک لەم بەردانەیان بە تێکەڵەی رۆن و خوێنی قوربانی دەشۆرد وپیرۆزیان دەکردن ، و ئەوانەیان بە بیت ئایل ( ماڵی خودا ) ناوزەد دەکرد . هەروەکو : ( یەعقوب بەردی ژێر سەری خۆی پیرۆز کرد ، رۆنی بە سەر دا کردو ئەو بابەتەش بە بیت ئال (  beth- el) ناونرا  دەستپێک 18-28

کاری دانانی بەرد بە درێژی و پیرۆز کردنیان  بە دروشمی تایبەت ، ئاکامی باوەڕی خەڵکی رەشماڵ نشین و قەبیلەکانی یەهود بوو ، ئەو بەردانەیان بە روناکی ناو دەبرد و بۆ ئەوان هێزی رۆح و ژیانی ناوەکی  یان دادەنا  . لە تەوراتدا لە سەفەری پرۆسەی خولقاندندا دەنوسێت : ( لە و جێگایەی کە یەعقوب لەگەڵ خودا قسەی کرد ،یەعقوب بینایەکی لە بەرد هەڵچنی و لە سەر شەرفی خودا شەراب و رۆنی رشت بە سەر بیناکەدا و ئەو بینای ناو نا بیت ئال ) دەستپێک 15-35

هەندێک لە و جێگا تاریک و دارستانانە لە سۆنگەی خەڵکی ئەو ناوچەیەوە جێگەی رۆحە پیسەکان بوون ، هەندێک لە رۆحەکان چاوگی باشی و هەندێکی تریشیان سەرچاوەی بەد بەختی و چارەڕەشی بوون بۆ مرۆڤ . هێزی ئەو دیو سروشتیان دەبەخشیە  رۆحە جۆراو جۆرەکان و خودا جیاجیا کان و هێزی خودایان بە ناوی ئال یان ئەیل و ئالیم و لە گشتدا ئالوهیم (  Elohim) ناو زەد دەکرد .

وشەی ئیسرائیل و ئەو ناوانەی کە یەهود بۆ منالّەکانی خۆی هەلّی دەبژارد وەکو ئاسمع ئایل ( فرزند ئیبراهیم ) ئال ئازر ( کاهنی گەورەو منالّی هارون ) و هەروەها ناوی فریشتەکانی نزیک لە بارەگای یەهوە ( ئیسراف ئایل ، عزرا ئایل ، میکا ئایل ، جبرائایل ، رِفا ئایل ، ئورا ئایل ، ئوها ئایل ) هەموو ئەمانە هێمای وابەستەیی ئایینی قەومی یەهودن بە نەریت و پەرستنی ( ئال ) و هۆکەیشی ئەوەیە کە هەتا چەندین سەدە پاش ئەو مێژووە کە وا وێنا دەکرا ، ئیبراهیم لەو مێژووەدا ژیاوە . ئال ، بریتی بوو لە رێزێکی تایبەت لە ناو یەهودیەکاندا . بۆ ناوبردنی خودا لە چەندین دەستەواژەی تری وەکو ئەدۆنیس ( Adonisو ملیخ یان مەلیک ( melchبەعل ( baalسودیان لێ وەرگرتوە .

رەوشی رۆژانەی قەبیلەکان لە ژێر چاودێری سەرۆکی قەبیلە جێبەجێ دەکرا . سەرۆکی قەبیلە یان باوکی عەشیرەت ، سەرۆکی ئاینی ، دادوەرو نیوە خودایەکی زیندوی قەبیلە بوو ، هەر قەبیلەیەک بە ناوی باپیرانی ئەو قەبیلە یەوە ناودەنرا . بەو جۆرەی کە نەوەکانی یەعقوب ، پاش ئەوەی کە ناوی ئەویان گۆری بۆ ئیسرائیل . ناو نران بە بەنی ئیسرائیل .

چونکە ئەو قەبیلەیە هەمیشە لە کۆچ دابوون ، نەیان دەتوانی خاوەنی یەک خودای هاوبەش بن ، هەر قەبیلەیەک بۆخۆی خودایەکی تایبەتی هەلّدەبژارد ، لە راستیدا ئەم خودایە ، ئەندامێک بوو لە ئەندامەکانی هەمان قەبیلە و جێگەی ئەو لە رِشمالّی سەرۆکی قەبیلەدا بوو ، لەو رەشمالّەدا سەردانیان دە کردوو کە ئەو خودایەش بە (فوتە ) یان ( عتفە ) ناو نرابوو ، چونکە حەرەمێکی پیرۆز و پاک و تابۆی قەبیلە بوو . لە دۆخی کۆچ کردنی قەبیلەدا ، رەشمالّی خودایان بە پشتی کەر یان هێستر بۆ ئەو جێگایەی کە بۆ ماوەیەک تیایدا دەمانەوە دەگواستەوە . رەشمالّی پیرۆز ، لە جێگایەکی تایبەتدا هەلّدەدرا . تەواوی ئەندامەکانی قەبیلە ، هاوشێوەی خودای قەبیلە ، پێویستبوو بۆ پاراستنی بەرژەوەندی قەبیلە هەولّبدەن ، و نەیارانی قەبیلە لە ناو بەرن . (1 ) چەمکی خودا لە ئایینی یەهود دا ، لە راستیدا رێبەرێکی میراتی بوو ، ( بۆماوەیی ) لە کاتی پێشکەش کردنی قوربانی و خەلاّتدا ، کەسیەتی خودا ، لە مەراسیمەکەدا بەشداری دەکرد .

ئیبراهیم پێش هاتنە دەرەوەی لە شاری ( ئور ) و کۆچ کردنی بۆ خۆر ئاوا ، بە باوەرِی باوکەکانی خۆی خودا پەرست بوو ( ئال ) ی بە خودای خۆی دەزانی . کاتێک کە گەیشتە ناوچەکانی کەنعان و دەوروبەری کێوی سینا ، پەیرەوی لە باوەرەکانی خەلّکی چیا نشینەکان کرد و ( ئالشدای ) بە خودای خۆی قبولّ کرد . ئەم خودایە تا سەردەمی دەرکەوتنی موسا جێی پەرستنی قەبیلەی بەنی ئیسرائیل بوو ، کاتێک کە یەهوە بە بەرپرسیاریەتیەک بۆ میسر گەرِایەوە ، رزگاری قەومی ئیسرائیلی خستە ئەستۆی موسا و پێی وت :

من خۆمم بە ناوی رِاستە قینەوە لە ئیبراهیم و ئیحاق و یەعقوب ئاشکرا نەکرد ، بەلّکو ئەوان منیان بە ئەلشدا ناونا ) دەرچوون 2-6

(موسا بە خودا دەلّێت ، ئەگەر بەنی ئیسرائیل لە من بپرسن کە ناوی خودا چیە من چی وەلاّمێکیان بدەمەوە ؟ )

خودا وەلاّمی موسای دایەوە : ( ئاە یە – ئاشر – ئاە یە ) ( من ئەوەم کە هەم ) پێویستە تۆ بە ئیسرائیلیەکان بلّێیت کە ( ئاە یە ) منی بۆ لای ئێوە رەوانە کردوە ، بە ئیسرائیلیەکان بلّێ : یەهوە ( yehovahخودای باوکتان ، خودای ئیبراهیم ، خودای ئیسحاق و یەعقوب ، منی بۆ لای ئێوە رشەوانە کردوە . ئەوە ناوی منە تا ئەبەد ولەناو تەواوی نەوەکانی دواتریشدا هەر بەو ناوەوە دەمێنمەوە)دەرچون 14-3

1-له وته‌کانی موساو نوسراوه‌کانی یوشع به ڕوونی و زیاتر ده‌رباره‌ی هاوکاری یه‌هوه له‌گه‌ڵ قه‌ومی یه‌هود له ڕوبه‌ڕووبونه‌وه‌ی دوژمنانی به‌نی ئیسرائیل باسکراوه .

له ته‌وراتدا ، له هه‌ندێک بواردا ، ناوی تری وه‌کو ئالوهیم ، یه‌هوه ئالوهیم ، یه‌هوه سایوت بۆ به‌کار هێنانی ناوی خودا به کار هێنراوه‌و خراونه‌ته پاڵ یه‌کتری ( 6700 ) جار له ناوی یه‌هوه و نزیکه‌ی دوو هه‌زار جاریش له ناوه‌کانی تر بۆ ناو هێنانی خودا به کار هێنراوه .

هه‌ندێک له لێکۆڵیاران ، ناوی یه‌هوه ده‌گێڕنه‌وه بۆ قه‌بیله‌ی ( یودا ) قه‌بیله‌یه‌ک بوو له قه‌بیله‌کانی یه‌هود و نیشته‌جێی ناوچه سنووریه‌کانی میسر بوون . باوه‌ڕیان وایه که یه‌هوه په‌رستی له ناوی ئه‌و قه‌بیله یه‌وه سه‌رچاوه‌ی گرتوه‌و ناوی ڕاستی خودا ( یودا ) بووه . کاتێک که داود بوه فه‌رمان ڕه‌وای هه‌مان قه‌بیله ، بۆ به‌رپا کردنی یه‌کێتی و یه‌کگرتویی له قه‌بیله جیاجیاکانی یه‌هودا ، خودای یودای بۆ په‌رستنی کۆمه‌ڵگه‌ی یه‌هود هه‌ڵبژارد . به‌سه‌رنندان له‌و له‌وحانه‌ی که له پشکنینه شوێنه‌وار ناسیه‌کاندا له باکوری وادی حلفه که ده‌گه‌ڕێته‌وه بۆ سه‌رده‌می ئامنوفسی دووه‌می فیرعه‌ون له میسر ( 1402- 1346 ) پێش زایین ، دۆزراوه‌ته‌وه ، له وێدا وێنه‌ی یه‌هوه له سه‌ر زه‌وی سو شو به‌رچاو که‌وتوه ،باوه‌ڕیان وایه که ناوی یه‌هوه پێش موسا له ناو قه‌بیله‌کانی نیشته جێی هاوشێوه‌ی دوورگه‌ی سینا ناسراو بووه‌و ئه‌وان ناوی خودایه‌کیان که تایبه‌ت بووه به کێوی سینا بووه و ، ته‌وراتیش ناوی یه‌هوه‌ی له ناوی خودای ڕه‌شماڵ نشینه‌کانی ئه‌و ناو چه‌یه وه‌رگرتوه . به بۆچوونی ئه‌م به شه‌ی توێژه‌ران یه‌هوه هه‌مان خودای تۆفان و ئاگربارانه و جێگه‌ی ئه‌و له کێوی سینادا بووه . ئه‌وه‌ی که ئه‌م بۆ چوونه ده‌سه‌لمێنێت ، ده‌قه‌کانی خودی ته‌وراته . له ته‌وراتدا ده‌رکه‌وتنی یه‌هوه له کێوی سینا هه‌میشه له‌گه‌ڵ دوکه‌ڵ و ئاگر و ته‌مو مژی ئاسمان و زه‌وی له‌رزه‌دا هاو ته‌ریب بووه .

( ده‌رباره‌ی شاخ ، خودا به موسای وت : که ته‌واوی قه‌بیله‌کانی ئیسرائیل و خۆی پاک و خاوێ بکات . جلو به‌رگه‌که‌ی پاک بشوات و سێ ڕۆژی تر بۆ دیداری خودا بێن بۆ شاخ . به‌ڵام هیچ که‌س مافی ئه‌وه‌ی نیه بێته سه‌ر شاخه‌که ، به‌ره‌به‌یانی ڕۆژی سێ یه‌م ، هه‌وره بروسکه‌یه‌کی زۆر ڕویدا ، هه‌ور شاخه‌که‌ی به ته‌واوی داپۆشی ، ده‌نگی شمشاڵ له شاخه که ده‌زرنگایه‌وه ،ته‌واوی ئه‌و خه‌ل که‌ی له چاوه‌ڕوانیدا بوون سه‌ریان سوڕما ، موسا له ناو خه‌ڵکه‌که‌وه هاته ده‌روه‌و چوو بۆ پێشوازی خودا له دامێنی شاخه‌که وه‌ستا ، دوکه‌ڵ ته‌واوی شاخی سینای داپۆشیبوو ، ئینجا خودا له‌وێوه له ناو ئاگره‌که‌وه هاتبوه ده‌ره‌وه ، ئه‌و دووکه‌ڵه ، هه‌روه‌کو دووکه‌ڵی شاخه گه‌وره‌کان به ده‌م باوه ده‌ڕۆشت ، و ته‌واوی شاخه که به توندی ده‌له‌رزی ، و ده‌نگی شمشاڵه‌که به‌رزتر و به‌رزتر ده‌بویه‌وه . ) ده‌رچوون16/20-9

(چوونکه موسا به هه‌ورازی شاخه‌که‌دا سه‌رکه‌وت ، هه‌ور شاخه‌که‌ی داپۆشی و مه‌زنی خودا له سه‌ر شاخی سینا ده‌رکه‌وتو شێوه‌ی مه‌زنی خوداوند هه‌روه‌کو ئاگرێکی دره‌وشاوه له سه‌ر لوتکه‌ی شاخه که بوو . ) ده‌رچوون 16/17-24

له داستانی ئالیا و ڕۆیشتنی ئه‌و بۆ شاخی هوری ( 1 ) ( ( horebسه‌ره‌تا تۆفانێکی مه‌زن ده‌ستی پێ کردوه‌و به‌رده‌کانی شاخه‌که له جێی خۆیان هه‌ڵده‌که‌نێت و به‌ره‌و ڕوی خودا ده‌ڕۆن . زه‌وی له‌رزه‌یه‌کی توند ڕوده‌دات و دواتر ئاگری دره‌وشاوه‌ی یه‌هوه به یار که‌وت . ) شاهان 1-11/13-19

بەڵام نابێت  سەرهەڵدانی یەهوە لە ناو قەبیلە کانی یەهود دا بە دەرکەوتنی یەکتاپەرستی ناو زەد بکرێت . بەڵکو تا سەدەکانی دواتریش و ئەو کاتانەیشی کە یەهودیەکان بە دیل گیران لە لایەن بابلیەکانەوەو ئاشنایەتیان بە هزری زەردەشتیەکان ، نە یەهوە خۆی بە خودای یەکتا و خولقێنەری جیهانی بوون دەزانی و نە یەهودیەکانیش بە پەرستنی یەک خودا ڕازی دەبوون . بە واتایەکی تر ، هیچ کات نەژادی ئەو قەومانەی کە لە تەوراتدا بە ناوی بەنی ئیسرائیل ناسراون ، یەکتا پەرست نەبوون ، کاتێک کە یەهوە پەرستی لە ناو قەومی یەهود دا سەری هەڵدا ، خوداجیاجیاکانی قەبیلەکانی یەهود لە دەوری یەهوە کۆبوونەوە . یەهوە بوەخودای تەواوی قەبیلەکانی یەهود و چوە ڕیزی خوداکانی ترەوە . بە کار بردنی دەستەواژەی ئالوهیم بە مانی کۆی خوداکان لە تەوراتدا ، بەڵگەی باوەڕداری نوسەرانی ئەو کتێبە بە بوونی خودا جیاجیاکانە . کاتێک کە یەهوە لە دامێنی شاخی سیناوە لە موساوە دەرکەوت و ئەرکی گەڕانەوەی بۆ میسر و ڕزگار کردنی بەنی ئیسرائیلی خستە ئەستۆی .

1-ناوی جیاجیای وەکو : ( هورب – سیر – سینا و پران بۆ شوێنی نیشتە جێ بوونی خودا لە تەوراتدا هاتوە کە مەبەستیان هەمان شاخی سینا بوە و هەر نوسەرێک لە سەر بنەمای سەلیقەی خۆی ناوێکی هەڵبژاردوە .

باسێک لە هەمبەر خودای یەکتاو خولقێنەری جیهانی بوون لە ئارادا نەبوو . یەهوە تەنیا خۆی بە خودای قەبیلەکانی یەهود دەزانی  ، لە تەنیشت خودای قەبیلەکانی تر ، ئەو تەنیا لەوە نیگەران دەبوو کە قەومی یەهود سەرقاڵی  ستایش کردنی  خوداکانی تر بوون و هەڕە شەی تۆڵە کردنەوە دەکات و کاری بە کاری خوداکانی قەبیلەکانی ترەوە نەبوو . ئەوە دەیەوێت قەومی ئیسرائیل تەنیا پابەندی ئەو بن و لە بەردەم ئەودا کرنوش ببەن و سەری ڕێز دابنەوێنن ، لە یەکەمین دەستەواژەدا دە فەرمانی یەهوە ئاراستەی قەومی یەهود دەکات و دەڵێت :

(تۆ نابێت بت  یان هاوشێوەی ئەوەی کە لە ئاسمانەکان و یان لە سەر زەوی و لە ئاو و لە ژێر زەوی دا بوونی هەیە بتاشی و نابێت لە بەرانبەر ئەوانەدا کرنوش ببەیت و ئەوانە بپەرستیت و نابێت خزمەتی ئەوانە بکەیت چونکە من خودای تۆم  خودایەکی حەسودم ) دەرچوون3-20

لە کتێبی دووەمی پاشاکان لە بەرایی یەکەمدا دەنوسێت :

(ئاخرزیا – ( acharzia لە پەنجەری باڵاخانەکەی خۆیەوە کە لە سامەرا بوو ، هاتە خوارەوەو بریندار بوو . پاشان دوو نێردراوی  ڕەوانە کردوو پێی وتن بڕۆنە لای بەعل و زبوب (     baal- zebud ( خودای ئاکرون (    ( ekronو بپرسن کە ئایا لەم برینداریەم چاک دەبمەوە ؟

فریشتەی یەهوە بە ئیلیای وت  ، هەڵسەو برۆ بۆ دیداری نێردراوانی پاشای سامەرا و پێیان بڵێ ، ئایا لەم دۆخەدا کە خودایەک لە ئیسرائیل دەرکەوت نابێت ئێوە بۆدیدارو ڕاگۆڕینەوە لەگەڵ بەعل و زبوب خودای ئاکرون برۆیت ؟

بە واتایەکی تر ، یەهوە بوونی بەعل و زبوب بە شێوەی خودای ئاکرون نەفی ناکات . بەڵکو لە نێردراوەکان دەپرسێت ، کە بۆچی بە بێ یەهوە خودای بەنی ئیسرائیل نێردراوەکان بۆ ڕا گۆڕینەوە بۆ دیداری بەعل و زبوب خودای ئاکرون دەڕۆن ؟

لە پەرە گرافی   82 قەسە لە سەر کری خوداکانە و ئەو خودایانەی کە جێگەی سەرنجی یەهوەن ، مناڵەکانی جەنابی پایە بەرز ( ئالیۆن ) :

(خودا له ناو کۆمەڵەی خوداکاندا وەستاوه ، و له ناو خوداکاندا داوەری دەکات ، .... من وتم که ئێوه ئەو خودایانەن و کۆی ئێوه منالّی خاون شکۆن . )

له پەڕەگرافی 86 بەرچاو دەکەوێت که :

(ئەی یەهوه له ناو خوداکاندا وینەی تۆ نیه )

له بەرایی دەیەمی سەفەری تستیه ، یەهوه خۆی به خودای خوداکان دادەنێت : (هاوکات یەهوه خودای تۆ ، خودای خودایان و خواوەندی هەموان و خودای مەزن و سەروەری گشته )

له نوسینەکانی پەیامبەراندا ، یەهودەکان پێش دیل بونیان له لای بابلیەکان ، نه تەنیا خواستێکی ئاشکرای یەکتا پەرستی ، یان ئەوەی که یەهوه تەنیا خوداو خولقێنەری جیهانه نەبووه و بەرچاو ناکەوێت . بەڵکو ناوی یەهوه هەمیشه به هەمان شێوەی خودای قەبیلەی یەهود بەکار هێنراوه .

له لایەن بەشێکی تر له بەنی ئیسرائیلیەکانەوه به پەرستنی یەک خودا ڕازی نەدەبوون و تا ساڵانێکی زۆر دواتر و دەرچونیان له میسر و قبوڵ کردنی یەهوه به شیچوەی خودای قەبیله . بتی بنەماڵەیی و خوداکانی تری قەبیله له ناو ئیسرائیلیەکاندا دەپەرسترا . له سەردەمی پێش دیل بوون ، یەهوه پەرستی لەگەڵ بتپەرستی و باوەڕبوون به بوونی تابۆ ، جیاوازیەکی زۆریان نەبووه و کاریگەری باوەڕبوون به خودا جۆراو جۆرەکان به ڕوونی له نوسینەکانی پەیامبەرانی بەنی ئیسرائیلدا بەرچاو دەکەوێت. له لاپەڕەی حزقیال پەیامبەر دەنوسێت :

(له ساڵی شەشەم و له ڕۆژی پێنجەم و له مانگی شەشەمدا ، له ماڵەوه دانیشتبووم و شێخەکانی یەهودا له لای من دانیشتبوون ، ئەوکاته دەستی خوداوند یەهوه لەوێوه هاته دەر .... و موی سەرمانی گرت و ڕۆحی ئێمەی برده نێوان زەوی و ئاسمان و ئێمەی له ڕوئیای خودا دا بۆئورشەلیم برد . پاشان ئێمەی برده بەردەم دەرگایەکی پۆلاین و بینیم که کونێک له دیوارەکەدا هەیه ، ئەو به ئێمەی وت : ئەی کوڕی ئادەم دیوارەکه کونکه ، دیوارەکەم کەند تا دەرگایەک بەدیار کەوت ، ئەو پێی وتین بڕۆنه ژوورەوه وسەرنجی ئەو کاره خراپ و دزێوانه بدەن که مرۆڤ لەوێدا ئەنجامی دەدات ، پاش ئەوەی چومه ژوورەوه بینیم که هەرجۆره جرو جانەوەر و ئاژەڵ و جن و گشت بته ئەریستۆ کراتەکانی بەنی ئیسرائیلی له بەر دەم ئەوانەدا وەستا بوون و هەر یەکیان ئاگردانێکیان به دەستەوه بوو بۆنی دوکەڵی بخودر ئەو ناوەی گرتبوو ، ئەو به منی وت : ئەی کوڕی مرۆڤ ئایا ئەوەی که شێخەکانی خوداکانی ئیسرائیل له تاریکی و هەرکەس له حوجرەی بتەکانی خۆی دا ئاگاییان له دەستدابوو بینیت ... پاشان ئێمەی برده بەردەم دەرگای خوداوەند که ڕوی له باکور بوو ، لەوێدا هەندێک ژن دانیشتبوون و بۆ هەتاو دەگریان ، پاشان ئێمەی بۆ ناوەڕاستی حەوشەی بەرانبەر ژووری خودا برد وو ، له دەرگای بیناکەوه له ڕاڕەوەکەدا نزیکەی بیست و پێنج پیاو دەبوون که پشتیان له بیناکه کردبوو ڕویان له خۆهەڵات کردبوو خۆریش له ئاستی خۆرهەڵاتدابوو کرنوشیان دەبرد . حزقیالنبی 17/1-8

کاتێک که ئیسرائیلیەکان له کەنعان نیشته جێ بوون ، جێگا پیرۆزه خۆماڵیەکانیان به ناوی شوێنه پیرۆزەکانی یەهوه کرده جێگای پەرستن و بەتەدریجی بەعل پەرستی له ئایینی یەهودیدا سەری هەڵدا ، شێوازی گشت ئەو دروشمانەی که درابوونه پاڵ موسا داهێنانی نەریتی بەعل پەرستی بوو به هەمان شێوەش سەرزەنشتکردنی بەردەوامی پەیامبەران بوو :

(ئیسرائیلیەکان گوناحیان بەرانبەر به یەهوه خودای خۆیان کرد که ئەوانی له ژێردەستەیی فیرعەون پاشای میسر ڕزگار کرد ، و له خوداکانی تر ترسان و پەیکەریان له سەر لوتکه بڵندەکان وله ژێر درەختی سەوزیان بۆ خۆیان دروست کرد . بتەکانیان دەپەرست و له جێگا بڵندەکان بخوردیان

دادەگیرساند . تەواوی فەرمانەکانی یەهوە ، خواکە خۆیان وازلێهێناو بتە دروستکراوەکانیان، (گوساله) (1) بۆخیان دروست کردوو بەعلیان پەرست . کوڕان و کچانی خۆیان له ئاگر پاراست .فاڵ گرتنەوەو جادوگەری سەری هەڵداو خۆیان فرۆشت . شاهان 10/2.18-17

( سلێمان له پشتی عشتورەت خوای سیدونیان و مەلکوم بتی عمونیان ڕۆشت له شاخێک که بەرانبەر ئورشەلیمە و جێگایەکی بڵندەو له دامێنیدا جێگای بتەکانی مرئابیانە و به هەوڵی شا مرجسی کوری عمون دروستی کردو ە=هەروەها به هەولی هەموو ژنە بێگانەکانی خۆی که بۆ خوداکانی خۆیان بخوردیان دەسوتان و قوربانیان پێشکەش دەکردن و کاریان دەکرد . شاهان 5/901-11

1-گوێرەکه بەچکەی مانگا ، گوسالەی سامری –مانگای سامری : گوێرەکەیک که پیاوێک له خێڵی بەنی ئیسرائیلی به ناوی سامری له زێڕ دروستی کرد و له غیابی پێغەمبەر موسادا ئەویان دەپەرست . فەرهەنگی عمید .و.گ

پاش کۆچی دوایی سلێمان و دابەش بوونی کیشوەر به دوو بەشی باشورو باکورە وە ، یریهام پاشای ئیسرائیل ، پاش ڕاوێژکردن لەگەڵ ڕاوێژکارەکانی خۆی بۆئەوەی که قەومی یەهود بۆ بەڕێکردنی مەراسیمی قوربانی کردن نەچن بۆ ئورشەلیم :

دوو گوساڵەی له ئاڵتون دروست کردوو ، پێی وتن ڕۆشتن بۆ ئورشەلیم زەحمەتە . ئەی خەڵک ئیسرائیل ئەوانە خواداکانی تۆن که تۆیان له زەوی میسر ڕزگار کرد ، یەکیان له بەیت ئایل و ئەویشان له جێگای بڕیاردان .. داناو ئیسرائیلیەکانیش بۆ گوساڵە دروستکراوەکان قوربانیان پێشکەش دەکرد . .. بۆ بەنی ئیسرائیل جەژنیان ڕێک دەخست و قوربانیان ئەنجام دەداو بخوریان دەسوتان . شاهان 12-18/1.33

شرۆڤە کردنی ئەو پەرەگرافانەی سەرەوە ، ئەوەی که پێویستە سەرنجی له سەر دابنێین ئەوەیە که پەرستنی خودایانی جیاجیا له تەنیشت یوهوە وە له باوەڕە دێرینەکانی ناو قەبیلەکانی یەهود بوە که گا ی زێرین به شێوەی خودا دابنێن . بەم جۆرە له ئەسانەی موسادا ئەوە بەرچاو دەکەوێت که کاتی ماوەی نیشتە جێبوونی موسا له شاخی سینادرێژکرایەوە ، هارون برای موسا و دووەمین کەسیەتی ئایینی و سیاسی بەنی ئیسرائیل له کۆی زێرە کۆکراوەکانی ناو قەبیلەکان گایەکی زێڕینی دروست کردوو به شێوەی خودای یەهود دەیان پەرست .

یەهودیەکان له سەردەمی پەنجا ساڵەی دیلەتیان له بابل ، ئاشنایەتیی باشیان لەگەڵ ئەفسانەو هزری جیاجیای ئایینەکانی تردا پەیدا کرد . هەروەکو ئایینی یەهود به دەرکەوتنی پەیامبەری زۆر له دۆخی گەشانەوەو نێگەریدا بوو ، بنچینەی یەکتاپەرستی ، خولقاندنی جیهان و دادپەروەریی ئیلاهی له هزری ئایینی یەهود دا چەسپی . ئایینی یەهود به کاوە خۆ و به دەستی پەیامبەرە کانی دوواتر له شپرزەیی و هەمەجۆریەوە بووە ئایینێکی یەکتا پەرست . له ئایینی یەهود دا داستانی خولقان له سەربنەمای ئەفسانەکانی سۆمەری – بابلی و زەردەشتی بونیاد نراوە . یەهوە بوە خولقێنەری جیهانی بوون . له سەحیفەی ئەشعیای دووەم - پەیامبەرەکان ، له بابەت سەردەمی کۆتایی هاتنی پەرشو بڵاوی یەهودا دەنوسێت :

( من یەهوەم و کەسێکی تر نیە ، جگە له من ، خودایەک نیە تا له خۆرهەڵات و خۆرئاواوە بزانێت که جگە له من کەسێکی تر نیە . من یەهوەم و کەسێکی تر نیە ، من زەویم دروست کرد وو مرۆڤم له سەری خولقاند ، دەستە کانی من ئاسمانەکانی فراوان کرد . ) ئەشعای دووەم 12/5-45

سەردەمانی پەرشو بڵاوی بەنی ئیسرائیل ئەبێت بە سەردەمی گۆڕانکاری و پێگەیشتنی ئایینی یەهود ناوزەد بکەین . لە هەقیقەتدا ئایینێ کە ئەمڕۆکە جێی قبوڵ کردنی یەهودیەکانە ، لەو سەردەمەدا داڕێژراو بنچینەی ئەو دۆخەی کە ئەمڕۆکە ئایینی یەهودی تێدایە ئەفسانەکانی ئەکادی و سۆمەری و ئایینی زەردەشتی پێکیان هێنا .

ب : جێگای یەهوە :

جێگای یەهوە ، تا پێش گەڕانەوەی موسا لە میسر . لە شاخی هورب ( horeb ) یان شاخی خودا بوو . هەرلەوێشدا بوو کە موسا بۆ یەکەمین جار خودای بینی و گوفتۆگۆی لەگەڵ کرد .

(بەڵام موسا بوو بوە شوانی مێگەلی باوکی ژنەکەی ، پترۆ کاهن مدیان . مێگەلەکەی بردە بیابان و بەرەو شاخی هورب کە شاخی خودا بو ، فریشتەیەکی خودا وەند هاتو لە ڕووناکی ئاگردا لە ژێر بنچکە گیایەکەوە ، لێیەوە بەدیار کەوت . سەرنجی ئەوەی دا کە ئەو بنچکە گیایەی کە ئاگری گرتوە بەڵام ناش سوتێت ، موسا وتی : ئێستا بزانە بەرەو ئەوێ دێم تا ئەو شتە سەرسوڕهێنەرە ببینم کە ئەو بنچکە گیایە ئاگری گرتوەو بۆچی ناسوتێت . هاوکات کە خودا بینی موسا بۆ بینینی ئەو بەرەو لای دێت ، مەودای بە موسا نەدا لە بنچکە کەوە پێی وت : ئەی موسا موساش وتی : لبیک – سەرم لە ڕێتە ، خودا پێی وت : بۆ ئەم جێگایە نزیک مەبەرەوە ، پێڵاوەکانت لە پێت دابکەنە ئەو جێگایەی کە تیایدا وەستاوی پیرۆزە . دەچون 1/6-3

چەند بارە کردنەوەی شاخی خودا ، لە کۆتایی بەرایی چوارەمدا لە سەفری خروجدا ، و دەستوری خوداوەند بۆ هارون ئەوە بوو . سەرەتا ئەبێت کە لە شاخی خودا بۆدیداری موسا بڕوات ، ئەمەش جەخت کردنەوەیەکە لە سەر دیاری کردنی جێگای نیشتە جێ بوونی یەهوە .

یەهوە پاش پێدانی دەستوری پێویست بۆ ڕزگاری بەنی ئیسرائیل لە چەوساندنەوەی فیرعەون ، بە موسای وت :

(پاش گەڕانەوەت لە میسر عیبریەکان بۆ پەرستن بۆ دامێنی ئەو شاخە بهێنە . خروج 12-3

(پترو باوکی ژنەکەی موسا و کاهن مدیان ، پاش گەڕانەوەی موسا لە دامێنی هەمان شاخ قوربانیان بۆ یەهوە ئەنجامداو یەهوەیان بە مەزنترین خودا ناوزەد کردوو لە خزمەتی خودادا ، گەورەکان و پیرەکانی ئیسرائیل لەگەڵ پترۆدا گۆشتی قوربانیان خوارد .) خروج 10/13-18

بە هەمان شێوەی دەستوری یەهوە ، بەنی ئیسرائیل هاتن بۆ دیداری یەهوەلە دامێنی هەمان شاخ و موسا بۆ دیداری یەهوە لەگەڵ کۆمەڵێک لە ڕیش سپی و پیرانی قەومی یەهود بەشاخەکەدا سەرکەوت .یەهوە لە سەر بەرزایی هەمان شاخ دە فەرمان کە بە دەست و پەنجەی خۆی نوسی بوونی لە سەر لەوحەی بەردین دای بە موسا تا بەنی ئیسرائیل ئاگاداربکاتەوە .

کاتێک کە فەرمانەکە بەرەو لای کەنعان دەرکرا ، یەهوە بڕیاری دا بۆ ئەوەی کە هەمیشە لە تەنیشت قەومی هەڵبژێردراوی خۆیەوە بێت . ئەو دۆخەی کە لە خۆرهەڵاتی نزیک و میسرو ناو قەبیلەبیابان نشینەکاندا باو بوو ، بۆ ئەویش ڕەشماڵی دیدارو سندوقی پەیمانەکان ئامادە کرا . پاشان دەرگای سندوقی پەیمانەکان دابخرێت و لە کۆچکردنیشدا لەگەڵ قەومەکەی کۆچ بکات . لەم بارەیەوە بە موسای وت :

(بە تەواوی بەنی ئیسرائیلیەکان بڵێ ، خەڵات و پێشکەشی بهێنن ، تۆ ئەو خەڵات و پێشکەشیانە لە جیاتی من وەربگرەو ئاستێکی پیرۆز بۆ من ڕێک بخە تا لە ناو ئەواندا دانیشم . خروج25

( من لەوێدا دەژیم ، ڕەشماڵی دیدارو تەواوی ئەو پێویستیانەی کە دەیڵێم دابین بکە . یەک ژوور  لە داری ئابنوس بە درێژی دوو باڵ ( 1 ) و نیو بە پانی یەک باڵ و نیو و بەرزی یەک باڵ و نیو دروست بکە  و لە دەرەوەی و ناوەوەی بە زێڕ دای بپۆشە و حاشیەی زێڕ لە گۆشەکانی بدە ، هەر وەها چوا ئەڵقەی زێڕ دروست بکەو بیدە لە هەر چوار گۆشەکەی .

1-باڵ ( caubits ( یان پێوانەی  ، پێوانە کردن زۆر کۆنە لە خۆرهەڵات و میسردا ، وە ئەو مەودایە لە سەرشانەوە تا کۆتایی پەنجەکانە . باڵی میسریەکان بەرانبەر 20/6 / ئینجە یان تەقریبەن 524 میلیمیتر دەبێت ، باڵێ کە لە تەوراتدا ئاماژەی پێدراوە بریتی یە  لە 18 ئینج یان 457 میلیمیتر .

لە هەر لایەکیەوە لە داری ئابنوس کۆڵەکە دروست بکەو بۆ ڕاگیر کردنی ژوورەکە و ئەو کۆڵەکانەش بە زێڕ دابپۆشە . کۆلچەکەکان لە ئەڵقەکانی ژوورەکە ڕاگیر بکە ، لە ناو ژوورەکە ئەو هێمایانەی کە من دەیڵێم دای بنێ  ، تۆ یەک مێز لە زێڕ و یەک فریشتە لە زێڕ لە هەر گۆشەیەکی مێزەکەوە دادەنێیت . بەجۆرێک کە فریشتەکان باڵەکانیان کرابێتەوە ڕوبەڕوی یەکتر و مێزەکە دا بپۆشن ، مێزەکە لە بەردەم ژوورەکە دابنێ و لە سەر مێزەکە ئەو شتانەی کە پێت دەڵێم دابنێ ، ئەوێ ئەو جێگایەیە کەتۆ دێیت بۆ دیداری من لە سەر مێزەکەو لە نێوان دوو فریشتەکەی کە لە ناو ژوورەکەدا هەن لەوێوە من دەستورەکانی خۆم بۆ بەنی ئیسرائیلیەکان ڕا دەسپێرم .) خروج 25

(قاپ و فنجان و جامەکان و تەشت و گۆزە بۆ تێکردنی خەڵاتی زێڕ دروست بکە  و خواردنیش لە سەر مێزە زێرەکە دابنێ و هەمیشە بیخە خزمەت منەوە ، یەک مۆمدان لە زێڕی پوخت دروست بکە ، چێوەکەی و قاچەکانی و پیاڵەکانی و هەمووی یەک پارچە بێت ، شەش لقی لێ بوویێتەوە ، هەر سێ لقی لە لایەک بێت ، سێ پیاڵە بە شێوەی بادەم و سێو و گوڵ لە سەر یەک لقیان و سێپیاڵەی تر لە سەر لقێکی تر ، بەم جۆرە لە شەش لقی مۆمدانەکە سێو گوڵ و لقی مۆمدانەکە هەموی با یەک پارچە بێت ، بۆ دروستکردنی ئەو مۆمدانەو تەواوی میتاڵەکانی یەک تالان ( 1 )

خەرج بکە . سەرنجی وردی بەرێ هاوشێوەی ئەوەی کە لە شاخی بنو پیشانمدای ) 25

1-تالان قورسایی ( وەزن ) زۆر کۆنی یونانی یەکان و خەڵکی دوورگەکانی مدیترانە بوو ، و هەرتالانێک نزیکەی 26 کیلۆ گرام قورس بوو .

پ- ڕەشماڵی دیدار

بۆ ئامادە کردنی ڕەشماڵی دیدار یەهوە بە موسای وت :

(ڕەشماڵی دیدار لە دە پەردەی کەتانی ناسک و لول و پارچەی ڕەنگاو ڕەنگی ئاوی و ئەرخەوانی و سور دروست بکە و لە سەرئەو پەردانە وێنەی فریشتەکان کە بە پێوە وەستابن بکێشە. درێژی هەر پەردەیەک 28 باڵ بێت و پانیەکەیشی 14 باڵ بێت .

پێنج دانە لەم پەردانە پێکەوە بلکێنەو پێنج دانەی تریش  هەمان شێوە بەکەوە بلکێنە ، مێینە ئاوی یەکان لە تەنیشت پەردەکان و لە جێگای پویوەندیدا دابنێ و هەمان کار لە تەنیشت دووەم دەستەی پەردەکان دووبارە بکەوە  ، پەنجا مێینە لە دەستەی یەکەمدا و پەنجا مێینەی تر لە دەستەی دووم لە لای پەردەکان . ئەم مێینانە لە بەرانبەر یەک دابنێ ، پەنجا دوگمە دروست بکەو بە دووگمەکان پەردەکان پێکەوە ببستە و ڕەشماڵەکە دەبێتە یەک پارچە . ڕوی پێشەوەی ڕەشماڵەکە لە موی بزن دروست بکە . بۆ ئەم کارەش یانزە پەردە دروست بکە . درێژی هەر پەردەیەک سێ باڵ و پانیەکانیشیان چوار باڵبێت . پێنج دانە لەو پەردانە پێکەوە ببەستە ، شەش پەردەکەی تر بە جیا ، پەردەی شەشەم لە بەشی خوارەوەی ڕەشماڵەکە دوولابکە پەنجا دوگمەی تر دروست بکە دوگمەکان با مێینە بن و ڕەشماڵەکە پێکەوە ببەستە تا یەک پارچە بێت ، ئەو زیادەییەی پەردەکان کە دەمێنێتەوە . لە پشتی ڕەشماڵەکەوە هەڵی بواسە بۆ ئەوەی کە لای گەنجینەو سندوقی پەیمانەکان دابپۆشێت . ) خروج 26

بەم جۆرە خوداوەند هاوشێوەی زێڕینگەرو بەرگ درویەکی زانا دەستوراتی تایبەتی دروستن کردن و گەنجینەو سندوقی پەیمان و قوربانیگا لە داری ئاقاقیا و بە پێوانەی درێژی و پانی ، دیاری کراو . سادرو هارون براکانی موسا هەڵدەبژێرێن بۆ  کاهینی پەرستگە . بۆ ئەوەی کە لەوکاتانەی کە هارون بۆ دیداری خوداوەند هاتوچۆی ناو ڕەشماڵەکە دەکات خوداوەند لە هاتن و چونی ئاگادار بکات فەرمان بە موسا دەکات :

(هەموو جلوبەرگی هارون زەنگۆڵەی زێڕی پێوەبکە تا ئەو کاتەی کە خزمەت دەکات ، و کاتێک کە دەچێتە خزمەتی خوداوەند کاتێک کە دێتە دەرەوە دەنگی ئەو زەنگۆڵانەی گوێ لێبێت و هارو دووچاری مەرگی ئانی نەکات ) خروج 34-28

موسا سندوقی پەیمانەکان و ڕەشماڵی دیداری بەو شێوەی کە یەهوە لە سەر شاخ پیشانی دابوو دروست کرد .

( ڕەشماڵی هەڵداو لەو جێگایەی کە دوورە لە لەشکرگاوە و ناوی نا ڕەشماڵی کۆبوونەوە ، تەورات و یاسای لە بەرانبەر سندوقی پەیمانەکان داناو وتی یاسا لە بەرانبەر یەهوە دا جێگیر کراوە . )

( هەرکات کە موسا خوازیاری دیداری یەهوە بوو ، دەرۆشت بۆ ڕەشماڵی کۆبونەوە کە لە دەرەوەی لەشکرگابوو ، دەرۆشت کاتێک کە موسا بەرەو ڕەشماڵەکە دەرۆشتە ژوورەوە ، ستونێک لە هەور دادەبەزی و لە بەردەم ڕەشماڵی کۆبونەوەدا دەوەستا ، و خودا لە گەڵ موسا قسەی دەکرد ، چوونکە تەواوی قەوم ستونی هەورەکەیان بە وەستاوی لە بەردەم ڕەشماڵەکەدا دەبینی  ، هەموو قەوم هەڵدەسانەوەو لە ناو ڕەشماڵەکانی خۆیانەوە کرنوشیان دەبرد ، و خوداوەند ڕوبەڕو لەگەڵ موسا قسەی دەکرد ، هەروەک کەسێک چۆن لەگەڵ  هاوڕێیەکیدا قسەدەکات .)خروج 12/7-32

له وكاتانەی كە عێل دەڕۆشتن . ڕەشماڵی كۆبونەوە و سندوقی پەیمانەكان ( ئارون هابریت ) یان دە خستە سەر عەرەبانەیەک و لە لایەن هەندێک لە قەبیلەوە ( لوی ( levi تایفەی خودی موسا . بەرێ دەكرا ، هاوكات جگە لە تاكەكانی ئەم تایفەیە ، كەسانی تر بۆیان نەبوو دەست بدەن لەو سندوقەوە . هەر كات ڕەشماڵەكەو سندوقەكەیان بەرز دەكردەوە موسا دەیوت : ( خوداوەند هەستەوە تا دوژمنانی تۆ سەریان لێ بشێوێت و ئەوانەی كە تۆ ڕەد دەكەنەوە لە بەرانبەر تۆ هەڵبێن .) اعداد35-10

وە هەر كات سندوقی پەیمانەكەیان دادەنایە سەر زەوی موسا دەی وت :

(خوداوەند دوبارە گەڕایەوە بۆ ناو هەزاران كەسی بەنی ئیسرائیلی ) اعداد 36-10

بە سەرنجێكی كورت لە دەستور یەهوەدا لە بارەی ئامادە كردنی ڕەشماڵی دیدار ، و سنقی پەیمان ، و پەیكەرەئاڵتۆنیەكان . جلوبەرگ ئارایشتی كاهینان و ئە وێنانەی كە پێویستە لەسەر مێزی پەیمانەكان و مێزە زێڕیەكە بكێشرێت . بە جوانی دەبینرێت ، كە ئەم داب و نەریتەئایینی یە خەملاوانە ، هی خەڵكی دانیشتوانی شارە مەزنەكان و نە لە ناو شوان و بیابان نشین و ئەو بەندانەی كە بە خێرایی و بە دزیەوە لە میسر دەربازبوون ، و لە ڕێگوزەری بابیانەكانی سینا سەرگەردانن ، و لە برسیەتی و تینویەتدا دەناڵێنن . ئەگەر بەڕاستی موسا بونی هەبووە و ئاینێكی لە بابانی سوتێنەری سینادا بۆ یەهودیەكان هاتوە ، ئایینی ئەو بۆ نموونە دەبویست ، زۆر سادەو داماڵراو لە هر جۆنە نەریتێكی قورسی ئایینی ، بووە ، نەک بەو جۆرەی كە لە تەوراتدا باسكراوە كە لە سەرەوە ئاماژە بە هەندێكی دراوە ، ئەوەی كە لە تەوراتدا هاتوە ، ئەو دروشمانەیە ، كە یەهودیەكان پاش پەیوەندیان لەگەڵ گەل و خێڵە خاوەند شارستانیەتیەكانی تردا شتی زۆریان وەرگرتەوەو زیاتر ڕەنگ و بۆی كەنعانی – بابلی هەیە . تا ئایینی بابیان نشین و كۆچەری . نوسەرانی ئەم بەشەی تەورات ، بە ئیلهام وەرگرتن لە دروشم و نەریتی ئایینی شارنشینەكان و ڕاهێنانی بەردەوام لە ناو قەبیلە بیابان نشینەكاندا ، و بە بێ لە بەرچاو گرتنی هەلومەرجی كات و شوێن . لە یەكترەوە فێر بوون و بۆ ڕازاندنەوەی زیاتری داستان و زێڕی زۆر و پارچەو داری ئاب نوس یان پێ ئیزافە كردوە .

ڕەشماڵی كۆبوونەوە و سندوقی پەیمانەكان ، تا ساڵانێكی زۆر تەنیا ماڵ و جێگای ژیانی یەهوە بووە ، لە جەنگەكاندا بەرەو پێشەوە سوپای جۆڵە پێ كردوەو مەراسیمی ئایینی لە بەردەم سندوقەكەدا جێبەجێ كراوە . لە ڕاستیدا سندوقی پەیمانەكان تابۆی قەبیلە بوو ، كاتێک داود بوە فەرمانرەوا و سەر كەوت بە سەر دوژمنەكانیدا ، بە ناتان نەبی وت : ( من لە ماڵێكی دروستكراو لە داری ( سدر ) (ئەو دارەی كە داریكی گەرمە سیریە و كە زۆر گەورە و بەرز دەبیت ) دەژیەم و تابوتی پەیمانەكان لە ڕەشماڵەكەدایە . ) 1-7 سامۆئل 2

وە بڕیاریدا كە پەرستگەیەک بۆ یەهوە دروست بكات ، دوو شەو دواتر یەهوە پەیامێكی بۆ داود نارد : (

لەو ڕۆژەوەی كە ناڵەكانی ئیسرائیلم لە میسر ڕزگار كرد ، تا ئەم مێژووە ، لە جێگایەكدا نیشتە جێ نەبووم و لە تابوتیپەیمانەكان لە ناو ڕەشماڵدا نیشتە جێ بووم ، لە هەموو جێگایەک و هەموو كات لەگەڵ داود بووم ، كاتێک ئەو تەمەنی زۆربوو ، لەگەڵ باپیرانیدا خەوت ، نەوەكەی ئەو پەرستگەیەكی بۆ من دروست كرد ) سامۆئل 502-7

داود ، تابووتی پەیمانەكانی هێنا بۆ سیۆن لە ئورشەلیم و سلێمانیش لە هەمان شوێن پەرستگەیەكی بەناوی هەیكەل بۆ یەهوە دروست كرد ، و تابوتەكەیان خستە ناو پەرستگە كەوە ، پەرستگە كە لە پشتیەوە ڕاڕەوی بەرەو میحرابە كەی هەبوو ، تابوتەكەیان لەوێ دانا ، فەزایەكی پیرۆز بوو ، لە پشتی پەرستگەكەوە ، ژوورێكی چوار گۆشە ، هەبوو ، كە تابووتی پەیمانەكان و یاسا لەوێدا لە بەرانبەر یەهوە

دانرابوو ، کە فریشتەکان پارێزگاریان لێ دەکرد . هیچ کەس مافی ئەوەی نە بوو بە نێوان ئەو پەردەی کە بە فەزای پیرۆز دا هەڵواسرا بوو ژووره زۆر پیرۆزەکە دا گوزەر بکات . تەنیا کاهینی مەزن نەبێت ، ئەویش لە ساڵێکدا یەک جار لە ڕۆژی کیپۆر دا . ئەگەر بە گشتی تابوتی پەیمانەکان یان ژووری زۆر پیرۆز پێویستیان بە نۆژەن کردنەوە هەبوو ، لەو کلاو ڕۆژنەیەوە کە لە سەقفەکەدا دروستکرابوو بۆ دەرچوونی دوکەڵی قوربانی لەوێوە دەچوونە ژوورەوە . پاش تەواو بوونی پەرستگە کەو دانانی تابوتی پەیمانەکان و یاسا لە ژووری زۆر پیرۆزدا : ( خوداوەند لە شەو دا لە سلێمان بە دیار کەوت ، و پێی وت کە نزاکەتم قبوڵ کردوەو ئەم جێگایەم بۆ خۆم هەڵبژارد تا ببێتە خانەی قوربانیەکان ) دوەم مێژووەکان 12-7

دەوڵەتی ئیسرائیل ماوەیەک پیچش دەولەتی بودا بەدەستی ئاشوریەکان لە ناو چوو ، بودا کە بە تەنیا مایەوە و ناسێنەری ئایینی یەهودیش بوو ئەویش بە دەستی مەمان میللەت لە ناو چوو بەنی ئیسرائیلیشیان بە دیلی برد بۆ بابل و پەرستگەی هیکل وێران بوو . لە سەردەمانی دیلیەتیدا ، بەشێکی زۆر لە باوەڕە ئایینیەکانی تر هاتونەتە ناو ئایینی یەهودەوە و سەرنجی بەنی ئیسرائیلی سەبارەت بە یەهوە بەشێوەیەکی گشتی گۆڕی . یەهوە لە تابوتی پەیمانە کان هاتە دەرەوەو بەرەو ئاسمانەکان فڕی و بوە خولقینەری جیهانی بوون و تەنیا خودای جیهان .

ت : موعجیزە کانی یەهوە :

موعجیزە بریتی یە لە دەرکەوتەیەکی نا سروشتی کە لە کاتی ئاساییدا توانی ڕودانی نیە ، و بەسروشت لە دەرەوەی چێوەی گشتی و بنچینەیی هۆ و هۆکارە ، بەم شرڤە کردنە بە بوێرانە ئەتوانین بڵێین کە هیچ کات ، لە هیچ پنتێکی ئەم دنیایەدا ، هیچ موعجیزەیەک ڕوی نەداوە و تەنیا بەهەمی مێشکی ئەفسانە سازی مرۆڤە کە هاتوەتە ناو ئەفسانەکانەوە .

موعجیزەو پرۆسەی موعجیزە ئاسا ، یەکیچکە لە کۆڵەکە بنچینەییەکانی کتێبی پیرۆز ، تا ئەفسانەکان بترنجێنێتە مێشکی مرۆڤی ساویلکەو ئەفسانە پەرست . موعجیزە لە غیابی پێنج لایەنە ( پێنج هەستەکە ) دەست پێ دەکات و دروست دەبێت و لە زۆرترین بەشەکانی پەیمانی کۆن و ( عهد عتیق ) درێژ دەبێتەوە و لە ( عهد جدید ) پەیمانی نوێدا لە زمانی عیساوە دەگاتە لوتکەی پێگەیشتن .

لەویدا کە مرۆڤ – خودایی لە تەواوی بەکانی کتێبی پیرۆزدا ، فەرمانڕەوایە ، بۆ خولقاندنی ترسو تۆقاندن لە دڵی مرۆڤە بارنەهاتوەکان و چەسباندنی خرۆشی پەرستن و ملکەچی لە ڕۆحی باوەڕداران ، بەکار هێنانی هێز باشترین ئامرازە . موعجیزەی نمایش کردنی هێز پراکتیکێکە کە مرۆڤەکان لە دەرئەنجامەکەی نیگەران . موعجیزە هەر ڕێژەیەک گەورەتربێت ، ئەفسانە هەر چەند قەبارەی پرۆپاگندەی فراوانتر بێت ، کاریگەری لە مێشکی هەوادارانی ساویلکەو نا هۆشیار دا قوڵتر و ترسو تۆقین زیاتر دەبێت . موعجیزەکانی کتێبی پیرۆز بە ڕۆیشتنی موسا بۆ لای شاخی سینا دەست پێدەکات :

( موسا شوانی ئاژەڵەکەی باوکی ژنەکەی ( پترو کاهن مدیان ) بوو ، فریشتەی خوداوەند ، لە ڕوناکی ئاگرێکەوە لە ناو بۆتەی بنچکەکاندا لێی دەرکەوت ، موسا وتی ، ئیستە بزانە بچەمە لای و شتە سەرسورهێنەرە ببینم ، کە بۆچی ئەو بنچکە گڕی گرتوەو ناسوتێت . خوداوەند لە ناو بنچەکانەوە ئاماژەی دا ووتی : موسا ... منم خودای باوکت ئیبراهیم ، خودای ئیسحاق ، خودای یەعقوب ، هەر ڕەنگدانەوەیە کی بەدبەختیەکانی قەو خۆی کە لە میسرن بینیم و نیگەرانیەکانی ئەوانم بیست ، شیستا تۆ وەرە و دەتنێرمە لای فیرعەون و گەلەکەم لە میس ڕزگار بکەی ) 3-1/8

(موسا لە وەڵامدا وتی : ئەوە چیە بە دەستی تۆ وە ؟ وتی دارعاسا ، وتی ، ئەو بهاوە سەر زەوی ، هەرکە موسا هاویشتیە سەرزەوی بوە بەمار ، موسا لە بەردەمیدا ڕای کرد ، پاشان خوداوەند وتی : دەستت درێژ بکەو دەمی بگرە ، پاشان موسا دەستی درێژ کردوو گرتی لە ناو دەستیدا بویەوە بە دارعاسا ) 4-1/4

( یەهوە بە موسای وت ، دەستت بخە ژێر باڵی خۆتەوە . ئەویش دەستی خستە ژێر باڵی خۆی . کاتێک دەستی دەرهینایەوە سپی سپی وەک بەفر هەڵگەڕا بوون ، یەهوە پێی وت دەستەکانت دووبارە بخەرەوە ژێر بالت ، ئەویش دوبارە دەست خستەوە زیر باڵی و کاتێک کە دەستیدەرهێنایەوە دەستی وەک خۆی لێهاتبووەوە ، یەهوە بە موسای وت هەر کات باوەڕیان بەم دوو نیشانەیە نەکرد ە کاتێکدا گوێیان لە قسەکانت بوو ، ئەوکات ئاوی روباری نیل یگرەوە و بیرژینە بە سەر زەیدا ، ئاوی ئەو دجەریاچە یە کە تۆ گرتوتەوە دەبیتە خوێنێکی ناپەسەند ) خروج6/9 -4

بەم جۆرە موعزیەکان لە کتێبی پیرۆزدا دەست پێ دەکەن .

موسا لە لای گەلەکەی لە میسر گەڕایەوە و دەستی کرد بە بڵاو کردنەوەی وتەکانی خودا ، قەومی بەنی ئیسرائیل باوەڕیان پێهێنا و لە بەرانبەر یەهوەدا کرنوشیان برد ، پاشان موساو برادەرەکەی هارون چون بۆ لای فیرعەون و پەیامی یەهوەیان بە فیرعەون گەیاند ، و داوایان لێ کرد تا قەومی یەهود ڕزگار بکات ، تا بگەڕێنەوە بیا بان ، و مەراسیم بۆ یەهوە ئەجام بدەن ، فیرعەون هیچ بایەخی بە قسەکانیموسا نەداو فشاری زیاتری لە سەر قەومی یەهود دانا ، یەهوە بە موسای وت :

( هەر ئەوەی کە فەرمان بەتۆ دەکەم تۆیش بە براکەت بڵی و ا بگەڕێتەوە لای فیرعەون تا بەنی ئیسرائیل لە خاکی خۆی ڕزگار بکات ، و دڵی فیرعەونیش ڕەتر دەکەم تا ئایەت و هێماکانی خۆی لە سەر زەوی میسر ڕێکبخەم ) خروج 3-7

خۆشترین بەشی دەرکەوتنی موعجیزەکانی یەهوە کایە کردنی دووئالیزمی خودایە ، کە لە لایەک فەرمان بە موسا دەکات ، تا داوا لە فیرعەون بکات ، قەومی بەنی ئیسرائیل ڕزگار بکات ، وە لە لایەکی تریشەوە ، خودی ئەو دڵی فیرعەون ڕەقتر دەکات ، تا داواکاریەکانی موسا کە لە ڕاستیشدا داواکی خودی خودا خۆیەتی مل کەچ نەکات بۆی و ، بە و موعجیزانەی کە ڕویانداوە سەرنج نەدا تا یەهوە دەرفەتێکی تری بۆ برەخسێت ، و مەزنی و دەسە ًتی خۆی لە لتکەی پێگەیشتندا نمایش بکات . ئاستی فراوانتر لە هێزی خۆی پیشان بدات . تا لە ئاینەدەدا ئەو موعجیزانە بەشیچوەی ئایەت و هێماکانی هێزی خودای لە تەواوی تەوراتدا بۆ نەوەکانی دوواتر و ئەو کەسانەی کە سەرپێچی فەرمانەکانی دەکەن وەبیر بهێنێتەوە . ئەو فشارو نارەحەتیانەی کە قەومی بەنی ئیسرائیل بەدرێژی ماوەی دیلیەتیان لە میسر چەشتویانە و لە سەریان بووە . هەندێک لەوانە سوک بکات و لە دوایشدا : ( بە گوێی کوڕی موسا و کوڕی کوڕی موسادا بدات کە ئەو یەهوەیە ) خروج 2-10

یەهوە پەیامێک بۆ فیرعەون دەنێرێت : ( ئەگگەر تا ئێستا تۆو قەومەکەتم بە (تاعون) توش کردووە ، لە هەر کاتێکدا لە سەر زەوی نەدەمایتەوە بەڵام بۆئەوەی تۆم هێشتەوەتەوە ، تا هێزی خۆمت پیشان بدەم ، و ناوی من لە تەواوی جیهان بڵاو ببێتەوە ) خروج 15-9

ئەو موعجیزانەی کە یەهوە لە میسردا نمایشیان دەکات ، بە کورتی لە سەفەری خروجی تەوراتدا باس کراوەو بە کورتیەکەی ئاوایە : ( هارون دارعاساکەی خۆی خستە بەردەم خۆی و دارو دەستەکەی و بوە ئەژدیها ، فیرعەونیش داوی لە حەکیمەکان و جادوگەرەکانی کرد ، سێحر بازەکانی میسر بە ئەفسون ئەو کارەیان ئەنجامدا ، هەرکامەیان دارعەسای خۆی فرێداو بووە ئەژدیها . بەڵام دار عەساکەی هارون هەموو ئەو ئەژدیهای سێحربازەکانی هەڵلوشی ) خروج 13/10-7

چونکە فیرعەون لەوێدا بە خواستی موسا و ئازاد کردنی بەنی ئیسرائیل ملی نەدا ، خواوەند بەموسای وتی : ( بەرەبایینی زوو برۆڵای فیرعەون و بۆ دیداری ئەو لە کەنار دەریاکە بوەستە و ئەو دار عەسایەی کە کردم بە مار بیگرە بە دەستەوە و بیدە ئاوی دەریاکە ، هارون لە لای فیرعەوندا دار عاساکەی بڵند کردوو ، ماڵی بە ئاوەکەدا تواوی ئاوی دەریاکە بوەخوێن و ئەو ماسیانەی کە لە ئاوەکەدا بوون ، مردن ، و تەواوی میسر هەڵگەرا بە خوێن . ) خروج 20-7 وە سێحربازەکانیش ئەو کارەیان ئەنجامدا .

یەهوە ئەوەندەی تر دڵی فیرعەونی ڕەقتر کرد ، تا ملچ نەدات بە ڕزگار کردنی قەومی یەهود ، پاشان خوداوەند بە موسای وت : ( بە هارون بڵێ ، با دار عاساکەی خۆی بدات لە دەریاو دەریاچەکان و ڕووبارەکان درێژیان بکاتەوە و بۆق لە میسردا ببارێت ، تا ئەو ئوندازەیەی کە ماڵ و جێگای خەوو جێگای بەندەکانی و خزم و کەسوکاری پڕبکاتەوە ) خروج 4-8 جادوگەرانی میسریش ئەم کارەیان ئەنجامدا .

پاش ڕۆشتنی بۆقەکان ، چوونکە فیرعەون هەستی بە ئاسایش کرد ، دووبارە ملی نەدایەوە بۆ ڕزگار کردنی قەومی ئیسرائیل ، خوداوەند بە موسای وت بە هارون بڵێ : (دارعاساکەی درێژبکاتەوە و بیماڵێت بە تۆزی زەویدا تا میسر پڕببێت لە مێشولە ) خروج 17-8 وە سێحربازەکانی میسر هەمان شێوەیان کرد ، بەڵام نەیان توانی مێشولەکان بهێنن .

بەهەمان شێوە یەهوە موعجیوەی تری هاوشێوەی هێنانی مێشو مەگەز خولقاند ، وە ابەزانی تاعون بۆ مەڕو ماڵات و ئاژەڵی میسریەکان ، دروست کردنی دمەڵی گەورە لە سەر جەستەو گیانیان . و باراندنی بەفرێکی بیچ ئەنداز و هێرشی سون و کولە بۆ سەر بەروو بوم و کشتوکاڵ و دراو درەختەکانیان و خولقاندنی تاریکی یەکی زۆر بۆ ماوەی سێ ڕۆژ لە میسر .بەڵام پاش نمایش کردنی هەر موعجیزەیەک یەهوە دەڵی فیرعەونی توندرو ڕەقتر دەکرد . تا بەنی ئیسرائیلیەکان ئازاد نەکات . ئەو کات خوداوەند بە موسای وت : ( بەڵایەکی تر بۆ سەر میسر دەنێرم ، دوای ئەو بەڵایە ئێوە لە میسر ڕزگارتان دەبێت ) خروج 3-11

(نزیکی نیوەش و دێمە ناو مسیر و هەر مناڵێکی تازە بوو کە لە میسردا بێت لە سەرەتادا کۆرپە لە دایک بوەکانی فریعەون تا کۆرپەی تازە لەدایک بووی مەنیزەک و هەموو ئەوانەی تازە لە دایک دەبن ، و هەموو ئاژەڵەکانیان هەمویان دەکوژم . ئەم مانگە بۆ ئێوە یەکەمین مانگی ساڵە (1)

1- مانگێکە کە ئەمرۆ یەهودیەکان بە شێوەی مانگی یەکەمی ساڵ ئەژماری دەکەن ،
تیشریtishrei بەرانبەر مانگی سێپتەمبەر یان ئۆکتۆبەرە .

بەڵای ئەم مانگە ، هەریەکێک لە ئێوە بەرخێک وەکو هی ماڵی باوانتان بگرن . واتە بۆ هەرماڵێک یەک بەرخ .... ئەو بەرخە تا چواردەی مانگ پارێزگاری لێ بکەن و لە ئێوارەدا سەری ببڕن . خوێنەکەی بڕژێنن بەسەر دەرگاکانی ئەو ماڵەی کە گۆشتی بەرخە سەربڕاوەکەی تیادەخویت و گۆشتەکەیشی لە هەمان شەودا بە ئاگر ببرژێنن و بە نان و سەوزەوە بیخۆن و نابیت بە ئاو و هیچ شتێک پاک بکرێتەوە تەنیا دەبێت بە ئاگر بیسوتێنن . سەروپێکەی و هیچ لەو بەرخە نەمێنێتەوە و هەمووی تا بەیانی بخورێت . ئەوە بەرخە بەو جۆرە بخۆن : پشتوێنت بەستبێت و پێڵاوت لە پیچ کردبێت و دارعاسات بە دەستەوە بێت . بە خێرایی بیی خۆی ، ئەوە جەژنی رزگار بوونە (فصح ( paque)ی خوداوەندە . لەو شەوەدا لە میسر دەرباز بین . ئەو خوێنەیش هێمایەک بێت بۆ ئەو ماڵانەی کە تیایدان . چوونکە ئەگەر خوێنەکە ببینم بە سەردەرگای ماڵەکانی ئێوەوە ئەوا تێدەپەڕیچم و کاتێک کە میسر توش دەکەم بە بەڵا ئەوا ئێوە ئەو ماڵانەی کە خویچنی پێوەیە توش ناکەم . ئەو ڕۆژە یادگاری دەبێت . لەو ڕۆژەدا جەچن بۆ خوداوەند بگرن و ئەو جەژنەش بە یاسای ئەبەدی لە ناو نەوەکانی دواتریشدا بچەسپێنن . لە ڕۆژی چواردەی مانگدا لە ڕۆژی یەکەم هەویرێکی ترش لە ماڵەکانی خۆتان بڕێژن لە ڕۆژی چواردەی مانگدا نانی ئێوارە لە شام بخۆن تا ئێوارەی بیست و یەکی مانگ ( 1 ) خروج 12-1/16

لە نیوە شەودا ، خوداوەند هەموو ئەوانەی کە لەو شەوەدا لە دایک بوون هەر لە کۆرپەی فیرعەونەوە تا کۆرپەی کەنیزەک و دیل و هەتا ئاژەڵەکانیشی لە ناو برد . فیرعەون داوی لە موسا کردوو پێی وت : ( هەڵسەو لە ناو قەومەکەی مندا برۆ ) خروج 29-12

بەڵاَم یەهوە دەڵی فیرعەونی ڕەق تر کرد ، پاش دەرکردنی ئیسرائیل ، فیرعەون بە تەواوی سوارو شەش سەدە بارهەڵگر و فەرماندەکانی خۆی پشتی یەهودیەکانی گرتو لە دەوروبەری دەریای سوور نزیک بویەوە لێیان . بەنی ئیسرائیلیەکان لە ترس و دڵ َەراوکێو تۆقاندن و کوشتن نیگەران بوون لە موسا . خوداوەند بە موسای وت :

- فصح paque ناوی جەژنی رزگاربوونی بەنی ئیسرائیلە کە یەهوە پێی بەخشیون لە ژێردەسەڵاتی فیرعەونەکان لە میسر . و-ک .. فەرهەنگی عمید

1-بۆزانیاری زیاتر سەبارەت بە بنچینەوە پێشینەی ئەم نەریتەی تەورات سەیری ژێرنوسی شرۆڤەی دروشمەکان و قوربانیەکان بکە .

(دارعاساکەت و هەردوو دەستت درێژ بکەو ئاوی دەریاکە بکە بە دوو بەشەوە ، تا بەنی ئیسرائیل بە نێوان دەریاکەدا و بە وشکایدا بپەڕنەوە . خروج 16-14

فریشتەی خوداوەند کە لە پێش هێزەکەی فیرعەونەوە بوو ، چوە پشتی هێزەکەوەو ستونێکی لە هەورە ڕەشەکان لە نێوان هێزی فیرعەون و قەومی بەنی ئیسرائیل دا دروست کرد . موسا دەستی خۆی بۆ دەریا درێژ کردوو خوداوەند بە بایەکی بەهێزەو لە خۆرهەڵاتەوە دەریاکەی وشک کرد . بەن ئیسرائیل بە ناو دەریا وشک بووەوە کەدا تێپەڕین و ئاوەی دەریاکە لە ڕاست و چەپەوە بونە دیوار میسریەکانیش بەتەواوی گالیسکە جەنگی و ئەسپەکانیان و سوارەکانیان لە پشتەوە کەوتنە ناو دەریاکە ، یەهوە بە موسای وت : ( دەستی خۆت درێژبکە تا ئاوی دەریاکە هەموو میسریەکان گالیسکەو سوارەکانیان ڕابماڵێت )

موسا دەستی درێژ کرد و ئاوی دەریاکە گەڕایەوە و سوار و گالیسکەو تەواوی لەشکرەکەی فیرعەونی کە لە پشت بەنی ئیسرائیلیەکانەوە بوون ڕاماڵی و کەسیان نەمان ) خروج 29/ 26-14

کاتێک کە قەومی بەنی ئیسرائیل لە کەناری خۆرهەڵاتی دەریای سوور بەرەوە کەنعان دەڕۆشتن ، یەهوە ناچاربوو ، بۆ ئاگادار بوون لەو قەومە موعجیزەی زۆر تری خولقاند ، کاتێک گە بریسان بوو داوای نانیان لە موسادەکرد ، یەهوە ( من ) لە ئاسمانەوە دای بەزاند . خروج 4- 16 و بۆ خواردنی ئەوان هەزاران باڵندەی خستە بەردەم بەنی ئیسرائیلیەکانەوە . خروج 13-16 کاتێک تینویان بوو ، بە لێدانێک بە دارعاساکەی موسا لە سەرزەوی دوانزە سەرچاوە ئاو دەرکەوت . اعدا 11 -20

یەکێک لە موعجیزە زۆر نایابەکانی خوداوەندی یەهوە لە بیابانی سینا موعجیزەیگەشە پێدان و ژیانەوەی داری وشک بووی دەستی هارونە :

(خوداوەند بە موسای ڕاگەیاند ، وتی بە بەنی ئیسرائیل بڵێ و هەویان عاسا بگرن بە دەستەوە ، یەک دارعاسا لە هەر خانەدانێک ، لە گشت خانەدانەکان دوانزە دارعاسا وەربگرە و ناوی هەر یەکیان لە سەر دارعاسەکە بنوسە و لە ڕەشماڵی کۆبونەو دایان بنێ ، ئەو جیچگایەی کە من لە گەڵ ئێوەدا تیایدا کۆدەبمەوە ، ئەو کەسەی کە من هەڵی دەبژێرم ، دارعاساکەی دەژیەتەوە ، موسا ئەوەی بە بەنی ئیسرائیل وت ، پاشان هەموو خانەدانەکان دارعاساکەیان دایە دەست موسا ، هەر خانەدانێک و یەک دارعاسا واتە دوانزە دارعاسا ، موسا دارعاساکانی بردە خزمەت خوداوەند لە ڕەشماڵەکە . ڕۆژی دواتر موسا چوەناو ڕەشماڵەکە ، دارعاسای هارون کە بە بنچینە خانەدان بوو گەشابووەو خونچەو گوڵی گرتبوو ، اعداد 1/9-17

نابێت وای وێنا بکەین کە بە مردنی موسا هێزی پەنهان و موعجیزاتی یەهوە کۆتایی دێت . بە پێچەوانەوە دەرکەوتنی موعجیزەکان لە کتێبی پیرۆزدا هەربەردەوامە ، خوداوەند بە یوسع کوڕی خادمی موسای وت :

( هەلسن و لە ئەردەن تێپەڕن ، لە بیابانی لوبنانەوە تا دەریای گەورە یانی فورات ، تەواوی ناوچەی هیتیەکان تا دەریای مەزن ، بەرەو لای خۆرئاوا سنووری ناوچەی ئێوەیە ) یوشع 1-1

( ئەمرۆ بە مەزن کردنی تۆ لە لای هەموو ئیسرائیلیەکان دەست پێ دەکەم ، تا هەویان بزانن کە هەروەک لەگەڵ موسابوو م ئاوهاش لە گەڵ تۆ دەبم ) یەشع 7-3

کاتێک پاژنەی پێی کاهینەکان کە تابوتی پەیمانەکانیان هەڵ گرتبوو چووە ناو ئاوی ئەردنەوە ئەو موعجیزەیەی کە لە سەردەمی موسا لە کەنار دەریای سوور ڕویدا دووبارە بویەوە ، ئاوی ڕووبارەکانی ئەردەن کە لە سەرەوە دەهاتن جیابوونەوەو ئەو ئاوانەی کە لە مەودایەکی دوورەوە تێکەڵ بەیەک دەبوون ، لەیەک جیا بونەوە ، قەومی بەنی ئیسرائیل لە ڕووبارێکی وشکەوە تێ پەڕین ، و چوونە ناو ئەردەنەوە ، پاشان ڕوبارەکان وەک پێشو تێکەڵ بوونەوە و چونەوە حاڵەتی ئاساییی خۆیان . یوشع 3-16

لەو جەنگەی کە لە نێوان یوشع و ئادونی سدق ، پاشای ئرشەلیم و ئەو پاشاکانی تری ناوخۆیی ڕویدا وتی :

چۆن لە شکری پێنج پاشا لە بەردەم ئیسرائیلیەکان هەڵدەهاتن لە کاتی وێران کردنی ماڵی حورون ئەوکات ، خوداوەند تا ( عەزیقە ) بەردی گەورەی بە سەردا باراندن لە ئاسمانەوە و مردن ، ئەوانەی کە بە بەردەکان مردن زیاتر لو کەسانە بوون کە بە شمشێر بەنی ئیسرائیلیان دەکوشت ) یوشع 10-11/13

بۆ ئەوەی لە شکری بەنی ئیسرائیل دەرفەتی پێویستی هەبێت بۆ لە ناو بردنی گشت ئەو کەسانەی دوژمنیانن ، یەهوە زەوی و کات و مانگ و خۆری خستە خزمەتی یوشعەوە ، دیاردەیەکی بە دیهێنا کە

به پله له موعجیزاتەکانی سەردەمی موسا سەرسوڕهێنەر تر بوو . یەوشە فەرمانی بە خۆرو مانگ کرد : ( ئەی خۆر بڕۆسەر ( جیعون ) و توش ئەی مانگ بڕۆسەر گوندی ( ئابلون ) پاشان خۆر وەستاو مناگیش وەستا تا قەومی ئیسرائیل تۆڵەیان لە دوژمنەکانی خۆیان کردەوە ، و پاش ئەو ڕۆژە و دوای ئەو ڕۆژە هەر وەک ئەوەی هیچ ڕوی نەدابێت ، هاوکات خودا لە جیاتی بەنی ئیسرائیل دەجەنگا ) یوشع 12/15-10

یەهوە فەرماندەی لەشکری خۆی بە شمشێری ڕوتەوە نارد بۆ هاوکاری یوشع . یوشع 14-5 ... لە هیچرشێکی بروسکە ئاسادا ، 31 پاشای لە سەر زەوی کەنعان لە ناو بردوو تەواوی دانیشتوانی ئەو ناوچەیە بە پێی دەستوری یەهوە جینوساید کران .

ئەو کەسانەی تریش کە مەودای هێزییەهوەیان بۆ خەڵک نمایش کرد ، ئایلیا و خوێندکارەکەی بوو ئالیشع ( ئالیشا ) بوون ، ئایلیا بە پشتیوانی هێزی خوداوەند مردویەکی زیندو کردەوە . شاهان 19/21-17 لە بەر چاوی 450 کەسی حوشتر پەرستدا و هەندێکی تریشیان بەنی ئیسرائیلی بوون ، بە بێ سود وەرگرتن لە ئاگر ، ئەو ئاگرە ی لە هەناوی خۆیدا بپرژێت کە هەرچی لە نزیک و دەوروبەری بوو هەتا ئاوی ڕوبترەکان داگیرسان . شاهان 3801 / 18

دەستەی پەنجا کەسی لە لەشکری دووژمن کە چاودێری ئەویان دەکرد لە و ئاگرەی کە لە ئاسمانەوە ڕشەوانە کرا سوتاند . شاهان 1102- 1 . بە لێدانەکانی خۆی ئاوی ڕووبارەکەی ئەردەنی کردبەدووبەشەوە ، و تا خۆی و خوێندکارەکەی بە ڕێگوزەرێکی وشکدا بپەڕنەوە . شاهان802-2

لە دوایدا لە بەرچاوی خوێندکارەکەیدا ، ( ئالیشع ) لە گەردە لولێک دا کە لە ئەنجامی پەڕینەوەی گالیسکەی ئاگراوی تێکەڵ بوو ل گەڵ ئاسمانی ئاگریندا ، لەو کاتەی کە بۆ ئاسمانەکان دەفری . شاهان 1102-2

تەنیا باڵاپۆشەکەی مامۆستاکەی کابوەوە ، کە ئالیشع ، هەڵی گرت و بەرەو کەنار ڕووباری ئەردەن ڕۆشت ، و بەو لێدانانەی کە بە باڵاپۆشەکەی مامۆستاکەی دەی دا لە ئاوی ڕوبارەکە ، ئاوەی ڕووبارەکە بوو بە دوکەرت و بە بەستەرێکی وشکدا تێپەڕی . 2،14 .2 -2

بە ڕیچگەی خۆیدا تێدەپەڕی منالّی بچوک لە شارەکە هاتنە دەرەوەو گاڵتەیان پێکرد . ئالیشع ، بە ناوی یەهوە ، نەفرەتی لێکردن . لەو کاتەدا دوو کەروێشک لە دارستانەکە هاتنە دەرەوەو 42 لە ناڵەکانیان خوارد . 33،2-2

خەڵکی شارەکە کە ڕۆحی ئایلیا یان لە ئەودا بینی ، هاتن بۆ دیداری و پێیان وت : ئاوی شار ناخۆشە ، ئەویش داوای دەفرێک و هەندێک خوێی کردوو ، خویچ و ئاوی گرتەوەو کردیە ناو ئاوی شارەوە ئاوەکە تامی خۆش بوو . شاهان 21،2-2

ژنێک لە ژنانی ئیسرائیل بە خێرایی بۆ لای هات و وتی زۆر قەرزدارم و جگە لە ڕۆن هیچی ترم نیە ، ئالیشع پێی وت : برۆ دەفرێکی خاڵی لە ماڵی دراوسێکەتان بە قەرز بهێنە ، دەرگای ماڵەکەتان لە سەر خۆت و کورەکانت دابخەو دەفرە خاڵیەکە پڕبکە لە ڕۆن و بیفرۆشەو قەرەکانت بدەرەوە . شاهان 17،2-2

کوڕێکی گەورە نەخوش کەوت و پاش ماوەیەکی کەم مرد ، دایکی هاوری بۆ ئالیشع هێناو ئالیشع چوو بۆ ماڵی ژنەکە و کوڕەکەی مردبوو ، دەرگاکەی داخست و نزای کرد ، و خۆی دا بە سەر کوڕەکەدا . دەمی خستە ناو دەمی کوڕەکەو دەستی خستە ناو دەستی یەوە جەستەی کورشەکە گەرم بوو ، حەوت جار کۆکی و چاوەکانی کردەوە . شاهان 36،2-4

خواردنێکی ژەهراوی گۆڕی بە خواردنێکی خۆش ، شاهان 4-42.2

چەند نانێکی لە نێوان سەد کەسدا دابەش کرد بەڵام هێشتا نانەکە لێی مایەوە . شاهان4-44,2

گەڕی نیعمان فەرماندەی لەشکری پاشای ئارامی چاک کردەوە ، و مەنجامی خەتایەک کە بەندەکەی خۆی ئەنجامی دابوو . ئەوی توشی گەڕی کرد . شاهان . 10-5

کاتێک کە یەکێک لە هاورێکانی تیر بە کەوان دەهاویشت تیرەکەی کەوتە ناو ئاوەوە ، ئالیشع دارێکی لەو جێگەی کە تیرەکەی تێکەوتبوو ، خستە ئەو جێگایەو تیرەکەی دەرهێنایەوە . شاهان 502 -6

لە ئەنجامی کاریگەری سەردەمی دیل بونیان و تیچکەلْیان لەگەڵ چەندین هومی تر هەندێک لە باوەڕی ئایینی ئەو خێڵانەی تر بە تەدریجی بوەتە بەشێک لە فیکرو وێنا کردنی بەنی ئیسرائیلی لە هەمبەر یەهوە و گۆڕانی بەسەردا هاتوە .داستانی خولقاندن ، لە سەر بنچینەی زەردەشتیەکان و ئەفسانەکانی سۆمەری و بابلی ، تەواو کراوە ، و خودای قەهار و جەبار و موعجیزە جێگای خۆیان بۆ خودایەکی ڕەحیم و دادپەروەرو خاوەن ویژدان چۆڵ کرد .بنەمای ئەخلاقی بوە جێگرەوەی کردار و خولقاندنی ترس و تۆقاندن ، لەوە بە دواوە یەهوە بۆ بەرز ڕاگرتنی قەومی یەهود و باوەڕی ئایینی خۆی پێویستی بە سەپاندنی هێز و دەرخستنی موعجیزە نەما ، بە جۆرێک کە لە نوسراوە کانی پاش دورخرانەوەیان و تا دەرکەوتنی موسا ئیتر موعجیزەیەک لە یەهوەوەو لە کتێبی پیرۆزی یەهودا بەرچاو ناکەوێت ، تەنیا لە سەردەمی عیسادایە کە چالاکی سەرسوڕهێنەرو شیاو لە نمونەی کارەکانی ئایلیا و ئالیشع دووبارە لە کتێبی پیرۆزدا سەرهەڵ دەدەنەوە .

خەسڵەتی یەهوەو مرۆڤی خودایی ( ئانترۆپۆمۆرفیزم )

لە چێوە تاشینی یەهوەدا ، شیاوی و، کردارو خەسڵەتەکانی ئەو ، لە سنووری و باکگراوندی هزری نوسەرانی تەوراتدا ماوەتەوە ، وێنا کردنێک کە تەورات لە هەمبەر یەوهوە دەیکات ، گەڕاندنەوەیەکە بۆ تایبەت مەندیەکانی نەژادی ، مرۆڤێکی مادی ، خۆ پەرست ، حەسود و تۆڵە سێن و قەهار و جەبار ، دەمارگیر و نەتەوە پەرست ، دەرکەوتەی ڕەنج و نەفرەت ، خواستیاری پێشکەش کردنی قوربانی زۆر و بەندەکانی پێویستە بۆ پەیوەنندی کردن پێیەوە نەریت و مەراسیمی پەرستن و پێشکەش کردنی قوربانی زۆر و پێدانی ڕەشوەو بەرتیل و دەستکەوتی زۆر تا سەرنجی ئەرێنی ئەو بۆلای خۆیان ڕابکێشن . یەهوە دەخوازی هیزی خۆی بە شێوەی سەر سوڕهێنەرو باش بێت ، و هەموو یەهودیەکان لە تۆڵەسەندنەوەی خواوەندەکەیان بترسن ، دەستەواژەیەک کە تەورات ، لە شێوەی چەمکی خەسڵەتی خواوەندی گوزارشتی لێ دەکات ( الی کنا ) بە مانای خودای حەسود و تۆڵە سێنەرەوەیە ( 1) دە فەرمانی یەهوە لە بەندی یەکەمدا بە بەنی ئیسرائیل دەڵێت :

1-نوکتەیەکی خۆشی گوزارشتی ئەم خەسڵەتی دوبارە بونەوەی ( ال ) بە مانی خودا بۆدەربڕینی خەسڵەتەکانی یەهویە .

( تۆ نابێنت هیچ خودایەکی تر جگە لە من بپەرستیت ، لە بەر دەم ئەو خودایانەدا کرنوش مەبەو ئەوان مەپەرستە . هاوکات کە من یەهوەم و خودای تۆم ، خودایەکی حەسودم ، کە تۆڵە گوناح کردنی باوکەکان لە کورەکانیان و تا سێیەم چوارەم پشت دەسێنمەوە ) خروج 2/5-20

جگە لە خەسڵەتە مرۆیانەکانی ، یەهوە باشی و خراپی شتەکان لە سەر بنچینەی بازرگانی لێپرسینەوەیان لەگەڵ دەکات : (ناوی یەکەمین ڕووبار فیشونە کە تەواوی ئەو زەویانەی ( حویلە ) کە لەوێدان زێرن و دەور دەدات ، زێڕی ئەو سەرزەویە زۆر نایابە ) 11-2

لە هەبەر خولقاند ، یەهوە بەم جۆرە دەسەڵاتی خۆی پێوانە دەکات :

( ئادەم لە خاکەوە هاتە سروشت و لە هەناویدا ڕح دروست بوو ، تا نەفسی زیندوبێت ) پیدایش 7-2

وە پاشان وەک نەشتەر گەرێکی بەتوانا :

( ئادەمی خەواند و یەکێک لە پەراسوەکانی دەرهێناو گۆشتی کردە جێگاکەی . پاشان لەو پەراسوەی کە لە ئادەمی دەرهێنابوو ، ژنێکی دروست کردوو ، خستیە بەردەم ئادەم )پیدایش 22-1

هەروەک و خاوەنی باخێکی جوان ، لە کاتی خۆر ئاوابووندا ، و ( لە کاتی هەڵکردنی شەماڵێکی نەرم لە ناو باغی عەدەندا پیاسەیان دەکرد ، چوونکە ئادەم و ژنەکەی خۆیان لە بەرچاوی خودا شاردبوویەوە خوداش ئەوانی نەدەبینی یەهوە ئادەمی بانگ کردوو وتی لەکوێی ؟ ) افرینش 8/9-3

کاتێک کە یەهوە زانی ئادەم و حەوا سەرپێچیان کردوە ، هەروەکو خاوەن باخێکی گەورە دەستی ئەوانی گرت : ( لە باخی بەهەشت کردنیە دەرەوە ) افرینش 23-3

پاش ئەوەی کە نوح و هاوڕێکانی و تەواوی گیانەوەرەکانی تر سوری کەشتی یەکە بوون لە ناو ئاوەکەدا : ( خوداوەند لە پشتەوە لە ناو کەشتیەکە نوح دەگرێت ) پیدایش 16-7

یەهوە بۆ سەرکێشی کردنی لە کاری مرۆڤەکان و چۆنیەتی ئەو کارانەی کە ئەنجامی دەدەن : ( دادەبەزێت و تا ئەو شارەو بورجەی کە مرۆڤ دروستی کردوە لە بابل ببینێت ) و کاتێک بورجی بابل دەبینێت ، لە یەکێتی و هاوپێوەندی نەوەی مرۆڤ دەترسێت و مرۆڤ دەتوانێت هەموو کارێک ئەنجام بدات ، بە دروست کردنی دووبەرەکی لە نێوان ئەوانەدا لایەنگری دەکات .

( ئێستا زمانی ئەوانمان جیاواز کردوە تا لە کاتی قسە کرن لە یەک تێنە گەن ، پاشان خودا هەموو ئەوانەی لە تەواوی جیهاندا پرش و بڵاو کردەوە . ) پیدیش 8-11

یەهوە لەگەڵ دوو فریشتەی بەردەرگاکەی خۆی دەڕوات بۆ ماڵی ئیبراهیم بە میوانی ، ئیبراهیم بە بینینیان ، چوە ناو ئاژەڵەکان و بەرخێکی ناسکی گرت و دای بە دەست بەندەکەیەوە تا بە خێرایی خواردنیان بۆ ئامادە بکات . پاشان کەرەو شیر و بەرخەکەی ئامادە کردبوو ، خستیە بەردەمیان و خۆی لە بەرانبەریان لە ژێر درەختەکەدا وەستا تا خواردیان . پیدایش 7/9-18

پاش نان خواردن ، دوو فریشتەکە بەرەو لای ( ملوم ) ڕۆشتن بەڵام ئیبراهیم هەروەک خۆی لە خزمەتی یەهوەدا وەستابوو ، بۆماوەیەک دەستیان کرد بە گفتو گۆ .

( خوداوەند گفتو گۆکەی لە گەڵ ئیبراهیم تەوا کرد ، ڕۆشت و ئیبراهیم گەڕایەوە بۆ جێگاکەی خۆی ) افرینش 33-18

تەوارات ، کەشتی گرتنی یەعقوب لەگەڵ یەهوە بەم جۆرە باس دەکات :

( دەرەنگانی شەوێک یەعقوب هەستاو و دوژنەکەی و کەنیزەکەکانی و یانزە کوڕەکەی خستە ناو کەشتی و لە ( معبر یبوق ) پەڕاندنیەوە و تەواوی پێداویستیەکانی خۆی لەگەڵ ناردن ، یەعقوب تەنیا مایەوە لەگەڵ پیاوێک تا بەرە بەیان کەشتی یەکەی دەگرت ، و چوونکە ئەوی بینی بەسەریدا سەرناکەوێت ، ڕانی یەعقوبی دەستلێداو پاشان بە توندی لە ناو کەشتیەکەدا ڕانی گرتی پاشان وتی من بەردە ، کاتێک کە ئەوەندەی نەماوە ڕۆژ بیێتەوە تا خێر نەرژێنی بەسەرما تۆ بەرنادەم ، بەوی وت ناوی تۆ چیە ، ؟ وتی یەعقوب ، وتی ئیتر لەمەو دوا ناوی تۆ یەعقوب نیە ، بەڵکو ئیسرائیلە ، چونکە لەگەڵ خوداو لەگەڵ مرۆڤ نەردید ئەنجامدا و سەرکەوتی . یەعقوب ئەو جێگایەی ناونا پینێڵ ( penil )و وتی هاوکات خودام بە ڕوبەڕو بینی و گیانم ڕزگار بوو . ) پیدایش 32/22-32

بەم هۆیەوە یە بەنی ئیسرائیل عارەقی ( النسا ) کە لە ڕان دروست دەکرێت نای خۆنەوە .

تورەیی یەهوە لەوکەسانەی کە سەرپێچی دەکەن تا ئەو ئاستیەکە بە موسا هەڵبژاردەو نێردراوی خۆی بۆ لای فیرعەون ناهێڵێتەوە لە بەر ئەوەی کە موسا خەتەنە نەکراوە و هێرش دەکاتە سەری و مەبەستیەتی بیکوژێت .

( ئەوکات تاشە بەردێکی تیژی هەڵگرت و خۆی پێ خەتەنە کردوو گۆشتە زیادەکەی خستە بەرپێی . تۆ مێردێکی باشی . پاشان یەهوە ئەوی ئازاد کرد ) خروج 24/27-4

پاش دەرچوونی یەهودیەکان لە میسر ، جگە لە بەشێکی دیار کە یەهوە بە قەومی ئیسرائیلی ڕاگەیاند و پێیانی وت : ( لە هەرساڵێکدا سێ پلەکە هەموی نێرینە بێت لە بەردەم خوداوەند یەهوەدا ئامادە بن ) خروج 17-23 ( هیچ کەسێک بۆ لای من بە دەستی خاڵی نەیەت ) خروج 16-23

( خەڵات بۆ من بهێنن ، ئەو خەڵاتانەی کە لەوانی وەردەگرێت بریتی بوو لە : ( زێڕ ، نوقرە ، برنج ، ڕۆن ، کەتانی ناسک ، خوری ، پێستی وڵاخی خۆشکرا و ، پیداویستی پاکردنەوە و بخورو بەردی گرانبەهاو چەندین شتی تر ) خروج 1/7-25

( خوداوەند بە موسای ڕاگەیاند و پێی وت : کاتێک کە سەرژمێری بەنی ئیسرائیلیەکان دەکەیت و ژمارەیان دەزانیت ، ئەوکات هەرکەس فدیەی گیانی خۆی بدات بە خودواوەند . یانی نیو مسقاڵ لە بەرانبەر یەک مسقاڵی قودس کە یەک مسقاڵو بیست گرامە و ئەوەش خەڵاتی خوداوەندەو ڕەخنە لە بەنی ئیسرائیل بگرە )خروج 11/16-30

(نوبر یەکەمین سەرزەوی خۆت بکەرە ماڵی خودا )

یەهوە لە سەر لوتکەی شاخی سینا ، وەکو شێوەکارێکی لێهاتو ، بە دەست و پەنجەی خۆی لە سەر دوو بەرد دە فەرمانی نوسی پاشان بە موسا دەڵێت : ( وەرە بۆلای من بۆ شاخی یسنا و لەوبمێنەوە تا تابلۆ بەردیەکان و تەورات و ئەحکامێ کە من نوسیومە تا نەوە کەت فیر بکەیت بت دەمێ . ) خروج 12- 24

کاتێک کە موسا ، لە ئەنجامی ئەو تورەبونەی کە لە بینینی ئەو سەرکێشی یەی کە قەومی یەهود و دروست کردنی بەرخێکی ئاڵتۆنی دەستیان وەردابوو . لەو حەکانی کێشا بە زەویدا و شکان ، یەهوە پێی وت : ( دوو لوحەی تر وەک ئەوانەی پێش و بۆخوت دروست بکە و ئەو نوسراوانەی کە لە سەر لەوحەکانی پێشو بوو لە سەر ئەم لەو حانە بنوسەرەوە ) خروج 1-34

پاش هەڵاتنی عەجولانەی موساو قەومی یەهود لە میسر ، فیرعەون بە توندی بە شەست گالیسکەی سەربازیەوە و بە لەشکرێکی زۆرەوە کەوتە شوێنیان ، بەڵام یەهوە : ( لەشکری میسریەکانی وێران

کردوو  تایەی گالیسکەکانیانی دەرهێنا و لەشکری میسریەکان بە توندی توشی شکست هاتن : ) خروج 14-25

لە جەنگی  نێوان یوشع و  ئەو پێنج پاشایەی ئاموریاندا لە کەنعان کە ڕویدا  ، پاش شکست و هەڵاتنی ئاموریان بۆلای ماڵی حورون : ( یەهوە تا  ( عزیقە ) بەردی گەورەی باراند و هەمیانی کوشت .
ئەونەی کە بە بەردبارانەکەی یەهوە مردن ، زیاتر بوون لەو کەسانەی کە بە شمشێر بەنی ئیسرائیلەکانان کوشت ) یوشع 11-10

ئەوە دۆخەی کە لە سەحیفەی یوشع دا بە چاو دەکەوێت ، دەرکەوتەی خەسڵەت و تایبەت مەندیەتی پاشاکانی ننێوان دووڕوبار لە وجود یەهوەدایە . جگە لە بەرد و ئاسەوارو لەوحە کە لە شوێنەوارە کۆنەکاندا ماوەتەوە  . یەکێک لە شانازیەکانی پاشاکان لەو سەردەمانەدا لەجەنگدا لە گەڵدوژمنەکانیان ئەوە بووە کە پاش داگیر کردنی هەرشارێک تەواوی خەڵکی ئەو شارە بە سەگ و پشیلەوە دەیان زشتن و نەیان هێشتوە بونەوەرێک بە زیندوی بمێنێتەوە ، و ئەم کردەیەش بەشێک بووە  لە هیچز دەسەڵات . نوسەرانی تەورات ، لە ژێر کاریگەری هەمان شێوە لە بیر کردنەوە و بۆ پیشاندانی هێزی یەهوە ، جینۆسایدی خەڵکی شارەکانیان کردوە بە بێ یاساو بەرنامە و دەستوری جەنگ ، یهوە ئەو ڕشەوایەتیەشی داوەتە پاڵ بەنی ئیسرائیل  :

(چوونکە یەهوە خوداوەندی شارێکی بە دەست تۆ سپارد ، گشت نێرەکانی بە دەمی شمشێرەکەت بکوژەو هیچ گیانلەبەرێک بە زیندویی مەهێڵەوەو هەمویان لە ناو ببە ) تشنیە 13-20

ئەو ویناکردنەی کە پەیامبەرەکانی بەنی ئیسرائیل لە ڕوئیای یەهوەدا دەی بینن ، و بۆ خواوەندەکەیان پەیکەر دروست دەکەن ، بە شێوەو هەیکەلی مرۆڤ کە لە سەر تەختی باڵا دانیشتوەو کارو باری زەوی بەڕێدەکات .

( لە ڕۆژی پێنجەمی مانگی چواری ساڵی سی یەم دا ، لە ناو دیلەکاندا  ، ( دەریاچەی خاپور ) بوم ئەوە ڕویدا کە ئاسمان فراوان بوو ، ڕوئیای خودام بینی و وتەی یەهوە بۆ حزقیال بن بوزی کاهینی  لە ناو چەی کلدانیەکان دابەزی  ) خروج 1/4-1

وە پاش باسێکی کورت و پوخت  کە لە ڕوئیای خۆیدا لە بارەی خاوەن روخستەکان و فریشتەکان مەوکبی خواوەند ڕای دەگەیەنێت و دەنوسێت : لە سەرو گەردوونەوە کە لە سروی ئەوانەوە بوو ، هاوشێوەی تەختێکی وەکو یاقوت ، دانرابوو ، لە سەر ئەو هاوشێوەی تەختە ، هاوشێوەیەکی مرۆڤ لە سەری دانیشتبوو ، لە دیمەنی ئناوقەد  و بۆسەرەوەی وەکو دیمەنی درەوشانەوەی شتێک هەروەکو نمایشی ئاگر  ، لە هەناویدا و لە دەوریدا بینیم ، و لە ناوقەد ی بۆ خوارەوە هەروەکو نمایشی ئاگر کە هەوو ئەملاو ئەولای دەدرەوشایەوە بینیم ئەم دیمەنە هاوشێوەی جەلالەتی یەهوە بوو )1-27/28

ئاشعیای پەیامبەر لە بارەی دیداری لەگەڵ یەهوە دەنوسێت : ( لەو ساڵەی کە ( عەزیا ) پاشا مرد ، خوداوەندم بینی کە لە سەر کورسیەکی بورز دانیشتبوو ، و هەیکەلی لە دامێنەوە بەرزبوبوە وە سرشافین لە پشتیەوە وەستابوو ، ...... ئەوکات ئاوازی خوداوەندم بیست کە دەی وت کێ بنێرم  ، کێ هەیە کە بە نوێنەرایەتی ئێمە بڕوات ، ، وتم مەزن من بنێرە ) حزقال9-1-6

بە بیچ هۆنیە  کە  بوونی مالچ پەرست و گومانی هەندێک کە هەمیشە لە چاوەڕوانی بەدەست هێنانی قوربانی و دوکەڵی کەباب و زەوقی دەستکەوتی ئاڵتون و زیوە ، وە کارو کردەوە ئەو لە سەر خەسڵەت و ئەندێشەی پیچشوی مرف بونیاد نراوە ، ناتوانێت خولقێنەری بوون و جیهانبێت ، خودایەک کە

فەرمان بە قەومی یەهود دەکات ، تا ئەوانی تر بە دەمی شمشێرەکانیینیان بکوژن ، و هیچ گیانلەبەرێک بە زیندومی نەهێڵنەوە ، تەنیا بتێکی خولقێنراوی مێشکی یەهودە ، کە لە دیدی یەهودیەکانەوە چاودێری دنیاو داوەری دنیا دەکەن ، یەهوە ، ئەو جۆرە کردەوەیە ئەنجام دەدات ، کە قەومی یەهود بیردەکاتەوەوە خواستی ئەنجامدانی هەیە .

بەرایی سێ یەم :

کتێبی پیرۆزی یەهود

هەریەک لە ئاینەمەزنەکانی دنیا خاوەنی کۆمەڵێک نوسراو و ریوایات و داستان و دەقی پیرۆزکراون ، کە پەیڕەو کارانی ئەو ئاینانە ئەوانە بە ئیلهام و وەحی و سروش و قسەی خودا دادەنێن و بە کۆمەڵەیە باوەڕیان هەیە و ڕەفتاری پێ دەکەن ، ئەم کۆمەڵەیە بە زمانی یونانی ( کانن ) ناوزەد کراوە ، و هەمان دەستەواژە بوەتە جێی بایەخی توێژەرانیش :

کانن ی یەهود لە سێ کتێبدا :

تەورات (1) ( torah )نبیئیم ( nevi – im )و کتوبیم ( ketuvim )پێک دێت . بە کورتی و بە ڕێکخراوی یەکەمین پیتی هەر وشەیەک بە تنک ( tonakh )ناونراوە . تەورات بە مانی ( فێر بوون - فێرکردن ) کە لەگەڵ مانای ) یسا ) دا کە بە شێوەیەکی گشتی لە وەرگێڕاندا ( تەورات ) بە کارهێنراوە ، جیاوازی هەیە لەو دەستەواژەیەدا ، لە کتێبی پیرۆزی یەهود دا ، لە بواری جیاجیادا ( تسنیە 44-4-4-33-شاهان 2 ، 24/25- 23 عەزرا 2-3-6-7 ) سود وەرگیراوە ، بەڵام ئەندێشەی پەروەردەو فێرکردن لە تەواوی بوارەکاندا ، بەرچاو دەکەوێت ، ئەمرۆکە دەستەواژەی تەورات بۆ پێناسە کردنی پێنج هەستەکە ، لەگەڵ کۆمەڵێک یاسای ئایینی یەهود و هەمان شێوە بۆ دەربڕینی قوتابخانەیەکی تایبەت ، بە ناوی یەهودیەت بە کارهێنراوە .

1-ناوی کتێبی پیرۆزی یەهود بە عیبری ( توراه )ە کە بە عەرەبی بە تەورات دەخوێندرێتەوە و لە زۆر جێگا هەر بە ناوە عەرەبیەکەی ناو بانگی هەیە .

باوەڕی دێرینی یەهود لە سەر ئەوە بنچینەیەبوو کە تەورات پێش ئەوەی کە لە شاخی سینا بە وەحی بێت بۆ موسا هەتا پیچش لە خەلق بوونی جیهان و بوون بوونی هەبووە ، کتێبی ( عەقڵ ) نوسینی بن سیرا ( ben sira )کە ڕەسەنیەتی جێگای گومانە ، سەرەتای تەورات بەرانبەر بە ئەزەلیەتی خودا دەزانێت ، لە ئەدەبیاتی ڕابەکاندا تەورات بە شێوەی یەکی یەکێک لەو شەش یان حەوت شتەی کە پێش خولقانی جیهان و بوون دروست بوە ، فێر دەکرێن ، فەلسەفەیەک کە ( فیمۆ ) دەربارەی لۆگۆس ( logos )دەری دەبڕێت ، و لە ڕێگەی تەوراتەوە دەیەوێت بونی خودا بسەلمێنێت ، ئەمەش هەر وەک ئەوە وایە کە ئەندازیارەکان بە گەڕاندنەوە بۆ نەخشە ی بیناکە لە پایەڕێژی بیناکەوە دەست

پێ دەکەن . هەمان شێوەش خودا بە گەڕاندنەوە بۆ دەقەکانی تەورات جیهانی بونی خولقاند . فیلۆ تەورات بە شێوەی یەکێک لە ڕوکنەکانی ئەو دیو سروشتی ئەبەدی دەزانێت و باوەڕی وابوو ، کە یاساکانی تەورات وێرانگەر نیەو بۆ تەواوی سەدەکانی ئاینده و تا ئەو کاتەی کە خۆرو مانگ دەدرەوشێنەوە و جیهانی بوون دەمێنێتەوە شیاوی قبوڵ کردنەوە وەک خۆی دەمێنێتەوە . جیهانی بوون و تەورات و ، تەورات و جیهانی بوونیش پێکەوە هەماهەنگی تەواو یان هەیە ، هەر کەس موفرادەکانی تەورات پیادە بکات ، لە ڕاستیدا جیهانی بوونە ، یاساکانی تەورات بە سۆزی سروشت ڕەنگرێژ کراوەو باشترین دەرکەوتە حکومەتی ئاسمانیە ، هەمان دیدو بۆچوون و باوەڕ ، پایەی و بنەمای کابالا ( kabbalah ) پێک دەهێنێت ، و باوەڕیان وایە کە تەورات کۆنەو لە ئەزەلەوە بوونی هەبووە .

هەندێکی تر لە فەیلە سوفەکانی یەهود وەکو جودای بارسلونی ( juda of Barcelona ) ئیبراهیم کوڕی عەزرا و یودا هلوی ( yuda halvi ) ئەو باوەڕە لە سۆنگەیەوە بونی نوسراوی پابەند سەرقاڵی جێگاو کاتە . پێچەوانەی ئەو تیۆریایەن کە پێی وایە تەورات ئەزەلی و جێگایە وەک خودا و باوەڕیان وایە کە تەنیا ئەو چەمکە لە خودا دا بوونی هەیە .

1-تەورات ( torah ) گشتگیر و ڕووناکی پێنج لایەنەیەو هەریەک لە بەشەکانی بە عیبری بە ناوی یەکەمین وشەی هەربەشێک ڕوون دەبێتەوە :

پیدایش : genesis بەعیبری دەست پێک breishis

خروج : exodus وە ئەوانەن shemos

لاویان : levetique وە ئەوی خەواند vayikr

اعداد : numbers و ئەوی سەرزەنش کرد bamidbar

تپسیە : Deuteronomy وە ئەوەیە devorim

2-نبیئیم ( nevi- im ) پەیامبەران کە بریتی یە لە کتێبەکانی پەیامبەرانی پێشو

یوشوعا ( yoshua ، دادوەران shoftini کتێبی یەکەم کتێبی دوەم سامۆئیل shauel کتێبی یەکەم دووەم شاهان melochim کتیچبی پەیامبەرانی دواتر .

ئایسایا Isaiah ، هرمیا . hromiah ئازکیل . Ezekiel و 12 پەیامبەری تر بە پوختەی کتێبەکانیانەوە . هۆشیا hoshia یوال yoel عاموس amos ئوبادیا ovadiah میکا michah ناحوم nachum هاباکوک chabakuk زفانیا Zephaniah زکریا zecharia ملاخی ( ملئخی ( melachay ، یونا yona ، هاگائی haggai

3-کتییم ( ketivim ) بریتی یە لە :

ا- مزامیر ( psalms ) یا تهلیم ( tehilim

سرود سرودەکان ... sher – ha – hserim

پەندو نمونەکان ( میشلە شلمە ) ایوب yob

ب- پێنج تۆمار کە بریتی یە لە غەزەل و ئەغزالەکانی سلێمان song of Solomon

مرئیەکان lamentation ، کتێبی کۆمەڵگە ecclesiastes ، کتێبی ئاستر esther ، کتێبی ڕوت ruth و گوفتاری پێغەمبەرانە Daniel

پ- کتێبی مێژوویی عەزرا ezra نحمیا nehmia وە مێژووی ڕۆژەکان ، سەحیفەی یەکەم دووەم ئەم خشتە بەندی یە ، بە کورتکراوەیی ( تلمود) دا بەاو دەکەوێت .

لە ساڵی 200 زایینی ، لە کۆبونەوەیەکی کاهینەکانی یەودیدا بە سەر پەرشتی یەهودا هاناسی ( Yehuda hanasi)دەرئەنجامی نوسینی کتێبێک بە ناوی میشنا ( Mishnah )کۆتایی هات . میشنا لە دەستەواژەی عیبری شانا ( shana)بە مانی دووبارە وەرگیراوە و بۆ کتێبەکەشە بە مانای فیربوون بەکار هێنراوە ، ئەم کتێبە بریتی یە لە نوسینەوەی کۆمەڵێک یاسا ( کانن یهود ) و یاسای شیفایی ( نەریتی ئایینی و مەراسیمی نەنوسراوی ئایینی کە کاهینەکان چاودێری گشتی جێبەجێکردنی بون و لە ناو خەڵکیدا باو بوو ) پێک هاتەو گشتی یەتی بریتی یە لە شەش بەش ( sedarim)کە بەردی بناغەی یەهودیەت و بنەمای زانستی ڕۆحانیەکانی یەهودیە .

دابشکردنی میشنا بریتی یە لە : بەشی یەکەم ، دەربارەی جەژنی وەرزەکانە ، مانگ ، بەربەیان . بەشی دووەم ، بریتی لە مناجات و ، نزاو ، کشتوکاڵ و سنووری نێوان هەژاران و دەوڵمەندەکان . بەشی سێیەم ، بریتی یە لە : مافی ژنان و چێوەی پرۆسەی هاوسەر گیری و تەلاق . بەشی پێنجەم بریتی لە : یاشای مەدەنی و جەزائی . بەشی پێنجەم بریتی یە لە : سەروەت و سامان و چۆنیەتی خەرج کردنی دارایی و سامان لە پێناو قوربانی بەخشین . بەشی شەشەم بریتی یە لە : نەریتی خۆپاکردنەوەو تەوبە کردن و خۆشتن و خۆپاککردنەوە .

لە سەدەی چوارەمی زایینیدا ، کتێبێکی تر بۆ تەفسیرو لێکدانەوەی یاساو پلە بەندی میشنا ، لە لایەن کۆمەڵێک لە کاهینەکای ئورشەلیم بە ناوی تلمود ، بە واتای شرۆڤە کردن و فیربوون ، نوسرا ، و لە وڵاتانی وەکو ئیتالیا و میسر ، کە لەگەڵ فەلەستیندا لە پەیوەندی نزیکدابوون ، هەواداریکی زۆری هەبوو .

لە ماوەی یەک سەدە دواتر ، تلمود یکی تر لە لایەن ڕۆحانیەکانی یەهدەوە کە لە بابل نیشتە جیچ بوون نوسرا . هەردوو تلمود لە زۆر بابەتیاندا هاوشێوەی یەکن و بابەتەکانیان لە دیدەگایەکی هاوبەشەوە شرۆڤە کراوە . بەڵام کاتێک تەفسیر و ئەنجام گیری لە نێوانیاندا دەکەیت جیاوازیان لە تیۆریاکانیاندا هەیە ، تلمودی بابلی یەهودیەکان چ لە ئاستی ناوەڕۆک و چ لە ئاستی تیۆریاو ڕێک خستنیدا لە تلمودی ئورشەلیمی بە بەرزتر دەزانن ، پاش بڵاوبونەوەی ئیسلام لە خۆرهەڵات ، و بەرقەراری خەلافەتی ئیسلامی و ئەو باروێۆخەی کە هاتبوە پێشەوە ، ( گوان بابلی ) توانیان دەسەڵاتی ئایینی خۆیان لە سەر تەواوی ئەوروپا بچەسپێنن ، و تلمودی بابلی لە ئاستی ململانێ لەگەڵ تلمودی ئورشەلیمیدا بە شێوەی باڵاتر قبوڵ بکەن .

پاش ئەو تەفسیرەی کە ڕاشی ( rashi)لە سەر ئەو کتێبە نوسی ، بە گشتی بە تەنیا کتێبی فێر کراوەیی ئایینی یەهود ناوزەد کرا . ئەم کتێبە بریتی بوو لە دو ملیۆن و نیو وشە ، و یەک لە سێ بەشی شرۆڤەی تەورات و نانوشتە ( kalakhah)بوو ، زیاتر بابەتەکانی تلمود ، بەگشتی شرۆڤەی هیلاک کەر بوو لە چێوەی میشنا دا ، گواستنەوەی باوەڕی وەبرهێنانەوەی پایەو لۆژیکی هەریەکێک لە باوەڕەکان بوو . تلمود ئەتوانرێت بە کتێبێکی گەورەی زاراوەکان کە بەگشتی دەستەواژەو پەندی ئاسایی ئەو سەردەمەیە ، ئەفسانەکان ، چیرۆکی کورت و بابەتی زانستی ڕۆژ ناو زەد بکرێت . تلمود لە دیدی غەیر یەهودیەکانەوە ، پەروەندیەکی تێکەڵ و فەرهەنگێکی زاراوەکانە بەبێ ڕێنمایی کە دەست گەیشتن بە چەمک مەبەست و ئەنجامی شرۆڤە کراوە ، ڕێی تێناچێت ، تلمود باوەڕی جێا دەربارەی

هەربابەتێک ، هەتا باوەڕی کەمایەتیەکان باس دەکات و تەفسیری ئەوەی کە کام لەو باوەڕانە شیاوی قبوڵ کردنی ئاستەکانی تواناداپە ، بە خودی خوێنەر دەدات .

گمارا ( gemara ) بە مانای نەریتەکان یان کۆی نەریتەکان و بە گشتی کۆمەڵەیەکە لە میشنا و تلمود بەرجەستە دەبێت . لەو زاراوانەی کە لە تلمودی بابلی بۆ ڕوونکردنەوەی شرۆڤەکان سودی لێوەرگیراوە .

پەیڕەوانی دەستەی میمونیە لە سەر ئەو بابەتەی کە تەورات تەنیا بەرهەمی پەیامبەری موسایە و بەگشتی بریتی یە لە مەبەستی سیاسی و ڕەفاهی جەستەیی و ڕۆحی مرۆڤە . وەلای دەنێت و دەڵێت : کە لایەنی خودائی تەورات لە پێگەیشتنی مرۆڤ و ئارامی ڕۆح دا بەرچاو دەکەوێت .

بە سەر نج دان بەو گۆڕانکاریە گەورەیەی کە لە جیهانی زانست و پشکنینەکاندا دەرکەوت ، زۆرێک لە بیرمەندانی یەهود ، وەکو گریگۆر – greiger و ئیسپینوزا ، باوەڕی پەیوەندیدار بە ئەزەلیەتی تەوراتەوە ، بە بێ پایەو بنچینەی کتێبی پیرۆز و پێشینەی مێژووی یەهود . ئاوێتە بە دەمار گیری خواپەرستیانەی دادەنێن .

ئەمرۆکە لە وڵاتی ئیسرائیل نوسەران و مامۆستایانی ئایینی ، لە سەر ئەو باوەڕەن کە تەورات وەحی خواوەندە بەڵام بەو جۆرەی نە کە باس دەکرێت ، بەڵکە پێشینەی ژیانی ئیسرائیلیە کۆنەکانە ، کە لە سەر بنەمای ئەندێشەی لە ناو بردنی بت پەرستی و یان تاک پەرستی ڕێکخراوە .

لە سەر ئەو زانیاریانەی کە ( دیکسیونری ئایینی المجیلی evangelical diuutionary of thelogi ) ئاشکرای کردوە ، دێرین ترین لیستێک کە لە ( کانن )ی یەهود دەستکەوتوە ، دەگەڕێتەوە بۆ 170ی زایینی کە لە لایەن یەکێک لە لێکۆڵیارانی مەسیحی ڕێکخراوە ، ( ملیتو دوساردیس melito do sardis ) بۆ لێکۆڵینەوە لە سەر ڕێژەی کتێب و ڕێکخستنیان لە کاننی یەهود .ڕۆشت بۆ فەلەستین ، بەڵام هیچ یەک لەوکتێبانەی کە بەو جۆرەی لەکتێبی مەسیحیەکاندا ڕێکخرابوو کە بەراوردی کردن وەک یەک نەبوون .

کتێبی پیرۆزی یەهود نەتەنیا بە زمانی عیبری ، بەڵکو بە زمانەجیاجیاکانی ئارامی و سامی و هی تر تەفسیر کرابوو ، بەڵام دێرینترین نوسخەیەک کە لە بەردەستدایە ، ڕەنگە سەدان ساڵ پاش نوسخە ئەسڵیەکەی ئامادە کرابێت ، وەرگێڕە یونانیەکان لە ئەسکەندەریە لە ماوەی دوو سەدو نیو پێش زایین سەرقاڵی وەرگێڕانی کتێب بوون ، بەو جۆرەی کە دابەش کرابوو بە سێبەشەوە وەریان نە دەگێڕا بەڵکو لە سەر ڕێنمایی یونانیەکان خۆیان ، کتێبەکەیان لە سەر بنەمای بابەت و مێژوو ڕوداو ریزبەندی دەکرد . لە ئەنجامدا نیوەی بەشی کتێبی دووەمی ( انبیا ) و کتێبی سێیەمی ( کتیبیم ) بە گشتی فەرامۆش کرابوو .

هەمان ئەو لە یاد کردنەش بوە هۆی جیاوازی زۆر لە فەسڵ بەندی کتێبی ( عهد جدید ) کە لە سەر بنەمای وەرگێڕانی یونانیەکان تەورات ڕێکخراوە ، یان لەگەڵ کتێبی ( عهد عتیق ) بەرئاوەژۆ بوون .

تورات پێک دێت لە 613 دەستور ، کە ژیانی ڕۆژانەی هەر تاکێکی یەهودی لە هەرخاڵێکی سەرنجەوە لە خۆ دەگرێت . بە جۆرێک کە جگە لە یاسای مەدەنی و جەزائی پەیوەندی کۆمەڵایەتی تاکەکان لەگەڵ یەکتر ، دەربارەی بەهەشتی کەسیەتی و سیستەمی خۆراکی شرۆڤەی کورتی تیایە . کورتەو پوختەی دەستورەکانی تەورات لە ( دە فەرمان ) دا ڕەگی داوەتەوە ،

1-تۆ نابێت جگە لە من هیچ  خودایەکی ترت هەبێت .. ڕیش مەتاشەو هیچ پەیکەرێک لەوەی کە لە سەرەوە هەیەو لەوەی کە لە خوارەوە لە سەر زەوی هەیەو لەوەی کە لە ئاوی ژێرزەویدا هەیە ، بۆخۆت دروست مەکە . لەبەردەم ئەوانەدا کرنوش مەبەو ئەوان مەپەرستە .

2-ناوی یەهوە خودای خۆت بە درۆ مەبە  .

3-ڕۆژی شەممە یاد بکرەوە  تا بتوانی پیرۆزی کەیت .

4-ڕێز لە دایکو باوکت بگرە  .

5-قەتڵ مەک  .

6-زینا مەکە .

7-دزی مەکە .

8-لە سەر دراوسێکەت شاهیدی درۆ مەدە .

9-چاو مەبڕە ماڵی دراوسێکەت  .

10-تەماح مەکە ژن و کەنیزەک و خزمەتکارو گا و وڵاغەکانی و بە هەرشتێک کە دراوسێکەت هەیەتی .

تەورات یاسای ئاینی یەهود و شادەماری یاسای هەردوو ئاینی تری ئیبراهیمی ، مەسیحیەت و ئیسلام و زۆرێک لە یاساکانی وڵاتانی جۆراو جۆر لە دنیای ئەمرۆدا پێک دەهێنێت .

ئەگەر لە ئاینی یەهود بە شێوەی پایە و ژێربینای هەردوو ئاینی ئیبراهیمی سود وەرنەگیراوە . ئەمرۆکە سەبارەت بە تەورات  ، بێجگە لەوەی وەک کتێبی  مێژووی ئاینەکان ، شرۆڤەیەکی تر ئەنجام نەدراوە و تەنیا لە سۆنگەی 18 ملیۆن کەسی باوەڕدار بەو ئاینە پیرۆز دەکرێت .

پرۆپاگندەو بڵاو کردنەوەی کتێبی پیرۆزی یەهود  پێویستە بە قەرزداری هەوڵی کڵێساکانی مەسیحی بزانین تا خودی کەنیسەکانی یەهود . ئاینی یەهود  . لە ڕاستیدا هێشتان ئاینێکی خێڵەکیە نەک ئاینێکی جیهانی . یەهودیەکان بۆ پرۆپاگندە کردنی ئاینەکەی خۆیان  . لە دەرەوەی ئەو جیچگایانەی یەهودیەکانی تیا نیشتە جێیە هیچ هەوڵێکیان نەداوەو لەو باوەڕەدا کە بۆ یەهودی بوون ئەبێت لە دایکێکی یەهودیەوە لە دایک ببێت . سیستەمی پەروەردەو فێرکردنی خێزانی یەهودی بە جۆرێچکە کە منالْ هەر لە سەرەتای منالْیەوە بە بابەتە ئاینیەکان ئاشنا دەکرێت ، ڕۆژانی شەممەی هەر حەفتەیەک ، لەگەڵدایکو باوکی بۆ نزا کردن دەڕوات بۆ کەنیسە  . هەستو هزریان هەرلە منداڵیەوە و بە ناخودئاگایانە پڕدەکەن لە بابەت و فێرکراوەی ئاینی کە ئەو جۆرە پەروەردەیەیان هەرگیز لە بیر ناچێت و هەرگیزیش پێویستیان بە فیرکردنی تری ئاینی نابێت کە لەکاتی منداڵیدا فێر کراون . لە بەرانبەر ئاینی عیسادا ئاینێکی جیهانیەو کڵێچسا بۆ سەلماندنی پایە ئاینیەکانی خۆی خواوەندیەتی عیسا بۆ سەلماند و پیرۆزکردنی ئەو کتێبەی زیاد لە پێویست هەوڵیداوە و بۆ هەقیقەتی پاکیەتی هەریەک لە داستانەکانی تەورات و کتێبی جۆراو جۆری بڵاو کردوەتەوە . مەسیحیەکان لەو باوەڕەدان کە کتێ◌ِبی عهدی عتیق ناوەڕۆکی ئەو پەیمانانەیە کە خوداوەند لە سەرەتادا داویەتی بە ئیبراهیم و یەعقوب و پاشان بە موسا ، ئەو پەیمانانە لە ڕاستیدا پێشەکی و زەمینەیەک بووە بۆ دەرکەوتنی عیساو سەرهەڵدانی فەرمانڕەوایەتی خوداوەند لە جیهاندا . ئیعتیبارو ڕەسنایەتی هەردوو کتێبی  پیرۆز  ( تەورات و ئینجیل  ) لە پێش هەرکتێبێکی پیرۆزی ترەوەی دادەنێن و بە تەواوی زمانەکانی دنیاش وەریان گێڕاوە . یەهودی و مەسیحیەکان ، باوەڕیان وایە کە هەردوو کتێبی پیرۆز  قسەی خودان . پێنج

کتێبی یەکەم سرۆشی خودایە بۆ موساو کتێبی نبیشیم ، ئیلهامە بۆ پەیامبەرەکانی یەهود . پێک هاتەی ئەم کتێبە ڕوداوی مێژوویی ڕاستە قینەن کە بە شێوەیەی کۆمەڵیەک ڕێکخراوە . دەمارگیری و باوەڕی توند بە ئایینی مروئی بوەبوە هۆی ئەوەی کە هیچ تاکێکی یەهودی ، هەتا خاوەن هزرو بیرمەندانی یەهود مۆڵەتی گومانیان دەربارەی ڕەسەنایەتی کتێبی پیرۆز بە خۆیان نەدەدا . کڵێسای مەسیح بە درێژی ماوەی سەدەکانی بە ڕەفتاری توندو سیستەمی پشکنینی باوەڕەکان جورئەتی گومان و شک دەربارەی ڕەسەنایەتی کتێبی پیرۆز لە هەموو لایەکەوە کۆنترۆڵ کردبوو ، و کە سانێک کە بچوکترین باوەڕ یان گومانیان هەبوایە بە شێوەیەکی توندو تیژ ڕوبەڕوی دەبوونەوە ، بەسەر هەڵدانی ڕێنیسانس و ئازادی باوەڕو بیرو ڕای جیا لە ئەوروپا ، شرۆڤەی قوڵ دەربارەی ڕاستی و دروستی تەدریجی لە کتێبی پیرۆزی یەهودا ئەنجامدرا. جیاوازی و خیلافی زۆر لە کتێبی صیرۆزدا بەدیار کەوت و وتاری جیاجیا زۆری لە سەرنوسرا بەتایبەت یاد هێنانەوەی داستانەکانی .

ئیسپینوزا فەیلەسوفی هۆڵندی و یەهودی ، لە سەدەی 17 ی زایینی دا ، بنچینەی دیارکردنی ئایینی یەهودی خستە بەر ڕەخنەی توند و ڕەسەنایەتی کتێبی پیرۆزی ڕەد کردەوە . ئیسپینوزا وتی : ئەم کتێبە نەقسەی خودایەو نە بەرئەنجامی هزری کەسانێک کە بە قسەی خودای دەزانن . ئەم کتێبە ڕیشکێکی مرۆڤانەی هەیەو سروشتی گۆڕاو ناجێگیری نوسەرە جیاجیاکانی یەهود ، لاوزای داڕشتن و هەڵبژاردنی دەستەواژەو دەستوراتی ئایینی بە جوانی بەرچاو دەکەوێت .

ویلیام کلنسو ، ماتماتیک زان و اسقف ئینگلیسی لە کۆتاییەکانی سەدەی هەژدەیەمدا ، لە هەمبەر تیەورات نوسیو یەتی :

ئیوەی کە موسا بە پەیامبەر دەزانیت ، هیچ پایەیەکی مێژوویی نیەو هەوڵی نوسەرەکانی بۆ بە مێژوویی کردن و پرشنگدار کردنی تەورات ئەوا بە شێوەی کتێبێکی گاڵتەجاری داڕشتوە .

ئەگەر ئاورێک لە مێژووی ناوچەی فەلەستین بدەینەوە ئەوە دەبینین کە لەو سەرزەویەدا هیچ کات خێلێکی تایبەت و تەنیا خێڵێک کە تەورات باسی دەکات 605 هەزار پیاوی جەنگاوەرو ئامادەی جەنگ بێت و سی و یەک پاشای تەفرو توان بوی شارەکانی ئەم سەرزەویە خستوەتە ژێر کۆنترۆڵی خۆیەوە ، بونی نەبووە . ئەم سەرزەویە ، بە هۆی حکومڕانان و فەرمانڕەوای بچوک و ناوخۆیەوە ئیدارە دراوەو لە لایەن ئیمپراتۆریەتە درێژماوەکانی وەکو : مسیر و بابل و ئێران و یونان و ڕۆم بەڕێوەبراوە . هبیلەی جیاجیای لە نەوەی سامی و ئاریایی لە تەواوی ئەو ناوچانەی نێوان دووروباری فورات و دیجلە تا دەریای مدیترانە بە شێوەی پەرش و بڵاو نیشتە جێبوون ، بەڵام بە تایبەتی یەک نەژاد یان یەک قەبیلەی تایبەت لە هەر یەک لە قەبیلەکانی نیشتەجێی ئەو ناوچانە بوونی نەبووە . کەنعانیەکان کە ماوەیەک دەسەڵاتیان لە سەر بەشێکی ئەو ناو چەیە هەبوو ، بۆخۆشیان لە قەبیلەو هۆزی جۆراو جۆر بوون . لە هەزاران بەردی نوسراو کە لە بابلیەکان و سۆمەریەکان لە شوێنەوارەکانی فەلەستیندا دەست کەوتوە ، بەڵگەیەک کە قەومی یەهود و بابەتەکانی تەورات جەخت لێ بکاتەوە ، تا ئێستا بەرچاو نەکەوتوە ، تەنیا بەڵگەو نوسراوێکی مێژوویی کە تیایدا ناوی ئیسرائیل هاتبێت ، کەتیبەیەکی میسریە کە بە خەتی هێرۆگلۆفین نوسراوە کە لە گۆڕی می نیپتاخ –mineptach لە ئەشکەوتی ( تب – تیوە ) دۆزراوەتەوە ، ئەوەش فیرعەون لە ماوەی نێوان ساڵەکانی 1234 بۆ 1314 پ- ز فەرمانڕەوای میسر بوەو کەتیبەیەکی باسکردنی داگیر کردنی وڵاتانی دراوسێیە لە لایەن میسرەوە . ئەم بەڵگەیە لە نیوەی یەکەمی سەردەمی دەسەڵاتداریەتی می نیپتاخ دروستکراوەو ناوی ئیسرائیل بە قەبیلەیەک کە بە دوای ئەو نوسراوەدا هەڵکۆڵراوە ، هیچ گومانێک ناهێڵێتەوە بۆ ئەوەی کە ئەم قەبیلەیە کۆمەڵیەکی مرۆیی بوون نەک نشینگەی ناوچەیەکی تایبەت بەخۆیان . لە کۆتایی ئەم کەتیبەیەدا نوسراوە کە ( ئیسرائیل لە بنچەو لە بن هەڵکێشران و ئیتر یەک کۆرپەشیان نەماوە )

بەوجۆرەی کە بابەتەکانی ئەم بەڵگە مێژووییە بە شێوەیەکی هەقیقەت قبوڵ بکەین ، بە ناچاری پێویستە هێڵێکی ڕاستو چەپ بە سەر تەواوی نوسراوەکانی تەورات دەربارەی دەربازبوونی بەنی ئیسرائیل لە میسر و پێک هێنانی لە شکرێکی شەشە سەد هەزار کەسی و داگیرکاری دواتی ئەوان لە بەرانبەر پاشاکانی فەلەستین بهێنین . بە ئەگەرێکی زۆر بەهێز ئەو قەومەی کە دواتر خۆیان ناو نا یەهود ، پێکهاتەیەک بوە لە تاکەکانی قەبیلە جیاوازە کۆچەریەکانی بیابان نشین کە خاوەنی بەرژەوەندی سیاسی و ئابووری هاوبەش بوون لە مێژوودا بەناوی ( ئاپیسرو ) ئو ، بە گۆڕینی پ بە ب لە زمانەکانی سامیدا ئابیسرو ( hybreux ) ناوەزەد کراون . ئابیسروەکان خاوەنی نیشتمان ، قەبیلە و یان نەژادی ناسراو نەبوون ، بەڵکو زاراوەی ئابیسرو یا عیبری بە ئەو کەسانەی کە خواستیاری کار یان بە وەکو سەرباز دەچونە خزمەتی پاشا وە ، دیاری کراوە . لە چیرۆکو داستانەکانی تەوراتدا بە کەرەتەکانی ئاکی یەهودی بە ناوی عیبری ( hebreux ) ناونراون . ژنەکەی پوتیفار یەسف بە هێمای عیبرانی ناودەبات . پیدایش 17-29 و یوسف بە دوو زنیندانی تری میسری دەڵێت : هاوکات لە ڕاستیدا لە سەرزەوی عیبرانیەکان ( hebreux ) دزاوم ) پیدایش 15/7-40

لە بەندی 16ی بابی حەوتی سەفەرو خروج دا یەهوە بە موسا دەڵێت :

( بە فیرعەون بڵێ ، یەهوە خودای عیبرانیان ( hebreux ) منی بۆ لای تۆ ڕەوانە کردووە ، قەومەکەی من ئازاد بکە تا لە بیابان نزای بۆ من بکەن )

ئابیسروەکان مافی شارنشینی و موڵکایەتی یان نەبوو ، لە تەنیش شارەکانەوە نیشتە جێ کرابوون ، لە پێناو گوزەران و ململانێی مانەوە ئابیسروەکان بە پشتیوانی چینە هەژارەکانی ناو شارەکان لە دژی دەسەڵاتداریەتی فەرمان ڕەوا ڕاپەڕین ، پاش ساڵانێک لە کێشمە کێش و جەنگ لە ئەنجامدا دەسەڵاتیان گرتە دەست و دەوڵەتێکیان لە خۆیان پێک هێنا . تەنیا ڕاستیەکی مەلموس بەردی هەڵکۆڵراو لەو حەکانە کە دەست کەوتوە لە شوێنەوارە دێرینەکانی فەلەستین و میسر ، بۆسەلماندن ئەگەر چی توێژەران لە هەمبەر تەندروست بوونی ئەو بەڵگانەش جیاوازی بۆچونیان هەیە ، بوونی هەمان ئابیسرو ( ) ( hebreux یان عیبریەکان ) لە سەرزەوی فەلەستین یان نێوان دووروبار کە ، پاش کەنعانیەکان و میلیستریەکان حکومەتێکیان لە فەلەستین دروست کرد . ئاستی کۆمەڵایەتی و مافی هاوڵاتیان بە دەست هێنا ، بەڵام هەتا کاتی دەسەڵاتداریەتی داود و سلێمان ، تەنیا بەشێکی کەم لە دانیشتوانی قەڵەمڕەوی ئەو حکومەتە بریتی بوون لە قەبیلەکانی ، بودا ، سیمۆن ، کائین و لوەی . بە هاوتەریبی گۆڕانێک کە لە ژیانی کۆمەڵایەتی و ئابووری ئابسیروەکاندا ڕویدا و لە شوانی و بیابان نشینیەوە بونە شارنشین ، لە باوەڕەئایینەکانییشیاندا هاوکات گۆڕانێکی نوێ ڕویدا ، و هزرو باوەڕی مللی کە بوە جێگرەوە لە حکومەتدا ، کاریگەری لە سەر باوەڕی دیچرینی باپیرانیان دانا .

زۆری دووبارە بوونەوەی ناوی ( ئال ) خودای پەرستراوی کەنعانیەکان و قەبیلەکانی دانیشتوی فەلەستین تا نێوان دوو ڕووبار ، لە ناوەکانی کەسیەتی تەورات وەکو ناوی فریشتەکانی بەدەرگای خودا و ئەو جێگایانەی کە ئیبراهیم و یەعقوب بۆ پەرستنی خودا دروستیان کردبوو ، دەتنوارێت دەرئەنجام گیری بکرێت ، کە نەوەی ئەو قەبیلانەی کە پاش پێک هێنانی حکومەت ناوی یەهود و بەنی ئیسرائیل یان لە خۆیان نا ، پەیوەست بە ئال بوون ، دواتر لە ئەنجامی تێکەڵاوی و دراوسێیەتی لەگەڵ خێڵە نیشتە جێ بووەکانی دەورو بەری شاخی سینا ، لە سەرەتادا قەبیلەی بودا و پاشانیش قەبلەکانی تر ، یەهوە ( خودای شاخەکان ) نیان بە خودای خۆیان قبوڵ کرد . پەرستنی خودای یەکتا هاوپەیوەندی لە نێوان ئەو قەبیلانەی کە بەو خودایە باوەڕ دار بوون ، هاتە بوون . لەو سەردەمانەی کە بەنی ئیسرائیل لە کەنعان گەشەیان کردبوو و دەوڵەتێکیان لە خۆیان پێک هێنابوو ، زۆر پێویستیان بە کەسی تر نەبوو ، بۆ دروستکردنی یەکێتی و یەک پارچەیی . بەڵام کاتێک لە ئەنجامی دروست بوونی مەترسی و پرش

و بڵاوی ئەو قەبیلەیە ، ئەو قەبیلەیەی بە شێوەیەکی جدی هەڕەشە لێ دەکرد ، بۆ بەرجەستە کردنی یەکێتیەکی گشتی لە نێوان تەواوی ئەو خەڵکەی کە لە سەرزەوی فەلەستین بە شێوەی دیلَ هێنرابوون ئایینی یەهود دارێژرا . کەسیەتی باش و موعجیزاتی سەرسوڕهێنەر نمایشکرا ، ئایینێک کە پێک هاتبوو لەو داستانانەی کە دەماو دەم لە ناو قەبیلە جۆراو جۆرەکاندا دەگێڕرانەوە ، لەگەلچ باوەڕە ئایینی یەکانی سۆمەریەکان و بابلی یەکان و کەنعانی هاتە بوون ، یەهوە بوە ناوەندی باوەڕەکان و بوە تەوەری بنچینەیی یەکێتی قەومی . قەدەغە کردنی تێکلاوی یەهود لەگەڵ قەبیلەو خێڵەکانی تر و ڕێگرتن لە پرۆسەی هاوسەر گیری کچ و کوڕی یەهود لە گەڵ غەیری یەهودیەکان ، ڕێگای بۆ یەکێتیەکی گشتی قەومی یەهود کردەوەو پێویستی یەکانی هۆی ئەمەش بەهێز تر بوو . لە سەرەتادا هیچ باسێک لە هەمبەر خودای تەنیا و جیهانی بوون و دروشمە قورسەکانی پەرستن نەبوو . ئەم بەشە کەوتە ئەستۆی بەشێک لە کاهینەکان و یاوانی ئایینی تا بە سود وەرگرتن لە تەقلیدی دروشم قەرسەئایینیەکان کە لە ناو گەلەکانی تریشدا باو بوو ، گرنگیان پێدرا .

ئەگەر زۆر ڕەش بینیش نەبین و هەتا وای دابنێین کە موسا کەسیەتیەکی هەقیقی و واقعی بوو ، بەو شێوەی کە تەورات وەسفی دەکات ، قەومی یەهودی بە گالیسکەو بەشەو لە میسر دەرباز کرد ، لە دەریای سوور پەڕاندنیەوە ، دووبارە ئەبێ دان بەوەدا بنێین کە ئەو داخوازی یەی موسا لە بیابانێکی وشک و برینگ و بێ ئاوو سەوزایی سینا بە قەومی یەهودی وتوە ، بۆنمونە لە هەمبەر جەژنەکانی پەرستن و نزا کردن و جەژنی بەهرەوەرگرتن لە زەوی یان قوربانی گا و بەرخ لە پەرستگەدا نەبووە ، بە شێوەیەکی بنەڕەتی موسا بەو بەندانەی کە لە چنگی فیرعەون هەڵاتبوون و لە بیابانی سینا لە برسیەتی و تینویەتیدا ، ئازاریان دەچێژا ، دەستوراتێکی لە بابەت کرین و فرۆشتی کۆیلەکان و شێوەی ڕەفتار لەگەڵ خزمەتکاران و کەنیزەکەکان دانەناوە ، ئەگەر موسا بەراستی بونی هەبووە ، و ئاینێکی پێشکەش بە کۆیلە هەڵاتوەکانی میسر لە بیاباندا پێش کەش کردووە ، بۆنموونە ئەم ئایینە پێویست بوو زۆر سادەو خاڵی لە نەریتی قورسی پەرستن و بە بێ جلوبەرگی تایبەتی کاهینەکان بوایە . نە ئەوەی کە نوسەرانی تەورات بە وەکالەت لە لایەن یەهوەوە بە ناوی موساوە بە شێوەی دەستوراتی خواوەد بەسەر خەڵکیدا بسەپێنن .

لە هەمبەر یاسا گوزاری و ئاداب و دروشمێک کە دەدرێتە پاڵ موسا بە ڕوونی ئەو ئاشکرا دەکات کە ئەو دەستورات و دروشمانەی پەرستگا لە ئەنجامی کاریگەری تەواوی قەومی یەهود لەگەڵ قەومە پێشکەوتوەکانی تر شێوەی گرتوەو ئاسەوار و هێ◌ِمای ژیان و سیستەمی یەک کۆمەڵگەیی پێشکەوتو ، تری لە بیابانەوە دروست کرد ، لەو ئاینەدا دەبوو هاوشێوەی کۆمەڵێک یاسا کە لە نوسینی تەوراتدا کاریگەری ڕاستەو خۆی هەبوویێت . یاسا تایبەتیەکانی ( ئاورناموی سومەری ) کە لە ساڵی 2060 پ-ز دارێژراوەو کۆمەڵە یاساکانی حامورابی بوە .

لە شرۆڤە کردنی یاساکانی تەوراتدا هەتا فۆرمی مەرجی و گفتوگۆ ئامێز ( ئەگەر ئەو شتە بەو جۆرە ڕویدا ئەبیت بەو جۆرە بکەین ) کە لە یاسای حامورابیدا بەکار هێنراوە سودی وەرگرتوە . ( 1) بە سەرنجدان بە بەندی بەشە جیاجیاکانی تەورات و دوائالیزمی و کەموکورتیەکانی کە لەو کتێبەدا بەرچاو دەکەوێت . توێژەران گەیشتونەتە ئەو باوەڕەی کە تەورات لە بنچینەدا یەک دەقی یەک پارچە نەبووەو هەر بەشێکی جیایە لەو بەشەکانی تر ، و لە ماوەیەکی زۆر دورو درێژدا نوسراوەتەوە.

هەتا سەفەری خولقاندنیش ( سفر افرینش ) کە دەستپێکی کتێبەکە پێک دەهێنێت ، و وەک چێوە پێویستە لە پێش ئەو بەشەکانی ترەوە بخرایەتە سەرکاغەز چەندیم ماوەی دواتر و پاش بەشەکانی تر و پاش پەویەندی یوهودیەکان لەگەڵ بابلی یەکان و سود وەرگرتن لە ئەفسانەکانی سۆمەری و زەردەشتی ، بۆ بون بە چاوگ و جێگیر کردنی قەومی یەهود نوسراوە یان کامڵ کراوە . جیمز هاکس نوسەری ( قاموسی کتێبی موقەدەس ) دەنوسێت :

( کتێبی ( اسفاری پێنج جارە ) لە سەردەمی موسادا نەنوسراوە . ئەم کتێبە بە شێوەیەکی ئاشکرا ، لە چەند نوسخەی جیا پێک هێنراوە ، بۆنمونە لە (سفر افرینش ) دووجار حیکایەتی ( افرینش ) خولقاند نوسراوەتەوە یەکیان لە 2-1 و دووەمیان لە بابی دووەمدا . ئەو ناوەی کە لە خولقێنەر لە حیکایەتی یەکەمدا ئاماژەی پێ دەدات ، بە زمانی عیبری ( الوهیم ) و لە حیکایەتی دووەمدا بە ( یهوە الوهیم ) هاتوە . (2) لە سەفەری لاویاندا ، شەرعەتی موسا بە شەریعەتی ئاماژە پێدراو لە ( تسنیە ) دا جیاوازی هەیە و دواتریش زۆر لە لاپەڕەکانی رووناکی ( اسفار 5 گانە ) دا ئەوە بەرچاو دەکەوێت کە ساڵانێکی دواتر سەبارەت بە موسا نوسراوە ، و جیازای شێوەی نوسینی هێماکان دەیسەلمێنێت ، کە ئەم کتێبە لە لایەن تەنیا کەسێکەوە نەنوسراوەتەوە . )

1-ئەگەر کەسێک وڵاغێک یان گایەک یان بەرخێک و یان گیانەوەرێک وەک ئامانەت لای خۆت بهێڵێتەوە و مردار بێتەوە پێویستە .... وە ئەگەر ..... بۆ زانیاری زیاتر سەیری سفرخروج تابەکانی 21-22-23- و سفر لاویان بکە .

2-ئەم دو دەستەواژەیە بە کوردی ( خودا ) و ( خوداوەند خودا ) وەرگێڕدراوە

تەورات ئەو بڕیارانەی کە عزرا دەربارەی قەدەغە کردنی هاوسەر گیری یەهودی لەگەڵ غەیری یەهودیدا لە ساڵی 444 پ- ز داویەتی . لە ( اسفاری پێنج جارە )، دراوەتە پاڵ موسا ، خەتەنە کردن لە میسریەکان و کەنعانیەکانی وەرگرتوە ، و بە شێوەی بەڵێنی یەهوە لەگەڵ ئیبراهیم دیاری کراوە . لە دایک بوونی موسا لە ( سەفەرو خرودا ) و ڕزگار کردنی ئەو زەمبیلەیەی کە منداڵێکی لە ناو دابوو درابوەیە دەم ئاوی رووباری نیلەوە لە داستانی ( سارگون ئاکادی ) شای سۆمەر لە کۆتایەکانی هەزارەی دووەمی پ- ز وەرگیراوە و تا ئەویش کە مەودای خەیاڵ دەرفەت دەدات ، لە دەورو بەری موعجیزەکانی یەهوە دا تەوەری بنچینەیی یەکێتی قەومیەت دارێژراوە . بۆ نەفی کردنی مناڵان نەریتی قوربانی کردنی مناڵانیان داهێنا (ملوخ ) داستانی ئیبراهیم داهێنانی ویستی بە قوربانی کردنی کورەکەی ، ئەفسانەی داستانی سۆمەری و داستانی یوسف و بە جۆرێک لە تەوراتدا گۆڕانکاری تیا کراوە تا شوناسی قەومی یەهود بەسەلمێنێت . سندوقی پەیمانەکان یان جێگای مانەوەی گەڕۆکی یەهوە لە لای میسریەکان و ڕەشماڵ نشینانی بیابانی فەلەستین و نێوان دوو ڕوبار وەرگیراوە . قەربانی کردن کە گرنگترین کردەی پەرستنی یەهود پێک دەهێنێت ، لە نەریتی زۆر کۆنی بت پەرستان و لە شوانەگەڕۆکەکانی بیابان نشین وەرگیراوە ، جەژنەکانی یەهود لە ڕاستیدا هەمان ئەو جەژنانە بوون کە کەنعانیەکان لە کاتی زیندو بوونەوەی گژو گیا و سود وەرگرتن لە زەوی و بەروبوومی درەختەکان دەیان گێرا . هێمای مار کە لە سەر سندوقی بەڵێنەکان و یان لە پەرستگاکانی بەنی ئیسرائیل دانراوە . شێوەی گشتی لە ئەفسانەی موسا دا بە شێوەی یادی ژەهر دەرمانی مارانگەستە هێنراوە . لە دروشمەکانی کەنعنیەکان و بە هێمای سکپڕی دیاری کراوە . پەرستگەی ( بیت ایل ) لە داستانی ئیبراهیم ( گنکال ) و ( بنی ایل ) و (

شكيم ) له حيكايەتی یەعقوب هەمان پەرستگە دێرینەکانی کەنعانیەکان بوو ، کە تەورات ئەوانی کردە موڵکی یەهوە ، نەریتی پەرستن و دروشمی ئایینی لە کەنعانیەکان وەرگرتوەو نوسەرە دەمارگیرە کانی یەهودیش مێکیاژیان کردوەو ڕازاندویانەتەوە تایبەتیان کردوون .

بەڵگەی بەرچاوی توێژەران و ڕەخنەگرتن لە تەورات گەیاندیە ئەو ئاستەی کە لە هەقیقەتی مێژووی دوور بکەوێتەوە کە هەتا کڵێسا ، کە لە ماوەی سەدەکاندا لە بەرگیری کارانی سەرسەختی ڕەسەنایەتی کتێبی پیرۆز بوون و وەک ئیلهامی خودای بە دنیایان دەناساند لە دوایدا ناچار بوون پێداچوونەوەیەکی نوێ بە بۆچوونەکانی پێشویاندا بکەن و ئەوە قبوڵ بکەن کە هیچ بەشێک لە تەورات ڕەسەن و دەست لێوەردراو نیەو سەدەکانی دواتر پاش ئەو مێژووەی کە وا وێنا دەکرێت موسا لەو مێژووەدا ژیاوە ، نوسراوەتەوە . بەڵام بۆ ئەوەی کە بە گشتی بۆچونە پێشینەکانی خۆیان بە کەم و کورت نەناسێنن و لە ئەنجامدا پایەکانی ئایینی مەسیحیان داڕشت و پێیان ئیزافە کرد . گەرچی نامەکان چەندین سەدە دواتر و پاش مردنی موسا نوسراوەتەوە ، بەڵام ڕودانی مێژوویی و هەقیقیەو نوسەرەکان بە سود وەرگرتن لە ئیلهامی خودایی بە ڕێچکەیەکی خودایی ناوزەدیان کردوە .

لە فەسڵی چوارەمی بەیاننامەی کۆتایی ئەنجومەنی ڤاتیکان کە ماوەی سێ ساڵ لە 1962 تا 1965 درێژەی کێشا و بە زۆرینەی 2344 دەنگ جێگیرکرا ، لە هەمبەر وەحی دەقەکانی (پەیمانی کۆن - عهد عتیق ) دەنوسێت :

(بە سەرنج دان لە دۆخی مرۆڤ لە سەردەمی پێشوو لە سەر بنەمای ئەو شرۆڤەیەی مەسیح ، کتێبی ( عهد عتیق ) توانای بە هەمووان دا کە خودا بناسن و مرۆڤ بناسن و بەو شێوەی ڕەفتاری خوداوەند لە گەڵ مرۆڤ لە سەرچاوەیەکی داپەروەرانەو زانیاری بەدەست بێنن لە هەمبەر بەزەیی ، ئەگەر چی ئەم کتێبە لە بەرگیراوەو کەم و کورتی هەیە ، بەو کەمو کورتیەشەوە بەڵگەی پەروەردەو فیر کردنی ڕاستەقینەی خوداوەندە )

ئەم بەیاننامەیە کە بە سەرنجێکی ورد پێداچوونەوەیەکی گشتی و پاش هەڵسەنگاندنی لە مانای وشەکانیدا لە لایەن پاپا و کاردیناڵ و زانایانی مەزنترین نوخبەکانی یەکێک لە ئایینەکانی جیهان دەرکراوە . بە فەرمی دانی پێدادەنێت و ڕای دەگەیەنێت کە دەقەپلە بەندی کراوەکان لە تەوراتدا هەم کەمو کورتن و هەم لە بەرگیراوە . بەڵام ئەویان ئاشکرا نەکردوە کە بۆچی خودایەک کە هەمیشە لە فیکری ڕەفاهیەت و پارێزگاری کردن لە مرۆڤدایە ، کتێبێکی کەمو کورت و لە بەر گیراوە لە یەن پەیامبەرەکانیەوە بۆ مرۆڤایەتی دەنێرێت .

ئەمرۆکە ئیتر هەتا توێژەریکی موتەدەینیش نایەوێت کە دەقەکانی تەورات بە شێوەی قسەی خودا و سروش و بۆ موسا لە بیابانەکانی سینادا قوبوڵ بکات . تەنیا ئەو جیاوازیەی کە لە ئێستادا لە نێوان توێژەرەکاندا بوونی هەیە ، پەیوەندی بە کات و دانان و تەواو کردنی هەریەک لە بەشە جیاجیاکانی کتێبی پیرۆزەوە هەیە . تا ئەو کاتەی واتا ساڵی 621 پ- ز و دەست پێکردن و کۆکردنەوەی ناوەندی یەهودی ، کۆمەڵێک بە ناوی تەورات بوونی هەبوو . تا ئەو مێژووە لە ئەدەبیاتی قەومیدا ، چیرۆکێک کە لە لای موسا ، داوەرەکانی پەیامبەرانی بەنی ئیسرائیل وەکو عاموس ، هۆشیا – hosea – ئەیاس ، میکا ، داستانی سامۆئیل ، چیرۆکی پاشاکانی بودا و هەندێک لە نوسراو ، بەندو نوسراوەی زۆر پرشو بڵاو نوسرابوونەوە ، و هەندێکیشیان لە سۆنگەی ئەدەبیەوە وەک شاکار ناوزەد کرابوون ، بەڵام هیچ یەکێک لە نوسرەکانی ئەم چیرۆکانە چاوەڕوانی ئەوەیان نەکردووە ڕۆژێک لە ڕۆژان نوسراوەکانیان ببێتە بنچینەو بناغەی فێر کراوەی ئایینی لە ناوەندی یەهودیدا جێگیر بکرێت و یان هەتا

شتایشی ئەو نوسراوانەیان بکرێت . هەر بەو جۆرەی سەحیفەی ( ئارمیا نبی – tyermiah ) تا ماوەی چوار سەدە پاش نوسین ، لە هەتاوی ناوەندی یەهودا ئاشکرا نەکرابوو .

ئەگەرێکی زۆر بەهێزە ، دەستپێکی کۆکردنەوەی ڕیوایەتەکانی تەورات لەگەڵ سەرهەڵدانی پاشایەتی و سەربەخۆیی قەومی یەهود هاو ئاهەنگ بووە . لەو سەردەمەدا بەشێک لە کاهینەکان و نوسەران لە کۆمەڵگەدا بە دیار کەوتن و کەوتنە کۆکردنەوە و ڕێکخستنی سرودە ئایینیەکان . لە سەر بنەمای زانیاری ئینسکلۆپیدیای جیهانی ( encyclopedia universalis ) کە ئاشکرای کردووە ، بەشێک لە و سرودانە و دەربارەی پێچش بینی یەکانی پەیامبەر موسا و هەندێک لە سایاکان . لە سەدەی دەی پ- ز و نوسراوەکانی ( اسفاری ) پێنج لایەنە لە کۆتایەکانی سەدەی دەیەم ، نوسراوی پەیوەندیدار بە ژیانی ئیبراهیم و یوسف و کتێبی یوشع و کتێبی ئەنبیای وەکو هاموس و یوشع لە ئیسرائیل و ئاشعیا و میکا لە یەهودیە لە کۆتاییەکانی سەدەی هەشتەم پ- ز نوسراونەتەوە . لە نیوەی دووەمی سەدەی حەوتەمی پ- ز یوشیا لە ئیسرائیل فەرمان ڕەوابوو ، ئەو کاتەش هاوتەریب بە چالاکی پەیامبەرانەی ( برمیا ) بووە . بەڵام کتێبەکەی ئەو چەندین سەدە دواتر شێوەی بنەڕەتی لە خۆ گرت . پیشبینی یەکانی ( زقنیاو ناحوم ) دەگەڕێتەوە بۆ پێش دورخستەوەی یەکەمی ساڵی 598 پ- ز . لە سەردەمی دورخستەوەی یەکەمدا حزقیال پەیامبەری بەنی ئیسرائیلە ، و کتێبەکەی پاش مردنی خۆی نوسراوەتەوە ، شکستی ئۆرشەلیم و دورخستنەوەی دووەم لە ساڵی 586 پ- ز ڕوی داوەو ئەو سەردەمەش ڕێکەوتە لەگەڵ پێشبینیەکانی ئاشعیای دووەمدا .

پاش ئازادبوونی یەهود لە دیلیەتی لە ساڵی 538 پ- ز چالاکی پەیامبەریانەی بە جدی دەستی پێکرد . کتێبەکانی پێشەوا زەکەریا ، پێودانگی دانیال لە بەرهەمەکانی ئەو سەردەمانەن . لە ساڵی 444 پ- ز کتێبی یاسا کە زۆرینەی توێژەران بە تەوراتی ئێستای دەزانن ، لە لایەن عزرا پاش گەڕانەوەی بۆ فەلەستین نوسراوە و خراوەتە بەردەستی خەڵکی یەهودەوە . کتێبی ئاستر کە تیایدا بۆ یەک جاریش ناوی یەهوە نەهێنراوە و هیچ ئیلهامێکی خودایی تیایدا بەدی ناکرێت ، و داستانێکی خەیاڵی تایبەت بە سەردەمی حکومەت یەکێک لە پاشا کانی هاخامە نشینی و بەرجەستە کردنی نەریت پوریم بە فەرمانی ئاستر ژنی پاشا ، و هەر وەها ئەو کتێبەئایینیە کە توێژەران بە دڵنیایەوە دەی گێڕنەوە بۆ سەردەمی پێکهێنانی دەستپێکی سەرهەڵدانی ڕۆحانیەتی یەهود پاش دورخرانەوەیان . مێژووی نوسینی کتێبی پەند و نموونە ، لە نێوان ساڵەکانی 500 بۆ 200 پ-ز دەست نیشان کراوە . کتێبی حیکمەتی سلێمان ، لە نێوان ساڵەکانی 80 بۆ 30 پ-ز نامەی ( غزل الاغزال ) بە هۆی بوونی دەسەواژەی پارسی و یونانی لە ناو نامەکەدا دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی پاش دەستبەسراگرتنی فەلەستین لە لایەن ئەسکەندەرەوە . ڕیوایەتێکی پەیوەندیدار بە دەستپێکی فەرمانڕەوایی و جێگیر کردنی لە کتێبی شاهاندا پاش دورخستنەوەی یەهود ئەو چیرۆکانەیە کە دەماو دەم گێڕدراونەتەوە و دواتر پوختە کراوەو بەم جۆرە کە سلێمان لە سەر ناوچەیەکی بچوکی خۆر هەڵات فەرمان ڕەوای دەکرد ، ئەو پاشا مەزن و بەهێزە کراوەتە حەکیم و فەیلە سوفێکی بێ وێنە . پێویستە ئەو ڕاستیە بزانین کە ئەم مێژووانە بە هیچ جۆرێک موڵک و پێک هاتەی کتێبی پیرۆزی یەهود نین . بەڵکو دەتوانرێت ئەو مێژووە ناسێنەری دەستپێکی نوسینی هەر بەشێکی ئەو کتێبە بێت . بەڵام پاش دەستپێ کردنی نوسین هەموو جارێک بە شێوازێکی نوێ داڕێژراوەتەوە و دەستکاری کراوە .هەتا ئاستەکانی کڵێسا باوەڕیان وایە کە کتێبی پیرۆزی یەهود ، لە زەمانی عیساو ، هەتا یەک سەدە دواتریش هێشتان نەنوسراوەتەوە . ( اسفار پێنج جار ) باشترینن نموونەی نوێکردنەوەو دەستوەردانەکانە . ڕێکخستنی ئەم کتێبە لە کۆتاییەکانی سەدەی دەیەمی پ- ز دەستی پێچ کردوو ، چەندین سەدەش لە بەردەم نوێکردنەوەدا بووە . تا پاش دورخستەوەو سود وەرگرتن لە یاساکانی حامورابی و ئەفسانەکانی سۆمەریەکان و بابلیەکان و زەردەشتی یەکان شێوازێکی زۆر کۆنی هەبوو ئەو یاسایانەیش کە عزرا دەربارەی قەدەغە کردنی

هاوسەرگیری یەهود لەگەڵ غەیری یەهود لەساڵی 444 پ- ز ئامادەی کردبوو لە ناوەڕۆکی ( اسفاری پێنج جارە ) ( 1 ) گونجاندبویان .

1- اسفار- کۆی سەفەرە هاوکات بە مانای کتێب ، کتێبی مەزن ، یان بەشێک لە بەشەکانی کتێبی تەورات ، هاوکات کە بریتی یە لە پێنج جار سەفەری موسا ( اسفارخمسە ) پێنج کتێبی یەکەمی تەورات .
و- ک / فەرهەنگی عمید

**********

تیۆریاکانی جیهان دەربارەی خولقاندنی جیهانی بوون و بەڵگەی بەرجەستە بۆ سەرنجدانی کردەوەی یەهوە لە بەشە جیاجیاکانی کتێبەکاندا بە ئاستێکی لاواز و بێ بنەما دارێژراوە ، کە تیدەگەیت سەخافەتی فکری نوسەران و دەمارگیری باوەڕداران بەم کتێبە ، و بە ئاسمانی کردنی بە شێوەیەکی سەر سوڕ هێنەر دەنوسێست :

1-تەقویمی یەهود و تیۆریاکانی تەورات ، مێژووی ڕوودانی ڕووداوەکان زۆر بە دیقەت و وردیەوە ، دیار دەکات و دەرئەنجام گیری دەکات کە لە خولقانی ئادەمەوە تا لە دایک بوونی ئیبراهیم بە ئەژماری وردو دروست 1948 ساڵەو لە مەرگی ئیبراهیمەوە ( 2123 ساڵ پاش خولقانی جیهان ) تا ئێستا واتا 1993 ساڵی زایینی ، بە ئەژماری خەملێنراو ڕێژەی کەمترین هەڵەی 3943 ساڵ تێدەپەڕێت .

2-لە بەندی خولقاندندا دەنوسێت :

(لە سەرەتادا خودا ئاسمانەکان و زەوی خولقاند ، زەوی هیچ شێوەیەکی نەبوو ئامادە نەکرابوو ، تاریکی و نوتەکی هەڵدێرگەکانی داپۆشی بوو . خودا وتی کە ڕووناکی دروست ببێت ، ڕووناکی دروست بوو ، خودا ڕووناکی لە تاریکی جیا کردەوە ، ... ئەوەش یەکەم ڕۆژ بوو ) 1/5-1

(خودا وتی زەوی ڕەوک و گژو گیا بروێنە ، ئەو ڕوەکەی کە تۆوی هەبێت و درەختی میوەی بەردار ، زەوی ڕوەک و درەختەکانی ڕرواند ، درەختی بەردار و ڕوەکی تۆو دار ... خوداوەند بینی کە زۆرباشە ، و شەو هات و ڕۆژ بویەوە ڕۆژی سێیەم ) پیدایش 11/14-1

(خودا وتی ئەستێرەکان لە گەردوونی ئاسماندا دروستبن ، تا ڕۆژ لە شەو جیا بکرێتەوە ، بۆ هێماو کات و ڕۆژ و ساڵ دیاری بکات ، و ئەستێرەکان لە ئاسماندا بن تا زەوی ڕووناک بکەنەوە ، و هەر ئەو شەوە خودا دوو ئەستێرەی مەزنی دروست کرد ، ئەستێرەی گەورە بۆ فەرمان ڕەوایی ڕۆژ و ئەستێرەی بچوکتر بۆ فەرمانڕەوایی شەو. ئەستێرەکان خودا ئەوانەی خستە ناو گەردوونەوە تا زەوی ڕووناک بکەنەوە و ڕووناکی لە تاریکی جیابکەنەوە ، خودا بینی کە جوانە و شەو هات و ڕۆژ بوویەوە ، ڕۆژی چوارەم ) پیدایش 14/20-1

(خودا وتی هەمان شێوە هەموو ئەو ڕوەک و بەروبومەی کە تۆویان هەیە و لە سەر زەوین و هەموو ئەو دارو درەختەی کە بەردارن و میوە دەگرن بۆ ئێوەم دروست کرد تا خۆراک بن بۆ ئێوە .وە بە هەموو

ئاژەڵەکانی زەوی و بە هەموو باڵندەکانی ئاسمان و بە هەموو گیانەوەری زەوی کە دەژین ، هەر گژو گیام پێداون بەو جۆرە بوو ، شەو هاتو رۆژ بوویەوە رۆژی شەشەم ) پیدایش 1-29/31

3-تەورات لە بابەت خولقانی مرۆڤەوە دەڵێت :

( خوداوەندی خودا ، پاش ئەوەی کە ئادەمی لە خاکی زەوی دروست کرد ، و رۆحی کرد بەبەریدا ، و ئادەم هەناسەی زیندویەتی هەڵمژی ) پیدایش 7-2

مار ژنەکەی فریودا و ئەوی هاندا بۆ خواردنی میوە قەدەغە کراوەکە ، و کاتێک کە یەهوە بەم سەرپێچیەی زانی بڕیاریدا سزای دواکەوتوانی لە دەستوریدا داو بە ماری وت :

( چوونکە تۆ ئەو کارەت کرد ، لە ناو تەواوی گیانلەبەران و تەواوی چوار پێکاندا زەویەکی نەفرەت لێکراوی . تۆ لە سەر سینەی خۆت دەبێت بڕۆیت و لە تەواوی رۆژەکانی ژیانتدا دەبێت خۆڵ بخۆیت . ) پیدایش 14-3

الف- وەک هەمان تیۆریای مارتین ئایل زانای مەزنی ئینگلیزی و ئەستێرە ناس چاودێری خانەی کمبریج و لومتر کەشیش و زانای بەلژیکی ، لە دە بۆ پانزە ملیارد ساڵ پێش لە ئەنجامی تەقینەوەی کاکێشانە مەزنەکان بە شێوەی کۆمەڵەی گاز خولقان ، و لە گەردوونی خاڵی و بێ کۆتاییدا جێگیر بوون ، زەویش بەشێک بوو لەو گازە کە لە خانەی ناوەندی جیابویەوە و لە ئەنجامی کاریگەی ڕاکێشان و پاڵپێوەنان بە درێژایی خولگەی دیاری کراوی خولگەی خانەی ناوەندی کەوتە سوڕان و پاش ساردبوونەوەی مەودای دەرەکی ئەم شێوەی ئەمڕ ِۆینی لە خۆ گرت . ئاسەواری ئەو گروپە گیان لە بەرانەی کە پێش مێژوو لە خاڵە جیاجیاکانی سەرزەوی دەست کەوتوە ، حیکایەتی دەستپێکی بوون و ژیان لە سەر تۆپی زەوی لە ماوەی سنووری چوار سەد ملیۆن ساڵ پێش ئاماژە پێ دەدات . ئێسکی ئەو ئاژەڵانەی کە دەتوانرێت بە بنە چەی مرۆڤەکانی ئێستا ناوزەد بکرێت ، زیاتر ئەو بۆچونەیە کە نزیکەی یەک ملیۆن ساڵ پێش گیانەوەری هاو شێوەی مرۆڤ لە سەر تۆپی زەوی ژیاون ، بەڵام لێکدانەوەکانی خوداوەند لە سەر بنەمای نوسراوەکەی تەورات کە پێی وایە ( تەنیا ماوەی نزیکەی 60 سەدە لە تەمەنی جیهانی بوون تێ دەپەڕێت )

ب- هیچ یەکێک لە گیاندارە گۆشت خۆرەکانی وەکو شێر و بەورو پڵنگ و ڕێوی و هاوکات هیچ یەکێکیش لە باڵندە ڕاوکەرەکانی وەکو داڵ و باز و شەهێن گیا ناخۆن و بەندی ئاماژە پێدراو لە بەندی 29 لە بەرایی یەکەمی ( سفر و پیدایش ) بە بەراورد بەو ڕاستیەی خولقاندنی دیاری کردووە ، هەزاران فرسەخ ماوەی نێوانیانە .

پ- ڕووناکی ئۆرگان یان میتاڵ نیە تا شیاوی جیا کردنەوە بێت ، لە شتێکی تر ، ڕووناکی بەرهەمی تیشکی ئەلکترۆنی یەو ، نەبوونی ئەو تاریکی یەیە . ڕووناکی بە بیچ بوونی چاوگی تیشکی ناتوانێت ببێت ، بە پێچەوانەی تیۆریاکانی تەوراتەوە کە خودا ڕووناکی لە رۆژی یەکەمی خولقاندندا دروست کرد و لە تاریکی جیای کردەوە و خۆر بە واتای چاوگی دروستکردنی ڕووناکی لە رۆژی چوارەم دا خولقاندی لە گەڵ هیچ تیۆریایەکی زانستیدا نایەتەوە .

ت- گۆی مانگ لەو ئەستێرانەیە ، کە هیچ ڕووناکیەکی نیە ، ئەو ڕووناکیەیشی کە ئێمە لە مانگدا دەیبینین تەنیا ڕەنگدانەوەی تیشکی خۆرە ، ناتوانرێت مانگ وەک یەکێک لە ئەستێرە ڕووناکەکان دیاری بکرێت ، تا ڕوناکیەک بێت لە شەودا بۆ ڕووناک کردنەوەی زەوی .

ج- ئەمرۆکە تەواوی بایۆ لۆژیستەکان لە سەر ئەو باوەڕی ئەو تیۆریایەن کە مرۆڤ ڕیشەیەکی ئاژەڵی هەیە و لە ئەنجامی کاریگەری پێگەیشتن ( تکامل ) گەشتوەتە ئەم ئاستەو لە ڕوانگەی پەیکەرەی

جەستەیی و پێکهاتەی گروپی خوێنەوە لە نێوان مرۆڤ و ئەو گانلەبەرە شیردەرانەدا مەودایەکی نزیکی سەربە خێزانێک هەیە . کە دروستی ئەم تیۆریایە دەسەلمێنێت ، بە پێچەوانەی وتەی تەوراتەوە کە یەهوە ئادەمی لە قوڕ دروست کرد ، هیچ بنەمایەکی زانستی نیە .

ح- لە سەر ئەو بنەمایە ، کە تەورات یەهوە بە خالقی جیهانی بوون و خاوەنی هەموو شت توانا بە سەر هەمووشتدا دەزانێت . لەگەڵ ئەوەشدا هێشتان دەرکی بەوە نەکردوە کە مار خاک ناخوات ، بەڵکو گۆشتی گیانلەبەرە بچوکترەکانی وەکو ، مشک و بۆق دەخوات . بۆمنوونە نوسەرانی تەورات ، لە ژێر فشاری کاریگەری باوەڕە عامیەکاندا کە دەیان وت مار خاک دەخوات ، ئەم بەشە لە تەورات بە وەکالەت بۆ یەهوە خراوەتە سەر کاغەز .

خ-بەو جۆرەی کە تەورات باسی دەکات : یەهوە جیهانی بوون و تەواوی بونەوەرەکان و گژو گیاو دارو درەختی لە شەش ڕۆژدا دروست کردوەو لە ڕۆژی حەوتەمدا پشوی داوە . دەستەواژەی ( ڕۆژ ) بە هەر زمانێک و بە هەر گوزارەیەک دەرخەری ماوەی کاتی نێوان خۆر دەرکەوتن و ئاوا بوونی خۆرە . ئەگەر وەک ئەوەی تەورات دەڵێت ، یەهوە ڕۆژی چوارەمی پرۆسەی خولقاندن خۆری دروست کرد ، ئەی پێوانەی ئەژمار کردنی سێ ڕۆژی یەکەمی پرۆسەی خولقاندن لە سەر چی بنەمایەک بووە ؟ کاتێک خۆر بوونی نەبووە ڕۆژ چ مانایەکی هەبووە !؟

چ- ئەندێشەی خولقاندنی جیهان لە شەش ڕۆژدا ، هەروەکو زۆرینەی باوەڕەکانی تری تەورات لە ئایینی زەردەشتی یەوە بۆ ئایینی یەهود گوازراوەتەوە . زەردەشتیەکان باوەڕیان وابووە کە ئاهورا مەزدا جیهانی بوونی ، لە شەش دەرفەتدا ( نۆرە – گاهنبار – شەش هەنگاودا ) خولقاند و دواهەمین دەرفەت دووا ڕۆژی مانگی فیبروەری بوو، مرۆڤی دروست کرد ، یەهودیەکان بە دەستکاری کردنی ئەم دەستەواژانەی کە لە سەردەمانی دیل یەتیاندا لە بابل خزاندویانتە ناو تەوراتەوە . ئەو هزرەیان بە شتێکی گونجاو داناوە و لە دەستپێکی کتێبەکەیاندا لە ژێر ناو نیشانی ( سفر افرینش ) سەفەری خولقاندن دایان ناوە . بەڵام خاڵی سەرنج ئەوەیە کە خولقاندنی جیهانی بوون ، بە پێی تەورات ، لە شەش ڕۆژدا تەواو نابێت ، لە هیچ یەکێک لە بەندەکانی بەرایی یەکەمی سەفەری خولقاندندا و بە شەش ڕۆژ خولقاندن ئاماژەیەک بە خولقاندنی ئادەم بەرچاو ناکەوێت و ئەم بەشە دەچێتە بەرایی دووەم واتە هەفتەی دووەم خولقاندنی تەواو دروست دەبێت .

بەرایی چوارەم :

دروشم و قوربانی

ئەوەی کە لە تەوراتدا گرنگی پلەی یەکەمی هەیە ، دروشمە ئایینی یەکانە . زۆرینەی ئەو دروشمانەی کە لە ناو باوەڕپارە کانی یەهودا گرنگی هەبوو ، لە کەنعانیەکان وەرگیراوەو خراوەتە ناو تەوراتەوە . کەنعانیەکان لە دێززەمانەوە دیاردە سروشتیەکانیان دەپەرست ، و چەندین جۆر خودای گونجاویان لەگەڵ ژیانی جوتیاری دا بۆ بەهێزی و ڕووانی بەرووبوومەکانیان لە باخ و کشتوکاڵەکانیاندا بۆخۆیان دروست کردبوو ، خودای مەزن لە تەواوی ناوچەی خۆرهەڵاتی نزیکدا ئال ( elبوو هاوسەرەکەیشی ئاشیرات ( ashiratبوو ، خودای تریش هەبوون بە ناوی بەعل ، کە خوداوەندی بەرهەم سکپڕی ژنان و گژوگیاو دارو درەخت بوون ، و بە فەرمانی ئال هەڵدەسوڕان ، بەعلی مەزن جێگای لە ئاسمان بوو هاوسەرەکەیشی ئانات ( anotteبوو ، نوێنەرەکانی چەندین بەعلی جیاجیابوو کە لە سەر

زەوی دەژیان و هەریەک لە لایەک کاری خودایان دەکرد . ڕزق و ڕۆزی باخ و کشتوکاڵ و ویژدانیان دەدا . ماوەی تەمەنی ڕەوک و سەوزی درەختەکان لەگەڵ ژیانی بەلەکانی زەوی پەیوەندی دار بوون . بونی هەر بەعلێک لە گەڵ ڕوانی ڕەوەک و سەوز بوونی درەختەکان هاو ئاهەنگ بوو ، مەرگی هەربەعلێکیش زەردی و وشکی ڕەوەک و گیاکانی بە شوێن خۆیدا دەهێنا ، لە دایک بوونی هەربەعلێک لە سەرەتای یەکەم ڕۆژی بەهاردا بوو ، بەو هۆیەشەوە بوو جەژن و مەراسیم ڕێک دەخرا ، لە سەر لوتکەی شاخەکان و تەپۆڵکەکان و هەرجێگایەک کە هەستی بوونی بەعلی تیادا بکرایە پەرستگەیان بۆ پەرستنی بەعل دروست دەکرد . لە پەرستگەکانی شارەگەورەکاندا ، جێگایەکی تایبەت بۆ سەربڕینی ئاژەڵ بۆ قوربانی پێشکەش کردن بە بەعل دروستکرابوو ، پەیکەری دروست کراو لە بەر د یان لە میتاڵ لە سەر شێوەی گا یان مار کە هەریەکەیان ڕزق و ڕۆزی دەرکەوتەی ڕوانی ڕەوەک و زۆری بەرو بووم بوو لە سەر زەوی . لە پەرستگەکانی بەعل دا تێدەپەڕی . دوو جۆر قوربانی کردن لە کەنعان بە ڕێوە دەچوو ، یەکەمیان بۆ خەڵات کردنی یەکەمین میوەی ساڵی نوێ و بەرهەمی ترێ و یەکەمین لە دایک بوونی ئاژەڵ و ئەوی تریشیان بە کۆمەڵ کە تیایدا خودا کانیش بەشداریان تیادا دەکرد .

یەهودیەکان لە ئەنجامی کاریگەی پەیوەندیان لەگەڵ کنعانیەکان ، ئەو باوەڕو نەریتانەیان لە ئاینەکەی خۆیاندا قبوڵ کرد . یەهوەیان کردە جێ نشینی بەعل ، دروشمەکانی پەرستنی کەنعانیەکانیان لە سروش و ئیلهامدا بۆ موسا کردیانە ناو تەوراتەوە . هەتا پەیکەری گوێرەکەکەیان لە میحرابی بیت ئایل دا بە شێوەی سیمبولی یەهوە دانا . میوەی ساڵی نوێی باخ و بێستان و یەکەمین ئاژەڵی لە دایک بوو ، هەتا یەکەمین لە دایک بوونی مرۆڤیان بە سەهمی یەهوە دانا .

لە بەر ڕۆشنایی کتێبی پرۆزی یەهوە ، پێشکەش کردنی قوربانی و خواستی فراوانی باشترین ڕێگای ڕەزامەندیەتی یەهوە بوو .هابیل یەکەمین بێچوە لە دایک بوکانی ڕەوە گایەلەکەی خۆی پێش کەش بە یەهوە کرد و یەکەمین مەراسیمی قوربانی لە بەردەم خوداوەند دا ئەنجام دا . خوداوەند مەبەستی هەبوو لە خەڵاتەکەی هابیل . هەمان شت بوو بوە هۆی بزواندنی هەستی ئیرەیی قابیل و ئەنجام دانی یەکەمین تاوان لە جیهاندا .

دوای تۆفانەکەی نوح ، کاتێک کە کەشتی یەکە لە سەر زەوی گیرسایەوە :

( نوح جێگایەکی تایبەتی بۆ قوربانی کردن بۆ خودا دروست کرد ، و لە هەر یەک لە ئاژەڵە پاکەکان و باڵندە پاکەکان قوربانی ئەنجام داو برژاندنی و خوداش بۆنی خۆشی برژاوی هەلمژی . )پیدایش 20-8

وە بەڵێنی بە خودا دا کە لە مە بەولاوە ئیتر هیچ گیان لە بەرێک بە تۆفان لە ناو نەبات ، ئیبراهیم و ئیسحاق بە هەمان شێوە پاش ئەوەی کە یەهوە یان لێ دەرکەوت و پەیمانی پێدان ، جێگایەکی سەربڕینی ئاژەڵیان دروست کرد بۆ قوربانی کردن .

لە میسر کاتێک یەهوە بڕیاردەدات ، یەکەمین لە دایک بوەکانی میسر بە مرۆڤ و ئاژەڵە وە بکوژێت ، فەرمان بە قەومی یەهود دەکات ، بەرخەکانی خۆیان سەربڕن و خوێنەەی بکەن بە بەردەرگاکەیانەوە وەک پەیوەندی کردنیان بە خوداوە تا لە بەرانبەردا ئەو پەیوەندیە ڕێک بکەوێت .

بەم جۆرە قوربانی کردن و ئاگر لە ناوەندی مەراسیمی پەرستن و نزاکردنی یەهوە دروست دەبێت ، لە ( سفراعداد ) دا یەهوە بە موسا دەڵێت :

( بە بەنی ئیسرائیل بڵێ ئاگادار بن تا خەڵاتی خواردنی من کە بە ئاگر چاکی دەکەن و لە مێژە دەستنیشان کراوە ، بە بۆنێکی خۆش کە تایبەتە بەمن بۆمی دابنێن. بەوانە بڵی ئەوانە فێرستی

قوربانیەکانن کە بە گۆشت دەکرێن ، و پێشکەش بە یەهوە دەکرێن .هەمورۆژێک دوو بەرخی یەکساڵە یەکیان بەرەبەیان و دووەمیان پێش خۆرئاوابوون بکەرە قوربانی و یەک بەش لە دەبەش ئاردیش تێکەڵ بە رۆنی زەیتون بکە لەگەڵ یەک کونە شەراب کە دیاریە بۆ خوداوەند . وە لە رۆژانی شەممەاندا دوو بەرخی یەکساڵەو یەک لە دەی ئاردی بێژراو لەگەڵ رۆنی زەیتون )اعداد 11/1-28

(لە سەرەتای هەرمانگێکدا دوو  گای جوان و یەک قۆچ و حەوت بەرخ و نۆبەنێکی یەک ساڵەی باش و یەک بزن و یەک لە یەک لە دە بەشی ئاردی بێژراو تێکەڵ کراو بە رۆن ، وە دەبێت پێش ئەنجامدانی ئەم قوربانیانە دوگا کەو بزنەکەو نۆبەنەکە و حەوت بەرخەکە لە و ماوەدا هەمو کات ئاردی تێکەڵ کراو بە رۆنی زیتونیان بدرێتی تا لە کاتی ئەنجامدانی قوربانیەکەو برژاندنیان بۆنی خۆشیان  بۆ خوداوەند هەبێت ) اعداد 12/14-28

( رۆژی چوارەم لە مانگی یەکەم  (فصح ) (   1) سەربرین تەنیا بۆ خوداوەندە ورۆژی پانزەیەمی ئەو مانگە یە کە حەوت رۆژ نا دەبەخشرێتەوە بە سەر هەژاراندا ، لە جیاتی خەڵاتی ئاگرینی (گۆشتبرژاندن ) و قوربانی کردن بۆ یەهوە دوگای بچووک و یەک قۆچ و حەوت بەرخی یەکساڵە بکەنە قوربانی  ، وە ئەوانە قوربانی هەمیشەین و دەبێت ئەنجام بدرێرن . بەم جۆرە  هەرۆ ؤژێک لە و حەوت رۆژەی هەفتە خەڵات و قوربانی گۆشت برژاندن یان بۆنی گۆشتی برژاوی خۆش بۆ خوداوەند ئەنجام بدەن ) اعداد 28-71

( هەر کۆرپەلەیەک کە منالدان  گەورەبکات لە ناو بەنی ئیسرائیلیەکاندا جگە لە مرۆڤ و جن ئەوە بۆ یەهوەیە ) (2) خروج 1-13

(پاشا مواب لە دەستپێکی جەنگدا ، کورەکەی خۆی کە سوپا سالار بوو لە سەر قەڵاکە کردیە قوربانی بۆ خوداکان تا لەو جەنگەدا بیباتەوە )

تەورات لە هەمبەر بە قوربانی کردنی یەکەمین منداڵ لە رێگای یەهوەدا جەخت دەکاتەوە ، و دەڵێت ( لە بەدەست هێنانی دەخڵ و دان و ئاوی ترێ دەرەنگ مەکەوە ، وە یەکەمین کوری نۆبەرەی خۆت ببەخشە بە من ) 29-22

لە بابی 28 ی کتێبی سەفەری لاویان دەنوسێت : ئەوەی کە بۆ خوداوەند دیاری کراوە ، چ مرۆڤ   و چ هەرشتێک و چ لە سەر زەوی و موڵک ، نە دەفرۆشرێت و نە فدیە دەکرێت هەڵبەت دە کوژرێت )

---

1-سەربرین لە بەهاردا کە هاو رێکەوتە لەگەڵ سەوز بونی دەشتو دەرو سەرلە نوێ ژیانەوەی سروشت ، لەو مەراسیمە زۆر دێرینانەی رەشماڵ نشینەکانی بیابانە لە بیابانی فەلەستین و نێوان دوورووبار . رەشماڵ نشینەکان قوربانیان ئەنجام دەدا و خوێنەکەیان  بە شێوەی نوێکردنەوەی پەیمانی خوێنی ، یەکێتی نوێوان رۆحی  قەبیلەو دورخستەوەی رۆحە پیسەکان لە ناو رەشماڵ و دەوروبەریاندا  ، تەورات ئەم مەراسیمەی بە شێوەی بەشێک لە فەرمانەکانی یەهوەی بەنی ئیسرائیل لە کتێبی ( سفراعداد ) دا کردوە بە هی خۆی .

2- پێشکەش کردنی یەکەمین نۆبەری منال بە خوداکان لە میزیۆپۆتامیاو فەلەستیندا بابەتێکی زۆر دێرینە و خیچزانە کان بۆ هێوەر کردنەوەی تورەیی ئاگری ( ملوخ ) یەکەمین منالی نۆبەرەی خۆیان کردوەتە قوربانی پێشکەشیان کردوە  ، لە تەوراتیشدا لە چەندین جێگادا ئاماژە بەم نەریتە کۆنە کراوە وهیل (  hielلە بەردەم دەرگای شاری ئاریحا (  ( Jerichoمنالێکی خۆی وەکو بناغە و کورێکی تریشی لە بەرانبەر دەرگاکاندا کردە قوربانی  . شاهان 34/1-16

( له ڕۆژە نویکاندا کاتێک خەڵاتی نوێت لە جەژنی هەفتەدا پێشکەش بە یەهوە دەکەیت ، دوو گای باش و یەک قۆچ و حەوت بەرخی نێری یەک ساڵە بکە بە قوربانی ) تەورات ئەم نەریتەی کردە نۆرمی خودایی و بە جۆرێک کەلە بەندەکانی کتێبی پیرۆزدا سودی لێ وەردەگیرێت قوربانی کردنی کوڕی نۆبەرە تا پێش دورخرانەوە و دیلیەتیان لە بابل بەردەوامی هەبوو .

(خوداوەند دەڵێت بەنی یەهوە ئەوەی کە لە هزردا ناپەسەندەو کاری پێدەکەن . جێگا بڵندەکان ئەو جێگایانەی کە دروستکراوە تا کوڕان و کچانی تیا بسوتێنن کە من فەرمانی ئەم کارەم پێ نەکردوون . یرهیا 31/30-7

پاش دورخرانەوە پیچشکەش کردنی یەکەمین نۆبەری منالی کوڕ بوە جێگەی ڕەخنەی توند ، لە ئەنجامی ئەو هەموارکدنەوەیەی کە لە ئەم نەریتە کۆنەدا ئەنجامدرا ، بڕیاردرا یەکەمین نۆبەرە فدیە بکرێت ، بۆ دەرخستنی نیەت پاکی خودا فەرمانی قەدەغەکردنی کوشتنی یەکەمین منالی نۆبەرە داستانی ئیبراهیم و بردنی ئیسحاقی کوڕی بۆ سەر شاخ بۆ ئەوەی بیکاتە قوربانی لە ڕێگای خودا و دەرکەوتنی بەرانێک بە شێوەی فدیە لە جیاتی یەکەمین منالی نۆبەرە هێنراوەتەوە .

لە بارەی یەکەمین بەچکەی کەرە وە ( گوێدرێژ ) تەورات دەڵێت : ( پێویستە بکرێتە قوربانی و ملی بشکێنرێت و یان بکرێتە فدیە ) ئەم نەریتە کۆنە کە تەورات جەختی لێدەکاتەوە بۆ هەموو نۆبەری بونەوەرەکانە بە گشتی .

هۆی ئەوەی کە بۆچی نوسەرانی تەورات گوێدرێژیان لە هەموو گیاندارەکانی تر جیا کردوەتەوە ، و تا ئەندازەیەک لە ئاستی ڕیزی مرۆڤدا دایان ناوە بە ڕوونی ئاشکرانیە ، تەورات ، بۆ نەهێشتنی زیادبوونی نەوەی ئەم ئاژەڵە بارهەڵگرە بنەمای فدیە کردنی بۆ یەکەمین بەچکەی گوێدرێژ قبوڵ کردوە .

لە بابی بیست و نۆیەمی سەفەری اعداد دا یەهوە دەستور و نەریتی نوێ بۆ ئەنجامدانی قوربانی و برژاندن کە زۆر حەزی لێی بوە دێنێتە گۆڕێ .

جگە لە قوربانی و برژاندن و خەڵاتی ڕژاندن ، تەورات بۆ کەمکردنەوەی هەندێک لە گوناحەکان پیچشکەش کردنی قوربانی تایبەتی پێشنیار کردووە :

( تاوانبار پاش دان نانی بە تاوانەکەیدا دەبێت بەرخێک یان بزنێک بداتە کاهین و کاهینیش ئەو ئاژەڵە بە شێوەی کەفالەتی گوناحەکە بکاتە قوربانی )

( خوداوەندی موسا ڕای گەیاندوە ، ئەگەر کەسێک خیانەت ئەنجام بدات و سەبارەت بە شتە پیرۆز کراوەکانی خوداوەند تاوان ئەنجام بدات ، ئەوکات بۆ قوربانی گوناحی خۆی قۆچێکی باش یان گوێرەکەیەک لە سەر بنەمای ڕای تەورات بداتە کاهین و کاهین بیکاتە کەفالەتی تاوانەکەی و ئاو بکات بە تاوانەکەیدا و بیشواتەوە . ) لاویان 19/16-5

تورەی خوداوەند تەنیا بە پیشکەش کردنی قوربانی ئارام دەبێتەوە .

(یەهوە بە ئالفیازی ( eliphaz ) وت : تورەیی من لە تۆ وو دوو هورێی تۆ گەیشتەوەتە ئەستوری ، هەر ئێستا حەوت قۆچ و حەوت گا بگرەو بیبە بۆ لای ئەیوبی خزمەت کاری من و قوربانی برژاندنی خۆت ئەنجام بدە ، بەندەی من ئەیوب بۆ تۆ نزا دەکات ) ایوب 7-42

لەو نەریتە پەیوەندیدارانەی قوربانی کردن و برژاندنی و خڵات و قوربانی کەفالەتی گونحاەکان و داواکردنی بەخشیش لە تەواوی کتێبی لاویان و بەشێکی گرنگی سەفەری تسنیە و بەشێکی سەفەری ئەعداد ، دا بە فراوانی بەرچاو دەکەوێت ، ئەم قوربانیانە بە ئەندازەیەکە کە مرۆڤ سەری سوڕ دەمێنێت لە ئیشتیها و حەزی یەهوە بە پێشکەش کردنی قوربانیەوە ، و حەزی بۆن کردنی بۆنی کەباب و گۆشتی برژاوو شەراب بێسنووورە لە لای یەهوە .

ئاساییە ئەم دەستەواژانە زیاتر بە نەریتی خاوەن ئاژەڵ و پاشاو خاوەن مولک بوترێت لە بەرانبەر جوتیار یان شوانەکانیاندا ، بەڵام ناتوانرریت ئەمە بە قسەی ئاسمان و تایبەت بە خودا ئەژمار بکرێت ، ئەم ڕستە خۆش ئاوازانە بە بێ کەمترین گومان نوسراوی کەسانێکن کە خودا لە ڕۆحی موسادا دەبینن ، ئەو بە هۆی بێ توانیی و لاوازیەوە شەوێک تا بەیانی لە گەڵ یەعقوب زۆران دەگرێت و چوونکە ناتوانێت بە سەریدا سەرکەوێت ، خودا دێتە وەڵام و لە ناودەمی یەعقوب دەدات ، ئەم بابەتە ڕاهیبەکان و کاهینەکان یەکیان فیر کردوە کە بەرژەوەندی ئابووری خۆیان لە گەوجی خەڵکی سادە دڵ و داگیرکردنی ئەو ساویلکانەدا دەبیننەوە .

( تۆ و کوڕەکانت ، ئاژەڵەکانی خۆتان بپارێزن و نەیان کەن بە قوربانی و خزمەت بکەن ، من ئەو خەڵاتە زۆرانەی کە پێشکەش بە من دەکرێت بە شێوەیەکی هەمیشەیی و ئەبەدی دەی بەخشم بە تۆوکوڕەکانت . ئەوانەش بریتین لە وانەی کە بە ئاگر دەبرژین ، دەی بە خشم بە تۆ ، تەواوی خەڵاتەکانی ئەوانە ، تەواوی پیتاک و تەواوی قوربانیەکانی گوناحکاران و تەواوی قوربانی کەم تەرخەمیەکان و هەموو ئەو شتانە هی تۆو منالەکانەتە ، تەواوی ڕۆنەکان تەواوی دەست کەوتی خوری و دانەوێڵە تەواوی ئەو قوربانیانەی کە بەنی ئیسرائیل بۆ خواوەندی دەهێنن ، دەی بەخشم بە تۆ . هەر چی گیانلە بەرێکە کە بۆ خواداوەندی دەهێنن چی مرۆڤ و چی ئاژەڵ هەموی بۆ تۆیە ، تۆ یەکەمین نۆبەری مرۆڤ هەڵدەگریتەوە و بەڵام یەکەمین نۆبەری ئاژەڵ ، گا و ، قۆچ و یان بزن هەڵناگریتەوە ، ئەوانە شتی پیرۆزن ، تۆ خوێنی ئەوانە دەپرژێنی بە سەر میحرابەکاندا و چەوریەکانیان دەبرژێنی . ئەمە قوربانی کردنی برژاندنە چوونکە بۆنەکەی بۆ خوداوەندە . گوشتەکەشیان بۆ تۆیە ، دەیەکی کە کوڕانی بەنی ئیسرائیل پێشکەشی خودای دەکەن ، منیش بە خشیم بە تۆو بە منالەکانی تۆ . اعداد 18-8/25

(چوونکە ئەو زەویەی کە بە ناوی پاشاوە بە تیرو پشک دابەش دەکەیت ، بەشی پیرۆزی بە درێژی 25000 نی (1) وپانیەکەیشی دە هەزار نی بێت بە شێوەی خەڵاتی خوداوەند بۆخوت جیا بکەرەوە ، ئەو بەشە لە هەوو لایەکەوە پیرۆز کراوە ، وە ئەوە بۆ ئەو کاهینانەیە کە خزمەتی خوداوەند دەکەن تا ببێتە شوێنی نیشتە جێ بوونی ئەوان ) حزقیال 1/16-45

قوربانی برژاندن پێویستە تەنیا لە میحرابی پەرستگەدا ئەنجام بدرێت تا بۆی کەباب هەموو میحراب بتەنێتەوە ، بەڵام قوربانی کردنی (کەفالەت ) تۆڵەی تاوان لە دەرەوەی پەرستەگە ئەنجام دەگرێت . تەواوی پرۆسەی قوربانی کردنەکان پێویستە لە ژێر چاو دێری و لە لایەن کاهینەکانەوە ئەنجام بدرێت . ئەگەر کەسێک گا یان بەرخێکی خۆی نەهێنایە ناو ڕەشماڵی کۆبوونەوەو نەی سپارد بە کاهین و لە بیابان سەری بڕی ئەوە تاوانی کوشتنی ئەنجام داوە . ) لاویان 3/7-17

---

1-نی : پێوانەی کۆن بووە و گۆڕانی نێوان 1/17 بۆ 2/98 مەتر بووە .

پێش دروستکردنی پەرستگەی هیکەل ئەنجامدانی قوربانیەکان لە شوێنە بەرزاییەکان یان کوشتارگەکانی کە تایبەت بوون بە پێش کەش کردنی قوربانی ، بە ڕێوە دەچوو ، ئەم بەرزاییانە هەمان تەپۆلکە پیرۆز کراوەکانی کەنعانەکان بوو کە یەهودیەکان ئەو تەپۆڵکانەیان بە ناوی یەهوەوە پیرۆز کردبوو ، بەڵام پاش دروستکردنی پەرستگەکە ، لە سەردەمی فەرمانڕەوایەتی سلێماندا قوربانی کردن تایبەتکرا بە و پەرستگەیەوە ، و بە مەزنترین ئەرکی ئاینی ئەژمار دەکرا .

فراوانترین مەراسیمی قوربانی کردن لە جەژنەکانی بەربانگ کردنەوە و دروێنە کردن و سەری ساڵی نویٚ دا ، سلێمان گروپێکی لە کاهینە کەنعانیەکان کە لە ئەنجامدانی مەراسیمی قوربانی کردندا لێزان بوون بە شێوەی پسپۆڕ هێنا بۆ پەرستگەی ئور شەلیم و ( ڕدوک ) کە لە خانەدانەکانی کاهینانی کۆن بوو ، کردیە بەرپرسی پەرستگاکە .

لە سەردەمانی دورخستنەوەی بەنی ئیسرائیلدا ، پەرستگەیەک بۆ ئەنجامدانی قەربانی بوونی نەبوو ، یەهودیەکان تا کردنەوەی بە تەواوەتی هەیکەل ، قوربانی برژاندن و تۆڵەی تاوانیان دوا دەخست و مەراسیمی نزاو کۆبونەوەیان ئەنجام دەدا . پاش گەڕانەوەی بەنی ئیسرائیل بۆ فەلەستین بە هاوکاری دارایی پاشای ئێران پەرستگە دووبارە دروستکرایەوە و مەراسیمی قوربانی بۆ یەهوە دەستی پێ کردەوە ، ( ڕۆحانیەکانی یەهود ) پیاوانی ئایینی یەهود ، بونە بەڕێوەبەری ئایین و پەیوەندی نێوان خەڵک و یەهوە ، زۆرینەی نەریت و نزای پەرستن لە پەرستگەدا کە لە تەوراتدا هاتوە دەگەڕێتەوە بۆ ئەو سەردەمە .

لە سەر بنەمای پلە بەندیەکانی تەورات وەزیفەی کاهینە کان بریتی یە لە :

سەربڕینی قوربانی ، برژاندنی چەوری و دابەش کردنی گۆشت و خوێڕژان بە شوێنی سەربڕینداو پەردەی پیرۆز ، دانان و چاودێری مۆم و کۆی پێداویستیەکانی پەرستگە دەبێت فدیە ی خاوەنی یەکەمین کۆرپەلەی لەدایک بووی مرۆڤ و بێچووە گوێدرێژ لە ئەستۆی بگرن و دابینی بکەن و موسڵمانە دیاری کراوەکان ، ئەوانی توشی نەخۆشی گولی و گەڕی بوون ، و ڕاو سەرنج لە سەر گوناحی ئەوانەی تۆمەت بار کراون بە زینا کردن و ئەو بووکەی پەردەی کچێنی لە دەست داوەو دەربڕینی ڕا و سەرنج لە سەر حەرام حەڵاڵ و پاکی و دیاری کردنی تاوان و لێپێچینەوە لە تاوان باران و لێدانی زەنگ لە بۆنەکاندا .

نەریتی ئەنجامدانی قوربانی تا ساڵی 70 پاش زایین ، کە شاری ئورشەلیم و پەرستگەکەی کەوتە دەست ڕۆمیەکان بە تەواوی وێران خاپورکرا ، بەردەوام بوو ، و لەو بەروارەشەوە بۆ دواتر تەنیا کەنیسە ناوەندی کۆبوونەوەی یەهودیەکان ئەژمار دەکرا .

بەرایی پێنجەم

## دنیای پاش مردن و بەهەشت و دۆزەخ

تاکاتی دورخرانەوەیان ، ئیسرائیلیەکان هیچ باوەڕیان بە ژیانی پاش مردن و بەهەشت و دۆزەخ نەبوو ، لە تەوراتدا ئاماژەیەک بەم بابەتانە بەرچاو ناکەوێت . باوەڕی گشتی لە سەر ئەوە بوو ، کە مرۆڤ لە خاک دروست بووە و بۆخاکیش دەگەڕێتەوە . پیدایش 19-3

پاداشتی چاکەکاران و لێپێچینەوەی سەرپێچی کاران لە ڕاسپاردەکانی یەهوە لە هە مان دنیادا دەستکەوتی ئەوان و نەوەکانی دواتریان بوو . یەهوە لە بەندی یەکەمی دە فەرماندا دەڵێت : ( من یەهوە خودای تۆم خودایەکی حەسود کە تۆڵ ەی گوناحی باوک لە کوڕ و پشتی سێ یەمیش و چوارەمیش دەسێنمەوە ، و تا هەزار پشت لە سەر ئەوانەی کە منیان خوش دەوێت و پارێزگاری لە ئەحکامەکانی من دەکەن ڕەحمەتیان دەکەم ) خروج 5-20

ئەو دەستەواژانەی کە تەورات لە بابەت کەسیەتیە مەزنەکانی خۆیەوە بە کاری دێنێت ، ( بمرەو بە قەومەکەی خۆتەوە پەیوەست بە ) و ( بە باوکەکانی خۆتەوە پەیوەست بە ) لە سۆنگەی تەوراتەوە ، جیاوازی نێوان ئاژەڵێک و مردنی مرۆڤێک بوونی نیە . دەربارەی بوون و مانەوەی ڕۆح هاوکات لە تەوراتدا هیچ باسێک بوونی نیە . تەنیا لە چەند لایەکەوە بە کورتی ئاماژە یەک دەکات ، لە دەست پێکی ( پیدایش ) خوداوەند لە هەناوی ئادەمدا ڕۆحی خولقاند ، و یان لە هەمبەر پەیامبەرەکان کە ڕۆحی خوداوەندیان تیادا ئالودە بووە .

یەهودیەکان باوەڕیان وابوو ، کە مردوەکان دەڕۆن بۆ ناوچەی مردوکان یان شئول ( sheol ) بەم سەبارەت بە 1یانی پاش مەرگ و چارەنوسێک کە چاوەڕوانی مردوەکان بکات ، هیچ باسێک لە گۆڕێ نەبووە ، بەخاک سپاردن ، لە ناو یەهودیەکاندا ، زیاتر لایەنێکی ئایینی هەبووە ، تا عەقیدەیی ، باخاک سپاردنی مردوەکان بە بێ ئەنجامدانی نەریتی ئایینی پێویست ، چوونکە بە چاو شکێنی زیندوەکانیان دەزانی .

گۆڕ لە دیدی یەهودیەکانەوە ئارامگای ئەبەدی و ماڵی جاویدانی بوو ، یەهوە سزای ئەوکەسانی کە سەر پێچی فەرمانەکانی دەکردن بەم جۆرە دەدا : ( ئەگەر گوێ لە من نەگریت ، و کۆی فەرمانەکانی من بە ئەنجام نەگەیەنیت ، و پەیمانی من بشکێنیت ، من ئەوەی بەسەر تۆ دێنم ، ترس ، سیل و تا ، دەسەپێنم بەسەرتا ، تا چاوەکانی تۆ ، و ڕۆحی تۆ کوێر بین ، تۆ زانستەکانت بە بیچ بەهرە لێوەرگرتن و سود بەخشین لە دەست دەدەیت و دوژمنانی تۆ لێتی وەردەگرن ، من پشت لە تۆ دەکەم و دوژمانی تۆ دەست دەگرن بە سەر تۆدا و ئەو کەسانەی کە تۆ جیایت لێیان دەسەڵاتداردەبن لە سەر تۆ ، تۆ هەڵدێیت ، بە بێ ئەوەی کە کەسێک پاڵ پشتی تۆ بێت ، وە ئەگەر هەر بەجورەش گوێم لێ نەگریت ، تۆ بە کاهینەکان لە هەشت پلە زیاتر بە پێیی ئاستی گوناحەکانت تەمێ دەکەم . من غرورو هێزی تۆ لە ناو دەبەم ، ئاسمانی تۆ وەک ئاسن ڕەق و زەوی تۆ وەکو چاڵێک لێدەکەم ، زەوی تۆ ئیتر هیچ بەرو بومێکت ناداتێ و دارو درەختی زەوی هیچ بەرێکت نادەنێنێ ، و ئەگەر هەر لە بەرانبەرم وەستای گوێم لێ ڕانەگریت ، من تۆ زیاتر لە حەوت پلە بە پێی ئاستی گوناحەکانت تەمێ دەکەم . دێوو درنجی بیابانت بۆ دەنێرم کە مناڵەکانت بفرێنن و مەڕو ماڵاتەکەشت لە ناو ببەن ، و هیچت بۆ نەهێڵنەوە . ئەگەر ئەم تەمێ کردە تۆی چاک نەکرد و دووبارە هەر گوێت لێنەگرتم ، منیش لە بەرانبەر تۆدا ، دەوەستم و لە بەرانبەر گوناحەکانتدا دەوەستم و زیاتر لە حەوت پلە تەمێت دەکەم ، من شمشێرێک لە دژی تۆ بەرز دەکەمەوەوتۆڵەی ئەو پەیمانشکێنیەت لەگەڵ من لێ دەکەمەوە ، کاتێک کە تۆ لە ناو شارەکانتندا کۆدەبیتەوە ، من تاعون و ڕەشەبا لە ناو ئێوەدا بڵاو دەکەمەوە . ئێوە ڕادەستی دوژمنەکانتان دەکەم ، ئەگەر دوای هەموو ئەمانەش هەر لە ڕوی مندا وەستان ، و گوێتان لە من ڕانەگرت ، منیش بە توڕەییەوە لە بەرانبەر ئێوەدا دەوەستم و ، ئێوە زیاتر لە حەوت پلە لە ئەنجامی تاوناەکانتان تەمێ دەکەم . گۆشتی کوڕو کچەکانتان دەرخوارد دەدەم ، من جێگا بەرزەکانی ئێوە وێران دەکەم ، من پەیکەرەکانی ئێوە کە پێش کەشی خۆرتان کردوە دەشکێنم ، و جەستەکانی ئێوەش دەخەمە سەر جەستەی پەیکەرەشکاوەکانتان ، ڕۆحی من لە ناو ئێوە دێتە دەر ، شارەکانی ئێوە دەکەمە بیابان ، جێگا پیرۆزەکانی ئێوە وێران دەکەم ، من ئیتر ئیشتیهای هەڵمژینی بۆنی خۆشی ئێوەم نابێت ، من

مەملەکەتەکەتان وێران دەکەم ، و ئێوەش لە ناو میللەتەکانی تردا پرش و بڵاو دەکەمەوە ، و بە شمشێرەوە دواتان دەکەوم . من دڵی هەندێک لە ئێوە ، کە لە وڵاتی دوژمناندا ماونەتەوە ، لاواز دەکەم ، دەنگی جوڵەی هۆگری هەمیشە لە کوێی ئەوانەدا دەزرنگێنمەوە . ئەوانە هەڵدێن ، هەمان شێوە کە لە بەرانبەر شمشێردا هەڵدێن ، ئەوانە هەڵدێن بەبێ ئەوەی کەسێک لە پشتیان بێت ) لاویان14/39-26

لە بەرانبەریشدا ئەو کەسانەی کە ڕاسپاردەکانی یەهوە جێبەجێ دەکەن و پابەندن پێوەی و پەیڕەوی لێ دەکەن ، و لە بەرانبەر ئەو گوناحانەی کە ئەنجامیان داوە . بەپێی ڕێژەی گوناحەکە قوربانی لە جیاتی تاوان ( کفارە ) پێش کەش بە پەرستگە دەکەن ، یەهوەش بەڵێنی تەمەنی درێژ و ئارامی بەو کەسانە دەدات و خەنەدانەکانیشیان تا هەزار پشت پڕ بەرەکەت و ڕەحمەت باران دەکات : ( ئەوکاتانەی کە باران بۆ ئێوە لە وەرزی خۆیدا دەبارێنم و زەوی بەرهەمی خۆی دێنێتە بوون ، دارو درەختی بیابان مێوە دەگرن ، وەرگرتنی خەرمانی من تا پێگەیشتنی ترێ چنینەوەی ترێ و تا چاندنی تۆ و نانی خۆتان بە تێری دەخۆن و لەو ناوچەیەدا بە ئاسایش نیشتە جێ دەبن . سەلامەتی دەبەخشمە زەوی و بە ڕەحەتی دەخەون و هیچ ترسێک لە ئارادا بوونی نیە . ئاوڕتان لێ دەدەمەوە لە ناو ئێوەدا هاتو چۆ دەکەم . من خودای ئێوەم ، ئێوەش قەومی منن ) لاویان 12/4-26

لە کورتەی نوسراوی تەورات و ڕاسپاردەکانی یەهوەدا ، لە هەمبەر پاداشتی فەرمانبەران و سزای خراپە کاران بەڵێن بە قەومی یەهود دەدات ، کە لێرەدا ئاماژەیان پێدەدەین :

1-ژیان لە دنیایەکی تر ، ئاگربارانی جەهەنم نیعمەتی زۆر و حۆریەکانی بەهەشت بونی هەیە ، یەهوە ئەژماری باش و خراپ لەم دنیا لە سەر شوێنکەوتوانی خۆی یەکلایی دەکاتەوە ، ئەوان پاداشت دەکات و یان بە سزای کردەوەی خۆیان دەگەیەنێت ، هەموشتێک بە گەیشتنی مەرگ کۆتایی دێت .

2-لە سۆنگەی یەهوە وە ، گوناحی تاک و سزای کەسەکان بە پێی ئاستی گوناحەکەیانە کە ئەنجامیان داوە ، بەهیچ جۆرێک لە ئارادا نیە ، بەڵکو سزاو پاداشت ، بەکۆمەڵ و قەبیلەییە ، بەپێچەوانەوە بەڵکو یەهوە تەواوی شار و وڵات بە سزا دەگەیەنێت ، و هەڕەشەی وێران کردنی دەکات یان پاداشتی دەداتەوە . ئاگری تورەیی یەهوە ، تەنیا پاش تەوبەر بە کۆمەڵ و قەبیلەیی یە و گەڕانەوەی ئەوانە بۆ لای یەهوە و جێ بەجێ کردنی تەواوی ڕاسپاردەکان و وەزیفەکان کە دیاری کراوە ، کەم دەکاتەوە و دادەمرکێتەوە .

( کاتێک کە قەومەکەم بە ناوی منەوە ناونراون ، سەر ڕاست بن و نزا بکەن و لە خزمەتی مندا بن ، و لە ڕێگا خراپەکان دوربکەونەوە ، ئەوکان من لە ئاسمانەوە وەڵامی خۆمیان دەدەمەوە و لە گوناحەکانیشیان خۆش دەبم ) تواریخ 14/2-7

لە سەردەمی دورخرانەوەیی و پاش پەیوەندی یەهود لەگەڵ زەردەشتیەکان ، باوەڕی نوێ لە ناو ئایینی یەهودا سەری هەڵدا ، یەهوەی خودای خێڵ و قەبیلەیەک بوە خودای یەکتا و خولقێنەری جیهان . ( ئەمشا سپدان) ی زەردەشتیەکان ، چونە خزمەتی یەهوەو ناوی عیبری یان لە خۆ گرت ، لە سەرەتدا چوا رفریشتە بە ناوەکانی ( میکائیل ، جبرائیل ، رفائیل ، ئورائیل ، عزرائیل ، ئوهی ئیل ، ( uhi el پەیوەندیان بە کۆی پیرۆز کراوەکانەوە گرت و بەگشتی حەوت فریشتە بارەگای یەهوەیان پێک دەهێنا ، یەهوە لە تەوراتدا خودای ئاگری مەزاجی ، ئاقڵ و خواستیاری قوربانی دوکەڵ و کەباب بوو ، بووە هەڵگری خەسڵەتەکانی زیاتر لە بەبەزەیی و دادپەروەرو شتی تر .

( من بەزەیم پەسەند کرد ، نەقوربانی لە ڕێگای مەعریفەی خوداوەندی و نە قوربانی برژاو و( اشعیا) بەڵام نەژاد پەرستی یەهود هەر بە هێزی خۆی دەمێنێتەوە ، یەهوە تەنیا لەگەڵ قەومی یەهود

بەڵێنامەیەکی دروستی هەیە و یەهود تەنیا قەومی هەڵبژێردراوەی یەهوەیە . ( خوداوەند ئیسرائیلی هەڵبژارد ، تا ببێتە ڕوناکی نەتەوەکانی تر ) اشعیا

وە داوایان لێ دەکات تا وەزیفەکانی کە پێی داون جێ بەجێ بکەن ، و نەریتی پەرستن جێ بەجێ بکەن . لەو باوەڕە نوێیانەی وەکو کە لە ئاینی زەردەشتەوە گوازراوەتەوە ناو ئایینی یەهود ، باوەڕ بوون بە بوونی شەیتانە ، باوەڕی یەهود پێش دورخرانەوەیان ، دەربارەی بوونی شەیتان ، لە ئاستی باوەڕە سەرەتاییەکانی مرۆڤ پەوەندی دار بە ئانیمیزم و ڕۆحە چەپەڵەکانەوە بوو . بەڵام پاش گەڕانەوەیان بۆ زیدی خۆیان لە بابلەوە ، ئیهریمەنی زەردەشتیەکان ، لە ئایینی یەهودا ، گەیشتە هێزی خۆیی و بۆخۆی ڕێکخراوێکی پێک هێنا . هێزێکی لە بەرانبەر یەهوەدا دروست کرد ، کە لە لوتکەیدا شەیتان بە ناوی جۆراو جۆر بە دیار کەوت . زەکەریای پێغەمبەر ئەوی بە سەر لێشێوین و فریودەر ناوبردوە ، خەڵک دەزانن کە بە هاوکاری هاوەڵەکانی خۆی کردەوەی شەیتانی ئەنجام دەدەن .

چیرۆکی خولقاندن و داستانی توفانی نوح لە هەمان ئەو ساڵانەدا کە کاهینەکانی یەهودی لە ئەفسانەکانی زەردەشتی ، سۆمەری – ئەکادی کۆپیان کردوەو باوەڕ بە بوونی دنیایەکی تر و ڕۆژی لێپرسنەوە یان لە زەردەشتیەکانەو وەرگرتوە ، دانیاڵی پێغەمبەر دەربارەی ڕۆژی پەسڵان دەنوسێت :

( لەو کاتەدا میکائیل ، سەروەرێکی بەهێز کە لە ڕێگەی کوڕانی قەومی تۆ ڕاوەستاوە ، لە ڕابوردووداو ئەو کاتانەی کە دۆخەکە خراپ بوو ، لەوکاتانەی کە گەلانی تر هاتنە بوون ، تا ئەمرۆکە نەبووەو تیایدا هەریەک لە قەومەکانی تۆ کە لە دەفتەری نوسراودا ناویان هاتوە ڕزگار دەبن ، زۆرێک لەوانە کە لە خاکدا نوستون ، بێدار دەبنەوە ، بەڵام دەستەیەکیان بەرەو ژیانی جاویدانی و دەستەیەکی تریان بەرەو شەرمەندەیی و گەجی ئەبەدی . حەکیمەکان وەکو ڕووناکی گەردوون دەدرەو شێنەوە و ئەوانەی کە خەڵکیان بۆڕێگای دادپەروەری ڕێنمایی کردوە ، هەروەکو ئەستێرەکان دەدرەوشێنەوە . ... بەڵام تۆ دانیاڵ ، کڵاوێکی نهێنی و کتێبێکی دەستلێ نەدراوی ) دانیال14/1-12

گەرچی جەستەی ڕاپسکا و خواستیار ، دەربارەی ترس و تۆقاندن لە دنیای دواتر دا لە هەندێک لە نوسراوەکان و ڕوئیای پێغەمبەرەکاندا بەرچاو دەکەوێت :

(لە کۆتایی دنیادا تەواوی ڕۆحەکان بە چاکەکاران و خراپە کارانەوە ، لە بەر دەم خوداوەندا ئامادە دەبن ، و دادگایی دەکرێن . چەپەڵەکان دەخرێنە ناو دۆزەخ و چاکەکارانیش بەرەو ڕێگای بەهەشت ڕەوانە دەکرێن . بەهەشت جێگایەکی سوز و خۆش و پڕ لە ڕوبارو درەختی میوەدارە ، و چاکەکاران لە وێدا بە شادی و بە وتنەوەی نزاکردن و پاڕانەوە بۆ یەهوە سەرقاڵن )

بەڵام ئەم خواستانە لە ئاستێکی سنووردار ، ڕەواڵەتی پێنەگەیشت و تەموو مژاوی تەنیا لە سەر دەمی پرۆپاگندەدا ، ئەوەندە ماوە کورت بوون ، کە نەیانتوانی لە سەرەتای دۆخەکەوە ، لە باوەڕەی قوڵی یەهود دا جێگایەکی پتەو بۆ خۆیان چێ بکەن . بە تەدریجی و بە تێپەڕینی کات ، ئاستی کاریگەری باوەڕەکانی پەیوەندیدار بە ژیانی پاش مەرگەوە ، بەهەشت و دۆزەخ و بوونی ڕۆحە درۆین و ڕاستەکان ، فراوانتر بوو ، لەو تۆمارانەکی کە لە نیوەی سەدەی دووەم لە دەریای مردوو (بحرالمیت ) لە ناوچەی کومران بەدەست کەوتوە ، کاریگەری هزری زەردەشتیەکان لە ناو یەهودیەکاندا بە جوانی و ڕوونی بەرچاو دەکەوێت .

(لەو دوو ڕۆحە هەموو مناڵەکانی ئادەم دروست بوون . خەڵک لە ڕێگەی ئەم دوو ڕۆحەوە هەنگاو دەنێت . ئەوانەش ڕۆحە درۆین و ڕاستیەکانن ، جێگای ڕووناکی و سەرچاوەی ڕاستی یە ، و ڕیشکی درۆیش لە سەرچاوەی تاریکی یەوە یە . بەڵام خوداوەند بە عەقڵ و شکۆی خۆیەوە ، سەردەمێکی بۆ وێران

بوون دیاری کردووەو بە پە پێی پەیمانەکان بە سزای تاوانی منالآنی درۆزن ، هەموو ئەوانە لە ناو دەبرێن ، ئەوکات ڕاستی لە جیهاندا ئاشکرا دەبێت و دەردەکەوێت )

( فریسیان ) کە لەگەڵ ( ئاستە ) کاندا لە پەیوەندیدا بوون ئەم باوەڕەیان لەو گروپە وەرگرتوەو خستویانەتە ناو باوەڕەکانی خۆیانەوە . بەڵام هێشتا مەودایەکی دوور لە نێوان باوەڕی موسڵمانەکان دەربارەی جیهان و ئەو دنیا و بەهەشت و دۆزەخ هەبوو .

بەرایی شەشەم :

چاوەڕوانی دەرکەوتنی ڕزگارکەر

پاش هەڵوەشاندنەوەی دەوڵەتی بودا بە دەست ئاشوریەکان و ، بەدیل گرتنی گەلی یەهود ، پەیامبەرەکانی گەلی یەهود بۆ بەرگرتن لە پەرش و بڵاوی یەکجارەکی بەنی ئیسرائیل و بەرجەستە کردنی ڕووناکی و هیوا لە دڵی نا ئومێدان و بێهیواکاندا ، بەڵێنی دەرکەوتنی ڕزگاری کەر و بەرپاکردنی سەرلەنوێی دەوڵەتێکی بەهێزی یەهودیان پێش بینی دەکرد . بنچینەی ئەم هزرەش ، هەروەکو زۆرێک لە هزرە نوێ کانی ئایینی یەهود ، هاو شێوەی ئایینی زەردەشت و دەرکەوتنی ( سوشیانت ) ڕزگاریکەری مرۆڤایەتی لە کۆتایی دنیادا و دەست باڵا بوونی ئاهورا مەزادا بە سەر ئیهریمەندا وەریان گرتبوو . مەسیح پێش لە دورخرانەوە تەنیا یەک نابانگی هاوتەریبی لەگەڵ هەڵبژاردەی خودا دا هەبوو ، دەربارەی ئەم جۆرە کەسیەتیە ، دیدی جیاجیا لە کتێبی پیرۆزدا بەرچاو دەکەوێت ، لە تەوراتدا ، کورشی پادشای ئێران بە مەسیح ناهێنراوە ، مەسیح هەندێک کات بە شائۆل و لە سەردەمی داودا و هەندێکاتی تریش وەک شوانی باشی منالەکانی داود . بەڵام پاش دەست بەسەربوون و گەڕاندنەوە بۆ فەلەستین ، مەسیح بە نێردراوێکی تایبەتی یەهوە دەست نیشان کراوە ، و کەسێکە کە بە هێزێکی لەودیو سروشتەوە هەموو دوژمنان دەخاتە ژێر فەرمانڕەوایەتی یەهوەوە ، و لە سەر لوتکەی شاخی ( سیۆن ) نەوە ئارامی و ئاشتی لە جیهاندا جێگیر دەکات . تا ئەوکاتەی کە دادپەروەری لە جیهاندا نەچەسپێنێت مەسیح هێوەر نابێتەوە . (1)

کاتێک عیسا بوە پێشەوای خەڵک ،یەهودیەکان بە هیوای ڕزگاری لە زولم و ستەم دەستوری محەلی سەردارانی ڕۆمی ، زۆر بە زویی لە دەوری عیسا کۆبوونەوە .

بەڵام بە کوژرانی ئەو ئەو بەڵێنانەی کە لە کتێبی پیرۆزدا بەوانە درابوو جێبە جێ نەبوو ، وازیان لە ئایینەکەی ئەو هێنا ، بەم جۆرە ، یەهودیەکان ، عیسا بە شێوەی مەسیح وەک بەڵێنی ڕۆژی دوایی ناناسن .

---

1-بۆ ڕوونکردنەوەی زیاتر سەیری ئایینی مەسیح فەسلی یەکەم بکە .

پاش تێپەڕینی نزیکەی دوو هەزارو پێنج سەد ساڵ ، لە سەردەمی سەرهەڵدانی ئەندێشەوە ، دەرکەوتنی ڕزگاریکەر لە ئایینی یەهودیدا هێشتان لە چاوەڕوانی دەرکەوتنی مەسیدا خولەک دەژمێرێت .

ئەم هزرە ، لە سەر دوو ئاینی تری ئیبراهیمی کە ئایینی یەهودە لە دامێنی خۆیدا پەروەردە کرد ، کاریگەریەکی زۆری هەبوو ، عیساییەکان باوەڕیان وایە کە عیسای مەسیح بەڵێندەری ڕۆژی دوایی و کوڕی خودایە ، کە بە جدی بۆ بەرپا کردنی حکومەتی خودا هەوڵدەدات تا لە ناردنی ئەودا پەلەبکات .

لە ساڵی 132ی زایینی یەهودیەکان ، لە دەوری ( سیمون بن کوسبا- simon ben koseba ) گرد بوونەوە و لە بەرانبەر ڕۆمیەکاندا ڕاپەڕین ، ئەو شۆڕشە کە بۆ پارێزگاری کردن بوو لە پیشەوا ئایین یەکان لە سەرەتادا سەرکەوتنی بەرچاویان بە دەست هێنا ، ئۆرشەلیم کەوتە دەست یەهودیەکان و لە پەرستگە مەراسیمی قوربانی کردن ئەنجامدرا ، سیمۆن بە بەڵێندەری ڕۆژی ڕزگاری ناسێنرا ، بەڵام شکستی کۆتایی سەرسوڕهێنەر بوو ، و چوونکە بە کوشتنی کۆی یەهودیەکان و وێران کردنی پەرستگە کۆتایی هات .

لەوکاتە بەدواوە 34 کەسی تر لە یەهودیەکان ، هەر وەکو ڕێبەر سەریان هەڵداوەو پرۆپاگندەی مەسیحیەتیان کردوە ، کە دواهەمینیان ( موس لوزاتو – moses hayyian luzatoo) بوە و ساڵی 1774 کۆچی دوایی کردووە .

بەرایی حەوتەم :

بۆنەو جەژنەکان

1- یەکەمین جەژنی ئایینی ساڵی نوێ بە ناوی جەژنی ( کرناکان ) یان ( ڕش ڕشانە ) ( rosh rashaneh و ( دەستپێکی ساڵی نوێ ) یە ، کە لە مانگە کانی سێپتامبەر یان ئۆکتۆبەر دەست پێ

دەکات . (تەلمود ) لە هەمبەر ئەو جەژنە گرنگیەکی زۆری دەداتێ و بە جەژنی ڕۆژانی داوەری ناوزەد دەکات . لە ڕۆژی یەکەمی ساڵی نوێ هەندێک قوربانی برژاندن پێەیستە پێشکەش بکرێت .

لە ڕۆژی جەژندا ، کاهینەکان لە کەنیسە کان لە کەڕەنا و زەنگی تایبەت دەدەن و ماوەی دەرۆژ بۆ تۆبە کردن و پاک بوونەوەی گشتی ڕادەگەیەنن و لەو دە ڕۆژەوی جەژندا سەبارەت بە ئەفراندنی جیهانی بوون و داوەری خوداوەند قسە و دیالۆگ ئەکەن . لە کتێبی هێرۆ دا نوسراوە : ( ئەمە ڕۆژێکە کە جیهانی بوون بە فەرمانی خودا هاتە بوون ، و ڕۆژێکە کە خودا بونەوەرەکانی بۆ لس ٍپرسینەوە کردن زیندو کردەوە )

لە سەر بنەمای نەریتی دێرین ، یەهودیەکان لەو ڕۆژنەدا ، تێکەڵەیەک لە سێو و هەنگوین دەخۆن ، و بۆ یەکتری ئارەزووی ساڵی خۆشی دەخوازن . لە ڕۆژژی دەیەمی ساڵی نوێدا ڕۆژی ( کفارە ) پاکبوونەوەلە گوناحەکانیان یان ( یوم کیپور- ( yum kipurپێ دەڵێن .

(خوداوەند بە موسای وت بە بەنی ئیسرائیل بڵێ ، لە مانگی حەوتدا لە ڕۆژی یەکەمی مانگ ڕۆژی پشودانی ئێوەیە ، ڕۆژی لێدانی کەڕەنا و گەڕانەوەیە بۆ جێگای پیرۆز ، هیچ کارێک ئەنجام نەدەن ، و خەڵاتی ئاگرین پێشکەش بە خودا بکەن ، ڕۆژی دەیەمی هەمان مانگ ڕۆژی پاککردنەوەی گوناحەکانە، جێگایەکی پیرۆز دروست بکەن ، ڕۆژوتان هەبیت و خەڵاتی ئاگرین بۆ خوا پێشکەش بکەن .

هیچ کارێک لەو ڕۆژەدا ئەنجام نەدەن ، چوونکە ڕۆژی پاکبونەوەیە ) لاویان 29/24-1

( ئەو کەسانەی کە ئەم ڕاسپاردەیە ئەنجام نادەن ، و ڕۆژوو ناگرن ، یان کارێک ئەنجام بدەن ، و پێویستە لە ناو قەوم حاشایان لێ بکرێتو سزا بدرێن . )

2-یوم کیپور : ڕۆژی دەیەمی ساڵی نوێ ، کە بەناوی یوم کیپور یان ڕۆژی ژیانەوە و تۆڵەی تاون ناوەزەد کراوە ، تەنیا ڕۆژێکە کە ڕۆژوو گرتنی لە سەر یەهودیەکان داناوە ، و ڕۆژێکە کاهینی مەزن بە جلوبەرگی سپی جیاوازەوە دەڕواتە پیرۆز ترین شوێنی پەرستگە بۆ ئەنجامدانی پەرستن لە خزمەتی یەهودا .

تەواوی یەهودیەکان ، بە کورو کچەوە ، بە خزمەت کارو کەنیزە و هەتا ئەو ئاژەڵانەیشی کە لە خزمەتی یەهودیەکاندان ، پشو دەدەن و هیچ کارێک ئەنجام نادەن ، و ئاگر لە ناو ماڵی یەهودیەکاندا دەکرێتەوە ، ڕۆژوو لە خۆرئاا بوونی ڕۆی نۆیەمی مانگی یەکەمی ساڵ دەستپێ دەکات خۆرئاوا بوونی ڕۆژی دەیەم . هەمو پیکەوەو بە کۆمەڵ تەوبە لە کردەوەی ڕابوردوی خۆیان دەکەن و داوای لێ خۆش بوون دەکەن ، یەهوەیش بە شێوەیەکی گشتی ە هەموویان خۆش دەبێت .

پێشکنی قوربانی برژاندن ، کە پێویستە بۆنێکی زۆر خۆشی لێ بڵاوبێتەوە بەرەو لای یەهوە بریتی لە : (گایەکی جوان ، یەک قۆچ و حەوت بەرخی یەک ساڵەی باش بۆ قوربانی برژاندن و سێ لە دە بەش ئاردی بێژراوو تێکەڵ کراو بە ڕۆن ، بۆ هەر گایەک دوو لە دە بەش ئارد و بۆ هەر قۆچێکیش یەک لە دە بەش ئاردی بێژراو و هەر یەک لە دە بەشیش بۆ هەر بەرخێک ) اعداد 1/6-29

جگە لە ئەنجامدانی ئەو قوربانیانەی سەرەوە ، یەهودیەکان بنێکی تریش بە ناوی بزنی گوناح دەدەنە کاهین تا کاهین ئەو پێشکەش بکاتە بە عیفریتی بیابان یان ( ئەزازل ) ئازادی بکات . پێش ئازاد کردنی بزنەکە تەواوی ئامادەبوان دەست دیچنن بە سەر بزنەکەدا ، و باوەڕیان وایە کە ، بەم ڕێگایە ، تەواوی گوناحەکانیان دەگوازرێتەوە بۆ بزنەکەو بزەکەش ئەو تاوان و گوناحانە لەگەڵ خۆی دەبات بۆ بیابان . ئەمرۆکە پەرستگەیەک بوونی نیەو پێشکەش کردنی قوربانی بۆ یەهوە برەوی نەماوە ، تۆڵەی تاوان لە ڕێگەی تەو بەکردن و بەڕۆژوو بوون جێ بەجێ دەکرێت ، باوەڕبارە دەمار گیرەکان . 24

کاتژمێر بەڕۆژوون ، جامانەیەکی سپی وەک هێمای پاکی نەفس و کفنی مردوو دەپۆشن . زیاتر کاتی خۆیان لە کەنیسە بۆ پەرستش و خوێندنی نزا بەسەر دەبەن ، و لە کۆتایی ڕۆژدا پاش شکاندنی ڕۆژو و خۆیان وەک منالێکی بەری لە گوناح هەست پێ دەکەن .

3-لە ڕۆژی پانزەیەمی مانگی یەکەمدا یانی پێج ڕۆژ دواتر کیپو جەژنی سێبەر ( سایبان – tabernaclesیان سوکت ( sukkotدەست پێ دەکات .

( لە ڕۆژی پانزەهەمی مانگدا حەوتەمین مەحفەلی پیرۆز بۆ ئێوەیە ، هیچ کارێک ئەنجام نەدەیت و حەوت ڕۆژ بۆ خودا جەژن بکەن ) اعداد 12-29

ئەم جەژنە یەکێک لەو سێ جەژنەیە کە یەهودیەکان لە کەنعانیەکانیان وەرگرتوەو کردویانتە جەژنی ئاینی خۆیان ، دوو جەژنەکەی تر بە ناوەکانی ( پنتاکوست- pentacostناسراون . لە جەژنی سایەدا ، یەهودیەکان یادگاری و سەرگوزشتەی ڕۆژانی کۆچکردن و سەرگەردانیان لە بیابانەکانی سینا و ئەوەی کە چۆن خوداوەند بە درێژی ماوەی چل ساڵ ئەوەی کە پێویستیان بوو بۆی فەراهەم کردوون باس دەکەن و بەزیندەی ڕای دەگرن . ( سایبان ) ئەو کەپرە کاتیانەیە کە لە لق و گەڵای دارو درەخت لە باخچەو حەوشەی ماڵەکانیاندا یان لە نزیکی ەنیسە کانەوە دروستی دەکەن . لەوێدا خواردنی ڕۆژانەی خۆیان دە خۆن و لەگەڵ گونجاوی کەشو هەوادا لەوێش دەمێننەوە . کۆبوونەوە بۆ ئەنجامدانی قوربانی برژاندن و خەلاتی ئاگری کە پێویستە لە ڕۆژانی جەژندا بۆ یەهوە ئەجام بدرێت لە کتێبی ( سفری اعداد) دا لە ژمارە 13 تا 40 و بابی 29 تایبەتە بە باسکردنی ئیشتیهای لە چار نەهاتوی یەهوەو حەزی خوداوەند بۆ بۆنکردنی هەوای تێکەڵ بوو بە دوو کەڵی گۆشت و چەوری برژاو .

بە درێژایی ماوەی جەژن کە هەشت ڕۆژ بەردەوامە ، جگە لە قوربانی برژاندنی هەمیشەیی و خەڵاتی تری ڕۆژانە و مانگانە کە پێشتر فەرمانی پێ کردوە و بەوشێوەیەش دەبێت جێبەجێ بکرێت ، پێویستە ڕێژەی 71 گا و 15 قۆچ و ، 105 بەرخی یەکساڵە و 8 سەر بزن لە تۆڵەی تاوانەکان بە شێوەی خەڵاتی برژاندن و بۆ هەر گایەک سێ لەیەک ئاڵف و بۆ هەرقۆچێک دوو لە دە ئاڵف و بۆ هەر یەک بەرخ یەک لە دە ئاردی بێژراو و تێکەڵ بە ڕۆنی زەیتون بدریچت بە کاهینی پەرستگە بەشێوەی خەڵاتی هەمیشەیی .

ئەم جەژنانە لە سەدەکانی ڕابوردودا بریتی بوو ، لە ترێ و دروست کردنی شەراب لە کەنعان ، لە بەرانبەر خواوەندی سکپری ( starteڕێک دەخرا . یەهودیەکان لەم ڕۆژانەدا کەنیسەکان ڕێک دەخەن ، و لە سەر دارو دیواری بە حۆرەها گوڵ دەی ڕازێننەوە و داری بەرداری پێوە هەڵدەواسن .

4-ڕۆژی کۆتایی جەژنی سایبانەکان : ڕۆژی سمخات ( ) ( simkhat-torahشادی یاسا ) تۆمارەکانی تەورات لە سندوقە دەردەهێنن و لە سەردیوواری کەنیسەکە هەڵی دەواسن . لەو ڕۆژەدا بەشی کۆتایی تەورات کە بریتی یە لە 52 و بەش و بەشێک لە ( سفرپیدایش ) بۆ دەستپێکی سەردەمێکی نوێ دە خوێننەوە ، پاشان تۆماەکانی تەورات بە شادی و خۆشی و تاکۆتایی جەژن بە سەماو ئاواز لە گۆرە پانیکی دەوردراو لە نکەر گرتودا بەڕێ دەکەن .

5-جەژنی نورها ( Hanukkahهنوخ ، لە مانگی دیسەمبەر بەرانبەر بە و ڕۆژانەی کە مەسیحیەکان یادی جەژنی لە دیک بوونی مەسیح دەکەنەوە . جەژنی نورها لە هەمبەر یاد کردنەوەی دەست گرتن بەسەر مکابیەکاندا ( Maccabeusواتە بەسەر یونانیەکان و بەرپا کردنی نوێ کردنەوەی مەراسیمی پەرستگەیی لە ساڵی 164ی پ-ز دەست پێدەکات و ماوەی هەشت ڕۆژ دەخایەنێت . زۆرێک لە خێزانی یەهودیەکان مۆمدای هەش دانەیی بە ناوی منەورە ( menorahدادەگیرسێنن . ئەم مۆم

دانانە لە ڕاستیدا نۆ لقن و لە لقی نۆیەمدا بۆ داگیرساندنی مۆمی هەشتەم لە لقێکی تر سود وەردەگرن ، هەرڕۆژێکی جەژن یەک مۆم دادەگیرسێنن ، بە جۆرێک کە لە کۆتایی جەژندا هەر هەشت لقی مۆمدانەکە داگیر ساون .

6- لە مانگی فریە یان مارس ، جەژنێکی تر بە ناوی جەژنی تیرو پشک ، قرعەکان ( purim) بەرپا دەکرێت ، بۆ سەرنجدان لە سەر ڕێک خستنی ئەم جەژنە ، یەهودیەکان داستانێکیان ئەفراندوە و ئەوەش بە ڕزگاری یەهودیەکان لە کوشتاری بە کۆمەڵ لە سەردەمی شاخایارشا و پادشای ئێران . دادەنێن کە لە ڕاستیدا ئەو داستانە هیچ بنەمایەکی مێژوویی نیە . دەستەواژەی پوریم ئاماژەیە بۆ تەوتەمێک کە هامان ڕاوێژکارو وەزیری خشایارشا بۆ کوشتنی تەواوی یەهودیەکانی نیشتە جێی قەڵەمڕەوی دەسەڵات داریەتی خشایارشا دروست کراوە . پاوچاکێک کە بە هوی ئاستری کچیەوە کە بوبوە شاژنی ئێران کەڵکەڵەی هامان پوچەڵ بکاتەوە ، و هامان و تەواوی دەستەو تاقمەکەی بداتە دەست پاشای ئێران و ئەویش لە ناوی بردن ، و خۆی کرد بە ڕا وێژاری پاشا و بوە جێگرەوەی هامان .

لەو ڕۆژەدا لە کەنیسە کان سەحیفەی ئاستر لە کتێبی پیرۆزی یەهودیەکاندا دەخوێندرێتەوەو هەرکات ناوی هامان دێت منالچە ئامادە بوەکانی کەنیسە هاوار هاور دەکەن و پێی خۆیان بە توندی دەدەن بەزەویدا ، لە ماڵەکان لە ڕۆژانی میوانیدا جەژنە ، جلوبەرگی سەرسوڕهێنەر دەپۆشن و شیرینی تایبەت بە ناوی هامان تاخن ( haman- taschen) دەخۆن .

7-پساخ ( pesach ) ( فصح ) ئەم جەژنە مەزنترین جەژنی یەهودە و نزیکە لە جەژنی ئایستر ( easter )ی مەسیحیەکانەوە . لە بەر چون بۆ ئاسمان و بەرز بوونەوەی عیسا بۆ ئاسمانە کان ، پاش لە خاچ درانی . ئەم جەژنە یادکردنەوەیەکەلە هەمبەر ئازادی بەنی ئیسرائیل لە ژێر دەستەیی فیرعەون . تەورات ئەم جەژنەی لە سەدە زۆر دێرینەکانی شوانەکانی بیابان لە نێوان ڕووباری دیجلەو فورات تا دەریای مدیترانە وەرگرتوە . لە ناو قەبیلە ئاژەڵدارەکانی بیابان شین . قوربانی کردن بە گۆشت لە ناو تەواوی قەبیلەدا هێمای پەیمان و یەکێتی و یەکبوونە . ئەو ئاژەڵ ەی سەری دەبڕن خوێنەکەی هەڵ دەسون لە ڕەشماڵەکە بە مەبەستی دوور خستنەوەی جن و شەیتان . تەورات جەژنی شوانەکانی لەگەڵ دروێنەی جوتیاران تێکەڵ بەیەک کردوەو لەو دوو بۆنەیە جەژنێکی بە ناوی پساخ لەگەڵ ڕۆژی جەژنی خوداوەندا لێ دروست کردوون . ئەم جەژنە ماوەی حەوت ڕۆژە و . لە ڕۆژی چوادەی مانگ هەموو خێزانە کان فقوربانی ئەنجام دەدەن و خێنەکەی بە چوار دەوری ماڵەکەیاندا دەرژێنن و یان هەڵی دەسون لە ڕەشماڵەکانیان و ئەوەش بە نوێکردنەوەی پەیمان لەگەڵ یەهوە دادەنێن .

لە خواردنی ئێوارەدا دەستپێکی جەژن ناو ماڵەکە بە وردی دەپشکنن تا نەکوا پارچە خواردنێک لە کەونج یان گۆشەیەکی ماڵەکەدا مابێتەوە ، ماوەی حەوت ڕۆژ بۆ یاد کردنەوەی بەنی ئیسرائیل نانی کۆیلەیەتی لە میسر دەخورێت و ڕاستی لە سەر بنەمای نەریتێ کی کۆنی جوتیاران نانی ئێواران ( metzah ) دە خۆن ، هەر لەو سۆنگەیەوە یە کە بە ناوی ( نانی ئێواران ) ناوزەد کراوە .

لە ئێوارەخواندا یەکەمین ڕۆژی جەژن ، کە بە جەژنی سەدر ( seder ) ناسراوە ، تەواوی تاکەکانی خێزان لە دەوری یەک کۆدەبنەوە و بە ڕێکو پێکیەکی تایبەت ، کە لە ( سیاگوک –جێگای تایبەت بە پەرستن ) بۆ ئەنجامدانی مەراسیمی پەرستن دروست کراوە دادەنیشن . باوکی خێزان بەشێک لە کتێبی ( سفرو خروج ) دە خوێنێتەوە . گەنجترین منالّی خێزان لە باوکی دەپرسێت : ( بۆچی ئەم شەو لەگەڵ شەوەکانی تر جیاوازی هەیە ؟ ) وەزیفەی باوکە کە ڕوداوی پەیوەندی دار بە ( سفر و خروج ) ی تەورات بۆ منالەکانی باس بکات و بگێڕێتەوە ، و بڵێت : ( ئەم قوربانیە یادی خوداوەندە کە لە

ماڵەکانی بەنی ئیسرائیل لە میسر رزگار کرد ، کاتێک کە لە میسریەکانی داو ئارامی بە ماڵەکانی ئێمە بەخشی ) خروج 27-12

نەریتە کە بەو جۆرەیە کە لە مێزەکە جێگایەکی بەتاڵ بە تەواوی خواردن و خواردنەوە وە بۆ میوانداری لە ئالیا ( Elijahکە لە سەردەمی دەرکەوتنی مەسیحدا دێت دابنرێت .

گۆشتی بەرخی قوربانی لە هەمان شەودا بکرێتە کەباب و بە خێرایی بخورێت و نابێت هیچی لێ بمێنێتەوە بۆ رۆژی دوایی ، هەرچی مایەوە دەبێت بە ئاگر بسوتێنرێت .

خۆر ئاوا بوونی رۆژی دواتری جەژن ، سەرلە نوێ تەواوی ئەندامانی خێزان کۆ دەبنەوە و باوکی خێزان ئەوان بەرەکەت دەکات ، قوربانی یە برژاوەکانی یەهوەیش لە رۆژەکانی ئێوارە خوانەکاندا بریتی لە دوو گای باش و یەک قۆچ و حەوت بەرخی یەک ساڵە ی باش و بزنێک هەندێکی تری خەڵاتی تایبەت ) اعداد 19-28

8-پنتا کوست ( pentacost ) تا چلو نۆ رۆژ پاش جەژنی سەدر ، هیچ جۆرە جەژن و زەماوەندێکی هاوسەر گیری نابێت ئەنجام بدرێت . لە رۆژی پەنجاهەمدا ، ( شاباعرت ) یان جەژنی حەفتەکان کە بە زمانی یونانی پێی دەڵێن پنتاکوست . ئەم جەژنە لە بنچینەدا هەمان جەژنی نویرە کانی لای کەنعانیەکان بووە ، کە یەهودیەکان لەوانیان وەر گرتوە ، ئەوەیان بە رۆژی دابەزینی تەورات لە شاخی سینا داناوە . لەو رۆژەدا پشوی گشتی یە ، و نابێت تیایدا هیچ کارێک ئەنجام بدرێت . لەو رۆژەدا یەهودیەکان کۆدەبنەوەو نزاو پارانەوە و نەریتی پەرستن ئەنجام دەدەن .

9-لە رۆژی نۆیەمی مانگی ئاب ( tishah b av ) هاوتەریبە لە گەڵ مانگە کانی جولای و ئۆگەست دا . یەهودیەکان وێران بوونی پەرستگەی ئورشەلیم بە دەستی رۆمیەکان لە ساڵی 70 زایینی یاد دەکەنەوە . هەندێک لە یەهودیەکان هەتا پەیوەندی نێوان ئەو رۆژەو یەکەمین وێران بوونی پەرستگە لە ساڵی 586 پ-ز بە دەستی ( بخت النسر ) ، رێک دەخەن . ئەم رۆژە لە دیدی یەهودیەکانەوە ، رۆژی ماتەمینی و نافەرمیە . کەنیسە بە تەواوی دە رازێننەوە.

10-سبت : شەممە لە رۆژە پیرۆزەکانی یەهودە ، تەورات لە زۆر بواردا پیرۆزی ئەم رۆژەی بە یەهودیەکان پیشانداوە .

( رۆژی شەممە یاد بکەرەوە ، و بە پیرۆزی بزانە . شەش رۆژ سەرقاڵی کار کردن بەو هەموو کارەکانی خۆت ئەنجام بدە. بەڵام رۆژی حەوتەمین شەممە یەهوە خودای تۆیەو لەو رۆژەدا هیچ کارێک مەکە . تۆو کورەکەت و کچەکەت و بەندەکەت و کەنیزەکەکەت و ئاژەڵەکانت و میوانەکانت ئەوی کە لە بەردەم دەرگای تۆدایە . هاوکات کە خوداوەندی ئاسمان و زەوی و دەریا و ئەوەی کە لە ناویاندان ، لە شەش رۆژ دا دروستی کرد و لە رۆژی حەوتەمدا پشوی دا ، بەم هۆیەوەیە کە خوداوەند رۆژی حەوتەم بە پیرۆزی خوداوەند و دەزانێت و ئەو رۆژەی پیرۆز کرد .) خروج 12/9-20

ئەنجام دانی هەر کارێک هە تا داگیرساندنی ئاگریش لە ناو ماڵەکاندا قەدەغەیە . بۆ سەرپێچی کردنی ئەم فەرمانە تەورات راسپاردەی سزای مەرگی داناوە .

(شەممە بە پیرۆزی رابگرە و بزانە کە پیرۆزە ، هەر کەس بێحورمەتی پێبکات سزاکەی مەرگ دەبێت ) خروج 14-31

(چوونکە بەنی ئیسرائیلیەکان لە بیاباندا بوون ، کە سێکیان دەست گیر کرد ئاگری دەکردەوە ، ئەویان هێنا بۆ لایی موسا و هارون . ئەویان زیندانی کردوو ، هێشتا کە رانە گەیەنرابوو چێیان لێبکرێت ،

خوداوەند بە موسای وت : ئەبێت ئەو کەسە بکوژرێت . و تەواوی ئەوانەی لەگەڵی بوون ببرێنە دەرەوەی شاروو بە بەرد بەرد باران بکرێن .) اعداد 36/ 32-15

رۆژی شەممە لە دیدی یەهودیەکانەوە ، رۆژێکی شادی و ئاشتی یە ، و رۆڵێکی گەورەی لە پارێزگاری و یەکێتی قەومی یەهودا گێراوە . شەممە کاتی خۆر ئاوا بوون رۆژی هەینی دەست پێ دەکات . دایکە کان وەک هێمایەک بۆ سەرەتای جەژن لە ماڵەکانیاندا مۆم دادەگیر سێنن ، رۆژی شەممە باوکەکان لەگەڵ کورەکانیان لە مەراسیمی پەرستنی سیناگوگ بەشداری دەکەن . پێدا چوونەوەی پاش خوێندنەوەی وشەی فەسڵی 31 پەندەکان بەرکەت دەبەخشن بە مناڵ و ژنەکانیان . پاشان هەموو ئەو خواردنانەی کە رۆژی پێشوتر ئامادە کراوە دەی خۆن ، لە سەر سفرە پێش خواردن باوک بەرەکەت بە نان ( چالا- challah ) شەراب دەدات و لە نێوان تاکە کانی خێزان دابەش دەکات . یەهودیەکان توندو تیژن لە رۆژی شەممەدا نابێت هیچ کارێک ئەنجام بدرێت و تەواوی ئەو رۆژە لە ماڵەوە پشو دەدەن . گەرچی نابێت لە ناو ماڵەکندا ئاگریش بکرێتەوە ، بەڵام ئاگرێک کە لە رۆژی پێشوتر کراوەتەوەهەر بە داگیرساوی دەمێنێتەوە ، هەندێک لە یەهودیەکان بۆ ئەنجامدانی کاری رۆژانەی خۆیان خواستیاری ئەنجامدانی ئەو نەریتە نین ( خزمەتکار – Shabbos goy ) بە کار دێنن . سەفەر کردنی دوور بۆ یەهودیەکان لە رۆژی شەممەدا دروست نیە ، رۆژی شەممە لە ناو کەشتی نایەنە دەروەو لە ناو کەشتی یەکە دەمێننەوە . یەهودیە توند رەوەکان بە گشتی ئەو خانوانەی لە تەنیشتی سیناگوگە بە کرێ دەگرن و لەوێدا دەمێننەوە ، یان ماوەی نێوان سیناگوگ و ماڵەوە بە پێ دەبڕن . چوونکە رۆژی شەممە نابێت ئۆتۆمبیل یان هۆکانی گواستنەوە بە کار بهێنرێت ، بە گشتی یەهودیەکان لایان ئاساییە . ئەم قەدەغە کاریە بۆ یەهودیەکان نە تەنیا گرفت دروست ناکات ، بە ڵکە بە بۆ چوونی ئەوان هۆی رزگاری یە لە هیلاکی ئەفراندن و هەوڵی شەش رۆژە لە ژیاندا . شەممە رۆژێکە کە تیایدا دەتوانرێت هەموو کارەکان وەلا بنرێت و هێزیی جەستەی و رۆحی تیایدا نوێبکرێتەوە .

خۆرئاوا بوونی رۆژی شەممە هەموو خێزان بۆ ئەنجامدانی ریو رەسمی ئایینی بە شێوەیەکی کورت لە دەوری یەک کۆ دەبنەوە . پاش خواردنەوەی شەراب و هەندێک شیرینی باوکی خێزان بەرەکەت بە خاوو خێزان دەدات .

12 مانگەکەی یەهودیەکان بریتی یە لە :

1- تیشری ( tishrei بەرانبەر بە سێپتامبەر یان ئۆکتۆبەر )

2- خشڤان cheshvan

3- کیس لیی kisley

4- تڤس teves

5- شڤات shevat

6- ئادار adar

7- نیسان nisan

8- ئایار iyar

9- سیڤان sivan

10- تەموز tammuz

11- ئاب        av

12- ئالول        ellvl

بەرایی هەشتەم :

مەراسیمی پەرستنی ڕۆژانەی یەهود

بناغەی باوەڕی ئایینی یەهود لە سەر ( شما shema بشنو –تۆ بیبیستە ) دامەزاروە .

(بیبستە ئەی ئیسرائیل یەهوە خودای ئێمە تەنیایە . یەهوە بە خودای خۆت و بە خودای تەواوی جیهان و هێزی خۆت بزانە . ئەو قسانەی کە ئەمڕۆکە من وەک فەرمان بەتۆی دەڵێم ، لە دڵتا هەڵی بگرەو بەوردی منالەکانیشتی لێ فیر بکە ، و کاتێک لە مالەوە دادەنیشیت و هەڵدەسیتەوە و دەخەویت و هەڵدەسیت باسیان بکەو لە سەر دەستەکانت بیانوسەوە و هەمیشە تەما شایان بکە . لە هەموو ناوماٌەکەت لە چوار چێوەی بگرەو لە سەر دەرگای مالەکەت بینوسەوە ) تسنیە 4/9-6

هەر تاکێکی توندڕەوی یەهودی ، پەرستنی یەهوە لە نزاو ئەنجامدانی نەریتی ئایینی دادەنێت . لەم ڕوانگەیەوە تەورات ( فێرکردن ) لە پلیەی یەکەمدا بە گرنگ دەزانێت و تەورات بە ڕەنگدانەوەی ئەو ڕاسپاردانە داەزانێت کە یەهوە لە ماوەی نزیکەی سێ هەزار ساڵ پێش لە شاخی سینا بە وەحی بۆ موسای نارد .

گەرچی زۆرێک لە یەهودیەکانی ئەمڕۆ ئەوەندە پابەندی مەراسیمی ئایینی نین ، وە بەشێکی تریشیان هەوڵ دەدەن دەقەکانی تەورات لە گەڵ ژیانی سەدەی بیست و یەکەم هاو ئاهەنگ بکەن . بەڵام یەهودیە توندڕەوەکان لە بەجێ گەیاندنی فەرمانەکانی تەورات پابەندیەتی و سەرسەختیەکی سەر سوڕهێنەر لە خۆیاندا پیشان ئەدەن و دەقەکانی بە جۆرێک تەفسیر و تەعبیر دەکەن کە هەموو خەڵک بگرێتەوە ، هەتا لە سەر یەهودیەکان و توێژەرانی ئایینیش مناو دەلالەتێکیان نیە .

هەر دەستەیەک لە یەهودیەکان پەیوەندیان بە کەنیسەوە ( synagogue ) هەیە دەستە واژەی سینا گۆگ ، وەرگێڕدراوی یەونانیە لە وشەی ( bet hakeneset ) عیبری و بە مانی جێگای دیدارە .

بنچینەو ڕیشکی ئەم دەستەواژەیە نادیارەو ڕەنگە لە سەرەمانی کاتی بەندیەتی یەهودیەکان لە بابل و لەو کاتەی کە کۆی یەهودیەکان نەیان توانیوە بچنە ناو پەرستگەکانەوە ، سەری هەڵدابێت ، و پاش ڕزگار بون و گەڕانەوەیان لە بەندیەتی ، یەهودیەکان سیناگوگ یان بە شێوەی جێگای پەروەردەو فێر کردنی ئایینی و شرۆڤە کردنی تەورات هەڵبژارد . بە درێژایی مێژووی یەهود ، سیناگوگ وەزیفەیەکی گرنگی لە ڕوانگەی یەکخستنی یەکێتی و یەکبوونی یەهودیەکان لە ئەستۆ گرتوە . گرنگترین بەشی ناوخۆیی سیناگوگ ، جێگایەکی پارێزگاریە کە ڕوی لە ئورشەلیم کردوە ، لە ناو ئەو ژوورەدا تۆمارێک لە تەورات کە لە سەر پێستی ئاژەڵ بە زمانی عیبری نوسراوە تەوە بە سەرپۆشێک لە ئاوریشم و یا مەخمەڵی ئاڵتونی داپۆشراوەو شتی تریش وەکو تاج و گەردن بەند لە بەردی بە بەها پارێزگاری لێ دەکرێت . بەبێ مەودا چرایەک لە بەرانبەر ئەو ژوورەدا کە هەمیشە داگیرساوە . لە ناوەڕاستی سیناگوگ دا سەکۆیەکی بەرز بۆ ئیدارە دانی مەراسیمی پەرستن و خوێندنەوەی تەورات دروستکراوە . مەراسیمی پەرستن ، لە سەر بنەمای ئەو پەروەردەیەی کە لە کتێبی نزا ( سیدور siddur ) نوسراوەتەوە . هەڵدەبژێرێت ، نزا کاران لە سیاگوگ کڵاو لە سەر دەکەن و ژنان سەر پۆش لە سەر دەکەن . لە سیناگوگی یەهودیەتوندڕەوەکاندا ژنان و پیاوام پێکەوە دانانیشن .

هەر ڕۆژێکی شەممە ، لە کاتی ئەنجامدانی مەراسیمی پەرستندا ژوورەکە بە تەواوەتی دەکەنەوە ، تۆماری تەورات لە سەر دەست لە ناوەندی سیناگوگ دەسوڕێننەوە و چەند بەشێک لە تەورات بە زمانی عیبری و لە سەر بنەمای نەریتی دێرین دە خوێننەوە . تەورات دابەش کراوە بۆ 52 و بەش و هەر ڕۆژێکی شەممە بەشێکی لە لایەن نزاکەرانەوە دەخوێندرێتەوە . بە جۆرێک کە لە کاتی جەژنی سمخات ( simkhat ) خولێک بە تەواوەتی دەورکراوەتەوە ، خولەکە دووبارە دەست پێدەکاتەوە . پاشان لە ناو ژووری پارێزگاریدا ، تا ڕۆژی شەممەی حەفتەی داهاتوو دادنرێتەوە .

کۆی ئامادەبوان لە سیناگوگ دا تەنیا ڕەنگە بە شێوەی کرنوش بدن و ستایش کردنی قسەی خودا ، بە پارچە پەڕۆیەک دەست لە کتێبەکەوە دەدەن ( تالیت – tallit ) تۆمارەکە لە مس بکەن یان ماچی بکەن .

مەراسیمی پەرستن بە هۆی کازان ( chazzan ) بەڕێوە دەچێت و ڕابیەکان وەزیفەی هەڵبژاردنی مەراسیمیان نیە . بەڵکو فێرکراوەی ئیمانی یەهودی یەکان و وەڵامدانەوە بە پرسیارە ئایینیەکان ، لە ئەستۆی ڕابیەکانە . تەنیا پاش بینینی خولێکی فێر کراوەیی ئایینی تەواوو فیر بوونی گشتی تەورات دەتوانن ببنە ڕابی .

کاتێک کوڕێک گەیشتە تەمەنی هەشت ڕۆژی پێویستە خەتەنە بکرێت ، خەتەنە کردنیش پێویستە لەلای پزیشک یان پسۆڕی تایبەت بە هۆی کەسانێک بە ناوی ( موهل – mohel ) کە تایبەتە بە ئەنجامدانی خەتەنە کردنە . پاش خەتە نە کردن ناوێک لە ناوە عیبریەکان بۆ منداڵە کە هەڵ دەبژێردرێت کە لەڕاستیدا هاوسەر گیری و مەرگ بەو ناوەوە ناودەنرێت . لە ساڵانی تەمەنی منداڵیدا ، دایک بەرپرسیاری پەروەردە و فێر کردنی ئایینی منداڵە ، تا ئەو کاتەی کە منداڵەکە فێری قسە کردن دەبێت . داخوازی تۆ ( shema ) فێر دەکرێت . لە تەمەنی پێنج ساڵیدا پاش گەڕاندنەوەی لە خوێندگا دیسان دەهێنرن بۆ سیناگوگ بۆ فێر بوونی فێرکراوەئایینی یەکان . یەکێک لە بابەتەکانی وانەی سیناگوگ ، فێر بوونی زمانی عیبری و خوێندنەوەی تەوراتە . بۆ کچانیش بە تایبەتی فێر کردنی ئەم بابەتە کە چۆن ماڵی یەهودیەک ئیدارە بدات ، لە پلەی یەکەمدا گرنگی خۆی هەیە .

لە یەکەم شەممەدا پاش ئەوەی کە کوڕ گەیشتە تەمەنی 13 ساڵەیی ، پێویستە تۆمارێک لە تەورات لە جاری یەکەمدا لە کاتی بەڕێوەچوونی مەراسیمی ئاییندا لە سینگوگ بخوێنێتەوە . پاش ئەنجامدانی مەراسمی ئایینی . بەگشتی جەژنێکی بچووک لە خێزان و بەشداربووان بەڕێوە دەچێت.

لەو کاتە بە دوواوە کوڕ ( barmitzah ) ئیتر خۆی دەبێتە بەرپرسیاری ئەنجامدانی گشت وەزیفە ئایینیەکان بە شێوەی تاکێکی یەهودی و ڕەنگە لە ئاهەنگی بەکۆمەڵ لە نزاگشتی یەکاندا ( minyan ) بتوانێت بەشداری بکات . کچی یەهودی خۆ بەخۆ لە تەمەنی 12 ساڵیدا دەگاتە پێگەیشتن و ( بالق بوون ) ( bat- mitzavah ) دەناسرێت . لە هەندێک سیناگوگ کەکاندا بۆ کچایش لەو جۆرە مەراسیمە بەو هۆیەوە ڕێک دەخرێت .

باوەڕداری توندڕەوی یەهودی سێجار لە شەوان و ڕۆژەکاندا ، بیانی و دوای نیوەڕۆ و شەویش لە ماڵەوە یان لە سیناگوگ نزا دەکات . لە کاتی نزا کردنیشدا سەری خۆی بە کڵاو یان سەر پۆشێک بە ناوی ( یارملکا – yarmelka ) و ( کی پا – kippah ) دادەپۆشێت و لە کاتی هاتنە دەرەوەی لە ماڵەوە سەری خۆی بەشێوەی ڕێز دادە پۆشێت و لە کاتی گەڕانەوەی لە بەرانبەر مزوزا( mezuzah )دا لای دەبات . مزوزا پەیمانێکی بڵاوو ناسراوی ئایینی یەهودە لە هەمبەر یەهوە و پێک هاتەیەکە لە نوسراوەکانی تەورات یان ( تۆ – shema) یە ، تسنیە 4/9-6

کە سەر پێست نوسراوەتەوە و لە ناو چوارچێوەیەکی دارین یان میتاڵی و لە لای ڕاستەوە و لە هەر یەکێک لە شوێنی نیشتە جێبوون هەڵ دەواسرێت .

لە نزا کانی بەرەبەیاندا ڕەنگە شاڵی نزا کردن ( tallit ) لە دەست بکرێت ، شاڵی نزا کردن لە هەموو لاکانیەوە ڕیشەی پێوەیەو ئەو ریشانەش هێمای نزایە بۆ هەموو دەقەکانی تەورات . لە نزاکردنی ڕۆژانەدا ڕەنگە حۆقە یەک چەوری ( tephillin ) کە لە سەری ئایەتەکانی تەورات بەگشتی ژمارەکانی 1 تا 10 لە بابی 13 و خروج و ژمارە کانی 4تا 9 لە بابی 6 و سفرو تسنیە یان ژمارەکانی 13 تا 21 لە بابی 11 سفر تسنیە لە باڵی یان پشتی خۆی بەبەستێت .

بەرایی نۆیەم :

منداڵەکانی ئادەم تا موسا

چاپە کۆنەکانی کتێبی پیرۆز ، بە گشتی هەڵگری دەستپێکێک بوون کە مێژووی ڕووداوی گرنگی لە سەردەمی ئادەمەوە تا سەدەی ئێستا تیادا تۆمار کرابوو . ڕوونە خولقانی ئادەم لە ماوەی 40 سەدە پێش لە دایک بوونی عیسا نوسراوە ، هاوکات بە ئاشکرا کردنی زانستیانەی ئەم دوو سەدەیەی دوواتر ، نا دروستی ئەم مێژووە سەلمێنراوە . بۆیە لە چاپە نوێکاندا دوورە پەرێزی لەم بەشەی کراوە و چاپ نەکراوەتەوە .

تەقویمی کتێبی پیرۆزی یەهود لە ئادەمەوە تا ئیبراهیم .

| ناو | مێژووی لە دایک بوون | تەمەن | مێژووی کۆچی دووایی |
|---|---|---|---|
| ئادەم | - | 930 | 930 |
| شیس | 130 | 912 | 1042 |
| ئانوش | 235 | 905 | 1140 |

| | | | |
|---|---|---|---|
| فينان | 325 | 905 | 1140 |
| مهلائيل | 395 | 910 | 1235 |
| يارد | 460 | 962 | 1422 |
| خنوخ | 622 | 365 | 987 |
| منوشالح | 687 | 969 | 1656 |
| لمک | 874 | 777 | 1651 |
| نوح | 1056 | 950 | 2006 |
| سام | 1556 | 600 | 2156 |
| ارمکشاد | 1658 | 438 | 2096 |
| شالح | 1693 | 433 | 2126 |
| عابر | 1723 | 464 | 2187 |
| فالح | 1757 | 239 | 1996 |
| رعو | 1787 | 239 | 2076 |
| سروج | 1819 | 230 | 2049 |
| ناحور | 1849 | 148 | 1997 |
| نارح | 1878 | 205 | 2083 |
| ابراهيم | 1948 | 175 | 2123 |

پێش دەست کردن بە شرۆڤە کردنی داستانی کەسیەتیە گرنگە کانی تەورات لە سەر بنەمای کتێبی پیرۆز ، سەرنجی خوێنەرانی هێزا بۆ ئەو خاڵە ڕادەکێشم کە هیچ بەلگەیەکی مێژوویی ئەوە ناسەلمێنێت کە نوح ، ئیبراهیم ، یەعقوب و موسا کەسیەتی ڕاستەقینە بوون ، و ڕۆژێک لە ڕۆژان لەم دنیایەدا ژیابن . تەورات ئەو کتێبە ئایینی یەکانی تر کە دەقەکانی خۆیان لە بەر تەورات نوسیوەتەوە ، تەنیا بەڵگەیەکن کە تیایاندا ژیانی ئەو کەسایەتیانە بەرچاو دەکەوێت . بەڵام لە هیچ یەکێک لەم کتێبانەدا ، ناوی هیچ کەسیەتیەکی مێژوو و هەقیقی بەرچاو ناکەوێت ، تا بەڵگەیەک بێت بۆ سەلماندنی ئەم کتێبە ئایینیانە ، شیکاریە ئاسەوار ناسیەکان ڕەنگە بە هۆی بێ بەڵگەیی بوونی ئەم کەسایەتیانەوە بێت ، لە مێژوودا کە تەورات باسیان دەکات ئەوانە لە ژیاندا بوون باس ناکات لە بەر ئەوەی کەسایەتی وەهمین .
بەپێچەوانەوە جیاوازیەکی زۆر زەق لە گێڕانەوەی هەردانستانێک لە کتێبە جیاوازە ئایینیەکاندا بەرچاو دەکەوێت . خودی بەڵگەی ئەفسانەیی و وەهمی بوونی داستانەکانە . بە ناچاری ئەفسانەی ژیانی ئەمانە بە شێوەیەکی کورت و پوخت ، بەڵام بە هێنانەوەی پنت و خاڵی سەرەکی لە تەوراتەوە وەردەگرین :

الف – نوح :

له سەر بنچینەی تەقویمەکەی یەهود لە کتێبی پیرۆزدا ، نوح کوڕی لمک و کەسی دەیەمە لە ناو منداڵەکانی ئادەمدا ، کە لە ساڵی 1056 پاش خولقاندنی زەوی هاتوەتە دنیاوە ، و نۆسەد پەنجا ساڵ تەمەنی کردوە و لە ساڵی 2006 پاش خولقاندن لە دنیا دەرچووە .

(چوونکە خوداوەند بینی کە شەڕانگێزی و تاوان لە سەر زەوی بەرەو زیاد بوون دەڕوات و تەواوی سەرنج و دڵی ئەو بەرەو لای خراپی و شەڕانگێزی دەڕوات ، لە ئەفراندنی مرۆڤ لە سەر زەوی پەشیمان بووەوە و دڵی هاتە ژان . خوداوەند وتی لە سەر زەوی ئەو مرۆڤەی کە خولقاندومە دەسڕمەوە و لەگەڵ ئەویش هەرچی بونەوەرو ئاژەڵ و باڵندەیە لە ئاسمان دەی سڕمەوە . چوونکە لە خولقاندنی ئەوانە پەشیمانم . بەڵام لەچاویدا نوحی بە هەند وەرگرت . پیدایش9/ 5- 6

( خوداوەند بە نوحی وت : کە زەوی بە هۆی مرۆڤەوە پڕبوە لە زوڵم ، من ئەوانە لەناو دەبەم ، بۆیە لە دار کەشتی یەک دروست بکەو ، پڕی بکە لە خواردن بۆ خۆت و ئەوانەی لەگەڵ تن و تۆ و ژنەکەت و کوڕەکانت و ژنی کوڕەکانت و لەگەڵ کەشتیەکەدا بە کەشتی یەکە بڕۆن . لە تەواوی گیانلەبەرەکان و باڵندەکان لە جرو جانەوەران و لە هەریەکەیان نێرو مێیەک لە کەشتیەکەدا لەگەڵ خۆت ببە و بەزیندوی بیان هێڵەوە ) پیدایش 14/21-7

لە بونەوەرە پاکەکان حەوت نێرو حەوت مێ و لە بونەوەرە ناپاکەکانیش دوو نێرو دوو مێ و لە باڵندەکانی ئاسمانیش حەوت نێرو مێ ) پیدایش 2/4-7

نوح هەروەک ئەوەی خوداوەند یەهوە ڕای سپاردبوو ئەنجامی دا ، پاش حەوت ڕۆژ ئاوو توفان دای لە سەر زەوی و ڕۆژی حەڤدەیەمی مانگی دووەم تەواوی سەرچاوەکانی دەرگاکان و کڵاو ڕۆژنەکانی ئاسمان فراوان بوون . نوح و ژنەکەی و کوڕەکانی لەگەڵ گیانەوەرە جۆراو جۆرەکان ، و باڵندەکان لە ناو کەشتیەکە هاتنە دەرەوە . یەهوە دەرگای کەشتیەکەی لە سەر نوح و ئەوانەی لەگەڵی بوون داخست . باران چل ڕۆژ و چل شەو باری . ئاوەکان زیادیان کردوو کەشتی یەکەی نوحیش لە سەرئاوەکە دەڕۆشت ، توفان چل ڕۆژ لە سەر زەوی بەردەوام بوو ، ئاوەکانیش زیادیان کرد بوو ) پیدایش 7-11/17

ئاو لە سەرزەوی زیادی کردوو هەموو زەوی تەنیەوە ، تا ئەوئاستەی کە شاخە بەرزەکان ئەوانەی لوتیان لە سنگی ئاسمان گیر کردبوو ئاو دای پۆشین و پانزە باڵ زیاتر ئاو لە لوتکەی شاخەکانیش تێپەڕی ) پیدایش 19-7

(.... هەر زیندەوەرێک کە لە سەر زەوی بوو لە ناو چوو ) 23-7

( خوداوەند نوح و ئەوەی لە گەڵی بوو بەبیری هێنانەوە هەوایەکی لە سەر زەوی هەڵکردوەو ئاوەکەی وەستاندوەتەوە ، سەرچاوەکانی زەوی کڵاو ڕۆژنەکانی ئاسمانی داخستوە و باران بارین وەساتاو هێواش هێواش ئاو لە سەر زەوی کەم بویەوە و پاش تێپەڕینی 150 ڕۆژ ئاوەکە کەم بویەوە ) پیدایش 8-1/4

لە ڕۆژی حەڤدیەمی مانگی حەوتەم کەشتی یەکە لە سەر لوتکەی شاخی ئارارات لەنگەری گرت ) ( 1) پیدایش 5-8

( لە ڕۆژی یەکەمی مانگی دەیەم لوتکەی کێوەکان دەرکەوتن ) پیدایش 6-8

پاش چل ڕۆژ نوح دەرگای کەشتی یەکەی کردەوەو باڵندەیەکی ئازاد کردوو پاش کەمێک باڵندەکە گەڕایەوە . پاشان کۆترێکی ئازاد کردوو چوونکە شوێنێکی دەست نەکەوت گەڕایەوە ، حەوت ڕۆژ

دوواتر دووباره کۆترەکەی ئازاد کردەوە لە کاتی دەمەو ئێوارە کۆترەکە گەڕایەوە بۆلای لە کاتێکدا گەلآزەیتونێکی نوێ بەدەنوکەوە بوو ، حەوت ڕۆژ دوواتر کۆترەکەی ئازاد کردوەو ئیتر نەگەڕایەوە ، لە ڕۆژی یەکەمی مانگی یەکەمدا ئاو لە سەرزەوی وشک بویەوە ، پاشان نوح چادری سەر کەشتی یەکەی لابردوو بینی کە سەر زەوی وشکە ) پیدایش 14/7-8

(........ لە ڕۆژی بیست و یەکەمی مانگی دووەم زەوی وشک بوەوە ) (2) پیدایش 15-8

---

1-بە دەستەواژەیەکی سادەتر کەشتی نوح دوومانگ و نیو پێش دەرکەوتنی لوتکەی شاخەکان لە ژێر ئاودا لە سەر لوتکەی ئارارات لەنگەری گرتوە .

2-بەم جۆرە خودی یەهوە خۆیشی باش بیری نەهاتوەتەوە کە زەوی لە چی مانگێکدا توفانەکەی نەماوە ڕۆژی یەکەمی مانگی یەکەم یان کۆتایی مانگی دووەم .

( نوح جێگایەکی بۆ سەربڕینی قوربانی کردن بۆ خوداوەند دروست کرد و لە هەموو ئاژەڵە پاک و باڵندە پاکەکان قوربانی برژاندنی ئەنجامدا و خوداوەند بۆنی خۆشی کرد و لە دڵی خۆیدا وتی پاشان ئیتر بە هۆی مرۆڤەوە نەفرەت لە زەوی ناکەم ، هاوکات هزری مرۆڤ پڕە لە فریودان و ناشازی ) پیدایش 20/22-8

توێژەران ژمارەی جیاواز و تێکەڵ و پێکەڵی داستان و ڕستەی جیاواز و دووبارە بوەوە بە وە لێکدەدەنەوە کە داستانی نوح بەیک جارو لە لایەن یەک کەسەوە نەنوسراوەتەوەو ڕەنگە چەندین جار نوێکرابێتەوە تا گەیشتوەتە ئەم ئاستە .

هەر وەک ڕوایاتەکانی تەورات ، توفان لە شەش سەد ساڵەی تەمەنی نوحدا ڕویداوە . بەسەرنجدان بەوەی کە توێژەران لە سەر بنەمای تەقویمی یەهود ، سەردەمی ژیانی ئیبراهیم لە ماوەی نێوان ساڵانی 1950 بۆ 1900 پ- ز دیاری دەکەن ، توفانەکەی نوح دەبوایە لە سنووری بیست و دوو سەدە پ-ز ڕوی دابایە . لە لایەکی ترەوە لە سەر بنەمای باکگراوند و بەڵگەی مێژوویی کە لە بەردەستدایە ، بە شێوەیەکی گشتی و بێ هیچ پاساوێک دەزانین کە لە و سەردەمەدا شارستانیەتێکی مەزن لە میسر و میزیۆپۆتامیا و چین لە کاتی گەشە کردندا بون و خەڵکی ژیانیان دە گوزەراند ، کە شارستانیەتەکەیان بە بێ وەستان بۆ نەوەکانی دوواتریان گواستوەتەوە . ئەگەر بەو جۆرەی کە تەورات باسی دەکات بە هاتنی ئەو تۆفانە وێنکەرە مرۆڤایەتی ( جگە لە نوح و کەشتی یەکەی و ئەوانەی لەگەڵیدابوون ) لە سەرانسەری گۆی زەوی گرتبێتەوەو مەبەستی خواوەند ئەوە بوبێت کە ئاوو توفان لە تەواوی سەرزوی لە بەرزترین لوتکەی شاخ پانزە گەز بەرزتر بوبێتەوە ئیتر چۆن ئەو خەڵکە ژیانی ئاسایی خۆی لە دوای تۆفانەکە بۆ نەوەکانی دواتری گواستوەتەوە ، و هیچ جۆرە دابڕانێک و لێک جیابونەوەیەک لە بەردەوامی ڕێچکەی مێژوو بەرچاو ناکەوێت ؟

له سەر بنەمای تەقویمەکەی یەهود ، نوح له سالّی 1056 پاش خەلق کردن هاتوەتە دنیا و کاتێک که شەش سەد سالّە بووە توفان ڕوی داوەو نەوەی مرۆڤ و تەواو بونەوەرەکان ( جگە لە وانەی کە لە کەشتیەکەی نوحدا بوون ) بە تەواوەتی لە سەر گۆی زەوی سڕاونەتەوە ، 292 سالّ پاش توفانەکە واتا سالّی 1948 پاش خولقان ئیبراهیم هاتوەتە دنیاوە ، تەورات تەواوی ڕوداوی توفان و وێران بونی گشتی منالّەکانی ئادەم دەهاوێتە بۆتەی لە یاد چونەوەو باسێکی کورت دەربارەی هاولاّتیەتیی ڕەسەنی ئیبراهیم و کۆچکردنی ئەوبۆ حەران و میسر و ئامادەبوونی ئەو لە بەردەم فیرعەونی میسر ، ئەنجامدانی جەنگ ، کام لەم دوو نوسراوەی تەورات ڕاستن ؟ چۆن چۆنی ڕەنگە پاش تێپەڕبوونی سێ سەدە لە توفانە مەزنەکەی نوح و وێران بوونی تەواوی مرۆڤایەتی لە سەر زەوی ، لە نەوەی سێ کوڕی نوح ئەم جۆرە خەلّکە لە سەرانسەر خۆرهەلاّت و میسر دروست بون ، و لە شنعار و میسربە ئاسانی فەرمانڕەوایەتی فیرعەونی پەرپا کرا.

له سەر بنەمای دەقەکانی تەورات :

(خوداوەند بە نوحی وت : تۆو تەواوی خێزانەکەت بچنە کەشتی یەکەوە و لە هەموو گیانلە بەرەکان حەوت نێرو حەوت مێ لەگەلّ خۆت ببەو لە گیانەوەرە ناپاکەکانیش ، دوو نێرو دوو مێ و لە بالّندەکانیش حەوت نێرو حەوت مێ لەگەلّ خۆت بخەرە کەشتیەکەوە ، و ئازوقەی تەواو بۆ هەموان فەراهەم بکەو نوحیش ئەوەی کە خودا فەرمانی پێ کردبوو وەک خۆی ئەنجامی دا ) پیدایش6/1-7

زانابایۆلۆجیستەکان تا ئێستا یەک ملیۆن و دوسەد و پەنجا هەزار جۆر گیانەوەری جۆراو جۆر و گیای سەر زەویان ئاشکراکردوەو ڕیز بەندیان کردوەو هەر یەک لەو چینانە یان بە سەدان چینی بچوکتر دابەش کردوە . هەندێک لەو گیانەوەرانە ، و بالّندانە تایبەتن بە ناوچەیەکی جوگرافی دیاری کراوو لە سەر زەوی کە ڕەنگە هەزاران کیلۆمەتر لە فەلەستینەوە دووربن و ژیان بەسەر دەبەن ، هەر وەک کەوێشکی کوالا ( koalo ) و کەنغەرو کە تایبەتە بە تەنیا بە کیشوەری ئوستralیا و وشتری ناسراوی ئالپاکا ( alpaca ) و لاما کە تاسبەتن بە جوگرافیاو ژینگەی ئەمریکای باکور و مەیمونی وەرزی سی فاکا ( sifaka ) کە تەنیاو تەنیا لە ژینگەی ناوچەی ماداگاسکار دا دەتوانێت بژیەت . بە هەر حاچ وەلاّمی ئەو پرسیارەی کە چۆن نوح توانیویەتی چواردە جۆر لە گیانەوەری پاک بەگشتی و چوار جۆر لە تەواوی گانەوەری پیس و چواردە جۆری تر لە بالّندەی ئاسمان بگرێت کۆیان بکاتەوەو ئازوقەی پێویستیشیان بۆ ماوەی یەک سالّ بۆ فەراهەم بکات و هەموشیان لە کەشتیەکدا بە درێژی و پانی 30 x 50 x 300 بالّ جێگە بکاتەوە ؟ پێکەنیناویە ئەم داستانە .

داستانی نوح یەکێکە لە ئەفسانە کان کە قەومی یەهود لە ماوەی بەندیەتیان لە بابل و لە ئەفسانەی سۆمەری – ئەکادی وەریان گرتوە و بۆ جێگیر کردنی شەجەرەنامەی خۆیان سودی پێگەیاندون و بە گۆڕینی ناوەکانی بە ناوی عیبری ئەفسانە بە شێوەی یەکێک لە موعجیزە مێژوویەکانی یەهوە لە کتێبی پیرۆززدا نوسراوەتەوە .

ب – ئیبراهیم

له سەر بنەمای دەقەکانی تەورات ، ئیبراهیم نەوەی بەنی ئیسرائیل و کوری تراخ ( terach ) لە سالّی 1948 پاش خولقانی جیهان هاتوەتە دنیاوە و 175 سالّ ژیاوە . ئەو کوڕی بیستەمی ئادەم بوو ، مێژوو نوسان لە بەر ڕۆشنایی تەورات سەردەمی ژیانی ئیبراهیم بە ڕێژەیەکی کەمی هەلّە لە سنووری بیست سەدە پێش زایین دیاری دەکەن .

ناوی ئیبراهیم لە سەرەتادا ابرام و سارا خوشکەکەی ناتنی کە ژنی خۆی بوو ، تراخ کورەکەی خۆی ابرام و لوت زرپرای ابرام ، و بوکەکەی سارا لەگەڵ خۆی بردوو لە ناو کلدانیەکان هەڵات تا برۆن بۆ ناوچەی کەنعان . لە حەران نیشتە جێ بوون . تراخ لە حەران لەگەڵ باوک و کەسوکاری یەکی گرتەوەو خوداوەند بە ابرامی وت :

( لە ماڵی باوکت دەرچۆ و برۆ بۆ ئەو ناوچەیەی کە من پێتی پیشان دەدەم ، لە تۆ ئۆمەتێکی مەزن دروست دەکەم و بەرەکەت بەسەرتدا دەرژێنم )

پاشان ابرام لەگەڵ ژنەکەی و زرپراکەی و هەموو ماڵو مولکی پێچایەوەو بەرەو ئەو جێگایەی کە خودا پێی وتبوو کەوتەرێ . گەیشتە خاکی کەنعان . لە ناوچەی ، سیشم ( sichem ) خوداوەندی لێ دەرکەوت و وتی : ( ئەم خاکە دەدەم بە نەوەکەی تۆ )

ابرام لەوێدا جێگایەکی بۆ سەربرینی قوربانی بۆ خودا دروست کرد . پاشان رۆشت بۆ شاخێک لە خۆرهەڵاتی ماڵی خودا (بیت ئال ) ، لەوێ وشکەساڵیەکی زۆر رویدا و ابرام ناچار رۆشت بۆ میسر (1) پێش چوونە ناو خاکی میسرەوە بە ژەکەی سارای وت : ( تۆ ژنێکی جوان و قەشەنگی . رەگە خەڵکانی میسر تۆ ببینن و بڵێن ئەوە مێردی ئەوە ئیتر من بکوژن و تۆ ببەن . بۆیە بڵێ کە تۆ خۆشکی منی ، تا بەو سەرنجەی تۆ بەرانبەر بە من خراپی نەکەن . و بە زیندوی بمێنمەوە ) پیدایش 12-12

خەڵکی میسر بە هۆی جوانیەکەی ساراوە بردنیان بۆ کۆشکی فیرعەون و رێزی زۆری لە ابرام گرت . بوە خاوەنی گا و کەرو کۆیلەو کەنیزەکی زۆر . فیرعەون و دانیشتوانی ناو کۆشکی فیرعەون ، بە هۆی ساراوەو دووچاری نارەحەتی بوون . فیرعەون ژنەکەی ابرامی گل دایەوەو ئەوی بە تەواوی ئەوەی کە هەیەتی بیبات و لە میسر برواتەوە بۆ ناوچەکەی خۆی ، لە شاخی خۆرهەڵاتی بیت ئال گەرایەوە چوونکە ئەوەندە لەوەرگای پێویست بۆ ئاژەڵەکەی ابرام و زرپراکەی کە لوت بوو نەبوو . لوت بەرەو ناوچەی ئەردەن رۆشت ، ابرامیش لە شوێنیی نیشتە جێبوونی خۆی رۆشت بۆ دارستانی بلوت ممرە ( mamer لە حربون ( hebron جێی گواستەوە .

---

1-ئەم دەستەواژەی تەورات پاش تۆ بە حزور یەهوە خودای خۆت جەختی کردوەتەوە کە بڵێت باوکی من ئارامی ئاوارەیی بوە و بە رقیکی کەمەوە چوو بۆ میسر و لە وێ غەریبی قبوڵکرد ) تسنیە 5-26 ئاماژەیە بە هاولاتی رەسەنی ایبراهیم و چوونی ئەو بۆ ناو خاکی میسر .

لەو رۆژانەدا سێ پاشای ناوچەیی ، لە دژی هەردوو پاشا سدوم و گومارا ، کەوتنە جەنگەوە و پاش شکستهێنان نیان تەواوی خەڵکەکانیان بە دیل گرتن و ماڵو مۆکەکانیشیان بردن . لوت زرپرای ابرام بە هەموو سەروەتەکەیەوە لە لایەن ( کدر- لا – امر – ( kedor –la- omer دەستگیر کرا . یەکێک لە رزگاربوەکان ، ابرامی لە دۆخەکە ئاگادار کردەوە ، ابرام 318 پیاوی جەنگاوەرەوە لە پشتەوە هێرشی بۆ سەر پاشا کردوو لوتیان ئازاد کرد و سەروەت و سامانەکەیشیان بۆ گێرایەوە . کاتێک کە ابرام سەرکەوتوانە سەردانی ملکی سدق (( melchi- sedek کرد ، شا و کاهین سالمی شاری ( ئورشەلیم ) تا دەروازەی شار بە پێشوازیانەوە هاتن و بە ناوی ( الیون ) ( خودای خودایان ) ی پیرۆز کرد .

یەهوە لە روئیای ابرام دا دەرکەوت ، ابرام سکاڵای کرد کە تا ئیستا نەبوەتە خاوەن مناڵ . یەهوەش پەیمانی خۆی لەگەڵ ابرام نوێ کردەوە و پێی وت ، نەوەکەی کە لە پشتی ئەو دێنە دەر زۆر زۆر دەبن .

سارای ژنی ابرام کەنیزەکەکەی خۆی  هاجەری اه ابرام مارەکرد و نالی بوو . هاجەر کرێکی بۆ ابرام هێنایە دنیا ، و ئەوی ناونا ئیسماعیل . ابرام  86 ساڵە بوو کە ئیسماعیل لە دایک  بوو ، کاتێک ابرام گەیشتە تەمەنی  99 ساڵی خوداوەند جارێکی تر لێی دەرکەوتەوە و سەردەمی پەیمانی دێرینی بیرهێنایەوەو پێی وت : ( ئیتر لە ئیستا بەدوواوە ناوی تۆ ئیبراهیمە ( 1) هاوکات تۆم کردوە بە باوکی زۆرینەی میللەتەکان و وەچەی زۆرت بۆ دەخەمەوە . ئەوەیە پەیمانی من کە سەرنجتدا ، لە نێوان من و تۆ و نەوەکەتدا لە دوای تۆ هەموو نێرینەکانی تۆ خەتەنە بکرێن و گۆشتە زیادەکەی نێرینە ببرێت و خۆی خەتەنە بکات  تا هێمای ئەو پەیمانە بێت کە لە نێوان من و تۆدایە  )پیدایش14/10-17

---

1-اب- را – گشت ، بە مانای باوکی زۆرینەی خەڵک

(ناوی ژنەکەی تۆ لە ئیستا بەدواوە سارە یە – سارە لە ساڵی دا هاتو منداڵێکی دەبێت و ئەو ناو بنێ ئیسحاق ) 20-17

(پاش بەرزبوونەوە بۆ لای خودا ئیبراهیم تەواوی منالەکانی کە لە لای ئەو بوون خەتەنە کرد )

(ئیبراهیم تەمەنی 99 ساڵە و کوڕەکەی ئیسماعیل 13 ساڵە بوو لە هەمان ڕۆژدا خەتەنە کران ) پیدایش 17-35

( خوداوەند جارێکی تر لە دارستانی بلوت ممرە لە ئیبراهیم دەرکەوتەوە ، ئیبراهیم چاوەکانی کردەوە و بینی کە سێ پیاو لە بەرانبەریدا وەستاون ) پیدایش 1-18

ئیبراهیم بەگەرمی پێشوازی ائیکردن و خواردنی ئامادە کردوو خۆی لە ژێری درەختێک وەستا ، تا ئەو سێکەسە نانیان خوارد ، پاشان دوو کسیان کە لەگەڵخودا بوون هەستان و بەرەو  ( سدوم ) ڕۆشتن .

ئیبراهیم لە حزوری خودا دا هەربە پێوە وەستابوو ، پێکەوە قسەیان دەرکرد ، کاتێک خودا لەگەڵ ئیبراهیم قسە کانی تەواو بوو ، ئیبراهیمی بە جێهێلاو ڕۆشت ) پیدایش 33-18

(کاتی بەر لە خۆر ئاوا بوون  ئەو دوو فریشتەیە چوونە ناو سدوم . لوت  پێشوازی لێ کردن  و ئەوانی بردەوە بۆ ماڵەوە ، هێشتان چاویان نە چووبوە خەو کە خەڵکی سدوم  بە پیرو جوانیەوە هاتنە بەردەرگای ماڵی لوت داوایان لێکرد تا ئەو دوو پیاوە بێنێتە دەرەوەو بیان ناسن( 1) لوت هاتەدەرەوە و بە خەڵکە کەی وت :  کە ئەو دوو کچی هەیە لە ماڵەوە و ئەوان دێنێتە دەرەوە تا هەر چیان دەوێت بەو دوو کچەی بکەن  . بەڵام چاو پۆشی لەو دوو کەسە بکەن کە لە ماڵەکەی ئەودان  . خەڵک هێرشیان هێنا تا دەرگای ماڵەکە بشکێنن ئەو دوو فریشتەیەش لوت یان ڕاکێشایە ماڵەوەو ئەو خەڵکەیشی کە لە دەرگای ماڵەکە نزیک بووبوونەوە چاوەکانیان کوێر بوو  ، کاتی بەرەبەیان  ، ئەو دوو پیاوە لوت و ژنەکەی و دوو کچەکەیان لە شار بردە دەرەوە و پێیان وتن  ئاوڕ لە دوای خۆتان بدەنەوە ، ئەو کات خوداوەند لە سەر سدوم و عمورە گۆگردو ئاگری لە ئاسمانەوە باراندا ، شارو تەواوی دانیشتوانەکەی و دارو درەختی ژێراو ژوور کرد ، و ژنکەی لوت  کە سەیری دواوەی دەکرد بە نمەک بە حەرام دەرچوو ) پیدایش 1/27-19

لوت  لە ڕێگە لای داو لە جێگایەک مایەوە ، کچە گەورەکەی بە کچە بچووکەکەی وت : ( باوکمان پیر بووەو پیاوێک لە سەرزەوی نیە تا لەگەڵ دایکمان بێت . وەرە با باوکمان بە شەراب سەرخۆش بکەین و لەگەڵ ئەودا هاو بەستەر بین  ، تا نەوەیەکمان لە  باوکی خۆمان هەبێت ، پاشان لە هەمان شەو  ،

شەرابیان دا بە باوکیان و کچە گەورەکەیان لەگەڵ باوکی جوت بوو ، لوت ئاگای لە جوت بوون و تەواو بونی کچکەی نەبوو ، ڕۆژی دواتر کچە گەورەکە بە خشکە بووکەکەی وت ، ئەمشەویش شەراب دەرخاوردی باوکمان بدەین ، و تۆ لەگەڵیدا جوت ببە ) پیدایش 35/30-19

بەم جۆرە ، هەردوو کچ لە گەڵ باوکیان خەوتن و لە ماوەی سروشتی خۆیاندا یان دا دوو کوڕیان بوو .

ئیبراهیم لە بلوتستان ( ممرە ) چوو بۆ ( جرار ) و سارەی ژنی ناساند بە خوشکەکەی . پاشای جرارە سارەی کردە ژنی خۆی . بەڵام بەهۆە ئەو خەونەی کە دی بووی سارەی گەڕاندەوە لای ئیبراهیم و بەرخ و شوان و خزمەت کاری زۆری بەخشی بە ئیبراهیم .

سارە کاتێک کە خودا بەڵێنی پێدابوو سکی پڕببێت ، بەڵێنەکەی بە دی هات و کوڕێکی بوو ، ناویان نا ئیسحاق ، ئیبراهیم لە کاتی لە دایک بوونە ئیسحاقدا تەمەنی سەد ساڵ بوو . لەو ڕۆژەی کە ئیسحاق شیری دایکی لێ براپەوە ، ئیبراهیم خوانێکی میوانداری سازدا ، لەو خوانەدا سارە ئیسماعیلی بینی کە پێدەکەینی و گاڵتەی دەکرد ن داوای لە ئیبراهیم کرد تا ئیسماعیل و دایکی لە ماڵ◌ًەکە بکاتەودەرەوە .

---

1-لە تەوراتدا مەبەست لە ناسینی کەسێک ، بەواتای پەیوەندی سێکسی ، ئەم دەستەواژەیە لە بوارەکانی تریشدا هەر بە هەمان مانا بەکار هێنراوە .

(بەرەبەیان ئیبراهیم هەستاو نان و کونەیەک ئاوی دا بە هاجەر و ئەوی لە گەڵ کوڕەکەی ڕەوانە کرد . پاشان هاجەر ڕۆشتو لە بیابانی بنوشبع (1) ( ( beer shabaتێپەڕی . چوونکە کونە ئاوەکە تەواو بوو ، مناڵەکەی خستە ژێر دارێک و خۆی ڕۆشت و دور کەوتەوە تا مەرگی مناڵەکەی نەبینێت . بە دەنگی بەرز هاورای کردوو گریا ، خوداوەند گوێی لە دەنگی گریانی دایکەکەو مناڵەکەوە بوو ، لە ئاسمانەوە بانگی هاجەری کردوو ، پرسی چیت لێ بەسەر هاتوە ؟ بگەڕیچوەو مناڵەکەت لە باوەش بگرە ، چوونکە لەو نەتەوەیەکی مەزن دەخولقێنم ، خودا چاوەکانی ئەوی کردەوە تا چاڵە ئاوێکی بینی ، پاشان ڕۆشت و کونەکەی لە ئاوەکە پڕکردوو، مناڵەکە خواردیەوە ، خودا لەگەڵ ئەو مناڵەبوو ، لە بیابانی فاران نیشتە جێ بوو ، دایکیشی ژنە خزمەتکارێکی لە میسر بۆ گرت ) پیدایش 22/12-21

ئیبراهیم دواتر ساڵانێکی زۆر لە فەلەستین ژیانی بەسەر برد . خوداوەند ئەوی تاقی کردەوە ، داوای لێکرد تا مناڵە تاقانەکەی خۆی ئیسحاق بباتە سەر یەکێک لە و شاخانەی کە پێی پیشانداوە و بیکاتە قوربانی و بیبرژێنێت . بەرەبەیان ئیبراهیم لە گەڵ دووان لە خزمەتکارەکانی خۆی و وڵاغێک کە بارەدارێکی هەڵگرتبوو بەرەو شاخەکە ڕۆشت ، کاتێک گەیشتە ئەو جێگایەی کە خوداوەند پێی پیشاندابوو ، کوڕەکەی بەستەوە و خستیە سەر بارەدارەکەو چەقۆکەی دەرهێنا تا سەری ئیسحاق ببرێت ، دوو فریشتەی خوداوەند لە ئاسمانەوە بانگیان کرد کە دەست لە کوڕەکەوە نەدات ) پیدایش 12/1-22

ئەوکات کە ئیبراهیم بەرانێک لە پشتیەوە بوو لە ناو بێشەلانێک شاخەکانی گیری خواردبوو ، گرتی و خستیە جێگەی کوڕەکەی و قوربانی برژاندنی ئەنجامدا ، و ئەودۆخە کە یەهوە بینرا ( yehovah yirej ) ( ئەو جێگایەی کە یەهوەی تیابینرا ) دیاری کرا .

---

1-بنوشبع ناوچەیەکە لە باکوری فەلەستین لە دووری 45 کیلۆ مەتری ئۆرشەلیمدا

سارە لە گوندی ئاربع ( arbaa ( لە حبرون مردو ئیبراهیم ئەوی لە بیابانی مکفیلە لە بەرانبەر ممرە لە ناوچەی کەنعان ئەوی بە خاک سپارد . ئیبراهیم غولامەکەی خۆی بۆ لای کەسوکارەکەی نارد بۆ ( ئور ) و یەکێک لە کچە پاشاکانی هاوسەری بتوئیل ناحور ( bethuel ) ی برای خۆی کردە ژنی ئیسحاق .

ئیبراهیم پاش مردنی سارە ، ژنێکی تری هێناو بوە باوکی شەش منالٚ . بەلاٚم تەواوی ئەوەی هەی بوو ، بە خشی بە ئیسحاق کورەکانی تری لە کەنعان و ئەوەی کە هەی بوو لە خۆر هەلاٚت بەخشی و ئەوانی رەوانەکرد بۆ ئەویٚ .

کاتی مردنی ئیراهیم تەمەنی 175 سالٚ بوو .

(لە لوتکەی پێشەوایدا پیرو لاواز بوو مرد ، و چوەریزی باوباپیرانی . و کورەکانیشی ئیسماعیل و ئیسحاق ئەویان لە لە مغارە مکفیلە ( mac- phelah ) لە بیابانی عەفرون بە خاک سپارد )پیدایش 25-8

*************

1- تەورات ئیبراهیم بە نەوەی یەهود و گرنگترین کەسیەتی ئایینی بەنی ئیسرائیل دادەنێت . ئەو یەکەمین پەیامبەری یەهودە کە یەهوە پەیوەندی ڕاستەو خۆی لەگەلٚدا هەبووە و بە روبەڕوو قسەی لە گەلٚ کردووە ، موسلٚمانان ئیبراهیم بە باوکی مۆسلٚمانان و خوشەویستی خودا دەزانن و باوەڕیان وایە کە ئیبراهیم یەکتا پەرست بووە . لە کاتێکدا کە خودی تەورات ئەم پرۆپاگندەیە ناکات .ڕاستی بابەتەکە ئەوەی کە یەهود تا سەردەمی دیلیەتیان ، لە بابل هیچ کات یەکتا پەرست نەبوون . ئەو رستیەی کە لە سەر وەرزی ئایینی یەهود لە تەورات وەرگیراوە ، لە بوونی خودا جیاجیاکان کە لەو کاتەدا بە بۆچوونی توێژەران دەگاتە حەفتا خودا باس لیٚ وە دەکەن .

2- لەو بارەیەوە کە ئایا ئیبراهیم ، بەڕاستی ڕۆژێک لە ڕۆژان بوونی مادی هەبووە و ژیاوە ، یان دروستکراوی هزرو خەیالٚی نوسەرە ئەفسانە سازەکانی یەهوە بووە . لە نێوان توێژەران بۆچوونی جیا هەیە . زۆرینەی توێژەران لە سەر ئەو پنتە کۆکن کە وای دابنێین بوونی ئیبراهیم لە 4000 هەزار سالٚ پێش بابەتی ناسراو دەربارەی ئەو بە ئەندازەیەکە کە زانیاری زۆر کەمی تەورات هیچ بەهایەکی مێژوویی نیە و ناتوانرێت تەنیا لە ڕێگەی دەقەکانی تەوراتەوە ئیبراهیم بە باوکی بەنی ئیسرائیل دابنرێت . لە تەواوی ژیانی 175 سالٚەی ئیبراهیمدا ناتوانین بە یەک ناوی مێژوویی ئشنا ببین تا بتوانین پەیوەندی داستانی ژیانی ئیبراهیم بسەلمێنین . هەتا ناوی ئەو فیرعەونەی کە ئیبراهیم ژنەکەی خۆی نارده حەرەم سەراکەی و لە دەولٚەتەکەی سودمەندبوو ، لە تەوراتدا نهاتوە . ئەو پێشبینیانەی کە هەزارو ئەوەندەسالٚ پاش مەرگی ئەو تەنیا لە سەر بنەمای ریوایات و یادگاریەکان ، کۆکراوەتەوە نوسراوەتەوە . ئەگەر لە حالێکیشدا ریوایەتکاران شتێکیان لە بیر چوبێت ئەوا نوسەرانی تەورات بۆ پڕکردنەوەی ئەو بۆشای یە لە یاد کراوانە و زقتر دەرکەوتنی کەسیەتی ئیبراهیم . بە هزری خۆیان چەندین داستانیان لە سەر ژیانی ڕاستەقینەی ئەو ئیزافە کردوە و ئەویان بە شێوەی یەکێک لە پالٚەوانە مەزنەکانی مێژووی مرۆڤایەتی ناوزەد کردووە .

3- ئەگەر پیا هەڵدانی ئیزافی و باوەڕی زیادەڕەوی ئایینی تەورات وەلابنێین و بوونی ئیبراهیم قبوڵ بکەین کە هەبووە، ئەوە دەبینین کە ئیبراهیم هاوکات پیاوێکی ئاسایی هەروەکو یەکێک لە هەزاران تاکی قەبیلەکانی بیابان نشین کە لەگەڵ باوکی باوکی برازاکەی و ژنەکەی لە ( ئۆر) هوە کۆچی کردوە بۆ ( حران ) پاش مردنی باوکی سەرۆکایەتی قەبیلەیەکی بچوکی چەند کەسی بە ویراسی بۆ ماوەتەوە ، و لە ئەنجامی کاریگەری هێرشی قەبیلەکانی تر یان لە ئەنجامی جێگاو ڕێگایەکی باشتر ، بۆ کەنعان کۆچی کردوە . بە هۆی وشکەساڵی زۆرەوە چوە بۆ میسر و بۆ پاریزگاری لە گیان و ماڵی خۆی سارای ژنی ناردوەتە حەرەم سەرای فیرعەون ، پاش مانەوەی ماوەیەک لە میسر دووبارە لەگەڵ ژنەکەی و تەواوی سەروەت و سامانەکەی کە لە میسر کۆی کردبووەوە ، گەڕاوەتەوە بۆ کەنعان ، چوونکە ژنەکەی نەزۆک بوو منالی نەدەبوو لە گەڵ کەنیزەکی ژنەکەی هاوسەر گیری دەکات و منالێکی لێی دەبێت ، لە سەر بەڵێنەکەی یەهوەش کە بە سارای دابوو منالێکیشی لەو دەبێت .

ئەم ڕاتیانەی سەرەوە لە ژیانی بیابان نشینێکدا ئەگەری ڕودانی هەیە و شتێکی ئاسایی یە. بەڵام لە سۆنگە ئایینیەکەیەوە ، ئیبراهیم سەر بە باوەڕی ژینگەی گەشە کردووی خۆی بووە و لە و سەردەمانەدا کە لە جلگەی میزیۆپۆتامیا دەژیا ، باوەڕی بە خودای ( ئال ) کە جێگەی پەرستنی کۆمەڵگەکەی بووە هەبووە . کاتێک بۆ ناوچە شاخاویەکان کۆچی کرد ، لە سەر بنەمای نەریت و کات و ئاڵوگۆڕ و دروشم نۆرمی ئایینی کە لەو سەردەمانەدا لە ناو قەبیلەکاندا برەوی هەبووە بە ( الشدی- ( el shaddi خودای شاخەکان ) باوەڕی هێناوە و ئەوی پەرستوە ، هەوڵی تەورات بە گواستنەوەی ئەم ڕستەیە یە بە وەکالەت لە لایەن خوداوە :

(من لە لای ئیبراهیم و ئیسحاق و ئیسماعیل بە ناوی ڕاستەقینەی خۆمەوە ناسراو نەبووم و ئەوان منیان بە الشدی ناونابوو ) خروج 2-6 .

بۆ بەرجەستە کردنی پەیوەندی نێوان الشدی و یەهوە و پێدانی بەرایی مێژوویی یە بە یەهوە ، لە کاتێکدا کە ئەو دوو خودا یە لە دوو ناوچەی جیاواز یانی کەنعان و سینا ، بە شێوەی خوداکانی قەبیلەیی هۆزە جیاجیاکان ، کە پەرستراون .

4- ئەگەر دەقەکانی تەورات دەربارەی ئەو دیو سروشت و هاتنی خودا بۆ ناو ڕەشماڵەکەی ئیبراهیم و نان خواردنی و یادداشتی تایبەتی دو کەسە . ئەوا کۆی سەر گوزشتەی ئیبراهیم بسڕینەوە بە بێ توند ڕەوی ئایینی و شرۆڤەی بکەین ، دەگەینە ئەو دەر ئەنجامەی کە هەدەف لە دروستکردنی ئەم داستانە بەو جۆرەی کە لە تەوراتدا هاتوە ، بەرجەستە کردنی ئازایەتی و پەیوەسن بوونی درەخت و ڕەچەڵەکی تەواوی یەهودیەکانە بۆ خاڵێک و بەرجەستە کردنی شوناسی مێژوویی و برایەتی بووە لە ناو ئەواندا ، و وە تیۆریای شجەرنامەی تەواوی ئەوانەی دووای ئیبراهیمە نەوە بۆ نەوە و بە وەبیر هێنانەوەی ناویان لە پاش هەزار ساڵ و لەو سەردەمەی کە وا پێ دەچێت ، ئەمانیش لەو سەردەمەدا دەژین . ناتوانێت تەندروست بێت ، پشکنینە ئاسەوارناسیەکان ئەو گێڕانەوانەی شیوخ کە لە توراتدا هاتوە بە ڕاستی نازانن .

5- لە بەندی دوانزەی بابی 16 ( سفرو پیداش ) نوسراوە :

(خۆرئاوا بوون خەوێکی قورس و قوڵی دابە ئیبراهیم و تاریکی و ترس لە سەر ئەو دروست بوو ، خودا بە ئیبراهیمی وت : بزانە کە سزای تۆ لە وڵاتێکدا درا کە پەیوەندی بە ئەوانەوە نیە ، و ئەوان غەریب بوون ، و کەوتنە ژێر دەستی بێگانەکانەوە ، و ماوەی چوار سەد ساڵ لە ژێر ئەشکەنجە و فشاردا بوون . بەڵام من ئەو میلەتەی کە فشاری لە سەر ئەوانە داناوە بە سزای خۆی دەگەیەنم ، ئەوانیش بە سەروەتێکی زۆرەوە لەو شوێنە دەردەکەم )

له سەر بنەمای ئەم دەقەی تەورات ، ئیبراهیم له کۆتاییەکانی سەدەی بیستەم و موسا له سەدەی پانزەیەمی پێش زاینن ، سەریان هەڵداوە ، بەم جۆرە ئیبراهیم خەو بە ڕوداوێکەوە دەبینێت، کە لە پاش پێنج سەد ساڵ ڕودەدات .

ئەو بۆچونەی کە کەمتر عەقڵی تەندروست و ئالودە نەبوو بە توندرەوی ئایینی یەوە ئەوتوانیت جەخت لەوە بکاتەوە ؟ ڕوئیا بریتی یە لە ڕەنگدانەوەی هزری ڕۆژانەی مرۆڤ لە ژیانی هەقیقی دا ، کاریگەری ئەم هزرانەش لە یادگەی کەسەکە و ناخی ئەو دا گوزەردەکات ، ناو بەناو بە شێوەی ڕوئیا لە بەستەری نوستندا دەردەکەوێت و مرۆڤ بە ڕاستی یەک ئاشنا دەبێت کە لە ژیانی هەقیقی و جیهانی بێداریی دا ئەگەری ڕودانی نیە . لەوێدا کە ڕوئیا بەرهەمی هزری کۆئەندامی دەماری مرۆڤە ، و بە هیچ جۆرێک ناتوانێت لە سنووری سەردەمی ژیانی خۆی و ئەندێشەکانی کەسە کە تێبپەڕێت ئەوەی کە کەسێک خەونێک ببینێت ، کە نزیکەی 500 ساڵ دواتر بۆ نەوەکانی ڕوبدات ، ئەو لە حیکایەت و چیرۆکی بەر ئاگردان دەچێت زیاتر تا بە ڕاستی یەکی زانستی . بە داخەوە لەم جۆرە ڕوئیایانە لە کتێبە ئاسمانیەکاندا زۆر بەچاو دەکەوێت . باوەڕدارانی ئەو ئایینە لە سۆنگەی دەمار گیریەوە ئەم خەیاڵە ئەفسانەییانە بە شێوەی هەقیقەتی ڕەها و دەرکەوتەی فەرمانەکانی خوداوەند قبوڵدەکەن .

6- لە سەر بنەمای دەقەکانی تەورات ، ئیبراهیم لە کاتی سەرە مەرگی باوکیدا ، تراخ ، زڕ براکەی ، لوت و ژنەکەی سارا ، لە ( ئورە ) وە بۆ میزیۆپۆتامیا کۆچیان کردوو پاش مردنی باوکیان چوون بۆ کەنعان . ماوەیەک دوواتر ، لوت بۆ لەوەڕگایەکی باشتر بەرەو ئەردەن ڕۆشت . تەورات بە بێ سەرنجدانە ئەم بابەتە کە سارا نزۆک بووەو ئیبراهیم منالّی نەبووە . لە دوو بابی دواتردا ئیبراهیم بە 318 پیاوی جەنگاوەر بۆ لای ( کدرلاامر ) دەنێرێت و ئەو شکست پێ دێنن و لوت لە دیلیەتی ڕزگار دەکەن . کۆکردنەوەی 318 پیاوی جەنگاوەر تەنیا لە قەبیلەکاندا ئەگەری هەبووە ، کە ڕێژەی ئەندامەکانی لانی کەم دوو هەزار کەس زیاتر بێت . نە خێزانێکی دوو نەفەری و هەندێک خزمەتکاری دیاری کراو .

پ- یەعقوب

یەعقوب کەسیەتیەکە کە ناوی خۆی بە قەبیلەی یەهود دەبەخشێت . پێش ئەو یەهودیەکان ، هێشتان شوناسێکی تایبەتیان نەبوو ، و ناوی بەنی ئیسرائیل یان هەر ناوێکی تر لە ناو یەهودیەکاندا نەبوو .

ئیسحاق ، دوو کوڕی دووانەی بە ناوەکانی ( عیسو – esau ( و یەعقوب – ( jacob (هەبوو . کوڕی یەکەم حەزی لە ڕاو کردن بوو کوڕی دووەمیش لە شوانی ، چوونکە ڕۆژەکانی تەمەنی ئیسحاق زیادی کردبوو ، کوێر بوو ، بە کوڕەگەورەکەیانی وت : تا ڕاوی نێچیرێکی بۆ بکات چوونکە زۆر حەزی لێی بوو ، تا ئەو بەرکەت بدات ، و بیکاتە جێگە نشینی خۆی ، بەڵام ( ڕبکا – Rebekah ( هاوسەر ئیسحاق کە زۆر هۆگری یەعقوب بوو ، دەیوست ئەو ببێتە جێگرەوی ئیسحاق ، خێرا خواردنێکی لە گۆشتی گیسک ئامادە کردوو یەعقوب لە ناو دەفرێکدا بۆی برد و خستیە بەردەم باوکی . ئیسحاق وای هەست کرد کە عیسو ڕاوی کردوەو هاتوەتەوە ، یەعقوبی بەرکەت دا ، کاتێک عیسو لە ڕاو کردن گەڕایەوە و ئەو نێچیرەی ڕاو کردبوو کە باوکی حەزی لێی بوو ، بردیە بەردەمی باوکی . ئامادە کاریەکەی یەعقوب ئاشکرابوو ، عیسو هەڕەشەی کوشتنی لێ کرد . دایکی یەعقوب ترسی لێ نیشت نەکوا لە نێوا دووبرادا شەڕو کوشتن ڕوبدات . یەعقوبی نارد بۆخۆرهەڵات بۆ لای براکانی تری ، یەعقوب ماوەی بیست ساڵ لە خزمەتی خاڵۆیدا بە شوانی بردە سەر و لە گەڵ دوو کچی ئەو هاوسەر گیری کرد ، پاشان لەگەڵ ژنەکانی و پانزە منالّ و ئەو سەروەت و سامانەی کە لە ماوەی بیست ساڵ کارکردندا بە دەستی هێنابوو گەڕایەوە بۆ کەنعان . براکەی عیسو لەگەڵچ چوار سەد سوار هات بۆ

بینینی ، یەعقوب ئەوەی هەی بوو کردیە دوو بەشەوەو هەریەکەیانی بۆ لایەک نارد . تا ئەگەر عیسو بەشێک لەو سەرەوەتە ببات ئەو بەشەکەی تری بە سەلامەت بمێنێتەوە . یەعقوب تەنیا لە ڕەشماڵێکدا مایەوە ، تەورات داستانی زۆرانبازی یەعقوب لە گەڵ خودا لەوشەوەدا ئاوا دەگێڕێتەوە :

(پیاوێک ، تا نزیکی خۆر هەڵاتنی بەرەبەیان زۆرانی لەگەڵ یەعقوب گرت . بینی کە ناتوانێت بە سەر یەعقوبدا سەرکەوێت . لێدانێکی توندی لە ناو شانی دا لە ئەنجامی کاریگەری لێدانەکە یەعقوبش توند باوەشی پێدا کردو گرتی ، پیاوەکە وتی بەرمدە ، ئیستا ڕۆژ دەبێتەوە ، یەعقوب وتی : تا من بەرەکەت دەیت ، تۆ بەرنادەم پیاوەکەش وتی ناوی تۆ چی یە؟ وتی : یەعقوب ، لە ئێستا بەدوواوە ئیتر ناوت یەعوب نیە ، بەڵکو ( ئیرائیل )ە (1) چوونکە تۆ لەگەڵ خوداو مرۆڤەکان موبارزەت کرد و سەرکەوتی . یەعوب پریاری

---

1-خاڵێکی شیاوی سەرنجە لە ناوە نوێکەی کە یەهوە بە یەعقوبی دەبەخشێت ، و بوونی دەستەواژەی (ئایل )لە کۆتایی ناوەکە ئەودایە . لە ناو قەبیلەکانی سامیدا نەریتێک هەبوو کە ناوی خودایان لە پاش ناوی کەسەکەوە ئیزافە دەکرد ، بۆ نمونە حبیب الله ، روح الله ، عبدالله . وەکو ئەوانە ، لە وناوەی کە یەهوە بۆ یەعقوبی دیاری کرد ، ئەو نەریتە پیادە کراوە ، و ناوی خودا لە سەر ناوە نوێکە زیاد کراوە ، تا وابەستەیی یەعقوب ئە ئایل خودای پەرستراوی خەلکی خۆرهەڵاتی نزیک جەختی لیبکەنەوە . هەمان هێمای وابەستەیی لە ناوەکەدا ( اسمع ایل ) منالێ ئیبراهیم و ناوی حەوت فریشتەکەی بەردەم دەرگای یەهوە بەرچاو دەکەوێت .

ناوی ئەوی کرد ئەو وتی : بۆچی لە ناوی من دەپرسیت ؟ ئەو بەرەکەتی یەعبوبی دا ، ئەو جێگایەی ناونا پنی ئایل ( ) ( peni elڕوخساری خودا ) چوونکە خودام ڕوبەڕوو چاو بە چاو بینی و ڕۆحی من ڕزگار بوو . خۆر دەرکەوت ، کاتێک کە یەعقوب لە پنی ئایل هەنگاو هەنگاو دور دەکەوتەوە ) پیدایش 31/24-32

عیسو بە باوەشی ئاوەڵاوە براکەی قبوڵ کردوو یەعقوب لە سیشم ( sichem )نیشتە جێ بوو . خوداوەند جارێکی تر لە یەعوب دەرکەوتەوە ، و یەعقوب لەو جێگایەی کە لەگەڵ خودا دیالۆگی کردبوو ، ستونێکی دانا و بە ڕۆن و خوێن چەوری کردوو ئەو جێگایە بوە بیت ئایل ( ) ( beth elماڵێ خودا ) پیدایش 14-35

یەعقوب لە کەنعان لە زێدی باوو باپیرانی خۆی نیشتە جێ بوو ، ئەو یوسفی زیاتر لە کوڕەکانی خۆی خۆشتر دەویست ، و دەنگدانەوەیەکی گەورەی بۆ دروست کرد ، شەوێک یوسف لە خونیدا بینیویە کە خۆر و مانگ و یانزە ئەستێرەی تر کڕنوشیان بۆ بردوە ، ، ئەو خەوەکەی بۆ باوکی و براکانی گێڕایەوە ، باوکیشی ئەوی سەرزەنشتی کرد : ( ئەوە چی خەونێکە کە تۆ بینیوتە ؟ ئایا من و دایکت و براکانت دێین لە سەرزەوی کرنوش بۆ تۆ ببەین ) پیدایش 10-37

براکانی ئیرەییان پێ برد و ڕقو کینەیان لە دڵ گرت بەرانبەری ، کاتێک کە کورەکانی یەعقوب بۆ لەوەڕاندنی مەڕەکان چوو بوون ، یەعقوب بە یوسفی وت : وەرە با بت نێرم بۆ لای براکانت ، ئێستا برۆ هەواڵی سەلامەتی ئەوان و مەڕەکانم بۆ بێنەرەوە ) پیدایش 14-37

( کاتێک براکانی یوسف ئەویان لە دوورەوە بینی ، سەریان بە یەکدا کرد بۆ ئەوەی ئەو بکوژن ، و بیخەنە ناو یەکێک لە بیرەکان و بە باوکیان بڵێن گیانەوەرێکی درندە ئەوی خواردوە ) پیدایش 20-37

بەڵام براگەورەکەی روبن ( reuben ) ئەو کارە لێقەدەغە کردن و وتی : ( خوێنی ئەو دەرێژن ئەو بخەنە ناو بیرێکەوە لە بیابان ) پیدایش 22-37

هەر بە گەیشتنی یوسف گوریسێکیان لە بەست و شۆڕیان کردوە بۆ ناو بیرێک ( بەڵام بیرکە وشک و بێ ئاو بوو )پیدایش 25-37

ڕێکەوت کاروانێک لە ئیسماعیلیەکان کان کە لە جلعادەوە ( gilead ) دەهاتن . بینیان و یوسفیان لە بیرکە دەرهێناو بە بیست درهەم فرۆشتیان بە کاروان چیەکان ، چوونکە روبن گەڕایەوە و یوسفی لە بیرەکەدا نەبینی جلوبەرگی خۆی دڕاند ، ئەو کات براکانی تری بزنێکیان کوشت و خوێنەکەیان کردە سەر جلوبەرگی یوسف و جلە خوێناویەکانیان هێنایانەوە بۆ لای باوکیان و وتیان :

( ئێمە ئەوەمان لە بیابان دۆزیوەتەوە ، ڕەنگە گیانەوەرێکی درەندە ئەوی خواردبێت . یەعوب یەخەی خۆی دادڕی و ڕۆژانێکی زۆر بۆ کورەکەی ماتەمی گێڕا )پیدایش 34-37

ئیسماعیلیەکان یوسفیان برد بۆ میسر و فرۆشتیان بە پوتیفر ( Potiphar ) فەرماندەی گاردی تایبەتی فیرعەون . یوسف لە لای پوتیفار حورمەتی هەبوو هەموو سامان و موڵکی خستە ژێر دەستی یوسف . یوسف جوان و جەحێڵ بوو ، ژنەکەی پوتیفار حەزی لێکردوو داوای لێکرد کە لەگەڵیدا بخەوێت . بەڵام یوسف ئەوەی نەکرد ، هەموو ڕۆژێک ئەوەی بە یوسف دەوتەوە ئەویش گوێی لێ نە دەگرت تا لەگەڵیدا بخەوێت . (1)

---

1-جیاوازیەکی زۆر لە داستانی یوسف و ئەو داستانەکانی تری تەوراتدا دەبینرێت بە بەراورد بە داستانەکانی قورئان زۆر لە یەکەوە دوورن ، و پڕیەتی لەئینحرافاتێ کە لە ماوەی چەندین سەدە و لە ئەنجامی گێڕانەوەی دەماو دەمی ئەو داستانانە دروست بووە .

ڕۆژێک یوسف هاتەوە بۆ کۆشک تا کارەکانی ئەنجام بدات ، کەس لە ماڵەە نەبوو ، پاشان ژنەکەی پوتیفار یەخەی گرتو وتی لەگەڵم بخەوە ، بەڵام یوسف یەخەی خۆی بەرداو هەڵات ، ژنەکە پیاوەکانی ناو کۆشکی بانگ کردوو پێی تن کە سەیرکەن مێردەکەم پیاوێکی عیبرانی هێناوەتەوە تا بە ئێمە ڕابوێرێت ، هاتە بۆ لای من تا لەگەڵم بخەوێت چوونکە بە دەنگی بەرز هاوارم کرد یەخەی خۆی بەرداو هەڵات و چوە دەرەوە (1) پیدایش 11/18-39

کاتێک پوتیفار داستانی ژنەکەی گوێ لێبوو ، تورەبوو یوسفی خستە زیندانی ئەو زیندانیانەی کە فیرعەون تیایدا زیندانی کردبوون . سەر پەرشتیاری زیندانە کە بەزەی پێیدا هاتەوە و کردی بە سەر پەرشتیار هەموو زیندانیەکان ، لە و زیندانەدا سفرە چی تایبەت و سەرۆکی مەیگێڕەکانی فیرعەون هەریەکەیان خەونێکیان دیبوو ، داوایان لە یوسف کرد خەونەکانیان بۆ لێک بداتەوە . یوسف بە سفرە چیەکەی فیرەونی وت :

( پاش سێ ڕۆژ تۆ هەڵدەواسێت بە دارێکدا وقەلەڕەشەکان تۆ دەخۆن )پیدایش 19-4- و بە سەرۆکی مەیگێڕەکانیشی وت : پاش س ٙ ڕۆژ تۆ ئازاد دەکات و دەت گێڕێتەوە سەر کارەکەت و لێت خۆش بووە :

( کاتێک کە تۆ چانسی باشت دەبێت  من لە بیر نەکەیت  ئەو چاکەیە لەگەڵ من بکە کە بە فیر عەوزن بڵێ من لەم زیندانە ڕزگار بکات ) پیدایش 14-40

بەڵاک سەرۆکی مەیگێڕەکان یوسفی لە بیر کرد ، دوساڵ دوواتر ، خەونێکی بینی کە لە ڕۆخی دەریایەک وەستاوەو پاشان حەوت گای جوان و قەڵەو  لە دەریاکە هاتنە دەرەوە و لە لەوەڕگایەک ئەلە وەڕان  ، و پاشان حەوت گای تری لاواز و ناشیرین  بەدوای ئەواندا هاتنە دەروەو حەوت گا قەڵە و جوانە کەیان خوارد  ، فیر عەون لە خەو ڕچڵەکی  ، جارێکی تر خەوتەوە ، خەوی بینی یەوە حەوت گوڵە گەنمی جوان و گەش لەس رە یەک قەد  ڕوابوون ، و پاشان حەوت  گۆە گەنمی لاواز و ناشیرین کە لە سەر یەک قەد ڕوابوون حەوت گوڵە گەنمە جوانە کەیان خوارد. فیر عەون لە خەو ڕاچڵەکی و حەکیمەکان و جادوو گەرانی بانگ کرد بۆ لێکدانەوەی خەونەکانی ، بەڵام هیچ یەکیان نەیتوانی خەونەکانی فیر عەون لێک بداتەوە . سەرۆکی مەیگێڕەکانی بیری یوسف ی کردەوە و ڕوداوەکەی لە فیرعەون گەیاند  ، ( ئەوکاتە فیرعەون ناردی بە شوێن فیر عەوندا ، یوسف ڕیشی تاشی و جلو بەرگی خۆی گۆڕی و بۆ لای فیر عەون ڕۆشت  . قیر عەون خەونەکانی بۆ یوسف گێڕایەوە ) پیدایش   14-41

یوسف بە فیر عەنی وت  :

( هەردوو خەونەکەی فیر عەون یەک خەوە و . خودا ئەوەی ئەیەوێت ئەنجامی بدات فیرعەونی لێ ئاگادار کردووە . حەوت گا    قەڵەوەکە  ،  هێمای حەوت ساڵ چاندن و بەرو بوومی زۆرە لە سەر زەوی میسر  ،  وە حەوت گا لاواز و ناشیرینەکە کە لە دوای ئەو گا قەڵەوەکانەوە هاتون  هێمای حەوت ساڵ قات و قڕی یە  ،  چوونکە دوو جار فیر عەون ئەم خەوەی بینیوە  ،  چوونکە خواد بڕیاری لە سەر جێبەجێ کردنی ئەم دۆخە داوەو زو بەزویش جێ بەجێی دەکات . ئێستا دەبێت فیر عەون پیاوێکی دوور بین و حەکیم بدۆزێتەوە و زەویەکانی میسری بداتێ لە و حەوت ساڵەی خۆشگوزەرانیدا پێنج یەکی زەوی میسر دەخڵ و دان بچێنێت و خەلەو خەرمانێکی زۆر پاشەکەوت بکەن  تا خۆراک بۆ ماوەی حەوت ساڵ بەش بکات ، ئەم سەرنجە لە لای فیر عەون و هەموا پەسەند بوو . فیر عەون بە بەندەکانی وت : ئایا کەێک لەم شێوەیە دەتوانین پەیدا بکەین ،  پیاوێک کە ڕۆحی خودای لە دەستدایە ، فیر عەون بە یسفی وت : چوونکە کە خودا هەموو ئەم دۆخەی بە تۆ وتوە ، کەسێک هاوشێوەی تۆ دوور بین و حەکیم نیە ، تۆ لە کۆشکی من بمێنەرەوە و تەواوی خەڵکەکەی من گوێ لە تۆ دەگرن . جگە لە تەختی پاشایەتی من هەمووی لە ژێر فەرمانی تۆ دا دەبن  ،  فیر عەون موستیلەکەی پەنجەی خۆی داکەندوو کردەیە پەنجەی یوسفەوە . ئەوەی لە سەر گالیسکەی دووەمی خۆی سوار کردوو  ،  ئەوی ناوانا ( سافنات فعنیج – zaphena thpa neach ) ئاسنات ( assenach کچی ( پوتی فرا – poti phera ) کاهینی پەرستگەی ئون – on    بۆ خواست ) پیدایش 41-25/46

حەوت سالچ خۆشگوزەرانی تێپەڕی وساڵەکانی قات و قڕی نزیک بوونەوە، بەڵام لە میسر نان زۆر بوو ،  یوسف گەنجینەکانی پڕ کردلە دانەوێڵەو گەنم و بە میسریەکانی دەفرۆشت ، یەعقوب بە کوڕەکانی خۆی وت  برۆن بۆ میسر و لەوێ گەنم بکڕن  ، بەڵام  دورە پەرێزی لە ناردنی بنیامین برای یوسف کرد ، کوڕەکانی یەعقوب هاتنە میسر و چونە لای یوسف و کرنوشیان برد لە بەردەمیدا  ،  یوسف ئەوانی ناسی بەڵام  خۆی بە بێگانە دانا ، لەگەڵ ئەوان بە ڕەقی قسەی کردوو  بە تاوانی سیاسی ئەوانی سێ ڕۆژ خستە زیندان  .

پاش سێ ڕۆژ بەو مەرجە ئازادی کردن و گەنمی پێ فرۆشتن  کە یەکێک لە براکان بە بارمتە بمێنێتەوە لە میسر و ئەوانی تر بگەڕێنەوە کەنعان و ئەو برا بچوکەکەشیان بهێنن ، بۆ میسر  .  براکان لەگەڵ

یەک قسەیان کردوو لەو ڕەفتارەی کە دەرهەق بە یوسف کردبوویان بە زمانی عیبری پەشیمانیان دەربڕی . ئوەیان نەدەزانی کە یوسف هەموو قسەکانیان تێدەگات ، یوسف فەرمانی کرد تا گونیەکانیان پڕبکەن لە گەنم و کیسەیەک پارە لە گونیەی هەریەکەیان بکەن ، . کاتێک براکانی یوسف گەڕانەوە لای باوکیان و ئەوەی کە بەسەریان هاتبوو ، بۆیان گێڕایەوە ، داوایان لە باوکیان کرد تا براکەیان لە بارمتەیی ڕزگاری ببێت لە میسر بینیامین لە سەفەری داهاتودا لەگەڵ خۆیان ببەن . یەعقوب لە سەرەتادا ڕازی نەبوو ، بەڵام چوونکە دەبوایە برۆشتایە ، و ئەو گەنمەیشی کە کڕی بویان تەواو بو بوو ، ئامانەتی دەستی یەهودای کرد کە بنیامین بە سەلامەتی بگەڕێنێتەوە ، بە ناردنی بنیامین لەگەڵ براکانی بۆ میسر ڕازی بوو هەنێکیش لە بەروبوومی ناوچەی بە شێوەی دیاری بۆ ( ئەو پیاوە ) نارد . بەڵام نەی ویست خۆی بناسێنێت ، کاتێک گەیشتنە میسر یوسف ئەوانی برد بۆماڵی خۆیان و نانی دانێ و میوان داری کردن . بەڵام هیچ خۆی ئاشنا نە کرد ، فەرمانی کرد تا گونیەکانیان و پڕکەن لە گەنم و پارەکانیشیان کە لێیان وەردەگیرێت بخەنەوە ناو گونیە گەنمەکە ، و جامێکی زێرین بخەنە ناو گەنە گەنمی برابچووکەکەیان و بەڕێیان کەن بۆ کەنعان . کوڕەکانی یەعقوب هێشتان زۆر لە شار دوور نەکەوتبوونەوە کە یوسف خزمەتکارەکانی خۆی بۆ دۆزینەوەی جامە زێرینە کە نارد ، چوونکە جامەکەیان لە گونیەی برابچووکە کە دانا بوو ، ئەویان بە تاوانی دزی کردن دەستگیر کرد ، ئەو براکانی تر گەڕانەوە بۆ شارەکەی خۆیان . یەهودا بە بەر دەم یوسفدا کەوتو بە هاورو گریانەوە بە یوسفە وت ، کە باوکە پیرەکەیان کوڕێکی تری کە برای بنیامین بوو لە دەستداوە و ئەگەر ئەوان بە بێ بنیامین بگەڕێنەوە ئەوا باوکیان لە خەفەتدا دەمرێت . ئەو کە بۆ بە سەلامەت گەڕانەوەی بنیامین گەرەنتی لێ وەرگرتوین . ئیتر بۆ هەمیشە لە لای باوکمان بێ متمانە دەبین . وتی کە من ئامادەم بۆ هەمیشە وەک بەندەیەک لە میسر بمێنمەوە بەڵام با بنیامین بگەڕێتەوە بۆ لای باوکمان ) پیدایش 44-31/34

یوسف هەموو ئامادەبوەکانی کردە دەرەوەو خۆی بە براکانی ناساند ، و پێی وتن بڕۆنەوە کەنعان و باوکم و هەموو ماڵ و منداڵ لە گەڵ خۆتان بهێنن لە میسر نیشتە جێ بن . ڕۆحی یەعقوب لە بینینی ئەو گالیسکانەی کە بۆ بردنی ئەو ناردبوونی ، زیندوو بویەوە ، یەعقوب خوازیاری کۆچ کردن بوو قوربانی بۆ خودا ئەنجام دا . ( خودا لە ڕوئیای شەودا بە ئیسرائیلی وت ئەی یەعقوب من خودام خودای باوکت ، لە هاتنت بۆ میسر مەترسە ، منیش لەگەڵ تۆ دیم بۆ میسر ) (1)

یەعقوب لە گەڵ هەموو کوڕو منالەکانی هات بۆ میسر و لە ناوچەی رامس نیشتە جێ بوو .

(هەموو ئەو کەسانەی کە لەگەڵ یەعقوب هاتن بۆ میسر لە نەوەی خۆی بوون ، جگە لە ژنان و کوڕەکانی یەعقوب ( 66 ) کەس بوون و کوڕەکانی یوسفیش کە لە میسر لە دایک بوو بوون ، کۆی گشتی خێزانەکەی یەعقوب کە هاتبوون بۆ میسر حەفتا نەفەر بوون ) پیدایش 26-46

تادەهات قات و قڕی زیاتر دەبوو و هیچ لە زەوی میسر و کەنعان بۆ فرۆشتنیش نەما ، یوسف بە خەَکی ڕاگەیاند کە بەرو بووم و دانەوێڵەکەیان بهێنن و لە بەرانبەردا گەنم وەربگرن . ساڵی دواتر کە هیچ نەمابوو زەویەکانی جوتیارەکانی لە بەرانبەر پێدانی گەنم لێ وەرگرتن و زەویەکانی میسر بوونە موڵکی فیرعەون . یوسف بە خەڵکە کەی ڕگەیاند ، ئەمرۆکە ئێوەو زەویەکانتانم بۆ فیرعەون کڕی و هاوکات هەر بۆ خۆتانەو دەتوانن بەکاریان بهێننەوە و هەرچەند بەرهەمی هەبوو یەک لە پێنجی بۆ فیرعەون و چوار بەشیشی بۆ خۆتان . بۆ خۆراکی خۆتان و ماڵ و منالّتان و چاندنەوەی ساڵی داهاتو . پاشان یوسف ئەو یاسایەی تا ئەمرۆکە لە میسر جێگیر کرد کە یەک لە پێنجی بۆ فیرعەون بێت )(2) پیدایش 47-23/27

1-لە نوسخەی نوێی تەرجومەی تەورات کە لە حکومەتی جمهوری ئیسلامی لە ئێران چاپ کراوەتەوە ئەوەی کە پەیوەندیەک لە نێوان یەهوەو الله هەبوەو بەرایەکی مێژووی لە سەرزەوی یەهود داوە بە الله . ئەم ڕستەیە بەم جۆرە نوساروە (خودا ڕوئیای شەوی بە ئیسرائیل ڕاگەیاندو پێی وت : ئەی یەعقوب وتی لبیک ، وتی منم خودا خودای باوکت ، لە هاتنت بۆ میسر مەترسە ) هەمان شێوە لە تەرجومەکردنی تەوراتدا گۆڕینی ڕستەی زۆر بەچاو دەکەوێت .

2-ئەو یاسایەی کە لە تەوراتدا و لە داسستانی یەوسفدا هاتوە دوواتر لە ئیسلامدا وەک دابەشکردنی غەنیمە و دەستکەوت جێگیر کرا ( انفال -42)

یەعقوب وەسیەتی کرد کە دەمەوێت لە تەنیش باو و باپیرانمەوە بم من بین بۆ بیابانی مکفیلە لە تەنیش باو و باپیرانم بمنێژن . یەعقوب 147 ساڵ تنەمەنی بوو ، کە لەگەڵ قەبیلەکەی یەکیان گرت . یوسف هەر وەک ئەوەی باوکی فەرمانی پێ کردبوون لە کەنعان تەرمەکەی بە خاک سپارد ، یوسف سەو دەساڵ ژیاو پێش مردنی داوای لە بەنی ئیسرائیل کرد ، و سوێندی دان کە هەرشوێنێک کە خوداوەند بۆی دیاری کردن و بەڵێچنی پێداون بگەڕینەوە بۆ ئەو ناوچەیەی کە ئیبراهیم و ئیسحاقی لێ بووە و ئێسقانەکانی ئەمیش لە میسر بینەوە بۆ ئەوێ .

1-داستانی یوسف لە و ئەفسانانەیە کە زۆر ڕۆچوە ، داتاشینی بە بێ ئەو ڕۆچوونەش بە ئاشکرا بەرچاو دەکەوێت . لە بنەمادا بابەتێک کە دەربارەی ئیرتقا – بێ ئاگایی یوسف تا پلەی خودایەتی تیا باس کراوە ، ناتوانێت هەرگیز ڕووبدات . نوسەرانی داستانی یوسف یان نا ئاگا بوون لە باوەڕی میسریەکان یان ئەم بەشەیان لە بەرچاو نەگرتوە ، تا بتوانن ئەفسانەیەکی بەتام و چێژ بخولقێنن ، و ئەگەینا هەرگیز ئەو دەسەتەواژەی یرعەونیان بە کار نەدەهێنا: ( ئایاکەسێکی وەکو ئەم پیاوە ئەتوانین پەیدا بکەین کە ڕۆحی خودای تێدایە )

ئەوەندە والاَ وێنا یان کردوە کە ئەتوانن بە دڵی خۆیان خودا پەرستراوەکانی خەڵک بەبەزەی یان بێ بەزەیی دابنێن ، یان لە بنەمادا لە پلەی خودایی لای ببەن . پیاوێک کە بە خودی ئەو تەلقین کراوە کە خودای هەموو مرۆڤە و بە کۆنەپەرستیەکی زۆرەوە حکومڕانی دەکات . بنەمایەکی نیە هێزی خودای خۆی بداتە بەندەیەکی عیبری کە بە تۆمەتی زیادەڕەوی کردنە سەر ژنی خاوەنەکەی زیندانی کراوە . دابەش بکەیت و ئەو بکەیت بە فەرمان ڕەوای تەواوی میسر . بە هۆی ئەوەیشەوە کە تەنیا خەونێکی لێک داوەتەوەو کە ئایا لە حەوت ساڵی تر ڕودەدات . بنەمای دەمارگیریەتی گەلی میسر لە هەمبەر بێگانەکان مۆڵەتی ئەوە نادات لە دەگا دەوڵەتیەکاندا و لە ئاستەباڵاکانیشدا بێگانەیک بەڕێوەی ببات . چجای ئەوەی ببێتە دووەم کەسایەتی بە دەسڵاتی کیشوەر کە لە دوای فیرعەونەوە دێت و ئەمەش لە لای گەلی میسر پلەی خودایەتی ئەژمار دەکرێت .

2-لەم ئەفسانەیەشدا کە وەکو ئەفسانەکانی تر تەورات هەوڵدەدات ئەوانە بکاتە ڕوداوی مێژوویی . بابەت گەلێک لەگەڵ مێژووی ڕاستەقینەدا پەیوەندی پەیدا بکات و گوماناوی و تاریک دەبێت . هەر بەو جۆرەی کە ناوی یێکی وەکو فیرعەون کە یوسف لەسەردەمی حکومڕانی ئەو دا گەیشتوەتە لوتکە ، بەرچاو ناکەوێت ، بەڵام ناوی پوتیفار سەرۆکی گاردی تایبەتی فیرعەون کە هیچ بەهایەکی مێژوویی نیە چەندین جار دێنێتەوە . تا شێوەیەکی مێژوویی ببخشێتە داستانەکە . لە مێژوی شارەکانی میسردا سەبارەت بە حەوت ساڵ قات و قڕی بەردەوام و مۆڵکیەتی فیرعەون لە سەر تەواوی زەویە کشتوکاڵیەکان و بەروبوومی جوتیارەکان . هیچ جۆرە ئاسەوارێکی نیە .

3-تەورات لە بەندی 11 لە بابی چلو حەوتی ( سفری پیدایش ) دا دەڵێت : (یوسف باوک و براکانی خۆی نیشتە جێ کرد و مولکێکی لە باشترین شوێنی میسر پێدان یانی زەویەکانی ( رامسس – rameses ) هەروەک ئەوەی فیرعەون فەرموو بووی لەگەڵ ئەوان هەرزانی هات )

مێژووی چوونی یەعقوب بۆ میسر لە سەر ئەو بنەمای ئەو زانیاریانەی کە تەورات پێشچاوی دەخات . بە دەقیقی ساڵی 1867ی پ-ز دەکات ، لە سەربنەمای دەقەکانی تەورات ماوەی مانەوەی بەنی ئیسرائیل لە میسر 430 ساڵە و بینای پەرستگەی سلێمان هاوکات لە 480 ساڵ پاش دەرچوونی بەنی ئیسرائیل لە میسر و لە ساڵی چوارەمی دەسەڵاتداریەتی سلێماندا دەست پێ دەکات . دەستپێکردنی فەرمانڕەوایەتی سلێمان بە دەقیقی لە ساڵی 961 پ-ز دا بووە لە سەر ئەو بنەمایە ( 1867= 430 + 961 – 4 + 480

بەڵام لەو مێژووەدا ناوچەیەک نەبووە لە میسر بە ناوی ڕامسس .

ڕامسس چەندین سەدە دوواتر لە دایک بوو ناوچەیەکی لە میسر دروست کردوو کردی بە ناوی خۆیەوە .

4-تەورات یەوسفی وەک پاڵەوانێکی مەزنی قەبیلەی یەهود دروست کرد . و داستانەکەی بە ڕەنگی سەرنج ڕاکێش و میکیاژێکی تۆخ رشەنگ کرد ، تا ببێتە مایەی شاناوی قەومی یەهود .

هاوکات لە نێوان ئەو بەنی ئیسرائیلیانەی کە لە سەردەمی ئیبراهیم لە کەنعان دەژیان و ئەو یەهودیەکانی تر کە لە لایەن موساوە لە میسر ئازاد کران پەیوەندیەک بەرجەستە بکات ، و ڕێگایەک بۆ نمایشکردنی هێزو موعجیزاتی یەهوە لە میسر و هەمواربکات . لە دەستدانی باکگراوندی بەڵگەو لۆژیکی مێژوویی و بێدەنگی ڕەها و درێژکردنەوەی 430 اڵەی یەهوە پاش مردنی یوسف تا دەرکەوتنی موسا زۆرینەی توێژەرانی ناچارکردووە کە لە بنچینەدا ئەو جۆرە قەبیلە یە لەو سەردەم و کاتەدا لە میسر بونیان نەبووە . و ئەوەی کە دوواتر لە ناوچەی کەنعان بە ناوی بەنی ئیسرائیل ناسران ، تێکەڵەیەک بوو لە قەبیلە بیابان نشینەکان و خەڵکی چینەکانی خوارەوەی کۆمەڵگە کە هیچ جۆرە خاوندارێتیەکیان نەبوو بە ناوی هابیروس ( Hebrews بوون کە لە دژی حکومی ئەوکات ڕاپەڕین و پاش چەندین سەدە ململانێ لە دوایدا بونە جێگرەوەی ئەوان و دەوڵەتێکیان دروست کرد . ناوی عیبرانیش هاەکات لەو دەستەیەوە وەرگیراوە .

بەرایی دەیەم :

موسا

﴿یوسف و هەموو براکانی مردن و بەنی ئیسرائیل داماو بێلانەو سەرپەرشت مانەوە . فیرعەونێکی تر دەسەڵاتی لە میسر گرتە دەست  کە یوسفی نەدەناسی  ، بە گەلەکەی وت  هاوکات قەومی بەنی ئیسرائیل لە ئێمە زۆرترن و زۆتر منالّیان دەبێت . پێویستە لە گەڵ ئەواندا بە سیاسەت ڕەفتار بکەین  . و بەرگری لە زیاد بوونی ئەوانە بکەین تا ئەگەر جەنگێک هەڵگیرسا بۆ شکست پێ هێنانی ئێمە هاوکاری دوژمنەکانمان نەکەن . خروج 11-1

فیرعەون بە هەردوو قەبیلە عیبرانی (          Hebrewsکە یەکیان ناوی شیفر (     shiphrah)و دووەمیشیان ناوی موسوم بوو فەرمانی کرد ، تا کۆرپەلەکانی بەنی ئیسرائیلی ئەگەر کوڕ بوون بکوژن و ئەگەر کچیش بوون لێیان گەڕێن . بەڵام قەبیلە کان کە لە خودا دەترسان فەرمانەکەی فیرعەونیان جێ بە جێ نەکرد ، پاشان فیرعەون ئەم ئەرکەی خستە سەر ئەستۆی تەواوی دانیشتوانی میسر تا کۆرپەکانی بەنی ئیسرائل بخەنە ناو دەریاوە .

( یاوێکی خانەدانی لوی (     leviیەکێک لە کچەکانی تایفەی لوی کردە ژنی خۆی  . ئەو ژنە سکی پڕبوو  ، کوڕێکی بوو  ، چوونکە منالّەکە زۆر جوان بوو ئەوی بۆماوەی سێ مانگ شارەدەوە ، چوونکە نەی توانی زیاتر لەو ماوەیە بیشارێتەوە ، زەمبیلەیەکی بۆدروست کردوو بە قیر و زفت دەری گرت و خستیە ناو ئاوی ڕوباری نیلەوە . خوشکەکەی لە دوورەوە وەستابوو چاو دێری دەکرد  تا بزانێت چی ڕوو دەدات . کچی فیرعەون کە بە ڕێکەوتنی هاورێکانی هاتبوو بۆ کەناری ڕوباری نیل زەمبیلەکەی لە ناو گژو گیای کەنار ڕوبارەکەدا بینی . خزمەتکارەکەی خۆی نارد تا زەمبیلە کە بهێنێتەوە چوونکە زەمبیلە کە کرایەوە کۆرپەیەکی کوڕی بینی کە دەگریا  ، دڵی بۆی سوتاو وتی ئەم منالچە عیبرانیە ) خروج  1/6-2خوشکی منالّەکە بە کچەکەی فیر عەونی وت : (دەتەوێت کە من دایەنێکی عیبری بۆ ئەو کۆرپە پەیدا بکەم کە شیری بداتێ ) خروج 7-2

کچەکەی فیر عەو مۆڵەتی پێدا  . چوو بە دوای دایکی کۆرپەکەدا و کچەکەی فیرعەون بە دایکی کۆرپەکەی وت : (ئەم منالچە ببە و شیری بدەرێ .من کرێکەیت دەدەمێ ) خروج9-2

(ژنەکە کۆرپەکەی بردوو گەورەی کرد. کاتێک گەورە بوو  ، ئەوی هێنا بۆلای کچەی فیرعەون و بۆکچەکەی فیرعەون وەکو منالّی خۆی وا بوو . ئەوی ناونا موسا (      mosesهاکات لە ئاویشی هەڵکێشا ) خروج 11-2

(کاتێک موسا گەورە بوو  ، هاتە لای براعیبریەکانی (   Hebrewsو هاتەدەرەوە و سەرنجی کارە دژوارەکانیانی دا . کەسێکی میسری بینی کە کەسێکی عیبرانی کە لە براکانی خۆی بوو  لێی دەدا ، سەیری ئەم لاو ئەولای خۆی کرد کەس دیار نەبوو ئەو کەسە میسریەی کوشت و شاردیەوە . ) خروج 2-11/13

ڕۆژێکی تر کە هاتە دەروە دوو پیاوی عیبرانی (     Hebrewsبینی  شەریان دەکرد  پاشان بە زۆردارەکەیانی وت بۆچی لە دراو سێ و برای خۆت دەدەیت . پیاوە عیبریەکە وتی ئەوە کێیە کە تۆی کردوەتە حاکمی ئێمە ئایا ئەتەوێت منیش بکوژیت هەر وەک ئەوەی پیاوە میسریەکەت کوشت. فیرعەون ئەوەی بیتەوە  هەڕەشەی کوشتنی لە موسا کرد موسا لە ناوچەی دەسەلاّتی فیرعەون چوە دەرەوە و بەرەو مدیان ((midianڕۆشت و لە لای چالّە ئاویک دانیشت . کاهیمی مدیان حەوت کچی هەبوو کە هاتبوون لە چالّە ئاوەکە ئاوو ببەن ، ئاوی ئاژەڵەکانی باوکیان بدەن ، شوانەکان هاتن و ئەوان لە سەر چالّە اوەکە ببەن ، موسا وەک حەس حەسی کچەکان هەستاو ئاژەڵەکەی لەگەڵ ئاودان . کاتێک کچەکان گەڕانەوە  بۆ لای باوکیان کە ناوی ( رعوئل – (   rev -elبوو (1) باوکیان پرسیاری لێ کردن  چۆن ئەمرۆکە وا زو گەڕانەوە ، وتیان پیاوێکی میسری ئێمەی لە دەست  ئەو شوانانە ڕزگار کرد و ئاوی بۆ

ئێمە هێنا و ئاژەڵەکانی ئاودا ، باوکە کە پرسی ئەو لە کوێ یە ؟ بۆچی ئەوتان بە جێ هێڵاوە بانگی بکەن تا نان بخوات ) خروج 2-13/21

---

1- لە فەسڵی سێیەمی ( سفرو خروج)دا ناوی ئەو کاهینەی مدیان بە (یترو – ( jithroهاتوە .

موسا رشازی بوو کە لەگەڵ ئەو پیاوەدا بژی و ئەویش ( سفورە – ( zipporahکچی خۆی دا بەموسا . ئەو ژنە منالێکی بوو و موسا ناوینا ( جرشوم – ( gershomخروج 22 /221-1

کاتێک کە موسا ئاژەڵەکەی پترویِ ( ( jithroباوکی ژنەکەی و کاهینی پەرستگەی دەلەوەڕاند ، ئاژەڵکەی بۆ بیابان بردوو بەرەو شاخی هورب ( ( chorebشاخی خودا نزیک بوویەوە . موسا سەیری کردوو بچکێکی بینی ئاگری گرتوەو ناسوتێت وتی :

( برۆین ئەو شتە سەرسوڕهێنەرە ببینین کە بۆچی بنچکەکە گڕی گرتوە و ناش سوتێت ) خروج3-3

(خوداوەند بینی کە موسا نزیک دەبیچتەوە لەو شوێنە ، وتی یاموسا ، موسایش وتی سەرم لە ڕێتە ( لبیک ) لەم جێگایە نزیک مەبەوە و پێڵاوەکانت لە پێت داکەنە ، ئەو جێگایەی کە لێی وەستاوی زەویەکی پیرۆزە . کنم خودای باوکت ، خودای ئیبراهیم و ئیسحاق و خودای یەعقوب ، ئەوکاتە موسا ڕوی خۆی داپۆشی و ترسا سەیری خودا بکات . هەموو نارەحەتی و ناخۆشی قەومەکەتم لە میسر بینی و سکاڵاو نارەزایەتی ئەوانم لە سەرکارەکەیانەوە بیست . من هاتوم تا ئەوانە لە دەستی میسریەکان ڕزگار بکەم بیان هێنم بۆ سەر زەویەکی باشتر و فراوانتر ، ئەو ناوچەیەی کە شیرو هەنگوینی تیایە ، ئەو جێگایەوی کە ( کەنعانیەکان و ، هیتی یەکان و ، ئامریەکان و ، فرزیانەکان و ، حویان نەکان و ، یبوسیانە کانی تیا ) نیشتە جێ یە . وەرە با تۆ بنێرم بۆ لای فیرعەون و قەومی بەنی ئیسرائیل لە میسر ڕزگار بکەیت . موسا وتی من کێم تا بچمە لای فیرعەون و بەنی ئیسرائیل لە میسر ڕزگار بکەم ، خودا وتی هەڵبەت من لەگەڵ تۆ دا دێم و ئەوەش هێمایەک کە تۆم ناردووە ئەوەبێت کە چۆن قەومی ئیسرائیل لە میسر ڕزگار دەکەیت ، عیبادەتی خودا بکە لەو شاخە ) خروج3-4/13

( برۆ ڕیش سپی و پیرەکانی قەومەکە کۆبکەرەوە و برۆنە لای فیرعەونی میسر و پێی بڵێچن یەهوە خدای عیبرانیەکان لەگەڵ ئێمە دیدار دەکات و ڕیچگەمان بدە تا سەفەری سێ ڕۆژە مان بۆ بیابان ئەنجام بدەین بۆ بینینی یەهوە خوداکەمان قوربانی منجام بدەین ) خروج 18-3

(بە فیرعەون لێ ، خوداوەند دەڵێت : ئیسرائیل گوڕی من و یەکەمین نەوەی منە . بەتۆ دەڵ]چم کوڕەکەی من ئازاد بکە ، تا من عیبادەت بکات و ئەگەر لە ڕزگارکردنیشیان نیت ، هاوکات کوڕی تۆ یانی نۆبەرەکەت دەکوژم ) خروج 23-4

کاتیچک کە موسا بۆ میسر ڕەوانە کرا خوداوەند لێی تورەبوو چوونکە موسا خەتەنە نەکرابوو ، خودا هێرشی بۆ کردوو ویستی بیکوژێت .سفورە بەردێکی تیژی هەڵگرت و نێرینەی منالەکەی خۆی خەتەنە کرد و گۆشتە بڕاوەکەی خستە بەرپێی و وتی تۆ مێردەکەم ئازاد بکە ، پاشان یەهوە موسای ئازاد کرد ) خروج 4-24/27

پاشان موسا ڕۆشت بۆ لای باوکی ژنەکەی و داوای لێ کرد ڕێگەی بدات کە بگەڕ]چتەوە بۆ میسر ، لەگەڵ براکانی یەک بگرێت و بزانێت کە ئایا ئەوان هێشتا زیندوون ، هارون هات بۆ پێشوازی موسا و موسایش ئەوی لە هەموو ڕوداوەکان و قسەو باس و دەستورەکانی یەهوە ئاگادار کرد ، هارو هەموو ئەو قسانەی کە موسا بۆی باس کردبوو دوو بارە ئەویش بۆ ڕیش سپی و پیرەکانی بەنی ئیسرائیلی باش

کرد . موساو هارون چوون بۆلا فیرعەون و بە ناوی یەهوەوە داوایان لێ کرد  تا بەنی ئیسرائیل ئازاد بکات  تا لە میسر بچەنە دەرەوە ، فیرعەون نەتەنیا ڕازی نەبوو لە سەر داوا کاریەکەی موسا بەڵکو زیاتر فشارو ڕەفتاری بەرانبەر بە بەنی ئیسرائیل دانا یەهوە کەیشتە ئەو پەڕی هێزوو چەندین موعجیزەی خولقاند ،کە لە بەرایی موعجیزاتنی یەهوەدا بەدرێژی باسکراوە  .

موسا لە میسر تەنیا وەرگێڕی هزرەکانی یەهوە بوو لە لای فیرعەون  ، گەورەترین کارێک کە موسا لە نامەکەیدا ئەنجامی داوە لە دامێنی کێوی سینا پاش دەرچوونی بەنی ئیسرائیل لە میسر بوو .موسا لەو قۆناغە بەدوواوە ئامرازی پەیوەندی ڕاستەو خۆی نێوان بەنی ئیسرائیل و یەهوە بووە .موسا سەر کەوت بە سەر شاخی یسنادا خوداوەند لە سەر لوتکەی شاخەکە یاسای پەیوەندی داری بە کڕین و ئازاد کردنی کۆیلەکان یاسای موڵکایەتی ، ئادابی کۆمەڵایەتی ، نەریتی ئاینی و دروشمە ئایینەیەکانی بە موسا ووت  ، تا بیگەیەنیتە قەومی یەهودا ، موسا تەواوی دەستورات و قسەکانی یەهوەی نوسی و بەیانی ڕۆژی دوواتر میحرابێکی لە ەر لوتکەی شاخەکە دروست کرد بۆ یەهوە و قوربانی برژاندنی ئەنجامدا ، ئەو نیوەی خویچنی قوربانیەکانی بە شێوەی هێما کە یەکێکە لە پەیمانەکانی نێوان خودا و قەومی یەهود ڕژاندی بە سەر میحرابەکەدا . یەهوە بە موسای وت  ، :

( وەرە سەر شاخ تا من دەستوراتی کتێبێک بدەم بە تۆ ، موسا بە ڕێکەوتن لەگەڵ هارونداا ، یوشع ( Joshua ) و حەفتا کەس لە شێخەکانی ئیسرائیل چوون بۆ شاخەکەو خودای ئیسرائیل یان بینی . ژێر پێیان خشتی وەکو یاقوت بوو ماوەیەک دەڕۆشتی هەر وەک ڕەکەگانی بەهەشت بوو . ئەو دەستی بۆ سەر پێشەواکانی بەنی ئیسرائیل درێژ نەکرد ، ئەوان خودایان بینی و پێکەوە نانیان خواردوو ئێوارەیان بەسەر برد ) خروج 11/9-24

خودا بە موسای وت  ، وەرەتا لەوحە بەردینەکان و ئەحکامی تەورات کە نوسیومە پێتی بدەم ، پاشان موسا بە ڕیچکەوتن لەگەڵ یوشع چون بۆ سەر شاخ و چل شەو چل ڕۆژ لە شاخە کە مانەوە. لوتکەی کێوەکە  یەهوە دەستوراتی پەیوەندیدار بە ڕشەشماڵی دیدار و تابوتی پەیمانەکان و میحرابی قوربانی برژاندن ، و تۆڵەی تاوان و هاوکات دەستوراتی پەیوەندی دار بە جلوبەرگی کاهینەکان و نەریتێک کە کاهینەکان پێویستە پیادەی بکەن و ئادابی پەیوەندی دار بە ڕۆژی شەممە و ( Sabbath )ی بە موسا ڕاگەیاند و حەتا نموونەی ڕەشماڵەکە و سندوقی پەیمانەکانی پێپیشاندا ، جگە لە ( لەوحەی بەردین کە بە دەست و پەنجەی خودا خۆی لە سەری نوسرابوو ، دای بە موسا ) خروج18-31

چونکە ونبوونی موسا لە شاحەکە زۆری پێچوو قەومی یەهود داوایان لە هارون کرد تا خوداوەندێک ڕوبوڕوی ئەوان دروستبکات و کە لە کاتی کۆچدا بەرەو پێش و ڕوەو قیبلە بڕۆین . هارون وتی تا تەواوی گوارەو موستیلەی دەستی تەواوی ژنەکان بهێنن ، لەو زێڕو زیوەی گوارەو موستیلەی ژنەکان گوێرەکەیەکی ئاڵتونی دروست کردوو میحرابێکی دروست کردوو قوربانی برژاندنی بۆ گوێرەکەکە ئەنجامدا ، خوداوەند بە موسای وت :

(لە شاخەکە برۆخوارەوە ئەو قەومەی کە تۆ لە میسر ڕزگارت کردن تشی لادان بوون  ) خروج7-32

یەهە بڕیاریدا کە قەومی ئیسرائیل لە ناو ببات ، بەڵام موسا بە هاوارو نزاوە وتی  : ( بۆچی توڕەیی تۆ لە سەر ئەو قەمەی کە بە هێزز توانی تۆ لە میسر ڕزگار کراون گڕی سەندوە . چوونکە میسریەکان بڵێن کە یەهوە ئەوانی لە میسر دەرکرد تا لە شاخەکان بیان کوژێت  ، و لە سەرزەوی وێرانیان بکات ، لە توڕەیەکەت پاشگەز ببەرەوە و لەومەبەستە خراپەی کە لە هەمبەر قەومەکەی خۆت هەتە بگەڕێوە ) خروج 11/13-32

پاشان خوداوەند لەو بڕیارە لەهەمبەر قەومی بەنی ئیسرائیل دابووی پاشگەز بویەوە . موسا بە دوو لەوحە بەردینەکەوە لە شاخەکە هاتە خوارەوە .

( دوولەو حە کە خودا خۆی بەدەست و پەنجەی لە هەردوو دیوی نوسی بووی خودا نەخشێنراوە ) خروج 16-32

کاتێک موسا گوێرەکە ئاڵتونیەکە و شادی و سەمای ئەوانی بینی ، دوو لەو حەکەی بەتوندی دا بە زەویدا و شکاندنی ، فەرمانی کرد تا گوێرەکە ئاڵتونیەکە لە ئاگردا بسوتێنن و ئاوکەن بە خۆڵەمێشەکەیدا ، موسا بە هارونی وت : ئەو قەمە چیان بە تۆ کرد کە ئەوان ئەوانت توشی گوناح کرد . هارون وتی : ( ئەم قەمە دەناسی ، ئەوانە خواستیاری خراپەکارین ، بە منیان وت بۆ ئێمە خودایەک دروست بکە لە بەردەی خۆماندا هەڵپەرێت . نازانین چی بوو بەسەر موسادا هاتوە . پێم وتن کە هەرکەس ئاڵتونی هەیە بیهێنێت من ئەو ئاڵتونانەم خستە ناو ئاگرو ئەو گوێرەکەیەم لێ دروست کرد ) خروج 24-32

موسا فەرمانی بە قەبیلەی لاوی کرد تا تا هەر کەسیان لە یەهود بینی بکوژن . لەو ڕۆژەدا نزیکەی سێ هەزار کەس لە بەنی ئیسرائیلیان کوشت . یەهوە بە موسای وت ، تا دوو لەوحەی بەردین و جوان هەڵکۆڵێت وەک ئەوانەی پێشوو و بێستە سەر شاخ و هیچ کەس لەگەڵ خی نەهێنێت و کەسێکی تر لە شاخەکە نەبینرێت . موسا دوو لەوحی بەردینی ئامادە کردوو چوە سەر شاخ ، موسا چل شەو چل ڕۆژ لە شاخەکە مایەوە ن کاتێک هاتە خوار دە فەرمان کە بەدەستو پەنجەی خودا نوسرابوون لە سەر لەحەکان لەگەڵ خۆی هێنای و ئەوەی کە خودا پێی وتبوو بە بەنی ئیسرائیلی ڕاگەیاند ، موسا هەروەکو ئەوەی یەهوە پێی وت بوو ئەو شێوەیەی کە یەهوە لە شاخ پێی پێشاندابوو ، سندوقی پەیمانەکان و ڕەشماڵی دیداری لە بیاباندا دروست کرد . جێگایەکی بۆ سەربڕینی قوربانی برژاندن دروست کردوو هارونی کردە کاهینی پەرستگەکە. پاشان بەنی ئیسرائیل لە حەسرەتی کۆچکردندا و لەوێوە بۆ شاخی هور ( hor ) ڕۆشتن . لەو جێگایەدا هارون بە کەسوکارو باوکی شادبوویەوە و موسا جلو بەرگی کاهینی بە پرا و ال عازار ( elazar ) پۆشی ) اعداد 25-20 پاشان لە سەر ڕێگای دەریا لە بەرانبەر موئاب ( moab ) خەیمەیان هەڵدا. بەدرێژی ئەو ڕێگایە لەگەڵ قەبیلە جیاجیاکانی سیچون ( sichon ) و ئاموریان ( emorites ) و عوج ( og ) و پاشای باشان ( bashan ) جەنگان و تەواوی دانیشتوانی ئەو ناوچانەیان کوشت و موڵک و ماڵیان برد . موسا فەرمانی کرد ، تا هەر منداڵێکی کوڕ و هەرژنێکی سکپڕ یان مێرد دار بێت بیکوژن و ئەو ژنانەیشی کە مێردیان نیە بۆخۆیانی ببەن .(1) اعداد 31-17/18

---

1-ئەم فەرمانەی موسا بۆ قەومی یەهود هەڵهێنجراوی فەرمانێکە کە یەهوە دەربارەی ڕەفتار لەگەڵ دیلەکانی جەنگی دایکەکاندا دەی کەن . تسنیە 3/6-7

چوونکە بەنی ئیسرائیل بە درێژایی کۆچەکە سەرپێچی فەرمانەکانی یەهوەیان کردبوو ، خوداوەند ئەوانی بۆ ماوەی چل ساڵ لە بیابانەکانی سینا و دەشتی فاران سەرگەردان کرد . تا تەواوی ئەو دەستەیەی کە شەران کردبوو هیلاک بین و نەتوانن بگەڕێنەوە ئەو ناوچەیەی کە بەڵێنیان پێدراوە ، دوای چل ساڵ سەرگەردانی قەومی ئیسرائیل گەیشتنە گکەناری دەریای ئەردەن لەوێدا یەهوە فەرمانی یەکلاکەرەوەی دەربارەی ڕەفتاری قەومی بەنی ئیسرائیل لەگەڵ ئەو قەومەکانی تردا کە لە کەنعان لە گەڵ یاندا لە پەیوەندیدا بوون ڕاگەیاند و وتی : ( چوونکە یەهوەی خواوەندت قەومێکی بەدەستی تۆ سپارد ، و تۆ ئەوانت بەلاڕێدا برد ، ئەوکات هەمووان بە تەواوەتی بکوژە و هیچ بەزەیت پێیاندا

نەیەتەوە و جارێکی تر لە گەڵ ئەوانەدا پەیمان مەبەست . کچەکەی خۆت بە وان مەدە و کچی ئەوانیش بۆ کورەکانت مەخوازە . جێگای قوربانیکردنەکانیان وێران بکە و پەیکەرەکانیان بشکێنە ........
هاوکات کە تۆ بۆ یەهوەی خواوەندت قەومێکی پیرۆزیت . یەهوەی خواوەندت تۆی هەڵبژاردوە تا لە ناو هەموو ئەو قەومانەی کە لەسەر زەوین بۆ قەومێکی تایبەت بیت ) تسنیە 3/6-7

وە بە خودی موسای وت :

( سەرکەوە بە سەر شاخی ( ئابی رم – abiram ( ئەو زەویەی کە بە یەنی ئیسرائیلم بەخشیوە بیی بینە ، وە چۆن ئەوەت بینی ، تۆ لەگەڵ قەوەمەکەی خۆتدا یەک دەگریتەوە ، هەر بەو جۆرەی کە براکەت هارون یەکی گرتەوە لە گەڵیان . هاوکات لە بیابانی شین ( zin ( کاتێک کە بە کۆمەڵ دوژمنایەتیان دەکرد ، تۆ تۆ لە قسەکانی من یاخی بوویت و لە بەر چاوی ئەوان‌دا منت لە ئاوەکاندا پیرۆز کرد . ) اعداد 14-27

( هاوکات زەوی لە بەردەم خۆتدا دەبینی بەڵام تاناوێت بچیتە ئەو جێگایە . ) تسنیە 49-32

(پاشان موسا بەندەی خودا لەوێدا لە سەرزەوی ( موئاب ) لە سەر پێشنیاری خودا مردوو ئەویان لە سەر زەوی موئاب بەرانبەر ( بیت فعور – beth peor ( بە خاک سپارد . هیچ کەس جێگای گۆڕەکەی هەتا ئەمرۆکەش نازانێت . موسا کاتێک مرد تەمەنی سەدو بیست ساڵ بوو نە چاوی کوێر بوو بوو نە لاوازیش بوو بوو . بەنی ئیسرائیل لە موئاب بە گەورەو بچوکەوە بۆ موسا سی رۆژ ماتەمینیان ڕاگرت . پێغەمبەرێکی وەکو موسا نەهاتوە ، کە خودا بە ڕوبەڕو بیبینێت . ) تسنیە 10/6-34

داستانی موسا توێژەرانی لە بەرانبەرئالۆزترین کەسیەتی ئیسرائیلی داڕوبەڕو کردوەتەوە و هۆو هۆکاری جیاجیا لە سەر بنەمای دارشتنی ئەو داستانە یان بەرچاو خستوە:

1-هەر لە سەردەمی منالّی پاڵەوانی داستانەکانەوە ، شتی سەرسوڕهێنەر باس دەکرێت ، تا بخرێتە سەر هێزو توانای لە ڕادەبەدەری پاڵەوانی داستانەکان . هەندێک لەم پاڵەوانانە لە دایکێکی شو نەکردوو ( کە هێشتان کچە ) لە دایک دەبن هەندێکی تریان لە یەکەم ساتی لە دایک بونیانەوە قسە دەکەن ، و پێدەکەنن ، هەنێکی تریشیان لە ناو سەبەتەیەکدا دەدرێنە دەم ئاوی ڕوبارەکانەوە ، و دواتر ڕزگاریان دەبێت لەم جۆرە فەتازیایە لە ناو ئەفسانەکانی میللەتە جیا جیاکاندا زۆر بەرچاو دەکەوێت ، لەدایک بوون و ژیانی موسا هاوکات یەکێکە لە ئە ئەو ئەفسانە خەیاڵیانەی کە لە سەر دەمی دورخستنەوەو دیل کردنی بەنی ئیسرائیل لە بابل . لە داستانی سارگونی ئەکادی پاشای بەهیزی کلد وەرگیراوە . ئەو لەو حانەی کە لە شوێنەوارەکاندا لە میزیۆ پۆتامیا دۆزراونەتەوە باسی لە دایک بوونی سارگۆنی ئەکادی لە باوکێکی نادیار بە درێژی دەکات . شای کلد ، سەد منالّ کە دایکیان لە دابونیان بە دەمی ئاوی دیجلەوە . لە ئاوەکەدا دەگرێتەوە ، سارگۆن پاش گەورەبوونی لە کۆشکی پاشایەتیدا ، دەبێتە فەرمان ڕەواو بۆماوەی 45 ساڵ دەسەڵاتی لە داستدا دەبێت . نوسەرانی تەورات کە بۆ بەهێز کردنی ڕۆحیەتی بەنی ئیسرائیل و یەکخستنی بە شێوەیەکی ئایینی ، پێویستیان بە پاڵەوان و کەسیەتیەکی مەزن هەبوو ، تا بەشێوەی فریاد ڕەس و پارێزەری قەومی یەهود ببێتە جێی ستایش کردنی یەهودیەکان . موسا بۆ ئەنجامدانی ئەم ئەرکە دروستکرا بە پەیڕەوی کردنی لە داستانی سارگونی ئەکادی ، هەموو فاکتەرە سروشتی و ڕوداوەکانیان لە جێگەیەکدا کۆکردەوە تا ئەوەی کە بە دەستی کچی فیر عەون موسا لە ئاوەکە بگرێتەوە و ببرێتە ناو کۆشکی فیرعەون و پەروەردەو گەورە بکرێت . نوسەری ئەم داستانە هەتا دایکی موساش بۆ کۆشکی فیرعەون دەنێرێت . تا شیر بدات بە کۆرپە عیبریەکە و بە شیری عیبری گەشە بکات ، و نەوەی پاکی یەهود لەگەڵ کەسانی تر ئالودە نەبێت . موسا لە کۆشکی فیرعەون

پەروەردەدەبێت و گەورەدەبێت ، و دەبێتە پەیامبەر  . و پاش ڕزگار کردنی قەومی یەهود چل ساڵ لە بیابانەکانی سینا سەرگەردان دەبێت .

2- نەریتی تەورات لە سەر ئەوەیە کە  تاکە کانی قەبیلە دوانزە لایەنەی ئیسرائیل نەوە بە نەوە بە ناوی تەواوەوە یاد بکرێنەوە . لە بنەمادا ناوی باوک وەکو شانازیەکی کوڕەکانیان دادەنێن و لە سە ر هەمان بنەمایە کە  قەومی یەهود  بەنی ئیسرائیل بە ( کوڕەکانی یەعقوب ) ناودەبات . هەندێک قەبیلە لە لاپەڕەکانی ( اسفر و ، خروج و سەحیفەی یوشع ) دا هی ناوی باوک و مناڵ و باو و باپیرانیان کە کەمترین ڕۆڵیان لە خزمەتکردنی ئایینی یەهودا نە بووە دەرهێنراون و سڕاونەتەوە . تا هاوپەیوەندی قەومی یەهود بە پلەی پێغەمبەرایەتی بگەیەنێت.ربەڵام کاتێک لە مەزنتریت پاڵەوانی کتێبێک باس و خواس دێتە ئاراوە تەنیا ئەو ڕستەیە بەهەند وەردەگرن :

( کەسێک لە خێزانی لاوی ڕۆشت و کچێکی لە کچەکانی لاوی کردە ژنی خۆی و لەو کەسە سکی پڕ بوو مناڵی بوو ) ئەم باسە تەواوی شەجەرەی موسا مەزنترین کەسیەتی بەنی ئیسرائیل و بونیادنەری ئایینی یەهودە .

3- هەندێک لە لێکۆڵیاران دەڵێن ئەگەر لە حاڵێکیشدا ئەم کەسیەتیەی موسا ڕاستی بێت ئەوا تاکێکی میسری بووە . بۆ جەختکردنەوەی بۆچونەکەیان تەورات بە بەڵگە دێننەوە کە یەکەم : ناوی موسا و پەروەردە کردنی بەتەواوی لە ناوی میسری بە مانی مناڵ وەرگیراوە و بە کار هێنانی ناوی ( موشە ) لە جیاتی پەروەردە لە داهێنانەکانی نوسەرانی تەورات بووە ، تا ئەم ناوە بە ناوەڕۆکی داستانی ڕزگاری قەومی یەهود لە میسر بلکێنن . ناوی هاوەڵان و نزیکەکانی موسا  وەکو ئارون ( ناوی خودای میسریەکان ) فین هاز (     phinehasبە واتی ( ڕەش پێست ) ناوی میسریە . دووەم : پاڵەوانی قەومی یەهود ، کەسێکە کە یەهوە لە ناو تەواوی یەهودیەکاندا ئەوی هەڵبژاردوە ، و ڕزگاری بەنی ئیسرائیلی هاویشتوەتە ئەستۆی ئەو ، نە خودی ئەو و نە کوڕەکەشی هیچکامیان خەتەنە کراو نەبوون . بەپێی ئەو پەیمانەی کە یەهوە لەگەڵ ئیبراهیم  بەستبووی ، تەواوی نێرینەکانی بەنی ئیسرائیل پێویستە لە هەشت ڕۆژ پاش لە دایک بوون هێمای پەیمانی یەهوە خەتە نە بکرێن . بە هۆی خەتەنە نەبوونی موساوە یەهوە لە بیابانەکانی سینادا هێرشی کردە سەری و ویستی بیکوژێت .

4- لە سەردەمی ژیانی ئیبراهیمدا . ئیسحاق و یەعقوب ، یەهوە چەندین جار چی لە جیهانی خەونەکان و چی لە ڕۆئیادا لێی دەرکەوت و پەیمانی خۆی لەگەڵ ئەواندا نوێ کردەوە ، پاش مەرگی یوسف ماوەی  430 ساڵ یەهوە قەومی هەڵبژێردراوی خۆی فەرامۆش کرد .و خستنیە ژێر دەستی میسریەکان . بەڵام  لە ناکاو ئەوان بەبیر دێنێتەوە و لەو ئەشکەنجەو ناڕەحەتیەی کە ئەوان بە دەستی میسریەکان بینیویانە بە توندی نیگەران دەبێت و موسا وەک ڕزگارکەرو فریاد ڕەسی بەنی ئیسرائیل ڕادەسپێرێت . چوار سەدە فەرامۆشی نادیدە دەگرێت و ( سفر افرینش  ) بە ( سفری خروج ) وە گرێ دەدات . توێژەران بێ دەنگی تەوران لە ماوەی  430 ساڵ بەو هۆیە دەزانن کە لە بنچینەدا ئەو جۆرە قەومەو لەو سەردەم و کاتەدا لە میسر بوونیان نەبووە تا نوسەرانی تەورات لەو بارەیەوە شت بنوسن .

5- ئەگەر داستانی موسا بە هەقیقی و لۆژیک وەربگرین ، و باوەڕ بەوە بهێنین ئەو موعجیڤانەی کە لە تەوراتدا هاتوە بەراستی ڕویانداوە ، باشە بۆچی بچوکترین یان کەمترین ئاسەوارێک لەو موعجیزانە لە مێژووی شارەکانی میسردا بەرچاو ناکەوێت ؟ هەڵبەت بڵاو بوونەوەی نەخۆشیە کوشندەکانی وەکو تاعون و گولی  لەو وڵاتانەی کە ئەم نەخۆشیانەیان لە ناودا هەبووە و یان هێرشی سونو کولە لە ۆتانی ناوەندی دەریای سوور و دەنداوی فارس لەو ڕوداوانەن کە ئەگەری هەیە چەندین جار لەو  وڵاتانەدا ڕویان دابێت . بەڵام گۆڕینی ئاوی ڕوباری نیل بە خوێن ، مردنی تازە لە دایک

بوەکانی تەواوی میسر لە یەک شەودا ، و لە هەموان باڵاتر لە خاک نانی فیرعەون بە تەواوی ئەوانەی لەگەڵیدابوون بە گالیسکەو چەک و کەلوپەلیانەوە لە ڕوباری نیلدا ، لەو ڕوداوە ئاسایی و ڕۆژانەیانە نین کە هیچ جۆرە ئاسەوارێکی لە لاپەڕەی مێژووی ئەو کیشوەرەدا نەمابێتەوە . ئەم ڕوداوانە لە و پیِ هاتانەی هەر میللەتێکن کە ئەگەر لەو جۆرە ڕووداوە ڕۆژێک ڕوی دابێت لانی کەم نیشانەو ئاسەوارێکیان لە مێژووی شارەکانی میسردا بەڕوونی دەمایەوە .

6- کاتێک کە قەومی بەنی ئیسرائیل گەیشتنە شاخی سینا ، یەهوە بەموسای وت : ( تاکەکانی هەر قەبیلەیەک سەرژمێری بکە ، و هەندێک لەوانەی کە تەمەنیان لە بیست ساڵ زیاترە و توانی هەڵگرتنی چەکی جەنگیان هەیە ، دەست نیشان بکە ، پاش سەرژمێری ژمارەی ئەوانەی توانای جەنگیان هەبوو بریتی بوون لە ( 603550 کەس ) اعداد 33-2

پرسیارێک کە لە پاش ئەم تێکستەی تەوراتەوە خۆی قوت دەکاتەوە و لە زهندا بۆ وەڵامێک دەگەڕێت ، گرفتی توانینی وەڵامدانەوە ئەوەیە ، کە چۆن 60 کەسی بەنی ئیسرائیلی لە ماوەی 400 ساڵ ڕێژەکەیان بوەتە چەند ملێۆنێک کە موسا توانیویەتی لە ناو تەواوی تاکەکانی قەبیلە جگە لە پیرو منداڵ و ژن و نەخۆش ، شەسەد هەزار جەنگاوەر لە سەروی تەمەنی بیست ساڵیەوە ناونوسی بکات .
لەشکرێک کە لە سێ هەزارو پێنج سەد ساڵ لەمەوبەر شەش سەد هەزار پیاوی جەنگاوەری هەبووبێت ، چۆن لە فیرعەون و لەشکەرەکەی تراساوە . و لە بەرانبەر هێرشی فیرعەونیەکاندا هەڵاتوە ؟ یەهوە ناچاربووە بۆ پارێزگاری لەوان موعجیزەی زۆر و سەرسوڕهێنەر ئەنجام بدات .

7- لە بنەمادا قەومێک کە ماوەی 430 ساڵ لە ناوچەیەک نیشتە جێ بووبێ و لە ئازادی تەواو و لە هاوبەشی سێکس کردن لە گەڵ دانیشتوانی ئەو ناوچەیە بەهرە مەند بوبێت ، ناتوانرێت بە یەک قەومی لە میچژینەو بە ڕەچەڵەکی 70 کەس لە نەوەی یەعقوب دابنرێت . بەنی ئیسرائیل پاش زیاتر لە 400 ساڵ نیشتە جێ بوون لە میسر و هاوبەشی کردن لەگەڵ خەڵکی شارنشین ، ئیتر ئەو قەبیلەیە بیابان نشین و شوانی ئاژەڵانی پێشو نەبوو . تا موسا بتوانێت ئەوان لە ماوەیەکی کورتدا کۆبکاتەوە و بەیەکجاری لە میسر دەربازیان بکات .

8- یەهودیەکان لەو باوەڕەدان کە تەورات ، بەواتی پێج سەفەری یەکەمی کتێبی پیرۆز ، ڕاستەو خۆ لە لایەن یەهوە وە بۆ موسا نێردراوە، موسایش دیالۆگەکانی خودای لە سەر کاغەز نوسینوەتەوە . بەڵام ناوەڕۆکی بنچینەیی تەورات لاوازی ئەو باوەڕانە دەسەلمێنێت ، دەستەواژەی دووبارە بوەوە و دژ بەیەک لە تەوراتدا بە ئەندازەیەکە کە گرفتە بتوانی قبوڵی بکەیت . کە داستانی موسا لە لایەن یەک کەسەوە نوسرابێت و تەواو کرابێت . تەورات لە سەفەری تسنیە دا دەنوسێت : ( پاشان موسا لە دەشتی ( موئاب ) بۆ شاخی نبو ( nebo) لە سەر لەتکەی شاخی فسحە ( Pisgah) لە بەرانبەر ئەریحا ( Jericho ) هاتو یەهوە تەواوی زەویەکانی کەنعان و دان ( dan ) ی پیشاندا . ..... و یەهوە پێی وت : ئەوە خاکێکە کە سوێندم بۆ ئیبراهیم و ئیسحاق و یەعقوب خواردووە کە ئەو خاکە دەدەم بە نەوەکانی ئێوە و مۆڵەتی تۆم داوە کە بەچاوی خۆت ببینی ، بەڵام تۆ لەوێوە تێناپەڕیت . .... پاشان موسای بەندەی خوداوەند لەوێدا بۆ خاکی موئاب لە سەر بەڵێنەکەی خوداوەند مرد . و ئەویان لە سەرزەوی موئاب لە بەرانبەور بیت فعور ( beth- peor ) بە خاک سپارد . و کەسێک تا ئەمڕۆکە گۆڕکەی نازانێت و موسا کە مرد تەمەنی سەد و بیست ساڵ بوو . بەنی ئیسرائیل بۆ موسا لە دەشتی موئاب دا سی ڕۆژ ماتەمینیان گێڕا ) تسنیە 1/8-34

دروستە کە ئەو دەستەواژەیە ناتوانێت نە ئلهامی خودا بێت و نە نوسینی موسا . و نەموسا لە پرسەی بەنی ئیسرائیل و بە خاک سپاردنی خۆی ئاگادار بێت . ئەم بەشە هەروەکو بەشەکانی تری تەورات بە

قەڵەمی کەسانێک نوسراوە و کە داستانی یوسفی عیبری لەگەڵدا تێکەڵ کردووە ، تا بەڵگەیەک بۆ کۆچکردنی قەومی یەهود لە فەلەستینەوە بۆ میسر شەرعەیت پێ بدات. موسایان کردە پاڵەوانێک تا یەکێتی و یەکبوونی بەنی ئیسرائیل لە ڕێگەی ئایینەوە لە ژێر هەژمونی یەهوە دا پراکتیک بکەن . بابەتی سەرگەردانی موساو نزیکەی سێ ملیۆن ئیسرائیلی لە ماوەی چل ساڵدا لە چەند سەد کیلۆمەترێکی چوار گۆشەدا ماوەی نێوان بیابانەکانی سینا و باکوری فەلەستین ئەفسانەیی بوونی داستانەکە جەخت لێ دەکاتەوە .

9- قەدەغە کردنی هاوسەر گیری یەهودیەکان لە گەڵ بیگانە لەو نەریتانەیە کە لە ( یاسای ) نوسراوی عەزرا دا پاش گەڕانەوەی لە ئێران پێش بینی دەکرێت . بەڵام نوسەرانی تەورات ، ئەوەیان داوەتە پاڵ موسا . جگە لەوەش لە دوو دەستوری تردا کە لە لایەن یەهوەو موسا لە هەمبەر چۆنیەتی ڕەفتارکردن لەگەڵ دیلەکانی جەنگ ، ڕاگەیندراوە زۆر کەموو کورتی بە ئاشکرا تێدایە .

10- لە داستانەکانی تەوراتدا تەنیا ناوی سێ فیرعەون هاتوە ، یەکیان ئەو فیرعەونەیە کە یوسفی لە زیندان دەرهێنا و کردی بە عەزیزی میسر ، دووەم فیرعەون ئەوەیە کە موسا لە لای ئەو پەروەردە کرا و پاش کوشتنی کەسێکی میسری لەو میسر هەڵات . سێ یەم فیرعەون ئەوەیە کە یەهوە ئەوی لە ڕووباری نیل نقوم کرد . بەڵام تەورات ئاماژە بەناوی هیچ یەکێک لەم فیرعەونانە نادات ، تا بەڵگەیەک بێت بۆ مێژوویی بونی داستانەکە . لە بەرانبەردا بە ئاشکرا ئاماژە بە ناوی بچوکترین دوو قەبیلەی یەهودی دەکات کە هیچ ڕۆلێکیشیان لە مێژووی ئایینی یەهودا نەبووە .

11- تەورات ئازادی ئیسرائیلیەکان لە ژێر چەپۆکی میسریەکان بە نزیکەی 480 ساڵ پێش دروست کردنی پەرستگەی سلێمان و 1437 ساڵ پێش لە دایک بوونی عیسا دادەنێت . بەڵام هەقیقەتی مێژوویی پیپچەوانەی ئەم نوسراوەی تەورات دەسەلمێنێت . سەدەیەک کە تەورات باسی دەکات ، ڕێکەوتە لەگەڵ هەردوو فیرعەونی بەهێز لە میسر ، تومۆزیس و ئامنوفیسی دووەم کە فەلەستین بەشێک بوو لە مستەعمەرەی میسر لەو کاتەدا ، وای دابنێن کە موساو قەومەکەی لە دەریای سوور پەڕینەوە ، دووبارە هەر لە قەڵەم ڕەوی فەرمانڕەوایەتی فیرعەوندا بوون چوونکە ئەو ناو چانە هەموو مستعمەرەی میسری فیرعەونی بوون . ئەوەی کە تەورات پاش دەرچوونی یەهودیەکان لە میسر نوسیو یەتی . ناتوانرێت ڕاستی خۆی بسەلمێنێت . تەورات ئاماژە بە مێژوویەک دەکات ، کە هیچ هەقیقەتێکی مێژوویی نیە . ئەگەر ئەوەندەش ڕەشبینانە نەڕوانین . کە تەواوی دەقەکانی تەورات و داستانی موسا ئینکاری لێبکەین . ئەوا دەگەینە ئەو دەرئەنجامەی کە ڕوداوی دەرچوونی هەندێک لە ( ئابیروەکان – Hebrews یانی عیبریەکان . کە بۆ کارو کاسپی بۆ میسر هاتبوون . ئەوەندە کەم و بێ بەهابوون . کە مێژوو نوسان هیچ بە پێویستیان نەزانیوە ئاماژەیەکیشیان پێبکەن . ئەوەی کە دەتوانین بە دروستی بزانین ئەوەیە کە لە بنچینەدا قەومێکی پێک هاتو لە چەند ملیۆنێکی عیبری ، لە سەردەمێکدا کە تەورات باسی دەکات . لە میسردا بوونی نەبووە و ئەم جۆرە کردەوە موعجیزە ئاسایە . ڕوی نەداوە . بەڵکو تەواوی دەقەکانی تەورات و داستانی موسا ئەفسانەن . ئەفسانەی پاڵەوانێکی مەزن کە نە ناوی دایک و باوکی دیارەو نەهیچ کەسێک دەزانێت لە کوێ بە خاک سپێردراوەو گۆڕەکەی لە کوێ یە .

تەورات ئەم داستانەی بەو جۆرە میکیاژ کراو واڵا و زۆر کاریگەرەی بۆڕاکێشانی سەرنجی قەومی یەهود بۆ هێزو بەها و تواناو هەڵبژاردنیان لە لایەن یەهوە وە خولقاند . هۆی ئاکامی خولقاندنی ئەم داستانەش غروری قەومی و دروستکردنی یەکریزی و یەکێتی قەومی یەهودو بەرپا کردنی ئیمانی ئایینی و گەڕانەوە بۆ بنەچەی یەهوە کە خودی قەومی یەهودە .

بەرایی یانزە هەم :

سەردەمی نێوان گیرەکان (داوەران ) سەرهەڵدانی دەسەلاتی یەهود ولە ناوچوونی

لە سەردەمی ( داوەران ) بە دواوە تەورات ئاوێتەیەکە لە ئەفسانە کان و کورتەیەک لە مێژوویی هەقیقی و هەرچەندیش بەرەوە کۆتایی برۆین چەندین بەڵگەی باکگراوندی مێژوویی بە خۆی ئیزافە دەکات . پێنج سەفەری یەکەمی تەورات و سەحیفەی یوشع کوڕی نون ، هیچ بەهایەکی مێژوویان نیە . لەو مێژووەدا یەهود هێشتان شوناسێکی قەمیان نەبووە ، تا ڕیوایات و بابەتەکانیان لە گەڵ واقیعدا بەراوردبکرێت . توێژەران قەومی یەهود بە چەندین قەبیلەو قەومی جیاجیا دەزانن ، کە لە پاڵپشتیان وەک پەیمانێک لەگەڵ یەهوە دروست بوو ن و هاتونەتە بوون . و لە سەردەمی شائول بە تەواوی شێوەیان گرتوو . و لە فەلەستین دەوڵەتێکیان پێک هێنا . زاراوەی عیبری ( hebreux) کە بە زمانی یەهود ناسراوە . بۆ خۆی بە شێک بووە لە ناوێک کە بە گشتی تایبەت بووە بە چەندین قەومی جۆراو جۆر . لەو لەحەیەی کە ئامنوفسی دووەم فیرعەونی میسر بە بۆنەی سەرکەوتنەکانی خۆی بە سەر فەلەستیندا ، نوسراوەتەوە لە ( ئاپیروەکان ، شاسوەکان ، و هوریتی یەکان ) بەشێوەی ئەسرانی کە کەوتبوونە ناو شەری میسریەکانەوە ناودەبات . ئەمرۆکە ئەو بەڵگەیە کە عیبریەکان هەمان ئەو ئەبیروەکانن یان (خەبیرەوەکان) کە لە دەورو بەری شارەکانی خۆرهەڵاتی نزیک ، بە شێوەیەکی پەرشو بڵاو دەژیان . ئیسرائیلیەکان دەستەیەکی جیابوەوەن لەو ئەبیروانە . ئەم بۆچوونە لە لایەن توێژەرانەوە بەشێوەیەکی گشتی سەلمێنراوە .

ئەم خەڵکانە لە بەرانبەر دەوڵەتە بەهێزەکانی وەکو ( کلد و میسر و هیتەکاندا ) نەیان توانیوە نمایشی هێزو بازوو بکەن . بەڵام بە پێچەوانەوە لە شانشینەکانی نیوە سەربەخۆی فەلەستین و کەنعان دا کۆمەڵەیەک لە دەستەی خەڵک کە لە مافی هاوڵاتیەتی بێ بەش بوون . مەترسیان لە سەر شارەکان و دانیشتوان دروست دەکرد . ئازایەتی ئەوان بە هۆی زانینی هونەری جەنگەوە بوو سوپای هێرش بەر مەترسیەکانی زیاتر دەکرد . هێرشی چەند بارەو یەکرێزی یان هەندێک جار دەبوە هوی هەڵوەشاندنەوەی میر نشین و داگیر کردنی شارەکە . هەمان شت فاکتەری سەرەکی دەستگرتنی بەنی ئیسرائیل بوو بە سەر ئەردەنی باکوردا . و پاش ماوەیەکشی تەواوی فەلەستینیان داگیر کردوو هەموو میرنشینەکانی ئەوناوچانەیان لە بەر یەک هەڵوەشاندەوە .

پاش بەیاد هێنانەوەی ئەم کورتە مێژووە هەقیقی یە . دەبێت بە دووا دا چوونێکی جدی بۆ ئەفسانەی ئایینی یەهود لە بەر ڕۆشنایی دەقەکانی تەوراتدا بکەین .

پاش مردنی موسا و کۆتایی هاتنی ماتەمگێران یەهوە فەرمانی بە یوشع کرد :

( ئێستا هەڵسەو لە ئەردەن بپەڕیوە تۆو تەواوی قەومەکەت بڕۆن بۆ ئەو ناوچەیەی کە من بە خشیومە بە بەنی ئیسرائیل . هیچ کەس ناتوانێت بێتە سەر ڕێگەت و بەرت پێ بگرێت . .... بۆ هەر شوێنێک کە بڕۆی یەهوە خودای تۆ لەگەڵ تۆیە . یەوشع بە هێرشی بەردەوام و هاوکاری یەهوە توانی 31 پاشا لە ناوچەی کەنعان هەڵوەشێنێتەوە و دانیشتوانی ئەو شانشینانە لە سەر فەرمانی یەهوە بەتەواوی لە ناو ببات و مولک و ماڵیان بەغەنیمە ببات . لەو مێژووەوە تا دەستپێکی دەسەلاتداریەتی داود و یەکگرتنی قەبیلەکانی ئیسرائیل دۆخی ئەو ناوچەیە لە سەر بنەمای ئەریستۆقراتیەت و باوک سالاری بەڕێوە دەچوو . شا فەرمانڕەوا بوو یان دەوڵەتی ناوەندی بوونی نەبوو ، ئەریستۆقەراتی قەبیلە جیاجیاکان لەو کۆبوونەوانەی کە ئەنجامیان ئەدا ، بڕیاری پێویست بۆ پیادە کردنی سیاسەتی نوێ و یەک ڕەوش بۆ هەموو قەبیلەکانیان دەدا . لە کاتی جەنگدا ، ئەنجومەنێکی سەرکردایەتی کەسی بە

ناوی ( شوفت ) بۆ بەڕێوەبردنی سوپا و پرۆسەی جەنگی هەڵ دەبژێردران و سەرکردایەتی شوفت تا ئەوکاتە بەردەوامی هەبوو کە ئەو ئەرکەی کە لە ئەستۆی دابوو بە ئەنجامی بگەیەنێت و ئیتر کۆتایی دەهات . پاش ئەوە تەواوی ڕاسپاردەو وەزیفە کان بە گشتی لە ئەستۆی ئەنجوومەنی ئەرستۆکراتەکاندا بوو . بەم جۆرە تا پاش بەرپا بوونی دەسەڵاتداریەتی لە ئیسرائیل جۆرێک دیموکراسی خەڵکی لە نێوان قەبیلە جیاجیا کاندا هەبوو ، ڕای خەڵک لە هەڵبژاردنی نێوان گیرە کان ( داوەران ) و ئەندامانانی ئەنجوومەن بە هەند وەردەگیرا .

پاش بە شارنشین بوون و دەرکەوتنی ئاسەواری موڵکیەتی تاک و دروست بوونی کەمایەتی چینە باڵاکان و ناوەندی . نەریتی چادر نشینی و حکومەتی ئەریستۆقراتەکانی قەبیلەکان دووچاری گۆڕانکاریەکی بەرچاو بوونەوە . هەنگاو هەنگاو دروشمی ئایینی کەنعانیەکان و ئادابی شارنشینی لە ناو قەبلەکان هەواداری زیاتر دەبوو ، یەهوە پەرستی لەگەڵ گوێرەکە پەرستیدا تێکەڵ بوو . بە جۆرێک کە بە وتەی (ئاینیا ) تەنیا بەشێکی کەم بوو لە یەهودیەکان کە لە بەردەم گوێرەکەکەدا کرنوشیان نەدەبرد .

ئەوەی کە مەبەستیان بوو ڕێبەرێکی سەربازی هەمیشەیی و دواتر دەسەڵاتی بە میراتی بۆماوەیی بوو بە ئاشکرا خزاندیانە ناو ئایینی ئیسرائیلیەوە . هێرشەکانی ( فیلیستر و مدیان ) نەکان و هەندێک قەبیلەی تری هێرش بەر ئامانجیان داگیر کردنی بەروبوومی کشتوکاڵی و وڵاغ و ڕانە مەڕ و ئاژەڵی یەهودیەکان بوو . جدعون کە پیاوێکی بەهێز بوو ، سوپایەکی پێک هێنا و مدیانەکانی لە خاکی یەهود کردەدەرەوە . پیاوانی یەهود داوایان لە جدعون کرد کە فەرمانڕەوایەتیان بکات بەڵام ئەو ئەو داواکاریەی قبوڵ نەکرد . بەڵام کوڕەکەی ( باوکی ملک ) سێ ساڵ فەرمان ڕەوایی ئیسرائیلیەکانی کردن ، بەڵام ڕەفتاری خراپی ئەو نارەزایەتی گشتی لێکەوتەوە و هەڵات . ژنێک بەردێکی هەڵداو بەر سەری کەوتو کوشتی . ئیدی سەردەمی نێوانگرەکان ( داوەران ) و ئەنجومەنی بەڕێوە بردن دووبارە دەستی پێکردەوە .

پایە ڕاستەقینەکانی دەسەڵاتداریەتی لە ناو قەومی یەهود دا . لە سەردەمی ئاول تێپەڕی و لە سەردەمی داود و سلێمان پتەو بوو .

خەڵکی داوایان لە سامۆئل کرد کە هەم دادوەرو هەم پیاوێکی ڕۆحانی بوو . تا پاشایەکیان بۆ دیاری بکات ، کە بە نەریتی هەموو قەبیلەکان فەرمانڕەوایەتیان بکات . سامۆئل لە ئەنجامی ئەو کارە ناڕازی بوو ، بەڵام چوونکە خەڵکەکە هەر سوربوون لە سەر داواکاریەکەیان ، یەهوە بە سامۆئلی وت : ( دەنگی قەومەکەت ببیستە ، ئەوان وازیان لە تۆ نەهێنا ، بەڵکو منیان وازلێهێنا پاشایەکیان بۆ دیاری بکە ) سامۆئل 1و7-8

سامۆئل بە ڕێنمایی یەهوە شائۆل کە گەنجێکی باڵا بەرز و جوان و سەرنج ڕاکێش بوو ، بەڕێکەوت بۆ ڕاوێژ پێکردن هاتبوو بۆ لای سامۆئل ، کردیە فەرمان ڕەوای یەهود ، جامێک ڕۆنی ڕشت بەسەریدا و ئەوی بە مسیح ڕاگەیاند . شائول لەشکرێکی کۆکردەوەو پاش شکستی کەنعانیەکان سندوقی پەیمانەکان کە ئیرائیلیەکان لە جەنگەکانی پێشودا لە دەستیان دابوو ، بۆی گێڕانەوە ، شائول تەمەنی سی ساڵ بوو کە بووە پاشا ، بەڵام چوونکە کردەوەکانی جێگای پەسەندی یەهوە نەبوو ، پەشیمان بوو لەوەی کە شاولی بە شا هەڵبژاردووە ، بۆیە لە پاشایەتی خست . بە سامۆئلی وت تا داود مناڵی بچوکی دوواهەمینی ( بيت الحم ) بە مەسیح و هەڵبژاردەی یەهوەی ڕابگەیەنە . پاشان سامۆئل ڕۆنی ڕژاند بە سەر داودا و ئەوی لە ناو براکانیا پاک کردەوە .

له جەنگێکدا کە لە نێوان فەلستینیەکان و بەنی ئیسرائیل ڕوی دا ، پیاوێک بە ناوی گولیات ( goliath (کە باڵای شەش باڵ و نیو کلاوێکی لە سەردابوو لە بەریشیدا بەرگرێک کە پێنج هەزار مسقاڵ بوو هاتە گۆڕەپانەکە . بەڵام لە ناو لەشکری ئیسرائیل کەس جورئەتی ئەوەی نەبوو لەگەڵیا شەربکات . داود لە لایەن باوکی خۆیەوە نێردرابوو تا نان و پێداویستی بۆ براکانی ببات لە ناو لە شکرەکەی شائول کە لەگەڵ فەلەستینیەکاندا دەجەنگی .. بە داودی وت هە ڕکەس ئەو پیاوە بکوژێت شائۆل کچەکەی خۆی دەداتێ و سەروەتێکی زۆریشی پێ دەبەخشێت . داود ڕۆشت و یەکەسەر دەستی بە شەڕ کردن کرد لە گەڵ گولیات .. داود پێنج بەردەی تیژی کە لە دەریا هەڵ گرتبوو لە ناو کیسەی شوانیەکەیدا ، و یەکسەر گرتنی بەدەستەوە و چوە گۆڕپانی شەڕ . گولیان بۆ کوشتنی داود نزیبویەوە و بەردێکی لە کیسە کەی دەرهێنا و کردی بە سکی گولیاتدا و گولیات کەوت و داود بە شمشێرەکەی خۆی کوشتی .

فەلەستینیەکان کە بینیان پیاوە قارەمانەکەیان کوژرا هەڵاتن . شائول کە بەڵێنی دابوو کچەکەی خۆی بە داود بدات ڕۆژ بۆ ڕۆژ پەشیمان دەبویەوە و بێباک بوو لەوەی کە هەر نەیداتێکی ، و یستی بە نهێنی داود بکوژێت . داود بەمەی زانی و هەڵات و چو بۆ ئەشکەوتەکانی عدلام ( adullam ) براکانی و تەواوی خێزانەکەی داود بۆ بەڕێوە چوونی ژیانی قەرزی کرد ، لە وانەی کە لە دەوری کۆبوو بوونەوە و بەگشتی چوار سەد کەسی خڕ کرد . داود چوو بۆ ناوچەی یەهودا و دەستی بە هەر کەس گەیشت کوشتی و ماڵ ‌ و مولکە کەی بۆ بونادی بەهێز کردنی سوپا بچووکەکەی داگیر کرد . داود دڵنیا بوو بوو لەوەی کە هەر ڕۆژێک بێت شائول دەی کوژێت . هەڵات بۆ ناوچەی فەلەستینیەکان . لەو جەنگەی لە نێوان شائول و فەلەستینیەکان ڕویدا . شائول و سێ کوڕی کوژران . داود گەڕایەوە بۆ یەهودا و بوە پاشای یەهودا . بەڵام جەنگ لە نیچوان خێزانەکانی شائول و داود هەر بەردەوام بوو ، داود فەرماندەی سوپاکەی شائول کەناوی ئابنر ( abbner بوو فریودا و میوانداری کرد بو یەهودا و لە سەر شەرەفی ئەو میواندایەکی مەزنی بۆ ڕێکخست و زۆر ڕێزی لێ گرت . بەڵام فەرمانی کرد لە کاتی گەڕانەوەیدا کوشتیان . داود کە دەست و پێوەندەکانی شائولی ئیتر بە مەترسی نەدەزانی بە ئاسانی دەستی بە سەردا گرتن و ماوەی سی و سێ ساڵ فەرمان ڕەوایی ئیسرائیلیەکانی کرد . شکستی بە فەلەستینیەکان هێنا و کیشوەرێکی بۆ یەهود بونیاد نا . سندوقی پەیمانەکانی گواستەوە بۆ ( تە سیمون ) لە ئورشەلیم ناوەندی حکومەتەکە خۆی و بە هاوکاری ( ناتان نی ) بوە پادشاو لایەنی خواوەندیەتی بە خۆی بەخشی و بوە میرات گرەوەی خێزانەکەی .

(نەوەکانی تۆ کە لە پشتی تۆ بوون بەهێز دەکەم و فەرمان ڕەوایەتیان تا ئەبەد بە پایەداری دەهێڵمەوە ) سامۆئل 302-7

داود بە گواستنەوەی سندوق پەیمانەکان بۆ ( سیون ) و بەرپا کردنی هەستێکی ڕۆحانیانەی جێگیر بۆ خزمەت کردنی یەهوە و دانانی نەریتی پەرستن و قوربانی کردنی برژاندن . وابەستەیی ئایینی و سیاسەتی پێکەو گرێدا . ناوندیەتێکی بە خشی بە ئیسرائیل ز داود بۆ دەست ڕاگەیشتنی بە مەبەستەکانی خۆی چەندین بنەمای ئەخلاقی دانا . لەگەڵ ئەوەی کە شائول هۆی پەرەسەندنی بوو . لە یەکەمین دەرفەتدا لە دژی ئەو ڕا پەڕی هەتا لەگەڵ فیلیستەرکان بۆ لە ناو بردنی ئەو یەکی گرت ، بە کوژرانی شائول فەلەستینیەکانیشی لە ناو برد . ( لە کاتی ئێ ‌وارەدا داود لە بەستەرەکەی هەستا و چو بۆ پشتی خێیمەکەی و لە پشتی خەیمەکەیەوە ژنێکی بینی کە خۆی دەشۆرد . ئەو ژنە زۆر جوان بوو پاشان داود کسێکی ڕاسپارد دەربارەی زانیاری بزانێت . پێیان وت کە ئەو ژنە ( بس شبع – bath-sheba ( کچی ئالیام( eliam ) و هاوسەری ئوریا ( urie ) یە . دادو خزمەتکارەکانی ناردوو ژنەکەیان گرت , دادود لە گەڵیدا جوت بوو ، ئەو ژنە دوای ئەوەی زانی کە چییان لەگەڵ ئەنجام داوە گەڕ ‌ایەوە بۆ ماڵەکەی ، ئەو ژنە سکی پڕبوو ، و داودی ئاگادار کرد . و تی کە من سکم پڕبووە . پاشان داود بۆلای ( یوئاب ) کەسێکی نارد . کە ( ئوریا ) بۆلای من بنێرە . یوئاب ئوریای نارد بۆ

لای داودا ، هەر کە ئوریا گەیشتە لای داود داود هەواڵی سەلامەتی قەوم و سەلامەتی یوئابی پرسی و دەربارەی جەنگ پرسیاری لێ کردو پێی وت . بڕۆڕەوە ماڵەکەی خۆت و قاچەکانت بشۆ ، وریا لە ماڵی پاشا ڕۆشتە دەرەوەو چو لەگەڵ ئەو بەندەکانی لەوێ بوون خەوت و نەچوە وە ماڵی خۆی ، پاشان داود ئەوی بانگ کردەوە و پێی وت : ئایا تۆ لە سەفەر نەگەڕاویتەوە ؟ ئیتر بۆچی نەچویتەوە ماڵەکەی خۆت . ؟ ئوریا وتی سندوقی ئیسرائل و یەهودا لە خەیمەدان و فەرماندەکەم یواب و خزمەتکارەکانی لە بیاباندا لە خەیمەدا دانیشتون ئایا دەبێت من برۆمەوە ماڵەوە و بخۆم و بخۆمەوە . داود بە ئۆریای وت : کە ئەمرۆکە لێرە بەو بەیانی دەت نێرمەوە . بەرەبەیان نوسراوێکی بۆ یواب نوسی و دای بە دەست ئوریا وە . لە نوسراوەکەدا نوسیبی بووی کە ئریا بخەرە پێشی پێشەوەی جەنگ ، و لە پشتیەو برِۆ تا بریندار‌بێت و بمرێت ) ساموئل 11/2/2.18

یوئاب فەرماندەی سوپای داود ، ئۆریای لە هێڵی پێشەوەی جەنگ دانا و تا لە گۆڕەوپانی شەر بکوژرێت و داود بس شبع بکاتە ژنی خۆی ، ئەم ژنە دایکی لێکان و داپرەی عیسایە .

کاتێک دادود پیر بوو چوە تەمەنەوە ، کورەگەورەکەی ئەو ئودونیا ، لە سەر بنەمای نەریتی خێڵەکایەتی ، و عەشیرەیی و مافی فەرمان رەوایی ، بوە جێگرەوەی باوکی ، بەڵام بس شبع خوشەویستی حەرەمی داود بوو ، کە داوای کردبوو کورەکە ئەو سلێمان ببێت بە پاشا . بە هاوکاری ناتن تبی و فەرماندەی گاردی تایبەتی داود ، چونە لای دادود و رێکەوتن کە دادود رازی بکەن سلێمان ببێتە پاشا . داودیش لە ناو کۆمەڵکەدا سلێمانی کردە جێگرەوەی خۆی ، کاتێک داود لە تەنیشت باو و باپیرانیەوە بە خاک سپێردرا ، و سلێمانیش بووە پاشا . فەرمانی کرد تا ئودونیا و یۆئاب فەرماندەی سوپاکەی داودیان کوشت .

سلێمان کچی فیرعەونی کردە ژنی خۆی و سنووری مەملەکەتەکەی خۆی لە رووباری فوراتەوە تا نزیکی میسر فراوان کرد . سلێمان چل هەزار ئاخوڕی ئەسپی بە 1400 گالیسکەی جەنگیەوە و دوانزە هەزار سوار پارێزگاری دەکرد . حکومەتی سلێمان لە حکومەتەکانی تەواوی خۆرهەڵات و لە حکومەتی میسریەکان دەست باڵاتر بوو ، سێ هەزار پەندی وتبوو ، دەربارەی درەخت و هەمو گژو گیاو باڵندەکان هەمشت قسەی دەزانی . لە بارەی هەموو بونەوەرەکانەوە گوایە زمانی هەمویانی زانیوە . ) شاهان یک 4/1/23

سلێمان پەرستگەیەکی بە ناوی هیکل بۆ یەهوە و کۆشکی مجللی بۆ خۆی دروست کرد ، بۆ ئەنجامدانی ئەمانە خەڵکی بە بێ گاری گرت . بۆ دابین کردنی ئەو بینایانە بودجەی زیادی دانا ، پاش تەواو کردنی پەرستگەکە سندوقی پەیمانەکانی بە رێو رەسمی زۆر بەشۆ و بە ئامادەبوونی تەواوی رۆحانیەکان و ریش سپی و پیاو ماقوڵانی ئیسرائیلی بردی بۆ ناو پەرستگەکەو لە شویچنێکی زۆر پیرۆزدا لە پشتی میحرابەکەوە لە ژێر باڵی فریشتەکان داینا . و قوربانی زۆری ئەنجامدا بۆ یەهوە .

(لە سنوقەکەدا جگە لە دوو لەوحەی بەردین کە موسا لە شاخی هور خستبویە ناویەوە هیچی تری تیا نەبوو ) شاهان 1.9-8 بۆ ئەنجامدانی مەراسیمی پەرستن و پێشکەش کردنی قوربانی ، سلێمان هەندێک لە کاهینەکانی بەعلی بە شێوەی شارەزای ئەنجامدانی دروشمە ئایینیەکان هێنا بۆ ناو پەرستگەی هیکل .

( مەلیکە سبا دەنگی سلێمانی لی بارەی ناوی خوداوەند بیست . هێنای تا ئەو لە سەر هەندێک بابەت تاقی بکاتەوە، بە شان و شەوکەتێکی زۆر مەزنەوە بە چەند وشتریکەوە کە بارکرابوون لە زێرو زیو

شتی گرانبەها هاتە ناو ئورشەلیم . چوە لای سلێمان و لەگەڵیدا ئەوەی لە دڵ و دەرونیا بوو باسی کرد . ) شاهان 1/4/1-10

هەرچەندە دەقە راشکاوەکانی تەورات فرە ژنی لە پاشاکان قەدەغە کردووە (تسنیە 17-17 ) و فەرمانیان پێدەکات هەر چۆن لە سەر تەختی پاشایی دانیشتون ئاواش نوسخەیەک لە شەریعەت بۆ خۆیان لە تۆماریکدا بنوسن و هەموو ڕۆژەکانی تەمەنیان ئەژمار بکەن ، و لە یەهوە بترسن و وەزفە ئایینیەکان پارێزگاری لێ بکەن و هەڵسوکەوتیشی پێ بکەن . سلێمان جگە لە کچی فیر عەون ، حەوت سەد ژن و کەنیزەک و سێ سەد موتعەی هەبوو . زۆرینەشیان لە قەبیلەکانی ( موابیان ، و ئامونیان ، ئادومیان ، و سیدونیان و هیتیەکان ) بوون ، ژنەکانی سلێمان ئەویان ناچارکرد کە پەیرەوی لە پەرستنی خوداکانی تریش بکات و ( عشتورت – ashtarte ) خودای سیدونیان و ( ملکوم – milcom ) خودای ئامونیت ، و لە لەتکەی شاخەکان بەرانبەر ئورشەلیم پەرستگەی بۆ کموش ( ( kemosh و خودای مئاب و ملک ( ( moloc خودای بەنی عمون دروستکرد .

پاش کۆچی دوای سلێمان ، ڕحبعام ( ( rehoboam لەسەر خۆ هات تا خەڵک ئەو بە پاشا قبوڵ کەن . بەڵام فشارێک کە سلێمان بۆ ئەنجامدانی بەرنامەی پرۆپاگندەئامێزی نەریتی ئاینی خۆی دابنابوو ، ئەو باج و خەراجە زۆرەی کە لە سەریان دای نابوو خەڵکی ڕاکێشا بۆ بەرپاکردنی شۆرش و یاخی بوون . فەرماندەی سوپا رحبعام کە بە بێگاری هێنرابوو ، بەردبارانیان کردوو خودی ڕحبعام لە ترسا لە ئۆرشەلیم هەڵات . بە پراکتیکی فەلەستین دابەش بوو بۆ دوو بەشی باشور ( ئیسرائیل و ) باکوری ( یودا ) . تەنیا بەشی باکوری کە هۆزی یودای تیادا نیشتە جێ بوون ، سەربە داود مانەوە .

لەو بەشە بەدوواوە و لە میچژووی یەهود دا تا هەڵوەشانەوەی یەکجارەکی هەردوو حکومەتی باشور و باکور بە دەستی دەسەڵاتدارانی بابلی . ڕوداوێکی ئایینی تر ڕوی نەداوە . ئەو مێژووە بەهیچ جۆرێک باس نەکراوە .

بەرایی دوانزەیەم :

پەیامبەرکانی ئیسرائیل

یەکێک لە تایبەت مەندیەی دیارەکانی ئاینی یەهود ، بوونی چەندین کەسایەتی جیاجیایە کە کە بونەتە پەیامبەرو سروشی خودایان بۆ هاتوە و پەیوەندیان لەگەڵچ خودادا هەبووە . هیچ یەکێک لە پەیامبەرەکان ئایینێکی نوێیان بۆ خەڵک نمایش نەکردوە ، بەڵکو تەنیا پێش بینی یەکانی یەهوە مەزنی یەهوە وەبیر

هێنراوەتەوە ، و خەڵکیان هانداوە بۆ ئەنجامدانی وەزیفە ئایینی یەکان و لەو ئەشکەنجەیەی کە چاوەڕێی گوناح کاران دەکات ، هۆشداریان داوە . ئایینی یەهود لە سۆنگەی بەدیار کەوتنی پەیامبەرەکانیەوە ، لە ناو ئایینە زیندوەکانی دنیادا ، کرت کراوەتەوە بۆ تاک ، تەواوی ئاینەکان لە لایەن یەک کەسەوە بونیاد نراوە ، پاش مردنی بونیاد نەری ئایینە کە گەشە و پێشکەوتنی خۆی لە دەستداوە و بەرەو پوکانەوە و چەق بەستنی فیکری ڕۆشتوە . ئایینی یەهود ، بە دەرکەوتنی پەیامبەرە یەک لە دوای یەکەمانی جوڵەی بەردەوامی خۆی لە ئایینێکی سەرەتایی و چەند خودایییەوە دەست پێکرد وەو لە ئەنجامی قبوڵ کردنی هزری نوێ و پێشکەوتندا خۆی دەرخستوە . خودای قەبیلەی یەهود شێوەی جیهانی بوونی بە خۆی گرتوە . تا ئەوکاتەی ئەم جوڵەیە بەردەوام بێت ، ئایینی هزری نوێ بۆخی ڕادەکێشێت . بەڵام پاش نەمانی پەیامبەر حاڵەتی گەشەی ئایینی یەهو بەرەو پوکانەوەی ئایینی و چەقبەستنی هزری کۆتایی هات و ژیانی ئایینی لە جوڵە وەستا .

1-پەیامبەران پێش مەنفا .

پەیامبەرەکانی پێش مەنفای یەهود ، خوێندکارە خوێندنگا یان کاهینی پەرستگە نەبوون . ئەوان خەڵکانێکی سادەو ساکار بوون کە قسەیان لە بارەی دۆخ و ژیانی خەڵکەوە دەکرد و ۆشداریان پێ دەدان . و ڕوئیای خۆیان بە شێوەی قسە و ئیلهامی خودای بۆ خەڵک دەگێڕایەوە .

لە پەیمانی نیوان گیرەکان ( داوران ) دا پەیامبەرەکان بە زمانی عیبری نبیئیم ( nebi im ) دەیان وت : ئەم کۆمەڵەیە دەڕۆشتنە ناو کۆمەڵی دەرویچشانەوە بە دەف و تەپلچەوە ملی ڕێگایان دەگرت و لە ئەنجامی کاریگەری ڕاکێشان و سۆزی ئایینی دەونە حاڵەتی بێهۆشیەوەو وشەی قسەی وایان دەکرد کە خەڵک ماناکەی نە دەزانی و تێنەدەگەیشتن . سامۆئل لە ناو داواکانی تری شائۆلدا دەڵێت :

(بە چونە ناو شار ، تۆ ڕووبەڕوی یەک دەستە پەیامبەر دەبیتەوە ، کە لە سەرەوە بۆ خۆراوەیە . لە بەردەمی ئەواندا دەف و تەپڵ و فلوت لێ دەدەن و ئەوانە دەتکەن بە پێغەبەر . ڕۆحی خودا خوا لە تۆدا بەدیار دەکەوێت و تۆ دەبیتە پەیامبەری ئەوانە ، و تۆ دەبیتە کەسێکی تر ، ) سامۆئل1/5/7-10

کاتێک شائۆل گەیشتە لای پەیامبەرەکان ، ئەویش بوە پەیامبەر ، تەواوی ئەو کۆمەڵەیە کە ئەویان دەناسی وتیان : ( چە بەسەر کوڕی تەڵەکە بازدا هاتوە ؟ ئایا شائۆلیش لە دەستەی پەیامبەرەکانە ؟ ) سامۆئل 1.11.10

بە تێپەڕینی کات جۆش و خرۆش و حاڵەتی نا ئاگایی ( جەزمە ) لە ناو چوو ئارامیەکی زیاتر دروست بوو ، لەوە بە دوواوە ، پەیامبەرەکان بە شێوەی تاک لە دەوری بابەتی ئایینی دیالۆگ و قسەیان دەکرد ، و قوتابخانەی پێغەمەرایەتی لەگەڵ سەلامەتی عەقڵی و سەفی زیاتر پایە ڕێژی کرا . دەستەیەک لە پەیامبەرەکان ، پێکەوە گروپێکیان پێک هێنا و ناویان نا ( خانەی نبی ئایم ) ئایلیا و الیشع ، لە دەستەی پەرەوەردەکارانی هەمان گروپدا بوون . هەندێک لەو کەسانەی کە ئیدعای پێغەمبەرایەتی دەکرد زۆربوون .

تەورات لە هەمبەر ئەو پەیامبەرانەی وەکو : ناتان و هانا و هوڵدا ناوی هێناون کە هیچ یەکێک لەوانە جگە لە ناوەکانیانیان هیچیان لە پاش بەجێنەماوە . جگە لە کەسانی تر کە هەبوون ، و تەورات ئەوانەی بە پەیامبەر درۆین ناو بردووە . هەندێک لە پەیامبەرەکانی یەهود جگە لە چەند نامەیەک هیچیان لە پاش بە جێ نەماوە . و نامەکانی هەندێکیشیان هەتا بەهای یەک جار خوێندنەوەیشی نیە .

لەو سەردەمانەی کە بەنی ئیسرائیل ، لە ئەنجامی تێکەڵ بوونیان لەگەلچ کەنعانیەکان بە بت پەرستی و ئینحرافاتی ئایینی ئالودە بوبون و کاهینەکان تەنیا نەریت و ڕێو ڕەسمی ڕەواڵەتیان ئەنجام دەدا و

قوربانی سەربڕینی ئاژەڵیان ڕەد دەکردەوە . پەیامبەرەکان لە بەرانبەر ئەنجومەنی باڵادەستی کاهینەکانی پەرستگەدا نیگەرانی و نارەزایەتی خۆیان دەربڕی و کردەی ناخودائی و دروشمی وشکە پەرستگە یان خستە ژێر رەخنەو تانە لێدان .

گرنگترین پەیامبەرەکانی ئەنی ئیسرائیل پێ مەنفا بریتین لە :

• ئایلیا و الیشع

ئەم مامۆستاو شاگردەی لە سەردەمی ئاخاب ، لە کاتی فەرمانڕەوایەتی کەنعان لە باکور ڕاپەڕین . ئاخاب هانی ژنەکەی خۆی داو ( ئیزابل ) بە مەبەست وشتر پەرستی لە ناو ئیسرائیلیەکاندا بایەخ پێ بدات .

(کاتێک ئایلیا بوە پەیامبەر ، تەنیا بەشیکی کەم لە ئیسرائیلیەکان بون کە لە بەرانبەر پەیکەری وشترەکەدا کرنوشیان نەبردبوو ، و ئەویان نەپەرستبوو . ) شاهان 1-18

ئایلیا چووە لای ئاخاب و وتەی خودای پێ ڕاگەیاند ، و داوای لێ کرد ، تا تەواوی پەیامبەرەکانی وشتر لە شاخی کرمل میوانداری بکات . چوار سەد و پەنجا کەس لە پەیامبەرەکانی وشتر کۆبوونەوە ، پاشان دوو گایان ئامادە کرد ، پەیامبەرەکانی وشتر یەکێک لە گاکانیان سەربڕی و خستیانە سەر هەندێک دار . بڕیار بوو هەر دەستەیەک بە ناوی خودای خۆی دەست پێ بکات و لەو گۆشتە بخۆن ، ئاگرەکە هەڵنەگیر سا ، پەیامبەرەکانی وشتر لە بەیانیوە تا نیوەڕو خەویان لێ کەوت بەڵام هیچ دەنگێک نەهات و ئاگرەکە هەر هەڵ نەگیرسا ، ئەوکات ئایلیا تەواوی قەومەکەی خۆی میوانداری کرد تا بچن بۆ لای ، ئایلیا جێگایەکی بە ناوی یەهوە دروست کرد ، ئاگردانی لێ دانا و گا کەی تری سەر بڕی و پارچە پارچەی کردوو خستیە سەرئاگردانەکە ، پاشان داوای لە خودای ئیبراهیم و ئیسحاق کرد تا ئاگردانەکە هەڵگیرسێت . نزاکەی ئایلیا گیرا بوو ، ئاگرێکی بڵێسەدار لە ئاگردانەکە هەڵ بوو کە قوربانیەکەو دارو بەردو خاک و هەتا ئاوی ڕووبارەکەیش ئاگریان گرت . قەومی ئیسرائیل هاتن بۆ لایی و پەیامبەرەکانی وشتریان گرتو هەموویان کوشتن . ) شاهان1 ، 19/40-18

ئیزابل ککە ئاگاداری ڕووداوەکە بوو هەرەشەی مەرگی لە ئایلیا کرد و ئایلیا هەڵات بۆ یەهودا ، لە کاتێکدا کە ئایلیا بە نهێنی نزیک بویەوە لە سیدون ، تا بە پێی فەرمانی یەهوە بچێتە لای بێوەژنێک و نیشتە جێ ببێت ، ڕێکەوت بوو لە گەڵچ ئەو سەوردەمەی کە کوڕی ئەو بێوە ژنە تازە مردبوو ، پاشان ئایلیا جەستەکەی هەڵگرتوو بردی بۆ باڵاخانە . سێ جار خۆی بە سەر جەستەکەدا درێژ کردوو لە لای خودا نزای کرد . خوداوەند دەنگی ئایلیای بیست . نزاکەی گیرا کرد ، و گیانی کوڕەکە گەڕایەوە و زیندوو بویەوە . ) شاهان1 ، 21-17

ئایلیا لە سەفەرێکدا کە لەگەڵ شاگردەکەی بۆ ئەردەن دەرۆشتن ، گەیشتە کەنار ڕووبارەکە :

( ئایلیا عاساکەی ڕاوەشاند و دای لە ئاوەکە ئاوە کە بوە دوو بەش و هەردووکیان بە ناو وشکایدا پەڕینەوە ) شاهان2.8-2

هەروەها ئەوان بەڕێوە دەرۆشتن ، گالیسکەیەکی ئاگرین و بە دوو ئەسپی ئاگرینەوە ئەوانیان لە یەکتر جیا کردەوە و ئایلیا بەرەو ئاسمان بەرز بویەوە ) شاهان2 .11-2

(پاشان ئالیشع دارعاساکەی ئایلیا کە کەوتبوو ، هە ِی گرتەوە و گەڕایەوە بۆ کەناری ڕووبارەکە و دارعاساکەی ئایلیای بەرز کردەوە دای لە ئاوەکەو ئاوەکە بو بە دوو بەشەوە و ئالیشع بە وشکایدا پەڕییەوە ) شاهان2.14-2

ئالیشع پاش هەموو ئەو موعجیزە سەر سوڕهێنەرانەی کە لە بەرایی موعجیزاتدا بە کورتی باسکرا ، بۆ لە ناو بردنی منالّەکانی ئاخاب و ژنەکەی ئیزابل پیاوێکی بەناوی یەهو ( yehu )راسپاردوو ئەوی هاندا تا پرۆپاگندەیی پاشایەتی بکات . یەهو کوڕی ئاخاب و دایکی کوشت . پاشان هەوادارانی وشتر و پەیامبەرەکانی وشتری بۆ جێگایەکی پیرۆز میوانداری کرد . گۆشتی زۆری برژاند ، پاش قوربانی کردنەکە ، فەرمانی دا تەواوی لایەنگرانی وشتر کە ئامادە بوون لە میوانداریەکەدا کوشتنی و خانەی وشتری وێران کرد . ) شاهان2، 20-11

گەرچی بەم هەنگاوەی یەهو شکستێکی گەورە درا لە لایەنگرانی وشتر لە ئیسرائیلدا . بەڵام بەعل پەرستی بەیەکجاری لە ناو نەچوو . ماوەیەک دریجژەی کێشا تا لایەنگرانی یەهوە هێزیان بەدەستەوە گرت و یەهوە پەرستی یان ڕەونەق پێدا .

عاموس ( amos )

عاوموس پێش شکستی ئیسرائیلیەکان و دەستپێکی مەنفای یەکەم لە فەلەستین خەریکی فیرکاری بابەتی ئایینی بوو . عاموس لە ئورشەلیم لە دایک بوو ، بە مەزنترین پەیامبەری بەنی ئیسرائیل لە دووای مەنفا وە ئەژمار دەکرێت . ئەو سەرقالّی شوانی و هەنجیر چنین بوو . کاتێک ڕانە مەڕەکەی خۆی بۆ فرۆشتن بردە شار . باوەڕی ئایینی و ئینحرافاتی ئەخلاقی ئەوی گۆڕی ، ئەو ئەوە فیر بوو کە سۆز و ویژدان و دادپەروەری لە ناو خەڵکدا نەماوەو بێ ئەخلاقی و بوەتە جێگرەوەی باوەڕشە ئایینیەکان . ئەوەی کە ئەو بە بیردا هات لە دویدا بووە پەیامبەر ئەو دەی وت : (من پێغەمبەرم و نە کوڕی پێغەمبەر , بەڵکو شوان بووم و هەنجیرم ڕنیوە . خوداوەند منی لە پشتی مەڕەکانەوە گرت و پێی وتم بڕۆ لە سەر قەومەکەت ئیسرائیل ببە پێغەمبەر ) عاموس 14-7

عاوس سەردەمێکی نوێی لە پرۆپاگندەی ئایینی یەهود دەست پێ کرد . و شێوەیەکی نوێ ی لە یەهوە پیشانی خەڵکدا . لە هیچ یەکێک لە بەرایی کتێبەکەی عاموسدا یەهوە . خواستیاری ئەنجامدانی نەریتی ئایینی نەوبووە بەو جۆرە توند ڕەوانەی کە کاهینەکان باسیان دەکرد . بەڵکو لە جیاتی پێش کەش کردنی قوربانی ، خەڵکی بۆ پیادەکردنی دادپەڕەوری و زینویەتی ویژدان ڕیچنمایی دەکرد .

( من لە جەژنەکانی ئێوە بێ بەریم و نەفرەتیان لیچ دەکەم . بۆنی خۆشی جێگاکانی ئێوە ناکەم . ئەوکات کە ئێوە بۆ من قوربانی برژاندن و خەڵات پێشکەش دەکەن . خەڵاتەکانتانم قبولّ دەکەم ، بەڵام قوربانی کردنی ئێوەم ناوێت . ئاهەنگی سرودەکانی خۆتان لە من دوور بخەنەوە ، هاوکات نامەوێت گوێ لە نەغمەی ئاهەنگەکانی ئێوە بێت . تا ئەوکاتەی کە ویژدانتان وەکو ئاو و دادپەروەری هەروەکو دەریا بێت . ) عاموس 5/21/25

(ئایا قوربانی و خەڵاتتان بۆ ماوەی چل سالچ لە بیاباند بەڕێکرد ؟ بەڵکو خێمەی شاهان و پەیکەری بتەکانتان و ئەستێرەی خودایانی خۆتان کە دروستان کردوە لەگەلچ خۆتاندا بردتان ) 26-5

عاموس فاکتری سەرەکی گەندەڵی کۆمەڵگە بە چاوچنۆکی نەریتی سەردەمەکەی دادەنا :

( تۆ کە لە کۆشەکەکانتدا بەرهەمی زوڵم و زۆر داگیرکاریت پاشەکەوت دەکەیت ڕەفتارێکی باش ناناسیت ) عاموس 11-3

(ئەی تۆ کە هەق بە دەردی دڵ دەگۆڕیت و دادپەروەری پێشێل دەکەیت . باجی گەنم لە مسکێنەکان وەردەگریت و کۆشک لە بەردی مەرمەڕ دروست دەکەیت ، بەرتیل وەردەگریت و هەژاران لە مافی خۆیان مەحروم دەکەیت داوای چاکە بکە نەک خراپە ، تا بە زیندویی بمێنیتەو ) عاموس15/7-5

( له ناو بيت ئايل دوربكەونەوە و نەڕۆن بەلای گيلگال ( guilgal ) دا و سەيری لای كرۆڤی چاو چنۆک مەکە و يادی خوا بکەرەوە ، تا بژيت ) عاموس 5-5

کاهينی بيت ئايل کە لە قسەو وتەکانی عاموس بە توندی نيگەران بووە ئەوی بە ناوی پاشا لە خاکی يەهودا دورخستەوە .

هوشع ( hoshia )

لە باشوری کەنعان لە دايک بووە ، ئەويش هەر وەکو عاموس چۆن بێ ئيمانی خەڵکی زياتر لە گۆشەنيگای کۆمەڵايەتی و ئەخلاقيەوە هەڵسەنگاند و بوە ڕێبەريان . هوشع بە پێچەوانەی عاموس کە تەنيا خەڵکی لە تورەيی و نەفرەتی يەهوە دەترساند ، کاتی بەرينی بەرگری کردن لە خەڵکی بۆ ئەنجامنەدانی کردەی دژی ئايينی ، ئەوانی لە دادپەروەری و ويژدانی يەهوە هيوا دار دەکردو کاهينەکان و دەسەڵاتی باڵای بە بەرپرسياری گومڕايی خەڵک دەزانی .

(گوێبگرە لە قسەکانی خودا ، نەوەکانی ئيسرائيل ، هاوکات خودا لە دژی دانيشتوانی ئەو مولکە داوکاری نيشتە جێ بوون دەکەن . لەو مولکەدا ئيتر ڕاستی و بەزەيی و داد پەروەری نابێت ، بە هيچ جۆرێک ئەوە پێی ناوترێت خودا ناسی ، شتێک جگە لە پەيمان شکێنی ، و درۆ و کوشتن و دزی و زيناکاری بوونی نيە . توندو تيژی و کوشتن بەم جۆرە کە مەملەکەتێکی نەفرەت لێکراو دەبێت . هەرکە لەوێدا بژی لاواز و بێچ دەرتان دەبێت ، هەتا ماسی يەکانی دەريا و باڵندەکان ناتوانن هەوا هەڵبمژن ) هۆشع 4/1-4

(گويچ لەوە بگرە ، ئەی کاهينەکان زۆر جوان گوێبگرن خێزانی پاشاکان ئەوە بە ويتی خۆتانە ، هاوکات ئێوە لە سەرەتای ڕێگادا شکست دێنن قەومەکەی من نابود بوو ، بۆ ئەوەی کە مەعريفەی لە دەستدا ، هاوکات ئەوت لە مەعريفە دورخستەوە ، من تۆ دەخەمە شوێنێکی دوور و نەوەکەی تۆ لە ياد دەکەم ، فەحشا و شەراب ، مەنتيق و عەقڵ لە ناو دەبات . قەومەکەی من ڕاوێژ بە بتی لە دار دروستکراو دەکات ، و بۆ ئەو بتانە لە سەر لوتکەی شاخەکان دا قوربانيان بۆ ئەنجام دەدەن و لە سەر تەپۆڵکەکان بخورديان بۆ دادەگير سێنن )هۆشع 6/14-4

(بگەڕێوە بۆ لای خودا کە ئەو نەفرەتت لێدەکات بەڵام دەرمانی بينەکانيشت دەکات ، ئەو دوو ڕۆژ ژيان بە ئێمە دەبەخشێت . خودا بناسين و سوپاس گوزاری ناسينی ئەو بين ، هاوکات من ڕەحمەتم دەوێت نەک قوربانی ، و ناسينی خودا لە پێش قوربانی کردنەوەيە . ) هۆشع6/1/6

بەڵام تۆ بگەڕێوە لای خودا و ڕاستی ببينە ، لەو ڕۆژەدا من لە گەڵ ئەوانەدا پەيمانی يەکێتی دەبەستم ، من بە حەقيقەت ، ڕاستی و دروستی دەبمە هاوڕێی تۆ ، تۆ دەتەوێت خودا بناسی ، ئەو ڕۆژانە من ئاسمانەکان دەبەخشم ، ئاسمانەکان و زەويم بە خشی ، من لو ئامی ( lo- ammi ) م وت : تۆ قەومی منيت و ئەو وەڵامی نەدايەوە ، تۆ خودای منی ) هۆشع 2/20/25

(دادپەروەری جێبەجێچ بکە . تا سۆزلە ڕق دوربکەوێتەوە ، يادی خودا بکەرەوە تا بێت بۆ لات ، وە لە سەر تۆ دادپەروەری ببارێت ) هۆشع 12-10

ئاشعيا ( Isaiah )

ئەو لە خێزانێکی خۆش گوزەران لە 740 پ-ز لە ناوچەی باکوری يودا هاتوتە دنياوە و لە لاويەتيدا لە کۆچەو کۆڵانەکانی ئورشەليم دا خۆی بە پێغەمبەر ناوزەد دەکرد .

( ئەو ساڵەوی کە  عزیا (     osisa) پاشا مرد ، من خودام بینی کە لە سەر تەختێکی زۆر بڵند دانیشتبوو  ، و دامێنی چۆغەکەی ناو پەرستگەکەی پڕکردبوو  ، فریشتەکان لە سەر سەری دەسوڕانەوە ، هەر یەک لەو فریشتانە شەش باڵی هەبوو  ، و دەیاوت : قدوس ، قدوس ، تەواوی سەرزەوی لە دەست باڵایی و مەزنی خودا دا داپرشرابوو  ..... پاشان وتم وەی لە من چۆن کە وێران بووم  ، هاوکات من پیاوێکی دەم پیسم و لە ناو کۆمەڵدا بە زمانی ناپاکیەوە دەژیەم  . بەچاوەکانم خودای هەمووانم بینیوە ، من دەنگی خودام بیست کە دەی وت  چکەسێک کێبنێرم  ؟ کێ دەبێتە نێردراوی ئێمە ؟ من وەڵامم دایەوە و من ئامادەم من بنێریت ، پاشان خودا وتی برۆ بە قەومەکەی من بڵێ قوێ لە تۆ دەگرن  ، بەڵام هیچ تێناگەن . تۆ دەبینن بەڵام دەرک بە هیچ ناکەن  . ئاشعیا10/1-6

بەم جۆرە ئاشعیا ماوەی چل ساڵ بە کارپیرۆپاگندە و ئامۆژگارییەوە سەرقاڵ بوو  پاشاکانی یەهود ڕاوێژیان پێ دەکرد . کاتێک لە ساڵی  722 پ-ز دوژمنان لە هەموو لایەکەوە هەرەشەیان لە ئیسرائیل دەکرد ، و شاری ئورشەلیم  دەور درابوو  ، پاشای یەهود  ، لە سەر بنەمای ئامۆژگاریەکانی ئاشعیا باوەڕی وابوو ، سەلامەتی کیشوەر تەنیا بە نزاو یاد کردنی خودا وەند بەدەست دێت . پاشا یودا چوو بۆ پەرستگە و نزای کرد ، ئاشعیا دڵنیایی دەدایە کە یەهوە دەڵێت : ( لەشکری شاوریەکان ناتوانێت بێتە ناو شارەکەوە ، و هیچ مەترسیەک هەرەشە لە شارەکە ناکات  ، من ئەم شارە پارێزگاری لێدەکەم  . بەو ڕێگایەی کە هاتون بە هەمان ڕێگادا دەگەڕێنەوە و ناتوانن بێنە ناو ئەم شارەوە  ) ئاشعیا 33-37

ڕێکەوت و بە هۆیەکی نادیار فەرماندەی ئاشوریەکان لە ئورشەلیم چاو پۆشی کردوو گەڕایەوە بۆ نیشتمانی خۆی  .

ئاشعیا بنەمای ئامۆژگاریەکانی ئایین یەکانی خۆی لە سەر ئەو پایانە هەڵچنیی بوو کە بەدەست هێنانی سۆزی یەهوە لە ڕیچگەی پێشکەش کردنی قوربانی و ئەنجامدانی نەریتی ئایینی کردەیی نیە . خودا دەڵێت : (من هیچ پێویستم بە ئەنجامدانی قوەربانی ئێوە نیە من لەو قۆچانەی کە ئێوە دەی کەە قوربانی و لەو چەوری و بەزەی بەرخەکانی شوما تێرم  ، من هیچ چێژێک لە خوێنی گا و بزن و قۆچەکانی ئێوە نابینم  . کاتێک کە دیچیت بۆ لای من  کێ ئەوانەی لە ئێوە داوا کردووە ، و تا سەکۆی ناو پەرستگە کە پیس بکەن  ؟ لە ئێستا بەدواوە ئەو خەڵاتانەش نەیەنن بۆ من و تورەم لە بخورەکانتان . هاوکان لە مانگە نوێکاندا لە شەممەکان و کۆڕو کۆبوونەوەکان و جێگا پیرۆزەکانی ئێوەدا ڕۆحی من بێزارە  . کاتێک کە ئێوە نزای زۆر دەکەن من کەیفم پیچ نایەت  . چونکە دەستەکانتان پڕ لە خوێنە  . خۆتان پاک بکەنەوە ، لە توندو تیژی واز بێنن  ، چاکەکاری فێر ببن  ، بەدوای دادپەروەریەوە بن  ، ویژدانتان زیندوو بێت  .

پاریچزگاری لە هەژاران بکەن  ، مافی هەموان بدە و بەرگری لە بێوەژنان بکە ) ئاشعیا11/18-1

ئاشعیا ئامۆشگاری ئەوەی دەکرد کە لە ئەنجامی کارو کردەوەی خراپەوە قەومی یەهود و سەرپێ ◌ٓچی ئەوان لە فەرمانەکانی یەهوە . ئیسرائیل دووچارە گرفتێکی گەورە دەبێت .

یەهوە سبایوت لە گوێی مندا وتی کە ماڵێکی زۆر وێران دەبن  و ماڵەگەورەکان و کۆشکەکان شوێنی نیشتە جێ بونیان نامێنێت )ئاشعیا 9-5

بەڵام  : ( نەمامێک لە جەستەیەکی پیسەوە دێتە دەرو ڕەگەکانی گەشە دەکەن و ڕۆحی خوداوەند تیایە . ...... لە و ڕۆژانە دا ڕو دەدات ، کە خوداوەند جارێکی تر دەستی خۆی درێژ دەکات تا پاشماوەکەی خۆی کە لە ئاشور و میسر و عیلام و شنعار و لە دوورگە کانی تری دەریا ماونەتەوە . دەگرێتەوە  ، ئاشعیا 12/1-11

لەو ڕۆژەی کە دەتەویت بڵێت سوپاسی تۆ دەکەین ئەی خودا . چوونکە توڕەبووی لە من پێچەوانە بووە وە ، ئەوەی کە خودا ڕزگاری منە و پشت بەو دەبەستم ) ئاشعیا 12-1/2

میکا ( ) michah

میکا کەمێک پێش هەڵوەشانەوەی دەسەلآت داریەتی باشوری ئیسرائیل لە ساڵی 722پ-ز دەرکەوت ، و بە ئیلهام وەرگرتن لە ئامۆژگاریەکانی ئاشعیا بوە پێغەمبەر . کتێبە کە هەڵگری دەستەواژە و وتەی زۆر باشە ، ئەو لە هەمبەر تەفسیری ڕۆح مانای حەقیقەتی ئایین . ڕوی ڕەخنەکانی دەکاتە پەیامبەرە درۆزنەکان و دادوەرە گەندەڵەکان :

( خودا لە بابەت ئەو پەیامبەرانەی کە قەومەکەیان گومڕادەکەن دەڵێت : ئەوانەن کە ئاشتی ڕادەگەیەنن و کاتێک کە شتیکیان بۆ خواردن دەست دەکەوێت جەنگ ڕادەگەیەنن ، ئەگەر شتێک نەهاویتە دەم ئەوانەوە بەم جۆرە هەمیشە شەو لە وانە کۆتایی نایەت ، بەبێ بەڵگە ڕۆژ لەوان تاریک دەبێت و خودا وەڵامێکیان ناداتەوە . بەلام من لە هێزی ڕۆحی خوداوەند دڵنیام و لە دادپەروەری و توانیی پڕ بووم . میکا 3-5/9 )

(پیاوی خراپ لە دنیادا لە ناو چووەو ڕاست کرداری لە ناو خەڵکدا پەرەی سەندووە ، هەموو ئەوانە بۆ خوێن لە بۆسەدان و یەکتر ڕاو دەکەن . دادوەر بەرتیل دەخوات و پیاوی گەورە لەگەلچ هەوای نەفسی خۆی قسە دەکات . باشترین ئەوانە وەکو دڕک وایە ) میکا 7/2/5

( بە چی ڕویەکەوە بێمە خزمەتی خوداوەند و نزاو بکەم و کرنوش ببەم . ئایا قوربانیکردنی برژاندن و بە بەرخی یەکساڵە ببەمە خزمەتی . ئایا خوداوەند لە هەزاران قۆچ و هەزاران دەریای ڕۆن ڕازی دەبێت ، ئایا یەکەمین نۆبەری خۆت بکەمە قوربانی لە پێناو پاک بونەوەی گیانی خۆم ، خودا چی لە تۆ دەوێت ، جگە لە ویژدان کە بیژینیتەوە و بەزەیت هەبێت و لە حزوری خودای خۆتدا سەرپێچی ڕەوشتی ئەنجام نەدەیت . میکا 8-6

یرمیا ( ) jiromiah

ئەو لە خێزانێکی خزمەتکارانی پەرستگە ( عناتوت ) باشوری ئورشەلیم هاتوەتە دنیاوە . هێشتان تەمەنی بیست ساڵ بوو کە پێغەمبەرایەتی خۆی ڕاگەیاند .

( ئیلهامی خوداوەند بۆ من هاتوە ، پێش ئەوەی کە لە ڕەحمی دایکتدا شێوە بگری تۆم ناسی و پێش ئەوەی کە تۆ لە ڕەحمی دیک بێیتە دەرەوە ، تۆم پیرۆز کرد و تۆم کردە پێغەمبەری میللتان ) یرمیا4-1

یرمیا هەروەکو گشت پەیامبەرەکانی تر ، خەڵک بۆ زیندویەتی ویژدان و تر لە خودا ڕێنمایی دەکات . و سزاکانی یەهوە لە کاتی سەرپێچی فەرمانەکانی دا وەبیر دێنێتەوە . بەڵام تەنیا نوسەرێک کە ئامرژگاریەکانی پێغەمبەرایەتی ئەوی دەنوسی لەگەڵیدا بە وەفداری مایەوە . لەو سەردەمەدا ، لە نێوان کیشوەرەکانی بابل و میسر لە سەر داگیر کردنی فەلەستین ململانێی جەنگی بوو . یوشیا پاشای یەهود بە لایەنگری لە میسریەکان لە گەڵ کلدانیەکاندا دەجەنگی ، یرمیا نەریت و خوی کلدانیەکانی لە باری بەرژەوەندی ئیسرائیلیەکاندا نەدەبینی . ( خوداوەند وتویەتی ، ئەریستۆقراتەکانی ئیسرائیل گەلێک لە دوورەوە دێنمە سەرتان ، گەلیچک کە زۆر زۆردارن ، گەلێک کە زۆر دیچرینن و زمانی ئەوان نازانن ، و قسەکانیان تێ ناگەن ، کۆی ئەوانە درەندەن و برسین و نانی تۆ کە کوران و کچانی تۆ

هەیەنە دەی خۆن ، مەڕ و بزن و گای تۆ دە بەن ، شارە دەورگیراوەکانت کە پشتت بەوانە بەستوە بە شمشێر هەمووی دەڕوخێنن ) یرمیا 15-5

(ئەوەیە کە من تۆو تەواوی یەهود ڕادەستی پاشای بابل دەکەم و ئەو ئێوە بە دیلی دەبات بۆ بابل و ئێوە بە شمشێر دەکوژێت . تەواوی ئەوشارە و تەواوی دەستکەوت و سەرو ماڵتان ڕا دەستی ئەو دەکەم . هەموو گەنجینەکانی یەهود ڕشادەستی دوژمنەکانتان دەکەم کە ئەوانە داگیریان کردوون و زەلیلیان کردوون و دەتان بەن بۆ بابل . ) یرمیا 6-4-20

بەڵام قەومی ئیسرائیل گوێیان بە ئامۆژگاریەکانی ئەو نەدا ، و ئەویان خستە چاڵی ڕەشەوە ، و لەگەڵ ئاشوریەکان جەنگان . لە ساڵی 586 پ-ز کاتێک کە ( بخت النصر – nebuchad- nazzar ) ئورشەلیمی فەتح کرد ، یرمیایان لە چاڵی ڕەش دەرهێناو ئازادیان کرد . بەڵام ئەوانی تر سزانی دورختنەوەیان بە سەردا سەپێنرا .

یرمیا لە ناو کۆی پەیامبەرەکانی یەهود دا کەسێکە کە لە نێوان مرۆڤ و یەهوەدا پەیوەندیەکی ڕاستەو خۆ بەرقەرار دەکات و هەرکەس بە بەرپرسیاری کردوەکانی خۆی دادەنێت :

(من یەهوەم پشکنێنەری دڵەکانم پیچشوازی لە هزرە باشەکان دەکەم تا پاداشتی هەر کەس لە سەر ڕێگاکەی و کارو کردەوەکانی بدەمەوە ) یرمیا 10-17

یرمیا ژیانی ڕۆحانی هەرتاکێک بێ مەبەست لە هەمبەر نەریتی ئاینی و ڕەواڵەت سازی ئایینی ڕای دەگەیەنێت .

ئاشعیای دووەم :

لەهەمبەر ئەم پەیامبەر ناونیشانی دروست و تەواو لە بەردەستدا نیە ، و پەیامەکەی ئەو بەشێکە لە پەیامی ئاشعیای یەکەم لە ژمارە 40 وە بۆ دوواتر دانراوە . بەڵام هزرو ئەندێشەی ئەو جیایە لە بوون و کەسیەتی ئاشعیای یەکەم ، پێشبینی و پێغەمبەرایەتی ئەو فەلسەفیانەیەو نوێگەریانیەیەکی ترە .

ئاشعیای یەکەم یەکەمین کەسێکە لە ناو قەومی یەهود دا ، کە ڕاشکاوانە یەکتایی خودای ڕاگەیاندەوەو لە زیانی یەهوەدا وتی ( جگە لە من خودایەکی تر نیە ) (1) ئاشعیا 5-45

بەڵام هەرچەند هەوڵیدا کە ئاشعیا لە ڕێگەی یەکتاپەرستی خودای نادیدە بچەسپێنێت یەهوە هەر بە خودای قەبیلەی یەهود مایەوە و قەومی یەهود تەنیا قەومی هەڵبژێردراوی ئەو بوون .

---

1- ئەوە هەمان ئەو دەستەواژەیە کە دواتر لە ئایینی ئیسلامدا جێگیر کرا .بە ناوی خودای خودایانی عەرەبەوە ڕاگەیندرابەشێوەی ( لااله الاالله ) دەرکەوت .

یەهوە دەربارەی ئایندەی قەومی یەهود بەم جۆرە پێشبینی دەکات : ( من دەستم بۆ لای میللەتەکانی تر درێژ کرد ... پشاکانی خواوەندی تۆو شا 1نەکانی ئەوان دەبنە دایکی تۆ . لە بەردەم تۆدا لە سەر زەوی کەوتون خاکی بەرپێی تۆ دەلێسنەوە و دەزانیت کە من یەهوە ) ئاشعیا 22/23-49

ئاشعیا دروشم و نەریتی ئاینی کاهینەکانی مەحکوم دەکرد و دەی وت : ( ئەوە ڕۆژێکە کە چێژ لەوە وەردەگرم . نجیری توندوتیژی بپچڕێنن پێوەندەکانی کۆیلەیەتی بپسێنن ، زوڵم لێکراوەکان ئازاد بکەن ، تەواوی ژووری بەندەکان تێک بشکێنن ، نانی خۆتان لەگەڵ برسی یەکان دابەش بکەن ، ئەو بەد بەختانەی کە پەناگەیەکیان نیە بیان بەنەوە ماڵەکانی خۆتان ، ئەگەر ڕەتو ڕەجاڵێکت بینی دای پۆشە ،

پشت له هاو جۆرەکانی خۆت مەکە ، لەم حاڵەتەدا تۆ وەک پرشنگ و شەبەق دەدرەوشێیتەوە دادپەروەری لە پێیشی تۆوە دەڕوات مەزنایەتی خوداوەند لەگەڵ تۆدایە . هەرکات بانگ لە خودا بکەیت ، ئەو وەڵامت دەداتەوە . ) ئاشعیا 5/9-58

ئاشعیا نەت نیا لە هەمبەر ڕابووردوو قسەی هەبووە بەڵکو سەرپێچی و هەڵەکانی قەومی یەهودی بە بیر هێناونەتەوە . هەروەها پیچشبینی ئایندەی کردوە کە لە ماوەی نزیکدا یەردەمێکی ماڵوێرانی بەسەردا دێت و فەرمانڕەوایەتی خوداوەند بە مەزنایەتیەکی زۆرەوە بەرقەرار دەبێت . :

(لە ڕۆژانی ئایندەدا ڕودەدات کە خانەی خوداوەند لە سەر لوتکەی کێوەکان جێگیر دەبێت و هەموو سەر لەتکەی شاخەکان پڕ دەبن لە فریشتە )

ئاشعیا بە وتەکانی ، ِووناکی هیوای لە دڵی قەومی سەرەڕۆی یەهودا بەرپا دەکرد . داوای لە یەهوەکرد لە دیلەیەتی لە بابل ئازاد بکرێن و بۆ نیشتمانی خۆیان بگەڕێنەوە بەرجەستە کردنی ئەم هیوایە لە دڵی یەهودیەکاندا ، لە سەر هەر سیاسەت و بەرژەوەندیەک بوبێت . دەرئەنجامی تری خولقاند . و قسەکانی ئەو هۆکار بوو ، بۆ دەرکەوتن و بڵاو بونەوەی ئایینی عیسا کە سانێک کە لە چاوەڕوانی دەرکەوتنی مەسیحدا بوون ، و پێغەمبەرەکانیان هەڵدەسەنگاند عیسایان بە فریاد ڕەس و ڕزگار کەری قەومی ئیسرائیل دەزانی ، کۆبونەوەی لێی و ئەو تایبەت مەندیانەی کە ئەو ئاشکرای کردبوو ، ڕێک بەویان دەزانی .

(لە شاخی بڵندی سیون بڕۆسەرەوە بە توندی هاورابکە هەواڵی خۆش ڕابگەیەنە و هاورابکە ، مەترسە بە تەواوی شارەکانی یەهودا بڵێ : ئەوە خودای ئێوەیە بە هێزەوە دێت و بە زۆری خۆی فەرمان ڕەوایی دەکات .رهەروەکو یەک شوان بەرغەلکەی خۆی لە باوەش دەگرێت و توند لە باوەشیا دەی نوسێنێ بە خۆیەوە . ئاشعیا 11-9-40

جونگە بەڵێنەکانی یەهوە ئارەزوەکانی قەومی یەهود بۆ مەرگ زو گەیشتنی عیسا پراکتیکی نەبوو . هێشتان یەهودیەکان هەر چاوەڕوانی ڕودانی قسەکانی ئاشعیان و چاویان بریوەتە گەڕاندنەوەی مەسیح و ڕۆژی پەسڵان و گەڕاندەوەی سەردەمی دەسەڵاتدریەتی قەومی یەهود ڕۆژەکان دەژمێرن .

2- پەیامبەرەکانی پاش مەنفا

دۆخی پەیامبەرەکانی پاش مەنفا وەکو ملاکی (ملتخی melachay ) و یوئێل و ( yoel ) حزقیال ( Ezekiel ) لەگەڵ فێرکراوەکانی پەیامبەرانی پێش شکستی یەهود بە دەستی بابڵیەکان جیاوازی زۆری هەیە . هەدەفی پەیامبەرکانی پێش مەنفا کە بەگشتی پیاوانێکی سادە و دڵپاک بوون ، هۆشداریان دەدایە خەڵک و هانیاندەدان بۆ خوداپەرستی و دورکەوتنەوە لە ئەنجامدانی تاوان بوو . ڕوی ڕەخنەی توندیان زیاتر لە سەر کاهینەکان پەیامبەرە درۆزنەکان کە هۆکاری گومڕایی خەڵکن فەراهەم بکات و ئەوانیان بە دروشمی ئایینی وابەستە دەکرد . بوو .

پەییامبەرەکانی پاش مەنفا بە پێچەوانەوە بنمای فێرکراوەی خۆیان لە سەر وابەستەیی زیاتر بە خەڵک و ڕۆحانیەت و پەرستگەوە پایە ڕێژی دەکرد . لە سۆنگەی ئەم دەستەیەی پەیامبەران دروشمی ئایینی پایە و ریشکی ئیمان و تەقوا بوو بۆ ڕێگای یەکێتی نەتەوەیی لە یەکێتیەکی ئایینیدا وا وینایان دەکرد . هاوکات هەمان پەییامبەرانی پاش مەنفا فاکتەری لایەنگری هزری ئایینی ئایینەکانی تریان لە ئایینی یەهودا فەراهەم کرد . یەهوەی خودای قەبلەی یەهود بوە خودای یەکاتی جیهانی بوون . ئامشاسپندان چوە ناو بارەگای ئەوە وە و قسەکردن لە سەر بەهەشت و دۆزەخ هاتە ئاراوە . پیادە کردنی فەرمانەکانی

یەهوە هەروەک ئەوەی لە تەوراتدا هاتوە سەردێری پرۆپاگندە و ئاژی تاتۆری ئایینی و لە وتەی ئەواندا جێگیر بوو .

یوئیل سکالآ لەوە دەکات کە بۆ چی خەلکی خەلاتەکانی خۆیان و قوربانیەکانیان ناهێنن بۆ پەرستگە .

( ئەی ریشپیان ئەوە ببیستن ئەی کۆی دانیشتوانی زەوی گوێ لەوە بگرن ... خەلاتی دانەوێلە و خەلاتی رژاندن لە مالیخودادا براوەتەوە کاهینەکان کە خزمەتکاری خودان ماتەم دەگێرن ) یوئیل 8-1-1

بۆ هەلگرتنی ئەم گرفتە و زیاد کردنی دەست کەوت ئامۆژگاری خەلک دەکات بەرەو لای خودا بگەرێنەوە و لە چونە ژوورەوەیاندا بۆ ناو میحراب داوا لە کاهینەکان بکەن کە هاوارو دەنگیان بگەیەننە یەهوە .

ملاکی لە نامەیەکدا بە وەکالەت لەلایەن یەهوەوە دەلێت :

کوری باوکێک یان خزمەتکارێک رێز لە خاوەنەکانیان دەگرن ، هاوکات ئەگەر من باوکم رێزی من لە کوێدایە ؟ وە ئەگەر من خاوەنم شکۆی من لە کویایە ؟ نانی گلاو دەخەیتە ناو شوێنی قوربانی کردنی منەوە .کاتێک کە ئاژەلێکی لەر دەکەیتە قوربانی ، خراپ نیە ؟ کاتێک کە ئاژەلێکی لاواز و خراپ دەکەیتە قوربانی کارێکی خراپ نیە ؟ ئەوە خەلاتیکی کە بەخاوەنکەی خۆت . ئایا بە باشی لە تۆ پێشوازی دەکات ؟ من ئەوانە لە دەستی ئێوە قبول دەکەم ؟ نەفرەت لە فریودان کە کە لە ناو ئاژەلەکانیدا ئاژەلێکی نێری هەیەو بۆ خۆ دەرخستن یەک ئاژەلی لاواز پیچشکەش بە خودا دەکات ) ملاکی 1-6/14

( ئێوە لە سەردەمانی باوکەکانی خۆتاندا سنووری وەزیفەکانی منتان بەزاندوەو ئەوانتان نەپارزاتوە . لە دەیەکی خەلات بەخشیندا فێلتان لە من کردوە ، .. تەواوی دەیەکەکان بهێنەوە بۆ گەنجینەکەی من تا لە مالەکەی مندا خۆراک هەبێت ) ملاکی 10/7-3

حزقیال ( Ezekiel )

حزقیال یەکێک بوو لە کاهینەکانی ئورشەلیم کە بە دیلی بردیانە بابل ، و ماوەی بیست و دووسال لە ناو قەومی یەهودا پێغەمبەرایەتی کرد . بنەمای فێرکراوەی حزقیال عیبادەتی یەهوە نوێکردنەوەی بینای پەرستگە و ئەجامدانی دەقیقی وەزیفەکان و دروشمە ئایینیەکان کورتت دەکرێتەوە ، حزقیال پێشەوای گروپێک بوو کە بە لایەنگرانی ( سفرتسنیە ) ناوبانگیان هەبوو و ئەنجامدانی وەزیفەی ئایینی بە توندی پابەند بوون پێوەی ، ئەو لەو کەسانەیە کە ئیدعای ئەوەی دەکرد لە ئاسمان یەهوەی بینوە ؟

( لە رۆژی پێنجەمی مانگی چوارەم لە نێوان ئەسیران لە کەنار رووباری خاپور ( kebar )بوم کە ئاسمانەکان کرانەوە و من رۆچوومە ناو روئیایەکی خودابیەوە ، قسەی خودا لە ولاتی کلدانی بۆ حزقیالی پێغەمبەر دابەزی ، من سەیرم کرد با یەکی توند و خێرا لە لای باشورەوە هات پەلە هەورێکی مەزن یەک ئاگری خۆش کە لە هەموو لایەکەوە رووناکی بلاو دەکردەوە لە ناویدا یانی لە ناو ئاگرەکەدا وەکو پشکۆی گەش دەدرەوشایەوە . لە ناو ئەو چوار ئاژەلە کە لە رەوالەتدا هاوشێوەی مرۆڤ بوون دەرکەوتن . هەریەکەیان چوار روخسار و چوار بالی هەبوو ، پێیەکانیان راست و پاژنەیان هەر وەک و پێی گوێرەکە وا بوو ، ..... وە بالای ئاسمان کە لە سەر سەر ئەوان بوو شتێک بوو وەکو تەختی یاقوت بەرچاو دەکەوت . لە سەر ئەو تەختە یەکێک دانیشتبوو لە کەمەر بەرەو سەری وە لە کەمەر بەرەوە خواری هەروەکو ئاگرێکی درەو شاوە بوو . هەروەکو شێوەی پەلکە زێرینە . کە لە رۆژی باراندا . دروست دەبێت . ئەو هەموو درەوشانەوەیە لە دەوری ئەوبوو . ئەو دیمەنە خودابوو . چوونکە ئەوەم

بینی لە سەر دەم کەوتم و ئاوازێکم گوێ لێ بوو  کە دەی وت ئەی کوڕی مرۆڤ لە سەر پێی خۆت بوەستە قسەم لەگەڵ تۆ هەیە  . ) حزقیال بابی یەکەم

بەم جۆرە حزقیال بوە پێغەمبەر لە حزوری خودادا و خوداش فەرمانی پێکرد  ببێتە پێغەمبەری بەنی ئیسرائیل . تا قسەکانی خودا بڵاو بکاتەوە تۆماری خوداوەند لە بەرانبەر چاوەکانی ئەو کرایەوە تا بۆ خەڵکی بخوێنێتەوە  .

( پاشان خوداوەن پێی وت  ئەو تۆمارە بخوێنەرەوە برۆ بە خێزانەکانی ئیسرائیل بڵێ : ئەکات دەمی خۆم کردەوە و ئەو تۆمارەی بە من خوێندەوە پاشان ئەو خستە ناو دەمم کە هەروەک هەنگوێن شیرین بوو  . ) حزقیال 3-1/4

(جارێکی تر یەهوە خۆی پیشانی حزقیال دایەوە  :

( بینیم ئەوەی کە هاوشێوەی ئاگربوو  یانی لە کەمەریەوە بۆ خوارەوە ئاگر بوو وە لە کەمەریەوە بۆ سەرەوە  دەدرەو شایەوە  ، منی گرت و رۆحی منی وەرگرت و منی بۆ روئیای ئورشەلیم برد ) حزقیال 8-2

دەرکەوتنی پەیامبەری پەیوەندیدار بە ئەنجامدانی دروشمو نەریتی ئایینی و بەرقەراری سیستەمێکی توندی رۆحانیەت ز کاهینی بۆ چاودێری کردنی ئەنجامدانی وەزیفە ئایینی یەکان و فەرمانەکانی پەیوەندیدار بە قەدەغەکاری و ئەرکەکانەوە کڵاو رۆژنەیەک لە لایەن پەیامبەرەکانی پێش مەنفا بۆ قبول کردنی هزری نوێ لە ئایینی یەهودا کرابوویەوە  . بەڵام بە گشتی دایان خست  . روحنیەتی پاش مەنفا تا ئەندامی پەرستگەی ئورشەلیم  تەواوی هەوڵی خۆی لە ئەنجامدانی نەریتی ئایینی و بەرقەراری ئایینی قوربانی برژاندن و تۆڵەی تاون و بابەتی بیچ ناوەرۆک و چەق بەستوی ئایینی خەرج دەکرا  .

بەرایی سانزەهەم  :

سەردەمی کاهینەکان و پەرشو بڵاوی قەومی یەهود

دوڵەتی باشوری یەهود لە ساڵی   722 پ-ز لە لایەن ئاشوریەکانەوە و دەوڵەتی باکور لە سەردەمی دەسەڵاتداریەتی بخت النسر لە  586 پ-ز هەڵوەشێنرایەوە و ئورشەلیم و پەرسگەکەی وێران کران . یەهودیەکان بە دەست بەسەری بردنیان بۆ بابل  ، ماوەی پەنجا ساڵ لە دەستبەسەریدا لە ژێر دەسەڵاتی بابلیەکاندا بوون .  بەخت نەسر ناوچەیەکی پڕ سەزوایی و ئاوو پ  ِر بەروبوومی  لە نێوان بابل و نیپور (  ( nippurبۆدابین کردن و ئازادی تەواوی پێ بەخشین لە ئەنجامدانی مەراسیمە ئایینی یەکانیاندا . لە سەردەمی مەنفادا ، پەرستگەیکیان نەبوو یەهودیەکان بۆ نزاو پاڕانەوە و خوێندنەوەی تەورات لە سەرەتادا لە ماڵی یەکتر و لە جێگا تایبەتەکان کە پێیان دەوت ڕاکنست  ( کەنیسە  ) و بە یونانی پێی دەڵێن سیناگوک (  ( sunagogueکۆدەبوونەوە  ، لەم کۆبونەوانەدا جگە لە خوێندنەوە فێر کردنی تەورات  ، پەروەردەو فێر کردنی مناڵان بەشێک بوو لە وەزیفەی بەرپرسانی کەنیسە  . چوونکە بە باوەڕی یەهودیەکان پێشکەش کردنی قوربانی و پێویستە تەنیا لە پەرستگەدا ئەنجام بدرێت . بە درێژی ماوەی مەنفا ، ئەم فەریزە ئایینیە ئەنجام نەدرا ، پاش گەڕانەوە  بۆ فەلەستین و نیشتە جێبوون و نۆژەن کردنەوەی پەرستگەی ئورشەلیم  پێشکەش کردنی قوربانی برژاندن و تۆڵەی تاوان سەرلەنوێ دەستی پێ کردەوە  . کورش پاشای ئێران  ، پاش داگیر کردنی بابل یەهودیەکانی ئازاد کرد کە بۆ هەر کوێیەک دەیانەوێت برۆن  . هەندێکی زۆر لەوان نەیان ویست بگەڕێنەوە بۆ فەلەستین و سەرقاڵی بازرگانی کردن بوون  . هەندێکیشیان بۆ نیشتمانی خۆیان گەڕانەوە ، فەلەستین لە ماوەی

200 ساڵدا لە ژێر دەسەڵاتداریەتی ئێراندا بوو ، فەرلمندەی ئەو ناوچەیەش لە هەمان شازادەکانی ئەو ناوچەیە هەڵدەبژێردرا ، بەڵام سوپا لە وناوچەیە دا لە ژێر فەرماندەی ئەفسەرێکی ئێرانیدا بوو ، کە ڕاستەو خۆ لە لایەن پاشای ئێرانەوە هەڵدەبژێردرا . زروبابل ( zerubabble ) لە شازادەکانی خانەوەادەی داود ، بەسەرپەرشتیاری ناوچەی فەلەستین دیاری کراو بە هاوکاری دارایی خشایار پاشا یەهودیەکان پەرستگەی ئۆرشەلیم یان جارێکی تر بونیاد نایەوە . عزراو نحمیا لە لایەن پاشایەتی ئێرانەوە دیاری کران بۆ ڕێکخستنەوەو لێکۆڵینەوەی تەورات ( یاسا ) ئەدەبیات و کتێبی یەهود بە زمانی ئارامی ، زمانی پاشایەتی ئێران نوسران ، ئەو سەردەمە لە مێژوی ئایینی یەهود پێویستە بە سەردەمی دەرکەوتنی ڕۆحانیەتی نوێ لە ئیسرائیل ناوزەد بکەین . عزراو نحمیا لە نیویچ کردنەوەی ژیانی ئەو سەردەمە ڕۆڵێکی گرنگیان هەبوو . پەیامبەرانی ئەو سەردەمە وەکو زەکریا و حجتی خەڵکیان هان دەدا و ئامۆژگاری یان دەکردن تا نەریت و ئادابی ئایینی بەو جۆرەی کە لە تەوراتدا نوسراوە و دەقەیاساییەکان کە عزرا ئامادەی کردبوو ، پیادە بکەن و ڕەفتاری پێ بکەن . عزراو نحمیا لە کۆبونەوەیەکی گەورەی یەهودیەکاندا لە ئورشەلیم لە بەرانبەر پەرستگەی هیکل ، کتێبی یاسای ( تەورات ) یان بۆ خوێندنەوە هەموان بەڵێنیاندا کە فەرمان و قەدەغەکاریەکانی کتێبی پیرۆز بە دیقەتەوە موراعات بکەن . هەستەی ناوەندی ئەم پەیمانە ، بریتی بوو لە پەرستنی یەهوە ، پیادەکردنی حەڵاڵ و حەرام بەخشینی دەیەک بە پەرستگەو بە ئەنجامگەیاندنی مەراسیمی قوربانی برژاندن و تۆڵەی تاوان ( کفارە ) بنەمایەکی گرنگی نوێ لە سەر بنچینەی کۆن لەو سەردەمەدا زیاد کرا . یاسای پرۆسەی هاوسەر گیری یەهود لەگەڵ بیگانە ، بەدرێژی ئەو ماوەیە تا وێران بوونی پەرستگەی ئورشەلیم بە دەستی ڕۆمیەکان ، قەومی یەهود بە شێوەیەکی نوێ پیادەی شەریعەت یان کرد کە پیادەکردنی هەریەک لەو بەندانە بە شێوەیەکی ئاسایی و ناوەندی جێ بەجێ دەکران .

دەوڵەتێکی ڕۆحانی لە ئیسرائیل پێکهات ، و بەرێکردن و جێبەجێچ کردنی دۆخەکە بە دەست کاهینەکان و سەرپەرشتیارانی پەرستگە بوو . ئەو دۆخە ماوەی 400 ساڵ و تاوێرانبوونی تەواوەتی پەرستگەی هیکل بەردەوامی هەبوو . جۆشو خرۆشێکی نوێ بەگشتی لە ڕەوشی ئایینی دا دروست بوو . هاوتەریب کردنی ئایین و ئیمانی توندی خەڵک بە یەک بنەما . فاکتەرەکانی زیاتر یەکیچتی بوونی قەومی یەهودی فەراهەم کرد . لە کۆمەڵگەی نوێی ڕۆحانیەتدا ، سەرۆکی کۆن لە باڵاترین پێگەی ئیداری و ئایینی دا بوو . جێگای هەمیشەیی پەرستگە بوو . ئەو کەسایەتیەش لە ناو کوڕەکانی زدوک( zadok ) کە لە سەردەمی داودا کاهینی مەزنی پەرستگە بوو . هەڵدەبژێردرا و ئەو کاهینەکانی تر و تاکی هۆزی لاوی ( قەبیلەی خودی موسا ) لە ژێر دەستی ئەودا وەزیفەیان پێ دەسپێردرا .

ئەسکەندەر ، پاش داگیر کردنی فەلەستین ، لەگەڵ قەومی یەهودا بە شێوەیەکی بەبەزی ڕەفتاری کرد ، و ئازادی تەواوی ئەنجامدانی مەراسیمی بۆ دابین کردن ، و هەتا هەندێک لەوانی بە نهێنی لە شاری نوێی البنای ئەسکەندەریە لە باشوری میسر خەڵات کردوو جیجگای تایبەتی لەو شارەدا بۆ نیشتە جێ بوونی تایبەت بە یەهودیان بۆ دابین کردن ، هاوکاتیەهودیەکانیش لەگەڵ ئەسکەندەردا سازشیان کردوو شارستانیەتی یونانی لە فەلەستین بەهای زۆری پەیدا کرد . تا سێ نەوە دواتر تێگەیشتنێکی گشتی لە نێوان یەهودیەکان و جێنشینەکانی ئەسکەندەردا مرقەرار بوو . کتێبەکانی وەکو ( سلێمان ، ئەیوب ، ڕوت ، ئستو ، یونس و مزامیر ، بەرهەمی ئەو سەردەمەن و لەوانەدا لایەنگری هیلنیزم بە جوانی دەبینرێت . گروپێک لە بیرمەندانی یەهود لە ئەسکەندەریە کتێبی پیرۆز یان بە زمانی یونانی وەرگێڕا .

ئەو وەرگێڕانە کە لە سەدەی سێیەم پ-ز بەبەراوەرد لەگەڵ سەرهەڵدان و لە دایک بوونی عیسا کۆتایی پێ دێت . دێرین ترین و متمانە پێکراوترین نوسراوی کتێبی پیرۆزە کە لە بەردەستدایە .

کلتێک کە یەهودیەکان لە دەرەوەی فەلەستین بوون زمانی یونانی یان لە جیاتی زمانی ئارامی بە شێوەی زمانی دووەمی هاوتەریبی زمانی دایک یان قبولّ کرد . بە ناچاری گۆڕانکاریەک لە دوو گۆشە نیگای ئایینی یەوە دروست بوو ، ئاشنایی لەگەڵ زمانی یونانی ، فاکتەرێک بۆ گەشەپێدانی هزر ، و نەریتەکان و ڕێگای لۆژیکی یونانی لە خۆر هەلاّتدا جێگیر بوو . گەرچی دەوڵەمەندی فیکری و لۆژیکی مەنتیقی زمان لە ئەنجامی تێکگەڵ بوونی بە هزری خەڵکی چینەکانی خوارەوەی کۆمەڵگە زۆر لاواز و بێ هێز بوو بوو ، بەلاّم هێشتان ڕووناکی باشی بۆ زیاتر شارەزابوونی زمان و لۆژیکی دۆخی فەلسەفەی یونان بوو . پەرەگرتنی زمان و لۆژیکی نەریت و فەلسەفەی یونان ، بە هیچ جۆرێک هۆی جودابوونەوەی یەهودیەکاننی نیشتە جێی ئەسکەندەریە لە نەریتی بۆماوەیان نەبوو . ئەوان بە پلە لە مەراسیمی پەرستن و هەتا زیارەتکردنی پەرستگە ی ئورشەلیم بەشداریان دەکرد .

بە پەیڕەوی ککردن لە لۆژیکی فەیلە سوفەکانی یونان ، یەهودیەکان هەوڵیاندا تا تەورات لە ڕیگەی فەلەسەفەی یونانی یەوە نمایش بکەن . فیلوی ئەسکەندەریە ( philo of alexandaria ) زیاتلا مامۆستا و شرۆڤەکاری یەهود بوو ، تا یەک فەیلە سوفی هاوشێوەی فەیلە سوفەکانی یونان . ئەو ڕوداوەمەزنەکانی مێژووی ئیسرائیلی بە شێوەی نموونەیەک لە هەقیقەتەکانی ئەبەدی و تەفسیری لۆگوس ( logos ) لە ڕێگەی لۆژیکەوە بەشێوەی پەیوەندیەک لە نێوان خودای مەزن و جیهانی بوون ناساند . زۆرێک لە نوسراوەکانی یەهود لە و سەردەمەدا بە نموونە کتێبی عەقڵ ( book wisdom ) بە مەبەستی ڕازی کردنی خوێنەرانی یونانی زمان نوسرابوو . بەلاّم واپێ دەچوو لە گەیشتن بە ئامانجی خۆی دا کورتی هێنابوو . مەزنترین ڕەخنەیەک کە یەهودیەکان دەیانتوانی لە باوەڕی یونانیەکانی بگرن ، بابەتی پەرستنی خودازۆر و بۆرەکان و ڕۆحەکان بوو ، کە بۆ ئەوانیش پرۆپاگەندەو هەڵێکی بێ یسود بوو .

ژیانی ڕۆژانەی یەهودیەکانی دانیشتوی میسر ، لە سۆنگەی کۆمەڵە ئایینیەکان و مەراسیمی پەرستنەوە کورتکرابویەوە تەنیا لە سیناگۆگ دا . لە سینا گۆگ جێگەی مانەوەیان دەدایە خەڵکی غەریب وهاوکاری هەژارەکانیان دەکرد . منالاّنی یەهودی لەوێدا پەروەردەو فێرکردنی ئایینی و زمانی عیبری و یونانی دەکران . لە تەنیش سیناگۆگ ( ناوەندی توێژینەوە ) و کتێبخانەیەک بۆ توێژەرەکان دانرابوو . پێشکەش کردنی وتاری ئاینی لە سیناگوگ لە لایەن پرۆپاگندە چیە نوێکانەوە کە تازە هان=تبوونە ناو بواری ئایینی ویەوە پێش کەش دەکرا نە لەلایەن سەرپەرشتیارانەوە .

پاش مردنی ئەسکەندەر ئیمپراتۆریەتەمەزنەکەی دابەش بوو بۆ بەشی بچووکتر . ناوەندی ئیمپراتۆری (مەکەدونی – macedonia ) لای یونانیەکان و مسیر لە دەستی پتلمیوسەکان ( ptolemies ) و ئیران و میزیۆپۆتامیاو خرهەلاّت بوە بەشی سلوکید یەکان . لە سەدەی سێیەمی پێش زایین ئەشکانیەکان لە ئێران گەیشتنە دەسەلاّت و قەلەمرشەوی فەرمانڕەوای سلوکیدیەکانیان بە تەدریجی کەمکردوە تەنیات بۆ سنووری سوریا و فەلەستین . ئەنتیاکوس ئاپی فانوس ( antiacus epiphanies) فەرماندەی یونانی کە خواستیاری گەشەکردنی هەرچی زوتری شارستانەیت و زمانی یونانی بوو لە قەلەمڕەوی فەرمانڕەوایی خۆیدا . کەسێکی بێگانەی لە ئەریستۆقراتەکانی زدوک کردە کاهینی ئورشەلیم . کاهینی نوێ ، بابەندمەندیەتی ئایینی پەیوەندی دار بە خەتەنە کردن و پیادەکردنی پشووی شەممانی لابردوو . لە بەر کردن و خوێندنی تەوراتی قەدەغە کردوو سەرپێچی کارانی ئەم فەرمانەیشی ڕوو بەڕوی لە سێدارەدان دەکردەوە ، یەهودیەکان لە پیادەکردنی فەرمانەکانی منلاتوس ، کاهینی نوێ . ترشەبوون و ئەویان گرتو لە ئورشەلیم کردیانە دەرەوە ، ئنتیاگوس کە سەرقاڵی جەنگ بوو لەگەڵ میسریەکان نەیتوانی هیچ هاوکاریەکی منلاتوس بکات . بەلاّم پاش دەستگرتنی بە سەر میسردا و تەواو بوونی جەنگ ، هات بۆ ئورشەلیم ، یەهودیەکانی سەرکوت کردوو لە تۆڵەی شۆرش

ناچار بە خواردنی گۆشتی بەرازی کردن . هەتا لە میحرابی هیکل دا پەرستگەیەکی بۆ زئۆس خودای یونانیەکان دروست کردوو بەرازی کردە قوربانی .ئەم کارە هەستی دوژمنانەی قەومی یەهود کە بەتوندی وابەستەی باوەڕ و نەریتی ئاینی بوون هەژاند . ڕۆژێک حە حاکم مدین ( ( modinیەکێک لە کاهینە بەتەمەنەکانی یەهود بەناوی ماتاتیاس ( mattatiasبوو ناچارکرد ، تا لە مەراسیمی ئەنجامدانی قوربانی بۆ زئۆس بەشداری بکات . ئەویش خۆی پیچڕانەگیراو حاکمەکەی کوشت . هەمان ڕووداو بوە دەست پێکی شۆڕشێکی مەزن لە فەلەستین بە فەرماندەیی یەهوداماکابوس ( judas ( Maccabeusکوڕی ماتاتیاس.

یەهودیەکان پاش شکستە ناوبەناوەکانی کە بەسەر یونانیەکانیاندا دەهێنا . ئۆرشەلیمیان لە ساڵی 165 پ-ز فەتح کرد . پەرستگەکەیان شۆردو ئایین و مەراسیمی دیچرینیان سەر لەنوێ دەست پێ کردەوە . یەهودا لە جەنگەکانی دواتردا لەدژی یونانیەکان کوژرا . بەڵام سوپای یەهودیەکان یونانیەکانیان بە تەواوی لە خاکی فەلەستین کردەدەرەوە . سامەڕاو ماوراشیان خستە سەر قەلەمڕەوی ئیسرائیل و حکومەتی مکابیان کە تا ساڵی 66 زایینی بەلادەوام بوو دامەزراند .

کردنەوەی پەرستگەکەو ئەنجامدانی مەراسیمی قوربانی ، لە دیدی یەهودیەکاندا جێگەی گرنگیەکی زۆر بوو ، بەو جۆرەی کە تائەمڕۆکەش هەموو ساڵێک لە ڕۆژی ڕزگارکردنی ئۆرشەلیم و نوێکردنەوەی نۆرمی پەرستن لە پەرستگە جەژنی مەزن بە ناوی جەژنی نورها ( hanu kkah ( لە تەواوی ناوچەکانی یەهود نشین ڕێک دەخرێت .

لەسەردەمی کاهینەنوێکاندا . دەستەیەک لە نەوەی زدوک ، بە ناوی سدیقیان دروست بوو . ئەم گروپە هەموو دەوڵەمەند و ئەریستۆقرات و دنیایی و دژی شەریعەت بوون . تەنیا لە تەوراتدا باوەڕیان بە فیرکراوەکانی موسا هەبوو ئەوبەشەکانی تری کتێبی پەیمانی کۆن (عهد عتیق) یان بە بێبەها دەزانی . بونی فریشتە و ، دوژمنایەتی کردنی پەیامبەرەکان ، قیامەت و ڕۆژی حەشر و ژیانی پاش مردنیان ڕەد دەکردەوە و دەیان وت : کە پاش مەرگ گیانی مرۆڤ لە گەڵچ جەستەیدا لەناو دەچێت و هیچی لێ بەجێ نامێنێت تا وەڵامدەرەوەی کردەوەکانی ڕابووردوی بێت . سدیقیان بە هۆی نەبوونی باوەڕ بە نەریت و نۆرمی پەرستن و گرنگی نەدان بە پەرستگە لە ناو خەڵکی سادەدا نابانێگێکی باشیان نەبوو . دەستەیەک لە مامۆستاو پرۆپاگندە چی یەهود ، بە ناوی ڕابیەکان ( rabbisوەزیفەیان بوو کۆپی تەفسیری تەورات ، وسەفەرکردنیان بۆ ناوچە جیا جیا کانی یەهودی نشین بۆ سەرپەرشتی کردنی خەڵک و بەرپا کردنی مەراسیمی ئاینی . قوتابخانەیەکی نوێیان بە ناوی ( فریسیان ) دروست کرد . چەندین نوسخەی جیاجیای تەورات و لە بابل و لە فەلەستین ئامادەکردوو و لە ناو یەهودەیەکان بڵاویان کردەوە ، ئەو شێوە شرۆڤانەی کە کاهینەکانی تر دەیانکرد ، و یاساو چێوەی کە عزرا و نحمیا لە ئێران لە گەڵچ خۆیاندا هێنابوویان . نامەکانی پەیامبەران . پاش مەنفا لە سەر بنەمای وتەی خۆیان و سەحیفەکانی پەیامبەرانی پێشو پاش نوێکردنەوەی سەرنجەکان نسرانەوەو بڵاو کرانەوە ، هۆنراوەو پەخشان و غەزەلی ئایینی کە لە پەرستگەدا دەیان خوێند ، لەگەڵ هەندێک غەزەلی نائایینی لە کتێبێکدا بەناوی ( غەزەل و ئەغزال ) یان بڵاو کردەوە . (فریسیان ) زیاتر گرنگیان بە تەفسیری شیکردنەوە گۆشەکانی ئایین و چارەسەری گرفتی ئایینی ڕۆژانەی خەڵک دەدا و بە ئەنجامدانی مەراسیمی پەرستن ، بەو جۆرەی کە لە کتێبی پیرۆزدا هاتبوو ، لایەنگرێکی زۆریان لە ناو هەژاران و چینەکانی خوارەوەی کۆمەڵگەدا بۆخۆیان دروست کردبوو . فریسیان خەڵکیان هاندەدا بۆ تۆبە کردن پێش مردن و ڕاگەیشتن بە کۆتایی دنیا ، هاندان و ڕێسای ئایینی لە سەر بنەمای پێوانەو کۆڕای خۆیان و لە سۆنگەی تەفسیر و لێکدانەوەیان بۆ دەکرد کە لەگەڵ دۆخی ژیانی سەردەمی خەڵکدا سترگاربێت .

به تێپەڕینی کات جیاوازی بنچینەیی لە نێوان  هەردوو گرووپی سدیقیان و فریسیان ڕویدا لە دژایەتی زارەکیەوە بوە ڕوبەڕووبونەوەی توندو پەلاماردانی یەکتر و یەک کوشتن . فریسیا خەڵکیان لە دژی حکومەتی مکابیان هاندا . دەوڵەتی یەهود هەندێکی لە فریسیانەکان کوشت و زۆرینەیشی ناچار بە کۆچ کردن کردن . کاتێک هێرکانوس ( hyrcanus ) کاهینی مەزنی ئورشەلیم  لە ترسی زۆری لایەنگرانی فریسیانەکان پشتگیری سدیقیانەکانی کرد ، فریسیانەکان سوربوون لە سەر جیاوازیەکانی خۆیان و جەگی ناوخۆیی دەستی پێ کرد . هەردوولا بە ناچاری خواستیاری هاتنە ناوەی ڕۆمیەکان بوون بۆ پارێزگاری کردن لە هەر دوولا . ڕشۆمیەکانیش سودی زۆریان بینی لە و ناکۆکی و دژایەتیەکە لە ناو گرووپە جیاجیاکانی یەهودا هەبوو .

فەرماندەی ڕۆمیەکان ، فەلەستنینی خستە ژێر دەسەڵاتی خۆیەوە ، بەڵام ئازادی تەواوی بۆ یەهودیەکان دابین کرد کە مەراسیمی وپەرستنی ئایینی ئەنجام بدەن . فەلەستین دابەش بوو بۆ چواربەش ( بودا ، جلیلە ، پراە ، ئادو ) هەروەها سامەرراش کەوتە ژێر قەلەمڕەوی دەسەڵاتی ڕۆمەکانەوە . پاش تێپەڕینی ماوەیەک بودا بەبەشێک لە خاکی ڕۆم ڕاگەیەندراو  بۆ ئەو سێبەشەکەی تریش فەرماندەیان دیاری کرد .

پاش هێرشێکی فراوان و بەهێزی ئێران بۆ سەر ئەو ڕۆمیانەی کە دانیشتوی فەلەستین و سوریە بوون ، لە ساڵی 40 پ-ز دەسەڵاتداریەتی ڕۆمی بەوجۆرە لە بەرژەوەندیدابوو کە ناونیشانی پاشایەتی بدات بە ( هرود ) ئەو بکات بە پاشای فەلەستین و فەرمانەکانی خۆیان بۆ جێبەجێ کردن بدەنە دەست شەو پاشایە . گەرچی هرود لە ئاوەدانکردنەوەی شارەکان و گەشەپێدانی ئابوری ئەو ناوچانە هەنگاوی پۆزەتیڤی نا  . بەڵام هیچ کات نەیتوانی دڵی ئەو کەسانەی کە دژی فەرمانڕەوایەتی ڕۆم و فەرمانەکانیان دەکرد ڕابکێشێت . یەهودیەکان چەندی جار لە سەردەمی حکومەتی هرود و جێنشینەکانیدا ڕاپەڕین . فەلەستین بوە جێگایەکی نا ئارام . ململانێێ لە نێوان یەهودیەکان و یونانیەکانی نیشتەجێی شارەکانی کەنار دەرای مدیترانەو ململانێ لە نێوان خەڵک و حکومەت  . ڕۆژ بەڕۆژ پەرەی دەسەند . لە ساڵی 66 زاییندا ئەو باوەڕە دێرینە سەری هەڵدایەوە و نارەزایەکان بوونە بوونە بورکان . شۆڕش لە لایەن  چەو ساوەوهەژاران کە لەو چینانەی کۆمەڵگە بوون کەزیاتر لە ژێر فشاردابوون دەستی پێ کرد . پاش ماوەیەکی کەم  شۆڕش هەموو خەڵکی گرتەوە . بەشێکی زۆر لە دەوڵەمەندەکان و نزیکەکانی حکومەت کوژران . شۆڕشگێرەکان هەموو سەربازەکانی ڕۆمیان لە ماسائولا ( masaole ) کوشت . و دەستیان بە سەر ئورشەلیمدا گرتەوە . ۆمەکان کە ئاسایشی ئیپراتۆری یەکەیان لە بەردەم مەترسی و هەڕەشەدا بینی ، وسپازین ( vespasian ) یان بە فەرماندەیی هێزێکەوە ڕەوانەی فەلەستین کرد . وسپازیان دەوری ئەورشەلیمی گرت . بەڵام پاش ماوەیەک بۆ وەرگرتنی پایەی ئیمپراتۆری گەڕایەوە بۆ ڕۆم و فەرماندەیی سوپاکەی دایە دەست کوڕەکەی  تیتوس ( titus ) تیتوس پاش داگیر کردنی شارەکە گەورەترین جینۆسایدی لە مێژوودا ئەنجامدا . ڕۆمیەکان هەرکەسیان دەبینی دەیان کوشت . و ژنو منالیشیان بە دیلی بۆ ڕۆم دەبرد . شار و پەستگەی هیکل یان ئاگرتێبەردا و تەختیان کردن . لەوە بەدواوە فەلەسین و سوریا  بونە بەشێک لە خاکی دەسەڵاتداریەتی ڕۆم و یەهودیەکانیش بە ناوچەکانی دنیادا پرش  و بڵاو بوونەوە  . تەفرقەو پەرشو بڵاووی قەومی یەهود لە ڕاستیدا لە ساڵی   589 پ-ز ئورشەیم کەوتە دەست بابیەکان . ئەو یەهودیانەیشی کە لە میزۆپۆتامیا و ئێران بوون لە شوێنی خۆیان مانەوە  . لە سەر دەمی حکومەتی ئاشکانیەکاندا . گوزەران و ژیانێکی باش یان هەبوو  هیچ ڕێگریک لە بەردەم مەراسیم و ئەنجامدانی کاری ئایینی و پەرستنی یەهوو دا نەبوو .بەڵام هاوکات بە لە ناو چوونی ئاشکانیەکان و هاتنە سەرتەختی ساسانیەکان فە فەرمی ناساندنی ئایینی زەردەشت لە ئێران . پێکدادانی زۆر توند لە نێوان یەهودیەکان و کاربەدەستە خۆجییەکاندا ڕویدا . زەردەشتیەکان خاک و ئاگریان بە ڕەگەزی  پیرۆز دەزانی و نەدەبوایە بە پیس بکرێن . بەم جۆرە بەرگریان لە ناشتنی

مردوەکانی یەهود و داگیرساندنی مۆم لە سیناگوگەکان و ڕۆژانی شەممە دەکرد . لەو پێکدادانانەی لە نێوان یەهودیەکان و کاربەدەستە خۆجێیەکاندا ڕوی دەدا ، بەشێکی زۆر لە یەهودیەکان دەکوژران . بەم جۆرە یەهودیەکانی نیشتە جێی ئێران . باوەشیان بۆ هێرشەکانی عەرەبەکان و بەرقەراری حکومەتی ئیسلامی لە و ناوچانە گرتەوە .

وێران بوونی پەرستگە دواهەمینلێدانێکی گورج کربوو کە درا لە قەومی یەهود و یەهودیەکان یەکێک لە پایە بنچینەییەکانی یەکتێتیەکەیان بۆ هەمیشە لە دەستدا . پەرستگەو وێنا کردنی ئەوەی کە یەهوە تەنیا جێگای لە قودسی پیرۆزە لە دیدی یەهودیەکاندا گرنگیەکی تایبەتی هەبوو . ئیتر جیجگایەک بۆ زیارەتکردنی خودا و پێشکەش کردنی قوربانی و کۆبوونەوەی ئاستەکانی ڕۆحانی و ئەنجومەنی ئایینی لە ( sanherdin ) بونی نەبوو . یەهودیەکان ئیتر بوونە کەمایەتیەکی بچوک و لە ناو نەتەوە جیاوازەکاندا گەرچی پارێزگاری و هاو پەیوەندی و یەکگرتنی قەومی و باوەڕی ئایینی خۆیان هەموو هەوڵێکیان دەداو درێغیان نە دەکرد . بەڵام بە دەریجی ناوبەناوێک دەکەوتنە ژێر کاریگەری شارستانیەت و ئادابی میللە تانی خانە خوێوەو ئەگەر بە خویاندا نەچونایەتەوە کۆمەڵگەی یەهودی بۆ هەمیشە لە ناو دەچوو . جوشنان بن زکائی ( joshanan- ben zokkai )هەسا بە دروستکردنی قوتابخانیەک بۆ ڕێنمای کردنی یەهودیەکان لە شاری جامۆنیا ( jamunia )کە چوونکە هیچ پەیوەندی بە سیاستەوە نەبوو . ڕۆمیەکان ڕێگریان لە دامەزراندی ئەقوتابخانەیە نەکرد . مامۆستایانی ، ئەو قوتابخانەیە ، بە ناوی ( ڕابی ) ناونران و بە تەدریجی وەزیفە کانی ئەنجومەنی ئایینی ( sanberdian )کە پاش هێرشی ڕۆمیەکان داخرابوو . لە دەست گرتەوە و ڕێنمایی یان بۆ یەهودیەکانی دانیشتوی وڵاتەگەورەکانیش دەکرد . یەهودیەکان بۆ چارەسەر کردنی کێشەئایینیەکانیان و سەرنجدان لێیان . سەردانی ئەو قوتابخانەیەیان دەکرد . سەرپەرشتیارانی ئەو قوتابخانەیە بە ناوی تانا( tanna )بە کۆش ناوزەد کران بە تانائیم ( tanaim )پاشماوەی نوسراوی خوێچندکارانی ئەو قوتابخانەیە . ( پەندە بە ناوبانگەکان ( امسلە مشهور ) لە کتێبی ( parkay avot )هاوکات (تەفسیری سەدەی دووەم ) یان یاسای بەزمانی عیبریە (1)

جیاوازیەکی تری یەهود بە تەدریج لە ناوچوون بوو ، تەنیا یەهودیەکان – مەسیحیەکان مانەوە ، کە بە هۆی هەوڵی زۆری رابیەکانەوە بۆ دەرکردنیان لە سیناگوگ ، و هاوکات درێژەدان بە ژیانی ئایینی خۆیان . شوێنی پەرستنیان بە ناوی کلێساوە بۆ خۆیان دروست کرد . تەواوی پەیوەندی خۆیان لەگەڵچ ئایینی یەهودیدا بڕی و هەتا بوونە دەستەیەکی دژی یەهود .

---

1-پیرکی ئارت کتێبێکی فیرکراوەیی ئایینی یە کە بە زمانێکی سادەو بە شێوەی پرسیار و وەڵام نوسراوەتەوە و زیاتر بۆ فیرکردنی بواری ئایینی منالآنە .

شەست ساڵ بەسەر وێران بوونی شاروو سوتانی پەرستگەی هیکل دا تێپەڕی ، تا ئەوکاتەی کە هادریان ( Hadrian )ئیمپراتۆری ڕۆم لە سەفەرکەیدا بۆ فەلەستین فەرمانی کرد بینای شارێکی نوێ بە ناوی ئایلیا کاپی تولینا( aelia capitolina)لە سەر وێرانی و کەلاچوەکانی ئەرشەلیم و پەرستگەیەک لە جێگای هەمان پەرستگەی هیکل بۆ ژوپیتر دروست بکرێت . پاش گەڕانەوەی قەیسەر بۆ ڕۆم ئەو یەهودیانەی کە دژی بونیاد نانەوەو دروستکردنەوەی سەرلەنوێی وێرانیەکانی ئورشەلیم بوون لە ساڵی 132 زایینی بە سەرکردایەتی سیمون بن کوسبا( simon ben koseba)شۆڕشێکی هەمەلایەنەیان بەرپا کرد . لەو شۆڕشەدا کە لەلایەن مەزنترین ڕابی ئەو سەردەمە ڕابی ئەکیبا ( rabbi akiba)ڕێبەرایەتی دەکرا . لە سەرەتادا زەرەری زۆریان بە ڕۆمیەکان گەیاند . بەڵام سشکتی کۆتایی

ئەوانە سەرسورهێنەربوو . رۆمیەکان جارێکی تر دەستیان کردەوە بە جینۆساید کردنی یەهودیەکان و ژن و منالەکانیشیان دەست لێ نەپاراست . شاری ئالیا کاپی تولینا لە سەر وێرانیەکانی ئورشەلیم و پەرستگەی ژوپیتر لە سەر جێگای ( مسجد الاقسی بونیاد نرا )و هەتا نویک بوونەوە بەو پەرستگەیەبۆ یەهودیەکان قەدەغەبوو ، تەنیا لە رۆژی نۆیەمی مانگی ئابی رۆمیەکان کە سالٚ رۆژی وێران کردنی پەرستگە کە بوو ، مۆلەتی یەهودیەکانیان دەدا لە کەنار دیواری وێرانەی پەرستگە کە کە مابووەوە راوەستن و نزا بکەن . نەریت و نۆرمی ( دیوار ندبە ) لەو رۆژەوە لە ناو یەهودیەکاندا تا ئەمرۆکەش بەردەوامە . بەرتەسک بونەوەی مەودای خەتەنە کردن و ئەو دروشمەکانی تری ئایینی ، و جێ بەجێ کردنی مەراسیمی پەرستن ، بووبوە گرفت بۆ یەهودیەکان و زۆینەی ئەوان ئارەزوویان دەکرد جارێکی تر ئێرانیەکان هێرشبکەنەوە ئەوان لەژێر ئەو ستمە رۆمیەکان رزگار بین . سیمۆنی دووەم کوڕی غمالانیل ، کە بوبوە سەرۆکی ئایینی یەهودیەکان . ناوەندی یەهودیەت و ئەنجومەنی رۆحانی گواستەوە بۆ جلیلە و تەبریە و ئەو شارەکانی تری فەلەستین . سیمون یەکێک بوو لە یەهودیە توندرەوەکان و لە سەردەمی باوکسالاریدا ئەو ( میسنا ) ی بلاو کردەوە . گەرچی باوکسالاری و پیشەوایی ئایینی رەی لە ئاوا بوون بوو . بەلام لە بەرانبەردا شرۆڤەکانی رابیەکان لە فەلەستین و بابل وهەتا رۆمیش تەشەنەی سەند بوو .

باوک سالاری و پیشەوابونی ئایینی قەومی لە سالێ 429 زایینی لە لایەن رۆمیەکانەوە بە تەواوەتی سڕایەوە . بەلام ئەنجومەنی رۆحانی (( sanherdinتا سالێ 640 زایینی هەر بەردەوام بوو .

قبوڵ کردنی ئایینی مەسیح لە سالێ 313 زایینی لە لایەن کنستانتین ، بە شێوەی ئایینی ئیمپراتۆری رۆم مژدەیەکی دلٚخۆش کەربوو نەبوو بۆ یەهود . گەرچی ئایینی یەهود هیچکات بە ناسایایی نەدا لە قەلەم ، بەلام ژیان بۆ یەهودیەکان ناچاری بوو . زۆرینەی پێشەواکانی مەسیحی و نوسەران ، کەشیش و ئاستە بالاکانی ئایینی مەسیحی پڕبوون لە یەهودیەکان و یەهودیان بە بەرپرسیاری کوشتنی مۆسا بە خەلکی دەناساند .

تندوتیژی رۆمیەکان بوە هۆی ئەوەی کە یەهودیەکان بۆ رزگاری خۆیان پەیوەندی بکەن بە هەرهێزێکی دەرەکیە وە . هەروەکو چۆن لە جەنگی ئێرانیەکان و رۆمەکان لە خۆر هەلات ( 614-617) زاینی ، هاوکاری هێزەکانی ئیرانیان کرد . بەلام پاش گەرانەوەی ئێرانیەکان و هاتنی سەرلە نوێی هێزی بیزانس بۆ ئورشەلیم یەهودیەکان جارێکی تر لە شارە پیرۆزەکە دورخرانەوە . پیشکەوتنی خێرای موسلمانان تا حومە ( قستەنتنیە ) تەواوی ولاتەکانی ناوەندی خۆرهەلات دەریای مدیترانە یان داگیر کرد . میسر و باشوری ئەفریقاو ئیسپانیا تا سالێ 711 زاینی بەگشتی لە ژێر فەرمان رەوایی موسلمانەکاندا بوو . لە ماوەی نزیکی سەد سالدا پاش سەرهەلدانی ئیسلام زۆرینەی ناوچە کانی یەهود نشین لە ژێر فەرمان رەوایی عەرەبەکاندا بوون .

بە هاتنە ئارایی ئایینێکی نوێ ، باروذۆخی ژیانی یەهود گەشەی سەندەوە ، یەهودیەکان لە بواری جۆراو جی زانستی وەکو ئەستێرەناسی و ماتماتیک و فەلسەفە و کیمیاو تەندروستی و ژیان زمان ناسی لیهاتوییی خۆیان پیشاندا . لە هەمان سەردەم دا ، توانیی و گرنگی کۆمەلەی رۆحانیەکان کە لە منفا بوو ( گوان – ( goanلە بابل ناوبانگی زۆریان هەبوو . تلمدی بابلی ، لە ئەنجامی کاریگەری هەوڵ و تەقەلاکانی ئەوانە لە سەرانسەری جیهانی یەهود . شیاوی قبول کردن بوو . لقێکی گوان ە سەدەی نۆیەم لە فەلەستین دامەزرا ، کە زۆر بەخێرایی لە لایەن یەهودیەکانی نیشتەجێی میسر و ئیتالیا و ئیسپانیا ، بە شێوەی ناوەندی توانا کاری ئایینی بوە جێگای قبولچ کردن . کۆمەلە یاسایەکی تلمدی لەژێر سەرپەرشتی گوان دا لیکۆلینەوەی بۆ کرا . دروشمەکانی سینا گوگ نوسراو کتێبی نزاو پارانەوە و دەقەکانی تەورات بە گۆرشانکاریەوە بلاو کرایەوە . مەزتنریت هەنگاوی کاوێگەری ئایینی

گوان بڵاو کردنەوەی ( وەڵامەکان – ( responsaبوو . ئەو بڵاچو کراوانە بریتی بوون لە وەڵامی کە پاش شرۆڤە کردنێکی وردی پرسیارەکان و گرفتە ئاینیەکان کە ڕوبەڕوی هەر تاکیکی یەهود دەبوویەوە ، دەدایەوە .

لە سەدەی هەشتەمی زایینی ئانان بن داود ( anan ben davidو لە سەدەی دەیەم کاراتیسەکان ( ( karaitesتلمود و تەواوی یاسا زارەکیەکانی پەیوەندی داریان ڕەد کردەوە ، و ڕایان گەیاند کە تەنیا تەورات وەکو کتێبی پیرۆزی ئایینی قبوڵ دەکرێت . بەڵام سەرنجەکانی ئەوان کە ئەگەری ئەوەی هەبوو ببێتە هۆی دوبورەکی و لە بەریەک ترازانی قەومی یەهود لایەنگری زۆری نەبوو و ئەمڕۆکەش باوەڕدارانی ئو نوسراوانە نزیکەی 15 هەزار کەس دەبن لە روسیاو ئیسرائیل و میسر تێناپەڕێت .

لە هەر دوو سەدەی یانزەو دوانزەدا کە ئیسپانیا لە ژێر دەستی فەرمانڕەوایەتی عەرەبدا بوو ، بەشێک لە یەهودیەکان ، لە دۆخێکی ئازادانەی هزریدا ، لە ئاستە باڵاکان دەربارەی پیشکەوتنی ئیسپانیای سەردەمی زێرینی زانست و ئەدەبی خۆیان زیاتر بە قەرزداری تاکەکانی یەهود دەزانن . لەو سەردەمەدا گروپێکی نوێ لە یەهودیەکان بە ناوی ( سفاردیک – ( Sephardicلەگەڵ سیناگوگ و مەراسیمی پەرستنی تایبەت سەری هەڵدا . زمانی لایەنگرانی ئەم گروپە تێکڵاویەک بوو لە عیبری و ئیسپانیولی هەڕەمەکی بەناوی لادینۆ ( ( ladinoبوو ، هاوتەریبی هەمان سەردەمی ئەو گروپە گروپێکی تر بە ناوی ئاشنگنازی ( (Ashkenaziلە ئەڵمان سەری هەڵدا . لە فەرەنسا تا سەدەی یانزەهەمی زایینی بارودۆخی یەهودیەکان بەبراورد بە وڵاتەکانی تری ئەوروپایی باشتر بوو ، لە ناوەڕاستی سەدەی یانزەهەمی زایینی ، ناوبانگی قوتابخانەکانی یەهودیەکانی نیشتە جێی فەرانسە لە سەر گوانی فەلەستین کاریگەری دانا ، یەکێک لە بیرمەندە بەناو بانگەکانی ئەو قوتابخانەیە ڕابی سلێمان بن ئیسحاق ( ( rabbi Solomon ben isacبوو کە ناوەکەی بە پیتەکانی یەکەمی ناوەکەی کورتکرابووە وە و بە ( ڕاشی ) ناسرابوو ، ئەو تەفسیرەی کە ئەو لە سەر تەورات و تلمود نوسی ، بوە جێگەی سودی زۆری پێشەواکانی قوتابخانەی یەهود و لە تلمودەکانی ئەمڕۆشدا چاپ دەکرێتەوە . لە ئەنجامی پڕۆپاگندەی کڵێسا و ئامادە کردنی خەڵک بۆ بەشداری کردن لە جەنگی سەلیبی ، نەفرەت کردن لە یەهوە کە لە ئەوروپادا دەستی پێ کردبوو ، هاوکات فەرانسایشی گرتەوە . هێزە موجاهیدەکانی سەلیبی لە سەر ڕێگای خۆیان و بەرەو لای ناوچەی ( موعود ) ڕۆژی پەسڵان هەرچی یەهودیەکیان دەبینی دەیان کوشت ، و موڵک و ماڵیان دەبردن ، داگیر کردن و دەست گرتن بە سەر ئورشەلیمدا کە لە دنیای مەسیحیەتدا وەکو مەزنترین سەرکەوتن ناوزەد دەکرێت ، بەڵام بۆ یەهودیەکان بە مانی مەرگ و وێرانی بوو . مەسیحیەکان سیناگوگ یان ئاگر تێ بەرداو سوتاندیان و لە هەرجێگایەکیشدا یەهودیەکانیان دەبین دەیان کوشتن ، ژیانی یەهودیەکانی نیشتە جێی ئەوروپا و فەلەستین زۆر مەترسیدار بوو بوو . یەهود ، مەرگی بە شەهیدی و دواهەمین قۆناغی پیرۆزی (کی دوش هاشم – ( Kiddush ha shemناوزەد دەکرد . بەشێکی زۆر لە یەهودیەکان مەرگیان پێ باشتر بوو لە وازهێنان لە باوەرەو نەریتی باوو باپیرانیان و شکاندنی یاساکانی تەورات . لە بەرانبەردا خۆیان دەکوشت یان خۆیان بۆ مەرگ ئامادە دەکرد لە بەرانبەر ئەشکەنجەی توند و قورسدا .

ئەو یەهودیانەی کە لە جینۆسایدی مەسیحیەکان گیانیان پارێزراو سەلامەت دەرباز بووبوون ، لە ناوچە نوێ کان کۆمەڵەی نوێیان دروست کرد . یەهود لە سەدەی پانزەدا ، چووە ناو خاکی ئینگلیز . بەڵاک لە ساڵی 1290 لەو وڵاتە دەرکران . تا ئەوکاتەی کە بەیەکجاری لە ساڵی 1650 بۆ ئەو دوورگەیە گەڕانەوە .

لەو جینۆسایدەی کە لە سەدەی سیانزەیەم لە سەرانسەری خاکی ئەوروپا دەستی پێ کرد ، لانی کەم تەواوی یەهودیەکانی نیشتەجێی باکوری ئیتالیا ، لە نێوان ساڵانی 1290 بۆ 1293 زایینی کوژران .

و یان له ئەنجامی کاریگەری فشاری کلێسادا له ئایینی نەژادی خۆیان وازیان هێنا و بوونه مەسیحی ،
له ساڵی 1306 له خاکی فەرانسه دەرکراو له جینوسایدی 1348 ئەوەی که مایەوه دەست بەسەرکران . لەو ساڵەدا یەهودیەکان ، تۆمەت بارکران به ژەهراوی کردنی چاڵەئاواەکان ( مەرگی ڕەش ) که هۆکاری له ناوچوونی تەواوی دانیشتوانی ئەورپا بوو . دوو تۆمەتی تری ترسناک دەربارەی یەهودیەکان بڵاو کرایەوه : تۆمەتی خیانەت و بێ حور مەتی کردن به وڵاتی خانه خوێ بوو ، به پرۆپاگندەی تۆمەتی خیانەت کردن ، مەسیحیەکان دەیان وت که یەهودیەکان منداڵی مەسیحیەکان له مەراسیمی جەژنی (فصح)(1)دەکەنه قوربانی . جینۆسایدی کردنی یەهود ، شێوەیەکی نێو دەوڵەتی به خۆی گرت ، له ئیسپانیاوه تا لورستان له هەرجێگایەک که یەهودی هەبوایه دەیان کوشت . سەردەمی زێرینی ئیسپانیا هاوکات له هەمان سەدەدا کۆتایی پێ هات .

له سەدەی دوانزەیەم دا مەسیحیەکان پاش داگیر کردنی ئیسپانیا دووباره له گەڵ موسڵمانەکاندا ڕووبەڕووبوونەوه ، قەبیله بەدەوی یەکان بۆ پارێزگاری کردن له موسڵمانەکان له باشوری ئەفریقاوه هێرشیان بۆ ئیسپانیا هێنا ، ئەم قەبیلانه ئامادەی ئاشتەوایی نەبوون لەگەڵ یەهودیەکان .
یەهودیەکانیش هەڵاتن بۆ باشوری ئیسپانیا . له سەرەتادا مەسیحیەکان به ئاشتیانه ڕەفتاریان لەگەڵ کردن ، بەڵام باش هەڵسوکەوت کردنی فەرمانده مەسیحیەکان زۆری نەخیاندو تەواوی یەهودیەکانیان خەڵتانی خوێن کرد به دەمی شمشێرەکانیان . ئەم ڕشەشه کوژیه له ساڵی 1391 کەیشته لوتکه و پێیان دەوتن بەراز ... و له شاریی سویل سی هەزار یەهودیان کوشت . له ساڵی 1492 ئەو پاشماوەیەی یەهود مابوونەوه دوو ڕێگایان بۆ دیاری کردن یان ببنه مەسیحی یان خاکی ئیسپانیا به جێ بهێڵن . بەشێک له بیرمەندان و ڕۆشنبیرەکانی یەهودی له ترسی گیانیان بونه مەسیحی و بەڵام بەشێکی زۆر له چینی هەرەمەکی هەڵاتن و بەرەو خۆرهەڵاتی ئەورووپا و ئەفریقیا و ئاسیا . ئەوانەی که له باکوری وڵاتانی ئەوروپا مانەوه ، ناچاربوون له پله نزمەکانی شار له گتو ( ghetho)دا و دوور له کۆمەڵگه بژین . شەوانه مافی چوونەدەروەیان تا ئەو دیواره هەبوو که بۆیان هەڵچنرابوو .

---

1- جەژنی یاد کردنەوەی ڕزگاربوونی یان دەرچوونی بەنی ئیسرائیل له میسر له ژێردەستی نصاریەکاندا .یان ڕۆژی یاد کردنەوەی چون بۆ ئاسمانی عیسا . و.ک. فەرهەنگی عمید

دەبوایه بۆئەوەی که خەلک بیان ناسن پارچه پەڕۆیەکی زەردیان بدایه له یەخەیان . له سەر دەمیپشکنینی ئایینی له ئو روپادا بارودۆخی یەهودیەکانی نیشتەجێی ئەوروپا خراپتر بوو له سەردەمی جەنگەکانیان لەگەڵ سەلیبیەکان ، ئەنجامدانی نەریتی ئایینی وەکو خەتەنه کردن و ڕۆژی شەممە و یاد کردنەوەوجەژن کردن قەدەغه بوو بۆیان . ئەوەی سەرپێچی بکردایه به توندترین شێوه سزا دەدرا . له ساڵی 1420 دوو هەزار کەس له یەهودیەکان له لایەن گروپی دومی نیکن که بەرپرسیاری پشکنینی باوەڕ بوو ، له سەر کۆمەڵێک خەڵکی شەڕنگێز سوتاند له ئاگردا .

ساڵانی کۆتای سەدەی حەڤدەیەمی زایینی دنیا شاهیدی زیندو بوونەوەی هزری نیوه مردووی پەیوەندی دار به دەرکەوتنی مەسیحەوه بوو بۆ ڕزگاری قەومی یەهود . گومانی تێدا نیه که ئەو بزوتنەوانه به هۆی نەبوونی ئاسایشی کۆمەڵایەتی قەومی یەهودەوه بەرپا دەکران . گرنگترین بزوتنەوه که له ساڵەکانی 1628 بۆ 1716 سەری هەڵدا . له لایەن دوو کەسەوه به ناوەکانی ( شابیتاتی زوی – ( shabbetaiو ( ناتان عزه – ( natan of gazaڕێبەرایەتی دەکران . شابتاتی له ساڵی 1665 دەستگسر کراو خرایه زیندانەوه و پاشان موسڵمان بوو . ڕەفتاری ناتان له

وتەکانی (یەحیای معمدان ) سەرچاوەی دەگرت . ئەو خەڵکی بۆ تۆبەکردن ، وەرزشی قورس ، نەفس کوشتن ، بەڕۆژووبوون ، خۆشتن لە ناو سەهۆڵاو ، نزاو پارانەوەی بەردەوام بانگ هێشت دەکرد .

یەکێک لە ڕوداوە گرنگە کانی یەهود لەو سەدەیەدا ، ڕەخنەی توند بوو کە باروح ئیسپینوزا ( 1632-1677) ( baruch – Spinoza)فەیلە سوف و بیرمەندی یەهودی و لە دایک بووی هۆلند ، لە سەر ئایینی یەهود . ئیسپینوزا ڕەسەنایەتی کتێبی پیرۆزی یەهودی خستەبەر گومان و پێی وانە بوو کە وەحی خوداوەندبێت . بەو جۆرەی کە لە تەوراتدا هاتوە ، هەڵەو کەموو کوڕیەکانی کتێبەکە بە باشترین بەڵگەی ئاسمانی نەبوونی ناوزەد کرد و بە بەرهەمی هزری ئاڵۆ گۆڕ و گۆڕانی یەهودیەکان بە درێژی ئەو چەند سەدەیەی پێشووی ناوبرد . ئیسپینوزا دەی وت : موعجیزەکانی یەهوە لە تەوراتدا هیچ بنەمایەکی نیەو یاساکانی تەورات نەتەنیا ناتوانن ئافرێنەری سیستەمی دروست و ئارامی و خۆشبەختی مرۆڤ بێت ، بەڵکو بەرگرێکی گەورە لە سەر ڕێگای پێشکەوتنی فیکری و مەودای ئازادی مرۆڤ دێنێتە بوون . بە بۆچوونی ئەو باڵاترین یاسا یاسای عەقڵە ، کە لە عەقڵەوەیە گشتی جیهان ( لوگوس- ( logosسەرچاوەی گرتوە . کتێبی سروشت کە بە زمانی داتاو ژمارەی ماتماتیکی ڕێکخراوەو لە عەقڵی گشتی جیهان ئاخێنراوە ، عەشق بۆ خودا کە تێیدا سۆزی مرۆڤایەتی دەرکەوت ، باشترین سەرمەشقی بنەمای ئەخلاقی و سیستەمی کۆمەڵگەیە .

ئیسپینوزا چوونکە یەهودی بوو ڕەخنەکانی ئەو تەنیا لە تەوەری کتێبی پیرۆزی یەهود دا دەخولایەوە . توانی لە دادگای ( پشکنینی باوەڕەکان )ی مەسیحیەکان دا گیانی بەسەلامەت دەرباز ببێت . بەڵام سیناگوگی یەهودیەکان ئەویان بە دوژمنی خوداو کتێبی پیرۆز ناساند و لە دەقی نەفرەت نامەیەکدا ئەویان لە ناو قەومی یەهود حشا لێکرد . ئیسپینوزا ئایینی یەهودی واز لێهێناو تا کۆتایی تەمەنی ئایینێکی تری قبوڵ نەکرد .

پاش شۆڕشی مەزنی فەرانسا و ڕاگەیاندنی مافی مرۆڤ و ئازادی تاک یەهودیەکان بە تەدریج لە ڕەفتارەکانی دەوڵەتی عوسمانی و ئەوروپای خۆرهەڵات و ڕوسیە چوونە دەرەوە و بەرەو کیشوەرەکانی خۆرئاوای ئەوروپا و ئەمریکای ڕۆشتن . توانیی و هێزی یەهودیەکان لە بواری ئابووری و بانکی و سیستەمە پێشکەوتوی ئابووری لە و وڵاتانەدا بونیاد نا .

گەرچی لە سەدەی نۆزدەیەمدا مافی یەکسان بۆ گشت دانیشتوانی هەرکیشوەرێک و دۆخی ئایینی و سیاسەت ڕاگەیەنرا ، ئایینی یەهودیش وەکو ئایینێکی زیندووی دنیا ، و هەریەهودیەکیش وەکو یەکێک لە دانیشتوانی ئەو جیگایە بەهرەمەند بوو لە مافی یەکسان . بەڵام پەرچە کرداری خەڵک لە ڕووبە ڕوو بونەوەی سیاسیەتی میان ڕەویانەی دەوڵەتەکان و دژایەتی کردن لە دەستوەردانی یەهودی یەکان لە ڕەوشی سیاسی کە بە ڕەواڵەت لە سەر بنەمای ، بایۆلۆژی و باڵاتر لە نەژادی ئاریایی ، خۆیان دەرخستبوو ، گرفتی نوێی بۆ یەهودیەکان خولقاند . گەورەترین بزوتنەوەی دژی نەژادی سامی ، کە بە گشتی تەنیا یەهودیەکانی لە خۆ دەگرت ، لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەیەمدا لە فەرانسە لە گەڵ ڕوداوی دریفوس ( dreyfusئەفسەری یەهودی سەری هەڵداو پاشان لە ماوەی ساڵانی 1938 بۆ 1945 لە تەواوی ئەوریا گەیشتە لوتکەو بە کوشتنی زیاتر لە شەشە ملیۆن ، واتە نزیکەی یەک لە سێی یەهودیەکانی سەرزەوی کۆتایی هات . لێدانێکی مەزن کە بەر ئاسایش و سەلامەتی و ئیمانی یەهودیەکان کەوت ڕۆڵێکی کە بەداخەوە ئایینی مەسیح و پێشەوایان و ڕێبەرانی ئایینی عیسا لە کوشتاری مەزنی ( holocaustی یەهودیەکاندا گێڕایان ، ڕاستی یەکی تاڵ بوو ، کە لە مێژووی پەیوەندی ئایینە جۆراو جۆرەکانی بەرهەمی کارگەی خودا سازی مرۆڤ بۆ هەمیشە بە زیندویی دەمێنێتەوە .

ئەگەر بە ووردی سەیری مێژووی ئایینی یەهود بکەین ، بە جوانی ئەوە دەبینین کە تەواوی کوشتنی بێهۆی یەهودیەکان بە دەست خەڵکی خورافە پەرست و پابەند بە باوەڕی بێنەما و بینچینەی ئاینێکی تر ، بە مەبەستی دەسەڵاتی سیاسی و بەهرەوەرگرتن لە ئابووری ڕێچکەی گرتوە . یەهود لە سۆنگەی تواناو ڕیبەری کە لە زانستی پیشەسازی جۆاو جۆر خۆیان بینیوەتەوە ، جێی باشی و مەبەستی چینی باڵا دەست لە سۆنگەی سود و قازانج و کۆکردنەوەی سەروەتدا . جێگەی ڕق و کینەو ئیرەیی چینی هەڕەمەکی بوون .

بەرایی چواردەیەم :

دەستە و جیاوازی یەهود

هەروەکو یەهودیەکان لە یەک ڕەچەڵەکی دیار نین ، و هاوکات یەهودیەت قوتابخانیەکی شیاوی گۆڕان نیە . بە هۆی پەرشو بڵاوی لە نێوان نەتەوەکانی تردا ، جیاوازی مەزنی لە گروپەکانی یەهودی دا خولقاندوە . بۆنموونە لە ناو باوەڕدارانی یەودیەکان (فلاشا – ( flashaدانیشتوی حەبەشە ، لەگەڵ یەهودیەکانی تری مەکسیک جیاوازیەکی زۆری هەیە ، بە شێوەیەکی گشتی زۆرینەی یەهودیەکان کە لە سەرانسەری جیهاندا پەرش و بڵاو بونەتەوە . یان لە پاشماوەی گرپی ( ئاشکنازیزم –
(1)( ashkenazismیان گروپی (سفاردیم – ( sephardimمن . ئاشکنازیزم لە ئەوروپای ناوەندی بە تایبەتی لە ئاڵمان و فەرانسا سەریان هەڵدا و پاشان ڕۆشتن بۆ ڕوسیەو لوڕستان .
یەهودیەکانی ئاشکنازی بە زامنێکی تێکەڵ لە عیبری و ئەڵمانی سەدەکانی ناوەڕاست بە ناوی (یدیش – ( yidishقسە دەکەن و لە هونەرو مۆسیقا و ، ئەدەبیات و شێوەکاریدا بەرهەمی بەنرخیان لە دنیادا ئەفراندوە . یەهودیەکانی سەر بە گروپی سفاردیک (بە مانی ئیسپانیایی ) تا پێش ئەوەی کە لە لایەن دادگای ( پشکنینی باوەڕ )ی مەسیحیەکانەوە ڕشە کوژ بکرێن ، و دوور بخرێنەوە ، لە ئەفراندنی سەدەی زێڕینی ئەدەبی و زانستی ئیسپانیا ، لە سەر دەمی حکومەتی موسڵمانەکاندا ڕۆڵێکی مەزنیان گێڕاوە . ناوەندی یەهود لە شاری ( قرتبە ) پەروەدە کردنی بیرمەند و زانای زۆری لە جیهانی فەلسەفە و ئەدەبدا پێگەیاند . لە دیارترین خوێندکارەکان و ناسراوی ئەو ناوەندەن ، موسا بن مەیمونەیە (1135-1204) کە لە زانستی فەلسەفەدا پزیشکی وزمانی عەرەب پسپۆڕبوو . موسا پاش کۆچ کردنی بۆ

---

1-ئاشکناز = ئەڵمان

بۆ میسر بوە پزیشکی تایبەتی سەلاحەدینی ئەیوبی و هزرو ناوەندەکانی یەهودی –ئیسپانیایی لەگەڵ خۆیدا برد بۆ خۆر هەڵات . لە کتێبە بەناو بانگەکەیدا ، (دلالە الحایرین و هدایە المچلین )( ڕێنمایی سەرگەردانەکان و چاو ساقی وونبووەکان ) کە بە مەبەستی تەتبیق کردنی ئایینی یەهودی لەگەڵ فەلەسەفی ئەفلاتوندا نوساروە . بە ڕاڤەو تەفسراتی ڕەمزی ڕازی بووە و بە رووناکی هزری خۆی گەیشتوە . پەیڕوانی موسای بن مەیمونە کە بە گروپی مەیمونە ناسراون ، باوەڕیان وایە ، کە ئیمانی دروست لە پلەی یەکەمی گرنگیدایەو سیانزە باوەڕی خۆی کە بەتوندی لە لایەن ( خاخام) کانی میسر درایە بەر ڕەخنە ، لە سەر بنەمای ئیمان بە بوونی خودای یەکتا و ئەزەلی ، زانای ڕەها ، لە هەناوی پەرستنێکی پتەو بە وەحی خوداوەند بۆ موسا ، بوونی پاداشت لەم دنیاو ئەو دنیا ، دەرکەوتنی مەسیح و ڕۆژی پەسڵان و زیندو بوونەوەی مردوەکان لە ڕۆژی قیامەت ، پشت ئەستور بووە .

بن مەیموونە لە کتێبێکدا بە ناوی ( میشناو تەورات ) تواوی گرامریی پەیوەندی دار بە ڕەفتارو کردەوەی یەهود ( hala kgaha کۆکردەوەو بڵاوی کردەوە . یەک سەدە دواتر کاتێک فەیلە سوفێکی مەسیحی بە ناوی ( تۆماس ئاکیوناس – Thomas Aquinas ( فەلسەفەکەی ئەفلاتونی خستە بەر ڕەخنە . سودی لە نوسراوو تیرۆیاکانی بن مەیمونە بینی و ئەوی بە ناوی ڕابی موسا ( ( rabbi moyse ناوبرد .

فەیلە سوفەکانی یەهود لە م سەردەمەدا لە هەمبەر بابەتی ( قومی هەڵبژێردراوی خودا ) زۆر بایەخ پێ نادەن . و ئەو 13 بنەمایەی کە گروپی مەیمونە خستبوویانە بەر ڕەخنە هیچ کات نەیان خستەوەتە بەرباس. بەڵکو زیاتر سەرنجی ئەوان لە سەر خولگەی حەقیقەتی ڕەها دەخولێتەوە . ڕشەنگە هۆکەیشی ئەوە بێت . کە کاتێک یەهودی یەکانی نیشتە جێی ئیسپانیا لە لایەن مەسیحیەکانەوە کەتنە بەر ئازارو ئەشکەنجە و هەڕەشەی کوشتن . زۆرێک لە فەیلە سوفەکانی یەهود . چوونە سەر ئایینی مەسیح بەڵام ئەهودیە ئاساییەکان توند ڕەوو بوون لە سەر ئایینەکەیان و بەرگریان کرد تا کوژران .

هازیدیزم Hasidism

هازیدیزم لە سەدەی هەژدەیەم لە لوڕستان سەری هەڵداو لە سەرەتای سەر هەڵدانیەوە پێشوازی لێکرا . ئەم ناوەندە هیوایەکی گەشی بە خەڵکی مەحروم و زەرەر لێکەوت و و بەخشی . هازیدیزم کاتێک هاتە بوون کە بزوتنەوەی شاباتی ( shabbetai بێسەرەو بەر ئەنجام دراو فیرکراوەکانی ڕابی نیزمیش ( rabbinism جێی هیوا نەبوو . هازیدیزم لە سەر هەستی کەسیەتی و لە خۆبوردوویی پێک هات . کەسی سەرەکی لەم بزوتنەوەیەدا ، کەسێک بوو بە ناوی ئیسرائیل بعل شم تو (Israel baal sham toy ( 1700-1760) زایینی . ئیسرائیل پیاوێکی زۆر چالاک و ڕشەوان بێژوو کاریگەربوو بە و ئەندازەیەی کە ناویان نابوو موعجیزە خولقێن . فیرکراوە ئایینی یەکانی ئەو زیاتر لە ( کابالا ) و بەتایبەت لە زهار ( Zohar سەرچاوەی گرتبوو . خولگەی بنچینەی فیرکراوەکانی بیتی بوو لە فیداکاری بە جۆش و خرۆش بۆ خودا کە لە ڕێگەی نزا و سەما و ئاوازی دیار دەخولایەوە ، پێک دەهێنا . ئەفسانەی زۆر لە بارەیەوە وتراوە ، و خورافاتێکی زۆریش لە بزوتنەوەکەیدا دەبینرا . تاکەکانی ناو گروپ گەرچی لە ڕەواڵەتدا بە مەحروم و داماو بەرچاو بکەون ، بەڵام لە ڕاستیدا و لە هەناودا لە خرۆش و شادی و ڕۆحی باڵای ئایینی بەهرە مەندن . لە یەکەمین ڕشۆژی سەرهەڵدانی هادیزمەوە ئەنجام دانی وەرزشی قورس و نارەحەتی و ئازار کیشان لەم گروپەدا نەماو شادی و سەماو ئاواز بونە جێگرەوە . ڕێبەرانی گروپە کە ، کە بەناوی ڕەبە ( ( rabbe یان زادیک ( ( zaddik ناونرابوو. لە چینی گروەکان( ( gurus زۆر جێگای متمانەو دڵنیایی کۆی ئەندامانی گروپەکە بوو . زایدکەکان بە پەیڕەوی کردن لە ژیانی فیداکاریانە ، بە شێوەی پەیوەندی نێوان خەڵک و خودا ڕەفتاریان دەکرد . پەیڕەوکارانی هەر (زادیکێک ) مناڵەکانی خۆیان لە ژێر سەرپەرشتی ئەو دادەنا و هەتا پاشماوەی خواردنەکەی ئەویان بە ئارەزووەوە قبوڵ دەکرد . قسەی کۆتایی و یەکجاری یە . ژنان هەر لە سەرەتای سەرهەڵدانی ئەو گروپەوە ، وەزیفەیەکی گەورەی خستە ئەستۆیان بۆ جێ بەجێ کردن . بەڵام بە تەدریجی گرنگی خۆیان لە هەمبەر دریژە دان بە ژیانی خۆیان لەو گروپەدا لە دەست دا و ئەمرۆکە هیچ بایەخێکی ئەو تۆی نەماوە .

باوەڕی یەهودیە توندڕەوەکان لە باوەڕی ڕابیەکان و هەروەها لە دەقەکانی تەوراتەوە سەرچاوە دەگرێت . یەهودیە توندڕەوکان تەنیا خۆیان بە یەهودی ڕاستەقینە دەزانن ، ئەو گروپەی کە لە نیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدەدا پێک هات و لە بەرانبەر هێشتنەوەی یەهودیەتدا نەریتێکیان لە بەرانبەر بزوتنەوە ریفۆرمیەکاندا لە خۆرهەڵاتی ئەوروپا دروست کرد . یەهودیە توندڕەوەکان تەورات بە ڕێگای دروستی ژیان دەزانن و باوەڕیان وایە ، کە خودا لە گەڵ ئەدای دەقەکانی تەوراتدا ڕشاستەو دەرکەوتوەو

دابەزیوە . بنەمای دەقەکانی تەورات ، قسەی خوداو لۆژیکن . ئەوانە دەرخەرو هێمای دەرکەوتنی خودان و شیاوی گۆرانکاری نین و ژیانی هەریەهودیەکیش پێویستە لە هەر ساتێکدا چوون یەک بێت لەگەڵ یاساکانی تەورات ( ( mitzvothبێت . یەهودیە توندڕەوەکان مەسیح بە ( ڕزگارکەر) و بەشێوەی ئارمانی ژیان دادەنێنن و قەومی یەهود قوبڵیانە و لایەنگری بوونی دەوڵەتی ئیرائیلن . لە ناو گروپە جیاجیاکانی یەهودا . پەیڕەوانی گروپی هازیدیزم لە هەموان توندڕشەوتر و پەیوەندیەکی توندریان بە جێبەجێ کردنی هەریەکێک لە فەرمانە ئایینیەکانەوە پیشان دەدن .نیشانەدیارەکانی ئەوانە لە کۆمەڵگەدا جلوبەرگ و کڵاوێکی ڕەش و هێشتنەوەی قەنافیسە . و باشترین ئادابی پەرستنی ئەوانە ( ئاوازی سەمایە ) هازیدیزم دابەشدەبێت بە سەر چەندین گروپی بچوکتردا ، و هەر گروپێکیشیان ڕێبەرێکی تایبەتی خۆی هەیە . لە ئەمریکا دوو ناوەند لۆباویچ ( ( lubavitchو ساتمار ( ( satmarلە گروپەکانی تۆی هازیدیزم لایەنگری زیاترە .

یەهودیەکانی نیشتە جێی ئەورووپای خۆرهەڵات . کە تا سەدەی نۆزدەیەم لە نا گروپی داخراودا بە ناوی شتیتل( ( shtetetlوەک بەشێک لە دەرەوەی دنیای ڕۆحانیەت دەژیان . پاش کۆچکردنیان بۆ ئەمریکا بەتایبەت کە فیرکراوەی زانکۆیان وەرگرت و باوەڕدارکران بەوەی کە ئایین لەگەڵ پێشکەوتنەکانی دنیای نویدا هاوتەریبە .

بزوتنەوەی ڕیفرمیی یەهود ، بۆ یەکەمین جار لە ئەڵمان دروست بوو ، خولگەی هزری ئایینی لە سەدەی هەژدەیەم لە سەر مکەنیق و لۆژیک بوون . ڕاگەیاندنی ئازادی لە وڵاتانی باکوری ئەوروپا ، یەهودی خستە ناو مەودایەکی ئازادی نوێوە . بەهرەمەند بوون لە مافی یەکسان لە نێوان هاوڵاتیاندا ، دەرفەتێکی بۆ یەهود ڕەخساند تا لە دنیای دەرەوەی ڕۆحانیەت شرۆڤەکاری ئەنجام بدات . دنیای ئامادەکرابوو بۆ پێشکەوتنی خێرا لە سۆنگەی زانستی و پیشەییەوە . یەهودیەکانی ئەوروپا خۆیان لەگەڵ گۆرانکاریەنوێکاندا گونجاند و هاوکات بۆ پاریزگاری کردنیش لە یەهودیەت لە بەرانبەر شەپۆلەتوندەکانی گەشەکردنی زانستی هەندێک گۆران کاریان لە ئایینی یەهودیدا بە پێویست زانی . پیچشڕەوانی ئەم گۆرانکاریە مەزنە کەسێک بوو بە ناوی ئیبراهیم گی گر ( Abraham Geiger) ( 1810-1874)بوو . ئیبراهیم پەیڕەوکاران ئەو ، بە سەرنجدان بە بزوتنەوە خێراکان و شرۆڤەکاری زانستی و پیشەسازی . بە دەست هێنا . کە هیچ بیرمەندێکی تر ناتوانێت دەقەکانی تەورات لەگەڵ دۆخێکی واقیعی و هەقیەقتدا هاوتەریب بکات . پێویستە کە گۆرانکاریەک لە مەراسیمی پەرستن و یاسای ئایینی دا ئەنجامبدرێت . یاساکانی لە هەمبەر خواردن و خواردنەوەکان و ڕۆژ و گرتن وەلانرا . نزاکان لە زامی عیبریەوە بۆ زمانەکانی تری خۆجێی وەرگێردرا ، مەراسیمی پەرستن لە سیناگوگی گەورە گوازرایەوە بۆ کەنیسەکان . بەشداریکردنی خێزانی جێی جیاکردنەوەی ژنان و پیاوانی گرتەوە . هەتا ڕۆژەکانی یەکشەممە یان لە جیاتی ڕۆژی شەممە قبوڵ کرد .

لە ئەمریکا بوتنەوەیەکی تری چالاک بە ڕێبەرایەتی ئیسحاق وایز ( ( Isaac wiseلە کۆتایەکانی سەدەی نۆزدەهەمدا سەری هەڵدا . ئیسحاق وایز پاش کردنەوەی دامەزراوەیەک بە ناوی ( جمعیت اصلاح گلبان ) لە ساڵی 1875 هاوکات قوتابخانەیەکیشی بە ناوی ( ( Hebrew union college کە تا ئەمڕۆکەش گرنگترین فێرگەی پەروەردەکردنی ( ڕابی ) یە لە ئەمریکا . پەرەی سەند . لایەنگرانی ڕیفۆرمی ئیسحاق وایز پیچشکەوتوترین بزوتنەوە ڕیفۆرمیستی یەهودیەکان پێک دەهێنێت . و باوەڕیان وایە کە سروشی خوداوەند شتێکی بەردەوامەو هەرگیز کۆتایی نایەت . و هەموو ڕشۆژێک گۆرانی بەسەردادێت . هەر لە سەر ئەوە بنەمایەش پێویستە هەوڵبدرێت کە هەرنەوەیک لە ڕێگەی ئەزموون و لۆژیکەوە لە نێوان ئایینی و پێشکەوتنی زانستی دا هەماهەنگیەک دروست بکات . لەگەڵ ئەوباوەڕە ئایین بە دۆخێکی تایبەتی تاک و بێ چەندو چۆن دادەنێن و زیاتر لە

سەر فیرکراوەی ئەخلاقی پەیامبەرکانی یەهود جەخت دەکەنەوە . تا لە سەر مەراسیمی پەرستن و یاسای وشک و نارەحەتی ئایینی . هەتا ئەوان لەو سنوورەتش تێدەپەڕن و لە دەیەی 1970 دا ڕێگە بە ژنان دەدەن بۆ خوێندن لە قوتابخانەی ئایینی و بەدەست هێنانی پلەی کۆڕا ( ڕابی ) مۆڵەت یان داوە .

بەشێک لە یەهودیەکانی نیشتە جێی ئەوروپا کە لەو گۆڕانکاریانەی کە لە لایەن یەهودیە ڕیفۆرمخوازەکانەوە ئەنجامدرا نیگەرانن و نارشازی بوون . لە کۆتایەکانی سەدەی نۆدیەم دا گروپێکی محافزەکاران کە پشتیان پێشینەی مێژوویی دەبەست وەک بە ڕوکنی بنچینەیی ، دروست بوو . لە ئەمریکا کەسێک بە ناوی سلێمان شختر ( 1850- 1915 ) ( soloman Schechter ) سەرۆکی فیرگەی تیۆ لۆژی یەهود( الهیات یەهود – ( jewish theological seminary)لە سەر بنەمای پێویستی وابەستەیی بە نەریتە کانی ئایینەوە جەختی دەکردەوە و لە دۆخی بەراوردکردنی ئایین لە کاتی پێویت لەگەڵ پێشکەوتنە زانستی و فەلسەفیەکاندا دەی وت : بۆ پارێزگاری کردن لە کۆمەڵگەی یەهود ، گۆڕاکاری ئایینی پێویستە بەو جۆرە بێت کە کاریگەری نێگە تیقی نەکاتە سەر نەریت و نۆرمە ئایینیەکان . محافزەکاران لەو لایەنگرانەن پێداگریی لە سەر سەهیۆنیستی و یەهودیانی ئیسرائیل دەکەنەوە .

بەرایی پانزەیەم :

## فەلسەفی یەهود

گەشە کردنی فەلسەفەی یەهود لە سەدەی نۆیەمی زایینی پێویستە بە قەرزارباری ئیمپراتۆری عەرەبی بزانین . عەرەبەکان دەوڵەمەندی فیکری تەواوی شارستانیەتەکانی ڕابوردویان کۆکردەوە و کتێبە فەلسەفی و زانستی یەکانی یەونانی و ئیرانی و هندی و هەتا چینی یان بە عەرەبی وەگێڕا . زیاتر ئەو دەقانەی پەیوەندیان بە فەلسەفە و ئامارەوە ماتماتیکەو پزیشکی کە بەدەستی بیرمەندانی یەهودی نوسرابوون . ڕێژەیەکی زۆر لەو بابەتانەی پەیوەندیان بە فەلسەفەی ئایینەوە هەبوو . یەکێک لە گەورە کەسایەتیەکانی فەلسەفەی یەهود بە ناوی سعدیا بن یوسف ( 822-942 ) لە یەهودیەکان عێراق ، دامەزرێنەری بنەمای ( ڕاسیۆنالیزمی عەقڵانی ) یەو لە نوسینەکانیا زیاتر هەوڵی خۆی لە سەر ( ئیمان و عەقڵ ) و بەڵگەی بوونی خودا چڕکردوەتەوە . سعدیا باوەڕی وابوو کە ئایین و عەقڵ تەواو کەرو هاوتەری بی یەکن . باوەڕ بوون بە یەکیان بە بێ ئیمان بەوتریان ، نەشیاوە و نابێت . سعدیا کتێبی پیرۆزی یەهودی بە عەرەبی وەرگێڕاو خستیە بەردەستی یەهودیەکانی ژێر دەسەڵاتی خەلافەتی ئیسلامیەوە .

تا سەدەی پانزیەمی زایینی فەلسەفەی یەهود لە ژێر کاریگەری فەلسەفەی نوێی ئەفلاتوندا بوو . فەیلە سوفەکانی یەهود . هەتا لە ئایینی یەهود زیاتر تێپەڕین و دەیان وت کە : خوداوەند پاش بەدیار کەتنی زۆرو جۆراو جۆر ، ئیتر دورە پەرێز وەستاوە لە جیهانی بوون . نوسینەکەی سلێمان بن جبرەئیل ( ( soloman ben Gabrielکە بە لاتینیش وەرگێڕدراوە . کاریگەریەکی قوڵی لە سەر هزری فەیلە سوفە مەسیحیەکان دانا . کاریگەری نوسراوەکانی سلیمان لە سەر ناوەندی عیرفانی یەهود بە ناوی کابالا ( ( kabbalahدەتوانرێت ببینرێت . جوادا هالۆی ( 1085- 1140 ) (juda halevi) زایینی لە تۆلدو ( ( Toledoداستانێکی دەربارەی دیالۆگی بیرمەندی یەهودی و پاشای قاجار ( ( khazarsقەبیلەیەک بیو لە تورکە کانی کە بووبوونە یەهودی بۆ سەلماندنی بوونی خودا لە ڕێگەی فەلسەفەوە نوسی و گەیشتە ئەو دەرئەنجامەی کە بوونی وەحی بۆ ئاشنایی زیاتری بوونی خوداوەند پێویستە .

لە سەدەی یانزەیەمی زایینی گۆڕانکاری لە هزری فەلەسەفی یەهود دا رویدا ، و فەلسەفەی ئەفلاتون جێی خۆی بۆ فەلەسەفەی ئەرستۆ چۆڵ کرد . لە فەلسەفەکەی ئەرستۆدا ، جێگایەک بۆ پێشبینی کردنی بوونی خودا دیاری نەکراوە و فەیلە سوفەکانی یەهود لە هەوڵی دۆزینەوەی ڕێگایەکدا بوون بۆ تێکەڵ کردنی باوەڕی فەلسەفی ئەرستۆ لەگەڵ باوەڕی ئایینی تەوراتدا . عانا بن داود ( 1180 زایینی ) بونیاد نەری گرووپی قاریان (کۆی خوێنەر ) یەکەمین کەسێک بوو کە بەردی بناغەی گومانی لە دەقەکانی تلمود دا دانا ، و وتی کە لە دنیای ئاییندا نابێت سنووری کتێبی پیرۆز تەورات ببەزێنرێت. بکرێت . بەڵام مەزنترین بیرمەندی ئەم ناوەندە موسا بن مەیموونە بوو کە لە ئیسپانیاوە دورخرایەوە بۆ میسر و هزری گومانی لەگەڵ خۆی برد بۆ خۆرهەڵات .

دەرکەوتنی نهێنی ( غەیبی )

ئیمان بە ڕۆئیای ڕاستەو خۆی دەرکەوتنی خوداوەند و وەستان لە سەر ڕوداوەکان بەرێگایەکی جگە لە ڕێی پێنج هەستەکەوە بناغەی عیرفانی یەهود پێک دەهێنێت . باوەڕداران بە دەرکەوتنی غەیبی و فەیلە سوفەکان ڕەنگە بۆچونێکی هاوبەشیان لە سەر ئەو بابەتە هەبێت . بەڵام بە گشتی ڕێگای گەیشتن بە دەرئەنجامی جیاواز دەبێت . دەستەی یەکەم : پشت ئەستورن بە ئەزموون و دەرکەوتنی غەیبی و فەیلە سوفەکانیش بە بەڵگەو مەنتیق .

کابالا ( ) ( kabalaوەرگرتنی فیرکراوەی ڕەمزی ) لە سەر بنەمای کۆمەڵێک لە نەریتی دێرینی دەقەکانی تلمود و ، نوسراوەکانی سەفەرو ئافرینش (سفریت سبرت- ( sefer yetsirotلە ئیسپانیا سەریان هەڵداوەو لە سەر مەعنەویەتی ڕەمزی و نهێنی لە هەریەک لە وشەکانی عیبری تەورات و فەلسەفەی نوێی ئەفلاتونی ( 1) پشت دەبەستن . هزری پەیوەندی دارو وابەستە بە خوداو جیهانی بوون کابالا لە فەلسەفەی نوێی ئەفلاتونی وەرگرتوە . لە کابالا دا خوداوەند ئەندیکاتۆری بێکۆتایی ( ( ensofیە .

---

1-فەلسەفەی نوێی ئەفلاتونی لە لایەن فلوتن ( 205-270) زایینی کە لە ڕۆم مامۆستابوو ، بونیاد نراو باوەڕی وابوو ، کە واقعیەتی ئۆرگان لەگەڵ ئەوەی کە ئێمە دەی بینین زۆر جیاوازە .

لە هەمبەر خودا وێنەیەکی (پێرسپێکتیو ) هەمەلایەنە ( ( sefirotیان ئەو لایەنەی کە خودای ئاشکراکردوە ، و خۆی بە جیهان ناساندوە . بە دیار دەکەون . دەرکەوتەی خودا پەیوەندی نێوان بێ کۆتایی و جیهانی بوونە .کابالا ( زوهار – ( zoharکە دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی ڕابی سیمۆن باریۆهائی ( ( rabbi simon bar yohaiلە سەدەی دووەمی زاینی ، بەڵام لە ڕاستیدا کتێبەکە لە سەدەی سیانزەهەمی زایینی نوسراوەو نوسەرو بڵاو کەرەوەی ڕابی موسا دێ لئۆنە ( rabbi ( mosses de leonئەم کتێبە لە ڕووی مێژووی یەوە گرنگیەکی زۆریی هەیەوە هەر وەکو تلمود نهێنی ئامێز بووە. دواە دورخستنەوەی یەهودیەکان لە ئیسپانیا ئەم کتێبە بوە هوی سەرهەڵدانی گوپی ( مەسیحیە کانی کابالا ) و ئەمڕۆکە ئەو کەسانەی خواستیار شۆڤە کردنی ئەو ڕەمزی ئەو دەقانەن سودی لێ وەردەگرن . (1)

شرۆڤە کردنی تەورات تەوەری سەرەکی کابالا پێک دەهێنێت . بەڵام هەدەف لەو شرۆڤە کردنە ، ئاشکرا کردن یان شیکردنەوەی مانای نهێنی ئامێزی دەقەکانیەتی . زوهار بریتی یە لە تەفسیر کردنی تەورات بۆ دەربڕینی مانا بە شێوەی زاراوەیی . نموونەوە تەفسیرێکە بەتایبەت لە سەر مانای نهێنی ئامێزی وشەکانی لە ڕێگەی ئاشکرا کردنی بەهای ڕێژەیەکی ئەو دەقانە . بۆ گەیشتن بە ئاماجی خۆی و ئاشکرا کردنی نهێنی دەقەکانی کتێبی پیرۆز بە پشت بەستن بە فاڵ گرتنەوە

ئسترلاب(اسگرلاب) (2) هەر ڕۆژێکی حەفتە لە ژێر کاریگەری ڕاستەو خۆی یەکێک لە دەرکەوتەکانی هەمەلایەنی خوداوەندی بێکۆتا ( sefirot) شرۆڤە دەکرێت .

---

1-ئەفراندنی ئەژمار کە بۆ پیتەکانی ئەلف با (ابجد، هوز ، حتی ) بەهایەکی زۆری هەبووە و لە ناو موسڵمانەکاندا بایەخی هەبووە ، و لە ڕێگە کابالاوە تەقلید کراوەتەوە .

2- اسگرلاب : زاراوەیەکی یونانیە ، بریتی یە لە کەرەسەیەکی دێرینی ئەستێرەناسی کە بۆ هەندێک ئەندازە گیری و پێوانەی دوری مەوداو بەرزی و ئاشکراکردنی هەندێک بابەتی پەیوەندار بە ئەستێرەکان و گەردووەنەوەبەکار هێنراوە و چەندین جۆری هەبووە استرلاب ساجێکی میتاڵی بووەو تیایدا هێڵ ونوسین و بازنەو پلە و ناوی بورجەکانی لە سەر بووە .

پاش دەرچوونی یەهودیەکان لە ئیسپانیا ، ناوەندی تەفسیراتی نهێنی ئامێزی تەورات گوازرایەوە بۆ جلیلە . ڕابی ئیحاق لوئی ڕا (1572 -1544 ) (rabbie Isaac luira) ڕەونەقێکی نوێی دایە کابالا . کتێبەکەی ئەو کە زیاتر دەربڕینی هەستێکی عاشقانەیە . کاریگەریەکی قوڵی لە سەر باوەڕی گروپی هازیدیزم کە دواتر دروست بوو دانا . بە باوەڕی لوئی ڕا کاتێک کە ( لایتناهی ) بێکۆتایی جیهانی بوونی ئەفراند ، ئیتر خۆی لێ لادا ، دەرکەوتنی نیشانەکانی خوداوەند ( sefirot ) چەندین ڕەهەندی جیاجیایە کە هەڵگری نوری خوادین . بەڵام شەش دەرکەوتەی کۆتایی نەیی توانی هەڵگری نوری خودایی بێت . و وێران بوون . هەندێک لەوانە تێک شکان . بەڵام ئەو پشکۆ خودایەی کە لە ناویاندا بوو . کەوتە تەڵەوە و هەمان شتیش بوە هۆی دروست بوونی شەیتان . ڕزگار بوون و پاکبوونەوە تەنیا پاش گەڕانەوەی گەردیلەی تەوراتی بوون لەم ڕەهەندانەدا بۆ خولگەی تایبەتی خۆی بەدەست دێت .

کاریگەری ئایینی یەهودی لە سەر شارستانیەتی مرۆڤ

ئایینی یەهود بەدرێژای مێژووی هەر لە سەرەتای سەرهەڵدانیەوە تا ئێستا ، گۆڕانکاری زۆری بە خۆەو بینیوە و سودی زۆری لە باوەڕە ئایینیەکانی تر بینیوەو وچەندین باوەڕە تری ئایینەکان هاتونەتە سەر هەرەمی ئەم ئایینە . زیاتر ئەوەی لە ئاینەکانی تر وەرگرتوە ، هاوکات بۆخوشی بەشی ئایینەکانی تری داوە . ئەگەر یونان لە قەڵەمڕەوی فەلسەفەو هونەری جوانی بەرهەم و ئەفراندنی زۆر زیندوو کاریگەری پێشکەش بە دنیا کرد و ئەگەر ڕۆمەکانیش لە بواری سیاسەت و یاسادا ڕێنمایی جیهانی ئەمڕۆیان کردووە ، هاوکات یەهودیەتیش بە داهێنانی ئایینی خۆی و خولقاندنی خودای نادیار و دابەزاندنی وەحی لە لایەن خوداوە بۆ خەڵک کاریگەریەکی قوڵی لە سەر شارستانیەتی ئەمڕۆی مرڤ داناوە . زاراوەکانی عیبری تەورات لە هزرو ئەدەبیات و هەتا قسەی ئاسایی سەرشەقامی خەڵکی عەرەب . شێوەی زاراوەی کورت و پەندی لە خۆ گرتوە . ڕیشکی دێرینی یەهود دولقی مەسیحیەت و ئیسلامی چەکەرە پێکرد کە هەریەکەیان بە سەرەی خۆی لە بونیادنانی جیهانی ئەمرۆکەدا ڕۆڵێکی گەورەیان هەبووە . یاسای گشتی و پەیوەندی تاکەکان لەگەڵ یەکتر مەسیحەیتو ئیسلام لە یەهودەوە فێر بوون . ئینجیلەکان لە سەر بنەمای دەقەکانی کتێبی پیرۆزی یەهود نوسراونەتەوە . سیناگوگی یەهود دروستکەری کڵێسای عیسایی بوو بە شێوەی کۆبوونەوەی موسڵمانان بۆ نزا کردن و پەرستن .

ئامۆژگاری بەکارهێنانی بخور خوێندنەوەی چەند بەشێکی تەورات و شێوەی تەفسیر کردنی کتێبی پیرۆز ، شوشتنی لە ئەنقەست . پێکهێنانی کڵێسا . هەموو ئەمانە ڕیشکیان لە ئایینی یەهود دایە . فیرکراوەکانی عیسا لە ئینجیلەکاندا ، شوێنکەوتنی هەمان دەقەکانی تەورات بوو . لە ستایش کردن و پەرستنی خودا دا . بۆ چونیەتی نزاکردن و پاڕانەوە سود لە مزامیری کتێبی پیرۆزی یەهود وەرگیراوە .

لەلایەکی تریشەوە ئیسلام کورێکی تری یەهود ، تەقلیدی زۆرێک لە ئەوراسپاردەو یاسایانەی کە لە تەوراتدا هاتوە کردوتەوە ، چیرۆکەکانی قورئان بە کەمێک گۆڕانکاریەوە دووبارە کردنەوەی چیرۆکەکانی تەوراتە و، کەسیەتیە ناسراوەکانی قورئان وەکو ئیبراهیم و لوت و نوح و یەعقوب و یوسف . کە هەمان ئەوکەسانەن کە یەهود ئەوان بە ڕەچەڵەک و باپیرانی خۆیانی دەزانێت . یاسای سزادان ، و مەدەنی ، ڕەوشی میراتی کەسیەتی ، فرۆشتن ، زەکات و سەدەقە و پێنج یەک ، بەردبارانکردنی تاوانباران ، برین و زۆرێکی تر لە و یاسایانە کە لە قورئاندا هاتوە ، هەموو ڕیشکی لە ئایینی یەهودایە. زۆرینەی نەریت و خەراسیمی ئاییی تەقلید کردنەوەی مەراسیمی پەرستنی یەهوەیە . مزگەوت ، لە سەر شێوەی سیناگوگی یەهود دروستکراوە . تیۆلۆژی و ئەخلاقی یەهود نەتەنیا دنیای ئایینی بەڵکو ژیانی سیاسی و جیهانی ئەدەبیات و خستوەتە ژێر گاری گەری فراوانی خۆیەوە . لێۆتۆلستۆی گەورە نوسەری ڕوسی لە هەمبەر قەومی یەهود باوەڕی وایە :

(ئەو کەسانەی کە بە درێژایی ماوە پاسەوانی پەیام بوون و ئەو پەیامەیان بۆ هەموو نەتەوەکانی دنیا ڕاگەیاند ، ئەوەندە میللەتێکی وێنگر نین ، قەومی یەهود جاویدانین )

## پێکهێنانی دەوڵەتی نوێی یەهود

لەو سەردەمەی کە فەلەستین کەوتە ژێر فەرمانڕەوایی ڕۆمیەکان ، و قەومی یەهود بە هەموو جیهاندا پرش و بڵاو بونەوە ، ئارەزووی هەر تاکێکی یەهودی گەڕاندنەوە بووە بۆ فەلەستین خاونداریەتی سەرزەوی ڕۆژی پەسڵان .ئەو سەرزەوی یەی کە یەهوە بە ئیبراهیم و یەعقوب و ئەوانی دواتری بەشیوە ، پێش جەنگی یەکەمی جیهانی لە نێوان نەتەوەکاندا ( 1914-1918) چەندین هەوڵ درا کە ڕەنگبوو عوسمانیەکان خاکی فەلەستین جێ بهێڵن و بیدەنەوە بە یەهودیەکان . بەڵام عوسمانیەکان بەمە ڕازی نەبوون ، پاش کۆتایی هاتنی جەنگ و شکستی ئیمپراتۆری عوسمانی ، سەرپەرشتی سیاسی ئەم وڵاتە لە خۆرهەڵات درا بە وڵاتانی براوەی جەنگ ، و فەلەستین کەتە ژێر دەستی ئینگلیز ، یەهودیەکان بە پشت بەستن بە ڕاگەیاندراوی خێرای ، وەزیری دەرەوەی ئینگلیز لە سەردەمی جەنگ کە سەقاڵی ئامادەکاری گەڕانەوەی بە کۆمەڵی ئیسرائیلیەکان بوو بۆ فەلەسین و پێک هێنانی دەوڵەتی یەهود . چەندین کۆمپانیای زەبەلاح لەو فەلەستین کەوتنە سەرمایە گوزاری و چاڵی ئاوی گەورە لێدراو جادەو ڕێگاو بانی زۆریان دروست کردوو ، پلانی ئاودانیان ڕێکخست و خوێندنگاو قوتابخانەی جۆراو جۆریان دروست کردوو ، زانکۆشیان کردوەوە ، هیچ جۆرە کەمتەرخەمیەک لە بەجێگەیاندنی هەوڵی پێشکەوتن و ئاوەدانکردنەوەی ناوەندی کلتوری یەهود نەکرا . دستپێکردنی جەنگی دووەمی نێوان میلەتەکان لە ساڵانی (1939-بەردەوامی تا 1945) و سوتاندنی لانی کەمی شەش ملیۆن یەهودی لە کورەی ئاگری مرۆڤ سوتێنی ئەڵمان . بابەتی سەهیۆنیستی و نهێنی یەهودیەکانی بۆ پێکهێنانی دەوڵەت لە سەرزەوی پەسڵان توندترکرد . بەڵام ئەمجارە دەۆەتی ئینگلیز سیاسەتێکی تری دەربارەی مستەعمەراتەکانی لە خۆرهەڵات پیادە کرد . یەهودیەکان کەوتنە تیرۆری نهێنی . تا لە ئەنجامدا بە

ڕاگەیندراوێکی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان لە ساڵی 1948 دەوڵەتی ئیسرائیل لە سەرخاکی فەلەستین پێکهێنرا .

لەگەڵ تایبەتمەمەندیەتی بەشێک لە خاکی فەلەستین لە بابەت پێکهێنانی دەوڵەتی ئیسرائیل و نیشتە جێبوونی قەومی یەهود ، وا پێش چاو دەکەوێت کە یەهودیەکان نزیکەی دوو هەزار ساڵ ئاوارەیی و دەربەدەری دواجار بۆخۆیان ئەو نیشتمانەی دەیان خواست دروست کرد و سەردەمی سنووردداریەتی تێپەڕی و بە ئاسودەیی و لەگەڵ ژیانی سیاسی و نۆرمی پەرستن بەردەوامی دەدەن .

بەداخەوە کە نهێنی زیاد لە پێویستی ڕێبەرانی ئایینی وەپێشخستنی پرۆپاگندەی ئایینی و دەستوەردانی ئایینیانە لە ڕەوشی سیاسی ، و پێکهێنانی دەوڵەتی یەهود دا ، بوە هۆی بە دوژمن بوونی تەواوی لاتانی عەرەبی موسڵمانی ناوچەکە. دەوڵەتی نوێی یەهود ، نەتەنیا لە ڕێگەی بەرجەستەکردنی دیالۆگ و لێک گەیشتن ، لە گەڵ دراوسێ عەرەب و موسڵمانەکانی قەلچەم ڕەوی دسەڵاتی دەولچەتەکەی . بەڵکو بە پشت بەستن بە دەقەکانی تەورات ، گەلی هەڵبژێردراوی خودا و ڕوئیای گەورەی ئیسرائیل لە ڕوباری فوراتەوە تا دەریای مدیترانە ڕەگی کینەو ڕق کە لە و ماوە دوورو درێژەی ساڵانی ڕابوو دوودا لە بەرانبەر یەک عەرەب و یەهود هەڵیان گرتوە سەبارەت بە یەکتر ، توندتر دەبێت .

سیاسەتی دەوڵەتە مەزنەکانیش هەندێک کات بە توندی ئاگری کینە بە سەر براسامی یەکانیاندا دەڕژێنن ، وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا بونی ئیسرائیل بە شێوەی بنکەیەکی بەهێزی خۆی لە خۆرهەڵات بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی سیاسەتی داگیر کاری ( یەکێتی جەماوەری شۆرەوی ) ( ڕوسیای ئێستا – و-ک ) بە ژیاری دادەنێت و لە هیچ شتێک بۆ پارێزگاری کردن و بەهێزکردنی سڵناکاتەوە . دەوڵەتی یەکێتی جەماوەری شۆرەوی - ڕوسیای ئیستا – کە لایەنگری خۆی لە ئێراق و سوریاو ، میسر و لیبا هەبوو . بە پرۆپاگندەی توندی خودی ئیسرائیل و دەولچەتە سەرمایەدارەکان بە بەرپرسیار دەزانێت ، لە بەرانبەر دواکەوتوی و بەدبەختی جیهانی سێهەم و عەرەبەکان .

سەرکەوتنی خێرای ئیسرائیل لە جەنگی شەش ڕۆژەی بیابان لە ساڵی 1967 خەونی سەهیۆنیستی و پێکهێنانی ئیسرائیلی مەزنی لە سنووری ڕووباری فوراتەوە تا دەریای مدیترانە زیندوتر کردەوە . ئیسرائیل بە بەهانەی مەحروم بوونی لە سەرزەوی یەکەی خۆی و لە ڕاستیدا بۆ بە یەهودی نشین کردنی تەواوی سەرزەوی فەلەستین ، کوشتاری بە کۆمەڵی ئەنجامدا . دنیایەک ڕشودا وی تەڵخ و چەندین جیاوازی ئایینی لە ماوەی 35 ساڵی ڕابووردوودا ئەزموون کرد . یەهودیەکان پیشانیاندا کە لە کاتی بونی هێزدا بۆ سەلماندنی داخوازی پوچی ئایینی خۆیان لە کوشتاری خەڵکی سڤیلیش دەست ناپارێزن ، و هاوشێوەی جەنگی خاچ پەرستانە.

عەرەبەکانیش بە ڕشوو بەڕوو بونەوەی ئەو گروپ و دەستانەی کە بە نهێنی هێرش دەکەنە سەر سوپای ئیسرائیل زەرەری گیانی و ماڵی زۆر لە ئیسرائیلیەکان دەدەن . تیرۆری تاک ، هێرش کردن و تۆپ باران کردن و موشەکی دورهاوێژ بۆ ناوچەکانی یەهود نشین . گەیشتوەتە بن بەست .

بودجەی چەک و تەقەمەنی ناوچەی خۆرهەڵاتی نزیک بە شێوەیەکی سەرسوڕهێنەر بەرزبوەتەوە ، لە سەر بنەمای قسەکانی شیمۆن یاردەدەری وەزری دەرەوی ئیسرائیل لە گفتوگۆیەکیدا لەگەڵچ گۆڤارێکی ئەڵمانی (ئیشپیگل) لە ئۆکتۆبەری 1993 بودەی چەک و تەقە مەنی خۆرهەڵاتی نزیک گەیشتوەتە پەنجا ملیارد .

بە پاشە کشێ کردنی ناوچەی پەتەوی کۆمۆنیست لە ساڵی 1991 هەڵوشانەوەی یەکێتی شۆرەوی سۆسیالیستی . دنیا سیاسەتێکی تری بە پێویست زانی ، ئیسرائیل گرنگی ژیاری خۆی بۆ

ڕووبەڕووبونەوەی کۆمۆنیزم  لە خۆرهەڵات لەدەستدا  .  نەزمی نوێی جیهان  ، سیاسەت وانانی ئیسرائیل و سەرۆکی ناوچە عەرەب نشینەکان دەرکیان بە پێویست بوونی ئاشتی و پێکەوە ژیان کردوو لە دەوری مێزی ئاشتەوایی کۆبوونەوە بە هەوڵی بەردەوامی دەولچەتەکانی ئیسپانیا و نەرویج و ئەمریکا . یەکەمکین هەنگاو ئاگربەست بوو کە لە بەرواری 31 سێپتامبەری 1993 جێگیر کرا . سەرۆک وەزیر و وزیری دەرەوە ی ئیسرائیل لە لایەک و ئیاس عەرەفات ڕێبەری ڕێکخراوی ئازادی فەلەستین لە لایەکی تر .  لە دانیشتنێکی مێژوویدا  ، لە ناو کۆشکی سپی واشنگتۆن جەختیان لە پەیمانی ئاشتەوایی کردەوە  .

ئیسحاق ڕابین  ، سەرۆک وەزیرانی ئیسرائیل لە سەرەتای واژۆکردنی پەیمانەکەدا وتی  :

(ئێمە لە ئورشەلیمە وە هاتوین لە سەرزەوی ڕەنج و نارەحەتیەوە  ، لە میللەتێک و خێزان و ماڵێکەوە هاتوین کەهەتا مانگێک نەبووە کە دایکێک لە ماتەمی ڕۆڵەکەیدا نەکریابێت . ئێمە شاهیدی کوشتنی هەموو ئەندامانی خێزانی دۆستەکانمان بووین ، ئێمە کە لە بە خاک سپاردنی ئەواندا ئاادە بوین  . ئێمە کە لە گەڵ ئێوە جەنگاوین ، ئەمڕۆکە بە دەنگێکی ڕون و ڕاست بە ێوە فەلەستینیەکان دەڵێین  خوێن بەسە فرمێسک بەسە  .

شیمۆن یاریدەدەری وەزیری دەرەوە لە قسەکەی خویدا وتی  :

(وەرن بۆهەمیشە بەیەک دەنگ بە جەنگ و هەرەشەو دوژمنایەتی بڵێن ماڵ ئاوا ، بۆ ئەوەی کە ئیتر لە هیچ لایەک قوربانی نەبێت .

بەڵام هەلچەیەکی گەورە بوو ئەگەر وای ویناکەین کە  ، ئەم خۆپیشاندان و پرۆپاگندە سیاسیانە بە تەنیا توانی بەرقەرارکردنی ئاشتی و کوژاندنەوەی ئاگربارانی سەرفەلەستیننە  . تا ئەو کاتەی کە موسڵمان و یەهود دەرک بە حەقیقەتی تەواو نەکەن و ئایین لە ژیانی سیاسی  ڕۆژانەی ئەواندا دەست وەربدات هیوایەک بۆ بەرقەرایی ئاشتی هەمیشەیی بوونی نیە یەهود  ئورشەلیم بە شاری پیرۆزی خۆی و جێگەی یەهوە دەزانێت و ڕاشکاوانە ڕای دەگەیەنێت کە ئەو شارە هیچ کات پەیوەندی بە موسڵمانانەوە نەبووە  ، عەرەبەکانی ئورشەلیم  ، ناوەندی حکومەتی ئیسلامی لە فەلەستین و مەسج الاقسی بە قەلعەی یەکەمی موسڵمانان دەزانن  ، جیاوازیە ئایینیەکان  ڕەنگە ماوەیەکی کەم بە بێ دەنگی بمێنێتەوە بەڵام لە دوایدا دەتەقێتەوە و کوشتاری تر بە دوای خۆیدا دێنێت  .

بەرایی سێ یەم  :

عیسا و مەسیحیەت

بەرایی یەکەم  :  بارودۆخی فەلەستین لە ساڵەکانی بەبەراورد لە گەڵ لە دایک بوونی عیسا

بەرایی دووەم  :  ئایینی مەسیح

بەرایی سێیەم  :  عیساو سەرگوزشتەی ئەو لە سۆنگەی چوار ئینجیلەکەوە

بەرایی : چوارەم : مەسیحیەت پاش کوشتنی عیسا

بەرایی پێنجەم  :  خودا لە ئایینی مەسیحدا

بەرایی  :  شەشەم  :  موعجیزەکانی یەهوە

بەرایی حەوتەم : بەهەشت و دۆزەخ

بەرایی هەشتەم : کڵێسای ئەرتۆدکسی خۆرهەڵات و گۆڕانی ئایینی

بەرایی نۆیەم : گروپە جۆراو جۆرەکان

عیساو مەسیحیەت

بەرایی یەکەم : بارودۆخی فەلەستین لە سالآنی لەدایک بوونی عیسادا .

بەوجۆرەی کە بەشی پەیوەندیدار بە ئایین یەهودەوە باسکرا . پاش گەڕانەوەی بەنی ئیسرائیل لە مەنفا . عزراو نحمیا هەوڵی نوێ کردنەوەی ژیانی رۆحانیانەی یەهودیان دا . و دەوڵەتێکیان لە کاهینەکان پێک هێنا کە چەندین سەدە فەرمان رەوایی ئیسرائیلیەکانی کرد . لەو سەردەمەدا نۆرمی شەریعەت لە سەر بنەمای دەقەکانی تەورات و پیادەکردنی فەرمانەکانی یەهوە بەشێوەی نەریت و کردەوەی رۆژانەی خەڵک جێبەجێدەکرا . وابەستەیی توندی یەهودیەکان بە نۆرمی ئایینی یەوە بوە هۆی یەکێتی یەکی بە هێزترو زیاتری نەتەوەیی و جیا کردنەوەی ئەوان لە میللەتەکانی تر ، یەکێکی تر لە دەرئەنجامەکانی ئەم دەمارگیری و پەیوەندیانەی یەهود سەرهەڵدانی جیاوازی ئایینی بوو . لەو کۆمەڵگە ئایینیەدا سەرۆکی کاهینەکان لە پلەی باڵادا بوو . ئەو کەسایەتیەی لە ناو نەوەی سندوقی ( zadokکە لەسەردەمی داودا کاهینی مەزنی پەرستگەی ئورشەلیم بوو ، هەڵبژێردرا . ئەو نەتەنیا پێشەوای ئایینی بوو ، بەڵکو سەرۆکایەتی تەواوی ناوچەکەی دەکرد . دۆخی دارایی و خەرجیەکان و فەرمانی پەسەند کردنی بووجە بەدەستی ئەو بوو ، ئەگەرچی ئەنجومەنی پیران مافی ئەویان هەبوو لێپرسینەوە لە کارەکانی کاهینی مەزن بکەن ، بەڵام بەگشتی و لە پراکتیکدا هەموو کارەوبارەکانی دنیایی و ئایینی بەدەستی ئەو بوو . یەکێک لە جیاوازیەکانی دامەزراوەیی ئایینی ، گروپی سدوقیەکان بوو تاکەکانی ئەم گروپە کە سەربە کاهینی مەزن بوو ن . و هەمووان لە نەوەی سدوقی بوون ، هەموو ئەندامەکانی ئەم گروپە ئەرستۆکراتی و دەوڵەمەند بوون و لە هەوڵی ئەوەدابوون هەماهەنگیەک لە نێوان باوەڕوو ڕاسپاردەی وشکی ئایینی لەگەڵ فیرکراوەکان و هزری نوێی یونانیدا دروست بکەن . و بەشێک لە باوەڕی ئایینی یەهود ، وەکو قیامەت و ژیانی پاش مردنیان ڕەد دەکردەوە . لە بەرانبەر ئەم گروپەشدا گروپێکی تر لە کۆنە پارێزوو توند ڕەوەکان نیگەران و ناڕازی بوون بە هەر جۆرە دەست وەردان و گۆڕانکاریەک لە کتێبی پیرۆزدا و هەر بە وەفاداری مانەوە لە سەر کتێبە کەی موسا و شەرعی پیرۆز و باوەڕیان وابوو کە ڕاسپاردەوە چێوەی شەرعی پێویستە وشە بەوەشە جێبەجێ بکرێت . لە ناو گروپی کۆنەپارێزەکاندا گروپیی فریسیان هێزی زیاتر بوو و گەورەترین گروپی ئایینی تێکەڵاوی لە ناوچەی جلیل پێک هێنابوو . زۆرینەی ڕابیەکان و کاهینە هەژاررەکان سەربەم گروپە بوون و ڕۆڵێکی گرنگیان هەبوو لە شکست پێ هێنانی یەکجارەکی یونانیەکان و سەرخستنی مکابیەکان بۆ دەسلات بەدەستەوە گرتن . هەموو ئەندامەکانی ئەم گروپە لە ناو خەڵکیشدا هەواداری زۆریان هەبوو خۆشەویست بوون . نەریت و نۆرمی ئایینی رۆژانە هەروەک ئەوەی لە کتێبی پیرۆزدا ڕیوایەتکرابوو ئەنجام ئەدا . لە سەردەمی حکومەتی مکابیەکاندا جیاوازی و ململانێیەکی زۆر کە وتە نێوان گروپی سدوقیەکان و فریسیانەکان .

دەوڵەتی یەهود داوای هاوکاری لە فەرمانەدەی ڕۆمیەکان کە لە شامات بوو کرد ، (پیمپینی – فەرماندەی ڕۆم ) بە سود وەرگرتن لە لاوازی یەهودیەکان . دەستی گرت بە سەر تەواوی فەلەستیندا ، پاش سێ

مانگ دەورگرتنی ئورشەلیم ، دواجار هیرکانوس کە فریسیانەکان لە کار لایاندا بوو کردیانەوە بە کاهینی نوێی پەرستگە .

پلە باڵاکانی رۆم لە سەرتادا وایان بینی کە بەرژەوەندیان لەوەدایە کە لە جیاتی بەڕێوەبردنی راستەو خۆی فەلەستین ، سوڵتانێک لە خودی یەهودیەکان خۆیان دیاری بکەن تەواوی فەرمانەکانی خۆیان لە رێگەی ئەوەوە لە و ناوچەیە جێبەجێ بکەن و ئەرکی خۆیان تەنیا پاراستنی ئاسایش و پارێزگاری کردن بێت لە فەلەستین . بەو جۆرەی کە یەهودیەکان هەوڵیاندا بوو لەستەمی دەسەلات دارانی خۆیان رزگاریان بێت . کەچی کەوتنە گرفتی گەورەترەوە و ناچاربوون هەم رەزامەندیەتی رۆمیەکان بەدەست بێنن و هاوکات تەحەمولی ستەم زولم ِی خۆجێی خۆیان بکەن . لە ئاکامدا هیچ کات لە فەلەستین پەیوەندیەکی نزیک لە نێوان دەسەلات دارو بێدەسەلاتدا نەبووە . بەدرێژی ئەو ماوە فەلەستین بە بەشێک لە ناوچەی سنووری ژێر فەرمانڕەوایەتی رۆمیەکان ئەژمار کراوە . ئەم دوو میللەتە لە جەمسەری جیاواز لە یەکدا بوون . گەرچی بە رەواڵەت رۆمیەکان ئازادی تەواویان بۆ یەهودیەکان لە هەمبەر ئەنجامدانی نەریت و نۆرمی ئایینی دابین کردبوو . بەڵام لە پراکتیکدا فەرماندەکانی رۆم سودیان لە هێزی سەربازی بۆجێبەجێکردنی بەرنامەکانی خۆیان لە سەر یەهودیەکان وەردەگرت ، و خستبوونیانە ژێر فشارێکی زۆرەوە . ئەوکەسەی کە لای رۆمیەکان پەسەند بوایەوجێگای متمانەی ئەوان بوایە دەکرایە کاهینی پەرستگە .

لەساڵەکانی سەردەمی لە دایک بوونی عیسا دا هرود ( herodدا کە بە هرودی مەزن ناسرابوو . بوە فەرمان رەوای فەلەستین . ئەو پیاوێکی دڵ رەق و بێ بەزەیی بوو بە بچوکترین بە هانە کوشتاری گشتی دەست پێدەکرد .هرود فەرمانیدا ئاڵای پێشوی ئیمپراتۆری رۆم لە سەر دەرگای پەرستگەی ئورشەلیم هەڵکەن تا یەهودیەکان لە کاتی چوونە ناو پەرستگەکە دا لە بەرانبەر ئاڵاکەدا ستایشی ئیمپراتۆریش بکەن . هەرکەسیش سەرپێچی ئەم فەرمانە بکات بە زیندوی لە ئاگردا دەی سوتێنن .

جگە لە دوو گروپی سدوقیان وفریسیان ، حزب و رێکخراویتری سیاسی جۆراو جۆر بە هزری ئایینیەوە لە ناوچەکانی ناو فەلەستین دروست بوو . وەکو رێکخراوی هرودیان ، حزب لایەنگرو هەواداری پاشایەتی لە ناو خێزانی هرود ، و زلوتەکان ( zealotsگروپێکی رێکخراو نەبوون ، زۆرینەی زلوتەکان لە ناوچەی جلیل بوون و بە گیان و ماڵیان دژایەتی رۆمیەکانیان دەکرد ئەنجانی ئەم گروپە بە شێوەیەکی گشتی فەرمانەکانی رێبەرکەیان بوون ، یەهودیەکانی ناوچەی جلیل لەگەڵ رۆمیەکان جەنگین . ئەگەر چی رۆمیەکان شۆرشەکەیان سەرکوت کرد بەڵام گروپەکە هەمانشێوە درێژەی بەمانەوەی خۆی و دژایەتی کردنی رۆمیەکان دا .

گروپێکی تر بە ناوی ئاسنەکان ( essenesیان ئاسەنەکان ، ئەم گروپە گۆشەگیریان لە دنیا دەکردو پەیڕەوی یان لە دەست بەردان لە خۆشیەکانی دنیاو خەریکی تەقواو نزاو پەرستن بوون . هەندێک لە مەراسیمەکانی شەریعەتی یەهودیان وەکو نەریتی خۆ پاک کردنەوە و رێز گرتن لە رۆژی شەممە یان ئەنجام دەدا بەڵام لە گەڵ ئەنجامدانی پێشکەش کردنی قوربانی و بەشداری کردن لە پەرستگەو ئەنجامدانی نەریتی پەرستن نەبوون . ژیانی ئەوان لە سەر بنەمای بنچینەی هاوشێوەی بونیادی سۆسیالیستی دامەزرابوو . لە تۆمارێکدا (1) کە لە ئەشکەوتی کومران لە ساڵی 1947زاینی دۆزراوەتەوە و دەگەڕێتەوە بۆ یەک سەدە پێش لە دایک بوونی مەسیح ، باسێکی کورتی لە هەمبەر باوەڕی ئەم گروپەئایینیە تیادا نوسراوەتەوە . لە بەر رۆشنایی ئەم تۆمارەدا لە تەفسیری سەحیفەی هاباکوک ( chabakukبونیاد نەری گروپی ئاسنە کان کاهینێک بەناوی (معلم عدالت ) بوە کە لە دژی کاهینەکان و نەریتی ئایینی یەهود راپەڕیوەو ئەوانی بە لادەرو کافر نابردوە .لەگەڵ بەشێک لە ئەندامانی گروپەکە (پەیمانی نوێ ) یان لە ناوچەی کومران دروستکردوە . چوونکە کاهینەکانی

بەتوندی داوەتە بەر ڕەخنە و سەرزەنشتی کردوون ، بە فەرمانی کاهینی مەزنی پەرستگەی ئورشەلیم دەستگیر دەکرێت و ئەشکەنجە دەدرێتو پاشان لە سێدارە دەدرێت . ئاسەنەکان لە هەمبەر مامۆستای داپەروەری خۆیان هەستێکی تایبەتیان هەبوو ئەگەر کەسێک بە خراپی باسی بکردایە ئەویان بە شیاوی مەرگ دەزانی . دروشمەکانی ئەم گروپە بریتی بوو لە : ئارامی ، بێدەنگی و کۆنترۆڵ کردنی خود بوو ، خۆیان بە دوور دەگرت لە ئەزموونی کاری وەکو دروستکردنی چەک و بەڵگەو فۆرمی بازرگانی . ڕۆژەکانی خۆیان بە شوانی و کشتوکاڵ و پیشەی دەستی بەڕێ دەکرد . دژایەتی دوالیزمی بۆچوونیاندەکرد . بەڵام منالی خەڵکیان بۆ پەروەردەکردن و فێر کردن بە ڕێسای گروپی منالان وانەدەدا .

---

1-ئەگەری ئەوە هەیە ئەو نوسراوانە لە ماوەی سالانی 60 بۆ 70 ی زاینی کە فەلەستین لە ئاگری جەنگدا لەگەڵ ( لژیۆن – شێوەی دابەشکاری سوپای ڕۆم بوو بە پێی پێویستی دۆخەکان سێ هەزار بۆ شەشە هەزار کەس بوو .پیان دەوترا لژیۆن . و.ک .فەرهەنگی عمید ) نەکانی ڕۆم و ئاژاوەی ناوخۆیدا دەسوتا لە ناو کوپی گڵدا بە وریاییەوە لە ناو ئەشکەوتەکاندا شارابینەوە .

گرنگی زۆریان دەدا بە پاک و خاوێنی و هەموو ڕۆژێک خۆیان بە ئاوی سارد دەشۆرد . نەیان دەهێلا جلوبەرگیان پیس ببێت . هەرکەس هەقدەستی خۆی دەخستە ناو سندوقی گروپەکەوە و سندوقی پێویستی یە گشتی یەکانیان دابین دەکرد . هەموو ئەندامانی گروپ وەکو نوێکردنەوەی ئەندامیەتیان تەواوی سەروەتی خۆیان دەخستە ناو سندوقی ئیشتراکی یەوە . ئاسەنەکان دژی هەر جۆرە قوربانی کردنێک بوون ، و ئەوان نیەت پاکی و نزا وکردەوەی چاک یان بە خواستی ڕزگاری لە درەگای خودا دا دەزانی . لە ناو ئەواندا یەکسانی و بەرانبەری تەواو هەبوو هەموو دۆست و خۆشەویستی یەک بوون .

ئەندامانی ئەم گروپە ، بە ئیمان بوونیان بە دەقەکانی تەورات لە چاوەڕوانی دەرکەوتنی مەسیح دا بوون و باوەڕیان وابوو کە لەکۆتایی دنیادا ( ئاخیر زەماندا ) مەسیح دەگەڕێتەوە و هێماکانی مەسیحیەت کە لە کتێبی پیرۆزدا بەڵێنی دەرکەوتنی داوە لەودا بەدیار دەکەوێت . لە تۆماری ( کومران) دا ئاماژە بە خواردنی گشتی و تایبەت بە ناوی ( سفرەی پیرۆزی مەسیحیەکان ) دراوە . کە تیایدا ئەو مامۆستایەی داپەروەری بە ئیرادەیەکی خوداوەندیانەوە بەشداری دەکات . عەشقی خودا ، عەشقی کردای باش و عەشقی مرۆڤ پایەو باوەڕی ئاسەنەکان پێک دەهێنێت .

هاوشیوەیەکی سەر سورهێنەرە هەمان باوەڕی ئاسەنەکان ناوڕۆکی مەسیحیەت و هەمان باوەڕی مەسیحیەکان و پێک دەهێنێت . توێژەرانی ڕێنمایی کرد بۆ ئەو باوەڕەی کە یەهودی – مەسیحیەکان ناوەڕۆکی مەسیحیەت هەمان ئاسەنەکان بوون کە ناوی خۆیان گۆڕیوە و بونەتە مەسیحی و یان ئەوەیە کە مەسیحیەت باوەڕی ئەم گروپەی ئاسنەکانی خستوەتە ژێر پەرچەکرداری فیرکراوەکانی خۆیەوە .

هاوشێوەییەک لە نێوان باوەڕی ئاسەنەکان و باوەڕی یەهودی – مەسیحی ناوەڕۆکی مەسیحیەت بە ئەندازەیەکە ، کە ناتوانرێت بە ڕوداوێکی بزانین و قبوڵی بکەین ، کە کۆمەڵگەی یەهودی - مەسیحی ئورشەلیم لە بوونی دانیشتوانێکی تر کە پێش لە وان پێک هاتبێت ، و بنەماو باوەڕی هاوشێوەی بنەمای باوەڕی ئەوان لە نزیکی ئۆرشەلیمەوە دروست بوبێت . بێ ئاگا بووبن . پاش مەرگی هرود سێ کوڕی ئەو چون بۆ لای قەیسەری ڕۆم تا ناوچەی فەلەستین لە نێوان ئەواندا دابەش بکات . ئۆگۆست ، قەسەری ڕۆم ناوچەی جلیل و پریا ( perea ی دا بە ئانتی پاس ( antipasبەشێک کە لە باشوری دەریاچەی جەلیل دای بە فیلیپ و ، یەهودیەو سامەرایشی دابە ئارشلویس ( archelaus)

بەڵام لە پێدانی بەشی ئارشلوسداهیرکاتی بەڕێ دەکردوو دواجاریش ئەوی بۆ ناوچەی گال دوورخستەوە و یەکیکی تری لە فەرمانەکانی ڕۆم خستە جێگای ئەو .

خەڵکی ناوچەی جەلیل ، کە ناوچەی فەرمانڕەوایی ئەنتی گوزەر بوو تێکەڵیەک لە نەژادە جیاجیاکانی یونانی ، فینیری کرقی ، شامی و یەهود بوون . بەڵام لە هەمبەر یەهودلە بەرانبەر ئەو نەژادەکانی تردا ئەوندە جێگەی چاودێری کردن نەبوون ، دژە گوزەر بە پیادەکردنی سیاسەتی کلتوری جیاجیا یەکێتیەکی تۆکمەی لەو ناوچەیە دروست کردبوو .

کری نیوس ( qutirinius) فەرمانڕەوای ڕۆم فەرمانی کرد تا سەرژمێریەکی گشتی ئەنجام بدرێت تا بتوانێت باج و خەراجی زیاتر وەربگرێت . بەڵام خەڵکی جەلیل لە بەرانبەر ئەم فەرماندا وەستانەوە و ڕازی نەبوون . زیلوتەکان شاری سفریەیان داگیر کردوو دەستیان گرت بەسەر جبەخانەی چەق و تەقەمەنی شارەکە . شۆڕشی ئەم بەشە بە جۆرێک بوو کە فەرماندەی ڕۆم ناچاربوو دوو لژیۆن سەرباز بۆ سەرکوتکردنیان ڕەوانە بکات . سەربازەکان شاری سفوریە یان ئاگرتێبەرداو بەشێکی زۆریشیان لە دانیشتوانەکەی کوشت . گەرچی بە ڕەوا ڵەت ئاشوبەکە کۆتای هات بەڵام فیکری بەرگری و دایەتی بەرانبەر بە ڕۆمەکان لە ناو ئەو خەڵکەی کە مابوونەوە گروپی بوێرەکان هەروەک خۆی مایەوە .

فشاری لە ڕادەبەدەری هرود و دڵڕەقی ڕۆمیەکان کە لە کوشتاری یەهودیەکاندا پیشانیاندا. خەڵکی فەلەستین بە توندی نەفرەتیان لە خێزانی هرود و ڕۆمیەکان و ڕۆحانیەکانی دەربار کرد . یەهودیەکان چاوەڕوانی بەدی هاتنی پێشبینیەکانی پەیامبەرەکانی تەورات و دەرکەوتنی (ناجی ) ڕزگاری کەری یەهود بوون و ڕێگاچارەی کێشەکانیان لە بە دیار کەوتنی مەسیح و بەرقەراری دەوڵەتی یەهود دا دەبیننەوە و تا هەرچی زوتر ئەم پێشبینیانە شێوەی بەرجەستەبوون بە خۆیان بگرن حاڵەتی چاوەڕوانی لە ناو تەواوی چینەکانی کۆمەڵگەی یەهودا هاتبووە بوون و هەووان چاویان بریبوە ڕێگای دەرکەوتنی مەسیح و ڕزگاربوونی بەنی ئیسرائیل ، ژینگەیەک بۆ هەموو ئەوکەسانەی کە باوەڕیان بە دەرکەوتنی مەسیح ڕۆژی دووایی هەبوو ئامادەکرابوو ، گردبوونەوەی خێرای خەڵک لە دەوری عیسا دەرئەنجامی هەموو ئەو کینە و ڕق و نەفرەتە مێژوویەی یەهود بوو لە بەرانبەر خێزانی شاهانەی هرود و ڕۆمیەکان و حاڵەتی چاوەڕوانی یەک بوو کە بۆ ڕزگاری بەنی ئیسرائیل لە کۆمەڵگەی یەهودیدا سەری هەڵدابوو . هزری بنەمای دەرکەوتنی ڕزگاری کەر (فریاد ڕەس ) لە ئایینی زەردەشت و هاتنی سۆشیانتبۆ ڕزگاری کردنی مرۆڤایەتی . لە ئایینی یەهودیەتیشدا چەکەرەی کردبوو . لە ئەنجامی هەموو ئەوفشارەی کە ڕۆمیەکان لە سەر قەومی یەهود دایان نابوو ، فیکری دەرکەوتنی ڕزگارکەر گەیشتە بنبەست . سەرنجی تەواوی خەڵک لە سەر ئەو بەشەی تەورات دانرابوو کە دەڵێت: لە هەناوی داودا مەسیح بە دیار دەکەوێت کە ئاشتی و ئارامی لە جیهاندا بەرپا دەکات . هەموو یەهودیەکانی پەرتەوازەی ئەم جیهانە کۆدەکاتەوەو لە سەر لوتکەی شاخی سیۆن نەوە حکومەتی خودا ڕادەگەیەنن . اشعیا 11-11

مەسح لە بنەمادا بە مانای چەورکراوو تایبەت بە خودا و پیرۆزە . ڕیشکی ئەم دەستەواژەیە لە نەریتی ئایینی یەهودا دەمامک کراوە . پەیامبەرەکانی یەهود هەرکەس کە لە باری سەرنجی خودا بوایە ڕۆنیان بە سەریدا دەرێژاوو بەشێک لە نزاو پارانەوەی پیرۆزیان بە سەر دا دەخوێند . لە کتێبی یەکەمی سامۆئیلدا لە بابی نۆیەمدا دەنوسێت : یەهودیەکان داوایان لە سمۆئیل کرد تا پاشایەکیان بۆ دیاری بکات . لە سەرەتادا سمۆئیل نارازی بوو بەو داواکاریە . لە ئەنجامی پێداگری یەهودیەکان ( خوداوەند لە سۆئیل بەدیار کەوت و وتی بەیانی ئەم کاتانە ، کەسێک لە سەر زەوی بنیامینەوە بۆلای تۆ دەنێرم . ئەو مەسیحی نارد تا فەرمانڕەوایی یەهودبکات . و قەومەکەی ئێمە لە دەست فەلەستینیەکان ڕزگار بکات . ) سامۆئیل 9/16/1

پاشان سمۆئیل دەفرێکی ۆنی هەڵگرت و ڕژاندی بە سەر شائۆل دا و نوسی و پێی وت : (خوداوەند تۆی ناردوە تا لە سەر میراتی ئەو فەرمانڕەوایی بکەیت .) 1/1/-10

هەمان شێوەش بۆ هەڵبژاردنی داود بە سەرۆکی یەهود لە مان کتێبدا دەنوسێت : ( خوداوەند بە سمۆئیلی وت ، تاکەی سکاڵا لە دەست کارە پێچەوانەکانی شائۆل دەکەیت ، من ئەوم لە فەرمانڕەوایەتی وەلا ناوە . پاشان هۆقەکەی خۆت پڕبکە لە ڕۆن و وەرە تا تۆ بنێرم بۆ ( بیت لحم ) هاوکات لە کوڕەکانی پاشایەتی گۆڕانکاریم بۆ تۆ دیاری کردووە )ساموئیل 101/-16

پێی وت : هەڵسەو ئەو بسڕەوە کە هەر ئەوە پاشان هەستاو هۆقە ڕۆنەکەی گرت و داودی لە ناو براکانیا چەورکرد ، و لەو ڕۆژە بەدوواوە ڕۆحی خوداوەند چوەناو ئەوەوە . ) ساموئیل 130/1-16

بەرایی دووەم :

ئایینی مەسیح

ئایینی مەسیح ،ئایینی مرۆڤەکان – خودایی گەیشتوەتە پلەی پێگەیشتن ، و خودا لە جەستەی مرۆڤدا بەدیار کەوتوە ، و هاتوەتە سەر زەوی ، ماوەیەک لە گەڵ مروڤەکان ژیاوەو و کاتێک بە دەستی یەهودیەکان لە خاچ دەدرێت و جارێکی تر بۆ ئاسمانەکان بەرز دەبێتەوە دەست دەکاتەوە بە کاروباریە خودایی خۆی . لە زۆربینەی ئایینەکانی دنیادا ناوە ناوە خودا لە ئۆرگانیکی مرۆڤدا دەردەکەوێت و هاوکاری مرۆڤەکان دەکات ، بەڵام هیچ یەکیان بە ئەندازەی مەسیحیەکان بوونی خودا لە جەستەی عیسا دا نابینن . باس نەکراوە . لە ئایینە زیندوەکانی دنیادا ئەوەی کە ناوەندی باوەڕە پەیامی ئەو پەیامبەرانیەی ئایینەکانە بەڵام لە مەسیحیەتدا ئەو کەسە عیسایە ، کە لە ناوەندەکانی باوەڕە دا یە . تواوی ئایینی مەسیح لە تەوەری ئەم بابەتەدا دەخولێتەوە کە بوونی عیسا بوونی خودایە .(1)

لە سەر بنەمای باوەڕی کڵێسا ، خوداوەند لە سەردەمە دەمی دێریندا لە گەڵ ئیبراهیم و پاشان یەعقوب و موسادا پەیمانی بەست و قەومی یەهودی بە شێوەی قەومی هەڵبژاردەی خۆی هەڵبژاردوە پەیمانی خودا بە قەومی یەهود .سەرەتای پەیمانێک بوو کە ئەو لە گەڵ تەواوی ئیمانداراندا بەستی تا بە پەیامنێرەکانی نەوە دوای نەوەی کوڕەکانی خۆی لە سەر زەوی و قوربانی کردن ئەو ئەو گوناحەی کە ئادەم وەک باوکی مرۆڤایەتی ئەنجامی دا پاک بکاتەوە و هۆکارەکانی ڕزگاری هەموو ئیماندارەکان فەراهەم دەکات .

---

1-پێویستە سەرنج لە سەر ئەو خاڵە دابنێین کە ئەگەر سێ بنەمای مەسیحیەت واتا لە دایک بوونی عیسا لە کچێک کە شوی نەکردوەو باوکێک بە ناوی ڕۆح القدس و خەسڵەتی خودایی عیسا لە ئایینی مەسیحی دەربهێنین شتێکی تر جگە لە ئایینی یەهود نامێنێتەوە .

هەرکەس بەم خودای خودا زادەیە باوەڕبهێنێت .و بە ناوەی ئەوەوە پەیوەند بێت پاش مەرگ لە زومرەی ڕزگاربوە ئەبەدیەکانە و جێگاکەی لە تەنیشتی عیسای مەسیحەوە دەبێت . لە ڕاگەیەندراوێکدا دانیان بەوەدا ناوەکە کە مەسیحیەکان هەریەکشەمەیەک لە کڵێساکاندا پێکەوە بە یەک دەنگ دەی خوێننەوە ، تواوی ئەو تانە بە وردی روونکراوەتەوە :

من باوەڕم بە یەک خودایەهەیە ، باوک ، بەتوانای ڕەها ، ئافرێنەری ئاسمان و زەوی ، من باوەڕم بە خوداوەندی عیسای مەسیح ، کوڕی خودا ، لە دایک بووی باوک ، ئەو بە هۆی مریومی کچەوە بە هۆی ڕۆحی القدس چێوەیەکی ئۆرگانی وەرگرت و لە سەر دەمی پونتیوس پیلاتوس (( pontius pilatus

تەحەمولی ئەو ئازارەی کرد ، انراو لە خاکدا نێژرا و چوە قولایی زەوی یەوە ، رۆژی سیچیەم بۆ جارێکی تر لە ناو مردوەکاندا هەستایەوە بەرەو ئاسمان بەرز بوویەوە ، لەلای راستی باوک دانیشتوە و لەوێوە دووبارە لەگەڵ خودا دێتەوە تا زیندوەکان و مردوەکان پێکەوە داوەری بکات .من بە رۆحی القدس باوەڕدارم بە (اسقف )(*) و کلێسای کاتۆلیک شتن و خۆپاک کردنەوە ، بەخشینی لە گوناحەکان لە رۆژی پەسڵان و ژیانی جاویدانی ئەودنیا باوەڕدارم .

---

*وشەیەکی یونانیە ، مانای پێشەواو ئیمام و خەتیبی ئایینی مەسیحیە ، بەرزتر لە کەشیش ، پایەی اسقف لە کڵێساکانی کاتۆلیکدا بەرزتریت پایەی رۆحانیەتەو هاوئاستە لەگەڵ پایی رۆمەکاندا. (و.ک . فەرهەنگی عمید )

بنەمای باوەڕ لە ناوەندی مەسیحیەکاندا بریتی یە لە :

1-کتێبی پیرۆزی یەهود old testament

2-پەیمانی نوێ کە پێک هاتوە لە : new testament

الف- ئینجیلی مەتا mathieu

ب- ئینجیلی مرقس marc

پ-ئینجیلی لۆقا luc

ت- ئینجیلی یوحەنا jean

ج-کرداری پەیامبەرەکان

ح-نامەکانی پۆلس بۆ رۆم roman و قرنتیان cornithiens

بۆ گلاتیان galates

بۆ ئیفسیانەکان ephesiens

بۆفلیپینەکان philppiens

بۆ کۆلوسیانەکانcolosiens

بۆ تسالۆنیکیان thesaloniciens

بۆ تیموتاس timothee

بۆ تیتس tites

بۆ فیلومونphilemon

بۆ عیبریانیەکان hebreux

خ-نامەکانی یەعقوبjacques

چ-نامەکانی پترس

د-نامەی یەهودا jude

ر-پشکنینەکانی یوحەنا apocalypse dejean

( کرداری پەیامبەران بریتی لەو راسپاردانەی کە هەندێک لە هاوکاران و پەیامبەرەکانی مەسیحیەت نوسیویان. بۆ ئیمانداران و باوەڕدارانی کڵێسا وەک فێرکراوەی ئایینی . پشکنینەکانی یوحەنا بریتی یەلە : لە پێشبینی و رویئاکانی .

ئەم نامانە لە لایەن پێشەوایانی مەسیحیەتەوە بە زمانی یونانی نوسراو بووبوونەوە بەڵام پاش قبوڵ کردنی مەسیحیەت لە لایەن رۆمەکانەوە بە شێوەی ئایینی فەرمی ئیمپراتۆری و پرۆپاگندە بۆ ئەو ئایینە لە سەرانسەری ئەوروپا .

نامەکانیش بە لاتینی زمانی فەرمی رۆم وەرگێردران ، لە ساڵی 383 زایینی لە و سەردەمەی کە داماسوس ( ) ( damasusئەسقەفی ) کەشیشی رۆم بوو هیجرۆنیمۆس ( ) hieronimusئەو کەشیشەی کە پاش ریفۆرمێکی زۆر کە لە سیاسەتی کڵێسادا جێبەجێی کرد . ( بەناوی وولگاتا) بڵاو کرایەوە ، کۆنترین نوسخەی کە لە ناوەندی مەسیحیەکاندا مابێتەوە سێ کۆمەڵەیە بەناوی :

کودکس سینائی تی کوس ( codex sinai ticus)کە لە خانەقای کاترین لە سینا دۆزراوەتەوە کراوە .

کودکس الکساندەر ینوس ( (codex alexandrinusکە لە میسر دۆزراوەتەوە .

ئەم دوو نوسخەیە لە مۆزەخانەی بەریتانیا لە لەندەن پارێزراوە .

کودکس واتیکانوس کە لە کتێبخانەی ڤاتیکان لە رۆم دانراوە . کۆنترین کۆمەڵەی کە بە شێوەی ناوەندێک لە بەر دەستایە . کۆمەڵەیەکە کە لە سەدەی هەژدەیمی زاینی لە کتێبخانەی ئامبروزیانا ( ( ambrosianaلە میلان دۆزراوەتەوە و دەگەڕێتەوە بۆ کۆتاییەکانی سەدەی سێیەمی زایینی . کە تیایدا ئاماژە بە بیست و دوو نامەی پەیمانی نوێ کراوە .

کڵێسا باوەڕی وایە ئەوەی کە لە کتێبی پیرۆز (پەیمانی کۆن و پەیمانی نوێ ) دا نوسراوە وەحی خوداوەندە کە بۆ موسا و ئەو پەیامبەرەکانی تری یەهود دابەزیوە و نوسەرانی ئینجیلەکان بە ئیلهام وەرگرتن لە (روح القدس ) چوار ئینجیلیان نوسیوەو تەواوی نوسراوەکانی ئەو کتێبانە پیرۆز کراوە . بە باوەڕی کڵێسا ئینجیل ریشەیەکی عیبرانی هەیەو لە نامەکانی یەهودیشدا لەو دەستەواژانە سود وەرگیراوە . ئەم دەستەواژەیە لە زاراوەی (گلیلیۆن ) کە لە ( مینسا ) بە کار هێنراوە و لێی هەڵ هێنجراوە . ئینجیلی مرقەس کۆنترین نامەیە کە دەربارەی عیسا نوسراوەتەوە . بە باوەڕی کڵێسا نوسەرانی هەردوو ئینجیلی مەتاو یوحەنا دوو لە هاوکارانی مەسیح بوون و لە نزیکەوە ئاگاداری بارودۆخی ژیانی عیسا بوون . ئەو زانیاریانەی کە کڵێسا دەربارەی نوسەرانی ئینجیلەکان ئاشکرای دەکات ، بەو جۆرە پەروەردەکراوە کە جێگەی هیچ جۆرە گومان لێ ◌ّ◌ّتەوە . بۆنموونە لە هەمبەر ناساندنی نورەکانیانەوە دەنوسێت : مەتا کەسیەتیەکی ناسراوە ، کارمەندی نوسینگەی گومرگ (یان

باجگه ) ناسراو بووەو هاوکات ئاشنایەتی لەگەڵ زمانەکانی ئارامی و سریانی ئەوە ئەسەلمێنێت. مەرقس کەسیەتیەکە بەگشتی ناسراوو هاوکاری بترس و هاوکات یەکێکبووە لەو کەسانەی کە لە نزیکەوە ئاگاداری ژیانی عیسا بووەو هیچ گومانی تیانەبووە . لۆقا هەمان ئەو کەسەیەکە پولس چەندین جار قسەی لە بارەوە کردووە ، یوحەنا یەکێک بووە لە هاوکارانی هەمیشەیی عیسا .

بە سەر هەڵدانی سەردەمی ڕێنیسانس و ڕاگەیاندنی ئازادی لە ئەنجامی شۆرشەمەزنەکەی فەراساوە . ئەو توێژەرانەی کە شرۆڤەکانی خۆیان لە سەر تەورات دەست پێ کردبوو ، مەودای توێژینەوە لێکۆڵینەوەکانیان لە قەڵمرەوی پەیمانی نوێی فراوانتر کردبوو و گەیشتبوونە دەرئەنجامێکی نایاب ، ئەو دەرئەنجامانەی لەو لێکۆڵینانەوەدا بە دەست هاتبوو ، سەلمێنەری ئەو تیۆریایانە بوو کە هیچ یەکێک لە دەقەکانی کە کڵێسا بەرگری تەندروست بوونی لێدەکرد لەگەڵ هەقیقەت و واقیعی حاڵدا یەکی نە دەگرتەوە . ئەوەی کە ئەمرۆکە بە ناوی ناوەندی مەسیحیەت و کتێبی پیرۆز کە جێگەی باوەڕی مەسیحیەکانە . نەتەنیا قسەی خودا نیە ، بەڵکو بە درێژایی مێژوو لە بەردەم گۆڕانکاری و گۆڕینی دەستەواژەی زۆردا بووە . دەستەواژەی ئینجیل هیچ پەیوەندیەکی بە دەستەواژەی ( گلیلیۆن ) ی عیبریەوە نیە . بەڵکو لە دەستەواژەی یونانی ( ایو انجلیون- eu- angelion) کە بە مانی مژە یان خۆشی بەخشین یان هەواڵێکی خۆش دێت . وەرگیراوەو بۆ یەکەمین جار لە ئینجیلی مرقس بە کارهێنراوە .

لێکۆڵیاران ئەو پرۆپاگندەیەی کڵێسا کە گوایا ئینجیلەکان نوسراوی هاوکاران یان شوێنکەوتوانن کە دەربارەی عیسا و فیرکراوەکانی ئەو نوسراونەتەوە و هەتا بەشێک لەو دەقانە دەگەڕێنەوە بۆ سەردەمی ئەنجامدانی چالاکی عیسا خۆی کە بە دەقی نالۆژیکی دەزانن و دەڵێن :

1- عیساو هاوەڵەکانی و خوێندکارەکانی لە ناو ڕاو چیەکان و خەڵکی ئاسایدا هەڵدەبژاردوو ئەوانەش لە ئاستێک دانەبوون کە بتوانن بخوێننەوەو بنوسن . لە سەردەمی عیسادا ، فێرکردنی خوێندنەوەو نوسین لە لایەن کاهینەکان و ڕۆحانیەکانەوە ئەنجامدەدرا . بۆ نەزانەکان ( ئەو دەستەواژەیەی کە پۆلس بۆ ناوبردنی هاوەڵەکان یان هاوکاران بەکاری دەهێنا ) ئەگەری لێهاتویی شتێک لەوجۆرە بوونی نەبووە .

2- ڕاستە کە خودی عیسا هیچ نوسین و نوسراوێکی لێ بەجێنەماوە . هیچ ڕاسپاردەیەکی دەربارەی نوسین و ڕێکخستنی پەیامەکانی نەبووە . جگە لەوەی کە لەو سەردەمەدا باو بووە ، ئاماژەدان بە پەیام و ڕێکخستنی ڕوداوەکان لە یادگە وگێرانەوەی دەماو دەمی خەڵک بووە .نەک بە شێوەی ئامادە کردن و ڕێکخستنی ڕوداوەکان . پاش لە خاچ دانی عیسا هاوەڵەکانی و باوەڕدارانی چاوەڕوانی گەڕانەوەی عیسان بۆ دامەزراندنی حکومەتی خودا لە سەر زەوی ، جگە لەوەی کە کتێبێک لە سەر ڕوداوەکانی ژیانی عیسا لە سەردەمی خۆیدا و یان پێش مردنی ، لە چاوەڕوانی هەمووان‌دا ، مەنتیقی نیە .

3- چوار ئینجیل کە ئەمرۆکە لە ڕزی کێبە پیرۆزەکانی مسیحیدا ناسراوە ، لە سەرەتاوە دیار نەبوون ، بەڵکو لە ناو دەقەکانی ئینجیلە جۆراو جۆرەکاندا کە لە لایەن کەسە جیاجیاکانەوە نوسراونەتەوە ، هەڵبژێردراون و دەربارەی لۆژیکی و بایەخیان لە چەندین سەدەی ڕابووردودا شیی کردنەوە لە سەریان ئەنجامدراوە ، تاپاش هەڵسەنگاندن و چاکسازیەی زۆر تیایاندا ئەنجار بڕیاریان لە سەر دراوە .

4- لە ئینجیلی مەتا دا لە بابی 28 دەربارەی کۆتایی کاری یەهودا ( ئاسخریوتی ) ئەوکەسەی کە عیسای ڕادەست کردوە دەنوسی : ( گوناحم کرد کە خوێنی بێ گوناحێکم ڕادەست کردەوە ، پاشان

سیی سکە ی زیوی خستە ناو هەیکل و ڕۆشت و دیار نەما ، بەڵام ڕیش سپی و پیاو ماقوڵەکان سکە زیوەکەیان گەڕاندەوەو وتیان ئەوە بۆ بیتالمال شیاو نیە ، ئەبێتە خوێن بایی ، پاشان بە نیگەرانیەوە بەو بڕە سکەزیوە باخێکیان لە تەنیشت گۆڕستانی ( غریا ) کڕی . لەو کاتەوە تا ئەمڕۆش ئەو باخە بە (حقل الدم ) ناسراوە . وەبیرهێنانەوەی ئەو دەستەواژانە ( تا ئەگاتە ئەمڕۆ ) بۆخۆی ئەو حیکایەتەیە کە کتێبی مەتا پاش مەرگی عیسا و پان ساڵانێکی زۆر دواتری ئەو نوسراوەتەوە .بەڵکو ئەوپەڕەگرافە ئاماژەیە بۆ سەردەمانێکی زۆر دوواتر. پێویستە لانی کەم سەد ساڵ لە ڕووداوەکە تێپەڕ بوویێت ، تا بتوانرێت دەستەواژەیەکی وا لە دەربڕینێکی وادا بەکار بهێنرێت .

5- نوسەری ئینجیلی لوقا لە پێشەکەی کتێبەکەی خۆیدا ڕاشکاوانە دان بەوەدا دەنێت کە نە لە هاوەڵ و نە لە شاهیدە دیارەکانی ژیانی عیسا بووە و ئەو کتێبەیشی لە بەڕۆشنایی شرۆڤەو شیکردنەوەی دەقەکانی پێشتر نوسیوەتەوەو دای ڕێژاوەتەوە ، بە بۆچوونی لیکۆڵەوەران نوسەری ئەم کتێبە بە ئەگەریی زۆرەوە لە خێڵی ڕۆم و لە خوێندکارەکانی پۆلس بووە کە لە دەقی ئینجلەکانی مرقس و مەتا کتێبێکی لە سەر بنەمای دەق و وتەو باوەڕەی پۆلس ئامادە کردبێت ، کڵێسا ، نوسەری ئەم کتێبە بە لۆقای پزیشک و هاوڕێی پۆلس ناو بردوە . ئەو باوەڕە لە ئەمڕۆدا بەهای خۆی لە دەست داوەو ئیتر لایەنگرێکی بۆ نەماوەتەوە . لێکۆڵەرەوان ، مێژووی نوسینی ئەم کتێبە دەگێڕنەوە بۆ سەدەی دووەمی زایینی . لەم ئینجیلەیاندا جگە لە پەرپێدان و بیرهێناوەوەی دەقەکان لە ئینجیلەکانی تردا و ئیزافە کردنی چەند موعجیزەیەکی تر لە سەر موعجیزەکان کە لە هەموو ئینجیلەکاندا هاتوە . دەقێکی نوێ کە بایەخێکی مێژوویی هەبێت بەرچاو ناکەوێت . تەنیا لە هەمبەر زیندوبونەوەی ڕۆژی دوایی عیسا کە لە یەکێکە لە بنەما گرنگەکانی باوەڕی کڵێسا و مەسیحیەکان ، لەگەڵ هەندێک دەقیتر .لە سۆنگەی ئینجیلی لۆقاوە ، کە لە لایەن کڵێسایشەوە پەسەند کراوە بەرزبوونەوەی عیسا بۆ ئاسمانە کان جەستەیی بوە و هاوەڵەکانی ئەویان لە پاش مردنی لە چێوەیەکی مادیدا بینیوەو کرنوشیان بۆ بردوە . (بۆچی شکو گومان لە دڵتاندایە . سەیری دەستەکان و قاچەکانی من بکەن ، خودی خۆمم ، دەست بدەن لە دەستی منەوە و بیبینن کە تارمایی ( شەبەح ) وەکو من گۆشت و ئێسقانی نیە ) لۆقا 38-24

خوێندکارەکانی کە لە سەرەتادا وایان وێنا دەکرد تارمایی ( شەبەح ) عیسا دەبینن پاشان دڵنیا بوون لەوەی کە ئەوەو شەبەحی ئەو نیە . (پاشان عیسا دەستەکانی بەرز کردەوە و دەستی بە سەردا هێنان ، لەوان جیا بووە وە و گەڕایەوە بۆ ئاسمان ) لۆقا 51- 24

6- لە ژمارە 18ی بابی سانزەیەمی ئینجیلی لۆقادا هاتوە : (پاشان وتی بە فریشتەکانی ئاسمان خودا چی هێزێکی هەیە و ، ئەو وتەیە بە کام شت بشوبهێنین ، گیایەکی هێناو خستیە ناوباخێکەوە، پاشان ڕۆشت و گیاکە گەورەبوو بووە درەخت بەو ئەندازەیەی کە باڵندەکان لە سەر لقەکانی هێلانەیان دروست کرد ) ئەم دەستە واژەیە بەڕوونی ئەوە دەسەلمێنێت کە نوسەری کتێبەکە نە تەنیا خەڵکی فەلەستین نەبووە ، و دۆخی جوگرافیایی و هەرێمی ئەو سەرزەویەولەهەمبەر داب و نەریت خەڵکی شارەزایەکی ئەوتۆشی نەبووە ، بەڵکو هەتا ئەگەر تەنیا جارێکیش چوبایەتە فەلەستین ، دەی زانی کە گیا وەک بنچکە گیا یەک هەرگیز نابێتە درەختێکی وا کە باڵندەکان هیلانە لە سەر لقەکانی بکەن .

7- کڵێسا لە ماوەی دوورو ڕێژە خۆیدا نوسەری ئینجیلی یو حەنا یوحەنای زەبدی یەکێک لە شاگردەکانی عیسا و کتێبەکەش بە کۆنترین باکگراوندی پەیوەندی دار بە عیساوە ناوزەد دەکرد . ئەمڕۆکە بۆ لێکۆڵەرەوان و هەتا بۆ کڵێساش بێ بناغەبوونی ئەم تۆریایە سەلمێنراوەو ئاشکرابووە کە نوسەری ئەو کتێبە کەسێکی ڕۆحانی ئاسایی بچووک و مێژوی نوسینەوەی کتێبەکەش لە ناوەڕاستەکانی سەدەی دووەمی زایینی دەگەڕێتەوە . کتێبەکە لە شرۆڤە کردن وڕێکخستنیدا گۆڕانکاریەکی زۆری بە خۆیەوە بینیوە ، ئەو خاڵە گرنگەی کە لە پەرجاو دەکەوێت لە ئینجیلی یوحەنادا ئەوەیە کە لە سەر

بنەمای ناوەڕۆکی سێ ئینجیلی تر شاگردەکانی عیسا تا کۆتایی دووا ساتەکانی ژیانی ئەو و هەتا دوای مەرگیشی بە شوناسی ڕاستەقینەی ئەو نەبووە و عیسایشی نە بە زیندوی ڕۆژی دوایی و نە بە کوڕی خودا نەزانیوە . بەڵام لە ئینجیلی یوحەنادا شاگردەکانی عیسا لە سەردەمی ژیانی ئەودا پەی یان بەم نهێنیە بردوەو بە ڕاشکاوانە وتویانە : (ئێستا زانیمان کە هەموو شت دەزانی بۆیە باوەڕ بەوە دەکەین کە لە خوداوە خولقاوەی )یوحەنا 29-16

دروستی و ڕەسەنایەتی ئینجیلی یوحەنا ماوەیەکی زۆر جێگەی باس و قسە لە سەرکردن بوو ، تەنیا لە سەدەی چوارەمی زایینیدا ئەم ئینجیلە توانی ڕەزامەندی تەواوی کڵێسا بەدەست بێنێت و بچێتە ڕیزی کتێبە پیرۆزەکانەوە .

8-کڵێسا چەندین سەدە پرۆپاگەندەی بۆ ئەو تیۆریایەکرد کە ئینجیلی مرقس دێرینترین نوسراوە دەربارەی عیسا و لە لایەن یوحەنای مرقسی هاوکاری پترۆس و خەڵکی ئۆرسشەلیم نوسراوەتەوە و مێژووی نوسینەوەیشی لە ساڵی 70 زایینیدا بووە ، لیکۆڵینەوەی بیریاران ئەو تیۆریایەی سەلماندەوە کە نوسەری ئەم کتێبە نەتەنیا لە شاگردەکانی عیسا و خەڵکی ئۆرشەلیم نەبووە ، بەڵکو ئەو یونانی بووەو کتێبەکەش لە سەرەتای سەدەی دووەمی زاینی نوسحراوەتەوە ، ئەو قسانەی کە لە سەر پترۆس کراوە ( 33-8و 37-14-68-14) نمایشکەری ئەوەبووە کە نوسەری ئەو کتێبە لە بنەمادا لەگڵ پترۆسدا هیچ هەماهەنگیەکی فیکری نەبووە . لەم کتێبەدا عیسا پترۆس دەشوبهێنێتە گاشەبەردێگی بەرگر . کە لە سەر ئەو گاشەبەردە کڵێسا بونیاد نراوە ەلایەکی تریشەوە بە هۆی ترسو تۆقینەوە چەندین جار سەرزەنشتی کردوەو پێش بینی ئەوەی کردووە کە پترۆس ئاشنایەتی خۆی لەگەڵ عیسادا سێجار ئینکاری لێ کردووە .

9-نوسەری ئینجیلی مەتا تا چەندین سەدە لە لایەن کڵێساوە بە یەکێک لە هاوەڵەکانی عیسا ناسێنرابوو . کڵێسا باوەڕی وابووە کە ئینجیلی مەتا لە ئورشەلیم و بە زمانی عیبری نوسراوەتەوە . بەڵام ئەمرۆ هەتا خودی کلێساش لەو باوەڕە پەشیمان بووەتەوە ئەو نامەیە دەگەڕێنێتەوە بۆ سەرەتای سەدەی دووەمی میلادی و جێگای نوسینیشی بە سوریا دەزانێت و بە زمانی ئارامی نوسراوەتەوە . نوسەری ئەم کتێبە بە لە بەرستدابوونی نوسخەیەک لە ئینجیلی مرقس هەوڵیداوە کەمو کورتیەکانی چاک بکات و هەندێک خاڵی نوێی پێئیزافە کردووە ، شەجەرەنامەی چەندین ساڵە بۆ کەسێک کە ناویشی نەبووە هەروەکو یوسفی نەجار لە یەکێک لە گوندە دورەدەستەکانی فەلەستین ، ئمادەدەکات و بە شێوەی ئینجیلی مرقەس یەهودیەکان سەرزەنشت و نەرفرەتدەکات . ئەوەی جێگای تێڕامانە لەم کتێبەدا دەربڕینێکی دژوو بەرپەرچدانەوەیە کە نوسەری ئینجیلی مەتا لە عیساوە گواستویەتیەوە . لەم کتێبەدا عیسا لە لایەک پەیامی عیشق و خۆشەویستی و بەختەوەری و تەندروستی داوادەکات . کەسایەتیەک کە خەڵکی بۆ دورکەوتنەوە لە تاوان و ئەنجامدانی چاکە لەگەڵ دۆست و دوژمن بانگهێشت دەکات .لە لایەکی ترەوە دەڵێت : (گومان دەکات کە بۆ ئەوە هاتبم تا سەلامەتی لە سەرزەوی جێگیر بکەن . نەهاتوم تا سەلامەتی جێگیر بکەم بەڵکو بەشمشێر ، ئامادەم کە تا مناڵ لە باوک و کچ لە دایک و بوک لە دایکی دەستگیرانەکەی جیابکەمەوە . مەتا 34-10

ئەم ناکۆکیانە کە دەرئەنجامی جیاوازی باوەڕی ئەوکات بووە نا هاوئاهەنگی و ناکۆکی و کەموو کورتی لە کتێبەکەدا دروست کردووە

10-لە نامەکانی پۆلس دا کە تا کۆتاییەکانی سەدەی یەکەمی زایینی بەردەوامییان هەبوو ، بەهیچ جۆرێک ناویی ئنجیلیان تیا نەهێنراوە ، تەنیا لە کۆتاییەکانی سەدەی دووەمی زایینیدایە کە لە نوسراوەکانی کڵێسادا ناوی ئینجیل دەبینین ، کۆنترین دەقێک کە تیایدا ئاماژەبە دۆخی عیسا دەکات

چەند پەرە گرافێکە بە ناوی ( تەفیری وتەکانی خوکاوەندی عیسا ) کە پێک هاتوە لە پێنج کتێب و لە ساڵی 140ی زایینی لەلایەن ( پاپیاس ) نوسراوەتەوە و تیایدا ئینجیلی شیوخ و ئینجیلی مرقس و ئینجیلی مەتا ناویان هێنراوە .

بەسەرنجدان لە سەر پەرەگرافەکانی سەرەوە توێژەران گەیشتنە ئەو دەرئەنجامەی کە هیچ یەکێک لە ئینجیلەکان نسراوی هاوەڵەکان یان شاهیدەدیارەکانی ژیانی عیسا نەبوون . پاش مردنی عیسا هاوەڵەکانی لە چاوەڕوانی گەڕاندنەوەی ئەودان . چوونکە سەردەمی ئەو چاوەڕوانیە درێژدەبیتەوە و لە پارۆژی ( parusie گەڕاندنەوەی عیسا و بەرقەرارکردنی حکومەتی خودایی شتێک نابینن . بە فیکری پرۆپاگندەو بڵاو کردنەوەی ئایین و کۆکردنەوەی دەقە کان و وتەکانی عیسا پەرە پێدەدا . ئەم کرداره لە لایەن عیساییەکانی دەرەوەی فەلەستین و ئەنجومەنەکانی یونانی یەکانەوە لە سەر بنەمای وتەو وتەزاکان و تەلقینەکانی پۆلس و پترۆس و ئەو پەیامبەرەکانی تر شێوەی دەگرت . یونانیەکان کە زیاتر لە هۆزەکانی نزیک دەریای مدیترانە بوون ئاشنایەتیان لەگەڵ نامەنوسین و کێبدا هەبوو . بە نوسینی نامەو ئینجیلەکان دەست پێشخەریان دەکرد . بە پێی تێپەڕینی کات و بە سەرنجدان بە سیاسەتی ئایینی کڵێسا کە پەڕەوی لێدەکرد . لەو نوسینانەدا شرۆڤەو شیکردنەوەی زۆر بە ئەنجام گەیەندرا . لە سەردەمانی سەرەتای مەسیحیەتدا زیاتر لە هەموو کاتەکان بووە . لیکۆڵەرەوانی هەریەک لە ئینجیلەکان بە سەرنجدان لە سەر ئەو سەرچاوانەی کە بۆ کاملّ کردنی کتێبەکانیان لە بەردەستیاندا بووە ، دەربارەی بابەتێک کە بە تایبەت شرۆڤەیان کردوە کە لە ئەو ئینجیلەکانی تردا بەرچاو ناکەوێت یان تەنیا بە ئاماژەیەکی کورت کۆتایی پێ هێنراوە .

ڕاستە و هیچ گومانێکی تیا نیە کە چەند بەشێک لە ئینجیلەکان قسەی عیسایە قسە و جیاوازی لە سەر ئەو بەشەی کتێبەیکە لە سەردەمانی گەشەکردنی مەسیحیەتدا و ناوەندی کڵێسای پیچئیزافە کرا . بەڵام هیچ جۆرە کتێبێک لە هەمبەر عیسا یان هاوەڵەکانی لە بەردەستدا نیە . ناتوانرێت بە شێوەیەکی ڕەها هیچ بنەماو باوەڕێک بدەینەپاڵ عیسا و بە بنەمای فیرکراوەکانی ئەوی دانێین . ملمڵانێیەک کە لە ناوەندی مەسیحەت و لە بەینی یەهودی – مەسیحیەکانی فەلەستین لە لایەک و پرۆپاگندە چیەکان لە ئەوروپا هاوشێوەی پۆلس و پترۆس لە لایەکی ترەوە ، سەری هەڵدابوو ، ڕەنگە زیندویەک لە سەر نەبوونی فیرکراوە ئاشکراکانی عیسا هەبیت . لە نامەی پەیامبەرەکاندا هەرچەند کە کڵێسا لە دواتردا ئەنجامی دا ڕیشەی ئەم جیاوازەیە فیکریانە بەڕوونی دەردەکەوێت . لۆژیکێک بوونی هەویە کە مرۆڤەکان ناچار دەکات قبوڵی بکەن کە ژیانی عیسا بەو جۆرەی کە لە ئینجیلەکاندا نوسراوە تا حەقیقەتی مێژوویی باوەڕداران بە عیسا لە لایەنی دەکارگێری ئایینیەوە ، بە دروستکردنی ئەفسانەدەستیان بردوە . تا خودای خۆیان باشتر و واڵاتر وەسف بکەن . کڵێسا کە ئەم داستانانەی بۆ بێدەنگی و چەقبەستنی فیکری خەڵکی ئاسایی بە سود ناودەبرد . ئەوانەی پەسەند دەکرد . خاوەن قەڵەمەکان درێژ دادڕی و لە ڕادە دەرچوون لە ئەفسانەکاندا مانشێتی بەرنامەکانی ئایینی خۆیان دادەنا . ئەوکەسانەی کە دژی ئەم سیاسەتە بوون بە بە ئاشکرا تەکفیریان دەکردوو لە گۆڕەپانەکە وەدەریان دەناو لەسێدارەیان دەدا . هەر بەو جۆرەی کە (نستوریوس ) ئەسقەفی کڵێسای قوستەنتەنیە گومانی هەبوو بوو لە پیرۆز بوونی مریەم تەکفی کراو لە کڵێسا دەرکرا . دانانی ئینجیلەکان و نامەکانی کاهینەکانی مەسیحیەت بە قسەی خوداوەند مەرجی سەرەکی مانەوەی کڵێسابوو . بەبێ بوونی کتێبێکی ئاسمانی کە ڕاستەو خۆ لە لایەن خوداوە نێردرابێت بەهاو هەیمەنەی کڵێسای دەهەژاند . جگە لەوەش ڕۆحانیەتی کڵێسا هەروەکو ڕۆحانیەکانی ئایینەکانی تر بە وەکالەت لە لایەن خوداوە فتوایان دەدا کە ئینجیلەکان و نامەکان ( عهدی جدید ) بە تەواوەتی و بەگشتی قسەی خوداو وەحی خوداوەندن کە بۆ نوسەرانی ئەم کتێبانە ڕەوانە کراوە . بەم جۆرە کڵێسا پایەکانی بوونی حکومەتی خۆی قایم کرد .

بەرایی سێ یەم :

عیسا

لە شاخی سیمۆنەوە بڕۆرە

سەرەوە تا هەواڵێکی خۆش ڕابگەیەنیت .

بە هەرژی هێزت هەیە دەنگ بەرزبکەوە زۆر دەنگ هەڵبڕەو مەترسە ،

و بە شارەکانی یەهودا بڵێ کە هان خودای ئێوەیە ،

ئەوەی کە خوداوەند یەهوە بە هێزەوە دێت و خۆی دەسەپێنێت

بە هێزز فەرمانڕەوایی دەکات ، ئەو هەروەکو شوان

ڕانە ئاژەڵەکەی خۆی بەڕێدەکات و بە هێزی

خۆی ئەم ئاژەڵانەی کۆ کردوەتەوە و لە باوەشیان دەگرێت . ) اشعیا 12/-40

عیسا لەگەڵ یهوشوعاد ، کە لە ئینجیلەکاندا بە ناوی ڕزگارکەر ئاماژەی پێدراوە ، و بەلاتینی jesus ) christ (1) وەرگێڕدراوە ، بونیادنەری یەکێک لە ئاییینە مەزنەکانی جیهانە ، ئەگەر میکیاجکاری ئاییینی و ئەفسانەکان کە لە سۆنگەی خواوەندیەتی و ئاییینی یەوە لە دەری تەنراوە لای بەرین و ئەوانە لە یاد بکەین ، عیسا لە سەر بنەمای نوسراوەکانی ئینجیلەکان ئەتوانین بەباشترین نموونەی تاکی مرۆڤ و مەزنترین مامۆستا و ریفۆرمیستی ئەخلاقی کۆمەڵگەی دابنێین ، ئەو هەڵگری ئاڵای سۆزو خۆشەویستی و هاوڕیچیەتی و برایەتیە ، عیسا لەو کەسایەتیە دەگمەنانەیە کە هەروەکو کۆنفۆشیوس و زەردەشت کە هەمیشە کۆمەڵگەی مرۆیی بەرەوە دەرکەوتەی خلاقی مرۆیی ڕێنمایی دەکات . بەڵام بە داخەوە بە تێپەرینی کات نۆرمە ئاییینیەکان و داستانی خەیاڵی چواردەوری تەنیوەتەوە کە کەسیەتی ڕاستەقینەو خەسڵەتی هەڵبژێردراوی لە ژێر ناوی پێغەمبەرایەتیدا بوەتە خورافە . ئەوەی لە پەیامی عیسادا جێگەی سەرنجە ئامانجی کۆتایی لە تەوەری عیشق و سۆزو خۆشەویستی لە جیاتی ئیرەیی بردن و توندو تیژی و خۆپەرستی یە دەسوڕێتەوە ، ________________

1-دەستەواژەی ( christ لە دەستەواژەی یونانی ( christos ( بە مانای پوختەکراو یان چەورکراووەرگیراوە(لە ئاییینی یەهودو مەسیحیدا هەرکەس کە بوبێتە پێغەمبەر ڕۆنی بەسەردا ڕژێنراوەو چەورکراوە واتە پاکراوەتەوە . و.ک )

بەواتای ئەم دنیایە بەهەشتێکە تەواوی مامۆستاکانی ئەخلاق بەڵێنیان بە مرۆڤداوە ، ئەوە حکومەتی واقیعی خودایە . بە بوونی ئەم جۆرە دنیایە خودا ئیتر پێویستی بە بەهەشت و دۆزەخ نیە .

عیسا بە هۆی ئەوەی کە زۆرێک لە نەریت و نۆرمەکانی  یەهودی سڕیەوە . خۆی هیچ کتێب و یاسایەکی خودایی دانەنا ، پەیڕەو کردن لە عیسا پابەندیەتی و وابەستەی بە پەرستگەو کڵێساوە نیە . عیشق و خۆشەویستی یە بۆ ڕەگەزەکانی بەرانبەر و هەتا سەبارەت بە دوژمنان و هەستی برایەتی و یەکسانی ڕێگایەکە کە نەوەکانی ئادەم دەگەیەنێتە پێگەیشتنی تەواوی مرۆڤایەتی . کڵێساو نوسەرانی ئینجیلەکان عیسای مامۆستای ئەخلاق بە شێوەی پاڵەوانێکی داستانێک کە خۆیان هەڵیان بژاردوە ، و چەندین داستانی تریان بۆ دروست کردوە  . و کەسیەتیەکی ئەفسانەییان لەو بۆخۆیان داتاشیوە . ئەوەندە لەوبارەیەوە پرۆپاگندەیان کرد ، تاکەسیەتیەکی خەیالی و خورافی و جیاواز لە کەسیەتی پیاوێکی یەهودی کە لە فەلەستین دەژیا و وانەی عەشق و هاوڕێیەتی بە خەڵک دەوتەوە . خولقاندو ئەویان وەک عیسای مەسیح خودای خودا زادە ئافەرێنەری هەموو جیهان و بەدی هێنەری جیهانی بوون ، بونەوەرێک کە لە ئەزەلەوە بوونی هەبووە و لە ڕۆژی دوواییێ دادوەری گەلە جیاوازەکان لە تەنیشتی خودای باوکیەوە یە ، لە لای پەیڕەوکارانی ئەو گشت جیهان نمایش کرد .

ئایینی مەسیح دووەمین ئایینی ئیبراهیمی یە کە لە سەر بنەمای تەورات پایەکانی دارێژراوە ، و هەتا ناوی ئەو ئایینە لە کتێبی پیرۆزی یەهودەوە وەرگیراوە . لە کردەدا ئەم ئایینە گۆڕانی زۆری بەخۆیەوە بینیوەو لەزۆرلایەنەوە زۆری لە ڕاسپاردەکانی کتێبی پیرۆزی یەهود لابرد و بە شێوەی دوالیزمی سودی لە کتێبی پیرۆزی یەهود و ئایینی زەردەشتی و چەندین باوەڕی تر کە لە سەرانسەری ئیمپراتۆریەتی ڕۆمدا بونیان هەبوو وەرگرتوە .

چوار ئینجیل کە لەلای کڵێسا پیرۆز کراوە کە بەڵگەی بوونن دەربارەی ژیانی عیسا هەریەکەیان بە جۆریکی جیاواز باسی ژیانی عیسایان کردووە . هەتا دەربارەی ساڵی لە دایک بوونی لە کتێبی نوسراودا هیچ جیاوازیەکی بۆچوون بوونی نیە  . ئەو مێژووەی کە ئینجیلی مەتاو ئینجیلی لۆقا بە شێوەی ساڵی لەدایک بوونی عیسا هاتوە . لەگەڵ بەڵگە مێژوویەکاندا هاوتا نیە  . ئینجیلی لۆقا ساڵی لەدایک بوونی عیسا بە هاوسەردەمی کری نیوس (        quirinius)فەرمان ڕەوای ڕۆم لە سوریا وەبیرهێنراوەتەوە ، ئەگەر بەم بۆچونەش بێت لە دایک بوونی عیسا شەش ساڵ بە تەقویمی فیعلی جێگەی قبوڵ کردنی مسیحیەکانجیاوازی دروست دەکات و عیسا لە ساڵی شەشەمی زایینی لەدایک بووە . لە لایەکی ترەوە ، لە سۆنگەی ڕیوایەتەکانی ئینجیلی مەتاوە عیسا لە سەردەمی پاشایەتی هرود لە بیت الحم لەدایک بووە ، لە کاتێکدا کە هرود دەساڵ پێش فەرناڕەوایەتی کری نیوس لە سوریا مردوە . ڕیچارد فرانس (  richard franceبەرپرسی کۆلیجی توێژینەوەی ئینجیل لە لەندەن ، هاوڕایە لەگەڵ ئەوکەسانەی کە پێیان وایە عیسا لە ساڵی چوارەمی زایینیدا لە دایک بووە .

دەربارەی ڕرۆژی لە دایک بوونی عیسا هەمان جیاوازی بەرچاو دەکەوێت  مەسیحیەکان لە سەرەتادا ڕۆژی شەشەمی جەنیوەریان وەک ڕۆژی لە دایک عیسا دەکردە جەژن  ، بەڵام پاش لە بەریەک هەڵوەشانی کڵێسا بۆ دوکڵێسای خۆرهەڵاتی و خۆرئاوایی  ، کڵێسای ڕۆم ڕۆژی  25  دیسەمبەر واتا ڕۆژی ( جەژنی میترا )ڕۆژی جەژنی ڕۆمیەکان وەکو ڕۆژی لە دایک بوونی عیسا دیاری کراوە . کڵێسای خۆرهەڵاتیش کە لە سەرهەمان بنەمای تەقویمی کۆن ماونەتەوە . کڵێسای ڕۆم ڕویان لە خۆر پەرستی  تاوانبار کرد .

دەربارەی جێگای نیشتە جێبوونی باوک و دایکی عیسا و سی ساڵ ژیانی ئەو لە شارە ناسیرە یان ( نازرە ) لە نێوان شاخەکان جیازاە لە ڕشاکاندا هەیە . ئەوە ئاشکرایە کە لە سەردەمی ژیانی عیسادا شارێک بەناوی ناسرە  یان ( نازرە ) لە فەلەستین بوونی نەبووە  . بەڵکو گوندێکی بچوک بە و ناوەوە بووە کە پاش بڵاوبونەوەی ئایینی مەسیح و لە ئەنجامی پرۆپاگندەی مەسیحیەکناد  لە سەدەی چوارەمی زایینی بوەتە شوێن پەرستنی ( زیارتگای عیساییەکان . )

ناوهیچنانی عیسا بە نازرە پێویستە لە ناوەڕۆکی دەستەواژەکەوە نەزیر (متدین) یان ( نەزری خودا ) بزانین . کە نوسەرەیونانیەکان ئینجیلەکان لە وەرگێڕانی ژمانەوانیدا بە زمانی یونانی بە هەندێک پێناسەوە لە نوسیندا ، عیسا هەڵبژێردراوە لە تیپێکی نەزەر بە عیسای نازرە گۆڕاوە تا بەوە کە لە زمانی پەیامبەرەکانی یەهود لە تەوراتدا وتراوە ، هەماهەنگ بکرێت ، بە عیسای ناسری ناوباگ دەربکات .

ئینجیلی مرقەس بە وتەی کڵێسا یەکەمین نوسخەی کۆن و نامەیەکە کە باسی ژیانی عیسا دەکات . ئەم کتێبە لە ساڵی 70ی زایینی نوسراوەتەوە . لە سەر بنەمای ڕیوایەتی پاپی پاس ( papiasیەکێک لە مەسییەکانی ساڵنی سەدەی دووەم ، ئەم ئینجیلە یادگاری و بیرەوەری پترۆسە کە لە لایەن مرقس لە ئورشەلیم نوسراوە . ئەم ئینجیلە کورتترین ئینجیلە کە لە بەردەستدایەو تەنیا 16 بابی هەیەو ئەم کتێبە بەم جۆرە داستانی ژیانی عیسا باس دەکات :

(سەرەتا ئینجیل ، عیسای مەسیح بە کوڕی خودا دادەنێت بەو جۆرەی کە لە ئشعیای ، پەیامبەر نوسراوە ، ئەوەی کە پێغەمبەری خودا دەنێرمەلای تۆ تاڕێگای تۆ بگرێت . یەحیا پاک بکرێتەوە لە بیاباندا دەرکەوێت )

پاشان باسکردنی دۆخی یەحیاو ئامۆژگاری یەکانی ئەو و چۆنیەتی پاککردنەوەی خەڵک بە دەستی ئەو دەسپێرێت ، تا دووبارە دەگەڕێتەوە سەر داستانی عیساو دەنوسێت : (ئەوە ڕویدا کە لەو ڕۆژگارەدا عیسا لە نازرەوە هات بۆ جلیلە و لە ئەردەنیش یەحیا ئەوەی پاککردوە ، چوونکە لە ئاوی هەڵکێشا لە چەند کاتژمێرێکدا ئاسمانی بە کراوەیی بینی و ڕۆحی خودا کە هەروەکو کۆترێک بۆی دابەزی و لە ئاسمانەوە ئاوازێک دەبیسترا کە تۆ کوڕی خۆشەویستی منی ، کە من بە تۆ خۆشحاڵم بە بێ دواکەوتن ڕۆحی ئەو ڕۆحی ئەوی بۆ بیابان برد و ماوەی چل ڕۆژ لە بیابان بوو ، وە شەیتان ئەوەی ئەزموندەکرد و لەگەڵ دیوەکان کاتی بەسەر دەبرد ) بەم جۆرە نەسەری ئینجیلی مرقس بە بێ بچوکترین ئاماژەیەک بە ژیانی سی ساڵی ڕابووردوی عیسا لە بەشی یەکەمی کتێبەکەدا ڕاستەو خۆ دەچێتە سەر باسکردنی سەردەمی بە پێغەمبەربوونی عیسا ، و تەواوی هەوڵی خۆی لە سەر کەسیەتی عیسا و سەلماندنی ئەم ئایدیایە دادەنێت و عیسا بە کوڕی خودا دادەنێت و کە لە ئاسمانەوە بۆ لێبوردن لە گوناحەسەرەتاییەکانی مرۆڤ ڕەوانەی سەرزەوی کراوە .

ئینجیلی یوحەنا ، بە پەیڕەوکردنی هەمان شێوەی پۆلس بۆ دەربڕِینی باوەڕەکانی خۆی هەڵی بژێرابوو . داستانی عیسا بە جۆرێکی تر دەست پێدەکات ، و لەهەمبەر خودایی بوونی عیسا ڕونتر لە ئینجیلەکانی تر باس دەکات . پۆلس دەساڵ پێش نوسینی ئینجیلی یوحەنا . بۆعیبرانیەکانی نوسی بوو :

(خودا لە سەردەمە دێرینەکاندا بە شێوەی جیاجیاو ڕێگای جۆراو جۆر بە هۆی پەیامبەرەکانەوە قسەی لە گەڵ باپیرانماندا کردوە . لەم ڕۆژانەی دوایدا بە هۆی کوڕەکەی خۆیەوە لەگەڵماندا قسە دەسکات . ئەوی بە وارسی تەواوی بونەوەرەکان داناوە . ئەو جیهانەکانی ئەفراند کە هەڵگری مەزنی و دانایی و جەوهەری بووە ، بە دەستەواژەیەکی خۆی بوتە هەڵگری هەموو بونەوەران . چوونکە کۆتایی بە تەواوی گوناحەکان هێنا بەدەستی ڕاستی نامەی پاکیەتی وەرگرت و لە عەرشی خودا نیشتە جێ بوو . )
1-1/4

لەم نوسراوەدا پۆلس لە ژَێرکاریگەری فەلەسەفی یونانیەکان و یەهودیەکان دا بەتایبەت فیلۆن دایە ، بە ڕوونی بە دیار دەکەوێت ، فیلۆن باوەڕی وابوو کە خوداوەند لە سەرەتادا دەستەواژەی ( logos ئەفراند کە نمونەی خولقاند وئەفرێنەربووە . لۆگۆس ، لە هەمان کاتدا ئەوەی گەلەگەڵ خودا دا بوو یەکەمین ئەفرێندراوی خوداو پەیوەندی ئەو لەگەڵ گشت بونەوەرو خولقێنراوەکان .

نوسەری ئینجیلی یوحنا لە ژێر گاریگەری هزری فەلسەفەی کتێبەکەی خۆی بەو دەستەواژەیە دەستپێدەکات :

(لە سەرەتادا دەستەواژەیک هەبوو کە دەستەواژەی خودا بوو ( 1) هەموو شتێک بە هۆی ئەوەوە ئەفریندرا . و جگە لەو هیچ شتێک لە بوونەوەرەکان بوونی نەبوو . لەو دا ژیان هەبوو و ژیانی ڕوناکی مرۆڤ بوو ، و تیشکی لە هەموو تاریکیەکاندا دەدرەوشایەوە . کەسێک لە لایەنخوداوەندەوە ڕەوانەکرا کە ناوی یەحیا بوو . ئەو بۆ مرۆڤایەتی هات تا بە تیشکی باوەڕ و بەهۆی ئەوەوە ئیمان بهێنن . و ئەوە نوری ڕاستەقینەبوو کە هەر مرۆڤێکی دەدرەوشاندەوە ، ئەو لە ناو جیهندابوو بە هۆی ئەوەوەئەفرێندرا . ...... و دەستەواژەکە بوە ئۆرگانی و لە ناو ئێمەدا نیشتە جیچ بوو . پرِپر لە ڕاستی و پاکی و بیگەردی ، ئەوەی بینی مەزنایەتیەکی شایستە کوڕی یەکتای باوک و یەحیا ئیمانی پێهێناو وتی ئەوەیە کە لە هەمبەر ئەو باسم کرد ، ....... خودا هەرگیز کەسێکی نەبینیوە کوڕە یەکتا کە لە باوەشی باوکدایە هەمان ئەوەی بەدیار خست ) یوحنا 19-1

(لەوێدا کە زۆر شرۆڤە و لێکۆڵینەوە لە سەر ڕوداوەکان کراوە لە سەر ئەوبنەمایەی کە گەیشتوەتە ئێمە . لە لایەن کەسانێکەوە کە بۆخۆیان شاهیدی بەرچاو و نوسەر بوون ، من پاش لێکۆڵینەوە و شرۆڤە کردنی ورد تر دەربارەی بنچینەو سەرەتای هەرشتێک بەرژەوەندیم بەم جۆرە بینیوە . تئۆفیلی مەزن ، کە بە نوسینی برهمان بنەمای دەست پێشخەری دەکەین .

---

1-بیرهێنانەوەی دەستەواژە (لە ئایەتی 40 سورەتی عمران (کاتێک کە فریشتەکە بە مریەمی وت کە خودا تۆی بە ( کلمە) دەستەواژەیەک لە لای خۆی بەشارەت دەدات کە ناوی ئەو مەسیح عیسا کوڕی مریەمە لە نێردراوەکانی دەرگای خوداوەند و خاوەنی پایەیە لە هەردوو دنیادا ، هەمان شێوە لە ئایەتی 169ی سورەتی نیسا ( ئەی ئەهلی کتێب لە ئایین دا غلو نەکەیت ..... هاوکات مەسیحی عیسا و مریم نێردراوی خودابوو وە ( کلمە ) لە لایەن ئەو بۆ مریەم ڕەد کرانەوە ( لە هەمان دەستەواژەی ( (logos لە ئینجیل وەرگیراوە .

پاشان باس لە سەر سکپڕی مریەم و لەدایک بوونی عیسا دەکەین و هەوساری وەهمو خەیاڵتەکانی ئازاد دەکەین تا ئەوێکە دەتوانێت بفرێت . لە بەشی یەکەمی کتێبەکەیدا ڕودانی سێ موعجیزە بە شوێن یەکدا ڕادەگەیەنێت و پێش ئەوەی کە عیسا لە دایک ببێت خودایی بوون ئەو ڕادەگەیەنێت ، موعجیزەیەکیان سکپڕبوونی پیرە ژنێک و پیرە پیاوێکی کاهین بە ناوی زەکریا و شەش مانگ پاش سکپڕبوون پیرەژنەکە ، موعجیزەی دووەم ڕودەدات کە ئەرکی نوێی جبرەئیلە فریشتکەی خوداوەند : (ناوچەیەکی جلیلە کە ناوی نازرە یە لای پیرەژنێک کە هێشتان کچە ، دەستگیرانەکەی پیاویکە کە بەناوی یوسف لە خێزانی داوده و ناوی ئەو قەیرە کچەش مریەمە . پاشان فریشتکە چوە لای و پێی وت سلاو ئەی بەختەوەر ، خوداوەند تۆی لە ناو هەموو ژنان تاقی کردەوە تۆ پیرۆزی ، مریەم چەنکە ئەوی بینی لە قسەکانی ئەو سەری سوڕماو کەوتە بیرکردنەوە کە ئەمە چی جۆرە نیعمەتێکە . فریشتەکە پێی وت ئەی مریەم هیچ مەترسە کە تۆ لەلای خوداوەند نیعمەتت بە سەردا ڕژاوە و سکتپڕبووە و مناڵێکی کورت دەبێت و خواوەند فەرمانڕەوایەتی داودی بە خشیوە بەو ئەو وەکو خیزانی یەعقوب هەتا ئەبەد بە

پاشایی دەمێنێتەوە ، مریەم بە فریشتەکەی وت : ئەوە چۆن دەبێت کە من پیاوێکم نەناسیوە و سکم پڕبووە ، فریشتەکە لە وەڵامدا وتی : کە ڕۆحی القدس دێتە ناو تۆو بە هێزی خوداوەند سایە لە سەر تۆدەکات و ئەنجار ئەو منالە پیرۆزەت دەبێت و دەبێتە کوڕی خودا .)...( لەو ڕۆژانەدا مریەم هەستاو ڕۆشت بۆ جێگایەک لە شاخەکانی یەهودیەو بە خێرایی ڕۆشت و چوە ماڵ زەکەریاو لەگەڵ ئەلیزا بێس ( (elizabethسلاوی کردو ئەلیزا بیس چونکەگوێی لە سلاوەکەی مریەمەوە بوو منالەکە لە منالدانیدا جولاو ئەلیزابیس بە ڕۆحی القدس پڕبوو ) 1-26/41

(وتی لەکوێوە ئەمە بە من گەیشت کە دایکی خوداوەندی من بێت بۆ بینینی من ) لوقا 1-44

(لەو سەردەمەدا حکومێک لە ئۆگەستەوە ( (augustدەرکرا، کە لە تەواوی سەرزەوی ئامارێک ئەنجام بدرێت ،ئەو سەرژمێریە لەو کاتەدا بوو کە کری نیوس فەرمانڕەوای سوریا بوو ئەنجامدرا . هەرکەس لە شارەکەی خۆی ناوی خۆی دەنوسی (1) یوسف لە جلیلە ناوچەی نازرە لە یەهودیە بۆ شاری داود کە بیت الحم یان پێدەوت ڕۆشت ، هاوکات لە بەر ئەوەی کە ئەو لە خێزانی ئال داود بوو ، تا ناوی ئەو لەگەڵ مریەم کە دەستگیرانی بوو پێکەوە بنوسرێن ، نیزیکی منال بوونی بوو ، کاتێک کە ئەوان لەێ بوون کاتی منال بوونی نزیک بووبوەوە ، لە پێشدا کۆرپە کوڕەکە لە دایک بوو ، ئەوی لە پارچەیەکەوە پێچاو لە ئاخوری ئاژەڵەکاندا خەواندی ، چونکە لە ناو ماڵەکە جێگایەکیان بۆ ئەو نەبوو . لۆقا 2-1/7

( لە و ناوچانە بە شوانیەوە کاتیان بەسەر دەبرد و بەشەویش پاسەوانی ڕان و ئاژەڵەکانیان بوون . لە ناکاو فریشتەی خوداوەند لێیانەوە دەرکەوت ، مەزنایەتی خودایان لیوە بەدیار کەوت و بە تەواوی ترسان ، فریشتەکە بەوانی وت ، مەترسن مژدەیەکی گەورەو دڵخۆشکەرتان دەدەمێ ، کە بۆ تەواوی گەلانی دنیا کە ئەمرۆکە بۆ ئێوەو لە شارەکەی داود ڕزگاریکەرێک ( فریاد ڕەسێک ) کە مەسیحی خوداوەند بێت لە دایک بوو ، هێماکەیشی بۆ ئێوە ئەوەیە کە منالەکە لە قەنداغەوە بپیچین و لە ئاخوڕی ئاژەڵەکاندا بیخەوێنن . ئەنجار فریشتەکان لە لای ئەوان بەرو ئاسمان ڕۆشتن

---

1-یەکەمین سەرژمێری لە یەهودیە لە ساڵی حەوتەمی زایینیدائەنجام درا و ئەوەش بریتی بوو لە خەمڵاندنی سەروەت و سامان نەک سەر ژمێری کەسی ،وە کەسەکان ناچارنەبوون بۆ بەشداری کردن لەو سەرژمێریەدا لە شوێنی نیشتە جێبوونی خۆیانەوە کۆچ بکەن و بگەڕێنەوە جێگەی ئەسڵی خۆیان بەڵکو بە پێچەوانەوە پێویست بوو لە شوێنی نیشتەجێی بمایەتەوە و وێنەی موڵ و سامانەکەی پێنیار بکردایە .

. شوانەکان بە یەکتریان وت ئێستا بڕۆین بۆ بیتالحم و ئەوەی کە ڕوویداوە خوداوەند ئەوەی پێی وتون بینیان ، پاشان بە خێرایی ڕۆشتن و مریەم و یوسف ئەو منالەخەتوەکەی ناو ئاخوڕەکە یان بینیوە . چونکە ئەوەیا بینی و ئەو قسانەی کە لە بارەی منالەکەوە بەوان وترابوو پێیان ڕاگەیاند) لۆقا 2-8/18

چوونکە ڕۆژی هەشتەم کاتی خەتەنە کردنی منڵەکە گەیشت ، ئەویان ناو نا عیسا ، هەر بەو جۆرەی کە هێشتان لە سکی دایکی دا بوو فریشتەکە ناوی نابوو . هەروەها ڕۆژانی پاککردنەوەی ئەو لە سەر بنەمای شەریعەتی موسا گەیشت . ئەویان برد بۆ ئورشەلیم ، تا بیسپێرن بە خوداوەند . هەر بەو جۆرەی کە لە شەریعەتی خوداوەندا نوسراوە کە هەرنێرینەیەک کە منالدان گەورەبکات بە پیرۆلە لای خوداوەند ئەژمار دەکرێت تا قوربانی بۆ ئەنجام بدەن . هەربەو جۆرەی کە لە شەریعەتدا هاتوە ، یان جوتێک قومری یان کۆتر .) 2-21/25

(چوونکە تەواوی نەریتی شەرعەتی خوداوەندیان جێ بەجێ کردبوو . سەردانی شاری نازرەیان کردوو منداڵەکە گەورە بوو بە ڕۆحی خوداوەند بەهێزز بوو پڕبوو لە حیکمەت . خودا بەهرەی پێبەخشی . چوونکە بوە دوانزە ساڵان . بۆنەریتی پاراندنەوە هاتن بۆ ئورشەلیم .چوونکە ڕۆژەکانی تەواو کردبوو گەڕانەوە . ئەو منداڵە یانی عیسا لە ئورشەلیم مایەوە . یوسف و دایکی نەیاندەزانی ، بەڵکو گومانیان کرد کە ئەو لە قافڵەکەدایە . سەفەرێکی یەک ڕۆژەیان کرد وبۆ ئەو گەڕان لە ناو خۆیان و ئاشناکانیانیادا بەڵام نەیان دۆزیەوە و گەڕتنەوە بۆ ئورشەلیم . پاش سێ ڕۆژ ئەویان لە پەرستگەی هیکل کە ل ناو مامۆستاکاندا دانیشتبوو دۆزیەوە . گوێی لە قەسەی ئەوان گرتبوو ، و پرسیاری لێدەکردن ، پاشان دایکی پێی وت : ئەی ڕۆڵ بۆچی وات لە ئێمە کرد ؟ چەنێکە من و باوکت بە خەمباریەوە بەدواتدا دەگەڕیین ، ئەویش پێی وتن : لە ناو ئەم بەهرەیەدا بۆچی بەدوای منادا دەگەڕێن . مەگەر نازانن پێویستە کارەکانی باوکم ئەنجام بدەم ) لوقا 22/53-2

لە ئینجیلی مەتادا لە دایک بوونی عیسا و سەردەمانی منداڵی بە جۆرێکی تر باس کراوە ، و شتی نوێی تیا بەرچاو دەکەوێت . بەهیچ جۆرێک باسی تەویلەو ئاخوڕ و پێچانەوە نیە .

وە دابەزینی فریشتەکان بینینی شوانەکان و بڵاوکردنەوەی هەواڵی لە دایک بوونی عیسا لە شاردا بە هیچۆری لە گۆڕێ نین .

بەڵکو داستانەکە بە جۆرێکی تر دەستپێدەکات و فریشتە لە خەودا بەیوسف دەڵێت ، ە بەر ئەوەی هرود دەیەوێتمناڵەکە بکوژێت ، هەرچی زوترە لە گەڵ مناڵەکەو دایکی هەڵبێن بۆ میسر . نوسەر ئینجیلی مەتا کتێبەکەی خۆی بە دەستەواژەی ( کتێبی نسیب نامەی عیسا مەسیح کوڕی داود کوڕی ئیبراهیم ) دەستپێدەکات و شەجەرەنامەیەکی پوختی تەواوی مانڵەکانی ئیبراهیم تا یوسفی میچردی مریەم دەباتەوە سەر ئادەم و درێژەی دەداتێ .

(بەڵام لە دایک بۆنی عیسا بەم جۆرە بوو ، چوونکە دایکی دەستگیرانی یوسف بوو ، پێش ئەوەی پێکەوە جوت بن ، مریەم بە ڕۆحی القدس سکپڕ بوو ، مێردەکەیشی چوونکە مێردێکی باش بوو ، نەی ویست ئەو ببێتە پەند ، پاشان هەوڵیدا ئەو بشارێتەوە ، بەڵام چوونکە بیری لەو شتانە دەکردوە ، بێ ئاگا فریشتەی خوداوەند هاتە خەوی . ئەی یوسف کوڕی داود ، لە دەست گرتنی ژنەکەی خۆت مەترسە ، لە بەر ئەوەی ئەو دەروەی لێتان کراوەتەوە لە ڕۆحی القدسە ، ئەو کوڕێکی دەبێت ناوی دەنێیت عیسا . چوونکە ئەو ئۆمەتەکەی لە گوناح کاری ڕزگار دەکات ، وە هەموو ئەمانە ڕویدا تا قسەی خوداوەند لە زمانی پەیامبەرەکانەوە وتراوە . تەواوی ئەوەی کە کچێک سکپڕدەبێت و مناڵێکی دەبێت . و ناوی ئەو ئەمانۆئیل دەبێت . کە تەفسیرەکەی ئەوەیە کە خودا لەگەڵ ئێمە هەروەها یوسف لە خەو خەبەری بووەوە بەو جۆرەی کە فریتەی خوداوەند فەرمانی پێکردبوو جێبەجێی کردوو دەستی ژنەکەی خۆی گرت و تا یەکەمین مناڵی خۆی نەبێت و ئەو نەناسێت و ئەوی ناو نا عیسا ) متی1/25-1

( چوونکە عیسا لە سەردەمی هرود لە بیت الحم ی یەهود لەدایک بوو بێ ئاگا چەند مەجوسێک لە خۆرهەڵاتەوە هاتن بۆ ئورشەلیم و وتیان لەکوێ یە ئەو مناڵە لەدایک بووە کە پاشای یەهودە ؟ ئەوەی کە ئەستێرەکەیمان لە ئاسمانی خۆر هەڵان بینیوە ، و بۆ پەرستنی ئەو هاتوین ، بەڵام هرود پاشا چوونکە ئەوەی بیست نیگەران بوو تەواوی ئیسرائیل و پاشان هەموو ریشسپیان و نوسەرانی گەلی کۆکردەوە و پرسیاری لێ کردن ، کە مەسیح پێویستە لە کوێدا لە دایک ببێت . وەڵامیان دایەوە ، لە بیت الحمی یەهودیە هاوکات کە وا بۆ خۆی نوسراوە ، ئەوکات هرود مەجوسیەکانی لە خەڵوەتدا خەواند و کاتی دەرکەوتنی ئەستێرەکەی لە وان جەخت کردەوە پاشان ئەوانی نارد بۆ بیت الحم وتی : برۆن بە وردی چاودێری دۆخی ئەو مناڵە بکەن ، چوونکە زانیتان و ئێمەتان ئگادار کرد ، تا منیش ئەو بپەرستم

، مەجوسەکان هەر بەو جۆرەی کە گوێ بیستی وتەکانی پاسابوون ڕۆیشتن ن کە نا ئاگایانە ئەو ئەستێرەی لە ئاسمانی خۆر هەڵات بینیویان بۆ لای ئەو دەچوون ، تا ئەویچ کە منالچە بوو گەیشت ، بە پێیانەوە چوونکە ئەستێرەکەیان بینی زۆر بەختەوەرو خۆشحاڵ بوون ،وونە ناو ماڵەکەوە و منالْکەیان لەگەڵ مریەمی دایکیدا دۆزیەوە ، چونە لای منالەو کرنوشیان بۆ برد ، خەڵاتی زێرو زیویان پێ بەخشی . چوونکە لە حەودا وەحی بۆ هاتبوو . کە نەچنە لای هەردووکیان ، پاشان لە ڕێگەیەکی ترەوە گەڕانەوە بۆ نیشتمان فریشتەی خوداوەند هاتەوەی خەویی یوسف و وتی : منالەکەو دایمی ببە بۆ میسر هەڵبێ و هەر لەوێ بمێنەرەوە تا ئاگادارت دەکەینەوە . هاوکات کاتێک هرود بە دواە مندا ەکەدا دەگەڕا تا هیلاک بوو ، پاشان یوسف بەرەبەیانێک هەستاو منالەکەی هەڵگرت و دەستی دایکی نالەکی گرت و بەرەو میسر کەوتنە رێ ، تا مردنی هرود لەوێ مانەوە ...... بەڵام چوونکە هرود مرد ، نائاگا فریشتەکەی خوداوەند لە میر هاتەوە خەوی یوسف و ، وتی : هەڵەو دایکی منالەکە هەڵگرە بگەڕێوە بۆ سەر زەوی ئیسرائیل ، پاشان هەستاو منالەکەو دایکی هەڵگرت و گەڕایەوە بۆ ئیسائیل ، بەلام کە بیستی ئارکەلاوس ((archelaus لە جیاتی باوکی هرود بوتە پاشای یەهودیەکان ، لە گەرانەوەی ترساو لە خەویدا وەحی بۆهات و گەڕایەوە بۆ ناوچەی جلیل و لە ناوچەیەک کە پیان دەوت نازرە نیشتە جێ بوو ، تا ئەوەی کە بە زمانی پەیامبەرەکان ڕاگەیەندراوە ، عیسا بە ناسری ناوبراوە ) متی1/22-2

لە نامەکانی پۆلس دا کە دێرینترین دەقی نوسراوی مەسیحیە ، هیج دەستەواژەیەک لە بابەت مێژووی ژیانی عیساوە بەرچاو ناکەوێت ، . پۆلسو نوسەری ئینجیلی مرقس تەواوی هەوڵی خۆیان لە سەر کەسێتی خوداوەندی بوونی عیسا و سەلماندنی ئەم مەبەستە بووە ، کە عیسا کوڕی خودایە . کە لە ئاسمانەوە بۆ بەخشینی گوناحەسەرەتاییەکانی مرۆڤ هاتوەتە سەر زەوی ، و پاش لە خاچدانی و فیداکردنی خوێنی خۆی لە رێگەی فیرکردنی مرۆڤایەتیدا ، گەڕایەوە بۆ ئاسمانەکان و لە دەستی ڕاستی بوکیدا دانیشتوە .

ئەو شرۆڤەکارانەی کە داستانەکانی پەیوەندی دار بە لە دایک بوونی عیسا لە ئینجیلەکانی لۆقا و مەتدا و بە تایبەتی شەجەرەنامەی عیسا تا ئادەم باوکی مرۆڤ لێکۆ ێونەتەوەو شرۆڤەیان کردوە ئەوە بە وەهم و خەیاڵ دەزانن .بێدەنگی ڕەهای پۆلس و نوسەرانی ئینجیلەکانی مرقس ولوقا باشترین بەڵگەن لە سەر بێ زانیاری ئەوانە لە هەمبەر ژیانی عیسا . دەقەکانی نوسراوەکانی مەتاو لوقا نمایشکەری ئەو دۆخەیەیە کە نوسەرانی ئەم کتێبانە نەتەنیا لە شاهیدە بەرچاوو زیندوەکانی ژیانی عیسا نین و یان هیچکات هاوەڵی عیسا نەبوون ، بەڵکو جگە لە باسێکی کورت لە هەمبەر ژیانی عیسا و ئەوەی کە لە سەر زمان دەماو دەم گێڕاوەتەوە نەیان بووە . ئەوان سەرگوزشتەی عیسا بە دوبارە شیکردنەوە داڕشتنەوەی لە سەربنەمای باوەڕی کەسێتی خۆیان و هێزی خەیاڵ داستانێکیان ئەفراندوە ، و هەدەفیشیان سەلماندنی خواوەندبوونی عیسا و قبوڵ کردنی بە ناچاری ئەو مەبەستەیە . کە پەیامبەرەکانی ئیسرائیل لە تەوراتدا پێشبینیان کردبوو . پاشان کڵێسا ئەو نوسراوە خەیاڵیانەی بە جۆرێک کە لەگەڵ ئامانج و مەبەستەکانیان هەماهەنگ بکەن و عیسا لە لایەن هەیئەتی کڵێساوە قبوڵ بکەن و بیسەپێنن و جەختی لێ بکەنەوە ، بەڵام لە ڕاستیدا خودی ئەو داستانانە و شەجەرە نامەی داهێنراو باشتیرن بەڵگەی وەهمی بوونی داستانی لە دایک بوونی عیسا بەو جۆرەی کە لە ئینجیلەکاندا هاتوە دەسەلمێنێت .

1-مەسیحیەکان باوەڕیان وایە کە عسیا کوڕی خوداو خۆیشی خودایە ، بوونی ئەم شەجەرە نامەیە بۆخۆی بەڵگەی هەڵوەشاندنەوەی ئەم باوەڕەیە . مەگەر خودا پێویستی بە ناساندنی پشتاو پشتی خۆی و ئاشکراکردنی شەجەرەنامەی هەیە ؟ ئەوە بەندەکانی خودان کە بۆ سەلماندنی ڕەسەنایەتی نەژادیان نەژادی خۆیان دەناسێنن نەک خودا .

2-ئەو شەجەرەنامەیەی کە لە ئینجیلدا ئاماژەی پێدراوە و نوسەرەکەی هەوڵیداوە کە عیسا بگەڕێنێتەوە سەر نەوەی ئادەم باوکی مرۆڤ . شەجەرەنامەی یوسفە نەک نەک شەجەرەنامەی مریەم و مریەمیش لە یوسف سکی پڕ نەبووە تا نەوەی عیسا بگەنەوە سەر ڕەچەڵەکی ئیبراهیم . بەڵکو لە سەربنەمای باوەڕی مەسیحیەکان مریەم لە ڕۆحی القدس سکی پڕ بووە . نە لە یوسف . لە کاتێکدا دەتوانرێت عیسا بە پشتی داود ئەژمار بکرێت کە یوسف باوکی ڕشاستە قینەی بوایە .

3-ئەگەر ئەو شەجەرەنامە قبوڵ بکەین ، و ناچار دەبین ئەوەش قبوڵ بکەین کە لە کتێبی پیرۆزی مەسیحیەکاندا هاتوە ، بۆیە عیسا وەکو هەر مرۆڤێکی تر خاوەنی مێژوویەکە وخودایی بوونی ئەو جگە لە ئەفسانە هیچی تر نابێت . 4-داستانی کچ بوونی مریەم دیار نیە و سکپڕبوونی بە ڕۆحی القدس چۆن چۆنی پاش تێپەڕینی نزیکەی سەد ساڵ بەسەر مەرگی عیسادا ، کەوتوەتە بەرگوێی نوسەررانی ئینجیلەکانی مەتاو لۆقا ، ئاشکرایە کە کەسیەتی عیسا لەم بارەیەوە کەمترین شتی بە هیچ کەسێک نەوتوە و لە لایەن دایکو باوکیشیەوە هیچ بەڵگەیەک بۆ سەلماندنی ئەم بابەتە لە گۆڕێ نەبووە . نوسەرانی ئینجیلەکانی مەتاو لۆقا ئەم وتەیەی ئەشعیا لە بەندی 4 ی بەشی حەوتەم دا :

(ئەی خێزانی داود گوێبگرن ... خودی خودا ئایەتێک بە شێوە دەدات ، ئەوەی کە کچێک سکی پڕبووە ، و کوڕێکی دەبێت و ناوی ئەو ئەمانوئێل دەبێت . کەرەو هەنگوین بخۆن ، تا بتوانن خراپی وازلێ بهێنن و هەست بە باشی بکەن . ) ئەفراندنی ئەم داستانانە و خولقاندنیان بۆ سەلمەاندنی ئەو مەبەستە کە تەواوی ڕوداوەکان لە سەر بنەمای پێبینی کردنی ئەو پەیامبەرانەی لە تەورات دا کردوویانە عیسا لە مریەمی کچ لە پاک دەبێت .

وەبیرهێنانەوەی وشەی کچ (باکرە ) لە وەرگێرانەکەی تەورات دا بە زانی یونانی ( لە پێشبینیەکانی ئەشعیا ) پریەتی لە ئەو هەڵانەی کە لە وەرگێڕانی عیبری ( الماه – almah ) بە مانای ( ژنی جوان ) بە وشەی ( پارتنس – parthenos) ی یونانی ، بەواتی کچ بوون(لە دەست نەدانی پەردەی کچێنی) هاتوە ، لە کتێبی ئەشعیا دا بە عیبی نوسراوە :

( ببینە کچی جوان مناڵی دەبێت . ئەو کۆڕێکی بوو ، ناوی نا ئەمانۆئێل ) و هەروەها لە ئینجیلی مەتدا سودی لە دەقە یونانیەکانی تەورات وەرگرتوە بۆ نوسینەوەی ، لە جیاتی وشەی ( ژنی جوان ) لە دەستەواژەی ( باکرە ) سودی وەرگرتوە ، و ئینجیلی لۆقایش بە سود وەرگرتن لە کتێبێک کە لە پێش ئەودا نوسراوە ڕێک خراوەو لێی کۆڵراوەتەوە ، مەبەستی ئینجیلی مەتا بە داڕتنەوەیەکی تر ئاماژەی بەم بابەتەداوە :

( مریەم بە فریشتەکەی وت ، ئەوە چۆن دەبێت و بەو شێوەیەی کە من هێچ پیاوێک نەهاتوەتەلام ) لە کتێبەکەی خۆیدا هەڵی دەگێرێتەوە . هەردوو نوسەرەکە بە بێ سەرنجدانی کاتی پێش بینی و ناوێک کە ئەشعیا لە پێشبینیەکانی خۆیدا لە سەر کوڕەکە دایناوە ، ( ئەمانوئێل ) ئەم پێشوتیە لە هەمبەر لەدایک بوونی عیسا وەوەیە . تا بەڵگەیەک لە سەر سەلماندنی خوداوەندی عیسا و ڕودانی ڕوداوێک کە لە کتێبی یەهود دا پێشتر پێشبینی کراوە ، دەرببرێت . و ئەو وتەیەی ئەشعیا پەیوەندی بە ساڵانی پێش فەرمانڕەوایەتی ئاشور لە سەر فەلەستین و وێران بوونی ئەو سەرزەویەو پەیوەندی بە جەنگیچکەوە هەیە کە لە نێوان پاشا ئارام و ئیسرائیل ڕوی داوە . خوداوەند لە لایەن ئەشعیاوە پەیامێک بۆ پاشای ئیسرائیل دەنێرێت کە :

(ئەو دوو پاشایە ناتوانن دەست بە سەر ئیسرائیلدا بگرن ، و پێش 65 ساڵچ (ئافرایم ) بە جۆرێک تێکشکا کە ئیتر گەلێک ناتوانێت لێرە بمێنێتەوە و خودا موعجیزەیەک ( ئایدیاڵ ) بۆ ئێوە دێنێت ، ژنێکی جوان کوڕێکی دەبێت و نای ئەو ئەمانوئێل دەبێت ، کەرەو هەنوگوین بخۆن تا واز لە خراپی و

هەست بە چاکی بکەن و پێش ئەوەی کە کوڕەکە واز لێ بێنن خراپی باشی بزانن و لێکی جیابکەنەوە زەوی خوازیاری پاشایەکە کە ئێوە لێی دەترسن و بەجێی دێڵن ) ئەشعیا 16/1-7

نوسەری ئینجیلی مەتا کە ئەگەری هەیە یونانی بوبێت ، بە بێ سەرنجدان بە دەستەواژەی عیبری ( الماه ) و بە بێ شرۆڤە کردنی تەواوی لایەنەکانی پێشبینی ئەشعیا و دەرک کردن بە شێوەیەکی تەندروست بە ئەو خاڵە ی کە ئەو پێشبینی یە پەیوەندی بە چی سەردەم و چی ڕوداوێکەوە هەبووە . یەک ڕستە لە تەواوی پێشبینی یەکەی ئەشعیا هەڵدەبژێرێت ، و بە گۆڕینی ناوی ئەمانوئێل بە عیسا ڕۆحی القس دەترنجێنێتە ناو مناڵدانی مریمی کچەوە .

5-ئەگەر باوکو دایکی عیسا بەڕاستی لە سەر ئەو دۆخە ڕەزامەند بوون کە عیسا کوڕی ڕاستەو خۆی رۆح القدسە و دەستی خودا لە ئاوسکردنی مناڵدانی مریەمدا هەبووە ، بە شێوەیەکی یەکجاری ئەوانە لە یەکەمین ئەو کەسانە بوون کە ئیمانیان بە عیسا دەهێناو دەبوونە بەشێک لە باوەڕداران بەو . هەروەها لە ئینجیلدا نەتەنیا ئیمانی ئەوان بە عیسا بە رچاو ناکەوێت ، بەڵکو بە پێچەوانەوە کاتێکە (فریسیانەکان و – سدوقیەکان ) پرۆپاگندە بڵاو دەکەنەوە کە گوایا عیسا لە پێ کەوتوەو سواڵ دەکات ، دایک و باوکی باوەڕ بەو پرۆپاگندەیە دەکەن . کاتێک کە عیسا بۆ ئامۆژگاری خەڵک بۆ نیشتمانەکەی خۆی دەگەڕیچتەوە ، باوکو دایکی بۆ گەڕاندنەوەی بۆماڵەیوە چارەسەر کردنی نەخۆشیەکەی بۆ گەڕان بە شوێنیدا دێن بۆ دەوروبەری کڵێسا . عیسا کە تەواوی ڕوداوەکەی گێڕابوەوە ، خۆی لە بینینی دایکو باوکی دەشاردەوە ) مرقس 21-3

6-ئەگەر لە سەر بنەمای ئیدعای کڵێسا وای دابنێن عیسا کوڕی خودایە ، کە ئەزەل و ئەبەدی یە ئەوا ئەم خاڵە گرنگە باس بکرێت :

(بەڵام چوونکە عیسا پاککرابویەوە خێرا لە ئاوەکە هاتە دەر و لەو کاتژمێرەدا ئاسمانەکان فراوان بوون و رۆحی خودای بینی کە وەکو کۆترێک دادەبەزی ، و هات بۆلای ، ئەوکاتە قسەیەک لە ئاسمانەوە گەیشت کە ئەوەیە کوڕی خۆشەویستی من کە من پێی خۆشحاڵم ) مەتا 3-16 مرقس 10- 1 لوقا 3-22 چە ماناو مەبەستێکی ئەتوانێت هەبێت ؟ چۆن چۆنی ڕۆحی خودا ، بە شێوەی کۆترێک بەرەو لای خودی خودا خۆی دەفرێت ، ئەو کە خودایەو لە ئەزەلەوە بونی هەبووە ئیتر چی پێویستی بەوە هەیە کە باسی خۆی بکات ، و لە خۆ ڕازی بوونی خۆی بۆ خۆی باس بکات . لە خۆشتر تاقیکردنەوەیەکە کە شەیتان لە بەرانبەر خودادا قوت دەبێتەوە ، شەیتان چل ڕۆژ عیسای خوداوەند لە بیابانەکاندا دەست بەسەر دەکات و دەیخاتە ژێر لێپرسینەوەی جۆراوجۆرەوە ، تا لە بەرانبەردا ئەویش لە ئاستی خوداوەندیدا قبوڵ بکات .

7-نوسەرانی هەردوو ئینجیلی مەتاو لۆقا بۆ سەلماندنی ئەم مەبەستە کە عیسا کوڕی یوسف . هەمان کەسیەتیەکە کە لە تەوراتدا مژدەی هاتنی دراوە . شەجەرەنامەی چەند هەزار ساڵەیەک بۆ مرۆڤێکی ونبووی وەکو یوسفی نەجارش لە یەکیچک لە گوندەکانی فەلەستین ، پەلەقاژە دەکات و ئەو بە کوڕی ڕاستەو خۆی داود دادەنێنن . بۆ وابەستەیی بوونی عیسا لە هەمبەر پێشبینیەکانی پەیامبەرەکانی یەهودەوە ئەستێرە جولاوەکانی ئاسمان مەجوسە خۆرهەڵاتیەکان ، کوشتنی مناڵان بە دەستی هرود ، فەرمانی سەر ژمێری ئیمپراتۆری ڕۆم و میوانداری کردنی یوسف و خێزانەکەی بۆ بەیت الحم بۆ بەشداری کردن لە سەرژمێریەکە . ئەفراندنی خەیاڵی خۆیانەو چۆنیەتی چنینی داستانێکی جوانە . تا عیسا بترنجێننە ناو نەوەی داودی پەیامبەر ، لە بیت الحم لەدایک بوو و سەلمێنەری ئەوەیە کە لە دایک بوونی عیسا پێشتر لە کتێبی پیرۆزی یەهود دا پیچشبینی کراوە ، و عیسا هەمان مەسیحی ڕۆژی پەسڵانە .

پێشبینیەکانی پەیامبەرەکانی یەهود بۆ نوسینی ئینجیلەکان بە ئەندازەیەک سود مەندبووە ، کە تەواوی هەوڵی خۆیان بۆ سەلماندنی تەندروستی ئەو پێشبینیانە بەکار هێناوە ، و چەندین جار ئەم مەبەستانەیان لە کتێبەکانیاندا باسکردوەتەوە ، لە ئینجیلی مەتادا لە دەروازەی 26 کاتی دەستگیر کردنی عیسا ، عیسا بە یەکێک لە شاگردەکانی کە بە شمشێر گوێی سەرۆکە پیرەکەی ئەو دەستەیەی کە بۆ دەستگیر کردنی عیسا هاتبوون لە سەری جیا کردبوەوە وتی :

( شمشێرەکەت بکەوە ناو بەرگەکەی ئایا گومانت لەوە هەیە کە ناتوانم لەم ڕوداوە باوک ئاگادار بکەمەوە ، کە زیاتر لە دوانزە فەوج لە مەلائیکە بۆ یارمەتی من بنێرێت ، بەلام بەم شێوەیە چۆن تەواو ببێت ، کە هەر چۆنی دەیەوێت دەبێت وابێت ) هەمانشێوە لە دەروازەی 22 ئینجیلی لۆقا بەندی 37 عیسا دەڵێت :

( ئەوەی کە لە سەر من نوسراوە دەبێت بە ئەنجام بگات )

توێژەران باوەڕیان وایە کە لە بناغەدا مەبەستێک کە پەیمانی کۆن ( عهد عتیق ) دا هاتوە ، باکگراوندی بەهرەوەرگرتنی نوسەرانی ئینجیلەکان بوە . کەمترین پەیوەندی بە داستانی مەسیحەوە نیەو نوسرانی ئینجیلەکان بە مەبەست و مەفهومی ی بنچینەیی دەقەکانی تەورات پەییان نەبردوەو یان لە تەفسرکردنیاندا دووچاری هەڵە بوون ، نموونەیەک لەو هەڵانەی کە لە تەفسیری پێشبینی کردنی ئەشعیا دا دەربارەی لەدایک بوونی ئەمانوئێل لە کچێکی پەردەدار بینیم و هەمان شێوەش ئەو مەبەستەم لە ئینجیلی یوحەنادا لە دەروازەی نۆزدەیەمدا هاتوە :

(پاش ئەوەی سوپاکان عیسایان لە خاچ دا جلەکانیان لە بەرداکەند و کردیان بە چوار بەشەوە ، بەڵام کراسەکەی هیچی لێنەهات چوونکە هەر لە جەستەی خۆی بوو ، پاشان بە یەکتریان وت ، ئەوە نەدڕێنین ، بە ڵکو بە شێوەی تیرو پشک تا بەرهەرکێ کەوت . تا تەواو ببێت ، ئەوەی لە تەوراتدا نوسراوە کە دەڵێت هەر بە جلوبەرگەکەمەوە منیان دابەش کردوو تیروپشکیان بۆ جلوبەرگەکەی من کرد . یوحەنا 19-23

ئەم دەستەواژەیە هێمایەکە بۆ بەندی 18 لە کتێبی مزمور 22 :

(جێگاکەی منیا لە نێوان خۆیاندا دابەش کرد و تیروپشکیان بۆ جلوبەرگەکەشم کرد )

وە ئەم کتێبی مزمورە کەمترین پەیوەندی بە سەرگوزشتەی عیساوە نیە ، بەڵکو کورتەیەکە دەربارەی پیاوێک کە داوای یارمەتی لە خودا دەکات و خوداوەندیش نزاکەی قبوڵ دەکات .

شک و گومان لە تەندروست بوونی ئینجیلەکان بە و ئەندازەیەیە کە ( ئشتراس ) یەکێک لە لێکۆڵیارانی کتێبی پیرۆز ، ڕای دەگەیەنێت ، کە ڕابووردوی عیسا لە ئینجیلدا ئەفسانیەکە لە باوەڕارانی پەیمانی کۆنەوە ( عهد عتیق ) چاوەڕوانی دەرکەوتنی مەسیح ئەفرێندراوەو نوسراوەتەوە . خاڵێکی سەرنج ڕاکێشە کە بۆچونەکەی ئستراس دەسەلمێنێت ئەوەیە کە نوسینەکانی مێژوو نوسانی هاوچەرخی عیسا لە بەردەستدایەو بەهیچ جۆرێکیش ناوی عیسا نە هێنراوە . ( جودائوس فیلیۆ ئەسکندانی –jusaeus philio) ( 20 پ-ز – 50 ز ) خۆی بە سەفەر چوتە فەلەستین ، باسی گروپی ئاسنەکان دەکات بەڵام هیچ باسی عیسا و مەسیحیەت ناکات . یوسف فلاویانی ، نوسەری یەهودی کە لە سەدەی یەکەمی زاینی دا ژیاوە مێژووی جەنگەکانی یەهود لە دوو سەدەی پێش زایین تا ساڵی 75 ی زاینی نوسیوەتەوە ، باسی گروپە جۆراو جۆرە ئایینیەکانی یەهود وەکو مکابیەکان و فریسیانەکان و زلوتەکان و رابیەکان و هەتا یەحیای مەتەڵ زان باس دەکات ، و سەرلاگوزشتەیان دەنوسێتەوە ، بەڵام تەنیا کەمترین هێما بۆ لە خاچ دانی عیسای مەسیح لە کتێبەکەیدا کە لە ساڵی 93 زاینی نوسراوە تەوە ناکات .

پلونارک مێژوونوسی یونانی کە چەندین کتێبی دەربارەی میسر یونان فەلەستین ( گۆڕەپانی چالاکی عیسا ) نوسیوە ، هیچ باس و خواسێک دەربارەی ئەو لە کتێبەکانیدا بەرچاو ناکەوێت .

ئالبێرت شوایزر( albert schwiser ) کەشیشی ناسراوی سویسرایی لە ناوەڕاستی سەدەی بیستەمدا ، لە کتێبێکدا کە دەربارەی ژیانی عیسای مەسیح نوسیویەتی ، پاش شرۆڤە کردنێکی کورت بەم جۆرە دەگاتە ئەو دەرئەنجامەی کە بە بوونی هەموو ئەو هەولآنەی کە لە لایەن ئاستە جیاجیاکانی کڵێساوە دراوە ، تا شوناسێکی مێژوویی بدەن بە عیسای مەسیح ، پێویستە ئەوە قبوڵ بکەین کە ئەو جۆرە عیسایە بەو جۆرە خەسڵەت و تایبەت مەندیەتیەوە کەکڵیسا ناساندویەتی بەهیچ جۆرێک بوونی نەبووە .

ئەگەر عیسا بەڕاستی بوونی هەبووە و ئەو جۆرە کەسیەتیە ڕۆژێک ژیاوە ، باشە بۆچی لە هیچ یەکێک لە نوسراوەکانی میچژوونوسە بەناو بانگەکانی هەمان ئەو سەردەمانەدا تەنیا دێر ◌یکیش لە بارەیەوە بەرچاو ناکەوێت . لە سەر ئەم بنەمایە پێویستە ئەوە قبولچ بکرێت کە :

(تەواوی ئەو ڕوداوو چیرۆکانە ڕۆمانێکی نوسراو داڕێژراون ، ڕۆحانیەتی دواتر و یان ڕوداوێکی ئەوەندە بێ بایەخ بووە ، کە بە شێوەی واقیع و بەڵگەی مێژوویی لە تەوەری باکگراوندی مێژوودا نەخولاوەتەوە . لە خاچ دانی عیسا هەروەکو لە خاچدانی یەک چەتە وابووە کە لە پراکتیک و جوڵەی ڕۆژانەدا بایەخێکی نەبووە . لە بەڵگە کانی ڕۆم وەکو ئینجیلی مرقس کە ( لە کاتی لە خاچدانیدا تەنیا چەند سەربازێکی ڕۆمی و ژنێک کە لە دوورەوە دەی بینێت ئامادە بوون ) بەڵگە یەکی بچوکی بێ بایەخی ڕوداوەکە بووە .

پاشکۆی سەرگوزشتەی عیسا بە بەراورد بە ئینجیلەکان

لە سەرگوزشتەی لاوێتی عیسادا جگە لەوەی لە ئینجیلی لۆقادا دەربارەی ون بوونی ئەو لە ئورشەلیم دا زانیاری پێویست لە بەردەستدا نیە . لە دەقەکانی ئینجیلەکان و کۆی نسراوەکانی پەیامبەران ، بەم جۆرە باسی دەکەن کە ئە و باوکی یوسف لە گوندی ناسزرە ( nazoreth ) ی ناوچەی جەلیل نیشتە جێ بووە و سەرقاڵی کاری دارتاشی بووە . خێزانی یوسف لە هەمبەر ئایینەکیەیان زۆر پابەند بوون و هەموو ڕۆژانێکی شەممە بۆ ئەنجامدانی مەراسیمی پەرستن دەڕۆشتنە کەنیسە . خودی عیسا خۆی زۆر پابەندی ئایین بووە و هەموو کات زۆرترین لە دەقەکانی کتێبی پیرۆزی خوێندوەتەوە ، لە ناو خێزانەکەی یوسف دا جگە لە عیسا شەش منالی تر هەبوون . کە ناویان ، شیەعقوب ، شمعون ، و یەهودا بوو . کاتێک عیسا تەمەنی نزیک بوویەوە لە سی ساڵی ، ڕوداوێکی گرنگ لە ژیانیدا ڕوویدا ، لەو سەردەمەدا یەحیای خەونزانی کوڕی زەکریا لە بیابانی یەهودیەدا سەرقاڵی ئامۆژگاری کردنی خەڵک

بوو بۆ چوونە سەر ڕێگای خودا ، خەڵکێکی زۆر بۆ بیستنی قسەکانی ئەو دانان بە گوناح و خۆپاکردنەوەیان لە ڕووباری ئەردەن لەدەوری ئەو کۆبوونەوە . یەحیاله کاتی خۆپاکردنەوەدا بە خەڵکی دەوت :

(من ئێوە بە شێوەی تەوبە کردن و پاکردنەوەتان لە ئاو هەڵ دەکێشم ، بەڵام ئەوەی دوای من دێت ، لە من بە تواناترەو ئەو ئێوە بە ئاگری ڕۆحی القدس ئێوە پاک دەکاتەوە ) مەتا 12/10-3

(ئەو کاتە عیسا لە جلیلەوە چوو بۆ ئەردەن بۆ لای یەحیا ، تا پاکی بکاتەوە ، بەڵام چوونکە عیسا خۆی پاک بوبووەوە خێرا لە ئاوەکە هاتە دەرەوەو ئاسمانەکان بە ڕویا کرانەوە ) مەتا 16-3

چوونکە یەحیای خەون زان ، هرود پاشای ئیسرائیلی بە هۆی هاوسەر گیری لەگەڵ کچی براکەی ڕشەخنە کرد و تانەی لێدا . ئەویان دەستگیر کردوو خستیانە زیندانەوە ، پاشان کوشتیان . عیسا پاش پاکبوونەوەی و ماوەیەک مانەوەی لە بیابانەکان . وەختی بۆ دەست پێکردنی پرۆپاگندەی ئایینی و ئامۆژگاری خەڵک بە گونجاو زانی و دەستی بە کارەکەی رد . چوار کەس لە ماسیگرەکانی کەناری دەریا بە ناوەکانی شمعون و ( پترس ) و براکەی ئەندریا و یەعقوب و براکەی یوحەنا ، داوی ماسیگرتنەکەیان هەڵگرتەوە و بوونە شوێن کەوتەی عیسا ، عیسا لە شارەکانی تبریا و تریکە و کفرە ناحوم (1) دەستی کرد بە ئامۆژگاری خەڵک ، لە کەنار دەریای جەلیل گیر سایەوە و کفر ناحومی وەک ناوەندی پرۆپاگندەی خۆی هەڵبژارد . ئەو لە سەرەتادا لە کەنیسەوە ئامۆژگاریەکانی دەست پێ کرد ، چوونکە گوێگری زۆربوو و ناو کەنیسەیش جێگای هەمووانی نەدەکردوەوە ، کەنار دەریای لە کەشو هەوایەکی ئازادا هەڵبژارد ، لە یەکێک لە ڕۆژەکان کە لە کەنیسە خوتبەی دەدا یەکەمین موعجیزەی ئەو ڕویدا و پیاوێک لە ناو خەڵکەوە هاوری کرد : ( ئەی عیسای نازرە ئێمە چی کاریکمان بە تۆ هەیە ئێمە تۆ دەناسین ، ئایا بۆ هیلاک کردنی ئێمە هاتوی ؟ عیسا بە سەریدا قیراندی و وتی بێدەنگ بە و لە ناو ئەو بچۆرە دەرەوە . لەو کاتەدا ڕۆحێکی پیس کە چووبووە ناو ئەو پیاوەوە ، هاوری کردوو چووە دەرەوە )مرقس 1-35

---

1-کفر بە مانی گوند و کفر ناحوم بەواتی گوندی ناحوم

عیسا بۆ بڵاو کردنەوەی پەیامەکەی خۆی ڕێگاو هەلو مەرجێکی نوێی گرتەبەرو ئەوەی کە خەسڵەتی پیامبەری بوو هەڵی بژارد . ئەو پێچەوانەی گروپی ( غیرەتمەندان )( 1) هەڵبژاردنی توندوتیژی و دەست بردن بۆ چەکی بە بێ بایەخ ناوزەد کردوو دەی وت ( ئەوانەی کە شمشێر هەڵدەبرن بە هەمان شمشێر لە ناو دەچن )

شکستە بەردەوام و یەک لە دوای یەکەکانی گروپی ( غیرەتمەندان ) بەدەستی ڕۆمیەکان دروستی ئەو وتەیەی لە هزری خەڵکدا سەلماند . هاوکات عیسا دژخی گروپی ئاسنەکانی لاپەسەند نەبوو ، دورە پەرێزی و گۆشەگیری و دوورکەوتنەوە لە کۆمەڵ بۆ ئەنجامدانی وەزیفەیەکی گرنگ کە لە ئەستۆیان گرتبوو ، بە ڕێگایەکی گونجاوی نەدەزانی ، لە بۆنەو جەژن و شاییدا بەشداری دەکرد و وادنەی بە چینە جیاجیاکانی کۆمەڵ دەوتەوە ، دەربارە بارودۆخی ڕۆژانەی خەڵک قسەی دەکرد . هاوکات عیسا هەمان شێوە دژەی دۆخی ئایینی فریسیانەکان بوو و زیاتر لە و سۆنگەیەشەوە کە فریسیانەکان نەریت و نۆرمی ڕەواڵەتی ئایینیان کردبوە جێگرەوەی مەعنەوێتی ئایینی . ئەوانی بە ڕیاکار دەناساندو دەی وت :

( ئەی ڕیاکاران ئێوە هەر وەک گۆڕەکانتان بە سپیەتی دەمێنێتەوە  کە لە دەروە جوان بە ڕچاو دەکەوێت ، لە ناوەوەش پڕە لە ئیسقان و پیسی و پۆخڵی . وای بە حاڵی ئێوە ئەی کاهینەکانی فریسیانە ڕیاکارەکان کە دعناو  ڕێحانەو زیرە دەیەکی دەدەیت ، بەڵاک گەورەترین وەزیفەکانی شەریعەت واتا دادپەروەری . ڕەحەت و ئیمانتان پشت گوێ خستوە ) مەتا 23- 23

عیسا بە سادەیی و بە زمانی خەڵکی قسەی دەکرد و ئەو دەسەتەواژانەی بەکار دەهێنا لە بابەت قسە کردن لە سەر ئایین کە لە ئاستی تێگەیسشتنی هەمواندا بوو ، ئەو بەو زمانە قسەی دەکرد بە دەربڕینێکی سادە بۆ خەڵکێکی سادە زمانی بە بناغە دەزانی ، ئەو زمانە قسەی دەکرد کە ناوەڕۆکی هزرو ئەندێشە و فیکری دەرونی پێک دەهێنا ، عیسا سروشتی بە کارگە و سەکۆیەکی نمایش کردنی هێزی خوداوەندی دادەناو کە تیایدا دیارەکانی خوداوەند دەردەکەوێت و هەوڵی دەدا لە ڕێگەی ناسینی سروشتەوە ، خەڵ بۆ باوەڕ هێنان بە ئەفرێنەری مەزن ڕێنمایی بکات .

(لە دەریای ڕۆحی خۆیدا بیر دەکاتەوە کە چی دەخۆیت و چی دەخۆیتەوە لە بەر گەشە کردنی جەستەی خۆی نە کەچی لە بەر دەکات ، سەیری باڵندەکان بکە کە نە کاردەکەن و نە درەو دەکەن و نە لە گەنجینەکاندا پاشەکەوت دەکەن بەڵکو باوکی ئاسمانی ئەوان دەژیەنێت ، ئایا ئێوە لەوانە بەرتر نین ) مەتا 25-6

عیسا بۆ خودای خۆی  مەزنیەتی و بەرزتری لە هەموو بونەوەرەکان دادەنا  ، ئەو خۆلقینەرەکەی خۆی بە تەواوی بوونیەوە دپەرست ، و نزاو نوێژ و بە ملکەچیەکی تەواوەوە بۆی جێ بەجێ دەکرد . و خەڵکیشی فیردەکردو ڕێنمایی دەکردن .عیسا  بوونی خودای بە شتێکی حەقیقەت و جێگیر دەزانی ، لە تەواوی فیرکراوەکانی خۆیدا  پەیوەندی ناو دڵی بە گەڵ خودا دا بۆ هەمیشە بە بەرز ڕاگرت ، و هەرگیز لێی غافڵ نەبوو ، بەڵگەی بۆ سەلماندنی خودا دەهێنایەوە  ، خودا چەقی فیرکراوەکانی ئەو بوو ، هاوکات بە دڵنیایەکی زۆر و ئیمانێکی بەهێزەوە یادی خودای دەکردەوە ، باوکی ئاسمانی بە بەخشندەو میهرەبان دەناساند ، لە فیر کراوەکانی عیسادا ، سۆزو خۆشەویستی  خودا بۆ مرۆڤەکان سنووری نیە و لە هەمبەر خراپەکاران و چاکەکارانیش هەروایە ، هەرچەند کفر کردن و ناشکوری لە لایەن گوناح کارانەوە زیاتریش بێت هیچ لە سۆزوخۆشەویستی خودا کەم ناکاتەوە . هەروەکو باوکێک چۆن منالی باش و خراپی هەیەو هەردوکیشیانی خۆش دەوێت ، ئەویش هەروەها یەکسانانە و بە یەک چاو هەموان دەبینێت . لە فیرکراوەکانی مەسیحیەتدا :( خودا عەشقەو لە عەشقیشدا ترو تۆقین نیە . هەرکەس بە سۆزو خۆشەویستیەوە بژی لە ناو خودادا دەژی و خودا لەودایە ) نامەی1 یوحەنا 26-4

یسا نموونەی زۆری دەهێنایەوە بۆ ڕێژەی لیبوردن و بەخشندەیی باوک :

( ئەگەر ئەو کورە تەواوی کەرەسەکانی ژیانی ڕەفاهیەتی کە باوک بۆی دابین کردوە بۆ خوشی خۆش گوزەرانی بە فیرۆبدات ، بەڵام هێشاتن ئەو باوکە ئەوەی هەر خۆش دەوێت و لە گوناحەکانی خۆش دەبێت ،کاتێک کە بەرەو لای باوک گەڕایەوە  ئەو بە توندی لە باوەش دەگرێت )

ئەو بابەتەی کە ئایا عیسا خۆی بە کوڕی خودا دەزانی و پەیوەندی خۆی لە گەڵ باوکدا لە سەر چی بنەمایەک داڕێژابوو . بە ڕوونی دیار نیە و لە هیچ یەکێک لە ئینجیلەکاندا لە عیساوە دەقێکک یان پەیامێک ڕانەگەیەنراوە . لانی کەم ئەو خۆی بە پەیامبەر  ێک دەزانی کە بەرپرسیاریەتی سەرپەرشتی کردنی خەڵکی یەهودی لە ئەستۆ گرتبوو .

(گومان دەکەیت کە هاتوم تا تەورات یان سەحیفەکانی پەیامنێران ڕەد بکەمەوە ، نەهاتوم ئەوان ڕەد بکەمەوە ، هاوکات هەر ئەوەندە بە ئێوە دەڵێم تا ئاسمان و زەوی لە ناو نەچێت خاڵێک لە تەورات هەرگیز لە ناو ناچێت ، تا هەمووی دێتە دی ، بۆیە هەرکەسێک یەکێک لە بچوکترین ڕاسپاردەکانی

بشکێنێت ، و خەڵک فێربکات لە پەریەکانی ئاسمان بە کمتر ئەژمار دەکریچت ، بەڵام هەرکەس کاری پێبکات و فیربکات ئەو لە پەریەکانی ئاسمان مەزنتر دەبێت )

مەتا 21/7-5

بەڵام خودی عیسا خۆی لە شەش جێگادا هەمان ئەو شەریعەتانە دەشکێنێت ، و لەو یاسایانەیدا نێگەری دەکات :

( بیستوتە کە پێت وتراوە مەکوژەو هەرکەس بکوژێت ، سزادەدرێت ، بەڵام من بە ئێوە دەڵێم هەرکەس بە بێ هیچ هۆیەک رقی لە براکەی خۆی بێت ، سزا دەدرێت ، ....... و هەرکەس برای خۆی بە گەمژەونەفام ناو ببات لە ئاگری جەهەنمدا دەسوتێت )

( بیستوتە چاو بە چاوو ڕوو بەڕوو ، بەڵام من بە ئێە دەڵێم بە درندانەوە بەرگری نەکەیت ، بەڵکو هەرکەس زلەیەکی لە لای ڕاستی تۆ دا لای چەپیشتی بۆ بسوڕێنە ، وەئەگەر کەسێک ویستی سکاڵایەک لە سەر تۆ بکات و یەخەت پێ بگرێت یەخەی خۆتی بدەرە دەست ) مەتا 38-5

(بەو جۆرە ڕێک کەوت کە ڕۆژێکی شەممە لە ناو کشتوکاڵە کەدا تێدەپەڕی و شاگردەکانیشی لە هەمان ڕێگاوە ڕۆشتن ، سەرقاڵی چنینی گوڵەگەنم بوون ، فریسیانەکان وتیان بۆچی ڕۆژی شەممان کاردەکەن کە ناڕەوایە . عیسا پێی وتن ... شەممە بۆ مرۆڤ دانراوە نەک مرۆڤ بۆ شەممە جگە لەوەش مرۆڤ خاوەنی شەممەیە ) مرقس 23/28-1

( بیستوتە کە یەکەمین جار وتویانە ڕێز لە دراوسێکەت بگرەو لەگەلچ دوژمنەکانی خۆت دوژمنایەتی بکە ، من بە ئێوە دەڵێم خۆتان خۆش بوێت و بۆ ئەوانەی نەفرەتان لێکردوون داوی بەرەکەت بکەن ، و ئەوانەی کە لە گەڵ ئێوە خراپەکاری دەکەن ، و شێوە ئازاردەدەن ، نزای خێریان بۆ بکەن ، تا ئێوە ببنە کوڕانی باوکی خۆتان کە لە ئاسمانەکانە ، چوونکە ئەو خۆر بۆ هەردوو کەسی خراپەکارو دڕەندەو کەسی چاکە کارو لێبوردە وەک یەک بەرزدەکاتەوە، بۆ هەردوو جۆری خەڵکی زاڵم و مەزلوم باران دەبارێنێت ، ئەگەر ئێوە ئەوانەی کە ئێوەیان خۆش دەوێت ، ئێوەش خۆشتان بوێن چاوەڕوانی چی پاداشتێکی )

( ئەوکات فریسیانەکان هاتنە پێش و وەکو تاقیکردنەوە پرسیاریان کرد ، کە ئا خەڵک ژنەکەی خۆی تەلاق بدات شیاوە ، عیسا لە وەڵامدا وتی ... لە سەرەتای بوونەوە خودا مرۆڤی وەک ژن و پیاو دروست کرد ، لەو ڕەوەو پێویستە پیاو باوکو دایکی خۆی بە جێ بهێڵێت و لەگەڵ ژنەکەیدا یەک بگرن . و ئەوەش بون بە یەک جەستەیە ، ئەگەر شتێک کە خودا پەیوەستی بکات پێکەوە ، باشترە مرۆڤ ئەو شتە لە یەک جیا نەکاتەوە ، هەرکەس ژنکەی خۆی تەلاق بدات ، و یەکێکیتر نیکاح بکات ، هەروەک ئەوە وایە بڕوات زینا بکات ، وە ئەگەر ژن لە مێردەکەی جیا ببێتەوە و خۆی بکاتە ژنی کەسێکی تر ، تاوان بارە بە ئەنجامدانی زینا ) مرقس 12/13-10

( تا وەک منالێکی بێ تەکەبورو پاکداوێنت لێنەیەت ، جێگایەکت لە ناو پەریەکانی ئاسماندا نیە ) متی 18-8

سۆز و چاکەکاری لە گەڵ دەورو بەرو هەتا دوژمنانیش چەق و هەستەی ناوەندی فیرکراوەکانی عیسا پێک دەهێنێت . بە بۆچوونی ئەو لە یاسای سۆز دا جیاکاری بوونی نیە . لە سەر بناغەی مەهان باوەڕ خودی خۆی لە ناو هەر کۆڕو کۆبونەوەیەکدا دادەنیشت گوناح کارو دورە پەرێزو بێ گوناح لە سۆنگەی ئەوەوە یەکسان بوون .

پرسیاریان لە عیسا کرد ، کە گەورەترین دەستوری ئایینی چیە ؟ وەڵامی دایەوە وتی : ( تۆ خودا بە تەواوی نیەتی پاک و لە قوڵایی دڵ و بە تەواوی هەست و بیرو ئەندێشەتەوە خۆش بوێت . ئەوە یەکەمین وەزیفەیە و ئەوە دوەمین فەرمانە کە هاوشێوەی وەزیفەی یەکەمە ، تۆ دراوس ێکانت و نزیکەکانی خۆت هەروەکو خۆت خۆش بوێت ، تەواوی یاساکانی دنیا لە سەر بنەمای ئەم دوو فەرمانە بونیاد نراوە ) مەتا 40/ 36-22

عیسا لە ئامۆژگاری شاخەوە ، لە هەمبەر بارو دۆخی ئەو کەسانەی کە جێگایان لە ناو جێگای پەریەکانی ئاسماندایە بەم جۆرە ئاماژە پێدەدات : ( خۆش بە حاڵی هەژارەکان ، خۆڕاگرەکان ، برسی و تینوەکانی دادپەروەری ، دڵ پاکەکان و زەحمەتکێشان بۆ چەسپاندنی دادپەروەری و بەبەزەییەکان )

عیسا قەڵە مڕەوی ئاسمانی لە ڕۆژی پەسڵان پەیوەندار دەکات بە ئەو کەسانەی کە برسیەکانی تێر کردووە ، ئاویان بە تینوەکانیان داوە ، و لێقەوماوەکانی داپۆشتوە و نەخۆشەکانی چارەسەر کردوە و ، هاوکاری دیلەکان و داماوەکانی کردووە ، عیسا خەڵکی لە تۆمەت و شتی ناڕەوا بە رانبەر بە کەسانی تر ئاگادار کردوتەوە و دەڵێت :

(بریار نەدەیت تا بڕیار لە سەرت نەدەن ، هاوکات هەروەکو لە سەر ئەوانی تر دادوەری دەکەیت ئاواش دادوەری لە سەر خۆت بکە ، چۆن کە دەرزیەک لە چاوی براکەتدا دەبینیت و تیرێک لە چاوی خۆتدایە نای بینیت .( پەندێکی کوردی هەیە دەڵێت ) مەتا 5/1-7(گاسنگێک لە چاوی خۆیدایە نای بینێت بەڵام نوکی دەرزیەک لە چاوی خەڵکدا دەبینێت . و . ک )

( بە بەزەییە ، هەر بەوجۆرەی باوک بە بەزەییە ، لێبوردە بە ، تا لیبوراو بیت ، ببەخشە تا پێت ببەخشن ، بە بێ چاوەڕوانی قەرزبدە ) لۆقا 30-6

باشترین دەستوری ئەخلاقی کە لە فێرکراوەکانی عیسادا بەرچاو دەکەوێت ، ئەو دەستورەیە : ( هەر بەو جۆرەی کە دەتەوێت خەلک لە گەڵتا ڕەفتار بکات ، تۆش هەمان شێوە لەگەڵ خەڵک ڕەفتار بکە )

عیسا هیچ کات بەرگری لە پەیرەوکارانی خۆی نەکرد تا واز لە چێژی جەستەیی و دنیایی بهێنن ، و جەستەی مرۆڤی بە سەرچاوەی تاوانباری و خراپیەکان نەناساند . بەڵکو ئەو باوەڕی وا بوو ، کە جەستەی مرۆڤ ئەتوانێت پەرستگەو جێگای ڕۆحی القدس بێت .

ناوبانگی شفا بەخشی و ئامۆژگاریەکانی عیسا زۆر بە زوویی لە ناوچەکان و دەورو بەر بڵاو بویەوە ، بۆهەر جێگایەک کە دەرۆیشت هەندێک نەخۆش بۆ شف وەرگرتن دەچونەلای ، لە هەندێک کاتدا خەڵک ئەوەندە زۆر لێی کۆدەبوونەوە کە دەرفەتی وتاردانی نەبوو لە کەنیسەدا نەدەبوو ، عیسا لە سەر بەرزایی تەپۆڵکەکانەوە یان لە کەنار دەریا و هەتا لە سواری بەلەم دا بە خەڵکی دەوت ، فریسیانەکان کە خۆیان بە میراتگری چاودێری و ئەنجامدانی نەرت و دروشمی ئایینی یەهودی دەزانی ، بۆ دڵنیا بون لە ڕاست و دروستی و چۆنیەتی ئامۆژگاریەکانی عیسا هەندێکیان وەک و چاودێرو سیخوڕ نارد بوو بۆ ناوچەی جلیل چونکە هەواڵە گەیشتوەکان لە گەیەنەرەکانەوە لەگەڵ یەکیدا جیاوازیان هەبوو ، هەندێک لە فریسیانەکان بەرپرسیار کران کە خودی خۆیان سەفەر بکەن بۆ ناوچەی جلیل و لنزیکەوەلەگە یسادا دیالۆگ بکن . گفتوگۆی کە سە نێرداوەکان لە گەڵ عیسا لە سەر خاڵی جیاوازو قۆناغی جۆراو جۆر دەرئەنجامێکی پۆزە تیڤی هەبوو، ئەوەی کە زیاتر هۆکاری نیگەرانی فریسیانەکان بوو ، ئازادی زانستی بوو کە عیسا لە تەفسیر کردنی شەریعەتی تەوراتدا سودی لێ وەردەگرت و دەی وت : (بیستوتانە کە وتویانە ، ..... بەلآم من بە ئێوە دەڵیم ، و دواتر یاساکانی کتێبی پیرۆزی دەگۆڕی و دەقی نوێی دەخستەوە جێی ڕاسپاردەکانی یەهوە .

چوونکه له بەرانبەر دەربڕین و ڕەوانبێژی عیسا و ئەو حەزەی کە خەڵک لە خۆیاندا پیشان دەدا بۆ بیستنی قسەکانی عیسا ، فریسیانەکان لە بەرانبەر ئەمەدا نیگەران بوون و ، دەستیان کرد بە بڵاو کردنەوەی پرۆپاگندە ، بە شێوازی گاڵتە جاڕیەوە بەوە تۆمەت باریان دەکرد کە گوایا عیسا دێو دەستی لێوەشاندوەو ڕۆحی پیس چوتە ناویەوە و، بە پێچەوانەی شەریعەتی موساوە ڕەفتار دەکات ، ئەم پرۆپاگندانە لە ناوچەکەی عیسا خۆیدا زۆرترین کاریگەری هەبوو هەتا ناوچەکانی تر ، بە جۆرێک کە ڕۆژێ شەممەیەک کە عیسا بۆ ئامۆژگاری لە کەنیسە ئامادەبوو ، سەری لە ڕەفتاری خەڵک سورماو وتی : ( هچ پەیامبەرێک بێحورمەت نیە مەگەر لە ناو نیشتمانەکەی خۆیی و لە ناو خەڵکەکەی خۆیدا نەبێت ) مرقس 5-6

پرۆپاگندەی دەست لێوەشاندنی دێو لە عیسا ئەوەندە بەهێزبوو بە خێرایی لە باوەڕی خەڵکدا جێگیر بوو هەتا ئەو ئەندازەیەی کە دایک و براکانی نیگەرانن بوون . ڕۆژێک عیسا لە کفرناحوم ئامۆژگاری دەکرد ، هاتن و بەردەرگای کەنیسەکەیان لێ گرت تا نەهڵێن و بۆ چارەسەر کردن دەستیان گرتوو بردیانەوە بۆ ماڵەوە .

(ئەوکاتە کە کۆمەڵێک ل دەوری دانیشتبوون ، پێیان وت ، دیکت و براکانت لە دەروەی کەنیسە تۆیان دەوێت ، لەوڵامدا وتی : کێیە دایکی من ؟ براکانم کێن ؟ پاشان بەوانەی وا لە دەوری دانیشتبوون پێی وتن ، ئەمانەن دایک و برای من ، هەرکەس ئیرادەی خوداوەند جێ بەجێ بکات هەمان براو خوشکی منە ) مرقس 31-3

پرۆپاگەندەی دەست لێوەشاندنی دێو لە عیسا هێدی هێدی کاریگەری دان ، و خەڵک لێی تەکینەوە . لەو کاتەدا عیسا بریاریدا سەفەر بکات بۆ باشورو ڕۆشت بۆ باکوری ناوچەی شامات عیسا بە هاوەڵەکانی وت :

(کوڕی مرۆڤ دەبێت زۆر ئازار بچێژێت پێویستە لەلایەن کاهینە مەزنەکان و نوسەرانەوە دەربکرێت و بکوژرێت ) مرقس 31-8

(پترۆس ڕێگری کرد لە ڕۆیشتنی عیسا بۆ ئورشەلیم ، بەڵام عیسا ئەوەی سەرزەنشت کردوو بەرەو ئورشەلیم بەڕێکەوت تا ڕۆژی جەژنی (فصح ) لە دەوروبەری پەرستگە بێت . لە ڕۆژی جەژنی فەسحدا خەڵکێکی زۆر بۆ بەشداری کردن لە مەراسیمی پەرستن و زیارەت کردنی پەرستگە هتبوون بۆ ئورشەلیم .

پیلاتوس فەرمانڕەوای ڕۆم بۆچاودێری کردنی دۆخی گشتی شارەکە و ئەنتی پاس بۆ بەشداری کردن لە مەراسیمی ئاییتی جەژندا لە شارە کە ئامادەیان هەبوو. عیسا بە سواری کەرێکەوە هاتە ناو شارەکەوە ، خەلکی جلیل کە لە ئورشەلیم بوون بە هاواری خۆشیەوە پێشوازیان لیچ کردوو ئەویان ناساند بەو خەڵکەی کە عیسای یان نە دە ناسی :

(ئەمە عیا پێغەمبەری خەڵکی ناسرەی جلیلە ) مەتا 12-21

عیسا بۆ ناو پەرستگەی هیکل و سەراف و دوکاندارەکان کە لەوێدا سەرقاڵی کاسبی کردن بوون ، دەری کردن و هەر کەس لە سەر سەکۆی پەرستگە کرینی و فرۆشتنی دەکرد هێنانیە دەرەوە . 1ەندین ڕۆژ بە دوای یەکدا خەریکی ئامۆژگاری کردنی خەڵک بوو ، بەڵام قسە کانی ئەو لە گوێی نەیارەکانیدا خۆش ئاواز نەبوو . ئەوانە کەڵکەڵەی کوشتن و لە ناو بردنی ئەو بوون ، یەکێک لە شاگردەکانی عیسا کە ناوی یەهودا ئەسخەر بوو بەتێکی بە بەهای سی سکەی نوقرەیی کڕی تا کاتێک مەئمورەکان دێن بۆ دەستگیر کردنی عیسا یهودا ئەو بە مەئمورەکان بناسێنێت ، عیسا لە دوا هەمین شەوی ژیانی خۆیدا ،

ئێوارە خوانێکی بۆ ئەو دوانزە شاگردەی خۆی ڕیچک خست ، لە سەر بنەماە دەقەکانی ئینجیلەکان ، نەتەنیا کوشتنی خۆی بە دەستی نەیارەکانی پێش بینی کرد ، بەڵکو ئەوەی خیانەتیشی لێکرد ئایشکرای کردوو وتی چۆن هاوەڵەکانی لە دواساتەکاندا لەدەورو بەری ئەو پەرشو بڵاو بوونەوە و حاشایان لەوە کرد کە هەر نایشی ناسن ، گرنگترین بەشێک کە لە حیکایەتی ئێوارە خوانەکەی عیسادا گێڕایەوە بابەتی خواردنی ئێوارە بوو :

(نانی دەخوارد ، نانەکەی هەڵگرت و بەرەکەتی دایەو لەت لەتی کردوو دای بە دەستیانەوە وتی : بیگرن و بیخۆن ، ئەوە جەستەی منە ، پیاڵەیەک شەرابی هەڵگرت و سوپاس گوزار بوو دای بە دەستیانەوە و هەمویان خواردیانەوە و وتی : ئەوە خوێنی منە لە پەیمانی نوێدا ( عهد جدید ) کە لە ڕێگای دا زۆر دە ڕژێت . مرقس 22/24-14

دوای خواردنی عیسا بەرەو شاخی زەیتون ڕۆشت . لەوکاتەدا کە هەستی بە نزیکی مەرگ لە دەوری خۆی دەکرد ، ترس و تۆقینێکی زۆر ئەوی داگرت و وتی : (هەناسەم لە توندی نیگەرانیدا زاڵە بە سەر مەگدا ) مرقس 34-14

دوایی لە باخی جتسمانی ( gethsemani )دا یەهودا لە سەر ئەو بڕیارەی کە لیەگەڵ فریسیانەکان دابووی . داوێنی عیسای گرت و ئەوی ماچ کرد ، و هەمان هێما ناساندنی عیسا بوو بە مەئمورەکان ، عیسایان دەست گیر کردوو ، کاهین و ئەنجومەنەکانیان کۆکردەوەو سزای مەرگیان بە سەردا سەپاند . چوونکە مۆڵەتی لە سێدارەدان لە دەست فەرمان ڕەوایەتی ڕۆمدابوو ، بڕیاری سزای لە سێدارەکەین بردەلای پیلاتۆس بۆ پێداچوونەوەو واژۆکردنی ، فەرمان ڕەوا ڕۆمیەکە پرسیاری لە عیسا کرد : ( ئایا تۆ پاشای یەهودیت ؟ عیسا لە وەڵامدا وتی تۆ دەڵێت ) مەتا 11-27

لە سەر هەمان تاوان فەرمانڕەوای ڕۆم ڕەزامەندی لە سەر لە سێ دارەدانی عیسا دەرب ِی ، لە سەر بنەمای نەریتی ئەو سەردەمە ، تاوانەکەی عیسا لە سەر لوحەیەک بەم جۆرە نوسرایەوە ( ئەوەیە عیسای پاشای یەهود ) و لەسەر سەری هەڵیان واسی ، لە سەر بنەمای ئەو تاوانەی کە عیسا ئیدعای کردوە گوایا ئەو مەسیحی ڕۆژی پەسلان و کوڕی خودایە ، دادگایی کراو لە خاچ درا ، بەڵکو ئەو تاوانەی کە خرابویە پاڵ ئەو ، ( پاشای سەهود ) بوو ، چوونکە مانشێتی ئەو پرۆپاگندەیە لەو سەرزەویەی کە هەمیشە ناوەندی فیتنەو ئاشوب بوو بۆ ڕۆمەکان ، ئەگەری ئەوەی هەبوو کە مەترسی زیاتر بۆ ئیمپراتۆریەتی ڕۆم دروست بکات ، فەرمانڕەوای ڕۆم لە سۆنگەی پێشگرتنەوە ، ڕەزامەندی لە سەر خاچدانی عیسا دەربڕی .

عیاسایان مێخ کوتا و تاجێکیان ە درک بە شێوەی تاجی شا کردە سەری و لە جێگایەک بە ناوی ( جلجشا- جمجمە ) لە خاچیاندا ، سێ سەعات لە نیوەی ڕۆژ ڕۆشتبوو ، کە عیسایان بە خاچدا هەڵواسی بوو ، لە بەر ڕۆشنایی دەقەکانی ئینجیلی لۆقادا عیسا لە سەر خاچەکە نزای بۆ دوژمنەکانی کردوو وتی :

(باوکە ئەمانە فیر بکە ، چوونکە کە نازانن چی دەکەن ، ) لوقا24-23

بۆ ئەوەی کە جەستەی عیسا لە شەوی شەممەدا بە خاچەکەوە نەمێنێتەوە ، کەسێکی دەوڵەمەند بە ناوی یوسف ، جەستەی عیسای لە گۆڕێکی نوێ لە موڵکەکەی خۆیدا ناشت ، و بەردێکی گەورەی نایە سەری . لە کاتی مردنیدا هیچ یەکێک لە هاوەڵەکانی جگە لە یو حەنا و چەند ژنێکی نەناسراوی وەکو مریەم مجدلیە کە عیسا چارەسەری کردبوو ، کەسێکی تر هەتا دایکیشی لە لای خاچەکەی نەبوو ، بە مردنی عیسا گەلی یەهود کە چاوەڕوانیەکانی خۆیان بە پراکتیکی نەبینی ، پارچە پارچە بوون و لە باوەڕەکانی عیسا تەکینەوە ، بەڵام ئەندێشەی هاتنی مەسیح و ڕزگاری بەنی ئیسرائیل هەروەکو پێشو لە

ناودڵیاندا بە درەوشاوەیی زیندومایەوە . لە ساڵی 53 زایینی یەهودیەکان خڕبوونەوەی لە دەوری پیاوێک بە ناوی ( بنی مسری ) و ئەویان بە مەسیح ڕاگەیاند و دەستیان دایە شۆڕش ، فلیکس ، حکومڕانی ڕۆمی فەلەستین ، ئەو ڕاپەڕینەی سەرکوت کرد ، لە هەمان ڕاپەڕیندا بوو ، کە پۆلس لە پەرستگە کەوتە بەر هێرشی گروپی ( غیرەتمەندان ) و فلیکس خستیە زیندان و لە مردن ڕزگاری کرد .

بەرایی چوارەم :

مەسیحیەت پاش مردنی عیسا

ئەو گۆڕانکاریەی کە لە ئایینی مەسیحدا لە پاش لە خاچ دانی عیسا ڕویدا . ئەوەندە مەزن بوو کە ڕوداوەکانی سەردەمی ژیانی ئەوی بە گشتی خستە ژێر تیشکەوە ، گۆڕانکاریەکی گشتی لەو ئاینەدا ڕویدا ، بەراوردێکی کورت لە نێوان باوەڕداران و کردەی عیسایەکانی ئەمڕۆکە ، لەگەڵ فیرکراوەکانی عیسادا لە سەردەمی ژیانیدا ، ئەو دۆخەی کە یەهودی یەکان – مەسیحیەکان ، لە ناوەندی مەسیحیەتدا بەرجەستەیان کردبوو ، بنچینەی سورانی ئەو گۆڕان و گۆڕانکاریە بە جوانی پیشان دەدات . هەڵبەت تەوەری سەرەکی لە هەموو حاڵێکدا هەمان ناوی عیسا و سەرگوزشتەکەیەتی کە بە کورتی لە بەردەستدایە .

ئەوەی کە عیسا بە شێوەی ئایین ، لە سەرزەوی فەلەستین نمایشی کرد ، لە حەقیقەتدا گروپێکی لە ئایینی یەهود بوو ، ئەم ئاینە لە لایەن یەک یەهودی دۆگماوە کە لە باوکو دایکێکی یەهودیەوە لە سەرزەوی یەهودی نشیندا و بە کلتوری یەهودی پەروەردەکرابوو نەشو نمایی کردبوو . پایەکانی درێژرا . بنچینەی فیرکراوەکانی ئەو دوبارەکردنەوەی هەمان ئەو خواستانەبوو کە لە کتێبی پیرۆزی یەهودا نوسرابوەوە ، خودی عیسا هیچ کات پێچەوانی ئەوەی کە ئەو یەهودیە بۆچوونێکی دەر نەبڕیوە ، و جەختی دەکردەوە کە ( ئەو نەهاتوە تا تەورات و سەحیفەی پەیامبەرەکان بەتاڵ بکاتەوە ، بەڵکو تەواکاریانە ) وە دەربارەی پرۆپاگندەی ئایین شاگردەکانی خۆی ڕادەسپارد کە خۆ بەدوور بگرن لە چوونە ناو ئەو ناوچانەی کە یەهودی نین . و تەواوی هەوڵی خۆی لە ڕێگای مێگەلە ونبووەکەی ئیسرائیلدا بە سەر برد ، عیسا بە ڕاشکاوانە دەی وت : (من تەنیا بۆ مێگەلە ونبوەکانی ئیسرائیل نێردراوم ) مەتا 25-15

(دروست نیە کە نانەکە لە بەردەم برائیسرائیلیەکانمان هەڵبگرین و بیخەینە بەردەم سەگەکان ) مەتا 7-5

شاگردەکانی عیسا هاوکات خاوەنی ئەو باوەڕەی هاوشێوەی باوەڕی عیسا بوو بوون . و ئەوانیش هاوکان لە نەوەی یەهودی یەوە هاتبوونە دنیا . جگە لەوەی کە ئەوەی کە لە پێشبینیەکانی پەیامبەران دەربارەی دەرکەوتنی مەیسح ، پێش لە هەموو شتێک کە سەرنج ڕادەکێشێت ، ئەوەیە کە دەرکەوتنی مەسیح تەنیا و تەنیا بۆ ڕزگاری گەلی یەهود و نوێکردنەوەی مەزنیەتی و هێزی دێرینی ئەو گەلەیە . لە ئینجیلەکانی مەرقس و لۆقا و مەتادا کە سۆنگەیەکی نزیکیان لە یەکەوە هەیە ، هەوڵدراوە پەیوەندیەک لە نێوان دا دەرکەوتنی عیساو پێشبینیەکانی پەیامبەرانی یەهودا دروست بکەن .

لە دەقەکانی ئینجیلەکان و بەوجۆرە هەڵهێنجراوە کە عیسا هیچ کات خۆی بە خودا و ، کوڕی خودا و یان هەتا مەیسحی پەسلان دانەناوە ، هەتا ئەوکاتەیشی کە یەحیا خاوێنکەرەوەو مژدە پێدەری عیسا عیسایە ، باسی مەسیح بوون یان کوڕی خودای نەکردووە ، بەڵکو دەڵێت : ( دوای من پیاوێک دێت ، کە من لە ئاستی ئەوەدانیم و بنوشتێمەوەو قەیتانی پێڵاوەکانی ئەو بکەمەوە . )

له بەر ڕۆشنایی ئینجیلەکاندا ، شاگردانی عیسا ئەیان بە مامۆستای وتاربێژ ناودەبرد ، لوقا 9-49
مرقس 17-9 مەتا 11-9

لە دوو جێگەدا ئەو بە ناوی عیسای پێغەمبەر کە لە جلیل هاتوە ناودەبەن ، لە ناوەندی مەسیحیەتدا ، یانی لە سەردەمی پاش مردنی عیسا و دەست پێک و سەرهەڵدانی یەهودی – مەیسحی فەلەستین ، عیسا وەک پەیامبەرێکی یەهود ستایش کراوە ، هاوەڵ و لایەنگرەکانی عیسا مۆڵەتیان بە خۆیان نەداوە ئەو داستانانەی کە دەربارەی خوداوەندیەتی عیسا و دایکی ئەو ئەفرینراوە باس بکرێت ، لە کردەوەی پەیامبەران ، پتروس لە وتار ێکیدا بۆ یەهودیەکان عیسا بە بەندەی خودا ناو دەبات کە بۆ ڕێنمایی کردنی خەڵک نێردراوەو دەڵێت : (ئەی خەڵکی ئیسرائیل گوێ لەم قسانە بگرن ، عیسای ناسری پیاوێک بوو کە لە لایەن خوداوە نێردرابوو بە هۆی موعجیزە وئەو نیشانانەی کە خودا لە ڕێگەی ئەوە وە و لە ناو ئێوەدا خولقاندی ، گەیشتە پلەی پێغەمبەریەتی ، ئێوە ئەو پیاوە کە هەروەک ئەوەی خودا دای نابوو هاتە لای ئێوە بە هۆی کافرەکانەوە درا لە خاچ و مێخی کوتراو کوشتیا ) 22-3

ە لە دەروازەی 3 دا دەڵێت : ( خودا بەندەی خۆی عیسای نارد تا بەرەکەت بە ئێوە ببەخشێت .) 26-3

لەم دەستەواژانەی سەرەوەدا ئەوە ڕوون دەبێتەوە کە دیدگای پترۆس و هاوڵەکانی کە لە سەردەمی ژیانی عیسادا لەگەڵ ئەو ژیاوون ، و تا کۆتایی تەمەنی لەگەڵ ئەو بوون ، عیسا نە خودا و نە کوڕی خودا بووە . بۆ عیسا جگە لە بەندەیەکی خودا بە هیچ شتێکی تر نەزانیوە . بەندەیەک بۆ ڕینمایی کردنی خەڵکی یەهود لە لایەن خوداوە نێردراوە . بەڵام بە دەستی هەمان گەلیش درا لە خاچ . مەسیحیە سەرەتاییەکان هەر وەک یەهودیەکان بوون کە تەواوی نەریت نۆرمی مەراسیمی پەرستن و باوەڕی یەهودیان جێ بە جێ دەکرد ، و خۆیان بە یەهودی دەزانی . تەنیا ئەو جیاوازیەی لە نێوان یەهود و باوەڕی مەسیحی – یەهودی دا بوونی هەبوو ئەوە بوو کە مەسیحیەکان باوەڕیان بەوە هەبوو کە مەسیحی ڕۆژی پەسلان کە لە تەوراتدا ئاماژەی پێدراوە ، هەمان عیسایە . بەڵام یەهودیەکان ئەو باوەڕ ێەیان بە پوچ دادەنا و هەر لە چاوەڕوانی دەرکەوتنی مەسیحی پەسڵان دا ڕۆژیان دەژمارد .

ئەو جۆرە ئایینەی کە بە گشتی وابەستە بە کلتۆر و نەریت و ژینگەی یەهودیەوە بوو . کاتێک برایە ئەو ناچانەی کە یەهودی تیا نیە . ڕەنگ و بۆی ژینگەی نوێی باوەڕی تری بە خۆی گرت و منالّی یەهودی گۆڕا بە جۆرێکی تر کە بە هیچ جۆرێک هیچ شارەزایی و هەستێکی بۆ هزرو ئەخلاقی پ ێشینەی خۆی نەبوو . ژینگەی یونانی و ڕۆمی و ڕووبەڕو بونەوەی ئایینی تر ، مەسیحیەتی فەلەستینی بە ئایینێکی نوێ لە بەرانبەر ئایینی یەهود گۆڕا . نەریتی ئایینی کە بناغەی باوەڕی ئایینی یەهود پێک دەهێنێت . بە گشتی وازی لێهێنرا ، شەممە کە لە گەڵ ئەو ڕاسپاردانەی تر کە یەهوە جەختی لێ دەکردەوە دەربارەی بە ئەنجام گەیتندنیان لە یاد کرا . یاساکانی تایبەت بە خۆپاک کردنەوە پاکیەتی . حەڵاڵ و حەرام . حەج ، نزاکردن ، جەژنەکان و بۆنەو جەژنە پیرۆزەکان . چیرۆکە کان ، قەدەغە کردنی پرۆسەی هاوسەر گیری لە دەروەی یەهودی یەکان ، خەتەنە ، سەرنجدان لە سەر ناوی خودا و وەزیفەکانی مرۆڤ لە بەرانبەر یەهوە . پیچشکەش کردنی قوربانی ، کاهینەکان و وەزیفەی کۆمەڵایەتی ئەوان . پەرستگەو زیارەت کردنی ، بە کورتی ، بە گشتی ڕاسپاردە ئایینی یەکان و شیکاریە ئایینیەکانی تەورات گۆڕانی گەورەی بە سەردا هات و وازیان لێ هێنرا . لە هەویش گرنگتر ، کەسیەتی خودی عیسا بوو کە هێشویەک موعجیزە و خەسڵەتی خودایی و ئەزەلی بوونی لە دەوری کۆبونەوە و پێوەی ئالّان . لە سەدەی دووەمی زایینی عیسا ئیتر کوڕی یوسفی دارتاش و بەندەی خودا نەبوو ، ئەو خودا و کوڕی خودا ئافەرێنەری جیهانی بوون بوو . عیسا بەو جۆرەی کە ژینگەکەی دەی خواست گۆڕابوو بەو کەسایەتیە .

مەسیحیەت ، بەو جۆرەی کە لە دنیای ئەمڕۆدا بڵاوە و عیسایییەکان باوەڕیان بەوە هەیە ، لە لایەن عیساوە لە فەلەستین بونیاد نراوە ، بەڵکو ئەم ئایینە ، ئایینێکی ترە کە لە ڕۆم لە لایەن پۆلس و کڵێساوە بە هاوبەشی داڕێژراوە و دروستکراە . مەسیحی پەسڵان ، کە هەروەک لە کتێبی پیرۆزدا هاتوەو ڕزگارکەری گەلی یەهودە و دەسەلاتداریەتی یەهوە یە لە سەر لوتکەی شاخی سیمۆنەوە ڕاگەیەنراوە . خۆی بە شێوەی خودای جیهان و ئافەرێنەری ڕزگارکەری مرۆڤایەتی دادەنێت ، بوە دوژمنی سەرسەختی یەهود . دژایەتی یەهودیەکان ، چەندین سەدەیە بوەتە مانشێتی پرۆگرامەکانی پرۆپاگندەی کڵیسا . مەسیحیەت لە ئەوروپا لە دامێنی باوەرو کلتوری یونان و ڕۆم ڕێگایەکی جیای وەک ئەوەی کە لە سەر دەمی عیسادا لە فەلەستین دەستی پێکردبوو گرتوەتە بەر و بە پارێزگاری و هێزی ئیمپراتۆری ڕۆم بە خێرایی گەشەی کرد .

بۆ ڕوونترکردنەوەی زیاتری خواست و دەرک کردنی هۆو چۆنیەتی ئەم گۆڕانە مەزنە چەند ساڵێک دەگەڕێنەوە دواوە .

پاش ئەوەی کە عیسا بە تاوانی ڕاگەیاندنی پاشایەتی لە سەر یەهودیەکان و لە خاچدانی . هاوڵەکانی ڕۆژی شەممەیان بە نیگەرانی نائومێدی بە سەر برد ، بەیانی ڕۆژی دواتر هەندێک لە ژنان پێش گەرانەوەی بۆ جلیل چوون بۆ سەر گۆڕەکەی عیسا ، بەڵام گۆرەکەیان بە بەتالی و چۆڵ بینی .

شاگردەکانی عیسا ئاگاداری ئەوە بوون کە گۆڕەکە بە تاڵەو عیسای تیا نیە . هاوەڵەکانی باوەڕیان بەوە هێنا کە عیسا بەرزبوەتەوە بۆ ئاسمان و بە سواری هەورەکان دێتەوە بۆ سەر زەوی ، هەر بەو جۆرەی کە بە کتێبی پەیامبەراندا پێش بینی کراوە . لە کۆڕی خوداوەندا دەربارەی گەلە جیاجیاکان دادوەری دەکات . کۆنترین ڕیوایەتێک کە لە دەروازەی گەڕانەوەی عیسا پاش بەرزبوونەوەی بۆ ئاسمانەکان لە بەردەستدابێت ، ئەو ڕیوایەتەیە کە لە پۆلسەوە نقڵ کراوە . ئەو لە ساڵی 52 زایینی بۆ کڵێسای شاری کرنیتی نوسیوە : ( ئێستا ئەی برایان ئێوە لەو مژدە گەورەیەی کە بەڵێنم پێدان ئاگادرتان دەکمەوە ، هو مەرجەی ئەوەی کە بە شێوەی دەڵێم بیپارێزن و نە درکێنن و بەهۆی ئەوەیشەوە ڕزگار دەبن ، هەروەها ئەوەی لە یەکەمدا بە ئێوەم سپارد ئەوەم زانی کە مەسیح لە سەر بنەمای کتێبەکە لە ڕێگای گوناحەکانی ئێمەوە گیانی خۆی بەخشی و لە ڕۆژی سێیەمدا بەو پێیەی کە لە کتێبەکەدا هاتوە هەستایەوە و ئەوەی کە بە ( کیفا – ( cephasدەرکەوت ، پاش ئەوەی کە لە و دوانزە کەسە بەدیار کەوت و جارێکی تر لە زیاتر لە پێنج سەد کەس دەرکەوتەوە کە زیاتر ئەوانە ئەمرۆکەیش ماون . بەڵام هەندێکیان مردوون . لەوە بەدواوە لە یەعقوب دەرکەتەوە ، بە کۆی پەیامبەرەکان و دواهەمینیش لە من هەروەک منالێکی بیناز لەمنەوە دەرکەوتەوە . نامەی یەکەم 1/10-15

پاش مردنی عیسا شاگردەکانی ناوچەی جلیل یان بەجێ هێشت و چون بۆ ئورشەلیم ، جێگایەکی گەورەیان بۆ نوێژ کردن و نزا و پاڕانەوە دروست کرد ، لەو سەفەردا یەعقوب برای عیسا و دایکی لەگەڵ 120 کەسی تر چون بۆ ئورشەلیم . بۆ ئەوەی کە ڕێژەی هاوەڵەکان ئەو هەمان دوانزە کەسەی کە لە سەردەمی ژیانی عیسادا لەگەڵی بوون وەک خۆیان بمێننەوە یەکێک لە هاوڕێکانی عییسا بە ناوی میتاس لە جیاتی یەهودا هەڵیان بارد .

لە سەرهەمان دەقی نوسراوی پرۆسەی پەیامبەران :

(چوونکە ڕۆژی پنتاکوست ( pentecost)گەیشت ، شاگردەکان و پەیرەوانی عیسا لە یەک جێگادابوون کە لە ناکاو دەنگێکیان بیست ، هەروەکو لورەی بایەکی بەهێز تەواوی ئەو ماڵەی تەنیەوە کە تیایدا دانیشتبوون ، و دەنگە کەیش پچرپچربوو ، هەر وەکو مەشخەڵانی ئاگر ، لێیانەوە دەرکەوت و لە سەر هەر یەکێک لەوان گیرسایەوە ، و هەموویانی پرکرد لە ڕۆحی پیرۆز بە زمانی جیاجیا و بە

جۆرێک کە هێزی بە خشیە زمانیان و دەستیان کرد بە قسە کردن . چوونکە ئەو دەنگە تادەهات بڵندتر دەبوو ، گروپێک کۆ بوونەوەو سەریان سورما ، هاوکات هەریەکەیان بە زمانی خۆیان قسەکانی ئەوانیان دەبیست . هەموان سەریان سورماو دۆش دامان و بەیەکیان وت ، مەگەر ئەم کەسانە کە قسە دەکەن ، خەڵکی جلیل نین ؟ باشە چۆن هەر یەکێک لە ئێمە زمانی خۆمان لە دەنگی ئەوانەوە دەبیستین ) اعمال رسولان 1/9-2

مەسیحیەکان هەڵکردنی هەوا لە رۆژی پنتاکوست و قسە کردن بە کۆمەڵ بە زمانی جیاجیا لە و کۆبوونەوەیەدا بە فاکتەری دابەزینی رۆحی پیرۆز وراتی ئاینی مەسیح دەزانن . کە هێزو ئازایی بە پەیرەوکارانی دەبەخشێت تا زیاتر باوانن ئاینەکەی بڵاو بکەنەوە لە هەموو دنیادا. ئەم رۆژە کە رێکەوتە لەگەڵ جەژنێکی گەورەی یەهودا لە سەرانسەر وڵاتانی مەسیحی یادی ئەم جەژنە دەکەنەوە .

لە ئەنجامی کاری گەری توندی خەڵک کە لە جلیلەوە بۆ ئورشەلیم هاتبوون . زۆرێک لە یەهودیەکان کە لە ئەنجامی لە خاچدانی عیسا وە ززۆر نیگەرانن بووبون و پەیوەست بون بە مەسیحیەکانەوە ، بە جۆرێک کە فریسیانەکان و سدوقیەکان لە خێرایی بڵاو بوونەوەی ئەم ئاینە سەریان سورما . یوحەنا و پترۆس دەست بەسەریان کردن و فەرمانیان پێکردن کە واز لە پرۆپاگندە و بانگەشە کردن بهێنن . بەڵام پاش ئازاد کردنی ئەم دوو کەسە بانگەشەو پرۆپاگندە کردن زیاتر لە پێشو دەستی پێ کرد .

دووبارە هەندێک لە بانگەشە چیەکانی مەسیحی دەست بەسەر کرانەوە و پێیان وتن : مەگەر فەرمان نەکرابوو پێتان کە دەست لە بانگەشەو پرۆپاگندە ی خۆتان هەڵ بگرن ؟ پترۆس لە وەڵامدا وتی :

( پێویستە لە پێشدا کرنوش بۆ خودا ببەیت ) اعمال رسولان 29-5

یەکێک لە گەروە بەرپرسەکانی فریسیانەکان بە ناوی ( غمالائیل (goma leil) کە موفتی و لە لای خەڵک بەرێزبوو لە کۆبونەوەکە هەستاو وتی : پەیامبەرەکان لە ناو کۆبوونەوەکە ببنە دەرەوە و پاشان بە هەموو ئەندامانی ئەنجومەنی راگەیان :

(ئەی ئیسرائیل ئاگاداربە و وازبێنە ئایا ئەتانەوێت چی بکەن ، لەگەڵ ئەم کەسانە ، ..... ئێستا بە ئێوە دەڵێم ئەگەر دەست بدەن لە و خەڵکەوە دەریان بکەن ، هاوکات ئەگەر ئەمە کارو بۆچوونی مرۆڤ بێت ئەوا خۆمان سەر لێشێواو دەکەین . بەڵام ئەگەر کاری خودابێت ناتوانین وەلای بنێین . یان دەبێت لە گەڵ خودادا ململانێ بکەیت . پاشان گویان لە قسەکانی گرت و هەموویان ئازاد کردن ) اعمال رسولان 34/40-5

لەوێدا کە پەیرەوکارانی عیسا تەواوی نەریت و نۆرمی ئاینی موسایان پیادە دەکرد . بەهانەیەکیان نەدەدایە دەست ، فریسیانەکان و سدوقیەکان تا کێشەو ئاڵۆزی دروست بکەن . جگە لە و گروپەی کە هیچ رێبەرو پێشەوایەکیان نەبوو ، تا بتوانن سەرۆکی ئەوانە دەست بەسەر بکەن . ئەوان کەسێکیان بە مەسیح و پێشەوای خۆیان دەزانی ، کە یتر لە ژیاندا نەمابوو . مەسیحیەکان لە کۆرو کۆبوونەوەی عەلەنی و لە کڵێسا دا مەراسیمی ئاینی هەروەکو یەهودیەکانی تر بە ئەنجام دەگەیاند . بە دابەش کردنی خواردن و نزاکردن ، بە یادی دواهەمین شەوی ژیانی عیسا و ئامۆژگاریەکانی عیسا یان دەوتەوە .

مەسیحیەکان بە تەقلید کردنەوەی ئاسەنەکان کۆمەڵەیەکی سۆسیالیستیان پێک هێنا ، هەرکەس هەرچی هەبوو هی هەموان بوو . سەروەت و دارایی خۆیان دەفرۆشت و پێویستیەگشتیەکانیان پێ پڕدەکردەوە ، ئەو کەسانەی کە ئاینی عیسایان قبوڵ دەکرد و دەچوونە ناویانەوە دەستەواژەو فێرکراوەکانی عیسا یان فێردەکردن ، ئەو رەخنەو نارەزایەتیانەی کە عیسا لە کاهینە فریستیانیەکانی دەگرت دووبارەیان دەکردەوە ، بۆ بەرێوەبردنی دۆخی گشتی کۆمەڵە سۆسیالیستیەکە و پیادە کردنی دادپەروەری گشتی ،

مەسیحیەکانی ئورشەلیم  لە ناو خۆیاندا حەوت کەسیان بۆ دابەش کردنی خواردن و چاودێری دارایی دیاری کرد ، یەهودیەکان کە گومانیان لە هەمبەر دۆخی ژیان و لایەنی عیبادەت و مەراسیمی ئاینی ئەوان دروست بوو بوو ، دەستیان لە ئەشکەنجەو ئازاری مەسیحیەکان هەڵ نەگرت و ئیستیفانی یەهودی رەسەنیان دەستگیر کردوو لە ئەنجومەندا سزای بەرد بارانیان بە سەریدا سەپاند .

(پیاوچاکەکان ئیتیفانیان ناشت ، بۆ ئەو ماتەمینیان گرت و هەموان بێجگە لە نێردراوەکان بۆ ناوچەکانی یەهودیەو سامەڕا پەرتەوازە بوون ) رسولان 1/3-8

لەو مێژووە بەدواوە ، ئایینی مەسیح لە دوو بواردا لە ڕێچکەی خۆی لایداو هیچ کات نەگەڕایەوە سەر ڕێچکە سەرەکیەکەی خۆیی و یەکێتیەک لە نێوان دووباڵدا دروست بوو :

1-باڵێکیان کە یەعقوب برای عیسا سەرپەرشتی دەکرد وو نێردراوەکان لەگەڵ ئەودا بوون . ئەم باڵە باوەڕیان وابوو کە مەسیحیەکان  لە کاتی قبوڵ کردنی عیسا وەکو مەسیح و ڕۆژی زیندوبوونەوە ، پێویستە تەواوی بەشەکانی شەریعەتی موسا وەکو خەتەنە کردن ، حەڵاڵ و حەرام ، نیەتی پاک و پەرستن جێ بەجێ بکرێت .

2-باڵی ناوەندو میان رەو  ، کە بۆ بڵاو کردنەوەی ئایین و هاندانی خەڵک بۆ قبوڵ کردنی ئەم ئایینە دۆگماییان لە بەرانبەر پیادەکردن و جێبە جێ کردنی شەریعەتدا بە پێویست نەدەزانی  . لە ناو هاوەڵەکاندا کەسێک کە لایەنگری میان ڕەویەتی بوو  پترۆس بوو ، ئەو کڵێسای نوێی دامەزراند ، کەسی خەتەنە نەکراوی دەشۆردەوەو پاکی دەکردەوەو بە مەسیحی تەواوی دادەنا ، و مۆڵەتی دەدا کە لە بابەت حەڵاڵ و حەرام هەروەکو یەهودیەکان چاو پۆشی بکات . چوونکە شێوەی پرۆپاگندەی ئەو بوە جێگەی ڕەخنەی باڵی یەکەم  لە ئورشەلیمەوە بۆ ڕۆم کۆچی کرد . باڵی میان رەو وئازادی ئاکار درێژەیان بە شێوازی پرۆپاگندەی ئایینی خۆیان داو بە تێپەڕینی کات پێش باڵی یەکەم کەوتن و ئاینێکی سەربەخۆو نوێیان دروستکرد کە بە خێرایی لە ناو گەلانی ناوەندی دەریای مدیترانەدا بڵاو بویەوە  . پێشەوای ئەم بزوتنەوە ئایینی یە نوێیە پیاوێکی یەهودی دۆگما بوو ، کە دوواتر ئایینی عیسای قبوڵ کرد و ناوی خۆی لە شائۆلەوە گۆری بۆ پولس  ( ( paules

بە باوەڕی زۆربەی لیکۆڵەرەوان ، پیویستە پۆلس مافی بونیاد نەری مەسیحیەتی ئیستای بدرێتێ  ، کە بە سود وەرگرتن لە ناوی عیسا  و چەند بەشێکی ڕاستەقینەی ژیانی مێژوویی ئەو  ، پاشماوەی داستانەکە بە ڕەنگی ژینگەیی  وبۆ پێشکەوتنی کارەکەی خۆی بۆ خۆی ئەفراندویەتی ، پۆلس ، بە هۆی ئەوەی ڕۆمی بووە و مافی هاوڵاتیەتی هەبووە ، ئازادانە لە تەواوی قەڵەم ڕەوی ئیمپراتۆریەتی ڕۆمدا بە ئارەزووی خۆی دەهات و دەچوو ، بۆ ئایینە نوێکەی پرۆپاگندەی دەکرد . ئەو لە تەواوی وڵاتانی شاماتدا ئاسیای بچوک و یونان پێشەوای رەهای مەسیحیەکان بوو ، و لەو ناوچانەدا کڵێچسای زۆری بونیاد نا  . ئەو لە کاتی پرۆپاگندەی ئایینی و ئامۆژگاری ئایینی دا دۆخێکی نوێی هێنایە پێشەوە و فیرکراوەی نوێی لە سەر هەمان ئەو دۆخە فێری مەسیحیەکان کرد کە خودی عیسا بە هیچ جۆرێک لەو بارەیەوە قسەیەکی نەبووە . نامەکانی پۆلس بەڵگەیەکی روون لە سەر ئەو پێکەوە گرێدان و هەوڵدانانەی لە سەر سەلماندنی ئستۆرەیەک بە ناوی عیساە مەسیح . لە ئایینی یەهودا ،دیدار لە گەڵ خودا ئاسایی بوو ، بەڵکو لەو دەق و هێماو پرۆسانەی کە خودا ئەنجامی دەدا ، یەهودیەکان پەی یان بە بوونی خودا دەبرد . بەڵام پۆلس خودای بە شێوەی عیسای مەسیح و لە چێوەی مرۆڤدا بە خەڵکی پیشاندا. و قیافەیەکی ئاشکرای لە خودایی نادیار و نەبیراو پیشانی خەڵکدا کە لە ڕۆژی دووایی  هیوایەکی بە خەڵک دەبەخشی بە گەڕانەوەی لە دڵی پەیرەوکارانیدا .

پۆلس بە سود وەرگرتن لە بنەماکانی ساکۆلۆژی و سۆسیۆلۆژی نەتەوە جیاوازەکان و بنچینەی باوەڕی نەتەوەکانی ناوەندی مدیترانە ، بنەماو بنچینەی خوداوەندیەتی تا یەتی هێنایە گۆڕێ ، کە بەرهەمی ڕۆحانیانەی عیسا لە نەستی خەڵکی ناوچەکانی ئاسیای بچووک و یونان و ڕۆم قبوڵ کراو سەلمێنرا .

پۆلس ، بەو جۆرەی کە خۆیشی دەنوسێت ، پیاوێکی یەهودی بوو ، کە لە تارس ( tarseلە سیلی سی ( ciliecieلە دایک بووە و یەکێک بوە لە شاگردەکانی غمالائیل لە گەورە بەرپرسەکانی فریسیانەکان و لە قوتابخانەکەی ئەو زانستی شەریعەت و ئایینی خوێندووە . خرۆشیەکی زۆری لە ئیتاعەت کردنی فەرمانەکانی یەهوەی لە خۆیدا پیشان دەدا. ژن و پیاوێکی زۆری لە پیادە کردنی بنەمای ئایینی و شەریعەتی یەهودی دوور خستەوە ، لەو بارەیەوە دیالۆگی لە گەڵ ًٌ کردبوون و بۆ خۆی شاهیدی بەردباران کردنی ئیستفان بوە . ئەویان کردە بەرپرسی هێنان و گواستنەوەی گوناحکاران لە دیمەشقەوە تا ئەگەر کەسێک بیەویت بیتە سەر ڕێگای ئایینی نوێ بۆ دیالۆگ دەیگێڕێتەوە بۆ ئورشەلیم . لە و سەفەردا نا ئاگا لە ئاسمانەوە تیشکێک هەموو دەروبەری ئەوی ڕووناک کردەوە . پۆلس خۆ هەوادا سەر زەوی و هیچی نەبینی و دەنگێکی بیست کە پیی وت :

(شائۆل . شائۆل ، بۆچی ستەم لە من دەکەیت ) ئەویش وەڵامی دەداتەوە ، تۆ کێیت ؟

( من عیسای ناسرەم کە تۆ ستەم لە من دەکەیت ) 22-3/10

پاش ئەم ئاشکرابوونە ، گۆڕانێگی گەش لە ژیانی شائۆل ڕوودەدات ، و ژیانی تەر خان دەکات بۆ فیرکراوەکانی عیسا . بۆ پرۆپاگندە کردن بۆ ئایینەکەی سەفەر بۆ وڵاتانی جیاجیا دەکات ، گرنگترین سەفەری پۆلس ئەو سەفەرەیە کە بە ڕێکەوتن لە گەڵ سێ کەس لە نێردراوەکان بۆ قوبرس و ئاسایی بچووک و لەوێش لە مەکەدۆنیا دەمێننەوە ، لە شارە دوورگە ئاساکانی یونان کۆمەڵگەی گەورەو کلّێسا دروست دەکات و دووبارە لەو ڕێگەیەوەی پێدا چوە دەگەڕێتەوە .

لەم سەفەرانەیدا چەندین جار گیانی دەکەوێتە مەترسیەوە ، چەندین جار لە لایەن یەهودیەکانەوە ئەشکەنجە دەدرێت ، لە یەکێک لە سەفەرکانیدا دەکەوێتە دەریاوەو چەندین شەو ڕۆژ لە ناو ئاودا دەگوزەرێنێت .

بەڵام هیچ یەک لەم ڕووداوانە ئەوی پاشگەز نەکردەوە لە پرۆپاگندە کردن بۆ ئایینی مەسیح و ئەو ئامانجەی کە هەی بوو ، دەستی لێ بەرنەدا و بە ئیمانێکی پتەوەو تا کۆتایی ژیانی بەردەوام بوو لە سەر کارەکەی .

پۆلس بۆ ئەو خەڵکانەی کە بە خرۆشی یەکی زۆرەوە دەهاتنە ڕیزی ئایینەکەی عیساوە ، جێبەجێکردنی هیچ یەکێک لە ڕێنموونیە ئایینیەکانی عیسایان بە زەرور نەدەزانی .

(ڕوونەکە هیچکەس لە حزووری خودادا بە هۆی شەریعەتی داد پەروەرەوە ئەژمار ناکرێت . هاوکات دادپەروەری بە ئیمان دروست دەبێت ، بەڵام شەریعەت لە ئیمانەوە نیە ، بەڵکو بە یاسا کاردەکات ، و لە ناو ئەو پرۆسانەدا گەشە دەکات . مەسیح ئێمەی لە نەفرەتی شەریعەت ئازاد کرد . غلاتیان11/14-3

پۆلس پەی بە و خاڵە جەوهەریە برد پەرەسەندنی ئایینەکان لە ڕێگەی خەڵکی عەوام و ساویلکەوە دەبێت ، نە لە ڕێگەی بیرمەند و عەقڵانیەکانەوە . ئایین هەرچەند سادە ترو داماڵراوتر بێت لە ئەرک و مەراسیمی قورسی ئایینی ،لای خەڵک پەسەند ترەو خێراتر لە ناو خەڵکدا جێی خۆی دەکاتەوە . پیادەکردنی پایەبەندی و ئەرکی سەختی ئایینی هیچ کات لە هیچ ئایینێکدا ، ناتوانێت گرەنتی هیدایەتی کەسەکان بۆ ڕێگایەکی دروست و گەشە کردنی خێرا ئەنجام بدات . پۆلس ئەم بنەمایەی قبوڵ کرد . پایەی پرۆپاگندەی خۆی لە سەر ئەو بنچینەیە دارشت کە پێویستە ئایین لە نەست و ڕۆحی کەسەکاندا

دەرکەوێت تا لە خراپە دورکەوێتەوە . لەم ڕوە وە ، مەسیحیەکانی لە کۆتو بەندی ئەنجامدانی شەریعەت و پێداگیری ئایینی یەهود ڕزگار کرد . ئەو بەڕاشکاوانە ئەوەی ڕاگەیاند کە خەتەنە کردن بۆ شوێن کەوتوانی عیسا گرنگیەکی نیە و پیادە کردنی حەڵاڵ و حەرام و خواردنەوەکان هیچ گرنگ نین . دابەش کردنی کەسەکان بە سەر پاک و پیسدا بەهای نیە . ئەم بریارو ئەفراندنانەی پۆلس جێگەی قبووڵ کردنی باڵی یەکەمی یەهودی – مەسیحی یەکانی ئورشەلیم نەبوو ، ناڕەزایەتی توند لە بەرانبەر دەستورەکانی بە دوای خۆیدا هێنا . بەڵام بەشێکی زۆر لە یەهودیەکان کە لە سنووردارکردن و نەریتی ئایینی قورس و پەرستنی ئایینی موسا هیلاک بوو بوون ، بۆ لای خۆی ڕاکێشا .

پۆلس پرۆپاگندەی ئایینی خۆی لە ناو میللەتانی تردا دەکرد ، کە لە ئەنجامی باوەڕەیونانیەکانەوە ، باوەڕداربووبوون بە ئەو خودایانەی کە لە ئاسمانەکان دەژین ، و مرۆڤ ئەتوانێت لە ڕێگەی عیبادەتەوە بە جەستەی فانی خۆی لایەنی ئیلاهی و ئەبەدی ببەخشێت . لە سەر ئەو بنەمایەی کە تەنیا دەربڕینی ئەم خواستەی کە عیسا ، مەسیحی ڕۆژی پەسڵان بوو لە تەوراتدا ، بۆ بەرقەراری جیهانی نا ماتریاڵی لە ئاسماندا بۆ سەر زەوی هات و پاش بەرزبوونەوەی بۆ ئاسمانەکان جارێکی تر سواری هەورەکان دەبێتەوەو دەگەڕێتەوە سەر زەوی . ئەو میللەتانەی کە لە هەلی دەست خستنی خودایەکدا بوون کە بی پەرستن و قانع و ئامادە بوون بۆ قبولڵ کردنی ئایینی مەسیحیەت . بەشێوەی ئایینێکی سادە ، گۆڕانکاریەکی گونجاو بە شێوەی هزری خەڵکی ئەو ناوچانە لە بنەماکانی ئایینی مەسیحی دا زەرور بوو . پێویست بوو کە لە زمانی شایەتێکی دیارەوە کە ماوەیەک لە گەڵ عیسادا ژیاوەو عیسای بینیوەو فیرکراوەکانی بە گوێی خوی بیستوە . حیکایەت و چیرۆک گەلیکی گێڕاوەتەوە و بە عیسای سەرزەوی خەسڵەتی عیسای خوداوەندیەتی یان بە خشیوە ، تا ئایینەکەی ببێتە جێگەی ڕەزا مەندی خەڵکە ناوچە جیاجیاکان لە ناوەندی مدیترانە دا جێگیر ببێت . بەبیچ ئەم گۆڕان کاری و بوونی ئەو جۆرە پەرستێنراوانە ئیمکانی پەرەسەندن لە ئایینی مەسیحدا بەدی نەدەهات.

ەو جۆرەی کە پۆلس خوی دەنوسێت . نە عیسای بینییوو نەتا ئەو کاتەی کە تیشکی ئاسمانی چاوەکانی ئەوی نابینا کرد بۆ ماوەی چەند ڕۆژێک . لە پرۆپاگندە کردنی عیسا شتێکی کەمی دەزانی .لەو حاڵەشدا ، ئەگەر ئەو عیسای بە ئەندازەی پەیامبەرێکی بەنی ئیسرائیل بە خەڵکی ئەوروپا دەناساند . ناوبانگی خودی ئەو لە پرۆپاگندە کردنی ڕاسپاردەکانی عیسا و بانگەشەی مەسیحیەت چۆن سەرنج دەدرێت . ؟ بۆ ئەوەی کە ئەو بە ها بە قسەکانی خۆی بدات ، و خۆی لە ئاستی نێرداروی عیسا بە خەڵک بناسێنێت . و رشاستەو خۆ لەگەڵ خودادا پەیوەندی دروست بکات ، و ڕاسپاردەکانی ئەو بە خەڵکی ڕابگەیەنێت . پێویست بوو عیسا بە پلەی خوداوەندیەتی بەرز بکاتەوە تا پۆلی خۆی ببێتە نێردراو . پێویستە عیسا ( بە شێوەی خودایەکی نادیار کە ئەو هەموو شتێکی ئەفراندوە ئەوەی کە لە ئاسمانەکان و لە زەویدا هەیە ، هەموی بە هۆی ئەوە خولقێنراوە . )( 1) تا جێگایەک بۆ پۆلس و قسەکانی بمێنێتەوە ، پۆس گەیشتبوە ئەو باوەڕەی کە :

---

1-نامەی پۆلس بۆ کوکسان 18/15-1

(ئەو لەگەڵ مەسیح لە خاچ دراوە ، بەو جۆرەی ئەوەی کە لە ژیاندایە ، پۆلس نیە ، بەڵکو مەسیحە کە لە ودا دەژی ) غلاتیان 20-2

وە ئەوفێرکراوانە بداتە خەڵک کە ڕاستەو خۆ لە لایەن خوداوە وەری دەگرێت . بە پەیامەکەی خۆی کە لە لایەن خودای مەسیحەوە ، ئەو خودایەی کە بۆ خۆی دروستی کردبوو یمانی تەواوی پێی هەبوودەی

وت : ( خودا منی لە ناو منالْدانی دایکمدا هەلْبژاردوو ڕەزامەندبوو لە سەر ئەوەی کە کوڕی خودا لە مندا دەربخات ، تا لە ناو میللەتەکاندا مژدەی ئەویان پێ بدەم ) غلاتیان 15-1

بەم جۆرە ، لە ڕاسپاردەکانی خۆیدا تا ئەو ئاستە پێشکەوت کە هەندێک کات شەریعەتی یەهودی بە ئارەزووی خۆی دەگۆڕی و دەی وت :

( ئەوە من دەی لێم نەک خودا .... ) قرنتیان 13-12-7

پاشان ڕاسپاردەی نوێی لە پوچەلْکردنەوەی شەریعەتی تەوراتدا بە مەسیحیەکان ڕادەگەیاند . پۆلس بە سود وەرگرتن لە دەقەکانی تەورات یەهودی یەکان کە خوێندبوویە ، ئەفراندنێکی بێوێنە دەستی پێکرد لە جیهانی مەسیحیەتدا . ئەو داستانی ئادەم و حەواو یەکەمین گوناحی ئادەم ( باوکی مرۆڤایەتی ) کە دواتر بوە هۆی ئەوەی لە بەهەشت دەربکرێت ، لە کتێبی ( سفرافرینش ) دا گولْ بژێر کردو نوسی :

(چوونکە یەکەمین گوناحی سەرەتایی مرۆڤی ماتریالْ ئەنجامی داوە ، خوداوەند یەک لایەنە کوڕی خۆی بە شێوەی مرۆڤی ماتریالْی بۆ فیرکردنی بارتقای گوناحەکاننم نارد ، تا لە سەر جەستەی ئەو گەناحەکان بسڕێتەوە ) رومیان 1/4-8

هەمان ئەو بنەماو بابەتەی کە پۆلس دای ڕشت ، ناوەندی پڕۆپاگندەی کلێساو شانەی ناوەندی نوسراوەکانی ئینجیلەکان پێک دەهێنێت . بۆ ئەوەی کە ئینجیلەکان بایەخێکی گشتی بەدەست بێنن ، هەریەک لەو ئینجیلانە بە ناوی یەکێک لە کەسایەتیە بەناو بانگەکان و شاگردەکانی عیسا ناونران ، و پێشەکیەکی گونجاو بۆ هەریەکێک لەم کتێبانە ئیزافە کرا ، تا هیچ گومان و شکێک نەهێڵێتەوە .

پۆلس لە نامەکەی خۆیدا بۆ کۆلۆسینەکان ( colossiensدە نوسێت :

( سوپاس گوزاری باوک بکە ، کە ئێمەی بە شیاوی میراتگری پیرۆزەکان ڕوناک کردوەتەوە ، و ئێمەی لە هێزی تارکی ڕزگار کردووە ، و بردوینیەتە سەرزەوی کوڕ ، کە لە بوونی ئەودا ئێمە دووبارە گوناحەکانی خۆمان دەست پێبکەینەوە ، ئەو شێوەی خودایەکی نادیارە ، یەکەمین بونەوەرە لە تەواوی ناو بونەوەرەکاندا ، هاوکات ئەوەی لە ئاسمانەکان و لە سەر زەوی و ئەوەی هەستی پێ دەکرێت و هەستی پێناکرێت و ئەوەشتانەی کە دەبینرێت و نابینرێت ، ، کورسیەکان ، فەرمانڕەوایەتی ، سەرۆکایەتی ، دەسەلاتەکان ، تەواو بە هۆی ئەوەوە و لە بەر خاتری ئەو دروست کراون ( 1) ئەو لە پێش هەموو شتێکەوەیە و هەموو شتەکان لە چەقی ئەودان ) کولوسین 15/18-1 وە بە خرۆشەوە بە لە هەمبەر ئایینی عیسا بە خەلْی دەوت :

( ژیانی ئەزەلی کاتێک بۆ کەسێک بەدەست دێت ، کە خۆی لە ڕۆحەوە بە عیساوە گرێ بدات ) بابەتی مەرگ و گەڕانەوەی سەرلە نوێی عیسا بەم ڕێگایە تەفسیر دەکات :

( عیسا بوونەوەرێکی ئەزەلی ئاسمانی یە کە خاوەنی زاتی خواوەندە ، ئەو بە ئارەزووی خۆی هاتە سەر زەوی و ڕەزامەند بوو تا ئەو بدەن لە خاچ ، تا یەکەمین گوناحی بشۆرێتەوە و ببەخشرێت ، و دووبارە بڕواتەوە بۆ ئاسمان ، و لە دەستی ڕاستی باوکی دابنیشێت ، و هێزی ڕەهای ژیان و مردن لە دەست بگرێت . ئەگەر ئێمە یەکبگرین لە گەلْ شێوەی مردنی ئەودا ، بێگومان هەمان شێوەی ئەو دەبین ) رومیان 5-6

---

1- هاوشێوەی ئەم شێوە بیرکردنەوە ، لە حەدیسێکی قودسی بەرچاو دەکەوێت ( لولاك لما خلقت الافلاك ) کە موسڵمانەکان لە محمدەوە ڕیوایەتیان کردوە .

لە سەر بنەمای فێرکراوەکانی پۆلس ، ئیمان دار بە پەیوەندی کردن بە عیسا وەو ئیمانی تەواو بە ئەو نەتەنیا گوناحەکانی خۆی ڕزگار دەبێت ، بەڵکو ژیانێکی جاویدانیشی دەبێت ، کەسی ئیماندار بە ئەنجامدانی چەند مەراسمێکی وەکو شۆردن و خۆ پاکردنەوە ، پەیرەوی کردن لە دەستورو کردەوەی عیسا و وابەستەیی خود بە مەسیحەوە بسەلمێنێت .

پۆلس خۆی پابەند کردبوو ، کە بۆ هەژارەکانی کڵێسای ئورشەلیم و جۆرێک هاوکاری کربکاتەوە و ببیات بۆ ئورشەلیم ، بەڵام کاتێک گەیشتە ئورشەلیم ، یەهودیەکان پەلاماریانداو دەست گیریان کرد ، . چوونکە پۆلس خاوەنی شوناسی هاوڵاتیەتی ڕۆمی بوو ، وای دانا کە لە ڕۆم ئەو ئازاد دەکەن ، داوای کرد تا ئەو بۆ دادگایی کردن ببەنە ڕۆم ، لە ڕۆم پاش ماوەیەک لە زیندانی و ئەشکەنجەدانی ، بە تاوانی بەرپا کردنی ئاژاوەوە لە ناو قەڵەمرەوی فەرمانڕەوایەتی ڕۆمدا ، سزای مردنیان بە سەردا سەپاند . بەڵام کاتێک پۆلس لە گۆڕەپانەکەدا نەما ئایینی مەسیح لەگەڵ ئەو باوەڕانەی کە خۆی ئەفراندبوونی بە ئەندازەی پێویست تەشەنەی سەندبوو ، بەشێکی زۆر لە هۆزە جیاجیاکانی یەهودی و یونانی و ڕۆمی لە ژێر ئالای مەسیح – خودا کۆبووبوونەوە ، تا ئایینە کە بتوانێت ، بەبێ بوونی پۆلس بە سەربەخۆیی درێژە بە ژیانی خۆی بدات .

پەرەسەندن و پێشکەوتنی ئایینی عیسا لە ناوەندی مەسیحیەتدا ، لە پلەی یەکەمدا ، ئاکامی هەوڵی بێ ئەندازە و فیداکاری شەو و ڕۆژی پۆلس و ئەو نێردراوەکانی تری باڵی میان ڕەوەکان بوو ، لە پلەی دووەمیشدا بە هۆی بوونی کەنیسەکانی یەهود لە سەرانسەری وڵات و ناوەندی دەریای مدیترانە و ناوەندە گشتی و بازرگانیەکان و قەڵەمرەوی فەرمانڕەوایی ڕۆم بوو ، لەم شارانەدا یەهودیەکان لە ماوەیەکی زۆر زەوەو کەنیسەیان بۆ کۆبوونەوەو عیبادەت دروست کردبوو ، لە هەر کوێ کە ئایینی موسا بوونی هەبوو ، ئایینی عیسا شوێن پێی هەڵ دەگرت و مەراسیمی پەرستن و پرۆپاگندەی خۆی لە هەمان کەنیسەی ئامادە کراوەکاندا ئەنجام دەدا . کاتێک یەهودیەکان وە خەبەر هاتنەوە و بەرگریان لە مەسیحیەکان کرد بۆ ناو کەنیسەکان کۆمەڵگەی مەسیحی لایەنگری زۆری لە ناو چینە جیاجیاکانی خەڵکدا دروست کردبوو ، لەدەست دانی کەنیسە بە شێوەی جێگای کۆبوونەوە ڕێگرنەبوو لە بەردەم فراوان بوونی ئایینی مەسیح لە ناو خەڵکدا ، پرۆپاگندەی ئایینی بە هەمان خێرایی دەستی پێ کردوو درێژەی بە کارەکانی خۆی دا ، ئەم پرۆسەیە یەکەمین جار لە ناو یونانی نشینەکانی ناوەدە بازرگانیەکان دەستی پێ کردوو پاشان لە ناو چینە جیاوازەکانی خەڵک پەرەی گرت و لە هەموو مەودا جوگرافی یەکان چالاکی و پرۆپاگندەی ئایینی دەرکەوت ، بەجۆرێک کە جگە لە ئەوروپا تا سنووری دیجلەو سنوورەکانی خۆرئاواو ئێران لە خۆر هەڵات و تا حەبەشە لە باکورو پێشکەوت .

نابێت ئەوە لە یاد بکەین کە کڵێسا لە بەدی هاتنی مەسیحیەتدا و ئەوەی کە ئەمرۆکە جێگەی باوەڕی مەسیحیەکانی جیهانە ڕۆڵی زۆر گرنگی لە ئەستۆ بوو ، چارەنوسی بە و شێوەیە گۆڕی کە کڵێسا دیاری کردبوو . بەو جۆرەی هەتا لە نامەکانی پۆلس و ئینجیلەکاندا بە سەرنجدان بە هەمان سیاسەت ، سەر لە نوێ ئەو نامانەیان داڕشتەوەو گۆڕان کاریان تیادا کرد ، بە شێوەی ناوەندی ناوەندی مەسیحیەت بوە جێی پەرستن . توێژەران هەر سیانزە نامەکەی کە پەیمانی نوێ ( عهد جدید ) بە ئایدیای پۆلسی ناوزەد دەکەن .

بە ڕەسەن و دەست لێنەدراوی نازانن و هەتا هەندێک لەو دەقانە بە تەزویر و ساختە ناو دەبەن . لە هەمان ئەو نامانەدایە کە ئەندێشەی عیبری بوونی ڕۆمیەکان لە هەمبەر کوشتنی عیسا بۆ یەکەمین جار لە

مەیسحیەتدا بەرچاو دەکەوێت . یەهودیەکان بە بکوژی عیسا و ئەو پەیامبەرەکانی تر ناو دەبەن . لە کاتێکدا کە هزری بێ بەری بوونی ڕۆمیەکان لە کوشتنی عیسادا پەیوەندی بە چەندین ساڵ دووای مردنی پۆلسەوە هەیەو دەگەڕێتەوە بۆ ئەو سەردەمەی کە ئەشکەنجەو ئازاری مەسیحیەکان لە لایەن ڕۆمیەکانەوە گەیشتبوە بن بەست . و مەسیحیەکان بۆ وەلا نانی زوڵمی ڕۆمەکان و بەش کردنی دوو ئایینی یەهودی و مەسیحی ، گەیشتنە ئەو دەر ئەنجامە .

بە قبوڵ کردنی مەسیحیەت لە لایەن یونانیەکانەوە وردە وردە چەمکی مەسیحیەت لەگەڵ فەلسەفەی یونانی تێکەڵاو بوو بە بەکار هێنانی دەستەواژەی یونانی ڕاستەی درایەو بوە ئایینێکی پتەو ، کە دەی توانی لە گۆڕەپانی فەلەسەفەی گشتیدا خۆی نمایش بکات . ڕێکخراوی کەشیشی و ڕێبەری گەورە بۆ بەرجەستە کردنی یەکێت و یەک بوونی ئایینی لە کۆمەڵگەی مەسیحیەتدا بەرپا کرا . ڕێگە بە پرۆپاگندە چیانی کەسیحی درا ڕێبازی کاتۆلیک بە شێوەی ئاینێکی لە پێشتری جیهانی ڕابگەیەنرێت .

لەو سەردەمانەی کە پۆلس بەڕێوەبردنی کلێسای لە ئەستۆ بوو ، عیبادەتی مەسیحیەکان بریتی بوو لە :

1-کۆبوونەوە لەو جێگایانەی کە ڕێسای کلێسای تیا بەرپا دەکرا ، چەند دەقێک لە تەورات و مزامیر دەخوێنرایەوە و نوێژو نزا لەم کۆمەڵەیەدا هەموو کەس هەتا ئەو کەسانەی کە ئیمانیان بە مەسیحیەتیش نەبوو دەیان توانی بەشداری بکەن .

2-میواندریو سوپاس گوزرای ، کە تایبەتمەندیەتی ئیماندارانی عیسابوو ، لەو کۆبونەوەیەدا ، سفرەی خواردن کە پێی دەوترێت ئاگاپ ( - agapeجەژنی محبت ) لە بەردەم ئامادەبواندا ڕادەخرێت و پێش دەست کردن بە خواردن ، بە یادی دواهەمین شەوی عیسا ، لەگەڵ دابەش کردنی نان و شەراب بۆ ئامادەبوان ، ڕێکدەخرا . بەتەدریجی کە مەودای مەسیحیەت فراوانتر بوو ڕیچژەی مەسیحیەکان زیاتر بوو ، ڕێکخستنی ئەم مەراسیمە ئیتر گرفت بوو ، مەراسیمی میوانداری سوباس گوزاری ، گۆڕا بۆ مەراسیمی ئێوارە خوان و پاش کۆتایی هینان بە پەرستن لە کلێسا کان .ئیمانداران پاک دەکرانەوە . پاش تەواو کردنی نوێژ و نزاکردن ، لە کلێسا دەمانەوە و مەراسیمی ئێوارەخاونیان ڕێک دەخست . بە تێپەڕینی کات مەراسیمی تریش بۆ ناوەندی مەسیحیەکان دروستب بوو ، کەسی خۆبەخش دەیە ویت کە خولی فیرکراوەیی ببینێت و تاقیکردنەوەی ئەنجام دەدا تا ئامادە بێت بۆ پاک بوونەوە . خۆ پاکردنەوە بەگشتی ، لە ڕۆژانی فسح دا ئەنجام دەدرا، خۆبەخش جلێکی سپی لە بەر دەکرد پاش پاککردنەوە مەراسیمی ( بروا پێهێنان – تصدیق دادن ) پاش ئەوەیش لە ئایینی مەسیحدا دەبێت بە ڕۆن چەوربکرێت . کەشیشەکە بە دەستی چەورکراوەوە لە سەر سنگی ئەو کەزسەی تازە پاکی دەکاتەوە دەکێشێت و ئەویش پەیمان دەدات کە خودا دێرینەکان واز لێ بهێنێت و بە ئیمانی تواوەوە پەیرەوی لە یاسای مەسیح بکات .

بۆ بەرگری کردن لە دروست بوونی هەر جۆرە باوەڕێکی پێچەوانە ، بیدعەیە و لە بونیادی ئایینی نوێی مەسیحدا فۆرمێک ڕێکخراوە ، کە بە باوەڕنامەی نێردراوەکان ( the apostlescreed ) ناوزەد کراوە کەسی خۆبەخش دەبوایە ئەو فۆمەی پربکردایەتەوە : (من ئیمانم بە خودای باوک و بە تەنیا عیسای کوڕی ئەو خوداوەندی ئێمە کە لە ڕۆحی پیرۆز و مریەمی عزرا لە دایک بووە و لە پەیمانی پیلاتۆس و پۆنتیوس لە خاچ دراو نێژرا و لە ڕۆژی سێیەم لە ناو مردوەکان هەستایەوە و بەرەو ئاسمانەکان بەرز بویەوە ، و ئێستا لە تەنیشتی باوک دانیشتوە ، و لەوێوە جارێکی تر دێتەوە و لە بارەی زیندوەکان و مردوەکانەوە بە دادپەروەریانە دادگایان دەکات . من ئیمانم بە ڕۆحی پیرۆز و کلێسای پیرۆز و لێخۆش بوون لە تاوانەکان و ڕۆژی زیندوبونەوەی مردوەکان لە پاش مردنیان هیە )

مەسیحیەکان بۆ بەڕێوەبردن و ڕێکخستنی دۆخی خۆیان ، ئەنجومەنێکیان لەو کەسانەی کە پێشینەی ئەزمونیان هەیە دروست کرد .یەک کەسیان بە سەرۆکی ئەنجومەنەکە دیاری کردوو ، ئەویان ناو نا (اسقف – واعیز – پێشەوای ئایینی ) لە ناوەندی مەسیحیەتدا ، فیرکردن و ئامۆژگاری تایبەت بوو بە نێردراوەکان ، کە لە شارە جیاجیا کان دە سوڕانەوە و لە جێگای کۆبونەوەی مەسیحیەکاندا خوتبەیان دەدا . بە لە ناو چوونی نێردراوەکان ، پرۆسەی فیرکردن و وتاردان ، درایە دەست واعیزەکان ، ئەم ڕیچکخستنە دواتر شێوەیەکی جێگیری بە خۆی گرت . پلەی واعیزەکان ، لە سەرەتادا لە ناو کۆمەڵی مەسیحیەکانی خۆرهەڵات ، وەکو ئاسیای بچوک و سوریا دروست بوو ، لە کۆتایە کانی سەدەی دووەمیشدا لە ڕۆم جێگیر کرا .

ئینگناسیوس ، ڕێبەری مەسیحیەکانی ( ئینتاکیا ) شارێکی مێژوویی سوریایە و دەکەوێتە نزیک دەریای ناوەڕاست ( لە ویکیپیدیادا سەیریکە ) ، لە یەکەمین واعیزەکانی کلێسایە ، ئەو باوەڕی بە دەسەڵاتداریەتی واعیزەکان بوو ، و دەی وت : کە پایەی واعیزی ، لە لایەن نێردراوەکانەوە ، بەوان بەخشراوە . واعیزەکان جێگە نشینی هاوەڵان و نوێنەری مەسیحن ، و دەرکەوتەی خودان لە سەر زەوی . بەم جۆرە واعیزەکان شیاوی وەلا نان نین . ڕاسپاردەکانیان دەبێت جێ بەجێ بکرێت .

لە ناوەندی مەسیحیەتدا ، کە هێشتان کتێبێکی داڕێژراوی بە ناوی ناوەندی مەسیحیەت دانەڕێژرابوو ، هەر ناوچەیەک لە ژێر فەرمان و بڕیاری واعیزی ئەو ناوچەیەدابوو . پاش ئەوەی کە ، ( مارکیۆن ) ناوەندێکی بۆ خۆی پێک هێنا و کلێسایەکی سەربەخۆی بونیاد نا ، واعیزی ڕۆم کە لە سۆنگەی گرنگی شاری ڕۆمەوە خاوەنی ئیمتیازی تایبەت بوو ، کلێسایەک و ناوەندێکی دامەزراند . لە سا ی 200 میلادی ، واعیزی ڕۆم سیستەمێکی دامەزراند لە سەر بنەمای واعیزیی لە تەواوی ئەو ناوچانەی کە مەسیحی نشین بوون . واعیزی ڕۆم پلەیەک بەرزتر لە تەواوی واعیزەکان کە ناونرا بە ( پاپ ) دیاری کرا . لە هەندێک دۆخدا کە جیاوازی ئایدیایی لە بابەتی ئایینیدا دروست دەبوو ، ڕای کلێسای ڤاتیکان یەک لا کەرەوە بوو . ئەمرۆکە پاپ بە شێوەی نوێنەری عیسای مەسیح ، لە سەر زەوی لە کۆبوونەوەیکی تەواوی کاردیناڵەکانداهەڵدەبژێردراو سەرۆکایەتی باڵا ی لە سەر تەواوی ڕێکخراوە ئایینیەکانی مەسیحیەت هەبوو .

پاش مردنی نێردراوەکان چوونکە ترسی ئەوە لە ئارادا هەبوو کە ئەو باوەڕەی پۆلس پایەکانی داڕێژابوو بایەخی پەیدا کردبوو لە یادگەی خەڵ بسڕێتەوە ، لە بەر ئەوە مەسیحیەکان هەوڵی ئەوەیاندا کۆی نوسراوەکان کۆبکەنەوە ، تا مێژوو سەرگوزشتەی بونیاد نەری ئایین و باوەڕی ئایینی بە زیندویی بمێنێتەوە . پاش سەد ساڵ دوای لە خاچ دانی عیسا ، دارشتنێکی لە سەر قەلیدی کتێبی پیرۆزی یەهود و بە هەمان ناوەڕۆک و شێوەی نوسین نوسرایەوە . یەکەمین کەسێک کە لە هەوڵی کۆکردنەوەی ئەو نوسراوانەو دارشتنەوەی دا بوو ، پاشکۆی پەیوەندی دارو بنەماکانی باوەڕی مەسیحیەتی ئامادەکرد ، مارکیۆن بوو ، ئەو بە تەقلید کردنەوەی ناوەندی یوهود لە ساڵی 145 زاینی ، یەکەمین ناوەندی مەسیحیەتی بونیاد نا ، ناوەندی مارکیۆن پێک هاتبوو لە 10 نامەی پۆلس و ئینجیلی لۆقا ، کە هاوپێچ بوولەگەڵ کتێبی پیرۆزی یەهود . بنەمای باوەڕی کلێساکەی ئەوی پێک دەهێنا ، مارکیۆن کەوتە شرۆڤە کردنی نامەکانی پۆلس و بە بۆچوونی خۆی ئیزاەکاری تیادا کردن کە دواتر بونە پاشکۆ .

کلێسا بە چاودێری لە گەڵ مارکیۆن دەستیان کرد بە کۆکردنەوە دارشتنەوەی دەقەکان و بە پەیرەو کردن لە ڕەوشی مارکیۆن بە بەکار هێنانی دەستەواژەی پێویست. لە کتێبێکدا کە بۆ ناوەندی کلێسا ئامادەکرابوو دارشتەوە . تا سەدەی چوارەمی پێش زاین دەرێژەی کێشا ، . بوونی ئینجیلە جیا جیا کان و نامەی زۆر ، گرفتی بۆ کاری بڕیاردان و هەڵبژاردن دروست دەکرد . ئینجیلە کان و نامەکان کە بۆ پاشکۆی کۆمەڵەی ناوەند هەڵدەبژێردرا . بۆ پراکتیک کردنی ئەوانە ە گەڵ سیاسەتی کلێسا دا ،

پێویست بە دووبارە دارشتنەوە یانی دەکرد . کڵێسا پاش گەیشتنە دەسەڵات تەواوی نوسراوەکانی پێشوی کە لەگەڵ سیاسەت و فیرکراوەئایینەکانی کڵێسادا هەماهەنگی نەبوو ، سوتاندی و لە ناوی بردن . ئاشکرابوو کە کڵێسا بە هۆی بایەخی مەنتیقی بون یان مێژوویی بوونی نامەکانەوە قبوڵ نە دەکرد ، بەڵکو لە هەڵبژاردنی ئەو نامانەدا باوەڕی شەخسی و کاریگەری نفوزی نامەکان لە ناو خەڵکدا جێگەی سەرنج بوو ، جیاوازی بۆچوونەکان دەربارەی بابەتی ئایینی وەکو خوداوەندیەتی عیسا و دایکی دەهاتە پێش کاری ڕێکخستنی ناوەند ئاڵۆزتر دەکرد . هەندیک لە ئەسقە فەکان ، وەکو ئاریوس گەیشتبونە ئەو باوەڕەی کە عیسا خودا نیە بەڵکو بونەوەرێکە کە بە هۆی خۆداوە خولقاوەو ئەوی پلەیەک لە خوار خوداوە دادەنا ، کڵێسا سەرەڕای تەکفیر کردنی واریوس بۆبەرگرتن لە ئاشکرا بوون و بڵاو بوونەوەی ئەم جۆرە باوەڕانە و دەرکەوتنی بۆ چوونەکان ، هەندێک لە هەڵبژێراوانی خۆی بە ناوی ( ڕیفۆرمیستەکان ) بەرپرسیار لە داڕشتنەوە و پێدچوونەوە بە کتێبەکاندا دیاری کرد . تا هەماهەنگیەک لە ناو دەقە کان و سیاسەتی کڵێسا دا دروست بکەن . ئەم پێداچوونەوەو داڕشتنەوەیە لە کۆتاییەکانی سەدەی دووەمی زایینی دەستی پێکرد . نامە وەهمی یەکان یان ئەوانەی کە گومان لە ڕاستی و دروستیان هەبوو خرانە پاڵ یەکێک لە نێردراوەکان ، و هەمان شێوەش ئەو نامانەی کە لە گەڵ سیاسەتی ئایینی کڵێسادا هەماهەنگ بوو لە دەقینی ناوەند دەرهێنران و کڵێسا وەک بەشی کتێبی ( عهد جدید – پەیمانی نوێ ) دانا و پاش ئەم پێداچوونەوە و داڕشتنەوەیە وەک بەڵگە و کتێبی فەرمی کڵێسای مەسیح ڕایان گەیاند .

یەکێک لە گۆڕانکاریە گرنگەکان کە لە نوسراوو نامەکانی ئەو سەردەمدا بەرچاو دەکەوێت ، ئەو هەوڵەیە کە کڵێسا و پرۆپاگندە چیەکانی ئایینی بۆ سەرنجڕاکێشان و هاوکاری ڕۆمەکان بەلای خۆیاندا ئەنجامیان دەدا . کڵێسا گەیشتە ئەو دەرئەنجامەی کە بە بێ بە دەست هێنانی پشتگیری ڕۆم ئایینی عیسا ناتوانێت بڵاو ببێتەوە ببێتە ئایینێکی جیهانی و ئەم ئاینە بۆ هەمیشە وەک گروپێک یان ئایینێکی ناوچەیی قەتیس ماو بۆ هەمیشەیی دەمێنێتەوە . لە لایەکی ترەوە ، ئیمپراتۆری ڕۆم ، کە لە ئەنجامی سەر لێشێواوی بەردەوامی گەلی یەهود یەکان لە فەلەستین ، نیگەران و توڕەبوون . کەوتنە ئازارو ئەشکەنجەدانی یەهودیەکان لە سەرانسەری قەڵەمڕەوی فەرمانڕەوایەتی ڕۆمدا . لە سەردەمی فەرمانڕەوایەتی (دومی سیان – domicianus) (81- 96 زایینی ) فەرمانڕیوایەتی ڕۆم یاسایەکی داڕشت ، کە ئەگەر هەرگەسێک یەهودیەت وەک ئایین پەسەند بکات توشی سزای لە سێدارەدان دەبێت و ماڵ و موڵکیشی داگیر دەکرێت .

چوونکە ڕۆمیەکان ، مەسیحیەکانیشیان بە بەشێک لە یەهودیەکان دەزانی ، ئەو یاسایەی یاسایەی کە لە سەر یەهودیەکان دانرا ، هاوکات لە هەمبەر مەسیحیەکانیش هەمان شێوە جێبەجێ دەکرا . ئەوەی کە توڕەیی ڕۆمیەکانی لە هەمبەر مەسیحیەکان زیاتر دەکرد . ئەوە بوو کە مەسیحیەکان ن بە هۆی کاری ڕۆژانەیان مەراسیمی پەرستنی خۆیان لە بەرەبەیان یان لە شەودا و بە نهێنی ئەنجام دەدا . ڕۆمیەکانیش ئەم نهێنیی کاریەیان بە مەترسی جدی و دژی ئیمپراتۆری و دەزانی . قبوڵ کردنی مەسیحیەتیان لە بەرانبەر سەر کێشیەکانی حکومەکانی ئیمپراتۆری دا ناوزەد دەکرد . بۆ ڕیشە کێش کردنی مەسیحیەت ، دەکەوتنە کوشتن و ڕاوە دوو نان و فشار خستنە سەر مەسیحیەکان . یەکەمین کوشتاری گەورەی عیساییەکان لە مردەمی ( ترون کە دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی 64 زایینی ) ڕویدا . و دوای ئەوەش تا ماوەی یەک سەدە بەردەوام بوو . مەسیحیەکانیان بە درندەترین شێوە دەکوشت و یان دەرخواردی شێریان دەدان . لە سەردەمی هادریا دا ڕەفتاری ڕۆم ، لە گەڵ مەسیحیەکاندا ، بەرەو باش بوون ڕۆشت ن بەڵام ئەم باش بونەش درێژەی نە کێشاو لە سەردەمی مارکوس ئەوری لیوس ( 161 -180زایینی ) فشارو ئەشکەنجەو ئازاری مەسیحیەکان دەستی پێکردەوە و تا ماوەیەکی زۆر ە شێوەیەک لە شێوەکان بەردەوام بوو .

کڵێسا بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو بارودۆخە دژوارە و پارێزگاری لە پەیڕەوکارانی ، پیادە کردنی سیاسەتێکی نوێی بە زەرور زانی ، و بۆ لەلادانی شمشێری ڕۆمیەکان لە سەریان لە چەندین لایەنە وە کەوتنە چالاکی ، ئایینی عیسا بە ئایینێکی جیا لە ئایینی یەهودیان ڕاگەیاند و لە گەڵ ڕۆمیەکان هەماهەنگیان کردوو کەوتنە نەفرەت کردن و پرۆپاگندەی خراپ لە یەهودیەکان . یەهودیەکانیان بە قیزەون ناودەبرد . نزاکردنیان بۆ ئیمپراتۆر کردە بەشێک لە دروشمە فەرمیەکانی خۆیان . کەم کەم کار گەیشتە ئەوەی کە ئیمپراتۆر ببێتە پەیوەندی نێوان خوداو مرۆڤ ، و پاش خودا پێویستە لە ئیمپراتۆر بترسیت . بەوەی کە لە تەواوی قەڵەمن ڕەوی فەرمانڕەوایەتی ڕۆمدا داڕشتن و دەرکردنی فەرمانی نوێی سزای لە سێدارەدان کە لە دەسەڵاتی فەرماندەکانی ڕۆم لە ناوچەکەدا بوو ، کڵێسا بۆ دڵنەوایی ڕۆمیەکان ، پیلاتۆس فەرمانڕەوای ڕۆمی لە فەلەستین لە سەردەمی سزای لە سێدارەدانی عیسا دا کە پیاوێکی توند و زاڵم و دڵڕق بوو ، بە مرۆڤێکی بە ستراتیژ و والیەکی میهرەبان و بەرگری کاری کوشتی عیسایان لە قەڵەمدا کە گوایە هەڵی داوە عیسا لە مردن ڕزگار بکات . هەتا بە هۆی نزیکی بوونەوەی جەژنی ( فصح ) وە پێشنیاری ئازاد کردنی عیسای بۆ یەهودیەکان کردووە . بەڵام ئەوە یەهودیەکان بوون ، بە بزواندنی کاهینەکان بە یەک دەنگ هاواریان دەکرد و داوایان لە پیلاتۆس دەکرد سزای لە سێدارەدان جێبەجێ بکات .

( پیلاتۆس ، وتی کە بۆچی ئەو چی خراپەیەکی کردووە ؟ یەهودیەکان هاواریان کرد لە خاچ بدرێت ، چوونکە پیلاتۆس بینی کە بەرگری کردن هیچ ئەنجامێکی نابێت ، و ئەگەری سەهەڵدانی ئاژاوەی لێدەکرێت . داوای ئاوی کردوو لە بەردەم خەڵکەکەدا دەست و قاچی شوشت و من بێبەریم لە ڕشتنی خوێنی ئەم کەسە داپەروەری ببینن . تەواوی یەهودیەکانیش وتیان خوێنی ئەو لە سەر ئێمەو نەوەکانی ئێمە ) ئاشتی خوازی کە لە ناو ئیماندارانی مەسیحیەکاندا بوونی هەبوو ، دەستی هاوڕێیەتی کڵێسا بۆ لای ڕۆم . دوواجار کاریگەری هەبوو ، ئیمپراتۆرەکانی ڕۆم بۆ ڕووبەڕوو بوونەوەی دوژمنە دەرەکیەکان کە هەڕەشەبوون لە سەر بوونی ڕۆم ، نەرمونیایەکی زۆرتری دەویست بۆ گشت گروپەئایینیەکان بە پێویست دەزانی لە بەرانبەر گروپە ئایینیەکاندا ، تا بتوانێنت لەوانە سەرباز و پیاوی جەنگاوەر دروست بکات . بەم جۆرە ، پێداچوونەوەی بە سیاسەتی توندوتیژی لە هەمبەر مەسیحیەکان کردوو ، بە تەدریجی هاوسۆزی خۆی بە ئایینی مەسیحیەوە پیشاندا . لە ساڵی 311 زایینی ، فەرمانێک دەرکرا ، کە لە هەمبەر بە فەرمی ناسینی ئایینی مەسیحی بوو بە شێوەی ئایینی فەرمی ، و مەسیحیەکان بۆ هەمیشە لە ئەشکەنجەو ئازار دورکەوتنەوە .

دووسالچ دواتر هەموو موڵکی کنستانتینی مەسیحیەکان کە دەست گیرابوو بە سەریا بۆی گەرایەوە و نەرمی و هاوسۆزی کە ڕۆم لە هەمبەر مەسیحیەکان پیشانیاندا ، بوە هۆی پێشوازی کردنی زیاتری خەڵک بۆ ناو ئایینی مەسیح ن و ڕێکخستنیان لە سەرانسەری ئیمپراتۆریەتی ڕۆمدا ، کنستانتین بۆ سود وەرگرتن لە هێزی ئەو خەڵکە زۆرە بۆ بە ئەنجام گەیاندنی مەبەستە سیاسیەکانی خۆی ، سەرۆکایەتیەکی باڵای کڵێسای لە ساڵی 325 زایینی دیاری کرد و ڕۆژی یەکشەممە کە ڕۆژی لە دایک بوونی ( میترا ) و ڕۆژی خۆر بوو کردە پشوی گشتی و ئایینی و ڕۆژی حەوانەوە لە سەرانسەری ئیمپراتۆریەتی ڕۆمدا ڕای گەیاند . یەکەمین ئەنجوومەنی سەرانسەری کڵێسای مەسیحی کردەوە و مەسیحیەتی بە شێوەی ئایینی فەرمی ڕۆم و خاچی بە شێوەی سیمبولی فەرمی مەسیحیەت ناساند .

لەم مێژوەو بە دواوە ، بە جەنگ و خویچن ڕشتن ، تەواوی حکومەتەکان و دەوڵەتەکان ، لە قارەی ئەو روپا ، پەیوەست بون بەو ئایینەوە و ڕێنیسانسی کڵێسا بوە فەرمانڕەوای ڕەهای دڵ و هزری خەڵکی ئەو روپا . لەو سەردەمەدا دەوڵەت بە هێزی سەربازی خۆی مانەوەی کڵێسای مسۆگەر دەکرد وو کڵێسای وەک یەکێتی گشتی و پەرستنی خەڵک لە هەمبەر فەرمانەکانی دەوڵەتی فەراهەم کرد . ئەو هاوکاریە ی

کڵێسا لە ژێر سەرۆکایەتی ئیمپراتۆری تا سەدەی شەشەمی زایینی درێژەی کێشا و ئیمپراتۆری رۆم هێزی بیچ هاوتای کڵێساو ئەسقەفەمەزنەکان و هەڵبژێردراوی خودا بوو .

( یوستینیان ) ( 527 -565 زایینی ) ئیمپراتۆری رۆمی خۆرهەڵات و بونیات نەری کڵێسای حیاصۆفیە ، رای گەیاند کە گرنگترین وەزیفەی ئیمپراتۆر گەیشتنە بە دۆخی باوەڕی مەسیحیەکان .

لە ناوەندی مەسیحیەتدا ، سەرەتای سالآنی بونیاد نانی کڵێسا رۆحانیەکان بە نەرمی یەوە لەگەڵ خەڵک مامەڵەیان دەکرد و لەگەڵ دژەکانی مەسیحیەتیشدا جگە لە نەفرین کردن و ناوناتۆرە هیچی تریان نەدەکرد ، بەڵام پاش بە دەستەوە گرتنی دەسەلآت لە لایەن کڵێساوە و راگەیاندنی مەسیحیەت بە شێوەی ئایینی فەرمی ئیمپراتۆری رۆم ، فشارەکانی رۆحانیەکان بۆ سەر خەڵک بۆ بە ئەنجام گەیاندنی نزاو پەرستن و نۆرمی ئایینی و بەکار هێنانی توندو تیژی لە بەرانبەر موخالیفەکان زیادی کردوو ، شێوەیەکی نوێی بە خۆوە بینی ، لە و مێژووە بە دواوە ، کڵێسا بوە سەروەری خەڵک ، بە فشارو زۆری حکومەت ، باوەڕی ئایینیان بە خەلچ جێ بەجیچ دەکرد ، هەرکەس دژ بە کڵێسا قسەی بکردایە ، بە بەهانەی ئەوەی کە شەیتان چووتە گیانیەوە ئەشکەنجەو ئازاریان دەدا، هەتا مەزنەکانی کڵێسا وەکو سنت ئوگەستن و تۆماس ئاکینۆ ، باوەڕیان وا بوو ، کە تەنیا وەدەرنانی ئەو دەستەیە لە ناو کڵێسا بەس نیە ، بەڵکو پێویست بوو جیهان لە بوونی ئەمانە پاک بکرێتەوەو ئەوانە لە سێدارە بدرێن .

دۆگمایی ئایینی ئەو کەسانەی کە بە ناوی فیرکراوەکانی عیسا وە پێویستە سەرلەبەری بە خۆشەویستی و سۆزەوە بێت لە هەمبەر دەورو بەر . بە تەدریج بوە ئاژەڵێکی درەندە کە لە هیچ تاوانێک بۆ چەسپاندنی ئەو باوەڕە پوچ و بێبایەخانە دەستیان نەپاراستوە . یەکەمین تاوان لە ساڵی 358 زایینی واتا چلو پێنج ساڵ پاش فەرمانی کنستانتین و قبولچ کردنی مەسیحیەت بە شێوەی ئایینی فەرمی ئیمپراتۆری رۆم لە ئیسپانیادا رویدا . پیاوێکی رۆحانی کە بە زیندوبوونەوە رۆژی دوایی باوەڕی نەبوو ، دایان لە ملی و تەواوی پەیڕەوانی ئەویان لە ئاگردا سوتاند ، و لە ساڵی 388 زایینی سیناگۆک یەهودیەکانی رۆمی بە ئاگر سوتاند و وێرانی کردن . لەو کاتە بە دواوە ، تا سەردەمی رێنیسانس و شۆڕشی فەرانسە ، بەشێکی زۆر لە مەسیحیەکان تاوانی زۆریان ئەنجامدا و خەڵکیان بە زیندویی دەخستە ناو ئاگرەوە ، لە سەدەی شەشەمی زایینی دا ئیمپراتۆری رۆم یاسایەکی دەرکرد کە لە سینای رۆمدا تێکۆشانی دژی ئو کەسانەی پێچەاونە دەرست پێکرد .

پاش هێرشی ئەلمانیەکان لە باشورەوە بۆ رۆم و داگیر کردنی ئەو شارە ئیمپراتۆری رۆم بۆ جاری دووەم خۆی ئامادە تەجزیە کردەوە ، ناوەندی ئیمپراتۆری گواستەوە بۆ قوستەنتەنیە ، بەڵام پاش هەمان شێوە ، لە رۆم مایەوە ، کلێسا دابەش بوو بۆ دوو بەشی خۆر ئاواو خۆر هەلآت . پاپ لئۆن یەکەم ( 411 -460زایینی ) بوە فەرمان رەوای رەهای رۆم ، هێرشە یەک لە دوای یەکەکانی هۆزە جیاوازەکان ( ( visigothsو ( bugandians )( vandals ) (ostrogoths ) پایەی ئیمپراتۆری رۆمیان هەڵوەشاندە وە . گەرچی ئەم هۆزانە لە ئەنجامی کاریگەری فێرکراوەکانی کە لە لایەن پرۆپاگندە چیەکانی ئایینەوە بە دەستیان هێنابوو . پاپ یان وەک سۆز و خۆشەویستی دانابوو ، و دەستیان بۆ موڵک و ماڵی ئەو نەبرد . ەڵام سەرانسەری ناوچەی باشوری ئیتالیایان وێران و خاپور کرد .

لە سەدەی حەوتەمی زایینی . جارێکی تر قەڵمڕەوی ئایینی مەسیحیەکان لە هەردوولای خۆر ئاواو خۆر هەلآتەوە ، کەتە بە هێرش و پەلاماری عەرەبە موسڵمانەکان . بەرگری ئازایانەی رۆمیەکان ، لە شاری قوستەنتەنیە ، بەربە زیادە رشەوی عەرەبەکان گرت لە خۆر هەلآت . هاوکات لە خۆرئاواش ، لە شەرێکدا کە لە ساڵی 732 زاینی لە پۆئاتیە رویدا ن عەرەبەکان بە دەستی شارل مارت ( charles

(martel) توشی شکستێکی گەورە بوون . و گەڕانەوە خاکی ئیسپانیاو لەوێ نیشتە جێ بوون .
دەرئەنجامی ڕاستەو خۆی هێرشەکانی عەرەبەکان بۆ سەر ناوچەکانی ئەو روپا و پارچەکردنی یەکجارەکی کڵێسا بە دوبەشی خۆر هەڵات و خۆر ئاواوە . ئیمپراتۆری خۆرهەڵاتی ڕۆمیەکان لە ئەنجامی کاریگەری ڕەخنەی تەندی موسڵمانەکان و هەتا هەندێک لە خودی مەسیحیەکان ، لە بارەی ڕێز گرتن و پەرستنی بیچ ئەندازە کە عیساییەکان لە هەمبەر پەیکەرەکان و وێنەکانی ناو کڵێسا وەک نۆرمێکی گشتی دادەنا . لە ساڵی 736 دانانی وێنەوە پەیکەریان لە کڵێساکاندا قەدەغە کرد . دەستوری ئیمپراتۆر و حکومەتەکەی بەهۆی هێزی سەربازیەوە جێگیر بوو . بەڵام ڕۆمیەکان لە پابەند بوون بەو دەستورەوە فتوایەکیان دەرکرد ، کە هەر کەس ئاستی ڕێز لە هەمبەر ئەو ویچنەو پەیکەرانە بە خواستی خۆی پیادە نەکات . ئەوا گومڕایەو لە ئەهلی ئیمان چوەتە دەرەوە . ئیمپراتۆری ڕۆم لە بەرانبەردا ناوچەی سیسیل لە باکوری ئیتالیا لە قەڵەم ڕشەوی ئایینی پاپ دەرهێناو خستیە ژێر دەستی ئەسقەفەکانی یونانەوە .

چوونکە لۆمباردەکان ( lombards) لە لایی باشوری ئیتالیاوە هەرەشەیان لە کڵێسای ڕۆم دەکرد ، پاپ گریگۆری دووەم لە شارل مارتل کە شکستی بە عەرەبەکان هێنابوو ، داوای هاوکاری کرد . پاپ و شارل مارتل پێش هاتنی لەشکری فەرانساییەکان بۆ ئیتالیا ، هەردوولا یان وەدەرنا . فیلیپ کوڕی شارل لەشکرێکی بۆ ئیتالیا بەرێخستو لۆمباردەکانیان شکست پێ هێناو ناوچەی ڕۆنا (( rovenna لە باشوری ئیتالیا خەڵاتیان کرد بە پاپ . لە ساڵی 800 زاینی ، شاڵمانی کە فەرمانڕەوایەتی بەشی زۆری ئەوروپای دەکرد . هات بۆ ڕۆم و تاجی ئیمپراتۆری کردە سەر پاپ و ئەوی پیرۆز کرد . دوو سەدە دوواتر ناکۆکی لە نێوان هەردوو کڵێسای کاتۆلیک و ڤاتیکان و کڵێسای ئەرسەدۆکسی خۆرهەڵات قوڵتربوویەوەو دەرئەنجام لە ساڵی 1054 زاییني بەیەکجارەکی لە یەکتر جیابوونەوە . لەو ساڵەدا پاپی ڕۆم ، ئەسقەفی قوستەنتەنیە ی تەکفیر کردوو ئەسقەفی قوستەنتەنیەش پاپ ی بە کافر مولحید ناوبرد . هەردوو لقی کڵێسا هەریەکەیان ڕێگای خۆی گرتەبەر .

لە سەدەکانی ناوەڕاستدا ، کڵێسای کاتۆلیک گەیشتە لوتکەی دەسەڵات ، جگە لە هێزی مەعنەوی لە زەمینەی سیاسەت و کۆکردنەوەی سامان سەرکەوتنی باشی بەدەست هێنا ، و چووە ڕزی گەورەترین دەسەڵاتداریەتی ئەوروپاوە . پاشاکانی ولاچتانی ئەوریا لە بەرانبەر هێزو نوفزی مەعنەوی پاپ لە سەر خەڵک ناچاربوون پابەند بن بە فەرمانەکانی پاپ و ئیتاعەتی بکەن . سەروەت و موڵکی کڵێسا گەیشتە ئەو ئاستە کە لە ساڵی 800 زاییني یەک لە سێی خاکی فەرەنسا و بەشێکی گەورەی وڵاتی ئەڵمان و ئیتالیا لە ژێر دەسەڵاتی کڵێسادا بوو . کڵێسا لە موڵکە دورودەستەکانی خۆی بۆ سەرپەرشتی کردنی ئەو موڵکانەی خۆی دەی کردنە موڵکی پاشاکان ، هاوکاری دەزگا حکومی و بەڕێوەبردنی وڵاتی بۆ بەرقەرایی نەزمی گشتی دەرکرد بە لەناو چوونی فیوبالیزم لە ئەوریا فاکتەرەکانی دابەش بوونی ئیمپراتۆ ًری مەزنی کڵێسا فەراهەم بوو . زۆرێک لە دامەزارەوەو موڵکەمانی کڵێسا لە دەست چوون و خرانەوە ژێر دەسەڵاتداریەتی فەرمانڕشەواکان .

بە دەرکەوتنی ئیسلام و داگیر کردنی ئورشەلیم شوێنی لە دایک بوونی عیسا موسڵمانان بەهانەیەکی تریان بۆ بەرجەستە کردنی هێز دایە دەست کڵێسا . کڵێسا جیهادی گشتی ڕاگەیاند پاپ ئۆربنی دووەم ( 11 -urbain) بۆ هەنادانی مەسیحیەکان بۆ جەنگەکانی سەلیبی لە 28 نۆڤەمبەری 1095 زاییني ، ڕاگەیەندراوێکی بڵاو کردەوە :

(موڵک و ماڵی دوژمنان بۆخۆتان دەبێت ، و ئێوە خاوەنی دارایی ئەوانە و گەنجینەو سەروەت و ماڵیان دەتوانن بە غینیمە ببەن . ئەو کەسانەی کە توشی هەر جۆرە لادانێک بوون . بە کوشتن و زیناو تاڵانکردن و ئاگرتێبەردان و سوتاندنی ماڵ و شوێنی نیشتە جێی خەڵکی ، بە بەلاش و بە بێ

هیچ بەرانبەرێک بۆ ئێوە دەبێت . بە بێ مەرج و بە خرۆشەوە پێویستە بەشداری بکەن لە م جەنگەدا. ئەو کەسەی کە لە سەرزەوی پیرۆزدا شەربەتی مەرگ چێژبکات ، و یان هەتا لە ڕێگاشدا بەرەو ئەو جەنگە گیان لە دەست بدات ، بە شەهید ئەژمار دەکرێت و ڕاستەو خۆ دەچێتە بەهەشتەوە )

لە هەموو کوچەوکۆڵانەکانی ئەوروپا بەهۆی تەماح و چاوچنۆکی کۆکردنەوەی سەروەت و سامان و گەیشتن بە بەهەشت ، بەرەو فەلەستین بەڕێکەوتن ، پێشرەوانی ئەو سوپایە لە سەرەتادا دەستیان کرد بە کوشتنی یەهودیەکان کە لە سەر ڕێگایان بوون ، ماڵ مولکیان بە غەنیمە تاڵان کرد . لە نو ڕێگادا چوونکە کەرەستەی ڕەفاهیەتیان نەبوو . ماڵی مەسیحیەکان و کڵێساکانیان تاڵان کرد . کاتێک گەیشتنە ئورشەلیم ، هەر وەک و سوپایەک پارێزگاریان لە شارەکە نەکرد . هەرکەسیان لە سەر جادەکان بینی کوشتیان ، و ماڵو مولکی خەڵکیان تاڵان کرد و یەهودیەکانیان بە زیندویی لە ناو سیناگوگ دا سوتاند . جەنگی دوسەد ساڵەی سەلیبی زۆر بە خراپی ئابڕوی کلێسای برد . لە بەرانبەریشدا لە دامەزراوەی پاپ و کەشییشەکانیشدا گەندەڵی سەری هەڵدا ، و ڕۆحانیەکان بونە خەڵکی چاو چنۆک و دنیا پەرست . لەئیالەتەکانی باشوری ئەوروپا بە تایبەت لە ئەڵمان ئەسقەف و کەشیشەکان کەوتنە دروستکردنی خێزان و پرۆسەی هاوسەر گیری ، لە هەوڵی ئەوەدا بوون کە کارو پلەی ئەسقەفی بە میراتی بۆ نەوەکانیان بمێنێتەوە . ڕەخنە لە گەندەڵی و بێ ئابڕوی دامەزراوەی ناوەندی کلێسا و پاپەکان گیرا . ژنان لە هەر جێگایەک دەگەیشتنە پلەی پاپ بەرتیل و کاری نفوز و بۆرنۆگرافی بوە نەریت . فرۆشتن و کرینی پلەکانی کلێسایی و کوشتن و دەست درێژی و توندوتیژی بۆ سەر ژنان لە ناو ڕۆحانیەکاندا بوە شتێکی ئاسایی . مێرمناڵێکی یانزە ساڵە دەی توانی ببێتە ئەسقەف . چوونکە ئەم ڕوداوانە شکستێکی گەورەی بە سەر ئابڕوو ئیعتیباری کلێسادا هێنا . بەشێکی زۆر لە پەیڕەوانی پاپ کشانەوە . کلێسا بۆ گەڕانەوەی دەسەڵاتی پێشوی خۆی لە سەر خەڵکی ئەوروپا بە بەهانەی هیچشتنەوەی دەقەکانی خوداو ڕیچکخستنی کۆمەڵگەی مەسیحی و ئیماندار بە بنەماکانی ئایین لە سەرانسەری ئەوروپادا دادگای پشکنینی باوەڕیان دروست کرد . لە سەردەمی پاپ ئینوسنسی دووەم ( innozens 11) دادگای پشکنینی باوەڕی بە فەرمی دانا . ئامانجی سەرەکی ، دەستخستن و لە ناو بردنی دژە کلێسا بوو . دادگایی کردن بە لەگەڵ دەست بەسەراگرتنی دارایی و موڵکی تۆمەت باردا دەستی پێ دەکرد ، و خودی تۆمەت بار بە درێژایی ماوەی دادگایی کردنەکە ، لە ناو قەفەز و زینداندندا دەمایەوە . جگە لەوەی کە تۆمەتبار بەو تۆمەتانەی دەدرایە پاڵی ئیعترافی بکردایە یان نەیکردایە تاوانباری سەلمێنرابوو ، ئەو ئەشکەنجانەیشی بۆ بەکار دەهێنرا کە ناچاری بکەن ناوی تر بهێنێت تا ئەوانیش دەسگیر بکەن شاهیدی دان لە دژی تۆمەت بار قبوڵ دەکرا ، بەڵام ئەوەی شاهیدی بێتاوانی بدایە بۆ تۆمەتبار بە شێوەی هاوبەشی تاوان ئەویش دەستگیردەکراو دادگایی دەکرا ، و سەروەت و سامانی تاوان باران لە نێوان پشکنێران و بەرپرسە کانی دەوڵ دابەش دەکرا ، بەڵام پاش ماوەیەک بە فەرمانی پاپ بەشێکی گەورەی سەروت و سامان بۆ کلێسا دیاری کرابوو .

لە ناو گروپە جیاوازەکانی مەسیحیەتدا ، کە پێش هەرشتێک لە ئەنجامدانی کاری پشکنینی باوەڕ و ئەشکەنجەی خەڵک بوو ، توندرەوی و دردۆنگی یان لە خۆیاندا پیشاندا ، دوو گروپی فرانسیس کن و دومی نی کن بوون . ئەم گروپانە کە لەکەسە هەژارو پیشەوەرەکان پێک هاتبوو لە لایەن پاپ گرگۆری یەوە بونە بەرپرسی پشکنینی باوەڕ و زۆرێک خەڵکی ئەوروپایان بە ناونیشانی جۆراو جۆر بە زیندوی لە ناو ئاگردا سوتاند . بەرپرسانی حکومی و دەسەڵاتدارانی ناوچە جیاجیاکانی ئەوروپا بۆ ئەوەی لە قافڵەی دواکەوتویی نەمێننەوە ، بە بیانوی بەئەنجامگەیاندنی فەرمانەکانی پاپ و هاوکاری کلێسا ، دەستیان کرد بە لە ناو بردن و کوشتنی دژەکانیان .

له ناو گروپە تازە دروست بووەکانی مەسیحیەتدا وەکو پرۆتستانتەکانی ئەوروپا و ئەلمان و کالۆنەکانی سویسرا ، دۆخەکە لەوەی کە لە ناو گروپەکانی کاتۆلیکدا بە باشتر دەگوزەرا ، کوشت و بڕی دڕندانە کە بە هاندانی ( لوتر ) پێشەوای پرۆتستانەکان ، لە لایەن ( بارون هس ) گروپی ئاتا پیپشیستەکان ، لە ئەڵمان ، ئەنجامدرا . ڕووی بەرپرسیارانی پشکنینی باوەڕی کڵێسای ڕۆمی سپی کرد . خودی کالۆن لە ژنۆ هەستا بە پێک هێنانی حکومەتێکی نیوە ئاینی بەو جۆرەی کە خۆی دەی خواست لەگەڵ نەیارەکانی مامەڵەی دەکرد . و ئەوانەی ئەشکنجە دەدا یان لە ناوی دەبردن .

لە ئەنجامی ڕیفۆرمیستەکان لە باوەڕی خەڵکی ئەوروپادا پاش ڕێنیسانس سەری هەڵدا ، و شەپۆلێکی ئازادی فیکیر کە لە ئەنجامی کاریگەری شۆڕشی مەزنی فەرەنساوە لە سەرانسەری ئەوروپادا سەری هەڵدا ، دادگاکانی پشکنینی باوەڕ بە تەدریجی گرنگی و نفوزی خۆیان لە دەست دا . و بە وتاوانانەی کە بە ناوی خوداوە لە ماوەی چەندین سەدەدا لە ئەوروپا لە ناو خۆیدا نقوم بووبوو ، کۆتایی هات . دواهەمین پریشی ئاگرێک کە بۆ سوتاندنی نەیارەکانی مەسیح دانرا لە ساڵی 1793 دا بوو .

لە ئەنجامی ڕێکخستنی سەروەت و سامانی تاوانباران ، کە زیاتر ئەوانە بوون خاوەن موڵکەکانی ئەوروپا ، سەروەتێکی لە ئەژمار نەهاتو بوە موڵکی کڵێسا و دەستی بە سەردا گیرا ، لە کۆتایەکانی سەدەی نۆزدەیەمدا ، ویکتۆر ئەمانوئیل ، بوە فەرمانڕەوای شاری ڕۆم و دوواتر گەڕانەوەی بۆ ڕاو بۆچوونی گشتی خەڵک و مۆڵەت وەرگرتن لە زۆرینەی نزیک بە ڕێکەوتنی گەلی ئیتالیا ڕەهەندی سیاسی و پرۆپاگندەی بۆ زەویوکانی پاپ لە سەر گشت موڵکی باشوری ئیتالیا ئیتالیای لێ بێبەری کرد . بۆ پاپ تەنیا سێ کۆشکی ڤاتیکان ( vaticanلاتران ( lateranو گوندولفو ( gondolfo هێشتەوە) .

کڵێسا لە بەرانبەر لە دەستدانی گشت موڵکەکانی لە باشوری ئیتالیا هێشتان یەکێک بوو لە دامەزراوە دەوڵەمەندەکانی جیهان ئەژمار دەکرا . لە زۆرینەی بانکە مەزنەکانی دنیا و هۆتێلی پلە یەک و دامەزراوەی مەزنی دارایی لە سەرانسەری جیهاندا پشکی هەبوو ، لە زۆرینەی ولاچتانی ئەوروپای و مەسیحیدا بە موڵکدارە زەبەلاحەکان ئەژمار دەکرا .

بۆ باشتر شرۆڤە کردنی کۆتای ئەم بابەتە لە هەمبەر ئایینی مەسیح ، و نامیشی سەروەت و سامان پەرستی کڵێسا لاپەڕەیەک لە کتێبی ودکاکۆلا ( vodcacolaنوسنی چارلز لوین سن ( charles levinsonدەهێنینەوە ) :

( بەرپرسانی ڕەوشی ماڵی ڤاتیکان کە دەیانویست لە بەدەست هێنانی قازانج دا شارەزایی لە سەر چالاکی ئابووری خۆیان وە دەست بێنن . بە دامەزارەوەی حسابی مک کینسی ( mac kinseyلە ئەمریکا بگەڕێنەوەو داوایان کرد شرۆڤەیەکی قوڵ دەربارەی چۆنیەتی سود و بەشەکانی ئابوری ڤاتیکان ئەنجام بدەن ، و بە پیی پێویست پێداچوونەوە بە ڕێکخراوەکانیاندا بکەن . دامەزراوەی مزبور ، پاش چەندین مانگ شرۆڤە کردنی و پشکنینی لە لایەن پسپۆڕێت . لەو ڕشاپۆرتەدا بەم جۆرە دەرئەنجام گیری کراوە : ( دەست لە فرۆشگای ئایینی بەربدە ، و تەنیا کاری فرۆشتن و کڕین و پشکی دۆخی دارایی ڕازی بە . هاوکات نەتیجەی کارەکەتان زۆر بەرزبوەتەوە )

بەرایی پێنجەم

خودا لە ئایینی مەسیحدا

هەو جۆرەی کە لە بەرایی پێشودا باسکرا . عیسا لە خێزانێکی دۆگمای یەهودی هاتە دنیاوە . بە باوەڕی یەهودیەکان پەروەردە کراو گەورەبوو . بەڵام پاش دەست پێکردنی پێغەمبەرایەتی ، ناوی یەهو و خودای یەهوە ، لە ئامۆژگاریەکانی خۆی سودی لێنەبینی ، و دەستەواژەی ( باوک ) ی لە جیاتی یەهوە بۆ ناوبردنی خودای خۆی هەڵبژارد . سود وەرگرتن لە دەستەواژەی باوک بۆ دەربڕینی باڵا ترین سۆزو خۆشەویستی یەکە کە خوداوەندە . چونکە باوکی خێزان لە هەمبەر منداڵەکانی خۆی دەری دەبڕێت . ئەم دەستەواژەیە ، لە ناو ئایینە دێرینەکانیشدا زۆر بەربڵاو بوو . هەروەک ئەوەی کە خودا لە لای هندیەکان دیائۆس پتار ( diaous pitar و لە ناویونانیەکان زئۆس و پاتر ( zeus pater ) بە کار هێنرابوو .

عیسا باوەڕی بە خودای یەکتا هەبوو دەی وت :

( ببیستە ئەی ئیسرائیل ، خودای ئێمە تەنیا خودایە ) ئەو خودای خۆی بە دڵ و گیان خوش دەوێست ، نوێو نزاکردنی بە تەواوی موخلیسی یەوە ئەنجام دەدا ، لە هیچ یەکێک لە فێر کراوەکانی خۆیدا ، خۆی بە کوڕی خودا و یا خودا ناو نەهێناوە . عیسا زیاتر لە سەد و پەنجا جار زیاتر ناوی ( باوک ) ی لە کاتی قسە کردنی و لە ناو فیرکراوەکانیدا دووبارە کردوەتەوە ، و هەتا لە دووا ساتەکانی ژیانیدا بە هەڵواسراوی بە خاچەکەوە وتی ( ئەی باوک ، ئەوانە فێر بکە نازانن چی دەکەن )

ئەو هەتا خۆی بە مەسیحی ڕۆژی دوایی کە لە تەوراتدا هاتوە دانەنا ، بەڵام تەنیا یەک جار پرسیاری لە شاگردەکانی خۆی کرد : ( خەڵک چۆن من دەناسن ؟ ئەوانیش وەڵامیان دایەوە ، یەحیای پاک کەرەوە ، هەندیک وتیان ئەلیاس و هەندێک وتیان یەکێک لە پەیامبەرەکان . ئەو دووبارە پرسیاری لێ کردنەوە ، ئەی ئێوە چۆن من دەناسن . ؟ پترۆس لە وەڵامدا وتی تۆ مەسیحی ، عیسا بە تایبەتی جەختی لێ کردنەوە ، کە دەربارەی ئەو بابەتە لەو بارەیەوە لەگەڵ کەس قسەنەکەن ) مرقس28-8

کاتێک کە یەحیای پاک کەرەوە ، هەواڵی هاتنی عیسا دەدات . ئەو نە بە کوڕی خودا و نە بە مەسیحی ڕۆژی دوایی ناودەبات بەڵکو دەڵێت : ( لە دوای من پیاوێکی بە تواناتر دێت ، کە من هاوشانی ئەو نیم هەتا دانەوم قەیتانی پێڵاوەکانی بکەمەوە ، من ئێوە بە ئاو پاک دەکەمەوە ، بەڵام ئەو بە ڕۆحی پیرۆز ئێوە پاک دەکاتەوە ) مرقس 1-7/9

شاگردەکانی خودا هیچ کات عیسایان نە بە کوڕی خودا نە بە خودا ناویان نەبردووە ، یەهودیەکان بە تاوانی ئەوەی کە عیسا خۆی بە خودا یان بە کوڕی خودا و یان هەتا مەسیحی ڕۆژی ددوایی ناو بردوە ، دادگایی و سزای لە خاچ دانیان نەکرد . بەڵکو ئەو تاوانەی کە خراییە پاڵ ئەو ئیدعای بە پاشا بوونی یەهود بوو . پاش مردنی ئەو ، کاتێک کە هاوەڵەکانی ئەو هاتن بۆ بە خاک سپاردنی جوانێکی سپی پۆش کە لە تەنیش گۆڕەکەی دانیشتبوو ، پێی وتن :

( ئایا عیسای ناسری لە خاچدانی دەخواست ؟ ئەو هەستاوەتەوە و لێرە نەماوە ) مرقس 5-16 هەتا 28-5

وە عیسا بە خاچەکەوە بە دەنگیکی بەرز هاواردەکات : ( ئاپلۆئی ، ئاپلۆئی ، لما سبقتنی ) واتا ئەی خودایە ئەی خودایە بۆچی منت والێکرد ) مرقس 35-15

لەو چەند پەرەگرافەدا دەتوانین بگەینە ئەو دەرئەنجامەی کە نە عیسا و نە هاوەڵەکانی هیچ کات عیسا یان نە بە کوڕی خوداو نە بە خودا و هاوبەشی خودا ناو نەبردوە . عیسا بە هەڵواسراوی بە خاچەکەوە کەسێک کە چەندین پلە لەو بەهێزتر و باڵا تر بووە ڕوی لە هاوارەکە کردوە و بە خاچەکەوە هاوکاری کردووە .

ئەو گۆڕانکاریەی کە پۆلس و کڵێسا لە ئایینی مەسیح ئەنجامیان دا . باوەڕ بوون بەوەی کە خوداوەند لە ڕۆڵی ( باوکدا ) خاوەنی کوڕێکە بە ناوی عیسا کە هەر لە ئەزەلەوە بوونی هەبووە . جگە لە دو کەسیەتی خواوەندی باوک و کوڕ بوونی کەسێکی تری هەست پێکراو بە شێوەی هێزی سێیەم چالاک لە ژیانی مرۆڤەکاندا و دەرکەوتنی خودا بە شێوەی عیسا بە ناوی ڕۆحی پیرۆز ( روح القدوس ) هاو ئاست و هاوشانی ئەو دووکەسەکەی تر ، هاتوەتە بوون . هەماهەنگی و هاوکاری ئەو سێ کەسایەتیە کە هێمای خودایە لە بوونی سێ کەسدا . سێ کوچکە یان ( اقائیم پلاپە ) و بنەمای باوەڕی مەسیحیەکان لە هەموو جیهاندا پێک دەهێنێت . مەسیحیەکان هەڕۆژێکی یەک شەممە ئەو بابەتە لە ڕاگەیەندراوی باوەڕی خودی کڵێسا دووبارە دەکرێتەوە و ئیعترافی پێ دەکەن .

قبوڵ کردنی سێ کوچکەی بە شێوەی خودا بە سادەیی دروست نەبوو ، هەتا لە ناوەندی مەسیحیەتیشدا ، هاوکات جیاوازی زۆر لە سەر ئەو بابەتانە لە ناو کۆکەرەوانی ئایینی دا سەری هەڵدا .پۆلس ، کە خۆی داهێنەری ناساندنی عیسا مەسیح وەک خودا بوو ، هیچ لە بارەی سێ کوچکەیی یەو ناڵێت و لە سنووری باوک و کوڕ زیاتر تێ ناپەڕێت . زۆرێک لە ڕۆحانیەکانی ناوەندی مەسیحیەت ، بونی یەک خودا کە بە شێوە بە دیار دەکەوێت قبوڵیان دەکرد . گروپێکی تر ، کە تیرۆیای زنجیری پلەکانیان پێ قبوڵ بوو دەیان وت : کە خوداوەندی باوک و خودای کوڕ خاوەنی ماهیەتیکی هاوبەش نین و لە ئاستێکی خوارتردا دیاریان دەکرد . باوکیان بە بونێکی ڕەهاو بێ هاوبەش دادەنا ، هەر بەو جۆرەی کە ئاریۆس ئەسقەفی قوستەنتەنیە باوەڕی وابوو ، کە عیسا خودا نیە ، بەڵکو ئەفەرێنراوی خودایە . لە بەرانبەریشدا ، ئاتانازیوس ( ATANASIUSئەسقەفی ئەسکەندەریە کوڕو باوکی بە یەک ماهیەت دادەنا . بەشێکی تر لە ڕۆحانیەکانی ناوەندی کڵێسا باوەڕیان وابوو ، کە باوک بە شێوەی مرۆڤ دەرکەوتوە و عیسا خاوەنی جەستەی ماتریاڵە و ئەبەدییە . تەنیا ڕۆحی خودا چوەتە ناو ئەوەوە ، کڵێسا لەگەڵ تەواوی ئەم تیرۆیایانەدا دژ بوو ، جگەلە بڕیاردان لە بابەت ئەم جیاوازیانەوە ، کۆبونەوەی فراوانی لەگەڵ سەرانی مەسیحیەتدا ئەنجامدا . لە ئەنجومەنێکدا کە لە ساڵی 325 زایینی بە سەرۆکایەتی ئیمپراتۆر پێک هێنرا . تیۆریای ئاتانازیوس پەسەند کراو ئاریوس لە کڵێسا دەرکرا . و گۆڕانکاری یەکی گەورە لە نامەکانی بونی مەسیحیەتدا لە هەمبەر چەسپاندنی ئەو تیۆریایانەی ئاتانازیوس ئەنجامدرا .

لەو ئەنجومەنەدا کە بە کنسوڵ نیکە ( نیقە – nicae ) ناونرابوو ، کڵێسای ڕۆم توانی بە چاودێری ئیمپراتۆر باوەڕی پەیوەندی دار بە سێکوچکەوە کە لەگەڵ سیاسەتی کڵێسادا سازگار بوو ، بە ئەنجومەنەکەی قبوڵ بکات . لەو ئەنجومەنەدا ، خواوەندی بوونی عیسا و هاوشێوە بوونی باوک و کوڕ گەیشتە بنبەست و بە بنچینەی نەگۆڕ دانرا . لە وەڵامی ئەو پرسیارەی کە عیسا هەروەکو مرۆڤەکنی تر خاوەنی گۆشت و خوێنە و ئێسقان بووە هەستی بە ئازارە خۆشی و ناخۆشی کردووە ، کڵێسا وتی کە عیسا خاوەنی جەستەیەکی مرۆیی و ڕۆحێکی مرۆیی وابەستە بووەو ڕۆحێکی ئیلاهی عیسا لە حاڵەتی مرۆی دا مرۆڤێکی کاملچ بووە و بە پاکیەتیەکی ڕەهاوە . بەڵام ماهیەتی بنچینەیی ئەو لە ڕۆحی خودایی پێک هاتوە . چوونکە یەکەمین گوناحی مرۆڤ لە لایەن ئادەمەوە کە بۆ خۆی ئەویش مرۆڤ بووە ڕویداوە ، جگە لەوەی کەباجی ئەو گوناحە پێویستە لە لایەن خودی مرۆڤەوە بدرێتەوە بەو هۆیەوە یە کە عیسا کە خۆی خودی خودایە لە جەستەو ڕۆحی مرۆڤدا . و پاش لە خاچ دانی و فیدا کردنی گیانی خۆی بۆ پاک کردنەوەی یەکەمین گوناح گەڕایەوە بۆ شوێنی یەکەمینی خۆی .

تیۆریاکانی ئەم ئەنجوومەنە لە گەڵ دژەکانیدا ڕووبەڕوبوویەوە ، ئەنجومەنێکی تر لە ساڵی 381 پێک هێنرا . و بناغەی سێکۆچکە بە شێوەیەکی یەک لاکەرەوە داڕێژرایەوە و نامەیەک لەم بارەیەوە نوسرا .

لە سەدەی پێنجەمی زایینی ، تستوریوس ئەسقەفی قوستەنتەنیە ، کە یەکێک بوو لە وتە بێژەکان بە ناوی کڵێساوە ، باوەڕێکی تری دەربارەی خودایی بوونی عیسا داهێناو وتی : لە سۆنگەی جەستەو هەیکەلەوە تاکێکە ، ە هەروەکو مرۆڤەکانی تر خاوەنی هێز توانایە . لەم پەیکەرەمرۆییەدا

خوداوەندیەتی جێجی گرتوەو یەکێتیەک دروست بووە . مریەم نابێت بە دایکی خودا دابنرێت . ناشێ ژنێک وەک تاکێکی مرۆڤ بیکرێتە دایکی خودا . بەڵکو مریەم منالێکی بوو کە لۆگوس بە ڕۆحی خودا ژیاندیەوە و دیاردەی ئاستی خودایی لە عیسادا بە دیار کەوت . گروپی ئەسکەندەریە دژایەتی تستۆریوسیان کرد و یەکیان تۆمەتبار کرد . ئیمپراتۆر کە دەسەڵاتی باڵای لە سەر کڵێسا هەبوو بۆ لابردنی ئەم جیاوازیانە فەرمانی پێک هێنانی ئەنجومەنێکی تری کرد لە ساڵی 451 زایینیدا لە ئەنجومەنی باڵای ئەسقەفەکاندا لە لە شاری کاسدون ( chalsedon لە ئاسیای بچووک پێکهێنرا . پەیرەوانی تستیریوس یان بە کافر ڕاگەیاند و لە کڵێسا دەرکران و دەربارەی خودایی بوونی عیسا بنەمایەکیان داڕشت کە تا ئێستاش جێگەی باوەڕی مەسیحیەکانە :

(ئێمە جەخت دەکەینەوە کە کوڕی یەکتای خوداوەند ، عیسای مەسیح لە و یەکتێەگشتی یەی خوداو خودایی بوونی بە گشتی لە ناو مرۆڤدا ، بە حەقیقەت خودایەو بە حەقیقەت مرۆڤیشە . خاوەنی عەقڵ و جەستەو ڕۆحە . لە لایەک لەگەڵ باوکی لە خودایی بوونی لە یەک ڕەگەزو جەوهەرە . لە لایەکی تریشەوە لەگەڵ ئێمە لە مرۆڤبونیدا بەشدارە . لە هەموو ڕوویەکەوە وەک ئێمەیە ، بەڵام خاوەنی پیرۆزی و کوڕی یەکتای ئافەرێنراوی خودایە ، پێش کات بوونی هەبووە ، مریەمی عزرا کە لە خودا سکی پڕبوو ئەوی بوو و ئەو مەسیحی یەکتا و کوڕو خودای ئێمەیە . لە دایک بوو ، بەڵام لە دوو ماهیەتی بە بێ ڕێکخستن و ئاوێتەبوون و گۆڕان . بە بێ دابەش بوون و بەش بەشە . جیاوازی ئەو دوماهیەتە بە هیچ جۆرێک بە هۆی یەکێتی لەگەڵ یەکدا شیاوی لە ناو چوون و کۆتایی نیە . بەڵکو تایبەت مەندیەکانی هەریەکێک لەوانە تا ئەبەد دەمێنێتەوە ، هاوکات عیسا یەکتای ئافەرێنراوی خودا وشەی ئەوە ، مەسیحە هەروەکو ئەو پەیامبەرە پێشوەکانی تر بۆ فیرکردنی و هیدایەت دانی مرۆڤایەتی هات )

پەیرەوانی نستوریوس بە دەرکردنی ئەم بە یان نامەیە و دەرکردنیان لە کڵێسا . لە ناو نەچوون ، و لە باوەڕی خۆیاندا گۆڕانکاریان کرد ، بەڵکو چالاکیەکانیان گەشە پێدا و تا سنوورەکانی ئێران پێشکەوتن . ئەمرۆکە لە ناوچەکانی تورکیا و کوردستانی عێراق و خۆرئاوای ئێران درێژە بە ژیانی ئایینی خۆیان دەدەن .

لە هەمان ئەنجوومەنی ئەسقەفەکاندا لە کالسدون بوو کە نازناوی ( پونتی فکس ماگزیموس ) یان بە خشی بە ئیمپراتۆر ، بەم کردەیەش وابەستەیی کڵێسایان لەگەڵ ئیمپراتۆ جێگیر کرد . پاش لە ناو چوونی ئیمپراتۆریەتی ڕۆم و دابەش بوونی ئەورووپا بۆ چەندین بە شی جیاو فەرمانڕەوایەتی بچووک ئەم نازناوە درایە پاپ .

ەندێک لە ئیماندارە مەسیحیەکان بۆ سەلماندنی ئەم بابەتە کە ئایینی عیسا یەکێکە لە ئایینە تەوحیدیەکان سێکۆچەکەی دەرکەوتەی خودای یەکتا لە سێ شێوەی جیاوادا شرۆڤە دەکەن ، کە هەرسیانیان لە یەک کاتدا لە یەک پرۆسەدان ، بەڵام کڵێسا لە گەڵ ئەمتیۆریایەدا نیەو بۆ هەریەکێک لە باوک و کوڕی ڕۆحی پیرۆز کەسیەتیەکی جیاواز و سەربەخۆ دادنێن .

پێویستە ئەو وێنایە بکەین کە پێدانی پلەی خودایەتی بە عیسا هەموو شتێک ئیتر کۆتایی پێ دێت . بەڵکو پاش سەلماندنی خودایی بوونی عیسا بابەتی خودایی بوونی مریەم و دایکێکی خودایی و کەوتەوە تە بەر باس . موعجیزەکانی ئەو ئاگایی لە سەر موعجیزەکانی کوڕەکەی زیاتر بووە . ئەگەر

عیسا له سەدەی بیستەمدا له کاره موعجیزه ئاساکانی دەستی هەڵگرتوه  به پێچەوانەوه مریەم هێشتان سەرقاڵی خولقاندنی موعجیزەیه  و بەشێکی زۆر له مەسیحیەکان  هەموو ساڵێک دەچنه جێگایەکی دوورەدەست تا ئەو جێگایەی که مریەم موعجیزەی تیا خولقاند  زیارەت بکەن . نزا بکەن و داوای به ئەنجام گەیشتنی خواستەکانیان بکەن و شفا وەربگرن . له ساڵی 1854 پاپ پیوسی نۆیەم ( pius tx) بابەتی پاکیەتی و  داوێن پاکی مریەم  باس کرد و ئەوەی به یەکێک له بنەماکانی ئایینی مەسیح ڕاگەیاند . له ساڵی  1950 پاپ پیوسی دوانزه هەم  بەرزبوونەوەی جەستەی مریەم بۆ ئاسمانەکان وەک به شێک له بنەمای پیرۆزی کڵێسا ڕاگەیاندو وتی  : ئیلهام بۆ کلێسا دابەزیوه  که مریەم هەروەکو عیسا  به شێوەیەکی یەکجاری هەربەو جەستیەیەی خۆیەوه  بەرزبووتەوه بۆ ئاسمانەکان  .

بەرایی شەشەم   :

## موعجیزەی عیسا

موعجیزه بریتی یه له  کردەیەک که مرۆڤەکان مرۆڤەکان له توانیاندایه ئەنجامی بدەن . خوداکان بۆ زیاتر سەلماندنی خۆیان  له سەر مرۆڤ  موعجیزه ئەنجام دەدەن و ئیماندارانیش به بونی ئەم خودایانه کەمترین  گومانیان دەربارەی موعجیزەو کارەکانیان نیەو ڕێگه به خۆیان نادەن  و هەتا ڕودانی هەر ڕوداوێکی سروشتیش به یەکێک له موعجیزەکانی خودا دادەنێن .

ئەو موعجیزانەی که پەیمانی نوێ دەیداته پال عیسا  شتێکی نوێنین  ، بەدرێژایی مێژوو  ، پەیڕەوانی هەر ئایینێک  بۆ زەقتر پیساندانی داخوازیەکانی خۆیان  شتی سەرسوڕهێنەرو خرۆشێنەریان خولقاندوه ، زۆرێک له قارەمانەکانی ئەو داستانه دێرینانه و کەسێتیه ئەستۆرەییه دێرینەکانی یونان  و بابل و میسر و له دایکێکی ( باکره ) کچ هاتونەته بوون . هەر وەکو پەیڕەوانی باوەڕی بودا یەکێک له موعجیزه سەرسوڕهێنەرەکانی بودا ڕۆشتنیەتی به سەر ئاودا . چیرۆکی ڕۆژی پەسڵانی خوداکان  له ئەفسانەکانی یونان‌دا بەو ئەندازەیه بەربڵاو بوو  که هاتنه دەرەوەی عیسا له گۆڕەکەی له پاش له خاچ دانی و بەرزبوونەوەی بۆ ئاسمانەکان  ، به ئاسانی بۆ خەڵکی ئەو سەردەمه شیاوی قبوڵ کردن بوو  ، باشترین کتێبێک که حیکایەتی موعجیزه فراوانەکانی بۆ سەلماندنی هێزو خوداوەند بوونی دەگێرێتەوه ، تەوراته . تەورات موعجیزەکانی خۆی  له کردنی  عاساکەی دەستی موسا به مارێکی گەوره دەست پێ دەکات ، و پاشان  له هەریەکێک له ( کتێبەکانی سفر و ) بەشەکانی کتێبەکەدا یەکێک له کرده موعجیزه ئاساکانی یەهوه باس دەکات  . له تەوراتدا بەنده هەڵبژێردراوەکانی خودا وەکو یوشع و ئالیاس و الیشع و دانیال و زۆرترین موعجیزەی خۆیان بەرچاو دەخەن ، هێزی موعجیزەی یوشع به ئەندازەیەکه که خۆرو مانگ بۆ ماوەیەکی دورو درێژ به بێ جوڵه له ئاسمانەوه ڕادەگرێت تا گەلی یەهود بتوانن پرۆسەی جەنگ له گەڵ نەیارەکانیاندا ببەنەوه تا سەرکەوتنی یەکجاری و کۆشتی دوژمنەکانیان .
کۆئەندامی دەماری ( مێشکی )  ئەفسانه سازی یەهودی که به دەرخستنی موعجیزەوه خوی گرتوه نغرۆبنی تیایدا به بەشێک له هێزی خوداوەند و سەلماندنی خوداوەندیەتی عیسا – مەسیح قبوڵ دەکات و به سود وەرگرتن له  باکگراوندی مێژوویی و یادگاری خەڵک له ڕێگەی تەوراتەوه هەموو موعجیزەکان ڕیز دەکات و دەی داته پال عیسا . ئەگەر ئالیاسی ێغەمبەر نەخۆشەکانی شفا دەدا ، مەگەر الیشع مردوەکانی زیندو دەکدەوه ، گۆزه ڕۆنەکەی پیرەژنەکەی دەکرد به هندی گۆڕه ڕۆنی تر  ئاوی ڕوبارەکانی دەکرد به دوو بەشەوه، بۆچی عیسای  ٓت بۆ باشترین  شەراب، مردوو زیندوو دەکاتەوه ، بەسەر دەریای جلیل دا دەڕوات  و دواتر پاش له خاچ درانی به خاک سپاردنی له ناو گۆڕەکه

هەڵدەسێتەوە و بەرزدەبێتەوە بۆ ئاسمانەکان . کتێبی ( پەیمانی نوێ – عهد جدید ) موعجیزەکان بە باشترین بەڵگە لە سەر خودایی بوونی عیسا ڕادەگەیەنێت :

( عیسا موعجیزەیەکی تری لە لای شاگردەکانی خولقاند ، کە لەم کتێبە دا نوسراوە بەڵام ئەوەندە نوسرایەوە ، تا ئیمان بهێنیت کە عیسا مەسیح و کوڕی خودایە ) یوحەنا 31-20

یەکێک لە موعجیزە گەورەکانی عیسا ململانێ یە لە گەڵ دیو درنج و جن ، باوەرش بوون بە بوونی دێو لە کتێبەکانی پەیامبەرانی یەهودا پێش ئەوەی بڕۆنە مەنفاوە بەرچاو ناکەوێت ، پاش پەیوەندی یەهودیەکان لەگەڵ ئێرانیەکان ، باوەرش بوون بە بوونی دێو و جن و پەری هاتە ناو باوەڕی یەهودیەکانەوە و لە سەردەمی پێش سەرهەڵدانی مەسیح لە سەرانسەری خۆر هەڵاتدا بەربڵاوبووە . چیرۆک و موعجیزەی پەیوەندی دار بە دێو و جنەوە لە ناو خەڵکدا بە شێوەیەکی ڕاستی مەلموس ئاوێتەی ئەندێشەیان بووە ، بەبەراورد لەگەڵ سەردەمی دەرکەوت ًنی مەسیحیەتدا داستانی سلێمان و دەستباڵابوونی ئەو بە سەر هەموو دێو و جن و شەیتانەکان باس دەکرا ، داستانی هێنانی تەختی شاژنە سبا لە حەبەشەوە بۆ ئورشەلیم ، لە چاو تروکانێکدا . ئەوەندەی بە استی و حەقیقی وەرگیرابوو ، کە لە قورئاندا لە ئایەتی 40 لە سورەتی نمل دا دووبارە کراوەتەوە ، جگە لە وەش بە سەرنجدان بەو جۆرە ژینگە پڕ خورافیە کە ئینجیلەکان لەو ژینگەیەدا ئەفرێنراون . گێڕانەوە چیرۆکەکان دەربارەی دەرهێنانی جن لە ناو مرۆڤدا دۆخێکی نا ئاسایی و باوەڕ پێنەکراو نەبوو ، بەڵام دۆخی خۆشتر دەربارەی دەرهێنانی دێو و جن لە جەستەی نەخۆشەکاندا یە ، کە دێوەکان و جنەکان پێش مرۆڤەکان پەی بە و خاڵە دەبەن کە عیسا کوڕی خودایە .

(کاتێک کە خۆر ئاوا دەبوو ، هەموو ئەوانەی کە دووچاری جۆرەها نە خۆشی بو بوون دەیان هێنا بۆلای دەستی بە سەر هەریەکەیاندا دەهێنا شیفای دەدا ، دیوی زۆری دەردەکرد و ژنانیش دەیان وت تۆ مەسیحی کوڕی خودایت و عیسا ئەوانی بە یەکجاری قەدە غە دەکردو نەی دەهێڵا یەک قسە بکەن ) لوقا 41-40 مرقس 11-3

ئەو موعجیزانەی کە ئینجیلەکان دەی دەنە پاڵ عیسا ، بە جۆرێک مناڵانەوە ئەفسانانەیە کە کەمترین عەقڵێک کە دووچاری نەخۆشی دۆگمایی ئایینی نەبووبێت ، ئەتوانێت ناتەندروستیان هەست پێ بکات ، پەیوەست بوونی ئەم کردانە بە عیساوە کە کتێبی ( عهدی جدید ) بە شێوەی قسەی مناڵانە دایناوە ، بونەتە شتێکی ئەفسانەیی . پرۆپاگندە لە کردەی موعجیزە ئاسادا بەو ئەندازەیەیە کە هەندێک کات نوسەرانی ئئینجیلەکان ، خۆیان لە مەفهومی دەستەواژەو نوسراوەکانیان بێ ئاگا بوون دەقێکیان نوسیوە کە لەگەڵ هیچ یەکێک لە بنماکانی مەسیحیەتدا یەک ناگرنەوە . خودای لە خودا بوو دەسپێرن بە دەستی شەیتان ، تا ئەو بیات بۆ بیابانەکان و ماوەی چل ڕۆژ دەیخەنە بەر تاقی کردنەوە ) مەتا 1-4- لۆقا 2-4

شیفای هەندێک لە نەخۆشە دەرونیەکان ، بە سەرنجدان بە کاریگەری باوەڕبوون بە خۆ وئیمانی توند نەخۆشەکان شتێکە مومکینە و هەتا ئەمرۆکە لەو ڕەوشە لە کۆمەڵگە پێش کەوتوەکانی ئەوروپا و ئەمریکا بۆ چارەسەری نەخۆشی دەرونی سودی لێ دەبینرێت .

لە ڕاستیدا ئیمانی نەخۆشەکان باوەڕ بوون بە خۆیە کە ئەو چارەسەر دەکات ، نەهێزی ئعجاز ، عیسا لە بواری جۆراو جۆر پاش شیفای نەخۆشەکانی دەرونی پێی دەوتن ، : ( ئیمانت تۆی شفاداوە ) متی 3- 18 و هەمان کتێب 2-9

ئەمە تەنیا لە ئایینی مەسیح و کردەوەکانی عیسادا کورت نەکراوەتەوە ، هەر ئیمانداریک لە هەر ئاینێکدا کاتێک ئیمان بەم بابەتە دروست بوو ، باوەڕی بە خۆی هەبوو ، کە کاریگەری پەیرەو کردن و ئەنجامی

ئیمانداری له نه خۆشی دەرونی ڕزگاری دەکات . ئیمکانی شیفای ئەو بوونی هەیە ، ئەو لەم حاڵەتەدا تەنیا باوەڕ بوون بە خۆ دەتوانیت مرۆڤ لەو نە خۆشیە دوور بخاتەوە ، له بەر ئەو هیچ موعجیزەیەک له دەروە ئەم بابەتەدا نیە بەڵکو ئەوە خودی دەروونی نەخۆشەکەیە کە ئیرادەو توانای پێک دەهێنێت .

لەوێدا کە دەرئەنجامی پرۆسەکانی له بەرچاو نەگیرێت ، و یاسای سیستەمی سروشتی بێت ، نە تەندرووستەو نە ئەگەری ڕوودانی هەیە . بە شێوەیەکی گشتی ئەتوانین بڵێن له هیچ سەدەمێکا هیچ موعجیزەیەک پەیوەندی بە هیچ ڕوداوێکەوە نەبووە ، ئێمە لە دنیای هۆ و هۆکاردا دەژین نە له دنیای موعجیزەکاندا ، بەڵام کڵێساو ئیمانداران بە خودای عیسا ناتوانن باوەڕ بە وە نەکەن کە موعجیزە ڕونادات ، چوونکە ئەگەر موعجیزەکان له کتێبی پیرۆزی عیسایيەکاندا دەربهێنین ئیتر هیچ شتێک بۆ سەلماندنی خودایی بوونی عیسا نامێنێتەوە ، و ئینجیل تەنیا دەبێتە کتێبێکی سادەی ئەخلاقی ، کڵێسا بۆ دانانی هەژموون لە ناو دڵی خەڵک و سەلماندنی خودایی بوونی عیسا پێویستی بە بەڵگەو لۆژیکی فەلسەفی نیە . ئەو له گەڕانی تەوەرێکدایە کە بە ئاسانی کاریگەری بکاتە سەر دڵی خەڵک ، و ئیمان بە خودا بوونی عیسا بهێنن ، بۆخەڵکێکی ئەفسسانە پەرست ، کە تەنیا بە بیستن تامەزۆری ئەسانەکانن ، باسکردنی موعجیزەکانی عیسا باشترین ڕێگایە بۆ هەژموون دانان له ناو دڵی و سەلماندنی خودایی بوونی عیسا .

یسا له سەر هەمان ئەم ڕیچچکەیە بەردەوام بوو ، له ڕیچگەی ئیمان هێنان بە ڕودانی موعجیزەی و باوەرش بە عیسای مەسیح کوڕی خودا له ناو دڵەکاندا جێگیری کرد . کاتێک بەشێکی خەڵک ئیمانیان بە عیسا هێنا و بە دەڵ و گیان خودا بوونی ئەویان قبوڵ کرد ، و له ڕێگەی تەورات و له ناو نەوەکانی دواتر بەرجەستە بوو ، شرۆڤەی چۆنیەتی ڕودانی موعجیزەکان ، لەگەڵ ئەفسانە بوونی ئەوانەدا خولقاوە . لەو ساتە بەدواوە تەواوی ئیمانداران بە عیسا ڕودانی موعجیزەکانی عیسا بە شتێکی ئاسایی ناودەبەن و قبوڵی دەکەن .

ئەو موعجیزانەی کەلە کتێبی ( عهد جدید ) بەرچاو دەکەوێت ، تەنیا تایبەت نیە بە خودی عیساوە ، بەڵکو هێزی موعجیزەگەری و شیفای نەخۆش و شێت و ئەوانەی توشی نەخۆشی دەروونی بوون ، هەتا زیندوو کردنەوەی مردووەکان ، له ڕوئیای شارگردەکانی خودی عیسادا بەرچاو دەکەوێت .

(خەڵک بە خرشەوە گوێ بیتی قسەکانی فلیپس بوون چوونکە ئەو موعجیزانەی ئەو ئەنجامی دەدا ، ئەیان بیست و ئەیان بینی ، ڕۆحە پیسەکان و له ناو جەستەکان دەهاتنە دەرەوە جەندین نەخۆشی شەل و کوێرو شێتی چاک دەکردوە) اعمال رسولان 8/6-8

( بەڵام پترۆس لە هەموو رویەکەوە لە لای پیرۆزکراوەکان ( لده –ناوی ناوچەیەکە ) دیار تر بوو لەوێدا کەسێک بە ناوی ( ئینیاس ) کە هەشت ساڵ بوو ، بە هۆی نەخۆشی ئیفلیجیەوە لە جێگەدا کەوتبوو ، پترۆس بەوی وت ئەی ئینیاس عیسای مەسیح تۆ شیفا دەدات ، هەڵسەوە ، ئەو لە هەمان کاتدا هەستایەوە ) اعمال رسولان 9-23/35

( له ناکاو – تلمینده تابیتا ) نەخۆش کەوت و لە بیانا مرد چونکە ( لده ) نزیکی بینا بوو دوکەسیان نارد بۆ لای پترۆس کە له هاتنی دوانەکەوێت ، ئەوکاتە پترۆس هەستا و له گەڵچ دووکەسەکەدا هات ، هەرکە گەیشت ئەویان بردە هەیوانی باڵاخانەکەوە ، پترۆس هەمووانی کردە دەرەوە و چووە سەرچۆک و نزای کرد سەیری مردوەکەی کرد و وتی ئەی تابیتا هەستەوە ، کە مردوەکە چاوی هەڵبڕی و دانیشت ) رسولان 41/ 39 – 9

بەرایی حەوتەم :

بەهەشت و دۆزەخ

بەو جۆرەی کە لە باسی پەیوەندی دار بە ئایینی یەهودە وە باسکرا . لە (اسفاری پێنج لایەنەدا ) کە گرنگترین بە شی تەورات پێک دەهێنێت ، قسەیەک لە سەر دۆزەخ و بەهەشت و ئەشکەنجەی جۆراو جۆر ی خودا لە دنیایەکی تردا لە ئارادا نیە . سزای گوناحکاران و سەرپێچی کارانی فەرمانەکانی یەهوە ، ئەنجام نەدانی پرسە ئایینیەکان ، لە هەمان ئەم دنیایەدایە . تەنیا لە پاش دەست بەسەر کردنی گەلی یەهود لە لایەن بابلیەکانەوە دورخستنەوەیان بۆ بابل و پەیوەندیان لە گەڵ ئێرانیەکان و ئاشنایەتیان لە گەڵ ئایینی زەردەشتی کە لە پێشبینی یە کانی پەیامبەرانی ئایینی یەهود دا ئەو بابەتانەی وەکو زیندو بوونەوە و ڕۆژی دوایی و سزاو پاداشت و بەهەشت و دۆزەخ بەرچاو دەکەوێت . لە هان ئەو سەردەمانە دا ئەندێشەی دەرکەوتنی ڕزگار کەر ( فریاد ڕەس ) کە بە شێوەی پاشایەک گەلی پەرتەوازە لە جێگایەکدا کۆبکاتەوە سەری هەڵدا .

( لە ( عهد جدید ) و بە سەرنجدان بە ئاشنایەتی زیاتری یەهودیەکان لەگەل ئایینی زەردەشتی دەربارەی بەهەشت و دۆزەخ و بە شرۆڤە و ڕاڤەیەکی زیاتر ڕوو بەڕو دەبینەوە ، و باوەڕی نوێ دەربارەی لە دەست دانی ئازادی مرۆڤ و نەبوونی واست بۆ مرۆڤایەتی مەسیحیەت درێژە پێدەری ئەو ڕێگایەیە .

یەحەنا لە دەروازەی دوومی نامەی یەکەمی خۆیدا باس لە سە دەرکەوتنی جەجال پێش لە گەڕانەوەی عیسا دەکات و دەنوسێت ، کە لە کاتژمێری کۆتایی دا جەجاڵ دێت ، تارپچگایەک بۆ دەرکەوتنی مەسیح و ڕزگاری جیهان و لە ناو بردنی کردەوەکانی ئیبلیس دەگەڕێتەوە ، وە ئەو ڕۆژە هاوکاتە لەگەڵ ڕۆژی پسلان و ئەو ڕۆژەی کە :

( خۆر تاریک دەبێت و مانگ ڕوناکی نامێنێت . ئەستێرەکان لە ئاسماندا بەیەکدادەن و هێزێک لە ئاسمان فەلەک دەهەژێنێت ، ئەو کات کوڕی مرۆڤ ببینە کە بەهێز و مەزنایەتی بە سواری هەورەکان دێت ، لەو کاتەدا فریشتەکان ، خۆیان لە هەر چوار لاوە لە و سەری زەویەوە تا ئەو سەری گەردوون دەگرنەوە ، بەڵام لەو کاتژمێرەدا جگە لە باوک هیچ کەس زانیاریەیەکی نیە نە فریشتەکان لە ئاسمان و نە کوڕی خوداش ) مرقس 33/-24-13

لە سەر بنەمای دەقەکانی ئینجیلەکان ، فریشتەی ڕزگاری کەسەکان لە دنیایەکی تر پیادە کردنی ئیرادەی خوداو فەرمانەکانی عیسا و چاکە کاری یە لە گەڵ ئەوانی تر :

(نە هەر ئێمە تەنیا بۆ خوداوەند . خوداوەند دەڵێت ئێمە دەخاتەناو پەریەکانی ئاسمان ، بەڵکو ئەوەی کە ئیرادەی باوک کە لە ئاسمانەکاندایە بە جێ بهێنێت ، لەو ڕۆژەدا ئێمە پێی دەڵێچین خوداوەند . ئایا بە ناوی تۆوە پەیامبەرمان نەنارد و بە ناوی تۆ وە دێوەکانمان دەرنەکرد . ئەوکاتە بەوانە بەڕاشکاوی دەڵێچین کە من ئەوانەم هەرگیز نەناسیوە ، ئەی خراپەکاران لە من دور بکەونەوە ، هەر کەس گوێبیستی قسەکانی ئێمە بێت و پەیرەویان بکات ئەوا بە پیاوێک دەی شوبهێنین کە ماڵەکەی خۆی بە بەرد هەڵچنیوە ) مرقس 7-12/24

(ئەوەی کە باوکی باش ئەی چێنێ کوڕی مرۆڤە و مەزرەعەکەیش ئەم جیهانەیە ، تۆوی باش هەموو پەریەکانە . و کرکاسەکانیش خراپەکارن و دوژمنێک کە ئەوانی چاندوە ئیبلیسە ، وەرزی دروێنە کۆتایی جیهان درۆزنەکان ، فریشتەکانن . پاشان هەمان شێوە ئەم دنیایە کۆتایی پێدێت ، کە کوڕە

مرۆڤ  ملائیکەتی خۆی ناردوە هەمو تاوان باران و کۆکردوەتەوە ، و ئەوانە دەخاتە ناو تەنورێکی ئاگرینەوە  جێگایەک کە پڕلە گریان و هاوار هاوارە ، ئەوکات داپەروەرەکان لە عەرشی باوکدا وەک و خۆر دەدرەو شێنەوە ) متی 13-37/44

دەربارەی ڕۆژی پەسڵان و چۆنیەتی گەیشتنی بە ڕۆژی دوایی چاکەکاران و خراپەکاران ئینجیلی مەتا لە بەشی 25 دا دەڵێت :

چۆن کوڕی خودا لە مەزنایەتی خۆیدا لەگەڵ کۆی مەلائیکە پیرۆزەکانی خۆیدا ، دێت ، ئەوکات لە سەر تەختی مەزنایەتی خۆی دادەنیشێت و کۆی میللەتەکان لە حزوری ئەودا کۆدەبنەوە و ئەوان لە یەک جیادەکاتەوەو  بە شێک کە چۆن شوان  مەڕەکانی لە بزنەکانی جیادەکاتەوە ، و مەڕەکان لە دەستی ڕاست و بزنەکان لە دەستی چەپ دادەنێت ، ئەوکات پاشا بە ئەوانەی دەستی ڕاستی دەڵێت وەرن بەهرەمەند بن لە بەرەکەوت و عەرشی من کە لە سەرەتاوی جیهانەوە بۆ ئێوەم  ئامادە کردبوو ، بە میراتی بۆ ئێوەیە . هەروەها بەوانەی دەستی چەپیشی دەڵێت  : تاوان باران لە من دوور بکەونەوە لە ئاگرێکی جاویدانیدا کە بۆ ئیبلیس و فریشتەکانی ئەو دانراوە  ئەوان دەخاتە ناو ئەشکەنجیەکی جاویدانی و داپەروەرانیش لە ژیانێکی جاویدانیدا دەژین ) متی 25-31/46

عیسا لە بارەی چارەنوسی هاوڵەکانیەوە دەڵیچت :

( ئێوە کە منتان هەڵبژاردوە ، لە لە ڕۆژی دوایی  کاتێک کە کوڕی مرۆڤ لە سەر کورسی مەزنایەتی دانیشت  ئێوەش لە سەر دوانزە کورسی دادەنیشن و دادگایی  دوانزە ئیسرائیلی دەکەن  ) متی   28-19

دەربارەی بونیاد و هەیکەلی دۆزەخ و بەهەشت  ئینجیلی مرقس ئاوا باس دەکات : ( لە جەهەنمدا ئاگرێک هەیە ، کە هەرگیز ناکوژێتەوە ، جێگایەکی گەرمە و ئاگرەکەی هەرگیز ناکوژێتەوە ، )  44-9 . بەو دێرە باسی بەهەشت و جەهەنم کۆتایی دێت و ئیتر لە هیچ یەکێک لە ئینجیلەکانی تردا لە بابەت بەهەشت و جەهەنمەوە هیچ بەرچاو ناکەوێت . هەروەها لە بابەت جێگای بەهەشتەوە هەر چوار ئینجیلەکە بێ دەنگن  ، تەنیا پۆلس لە نامەکەی خۆیدا بۆ قرنتیان       12-3 ئاماژەیەک بە جێگای بەهەشت لە ئاسمانی سێ هەم دەکات و بە جێگای چاکەکارانی دادەنێت . لە نامەکانی پۆلس دا شتێکی تر جگەلە وەی کە لە ئینجیلەکاندا هاتوە  لە بابەت ڕزگاری مرۆڤەوە لە ڕۆژی دوایدا هیچ بەرچاو ناکەوێت ، بە باوەڕی پۆلس  چاکە کارو شایانی عەرشی ئاسمان ، کە سێکە کە ئیمانی بە عیسا هەبوو بێت . ئەوی پەرستبێت و بە ناوی ئەوەوە خۆی پاک کردبێتەوە .

( هاوکات ئەگەر بە وتن دان بە خوداوەندیەتی عیسا دا بنێت ، و لە دڵی خۆتادا ئمان بە خودایەتی ئەو بهێنیت  کە لە ناو مردوەکاندا هەڵساوەتەوە ، ئەوا ڕزگارت دەبێت  .   ) رومیان 9-10

هەروەها درێژەی دەداتێ  کە هەمو کەسێک شیاوی و ئیرادەی ئەوەی نیە بەڵکو ئەو کەسانە هەڵبژێردراوی خودا ن ، کە بە ئیرادەوە هەڵ دەبژێردرێن و لەواندا ئیمان بەرجەستە دەبێت ، باشی و خراپی لە دەستی ئێمەدا نیە ، و وابەستەیە بە ئیرادەی خوداوەند و لە سەرەتاوە دیاری کراوە .

(هاوکات خوداوەند بە موسای وت  :  ڕەحم بەو کەسەی دەکەم گەر خۆم بمەوێت ڕەحمی پێ بکەم  نە لە ڕوانگەی لێبوردن و پەلە پروزێوە ، بەڵکو ئەوە لە خودای ڕەحم کەرەوە دەبێت ، هەروەها لە کتێبەکەدا بە فیرعەون  دەڵیچت ، بۆ ئەوەی تۆم هەڵبژارد تا هێزی خۆم  لە تۆدا بەدیار بخەم  تا ناوی من  لە دنیادا دەنگبداتەوە ، هەروەها هەر کەس کە بمەوێت ڕەحمی پێدەکەم ، و هەر کەسیش دەیەوێت دڵ ڕەقی دەکە مو  کێ هەیە کە لە گەڵ ئەم ئیرادەیەدا بەربەرەکانێ بکات ) زومیان  19-14/20

(ئەوە لە وتەی خوداوە دەڵێچم  کە ئێمە زیندوین و تا هاتنی خوداوەند دەمێنینەوە ، بەڵام ئەمە خەوتوەکان ناگرێتەوە ، خوداوەند لە گەڵ دەنگ و سیمفۆنیای سەرۆکی فریشتەکان و لە وێنەی خودادا لە ئاسمانەوە دادە بەزێت . و مردوەکان لە مەسیحدا زیندودەکاتەوە ، ئەوکاتە کەشێمە بە زینویەتی ماوینەتەوە ، لەگەڵ ئەواندا دەبین  تا پێشوازی لە خودا بکەین  و هەروەها لەگەلچ خودادا بمێنینەوە ) تسالونیکیان 17/15-4

ونکە ئەم تیۆریایانە لەگەڵ سیاسەتی کلێسادا یەکی دەگرتەوە ، جگە لە  لەو جیاوازیانەی کە لە گەڵ باوەڕی یاد کراو لە ئینجیلەکاندا هەی بوو ، ئەوانەیان وەک مانشێتی پرۆپاگندەی خۆیان نمایش کرد ، و لە سەر هەمان بنەما ، زۆرێک لە بیرمەندان و پیرۆزکراوەکانی کلێسا چارەنوسی مرۆڤیان لە هەڵبژاردنی ڕێگای چاک و خراپ دا بە قەرزاری ئیرادەی خوداوەند دادەناو  باوەڕیان وابوو  ، کە ئەوە لە یەکەمین ڕێت و یان نەفرەتی لێدەکات .

( یەعقوبی خۆش دەویت و عیساییەکانی بە نەیار دەزانی تا دەوڵەت و  دەسەڵاتی خۆی  بناسێنێت ، ) ڕۆمیان 24-9 لە بەرانبەردا هەندێک لە پێشەواکانی مەسیحیەت  ، بونی جەهەنم و ئاگری بارانی بۆ ئەشکەنجەدانی مرۆڤ بە پێچەوانەی بنەمای دادپەروەری و دڵسۆزی باوک لە سەر مناڵەکانی دادەنێن و بە سەرنجدان لە سەرئەو دەقانەی ئینجلەکان کە ( خوداوەند روناکی خۆر بۆ هەردوو کەسی خراپ و چاک دەگەیەنێت ، و باران بۆ هەردو خەڵکی زاڵم و مەزولۆم دەبارێنێت ) باوەڕیان وایە ، کە شتی وا بونیە  خوداوەندێکی میهرەبان  و بەبەزەیی جەهەنمێکی ئاگراوی بۆ سوتاندنی منالەکانی خۆی فەراهەم کردبێت .

لە نەریتی کلێسادا ، ڕۆژێک بە ناوی ڕۆژی ڕۆحەکان  ، بوونی هەیە ، کە لەو ڕۆژەدا زەنگە کان بۆ ڕزگاربوونی ڕۆحەکان لێدەدرێت ، و کلێسا مەراسیمێکی تایبەت ڕێک دەخات . ئەم مەراسیمەش لە سەر ئەو بنەمایەیە کە ئەو باوەڕەی گوناحکارانی مەسیحی کە خۆیان پاک کردبێتەوە ، ئیدی ناچنە جەهەنمەوە ، بەڵکو لە جێگایەکدا بۆ پالاوتنیان ماڵی پابرزخ (   purgatory)دادەنرێن تا بە هۆی کلێسا و خێرکردن و نزاکردنەوە لە لایەن زیندوکانی مەسیحیەوە ئازاد دەکرێن .

بەرایی هەشتەم  :

کلێسای ئەسەدۆکسی خۆر هەڵات و گۆڕانکاریەی ئایینیەکان

کلێسای ئەرسەدۆکسی خۆر هەڵات :

پاش دابەش بوونی  ئیمپراتۆریەتی ڕۆم بە دووبەشی  خۆرهەڵات و خۆرئاوا  کلێساش بە سروشت پریشی لەو پیشهاتە سیاسیانە  دا بەرکەوت و دابەش بوو بۆ دوو کلێچسای خۆرهەڵات – قوستەنتەنیەو ( اسلام بوڵ ) و کلێسای ڕۆم  ، ئەم لێک ترازانە  لە ساڵی 1054 بە یەک جاری ڕویدا  .

کلێسای قوستەنتەنیە ، دەسەلاتی بە سەر هەموو کلێساکانی خۆهەڵاتدا هەبوو ، بەڵام لە پراکتیکدا ، لە هەر وڵاتێکدا کلێسایەکی ئەرسەدۆکسی  کلێسای سەربەخۆ بوون ، کە دابەش دەبوون بە سەر یەکەی بچوکتردا ، و هەموان لە سەر بنەماو  باوەڕ ڕیوایاتی ئەرسەدۆکسی لەگەڵ گشت کلێسائەرسەدۆکسیەکانی وڵاتانی تردا هاو ڕاو هاو باوەڕ بوون . پاش شکستی قوستەنتەنیە ، لە ساڵی 1453 بە دەستی تورکمانە عوسمانیەکان ، کلێسای ئەرسەدۆکس لەو شارە گوازرایەوە بۆ ناوچەی

ئسلاو و بوە گەورەترین ناوەندی لە موسكۆ ، بەڵا ؘم یەكێتی كڵێساكانی ئەرسەدۆكسی هیچكات لە یەک دانەبڕاو باوەڕی نامە دێرینەكەی كە لە لایەن یەحیای دیمەشقی یەوە نوسرابوو ، جێگەی قوبڵكردنی تەواوی كڵێساكانی ئەرسە دۆكسی بوو .

یەحیای دیمەشقی یەک سەدە پێش دەسەڵات گرتنی بە سەر ئیسلا ی سوریەدا ، باوەڕنامەیەكی لە سەر بنەمای ژێرەوە داڕشت :

( ئیمان هێنان بە ماتریاڵی خوداوەند لە بوونی عیسادا ، یادەكردنی كردەوە و مەناسكی پەرستن لە كڵێسادا بە نیەتی پاكەوە ، باوەڕ بوون بە بوونی ژیان لە عیسادا لە ئێستادا ، بە ئەنجامدانی حەوت پیرۆزیەكە :

1- تەوبە كردن ( تعمید ) 2- خۆچەوركردن ( 1) 3- خوانی ئێوارە 4- دان پیانان 5- قبوڵ كردنی زنجیرەی پلە پیرۆزەكانی كڵێسا 6- هاوسەرگیری 7- بە خاک سپاردن )

كڵێسای خۆر هەڵات دژی سەرۆكایەتی باڵای پاپ لە ڤاتیكان بوو لە سەر تەواوی كۆمەڵگەی مەسیحەیت و كەسیەتی پاپ یان بە مەعصوم و بێهەڵە و كەمو كورتی نەدەزانی . بەڵكو باوەڕی وایە ، كە پاپ هاوكات مرۆڤێكە وەک هەرمرۆڤێكی تر ، هەتا لە بابەتی ئایینی ئیمانیشدا ، بۆ ئەو ئەگەر هەڵكردن بوونی هەبوو ، خاڵێكی تر ، ئیختیلافێكە كە لە هەیكەڵی ئەندازیاری و ڕێكخستنی ناوەی كڵێسا خۆر هەڵاتی و خۆر ئاوایەكاندا بەرچاو دەكەوت ، لە كڵێساكانی خۆر هەڵاتدا ، بە پی؟چەوانەی كڵێساكانی كاتۆلیک وێنەو پەیكەری ماتریاڵی ڕۆحی پیرۆز دەبینرێت ، و ئیمانداران ئەوانە بە هۆی گواستنەوەی سۆز و ڕەحمەتی ئیلاهی بۆ مرۆڤ دادەنێن و باوەڕیان وایە كە ، نەتەنیا وێنەو پەیكەرەكان بەڵكو ئاداب و مەناسكی ئەنجامدراو لە كڵێسادا خاوەنی هەمان پلەی ڕێزو پیرۆزیە و ئەوانە هۆكاری گواستنەوەی میهرەبانی خواوەندن .

گروپە جیاجیاكانی مەسیحەیت :

دەستپێكی جەنگەكانی سەلیبی تەواوی ڕێكخراوە ڕاهیب یەكانی مەسیحی لە دەست دوو گروپدا بوون ( بن دكیكتنەكان - ( benedictinesو ( سیس تری كنەكان – ( cisterrri cansدا بوو ، بەڵام درێژەی نەكێشا كە گروپی دووەم ( نی كن و – فرانسیس كن ) جێی ئەوانیان گرتەوە ، دووەمیان نیكنەكان ، لە لایەن ، ( سنت دومی نیكن ) ئیسپانلویی بە مەبەستی پەروەردەو فێر كردن خەڵک دروست بوون ، ئەم دەستەیە جلوبەرگی ڕەشیان لە بەر دەكرد ، و خواردنی ۆیان لە ڕێگەی سواڵ كردنەوە دابین دەكرد .

---

1- تدهین : بەواتای چەوركردنی پیرۆزی جەستەی نەخۆشەكان بە هیوای چاک بوونەوە .

گروپی فرانسیس كن كە لە لایەن كە سێک بە ناوی فرانسیس ئسیس ( francis assisدروست كرابوو ، باوكی پااوێكی بازرگان بوو ، چوونكە فرانسیس لە كۆكردنەوەی سەروەت و ساماندا ، هەوڵی نەدەدا باوكی ئەوی لە سەروەتەكەی بێبەش كرد ، فرانسیس لەگەڵ ژنێكی هەژاردا هاوسەر گیری كرد ، سادەترین خواردنی دەخوارد و هەمیشە جلوبەرگی ڕەنگ خۆڵەمێشی لە بەردابوو بۆ گوزەرانی ژیانی

ڕۆژانەی کاری دەکرد ، هەرکات کاری دەست نەکەوتایە ، لە ڕێگەی سواڵ کردنەوە خواردنی پەیدا دەکرد .

هەمیشە خەڵکی ئامۆژگاری دەکردوو هاوکاری نەخۆشەکانی دەکرد . پاش ئەوەی کە دوانزەکەس شوێنی کەوتن ، مۆلەتی دامەزراندنی گروپێکی ئایینیان لە پاپ وەرگرت ، ئەم گروپە بە شێوەیەکی سەر سوڕ هێنەر گەشەی کردوو ریچکخراوو ڕێکخستنی ڕێک و پێکیان لە زۆرینەی شارەکان و وڵاتەکان لە ژێر سەرپەرشتی ڕاهیبەکانی هەمان ناوچە ، دروست کرد . و ڕێکخراوی تریشیان بۆ ژنانی ڕاهیب دامەزراند . لە سەر دەمی پاپ دووەم گری گۆری هەمان دوو گروپی هەڵوەتگری ئایینی ، بەرپرسی دۆخی پیادەکردنی پشکنینی باوەڕ لە ئەو روپا بوو لە هیچ تاوانێک دەتیان نە پاراست .

بە سەرهەڵدانی ڕێنیسانس و بێداربوونەوەی هەستی سەربەخۆیی خوازی لە ناو خەڵکی ئەورووپا و پشکنینی مەزنی جوگرافیایی لە دنیا ، لە نفوز و هێزی ناوەندی پاپی لە ئەورووپا کەمکردەوە ، هەڵکەی ئەو باج و خەراجەی لە سەریان بوو کە ئیجباری دەیاندا بە کڵێچسا لە ژێر ناوی جیاجیادا ، ، مافی خویندن و لیبوردن لە تاوان و مافی داننان بە تاوانداو مافی شوشتنەوە ( تعمید ) خەرجی هاوسەر گیری و ئەنجامدانی مەراسیمی عزرا و ئەو مەراسیمە ئایینیەکانی تر و لە بەرانبەر ئەوانەدا لێیان وەردەگیرا .ناڕەزایان دەربڕی و بە دەرکەوتن و سەرهەڵدانی چینی بازرگان و پیشەوەران و زیاد بوونی ڕێژەی شارنشینان . بابەتەئایینیەکانیش بە پێی خواست و ویستی شارنشینان کەوتە بەر شرۆڤە کردن و راڤە کردن ، کردەوەکانی کڵێسا یان خستە ژێر تیشکی لێکۆڵینەوە و خەڵکی گەیشتنە ئەو دەرئەنجامەی کە کڵێسا تەنیا یەک دامەزراوەی دوورو درێژکراوەیە و هۆکاری کۆکردنەوەی سەروەت و سامان و باجو خەراجە و شاردنەوەیەتی لە گەنجینەکاندا ، ڕۆم و دابین کردنی خەرجیەکانی کارو کردەوە ناپەسندەکانی کەشیشەکانە لە ڤاتیکان . بەم جۆرە لە نێوان کڵێسا و هزری گشتی دەروازەیەکی فراوان کرایەوە ، و لە بێ چارەیی کڵێسادا هەموو ڕۆژ ئەم دەروازیە فراوانترو کراوە تردەبوو ، زەمینەی سەردەمی فەراهەم کرج بۆ ریفۆرمی ئایینی لە ئەو روپا دا . کە کەسایەتیەک بە ناوی مارتین لوسەر (( martin luther ڕێبەری ئەم هەوڵە ریفۆرم خوازیەی لە ئەستۆ گرت .

لوسەر لە ساڵی 1483 لە ئاڵمان لە خێزانێکی گوند نشینی دۆگما لە دایک بووە ، لە سەردەمی لاویەتیدا ، ڕێگای رهبانیەتی گرتەبەرو چوە خەڵوەتەوە و بۆ ئەوەی لە گەلچ خەڵوەتەکەی توشی گرفت نەبیت وەرزش وپەرستنی پێکەوە ئەنجام دەدا .لە ساڵی 1507 لە ناو کەشیشەکاندا سەری دەرهێنا ، پاش ماوەیەک وەک مامۆستای زانکۆی ویتن برگ (( wittenbergهەڵبژێراو و وانەی فەلسەفەی دەوتەوە ، لوسەر لوسەر لە سەفەرەکەیدا بۆ ڕۆم ، لە بینینی دامەزراوەی پاپ و ئەو کەسە گەندەڵانەی کە بە ناوی هەڵسوڕێنەرانی کڵێسا لە سەرکار بوون ، زۆر بە توندی نیگەران بوو ، لوسەر لە ئەنجامی شرۆڤەکردنی نامەکانی پۆلسەوە گەیشتە ئەو دەرئەنجامەی کە ، تەنیا ئیمان یان باوەڕ هێنان بۆ ڕزگاری مرۆڤ بەسە و خوداوەندیش وەک باوکێکی میهرەبان بە خاوەن ئیمان و ئەو کەسانەی کە بە ئیمان و باوەڕەوە دەژین لە سوزوو خۆشەویستی و دریغی ناکات ، بۆر گەیشتن بەو قۆناغە ، مرۆڤ پێویستی بە لە مپەر و دەرگاوان نیە هەرکەسێک ڕاستەو خۆ بەرپرسی ئایینی خۆیەتی و پێویستە ئایین و پەرستن ی خوداوەند لە پەیوەنی لەگەڵ کتێبی پیرۆز دا ئازادانە هەڵیان بژێرێت و ، کەشیش و ڕۆحانیەکان پەیوەندی یان هۆی رشەحمەتی خودا و فاکتەری چاودێری لە ئەنجامدانی مەناسکی ئایینیدا نین . مارتین لۆسەر هەڵویستی کلێسای لە بابەت تەبە کردن و بەخشینی گوناحەوە بە توندی خستە بە ڕەخنە و لەم بارەیەوە بەیانامەیەکی ڕای گەیاند کە جێگای پێشوازی لێکردن بوو لە لایەن خەڵکی ئەلمانەوە ، پاپ لە دەرکردنی ئەم ڕاگەیاندراوە ، نیگەران بوو ، فەرمانی کرد تا مارتین لۆسەر

دادگایی بکرێت ، بەڵام بە نێوەند گیری  ساکسونی فەرمانرشەوا لە تورەیەکەی ئارام بویەوە و مارتین لۆسەری ناچار کرد تا لە لاپەرەکانی کتێبی پیرۆزدا ، پشکنینی زیاتر ئەنجامدا  .

لۆسەر باوەڕی وا بوو ، کە تەنیا  هێزی باڵا دەست ، لە ناو عیسایەکاندا ، کتێبی پیرۆزەو  هەرجۆرە ڕێکخراوێکی کە شیشی و کڵێسایی  پێویست نیە ، کتێبی پیرۆز  پێویستە بە جۆرێک داڕێژرێتەوە  ، کە بۆ هەمووان شیاوی تێگەیشتن بێت ، تا خەڵکی بە خویندنەوەی هەست بەئیمان و باوەڕ بکات لە دەڵیدا ، هەر کەس کە گەیشتە ئەو پلەیەی ئیمان  ئەتوانێت کەشیشی خۆی بێت ، ئەو دەنوسێت :

(ئەگەر دەقەکانی ئینجیل بە چاوی عەقڵەوە سەیر بکەین  ، ناشیاوە ، بێ بەهاو بێ کاریگەر بەرچاو دەکەوێت ، چی شتێک لەوە بێ ماناترو نا گونجاوترە  کە مسیح لە دوهەمین شەوی ژانیدا ، گیان و جەستەی خۆی بۆ خواردن ببەخشێت بە ئێمە  کە مردووەکان لە ڕۆژی زیندوو بونەوە دووبارە زیندو دەبنەوە ، کە مەسیح کوڕی خوداوەند  لە مناڵدانی کچێکی شونەکردوو دا ، نوتفە دەگرێت . بە شێوەی پیاوێک دروست دەبیت و مەگێکی شەرم هێنەر بە هەڵواسراوی بە خاچکەوە قبوڵ دەکات )

چوونکە هەنگاوی بلاو کراوەکانی لۆسەر لە سۆنگەی کڵێسای ڕۆمەوە  دیدێکی کافرانە بوو لە دژی پیرۆزیەکان ، پاپ بە فتوایەک لۆسەری تەکفیر کرد ، ئیمپراتۆری شارلی پێنجەمی کردە بەرپرسی ئەنجامدانی ئەو سزایە ، لوسەریان دادگایی کردوو  سزای دەست بەسەرکردنیان دەرکرد ، بەڵام فردریکی شازادە ، کە بە توندی بەرگری لە لۆسەر دەکرد ، لۆسەری لە کۆشکەکەی خۆیدا شاردەوە ، لوسەر بۆشاییی ئەو کاتەی کە ناچار بوو خۆی حەشار بدات قۆستەوە و کتێبی پیرۆزی وەرگێڕا بۆ زمانی ئەڵمانی  خستیە بەردەستی هەموو خەڵکی ئەڵمان ، ئەو هەنگاوەی لۆسەر نەتەنیا کتێبی پیرۆزی لە پاوانخوازی کڵێسا دەرهێنا ، بەڵکو بوە هۆی یەکێتی زیاتری خەڵکی ئەڵمان و ئەڵمانیەکان باشتر توانیان دەقەکانی کتێبی پیرۆز بە زمانی دایک بخوێننەوە  .

لۆسەر لە ساڵی  1546 زایینی کۆچی دوایی کرد ، بەڵام هەنگاوە ریفۆرمیستیەئاییني یەکانی ئەو زۆر زوو لە سەرانسەری ئەڵمان و هەروەها باشوری ئەوروپا کەوتە بەر ڕەخنە ، پاش جەنگی ناوخۆیی ئەڵمان  ، کە بە ئاشتی ئۆگسبورگ (      augsburg) لە ساڵی  1555 زایینی کۆتایی هات ، مافی یەکسانی  بۆ تەواوی بۆ هەریەکێک لە ئەندامەکانی هەردوو کڵێسا ی کاتۆلیک و لۆترین  فەراهەم کرد ، ئاییني فەر می هەر ناوچەیەکی ئەڵمان ئاییني فەرمانڕەوای هەمان ئەو ناوچەیەبوو ، کە وەزیفە ی ئەسقەفەکانی لە ئەستۆی فەرمانڕەوایانی هەمان ناوچە دیاری دەکرد .

ریفۆرمی ئاییني لە زۆرینەی وڵاتەکانی ئەوروپا

ریفۆرمی ئاییني لە سویسرا  بە توندی و ڕوبەڕوبونەوەی زۆر دەستی پێکرد ، ئولریخ زوینگلی ( ulrich zwingli- 1531- 1484 زایینی ) پێشەوای ڕیفۆرمی ئاییني باشوری سویسرا  ، لە سەر ئەو باوەڕە بوو ، کە مەسیحیەکان پێویستە ، وەک دەقەکانی کتێبی پیرۆز مامەڵە بکەن ، هیچ پێویست نیە فەرمانی کڵیسا کە لە کتێبەکەدا نەنوسراوە ج ێبەجێ بکەن ، فەرمانی کرد کە هەرچی پەیکەرو تابلۆ و خاچ هەیە لە ناو کڵێسادا هەمووی لابەن  و سرود بە بێ مۆزیک بخوێنن و ئاداب و مەراسیمی خوانی ئێوارەی لابرد . بە باوەڕی زوینگلی  ڕێگای مەراسیمی ئێوارە خوانی ئەوەیە کە  هەر پیاوێکی مەسیحی هەڵ بدات  کردەوەو گوفتاری خۆی لە گەڵ ناوەندی مەسیحیەتدا ڕێک بخات . لانکی کەم ئاداب و نۆرمی ئاییني کەم بکاتەوە ، سیستەمی ڕشەوشی کڵێسا  لە هە ر قۆناغێکدا پێویستە لە دەست ئەنجومەنێکی ڕۆحانیدا هەڵبژێردراوی هەمان ناوچەدا بێت .

پایدە کردنی تیۆریاکانی زوینگلی  لە هەندێک لە شارەکانی سیوسرا و ولاتانی ناوەندی ئەوروپا وهوی جیاوازی زۆر و هەڵگیر سانی جەنگ لە نێوان کاتۆلیکەکان و لایەنگرانی زوینگلی  . زوینگلی

لەیەکێک ەم پێکدانانەدا کوژرا  بەڵام تیۆیاکانی هەروەکو خۆی مانەوە و لە باوری سویسرا لەلایەن فارل(  ( farelو هاوکارە فەرنسابیەکەی کالۆن   (    gohn  calvin)درێژەی پێدرا ، کالۆن  کە لە فەرەنساوە هەلاتبوو ، کتێبێکی بە ناوی  ( دامەزراوەکانی ئاینی مەسیح ) نوسی  کە لە دوواتردا بە گرنگترین کتێبی ریفۆرمیستی ئایینی ئەژماردەکرا ، هەمان کتێب بوە بنەمای سەرهەڵدان و پێکێک هێنانی گروپی  پرێس بی تارینەکان (  ( presby terianes

کالۆن توانی کاری گەری بەرچاو لە رەفتارو کرداری خەڵکدا بکات و بیان گۆرێت بە خەڵکێکی دورە پەریزو داخراو . و کۆمەڵگەیەکی خولقاند کە بە هاوکاری ئەنجومەنی شار ڕاستەو خۆ دۆخی ئایینی بە رێوە ببات . هەروەها پەناگایەکیش بێت بۆ ئەو کەسانەی کە بە هۆی جیاوازی ئایینی یەوە لە وڵاتەکەی خۆیان هەڵاتون  یان دور خراونەتەوە  .

مەودای ریفۆرمی ئایینی کە لە  ئەڵمان  لە لایەن لونر و لە سویسراش لە لایەن  زوینگلی و کالۆنەوە دەستی پێکرد و سەرتاسەری وڵاتانی ئەوروپای گرتەوە . پرۆتستانەکانی فەرانسا    کە پێیان دەوترا هۆگنۆ (   ( huguenutsبە پەرەو کردنی هەمان تیۆریای کالۆن  کڵێسایەکیان بۆ خۆیان دروست کرد ، کەشیشەکاتۆلیکیەکانیش کە پشت ئەستور بوون بە  کۆشکی فەرانسا   شارلی نۆیەمیان رشازی کرد تا تا فەرمانی کوشتو بڕی پرۆتستانتەکان لە ست بارتیلمۆ  (   st- barthelmo)دەربکات ، لە ساڵی  1573 زاینی زیاتر لە بیست هەزار پرۆتستان یان کوشت ، چونکە قفەرمانرەواکانی فەرانسە پارێزگاریان لە هۆگنۆ کان دەکرد  لە ساڵی  1598  فەرمانی  ( نانت )  دەرکرا و ئازادی باوەرو ئایین لە دوسەد شاری فەرانسە  درا بە پرۆتستان تەکان ، بەڵام لوئەی چواردە  لە ساڵی   1685 زایینی ئەو فەرمانەی هەڵوەشاندەوە و پرۆتسانیزمی بە نایاسایی راگەیاند ، لە سەردەمی ناپلیۆن دا پرۆتسان نەکان گەیشتنە ئازادی تەواو  .

لە ئینگلستان  ریفۆرمی ئایینی بە جۆرێکی تر دەستی پێ کرد ، هانری هەشتەم  کە خواستیار بوو لە ژنەکەی خۆی کاترین ئاراگون جیا ببێتەوە ، داوای لە پاپ کرد  گرێ بەستی هاوسەرگیریەکەیان هەڵبوەشێنێتەوە ، پاپ ئەو داواکاریەی قبولچ نەکردو  ئەوەی بە ناشەرعی دانا ، هاریش لە بەرانبەردا هەرەشەی لە پاپ کردوو  پەیوەندی خۆیشی لەگەلچ کلێسای رۆمدا پچراند ، پەرلەمانی ئینگلیز  ئەم ئاکارەی پاشای بە تەندروست ناو بردوو ئەو یاسایەی دارشت کە سەرۆکی رۆحانی ئەو وڵاتە لە لایەن خودی پاشاوە دابنرێت . وە ئەگەر هەرکەس ئەم هەڵبژاردن و دانانەی پاشا قبول نەکات ، ئەوا بە خیانەتکاری وڵات ئەژمار دەکرا ، هانری لە ناردنی ئەو برە پارەیەی کە ساڵانە دەینارد بۆ رۆم  رێگری کردوو ، موڵک و زەوی کلێسا و ئەو ناو چانەی کە راهیبەکان خاوندارپەتیان دەکرد ، دابەشی کرد بە سەر نەجیب زادەکاندا . کتێبی پیرۆزی بە ئینگلیسی وەرگیراو  خستیە بە ردەسی هەموو خەڵک ، مری کە پاش ئەو بوە پاشا  ژنێکی کاتۆلیکی و توند رەو بوو ، ئەو هەوڵیدا دووبارە ئینگلیس بخاتەوە ژێر دەسەڵاتی رۆحانیەتی پاپ  بەڵام روبەروی نارەزایی خەڵک بوەو  خەڵکێکی زۆر گیانی خۆیان لەو پێناوەدا بەخشی  ، پاش ئەویش ئیلیزا بێس پشتگیری پرۆتستانەکانی کردوو یاسایەکی لە ساڵی 1559 زایینی دارشت و خستیە بەردەم پەرلەمانی ئینگلیس  . خوێندنەوەی کتێبی نزا ی گشتی ( ( the book  of common prayerو بە سەر هەمووو کلێساکانی ئینگلیسدا گشتاندی  .

لەو کتێبەدا بنەماو بنچینەی پرۆتستانیزم  بە کورت و پوختی دارێژرابوو ، هەمان کتێب و باوەری ئایینی کە تا ئەمرۆکەش لە ئینگلیس پەیروی لێدەکرێت .

کاتێک مری  شاژنی ئینگلیس بوو  ، بریاری دارێژانەوەو پێدا چوونەوەی  ئایینی کاتۆلیکی دا بەشێکی زۆر لە خەڵکی ئینگلیس کە خواستیاری زیاتر ئازادی ئایینی بوون ، رۆشتن بۆ ئەوروپا و لە سویسرا

پەیوەندیان کرد بە ڕێکخراوەکەی کالۆنەوە ،لە سەردەمی فەرمانڕەوایەتی ئیلیزا بێس دا ئەو ئەو کۆمەڵەیە بۆ ئینگلیس گەڕانەوە ، و فیرکراوەکانی خۆیان لە مەراسیمی پەرستندا بەکار دەهێنا ، شارلی یەکەم پاشای ئینگلیس کاتێک بڕیاری دا کە ئەو کۆمەڵەیە لە ئەنجامدانی مەراسیمدا پەیڕەوی لە کڵێسای ئینگلیس بکەن و زنجیرەیەک پلەی ئەسقەفی و کەشیش لە ئسکوتلەندە جێگیر بکەن ، ئەو کۆمەڵیە دژایەتی ئەم بڕیارەی پاشایان کردوو ، سوێندیان خوارد تا گیانیان تیایە بەرگری بکەن . خوێندوە سیاسیەکان لە پەرلەمان و ململانێ لە نێوان ( زهاد – puritans ( و پاشا دا ماوەی بیست ساڵ . لە 1628تا 1648 درێژەی کێشا تا دەرئەنجام زەهاد لەو ململانێ یەدا سەرکەوتنی بە سەر پاشادا هێناو شارلیان دەست گیر کردو لە ساڵی 1649 سەریان لە لاشە جودا کردەوە ، ( ئۆلیورکراموال ) پیچشەوای گروپی زەهاد تا کۆتایی تەمەنی ( 1658 ) فەرمانڕەوایەکی کۆنە پەرست بوو ، لە ساڵی 1653 پەرمانی هەڵوەشاندەوە و لە سەردەرگاکەی نوسی ئەم بینایە بۆ کرێ ، کڵێسای زەهاد بە هێزی تەواوەوە لەو ماوەدا باڵا دەست بوو بنمای ( پرس بی تارینسزم ) لە سکوتلەندە و ئەمریکای باشور بایەخی تەواوی هەبوو ، بە نوێکردنەوەی فەرمانرشەوایەتی و گەڕانەوەی شارلی دووەم بۆ ئینگلیس جگە لە دانانەوەی پەرلەمان مەسلەکی زەهاد ( puritanism ( بە یەکجارەکی لە ئینگلیس وەدەرنران .

جیاوازیەکی تر لە مەسیحیەتدا کە بۆ پەیڕەوانی لە گۆشەو کەناری ئەم دنیایەدا جوڵاون و پەلەقاژەیی مانەوەیان کردووە بریتین لە :

ئانا باپ تیست ( anabaptistes ( دوبارە شۆرەرەوەکان ( تعمید )

ئەم گروپە باوەڕیان بە شۆردنەوەی منالی بچوک نەبوو ، ئەویان بە تەقلیدی کوێرانە دەزانی و باوەڕیان وابوو کە هەرمەسیحیەک پێویستە پاش گەیشتن بە تەمەنی باڵق بوون خۆی بشۆرێتەوە ، خزمەتی سەربازی و فەرمانبەریەتیان لە فەرمانگە حکومیەکاندا بە دەرکەوتەی زوڵم دەزانی و لە دادگاکانی دەوڵەتدا هیچ سوێندیان نە دەخواردو تەنیا بە بەڵی و نەخێر وەڵامیان دەدایەوە ،

چینی کەشیشەکانیان بە خەڵکێکی ریاکارو منافق دادەنا . تەنیا نەریت و نۆرمی عیسا یان بە سەر مەشقی ژیانی خۆیان دەزانی و پەیڕەویان دەکرد ، مەراسیمی پەرستن یان لە ماڵەکانی خۆیاندا ئەنجام دەدا و ئێوارە خوانیان بە ئسلوبی سەرەتایی شوێن کەوتوانی عیسا ئەنجام دەدا ، ئەم گروپە ئیمانێکی بەهێزیان هەبوو کە ڕۆژێک دێت عیسا بە سواری هەورەکان دەگەڕێتەوە بۆ سەر زەوی و دادگایی خەڵک دەکات ، زیاتر کاسبەکانی ناو شارەکان و جوتیارەکان پەیڕەوی ئەم مەسلەکەیان دەکرد .

گویکرەکان ( guakers (

ئەم بزوتنەوە ئایینی یە لە سەردەمانی جەنگی ناو خۆیی ئینگلیس و فەرمانڕەویەتی شارۆلی یەکەمدا لە دژی نەریتی ئیزافە کراوی کڵێسا دروست بوو ، دامەزرێنەری ئەم گروپە ، جورج فاکس ( georg fax ( بوو کە باوەڕی وابوو کە ئایینی مەسیح تەنیا قبوڵ کردن و دووبارەکردنەوەی یەک ڕەهەندی پارێزراوی تایبەت بە ئینجیل نیە ، بەڵکو پایەی ئەم ئایینە پێویستە لە نیەتی ناخی دڵەوە و ئیمانی واقیعی یەوە بێت و گەیشتنیش بەم قۆناغەی ئیمان بە ڕۆیشتن بۆ کڵێسا و بیرهێنانەوەی زنجیرەیەک نزاو پارانەوە ی پیچش مەرج و گوێگرتن لە قسەی کەشیش بەدەست نایەت ، بەڵکو دڵی مرۆڤ پێویستە تیشکی ئیمان ئەو تیشکە لە ئەنجامی نیەتی پاکەوە بێت و لە لایەن خوداوە لە ناو دڵ و دەرونی کەسەکاندا چەکەرەبکات ، خوداوەند هەرکەس کە بیەوێت ڕێنمایی دەکات ، لەو مەودایەدا ، هۆو هۆکار و کەشیش و پیاوی ئایینی پێویست نیە ، ئەم گروپە دژی جەنگ و سوێند خواردن بوون و پیادەکردنی پیرۆزیەکانی هەفتانەی ئایینیان بە پێویست نەدەزانی .

کڕنوش بردن و نوشتانەوە لە بەرانبەر پەیکەر و وێنەو تابلۆکاندا لە کڵێسا بە بت پەرستیان دادەنا ، و دەیان وت ، کە پیاوی ئیماندار کاتێک پاش نزاو مناجات ، خامۆش و لە سەرهۆشی خۆی بمێنێتەوە تا نوری خودا بێتە ناو دڵیەوە ، کاتێک کە سەرۆکی وەزیرانی ئینگلیس ویلیام پن ( w. penn ) ناوچەی پنسیلوانیای لە ئەمریکای بە خواستیارانی ئازادی لە ئەنجامدانی مەراسمی ئایینی تایبەت کرد ، بەشێکی زۆر لە گویکرەکان کۆچیان کرد بۆ ئەو ئەیالەت .

لایەنی گرانی یەکتا ( unitarians )

بونیاد نەری ئەم گروپە ، پزیشکی ئیسپانلویی بە ناوی میکائیل سروتس (( micahael servetus بوو ئەو گەیشتبوە ئەو باوەڕەی کە لە کتێبی پیرۆزدا شتێکی بوونی نیە دەربارەی سێکوچکەیی و ئەو باوەڕی سێ کوچکەیەش کرفرێکی حاشا هەڵ نەگرە . ئەو باوەڕبوونی بە سێکوچکەیی لە ئەفرینراوەکانی کلێسا و ڕێکخستنی خودای یەکتا لە سێبەشی سێ لایەنەدا ، باوک ، کوڕ و ڕۆحی پیرۆز بە شتێکی وەهمی دەزانی . وە هەر وەها کچ بوونی مریەمیشی بە ڕاست نەدەزانی ، باوەڕەکانی ئەو هۆکارۆی جوڵاندنی کاتۆلیکەکان و پرۆتستانەکان بو لە تەوەرەیەکدا ، بە جۆرێک کە کاتێک بە شێوەیەکی نەناسراو ڕۆشت بۆ ژنۆ خەڵک ناسیانەوە ،ئەویان بیە زیندویی لە ئاگردا سوتاند ، مەرگی سروتس بوە هۆی لە ناو چوونی باوەڕەئایینی یەکانیشی و لایەنگرانیشی هێشتان لە لوڕستان وولاتانی دراوسێی ژیان بە سەر دەبەن .

مۆرمۆنیزم mormonism

لە ساڵی 1830 زایینی لە یەکێک لە هۆزەکانی ولاتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا ، بە ناوی جوزف سمیت ( joseph smith )گروپێکی نوێی مەسیحی بە ناوی مۆرمۆنیزم بونیاد نا . کتێبی پیرۆزی نوێی بە بە ستایلی تەورات و ئینجیل بە ناوی ئەفراندن نوسی و ئەوەی بە قسەی خوداو فیرکراوەی عیسا - مەسیح بە نفیت ( nephites )ناونا ، لە پێشەکی کتێبەکەدا مۆرمۆن دەنوس ٌت : کتێبی مۆرمۆن ، کتێبێکی پیرۆزە ، هەروەکو تەوراتی یەهود . ئەم کتێبە وتەو کرداری خودایە لە گەڵ خەلکی دێرینی ئەمریکا و هەروەکو تەورات هەڵگری فیرکراوەی ئەبەدی ئینجیلە ، کە لە لایەن پەیامبەرانەوە لە ڕێگەی سروش و ئیلهامی پەیامبەرانەوە نوسراوەتەوە .

مۆرمۆنەکان باوەڕیان وایە کە تەورات تەنیا کتێبێکی پیرۆز نیە کە بۆ گەلی ئیسرائیل دابەزێنراوە ، بەڵکو خوداوەند بۆ هەموو ئەو گەلانەی کە لە باکورو باشورو خۆرهەڵات و خۆر ئاوان یان لە دورگە دوورەکان و ئۆقیانوسەکانن وتەی خۆی بۆ ئەوانیش دادە بەزێنێت :

(من قسەم لەگەڵ یەهود کردوو ئەوانەم نوسی من نفیتەکان ( nephites )قسەم کردووە ئەوانیش نوسیانەوە من قسەم بۆ هەمو هۆزو گەلان هەیە و ئەوانیش دەی نوسنەوە )نفیت 2- 29

کتێبی مۆرمۆن داستانی ژیانی دەستەیەکی تری نەوەی ئیبراهیمە و ئیسماعیل و هاتنی ئەوانە بۆ ئەمریکا ، داستانی کۆچی لهی ( lehi )بەراوردی ساریا ( sariha )لە ئورشەلیم بۆلای ڕۆخی دەریاکان ، کە لە لایەن نفی ( nephi )کوڕی خوداوە نوسراوەتەوە ،

داستانی شارستانیەتە زۆر کۆنەکان ، داستانی یەهودیەکان کە لە 600 ساڵ پێش زایین لە ئورشەلیممەوە کۆچیان کردوە بۆ ئەمریکا و دابەش بوون بۆ دوو گەلی نفیتەکان و ( nephites ) لامانیتەکان ( lamanites )بەشێکی تر لە هۆزەکانی یەهود کە خوداوەند خودا زمانی خەڵکی بابلی خەوشدار کرد تا لە یەک تێنەگەن ، کۆچیان کرد بۆ ئەمریکا ، پاش هەزاران ساڵ تەواوی ئەو خەڵکە لە ناو چوون ، تەنیا لامانیتەکان مانەوە کە نەژادی سور پێستەکانی ئەمریکان .

گرنگترین بەش ( لە کتێبەکەی مۆرمۆندا ) فیرکراوەی ئایینی کەسیەتی عیسایە ، کە پاش لە خاچ درانی لە ئورشەلیم و بەرزبوونەوەی بۆ ئاسمانەکان منفیتەکانی فیرکرد ، عیسا فەلسەفە و بنەمای ئینجیل ودەستگەیشتنی بە ئارامی و خۆشی دنیاو ڕزگاری لە دنیای دوایی لە ئەمریکا بە منفیتەکان فیر کرد .

کورتەی فیر کراوەکانی عیسا و وتەکانی پەیامبەران لەلایەتن مۆرمۆنەوە ( mormon ) پەیامبەر و مێژوو نوس کۆکراوەتەوە و لە سەر لەوحەی ئاڵتونی نوسراوەتەوە ، مۆرمۆن لوحە ئاڵتونیەکانی سپاردوە بە کوری مۆرمۆنی ( mormoni ) مۆرمۆنی چەند دەستەواژەیەکی پێ ئیزافە کرد وو ، لەو حە ئاڵتونیەکانی لە جێگایەک لە ناو تەپۆڵکەمانی کومرا ( cumorah) شاردوەتەوە ، لە شیپتامبەری 1883 زایینی مۆرمۆنی بە ئەنجومەنی ڕۆحانی پیرۆز لە خەونی دا پەیامبەر ژوزف سمیت هاتە خەوی و ئەوی وەک پێویست بۆ دەست گەیشتنی بە لەوحە ئاڵتونیەکان و وەرگێڕانیان نوسراوەکان و بە ئینگلیسی و دا . ژوزف سمیت ، پاش دۆزینەوەی لەو حەکان ، ئەوانی بە هاوکاری ئیلهامی غەیبی بۆ ئینگلیسی وەرگێڕا .

ناوەندی فیرکراوە ئاینیەکانی مۆرمۆنیزم عیسا و سەلماندنی ئەو بابەتەکەی کە عیسا هەمان مەسیحە کە لە تەوراتدا هاتوە پێک هەێنێت .

ژوزف سمیت لە ساڵی 1844 لە هێرشی دژە ئایینەکانیان کوژرا ، بەڵام لە ساڵی 1847 لە سەردەمی دووەمین پێشەوای ئەو گروپە دا بنجامین یونگ ( 1801 -77 ) ( benjamin young ) مۆمۆنیزم توانی لە ناوچەی سالت لک سیتی ( salt lake city ) ڕێکخستن و دامەزراوەی تۆکمەی پرۆپاگندەیی بۆ خۆی و دەست و پێوەندەکانی دروست بکات ، ئەمرۆکە کڵێسای مۆرمۆنەکان بە ناوی (دوواهەمین کڵێسای پیرۆزی عیسای – مەسیح ) ( the church of jesus chist of latter – day saints ) خاوەنی زیاتر لە 3 ملیۆن شوێن کەوتوە کە دوملیۆنیان لە دانیشتوی ئەمریکان .

گرووپێکی تری مەسیحی :

وەکو متدیست ( methodists ) پنتاکوستەکان ( pentecostes) زەهاد ( pietism ) وە سوپای ڕزگاری ( salvation army ) لەگەڵ باوەڕێکی کەمی هاوشێوەی باوەڕی مەسیحیەکانی تر ، بونیان هەیە . بەڵام سۆنگەی جیاوازی دیاری تەواوی ئەم گروپە لە بابەت قبوڵ کردنی خاڵە هاوبەشەکانەوە بەم جۆرەیە :

عیسا بە خودا دەزانن ، کە بە شێوەی مرۆڤ بۆ پاککردنەوەی گوناحی سەرەتایی مرۆڤ هاتوەتە سەر زەوی پاشان کە بەدەستی قەومی یەهود لە خاچ درا ، بەرزبویەوە بۆ ئاسمانەکان ، عیسا بۆ بەرقەرارکردنی حکومەتی خودایی و پیادەکردنی فەرمانەکانی خودا جارێکی تر دەگەڕێتەوە سەر زەوی . تەواوی گروپە جیاوازەکان و بونی کڵیچ1سا بە شێوەی شوێنی پەرستن و یا کۆبوونەوەی خەڵک بۆ دەرک کردن بە ئیرادەی خودا دەبێت و کتێبی پیرۆز باڵاترین و مەزنترین بەڵگە و لۆژیکی ئایینی و پیادەکردنی نۆرم و نەریتی ئاینی یە بۆ بەردەوامی ژیان و ئەخلاق زەروریە .

بەشی چوارەم  :   محمد و ئایینی ئیسلام

بەرایی یەکەم  :  ئاوڕێک لە شێوەو هەڵکەوتی دورگەی عەرەبیستان و باوەڕەکانی عەرەب بە بەراورد لەگەڵ دەرکەوتنی ئیسلام

بەرایی دووەم : کۆمەڵگەی عەرەب بە بەراورد لەگەڵ دەرکەوتنی ئیسلام

بەرایی سێیەم : ژیانی محمد   ... دەستپێکی پەیامبەری .

مەدینە و دەستپێکی پێکهێنانی ئیمپراتۆری ئیسلامی

بەرایی چوارەم :  ئایینی ئیسلام

بەرایی پێنجەم : کاریگەری باوەڕەکان ، نەریت و باوەڕەکانی عەرەبی جاهیلیەت  لە ئیسلامدا

خوداو مرۆڤ .- خوداوەندی

حەج

مانگە حەرامەکان

تۆڵە

نوێژ

ڕۆح ، جن و دێو

بەرایی شەشەم : قورئان

داستانی عەبدولای کوڕی سەعدی کوڕی سرح

داستانی عەرانیق

معراج

ناسخ و مەنسوخ

ژنەکانی محمد

داستانی ئەفک

داستانی ماریەو بیەبشکردنی لە خەوتن لە گەڵیدا

داستانی ئەو ژنانەی کە خۆیان بە بەلاش پیچشکەش محمد دەکرد

بەرایی حەوتەم : بەهەشت و دۆزەخ

بەرای هەشتەم  : ئایینی ئیسلام پاش مردنی محمد ، گروپە جیاجیاکانی ئیسلام

بەشی چوارەم :

محمد و ئایینی ئیسلام

بەرایی یەکەم :

ئاورێک لە هەڵکەوتی دوورگەی عەرەبستان و باوەڕەکانی عەرەب بە بەراورد لە گەڵ دەرکەوتنی ئیسلام .

هەڵکەوتی دوورگەی عەرەبستان لە ناو هاوشێوەی دوورگەکانی جیهاندا ، لە رووی پانتاییە وە گەورەترین هاوشێوەی دوورگەیە ، لە خۆرهەڵات و باکورو خۆرئاوا ، کەنداوی فار و ، ئۆقیانوسی هند و دەریای سوورە ، ئەم دوورگەیە یان دەرداوە ، سنووری باشوری ئەو هێڵە ئیجباریە ، یە کە لە کەنداووە دەست پێدەکات بە دەریای سوردا تا کەنداوی فارس درێژ دەبێتەوە .

لەگەڵ ئەوەی کە دوورگەی عەرەب لە سێ لاوە دەکەوێتە سەر دەریا ، کەشو هەوای دەریا ناتوانێت زۆری گەرماکەی کەم بکاتەوە ، و زیاتر وشکایی لەرشادە بەدەری پاراو بکات . هەڵمی ئاو کە لە دەریاکانی دەوروبەری دروست دەبێت ، کەمتر دەگاتە مەودای بەشەکانی ئەو دوورگەیە ، بەشی خۆرئاوای ئەو ناوچەیە بەرزەو دەروانێتە سەر لێواری دەریای ناوەڕاست و زنجیرە شاخەکانی لە وڵاتی شامەوە دەست پێدەکات و تا یەمەن درێژ دەبێتەوە ، کە عەرەبەکان بەو شاخانە دەڵێن ( سیرات ) ئاستی ناوەندی بەرزی 5000 پێیەو بڵندترین لوتکەی لە یەمەنە کە 12326 پێ بەرزە . دۆڵ و نشێوی سەختو قوڵی لە لێواری دەریای سوردا هەیە ، تاشە بەردی جۆراو جۆر و زۆری تیایە ، کە هۆکارە بۆ نەهێشتنی زیاتر نزیک بوونەوەی کەشتی یەکان بۆ رۆخی دەریاکە . نشێوێکی بەرو لای کەنداوی فارس و قولچ و درێژی هەیە و زیاتر ئەو بە شە لە ناو دوورگەی عەرەبدا لە ئەشکەوت و دەشت و بیابانەکان وشکت رو رێگیر ترە بۆ هاتۆ چۆ .

هەندێک لە بەشەکانی حیجاز دەشتێکی فراوان و بە ناو بانگە بە دەستکەوتی چاندن بەربووم . لە هێرشی گوند نشینانی خەیبەر کە ئەوان بە باشترین گوند نشینانی عەرەب دادە نرێت ، بەڵام لە بەشەکانی تردا ، زەوی ڕاستەو خۆ لە ژێر تیشکی سوتێنەری هەتاو دایە ، خۆرەتاو گۆرانکاری لە ژینگەکەیدا کردووە ، چوونکە بارانی لێنابارێت و گیای تیا سەوز نابێت ، زەویکە وشک دەبێتەوە ، هێدی هێدی لە ئەنجامی کاریگەری تیشکی سوتێنەری خۆر دەبێتە تۆز و گەردوو با بە ئاسانی دەتوانێت ڕای بماڵێت . کاتێک بایەک بە خێرایی لەو ناوچەیە هەڵدەکات هەموو تەپوتۆزی ئەو ناوچەیە رادەماڵێت و دیسان تۆز و غوباری نوێ دروست دەبێتەوە ، ئەو تۆزو غوبارەش لە سەر سەوزایی و دارو درەختەکان دادەبارێتەوە . زیاتر لە یەک لە سێی دوورگەی عەرەب بیابانی چۆڵ و وشکە کە هەتا عەرەبی دەوارنشینیش ترسیان هەیە کە بچنە ئەو ناوچانە . لە باکوری بەشی ئەو بیابانەدا ، ناوچەیەکی باراناوی یەمەن هەیە و ناوچەیەکە کە لە لای یونانیەکان و ئێرانیەکان و رۆمیەکان بە هۆی هەبوونی هەزبێ و ئاڵەت بە ناو بانگ بوو .

بیرمەندان لە سەر بنەمای جیاجیا کە بەشی زۆرینەی ئەو زمانە و تایبەت مەندیەتی ئۆرگانی وەکو رەنگ و مو و ریش و رەنگی پێست و روخسارو شکڵ و شێوەی کەللەی سەر ، تەواوی ئەو هۆزانەی کە لە سەردەمە جیاجیاکاندا لە ناوچەی عەرەبستان تا ئاسیای بچوک ژیاون ، وەکو یەهود و ئامیەکان و بابلی یەکان و ئاشوریەکان ، بە بەشێک لە نەوەی سامیان دادەنێن . سەدان ساڵ پێش هاتنی عیسا عەرەبەکان لە ڕاستە هێڵی کەنارە کانی خۆرئاوای ڕووباری فورات تا دەوروبەری بیابانەکانی

فەلەستین  و شامات ، هاوشێوەوی دوورگەی سینا و کەنارەکانی خۆرئاوای دەریای سوور نیشتە جێبوون ، ئەوە هەمان سەرزەویە کە نوسەرانی یونانی ، لاتینی و عیبری  بە جێگەی عەرەبەکان دەیان خوێندەوە ، هرودت مێژوو نوسی یونانی (484-425 پ-ز ) لە کتێبە مێژوویەکەی خۆیدا دەستەواژەی عرابە (  (arabaeبە و ناوچانە ی خۆر هەڵاتی ڕووباری  نیل و شاخی سیناو  دادەنێت و هۆزی نیشتەجێی ئەو ناوچەیە کە بیابان گەڕی ژیانیان گوزەرەاندوە بە عەرب ناودەبران .

ناوی عەرەبستان  تا سەدەی نۆیەمی زایینی  لە هیچ یەکێک لە مێژووەکۆنەکاندا بەرچاو ناکەوێت . ڕەنگە عەرەبستان  عەرەبەکان  لەمێژووی میللەتان و شارستانیەتی ئەو سەردەمانەدا کاریگەریەکیان نەبووە ، و بەهۆی دۆخی سروشتی ئەو ناوچەیەەمترولآتێکی کراوە بووە و گەیشتن بەو ناوچە وشکە نارەحەتبووە . ڕەنگە یەکەمین دەقێک کە دەستەواژەی عەرەب بە هەموو خەڵکی دوورگەی عەرەب جگە لە شارنشین و بایان گەڕ  وترابێت . و زمانی خەڵکی ئەو ناو چەیە ، ناویان عەرب بوبێت .

قورئان بووە ( فصلت 44- رعد و احقاف 11  )

زۆرینەی مێژوونوسان  و توێژەرانی ئیسلامی  مێژووی عەرەب بە هەلەو دوو بەشی جیا لە یەک عەرەبی جاهیلیەت و عەرەبی موسڵمان دابەش دەکەن ، و ماوەی نێوان ئەو دوو سەردەمەش بە شارستانیەتی دیارو دەرکەوتنی ئیسلام دادەنێن .

دەستەواژەی سەردەمی  ( جاهیلیەت ) بە سەرهەڵدانی ئیسلام  دروست بوو ، لە قورئان و لە سورەتەکانی ( لعمرا ، مائدە ، احزاب ، و الفتح ) سود لە دەستەواژەی جاهیلیەت وەرگیراوە ، لەوێدا کە ئەم ئایەتانە بە تەواوی مەدەنین ، بە ڕاشکاوانە دەتوانین بڵێین ئەم دەستەواژەیە لە ئەدەبیاتی عەرەبدا لە کاتی کۆچی  محمد لە مەکەوە بۆ مەدینە شێوەی گرت ، و موسڵمامان لەو مێژووە بەدواوە ، سودیان لەو دەستەواژەیە وەرگرتوە ، هەر ڕۆژێک لە ڕێگەی دۆگمایی و ئیمان و بۆ خۆ جیاکردنەوەو  دەرخستنی فەزڵ لە ڕیگەی لێدانی شارستانیەتی عەرەبی پێش ئیسلام هەنگاویان ناوە ، تا گەیشتنە ئەو ئاکامەی کە خەڵک بەگشتی ، بە نەفام و نەزان و دوور لە هەر بەهایەکی مرۆیی و شارستانیەت ، و پێش کەوتن دابنێن .

گەشە کردنی گەلان و تاکەکان و سیستەمە مرۆیەکان و هەتا ئایینەکان هەمیشە بە تەدریج دەبێت ، گەیشتن بە پلەی باڵای شارستانیەت ، پێش کنە کردنی پلە کانی خوارەوە ئەگەری نیە . لە بینا یان نوێگەری هەر شارستانیەتێکدا هەمیشە باس لە بەرژەوەندی لە و جێگایەی کە بەرژەوەندی بۆ بونیاد نانی شارستانەیتی پێشتر بە کار هێنراوە ، سود وەرگیراوە ، ئەم ڕاستیە حاشا هەڵنەگرە دەربارەی شارستانیەتی عەرەبی پێش  و پاش سەرهەڵدانی ئیسلام دروستە ، چۆن دەتوانین ئەوە قبوڵ بکەین کە تەنیا لە ماوەی چەند ساڵێکدا کە لە پەنجەکانی دەست تێناپەڕێت ، عەرەبێکی ( بدوی ) بیابان نشین و غارتگەر و مرۆڤ کوژ و داماڵراو لە هەر جۆرە  هەستێکی مرۆڤ دۆستی و مرۆڤایەتی  ، تەنیا بە وتنی ڕستەی ( لااله الاالله ) دەگۆڕرێت بە مرۆڤێکی مرۆڤ دۆست و شارستانی  ، هەلبەت ئیتر ئەو بت ناپەرستێت ، بەڵام تەنیا تەرک کردنی بت پەرستی  ، فاکتەری دەرچون لە جاهیلیەت و چونە ناو پلە باڵاکانی شارستانیەت  نیە ، بەهەر حاڵ  عەرەبەکانی پێش ئیسلام  ، بەهرەمەند بوون لە ڕەهەندی ئەدەبیاتی باڵا و شارستانیەتێک کە لە ئەنجامی دراوسێیەتی و بازرگانی لەگەڵ دنیای شارستانیەتی ئەو سەردەمە ، عەرەبستان یەکێک بوو لەو ناوچانەی کە بوبوە پەیوەندی نێوانی خۆرئاواو خۆر هەڵات لە بازرگانیدا ، یەکەمین فاکتەرێک  کە لە  ڕوبەڕو بونەوەی سڕینەوەی تەواوی نۆرمی عەرەبەکان دەرکەوت ، خودی ئیسلام بوو ، کە دژایەتی تەواوی بەهای کۆمەڵایەتی عەرەبی باووباپیری خۆی کرد و هەوڵیدا سیستەمی کۆمەڵایەتی بگۆریت شێوەیەکی نوێ لە حکومەت و کۆمەڵگەی عەرەبدا بونیاد بنێت ، ئیسلام

هەموو کەمو کورتی و  لادانە ئیخلاقی و خراپیەکانی خستە پاڵ سیستەمی کۆمەڵایەتی عەرەبی پێش ئیسلام و هەوڵیدا هەموو نۆرمە باشەکان و خراپیەکانیان بە یەکجاری لە ناو ببات ، بەڵام لە کۆتایداو بە سەرنجدانی بنچینەیی کە لە سەرەوە ئاماژەی پێدرا ، خۆی جێگەی سەردەمی جاهیلیەتی گرتەوەو بۆ ئەوەی کە خۆی لەگەڵ باوەڕو نەریتی باووی خەڵکدا بگونجێنێت ، ڕەنگو بۆیەکی نوێ بە ئاینەکەی ببەخشێت ، بە ناچاری بەشێکی زۆری  نەریت و نۆرم و ڕیسا و هەتا خورافاتی هەمان عەرەبی جاهیلیەتی بە شێوەی حکوم و فەرمانی خوداوەند لە قورئاندا جێگیر کرد .

عەرەب پاش سەرهەڵدانی ئیسلام  ، هەمان عەرەبی پێش دەرکەوتنی ئیسلام بە هەمان تایبەت مەنی نەژادی ، خەسڵەتی میراتگری و باوەڕی نەریتی  . ئەو هەر وەکو عەرەبی پێش لە دروست بوونی ئیسلام بۆ گەیشتن بە بەردە ڕەشەکەی مەکە دەڕۆیشت و هەمان ئەو وشانەی دەوتەوە کە ئەژدادی ئەو لە کاتی تەوافی کەعبەدا دەیوت . بە هەندێک ئیزافە کاریەوە ، دووبارەی دەکردنەوە ، عەرەبی موسلمان ، هەمان عەرەبی داگیر کەری کۆنە کە قافڵەکانی لە بیاباندا دەدزی ، ژن و منالی بیچ گوناحی بەدیل دەگرت ، و لە بازاڕی کۆیلە فرۆشەکاندا لە بەرانبەردەستکەوتدا دەی فرۆشت ، تەنیا شێوەی کردارەکە پاش سەرهەڵدانی ئیسلام گۆڕانکاری بەسەردا هاتو لە جیاتی هێرشی چەند کەسی  ئەنجار بە کۆمەڵ و بە شێوەی هۆزێک دەست پێشخەریان لە کوشتن و داگیر کاریدا دەکرد .

مێژووی عەرەب پێش ئیسلام یان بە و دەستەواژە هەڵەیەی کە توێژەرانی ئیسلامی دەڵێن مێژووی عەرەبی جاهیلیەت ، کە لەلایەن مێژوو نوسانی ئیسلامیەوە بە کارهێنراوە ، کە بریتی یە لە زنجیرەیەک هەواڵی ساختە و جۆرە داستانێکە کە بۆ لافلێدان و لە پێشتری ئەو هۆزانەی کە بەیەکەوە بەستراون و هەنگاو بەرەو بەرزڕاگرتنی ئیسلام هەوڵی بۆ دراوە تا بەهای حەقیقی عەرەبی پێش ئیسلام بهێننەوە ژێر سفر ، بەوەهۆیەوە هەواڵ و ڕیوایات و نوسراوەکان و دەقی نوسەرەکانی ئیسلام لە تەوەری مێژووی عەرەبی پێش ئیسلام شیاوی دڵنیایی نیەو  هیچ یەک لە نوسراوی مێژوونوسەکانی یونانی و ڕۆمی و یان کتێبی پیرۆزی یەهود ئەوانە جەخت لێناکاتەوە ، عەرەبەکان خویان بە تۆمارکردنی ڕوداوەکانەوە نەگرتوە ، بەڵو ڕوداوەکانیان لە ناو خۆیاندا بە زارەکی باس کردوەو ڕوداوەگرنگەکانیان لە ئەنجامی چەند بارەکردنەوەی دا لە بەر کردووە ، لە گەڵ ئەوەی کە یادگە توانی وەرگرتنی سنووردارە  ، لە ئەنجامی تێپەڕینی کات و دەماو دەمی وەک باس و خواست یان زیادی پێوە دەنرا یان کەمی دەکرد . زۆرێک لە خاڵەگرنگەکانی ڕوداوەکە لە بیر دەکرا یان  بەجۆرێک دور لە ماهیەتی هەواڵەکە یان ڕوداوەکە دەوور دەکەوتەوە ، زمانی عەرەب پێش لە ئیسلام هاوکات پێک نەهاتبوو لە یەک زمان ، هەر هۆزێک یان عەشیرەتێک ، زاراوەیەکی تایبەتی خۆی هەبوو بە زمانی دیارکراوی وەکو ( سبتی ، حمیری ، سەفەوی ، سمودی و لحیانی  ) قسەیان دەکرد ، کە لەگەڵ یەکدی و لەگەڵ زمانی قورئاندا زۆرجیاواز بوون .

هەڵکەوتی هەرێمی و تایبەت مەندیەتی جوگرافیایی هۆکاری بەدیهێنانی هۆزێکی بە گشتی جیاواز لە هۆزەکانی تری ناوچە کانی دەوروبەر بووە ، ئەندێشەی بیابانگەڕی گیانی تاگەریی ، سەرۆیی ، خواستی کۆنە پارێزی و ملکەچ نەبوونی حکومەتی ناوەندی و پێکدادانەکانی هەمیشەیی هۆزەکان ، بەشێک بوون لە دیاردە جوگرافیایەکانی ئەو اوچانە .

عەرەب بەگشتی بونەوەرێکی ماتریاڵی و لە سۆنگەی بەرژەوەندیەوە سەیری هەموو شت دەکات ، عەرەب دەرفەتێکی بۆ دەربڕینی سۆزی مرۆڤ دۆستانە نیە ، هەموان چاوەڕوانی خیانەت و تورەبوونن لە یەک ، هەر شتێک کە هەستی ئەو بریندار بکات ، ئەوا لەودا هەستی تۆڵەسەندنەوە دروست دەکات ، و بە تاوانێکی نەبەخشراو دای دەنێن ، لە سۆنگەی عەرەبی بیابانیەوە ، تەنیا مەنتیقی شیاوی قبوڵ کرد ن، هێززبوو ، لە بەرانبەردا  یان سەری لێدەکردەوە یان ئەوانی دەکوشت و داگیری دەکردن ، عەرەبی

بیابانی ، نە باشی لە بیر دەکرد وو نە خراپیشی لە یاد دەکرد ، بۆ هەر دۆخێکی نەشیاو دا هەڵدەشاخاو لەوێدا کە پێی کەرامەتی خۆی یان هۆزەکەی لە ئارادا بوو ، بە شمشێر دادگەری دەکرد وو ئەگەر نەیتوانیایە ، بە بێ دواکەوتن دۆخەکە یەکلایی بکاتەوە ، تۆڵەی خۆی بکاتەوە ، ڕق ئەستور تر دەبوو ، کینەی خۆی دەشاردەوە و بەدوای دەرفەتێکدا دەگەرا، عەرەب عاشقی ئازادی لە کەشو هەوای سوتێنەری بیاباندا بوو ، ژیانی عەرەب بە قوڵی ماتریاڵی و خورافە پەرست لە سێ شتدا کورتکرابووەیەوە ، ژن شەراب و کوشتن و داگیرکردن .

عەرەبی بیابانی تەنیا لە هزری یەک شتدا بوو ، باران و لەوەڕگا ، قەیرانی ژیانی ئەو لە نەبارینی باران و کەمی لەوەڕگادا سەرچاوەی دەگرت ، تا ئەوکاتەی کە ناوچەکەی سەوزو تەڕو پاراو بوو ، بی باک بوو لەوەی کە لە جیهانی دەرەوە چی دەگوزەرێت ، بارانی بە ڕەحمەتی خودا دەزانی و کاتێک سەردەمی وشکە ساڵی درێژەی دەکێشا ، بەتایبەتی لە مانگە حەرام کراوەکان کە دزینی و داگیر کردنی مالچ و موڵکی خەڵک قەدەغە بوو ، بە ڕەدەم قاپی خوداکانیاندا شیوەن و واوەیلایان دەست پێ دەکرد وو ، بە هاوار هاوار داویان لە خوداکانیان دەکرد باران ببارێنن و بۆ ئەوکارەیش نوێژوو پاڕانەوەی تایبەتیان ئەنجام ئەدا ، کە یەکێک لەو نوێژانەی ، نوێژی ( استسقا – نوێژە بارانە ) بوو ، کەهێشتان لە باوەری موسڵمانەکاندا ماوەتەوەو بۆ ئەنجامدانی خەڵک بە کۆمەڵ دەڕۆن بۆ ( نوێژ – مصلی ) .

عەرەبە بەدەویەکان ، زۆر سەرکێش و خوێن ڕێژ ، لە هەمبەر ئەوانی تر بێ بەزەیی و دڵ ڕەق و تورەو لەخۆ بایی و خواستیاری ئەفسانەو خورافەی پاڵەوانیەتی بوون . بۆ بژێوی ژیان ، هەر جۆرە نارەحەتیەکی ژیانیان تەحەمول دەکرد ، بە هۆی هەبوونی ئەو خەسڵەتە زاتیەیانەوە و ئارەزووی بە هێز بۆ کوشتتن و داگیرکاری سەروەت و سامانی ئەوانی تر ، بوو کە لە ناوەندی ئیسلامدا لە رزی باشترین و بەهێزترین سوپاکانی دنیادا لەو ساتەدا بە خێرایی دراوسێ بەهێزەکانی خۆیان لە بێخ و بن دەرهێنا .

عەرەبی پێش لە ئیسیسلام ، وەکو هەرگەلێکی تر ، خاوەنی ئیمتیازی تایبەتی خۆی بوو ، لە سەرزاری ئەم گەلەدا ، لە هەمبەر فەلسەفەی یونان یان یاسای ڕۆم ، و دنیای پیشەسازی و زانست باسێک نەبوو ، بەڵام لە بەرانبەردا ، سروشتی توندڕەوی ئەوان ، بیرتیژی و خێرایی گواستنەوەی لە ڕادە بەدەر یان خۆلقاندبوو .

عەرەب کەسی لە ناکاوبێژوو ئامادە وەڵام بوو ، تەواوی هزرو هەڵسوکەوتی لە کاتی قسەکردندا ، بە شێعر وەڵامدەرەوەی چاق بوو ، یادگەیەکی زۆر بە هێزیان هەبوو ، چوونکە نوسین لە عەرەبستاندا بەردوام نەبوو ، بە ناچاری تەواوی ڕوداوەکانیان لە یادگەیاندا هەڵدەگرت ، و لە ئەنجامی وتنەوەی بەردەوامی یادگە هەمیشە لە پرۆڤە دابووە ، عەرەبی بیابانی باوەڕی تەواوی بە چارەنوس هەبوو هیچ کات لەو چارەنوسە دیاری کراوەی لای نەداوە ، هەمو چاکی و خراپیەکان لە چارەنوسی خۆیدا ، بە دەستی خودایانی دەزانی ، هەتا شارنشینەکانیش ، هەڵگری هەمان تایبەت مەندیەتی و خەسڵەتی بۆماوەیی بوون . لە راستیدا شارنشینان ، مەودایەک لە نێوان عەرەبی بیابانی و شارنشین و خاوەن موڵکە پێشکەوتوەکانی ئەو سەردەمەدا وەکو عیراق و شام بوون ، ئەوانە سەرقاڵی کشتوکاڵ کردن بوون و تەواو کۆنترۆڵی ئەو بوارەیان کردبوو .

یەکێک لە تایبەت مەندیە دیارکانی کۆمەڵاتی ئەو سەردەمەی شارستانیەتی عەرەب ، کۆیلە داری بوو ، کە پاش ئیسسلام و هێرشە یەک لە دوای یەکەکانی موسڵمانان بۆ سەر هۆزەکانی تر یان وڵاتانی دراوێس زیات کردنی ڕێژەی دیلی جەنگ بوو ، کە بە شێوەی کۆیلە دەیان کردنە خزمەت کار و یان لە بازارەکاندا مامەڵەی کرین و فرۆشتنیان پێوە دەکردن ، ئەمەش مەودایەکی بڵاوی هەبوو ، کۆیلە کان هەر وەک زەوی و داری بەردار بە موڵکی تایبەتی و کەسی ئەژمار دەکران ، کە لە ناو ماڵدا بە شێوەی

خزمەت کار بە بێ هەقدەست سەرقاڵی خزمەت کردن بوون ، کاری کشتوکاڵی و ئاژەڵ داریان پێ دەکردن ، خاوەنەکانیان مافی ئەوەیان هەبوو لەگەڵچ کەنیزەکانی خۆیاندا هەرکات بیان ویستایە بخەوتنایە ، محمد هاوشێووەی ئەو کەنیزەکانەی کە لەگەڵیان دەخەوت هەی بوو ، فرۆشتن و کڕینی کەنیزەک یەکێک لە بازرگانیە پڕدەستکەوتەکانی عەرەب بوو ، ئیسلام نە تەنیا ئەم پیشە بێزراوو مۆنۆپۆڵ کردنەی مرۆڤ بە دەستی مرۆڤ کۆتایی پێ نە هێنا ، بەڵکو بە هێشتنەوەی ئەم نەریتە ، ناپەسەندە ، بایەخ و رەونەقی  زیاتری بە کۆیلە داری و کۆیلە فرشی دا و تا چەندین سەدە دوای دەرکەوتنی ئیسلام ، عەرەبەکان لە سەرانسەری دنیای کۆیلە فرۆشیدا ، بە یەکێک لە گەورە ترین بازرگانی ئەو پیشە یە ئەژمار دەکرا .

پێش سەرهەڵدانی ئیسلام ، عەرەبەکان ، لە ئابڕوی ئایین  و خودایانی پەرستراو جیاوازیان زۆر بوو ، چەندین خودا لە دوورگەی عەرەب کەمتر لە خوداکانی ڕۆم و یونان میسر نەبوو ، ڕێژەیەکی یەهودی و مەسیحی ، لە چەند ناوچەیەکی نیم چە ئاوەدانی دوورگەی عەرەبدا دەژیان ، عەرەبەکان شێتانەو بە خرۆشەوە بەرد و بتیان دەپەرست ، هەر کەسێک کە بیتوانیایە پەرستگایەکی بۆ خۆی دروست دەکرد و بتێکی تیادا ڕاست دەکردەوە ، ئەوان کە توانای دروست کردنی بتخانەیەکیان نەبوو ، بەردێکیان  لە بەرانبەر حەرەم یان هەر جێگایەک کە پەسەندیان دەکرد ، و بە پیرۆزیان دەزانی دایان دەناو تەوافیان دەکرد ، هەمانشێوە کە بە دەوری بەردە ڕەشەکەو کەعبەدا دەسوڕانەوە .

بتەپەرستراوەکانی عەرەب سێ جۆر بوون :

صنم – کە بە شێوەی مرۆڤ لە دار دروستکرابوو .

وسن- کە لە سەر شێوەی مرۆڤ ئەندامی مرۆڤ لە بەرد تاشرابوو ،

نصب – بەردێک بوو ، کە شێوەیەکی دیاری کراوی نەبوو .

هەر یەک لە عەرەبەکان صنم یان هاوشێوەی ئەوی لەماڵەوە هەبوو ، هەرکات دەچووە دەرەوەو دەگەڕایەوە بۆ ماڵەوە بە دەوریدا دەسورایە ، و لە کاتی سەفەر کردنیشیدا مۆڵەتی لێ وەردەگرت ، یان لەگەل خۆیدا دەی برد ، هەرکات عەرەبێک سەفەری کردبێت ، لە هەر ماڵێکەوە کە دەردەچوو ، چوار بەردی لە بەردەکانی بابان هەلدەبژارد ، ئەو بەردەی کە لە هەویان جوانتر و لوس تر بوو ، دەی کردە خودای خۆیی و وە سودی لەو سێبەردەکەی تر وەکو مێزێک بۆ بۆ کاتی نانخوارد ن سودی لێدەبینی و کاتێک کە سەفەری دەکرد ، بەردەکانی لە جێگایەکی دوور فڕێدەدا و لە ماڵەوەیش هەمان کرداری ئەنجام دەدایەوە ، هەندێک کاتیش بەردەکانی بەرو ڕوی یەک دادەنا و لە بەردەمیاندا مەرێکی دەکرد بە قوربانی  .

بەردە ڕەشەکە ، بۆ هەموو قەبیلەکانی مەککە دانرابوو ، لە کاتی چوونە دەروەی شار یان هاتنە ناوەی شار بەدەوریدا دەسورانەوە ، خودی محمد پێش بون بە پەیامبەر هەمان ئەو نەریتەی پەیرەو دەکرد .

قورئان پیرۆزی ئەو بەردە رەشەی جەخت لێ کردوەتەوە ، لە حەدیسدا هاتوە :

( الحجر یمین الله تعالی فمن مسحه فقد بایع الله )

بەردە رەشەکە ، دەستی ڕاستی خودایەو هەرکەس دەستی لێبدات ، بەیعەتی بەخودا داوە ، بەردەڕەشەکە لەم سۆنگەیەوە ، هاوتای نەبوو لە سەرتاسەری عەرەبستاندا ، ڕێزێکی زۆری لە لایەن عەرەبە بەرد پەرستەکانەوە لێ دەگیرا و تا ئیستاش جێگەی پەرستنی هەموو موسڵمانانی جیهانە .

ڕەنگە لە دنیادا شتێک بتوانێت کەمتر بێت ، کە تا ئەو ئاستە لە سۆنگەی خەڵکەوە موبارەک و بە درێژایی سەدەکان پیرۆزی خۆی پاراستبێت .

لیکۆڵەرەوانی ئیسلامی دەنوسن ، کە ئەم بەردە لە بنچینەدا سپی وەکو بەفربوو ، ئادەمی باوکی مرۆڤ ئەوی لە بەهەشتەوە لەگەڵ خۆیدا هێنا بۆ سەر زەوی ، و لە بینای کەعبە داینا ، توفانی نوح و بینای کەعبەی وێران کردوو بەردەکەش لە نزیکی شاخی ابو قبیس گیرسایەوە و ون بوو ، تا ئەو کاتەی ئیبراهیم بەرپرسیاریەتی بینای کەعبەی کەوتە ئەستۆ ، و بەردکەی گێڕایەوە بۆ ئەو بینایە . بە وتەی علامە مجنسی لە کتێبەکەیدا ( حیوه القلوب ) ئەو بەردە سپی بوو بەڵام لە ئەنجامی دەست پێدا هێنانی کافرەکاندا ڕەش بوو ، وەکو ئیستای لێهات .

ڕاستی یەکە ئەوەی کە ، گروپێکی نوسەر سودیان لە خواستی زۆریک خەڵک بۆ چۆنیەتی دەستپێکی ئەفراندنی زەوی و ئاسمان و چۆنیەتی هاتنە بوونی مرۆڤ و وەرگرت ، و بە ناوی قورئان یان تەورات ، کەوتنە دروستکردنی ئەفسانەو خورافات لە لای خەڵگی سادەو ساویلکە . بە جۆرێک کە زۆرترین تەفسرەکانی قورئان ، و مێژووی ئیسلام ، ماڵەکان هەموو پڕن لەم ئەفسانەو داستانە منالآنانە بێ بنەمایانە .

بەردەرەشەکە ، یان بە دەستەواژەی عەرەب حجر السود ئەگەری یەکێک لە نەیزەکی ئاسمانی بووبێت کە لە سەدەکانی پێش و کەوتوە تە سەر زەوی ، ئەم بەردە بە ڕەنگ دەچێتەوە سەر قاوەیی و بە ڕەش دەردەکەوێت ، بارستایی نزیکەی بستێک دەبێت ، عەرەبی بەرد پەرست ، کە نەی دەتوانی هاوشێوەی ئەو بەردە لە تەواوی دوورگەی عەرەبدا بەدەست بێنێت ، شێتانە کەوتە پەرستنی و پەرستگەیەکیان بە ناوی کەعبە بۆ دروست کرد ، لە سەردەمی عباللەی کوری زبیر بەردەکە لە ئەنجامی فاکتەری کەشو هەوادا شکاو بوە سێ بەشەوە ، و پارچەکانیان لێ جیا کردەوە و عبدالله فەرمانی کرد تا ئەو پارچانە بە مەعدەنی زیوی پێکەوە ببەستەوە ، بەڵام پاش ماوەیەک گیرە زیویەکان سست و خراپ بون کە بەردەکەیشی بە گشتی لە بەر یەک هەلوەشا .

لە سەردەمی هارەوونە رەشید فەرمانی کرد تا پارچە بەردەکان کون بکەن و زیو بکەنە ئەو کونانەوە و پێکیانەوە بلکێننەوە .

ئەو حەجاجانەی کە هەموو ساڵێچک دەڕۆن بۆ مەکە ، لە سەر بنەمای نەریتی محمد بۆ زیارەت کردن و تەواف بەدەوری کەعبەدا . بەردەکەیش ماچ دەکەن و یان دەستی لێ دەدەن و لە ئەنجامی زۆری حاجیەکانیشدا دەشێی دەست نەگات بە بەردەکەو لە تەواف کردندا حەوت لایەنە لە جێگای بەردەکەدا دەست پێدەکەن . وە ئەوەندە بە چاوی حیرەتەوە سەیری دەکەن لە خولانەوەی تەوافەکەدا هەست بە هیچ ناکەن و دووبارە دەست بە خولانەوە دەکەنەوە .

کەعبە پەرستگایەکی هەموو عەرەبەکان بوو ، بە وتەی ابن کابی یەکەمین کەسێک کە بتی خستە ناو کەعبەوە ، عمری کوری لحی سەرۆکی هۆزی بنی خزاعە بوو . کە پاش سەرکەوتنی بەسەر قەبیلەی جرهم سەرپەرشتیاری کەعبەی لە ئەستۆ گرت . چوونکە دوو چاری نە خۆشیەکی کوشندە بوو . بۆ خۆشتن لە سەرچاوەی ئاوی گەرمی کانزایی چوو بۆ شامات و لە گەڕانەوەیشیدا ئەو بتانەی لەگەڵ خۆی هێنا .

کۆنترن بت کە عەرەبەکان دەیان پەرست ، مات بوو وە عەرەبەکان کورەکانیان بە شانازیەوە ناودەنا عبد منات . ئەم بتە لە کەناری دەریا لە سەر ڕێگای مەدینە بۆ مەکە دانرابوو ، قەبیلەکانی اوس و خزرج دەیان پەرست . هەرکەس کە لە مەکەو مەدینە و یان لە دەورو بەری ئەم دوو شارەدا نیشتە جێ بوو ، کرنوشی بۆ ئەم بتە دەبرد . خەڵکی قەبیلەکانی اوس و خزرج پاش تەوا ف کردنیان بە دەوری کەعبە و ماچکردنی بەردە رەشەکە کاتی حەجی خۆیان بە تەواو بوو دەزانی و کە لە بەرانبەر مناتدا سەری

خۆشیان دەتاشی . منات تا ساڵی هەشتەمی کۆچی  کە بە دەستی عەلی ئەبی تالب روخێنرا و وێران کرا ، هێشتان هەر دەپەرسترا ، ئەو غەنیمانەی کە کەوتبوە دەستی عەلی ئەبی تالب دە شمشێر بوو کە یەکیان بە ( مخزم ) و ئەوی تریشیان بە ( رسوب  ) ناونابوو ، ئەو شمشیرانەیش حارسی کوری ئەبی شمر غەسانی خەلاتی کردبوو بە منات  . بەشێکی تر لە مێژوونوسان باوەڕیان وایە  کە  ئەو دوو شمشێرە  لە ملی  ( فلس ) بتی پەرستراوی قەبیلەی ( گی ) دا بووە و شمشێری ناسراوی زولفەقار یەکێکە لەو دوشمشێرە . (1)

---

1-مەروانی کوڕی سەعد شمشێری زولفەقار بە هی ( معمە بن جراح ) دەزانیت و لە جەنگی بەدردا بە غەنیمە لە لایەن موسڵمانەکانەوە دەستی بەسەردا گیرا . مجبسی لە بحارالانوار دەنوسێت : زولفەقاری عەلی لە ئاسمانەوە دروستکراوەو ئاو دراوە ، ئەم شمشێرە بە فەرمانی خودا لە ئاسمانەوە نیردراوەتە سەر زەوی خەلات کراوە بە عەلی کوری ئەبو تالب .

لات  لە ناو تائف بوو  لە دوای پەرستنی منات ئەو دەپەرسترا ، درگە وانی لات  پارچە بەردێکی چوار گۆشە بوو ، هی قەبیلەی  ( سقیف  ) بوو ، بینایەکیشی بۆدروست کرابوو ، عەرەبەکان لە سۆنگەی ڕێزگرتنیانەوە کە لەم بتەیان دەگرت . منالە تازەبوەکانیان بە ناوی  ( زیلات – تیملات ) ناودەنا ئەم بتە پاش داگیر کردنی مەکە  بە فەرمانی محمەد بە دەستی  ( مغیرەی کوڕی شعبە ) تێک شکێنراو وێران کرا . پاش ئەو دوو بتە گەورەترین بتی عەرەبەکان ، (عزی  ) بوو . قورئان لە سورەتی نجم دا ناوی ئەو سێ بتە دێنێت . عەرەبەکان ناوی منالەکانیان بە ناوی عبدالعزی  ناودەنا ، عزی لە ناوچەی نەخلەی شتمیە لە سەر ڕێگای ئێراق مەککە دانرابوو ، قوبەیەکی بۆدروست کرابوو ، ئەم بتە کە لە شێ درەختی گەورە پێک دەهات . جێگەی بڕواو ستایش و پەرستنی تەواوی عەرەبەکان بوو ، لەلای قەبیلەی قورەیش بە گەورەترین بت ئەژمار دەکرا ، قورەیش بۆ عزی حەرەم سەرایەکی گەورەیان دروست کردبوو وەکو حەرەم سەرای کەعبە پیرۆز کرابوو . لە کوشتارگای کە بۆ پێشکەش کردنی قوربانی ، دروستکرابوو ، سەردانی کەران قوربانیەکانی خۆیان سەردەبڕی و گۆشتی قوربانیەکەیان لە ناو ئەو کەسانەی کە لەوێ بوون دەبەخشی یەوە ، بۆ پرکردنەوەی کەمو کورتی بەشێک لە جلو بەرگ و چەکەکانیان دەبەخشیە ئەو بتە ، بە جۆرێک کە کلبی لە اصنام دا لە زاری کەسانی ترەوە لە هەمبەر محمد دەی گێڕێتەوە دەڵێچت : خودی محمد لە پەیمانی جاهیلیەتدا ، مەڕی بۆ پیرۆز کردن و ریچزگرتن لە عزی کردوەتە قوربانی  . محمد لە کاتی داگیر کردنی مەکەدا ، خالیدی کوڕی وەلیدی نارد بۆ نێوان دوو شاخەکەی کە عزی لێ بوو ، هەرسێ دارەکەی لە بن هەڵکێشا ، خالد دەرگا وانی عزی کوشت و پەرستگەکەی تێکدا .

جگە لەو سێ بتە  ی کە لە لایەن عەرەبەکانەوە لە دەرەوەی مەککە دەپەرستران ، لە ناو کەعبەشدا چەندین بتی تر هەبوون بۆ پەرستن  ، بە جۆرێک کە مێژوونوسە ئیسلامیەکان ، دەنوسن  ، لە کاتی فەتحی مەکەتدا بە دەستی محمد  لە ناو کەعبەدا  360 بتی گەورەو بچووک هوبوون  ، کە لە هەمویان گەورەتر ( هیل ) بوو  کە لە رەنگی سور و بە شێوەی مرۆڤ  دروست کرابوو چوونکە دەستی راستی شکابوو ، دەستێکیان لە ئاڵتون بۆ ئەو دروست کردبوو ، لە ناو کەعبەدا بەرانبەر بە هیل حەوت دانە تیر دانرابوو ، کە عەرەبەکان بۆ ئەنجامدانی کاری گرنگ پرسورایان دەکرد . ئەو بتە ناسراوەکانی تر کە لە لایەن عەرەبەکانەوە دەپەرستران ، بریتی بوون لە  ( ود – سواع – یغوپ – یعوق و نسر )بوون لە ئایەتەکانی  22 و 23 ی سورەتی نوحی قورئاندا ناویان هێنراوە و ئەو بتانە دەگێڕێتەوە بۆ سەردەمی نوح کە لە لایەن هۆزە جیاجیاکانی ئەو سەردەمانە پەرستراون . (1)

ئەو بتە ناسراوانەی تر کە هۆزە جیاجیاکانی عەرەب دەیان پەرستن بریتی بوون لە مانە :

ژوالشری     کە لە لایەن  هۆزی ازدبود دەپەرسترا .

اقیصر     ..................................... تچاعە ، لحم وعاملە

نهم ................................................ مزینە

عائم ................................................ رازدالسراە

فلس ................................................ گی

عسیانس ............................................. خولان

اساف و نائلە  پیاو ژنێک بوون  لە هۆزی جرهم  و کاتێک کە بۆ حەج کردن دەچوونە مەککە  لە ناو مالێکدا لە خەلوەتدا بوون ، و لە حەرەمی عیشقدا بوبونە بت و ئاوێزانی بیەک بوو بوون ، خەڵک پەیکەرە ڕەق هەڵاتوەکەی ئەوانی هێنایە دەرەوە و لە جێگایەدا دایان نان و دەیان پەرستن  .
پەیکەرەکان یەکیان بە ناو کەعبە بوو ئەوتریشیان لە جێگای زمزم بوو . پاشان پەیکەری اساف لە سەر شاخی سەفا و نائیلە لە سەر لوتکەی مروە دانران و هەرکەس کە بۆ حەجکردن بۆ مەککە دەهات مەرێک یان وشترێکی لە بەردەم ئەم دوو پەیکەرەدا دەکردە قوربانی  .

---

1- قەرئان لە هەمبەر چۆنیەتی ئەم بتانە کە لە توفانەکەی نوح بە سەلامەت رزگاریان بوو لە عەرەبستان لە سەر دەمی محمد دەپەرستران باسێک ناکات . بەڵام ئەوەی کە بۆچونێکی مەتیقە ئەوەیە کە محمد لە کاتی خوێندنەوەی ئایەتەکان  22 و 23 سورەتی نوح دا لە یادگەی خۆیدا لە دۆزینەوەی ناوێکدا بوو کە لە گەڵ ئایەتەکاندا بگونجێت ، ئەو ناوانەش یەکەمین ناوبوون کە ئەو ناوی لێنابوون .

بە جۆرێک کە کلبی  لە کتێبی الاصنام دا دەنوسێت ، هەندێک لە قەبیلەکانی عەرەب  کە لە ناوچەکانی حران لە سوریا نیشتە جێ بوون  ، ئەستێرە پەرست بوون و هەندێکی تریشیان خۆریان دەپەرست ، و وەکو خودای خۆیان قبوڵیان کردبوو . هۆزەکانی ( کنانە ) مانگیان دەپەرست ، هۆزی  ( جژام ) ئەستێرەی مشتەری و هۆزی  ( گی ) ئەستێرەی سیوەیل و هۆزی  ( قیس ) ئەستێرەی شعرایان بە خودا دەزانی  .

لە سەردەمی پێش سەرهەڵدانی ئیسلام  ، باوەڕ بوون بە ئیلهامی غەیبی و وەحی و هەتا قسە کردنی سەبارەت بە ئاسمان  لە ناو عەرەبەکاندا بڵاو بوو  . کاهینەکان  ئەو کەسانە بوون  کە لە ( رلی ) ئیلهامیان وەردەگرت و لە هەمبەر شتە پەنهانەکان زانیاریان ئاشکرا دەکرد  . عراف ، بەو کەسانە دەوترا کە  خۆیان بە نزیکترین کەس لە ( الله ) دەزانی و لە هەمبەر ئاییندە قسەیان دەکرد . فاڵ گرتنەوە و سێحرو کاری پزیشکی پیشەی ئەوانە بوو  لە بەرانبەردا خەڵاتیان لە ئەربابە گەڕاوەکانیان وەردەگرت و شێعری دوو دێریان بە سەروا و قافیەوە دەوت و دوو گۆشەی پەنهانیان کە بە ئەو جۆرەی دەیان ویست لێکدەدایەوە و تەئویلیان بۆدەکرد و بەو خەڵکەیان دەوت ئەوە وەحی  خوداوەندە . بە هان شێوە . کاتێک کە محمەد ئیدعای پێغەمبەرایەتی خۆی کرد  ، و وتی  :  ئایەتی قورئان لە رێگەی وەحی و ئیلهامەوە بی هاتوە  . زەمینەی قبوڵ کردنی ئەم ئیدعایە ، لە باربوو ، و عەرەبەکانی مەککە گومانێکیان لە دابەزینی وەحی نەبوو . تەنیا نیگەرانی ئەوزە بوون کە بۆچی وەحی بۆ ئەوان دانەبەزیوە .

یەکێکی تر لە  باوەڕەکانی تری پێش سەرهەڵدانی ئیسلام  ، تەوتەم پەرستی بوو . بونیادی ئەو باوەڕەش لە سەر ئەو بنەمایە بوو کە یەک گیاندارو یان هەر گیایەک یان شتێکی هەستپێکراو بە شێوەی باوکێکی هێنەرە بوونی هۆز قبولچ دەکرا ، تاکەکانی هۆز  خۆیان بە بەرەی ئەو تەوتەمە دادەناو باوەڕیان وابوو ، کە تەوتەم تەوتەم پارێزگاری مانەوەی هۆز دەکات و بەرگریکاریانە . عەرەبەکان لە ناو نانی کوڕەکانیاندا ، کۆیلەکان و سەروەت و هەتا خودی هۆز ڕێو ڕەسمی تەوتەم پەرستیان پێیادە دەکرد و بۆ ئەوانە ناوێک کە فاڵ گرتنەوە دادەنرا هەڵیان دەبژارد . بۆنموونە ناوەکانی وەکو  کلب ، کلیب  ، سعد یان ناوی گیانەوەرانی ئازا    بۆ ترساندنی دوژمنەکانیان وەکو  اسد چرغام لیپ یان هەڵدەبژارد . تەوتەم پەرستان  ، بەگشتی لە ڕوی ترس یان ڕێزگرتنەوە ، لە قسەو نوسراوەکانیاندا ، ناوی تەوتەمیان نەدەهێنا ، و یان نەیان دەنوسی  و جێگاکەیان بە بۆشایی دەهێڵایەو یان بە شێوەی سیمبولی بەیادیان دەهێنایەوە . کاریگەریەکانی ئەم جۆرە بیر کردنەوەیە  هێشتان لە ناو موسڵمانان لە کاتی نوسینی وشتی  ( الله ) دا بەرچاو دەکەوێت  .

یەکێکی تر لە باوەڕە بەهێز و قوڵەکانی عەرەبەکان ، باوەڕبوونە بە ڕۆحەکان ، و بوونی جنۆکە و دێو . باوەڕ بوون بە بوونی ڕۆحەکان و تایبەت مەندیەتی کۆمەڵگەی عەرەب نەبوو . بەڵکو تەواوی خەڵک کە لە بیابانەکانی نێوان دووڕوبار ( میزیۆپۆتامیا ) دا   تا دەریای مدیترانە و دەریای سوور دەژیان  بوونی ڕۆح و جنۆکە و بە شێوەیەکی مەلموس باوەڕیان پێی هەبوو . ئەم باوەڕە ، کە لە سەردەمە زۆر کۆنەکانەوە ڕەنگە لە سەردەمی بەردینی نوێوە  سەری هەڵداوە . وەکو باوەری هۆزە سەرەتاییەکان . زۆر بە قوڵی لە ناو عەرەبەکاندا گرنگی هەبووە  .  وەها قەبیلەی  بنی منیح کە تیرە یەک بوو لە  هۆزی بنی خزاعە و لە قورەیشەکان بوون . جنۆکەیان وەک خودای خۆیان دەپەرست . ( 1 )

---

1- کانو یعبدون الجن واکپر بهم مؤمنون سبا ...       40

قورئانیش ئەم باوەڕەی زۆر بە قوڵی وەرگرتوەو  کەوتوەتە ژێر کاریگەریەوە و لە ئایەتەکانی دا هەوڵی سەلماندنی بوونی جنۆکە دەدات و هەتا ناوی سورەتێکیشی بە ناوی جنەوەیە .

عەرەبەکان باوەڕیان وابوو . کە  ڕۆح پاش جیابوونەوەی لە جەستە  و مردنی جەستە ، خاوەنی هەست و سۆز و ئیرادەو هێزە ، نەخۆشیە دەرونیەکان لە ئەنجامی چوونە ناوی ڕۆحی ناپاکەوەیە کە دەچێتە ناو جەستەی نە خۆشەکەوە ، و دەرمانەکەیشی تەنیا دەرکردنی ئەو ڕۆحە ناپاکەیە ، لە ناو جەستەی نەخۆشەکەدا ، کاتێک کە ترسی  نامێنێت ، یەکێک لە تاکەکانی هۆز  دەسورێت و ئەو بە پیسی و ئیسقانی مردوەکانەوە تیکەلچ دەکات و هەلی دەواسێت . عەرەبەکان سەرانسەری دنیا بە پڕ لە ڕۆحەکان دەزانن . و چونکە ئەو ڕۆحانیەان وا ویناەکرد کە پەیوەندیان لە گەڵ جیهانی باڵادا هەیە . چارەنوس و بەختەوەری خۆیان لەو ڕۆحانە داوادەکرد .

جگە لە ڕۆحەکانیش  عەرەبەکان باوەڕیان بە بوونی شەبەحی نادیارو بونەوەری تر بەناوی مەلائیکە و پەری و جنۆکە و دێو درنج  هەبوو . بۆهەریەک لە مانە خەسڵەتێکی ڕۆحانیان دادەنا ، بۆنمونە مەلائیکە جۆرێک لە  سروشتی پاک و بیگەرد و بە خزمەتکاری مرۆڤ دادەنرا ، بۆ پەریەکان  وەک منالێکی پاک و وێنا یان دەکرد ، کە دوور بوون لە شەرو شۆری جیهانی مرۆڤەکان . هەروەکو منالٚ ڕۆژکانیان بە خۆشی بە سەر دەبرد . بەڵام لە هەمبەر جنۆکەوە بە پێچەوانەوە سروشتێکی ئازاردەرو کوشندە بون و دابەشیان کردبوون بە سەر دوو بەشی چاک و خراپدا  . بە باوەری عەرەبەکان جنۆکەکان  هەروەکو دیو درنجەکان لە بیابانەکاندا ، نیشتە جین  یان لە جەنگەڵەکاندا و ترس و دلە

ڕاوکێ دەخەنە دڵی مرۆڤەوە  مرۆف دەتوانێت بە رام کردن و دەست گیر کردنی دیو و جنۆکە  بیان خاتە خزمەتی خۆیەوە و سودیان لێ وەربگرێت . چوونکە جنۆکە کان پەی بە هەموو نهێنیەکان دەبەن و دەتوانن جێگای شاراوەو تەنگی ژێر خاک پیشانی مرۆڤ بدەن . دێوەکان لە توانایاندایە لە کاتی هاورێیونیان لەگەڵ ئادەمیزاد ئەو لە سەر کۆڵی خۆی سوار بکات و لە تاو تروکانێکدا بیبات بۆ جێگایەکی دوور یان بیکاتە خاوەنی سەروەت و سامانێکی زۆر ، هەروەکو دیوێک کەسێک بە تەنیا لە بیاباندا ببینێت ، پەلاماری دەدات ، و دەی کوژێت و  خوێنەکەی دە خواتەوە . بەجۆرێک کە مسعودی دەی گێرێتەوە ، عومر خەلیفەی دووەمی موسڵمانان ، گێڕاویەتەوە کە ئەو لە یەکێک لە سەفەرەکانیدا ، بۆ شامات ، لە بیاباندا ڕوبەڕوی دێوێک بوتەوە چونکە عومەر شمشێری لێ هەڵکێشاوەو هێرشی بۆ کردوە ، دێوەکە هەڵدێت و خۆی دەشارێتەوە .

لە بەشەکانی دواتردا کاریگەری ئەم باوەڕانەو باوەڕی عەرەبە بیابان نشینەکان لە شرۆڤەی بەشە جیاجیاکانی قورئاندا باس دەکەین . بە شێوەیەکی پوختە کە هەمان هێزی خەیاڵ و باوەڕی عەرەبەکان دەربارەی جنۆکەو پەری و بونە هۆی خولقانی کتێبی کات بە سەر بردن بە وێناکردنێکی سەرسوڕهێنەرو ئالودەبوو ( الف لیل و لیله ) و هەمان وێناکردنەکان و خەیاڵەکانی بنەمای سێحرو جادوگەری و قۆناغەکانی بالاتر پێک دە هێنێت .

بەرایی دووەم  :

کۆمەڵگەی عەرەبی و هاوکاتی  سەرهەڵدانی ئیسلام

ساڵانی  هاوکاتی دەرکەوتنی ئیسلام  . کۆمەڵگەی عەرەبەی لە ساتی گۆڕانێکی گەورەو فراواندا بوو . کە کاریگەری خۆی  لە سەر ئایینی ئیسلام دانا  . سەرهەڵدانی یەهود و مەسیحیەت  لە دوورگەی عەرەب و یەمەن  ، و ڕو وەرگێرانی خەڵک لە بت پەرستی و کلتورو نەریتی کۆنەوە کاریگەریەکی قوڵی هەبوو .

یەهودیەکان  لە ئەنجامی   فشارو زەختی زۆری  ڕۆمیەکان بە تەنگ هاتبوون و هێزی ڕووبەڕوو بونەوەیان بەرانبەر ئیمپراتۆر ی ڕۆم نەبوو ، کۆچیان بۆ ئەو ناوچە دوورە دەستانەی عەرەبسان کرد تا دەسەڵاتی لژیونەکانی ڕۆمیان نەگاتێ ، لە ناوچە ئاوەدان و شارەکان نیشتە جێ بوون ، خۆیان سەرقاڵ کرد بە بازرگانی کردنەوە ، یەهودیەکان بۆ بەدەست هێنانی ژینگەیەکی پارێزراو  هەوڵیاندا خەڵکی بۆمیەکان بۆ لای خۆیان ڕابکێشن ، ئەوان بە یەهودی بوونی عەرەبەکان گرنگی نەبوو بۆیان و هەمیشە خۆیان بە قەومی هەڵبژێردراوی خودا دەزانی و  نەیان دەویست میللەتێکی تر لەو بایەخ و گرنگیە بەشدار بن . بەو ئەندازەیە ڕازی بوون کە پاریزگاری لە خۆیان بکەن لە بەرانبەر پەلاماری ئەوانی تردا ، و خەریکی کارو بازرگانی خۆیان بن . بە هەمان مەبەست و بۆ هاوکاری هزری گشتی عەرەبەکان بومی یەکان بە باوەڕی ئایینی خۆیانەوە چیرۆک و یاسای یەهودیەکانیان دەڤواستەوە و بڵاویان دەکردەوە  . مەسیحیەکان ڕشێگای خۆیان لە وشکایی و دەریاوە بۆ مەدینەوە یەمەن و حەبەشە و چوونە ناو دوورگەی عەرەب کردەوە و هەوڵیاندا تا بنکەیەک بەرانبەر ناوەندی هۆزی یەهود بۆ خۆیان دروست بکەن  . لە ناوەڕاستی سەدەی چواردەیەمدا ئیمپراتۆری ڕۆم و بۆ لەناو بردنی ( زونواس ) کە مەسیحیەکانی خستبوە ژێر ئەشکەنجەو ئازارەوە لە شکرێکی ڕەوانەی یەمەن کرد ، فەرماندەی حەبەشی ئەبرهە  پاش لە ناو بردنی زونواس پەرستگەیەکی بە ناوی قلیس لە یەمەن دروست کرد .

له راستیدا دیار نیه که ئایا چ سەردەم و کاتێک بوو ڕیوایات و چیرۆکە خۆشش ئاهەنگەکانی تەورات و ئینجیل له ناو جیهانی عەرەبدا بڵاو بویەوە ، بەڵام ئەو سەر چاوەی ئەوەی لێ وەرگیراوە بە باشی دەناسین که کەمایەتیەکی یەهودی و مەسیحی نیشته جێی عەرەبستان بون که بۆ پارێزگاری کردن له ماڵ و موڵکیان خۆیان خستبوە پەنای عەرەبەکان و عەرەبەکانیان بە ئامۆزاو کوری مامیان و نەوەی ئیسماعیل کوڕی ئیبراهیم له قەلەم دەدا ، و بە تەدریجی فەرهەنگی خۆیان لەناو فەرهەنگی عەرەبەکاندا جێکردەوە . هەردوو ئاین بە توندی لایەنگری بت پەرستی یان دەکردوو له کاتی ئامۆژگاریەکانیاندا له کەنیسە و کڵیسادا ، داستانەکانی تەورات و ئینجیلیان بە شێوەی چیرۆک دەگێڕایەوە . چونکە ئەو داستانانە له ڕادەبەدەر لەگەڵ خواستو ویستی نوسراوەکانی عەرەبی ئەفسانە پەرستدابوو ، بە خێرایی له سەرانسەری عەربستاندا بڵاو بویەوە .

له ئەنجامی کاریگەری پرۆپاگندەی بەردەوامی یەهودیەکان و مەسیحیەکان ، بەشێک له عەرەبەکان ، چوونە سەر ئەو ئایینانەو بەشێکی تریشی نیگەران بوون له بت پەرستی و کۆمەڵەیەکیان بە ناوی ( حنفا ) دروست کرد . حنفا ئایینی و باوەڕێکی تایبەتی نەبوو ، باوەڕیشیان بە پەرستن و پەرستگە نەبوو تەنیا بت پەرستی و ڕێزگرتنی بتەکان و خواردنی گۆشتی بەراز و شەراب و زینا خۆیان بە دوور دەگرت ، حنفا پێویستیان بە پرۆپاگندە بۆ ئایینە کەیان نەبوو ، ئەگەریش لەگەڵ کەسێک دا دیالۆگیان بکردایە زۆر هێمن و له سەرخۆو ئارام بوون ، ئەو کەسانەی کە پەڕویان لەم ڕیچبازە دەکرد بریتی بون له چوار کەس ( زید بن عمرو ، عسمان بن حویرپ ، عبدولای بن جحش و ورقەی بن نوفل بە اوی حنفاکانەوە دەنوسن : ( ڕۆژێک کە تەواوی خەڵکی قورەیش له بن دار خورمایەکدا کۆبووبوونەوە و سەرقاڵی جەژن گێران و بت پەرستی بوون ، ئەم چوار کەسە له ناو خۆیاندا دیالۆگیان دەکردو نیگەران بوون له کردەوەو رەفتاری بت پەرستانە و دەیان وت پیویست نیه ئێمە بەردێک بپەرستین کە نە دەبینێت و نە دەبیستێت ، ئەی هۆز برۆن ئایینێکی تر بۆ خۆتان هەڵبژێرن )

ورقە چوە سەر ئایینی مەسیح و چەند بەشێکی له ئینجیل بۆ سەر زمانی عەرەبی وەگێڕا ، ورقە چوونکە کوڕی مامی خەدیجە بوو ، محمد پاش هاوسەر گیری لەگەڵ خەدیجە زۆرترین کاتی خۆی له لای ئەو بە سەردەبردو دادەنیشت و لەگەڵ یەک دیالۆگیان له سەر ئاینەکان دەکرد ( 1) بەم جۆرە محمد ئاشنایەتی هەبوو له گەڵ باوەڕەکانی حنفا و ئەوانی بە پەیڕەوکاری ئانێکی پاک و داد پەروەر دەزانی و دەستەواژەی حنفا ی له بەرانبەر ئیمانداردا دادەنا .

---

1-ئەوکەسانەی کە محمد زۆرترین کاتی خۆی دەچوەلایان و دادەنیشت لەگەڵیان پیاوێکی ئێرانی ئاسنگەر بوو ، له ئایەتی 105 ی سورەتی نحل ئاماژە بە دیالۆگی زۆری محمد له ئگەڵ ئەو پیاوەزەردەشتیەدا کراوە : ( ئێمە ئەزانین کە ئەوانە دەڵێن ئایەتەکانی قورئان ، کەسێک ئەو فیر دەکات ، بەڵام زمانی ئەو کەسە کە ئەوان ئاماژەی پێدەکەن عەجەمیەو قورئان عەرەبیەکی پاراوە )

قوئان ئیبراهیم وەک حنفا ناودەبات و دەڵێت ( ئیبراهیم نە نەسرانی بوو نە یەهودی بەڵکو حنفا و ئیماندار بوو ، له کەسە فرە خودا کان نەبوو ) ال عمران - 60 و وە محمدی ڕاسپاردوە کە هەروەک ئیبراهیم داپەروەری پەیڕەوی بکات . نحل 124

کۆمەڵگەی عەرەبی هاوکاتی دەرکەوتنی ئیسلام له دوخاڵی جیاوازەو له بەرانبەر کەمایەتیە یەهودی و مەسیحیەکاندا هەستی بە شەرمەندەیی و ئازار چەشتن کردوە : ( نەبوونی ڕەچەڵەک نامەیەک بۆ

عەرەبەکان ( شجرەنامە ) کە بتوانێت لە بەرانبەر رەچەڵەکی هۆزەکانی یەهودو مەیحدا خۆی نمایش بکات ز

عەرەبەکان زۆر وابەستەی قەبیلەکانی خۆیان بون و انازیان بە ەبیلەیی و کەسیەتی خۆیانەوە دەکرد ن بۆ عەرەبی بیابان نشین ، ئەو هیوایە بوو کە وابستەیی وەک پەناگاەک لە بەرانبەر دەسدرێژی دەرەکیدا ، ئەژماریان دەکرد ، هەر قەبیلەیەک خۆی بە رەسەنتر دەزانی و شانازی بە قەبیلەیی خۆیەوە دەکرد ، بەڵام ئەم هەستکردن و شانازیە بۆ روبەروبوونەوەی ئەو ڕەچەڵەک نامەیەی کە لە تەورات و ئینجیلدا بۆ یەهود و عیسا دارێژرابوو ، ەس نەبوو تەواوی شانازیەکانی قەبیلەی عەرەبی خستبوە بەر نیشانەی پرسیارەوە ، تەورات بە ئەفراندنی ڕەچەڵەک نامەی یەهود و گێرانەوەی بۆ پشتی ئیبراهیم و پاشان باوکی رۆڤایەتی . عەرەبەکانیش لە بەرانبەر ئەم جۆرە ڕەچەڵەک نامەیەدا پەلەقاژەیان دەکرد ، تا هەمان شێوە رشەچەڵەک نامەیەک بۆ خۆیان دروست بکەن .

توێژەرەئیسلامیەکان ، عەرەبەکانیان بە عەرەبی بائدە عەرەبی عاریە ، عەرەبی مستعریە و لەو سۆنگەیەی کە بە دوبەشی عەرەبی قحتانی و عەرەبی عەدنانی داەش کردبوو ، قحتانیەکان نیشتە جێی یەمەن و عەدنانیەکان نیشتە جێی حجاز بوون ، ئەم دوو کۆمەڵەی عەرەبەکان مللتێکن کە پێش سەرهەڵدانی ئیسلام بونیان هەبووە ، هەندێک لە توێژەرانی ئیسلامی ، قەحتانیەکانیان بە رشەسەن و عەدنانیەکانیان بە بەشێک لەوان دەزانی ، کە زمانی عەرەبیان لە قەحتانیەکان وە فیر بوون و پێی دەنوسن ، کە عەربی عەدنانی لە نەوەی ئیسماعیل کوڕی ئیبراهیم من و پاش کۆچکردنیان لە باکوری فەلەستینەوە و لە حجاز نیشتە جێ بوون ، زمانی عیبریان فەرامۆش کردوەو عەرەبی فیر بوون . گشت ئەو کتێبانەی پاش دەرکەوتنی ئیسلام دەربارەی ڕەچەڵەک و پشتی عەرەبەکان نوسراوەتەوە ، هەمان ئەو دابەشکاریانەیە بە جۆرێکی فراوانتر لە نوسراوەکانی پێشینان کۆپی کراوەتەوە .

ئەم دابەش کاریە ناتوانرێت بە شێوەیەکی بنبەست و دروست قبولچ بکرێت ، لە تەورات و سەرچاوە لاتینی و یونانیەکاندا ، لە هەمبەر ئەم دابەشکاریانەی هاوکات یان پاش دەرکەوتنی ئیسلام بڵاوە ، شتێک بەرچاو ناکەوێت ، ئەو کەسانەی کە پێیان وایە کە قەبیلەکانی قورەیش لە پشت و نەوەی فیدار کوڕی ئیسماعیلن کە دواتر زمانی عیبریان فەرامۆش کردوەو عەرەبی فیر بوون ، لە تایبەت مەندیەکانی یەهود دا زانیاری پێویست لەو بارەیەوە نیە .

هەر تاکێکی یەهودی ، لەڕوی نازین بە ڕەچەڵەکەکەی خۆیەوە کە خۆیان بە گەلێکی هەڵبژریردراوی خودا دەزانن . هیچ راست نیە کە زمانی عیبری خۆیان بە زمانێکی تر بگۆڕنەوە ، ڕەنگە یەهودیەک بتوانێت بە چەند زمانێک قسە بکات ، بەڵام زمانی عیبری هەمیشە زمانی یەکەم و زمانی دایکی ئەوە . ئەو باسەی کە گوایا یەهودیەکان زمانی عیبریان فەرامۆش کردوەو زمانی عەرەبیان وەرگرتوە ، زۆر بیینەماو ناتەندروستە . جگە لەوەی ئەگەر قورەیش لە نەوەی یەهود بوایە ، بۆچی لە هاتنە ناوەوەی یەهودیەکان بۆ ناو حەریمی کەعبە رێگریان دەکرد ؟ بۆچی ئەم گۆڕانکاریە لە زمان دا لە هەریەکم لەو یەهودیانەی کە هاتونەتە ناو عەرەبستان و نیشتە جێ بوون ، ڕوی نەداوە ، و لە قەبیلەی قورەیشدا کورتکراوەتەوە . عەدنانیەکان لە بەرزترین ئاستدا خۆیان بە عەدنان دەزانی هەمان شێوە ، کە قەحتانیەکان ، نیەتی خۆیان بە قەحتان وێنا دەکرد ، لە تەوراتدا ناوی قەحتان هاتوە ، بەڵام لە ئیسماعیلەوە تا عەدنان لە هیچ کتێبێکدا جگە لە نوسینی نوسەرانی ئیسلامی هیچ دەقەێک بەرچاو ناکەوێت . ەتا لە ریوایاتی کەسانی وەک و ابن کلبی و محمد بن اسحق و ئەو نوسەرەکانی تر کە بە تەرتیب رەچەڵەک نامەی عەرەب دەست پێشخەریان کردوە جیاوازی لە بۆچونەکانیاندا بە فراوانی بەرچاو دەکەوێت .

له توێژینەوەی توێژەراندا ، لەو زەمینەیەدا کە ئەنجامیان داوە  ئاشکرا کراوە کە ناوی عەدنان هەتا لە نوسراوە کانی سەردەمانی جاهیلیەت دا بەرچاو ناکەویت ، ئەم راستیەش هێمای ئەوەیە کە  ئەگەر هەتا ئەو کەسەش بونی هەبوبێت ، نەسەرۆک و نە لە ئاستێکی باڵادابووە ، و کەسێتیەک بە ناوی عەدنان تەنیا لە سەردەمانی هاوکاتی دەرکەوتنی ئیسلام و بۆ بەرجەستە کردنی شانازی قەبیلەیی  ئەفرێندراوە . ئەوەی کە بە نی عەدنان یان قەحتان دەی خوێننەوە ، بەرگێکە لە خوێدنەوەی نەژدی و نەوەکانی قەبیلەی عەرەبەکان کە ویستویانە ڕەنگی ێکی دێرینی و م   ِژووی بە خۆیان ببەخشن و خۆیان بگەرێننەوە دوواوە تا بۆ عەرەبەکان ِڕەچەڵەک نامەیەکی هاوشێوەی ڕەچەڵەک نامەی یەهود کە لە تەوراتدا ئاماژەی پێدراوە دا بهێنن . شاعیرەکانیش کە خەیاڵی گەرمو گوڕیان کردوە لە ڕێگەی چاپلوسی و پڕکردنی کیسە و دابین کردنی بەرژەوەندی ابوور  ئەم حیکایەتانەیان لە شیعرەکانیاندا ڕەنگ پێداوەتەوە .

کاتێک کە محمد  ، لە ناو عەدنانیەکاندا دەردەکەوێت ، و باڵی باڵندەی پێبەخشین بەو ڕادەیەی کە بتوانن تەواوی شانازی قەحتانیەکان بۆخۆیان بە دەست بێنن ، و بە وتەی گێڕەرەوەکان ( ڕاویان ) نەژادی بنچینەیی و تایبەتی عەدنانیەکان کوشت ، قەحتانیەکان بە بێ درەنگ کەوتن ، دەست بە کار بوون ، و لە هەنگاوی یەکەمدا ، خۆیان گەڕاندەوە بۆ پشتی ئیسماعیل  ، و ئیبراهیم ، پاشان ئەو پەیامبەرانەی وەکو هود ، سالح  و اسعد و ئەمانەیان بە بنچینەی قەبیلەی خۆیان دانا ، یەهودیەکان ، کە خواستیاری ژینگەیەکی ئارام و ئاسایش بوون ، بۆ درێژەدان بە بازرگانی و پێکەوە نانی سەروەت و سامان ، پشتگیری ئەو لاف لێدانەیان دەکردوو عەرەبەعەدنانیەکانیان بە کوڕی ئیسماعیل و مامە ختاب دادەناو داهێنانی ئەوانیش لەوەدا بوو کە عەدنان لە نەوەی ئیسماعیل و کوڕی ئیبراهیم بوەو پەسەندیان دەکرد .

بە دڵنیایەوە دەتوانین ئەوە بڵێین کە ، ئەو ڕەچەڵەک نامانەی کە توێژەرانی ئیسلامی ڕیوایەتیان کردوە و لە ڕوی یەکتر نوسیویانەتەوە ، لە سەردەمانی جاهیلیەتدا ، ئەوەندە بەربڵاو نەبووە ، بەڵکو تەواوی ئەوانە  خولقاوی خەیاڵی نوسەران یان شاعیرەکانی سەردەمانی پێش یان پاش دەرکەوتنی ئایینی ئیسلام بووە ، کە بۆ پڕکردنەوەی ئەو جێگا خاڵیانە لە تەفسیری قورئاندا ئەفریندراون . دکتۆر تەها حسین  کتێبیی زۆری بەڵگەیی زۆری لە هەمبەر خورافی بوون یان نەبوونی ئەو جۆرە وەهم و ئەفسانانە بونی ئەو کەسایەتیانەی وەکو ئیبراهیم  ئیسماعیل  یەعقوب و یوسف و ئەوانی تر کە لە تەوراتدا ئاماژەیان پێدراوە و بنچینەی هەردوو قەبیلەی عەدنانی و قەحتانی ین  نوسیوە ، کە زۆر بەڵگەی ڕون و ئاشکرای بۆ ڕۆناککردنەوەی هزری  گشتی و جێگەی سود ڵ وەرگرتنی توێژەران بووە  بۆیە خوێنەرانی هێژا ڕادەسپێرین کە ئەو کتێبە  بخوێننەوە  .

2- نەبوونی کتێبێکی ئاسمانی بە زمانی عەرەبی  هاوشێوەی تەورات و ئینجیل بە زمانی لاتین  .

3- بە جۆرێک کە لە بەشی تایبەت بە ئایینی یەهودا باسمان کرد ، لە ئەنجامیە فشارو هێرشی ڕۆم  یان ئەو کەسانەی کە لە لایەن ڕۆمەوە بۆ ئیدارەدانی ناوچەی فەلەستین  هەڵدەبژێردران  ، یەهودیەکان تەنیا  ڕێگای رزگاریان  ، لە هیوای بە ئەنجام گەیشتنی پێش بینیەکانی اشعیای پێغەمبەر لە تەوراتدا و دەرکەوتنی مەسیح  و ڕزگاری گەلی یەهود  ، لە دەست دوژمان و نەیاران و سەرلەنوێ دەسەڵات بەدەستەوە گرتن و گەرانەوە بۆ هێزی پێشو  وێنا یان دەکرد ، کۆبونەوەی زۆری  خەڵک بە دەوری عیسا  و شۆڕشی چەند بارە کە دوای ئەوانە یەهودیەکان  ، لە دژی  ڕۆم  بەپایان کرد ، لە سەر هەمان بنەمای ئەو باوەڕەبوو ، پاش ئەوەی کە لژیونەکانی ڕۆمی ئورشەلیمیان بە گشتی وێران کرد ، یەهودیەکان ، کە تا بەرگری کردن لە بەرانبەر ڕۆمەکاندا لە خویان ڕشانەدەبینی پەرش و بڵاو بونەوە لە و ناوچانەدا ، هەندێک لەوان  چوون بۆ دوورگەی عەرەب کە بە ناوچەیەکی ئارام و دور لە دەست ڕاگەیشتنی ڕۆمیەکان  یان دەزانی ، ونە ناو دورگەی عەرەب و  لەو ناوچانەی کە ئاوەدانبوون  نیشتە

جێ بوون ، بەڵام هزری دەرکەوتنی مەسیح  هەمیشە لە هزر و دڵیاندا بە زیندویی مابوەوە ، لە عەرەبستان  هاوکات کاتی بڵاو بونەوەی دەق و چیرۆکەکانی تەورات  ، هەمیشە ئەوە دووبارە دەبویەوە کە  بە زویی پەیامبەرێک لە ناو یەهودیدا دەردەکەوێت ، و ئاینی بت پەرستی ، بە گشتی لە ناو عەرەبستاندا لە ڕیشکەوە دەدڕێنێت و گەشە بە ئایینی یەهود دەدات . و عەرەبەکانیان لە ڕۆژی دوایی و دەرکەوتنی پیویامبەری ڕۆژی دوایی دەترساند . عەرەبەکان  ، هاوکات لە ئەنجامی نەبوونی باوەڕو کتێبی ئاسمانی وەکو تەوراتی یەهود و ئینجیلی عیساییەکان هەستێکی نا ئارام و ڕق و کینەیان لە دڵدابوو . ئارەزویان دەکرد ، کە پیەیامبەری ڕۆژی پەسڵان لە عەرەبستان و لە ناو قەبیلەکەی ئەواندا بەدیار بکەوێت ، بە واتایەکی تر ، لە بەران بەر بانگەشەی پێغەمبەرایەتی محمد ، ژینگەی عەرەبستان  لە هەموو ڕویەکەوە بۆ قبوڵ کردنی هەرکەسێک کە بانگەشەی پێغەمبەرایەتی دەکرد ڕەخساوو لەبار بوو ، ( ئومەیە ی کوڕی ابی صنت ) لەو کەسانە بوو کە  بەر لە محەمەد دەربارەی پەیامبەری عەرەب گفتو گۆی دەکرد ، و وەک خۆی هیوادار بوو کە دەرکەوتنی  ئەو پێغەمبەری کە لە سەر زار بوو ، خودی خوی بێت ، ئومەیە شارەزایی تەواوی لە دەقەکانی کتێبی پیرۆزی یەهودیەکان و ئینجیلی عیساییەکان هەبوو ، زمانەکانی عیبری و سریانی بە تەواوی دەزانی ، و لە شیعرەکانیشدا داستانی توفانی نوحی بە پوختی دوبارە دارێژاوەتەوە و لەگەڵ ئەوەشدا کە ئەو هەمیشە شیعرەکانی لە تەوەری خودا دا دەسوڕایەوە بەڵام کاتێک کە محمد بانگەشەی پێغەمبەرایەتی کرد ، زۆر ئیرەیی بردوو هیچ کات باوەری بە محمد نەهێنا  . لە هەمان سەردەمدا کەسانی تری وەکو : ( اسود عنسی لە نجران و سنعا تلیحە لە هۆزی بنی اسد و ( مسیلمە ) بانگەشەی پێغەمبەرایەتیان کردوو ، هەتا مسیلمە زۆر شوێنکەوتوی لە خۆی کۆکردەوە و لەگەڵ موسڵمانەکان جەنگی بەرپا کرد ، بەڵام چوونکە ژینگەو هەلو مەرجەکە هاوکار نەبوو بۆ گشەکردن و پێشکەوتنی ناوەندەکانی ئەوان  زۆر بە زویی سەرکوت کراو لە ناوو چوون .

ئەو دیالۆگانەی کە دەربارەی پەیامبەری لە عەرەبستان  لە سەر زار بوو ، جگە لەوەی کە ژینگەکەی بە گشتی ئامادەو فەراهەم کرابوو بۆ قبوڵ کردنی پێغەمبەرایەتی ، زۆرێکی نیگەران دەکرد ، ڕۆژێک ئەبو سوفیان  ، ئومەیەی بن سلت ی سەرزەنشت دەکرد ، کە بۆچی ئەو دەستەواژانەی لە بارەی دەرکەوتنی پێغەمبەرێکەوە زۆر دوبارەدەکاتەوە ، و بیری هێنایەوە کە ئەو قسانە کە دەی بیستێت  بە هۆی ئەوەوەیە کە ئەوان لە کاری ئایینی خۆیان بێزاربون و پێویستیان بە پەیامبەرێکە ، ئێمە کە بتەکانمان بۆ نزیک بونەوە لە خودا دەپەرستین ، پێویستمان بە شتێکی تر نیە .

کاتێک کە محمد بانگەشەی پێغەمبەرایەتی دەست پێ کرد ، ( ولید بن  مغیرە ) وتی  ( بۆچی بە بونی من کە سەرۆک و پێشەوای قورەیشم  بە بونی ابو مسعود سقفی  کە پێشەوای هۆزی تائیفە ی سقیفە وەحی بۆ محمد دادە بەزێت ) ئایەتەکانی 30 – 31 سورەتی زخرف کە دەڵێت :

( بۆچی قورئان بۆ پیاوێکی مەزنی مەککە یان تائف دانابەزێت . ئایا ئەوانە رەحمەتی پەروەردگار دابەش دەکەن ؟  ئێمە ڕۆژیک ئەوانە لە ژیانی دنیا لە نێوان ئەوان دابەش دەکەین ) وەڵامێکە بۆ ئەو قسەیەی ولید بن مغیرە .

بە جۆرێک کە شێخ ئەبوعلی  تبرسی  لە  ( تفسیری مجمع البیان ) دا دەنوسێت : ( ابو جهل دەی وت ئێمەو عبدمناف لە سەر شەرەفو مەزنی ململانێمان دەکرد ، و ئابلوقەمان خستە سەریان و بە شێوەی جۆراو جۆر لە گەڵیان جەنگاین کە لە گەڵیاندا ڕوبەڕو بوینەوە وتیان پێغەمبەرێک لە ئێمە دروست بووە ، کە لە ئاسمانەوە بۆ ئەو وەحی هاتوە ، سوێند بە خوا ئیمان بەو ناهێنین و هەگیز  پەیرەوی لەو ناکەین  ، مەگەر تەنیا لە لای ئێمەوە وەحی بێتە خوارەوە بەو جۆرەی کە بۆ ئەو هاتوە  ) ئایەتی 124 سورەتی انعام  .

( چونکە سورەتێک بۆ ئەوان هات کە دەڵێچن هەرگیز ئیمان ناهێنین ، تا هەروەکو ئەوەی کە بۆ پەیامبەری خودا نێردراوە بۆ ئێمەیش بنێرێت ، خودا باشتر دەزانێت ، کە نامەکەی خۆی بۆ کیچ دەنێرێت ) وەڵامی ئەو وتەیەی ابوجهل بوو .

کاتێک محمد بینی عەرەبەکان جگە لە مەیل و ئارەزووی دەرونی بە هەبوونی پێغەمبەرێک لە هۆزی خۆیان و کتێبێکی ئاسمانی بە عەرەبی هیچ لایەنگریان پیشان نەدا ) ئایەتی 40 سورەتی فاتر .

( سوێند خواردن بە خودا بە قورسترین ، سوێندەکانیان کە ئەگەر بۆیان ترس هێنەر بێت هەر ئاینێکی زیاتر لە هەرمیلەتێکدا ڕێنمایی زیاتر دەکات .بەڵام کاتێک بێتە هۆی ترس بۆیان ، جگە لە نەفرەتی ئەوان زیاتر هیچی تر نیەَش ) ئایەتەکانی 157 و 158 سورەتی انعام .

( نەبادا بڵێیت پێش ئێمە بۆ دوو تائیفە کتێبی ئاسمانی دابەزینراوە و ئێمە لە خوێندنەوەیان غافڵ بوین ، و یان ئەوەی کە بڵێچت ئەگەر بۆ ئێمە نێردراوە ، هەر ئاینێکی ئێمە ڕێنمایی دەکراین ، بەڵام بە جدی لە سەر ئێوە چەندین بەڵگە لە لایەن خوداوە بە ڕەحمەت نێردراوە پاشان کیچیە ستەمکار تر لەوەی کە ئایەتەکانی خودا بەدرو دەزانێت و ڕەخنەی لێدەگریت )

( ئەو ئەو کتێبە ئاسمانیەیە کە ناردومە بۆیە دەبێت بە پیرۆزیەوە پەیڕەوی لێبکەن ) و بۆ خەڵکی قورەیشی بخوێننەوە .

لەوێدا کە محمد لە سەرەتای دەستپێکی پەیامبەریەتی یەوە ، ڕەوش شێوەی پەیامبەرکانی یەهودی کردە سەرمەشقی کارەکەی خۆی و بە هەڵبژاردنی چەند دەقێک لە تەورات و چۆنیەتی شێوەی بەرجەستەی قەومی یەهود و چیرۆکە کانی بۆ ئەو قۆناغە بە باش دەزانی و هەتا قیبلەی موسڵمانی ڕوکردە پەرستگەی ئورشەلیم . یەهودیەکان ئەویان بە چاوی یەکێک لە پەیامبەرەکانی خۆیان سەیر دەکرد ، ڕۆژێک کە لە عقبە ئایینەکەی خۆی بۆ هۆزی خزرج باس دەکرد ، خەڵکی خزرج کە وتەکانی یەهودیەکانیان کە بەزویی پەیامبیەرێک دەردەکەوێت ، و ئێمە دەبینە شوێنکەوتەی و ئێوە لە خۆ دەگرین ، هێشتان لە گوێی ئەو خەڵکەدا دەزرنگایەوە ، کاتێک کە گویان لە قسەکانی محمد گرت ، کەوتنە مقۆ مقۆ و بە یەکیان وت :

( بە خودا ئەوە هەکمان پێغەمبەر کە یەهود چاوەڕوانی دەکات ، نەهیڵن یەهودیەکان پێش ئێمە لە دەوری کۆببنەوە ، ) بەم جۆرە چونە پاڵ محمد و باوەڕیان بە ئیسلام هێنا .

بەرایی سێیەم :

ژیانی محمد

دەربارەی ژیانی محمد کتێبی زۆر لە لایەن توێژەران و مێژوو نوسانی ئیسلامیەوە نوسراوە و هەر لە بارەی ژیانی ئەوە بە تایبەت 23 ساڵی سەردەمی پێغەمبەرایەتی ، لەگەڵ بە شێوەیەکی زۆر خاکیانەوە بە بێ دۆگمایی ئایینی نوسەرەکان ، بە پوختی شرۆڤە کراوە ، خواستیارانی بە دەست هێنانی زانیاری زیاتر ئەتوانن سود لە کتێبە نوسراوەکان بکەن ، لێرەدا بە کورتی ئاماژەیەک بە ژیانی محمد دەکەین .

بەو جۆرەی کە توێژەران نوسیویانە ، عالمتلب باپیری محمد ، پاش وەرگرتنی میرات لە لەباوکی و مامەکانی و لە ئەستۆ گرتنی سەقاو یەت و کارگوزاری کەعبە . نیەتی هێنا ئەگەر ببێتە خاوەنی دە کوڕ

منالی یەمی لە ڕیچگەی خودا کان بکاتە قوربانی ، کاتێک عبدولا منالی دەیەم لە دایک بوو ، عبدالمتلب ویستی نیەتەکەی کە بەڵینی دابوو ، جێبەجێ بکات ، بەلام خەڵکی قورەیش ئەویان لەو کارەی راگرت و ئەویان راسپارد کە منالەکە بە بکاتە فدیە ، بە ڕێنمایی کاهینێک لە مەدینە ، بڕیاردرا ، لە بەرانبەر دە وشتر دا تیرو پشک بۆ عەبدولا بکرێت ، وە ئەگەر لە تیروپشکەکەدا هەر عبدولا دەرچو ، دە وشتری تر بە تیرو پشکەکە ئیزافە بکرێت تا خوداکانیش ڕازی بین، بە هەمان شێوە پێشنیارەکەی ئەو کاهینەیان پەسەند کردو ئەنجامیاندا ، لە گەڵ دە وشتردا تیروپشکیان بۆ عەبدولا کرد و عەبدولاچ دەرچوو ، دەوشتری تریان ئیزافە کرد ، و دوبارە تیروپشکیان کردەوە ، هەمان شێوە هەر عبدولا دەرچوویەوە ، ئەم تیروپشکەیان ئەوەندە ئەنجامدا تا ڕێژەی وشترەکان گەیشتە سەد وشتر ، و ئیتر قورعە بە ناوی وشترەکانەوە دەرچوو .

عبدولا کاتێک گەورە بوو ، لەگەڵ ئامینەی کچی وهب هاوسەر گیری کرد ، بەلام کاتێک هێشتا محمد لە دایک نەبوبو ، لە سەفەرێکیدا کە لە شامەوە دەگەڕایەوە ، نەخۆش کەوت و مرد .

محمد لە و ساڵەی کە ئەبرهە چوار دەوری کەعبەی دابوو ، لە دایک بوو ( 1) عبدالمتلب ، بۆ ئەوەی کە ئەو منالە توشی نەخۆشی ئاولە نەبێت کە لە ناو شارەکەدا زۆر بلاو بوبویەوە و قڕی خستبوە لەشکرەکەی ئەبرهە و پارێزراو بێت ، بە شێوەی بنەماڵە گەورەکانی عەرەب ، محمد سپارد بە دایەنێک لە قەبیلەی بنی سعد . محمد تا پێن ساڵەیی لە ناو هۆزی بنی سعد دا بوو زمانی پاراوی عەرەبی لەناو ئەو قەبیلە یەدا فیر بوو ، پاش ئەو پێنج ساڵە محمد گەڕایەوە لای دایکی خۆیی و عەبدالمتلب سەرپەرشتی کردنی لە ئەستۆ گرت ، پاش ساڵێک ئامینە کورەکەی برد بۆ مەدینەو تا خزمو کەسەکانی ببینن ، لە ڕێگەی گەڕانەوەی لە مەدینەوە بۆ مەککە ، ئامینە بە توندی نەخۆش کەوت و مرد .دایکی ئەیمەن ، کەنیزە عینالله . محمدی هێنا بۆ مە کەو دایەوە بە عبدالمتلب ، محمدهەشت ساڵە بوو ، کە عبدالمتلب لە تەمەنی هەشتا ساڵیدا کۆچی دوایی کردوو ، خەمێکی تریش چوە سەر خەمەکانی محمدی منالا . ئەم یادگاریە تالانە بە توندی لە یادگەی محمدا مابویەوە کە لە سورەتی الچحی دا بە چری ڕەنگی داوەتەوە . :

( الم یجدک یتیما فاوی وجدک عائلا فغنی ) ئەبو تالب مامی محمد سەرپەرشتی کردنی لە ئەستۆ گرت ، کاتێک کە محمد دوانزە ساڵە بوو ، ابو تالب ئەوی لەگەڵ خۆی بۆ سەفەری بازرگانی بۆ شام برد ، لەو سەفەرەدا محمد ئاشنابوو بەو ناوچانەی کە لە ناو داستانەکانی یەهود و مەسیحیدا لە سەرزاری عەرەبەکانەوە باس کرابوو بیستبوی ،

---

1-هەندێک لە نوسەرەکانی وەکو محمد بن سائب کلی ( ساڵی 1461 ک. کۆچی دوایی کردووە ) لە دایک بوونی محمد بە بیست ساڵ پاش هێرشەکەی ئەبرهە بۆ سەر مەککە دادەنێت .

مدین و وادی القری و ناوچەی سمودی بە چاوی خۆی بینی و قسەی خەڵکی کۆچەری و بیابان نشین دەربارەی داستانە پەیوەندیدارەکان بە و ناوچانەوە بیست . لە شام لە کەشیشەکانی یەهودی و مەسیحیەوە لە هەمبەر کتێبە ئاسمانەیەکان و داستانە ئایینیەکان شتی زۆر شارەزابوو ، گەرچی تەنیا تەمەنی دوانزە سالان بوو ، بەلام هۆشیارو بیر تیژ بوو ، ژینگەو شارستانیەتی شامات کە بە دەستی رۆمیەکان بەڕیچوە دەبرا ، بەراورد کردنی لە گەلچ ناوچەکەی خۆی دنیایەکی نوێی لە بەرانبەر بینینی ئەودا کردەوە ، سەرەتاکانی شۆرشی کە ساڵانێکی دواتر گەیشتە ئەنجام لە مێشکی ئەودا گینگڵی دەدا و تا گەیشتە بن بەست .

ڕەنگە ئەبو تالیب لەو سەفەرەدا سودێکی وای دەست نەکەو تبێت ، چوونکە ئیتر بۆ سەفەری بازرگانی نەڕۆشت ، و ئەو سەرمایە کەمەی کە هەیی بوو ، خستیە بەردەستی کورەکانی و برازاکەی . محمد لەگەڵ مامی کە زۆر باری بژیوی ژیانی باش نەبوو . دەژیا ، و ڕازی بوو بە بەشی خۆی . کاتێک کە مانگە حەرامەکان دەهات ، و ترس و دڵە ڕاوکەو دزی و کوشتن نەدەما لەگەڵچ کەسەنزیکەکانی خۆی دەچوە بازاری دەورو بەری مەککەو گوێی لە شاعیرو وتار بێژەکان دەگرت ، و گوێی لە پرۆپاگندە چیە ئاییینەکانی یەهود و مەسیح دەگرد کە هێرشی توندیان دەکردە سەر باوەڕی بت پەرستی ، دیالوگ و قسەی لەگەڵ دەکردن ، ئەوەی کە دەیبیست لە خەڵوەت و تەنیایدا بیری لێدەکردەوە ، ئەوەی کە زیاتر مەودای بیر کردنەوەی بە محمد دەدا ، سەرقاڵی بوو بە شوانی ئاژەڵەکانی مامەی و ئەو خەڵکەکەی تری قورەیش لە بیابانی وشکی مەکەدا .

ڕۆژێک مامی محمد ، هەواڵی پێگەیشت کە خەدیجەی کچی ( خویلد ) چەند کەسێکی بۆ کاری بازرگانی بە کرێ ڕەوانەی شامات دەکات ، خەدیجە ژنێکی دەوڵەمەند بوو ، کە سەروەتێکی زۆری لە دوو مێری پێش و بۆ بە جێ مابوو ، و تەوای هەوڵی خۆیشی خستبوە گەڕ بۆ زیاتر کردنی سەروەت و سامانەکەی ، ئەبوتالب ، چوە لای خەدیجەو محمدی لە بەرانبەر کرێی چوار وشتر کردیە کرێ گرتەی خەدیجە ، محمد لەم سەفەرەی دا جارێکی تر ، لەو خالەی کە لە تەمەنی 12 ساڵیدا بینیی بوی گوزەری کردەوە و تەواوی یادگاری و ئەو شتانەی کە لەو سەفەرەدا فیری بوو بوو ، لە یادگەی بە هێزی خۆیدا هەڵی گرتبوو لێکی دەدانەوە لە راستیشدا کردنیە واقیع ، لە شام لە گەڵ کەشیشەکان و هاخامەکان دیالۆگی کرد . لە گەراندنەوەیدا هەرچەنی خەدیجە ویستبوی بۆی هێنابویەوە . خەدیجە بە گەرمی پێشوازی لێکرد . کاتێک کە ابو تالب بۆ برازاکەی خۆی خوازبێنی خەدیجەی کرد ، بە خۆشحالیەوە قبوڵی کرد ، خەدیجە ئەو کاتە 40 ساڵان بوو کە شوی بە محمد کردو محمدیش لەو کاتەدا تەمەنی 23 ساڵان بوو ، محمد چوە سەرماڵی خەدیجە . محمد بە هاوسەرگیری کردنی لەگەڵ خەدیجەدا ، دەوڵمەند و بێ گرفت بوو ، ئاست و ڕێزی لە ناو کۆمەڵگەی عەرەبی بەرز بویەوە ، محمەد بۆ بارتەقای ئەو چاکیانەی کە مامی ابوتالب لە گەڵی کردبوو ، عەلی کوری بچوکی ابو تالیب کە هێشتان بالق نەبوو بوو ، هێنایە لای خۆیی تا لەو ڕێگەیەوە هاوکاری بژێوی ژیانی ماڵی مامی دابین بکات . محمد لەو بەردوارە بە دواوە دەرفەتی زیاتر هەبوو بۆ تەنیایی و بیر کردنەوە و دیالۆگ کردن لەگەڵ ئەو کەسانەی کە کتێبی پیرۆزیان خوێندوەتەوە و زانیاری تەواویان لەو زەمینەیەدا هەبوو ، و بە ڕۆیشتنی بۆ بازارەکانی مکارەو گفتو گۆ کردنی لەگەڵ پرۆپاگندە چیانی ئەو ئایینەکانی تر محمد لە بەر ئەوەی بە هەتیوی گەورە کرابوو ، زۆرترین کاتەکانی خۆی لە بیابان یان ئەشکەوتی ( حرا ) بە سەردەبرد و بە وتەی عرەبەکان ( بعیت ) ئیرادەی خۆی هەڵدەسەنگاندو بیری لەوانە دەکردەوە کە بیستبوی .

دەست پێکی پێغەمبرایەتی

بەو جۆرەی کە تٛوێژەرانی ئیسلامی لە بوخاریە وە وەریان گرتوە ، لە محمدە وە دەی گێڕنەوە کە ڕۆژێک لە ئەشکەوتی حەرا خەوتوە ، لە خەویدا بینی کە فریشتەیەک هاتە لای و پێی وت بخوێنە ، محمدیش بە شڵەژاویەوە وتی من نازانم بخوێنمەوە ، لەو کاتەدا هەستی کرد کە ئەو فریشتەیە بە توندی باوەشی پیا کردو گوشی بە خۆیەوە ، بە ئەندازەیەک کە لە هۆش خۆی چوو ، کاتێک هاتەوە سەر خۆ فریشتە کە پێی وتەوە بخوێنە ، محمد ددووبارە وتی نازانم بخوێنمەوە ، فریشتەکە جارێکی تر ئەوی

توند گوشیەوە بە خۆیەوە کە دوو بارە لە سەر خۆ چوەوە و بۆ جاری سێیەم  وتی بخوێنە محمد وتی نازانم بخوێنمەوە ، فریشتەکە جارێتر ئەوی گوشیەوە و وتی  : (بخوێنە بە ناوی پەروەردگارت کە تۆی خولقاند ، مرۆڤی لە خوێن پارەیەک خولقاند ، بخوێنە بە ناوی ئەو پەروەردگارە مەزنەت ، کەسی بە قەلەم فێر کرد ، ئەوەی کە مرۆڤ نەی دەزانی فێری کرد ) العلق 5-1

فریشتە کە دیار نەما ، محمد هاتەوە سەر خۆ و لە ناو ئەشکەوتەکە بە ترسو شڵە ژاویەوە هاتە دەروە و دەنگێکی بیست ، کە ئەوی بانگ دەکردو سەری بۆ ئاسمان بەرز کردەوە بینی فریشتەکە بە شێوەی پیاوێکە و ئەو بانگ دەکات ، ئەوی بە فراوانی ئاسمان دەبینی ، سەیری هەر لایەکی دەکرد ، ئەو بوو ، کاتێک کە فریشتەکە دیار نەما ، محمدیش گەڕایەوە بۆماڵەوە ، لەرز دایگرتبوو ، بە خەدیجەی وت دام پۆشە  ، ئەوەی کە بینی بوی بۆ خەدیجەی گێڕایەوە ، خەدیجەش دڵی دایەوە و خەواندی ئەوکاتەی کە محمد خەوی لێکەوت ، خەدیجە چو بۆ لای ورقەی کوری نوفل کە کوری مامی خۆی بوو ، ڕوداوەکەی بۆ گێڕایەوە ، ورقە کە هاوشێوەی ئەو عەرەبەکانی تر چاوەڕوانی هرکەوتنی پێغەمبەرێک بوو . بە خەدیجەی وت ئەگەر ڕاست بکەیت ، نامەی خوداوەند کە بۆ موسا هاتوە بۆ محمدیش دابەزیوە و بوتە پێغەمبەری ئەم میلەتە  .

ئەم داستانە کە لە زمانی عایشەو لە کتێبی سحیحی بوخاری و بەڵگەی ( مسند ) احمد بن  حنبل ڕیوایەتیان کردوە ، ئەنجا ئیزافە کراوە لە کتێبەکانی تری ئیسلامدا ، بەدوور لە دۆگمایی ئایینی بەرچاو ناکەوێت،

مەگەر خوداو فریشتەکەی نەیان دەزانی محمد خوێندەواری نیە ، و نازانێت بنوسێت ، کە فریشتەکە بە زۆر حمد ناچار بە خوێندنەوە دەکات ، جگە لەوەش محمد بە راستی دۆخەکە ئیعتراف دەکات و دەڵێت کە نازانێت بخوێنێتەوە ، ئیتر فشاردان و گوشین و لە سەر خۆبردنی ئەو چی لە دۆخە کەی دە گۆڕێت ، ئەو کە نێردراوی خودا بوو ، ئەنجامدانی موعجیزە لەو سەردەمانەدا کارێکی ئاسان و ئاسایی بوو ئایا نە ی دەتوانی لە جیاتی گوشین و بیچ هۆش کردنی محمد هێزی خوێندن و نوسین بە بێ فێر کردنی پێش وەخت بخاتە مێشکی ئەوە وە ؟

شتێکی تر کە بینینی پیاوێکی شەبەحە کە تەواوی ئاسمانی داپۆشیوە ، و بۆ هەر لایەک کە محمد سەیر دەکات هەر ئەوە ، بینینی شەبەحێکی ئاوا کە لە ریوایەتەکاندا هاتوە ، خودی هێمای ئاڵۆز بوونی  کۆ ئەندامی دەماری ناتەواویە . دەربارەی خودی عایشە کە گێڕەرەوەی ئەم بابەتەیە زۆر گوماناوی و تەمو مژاویە  چوونکە عایشە پاش چوار ساڵ پێغەمبەرایەتی محمد لە دایک بوە ، لە نۆ ساڵیدا کاتێک کە محمد لە مەدینە بوو پەنجاو سێساڵ تەمەنی بوو ، عایشەی خواست ، و هێشتان لە ڕوی جەستەیی و عەقڵیشەوە کامڵ نەبو بوو . کە بتوانێت دەرک بە هەندێک بابەتی ئاڵۆزی وەک چۆنیەتی بعپت بکات . ئەگەر ئەو ریوایەتەکانی تری پەیوەندی دار بە  دەست پێکی پێغەمبەرایەتی یەوە بە دیقەتەوە سەرنج بدەین  ڕەخنەی هاوشێوەی ئەوەی سەرەوە لە تەواوی ئەو روداوەدا بەدی دەکەین  .

بۆنمونە بابەتی ترس و تۆقین  و لە رزین کە باس دەکرێت ، لە گەڵ  ناوەڕۆکی ئایەتی 11 ی سورەتی النجم  ( لە دڵی پێغەمبەردا ئەوەی کە بینی درۆ نەبوو ) هاوکات دژ بە یەکن .

ئەگەر لە روگەیەکی عەقلانیەتەوە سەیری بکەین  ، ئەوەیە کە ئەگەر کەسێک ماوەی زیاتر لە بیست یان بیست و پێنج ساڵ لە خولگەی یەک بابەتدا بخولێتەوە و هزری خۆی دەربارەی ئەو بابەتە کۆ بکاتەوە ناخود ئاگایانە ئەو بابەتە کاریگەری لە سەر ئاستی هێزی بیرکردنەوەی ئەو دادەنێت ، کە چۆن خویەکی ناوەندی و غەریزی لە دەرون و لە هەناوو زەمیری ناخود ئاگادا بونی هەیە و گەشە دەکات ، و لە ساتێکی هەستیاردا کە دەرونی کەسەکە بە توندی لە ژێر کاریگەری هەمان ئەو هزرەدا بێت ، ناخود

ئاگایانە سەر بە خۆ دێتە پێشەوە و ئەو نەخشەی کە ساڵانێکی زۆر لە مێشکیدا گینگلی داوە و تاو توێی کردوە .

دەمامکی پراکتیکی دەپۆشێت ، ئەو هەستە ناوەکیەی ئەوە کە لە قوڵایی وجودی خۆیدا ، دێتە دەرەوە و ئەو هاندەدات بۆ ئەنجامدانی کارێک کە ساڵانێکی زۆر دەربارەی بیری کردوەتەوە ، دەری دەبڕێت ، و هیچ فاکتەرێک ی دەرەکی بە شێوەی بزوێنەرو دەرکەوتنی تیایدا هیچ کاریگەری نیە . ئیمانی کەسیەتی بە کارێک بەرنامە بۆ دانراو هێزی ئیرادەو سەربەخۆیەتی گشتی بۆ ئەنجامدانی زۆر پێویستە ، نە موعجیزەی خودایی ، محمد لە ئەنجامی کاریگەری ئەو چەندین ساڵە ی بیر کردنەوە لە خولگەی بابەتە ئایینیەکاندا ، و دیالۆگ کردن لە گەڵ ناسراوو بانگەشە کارانی یەوهودی و مەسیحی و خەڵوەتگرتنی تەنیایی لە و بیابانە بێ کۆتایانەدا ، خرۆشانێکی خوداوەندی لە بوونی خۆیدا هەست پێ دەکرد ، و قسەی لەگەڵدا دەکرد ، ئەو بە راستەو خۆ قسەی لە گەڵ خودادەکردوو باسو خواسی دەکرد ، بەڵام ئەو خودایەی کە لە بونی ئەودا دەرکەوت بوو کاریگەری لە سەر سروشتی ئەو کردبوو ، شتێک کە جگە لە هەستی ناوەکی ئەو کە لە ئەنجامی بیست و پێنج ساڵ بیر کردنەوە چەکەرە کردبوو شێوەی گرتبوو ، نەبوو ، ئێمە هەمان ئەو حاڵەت و دەرکەوتەیەمان لە نانک بونیاد نەری ئایینی ( سبک ) دا بینی .

بە جۆرێک کە توێژەرانی ئیسلامی دەنوسن : پاش هاتنی یەکەمین وەحی و دابەزینی چەند ئایەتێک ، لە سورەتی ( علق ) دواتر وەحی نەهات و بێدەنگیەکی ڕەها باڵی بە سەر دۆخەکەدا کێشا ، محمد سەردەمی چاوەڕوانی ترس و ئومێدی تێ پەڕاند کە ئایەتەکانی : ( سوێند بە هەنگاوی چاشت ، سوێند بە شەو کاتێک کە تاریک دەبێت ، خودایە روناکی خۆت مەنیرەو دوژمن بشکینە ، رەنکە خودا بە تۆ هەندێک شت بدات کە خۆش بەخت بیت ) الچحی 6-1 دابەزیوە

ئایەتەکانی سورەتی الچحی بە روونی نمایشی گفتو گۆی کەسیەتی محمدە لە گەڵ خودا و جەخت کردنەوەی ئایدیایەکە کە لە باڵادا پێی وتراوە . محمد کە پاش دەعوەی یەکەمین ، ماوەیەک لە چاوەڕوانی پەرچە کرداری خەڵکدا مایەوە ، بۆ بۆ پاڵپشتی و هاندانی خۆی و بەردەوامی و ڕەواندنەوەی هەرجۆرە تەمی گومانێک و ئەگەری بەردەوامی مانیفیستەکەی کە دەستی پێ کردبوو ، ئەم ئایەتانە لە گەڵچ خۆیدا تاو توێ دەکات .

محمد لە سەرتادا ئیسلامی لە خانەوەداەکەی خۆیەوە دەست پێ کرد ، خەدیجە و علی یەکەمین ئەو کەسانە بوون کە بەیعەتیان بە محمد دا(خەدیجە یەکەمین ژنە کە باوەری بە محمد هێناو بوە ئیسلام بەلام عایشە لە بەر ناسکی و جوانی محمد ئەوی کردە دایکی ئیمانداران . و. ک ) ، پاش ئەوانیش زیدی کوری حارسە ئەو کۆیلەیەی کە خەدیجە لە بازاری مەککەدا بۆ محمدی کری و پاشان محمد ئەوی ئازاد کردوو کردیە کوری خۆی ، بەیعەتی بە ئاینەکەی محمد داو چوار نەفەری ناوەندی و پایەی ئیسلامیان پێک هێنا ، ئەو بە بێ هیچ ئەم لاو لایەک ئایینەکەی محمدی قبوڵ کردوو ، بوە یەکێک لە پرۆپاگندە چیەکانی ناوەندی ئیسلام و هاورێ نزیکەکانی خۆی وەک عوسمانی کوری عەفان و عبدالرحمان ی کوری عوف و تەلحەی کوری عبدولا و سەعدی کوری وەقاس و زبیر کوری عوامی بۆ ئاییینی ئیسلام بانگ هێشت کرد ، ئەوانیش ئەو ئاینە نوێیەیان قبوڵ کرد ، پاش ئەوانیش هەندێک خەڵکی مەکە هاتنە لای محمدو باوەڕیان بە ئیسلام هێنا ، بەڵام بۆ خۆ پاراستن لە دژایەتی عەلەنی لە بەرانبەر باوەڕەکانی قورەیشدا مەراسیمی پەرستنیان لە سەرەتادا بە پەنهانی ئەنجام دەدا .

بانگهێشتی محمد سێ ستڵ دوای دەستپێک بانگە شە لە سەر بنەمای ئایەتەکانی 214 و 116 الشعرا ( هاورێکانی دەوروبەری خۆت بترسێنە لەگەڵ ئەو کەسانەی کە پەیرەوی لە تۆ دەکەن ، فرۆشتنی بکە و ئەگەر فەرمانی تۆیان جێبەجێ نەکرد بڵێ من لە کارەکانی ئێوە بێزارم )

وە ئایەتی 94ی الحجر :

ئەوەی کە فەرمانت پێ کراوە ئاشکرای بکە ، و لە موشریکەکان دوربکەوەرەوە )

محمد کەسو کارو نزیکەکانی خۆی بۆ خوانێک بانگ هێشت کرد ، و پاش نان خواردن مەبەستی بوو ئەوان بۆ ئایینەکەی بانگ هێشت بکات ، بەڵام ابو لهب کە مامی بوو قسەکەی پی بڕی و ئامادەبوانی خوانەکەی خستە دوو بەروە ، ئەوە یەکەمین هەنگاو پۆزتیڤی محمد بوو لە پیادەکردنی بەرنامە فراوانەکەی ، کە ساڵانێکی زۆر سەرقاڵی جێبەجێ کردن و بیر لێکردنەوەی بوو ، بەگشتی کردوو داوای لە خەڵکی کرد بێنە شاخی سەفا و خڕ ببنەوە و هەواڵێکی گرنگ ببیستن ، محمد ئایینەکەی لە سەر لوتکەی ئەو شاخەوە بە خەڵکی ڕاگەیاند ، ئەبولەهەب هاواری کرد ، ( تبالک یا محمد لهژ اَ دعوتنا ) ئامادە بوانیش بڵاوەیان کرد ، محمد بێ دەنگ بوو ، لە ژێر لێوەوە سورەتی ( ابو لهب ، و ابو لهب و ژنەکەی بە نەفرەت کرد .

محمد حەرەمی کەعبەی کردە ناوەندی پرۆپاگندەی خۆ ی ، بە تایبەت لەو کاتانەی کە زۆر قەرەباڵغ بوو ، دەڕۆیشتە لایان و بە شێوەیەکی ئازایانەو لّبراوانە ئەو خەڵکەی بۆ قبوڵ کردنی ئایینە نوێکەی بانگ هێشت دەکرد ، دژایەتی لە نێوان ئەریستوقرات و پاوە گەورەکانی قورەیش لە لایەک و محمد یش لە لایەک بە ئاشکرا دەستی پێ کردبوو ، قورەیشەکان محمدیان بە دروزن ناو دەبرد و چەند شاعێرێکیان هەڵبژارد تا لە هەجوی محمدا شێعر بڵێن ، کاتێک محمد کەوتە باسکردنی عەیبەکانی ئەو خودایانەی کە دەیان پەرست ، دۆخە کە شێوەیەکی نوێی لە خۆ گرت ، کار لە قسە وتن و ناو ناتۆرە گەیشتە پەلاماردان و مەترسی پێکدادان ، محمد ئاینێکی نوێ بە پێچەوانەی ئایینی بە میرات بۆ ماوەی عەرەب دروست کردبوو ، واز هێنان لە نەریت و پیرۆزیە کانی باپیران و ئایینی بە میرات بۆ ماوە بە ئاسانی و بە تایبەت بە بیستنی بانگ هێشت کردنی محمد قبوڵ نەکراو بوو ، لەوەش گرنگتر ، هەرەشەیەک بوو ، کە محمد لە سەر سودو قازانجی ئابووری قورەیش دروستی کردبوو ، ژیانی مەکەو خەڵکی ئەو شارە بۆ بازرگانی هاتنی زیارەتکارانی عەرەب بۆ زیارەت کردنی بەردە رەشەکە و بتەکان وابەستەیی هەبوو .

محمد بە پەرەوکردن لە ئایینی یەهود ، قیبلەی موسڵمانەکانی روکردە ئورشەلیم و بتەکانی تەکفیر کرد ، ئەگەر رۆژێک پەرەو کارانی محمد هێزیان بە دەستەوە گرت ، و ئاینێکی نوێ لە عەرەبستان دروستکرا ، بەهاو پیرۆزی کەعبە لە دەست دەچوو ، عەرەبەکان ئیتر نەدەهاتن بۆ ئەم شارە ، وێران بوونی شاری مەکەو خەڵکی قورەیش حەتمی بوو ، هەمان فکری قورەیشیەکان لە هەمبەر پەیوەست بونیان بە ئایینی محمد و قبوڵ کردنی ئایینی نوێ ئەوەی لێ چاوەڕوان دەکرا ، . بۆ لابردنی ئەم مەترسیە پێویست بوو ، کە یا محمد لە بانگە شە کردن بۆ ئایینە نوێکە و ناو ناتۆرە لە بتەکان دەست هەڵ بگرێت ، یان ئەو لە ناو ببرێت ، ابو تالب بە توندی پارێزگاری لە برازاکەی کرد ، و لە بەرانبەر پێداگیریەکانی قورەیشدا ، ئامادەی تەسلیم کردنی محمد نەبوو ، قەبیلەی بەنی هاشمیشی ڕاسپارد تا لە روبەروبونەوەی ئەو قەبیلەکانی تر دا پشتیوانی تەواوی محمد بکەن .

هاوەڵانی محمد رۆژ بە ڕۆژ زیاتر دەبون و لە بەرانبەریشدا قورەیش ئازارو ئەشکەنجەی موسڵمانانی زیاتر دەکرد ، چونکە موسڵمانەکان خاوەنی گیانی خۆیان نەبوون ، محمد ڕای سپاردن کۆچ بکەن بۆ ناوچەکانی تر ، نامەیەکی بۆ نەجاشی پاشای حەبەشە نوسی و دایە دەست جعفری کوری ابو تالب و ئەوانەی رەوانەی حەبەشە کرد ، تا دورکەونەوە لە ئازاردانی قورەیش و لە ئاسایشدا بژین ، و پارێزگاری لە ئایینە نوێکەیان بکەن ، هەر لەو ئان و ساتەدا بوو کوە ڕوداوی غەرانیق ڕویدا و قورەیش بە هۆی ئەو سازشەی کە محمد لە بارەی شفاعەتی بتەکانەوە کردی ، وازیان لە ئەشکەنجەی

موسڵمانەکان هێنا ، لە بیستنی ئەو هەواڵە هەندێک لە موسڵمانەکانی نیشتە جێی حەبەشە گەڕانەوە بۆ مەکە ، بەڵام چونکە محمد پێشتر ئایەتی لەو بارەیەوە خوێندبووەوە ، بت پەرستی بە کاری شەویتانی دانابوو یاساغی کردبوو ، قورەیش دەستیان کردەوە بە ئازارو ئەشکەنجەدانی موسڵمانان و هەندێک لە موسڵمانان دووبارە کۆچیان کردەوە بۆ حەبەشە ، و تا پاش کۆچ کردنی محمد بۆ مەدینە و بەهێز بوونی ئیسلام هەر لە حەبەشەمانەوە ، چوونکە ابو تالب ئامادە نەبوو محمد ڕادەست بکات ، قەبیلە جیاجیاکانی قورەیش لەگەڵ قەبیلەی بنی هاشم هەموو جۆرە پەیوەندیەکیان پچراند و وەک ڕێز گرتنێک دەقێکیان واژو کرد لە حەرەمی کەعبەدا .ماوەی سێ ساڵ محمدو قەبیلەی بەنی هاشم لە ( شعب بنی هاشم ) یەکێچک لە ناوچەکانی دەوروبەری مەککە لە دوورخرانەوەیەکی تەواودا ژیانیان بە سەر بردو ، جگە لە مانگە حەرام کراوەکان کە دزی و فزی و تاڵانکاریو چەتەیی بە نهێنی ئەنجامدەدران ، نەیان دەتوانی لەگەڵ ئەو قەبیلەکانی تردا مامەڵە بکەن ، لە ئەنجامدا سیلەی سۆزو بەزەیی خزمایەتی جوڵاو سەرکەوت بە سەر نەیاری و ناکۆکی ئایینی دا و خەڵکی قورەیش لە سەرەتادا بە شێوەی پەنهان و بە شەودا و پاشان بە عەلەنی هاوکاری قەبیلەی بەنی هاشم و موسڵمانەکانیان کرد و ، ڕیکەوتنەکەش کە بۆ پچراندنی پەیوەندی نوسرابوو خۆ بە خۆ هەڵوەشایەوە ، محمد و هاوەڵەکانی لە دره وە گەرشانەوە بۆ مەککە .

چەند مانگ پاش هەڵوەشاندنەوەی پەیمان نامەی پچراندنی پەیوەندی هاتوچۆ ، دو ڕوداو بە توندی محمدیان هەژاند ، یەکیان مردنی ابو تالبی مامی کە پارێزەری ئەو بوو ، کە گیانی محمدی لە بەرانبەر رق و کینەی ئەو کەسانەی ناو قەبیلەکان دەپاراست ، سی و پێنج ڕۆژیش دوایە ئەبوو تالیب خەدیجە کە بۆ ئەو هاوسەروریکی میهرەبان و وەک دایکێکی بەبەزەیی بوو ، کۆچی دوایی کرد ، بە مردنی ئەم دو پارێزەرە مەزنەی محمد جارێکی تر قورەیش بە بێ بەزەییانە کەوتنەوە گیانی موسڵمامان .

محمد هەوڵیدا خەڵکی تائف بێنێتە سەر ئایینەکەی خۆی . بەڵام ئەنجامی کۆششەکەی بێ بەرهەم بوو . بەڵام لە ناکاو ڕۆژی هیوادەرکەوت و بە ڕێکەوت سەرەتاکانی بڵاوبونەوەی ئایینی ئیسلام بە خێرایی فەرهەم بوون .

محمد خوی گرتبوو ، لە ناگە حەرامەکاندا کە قەبیلە جیاجیاکان لە سەرانسەری عەرەبستاندا بۆ زیارەت کردن بۆ کەعبە دەچوون بۆ پاڕانەوەو حەج لە مەکە . دەچوە ناو خێمەکانیان و ئەوانی بۆ ئایینی ئیسلام بانگهێشت دەکرد ، زۆرینەی قەبیلەکان گوێیان لێ نە دەگرت و بە سەرنجی پەیوەندی سیاسی و ئابووری لەگەڵ قورەیشدا بانگهێشتەکەی محمدیان بۆ ئایینەکەی ڕەد دەکردەوە .

هۆزی ئوس و خەزرەج کە لە یسرب نیشتە جێ بوون ، هەروەکو ئەو هۆزوەکانی تری عەرەب ، بتیان دەپەرست و بۆ زیارەت کردنی کە عبە لە مانگی حەجدا دەچوونە مەکە ، ئەو دوو تایفە ، ئەم دوو تایفەیە لەگەڵ دراوسێکانیاندا کە یەهود بوون کەم تازۆرێک پوەندی خزمایەتیان هەبوو ، یەهودیەکان کە بە عەلەنی نەیان دەویست لەگەڵ ئەم دوو تایفەیەدا بجەنگن ، هەمیشە لە هەڵی ئاژاوەنانەوە و دوبەرەکی خستنە ناویاندا بوون . ئەو دوو قەبیلەیەش هەمیشە ڕوو بەروی یەک دەبونەوە ، و بەردەبوونە کیانی یەک تا لاوازی هەردوویان ببینن . لە ئەنجامی هاندانی یەهودیەکاندا ، هەریەک لەو دوو قەبیلەیە لە هەڵی ڕیشە کێش کردنی یەکدابوون و جەنگیان لە بەرانبەر یەک ڕاگەیاند و ڕێژەیەکی زۆر لە هەردوولا لە جەنگی ( بعاپ ) دا کوژرا ، دوای ئەو ڕوداوە ، هەردوولا پەیان بە هەڵەکانی خۆیان برد وو ، لەهەوڵی ڕێبەرایەتیەکدا بوون کە بتوانێت ئەوان لەو بارودۆخەی کە خۆیان خولقاندبویان ڕزگار بکات ، بەڕێکەوت ئەو ڕێبەرایەتی کردنەشیان لە محمدا بینیەوە کە ڕاگەیەنەری ئایینی نوێ بوو لە مەکەدا . لەو ساڵەی کە گروپێک لە تایفەی خزرەج بۆ زیارەتکردنی مەکە هاتبوون محمد چوە دیداریان و ئایینەکەی خۆی بۆ باس کردن ، خەڵکی خەزرەج کە لە یەهودیەکانیان بیستبوو ، کە بە خێرایی

پێغەمبەرێک دەردەکەوێت ، کە یەهودیەکانیش دەبنە پەیرەو کاری عەرەبە بت پەرستەکانیش لە ناو دەبات ، بە دیقەتەوە گویان لە قسەکانی محمد گرتو لەگەڵ خویاندا دوان ، کە ئەوە ئەو پێغەمبەرەیەکە یەهود چاوەڕوانی دەکات . بەو جۆرە هاتنە سەر ئاینی محمد و ئیمانیان پیَ هێنا هیوای بەختەوەریان خواست . لە ئاینەدا پەرتەوازەیی و پەرشو بڵاوی ئەوانە ڕێک بخاتەوە لە بەرەیەکدا کۆیان بکاتەوە . بەڵێنیادا کە بەرەش و سپیەوە بە عەرەب و عەجەمەوە ، پشتیوانی محمد بکەن . ئەم بە شە کاتێک کە ڕانەوە بۆ یپرب داستانی ئاینی ئیسلام و دەرکەوتنی پێغەمبەر ی نویَ یان لە هەموو شوێنێک بڵاو کردەوە ،

ساڵی دواتر دوانزە کەس لە پیاوانی یپرب هاتن بۆ مەکەو لەگەڵ محمد دا پەیمانێکیان بە ناوی پەیمانی ( عقبە ) واژۆ کرد . لە گەرشانەوەیاندا محمد یەکێکی لە هاوەڵەکانی خۆی لەگەڵ ئەواندا نارد تا قورئان فێری ئەوان بکات . ئەو ڕاپۆرتانەی کە ( مصعب بن عمیر ) تایبەت لە یسربەوە بۆ محمدی دەنارد ، مژدیەکی گەرەیان پیَ بوو ، ساڵێک دواتر 75 کەس لە خەڵکی یسرب هاتن بۆ مەکەو محمدیان بینی ، پیاوانی اوس و خزرەج بە محمدیان وت لە ئێستا دا لە نێوان ئێمەوە یەهوەدیەکاندا پەیوەندیەکی کەم تا زۆر هەیە ، پاش بەڵێندانی ئێمکە بە تۆ ئەم پەیوەندیە تەواو کەمبوەتەوە ، ڕەنگە دوای هاتنی تۆ بۆ یسرب دۆرخی تۆ باشتر بێت و لە بەرانبەر تیرەکەی خۆتدا ڕێکبکەویتەوە ، ئایا لەو دۆخەدا دەست لە ئێمە بەردەدەیت ، دەگەڕێتەوە بۆ مەکە ؟ محمد لە وەڵامدا و بە نەرتێکی عەرەبیانە پێی وتن ( بل الدم الدم والهدم الهدم ، انا مکم و انتم منی احارب من حاربتم و اسالم من سالتم )

خوێنی من خوێنی ئێوەیە ، حورمەتی من حورمەتی ئێوەیە من لە ئێوەم و ئێوە لە منن ، لەگەڵ هەر کەس جەنگ دەکەن منیش دەجەنگم وە لەگەلچ هەرکەسیش کە ئاشتی بکەن منیش ئاشتی دەکەم .

بەمجۆرە پەیمانی دووەمی عقبە واژۆ کرایەوە ، یسریەکان باوەڕیان هێنا کە پارێزگاری لە محمد و خانەوادەکەی بکەن ، محمدیش لە بەرانبەردا بەڵیچنی پێدان ئەگەر کارەکەی سەری گرت و دەسەڵاتی گرتە دەست یسریەکان لە بیر نەکات و لە هەمان شاردا لە ناو ئەواندا بمێنێتەوە ، کاتێک خەڵکی قورەیش بە پەیمانی دووەمی عقبەیان زانی ، ئەنکەنجەو ئازاریان لە سەر موسلمانەکان زیاتر کرد . بەڵام لە ترسی یاسای تۆڵە دەست پیشخەریان لە ڕشتی هیچ کەسدا نە دەکرد ، محمد فەرمانی بە هاوڵەکانی خۆی کرد ، تا دەستە دەستە بە شێوەیەکی نهێنی لە مەککە بێنە دەرەوە و برۆن بۆ یسرب ، ورەیش کە هەستیان بە زیاتر بوونجدی دەسەڵاتی موسڵمانان کرد لە یسرب لە کاتێکدا کە محمد پەیوەندی بەوانەوە کردبوو ، ڕێبەری موسڵمانانی لە ئەستۆ گرتبوو ، مەترسیەکی جدی و گەورە لە سەر قورەیش و مەکە بوو ، بریاری لە ناو بردنی محمدیان دا . سەرۆکەکانی هۆزی قورەیش لە ( دارالمندە ) کۆبوونەوە و پاش ڕاو یژوو گفتو گۆ یەکی زۆر ، بڕیاریاندا لە هەر قەبیلەیەک گەنجێکی ئازا هەڵبژێرن و بە شمشێر هێرش بکەنە سەر محمد و بیکوژن ، بەو جۆرەش کە خوێنی محمد دەکەوتە ئەستۆی هەموو قەبیلەکان و قەبیلەی بەنی هاشمیش توانای ڕوبەروبونەوەی لەگەڵ ئەو قەبیلانەی تردا نەبوو .

ژنێکی باوەڕدارو موسڵمان بە ناوی ( رقیقە ) محمدی لە ڕێکەوتنی دارالمند و مەبەستەی قورەیش ئاگادار کردەوە . محمدیش ئەبوبەکری راسپارد تا دوو وشتری بۆ ئامادە بکات و هەڵبێت ، وشترەکانیان سپارد بە دەستی ( عبداللە بن ارقیت ) تا بچێتە دەرەوەی مەکەو ئامادەی ڕۆشتنبێت . لە شەوەی هیجرەتدا عەلی راسپارد تا لە جێگەکەیدا بخەویت و تا خەلکی قورەیش وا تیبگەن کە محمد لە ماڵەوەیە ، خودی محمد بە ریکەوتنی ئەبوبەکر لە کۆڵانی پشتی ماڵەکەوە هەڵاشت و ریگای باکوری گرتەبەرو لە ئەشکەوتی ( پور ) خۆی حەشار دا ، پیاوەکانی قورەیش وا هەستیان کرد کە محمد لە ماڵەکەیدایە ، هێرشیان کردە سەر ماڵەکەی . کاتێک بینیان عەلی لە جێگای محمد خەوتوە ، زانیان

هەڵاتوە ، بە شوێنیدا گەران ، تەواوی ڕیگاکانی چوونەدەرەوەی مەکەیان لە باشورەوە بۆ باکور گەران ، و هەتا چوونە ئەشکەوتی پور بەڵام نەچوونە ناو ئەشکەوتەکەوە و لەو ریگایەوە کە رۆشتبون بۆ مەکە گەرانەوە ،

عمدالله ، کوری ابوبکر هەمو رۆژێک دەچوە ناو قورەیشیەکان لە مەکە ، و گوێی لە قسەکانیان دەگرت ، و بە شەویشدا تەواوی ئەو قسانەی گوێ بیستی بوو بوو بۆ باوکی دەگێرایەوە ، و ئەو خواردنەی کە لە مالەوە ئامادە دەکرا ، دەی برد بۆ محمد و هاوەڵەکانی ، شوانەکەی ئەبوبەکر شیری مەرەکانی بە شەودا دەبرد بۆیان ، کاتێک عبدالله دەگەرایەوە ، مێگەلەکەی بە دوای عبدالله دا دەهینایەوە تا شوێن پێکانی بسریتەوە ، رۆژی سێیەم عبدالله وشترەکانی بۆ لای ئەشکەوتە کە دەهینا ، هەرسێ کەسەکە پاش ماوەیەک رۆشتن بەروەلای باکوری میسر بەری کەوتن ، دواتر ئاراستەکەیان بەوەرباشور گۆری و بەرەو شاری یسرب بەریکەوتن ، تەواوی شەوو بەشێکی رۆژ بەریگەوە بوون ئەو بە شەکەی تری رۆژ پشویان دەدا ، تا هیچ کەس ئەوان نەبینیت ، و لە ئاگاداری رەوتی ریگاکەیان نەبیت .

خەلکی سرەبیش کە وەسفی محمد و ئایینە نوێکەیان لە خەلکی تر بیستبوو ، هەویان بی ئارامگرتن لە چاوەروانی بینینی ئەودابوون ، محمد لەگەڵ ابوبەکر چونە ناو ( قبا ) لەوێ مزگەوتێکیان کردەوە ، پاش سێرۆژمانەوە لە قبا بەرەو لای یسرب بەری کەوتن ، و رۆژی هەینی گەیشتنە شاری یسرب ، هەریەک لە موسڵمانان لە سۆنگەی باوەرو خرۆشیان دەیان ویست کە محمد ببیتە میوانی ئەو ، بەلام محمد پیشنیاری کرد ، کە هەرجێگایەک وشترەکەی ئەوەی تیا پال بکەویت ، ئەویچ دەبیتە جێگای ئەو ، وشتر ئازادانە لە ناو کۆلانەکانی مەدینەدا دەگەرا تا گەیشتە جێگایەک کە هی دو مندالی هەتیوی لە بەرەی بەنی نجار بوون ، وشترەکە لەوێدا پال کەوت ، محمد فەرمانی کرد ، تا ئو جێگایە لە منداله هەتیوەکان بکرن و لەوێدا مزگەوتێک دروست بکەن ، لە کۆتای تەواو بوونی مزگەوتەکەدا ، لە مالی ( ابو ایوب ) ئەنساری دانیش ، پاش تەواو کردنی بینای مزگەوتەکە ، محمد لە دەوروبەری مزگەوتەکە ، خانوی تری دروست کگردوو ناوی یسربی گۆری بە ( مدینە النبی ) .

لە سەردەمانی خەلافەتی عموردا بەراویژ لە گەڵ کۆی سەرۆکەکانی هەمو خێلەکان ساڵی هیجرەت هێنرایە ناو مێژوی موسڵمانانەوە ، هێشتان وڵاتە ئیسلامیەکان ، تەقویمەکانی خۆیان لە سەر بنەمای هیجری قەمەری یان هیجری شمسی دادەنین .

مەدینەوە دەستپێکی ئیمپراتۆری ئیسلامی

لە مێژووی چوونە ناو یسربەوە ، وەرزێکی نوێ لە ژیانی محمد دەستی پێ کرد ، لەو قۆناغەی ژیانی دا محمد توانایەکی لە رادەبەدەرو هیزی خۆی بۆ بەریوە بردن پیشاندا ، لە یسرب محمد فەرماندەیەکی شەرانی و سیاسەتمەداریکی بە توانا بوو ، ئەو بە جۆریکی هۆشیارانەو ئاگایانە، هەنگاوی دەنا ، کە توانی لە ماوەی هەشت ساڵدا ، بە سەر کۆی گرفت و گیشەکاندا زاڵ ببێت و بەرنامەی بنچینەیی خۆی کە بریتی بوو لە یەکخستنی یەکێیەتیەکی قەومی یەک دەنگ و رەنگ لە هۆزە پەرتەوازەکان و دوژمنە کانی پێشو ، هەموی یەک خست لە ژێر ئالای ئیسلام و ئامادەی جەنگ بوو .

پاش چوونی بۆ یسرب ، لە قۆناغی یەکەمدا ، هەوڵی محمد بۆ ریشە کێش کردنی دوبەرکی و ناتەبایی قەردوو قەبیلەی اوس و خزرەج بوو هاوکات چاندنی تۆوی برایەتی لە نێوان مهاجرین و ئەنساریەکاندا ، بۆ ئەنجامدانی ئەم کارەیش هەموو موسڵمانەکانی کۆکردەوە ، تا هەریەکێک لەوان یەکێک بکاتە برای خۆی ، خودی محمد علی بن ابی تالبی بە برای خۆی دانا، حمزە مامی محمد زیدین حارسە زر کوری محمدی بە برای خۆی قبول کرد ، بەم جۆرە هەریەکێک لە موسلمانەکان یەکێکی تریان بە برای خۆیان قبول کرد ، و محمد ئەم برایەتیەی بە برایەتیەکی ریژەیی ئاماژە پیداو یەکێکتی و یەک دەنگی لە ناو قەبیلە جیاجیاکانی عەرەبدا پایە رێژەی کرد .. محمد بۆ رێکخستنی کارو باری شار پەیماننامەیەکی لەگەڵ یەهودیەکان داناو شارەکەی بە شێوازێکی نوێ ریک خستەوە ، یەهودیەکان بەسەرنجدان بە شێوازی پرۆپاگندەی ئایینی محمد لە مەککەدا هیوادار بوون کە بە شێوەیەکی تەدریجی بهێننە ریزی خۆیانەوە ، بە گەرمی پێشنیاری محمدیان قبول کرد ، محمد هاوکات پۆ پتەو کردنی سیستەمی نیزامی خۆی پیویستی بە لیبوردەیی و کات هەبوو ، لەگەڵ یەهودیەکان لە سەرەتادا بە نەرمو نیانی رەفتاری دەکرد ، و بەو شێوەی کە یەهودیەکان و مەسیحیەکان ، خاوەنی کتێبی ئاسممانین ، بەو بەلینامانەی کە لە سەر بنەمای دۆستی و ئیحترامی بەرانبەر و ئازادی رادەربرین ئایینی باوەری هێنا . ئاین و سەروەتی ئەوانەی بە بە ها نرخاند . دوولایەنە یەکیان گرت . لە ککاتی جەنگدا هاوکاری یەکتریان دەکرد . بۆ هەردوولا بریاردرا کە ناو یسرب بە شێوەی حەرەم سەراقبوڵ کرا و هەرکەس لە مەدینەدا دەژا لە ئارامی و ئاسایشدا بوو . بەم جۆرە مەدینە و ناوەندەکەی بۆ محمد و پەیرەووانی بوە شوێنێکی ئارام و ئاسایش و موسڵمانان بە ئازادی دەیانت توانی پرۆپاگندەو تەبلیغات بۆ ئایینەکەیان بکەن . محمد لەو ساڵەدا لەگەڵ عایشە هاوسەر گیری کرد کە هێشتان عایشە تەمەنی نۆ ساڵان بوو . چوونکە عایشە هێشتا منالچ بوو لە روی جەستەییەوە پێنەگەیشت بوو محمد هاوکات وەک باوکێکی میهرەبان رێگری لە یاری و منالانەی ئەو نەدەکرد .

یەهودیەکان بە لێدانی زەنگ پەیرەوانی خۆان بۆ نوێژ کردن بانگ دەکرد ، مەسیحیەکانیش بە ناقوس لە کڵێسا لێیان دەدا ، موسڵمانانیش پاش ڕاوێژ کردن لە گەڵ یەکتر ، بڕیاری بانگدانیان دا ، ئەوە شێوە لە بانگدان لەو کاتەوە تا ئێستا بۆ بانگهێشتکردنی موسڵمانان و کۆبونەوەیان بۆ ئەنجامدانی نوێژ بەردەوامی هەیە ، لەو ماوەیەدا محمد کاتی تەواوی لە بەردەستدا بوو ، تا ئەحکام و دەستوراتی پێویست بۆ کۆمەڵگەی نوێی موسڵمانان پێشنیار بکات ، تا ئەو کاتەی کە ئەو لە مەکە بوو ، هیچ جۆرە بەرپرسیارەتیەکی لە چۆنیەتی ئیدارەدانی کۆمەڵگەی موسڵمانان هەست پێ نەدەکرد ، بەڵام لە مەدینە بارودۆخە کە بەو جۆرە نەبوو ، تەواوی موسڵمانان لە چاوەڕوانی دەرچوونی دەستوری محمد دا بوون بۆ بەڕیچوە بردنی شار ، دابین کردنی بژێویی و چارەسەر کردنی مشکیلات و لابردنی جیاوازیەکان .

هەشت مانگ پاش کۆچکردنی بۆ مەدینە کاتێک کە محمد لە ئاسایشی شارو هێزی پەیرەوانی خۆی دڵنیا بوو ، بۆ دابین کردنی بژێوی ژیانی موسڵمانان کە ڕۆژ بۆ ڕۆژ زیاتری دەکرد ، بۆ ئەدای بەشێک ئەو بەڵێنانە دنیاییانەی کە بە و موسڵمانە تازانەی دابوو ن فەرمانی جەنگ و هێرش بردنی بۆ سەر قافڵە ( کاروانی ) بازرگانیەکان قورەیش دەست پێ کرد ، یەکەمین ئایەتێک کە دەربارەی دەستپێ کردنی جەنگ لە سەر موسڵمانانی دانا ، ئایەتی ( 40 ) سورەتی حەج بوو : ( مۆڵەتی بەوانەدا وە کە جەنگ بکەن ئەوانەی کە ستەمەدیدەن و خودا ئەوان سەیردەخات )

پاش ماوەیەکی کەمتر ئایەتی 40 لە سورەتی ئەنفال :

لەگەڵ ئەوانە بجەنگە تا ئەو کاتەی کە فیتنە نامیچنێت و تەواوی ئاین هەر بۆ خوادابێت .

پاشان ئایەتی 13 سورەتی تەوبە :

( بۆچی لە گەڵ ئەو کەسانە ناجەنگید کە پەیمانەکانی خۆیان شکاند و بڕیاری دەرکردنی پەیامبەریاندا ، ئەوانە بوون کە یەکەمین جار ئیعلانی شەریان کرد )

محمد بە لێنی بە عەرەبەکان دەدا ، بەو جۆرەی کە بێنە ریزی موسڵمانانەوەە و باوەڕ بە ئیسلام بهێنن . لەکاتی بردنەوەی جەنگدا ، لەو دەست کەوت و غەنیمانەی کە بەدەست هاتوە بەشدارو شەریک بن ، لە کاتێکیشدا ئەگەر شەهیدیش بوون دەچنە باخە سەز و خۆشەکانی بەهشتەوە کە تیایدا جۆگەلەی هەنگوین و شەراب و ئاو ی تیدایە . حوریەکان لە بەهەشت لە سەر تەختی فەرشکراو بە ئاوریشم میوانداری ئەو شەهیدانە دەکەن ، ئەو بەڵێنانەش بووبوە هیواو خواستی هەر پیاوێکی عەرەب رۆئیایەک بووە کە لە خەیالو هزریدا بە بەردەوامی خولی دەخوارد . بۆ عەرەبەکان کە هەموو شتێکیان لە چاوی سودو قازانجەوە دەبینی ، وتەیەکی خۆش ئاهەنگتر لە بەلچێنەکانی محمد ئەوەبوو ، کە تا ئەوکاتەش بە شێوەیەی تاک یان گروپی بچووک بۆ ڕیگەگرتن لە کاروانە بازرگانیەکان دەرۆیشتن لەو پێناوەشدا گیانی خۆیان دەخستە مەترسیەوە بۆیە زۆرترین عەرەبەکان لە دەوری محمد کۆبوونەوە بۆ کۆکردنەوەی زیاتری دەست کەوت و غەنیمە .

بەجۆرێک کە توێژەرەئیسلامیەکان دەنوسن : لەو بەروارەوە تا فەتحی مەککە لە ماوەی کەمتر لە حەوت ساڵدا موسڵمانەکان 84 جار هێرشیان کردوەتە سەر کاروانە بازرگانیەکان و تاڵانیان کردون و یان لە گەڵ ناموسلمانە کاندا جەنگیون . هێرشی ئەو موسڵناناەی کە محمد خۆیشی بە شداری تیادا دەکردن ، بە ( غزەو ) ناویان دەبرد و ئاماژەیان بە 26 هێرشداوە کە خودی محمد خی سەرپەرشتی کردوە ، و لە 9 غزوە دا خۆی راستەو خۆ شەری کردوە یەکەمین غەزوەی محمد غزوەی ( ودادرا بوا ) و پاشان غزواتی ( بواگ ) و ( عشیرە ) بووە .

محمد بۆ ئەوەی کە لە جولەی کاروانچیەکان یان ئەو دەستەوە گروپە شەرکەرانەی عەرەب لە سەرانسەری عەرەبستاندا ، بە ئاگابێت ، سیخوری لە هەموو گۆشەو کەنارەکاندا دانابوو ، کە هەواڵەکان لە کاتی خۆیدا بگەیەنن ، و لە رێژەی کەسەکان و کەرەستەی نیزامی دوژمانان زیانیاریان هەبێت ، و پێش کامل کردنی پێداویستی ئەو گروپانە هێرش بکاتە سەریان . بۆ ئەوەی لە هەر جوڵەو بزوتنێکی نێو خۆیش زانیای هەبێت ن و مخالفە ناو خۆیەکان لە کاتی خۆیدا سەرکوت بکات ، دەستی بە ڕێکخستنێکی نوێ کردوو ، هەر یەکێک لە تاکەکانی لە ژێر فەرمانی خۆی کردە سیخور بە سەر ئەو تکەکانی ترەوە ، تا لە کاتی هەر جوڵەو شتێکدا کەسی سیخور ڕوداو یان هەوالچەکە بە محمد بگگەیەنێت ، لە دەرئەنجامی ئەو ئیتیکارەدا ، محمد لە هەر ساتێکدا ، کە لە ناو پەیرەو انیدا دە گوزەرا و حەتا لە گفتوگۆ کانی کە بەرگوێیان دەکەت و چەندین نموونە لەوانە ل قورئاندا هاتوە :

( ئەی ئەو کەسانەی کە باوەڕتان هێناوە کاتێک کە لەگەڵ یەک قسە دەکەن سەرپیچی و خوداو دوژمنی خراپی پێغەمبەری خودا بۆ یەک باس مەکن و باسی باشی و چاکە بکەن ن ئەو زەم کردنانە کاری شەیتانە تا ئەو کەسانەی کە ئیمانیان هێناوە دلیان سارد بکەیتەوە ) سورەتی مجادلە ئایەتی 11-10

نمونەیەکی تری ئەیم داستانە ( حاگب بن ابی بلتعە ) یە کە لە دوایدا کوژرا . ئەو شێوە نوێەی سیخوڕی کردنی ناو خۆیی گومانکردن لە تەواوی تاکەکان و چاودێری کردنی یەکتری کە بە ناوی دەستەواژەی ( امر بمعروف و نهی عن منکر ) فەرمان بەچاکەو نەهی لە خراپە ، لە ئاینی ئیسلامدا بە ناو بانگە ، رەنگە بۆ یەکەمین جار لەگەڵ لە دایک بوونی ئیسلام سەری هەڵدابێت ، بەڵام دواتر لە لایەن زۆرێک لە پێشەواکان و پرۆپاگندەچیانی موسڵمان بۆ نمایش کردنی هێز و سەرکوت کردنی دژ و نەیارەکان بەبەردەوامی سود لەو دەستەواژەیە وەرگیراوە ، لە ساڵی جدووەمی هیجرەتدا ، کاتێک کە

محمد بە تەواوی دڵنیا بوو لە هێزی سەربازی خۆی  هەستی بەوە کرد کە ئیتر پێویستی بە پشتگیری یەهود لە ئایینە کەی نەماوە  ، دەستی بە دوو جۆر گۆڕانکاری ئایینی گەورە کرد  :

یەکم : قیبلەی موسڵمانی لە پەرستگەی یەهود لە ئورشەلیم  گۆڕی بۆ مەکە ، گۆڕینی قیبلە لە لە دوو سۆنگەوە بۆ محمد  زرەوری بوو ، سونگەی باڵای سەربەخۆیی ڕەواڵەتی  ئایین ، و جیا کردنەوەی ئیسلام لە ئایینی یەهود  ، لەوە بەدواوە ئیتر محمد پاشکۆی تەورات نەبوو  ، ئایینی ئیسلام بە شێوەی ئاینێکی سەربەخۆ لە بەرانبەر ئایینی یەهود و هەتا دژی ئایینی یەهود وەستایەوە . هەنگاو هەڵهێنان بۆ سۆنگەی دووەم و ڕەنگە زۆر گرنگتر بوبێت لە سۆنگەی یەکەم ، ڕزگار کردنی ئایندەی مەککە و خێڵەکانی دەورو بەری محمد کە لە ساتی لە ناو چوون و وێران بوندابوون ، محمەد گەیشتە ئەو دەرئەنجامەی کە  ، قورەیش گەیشتوەتە سەرەتای ڕۆژانی بانگەشەی پێغەمبەرایەتی محمد . محمد گەیشتە ئەو راستیەی کە  بە زویی مەککە بخاتەوە ژێر دەستی موسڵمانان بەڵام ئەگەر کەعبە قیبلەی موسڵمانان نەبێت و موسڵمانان پەرستگەی یەهود بە قیبلەی خۆ یان بزانن ، و ڕو بەو پەرستگەیە نوێژ بکەن  و بۆ ئەنجامدانی مەراسیمی حەج بۆ ئورشەلیم بڕۆن ، لە دەوری ئەو پەرستگەیە تەواف بکەن  ، لەو کاتە دا مەککە لە سووری بێدەنگیدا دەبێت و جگە لە وێرانەیەکی بەتاڵ هیچی تر نابێت  ، ژیانی مەککە بە هۆی سەردانی کردنی کۆچەرانەوە کە بۆ سەردانی کردنی کەعبە دەهاتن ناو ناو بانگی هەبوو ، کە محمد بە دەستی خۆی حکومی وێرانکردنی ئەم شارەی واژۆ کردبوو ، محمد بارو دۆخەکەی بۆ ئەو گۆڕانکاریە مەزنە ئایینیە  هەڵسەنگاند ، ئایەتی 144ی سورەتی بقرەی دابەزاند :

( بەڵی دەبینینم  کە ڕوی خۆت  بەرەو ئاسمان وەرچەرخاند ، بەڵام ئەو قیبلەی ک   َرە لە هەر کوێدا هەیت  ، ڕوتان بەو لایەدا وەرگێرن )

وە ئایەتەکانی 144 و  145  و 148 و 149 و 150 ی هەمان سورەت  :

( لە هەر کوێدا کە چویتە دەرەوە ، ڕوت بەرەو مسجد الحرام وەرگێرەو لە هەر کوێدا کە هەیت  ، ڕوتا بەرەو مسجد الحرام وەرگشێرەو سەرزەنشتی خەڵک بۆتو هیچ نیە  . بە موسڵمانەکان ڕابگەیەنە  ، یەهودیەکان  بۆ ئەم بڕیارە  ڕەخنەیان لە محمد گرت  و ئەویان بە شکێنەری پەیمانی دۆستایەتی دانا  ، محمد لە وەڵامی ئەو پەیمان شکێنیەدا ئایەتی 177 سورەتی بقرەی دابەزاند .

( چاکی لەوەدا نیە کە  ڕوی خۆتان  بەرەو خۆر هەلات  یان خۆرئاوا وەرگێرن ، بەڵکو  چاکەی کەسێک ئەوەیە  کە باوەڕ بە خوداو  ڕۆژی قیامەت و فریشتەکان و قورئان و پێغەمبەرانی بهێنێت )

وە ئایەتی 143 هەمان سورەت  دەڵێت :

( ئێمە ئەو قیبلەیەی هەمان بوو نەمان گۆڕ تە نیا لە بەر ئەوەی کە بزانین کێ شوێنکەوتەی پێغەمبەرو کێ پاشە کشەی لە پێغەمبەر کردوە  ، ئەوانەی کە خودا هیدایەتی کرون  ئیمانیان زایە ناکات   )

هەڵسەنگاندنی بۆ یەهودیەکان و موسڵمانەکانیش کرد . پاشان محمد  پاش گۆڕینی قیبلە ی موسڵمانان لە ئورشەلیمەوە بۆ کەعبە  ، ڕۆشت بۆ ( قبا ) و میحرابی  مزگەوتی ئەو شارەی تێکدا کە ڕوی لە باشور بوو  ، دووبارە دروستی کردەوە و ڕوی کردە  باکور .

هەنگاوی دووەمی محمد  لە هەڵی  ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی ئایینی بوو ، گۆڕینی مانگ و ڕۆژی موسڵمانان لە مانگی کیپوری یەهود بۆ مانگی ڕەمەزان  ، محمد  پاش سی ڕۆژ ڕۆژو لە کۆتایی مانگدا بە بەرماڵەکەیەوە ڕۆشت و بە دەستی خۆی قوربانی ئەنجامدا و ئەحکامی پەیوەندیدار بە  زەکات و سەرفیترەی بە موسڵمانان ڕاگەیاند . لە ساڵی دووەمی هیجرەتدا ، هەواڵیان بە محمد دا کە ابو جهل لەگەڵ کاروانێکدا لە سەر ڕێگای کنارە ی نزیک مەککە یە ، مامی خۆی  حەمزەی لە گەڵچ سی سواری تر

نارد بۆ ڕێگە گرتن لە ابو جهل و تاڵانکردنی کاروانەکەی ، حەمزە لە ڕێگای کنارە گەیشت بە کاروانەکەی ابو جهل بەڵام چوونکە سێ سەد سوار پاسەوانی کاروانە کەیان دەکرد ، هەردوو لا بە تەنیشت یەکدا بە بیچ جەنگ و پێکدادان تێپەڕین ، محمد جارێکی تر عبیده بن حارسی لەگەڵ شەست سوار بۆ تاڵانکردنی کاروانێکی تر کە لەگەڵ ابو سوفیاندا بوون ، نارد ، ئەم جارە چوونکە دوو سەد سوار پارێزگاریان لە کاروانەکە دەکرد ، موسڵمانەکان بە بیچ پەلاماردان دیسان گەڕانەوە ، پاش ماوەیەک محمد لەگەڵ 200 سوار بەرەو ( بوات ) لە چاوەڕوانی دەست بەسەردا گرتنی کاروانێکدا بوو بە سەرۆکایەتی اومیه بن خلف ) کە هەزارو دوسەد وشتر کاڵایان پێبوو ، بەڵام کاروانەکە نەهات و محمد بە بێ دەسکەوت دیسان گەڕایەوە ، دوبۆ سێ مانگ دواتر دوو بارە محمد لەگەلچ دووسەد سوار چونەوە بۆ چاو دێری کردنی ئەو کاروانەی کە ابو سوفیان سەرپەرشتی دەکرد و بەرو ( عشیره ) دەرویشت ، بەڵام سەرلەنوێ کاروانەکە نەهات و بە بێ دەستکەوت گەرایەوە ، لە ساڵی دووەمی هیجرەتدا ، عبدالله بن جحش هەندێک لە موهجیرەکانی کە لە گەڵیدا بوون نارد بۆ بۆ ( نخله ) لە نێوان تائف و مەککەدا تا چاو دێری کاروانی قورەیش بکەن . لە یەکەمین ڕۆژی مانگی ڕەجەب عبدوڵا هێرشی کردە سەر کاروانی قورەیش کە عمرو بن عبدالله خزرمی ) سەرپەرشتی دەکرد ، موسڵمانەکان لە ترسی ئەوەی کە ئەگەر هێرش نەکەنە سەر کاروانەکە ئەوا کاروانەکەیان لە دەست دەردەچێت ، لە نانگی حەرامدا هێرشیان کردە سەر کاروانەکە ، یەکێک لە موسڵمانەکان تیرێکی هاویشت و عمرو کوشت و دوو کەسی تریان دەست گیر کرد ، و دەست کەوتی کاروانە کەیان بە تاڵان برد ، و هێنایان بۆلای محمد .

موسڵمانان کردەیەکی پێچەوانەی سونەتی دێرینی عەرەب و دەستوری قورئانیان ئەنجامدابوو ، چوونکە لە مانگی حەرامدا هێرشیان کردبووە سەر خەڵکانێک کە مەبەستی شەرکردنیان نەبوە ، و کەوتونەتە بەر شاڵاوی تاڵان کردن و کوشتن . ئەو ڕوداوەش بوە باشترین بەڵگە ی پرۆپاگندە بە دەست نەیارانی محمەدەوە ، بەو بۆنەیەوە لە ڕۆژانی سەرەتادا محمد ڕوی خۆشی بە عبدوڵا پیشان نەدا و توڕەبوو لێی . لە لایەکی تریشەوە ، گێرانەوەی ئەو تاڵانیەو قبوڵ کردنی ئەوەی کە موسڵمانان هەڵەیان کردوە . موسڵمانان لە سەر بنەمای ئەو بەڵێنەی کە پێیان درابوو ، لە چاوەڕوانی بەرکەوتنی بەشێک لەو دەستکەوتە تاڵانکراویەدا بوون . ڕەوانە کردنەوەی تاڵانکاریەکەو دان نان بە هەڵەی موسڵمانانندا دەرون و ناخی هەژاندن . کلیلی ئەم مەتەڵە بوە هۆی هاتنی ئایەتی 217ی سورەتی بەقەرە : ( پرسیار ت لێدەکەن ، دەربارەی جەنگ لە مانگی حەرامدا. بلێ جەنگ لەو مانگەدا گوناحێکی گەورەیە ، جەنگ لەو مانگەدا کارەسات و هەڵەیەکی گەورەیە جەنگ لە مزگەوتی حەرامدا و دەربەدەر کردنی خەڵکەکەی زۆر گەورەترە لە لای خوادا و فیتنە خراپترە لە کوشتن نیارانی ئێوە لەگەڵ ئێوە شەردەکەن ، تا بتوانن ئێوە لە ئاینەکان دوربخەنەوە )

لەم ئایەتەدا ، بۆ ئەوەی کە حورمەتی مانگە حەرامەکان کە نەریتی دێرینی عەرەب بوو پارێزگاری لێبکات . سەرەتا کردەکەی عبدوڵا بن جحش جێگای سەرەنج و ناڕەزایەتی بوو ، بەڵام بە گشتی بۆ کۆنترۆڵ کردنی هەستی موسڵمانان بەشێوەیەک لە شێوەکان دورە بەرێز بوون لە دەستکەوتی تاڵان کراو ، بەڵام موسڵمانان بە هاتنی ئایەتی 217 سورەتی بە قەرە دەستکەوتە کەیان لە نێوان خویان دابەش کرد هەر دوو دیلە کەشیان لە بەرانبەر دوو دیل کە قورەیش گرتبونی گۆڕیەوە .

لە پایزی ساڵی دووەمی هیجرەتدا ، هەواڵیان بە محمد دا کە کاروانێکی گەورە بە سەر پەرشتی ئەبوو سوفیان ، لە شاماتەوە دەگەڕێتەوە ، بۆ مەکە ، ئەوە هەمان ئەو کاروانە بوو کە محمد بۆ چاودێری کردنی ڕۆشتبو بۆ عشیره و ڕێبزری کردبوو ، دووبارە لەگەلچ دوسەد سوار لە موسڵمانان گەڕایەوە بۆ چاودێری کردنی ئەو کاروانە ، ابو سوفیان لە ناو دارخورماکانەوە بە قافڵە حوشترەکەوە محمدی بینی

و هەستی کرد کە موسڵمانەکان لە بۆسەدان بۆ کاروانەکەی ، ڕێگەی ڕۆشتنی کاروانەکەی گۆڕی و چەند پیاوێکی بۆ هێنانی هێزی پشتیوانی ڕەوانەی مە کە کرد رشۆژی دوتر ، موسڵمانەکان ، هەواڵیان پێگەیشت کە کاروانەکە لە دەستیان دەرچوە ، بەڵام چوونکە چەندین سواری تر بۆ هاوکاری و پشتیوانی کاروانەکەی ابو سوفیان هاتبوون ، نزیک موسڵمانەکان بوبونەوە ، لە ناوچەی ( بدر ) هیچ لایەکیان ئامادەی دەست پێخەری شەر نەبوون بەڵام شەری بەدر روی دا. لە ناو شەرو پێکدادانەدا محمد خوتبەی دەدا و ئایەتی دەخوێندەوە بۆ بەرزکردنەوەی ورەی موسڵمانان و هاندانیان بۆ شەر ، ( ئەی پێغەمبەر موسڵمانا هان بدە بۆ شەر ، ئەگەر لە نێویاندا بیست دانەیان ئارام گربن ، زاڵ دەبن بە سەر دوسەد دانەی ئەواندا ، وە ئەگەر ئێوە سەد کەس بن زالچ دەبن بە سەر هەزارکەسی کافردا ، ) نفال - ئایەتی 65

بەڵام محمد توشی شڵە ژان و پەشۆکاوی بوو بەڵام خیرا بە ئایەتێک خۆی و سوپاکەی ریک خستەوە وتی :

( ئێستا خوداوەند ئێوەی کەم کردوەتەوە کە زانی لە ئێوەدا ، لاوازیەک هەیە ، بەڵام ئەگەر ئێوە سەد پیاوی خۆ ڕاگر بن سەردەکەون بە سەر دووسەد پیاودا و ئەگەر ئێوە هەزار پیاو بن بە پشتیوانی خودا سەردەکەون بە سەر دوو هەزاری کافراندا و خوداش لەگەڵ خۆ ڕاگراندایە ) سورەتی انفال ئایەتی 66

موسڵمانان لە ئەنجامی کاریگەری هاندانەکانی هاوری محمد ئازایانەو بە باوەری تەواوە وە شەریان دەکرد ، محمد لە ناو سوپاکەی وەستابوو ، ورەی ئەوانی بە خوێندنەوەی ئایەتەکانی قورئان جۆش دەدا و بەڵێنی پێ دەدان ، کە هەر کەس ئازاو لێهاتوبێت ، پاداشتەکەی بەهشتە ، قوریشیەکانیش بەوەی کە ڕێژەیان زیاتر بوو ، لە بەرانبەر هێرشی ئازایانەو خۆبە خت کەری موسڵمانان نەیان توانی بەرگری بکەن و هەڵ هاتن ، موسڵمانەکانیش شوێن یان کەوتن و هەندێکیان لێ بە دیل گرتن .

جەنگی بەدر بۆ موسڵمانەکان گرنگیەکی ئەبەدی هەبوو ، محمد دەیزانی کە شکست لەو جەنگەدا یەکسانە بە لە ناو چونی تەواوی موسڵمانان و ئیتر جارێکی تر ئیسلام هێزی وای بۆ دروست نەدەکرایەوە . بەو هۆیەوە شەرکەرانی بدر لە دیدی محمەدەوە جێگای ستایشی تایبەتی بوون ، و محمد تا کۆتایی تەمەنی سوپاس گوزاری ئەو کەسانە بوو .

کاتێک کە موسڵمانان گەڕانەوە بۆ مەدینە ، محمد فەرمانی کرد ، دو کەس لە دیلەکان بە ناوەکانی ( نزرین حارس و عقبە ابن ابی معیت ) تۆلە لێبکەنەوە کە لە کاتی خۆی لە مەککە ئازارو ئەشکەنجەی محمد و موسلمانانیان دابوو بکوژن . هەروەها دەربارەی دیلەکانی تریش لە سەر بنەمای بۆچوونی عومەر بریاریاندا بۆ دروستکردنی ترس و تۆقاندن لە لای قورەیش تەواوی دیلەکان بکوژن .. ئایەتی 67 سورەتی انفال : بۆ پەیامبەری خودا ڕەوا نیە کە دیلی هەبێت . تەنیا ئەوە نەبێت کە دەبێ خوینیان برێژێت ئێوە دەستکەوتی دنیاتان دەوێت بەڵام خودا ڕۆژی دوایی ) سورەتی افال ئایەتی 67

پەسەند کردنی هەمان بۆ چوون بە پیاوەکانی خۆی ڕاگەیاند ، بەڵام پاش کوشتنی نزرو عقبە موسڵمانەکان ترسان لەوەی کە نەبادا ئەو دیلەکانی تریش بە هەمان چارەنوس برۆن وازیان لە فدیە هێناو هاتن بۆ لای محمد و دوبارە گفتو گۆ و راوێژ کردن دەستی پێ کردەوە ، بۆچوونی ابو بکر لە سەرەتادا لە بەران بەر گرتنی فدیە لە بەرانبەر ئازاد کردنی دیلەکان پەسەند کرا ، پاشان ۆچونێکی نوێ دروست بوو کە ئایەی 69ی سورەتی انفال دا هاتوە ( بخۆ لەو غەنیمەتەی کە بە دەستت هێناوە ، حەڵاڵ و پاکیزەیە و سوپاسی خودا بکە ) ی بۆ موسڵمانەکان خوێندەوە .

له ناو دیلەکاندا ابو العس بن ربیع زاوای محمد بوو ، زینب بۆ ئازاد کردنی مێردەکەی چەندین جۆر خشڵ و شتی کە دایکی خەدیجە لە شەوی بوکێنیدا پێی بەخشی بوو ، ناردی محمد کاتێک ملوانکە کەی بینی هەستی جوڵاو ابولعازی ئازاد کرد ، مولکو ماڵەکەیشی بۆ گێرایەوە ، لە بەرانبەردا کە زەینەب بنێرێت بۆ مەدینە ، هاوکات ئیسلام جودایی لە نێوانیاندا دروستکردبوو .

یەکیچکی تر لە دیلە کانی جەنگی بەدر عباس مامی پێغەمبەر بوو ، محمد ئەویشی ئازاد کرد ، مەرجی ئازاد کردنی قبول کردنی سیخوری کردنی بوو بۆ محمد لە ناو مەککە و گەیاندنی هەوالەکان بە محمد هاوکات چەندین جاریش هەر وەک سیخور بە وەفاداری مایەوە ، هەوالی وەکو ناردنی خەڵک لە لایەن قورەیشەوە بۆ ناو مەدینە پێش روودانی جەنگەکانی ( احد ، خندق ) .

محمد بۆ ئەوەی کە بەشی لە دەستکەوتەکانی غەنیمەو تالانی و جەنگدا مسۆگەربێت بۆ هەمیشە ئایەتی 42 سورەتی انفال وەک دابەش کردنێک خوێندەوە : ( بزانە ئەوەی کە بە غەنیمە گیراوە پێنج یەکی بۆ خوداو پێغەمبەرەکەیەتی ) ( 1)

پاش جەگی بەدر ناوبانگ و نفوزی محمد لە سەرانسەر عەربستان بڵاو بویەوە و بە بەهێزترین هێز لە ناو چەکەدا دانرا ، محمد ئیتر چەندین بڕیاری چارەنوسسازی لە هەمبەر ئیسلام و سەربەخۆیی موسلمانەکان لە تەواوی شاری مەدینەو باشوری عەرەبستاندا دەرکرد . کوشتنی ئەو کەسانەی کە محمدیان بە درۆزن ناو دەبرد . دەرکردنی یەهودیەکان لە مەدینە کە لە بڕیارەکانی محمد بون لە پاش جەنگی بدر .

---

1- ژماری یەک پێنج لە هەمبەر خەنیمەکان بە شێوەی پشکی خوداو پێغەمبەرکەی لە سەر بنمای هاوسەنگیەکە کە تەورات جەختی کردوە یوسف لە پشکەکانی میسر بە شێوەی بەهرەی مۆڵکانە لە بەرژەوەندی فیرعەون دای هێنا .

( ابو عفک ) و ( عسما ) لەو کەسانە بوون کە شعری هجویان دەوت ، و لە دژی محمد قسەی ناشیرینیان کرد ، محمد دوو کەسی بۆ تیرۆرکردنی ئەو دوو شاعیرەدانا و تیرۆری یان کردن . ابو عفک لە شەویکی هاویندا کە لە دەرەوە خەتبوو ، بە دەستی نێردراوەکەی محمد کوژرا ، (غبرین عوف ) کە نێردرابوو بۆ کوشتنی عسما ، لە ماوەیەکی کەمدا ، نیوە شەوێک چوە سەرجیگای خەوتنی عسما کە لە نێوان مناڵەکانیدا پال کەوتبوو شیری بە مناله بچوکەکەی دەدا و بە دەسمالیک دەمی دایکەکەی بەست و مناڵەکەی لە سەر سنگی دایکی لابردوو پاشان شمشیرەکەی چەقاندە سەر سنگی و ئەوەندە بە توندی لیی دا شمشیرەکە لە پشتی دەرچوو ،

محمد کە لە هاتو چۆی ( کعب بن اشرف ) بۆ مەککە نیگەران بوو لە لایەن سیخورەکانیەوە زانیاری دەست کەوتبوو ( محمد بن مسلمە )ی کردە چاودێری تیرۆر کردنی . بۆ هێنانە دەرەوەی کعب بن اشرف لە قەڵا داخراوەکەو دەست گیر کردنی ، ( ابونائلە ) زڕبرای کعب و هاوری لەگەل محمد بن مسلمەی نارد بەربەیانی زوو چوونە بەردەرگای قەڵا کە کە شوێنی مانەوەی بوو بانگیان کرد.کعب بە خۆشحالیەوە بۆ بینینی هاوڕێکە لە قەڵاکە هاتە دەروە . لە نیوەی ڕێگادا ابو نائلەو دوکەس کە لەگەڵیدا بوون ، هیرشیان کردە سەر کەعب و کوشتیان و سەرەکەیان بۆ محمد هێنایەوە ، محمدیش لە بەرانبەردا دار عاسایەکی بە خشی بە ابونائلە بە خەڵات .

پاش کوشتنی که عب  بن اشرف و ( سلام بن الحقیق  ) دووکەس لە سەرانی  ( هۆزی بەنی نزیر  )
محمد ( عبدولا بن رواحە  )  دانا بۆ کوشتنی  ( یسرین برزام  )  یئەویش راسپاردەکەی خۆی بە
سەرکەوتویی ئەنجامدا  . ( رفاعە بن قیس  ) بە دەستی عبدولا بن جدر کە لە لایەن محمدەوە
راسپێردرابوو کوژراو سەرەکەیشی بۆ محمد هێنا   ، ( عمرو بن امیە حزری ) لە لاەین محمدەوە
راسپیردرا بۆ کوشتنی ابو سوفیان لە مەککە ، عمرو بە شێوەیەکی نە ناسراو چوو بۆ مەکە ، بەڵام
خەلکی مەکە ئەویان ناسیەوە و دەستگیریان کرد ، عمرو توانی لە دەستی پاسەوانەکە هەڵبێت و
بگەڕێتەوە بۆ مەدینە  . لە ساڵی شەشەمی هیجرەتدا محمد ( عبدوڵا بن انیس ) ی راسپارد کە ( رافع )
سەرۆکی یەکێک لە قەبیلە کانی خیبر بوو بکوژێت ، عبدووڵا بەرەیانێکی زوو چوە سەر جێگاکەی و
هەمان شێوەی ابو عفک ،، کوشتبوی  .

محمد هێزی سەربازی موسڵمانانی بۆ ڕیشە کێش کردنی نفوزی یەهودیەکان لە مەدینە بە باشی دەبینی
. بریاری کوشتن و برینی ئەوانی دا و لە هەوڵی چشێوێکدابوو بۆ شکاندنی پەیمانی یەکریزی .
ڕێکەوت ئەو پشێویە رویدا بە کوشتنی کەسێکی موسڵمان لە لایەن کەسێکی یەهودیەکانی ( بنی قینقاع
) هوە روداوە کە بەم جۆرە رویدابوو ، کە رۆژێک ژنێکی عەرەب  روشتوە بۆ بازاری یەهودیەکانی بنی
قینقاع  .  کە بازارەکەیان لە ناو قەڵایەکی گەورەدابوو ، پیاوێکی یەهودیش بە دزیەوە گۆشەیەکی
پەچەکەی لە درکێکەوە ئاڵاندبوو ، لەو کاتەی ژنەکە هەستابوەوە پەچەکەی لە بەرداکنرابوو و جەستەی
دەرکەوتبوو یەهودیەکانیش پێی پێکەنی بوون . ژنەکەش هاوری کردبوو ، یەکێک لە موسڵمانەکان پیاوە
یەهودیەکەی کوشت ، هاوکات یەهودیەکانیش پیاوە موسڵمانە کەیان کوشتبوو  . لە ترسی تۆلە کردنەوەی
موسڵمانەکان دەرگاکانی قەلاکەیان داخستبوو . محمد کە لە هەوڵی بەهانەیەکدا بوو  . بە سوپاکەی
ماوەی 15 رۆژ دەوری قەڵای بنی قینقاعیان گرت و ڕێگەیان نەدا کەسێک بێتە دەرەوە و خواردنیان بۆ
بات . یەهودیەکانیش بە ناچاری تەسلیم بوون . محمد سەرەتا بریایدا هەموو پیاوەکانی ئەو قەبیلەیە
بکوژێت ، بەلام بە نێوان گیری چەند کەسی یەهودی کە موسڵمان بوبون و بەشێکیش لە موسڵمانەکان
پارێزیان لە رشتنی خوێنی ئەو یەهودیانە کرد .     دوا مەمرج ئەوە بوو کە هەموو چەک و زێرو
زیویان دابنێنن و لە مەدینە بچنە دەرەوە . ئەو یەهودیانە لە دورگەی عەرەبەوە بەرەو شامات کۆچیان
کرد . پاش رۆشتنی قەبیلەی بنی قینقاع مەدینە بێگانەی تیا نەماو شارەکە بە گشتی کەوتە دەست محمد
.و موسڵمانان .

قورەیشیەکان کە ریگای بازرگانی مەدینەیان بە گشتی  بە بێ سود دەبینی ، بە ناچاری رێگای عیراقیان
بۆ ئەو مەبەستە هەڵبژارد . کاروانێکی گەورە بەو مەبەستە بەرێکەوت محمد کە لە لایەن سیخورەکانیەوە
هەوالی ئەو کاروانەی پێگەیشت ، (زید بن حارسە ) زرکورەکەی خۆی  لەگەڵ سەدسواردا بۆ رێگەگرتن
لە کاروانەکەی نارد ، کاتیک موسڵمانان نزیک بونەوە لە کاروانەکە . پیاوانی کاروانچی هەڵاتن و لە
لایەن موسڵمانەکانەوە دەست بە سەر کاروانەکەدا گیرا . لەو روداوەدا بەش و دەست کەوتی محمد
بیست هەزار درهەم و بەشی هەرێک لەو موسڵمانانەش هەشت درهەم بوو . لە هەمان ساڵدا محمد لەگەڵ
( حفسە )ی کچی  عمر زەماوەندی کرد ، و فاتمەی کچەی خۆی دا بە علی  ، چونکە روقیە کچی محمد و
ژنی عسمان کۆچی دوایی کردبوو ، کچەکەی تری خۆی ام کلسومی دایەوە بە عسمان  .  هێرشی زید بن
حارسە بۆ سەر کاروانی گەورەی قورەیشیەکان یادگاریەکانی جەنگی بەدری بە زیندوی هێڵایەوە .
قورەیش بریاریاندا ئەم بارە یەکلایی بکەنەوە ، و لەشکرێکیان بۆ جەنگ لە دژی محمد قێک هێنا ،
عباس بن عبدامتلیب مامی محمد کە لە مەککە بوو ، نامەیەکی بۆ محمد نوسی  و ئەوەی لە مەبەستی
قورەیش و چۆنیەتی رێکخستنی لەشکرەکەی قورەیش ئاگادار کرد . پەیامەکەی عباس گەشتە محمد .
محمد لە گەڵ سەرانی قەوم راوێژی کرد ، بۆچوونی محمد لە سەر ئەوە بوو ، کە لە مەدینە بمێننەوە و لە
قەڵاکەوە بەرگری بکەن . بەڵام بەشێکی تر کە پاش جەنگی بەدر گەشتبونە ئەو ئەزمونەی کە  هیچ

هێزێک نیە بە سەریاندا سەرکەوێت . بە روبەروبونەوە لە بیابان و هەمان ئەو جیگایەیشی کە دوژمن تیاتیدا نیشتە جێیە و بۆچونیان وا بوو . لە کۆتایدا لایەنگری بۆچونی چوونە بیابان و چوونە دەرەوە لە شار زۆرینە بوون و سوپای موسڵمانان بەرەو شاخی ( احد ) بە ڕێکەوتن ، لەو جەنگەدا گەرچی ل سەرەتای جەنگدا موسڵمانان زاڵ بوون ، بەڵام بەو هێرشەی کە خالدی بن ولید لە پشتەوەی لە شکرەکەی محمد هاتو مەیدانی شەرەکەی گۆڕی موسڵمانان شکان و بەرەو شاخی اح هەڵاتن . لەو شەرەدا حەمزە مامی محمد کوژرا . محمد بۆ دڵدانەوەی دەورو پشت و دلی گەرمی ئەو کەسانەی کە کەسە نزیکەکانی خۆیان لە دەست دابوو ئایەتی 169ی سورەتی ئال عمرانی بۆ هوسڵمانان خوێندەوە .

(ئەو کەسانەی کە لە ڕێگەی خودا کوژراون بە بەشێک لە مردوانی حساب مەکەن بەڵکو ئەوانە زیندون و براوەن لە لای خودا ) پاش کۆتایی جەنگ محمد فەرمانی کرد ، ( ابو عزه جمحی ) شاعیری عەرەب و ( معاویه بن مغیره ) کە کەوتبونە دەست موسڵمانان بکوژن .

شکستی گەورەی شەری احد ئاستی هێزی موسڵمانانی لاواز کرد و ئەگەری ئەوە هەبوو کە چەندین قەبیلە کە پێش لە جەنگی احد ترسیان لە موسلمانان هەبوو لە پاش ئەو جەنگە هیرش بکنە سەر موسلمانان .

دومانگ پاش جەنگی احد محمد هەوالی پیگەیشت . کە قەبیلەی بنی اسد لە هەولی هێرش کردندان بۆ سەر مەدینەو سەروەت و سامانی موسلمانان تالان بکەن . هاوکات ( ابوسلمه بن عبدالاسد )ی لە گەڵ 150 سوار بەرەو لای ئەو قەبیلەیەی ناردو رای سپارد ، شەوان پەیمان ببەستن و بە رۆژیشدا هەلی بوەشێنەوە ، تا هیچ کەس لەو لوغزە تینەگات . ابو سلمه فەرمانی محمد ی جێ بەجێ کرد و بەرەبەیان هەڵیان کوتایە سەر قەبیلەی بنی اسد . پیاوەکانی ئەو قەبیلەیە کە غافل گیر کرابوون ، و هیزی روبەرووبونەوەیان نەبوو . گریان و ماڵو مڵکی خۆیان بە خشتی . ابو سلمەش بە سەرکەوتوانە گەرایەوە بۆ مەدینە .

چونکە محمد هەوالی پێگەیشتبوو کە (خالد هزلی ) گروپێک بۆ جەنگ لەدژی ئاماد دەکات . ( عبدالدین انیس )ی راسپارد و کوشت . عبدولا لە نێو ریگادا خالیدی بینی کە چەند ژنی لەگەل بوو . سەرقالی قسەکردن بوو لە ناکاو کوشتی هاوریکانی خالید هاتن بۆ لای محمد و وتیان ئێمە بوینەتە ئیسلام و کەسێک لە هاوەڵانی خۆت لە گەڵ ئێمە بنیرە بۆ ناو هۆزەکەمان کە قورئانمان فیر بکات . محمد شەش کەسی لە هاوەلانی خۆی نارد لە گەڵیان . هاورێکانی خالید لە ناو ڕێگا دا چوارکەسیان لە هاوەڵانی محمد کوشت و دوانیشیان دانە دەستی قورەیش . کە لە مەککە کوشتنیان .

رۆژێک ( ابو يرا ابن مالک ) هات بۆ لای محمد و داوای لێکرد تا چەند کەسێک لە هاوەڵانی خۆی بۆ فیرکردنی خەڵکی ( تجد ) لە گەڵیدا بنیرێت ، و بەڵێنیشی پێدا کە ئەو پارێزگاریان لێبکات . محمد چل کەسی لە هاوەڵانی خۆی لەگەڵیدا نارد . قەبیلەی ( بنی عامر ) لە ( بنر معمونه ) هاتنە سەر ڕێگایان و سی و نۆ کەسیان لە چل کەسەکەی کە محمد ڕەوانەی کردبوون کوشت ، و تەنیا دانەیەکیان هێتەوە و ڕەوانەی لا محمدیان کردوە ئەویش لە گەڕانەوەی تەشی دوکەسی بوو کە سەر بە قەبیلەی بنی عامربوون کوشتیان .

چون ئەم ڕەفتارانە بە زەرەری موسڵمانان بوو . هێدی هێدی ئاستی موسڵمانان لە ناو عەرەبەکاندا لاواز دەبوو . محمد لە ترسی ئەوەی کە نەبادا یەهودیەکانی ( بنی نزیر ) لەگەڵ قەبیلەی بنی عامر پەیمان ببەستن و هێرش بکەنە سەر موسڵمانان . بڕیاری دەرکردنی قەبیلەی بنی نزیری دا لە ناو مەدینەدا . بەهانەی ئەم کارەیشی زۆر ئاسان بوو ، بنی عامر داوای خوێن بایی دوکەسیان لە محمد دەکرد کە بە

دەست یەکێک لە هاوەڵانی محمد کوژرابوون .محمد لەگەڵ قەبیلەی بنی نزیر کە هاوپەیمانی بەنی عامربوو یاداشتنامەیەکی پێ نوسین ، بەڵام لە ناکاو بەبەهانەی ئەوەی کە  بنی نزیر کەڵکەڵەی کوشتنی ئەویان هەبووە ، قەبیلەی بەنی نزیری ناچار کرد کە لە مەدینە بچنە دەرەوە ، چونکە بنی نزیر لە بەرانبەر بریارەکەی محمد پێداگریان کرد محمد لەگەڵ هاوەڵەکانی هێرشی کردە سەر قەڵاکەیان و ماوەی بیست رۆژ قەڵاکەیان دەوردا چونکە دەرئەنجامێکی نەبوو ، فەرمانی کرد تا باخی دار خورماکانی یەهودیەکان ببڕن و بسوتێنن . یەهودیەکانیش رەخنەیان لەم کارەی محمد گرت و وتیان تۆ خۆت دەتەوێت خەڵکی لە فەساد لە سەر زەوی دوربخەیتەوە و ناشتنی دارو درەخت بە جۆرێک لە ئیمانداری دەزانی کەچی خۆت فەرمانی برین و سوتاندنی باخ و باخات و دارو درەختەکان دەدەیت . محمد لە وەڵامدا ئایەتی پێنجی لە سورەی حشر بۆ یەهودیەکان خوێندەوە :

(ئەوەی لە دارخورماکانیان بری و یان هەڵیان کیشا بە فەرمانی خوا بووە ) ئایەتی5 سورەتی حشر

یەهودیەکان کە لە هیچ لایەکەوە ئومێدی پشتیوانی وهاوکاریان نەبوو ، و ئەنجامی جەنگیان بە زیانی خۆیان دەبینی  ، داوای ئاشتیان کردوو هاوکات داوای دابین کردنی ئاسایشیان کرد کە بە سەلامەتی تا لە مەدینە دەچنە دەرەوە . محمد بە پێشنیاری ئاشتی بەڵام بەمەرجی ئەوەی کە هەر سێ کەس یەک بار وشتر لەگەڵ خۆیان بەەن هەرچیان دەوێن لەو حوشترە باری بکەن جگە لەوە شتی تر لەگەڵ خۆیان نەبن قبوڵ کرد . پاش دەرکردنی یەهودیەکان لە مەدینە خەنیمەو تاڵانیەکی زۆری وە کو چەک و تفق و ئاژەڵ لە لایەن موسڵمانەکانەوە دەستی بەسەردا گیرا . ئەمە جگە لە باخی خورماو زەوی بۆ موسڵمانەکان مایەوە . محمد ئەوانەی لە ناو موهاجیرەکاندا دابەش کرد و ئەنساریەکانی بێبەش کرد .

لە ساڵی سی هەمی هیجرەتدا  ، محمد تەواوی بەڵین و پەیمانەکانی دۆستایەتی لەگەڵ یەهود وەلاناو فەرمانی کرد کە هەر کەس یەهودی بوو  بیکوژن . تەنیا مەگەر ئەوەی کە بوبێتە موسڵمان و فدیە بدات .

(لەگەڵ ئەو دەستەیەی کە خاوەنی کتێبی ئاسمانین و کە ئاینی هەق ( ئاینی ئیسلام ) قبوڵ ناکەن ، شەربکەن تا ئەوکاتەی کە بەدەستی خۆتان ناچاربن فدیە بدەن ) سورەتی تەوبە ئایەتی29

بەو هەملانەی کە محمد پاش شکستی جەنگی احد بۆ سەر هۆزە جیاجیاکانی عەرەب کردنی  ، ترس دڵە ڕاوکە سەرلەنوێ گەرایەوە بۆ ناو دڵی هۆزەکانی عەرەب و موسڵمانان لە ناوچەیەکی باکوری عەرەبستان کۆبوونەوە . ئەمەش بۆ محمد دەرفەتێکی باش بوو تا سیستەمی کۆمەڵگەی ئیسلامی کە لەو سەردەمەدا گەیشتبوە چەند هەزار کەس بەهرەمەندیان بکات لە سەروەت و سامان و ساپاو ڕێسا بۆ کۆمەڵگەیەکی نوێ دابرێژێت .

قورەیشیش ترسی لێنیشت بوو لە ئەنجامی هێزو ڕێژەی زۆر بوونی موسڵمان .

سوپایەکی گەورەو بەهێزی لە تەواوی هۆزە عەرەبەکان دروست کردوو لە دژی محمد و بەرەو مەدینە کەوتە رێ .عباس بن عبدالمتلب جولەی سوپای قورەیش و هاوسەنگی چەک ڕێژەی سوپاکەی بە محمد ڕاگەیاند . موسڵمانانیش کە لە ڕێژەی زۆری سوپای قورەیش نیگەران بوبون . بریاریاندا لە ناو قەڵاکانیاندا بمێننەوە و لەوێوە بەرگری بکەن . بەڵام سەلمانی فارسی  کە لە هونەری شەردا زۆر شارەزا بوو ، هاوەڵی نزیکی محمد بوو ، پێشنیاری کرد لە ناو شارەکەدا خەندەق بکەنن و ناو شارە کە قایم بکەن  ، موسڵمانان بە ڕێنمایەکانی سەلمان لە ماوەی    6 رۆژدا تەواوی دەوروبەری مەدینەیان کرد بە خەندەق و خۆشیان لە پشتی خەندەقەکەوە بە ئامادەباشی وەستان . کاتێک سوپای قورەیش گەیشتە کەنار خەندەقەکە بەهۆی ئەو بەرگرە نوێیەوە کە پێداویستی پەرینەویان پێنەبوو هەردوولا چەند رۆژێک لە دەوری خەندەقە کە مانەوە ، و خەیمەیان هەڵدا بەرەبەیانێک کە زریان و تۆفانێکی زۆر بەهێز هەڵی

کرد و خەیمەکانی سوپای قورەیشی تێکدا موسڵمانەکانیش کە لە ناو خانوەکانی خۆیاندا بوون زریانەکە هیچ زەرەری بۆیان نەبوو ، ابو سوفیان وتی ئەی خەڵکی قورەیش ئیتر لێرە ناتوانین بمێنینەوە خێمەکانمان شڕبون و بابردنی ، و ئەوا من ڕۆشتم وڕێگای خۆتان بگرن  بەم جۆرە محاسەری شەوانە نەماو بەرەبەیان موسڵمانەکان دەورو بەری مەدینەیان بە چۆلی بینی و کەسی قورەیشی لێ نەما بوو .

پاش ڕۆشتنی قورەیش محمد بیری کردوە کە ئەگەر لە کاتی دەوردانی مەدینەدا قەبیلەی سێیەمی یەهود کە تائەو بەرواره لە ناو مەدینەدا دەژیان لەگەڵ قورەیش ڕێکبکەوتنایەو هێرشیان بکردایە تە سەر مەدینە ئیتر هیوایەک بۆ مانەوەی موسڵمانان و ئیسلام نەدەمایەوە . جگە لەوەش بۆ بەرگرتن لە یەکێتی ئەگەری یەهود لەگەڵ دوژمانی ئیسلام محمد بریاری لە ناو بردنی قەبیلەی بنی قریزەی دا .

بە سوپاکەی گەمارۆی قەڵای  بەنی قریزەی داوپاش بیستو پێنج ڕۆژ یەهودیەکان کەسێکیان بۆ لای محمد نارد و داوایان لێکرد هاوشێوەی ئەو دوو قەبیلەکەی تری یەهود ڕەفتاریان لەگەڵبکات بەواتی ئەوەی موڵک و مالیان ببەخشن لە بەرانبەریشدا خۆیان بە سەلامەت لە مەدینە بڕۆن  ، بەرەو شامات . محمد ئەو داوایەی قبوڵ نەکردو وتی دەبێت هەر تەسلیم بین . پاش چەندین پەیماننامە بڕیار بوو کەسێک نێوەند گیری بکات و لە نێوەند گیری ئەو پەسەند بکەن . محمد کە  لە داخ لە دڵی سعد بن معاز لە هەمبەر یەهودیەکان ئاگادار بوو . ئەوەی بە نێوەند گیر پێشنیار کرد . یەهودیەکانیش لە سەر بنەمای ئەو پێشینەیەی کە لەگەڵ سعددا هەیان بوو ئەو پێشنیارەیان قبوڵکرد ، سعد بەڵێنی لە هەردوو لا وەرگرت ، کە هەرچی ئەو پیچشنیاری کرد قبوڵی بکەن ، پاشان فەرمانی دا تا یەهودیەکان ئەو گەمارۆیەی لە سەریانە  لابرێت و چەکەکانیان ڕادەست بکەن ، یەهودیەکانیش فەرمانی ئەویان جێ بەجێ کردوو چەکەکانیان ڕادەستی موسڵمانان کردوو خۆشیان لە قەڵاکە هاتنە دەروە ، پاشان سعد فەرمانی کرد بدەن لە ملی هەموو پیاوەکانی یەهود و موڵگو ماڵیان بە تاڵان ببەن و ژنەکانیان و مناڵەکانیان وەک کۆیلە لە ناو موسڵمانان دابەش بکەن . ئەو کات ڕێژەی یەهودیەکان وەک مێژوو نوسان دەڵێن نزیکەی  900 کەس دەبوون هێنانیانە سەر ئەو خەندەقەی کە لەوەپێش بۆ بەرگری لە مەدینە هەڵیان کەندبوو هەمویان لە یەک ڕۆژدا ( علی بن ابوتالب و زبیر بن عوام (  1  ) لە ملیاندان و جەستەکانیان خستیانە ناو چاڵەوە دایان پۆشین . ژن و منداڵەکانیشیان بردن بۆ فرۆشتن تا بە پارەکەیان ئەسپ وچەک بکرن . ڕێحانە کچی یەکێک لە یەهودیەکانی بەنی قریزە بوو محمد وەک بەشی خۆی گلی دایەوە ، ڕێحانە کچێکی ئەکجار جوان و شۆخ بوو چونکە ئامادە نەبوو ببێتە ئیسلام تا کۆتایی تەمەنی بە شێوەی کەنیزەک لەگەڵ محمدا دەخەوت .

---

1-هەندێک لە مێژوونوسان کەسی دووەم بە سعد بن معاز ئاماژە پێدەدەن.

وێران بوونی تەواوی قەبیلەی بەنی قرەیزە و سەرکەوتنی موسڵمانان لە باکوری عەرەبستان گورەو تینی نوێی پێبەخشین . چەند مانگ دواتر هەواڵیان بە محمد دا کە قەبیلەی بەنی مستەلق لە ناوچەی خۆیان کۆبونەتەوە و لە دژی محمد قەبیلەکانی تر هان دەدەن . محمد بە سوارەکانی خۆی  سەرچاوەی ئاوەکەی لەو قەبیلەیە گرتەوە و پیاوەکانی گەمارۆدان . بنی مستلق پاش ڕێکەوتنێکی کاتی خۆیان ڕادەست کرد و موسڵمانانیش تەواوی ژن و مناڵەکانیان بە دیل گرت و حوشتر و موڵک و ماڵیان داگیر کردن .

چونکە مشتومڕێک لە نێوان ئەنساریەکان و موهاجیرەکان دروست بوبو کە ئەگەری جیا بوونەوەی ئەو دوو دەستەیە لە هاوەڵانی محمد ی لێدەکرا  ، محمد فەرمانی گەڕانەوەی دا  . تەاوی شەو ڕۆژ و بەشێکی

ڕۆژی دواتر تا نزیکی نیوەڕۆ موسڵمانان بە پێ گەڕانەوە ، هاوکات فەرمانی پشوی داو موسڵمانان بارەکانیان خست و تەواوی سوپاکە لە هیلامی ماندویەتیدا چوونە خەوێکی قوڵەوە ، و ئەو مشتومڕەتوندەی کە لە نێوان موهاجیرین و ئەنساریەکان دا ڕویدا بوو ، لە هیلاکیدا لە یادگەدا سڕایەوە ، پاش چەند کاتژمێرێک پشودن ئەنجار فەمان ڕۆشتنی دا تابگەنەوە مەدینە . لە هەمان ئەو گەڕانەوە خێرایەدا بوو ، کە عایشەی ژنی محمد کەلە ڕادە بەدەر خۆشی دەویست لەو سەفەرەدا لەگەڵ محمدا بوو . لە قافڵەکە دواکەوت و شەوی لە بیابان بردەسەر .

لە مەدینە موسڵمانان سەرقاڵی دابەش کردنی خەنیمە و دەستکەوتەکان و دیلەکان بوون لە سەرەی ئیسرا کچی حارس سەرۆکی قەبیلەی بنی مستلق بوە بەشی یەکێک لە ئەنساریەکان ( جویریە ) دەی ویست بە پێدانی فدیە خۆی ئازاد بکات بەڵام پیاوە ئەنساریەکە داوای لە رادەبەدەری فدیەی کرد ، جویریە سکالای لای محمد کرد لە سەر ئەو زیادە داواکاریەی ئەنساریەکە . جویریە کچێکی شیرن ڕەفتارو شۆخ و شەنگ بوو ، کاتێک جویریە ڕوداوەکەی بە محمد وت محمد وتی ئایا دەتەوێت کارێکی باشتر بۆ تۆ ئەنجام بدەم ؟ جویریە وتی چ کارێک ؟ محمد وتی ، من فدیەکەی تۆ قبوڵ دەکەم تۆ ئازاد دەکەم و لەگەڵ تۆ هاوسەر گیری دەکەم . جوریە ئەم پێشنیارەی پەسەند کردوو مەراسیمی گرێ بەستی هاوسەر گیری لە ناو کۆی موسڵمانان بە ئەنجام گەیشت .

لە هەمان کاتدا کە محمد سەرگەرمی پرۆسەی هاوسەر گیری بوو ، لەگەڵ جویریە خەڵک عایشەیان بینی کە لە پشتەوەی حوشترێک و گەنجێکی عەرەبدا لە ڕۆژی روناک لە بیابانەوە هاتەوە بۆ مەدینە . ( سفوان ) ئەوی لە بەرانبەر ماڵەکەیدا دابەزاند و ( حسنە ) خوشکی زەینەب هاوسەری محمد کە زانیاری لە سەر پەیوەندی عایشەو محمد هەبوو ، هاوکات ئەم ڕاستیەی بینی و ڕوداوی پەیوەندی نهێنی عایشە لەگەڵ سەفوانی حوشتر سواری عەرەب خستە سەر زاری هەموو خەڵک . مێژوونوسە ئیسلامیەکان بە تەواوی ئەم ڕوداوەیان ناوناوە ( افک ) کە باسەکەی لە دواتر دا بە ڕوونی دە خوێنینەوە .

تا ئەو کاتە چەند ساڵێک بە سەر کۆچی محمد بۆمەدینە دا تێدەپەڕی خەزوات هێرشەکانی موسلمانان هەر بەردەوام بوو . تر لە موسڵمانەکان هەمو دوورگەی عەرەبی گرتبووەوە ، هێزی موسڵمانان لە ئەنجامی پەیوەست بوونی چەندین قەبیلەی جیاواز و هەندێک لە عەرەبی بیابان نشین ، ڕۆژ بۆ ڕۆژ زیاتر دەبوو ، خواستیاری گەرانەوە بوون بۆ مەککە ئەوان وا خویان بەوەوە گرتبوو ، کە هەموو ڕۆژێک لە دەوری کەعبە تەواف بکەن . ئێستا شەشە ساڵ تێپەڕیوە و هیچ یەکێک لەوان نەیتوانیوە بچێتە سەردانی مەککە . هەمویان ئارەزوومەندانە چاوەڕوانی ڕۆژێک بوون کە بە سەرەکەوتویی سەردانی کەعبە بکەن ، محمد لە ناکاو فەرمانی بەرەو مەککە دا لەگەڵ بەشێکی زۆر کە نزیکەی 1400 کەس لە موهاجیرەکان و ئەنسارەیەکان و خەڵکی هۆزەجیاجیاکان دوبوون ، بەرەو مەکە کەوتنە ڕێ و 70 حوشتریان بۆ قوربانی لەگەڵ خۆیان برد ، لە ( زولخلیفە ) حوشترەکانی دیاری کردوو ، خۆیان ئامادە کرد ، قورەیش کە لە هاتنی موسڵمانەکان ئاگادار بوون ، بڕیاریاندا بە هەر نرخێک بێت بەرگری لە هاتنی موسڵمانان بۆ مەککە بکەن ، و ( خالد بن ولید ) بە سوپایەکەوە هات بۆ بەرگرتن لە موسڵمانان ، موسڵمانان پەیمانیان بە محمد دا کە تا ڕژانی خوێنیان لە پێناو بە ئەنجام گەیشتنی ئامەنجەکەی خۆڕاگری بکەن .

( خودا ڕازیی بو لە موسڵمانان کاتێک کە پەیمانیان بە تۆدا لە ژێر درەختەکەدا ، و ئەوەی کە لە دڵیاندا بوو زانی و ئارامی خۆی بۆ ناو دڵی ئەوان نارد ، و مژدەی بەوان بەخشی ) سورەتی الفتح ئایەتی 18

گفتو گۆ لە نێوان نوێنەرانی قورەیش و محمدا دەستی پێ کرد ، تا لە ئەنجامدا گرێ بەستێکیان لە نێوان ( سهیل بن عمرو ) لایەنی قورەیش و محمد واژۆ کرا ، کە پەیماننامەی ( حدیبیە ) ناسراوە ، بە جۆرێک کە مێژوونوسە ئیسلامیەکان لە بارەی داڕشتنی ئەم پەیماننامەیەوە دەنوسن :

( محمد له دەستپێکی گرێبەستەکەدا ، به عەلی وت بنوسه ، ( بسم الله الرحمان الرحيم ) سهيل وتی ئاگادار به من رەحمان و رەحیم ناناسم ، بنوسه ( باسمک اللم ) محمد به علی وت بنوسه ( باسمک الهم ) ئەو گرێبەسته ئاگربەستێکه که له نێوان محمد پێغەمبەری خوداو سهيل بن عمرو واژۆ کراوه . سهيل دوباره وتی ئاگاداربه که ئەگەر من تۆم به پێغەمبەری خودا بزانیایه شەرم له دژت نەدەکرد . ناوی خۆت و ناوی باوکت بنوسه ، محمد وتی بنوسه ئەم پەیماننامەیه ئاگربەستێکه له نێوان محمد بن عبدولا و سهيل بن عمرو ..... )

بنەمای پەیماننامەکه بریتی بوو له خۆ بەدوور گرتن له جەنگ ، بۆ ماوەی دووساڵ ، ( وه بۆ ماوەی دەساڵ ) بۆ گێڕانەوەی کۆیله هەڵاتوەکان که به بێ مۆڵەتی خاوەنەکانیان پەیوەندی دەکەن به ڕیزی موسڵمانانەوه ، ئازادی تەواوی عەرەب بۆ گرێبەستی پەیماننامەکه که هەردولا واژۆیان کردوه ، موسڵمانان لەو ساڵەدا بەبێ چونه ناو مەککه بگەڕێنەوه بۆ مەدینه ، و دووساڵی دوواتر بۆ سەردانی مەککه بێنەوه ، و ماوەی سێ ڕۆژ له مەککەدا بمێننەوه ، پاشان بڕۆنه دەرەوه ، جگه له شمشێر هیچ چەکێکی تر لەگەڵ خۆیان نەهێنن .

پاش واژۆکردنی پەیماننامەکه محمد دەستورداد حوشترەکان له هەمان جێگەدا بکەنه قوربانی و بگەڕێنەوه بۆ مەدینه . به جۆرێک که تەبەری له مێژووی خۆیدا دەربارەی ئەم ڕوداوه دەنوسێت : ( هەتا یەک پیاو له ئامادەبوان له جێی خۆی هەڵنەسا تا محمد سێ جار قسەکەی دووبارەی کردوه ، چونکه بینی هیچ یەک لەوان به قسەی ناکاەن ، هەستاو چوو بۆ لای ( ام سلمه ) ئەوەی که لەو خەڵکەی بینی بوو ، بۆی گێڕایەوه ، ام سلمه ، وتی ئەی پێغەمبەری خودا ، ئایا پێت خۆشه که هاوەڵەکانت فەرمانەکانت جێبەجێ بکەن ، ؟ بڕۆره دەرەوەو لەگەڵ هیچ یەکێک لەوان قسه مەکه ، تا ئەو کاتەی که حوشترەکەی خۆت دەکەیته قوربانی و سەلمانی لای خۆت خۆت بانگ بکه موی سەرت بۆ کورت بکاتەوه ، پێغەمبەر له جێی خۆی هەستاو چوه دەرەوه ، لەگەڵ هیچ یەکێک له هاوەڵەکانی قسەی نەکرد و حوشترەکەی کرده قوربانی و سەلمانی لای خۆی بانگ کردو موی سەری خۆی کورت کردەوه ، هاوکات یارانی پێغەمبەر ئەو کارەیان لەو بینی هەستان و حوشترەکانیان کرده قوربان . هەریەکەیان موی سەری ئەویتریانی کورت کردەوه ، زۆریش نیگەران بون که دەست بدەنه یەخەی یەکتری )پەیماننامەی حدیبیه که له ئەنجامی کارزانی و سیاسەتی محمد واژۆ کرا ، یەکەمین بەردی بناغەی ئیمپراتۆری ئیسلامی دانا ، خەڵکی قورەیش بونی محمدو موسڵمانایان به شێوەی نەیارێکی بەهێزی خۆیان به فەرمی ناساند . هێرشەکانی جەنگ ڕاوەستاو هەردوو لایەن دەیان توانی ئازادانه له عەرەبستاندا هاتو چۆ بکەن ، چونکه پەیماننامەکه گشتگیربوو هەموو لایەکی دەگرتەوه ، جگه لەوەش ژینگەی لەبار و ئازاد بۆ پرۆپاگندەی ئایینی محمد ڕەخسا . خولگەی بڵاوبوونەوەی ئیسلام چەندین بەرانبەر فراوان بوو ، و هۆزی زۆر پەیوەندیان به ئایینەکەی محمدەوه کرد ، به جۆرێک که دوساڵ پاش که محمد ئاهەنگی فەتحی مەکەی گێڕا ، سوپایەکی زیاتر له دەهەزار نەفەری بەڕێ خست ، له ماوەی نێوان واژۆ کردنی پەیماننامەی حدیبیه و بەڕێکەوتنی محمد بەرەو مەککه ، بۆ فەتح کردنی ئەو شاره ، محمد چەندین نامەی له هەمبەر هیراکلیوس ، خسرەو پرویز ، مقموس له میسر ، نجاشی له حبسه ، حارس بن غسان له یەمەن ، نارد و ئەوانی بۆ وەرگرتنی ئایینی ئیسلام بانگ هێشت کرد ، هەروەها بریایدا ئەوانەی که یەهودین و ماونەتەوه ، له دورگەی عەرەب وەدریان بنێت یان فیدیەو سەرانه بدەنه موسڵمانان .

چونکه زۆرینەی موسڵمانان له کاتی گرێبەستی پەیماننامەی حدیبیه دا ئامادەیان هەبوو ، ئەو پەیماننامەیەیان به سەرشۆڕی موسڵمانەکان دەزانی ، و نیگەران بوون له واژۆکردنی . بۆ سەرنج ڕاکێشان و ڕەزامەندی ئەوانه له بابەتی پەیماننامەکه ، هێشتان دوو مانگ به سەر واژۆکردنی

پەیماننامەی ئاگربەستەکەدا  تێ نەپەری بوو ، محمد ئەو کەسانەی کە لە حدیبیەدا ئامادەییان هەبوو بەرەو قەڵای خیبر وەرێی خستن و بە خێرایی خۆیشی گەیاندە بەرانبەر قەڵاکە ، کە گەیشتبوونە دەرگای قەڵاکە موسڵمانان دەرگای قەڵاکەیان گەمارۆدا ،  یەهودیەکانیش بە سەختی بەرگریان لە گیانی خۆیان دەکرد ، بەڵام لە ئەنجامدا دەرگای قەڵاکە کرایەوە و یەهودیەکان ئامادەی ئاشتتی کردن بوون ، موسڵمانان ، ( کنانە بن ربیع ) خاوەنی قەڵاکە  لە پێشوازیاندا ڕادەستی دەستی  ( محمد بن  مسلمە ) یان کرد تا تۆڵەی براکەی بکاتەوە کە لە جەنگدا کوژرابوو ، وە ژنەکەی ( سیغە ) بکات ، محمدیش کردیە ژنی خۆی  .

محمد یەهودیەکانی خەیبەریشی هاوشێوەی یەهودیەکانی تر  لە زێدی باوو باپیریان دەرپەڕاندو کردنیە جوتیاری کێڵگەکانی موسڵمانان . تا بتوانێت زیاتر سود لە خەڵکەکەی خۆی وەربگرێت ، بۆ ئەو جەنگە مەزنەی کە لە خەیالیدا بوو . بەڵام یەهودیەکان لە ئەنجامی شکستیان بە دەستی موسڵمانەکان  هێزی کارو چالاکی خۆیان لە دەست دابوو ، و ناچاربوون هەمو ساڵێک لە دەستکەوتی بەربووم و دانەوێڵەی خۆیان   بدەن بە موسڵمانەکان ، ئیتر خرۆشیان بۆ جوتیاری و کێڵگە نامابوو قەڵای خەیبەر کە ئاوەدانترین گوندی دورگەی عەرەبی بوو ، بە تەدریجی بەرەو وێران بوون دەرۆشت .

کاتێک یەهودیەکانی قەڵای خەیبەر داوای ئاشتیان کرد ، محمد نێردراوێکی بۆلای فدک نارد ، کە یان سەروەت و سامانەکەی بە بێ جەنگ رشادەست بکات ، و ببێتە ئیسلام ، خەڵکی فدک کە ئاگاداری چارەنوسی  ئەو قەڵاکانی تربوون  نیوەی موڵک و ماڵی خۆیان بە بیچ جەنگ بۆ محمد ڕەوانە کرد . محمد بەو بەڵگەیەی کە فدک بەبێ جەنگ خۆیان رادەست کردوە ، لە دابەش کردنی گوندی فدک لە نێوان موسڵمانان خۆی بە دور گرت و ئەوی بە تایبەت بۆ خۆی دانا ، قەڵایەکی تری خەیبەر دا بە موسڵمانەکان . کاتێک ئەم بەڵگەیە بوە جێی نیگەرانی موسڵمانەکان محمد ئایەتی  6 ی سورەتی حشر ی خوێندەوە :

( ئەو دەستکەوتانەی کە لە جولەکەی سەندوە و بەخشیویەتی بە پەیامبەرەکەی ئێوە خۆتان هیچ ماندو نەکردوە ، بۆ بەدەست هێنانی  نە بە سواری ئەسپ بۆی چون نە بە سواری حوشتر ، بەڵکو ئەوە خوایە کە  پێغەمبەرەکەی زاڵ دەکات  بە سەر هەر دەستەو تاقمێکدا کە بیەوێت ) ئایەتی     6 سورەتی حشر

( گوندی فدک ) ی کردە شوێنی ئیمپراتۆریەتی خۆیی تا ئەو کاتەی کە محمد زیندوو بوو ، نارەزایەتیەکان کپ بوونەوە .

بەم جۆرە تەواوی قەبیلەکانی یەهود کە نیشتە جێی نیوان مەدینە تا باکوری  دورگەی عەرەب خۆیان ڕادەستی محمد کرد . هەندێک لەوان ڕازی بون بە پێدانی سەرانە بە بێ جەنگ ، و هەندێکیشیان لە خاکی عەرەبستان کۆچیان کرد . لە کۆتاییەکانی ژیانی محمد دا یەهودیەکان کە گرنگی نوفزی دەستکەوت و کارو کێڵگەو جێگای خۆیان لە دەست دابوو ، بە یەکجاری کۆچیان کردو لە خاکی عەرەبستان چونە دەرەوە .

موسڵمانەکانی نیشتەجێی حەبەشە  کە هەواڵی فتوحات و دەسەڵاتبە دەستەوە گرتنی یەکجاری موسڵمانانیان لە سەر بەشی باشوری  عەرەبستان بیست ، گەڕانەوە بۆ مەدینە و چوونە ڕیزی موسڵمانانەوە  .

ساڵێک دواتر بە دوو هەزار کەس لە موسڵمانان بۆ ئەنجامدانی  مەراسیمی  عمرە بە قەزا بەرەو مەکە کەوتنە ڕێ . خەڵکی قورەیش ، کە هەواڵیان پێگەیشت  محمد و هاوەڵەکانی بەرێوەن بۆ مەککە . لە سەر بنەمای پەیماننامەی حدیبیە  لە مەکە چونە دەرەوە لە شاخەکان مانەوە ، لە سەر لوتکەی بەرزاییەکانەوە

چاودێری هەڵسوکەوتی موسڵمانەکانیان دەکرد . موسڵمانان ماوەی سێ ڕۆژ لە مەککە مانەوە و هیچ یەکێک لە خەڵکی مەککە مزاحیمیان نەبوو . پاش تەواو کردنی مەراسیمی عمرە بە قەزا ، محمد لەگەڵ ( میمونە )ی کچی ( حارس بن عبالمتلیب ) ( کچی مامی محمد خۆی ) کە لەو کاتەدا 16 ساڵان بوو هاوسەر گیری کرد . میمونە کچی خاڵی خالید بن ولید بوو . پاش هاتنی موسڵمانان بۆ مەککە و جێبەجێکردنی مەناسکی حەج . بەشێکی زۆر لە خەڵکی قورەیش وەکو ( خالید بن ولید ) و ( عسمان بن تلحە ) بون بە موسڵمان و هاتنە ڕیزی موسڵمانانەوە .

چەند مانگ پاش سەردانی کردنی کەعبە ، محمد سیچ هەزار کەس لە هاوەڵاَنی خۆی بۆ جەنگ لەگەڵ ڕۆمەکان ڕەوانەی ( موتە ) کرد . چونکە ڕۆمەکان ئاگادار کرابوون لە بەرێکەوتنی موسڵمانان خۆیان ئامادە کردبوو بۆ ڕوبەڕوو بونەوەی موسڵمانان . موسڵمانان لەو جەنگەدا هیچ دەستکەوتێکیان نەبوو هاوکات هەندێک لە قارەمان و کەسەکانی خۆیان لەدەستدا . خالید بن ولید توانی بە سیاسەت و هونەری خۆی نیوەی شکست خواردوی سوپکەی بۆ مەدینە بگیرَێتەوە .

محمد پێش ئەوەی کە تۆڵەی شکستی موسڵمانەکان لە موتە بکاتەوە لە بیری چۆنیەتی گرتنەوەی مەکەدا بوو . بەهانەی هێرش کردن بۆ سەر مەککە هێرش کردن بوو بۆ سەر قەبیلەی ( بنی بکر ) کە لەگەڵ قورەیش هاوپەیمان بوو . بە قەبیلەی ( خزاعە ) کە لەگەڵ محمد هاوپەیمان بوو . ئەو بەهانیە بە ئاسانی بەدەست هات . سەرۆکی قەبیلەی خزاعە بۆ داواکردنی هاوکاری هات بۆ لای محمد ، محمد ئەوەی بە هاوکاری کردنی موسڵمانان ئومێدەوار کردوو فەرمانی ئامادەباشی گشتی دەرکرد . بەڵام مەبەست و ئامانجەکەی خۆی تا کاتی بەرێکەوتن بە پەنهانی هێشتەوە . سوپاکەی محمد کە هەندێک لە مێژوونوسان بە زیاتر لە دەهەزار کەس ئاماژەیان پێداوە بەرەو مەککە کەتە ڕێ لە ناو ڕێگادا عباس مامی محمد ابو سوفیان بۆ لای محمد هێناو ئەویش موسڵمان بوو . محمد بۆ دڵنەوایی کردنی ابوسوفیان فەرمانی کرد کە هەر کەس بچێتە ناو مەسجد الحرام یان ماڵی ابوسوفیان پەنا ببات . ژیان و گیانی پارێزراوە . و بەشێکی زۆر لە خەنیمەی بەدەست هاتویشی پێش کەش دەکرێت . کاتێک ئەم بەڵێنەی محمد کەوتە بەر ڕەخنەی موسڵمانان محمد وتی : ( ئایا بۆ ئێوە باشتر نیە ئەی دەستەی ئەنسار و هاوکارانی من کە حوشتر و مەڕ ببێتە بەشی ئەوان و ئێوەش پێغەمبەری خودا لەگەڵ خۆتان بەن )

محمد بە بیچ هیچ ڕوبەڕوبونەوەیەک چوە ناو مەککە ئەو بتانەی کە لە ناو کەعبەدا بوون لای بردن و شکاندنی ، فەرمانی لێبوردنی گشتی داو حەرەمی شاری مەککەی بە ناوچەیەکی ئارام ڕاگەیاند . تەنیا حەڤدە کەس نەبێت لە خەڵکی مەککە کە خوێنباییان لە ئەستۆیە . وتی موسڵمانان مافی ئەوەیان هەیە کە ئەوانە لە هەرجێگایەک بن هەتا ئەگەر خۆیان پێچابێت لە پەردەکەی کەعبەوە بکوژن . بەڵام دواتر 13 کەس لەوانەی بەخشی و تەنیا چوارکەسیانی کوشت .

پاش فەتحی مەکە ، محمد بەرەو تائیف کەوتەڕێ و بۆماوەیەک گەمارۆی ئەو قەڵایەی دا ، چوونکە تائیفیەکان لە پارێزگاری کردنی ئەو شارەکەیاندا ئازایەتیان هەبوو هیوایەک بۆ کرانەوەی قەڵاکە نەبوو . لە لایەکی تریشەوە مانگە حەرامە کان نزیک بووبوونەوە محمد دەستی پاراست لە فەتح کردنی تائیف و خەنیمە بەدەست هاتوەکانی لە نێوان موسڵماناندا دابەش کردوو بەرەو مەدینە گەڕایەوە .

محمد توانی لە ماوەی هەشت ساڵدا لەو خەڵکە پەرتەوازیەی بیابانەکانی عەربستان و دوژمنانی دێرینی ، یەکێتی یەکی نەتەوەیی دروست بکات ، و تەواوی ئەو خەڵکە بە دەستەواژەی ( لاالەالاالله ) پێکەوە کۆبکاتەوە . خێڵە گوند نشینەکانی کە تا ئەوکاتەی دورە پەرێز بون لە محمد و نەبووبونە ئیسلام هاتنە لای محمد و بونە ئیسلام ، لە ژێر ئالای محمدی کۆبوونەوە و یەکێتیەکی نەتەوەیی عەرەبیان دروست

کرد . لە هاوینی ساڵی دەیەمی هیجرەتدا محمد بریاری جەنگی لەگەڵ ڕۆمەکان دا ، سی هەزار جەنگاوەری ئامادە کرد . بەرەو شامات بەڕێکەوت . کاتێک گەیشتە ئەو ناوچەیە ، هیچ سوپایەکی ڕۆمی نەبینی . چونکە چوونە ناو خاکی دوژمنی پێش ئەوەی ئاشنای بێت بە تەواوەتی بەباش نەدەزانی . پاش چەند ڕوبەڕوبونەوەیەکی کاتی بەستنی چەند هاوپەیمانەیتەک لەگەڵ چەندین قەبیلەی سنوورەکان گەرایەوە بۆ مەدینە .

( تبوک ) کۆتا سەفەری جەنگی محمد بوو ، پاش ئەو سەفەرە محمد لە مەدینە نیشتە جێ بوو کاتە بەتاڵەکانی خۆی لەگەڵ مناڵە بچوکەکەی خۆی کە لە مارەیە کەنیزی میسری بوبوی بەسەردەبرد .

سالی دەیەمی هیجری بە هۆی پێشوازی کردنی زۆری خێڵە گوند نشینەکان بۆ ناو ئیسلام . کە بە ( وفود ) ناوزەد کراوە . زوتر لە هەوان خەڵکی تائیف کە لە بەرانبەر سوپاکەی محمد بەرگریان کرد و موسڵمانەکان بە بیچ دەست کەوت قەڵاکەیان بەجێ هێشت ، هاتنەلای محمد و ئیسلامیان قبوڵ کرد . لەو ساڵەدا لە ناوچەی حیجاز جێگایەک نەمایەوە کە بانگی الله اکبری لە کاتی ئەدای نوێژدا تیا نەبیستریێت .

لە ساڵی دەیەمی هیجرەت محمد کەرەسەی سەفەری حەجی ئامادە کردو فەرمانی بە خەڵک کرد تا خۆیان بۆ حەج ئامادە بکەن . چۆنیەتی ئەم سەفەرە مێژوویەی محمد کە بە ( حجه الودا ع ) ناسراوە لە بەشی پەیوەندیداربە حەجەوە باس دەکەین . کاتێک کە حجەالودا ع کۆتایی هات عەرەبەکان ڕەوانە کرانەوە بۆ شوێنی نیشتە جێ بوونی خۆیان . محمدیش لە گەڵ هاوەڵەکانی خۆی گەڕایەوە بۆ مەدینە .

چوونکە محمد باوەڕی وابوو کە دەبێت نفوزی ئیسلام پێویستە پەل بهاوێت بە رەو باشوریش فەرمانی بە ئامادە کردنی سوپایەکی گەورە کرد .بەڵام نە خۆشکەوتنی لە ناکاوی ئەو بوە هۆی وەستانی سوپاکەو لەشکرکێشی ئەو بەرەو ناوچەی ڕۆم . کاتێک محمەد نەخۆش کەوت ، هەروەک ئەو سەرانەی کە بۆ هەر یەک لە ژنەکانی دیاری کردبوو لە ماڵی ( زینب ) کچەکەی جحش بوو ، کاتێک کە سەرەی میمونە کچی حارس هات ، نەخۆشیەکەی زیاتر تەشەنەی سەند کە هێزی جوڵەی نەما ، تەواوی ژنەکانی خۆی کۆکردەوەو پێی وتن ئەوەی کە بەهۆی نەخۆشیەوە پێویستە تا ئەو کاتەی کە کۆچ دەکەم لە شوێنێکی دیاری کراودا بم . ژنەکانیش بە ڕێکەوتن محمدیان هەڵگرتو بردیان بۆ ماڵی عایشە محمد سێ ڕۆژ پێش کۆچی دوایی ، ویستی بۆ نوێژی جەماعەت بڕوات بۆ مزگەوت . بەڵام لە زۆریی ئازاری نە خۆشیەکەی کە زۆر لاوازی کردبوو نەی توانی هەڵبسێت و بڕوات وئەبوبەکری لە جیاتی خۆی نارد بۆ مزگەوت تا بەرنوێژی موسڵمانان بکات . هەمان شت بوە هۆی ئەوەی کە پاش کۆچی دوایی محمد موسڵمانان بەیعەت بدەنە ابوبەکرد و ئەو بۆ خەلیفەی خەلافەتەکەیان هەڵبژێرن .

کاتێک نەخۆشیەکەی محمد زیاتری دەبوو . هاوەڵە نزیکەکانی لە ماڵی عایشە لەدەوری کۆ بووبونەوە ، محمد وتی قەڵەم و کاغەزێک بهێنن تا بۆ ئێوە شتێک بنوسم . تا پاش من گومرا نەبن . عمر کە گوێی لەم قسەیە بوو ، وتی ( ان المر لیهجر ) ( ئەم پیاوە ورێنە دەکات )

گفتو گۆ لە نێوان هاوەڵان دەستی پێ کردو محمد تەواوی ئەوانی کردەدەرەوە .

کاتێک محمد گیانی سپارد ، عایشە لە ژوور سەری بوو ، هاوارو قیژەی عایشە هەموو ژنانی بە ئاگا هێنایەوە و ئەو پیاوانەیشی کە لە لایی بوون یەک لەوان کە عومەر بوو مەرگی محمدی بە شیاو نەدەزانی و ئایەتی 138ی سورەتی ئال عمرانی بۆ ئەوانەی لەوێ بوون خوێندەوە و هەوالی کۆچی دوایی محمدی بە تەواوی موسڵمانان ڕاگەیاند . پاش کۆچی دوایی محمد بازاری پرۆپاگندەو قسەو قسە لۆک لە سەر گەورەیی مەزنی محمد بڵاو بویەوە ، نوسەران بە داڕشتنی خەیاڵی خۆیان و ئەفسانەی هزری دیالۆک و چیرۆکی وایان داڕشت بۆ ئەوەی کە هیچ گومان نەمێنێت لە ناتەندروستی

ئەو دەق و حەدیس و چیرۆکانەی کە لە سەر محمد دارێژران و خوێنەران و بیستەرانی ئەو چیرۆک و ئەفسانانە ، ئەوەندەی چیرۆکی خورافی و ئەفسانەو دارشتنیان ئەفراند بە ئیزافە کردنی قسەکانی محمد و حدیس و ریوایاتەکان و هەمویان وەک بەڵگەو پیرۆز تۆمارکرد . زۆرینەی حدیسەکان و ریوایاتەکان کە لە کتێبەکانی ( السیره ابن کپیر) ، سیره الدحلانیه ، سیرەت الحلیه . دانانی علی بن برهان الدین حلبی ) صحاح بخاری ، صحاح مسلم بن حجاج ، سیره ابن هشام ، گبقات ابن سعد ، مستند احمد بن حنبل ، البدایه و النهایه ( دانانی ابن کپیردمشقی ، ) وە چەندینی تر بەرچاو دەکەوێت ، لە هەمان ئەو حەدیس و ریوایاتە پڕ لە ئەفسانەیی و خەیاڵیانەیەی پێشوە بۆنموونە لە تەفسیر کردنی ( روح المعانی ) دانانی ( الوسی ) بەشی زۆری لە سیرەی ابن هشام وەرگیراوە :

(پێغەمبەر وتی درەختێک بڕوێت درەخت ڕوا ، پاشان وتی بۆجێگەی خۆت بگەڕێوە درەختەکە گەڕایەوە جێی خۆی ، ) وە یان لە سیرەی کسیردا هاتوە کە لە کاتی هیجرەت لە مەککەوە بۆ مەدینە ، ئەوکاتەی کە ابوبکر لەگەڵچ محمدا لە ئەشکەوتەکە خۆیان حەشاردا ، بە خێرایی دەرگای ئەشکەوتەکە بە داوی جاڵجاڵۆکە تەنرا ، بە جۆرێک کە ( امیه بن خلف ) بە نەیارەکانی محمدی وت : چی پێویست دەکات بنە ناو ئەو ئەشکەوتەوە لە کاتێکدا جاڵجاڵۆکەیەک لەو ئەشکەوتایە کە پێش لە محمد هەر لەوێدابوە . یان لە کاتی وشکە ساڵی لە مەدینەدا ، بە مسۆگەری کە پێغەمبەر لە سەرداوای موسڵمانان بۆ بارینی باران نزای کرد ، هێشتان خەڵکەکە بڵاوەیان نەکردبوو ، کە لە ناو پەڵە هەورە رەشەکانەوە بارانێکی بەخور باری . هاوکات هەر بە نزای ئەو پەیامبەرە لە کەمێک خواردن بەشێکی زۆر نانیان خوارد ، یان لە چەند قومێک ئاو کە بە دەستی محمدەوە بوو بەشێکی زۆر ئاویان خواردەوە .

لە مێژووی ( النبی احمد ) دا لە لاپەرە 113 لە ئامینەی دایکی محمدەوە دەی گێڕنەوە کە : ( لە کاتی لە دایک بونیدا چوار فریشتە هاتن و لە چوار لاوە دانیشتن و وتیان کە بۆ هاوکاری تۆ هاتوین ، و شەربەتێکیان بە مندا کە تا ئەو کاتە شەربەتی وام نە خواردبوو هەرکە خواردمەوە تیشکێکی درەوشاوەو تایبەتم بینی و دڵم روناک بویەوە ، ئەو کاتە جلی حەریریان کردە بەر ئەو کۆرپەو وتیان ئەو بگرە لە چاوی دوژمنانی بپارێزە )

هاوکات هەر لە ئامینەوە دەی گێڕنەوە : ( کە چۆن کۆرپەکە لە دایک بوو ، دودەستی خستەر سەر زەوی و سەری بۆ سوجدە برد ، پاشان دەستەکانی بەرەو ئاسمان بەرز کردەوەو نزای کرد .)

لە ( سیرەی الحلیه ) دا کە دانانی ( علی بن برهان الدین حلبی ) یە لە زمانی علی بن تالیبەوە دەی ێرێتەو ( من لەگەڵ پێغەر لە مەککە بووم و هەندێک ناوچەی مەکە گەرابوین هیچ شاخێک یان درەختێک لە گەڵ پەیامبەر روبەرو نەدەبویەوە تەنیا ئەوە نەبێت کە دەیان وت درود بۆ تۆ ئەی پێغەمبەری خوا )

لە ( سیرەی ابن اسحق ) دا بۆ پاڵپشتی ئەو بۆچوونە بە وتەی عائیشە کە لە خودی محمدەوە گێراویەوە : ئەگەر سەرنجێک لە سەر هەر یەک لە کتێبە ئاسمانیەکانی پاش ئیسلام دابنێنین ، دەرکەوتنی ئەو موعجیزانە کە هیچ عەقڵێکی تەندروست ناتوانێت ڕاستیان بسەلمێنێت ، زۆر بە فراوانی دەبینرێن . هەر نوسەرێک بۆ بۆ دەرخستنی زانستی بون یان بۆ کەسب کردنی سۆزی کۆمەڵایەتی ، لە ناو خەڵکی ساویلکە لە ڕێگەی ئایینەوە هەر گوزارەیەک کە لە خەیاڵیدا بوبێت ، خستویەتیە سەر کاغەزو هەوڵی داوە لەو روە وە لە پێشینەکانی خۆی زیاتر بڕوات . دەمارگیری ئایینی و باوەڕی ئایینی موسڵمانان بۆ ئەو ڕێگایە بکێشێت کە تا ئەو جۆرە لە خەسڵەتی لە ڕادەبەدەری بونیاد نەری ئاینەکەی خۆی بداتە پاڵ . کە ئەو لە ڕیزی مرۆڤی سەرزوی بکاتە دەرەوە و هێزێکی غەیبی بداتە پاڵ . ئەو نوسەرانەی کە زۆر ڕۆچون لە دەمار گیری ئایینیدا ، ناتوانن حەقیقەتەکان بەو جۆرەی کە لە

ڕاستی ژیاندا ڕویداوە و ڕو دەدات دەرک بکەن . وە هەمو شتێک لە پشتی چاویلکەی باوەڕگەلی ئایینی و دەمار گیری ئایینەوە شرۆڤە دەکەن ، هێدی هێدی لە ئەنجامی چەند بارەکردنەوەی ئەو خواستانە لە کتێبە پێشوەکاندا جۆرێک لە وەسف و خەسڵەتی نامۆو تایبەت بەرچاو دەکەوێت و بۆ هەمیشە لەو تەوەرەدا دەخولێتەوە و بە یاد هێنانەوەیان بە بەشێک لە زەروریاتەکانی ئایین ئەژمار دەکرێت . ئەم شتانە لە ناو شیعەکاندا بە ڕێژەیەکی زیاتر بەرچاو دەکەوێت ، بە جۆرێک هەتا لە ناو حەریمی ئیمامەکاندا ئەو بە ئاشکرا دەبینرێت کە ئەوانیش لە ڕیزی مرۆڤ کراونەتە دەرەوەو خراونەتە پاڵ فریشتەو حۆریەکان و ئەو باوەڕەش دروست بوەکە ئیمامەکان لە بون و کۆرپەییەوە مەعسوم و بێبەرین لە هەڵەو کەمو کورتی و خاوەنی زانست و ئاین بون . هاوکات ئەهلی پاکیزە کە ژیانی ئابوری خۆیان وابەستە بەو جۆرە گەشە کردنە ی باوەڕ دادەنێن ، بۆ گەوجاندنی هەرچی زیاتری چینی عەوام ، ئەم جۆرە ئەفسانانە بە شێوەی حەدیسی و ڕیوایەت لە سەراوەی باوەڕ پێکراو لە گوتاری ئایینی خۆیاندا بە کار دەهێنن ، و بۆ سەلماندنی بۆچونەکەشیان ئەوانە وەک باکگراوند ئاماژە پێدەدەن .

لە ناو حەدیسە قودسیەکاندا ، چەندین حەدیس بونی هەیە کە تا سەر ئێسقان ئەفراندنی خەیاڵی مرۆڤە ، و لە سنووری خوداوەندی تێپەڕیوەو ئەفسانەی وایان خولقاندوە کە لە هیچ کتێبێک و لە هیچ سوچ و قوژنێکی دنیادا گوتاری ئاژی تاتۆرتر لەوانە بونی نیە . حەدیسە قودسیەکان ، داخوازیگەلێکن ، کە جیاوازن لە ئایەتە قورئانیەکان ، محمد لە گفتو گۆو دیالۆگی خۆیدا لە گەڵ خودادا بۆ هاوەڵ و مسڵمانەکانی گواستوەتەوە ،

لەو حەدیسانەدا هاتوە ، ( لولاک لما خلقت الافلاک ) خوداوەند بە محمد دەڵێت ئەگەر لە بەر حورمەت و خولقاندنی تۆ نەبوایە ، بەڵگەیەک بۆ ئەوەی کە من ملیاردها کاکێشان و ملیاردها ئەستێرە و ئەو بونەوەرەکانی ترم خەلق نە دەکرد و بونیان نەبوو .

نزیکەی 1435 ساڵ بە سەر تێپەرینی کۆچی دوایی محمدا تێدەپەڕێت ، و بە ئەگەرێکی بەهێزەوە کە ئێسقانەکانی ئەو بونەتە خاک بەڵام هێشتان کاکێشانەکان لە خۆلگەی خۆیاندا دەخولینەوە و ئەستێرە کانیش تا ئێستا دەدرەوشێنەوە و هەمان شێوەش ملیاردها ساڵ پێش لە لەدایک بوونی محمد بون و بونەوەر هەبووە ، لە خۆلگەی دیاری کراودا سوڕاونەتەوە . ئەگەری ئەوە هەیە ملیاردها ساڵی تریش لە ناو ئەو خولگانەدا بخولێنەوە ، لە دایک بوون یان مردنی هەر یەکێک لە تاکەکانی مرۆڤ ، کەمترین کاریگەری لە دەزگای خولقینەری خودایی ناکات . داڕێژەران و ئەفرینەرانی ئەو جۆرە حەدیسانە بە بێ سەرندان بە بچوکی و گەوجێتی مرۆڤ لە ناو جیهانی بوندا مرۆڤ دەکەنە هاوشانی پەروەردگاری جیهان . گومانی تێدا نیە کە محمد لە سۆنگە نیگای هزرو بیرەوە کارزانی و بەڕیچوەبەریەتی هێزی پارێزگاری لە سەر عەرەبەکانی سەردەمی خۆی پەسەندو باش بوە و بە پێشینە کارو ئیرادەیەکی بەهێز کە لە هەناویدا بوو ، توانی شۆڕشێکی کۆمەڵایەتی و ئایینی مەزن لە ناوچەی عەرەبستان بەرپا بکات . لە و قەبیلەو دوژمن بە یەکدی یانە یەکێتیەکی قەومی دەوڵەتێکی ناوەندی لە ژێر دروشمی ( لااله الا الله ) دروست بکات و لە ناو تانو پۆی هەمان یەکێتیدا ، و ئیمانی بەشی مەزنی دنیای ئەو سەردەمە بۆ عەرەبەکان فەرهەم بکات . بەڵام هیچ یەکێک لەو خەسڵەت و تایبەتمەندیە بەرجەستیە بەڵگەی ئەوە نیە کە ئەو جێگەی ئەو شانازیەی بێت لە سەرو کائیناتەکانی تروە ، یان هەمان شێوە بە خوداو بە دروستکەری جیهانی بونی بزانین .

محمد مرۆڤێک بوو  هەر وەک مرڤەکانی مردەمی خۆی  ، کە بە تێگیشتن و توانی خۆی  سەرنجی لە سەر کێشەو  گرفتی کۆمەڵگەکەی خۆی دانا ، و ڕێگاچارەکەیشی بە لە ناو بردنی نەریت و کلتوری کۆمەڵایەتی و باوەڕی ئایینی دێرین بوو  لە جێدا بونیاد نانی ئاینێکی هاوشێوەی ئاینی یەهود کە وای وێنا کردبوو . چونکە باوەڕی ڕشەهای بەو باوەڕەی هەبوو ، تا گەیشتن بە ئامانج  خۆڕاگری و مل نەدانی لە خۆیدا بەرجەستە کرد ، بە بەهرە وەرگرتن لە ڕوداو ڕێکەوتەکان پێشهاتەکان کە لە سەردەمی خۆیدا ڕویان دەدا ، لە پیادەکردنی بەرنامەکانی خۆیدا سەرکەوتو بوو .

هەندێک لە نوسەرە توێژەرە خۆئاواییە کان. ڕێگایەکی پێچەوانەی نوسەرە دەمارگیرە ئیسلامیەکانیان گرتوەتە بەر و کارو کردەوەی محمد  بە تایبەت  چەتەیی و ڕێگرتن لە کاروانەکان و فرەژنی و کوشتنی دیلی جەنگ ، تیرۆری ئەو کەسانەی کە سوکایەتیان بە محمد دەکرد و فرۆشتنی ژن و مناڵ لە بازاری کۆیلە فرۆشاندا ، بۆ کۆکردنەوەی پارە ڕەخنەی توندیان گرتوە ، وە ئەو فەرمانانەیان بە شایستە ی ئەستۆی کەسێک کە خۆی بە پێغەمبەری خودا داناوە نەزانیوە ، بە بۆچونی من  ئەو توێژەرانە هەروەک نوسەرانی دەمارگیری ئیسلامی  ، بەویژدانەوە قەزاواتیان نەکردوەو بە دیدی ئەو کوەسانەی کە لە سەدەی بیست و یەکدا لە یەکێک لە وڵاتە هەرە پێشکەوتوەکانی دنیای ئەمرۆدا کە دەژین ، بارو دۆخی 14 سەدە پێش لە یەکێک لە ناوچە هەرە دواکەوتوەکانی دنیادا شرۆڤەی ئەو دۆخەیان کردوە  بە بەراورد بە ڕۆژگاری ئەمڕۆ ، لەو ڕەخنانە تێدەپەڕین  بۆ قەزاوات کردنی ئەو دەستەواژەو فەرمان و خەسڵەتانەی محمد پێویستە ژینگەیەکی گەشە کردو  داب و نەریتی بەردەوامی خەڵک  نەریتەکان ، شارستانیەت ، و باوەڕەکان و  بە شێوەیەکی گشتی  چۆنیەتی زانستی گشتی خەڵکی هەمان سەردەم بەراورد بکرێت . و کردەوەکانی محمد  لە سەر بنەمای  پەیوەندی ڕێکخستنی هەمان کات و سەردەم  و هەڵبسەنگێنین . هاوکات محمدیش عەرەبێکی ئەو کلتورە بوو . لەگەڵ تەواوی تایبەت مەندیەکانی نەژادی و ئەو خەسڵەتانەی کە ئێمە بە گشتی دەربارەی عەرەب باسمان کرد ، ئەو لە سەر دەمێکدا گەشەی دەکرد ، کە فرە ژنی یەکێک لە نەریتە قبوڵ کراوەکانی هەموان بوو ، تەواوی خەڵکی دوورگەی عەرەب ، لە ماوەی هەشت مانگ لە ساڵی خۆیاندا ئاسایی بوو هێرش کردن بۆ سەر کاروانەکان و فرەژنی  ، دەستوری محمدیش بۆ ڕێگەگرتن لە کاروانەکان و تاڵانکردنیان  یان بەشداری کردنی لە کلتوری فرەژنیدا هەمان ئەوکارانەبوو کە پێچەوانەی نەریتی ئەو ڕۆژا نەبوو . وەهیچ یەکێک لە عەرەبە هاچەرخیەکانیش لە سەر ئەو کردارو درێژەدان بەو نەریتانە ڕەخەیان لە محمد نەگرتوە ، ئەگەر ئەو فەرمانی دەکرد تا دیلەکانی جەنگ لە بازاری کۆیلە فرۆشاندا بفرۆشن و بە پارەکەی چەکی جەنگی ئایندەی پێ فەراهەم بکات ، ئەو نەریتە پێچەوانەی نەریتی ئەو سەردەمە نەبوو ، کۆیلە داری و کۆیلە فرۆشی  لە تەواوی دنیای ئەو سەردەمەدا باو بوو ، لە عەرەبستانیش هاوکات کۆیلەیەتی و کۆیلە فرۆشی شتێکی ئاسایی بوو ، تا چەندین سەدە دواتری دەست باڵایی ئیسلام  عەرەبەکان چالاک ترین و مەزنە بازرگانەکانی ئەو بوارە بوون .

ئەوەی کە لە پلەی یەکەمدا بۆ محمد گرنگی هەبوو ، ئامانجەکەی بوو ، لە سۆنگەی محمدەوە ئامانج و کەرەستەی ئامانج گرنگ بوو ، لە سۆنگەی ئەوە وە گەیشتن بە ئامانج  تیرۆکردنی بەشێک لە نەیارنی خۆی و لە ناو بردنی ئەوانەی سوکایەتیان پێدەکرد ، شتێکی زەروری بوو ، ئەو هەتا ڕەوشی پرۆپاگندەی ئایینی  خۆی  بۆ زیاتر نزیک بوونەوە لە ئامانج ، بە ئاسانی و بە خوێندنەوەی چەند ئایەتێک گۆڕانی تیادا دەکرد ، گرفتی گشتی خولقاندنی ڕوح و ئیمانی دەمار گیر لە مێشکی پەیڕەوەکانیدا بوو . کاتێک ئەو جۆرە لە ئیمان چەکەرەی کرد ، ئیتر هیچ کەس دەربارەی تەندروست بون و ڕاست بونی ئایەتە قورئانیەکان و چۆنیەتی دروست بون و یان سرینەوە داڕشتنەوەی ئەو ئایەتانە پرسیارێکیان نەدەهێنایە گۆڕێ .

کاتێک پەیڕەوانی محمد  بەو جۆرە ئیمانیان هێنا کە محمد پێغەمبەری خوایە . ئیتر هەر چی ئەو دەی وت وتەی خودا بوو . وە هەموان بە دڵ وگیان  ئیتاعەتیان دەکرد ، هەر وەک  ئەوەی کە ئەمڕۆکە موسڵمانانی دەکار گیر لە پشتی هەمان چاویلکەوە دۆخەکان دەبینن و هیچ کەس ڕەحمەتی شیکارو توێژینەوە و لێپرسینەوە بە خۆی نادات ، وە ئەگەر هات و توێژینەوەیەک لە سەر ئاینی ئیسلام  و شرۆڤە کردنی ئایەتەکانی قورئان  ، بەراورد بکرێت ، کە گومان و شک لە مێشکی ئەوانەدا دروست بکات  ، بە ئاسانی چاو پۆشی لەوە دەکەن و هەزار تەعبیر و تەئویلی نامەنتیقی  و نا عەقڵانی بۆ ئەو مەبەستە دێننەوە تا خۆیانی پێ ڕازی بکەن  .

بەرایی چوارەم  :

ئایینی ئیسلام

شارستانیەتی هیچ نەتەوەیەک  بە یەک جار دروست نەبووە ڕێک نەخراوە ، بەڵکو ئەوەی کە ئەمڕۆکە بە ناوی شارستانیەتەوە لە بەردەستی ئێمەدایە ، لە سەر بنەمای ئەزمونەکانی ڕابوردوەکان  بونیاتنراوە ، و بەرهەمی ڕەنج وماندوبوونی پێشکەوتنەکانی پێشینەکانی ئێمە بووە  ، لە پێش مێژووەوە تا ئێستا  . بە هەمان شێوەیش ئایینی هەر گەلێک  بەرهەم و دەستکردنی شارستانیەتی ئەو گەلەیە و ئەو ماددە خاوەی کە بۆ دروستکردنی بنەماو فێرکراوەی ئایینی پێویستە  لە شارستانیەتە کۆنەکانی هەمان گەل وەرگیراوە . هیچ ئاینێک لە دەروەی چێوەی فەرهەنگی ئەو سەردەمەی کە ئەو گەلە تیایدا ژیاوە ناتوانێت بێتە بوون ، هەرئاینێک بە شێوەی پاشماوەی باوەڕە کۆنەکان  و  نەریتی ئەو ناوچەیە بەرچاو دەکەوێت ، هەڵبەت هەمان شێوە  کە شارستانیەتی گەلێک لە شارستانیەتی ئەو گەلەکانی تر کە پەیوەندی نزیکیان پێکەوە هەبووە ، سودی وەرگرتوە . ئایینیش بە سەرەی خۆی کاریگەری کردوە تە سەر ئایینەکانی دراوسێی  خۆی  .

لەوێدا کە عەرەبەکان میراتگری  شارستانیەتی درەو شاوەی چەرخە ڕابوردوەکانی خۆیان نەبوون  تا محمد بتوانێت هزری ئایینی نوێ بهێنێتە دنیای نوێوە ، بەرهەمی نوێی بە شێوەی تێکەڵاویەک  لە ئاینەکانی تر بە قەرز وەرگیراو  فەسانە گشتیەکان ، ئەو نەریتانەی کە لە ناو عەرەبەکاندا باو بوە ، نۆرمەکان ، و هەتا خورافاتی خۆماڵی  بەدیار کەوتوە . سەرچاوەی مێژوویی ئاینی ئیسلام  ئەتوانین لە چەند چاوگێکەوە ئاماژە پیچ بدەین :

1-ئایینە جیاجیاکانی . یەهودی  ، مەسیحی ، زەردەشتی

2-بەشێک لە پێشهات و ئەزموونەکانی خودی محمد خۆی .

3-نەریتەکان ، باوەڕو خورافاتی عەرەب پێش ئیسلام .

• ئایینە جیاوازەکان  :

ئەوەی دەربارەی یەکتا پەرستی  ، چیرۆک ، ئەحکامی پەیوەندی دار بە یاسای  تۆڵە سەندنەوە و ، سڤیل و ڕەوشی  کەسیەتی ، موڵکیەت ، میراتی  ، فرۆشتن ، کرێ ، سەدەقە ، بەردباران کردنی تاوان

باران ، تۆڵە، سزادان ، زەكات ، وچەندین نموونە لە مانە لە قورئاندا دەبینین . كە هەموویان ڕیشكیان لە ئاینی یەهودا هەیە  ئەحكامی پەیوەندی دار بە  زیناكردن و نیربازی  و فرەژنی و  تەلاق .
وەرگیراوە لە شەریعەتەكانی یەهود ، و نەریتی بەردەوام لە عەرەبستان  ، ئاینی ئیسلام ئەم ڕاستیەی حاشا لێنەكردوەو ئەوە قبوڵدەكات كە چێوەی ئەخلاقی و بنەمای ئایینی كە لە قورئاندا هاتوە ، لە ئاینەكانی پێش خۆیدا بونی هەبووە و ئەوە قورئان نیە بۆ یەكەمین جار یاساگەلی بێ پێشینە لە زەمینەكانی كە ئاماژەمان پێدا ئەفراندبێت . بەڵام لە وێدا كە محمد تاوانی نوسین و خوێندنەوەی نەبووە ، و بنەمای كارە كە لە سەر گێڕانەوەی خواستەكە بووە كە لە دەمی خەڵكیەوە دەی بیستین ، جیاوازی ئاڵۆزو  نا تەندروست لە چەندین جار گواستنەوەی ئەو داستانانەی كە دەم بەدەم گێڕراونەتەوە بە گشتی دروست دەبێت . لە چیرۆكە كانی قورئاندا ئاستی بەراوردكاری  لەگەڵ چیرۆكی ئەو ئایینەكانی تردا بەرچاو دەكەوێت ، قورئان لە گێڕانەوەی چیرۆكەكاندا ، هەتا لە سنووری تەورات كتێبی پیرۆزی یەهود پێ زیاتر ڕادەكێشێت و چیرۆكی بە یاد هێنراوی تلمود ( 1) كە لە لایەن هەندێك لە خاخامەكانی یەهودەوە لە سەدەكانی سێیەم و چوارەمی زاینی كۆكراوەتەوە ، بە ناوی چیرۆكی خوداوەند دەگوازێتەوە و دەیان گێڕێتەوە . داستانی  ( اصحاب كهف  ) ( ئەفسانەی خەڵكی  ئاسیای بچوك ) ( ئەفسانەی دیدار ) ( خچرو مسی )( سەرگوزشتەی ( اسكندر ژوالقرنین ) لە نمونەی ئەو جۆرە داستانانەن كە لە قورئانداو بە ناوی ئیلاهیەوە هاتون .

باوەڕەكانی مەسیحیەكان ، لە لایەن ئەو مەسیحیانەی كە  لە یەمەن و لە عەرەبستان نیشتە جێ بوون و لە بازارەكانی مەكارە بۆ كڕین و فرۆشتن و یان پرۆپاگندەی باوەڕی ئایینی ئامادەگیان هەبوو ، لە سەرانسەر عەرەبستاندا نفوزیان دروست كردبوو ، هەندێك لە مەسیحیەكان ، لە قەبیلەكانی  ( حمیر  ) ( ربیع ) و عەرەبەكانی  ( بحران ) و ( غسان ) دەژیان كە ڕیوایات و داستانی ئایینی بۆ زۆرینەی خەڵكیان دە گێڕایەوە ، خێڵەكانی كە پەیوەندی هاتو چۆی بەردەوامیان بە مەككەوە هەبوو ،

---

1-لە نیوەی دوەمی سەدەی سێیەم و سەدەی چوارەمی زاییندا شرۆڤەو تەفسیرێك لە لایەن دەستەیەكی جیاوازی یەهودی لە ئورشەلیم و بابل لە سەر تەورات و میسنا نوسرا ، ئەم كتێبە كە ناوەڕۆكەكەی داستان و ئەفسانەی زۆری سەردەمانی پەرتەوازەیی یەهود لە ناو نەتەوەكانی تردا هێنرابوو ، لە خۆی گرتبوو ، بە ناوی تلمود ناوزەد كرابوو ، ئەو كتێبە نەتەنیا لە سەفەرەی پێنج لایەنە ( اسفار پنج گانە ) ی تەورات بەڵكو لە كتێبی پێغەمبەرەكانی تر لە ڕوی ئایینیەوە نزمتر بوو لە پلەی سێهەمدا دەهات .

لەو سەفەرانەیاندا كە بۆ بازرگانی كردن و بەشداری كردن لە بازارەكانی مەكارە  و یان سەردایكردنی مەكە  دەهاتن . بە سروشت توشی دیالۆگ و گفتوگۆی ئایینی دەبوون ، بیستراوەكانی خۆیان لە هەمبەر یەهودیەكان و مەسیحەكان بۆ یەكتر دەگێڕایەوە ، بەم جۆرە  ، تەواوی داستانەكانی تەورات و ئینجیل لە سەرانسەری عەرەبستان باسو خواسی كۆڕو كۆبونەوەكان بوو ، بە بەردەوامی دەگێڕانەوە . بە بەراورد بە سەرهەڵدانی ئایینی ئیسلام  ، چیرۆكی ( الهاك دیو ) و هێنانی تەختی شاژنە سبا بۆ ئورشەلیم كە هیچ جیاوازیەكی ئەو تۆ ی نەبوو ، یان داستانی توفانی نوح كە بەرزی ئاوەكان  لە تەواوی ئاستەكانی دنیادا بەرزی لوتكەی بەرزترین شاخی داپۆشتی  ، ئەفسانەی خولقاندنی ئادەم و حەوا لە قوڕ ، لە ناو عەرەبەكاندا باو بوو ، هەندێك باوەڕی ئایینی  وەكو خەتەنە كردن خۆپاككردنەوە لە تاوان ، شۆردنی مردوو ، دوركەوتنەوە لە ژنان لە كاتی سوڕی مانگانەدا ، بڕینی دەستی دزو پشوی ڕۆژی هەینی  بە شێوەی كۆتایی هەفتە  لە شارەكانی مەككەو مەدینە و لە ناو هۆزە جیاجیاكانی عەرەبدا باوی هەبوو

پیادە دەکرا ، هەڵبەت پاڵەپەستۆی پراکتیکی کە یەهودیەکان دەربارەری ڕۆژی شەممە بە جێیان دەهێنا ، لە ناو عەرەبەکاندا بونی نەبوو ، پشوی کۆتایی هەفتە کە بە ڕۆژی عروبەیان ناو دەبرد بەرگری لە دەستکەوتو کارو پاکردنەوەی خواردن نەدەکرد .

بەشێوەیەکی گشتی ناوەڕۆکی ئایەتەکانی 43 ی سورەتی ڕەعد ، ئایەتی 10ی الاحقاف و ئایەتی 179ی شعرا لەو تەوەرانەدا دەخولێنەوە . هەواڵی یەهود کاتی هەواڵی پەیوەندیدار بە سەرهەڵدانی پێغەمبەرێکی نوێ وە ، لە لای خەڵکی مەدینە گەیشتەوە مەکیەکان ، و مەکیەکانیش بە باشی لەو داستانانەی کە یەهودیەکان بڵاویان دەکردەوە ، بە ئاگا بوون ، لە دروشمێکدا کە ( امیه ابی صلت ) پێش دەست پێکی بانگەشەی محمد لە بابەت ستایش کردنی خوداوە هونراوەی دە هۆنیەوە و لە هەمبەر توفانی نوح قەسیدەی هۆنیوەتەوە وبە پوختی باسی کردوە ، اومیە باشترین بڵاو کەرەوەی فکرو داستانەکانی تەورات و ئینجیل بوو ، لە مەککەدا . ( ورقە بن نوفل ) کوری مامی ( خدیجە )ی خێزانی محمد لەو کەسانە بوو کە چوە سەر ئایینی مەسیحی ، چەندین بە شی ئیجیلی وەرگێڕایە سەر عەرەبی و دەربارەی ئەوانە لەگەڵ محمد گفتو گۆی دەکرد .

ئەو باوەڕانەی کە دەربارەی مەسیحیەت لە قورئاندا بەرچاو دەکەوێت ، زیاتر لە باوەڕەکانی یەهودی - مەسیحیەکانی ناوەندی مەسیحیەت وەرگیراوە (1)

ئەو دەستیەی مەسیحیەکان هەمان شێوە کە لە قورئاندا هاتوە ، عیسا تەنیا بە مرۆڤێک دەزانن کە لە لایەن یەهوەوە بۆ ڕێنمایی کردن و ڕزگاری قەومی یەهود نێردراوە ، و ڕەد کەرەوەی خوداوەند بوونی عیسا و سێ کوچکەی بونن ( تیلیپ )

دەربارەی لە خاچ دانی عیسا هاوکات باوەڕی قورئان باوەڕی یەکێک لە بانیانەکانی قوتابخانەی عرفانی مەسیحیەتە لە ئەسکەندەریەی میسر کە دەی وت : عیسا پێش لە خاچ دانی هەڵگری خاچ بە شێوە و شکڵی خۆی پیشانی یەهودیەکان دا و یەهودیەکانیش شمعونیان وەک ئەوەی کە عیسایە لە خاچ دا . سورەتی ( مائدە ) بەڵگەی ئەو گفتو گۆو دیالۆگەیە کە لە نێوان محمد و یەهودیەکان و – مەسیحیەکانی نیشتە جێی دوورگەی عەرەب بوون .

باوەڕی ئایینی زەردەشتیەکان نە تەنیا لە ڕێگەی ئاینەکانی یەهود و مەسیحەوە کە خۆیان بە توندی کەوتونەتە ژێر کاریگەری ئاینی زەردەشتیەوە ، هاتبوە ناو عەرەبستانەوە بەڵکو بە هۆ و لەڕێگەی ئەو ئێرانیانەوە کە لە یەمەن و بەحرەین نیشتە جێ بوون یان بۆ بازرگانی کردن هاتو چۆیان دەکرد ، لە سەرانسەری خاکی عەرەبستاندا ، بڵاویان دەکردەوە ( 1 ) چەندین کەس لە هاوەڵانی محمد ئێرانی بون و ئایەتی 103ی سورەتی نحل : ( ئێمە دەزانین کە ئەوانەی دەڵێن ئایەتەکانی قورئان مرۆڤێک بە ئەوی دەڵێت بەڵام زمانی کەسێک کە ئاماژە بەو دەدات عەجەمی یەو ئەم قورئانە عەرەبیەکی ڕەوانە ) خودی بەڵگەی دیالۆگی ئایینی محمدە لە گەڵ ئێرانیە زەردەشتیەکانی نیشتە جێی مەککە و دانوستانی محمدە لە گەڵیان .

---

1-بەبەراورد بە سەرهەڵدانی ئیسلام ، یەمەنیەکان کە لە ئەنجامی داگیرکاری ناوچەکەین لە لایەن سوپاکانەوە بە کاتی هاتبون یەکێک لە شازادەکانیان بە ناوی ( یسف بن ژی یزن ) بۆ بە دەست هێنانی هاوکاری سەربازی نارد بۆ لای انو وشیروان ، انوشیروان کەسێکی لە فەرماندەکانی خۆی بەناوی ( وهرز ) لەگەڵ چەند کەشتی سەرباز لە ( کەنداوی فارس و دەریای عەمانەوە ) ڕەوانەی یەمەن کرد ، ئێرانیەکان لە کۆتایی ساڵی فیل لە یەمن پیادە بوون ، حەبەشیەکانیان لە ناو برد و یەمەن

سالآنێکی زۆر دوای سەرهەڵدانی ئیسلام لە ژێر پارێزگاری ئیرانیەکاندا بوو ئیرانیەکان لە یەمەن بە ( ابنا احرار ناوەزەد کراون )

ئەوەی کە دەربارەی شەیتان و ، فریشتەکان و ڕۆژی دوایی ( گوێ بیستی ئاوازی شێوەی ئیسرافیل کە لەگەڵ ئاهەنگی تەواوی مردوەکان لە چەرخە دێرینەکان تا ڕۆژی کۆتایی دنیا لە گروپەکانیان جیا دەبنەوە و لە بەردەرگای دادی خوداوەندا کۆدەبنەوە – نامەی کردەوەی هەر کەسێک بە دەستی ڕاست یان چەپ وەری دەگرن و لە سەر بنەمای ئەوەی کە لەو نامەیەدا نوسراوە پاداشت دەکرێن یان تۆڵەیان لێ دەکرێتەوە ) و ئەوەی دەربارەی بەهەشت و دۆزەخ میعراج کە لە قورئان و یان کتێبەکانی سیرەدا بەرچاو دەکەوێت هەموو لە باوەڕی زەردەشتیەکانەوە وەرگیراوە . لە ئیسلامدا مەجوسەکان هەروەکو یەهود و نەسارا بە ئەهلی کتێب ئەژمار دەکرێن ( ئایەتی 17 سورەتی الحج )

** ِوانگەی تایبەتی و ئەزمونەکانی کەسیەتی محمد :

تێپەڕینی کات و ڕوداوەکان و پێشهاتە جۆراو جۆرەکان ، دۆخی نوێی لە کۆمەڵگە ی بچوکی موسڵمانان لە گەڵ خۆیدا هێنا . هەندێک ڕوداو ڕاستی ڕۆژانە زەمینەکەی بە و جۆرە ڕەخساندا کە دەرچوونی دەستوری یەکجاری بۆ چارەسەر کردنی کێشەی موسڵمانان لێکەوتەوە . لەو دۆخانە ، ئەو دۆخەی کە لە سەر داوەری کێشەی هاوشێوەی بابەتی جێگەی مشتومڕ و دیالۆگ سود بەخش بێت و لە ئایندەدا بۆ بەڕێوەبردنی کۆمەڵگە بە کار بێت . دەرکردنی ئەو جۆرە فەرمانانە لە جیاتی ئەوەی کە یەک کەسی بێژەر بڕیار بدات بە حاڵەتی گشتی دەی وت : ( یاایها الناس ، یا ایهاالژین امنو ، یا ایها الانسان ، یا بنی ئادم و یا ایهاالنبی )

*** نەریت و باوەڕی عەرەب پێش ئیسلام :

جگە لە بنەماکانی ئاینە جیاجیاکانی تر ، و داوەری کردنی کەسیەتی محمد کە بە شێوەی ئایەتی ئەحکام لە قورئاندا هاتوە ، نەریت و باوەڕە دێرینەکانی عەرەب هاوکات لە کامڵ کردنی قورئان و عەرەبی بوونی ئاینی ئیسلام ڕۆڵێکی مەزنیان گێڕاوە . ناوی خودا ، حەج ، مانگە حەرام کراوەکان ، بڕین ، ڕۆژوو ، باوەڕ بوون بە بونی ڕۆحەکان و جنۆکە و دێو لە تایبەت مەندیەکانی باوەڕگەلی عەرەبی سەردەمی پێش ئیسلام بووە ، و ئیسلام بە سود وەرگرتنەوە لەو نەریت و باوەڕانە و جێگیر کردنیان بە شێوەی ئەحکام و دەستوراتی خوداوەند ڕەنگو بۆیەکی عەرەبی بە ئایینی ئیسلام بەخشی .

شەهرستانی لە کتێبی ( ملل و نحل ) دەنوسێت : زۆرێک لە ئەرکە شەرعی و سونەتە ئیسلامیەکان درێژەدانە بە نەریت و خوی سەردەمی جاهیلیەت کە عەرەبەکان بە تێپەڕینی کات ئەوانەیان لە یەهودەوە وەرگرتوە . ( لە بەشەکانی دواتر زیاتر ئاماژە بەوانە دەدەین )

بەراوردی سەرهەڵدانی ئیانی ئیسلام ، دانیشتوانی دوورگەی عەرەب ، هۆزی جیاوازیان پێک دەهێنا ، کە بە شێوەیەکی پەرتەوازە لە هەر سوچێکی ئەو ناوچەیە نیشتە جێ بوبون و لە ڕێگەی دزی و تالآنی سەروەت و سامانی یەکترەوە ژیانیان دەگوزەراند ، تاکی هەر کۆمەڵگەیەک تەنیا وابە ستە بوو بە هۆزەکەی خۆیەوە ، ناوی هۆزەکەی بە نیشتمان و نەتەوەی خۆی دەزانی و شانازیەکانی هۆزەکەی بە شانازی خۆی دەزانی ، خودای هەمان هۆزەکەیان دەپەرست ، بە زمانی هەمان هۆز قسەیان دەکرد ، و لە ئەنجامی ئەو ڕق و کینەیەی کە هەیان بوو بە کەمتر لە وێران کردن و لە ناو بردنی هۆزەکانی تری نەیار دانەدەکەوتن ، باوەڕی جیاوازی ئایینی و بوونی خودای جۆراو جۆر یەکێک لە فاکتەرەکانی نیفاق و دوژمنایەتی نێوانیان بوو ، زاراوەی جۆراو جۆری باو لە نێوان هۆزەکاندا ڕێگای هەرجۆرە

لێک گەیشتن و تێگەیشتنێکی دادەخست ، سیستەمی کۆمەڵایەتی باوک سالاری و سەرۆکایەتی هۆز بەرگرێکی قەورەبوو لە بەردەم دروستکردنی نەتەوەیەک لە نێوان هۆزە جیاجیاکاندا . تەنیا لە ناوبردنی بە گشتی هۆکارە کۆمەڵایەتیەکان ، ئاینیەکان ، ئابوریەکان ، و سیستەمی باوک سالاری هۆزەکان نەیتوانی نەتەوەیەک و یەکیچتیەک لە سەرانسەری عەرەبستان سازو ئامادە بکات . ئەو شۆڕشە مەزنە بە دەستی محمد هەڵگیرسا .

محمد لە سەردەمی منداڵیدا خوی بە تەنیایەوە گرتبوو ، گەرچی باپیری و خێزانی ابو تالب تا کۆتای میهرەبانی دەربارەی محمد میهرەبان بوون . بەلام هیچ کەس نەی دەتوانی جێگای خاڵی باوک و دایکی پڕبکاتەوە ، ئەو دەسوتا و تەنهایی تەنیبویەوە ، و ئەو ڕۆژانەش بۆ ئەو باشترین دەرفەت بوو بۆ چڕ کردنەوەی هزرو فیکری خۆی لە دەوروبەری خۆیدا دەی بیست و دەی بینی ، تەنیایی بیرکردنەوە ، لەو ڕۆژانەی کە حوشترەکانی مامی و خیلەکەی بۆ لە وراندن دەبردە بیابانی نزیک مەکە ، دەستی پێ کردوو ، بە تەدریج لە ناخیدا شەپۆلی دەدا . هەتا کاتێک کە لەگەڵ خەدیجەش زەماوەندی کرد ، و لە ڕوی مادیەوە تۆکمە بوو ، زۆرترین کاتی خۆی بە تەنیایی دە گوزەراند ، لە ئەشکەوتی حەڕا هەمان ئەو جێگایەی کە باپیری خەلوەتی تیا دەگرت ، ڕۆژانە سەرنجی لە سەر ئاسمان و پەیکەرەکان و ئەستێرەکان و دەشت و دەر دادەنا و ئەوەی کە لە دەمی یەهودیەکان و مەسیحیەکان لە بازاری مکارە دا دەی بیست تاوتوێی دەکرد ، محمد تەواوی مانگی رەمەزان و زۆرینەی ڕۆژەکانی کە بە تاڵ بوو ، بە تەنیایی لە و ئەشکەوتەدا بەسەری دەبرد ، هیچ کەس بە تەواوی نازانێت ، لە و ئەشکەوتەدا چی دە کردو بۆچی دەچوە ئەوێ ؟ خودی محمد هیچ کات سەبارەت بەوە هیچ باسو خواسێکی بە کەس نەوت ، بەلام پاش شورشە مەزنەکەی کە ساڵانێکی دواتر لە کۆمەڵگەی عەرەبیدا بەرپای کرد ، ئەتوانرێت پەی بە زەمینەی کارەکانی ڕابوردوی لە و ئەشکەوتەدا ببرێت ، و بە دیاری کردن و نزیک لە ڕەهایی بوون دەتوانین بڵێین ، ئەو خواستەی کە لە دواتردا بە ناوی فەرمودەکانی خودا ( ئایاتی ئیلاهی ) لە سەر خەڵکی مەککە خوێندیەوە ، بەرئەنجامی هەمان تەنیایی و خەڵوەتی ناو ئەشکەوتەکە بوو لەوێدا پایە ڕێژی کرابوو و تۆکمەو ڕێکخرابوو ، باشترین بۆچوون کە دەربارەی ئەو ڕایە کە بتوانرێت ئاماژەی پێ بدەین ، جیاوازی زۆر ئاشکراوو روونن کە ڕێسای نوسین و ناوەڕۆکی ئایەتی مەککی و مە دینەیی بەرچاو دەخات .ئایەتە مەککیەکان کە بۆ دروستکردنی ئەوان کاتێکی زیاتری تیا بە کار هاتوە ، و پڕ بە مێشک عارفانە و بە مەبەستی بانگهێشت بۆ خوداپەرستی و پیادە کردنی بنەمای ئەخلاقی وتراوە . لە کاتێکدا کە ئایەتە مەدینەیەکان توندو تیژن و دورو درێژن و لە بارێکی دەرونی نا ئارامیدا و بە پێچەوانەی ئایەتە مەککیەکان پەیوەندیان بە جەنگ و جیهاد و ڕێسای دۆخی دنیاوە هەیە هۆنراونەتەوە .

ژیانی بیابان نشینی لە راستیدا باشتر و زیاتر لە شارنشینی ئیمکانی چڕکردنەوەی هزر بە مرۆڤ دەبەخشێت . لە بێدەنگی ڕەهای بیاباندا مرۆڤ باشتر لە بونیکی ناکۆتایی ئاشنا دەبێت و زیاتر پەیوەندی لەگەڵ دەرکەوتە سروشتیەکان پەیدا دەکات ، ژینگەیەکی وشکو سوتێنەری بیابان ، سروشتێکی دڵگران و کاریگەر لە سەر دەروون ، ئەندێشە لە گیانە هەستیارەکاندا تیژ تر دەکات . ڕازی هەر سێ ئایینەکەی ئیبراهیمی لەو ناوچە بچوکەی دنیا چەکەرەی کردوە و گەشەی کردوە لەو سروشتە وشک و تاقەت پڕۆکینەی ئەوناوچەیە دا دروست بوە .

لە ئەنجامی بیرکردنەوەی بەردەوامی زیاتر لە بیست ساڵ و شرۆڤە کردنی دۆخی ئەو سەردەمەو گوێبیست بونی دەنگۆ ئایینی یەکان ، لە قوڵایی دەروونی محمدەوە جۆرێک جوڵەو هەژاندنی دەرونی سەری هەڵداوە ، و لە ساتەی کە هزرو بیری ئەو شەپۆل دەدات و دەگاتە لوتکە . برشیاریدا ئەوانی تر بە فیکرو هزری خۆی هاوڕا بکات ، و ئەوەی لە زەمیری ناوەکی ڕێچکەی گرتبوو ، ئەوەی بە حەقیقەتی

ڕەها دەزانی و لەو نێوەندەدا ئەوانی تری بۆ قبوڵ کردنی ڕێگای نوێی خۆی بانگهێشت کرد .
ناوەڕۆکی ئەم ئاڵەتە بەرهەمی لە سنوور دەرچون و کولانی هەست و دەروونە . هاوشێوەی ( نانک ) بونیاد نەری ئایینی ( سیکە ) کە کە لێکچونێک لە نێوان ئەم دوو بونیاد نەرەی ئەو دوو ئایینەدا دەبینین .

بۆ رشیشە کێش کردنی هۆکارەکانی نیفاق و بەرپا کردنی شۆڕشێکی مەزن کە ساڵانێکی زۆر لە ئەندێشەی خۆیدا پەروەردەی کردوە ، محمد هەمان ریگای گرتە بەر کە لە سەردەمە دێرینەکاندا لە ناوچەکانی میزیۆپۆتامیاو ، میسر و ، یونان و ، قەومی یەهود ، بە یەکێتی و یەک پارچەیی میللەتەکان کۆتایی هاتوە . محمد ڕێگای ئایینی هەڵبژارد و ( الله ) بە چەقی ڕێگ نوێکەی دانا بۆ کۆکردنەوەی تەواوی هۆزە پەرتەوازەکانی عەرەب و پەیوەندی کردنیان پێوەی و دروستکردنی یەکێتیەک .

( وعتصموابحبل الله جميعا ولا تفرقو ) ال عمران ئایەتی 103

شۆرشە ئایینیەکەی محمد کەوتنی فاکتەرە کۆمەڵایەتی و ئابووریەکانی بە دوای خۆیدا هێنا . ئەگەر تەورات بۆ بەرگری کردن لە پەرتەوازەیی قەومی یەکگرتوی یەهود نوسرا ، ئامانجی شۆڕشی ئایینی محمد دروستکردنی یەکێتی نەتەوەیەک بوو ، لە هۆزە پەرتەوازەکانی عەرەب و بەرقەرارکردنی یەکێتی و یەککگرتویی لە نێوان دوژمنانی دوێنێ ، لە ژێر دروشمی ئایینیدا بوو ، محمد بیری لەو راستیە دەکردەوە ، زۆر وەفادارو ئیمانداربوو لە ئەنجامی کاریگەری بەردەوام لە ساڵانی تەنیایی و گۆشە گیری ، چونکە هەمیشە اللەی بە ڕاوێژکاری تایبەتی لە تەنیشتی خۆیدا هەست پێ دەکرد . ئەو هەمیشە فەرمانەکانی خۆی بە ناوی الله دەردەکرد و تا هێزی زیاتریان پێ ببەخشێت و لە جێ بە جێ کردندا زیاتر کاراتربن . بەگشتی خودی خۆی لە حاڵەکاتی یەک مامۆستای ئەخلاق کردەدەروە و خەڵک ئەویان بە شێوەی پەیامبەری خودا باوەڕیان پێ هێنا و قسەو بریارو فەرمانەکانیان وەک فەرمانی خودا قبوڵ دەکرد .

محمد لە دەسپێکی پێغەمبەرایەتیدا ، موساو تەوراتی بە شێوەی سەرمەشقی خۆی هەڵبژارد ، ئەوەی کە بەناوی دینەوە محمد پێشکەشی خەڵکی مەککەی کرد . پەیامێکی زیاتر نەبوو جگە لەوەی کە لە کتێبی یەهود و مەسیحدا نوسراو . ئایینی ئیسلام لە سەرەتای دەستپێکیدا ، شێوەو هەوڵکی نوێتر نەبوو جگە لە پرۆپاگندە کردن بۆ ئایینی یەهود ، هەوڵی محمجد لەو سەردەمەی پێغەمبەرایەتیدا ، لە سەر ئەو بنەمایە بوو ، تا بە تەقلید کردنی ڕەوشی ئایینی موسا کۆمەڵگەیەکی یەکپارچە لە عەرەبستان بونیاد بنێت . کە دابپەروەری کۆمەڵایەتی سەروەربێت . ئایەتەکانی قورئانیش لەو سەردەمەی پێغەمبەرایەتیدا ، زیاتر بۆ بەدەست هێنانی بۆچوونی خەڵک و هاندانیان بۆ وازهێنان لە بت پەرستی ، قبوڵ کردنی الله بە شێوەی خودایەکی یەکتا و خلقێنەری ئاسمان و زەوی و سەرنجبوو لە سەر بابەتە کۆمەڵایەتی و ئەخلاقیەکان . محمد ناوەندی پرۆپاگندەی خۆی لە حەریمی کەعبە یان لە ماڵی ( ارقم بن عبد مناف ) دەست پێکردبوو ، هەر وەکو پێغەمبەرەکانی یەهود لە کوچەو کۆڵانەکانی مەککەدا دەسوڕانەوە و ئامۆژگاری خەڵکیان دە کرد ، و بۆ ئاینی نوێ خەڵکیان بانگ هێشت دەکرد . هەر ڕۆژێک ئایەتێکی دەهۆنیەوە وە لە سەر خەڵکی مەککە دەی خوێندەوە . ئایەتەکانی سورەتی حمزە :

( 1- هاوارو ناڵە بۆ هەرکەسێک کە بە شوێن کەم کوریدا دەگەڕێت و لە عەیب و عاری خەڵکی دەدوێت 2-ئەو کەسەی کە ماڵ و سامانی زۆری کۆکردوەتەوە هەرخەریکی ژماردنیەتی 3-وادەزانێت کە ماڵ و سامانەکەی دەبێتە هۆی تەمەن درێژی و نەمری 4-سوێند بە خوا بە سوکی و ڕسوایی فرێدەدرێتە ناو ئاگری دۆزەخەوە ) تەفسیری ئاسان ، و.ک .

( 17- نەخێر ئەو شتانە هیچی وانیە  ڕێزی هەتیو ناگرن و نازی پێنادەن 18- هانی یەکتر نادەن  بۆ ئەوەی خۆراک بدەن بە هەژارو نەداران  19- میراتی دەخۆن و هەمووی دەماشنەوە 20- ماڵ و سامان و دارایشتان زۆر خۆش دەوێت ) سورەتی الفجر – و. ک : تەفسیری ئاسان  لەو ڕژانەی کە عەرەبەکان لە هەر لایەکەوە  بۆ سەر دان  یان بازرگانی بۆ مەکە دەهاتن ، محمد دەچوو بۆ لایان و عەرەبە بیابان نشینەکانی هان دەدا بۆ قبوڵ کردنی ئایین نوێ . محمد لە وتار بێژو بەلاغەتدا کاریگەربوو هەمیشە بیستەرانی دە خستە ژێر کاریگەری دەربڕینەکانیەوە ، ئەو گوتارانەی کە لە ڕۆژانی هەینی پێشکەشی دەکرد ، سیرە نوسەکان گواستویانە تەوە بۆ ناو نوسینەکانی خۆیان  و ئاماژەیان پێداوە لە جوانی وتاربێژی لە گەڵ ئایەتەکانی قورئاندا بە هەماهەنگ وەسفی دەکەن و بە سادەیی پیشانی دەدەن کە  لە یەک سەرچاوەوە ڕێچکەیان گرتوە .

سەرەڕای ئەوەش محمد نەیتوانی بە وتاربێژی  پیاوانی عەرەب کە خۆی لە قسە کردن  و، و تاربێژی ئەو سەردەمە بوو  بۆلای خۆی ڕابکێشێت . ئەو لە هەمان کاتدا هەروەک هەموو عەرەب تۆڵە سێن و کینە لە دڵ بوو لە زۆر بابەتدا داوەری بە نوکی شمشێر دەکرد . هاوکات لە توانیدا بوو  کە بە ئاسانی بە سەر توەریی و ڕقی خۆیدا زاڵ بێت و تۆڵە کردنەوە بخاتە کاتێکی تر کە بۆی دە ڕەخسێت . یان ئەگەر بەرژەوەندی تیا پارێزراوبوایە لێبوردن لە بەرژەوەندی دا بوایە  و تەنانەت یەک هەنگاویش بوایە لە ئامانجەکەی نزیک بکردایەتەوە ئەوا لە کوشتنی سەرسەخت ترین دوژمنی خۆش دەبوو . هەست و بیرو هۆشیاری  و یادگەیەکی  بەهێز کە سروشت بەوی بەخشی بوو ، بووبوونە خەسڵەتی تایبەت و هەمیشە لە خزمەتی ئەودابوون بۆ شرۆڤە کردن و نزیک کردنەوەی لە ئامانجەکەی  . محمد لە قوڵایی ڕۆح و هەستی ناوەکی بوە سیاسەت وانێک ، بوە فەرماندەیەکی ئازاو بە سەلیقە و بە تواناو سەرلوتکەی هەموو پیاوەکانی سەردەمی خۆی بوو . سەرکەوتنەکانی پیشانی دا کە هێزی محمد لە بارهێنان و ئاراستە کردنی ئەو پیاوانەی کە کەمتر لە نیوەی ڕێژەی دوژمنانی بوو تا چ ئەندازەیەک بوو ، پەیماننامەکەی حدیبیە سیاسەت و زانایی ئەوی لە بەڕێوەبردنی کۆمەڵگەو کۆتایی هێنان بە دانوستان لە ڕێگەی ئاشتی یەوە بە شێوەیەکی تەندروست و لێزانانە کردە براوەی جەنگ . بە ڕونی ئەوەی بە دیار خست ، ئەو توانی بە هێزی بەڕێوە بردن چەکەرە بکات لە دڵ و هەناوی پەیڕەوکارانی خۆیدا  . کۆمەڵگەیەکی بەهێزو یەکگرتوی ، لەو پیاوانەی کە زۆر بە توندی ودەمارگیریانە ئامادەی گیان فیدایی بوون لە ڕێگای ئامانجە کەی ئەو خولقاندو توانی  ئەوان بەرەو سیستەمێکی لە پێشتر ڕێبەرایەتی بکات . ڕەنگە لە سەرەتای دۆخەکەدا ، بۆ خودی محمد هیوایەیەکی وا لە ئارادانەبووبێت بۆ هێنانە بوون و بەرپاکردنی گیانی یەکێتی و فیداکاری لە ناو هۆزە پەرتەوازەکانی عەرەبدا کە هاوڕای نەبوون لە سەرەتادا، کاتێک کە کارایی و توانایی ئەویان پەی پێ برد ، و لە بەرانبەر سودی ئەو هێزە مەزنەدا کە بەرجەستە بوو ، بەڵام  ڕۆژەکانی تەمەنی ئەو بەرەو کۆتایی دەچوون . بەڵام جێنشینەکانی ئەو لەو ئامانجانەی کە بەدی هێنابوو   ، بە باشی سودیان وەرگرتو  لە سەر بنەمای فێرکراوەو ڕێگای محمد ئیمپراتۆرێکی مەزنی عەرەبیان بونیاد نا  .

محمد بە گێرانەوەی ئەو چیرۆک و داستانانەی کە هەر لە ناو خەڵکدا باوبوو دەستی پێکردوو بۆ ئەوەی کە عەرەبەکان ئەو چیرۆکانە بە بەشێک لە خۆیان بزانن ، تەواوی داستانەکانی بە ناوی الله  خودایەک کە جێگەی پەرستنی عەرەب بوو بۆ خەڵکی سەرلە نوێ زیندو کردەوە .

هاوکات بۆ سەرنج ڕاکێشانی قەومی یەهود و ناڕەزایەتی لە رووبەڕوبونەوە لە چەند بەرەیەک دا  ، بە قەومی یەهودی دەوت :

( امنا بالڗی انزل الینا و انزل علیکم و الها والهکم واحدا ) سورەتی عنکبوت ئایەتی 46 .

ئێمە بەوەی بۆ ئێمەو بۆ ئێوە دابەزی باوەڕمان هێناوە خودای ئێمەو خودای ئێوە یەک خودایە .

لە ماوەی 13 ساڵ کە لە مەککە بوو یەک ساڵ و نیو پاش هیجرەت کردنی بۆ مەدینە ، پرۆپاگندەی بۆ ئایینە نوێکەی دەکرد ، الله لە شێوەی پەیکەرێکدا دانرابوو ، موسڵمانانیش لە دەوروبەری کەعبەو هەندێکاتیش پشتی کەعبە بەرو ئورشەلیم نوێژیان دەکرد ، ڕۆژانی موسڵمانان لە گەڵ ڕۆژانی کفارە و رشۆژانی تەوبە و ئەستەخفیرەلاّ هاوئاهەنگ بوو . فیرکراوە ئایینی و ئەخلاقیەکانی سەردەمانی مەککە دوبارە کردنەوەی هەمان ئەو خواستانەبوو کە لە زمانی پێغەمبەرەکانی یەهودەوە بە عیبری وترابوو . موسڵمانان بەڕەوشی قەومی یەهود لە زۆر ڕەوە وە کە چەندین ساڵ دواتر لە مەدینە بەرقەراربوو ، ئەنجامیان ئەدا . تەنیا جیاوازی زۆری ئاینی ئیسلام و ئاینی یەهود لە ناوی خودادابوو ، هێشتان ئیشارەیەک بە کۆی ئەحکام و دەستورەکانی ئایینی نوێ و جیاوازی خودایی نەدرابوو ، محمد لەو ساتەدا تەنیا یەک ترسێنەر بوو ، کە بە شێوەی پێغەمبەرەکانی یەهود خەڵکی لە ڕۆژی دوایی و زیندوبونەوە و تۆڵەی خودا ئاگادار دەکردەوە .

(یا ایها المدپر قم فانڑر 1-2 سورەتی مدپر ئایەتی 1-2

ئەی ئەو کەسەی خۆت پێچاوەتەوە هەستەو خەڵکی بێدار بکەوە .

(قل انی انا النڑیر المبین ) سورەتی الحجر ئایەتی 89 بڵ من ترسێنەرێکی ئاشکرام .

قورئان بۆمن بە سروش هاتوە تا ئێوە بێدار بکەمەوە . سورەتی ئەنعام ئایەتی 19.

لە راستیدا ئایینی ئیسلام بەو جۆرەی کە ئەمرۆکە بە شێوەی ئاینێک ناسراوە ، بەرهەمی ئەو ساڵانەی پاش هیجرەت کردنە بۆ مەدینە ، و هی ئەو سەردە مەیە کە هزری محمد باشتر پێگەیشت و ئامانجی ئاشکراو لە بەردەستدا بوو . کاتێک محمد گەیشتە مەدینە ، و ئیمکاناتی باشتر و زیاتری بۆ گەیشتن بە ئامانجەکەی لە بەردەستدابوو ، سیاسەتێکی تری بۆ پرۆپاگندەی ئاینەکەی گرتەبەر ، ئاهەنگی ئایەتە قورئانیەکان و هەتا ستایلی گوتارو نوسینەوەی بە مەبەستی هەماهەنگی لەگەڵ سیاسەتی نوێی ئایینی دا گۆڕی .

هەندێک لە لێکۆڵیاران ، وەکو گیبۆن نوسەری ناوداری مێژووی ئیمپراتۆری ڕۆم محمد بە دوکەسیەتی جیا لەیەک دادەنێت . کە کەسیەتی دووەمی محمد پێش هیجرەت بۆ مەدینە لە لای خەڵک نەناسراو بووە ( 1 ) من لەگەڵ ئەم بۆچونەدا هاوڕانیم و باوەڕم وایە ، کە محمد کەسیەتیەکی یەک لایەنە بووە و لە ئامانج و لە کەسیەتیدا چ لە مەککە و چ پاش کۆچکردنی بۆ مەدینە هیچ جۆرە گۆڕانکاریەکی تیادا ڕو نەداوە .

---

gibbon-1 نوسەری کتێبی ( ( decline and fall of roman empaire دەنوسێت : ( ناتوانم دەربارەی پێغەمبەری عەرەب حکومێکی تەندروست بدەم ، چونکە ئەو پیاوە لە ئەشکەوتی حەڕا خەڵوەتی دەگرت و پاشان لە مە ککە واعیزی دەکرد ، جگە لەوەی کە پیاوێکەو عەرەبستانی فەتح کرد هیچی تر نەبوو )

گلدزیهر خۆرهەڵات ناسی نەمسایی لە کتێبی ( عقیدەو شریعت لە ئیسلامدا ) لە بارەی پەیامبەری ئیسلامەوە دەنوسێت : ( سەردەمی مەدینە هەتا محمد ئەو ویناکردنەی لە بابەت کەسیەتی تایبەتی خۆیەوە کردبووی گۆڕانکاریەکی ریشەیی خولقاند ) لە مەکە بیری کردەوە کە ئەو پێغەمبەرە کە بە

پەیامەکەی خۆی  زنجیرەی پەیامبەرانی تەوراتی گەیاندە کۆتایی و لە سەر ئەو وەزیفەیەی کە پێ ی سپێردراوە – هەروەک پەیامبەرانی یەهود – خەڵکی ئاگادار بکاتەوە ئەوان لە گومرایی  بگێرێتەوە بەڵام لە مەدینە  کە باروۆخی دەرەکی جۆرێکی تربوو ، ئامانج و پلانە سەرەتایەکانی  خۆی گۆری

بەلکو محمد بە سەرنجدان بە و فاکتەرو ئیمکاناتانەی کە روداوو پێشهاتانەی کە ئەزمونی لێ وەردەگرتن ، سیاسەت و رەوتی خۆی  بۆ گەیشتن بە  هەدەفی دیاری کراوی خۆ گۆری  . مێژوویی ئیسلام ، مێژووی دەست ڕاگەیشتنە بە هێزو دەسەڵات  و ئایینیش کەرەستەی گەیشتن بەو ئامانجەیە . ئامانجی محمد  ، دروستکردنی یەکێتی یەک بوو  لە نێوانە هۆزە جیاجیاکانی عەرەب ، و دارشتنی بنچینەو پایەی کۆمەڵگە یەکی بە بەهیز لە ژێر ئاڵای ئیسلامدا  . هەنگاوەکانی محمد لە مەدینە دژە کرداری نوێی ( پەرچە کردار نوێی ) لە بەرانبەر تواناو روداوەکان هەڵگرت . ئایەتەکانی قورئاران باشترین کەرەسەی شیکاری بوو بۆ ئاشنایەتی تەواو لەگەڵ سیاسەتی پرۆپاگندەیی محمد لە ماوەی   23 پێغەمبەرایەتیدا . دەستورەکانی کە محمد لە مەکە و مەدینە پیادەی دەکرد هەمیشە هاوئاهەنگ بوو لەگەڵ رەوتی روداوو گۆرانکاریەکانی رۆژدا ، محمد هیچ کاتێک پێش لە هەڵسەنگاندنی هێزوو توانای خۆی گیانی موسڵمانەکانی نە دەخستە مەترسیەوە . لە مەککە چوونکە هێزو توانای بەرگری کردنی لە بەرانبەر هێزی قورەیشدا نەبوو ، سوکایەتی کردن و سزای ئەوانی قبوڵ دەکردوو دەی وت : ( واصبر علی ما یقولون واهجرهم هجرا جمیلا ) سورەتی مزمل ئایەتی 10

( ادع الی سبیل ربک بالحکمە و الموعقە الحسنە وجادلهم باللی هی احسن ) سورەتی النحل ئایەتی 126

بۆ ئەوەی کەبەرگری لە  هێرشی بێ هودەی قورەیش و هێرشی سەربازیانەیان بکات ، ئامۆژگاری هاوەڵەکانی خۆی دەکرد : ( بە خودای ئەو کەسانەی کە بێجگە لە الله دەی پەرستن جنێو قسەی ناشیرین مەڵێن نەبادا ئەوانیش لە روی نەزوانینەوە جنێو بە الله بدەن ) سورەتی انعام ئایەتی108

وە لە بەانبەر نیگەرانی یەکانی قورەیش لە هەمبەر ئایینی ئیسلام و نهێنی ئەوان لە گۆرانی رەوشی ئایینی دەی وت : (ئەی کۆمەڵەی بێباوەران ئەوەی کە ئێوە دەی پەرستن من نای پەرستم ئەوەی کە منیش دەی پەرستم ئێوە نای پەرستن ... ئاینی خۆتان بۆ خۆتان ئایینی خۆم بۆ خۆم ) سورەتی الکافرون

( کردەوەی من لە ئەیستۆی من و کردەوەی ئیوەش لە ئەستوی خۆتانە ) سورەتی ینس ئایەتی41

محمد لە مەککە رێگە چارەیەکی تری جگە لە ئارام گرتن نەبوو ، لە بەرانبەر سوکایەتی و ئەشکەنجە دانی قورەیشەکان . لە دۆخێکی وەهادا تەنیا ئایەتی نوێی دە خوێندەوە و موسڵمانەکانیشی دڵدەدایەوە ئامۆژگاری دەکردنکە ئارام بگرن و دان بە خۆیاندا بگرن .

(ئەو دەستەیە ( بێباوەران ) بە خێرایی شکست دێنن و لە ناو دەچن ) سورەتی قمر ئایەتی45

رەنگە ئەگەر هۆزی قورەیش هەروەکو تاکەکانی اوس و خزرەج لە بەرانبەر بانگهێشتی محمدا ملیان بدایە و فەرمانەکانی بە رەهایی لە ئەستو بگرتایە ، لەشکر کێشی محمد بۆ دەرەوەی عەرەبستان  20 ساڵ زوتر دەستی پێ بکردایە . بەڵام ئەو سیاسەتەی کە محمد لە دەستپێکی پێغەمبەرایەتیەکەیدا پیادەی کرد و شوێن کەوتنی ئەو بە تەواوی بۆ ئایینی یەهود ئیمکانی هەرجۆرە سازشێکی لەگەڵ هۆزی قورەیش بکردایە . لە مەکە رێگای سازش کردن لە هەموو لایەکەوە داخرابوو ، لە مەدینە ، محمد ئیمکاناتی زیاتری لە بەردەستدا بوو ، کاتێک بە دەستی پڕ لە هێزی شوێن کەوتوانی باوەڕی پتەوی

ئەوان لە ململانێی دا تا دوا دڵۆپەی خوێن ، دڵنیایی تەواوی بەدەست هێنا . سیاسەتی پڕۆپاگندەیی خۆی بۆ گەیشتن بە ئامانجە کەی گۆڕی و داوی لە گشت عەرەبە موسڵمانەکان کرد بجەنگن . لەو ساتە بەدواوە سیاسەتی بانگەشەکردنی مەدەنیانەی میان ڕەویانەی خۆی گۆڕی بۆ سیاسەتی کرداری ڕۆژانەو بەکار هێنانی نوکی تیژی شمشێر . هەمان سیاسەت لە تەواوی سەردەمەکانی تردا لە لایەن خودی خۆی و جێنشینەکانیەوە پیادە کرا . ئەوە گۆڕانکاری ئیمکانات و بارو دۆخەکەیە کە بوە هۆی پەرچە کرداری محمد و گۆڕانی دۆخی پرۆپاگندەیی بۆ گەیشتن بە ئامانجە کەسیەتیەکانی . نە گۆڕانی کەسیەتی یان گۆڕینی ئامانجەکەی . هاوتەریب لەگەڵ گۆڕانێک کە لە ئیمکانات و هێزی سەربازی مداد بەرجەستە بوو . ئایەتەکانی قورئان و دەستوراتەکانی ئیلاهیی دەربارەی پەیوەندی موسڵمانان لەگەڵ کافرەکان و یان خاوەنی کتێبە ئاسمانیەکان هاوکات گۆڕانی بەسەردا هات . ئیتر قسە کردن لە سەر ( ئارام گرتن و نەرمیی نواندن ) یان ( ئاینی خۆتان بۆ خۆتان و ئاینی خۆم بۆ خۆم ) نەما . محمد جەنگی لە دژی عەرەبە نەیارەکانی ڕاگەیاند و بە شوێن کەوتوانی خۆی وت :

( واقتلوهم حیپ پقفتموهم ) سورەتی بقرە ئایەتی 191 بایان کوژن لە هەرکوێدا دەستان بە سەریاندا ڕۆشت .

( قاتلو هم حتی لاتکون فتنە و یکون الدین کلە اللە ) سورتی ئەنفال ئایەتی39

لەگەڵ بێباوەڕاندا بجەنگن تا فیتنە نەمێنێت و ئایین تەنیا ئایینی اللە بێت .

ناوێک کە محمد بۆ ئایینەکەی خۆی هەڵبژارد . باشتریت شێوەی چاوەڕوانیە کە محمد و ئیسلام لە شوێنکەوتوانی بەدەستیان هێنا . کۆتایی بە هەموشتێک دێنێت . ئایینی ئیسلام ئایینی ملکەچی و پەرستن و کۆیلەیەتی یە لە بەرانبەر ئیرادەی اللە و محمدا . یەکەمین وەزیفەی مرۆڤی موسڵمان ئەوەیە کە بڵێت ( سمعنا و اگمنا ) بیستمان و مل کەچین .

سورەتی بقرە ئایەتی 285 دەستەوواژەی موسڵمان کە ڕیشکی لە ناو باوەری ئیسلامدایە بەو کەسانە دەڵێن کە ملکەچن و گوێڕایەڵی فەرمانەکانن . دیکتاتۆری گشتی ئایینی اللە یان بە واتایەکی باشتر ، دیکتاتۆری گشتی ئایینی محمد بە ناوی اللەوە . لە زۆرێک لە ئایەتە کانی قورئاندا محمد لە تەنیشت اللەوە دانراوە و ملکەچی و ئیتاعەت کردنی ئەو بەشێکە لە ئایینی ئیسلام لە ناو ئیرادەی ئیلاهی دا پێک دەهێنێت .

( ئەی ئەو کەسانەی کە ئیمانتان هێناوە گویرایەڵی فەرمانی خوداو نێردراوەکەی بن ) سورەتی انفال ئایەتی 20

( نوێژەکانت بکە ، زەکات بدە ، و گوێڕایەڵی پێغەمبەر بە ) سورەتی نور ئایەتی55

( ئایا نازانیت ، هەرکەس دژی اللە و پێغەمبەرەکەی بێت ، ئاگری دۆزەخ دەبێتە نسیبی ) سورەتی تۆبە ئایەتی 64

( لە هەمانکاتدا اللە و مەلائیکەکانی سلاوات لە دیاری پێغەمبەردەدەن ، ئەی ئەو کەسانەی کە باوەڕتان هێناوە ئێوەش سڵاوات لە سەر پێغەمبەر بدەن و ملکەچ و گوی ڕایەڵی بن ) سورەتی احزاب ئایەتی56

(ئەو کەسانەی کە دژی فەرمانەکانی پێغەمبەر ڕەفتار دەکەن ئەبێت بترسن لەوەی کە فیتنەگێری ئەوان ئاشکرابکرێت و ئەشکەنجە بە ئازار بدرێن ) سورەتی نور ئایەتی63

ئایینی ئیسلام ، لەو سۆنگەیەوە کە هەڵگری پەیامێکی توندو تیژە ، لە ئایینەکانی تر جودادەکرێتەوە . بەڵام ئەم مانیفستۆیەی کە بە هۆی ڕێکخستنی کۆمەڵگەوە دانەڕێژراوە ، بەڵکو بە هۆی دەست گرتن بە سەرکۆمەڵگەو کۆنترۆڵ کردنیدا ڕێکخراوە .

گرنگترین و سەرەتایی ترین  بنچینەی باوەڕی موسڵمانان تەوحیدو شایەتومان هێنانە . قورئان لە ئایەتی جیاجیادا ، ئەو بابەتەی یاد هێناوەتەوە کە بە ڕستەی ( لااله الاالله ) لە بواری جیاجیادا بەکاری هێناوە ، شایەتومان هێنان سەرتایی ترین رستەیە کە بە گوێی منداڵی موسڵماندا دەدرێت . ئاخرین ڕشتەیشە کە لە کاتی سەرەمەرگدا دەی لێنەوە .

توحید یەکتا پەرستی لەداهێنراوەکانی ئیسلام نیە ، بە جۆرێک کە لە هەمبەر خوداکانی میسریش وتراوە . ئامۆنۆفیس (  amenophis iv فیرعەونی میسر لە  14  سەدە پێ زایین ئەو دەستە واژەیەی دەربارەی خودای ئاتون بەکار هێناوە . لە تەوراتی ئەشعیای پێغەمبەرلە بابی    45 لە صحیفەی خۆیدا سودی لەو دەستەواژەیە وەرگرتوە و لە زمانی یەهوە وە وتویەتی : ( جگە لە من خودایەکی تر نیە ، بۆ ئەوەیە کە لە خۆرهەڵاتەوە تا خۆرئاوا بزانن کە جگە لە من خودایەکی تر نیە ، من یەهوەم وکەسێکی تر نیە )

ئیسلام ئەم دەستەواژەیەی لە تەوراتەوە وەرگرتوە ، و بە ناوی خودای خوداکانی عەرەب ناوزەد کراو وترا : لااله الاالله ) .

بنە ماکانی ئایینی ئیسلام  ( یەکتایی ، پێغەمبەرایەتی و باوەڕ بوون بە ڕۆژی دوایی  و  بەجێگەیاندنی فەرزەکان لە لایەن موسڵمانانەوە بریتین لە  :

نوێژ – ڕۆژوو –خمس – زەکات – حەج – جیهاد – فەرمان بەچاکەو نەهی لە خراپە .

بنچینەکانی ئایین کە پایەی باوەڕی هەموو موسڵمانێکە یان بە کەمێک جیاوازیەوە کە ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ چۆنیەتی تەفسیر کردنی قورئان و فەرموودەکان کە هەر دەستەیەک بە جۆرێک لێکی داوەتەوە . لە ناو موسڵماناندا یەکسانەو لە سنووری شەریعەتی ئیسلامی دا کە لە سەر بنەمای حکومەکانی قورئان و سونەتەکانی محمد ، کۆڕاو پێوانەو پایە ڕێژی کراوە ، زیاتر ناڕوات . شەریعەتی ئیسلام بە درێژای سەدەکان  ناوەندی شرۆڤە و فیرکردن و پەروەردەکردنی نەتەوەیی بون . پێک دەهینێت . هەر وشەیەکی ئایەتەکانی قورئان  چەندین جار جێگای تەفسیر و راڤە کردن لێکدانەوە بووە و کتێبێکی زۆر لەم بارەیەوە نوسراوە .

فقەی ئیسلامی لە سەر بنەمای    500  ئایەتی قورئان بە شێوەی ئایەتەکانی حکوم و چەندین هەزار فەرموودە ی پێغمبەر کە ڕوکنی بنچینەیی یاسای فیقهی وبە  بەشی گشتی قورئان ئەژمار دەکرێت لێی کۆڵڕاوەتەوە .

(پێغەمبەری خودا بۆ ئێوە سەرمەشق و هێزێکی باشە ) سورەتی الحشر ئایەتی7

(هەرچیەک کە پێغەمبەر بە ئێوەیدا وەری بگرن ، و لە هەرچیش ئێوەی قەدەغە کرد ، خۆبەدور بگرن ) شێوەی یاسایان لە خۆ گرتوە  و موسڵمانان باوەڕیان وایە کە  هەردووک لە یەک کەس و لە یەک سەرچاوەوە ڕێچکەیان گرتوە  و هاتون و هەردوکیشیان پێغەمبەر یان بە جیهان ناساندوە . و تەواوی دۆخی ژیانی ئیسلامی لە خۆ دەگرێت .

پاش کۆچی دوایی محمد فقە ئیسلامیەکان هەموو فەرمودەکانیان کۆکردەوە و شرۆڤەی فقەی ئیسلامی لە سەر بنەمای  ئەحکامی قورئان و فەرمودەکانی پێغەمبەر موبادرەیان کرد . ئەوەی کە ئەمرۆکە بە ناوی

فقه ی ئیسلامی له تەواوی وڵاتانی موسڵمان پەیڕەو دەکرێت و کاری پێدەکرێت . بەرهەمی کاری ئەو کەسانەیە کە له پاش سێ سەدە دوای کۆچی دوایی محمد کەوتنە تەفسیر کردنی ئەحکامەکانی قەرئان و گونجاندنی فەرمودەکان لەگەڵ ڕوداوەکان .هەوڵی بۆ دراوە . فقه موسڵمانەکان لە ناوەندی ئیسلامەوە تا ئێستا بۆ فتوا دان له سەر هەر بابەتێک به ئایەتەکانی قورئان یان فەرمودەکانی پێغەمبەر دەگەڕێنەوە و هەریەکێک له مانەش له و دادوەری کردنەوە نزیک بێت سود وەردەگرن. هروەها فەرمودەیەک له سەر بابەتێک له جیاتی گفتو گۆو شیکردنەوە دادی دەنێن ، و به گشتی وەک هاوشێوەیەک له هەمان فەرمودە بۆ دادوەری و بڕیاردان دەیکەنە بنچینەی فتواکەیان .

له دیدی ئیسلامەوە خەڵکی دنیا دابەشکراوە بەسەر چوار بەشدا :

1-موسڵمانەکان له سەر بنچینەی ئایەتی 71 سورەتی ئالعمران :

(هاوکات ئایین له دیدو لای خودا تەنیا ئیسلامە ) له سەر بنەمای ئایەتی79 هەمان سورەت :

( کەسێکە کە جگە لە ئیسلام ئاینێکی تر هەڵبژێریت لێی قبول ناکریت )

جێگەی موسڵمانانی به شکۆ له ڕۆژی پەسلاندا . له بەهشتدا له سەر ئەو بنەمایەیە که دواتر باسی دەکەین .

2-خوەن کتێبە ئامانیەکان :

مەبەستی قورئان له کتێبە ئاسمانیەکان ئەو کەسانەیە که یەکێک لەو سێ کتیبە ( تەورات و – ئینجیل و – ئاڤیستا ) پەیرەوی دەکەن . له سەر بنەمای ایەتی 56 ی سورەتی مئدە ، موسڵمانان مافی ئەوەیان نیە که پەیرەوانی ئەوئاینانە له باوەش بگرن یان ئەوان بکەنە هاوری و دۆستی خۆیان ، بەڵکو له سەر بنەمای ئایەتی 29 سورەتی توە ، پێویستە :

(لەگەڵ ئەو کەسانەی که خاوەنی کتێبی ئاسمانین و ئاینی هەق ( ئاینی ئیسلام ) قبوڵ ناکەن بجەنگن تا مل بدەن و به دەستی خۆیان جزیە بدەن )

3-کافر – بێباوەر

له سەر بنەمای ئایەتی 28 سورەتی تۆبە ئەو دەستەیە ی خەڵکی جیهان گڵاون و نابێت له حەرەمی ماڵی کەعبە نزیک بینەوە ، له سەر بنەمای ئایەتی 29- 124 سورەتی تۆبە و ئایەتی 4ی سورەتی محمد موسڵمانان له ئەستۆیانە له گەڵ ئەو چینەی خەڵک بجەنگن و بدەن له ملیان .

منافقین :

ئەو دەستەیە له خەڵک که له سەر بنەمای بەرژەوەندی خۆیان نه له سەر بنچ ینەی باوەڕ موسڵمان بون و له یەکەمین دەرفەت و هەلدا له دژی ئەوانە هەڵسن . وەزیفەی موسڵمانانی کردەوە توندو تیژ لەگەڵ ئەوانەدایە کە بەڕاستی و له باوەڕەوە ڕێمایی کراون .

بەرایی پێنجەم :

کاریگەری باوەڕەکان ،نەریت و باوەڕەکانی سەردەمی ناسراو بە جاهیلیەت لە ئیسلامدا .

1- خوداو مرۆڤ – خوداوەندیەتی

خودا لە ئیسلامدا ، ناونراوە بە الله و ئەمەش هەمان خودای خوداکانی عەرەبی جاهیلیەتە . وشەی ال ( elیان ئایل لە لای هۆزەکانی سامی و دانیشتوانی یەمەنی باشور ، دەلالەتی لە بونەوەرێک دەکرد کە خاوەنی هێزێکی لە ڕەە بەدەری ئەو دیو سروشتەوە بێت . ئال لە ناوچەی کەنعان خودای خوداکان و هاوسەرەکەیشی بە ناوی ( انات ) ( anatو کوڕێکیشی هەبوو بە ناوی ( بعل ) ( ( baalئیبراهیم پاش کۆچ کردنی لە ( اور ) ەوە هاتنی بۆ ناوچەی کەنعان لە ( بیت ایل ) نیشتە جێ بوو و لەوێش قوربانی خانەیەکی دروست کرد . خەڵکی ( سبا ) دەستەواژەی ئەالله یان وەک خودا لە کەتیبەکانی خۆیاندا بە کار هێناوە ، نبتی یەکان و هۆزوەکانی ناوەندی عەرەبستان خودایان بە ناوی ( هلا ) ناودەبرد ، کە دواتر پیتی ال خرایە سەرەتایی هلا وە و بوە الله ، عەرەبەکانی حیجاز الله وەکو خودایەکی مەزن و لە پێشتر لە کۆی بتەکان یان دەپەرست . ناوی الله لە زۆرێک لە شیعرو شاعیرەکانی پێش ئیسلامدا وەکو خودای شیاوی پەرستن هاتوە . ( لبید بن ربیعە ) لە شێعرێکیدا کە پێش هاتنی ئیسلام وتویەتی دەڵێت :

الا کل شیئی ما خلا الله باگل و کل نعیم لا محالە زائل

ئاگاداربە کە هەرشتێک جگە لە الله بێ بنەمایە و تەواوی نیعمەتەکان دەبێت لە ناو بچن . قورئانیش بە هەمان دیدو تیڕوانینی خەڵکی مەککە وە الله وەکو خودای مەزنی عەربەکان ئاماژە پێدەدات :

( ئەگەر لەوانە بپرسی چ کەسێک لە ئاسمانەوە ئاودەبارێنێت و بەو ئاوە زەوی لە دوای مردنی زیندو دەکاتەوە دەڵێن ئەوە الله یە ) سورەتی عنکبوت ئایەتی 63 وە لە ئایەتی 6 هەمان سورەتدا ، ( ئەگەر لەوانە بپرسیت کە کێ دنیای دروست کردوو خۆرو مانگی دروست کرد دەڵێن الله )

عەرەبەکان لە بنچینەدا تەواوی بتەکانیان بە نوێنەری نێوان بەندەکان و الله وێنا دەکرد ، و دەیان وت : کە الله خاوەنی ژن و مناڵە . لە نێوان جن و الله دا باوەڕیان بە پەیوەندیەکی پتەو هەبوو . ئایەتی 100 لە سورەتی انعام ( بە هۆی نەزانینەوە کچو کوریان بۆ الله داتاشیوە ) وە ئایەتی 8 سورەتی صافات ( لە نێوان جن و الله پەیوەندیەکی بەرجەستە کراو هەیە ) ئەم ئایەتانە ئاماژەیە بە هەمان باوەڕی عەرەبەکان لە پێش هاتنی ئیسلام ، عەرەبەکان باوەڕیان وابوو ، ئەگەر : ( خۆیان بنوشتێننەوە و یان خۆیان داپۆشن ، ئەوا خۆیان لە بەرچاوی خودا ون دەکەن و خوداش کارو کردەوەی ئەوان نابینێت ) سورەتی هود ئایەتی 5

عەرەبەکان هەرسێبتەکانی ( لات ، منات ، عزی ) یان بە کچی الله دەزانی و پێیان دەوتن ( کچەکانی الله ) ئەم باسە لە ئایەتەکانی 22 و 23 سورەتی نجم دا هەڵگەڕێنراوەتەوە و الله کە عەرەبەکان ئەو بتانەیان بە کچی دادەنا و کوریان بۆ داتاشی بوو گازندە دەکات و ئەوە بە دابەشکردنێکی نا داپەروەرانە دادەنێت . کاتێک کە محمد بانگەشەی پێغەمبەرایەتی کرد ، هەمان ناوی ناسراوو ناوی خودای خوداکانی عەرەبی وەکو خودای ئایینەکەی خۆی هەڵبژارد . لە سەرەتای پیچغەمبەرایەتیدا کە محمد دۆخی پێغەبەرەکانی یەهودی کردبووە سەرمەشقی خۆی بە شێوەی تەورات خەڵکی لە ئەشکەنجەی خودا ئاگادار دەکردەوە و بانگی دەکردن بۆ ملکەچی و خواپەرستی . لە ڕوبەڕوو بونەوە و ململانێی خۆی دەپاراست و هیوای بە پارێزگاری لێکردنی لە لایەن گەلی یەهودەوە هەبوو . الله پەیوەندیەکی پتەوو باشی لە گەڵ هەردوو گەلی خاوەنی کتێبە ئاسمانیەکاندا هەبوو . بە شوێنکەوتوانی ئەو ئایینانەی دەوت :

(ئەوەی بۆ ئێوە دابەزیوە ئێمە باوەڕمان پێ هێناوە ، خودای ئێمەیو خودای ئێوە یەک خودایە )
سورەتی عنکبوت ئلیەتی 45

تەواوی ئەو رەفتاو هەڵوێستانەی کە یەهوە لە تەوراتدا و باوک ( مسیح ) لە ئینجیلدا ئەنجامیاندابوو ، قورئان خستیە پاڵ الله . عیسی بە بەندەیەک لە بەندەکانی الله دانا ، کە لە مریەمی کچەوە ( پاکیزە ) هاتوەتە دنیاو بۆ باوەڕهێنان بە مریەم الله ڕۆحی خۆی ناردوەتە سەر زەوی و ڕۆحی بە شێوەی مرۆڤ لێکردوە و لەگەڵ مریەم جوت بووەو نوتفەی عیسای لی دروست بووە. سورەتی مریم ئایەتی 17

الله موسای بە پێغەمبەر هەڵبژاردوو لە ناوەچەی ( مدین ) ڕەوانەی میسری کرد تا گەلی بەنی ئیسرائیل لە کۆیلە یەتی و ژێر دەستەیی فیرعەون ڕزگار بکات . هەر ئەویش بوو کە موعجیزەی نۆ لایەنەی ( نمل – 12 و اسرا ، 103 (1) هێزی خۆی نمایش کرد سەر ئەنجام فیرعەون و لە شکرەکەی بە هۆی ئازادن نەکردنی بەنی ئیسرا ئیلەوە لە دەریادا نقوم کرد و تۆڵەی لێسەندنەوە . بەنی ئیسرا ئیل پاش ڕزگاربونیان لە دەست بەسەری میسریەکان ، ڕێنمایی کرانەوە بۆ ناوچەی ڕۆژی پەسڵان و ئەوانی کردە گەلی هەڵبژێردراوی خۆی :

(ولقد اخترناهم علی علم العالمین ) سورەتی دخان ئایەتی 31

ئەوانمان بە زانستی خۆمان لە ناو گەلانی جیهاندا هەڵبژارد .

وە داوای لە موسڵمانان کرد بۆ نوێژ کردن ڕووبکەنە ئورشەلیم پەرستگەی یەهودو جێگای لە دایک بونی عیسا .تا بەرگری بکرێت لە نیفاق لە نێوان شوێنکەوتوانی هەرسێ ئاینی ئیبراهیمی . بەڵام پاش کۆچ کردنی محمد بۆ مەدینە و بەرفراوانبونی زیاتری ئاینی ئیسلام و تەقویتی هێزی سەربازی موسڵمانەکان پەیوەندی الله لەگەڵ گەلی بەنی ئیسرائیل بەرەو ساردی ڕۆشت و بە تەواوی دورکەوتەوە لێیان . سەرەتا بە محمدی وت : ( بە ئارامی بە خاوەن کتێبەکان و عەرەبە کافرەکان بڵێ ئایا ئیسلام دەبن : ئەگەر موسڵمان بون ئەوا هیدایەت دراون و ئەگەر لە بانگهێشتەکەی تۆ رویان وەرگێڕا ( کارت پێیانەوە نەبێت ) وەزیفەی تۆ ڕاگەیاندنی پەیامی خودایە ) سورەتی ال عمران ئایەتی19 .

ئەو هێزەی کە ڕۆژانە دەهاتە سەر هێزی سەربازی موسڵمانەکان و زیاتر بوونی ڕێژەی موسڵمان ، فەرمانەکانی الله دەربارەی پەیوەندی موسڵمانان و شوێنکەوتوانی ئایینەکانی تر گرژتر دەبوو . بە محمد دەڵێت : ( سەرسەختترین دوژمنی ئیسلام یەهود و ئەو کەسانەن هاوەڵ بۆخودا دادەنێن ) سورەتی مائدە ئایەتی 85

وە فەرمانی بە محمد کرد تا ڕوگەی ( قبلە ) موسڵمانان لە ئورشەولیمەوە بگۆڕێت و موسڵمانان لە هەر کوێ بن ڕوی خۆیان لە کاتی نوێژکردندا وەربگێڕن بەرەو کەعبە و لە بەشەی کۆتایی ئایەتی 85 و ئایەتی 86 ی سورەی مائدە بە محمد دەڵێت :

---

1-ڕێژەی ئەو موعجیزانەی کە یەهوە بۆ ڕزگار کردنی بەنی ئیسرائیل لە ژێر دەستەیی میسریەکان ئەنجامی دا وە ئەمانەن : 1- کردنی دارعاساکەی موسا بە مار 2-نورانی بونی دەستی موسا 3-گۆڕینی ئاوی دەریاکە بە خوێن 4- وەزغ 5-مێش و مەگەس 6-پشیلەکان 7-ڕێوی بۆ ماڵاتەکانیان 8-دمەڵ بۆ مرۆڤ ئاژەڵ 9-سەرماو گەرما 10- ملغ 11- تاریکی تەواو بۆ ماوەی سێ ڕۆژ جگە لەو شوێنانەی کە یەهود نشین بوون 12- مردنی تەواوی مناڵی نۆبەری میسریەکان .

( نزیکتر لە هەموو شت  دۆستایەتیە لەگەڵ باوەڕداران ، ئەو کەسانەی کە دەڵێن ئێمە ئەنسارین  .
هاوکات هەندێک لەوانیش وەکو کەشیشەکان  بترسێنە و ئەوانەی کە ئامادە نین گوێ لە ئایەتەکانی کە بۆ پێغەمبەر دادەبەزێنریت بگرن . دەبینی لە ئەنجامی کاریگەری ناسینی هەقەوە فرمێسک لە چاویانەوە دەرژێت ) بەڵام پەیوەندی گەرمی الله  لەگەڵ مەسیحیەکان زۆری نە خایاند و سیاسەتی دۆستایەتی لەگەڵ خاوەن کتێبەکان گۆڕا بە سیاسەتێکی توندو تیژوو کوشتار . الله لەگەلچ هەردوو گەلی یەهود و مەسیح پەیوەندی پچراند و بە موسڵمانەکانی وت : ( یا ایهاالژین امنو لاتتخژوا الیهود والنصاری اولیا ، بعچهم و اولیا ، بعچ ومن یتولهم منکم فانە منهم ) سورەتی مائدە ئایەتی 51

ئەی ئەو کەسانەی باوەڕتان هێناوە دۆستایەتی لەگەڵ گەلی یەهود و مەسیحیەکاندا مەکەن هەرکەس دوۆستایەتی لەگەڵ ئەواندا بکات ئەوا ئەویش وەک ئەوان وایە .

پاش ماوەیەک جەنگی هەمە لایەنەی ڕاگەیاند و وتی  :

( قاتلو الژین لا یۆمون باللە و لا بالیوم الاخر ولا یحرمون ما حرم اللە و رسولە ) بیان کوژن ئەو کەسانەی کە باوەڕیان بە الله و ڕۆژی دوایی نیە وئەوەی کە خوداو پێغەمبەرکەی حەرامیان کردوە بە حەرامی نازانن )

(ولا یدینون دین الحق من الژین اوتوالکتاب حتی یعگوا الجزیە عن ید وهم صاغرون ) سورەتی تۆبە ئایەتی 29 وە ئەو کەسانەی کە ئایینی هەق ( ایسلام ) قبوڵ ناکەن بجەنگن تا قبولی دەکەن بە دەستی خۆیان جزیە بدەن .

ئەگەر چی لە کۆتاییەکانی ژیانی محمد دا الله خواستیاری ڕێکخستنەوەی دۆخی دڵنەوایی بوو لەگەڵ شوێن کەوتوانی ئاینەکانی تری ئیبراهیمی و بەرجەستە کردنی پەیوەندیەکی باشتر لەگەڵیاندا مۆڵەتی بە موسڵمانان دا تا  : ( لەگەڵ خاوەن کتێبەکان هامشۆو هاتوچۆ بکەن و هاوخوان بین و هەتا لە گەڵ ژنە داوین پاکەکانیاندا هاوسەر گیری بکەن ) سورەتی مائدە ئایەتی 7

بەڵام ئەم دەست بردنە بۆ لە ناودەست خستنی دۆستایەتی و ئاشتەوایی زۆر درەنگ بوو چونکە تۆوی دوبەرەکی و دوژمنایەتی کە لە سەر بنەمای ئایەتەمەدەنیەکانی پێشو لە دڵی هەردوو لادا چەکەرەی کردبوو ، دەرفەتی بۆ ئاشتەوایی نەهێشتبوە وە ، کە بە کورتی ئاوێکی نیوە سارد بو کرا بەسەر ئایەتی 7ی سورەتی مائدە دا و کڵپەکەی خامۆش کرا . لەو کاتە بە دواوە یەهودی و مەسیحیەکان کەمتر ئامادەی ئاشتەوایی بوون لەگەڵ موسڵمانەکان و ئەو جیابونەوە و ڕق وکینە لەگەڵ تێپەڕینی کاتدا زیاتر تەشەنەی دەسەندو شەپۆلی نەفرەت و کینە بەرانبەر بە یەکتر ڕۆژ بۆ ڕۆژ زیاتر دبوو تاگەیشتە بەرپا کردنی چەندین جەنگی خوێناوی و کوشتاری گشتی  .

الله  لە قورئاندا ماناو ویناکردنێکی لە مەودایەکی فراوانترو باڵاتر لەوەی کە عەرەبەکان باوەڕیان پێی هەبوو یان لە تەوراتدا کە هاتوو پێ بەخشی  .

لە تەوراتدا یەهووە لە سەرەتادا بە خودای هۆزێک ئەژمار دەکرا ، و چەندین سەدەش هەر بەو جۆرە لە لایەن یەهودیەکانەوە دەپەرسترا ، تا ئەوکاتەی کە بەنی ئیسرائیل لە بابل ژێردەستە بون و ئاشنایەتیان لەگەڵ باوەڕی ئێرانیەکان و ئاهورا مزدا پەیدا کرد . هو کاتە بەدواوە ئیتر یەهوە وەک خودای جیهان بەدیار دەکەوت . بەڵام دیسان یەهوە باوەڕی بە بە جیهانی بوونی ئایینی یەهود نیە . ئەو تەنیا پارێزەو فەرمانداری  گەلی بچوکی یەهودە ، و ئەو گەلە بە هەڵبژێردراوی خۆی دەزانێت . لە کاتێکدا کە قورئان خودای تەواوی مرۆڤایەتیە  و دەیەوێت کە هەموو مرۆڤایەتی بی پەرستن . ئەو کەسانەی کە لە

ئیجراکردنی فەرمانەکانی ئەو سەرپێچی دەکەن بە ئاگری دۆزەخ دەیان سوتێنێت و فەرمان بە پەیڕەوانی خۆی دەکات لە گەڵ ئەوانەی سەرپێچی فەرمانەکانی دەکەن بجەنگن . تا ئایین تەنیا ئایینی الله بێت .

لە بەر ڕۆشنایی ئایەتی 3 سورەتی یونس ئایەتی 4 سورەتی گە ، جێگای الله لە سەر تەختی فەمان ڕەوایەتی یە ( لە عەرشی ئەعلی ) دایەو لەوێوە بە هێزێکی زۆرتر لە هێزی یەهوەو باوک کارو باری جیهان ئیدارە دەدات و بە تەواوی ماناوە بەرپرسیاری چارەنوسی مرۆڤە . ئەو ، هەر کەسی بوێت دەیگەیەنێتە پلە باڵاکان و بیشیەوێت هەر کەس خاکی ڕەشی پیشان دەدات و سەرگەردانی دەکات . ئەنجامی تەواوی ئەو دۆخە لە خێرو شەڕ ، پەیوەندیدارو گرێچ دراوی ئیرادەی ڕەهای ئەوە .
سەرکەوتنی موسڵمانا و ڕزگاری باوەڕداران لە سەر ئیرادەی ئەو پێک دێت ، و ئەو کەسانەی کە لە سەر بنەمای ئیرادەی ئیلاهی ڕێنمونی کراون دەچنە بە هەشتەوە و دۆژەخیش پڕدەکات لەوانەی کە گومڕاو سەرپێچی فەرمان و ئیرادەی ئەویان کردوە کلیلەکانی ئاسمان و زەوی لە دەستی ئەودایە .

(الله ئیرادەی ئەنجامدانی هەموو کارێکی هەیە ) سورەتی بقرە

(ئەوەی کە بیەوێت ئەشکەنجەی دەدات و ئەوەی کە بیەوێت لیی خوش دەبیت ) سورەتی ال عمران ئایەتی 129

(هەرکەس گومرا بکات ئیتر هیچ ڕێگایەکی هیدایەت بۆ ئەو نیە ) سورەتی اعراف و غافر

(ئەگەر بمویستایە تەواوی خەڵکم هیدایەت دەکرد و بەڵام ئەم قسەیەم هەقە کە هەموو دۆزەخ پڕ دەکەم لە جن و مرۆڤ ) سورەتی سجدە ئایەتی 13

(تەواوی چاکە و خراپە کە کەسێک ئەنجامی دەدات لە لایەن خوداوە یە ) سورەتی نسا

( هەرکات کە قورئان تاوتویچ دەکەیت لە نێوان تۆو ئەو کەسەی کە باوەڕی نە هێناوە حجابێک دادەنینین و گوێکانی ورس دەکەین تا تێنەگات ) 47-48

مەفهومی ئایەتەکانی سەرەوە و زۆرێکی تریش لە قورئاندا لە سەرەتای سەرهەڵدانی ئیسلام ئەو باوەڕەی لە ناو موسڵمانەکاندا دروست کردکە خوداوەند لە ئەزەلەوە بە کارو کردەوەی هەریەک لە بەندەکانی خۆی ئاگادارەو هیچ شتێک لە جیهاندا ڕونادات مەگەر ئەو کاتەی کە کە ڕەزامەندی خودای لە سەر بێت.

(هیچ شتێک لە سەر زەوی و یان لە ناخی ئێوەدا ڕونادات مە گەر ئەوەی کە لە پێشدا و سەرەتا لە( لوح المفوظ ) دەفتەری چارەنوستدا نوسرابێت وە ئەو کارەیش بۆ الله زۆر ئاسانە ) سورەتی الحدید ئایەتی 22

وە مرۆڤ جگە لە کەرەسەیەک بۆ ئیجراکردنی ئیرادەی ئیلاهی زیاتر نیە و هیچ کەس لە کارو کردوەیدا خاوەنی ئیرادە نیە .

بونی ئایەتی دوالیزمی لە قورئاندا بوەتە هۆی سەرهەڵدانی قوتابخانەیەکی تر بە ناوی قوتابخانەی ( ئیختیار ) لە بەرانبەر قوتابخانەی ( جبر ) دا لایەنگرانی قوتابخانەی ئیختیار بە پاڵپشتی چەندین ئایەتی تری قورئانی لەو زەمینەیەدا کە ئایەتەکانی پالپشتی ( جبریەکان ) لە مەککە لە هەمبەر بێباوەڕەکانی ( لجوج ) وە دابەزیوە خوداوەند بە تەواوی ئاگاداری گومڕایی ئەوان بوە .و بەڵگەشیان ئەوەیە کە بنەمای هاتنی پێغەمبەرەکان لە سەر ئەو بنەمایەیە کە پاش تێگەیشتنی لە کرداری چاک و خراپ بیستنی ئامۆژگاری پێغەمبەران پێویستە بە ئیختیاری خۆیان و ئیرادەی خۆیان بەرەو باشی بڕۆن و لە خراپە دوربکەونەوە ، قورئان لە ئایەتی جیاجیادا ئامۆژگاری خەڵکی کردوە کە بگەڕێنەوە بۆ لای هەق بۆنموونە الله ئەو کەسانە هیدایەت دەکات کە :

( هیدایەتی ئەو کەسە دەکات لە خراپە دوربکەوێتەوە ) سورەتی رعد ئایەتی 27

( هەرکەس ئیمان بە الله بهێ نێت ، الله دڵی ئەو هیدایەت دەکات ) سورەتی تغابن ئایەتی 11

(خودا زاڵمەکان گومڕادەکات ) سورەتی ئیبراهیم ئایەتی 27

(خودا ئەو کەسەی کە بە گومان و ڕاڕایە گومڕادەکات ) سورەتی غافر ئایەتی 36

بەڵام لایەنگرانی قوتابخانەی جبر لە بەرانبەردا دەڵێن ، ئەو کەسانەی کە زیاتر لە هەموو کەس خواستیاری هیدایەتکردنن ، زاڵمەکان و زیادە ڕۆکان و هەق نەناسەکانن ، نە ئەو کەسانەی کە لە سەر بنچینەی کەسێتی داپەروەرو چاکە کارو بە باوەڕە وە هاتونە دنیا ، ئەگەر قەراربێت لە هەمان ساتدا ئەی ئیتر بۆ پێغەمبەرەکان سەرقاڵی بانگەشەو ئامۆژگاری و هیدایەت کردنی خەڵکن . خوداوەند لە سەردڵی زاڵمەکان و زیادە ڕۆکان پەردەیەکی داناوە گوێ کانیانی قورس کردوە تا نوری ئیمان نەچێتە دڵیانەوە نەتوانن ئازادانە ڕێگای ڕزگاری هەڵبژێرن . لە راستیدا پێویستە ئەمە لە عەق ڵی کێدایە خودایەکمی لەو جۆرە هەبێت . لایەنگرانی قوتابخانەی جەبری لە روانگەی ئایەتی 99 ی سورەتی یونس ( ئەگەر خودا بیویستایە هەموو خەڵک باوەڕیان دەهێنا ) و ئایەتی 107ی سورەتی انعام ( ئەگەر خودای تۆ بیویستایە ئەو خەڵکە گومڕا نەدەبوون ) دەی کەنە بەڵگەی ئەوەی کە پاش ئەوە کەس نایەوێت زاڵمەکان و زیادە ڕۆکان بەرەو ڕێگای ڕاست ڕێنمونی بکرێن و باوەڕ بهێنن ، لە ویست و ئیرادەی خوداوەیە و ئەگینا هیدایەت کردنی ئەوانە بۆ خودا کارێکی ئاسانە .

حەقیقەتی ئەم پرسە ئەوەیە کە بوونی ئایەتی دوالیزمی لە ناو دەقە کانی قورئاندا بوەتە هۆی خولقاندنی باوەڕی جودا لە یەک و پەیڕەوانی هەردوو قوتابخانەی جبر و ئیختیار ، هەریەکەیان خۆیان بە هەقتر دادەنێن ئەوەش بە پاڵ پشتی چەندین ئایەت و هێنانەوەی بەڵگە لەو لایەنەوە . بەڵام ئەوەی کە دروستە ئەوەیە کە ئەگەر سەرنجی ئایەتی 11 سورەتی انعام بدەین : ( هەتا ئەگەر فریشتەکانیشمان بۆ بناردنایەو مردوەکان لەگەڵیاندا قسەیان بکردایەو هەموشتێکمان بۆ ئەوان کۆ بکردایەتەوە ، ئەوا ئەوان هەرباوەڕیان نەدەهێنا ( نەیاندەتوانی ) باوەڕ بهێنن مەگەر تەنیا خودا خۆی بیەوێت .

قورئان لە هەمبەر بەر جەستە کردنی ئیرادەی ئیلاهی و بە دەست هێنانی ئیختیاری تاکی مرۆڤ ، کۆتا قسەی دەکات لە ڕێگەی ئایەتی 30سورەتی الدهر ( الانسان ) وە : ( هیچ کەس ناتوانێت شتێک ئەنجام بدات مەگەر تەنیا ئیرادەی خودای لە سەر بێت ) وە ئایەتی 109ی سورەتی هود ( هاوکات خودای تۆ هەرچی یەک بیەوێت ئەنجامی دەدات )

ئەم دەقانە بەڵگەی یەکلاکەرەوەو ڕونن لە هەمبەر حکومەتی ڕەهاو خۆسەپێنی الله لە تەواوی گەردیلەکانی جیهانی بوون و ڕوداوو پێشهاتەکاندا . بەڵام ئەو پرسیارەی کە هەمیشە لە هزردا بەرجەستە دەبێت ئەوەیە کە ، بە سەرنجدان بەو بنەما گشتیەی کە مرۆڤ جگە لە ئالەتێک بە دەستی خوداوە هیچ شتێکی تر نیە ، و ئەو کارو کردەوانەیشی کە ئەنجامی دەدات ، نمایشکردنی ئیرادەی ویستی ئیلاهیەو مرۆڤ لە ئیجراکردنی ئەوانەدا بۆخۆی هیچ ئیرادەو ویستێکی نیە . ئیتر لە بەرچی ئەو خودا دادپەروەرە ئەم مرۆڤە بێ ئیرادەیە بە شیاوی ئەشکەنجەو ئازاردەزانێت ، هەرەشەی بە سوتاندنی لە ئاگری دۆزەخدا لێدەکات و لە هەمان کاتیشدا شەیتان هاندەدات و تا ئەوان فریو بدات و گومڕایانت بکات ؟

قەدەری موسڵمان و حەقیقەتی مێژوویی ئەوەیە ن کە ئیسلام بە بڵاوکردنەوەی عەقیدەی جەبریانەکە لە باوەڕە دێرینەکانی عەرەبەوە سەرچاوەی گرتوە و جەخت کردنەوە لەو باوەڕە لە قورئاندا بە شێوەی ئیرادەی الله توانی لە سەرەتادا هێزی ئیمان و باوەڕێکی بێ باکگراوندو کەم هاوتا لە ناو موسڵماناندا بخولقێنێت و عەرەبی لە خۆبایی یەک بخات ، و بە ورەیەکی بەرزەوە بنێرێتە گۆڕەپانی جەنگ ،

هەرتاکێکی عەرەب لەگەڵ ئەزوباوەڕەی کە تا ئەوکاتەی کە ئیرادەی خوداوەند لە سەر نەبێت ناکوژرێت . ( 1) و بەو جۆرە لە ناو گۆڕەپانی جەنگدا لە پێناو خودادا بکوژرێت ئەوا جێگەی ئەو لەو دنیا بەهەشت دەبێت ( 2) ئەو بە هەشتەی کە تیایدا هەموو شتێک ئامادەیە و پڕیەتی لە نازو نیعمەتو حۆری چاو کەژاڵ ، بەم جۆرە ژیانی بێ کۆتایی دەبێتە نسیبی . بۆیە بە قارەمانانە و گیانی لە خۆ بردوییەوە دەجەنگێت و توانی بەشێکی بەرچاو لە شارستانیەتی جیهانی ئەو سەردەمە بۆ خۆی بە دەست بێنێت و لە غەنیمە بە دەستهاتوەکان بەشێکی گەورە بۆ خۆی بپچرێت ( 3) ئەم باوەڕە ، تا ئەو کاتەی کە نەیارەکانی لە

---

1-فاڎا جاو اجلهم لایستاخرون ساعە ولایستقدمون . سورەتی اعراف ئایەتی 32

2-ولاتحسب الڎین قتلو فە سبیل الله امواتا بل احیا عند ربهم یرزقون . سورەتی ال عمران ئایەتی 163

ومن یقاتل فی سبیل الله فیقتل او یغلب فسوف تونیە اجراعچیما . سورەتی نساو ئایەتی 76

3-بن خلدون دەنوسێت : ( یەکێک لە خەسڵەتەمانی موسڵمانان ئەوەیە کە کاتی هەڵپە کردن بۆ دەست کەوت ، راستەوخۆ هەدەفیان لە دەوڵەتداری ئەوەیە لە ڕێگەی تالآنکردنی سەروەتی خەڵکەوە قازانج بکەن (

بەرانبەری وەستابوون و غەنیمەو تالآنی لە سەرەوەتو سامانی نەیارانیدا دەکرا ، لە هەمو جێگایەکم بە سودی ئیسلام بوو ، بەڵام لەو کاتەی کە موسڵمانەکان نەیارێکیان ئیتر لە بەرانبەر خۆیاندا نەبینی ، و کەشتن و دزی و تالآنی لە ناوا نەبوو ، و ئاشتی و ئارامی بەرپا بوو بوو ، عەقیدەی جەبر خەسڵەتی وێنکاری خۆی پیشاندا ، موسڵمانەکان کە تەواوی ڕوداوو پێشهاتەکانیان بە کرداری خودا دەزانی باوەڕیان وا بوو ، کە خوداوەن گەر بیەوێت خۆشی یانم ناخۆشی بدات وە ماڵی دنیا بە هەر کەس کە بیەوێت و هەر چەند کەویستی بێت دەبەخشێت . یان گەر بیەویت لە هەموو شتێک دوریان دەخاتەوە و ئەوەی کە دەیان داتێ دەبێت رازی بن پێی کە هەر ئەوەندە لە چارەیان نوسراوە . ئاشتی ئارامی کۆئەندامی دەمارو هەستی موسڵمانەکانی لاواز کرد ، باوەرشە ئایینیەکانیان لە بەرانبەر بەڵاو نارەحەتی و ئازارو کوێرەوەریدا چۆکیان دادا ، بەبێ ئەوەی کە هەنگاوێک بۆ پتەو کردنی ئابوری خۆیان بنێن ، هەر چاوەڕوانی ئیرادەی خوداوەند بوون و چاویان بڕیبوە ئاسمان . پاش ماوەیەکی کەم ئیسلام بوە ئاینێکی لاوازو تەمەڵ و گۆڕا بە ئاینی ( انشا الله ) و لە ئیمپراتۆریەکی مەزنی ئیسلامیەوە جگە لە وڵاتە هەژارو دواکەوتوەکان و ئەو خەڵکەی کە چویان بڕی بوە ئاسمان . شتێکی تری لێ نەمایەوە . تا ئەو کاتەی کە دانیشتوانی وڵاتە ئیسلامیەکان لە سەر بنەمای ئەوە باوەڕە ماونەتەوە کە خودا خۆی ویستی لە سەر نیەو دەبێت بەو جۆرە بمێننەوە .

هۆکارێکی تری کوشندە کە ڕۆڵێکی گەورەی گێراوە لە دواکەوتویی و بەدبەختی نەتەوە ئیسلامەکان دەقەکانی قورئانە بە تایبەت پابەند بوونی موسڵمانان و دەست لە خۆ بەردانیان لە هەمبەر کارو باری دنیایی موسڵمانان . قورئان چەندین جار ئەو ویستە بەیاد دێنێتەوە کە ژیان لەم دنیایەدا کە ئاوێتەیە بە ژیانی مادی سەرابێکە کە فریوی مۆسلمانا دەدات و لە و دنیا کە ژیانێکی راستەقیەنەی تێدایە دوریان دەخاتەوە و غافڵیان دەکات .

(ئەو کەسانەی کە ژیانی دنیایان کری  وەک لە ژیانی ئەو دنیا هیچ لە ئەشکەنجەیان سوک ناکرێت ) سورەتی بقرە ئایەتی 86

(ژیانی دنیا جگە لە گەمەو یاری و گاڵتەو گەپ هیچی تر نیە ماڵی دوایی  بۆ پارێزەرانە ) سورەتی انعام ئایەتی 32

(ماڵ و سامان و مناڵەکانتان لە لای خودا پاداشتێکی گەورەیە ) سورەتی تغابن ئایەتی 15

ئەو ئامۆژگاریانەی قورئان  هاوکات لە گەڵ باوەڕ بون بە جەبر فاکتەری دەست بەردانی خەڵکی وڵاتانی موسڵمانە لە هەمبەر دۆخی ژیانی دنیایی . دورە پەرێز بوون لە چالاکی بەهێزی ئابووری بە دەست هێنانی هێزی بەگەرخستنی تاک بۆ بەرهەم هێنان ، نەبوونی ئیرادەیەکی پێویست  بۆ بڕیاردان لە هەمبەر کارو باری دنیا  . لە ئایەتی   22 سورەتی کهف قورئان دوەڵێت : ( هەرگیز مەڵێ کە من بە دڵنیاییەوە بەیانی ئەو کارە ئەنجام دەدەم – بەڵکو بڵێ  -  ئەگەر خودا بیەوێت ( انشاالله .

گوزەرێکی کورت بە ناو مێژووی ئەو وڵاتانەی کە لە ژێ ِر رکێفی عەرەب و دەسەڵاتی ئیسلامدان ، ئەو راستیە تاڵەو تەڵخ و بە سوێیە ، دەسەلمێنێت کە  لە ناو    46 وڵاتی جیهانی ئیسلامیدا هەتا یەک لەو وڵاتانە ناتوانێت کە خاوەنی ئابووریەکی سالم و پتەوو گەشە کردوبێت . تیایدا ئازادی تاک رێزی لێبگیرێت و مافی مرۆڤ بەرجەستە بکرێت . ئەوەی کە لە مێژووی ئەو وڵاتانەدا بەرچاو دەکەوێت ، تەنیا بوونی حکومەت گەلێکی کۆنە پەرست و نەفام و دواکەوتوە ، باوەڕ بە خورافە ، ئابووری تەپیو ، مەحرومەیتی زۆرینەی خەڵکی ئەو کۆمەڵگایانە . هەتا ئاستی بژێوی رۆژانەی تاک وەک پێویست نیە . دیکتاتۆری ئایینی . بەسروشت دیکتاتۆری  حکومەت بەرهەم دێنێت و پەروەردەی دەکات ، پەیڕەوی لە ئاین  و نەریتی سەردەمانی جاهیلیەتی هەرەبی بیابان نشین  رەگی مەحرومەیت و بەدبەختی یەکان زیاترو فراوانتر دەکات ، ژینگەش بۆ زەقکردنەوەی دیکتاتۆری و گەندەڵی و زۆربڵێی زیاتر دەرەخسێنێت .

بەڵگەی سەلماندنی بونی خودا   :

ئەو هەوڵەی کە لە قورئاندا بۆ سەلماندنی بوونی خودا دراوە ، کەمتر لە کتیبە پیرۆز کراوەکانی تردا بەرچاو دەکەوێت . زیاتر ئایەتە کانی قورئان  بریتین لە ئاماژەی ئەو بەڵگانەی کە بونی خودا دەسەلمێنن .

(لە نیشانەکانی خودا ، ئەو کەشتیانەی کە لە ناو دەریادا هاتو چۆ دەکەن کە هەر وەکو شاخە کان لە جولەدان وە ئەگەر خودا بیەویت – با - دەوەستێنێت  ئیتر کەشتیەکانیش دەوەستن ) سورەتی شوری ئایەتی 32

(خودا ئەو کەسەیە کە زەی بۆ ئێوە بارهێناوە و تیایدا رێگای بۆ ئێوە دروست کردوە لە ئاسمانیشەوە ئاوی بۆ باراندن و کە بە هۆیەوە چەندین جووت رِوەکی پێ رواندوە ) سورەتی گە ئایەتی53

( ئەو خودایەی کە زەوی و هەر چی تێدایە دروست کرد پاشان ساسمانەکانی لە حەوت چین دروست کرد) سورەتی بقرە ئایەتی 29

(الله ئەو زاتیە کە چوار پیکانی بۆ ئێوە خولقاند تا سواری هەندێک لەوان بین و هەندێکیشیان بخۆن ) سورەتی غافر  ئایەتی 79

(بۆ ئێوە ن وشتر و گاو مەڕی دروست کرد  کە گەرمی بە ئێوە دەبەخشێت ، قازانجە بۆ ئێوە ئەوانە دەخۆن و ۆ ئێوە جوانیشن  ، کاتێک کە ئەوانە لە بەرەبەیاندا بەڕێ دەکەن  ،  یان ئێواران کە دەیان

هێننەوە بارە قورسەکانتانیان لێ بار دەکەن  بۆماڵەوە ئێوە بە هیلاکی و ماندو بونێکی زۆر پیان دەگەیشتن ) سورەتی نحل ئایەتەکانی 5-6-7-8

(ئایا نابنی کە الله هەرچی ڕۆژی سەرە زەوی یە بۆ ئێوەی رامهێناوە  و کەشتیەکان لە ناو دەریا بە فەرمانی ئەو دەجولێن و پارێزگاری لە ئاسمان دەکات تا بەرنەبێتەوە سەر زەوی مەگەر تەنیا بە مۆڵەتی ئەو ) سورەتی حج  ئایەتی 65

( خودا ئەو کەسەیە کە با هەڵ دەکات و هەورەکان ڕادەماڵێت و پاکی دەکاتەوە بەو جۆرەی کە دەیەوێت بیەوێت بارانی لێوە دەبارێنێت ) سورەتی ڕۆم ئایەتی 48

(الله بۆ ئێوە سێبەرو لە ناو شاخەکانیش ئەشکەوت و کونی دروست کردوە  و پۆشاکی بۆ چنیون تا لە گەرما بتان پارێزێت  و ئەو پۆشاکەی کە لە کاتی جەنگدا خۆتانی پێ دەپارێزن .) سورەتی نحل ئایەتی 81

( خودا ئەو کەسەیە کە شەوی دروست کردوە تا تیایدا بحەوێیتەوە ڕۆژیش بۆ بینین ) سورەتی غافر ئایەتی 61

( ئایا نایبینی چۆن چۆنی حەوت چین ئاسمانی لە سەر یەک هەڵچنیوە و مانگی کردوە بە روناکی و خۆری هەروەک چاریەک دەدرەوشێتەوە ) سورەتی نوح ئایەتەکانی 15-16

(ئەو کەسێکە  روناکی بە خۆر بەخشی و نوری بە مانگ بەخشی  و چەندین جێگای بۆ دیاری کردوە تا بیکەنە ساڵ ژمێر بزانن ) سورەتی یونس ئایەتی5

ئەگەر بە دیقەتەوە سەرنجی ئەو ئایەتانەو چەندین ئایەتی تر بدەین کە بۆ سەلماندنی بوونی خودا لە قورئاندا هاتوە ، ئەوا تێدەگەین کە کلۆڵی هزریو عەقڵی و زانستی سەدەکانی ناوەڕاست  و باوەڕی سەرەتایی مرۆڤ  لە هەمبەر هێزە غەیبیەکان لە یەک بە یەکی ئایەتەکاندا بە جوانی ئەوە بەرچاو دەکەوێت کە وێنا کردن دەربارەی خودا لە خەیاڵگەی ئەو کەسانەی کە باوەڕیان بە مەزنایەتی و ئاستی باڵای خولقینەری جیهانی بوون  هەبووە ، هیچ گومانێک نامێنێتەوە . لە سروشتدا یاسا گەلی نە گۆڕ هەیە ، کە شێوەی گشت پێشهاتی بارو دۆخی پێویستن .، ئەو یاسایانە خۆبە خۆ دەبزوێن و پێویستیان بە بزوێنەرو هیچ فاکتەرێک نیە بۆ بزواندنیان . لە روبەروبوونەوەی هەوای گەرم و ساردا – با - دروست دەبێت ، لە ئەنجامی کاریگەری هەڵمکردنی ئاوی ئۆقیانوسەکاندا پەڵە هەورەکان دروست دەبن ، لە ئەنجامی بەریەک کەوتنی دوو پەڵە هەور کە هەریەکەیان هەڵگری  ئلکتریکی دژن ، هەورە بروسکەو باران دروست دەبێت ، گۆی زەوی  ، لە ئەنجامی خولانەوەی لە هێزێکی ڕاکێشەرو پاڵنەردا لە خولگەیەکی دیاری کراودا بە دەوری خۆیدا ، دیسان بە دەوری خۆردا لە ئەنجامی کاریگەریەکانی خولگەیی وەزعی و سوڕانی  زەوی ڕۆژوو شەو و چوار وەرزەکە دروست دەبن  ، ئەو ئەستێرەکانی تریش لە ئەنجامی ئەو هێزە دژبە یەکە لە خولگە دیاری کراوەکانی خۆیاندا دەخولینەوە ، ئاوابوونی ئەستێرەکان  لە سۆنگەی زانستیەوە هیچ ماناو مەفهومێکی نیە ، بەڵکو لە ڕۆژدا بە هۆی بونی تیشکی خۆرەوە  چاوەکانی ئێمە توانای بینینی ئەستێرەکانیان نیە ، هیچ بەڵگەیەکی زانستی بوونی نیە  کە بیسەلمێنێت ،  گۆی زەوی پێش لە هەموو ئەستێرەکانی تر دروست بوبێت . هیچ دەستەواژەیەک لەوە بێ ماناتر نیە لە دنیای زانستدا کە بڵێیت حەوت تەبەقەی ئاسمان ، وەلەوەش بێ ماناتر ئەوەیە کە ئاسمان بروخێت بە سەر زەویدا وەک لەو ئایەتەدا هاتوە ، ئاسمان بە سنورێکی زۆر کەمەوە لە فەزای بێ کۆتایی دا کە چاوەکانی ئێمە هەرئەوەندەی دەبینێت ، لە دەقەکاندا هەرئەوەندەی کە بینیوە هاتوە . لە فەزای بێ کۆتایی دابەش کردنی ئاسمان بە چینی یەکەم و دووەم و تا حەوتەم  هیچ بنەمایەکی زانستی نیە  ، فەزای بێکۆتایی شیاوی دابەش بون نیە ، و دارمانی ئاسمان بەسەر زەویدا زانستی نیە . دابەش

کردنی بە حەوت چینی ئاسمان لە باوەڕەکانی فەسەفەی یونان لە سەردەمی هێرشی ئەسکەندەری مەکدۆنی بۆ ئاسایا لە خۆر هەڵات بڵاو بوەتەوە و لەوێشەو قورئان وەری گرتوە . چەندین سەدە پێش بە زانستگەیشتنی مرۆڤ جوڵەی با و بارینی باران ، بە فەرمانی خودا زانراوە . یان ئاسمانی ساماڵ و تۆفان بە دەرئەنجامی تووڕەیی و نیگەرانی خودا وێنا کراوە . بەڵام ئەمرۆکە پێشبینی ئەو جۆرە ڕوداوانە بە ئاسانی دەناسرێت و مرۆڤ بۆ جوڵەی کەشتی ئیتر پێویستی ئیرادەی خوداو هەڵکردنی بانیە لە لایەن خوداوە . بۆ هاتو چۆو ڕۆشتنی کەشتی ئیستا سود لە کەرەسەی تری وەکو بزوێنەر وەردەگیرێت . ئەمرۆکە منداڵێکی پۆلی سەرەتایش دەزانێت کە گۆی ساردی زەوی ئێمە هیچ ڕوناکیەکی نیە و ئەوەی کە مانگیش ئێمە بە شێوەی ڕوناکی دەی بینین ڕەنگدانەوەی تیشکی خۆرە . بینینی مانگ بە شێوەی کەوانی یان بە خڕی لە سونگەی زانستی یەوە هەمان پەرچە کردارەو هیچ کات دەرکەوتەیەکی سروشتی بۆ زانینی مرۆڤ لە هەمبەر کاتژمێرو ڕۆژ و مانگ و ساڵ دروست نەکراوە . ( 1)

---

1-یسئلونک عن الاهله قل هی مواقیت للناس والحج ) سورەتی بقره ئایەتی 158

مرۆڤ – خودایی :

هەرچەند هێزی بێ سنوور و بیچ ئەملاو ئەولایەک کە ئیسلام بۆ الله دای دەنێت ئەو بە خولقێنەری زەوی و ئاسمان دادەنێت و تەواو بونەوەرەکانی جیهانی بوون بە دەست دروستی ئەو دەزانێ ًت ، کاتێک دەگاتە سەر وەسف کردن کارو کردەوەی خودا ، لە سنووربەندیەتی وێنا کردنیدا مرۆڤ – خودایی بەرجەستە دەکات و ئەوەی کە لە هەناوی عەرەبێکی خۆپەسەند و کۆنەپەرستدا هەڵدەتۆقێت . بە تەواوی کەمو کورتیەکانیەوە دەی داتە پاڵ الله :

عەرەبەکان خەڵکێکی کینە لە دڵ و تۆڵەسێن بوون و زۆر بە توندی تۆلەیان لە دوژمنەکانی خۆیان دەکردوە ، یەکێک لە تایبەتمەندیە زەقەکانی الله کە لە قورئاندا جەختی لێکراوەتەوە و لە چەندین ئایەتدا ئاماژەی پێدراوە و بە شانازیەوە دەی خوێننەوە ، هەستی ڕق و تۆڵە سەندنەوەی خودایە ، گوایا ئەو ئەشکەنجەیەی کە الله لە سەرای کۆتایی دا بۆ بەندەکانی خۆی ئامادەی کردوە بە کەمی دەزانێت و زۆرترین تۆلەیان لێدەکاتەوە :

(سەر ئەنجام تۆلەمان لە وانە کردوە و ئەوانەمان لە دەریادا نقوم کرد ) سورەتی اعراف ئایەتی136

(وە تۆلەمان لەوانەکردەوە ئیتر ببینە ئاکامی درۆزنەکان ) سورەتی زغرف ئایەتی 14

(هاو کات تۆڵەسێنین ) سورەتی دخان ئایەتی 15

عەرەب کەسیەتیەکی کۆنە پارێز و خۆسەپێن بون ، الله بە هەمان شێوە :

( هەرکارێک کە ویستی هەبێت ئەنجامی دەدات ) سورەتی بقره ئایەتی 254

(بیەوێت هەرکەس ئەشکەندە دەدات و هەرکەس بیەوێت بە ختەوەری دەکات ) سورەتی ال عمران ئایەتی 124

(خودای تۆ هەرچی بیەوێت دەی کات ) سورەتی هود ئایەتی 109

وە موسڵمانی راستە قینە کەسێکە  کە لە بەرانبەر ویستی خوداوەندا بە بیچ چەندو چۆن ملکەچ دەکات و گوێرایەڵ دەبێت .

عەرەبەکان بڕوای تەواویان بە چارەنوس هەبوو . تەواوی چاکە خراپەکانیان بە ویستی خودا دەزانی .هاوکات قورئانیش بۆ سەلماندنی هێزی خودا ، کلیلی چارەنوسی داوەتە دەست خودا  : ( هیچ موسیبەتێک لە سەر زەوی و لە هەناوی ئێوەدا ڕونادات مەگەر پێش ئەوەی کە ڕوبدات لە دەفتەری چارەنوستاندا نوسرابێت ) سورەتی حدید ئایەتی 22

(هیچ موسیبەتێک توشی کەس نابێت مەگەر بە ویستی الله ) سورەتی تغابن ئایەتی 11

کۆتایی ئارەزووی هەر پیاوێکی عەرەبە  ، ژن ، شەراب و ژیان بوو لە باخە سەزوزەکاندا . الله وەکو خانەخوێیەک میوانداری  ئەو کەسانە دەکات کە لە فەرمان و ئیتاعەتی ئەو دەرناچن و ملکەچن .

(بەهشتیەکان لە ژێر سایەی درەختە بێ درکەکاندا ئەو درەختانەی کە لەیەک ئاڵاون و سیبەری زۆریان هەیە لەە تەنیش جۆگەلە کاندا دادەنیشن ) سورەتی واقعە ئایەتەکانی 3-27

(روباری  ئاو شیر هەنگوینی پالیوراو شەرابی خۆش کە سەرئێشە توش ناکات ئامادە کراوە ) سورەتی محمد ئایەتی 16

لە پێک و جامی بلورین دا تیکەلەیەک لە کافوری بەهەشت و زەنجە فیل دەخۆنەوە و بە چوار دەوریاندا کوری نەورەس و جاویدانی کە هەروەکو مرواری  درەوشاوە خزمەتیان دەکەن ) سورەتی الدهر ( الانسان )  ئایەتەکانی 16-20

لەگەڵ  ( لە گەڵ کچانی وەک ئاگرو مەمک قوت ) سورەتی النبیا ئایەتی 32

(کە هەروەکو یاقوت و مروارین ) سورەتی الرحمان ئایەتی 58

(وە حۆرەیە بەهشتیەکان لە ناو رەشماڵدا کە هیچ مرۆڤێک یان جنێک ئەوانەیان دەست لێ نەداوە ) سورەتی الرحمن  ئایەتی 74

خەسڵەتێکی تری  مرۆڤ کە قورئان دەی داتە پاڵ الله بریتی یە لە  :  الواحد، القهار، الجبار، المتکبر، المکار، و نمونەی زۆری لەوانە .

لەوێدا کە الله دەبێتە وە جێگرەوەی یەهوە  لە قورئاندا و قورئان هەموو کارانەی کە یەهوە لە تەورات و باوک  لە ئینجیلدا ئەنجامیان داوە  ، دەی داتە پاڵ الله ، بۆ ئەوەی کە لە کردەوی مرۆڤ – خودایدا ، هێزێکی زیاتر لە هێزی یەهوە لانی کەم هاوشانی ئەو  لە خۆیدا  پیشان بدات ، ناوە ناوە بەشێک لە کاری مرۆڤ بۆ موبادرەت ئەنجام دەدات .

ئەگەر یەهوە لە کاتی دەرکردنی قەومی یەهود لە میسر لە ڕۆژی پێشودا لە سەر زنجیرە پەلە هەورێک دەرۆشت تا ڕێگا پیشانی یەهودیەکان بدات ، دەمەو ئێوارە لە ستونی ئاگردا تا ڕوناکی بە وان ببەخشێت ، و بتوانێت ڕۆژو شەو هاوریەتیان بکات تادەرباز دەبن  ( خروج  13-21) ئەگەر یەهوە لە شکری میسریەکانی لە ناو برد و چەرخی گالیسکەکانیانی شکاند تا ئەوان باریان قورستر ببێت ، و لەگەڵ میسریەکاندا بجەنگن ( خروج 14-24) وە ئەگەر یەهوە لە بەرانبەر دوژمەکانی ئیسرائیلدا بەردی لە ئاسمانەوە باراند ، ( یوشع  10-10) قورانیش هەمان شێوە هیزی کاری مرف – خودایی نمایش دەکاتەوە :

له سەرتای خولقاندا ئەنجومەنی ڕاوێژکاری بە ئامادەبوونی کۆی فریشتەکان بە سەرۆکایەتی الله پێک دەهێنێت و الله بڕیاری خۆی له سەر دروستکردنی ئادەم بە شێوەی خەلیفەی خۆی لە سەر زەوی بە ئاگاداری فریشتەکان دادەنێت . فریشتەکان ئەو کارە بە باش نازانن و دەڵێن کە ئەو کارە دەبێتە هۆی خوێن ڕشتن له سەر زەوی ، الله کە بڕیاری خۆی داوە بە فریشتەکان دەڵێچت : 0 من ئەو شتانە دەزانم کە ئەوانی تر نایزانن )سورەتی بقرە ئایەتی 28 ( 1)

---

1-بۆزیاتر زانیاری دەربارەی ئەم داستانە بگەڕێوە بۆ بەرایی ئایینی زەردەشت.

پاشان چۆن گۆزە دروستکەرێکی بە سەلیقە بەو قورەی کە بە دەستیەوەیە گۆزەیەک دروست دەکات ، خوداش پەیکەری ئادەم دروست دەکات و ڕۆحی خۆی دەکاتە ناویەوە تا گیانی تێبڕوات .( سورەتی ص ئایەتەکانی 75-77)

بۆ سەلماندنی ئەو بابەتەی کە لە ئەنجومەنی گشتی فریشتەکاندا جەختی لیکردبوەوە ، ماوەیەک بیردەکاتەوە و هەروەک مامۆستایەک ناوی تەواوی شتەکان بە ئادەم فیر دەکات ، پاشان ئەو بە فریشتەکان دەناسێنێت ، چوونکە دڵنیابوو کە فریشتەکان ناوی شتەکان نازانن ، داوایان لێدەکات تا ناوی شتەکان یەک بەیەک بڵێن کاتێک کە فریشتەکان دەرک بە نەزانینی خۆان دەکەن ، لەوەڵامی پرسیارەکەدا دۆش دادەمێنن ، الله بە ئادەم دەڵێت : فریشتەکان فیری ناوی شتەکان بکە ، ئادەم کە لە سەرەتادا زانیاری تەواوی وەرگرتوە ، ناو یەک بەیەکی شتەکان بە فریشتەکان دەڵێت : ئەو کاتە الله دەڵێت :

(ئایا لە پێشدا بە ئێوەم نەوت کە ئەو شتانەی من دەی زانم هیچ کەسی تر نایزانێت ) سورەتی بقرە ئایەتەکانی 29-31

وە فەرمان بە فریشتەکان دەکات تا لە بەرانبەر ئادەمدا کرنوش بەرن ، هەمویان کرنوش دەبەن جگە لە ئیبلیس نەبێت بۆیە لە سەر ئەو تاوانە ئیبلیس لە بەهەشت دەردەکات ، شەیتانیش بە بێلایەنانە دانانیشێت و دەکەوێتە هەوڵی هەڵخەلەتاندنی ئادەم ، کاتێک کە ئادەم فریو دەخوات و لە میوە حەرام کراوەکەی بەهەشت دەخوات بە ئاگادێتەوە و ئەنجار دەرک بە چاک و خراپ دەکات . الله چونکە خاوەنی باخی بەهشتە دەستی دەگرێت و لەگەڵ هاوسەرەکەیدا لە باخی بەهەشت دەریان دەکات . بۆ پارێزگاری لە سەرماو گەرما هەروەک بەرگ درویەک جلو بەرگیان بۆ دەدورێت . سورەتی نحل ئایەتی 83 وە بۆ ڕەفاهیەتی دۆخی مرۆڤ لە کاتی سەفەردا هەروەک ئەندازیارێک لە سەر زەوی ڕێگاکان دروست دەکات . سورەتی گە ئایەتی 55

وە بۆ پارێزگاری کردن لە محمد لە جەنگی بەدردا لە ئاستێکی فراوانی خوداوەندیەتیدا لە ئاسمانی حەوتەمەوە سێ هەزار مەلائیکە ڕەوانەی سەر زەوی دەکات و بۆ هاوکاری کردن و پشتیوانی محمد . سورەتی انفال ئایەتی 9

پێش هێرش کردن بۆ سەر دوژمنان تەپو تۆزێکی زۆرو گەردەلولێکی بە هێز هەڵدەکات بۆ کوێر کردنی چاوی قورەیشیەکان . سورەتی انفال ئایەتی 17وە فەرمان بە لەشکرەکەی خۆی دەکات تا دەست و پەنجەو گەردنی دوژمنەکانیان ببڕن . سورەتی انفال ئایەتی 13 ( 1 )

---

1-له تەفسیری تەبەری و سیرەی ابن هیشام ازه ابی داود مازنی ، کە لە جەنگی بدردا بەشداری کردبوو ڕیوایەتی دەکات کە لە ڕۆژی بەدردا کەوتمە شوێن پیاوێک لە کافرەکان تا ئەو بکوژم بەڵام لە ناکاو سەری لە جەستەی جودابویەوە و کەوتە سەر زەوی بەبێ ئەوەی من هیچ شمشێرێکی لێ بوەشێنم .

وە بۆ شکست پێهێنانی یەکجارەکی دوژمنانی محمد خودی الله بۆخۆی لە جەنگەکاندا بەشداری کردوە ، تیری هاویشتوە و سەرقاڵی کوشتنی خەڵکی قورەیش بوە . سورەتی انفال ئایەتی 17

( فلم تقتلو ولکن الله قتلهم وما رمیت اڑا رمیت ولکن الله رمی ) 17 انفال

لە کۆتایدا لە سەر بیابانی مەخ=حشەر دانیشتوە لە سەر تەختێک کە زۆرینەی فریشتەکان هەڵی دەگرن . ( سورەتی الحاقه ئایەتی 17 ) لە ناو فریشتەکان و ئەو ڕۆحانەی کە بە بێدەنگی ر ٙیزیان بەستوە . ( سورەتی النبیا ئایەتی 86 ) بۆ تەما شاکردنی ڕۆژی لیپرسینەوە خۆی ئامادەیە (بیابانی مەحشەر )

خولقاندنی جیهانی بوون :

زەردەشتیەکان ، باوەڕیان وایە کە جیهانی بوون لە شەش دەرفەتدا ( گاهنبار ) و لە هەر گاهنبارێکدا بەشێک لە جیهان دروست کراوە .

لە سەر دەمی دیلیەتیان لە بابل یەهودیەکان ئەو باوەڕەی زەردەشتیەکانیان ترنجاندە ناو ئاینی یەهودەوە لە دەستپێکی ( سفر افرینش ) لە تەوراتدا چەسپاندیان ، ئیسلامیش هاوکات کە لە زۆر بواردا پەیرەو کار و تەلقلیدی فیکرو ئەندێشەی یەهودییەکان و زەردەشتیەکانی کردوەتەوە ، ئەو باوەڕانەی لە ئایەتەکانی 52 سورەتی اعراف و 13 سورەتی یونس و 11 سورەتی هود و 60 سورەتی فرقان و 3 سورەتی سجده و 50 ی سورەتی ق و 4ی سورەتی حدیدی قورئان دا ڕەنگی داوەتەوە ، بەڵام شرۆڤەو پوختەی کە بەو جۆرەی لە تەوراتدا هاتوە دەربارەی چۆنیەتی دروست بوونی جیهانی بوون و کاتی خولقانی هەربەشێکی بونەوەرەکان ناکات . تەنیا بە شێوەیەکی کورت ئاماژە بە وە دەدات ( کە خودا ئاسمانەکان و زەوی و هەرچی لە نێوانیاندایە لە شەش ڕۆژدا دروست کرد و پاشان چوە سەر تەختی فەرمانڕەوایەتی و هیچ هیلاک نەبوو )

حەج :

لە نیوەی ڕێگادا کاروانەکە لە نێوان یەمەن و فەلەستین و چەند زنجیرە شاخێک کە ماوەکەی نزیکەی چل کیلۆمەترێک و پاشان دەریایە لە ناو ئەو زنجیرە شاخەدا سێ ڕیانێکی فراوان بوونی هەیە کە سێ ڕێگەی سەرەکی بە دەرەوەی دەبەستێتەوە . ڕێگایەکیان بۆ یەمەن و یەکێکی تریان بۆ مەدینەو سێهەمیشیان بەرو ڕۆخی دەریای سوور کۆتایی دێت . مەکە لە ناوەندی ئەو سێڕیانەدایە سروشتی خاکی مەککە بەو جۆرەیە کە هەتا دار خورماش کە بەرگەی سەرمای سەهۆڵبەندان و گەرمای پرۆکێنەردەگرێت لەو ناوچەیە ناڕوێت . مێژووی دروست بوونی شاری کەممە دیار نیە و ئاسەوارێک لە دەستپێک و دروست بوونی ئەو شارە لە هیچ یەکێک لە نوسراوەکانی مێژوو نوسانیونانی یان عیبری دا بەرچاو ناکەوێت . یەکەمین کەسێک کە لە مەککەدا ناوی هێنراوە ( بگلمیوس )ە کە لە سەدەی دووەمی زاینیدا بوەو ناوی مەکەی بە ( مکروبه ) بردوە و دەنوسێت کە ماڵەکانی ئەو شارە بەبەرد دروستکراوە و بتخانەیەکی گەورەی لێ یەو خەڵکی بۆ زیارەت کردنی بتەکانی و بازرگانی بۆ مەککە ڕۆشتون .

بەو جۆرەی کە مێژوو نوسە ئیسلامیەکان دەنوسن : مەککە تا سەردەمی ( قصی بن کلاب ) واتا نزیکەی ساڵی 400 زاینی هێشتان شێوەی شاری بە خۆوە نە گرتوە و دانیشتوانەکەی لە خەیمەدا ژیاون ، قصی دەستی بۆ تەواوی بابەتەکانی مەککەو فەرمان ڕەواکانی بردوە . بۆخۆی لە تەنیش مەککەوە خانویەکی دروست کردوە و فەرمانی کردوە تا خەڵکەکەی بۆ خۆیان خانو دروست بکەن .

ئەوەی کە شیاوی باسە دەربارەی دروست بوونی ئەو شارە  ئەوەیە کە مەککە بە هۆی هەبوونی چەند سەرچاوەیەکی ئاوە وە هەڵکەوتی لە نێوان ڕێگا بازرگانیەکانی باشور و باکوردا ، لە سەرەتادا بە شێوەی جێگای پشودانی کاروان چیەکان و بازرگانەکان بە کار هێنراوە ، پاش ئەوەی کە میسریەکان بۆ بازرگانی نێو دەوڵەتی ڕێگای دەریایی ، دەریای سوریان بە کار هێنا ، ئابووری مەککە لە ڕوی بازرگانیەوە ڕەونەقی پەیدا کرد ، و دوچاری تێکەلاویەک بوو ، بازرگانی هندی و یەمەنی لە ڕیگەی دەریاوە کە سەلامەت تر بوو لە ڕێگای وشکانی شێوەیەکی باشتری هەبوو . تەنیا درێژەدان بە ژیانی مەککە و بە دەست هێنانی قوتی ڕۆژانەی دانیشتوانی ئەو شارە پابەند بون بوو  بە ئایین و بەهرەوەرگرتن لە باوەڕو هەستی دەروونی عەرەبەکان بوو . موعجیزەی بەردە ڕەشەکە ( حجر الاسود ) و ڕۆچوونی لە ڕادەبەدەری پەرستنی بەرد  ، مەکەی لە لە ناوچوونی یەکجاری ڕزگار کرد ، و کردیە ناوەندی بازرگانی و پەرستنی دوورگەی عەرەبی  ، بۆهەموار کردنەوەی ئەو ڕێگایەی کە  دەست پێ کردبوو ، ئەفسانە گلی زۆر خولقێ ێنران ، عەرەبی خورافە پەرست کە تامەزرۆی هەرجۆرە داستانێکی سەرنج ڕاکێش بوون ، وەڵامێکی ئەرینیان بەو ئەدا ئایینە دایەوە . بۆ هەرچی زیاتر ڕاکێشانی عەرەب بۆ زیارەت کردن پەرستگەیەکی چوار گۆشەو بە بێ سەقف دروستکرا ، لە یەکێک لە گۆشەکانی پەرستگاکەوە بەردێک بۆ پەرستن دانرا . هۆزە جیاوازەکانی عەرەب لە دوورو نزیکەوە  لە بیابان و دەشتاییەکانەوە دەهاتن بۆ سەردانی مەککە ، پاش حەوت جار تەواف بە دەوری کەعبەدا و ماچکردنی بەردە ڕەشەکە ( حجر الاسود ) و پێشکەش کردنی قوربانی  داوای خێرو بەرەکەتیان دەکرد ، پاشان دەگەڕانەوە و بەوەیان دەوت حەج کردن ، عەرەبەکان لە دوو سۆنگەوە تەوافی کەعبەیان دەکرد ، و کەعبەیان بە پیرۆز دەزانی سونگەیەکیان لە ڕوی چۆنیەتی دروست کردنی بینای کەعبەوە کە جیگایەکی پیرۆز کراو بوو وەک تابۆی پەرستن ولە لایەکی تریشەوە بەردە ڕەشەکەو ئەو بتانەی کە لە ناو کەعبەدا دانرابوون .

کەعبە لە بنچینەدا لە کعبەوە هاتوە بە مانای  هەڵاو سانی پشتی پێ وەرگیراوە پاشان هەرجۆرە هەڵاوسانێک و بەرزیەک وای پێدەڵێن ، مکعب بە تەنێک دەڵێن کە لە هەر چوار لاوە هەڵاو سابێت . دەستەواژەی کەعبە  هاوکات ئاماژەیە بۆ بڵندی ڕەواڵەتی خانویەک و هاوکات ناوی تایبەتی پەرستگەکەش بووە ، بینای کەعبە بە درێژایی مێژوو چەندین جار لە ئەنجامی باران بارین بە لێمەو خورەوە لە شاخەکانی دەورو بەری مەکە  دووچاری دارمان و وێرانی بووە سەرلە نوێ نۆژەن کراوەتەوە .

لە بەر ڕۆشنایی نوسراوەکەی ابن هیشامدا لە سەر دەمی لاویەتی محمدا لە ئەنجامی لافاوێکی زۆر کە لە شاخەکانەوە ڕێچکەی گرتبوو دیوارەکانی کەعبە داڕمان ، چوونکە خانویەکی بێ سەقف بوو هاوکات ئەمەش بۆ دزی و تاڵانی جێگای ترس بوو کە هەرکەس بیەوێت دەست بۆ کەل و پەلە کانی ناوی بیات . هۆزەجیاجیاکانی قورەیش بڕیاریاندا کە هەر چوار دیواری کەعبە  لە نێو خۆیاندا دابەش بکەن ، هەرهۆزێک یەکێک لە دیوارەکانی هەڵبوەشێنێتەوە و سەرلەنوێ دروستی بکاتەوە ، بەڵام لە ترسی توڕەیی خوداکان دەترسان لە تێکدانی دیوارەکان ، (ولید بن مغیرە ) ڕوبەڕوی ئەو ترسە بویەوە بەشێکی لە دیوارە کە روخاند ، خەڵکەکە تا شەو چاوەڕوان بوون ، تا پەرچەکرداری خوداکان لە بەرانبەر تێکدانی دیوارەکەدا ببینن ، ڕۆژی دواتر کە بینیان هیچ ڕوی نەداوە ، ئازا بوون و تەواوی دیوارەکانی کەعبەیان ڕوخاند ، خودی محمد خۆی لەو کارەدا بەشداری کردووە ، کاتێ   ێک گەیشتنە ئەو جێگایەی کە  ئیتر پیچویستی بە تێکدان نیە ، ئەوەیان کردە پایەی بیناکەو بینای کەعبەیان بە بەردی مەڕمەڕ هەڵچنی کە لە شاخەکانی دەورووپشتیانەوە دەیان هانی  ، هاوکات دیوارەکانیان بە ئەندازەی باڵای مرۆڤێک هەڵچنی و بڕیاری دانانی بەردە ڕەشەکەیان دا لەم کارەشەدا ناکۆکی دانانی بەردەڕەشەکە کەوتە نێوان هۆزەکانی قورەیشەوە ، هەرهۆزێک دەی ویست شامازی هەڵگرتن و

دەستلێدانی بەردە ڕەشەکە بۆ هۆزەکەی خۆی بێت . زۆری نەمابوو جەنگ و پێکدادان لە نێوانیاندا ڕوبدات . لە ئەنجامدا هەمویان ڕێکەوتن لە سەر ڕازی بن بە نێوبژیوانی یەکەمین کەسێک کە لە سەفاوە دێتە ناو حەرەمی کەعبەوە ، محمد یەکەمین کەس بوو ، کە هاتەناو حەرەمی کەعبەوە ، هەمویان ڕەزامەند بوون بە هاتنی ، محمد وتی پارچە قوماشێکی گەورە بهێنن و لە سەر زەوی ڕای خەن ، بەردەکەی بە دەستی خۆی هەڵگرتو خستیە ناوەڕاستی پارچە ڕاخراوەکە تا هەریەکێک لە سەرۆک خێڵەکان گۆشەیەکی پارچە کە بگرن و بەردەکە بەن تا جێگای دیاری کراو ، پاشان محمد بەردەکەی لە ناوەڕاستی پارچەکەدا هەڵگرتو لە جێگای دیاری کراوی داینا و بەم جۆرە ناکۆکی دانانی بەردە ڕەشەکە کۆتایی هات .

بەرزی کەعبە لە ئاستی زەویەوە 15 مەترە ، لە دەرگای چونە ژوورەوەیە وە کە لە سەر دیواری خۆرهەڵاتی بە زیرو زیو نوقرە داپۆشراوە ، نزیکەی دوومەتر لە ئاستی زەوی یەوە بەرزترە، تا گەرویستیان ڕێگە بگرن لە هاتنی هەرکەسێک ، هەرچوار دیواری کەعبە هاو ئاست نین ، بەلام بە جۆرێک چوار ڕاستە هێڵ لە ناوەندی ناوەوی کەعبە بۆ هەر چوار گۆشەکەی کێشراوە ، و ستونی تیا دانراوە ، هەریەکێک لە چوار گۆشەکە بە ڕوکن ناوی دەبەن ، گۆشەی باشوری ، ڕوکنی عێراقی ، خۆئاوایی ، ڕکن شامی ، باکوری ، ڕوکنی یەمەنی ، و گۆشەی خۆرهەڵاتی ، بە هۆی بەردە ڕەشەکەوە بە ڕوکنی ڕەش ناوزەد کراوە . لە ناو کەعبەدا سێ ستونی نەخشێنراو لە دار بە ئەندازەی 25 سامتیمەتر دانراوە و ئەوانەش ( عبدالله بن زبیر ) لە ساڵی 65 کۆچی لە کاتی نۆژەن کردنەوەی بینای کەعبەدا دای ناوە ، لە ناو کەعبەدا ئلکتریک نیە ، لە کاتی تایبەت و بە شەواندا ناو کەعبە بە مۆم ڕووناک دەکەنەوە .

محمد پاش شکاندنی بتەکانی و لە ناو بردنی نەقش و نیگاری سەردیوارەکانی ناو کەعبە بە ئاوی زمزمیش شۆردی ، لەوکاتەوە ئەوە بوە نەریت و ساڵی دووجار دەی شۆرن ، بەشەکانی دەرەوەی کەعبە بە ڕو پۆشی ئاوریشمی ڕەش داپۆشراوە ، کە پێی دەڵێچن پەردەکەی کەعبە لە بەشی سەرەوەی پشتوێنەیەکی تیایە کە هەموی ئایەتی قورئانی تیا نوسراوە ، ناوی پێغەمبەرو خودا ، بە ئاڵتون تیادیا نەقش کراوە ، لە کاتی مەراسیمی حەجدا هەندێک لەو پەردەیەی کەعبە بەرزدەکەنەوە ، تا حەجاجەکان دەستیان نەیگاتێ . مرکات ئەو پەردەیە دەگۆرن پارچە پارچەی دەکەن و پێشکەشەی دەکەن بە کە سانی تایبەت . لە بەرانبەر بەردە ڕەشەکەدا ، قوبەیەکی تیایە ، کە لە سەر سەرچاوەی ئاوی زمزم دروستکراوە ، حاجیەکان و زیارەت کەرانی مەککە ئەو ئاوە بە پیرۆز دەزانن ، مێژوو نوسانی ئیسلامی ئەفسانەی زۆریان لە بابەت ئەو سەر چاوەی ئاوە وە لە ناو هۆزەکانی عەرەبدا گێراوەتەوە . هەندێکیان دەڵێن ، پاش ئەوەی کە هۆزی ( جرهم ) کە لە نەوەی ئیسماعیلی کوری ئیبراهیم بوون ، لە سەدەکانی سێیەمی زاییندا بە دەستی هۆزی ( بنی غزاعە ) شکستیان خوارد ، و لە مەککە دەرکران ، (مچاچ بن عمرو ) شێخی هۆزی ( جرهم ) پێش چونە دەرەوەی لە مەککە زۆرێک زێرو زیوو دو ئاسکی ئاڵتونی و دوو قەبزە شمشێری خستوە تەناو چاڵە ئاوەکەوە و دەمی چاڵکەی بە جۆرێک داپۆشیوە ، کە کەس نەی دۆزێتەوە . لەو ماوەیەی کە ئیدارەی بەرێوەبردنی مەککە لە دەستی هۆزی بنی غزاعەدا بوو ، چاڵە ئاوەکە هەر داپۆشراو بووە ، تا ئەو کاتەی کە قصی بن کلاب باپیرەی پێنجەمی محمد لە مەککە سەروەتێکی زۆری کۆکردبوەوە دایکی قصی کچی ( سعد بن سیل ) بوو کە شوی بە کلاب کرد ، لەو دوو منالی بوو بە ناوەکانی قصی و زهرە ، کلاب کۆچی دوایی کردوو ، ژنەکەیشی شوی کردەوە بە ( ربیعە بن حرام ) وکۆچیان کرد بۆ شام . کاتێک قصی گەورە بوو ، شوناسی باوکی خۆی دۆزیەوە ، گەڕایەوە بۆ مەککە و لەگەڵ کچی ( خلیل بن حبشیە ) هاوسەرگیری کرد . قصی بە هەوڵدان و کار کردن سەروەتێکی زۆری پێکەوە نا ، خلیل لە کاتی سەرەمەرگیدا کلیلی کەعبەی سپارد بە ( ابوغبشان خزاعی ) ابو غبشان پیاوێکی شەراب خۆر بوو کلیلی کەعبەی لە بەرانبەر قاپێک شەرابدا فرۆشت بە قصی هۆزی

بنی غزاعە ویستیان بەرگری لەوکارە بکەن  قصی داوای هاوکاری لە هۆزی قورەیش کردوو بە هاوکاری ئەوان توانی هۆزی غزاعە لە مەککە بکاتە دەرەوە و تەواوی دۆخی مەککە بخاتە ژێر دەستی خۆیەوە .

پاش کۆچی دوایی قوسەی ئیدارەی بەڕێوەبردنی شار درایە دەست کورە گەورەکەی بە ناوی  ( عبدالدار ) و پاشان ئەویش دایە دەستی منالەکانی خۆی .  بەلأم منالەکانی ( عبد ماف  ) کورەکەی تری قصی لە ئەنجامی بەڕێچوەبردنی کارو باری مەککە لە گەڵ کوڕەکانی مامی تێگیرا . مشتو مڕ دەستی پێ کردوو خەریک بوو شەری خێزانی لێبکەوێتەوە ، بە نێوانگیری ڕیش سپیانی هۆز هەردولایان ڕێکخستەوە لە سەر ئەوەی کە بەرێوەبردنی کاروبارەکان بێ کینەو ڕق بە سەروکاری هەموان بێت و ، هەروەکو پێشوکلیلەکە لە دەستی کورەکانی عبدالدار دا بمێنێتەوە .

خزمەت کردنی( ئاوو خواردن دان بە حاجیەکان ) درایە دەستی کورەکانی ( عبد ماف ( هاشم ، مگلب، عبدشمس و نوفل  ) هاشم کە کوری گەورەی عبد ماف بوو بو بە بەرپرسی ئاوو خۆراکی کەعبە . هاشم لە سەفەرێکیدا بۆ یپرب ( مدینە ) لەگەڵ ژنێک بە ناوی سلمی هاوسەرگیری کرد ، هاشم گەڕایەوە ب مەککە بەلاچم سلمی هەر لە مەدینە مایەوە کورێکی بوو ناوی نا  ( شبیە ) پاش کۆچی دویی هاشم ( مگلب ) لە شوێنی هاشمی برای دانرا کە سەرپەرشتی خواردن و خواردنەوەی کەعبەی دەکرد . ڕۆژێک مگلب بیری برازاکەی کردوو چو بۆ مەدینە و هەوالی شبیەی  لە سەلمی پرسی  و پاشان لەگەڕ ِانەوەی بۆ مەککە لەگەڵ خۆی هێنایەوە ، خەڵکی مەککە وایان زانی کە مگلب خولامێکی لەگەڵ خۆیدا بۆ مەککە هێناوەتەوە ، ئەویان ناو نا بە عبدالمگلب گەرچی لە دوایدا مگلب خەڵکی لەو هەڵەیە ڕاست کردەوە  کە شبیە برازایەتی و کوڕی هاشمی برایەتی  ، بەلام ناوی عبدالمگلب   بۆ هەمیشە  مایەوە و بە تەدریجی ناوی ڕاستەقینەی شبیە  فەرامۆش کرا . کاتێک عبدالمگلب گەورە بوو ، داوای میراتی لە مامە کانی خۆی کرد  ، چونکە ئەوان لە پێدانی بەشە میراتی سەرپیچچیان کرد ، شبیە بە هاوکاری چەند سوارێکی خێڵی دایکی کە بۆ پشتیوانی ئەو لە مەدینەوە هاتبون بۆ مەککە ، میراتی باوکی لە مامەکانی وەرگرتەوە و خۆی بوو بە بەرپرسی کارو باری مەککە .

تا ساڵی   495 زاینی سەرچاوەی زمزم هەرداپۆشراوبوو ، عبدالمگلب بۆ ئاودان بە حەجاجەکان ناچاربوو ، لە چاڵە ئاوەکانی دەورو بەری مەککە ئاو بهێنێت و بیکاتە ناو ئەو حەزانەی کە لە دەورو بەری مەککە دروستکرابوون پاشەکەوت دەکرد . عبدالمگلب لە سەرەتای بە بەرپرسبوونی کارو باری مەکەدا هیچ منالی نەبوو هێنانی ئاو پاشەکەوت کردنی بۆ ئەو گرفت بوو ، بۆیە بیری لەوە کردەوە کە سەرچاوەی ئاوی زمزم بدۆزێتەوە و بە ڕێنومایی پرسیار ، سەرچاوەی ئاوەکەی دۆزیەوە ، و سەرلەنوێ هەڵی کەندەوە ، ئاسکە ئالتونیەکان و شمشێرەکانی لە چاڵە دەرکرد . چوونە سەرۆک خێ      ِەکانی قورەیش خۆیان بە شەریکە بەشی ئەو شتانە دەزانی ، بڕیاریاندا کە تیرو پشکی بۆبکەن ، لە تیرو پشکەکەدا شمشێرەکان بەر عبدالمگلب کەوتن و دو ئاسکە ئالتونیەکەش خرانە ناو ماڵی کەعبەوە .

بەلأم بەشێکی تر لە ئەفسانە چیەکان و ئەستۆرە داتاشەکان  دۆزینەوەی سەرچاوەی ئاوی زمزم بە هەوڵو کۆششی عبدالمگلب نازانن و ئەفسانەیەکی دێرین تر باس دەکەن ، و دەڵێن ، کاتێک سارا هاوسەری ئیبراهیم  کەنزیەکەکەی خۆی هاجەرو  کچە شیرە خۆرەکەی لە ماڵەوە دەرکرد هاجەر هات بۆ ئەو ناوچەیە کە و ڕۆژگارەدا دۆڵێکی چۆڵ بوو ، لەوێدا منالەکە لە تینوان خەریک بوو دەخنکا ، دایکی لە ژێر سێبەری بنچکە گیایەک داینا و ئەو ناوە بۆ ئاو دەگەڕا ، بەپەلە هەروەڵە ماوەی نێوان سەفا و مەروە بپشکنێت تا ڕەنگە سەرچاوەی ئاوێک بۆ شکاندنی تینویەتی منالەکە هەڵقوڵێت ، چونکە هیچ ئاوێکی لێ نەبوو ، گەڕایەوە بۆ جێگەی پێشویی و ئەو کردارەی حەوت جار ئەنجامدا ، پاشن بە هیواوە بۆلای منالەکە گەڕایەوە ، و بینی منالەکە بە پاژنەی پێی چاڵێکی هەڵکەندوە و لە ئەنجامدا

سەرچاوەیەکی ئاو هەڵقوڵاوە ، ایکەکە زیاتر ئاوی لە ناو چاڵەکە کۆکردەوەتەوە و هەردوکیان ئاویان خواردوەتەوە لە تینویەتی ڕزگاریان بوە .

ئەمڕۆکە زیارەکەرانی کەعبە بە یادی هەمان ڕۆژان و ڕۆشتنی هاجەر لە نێوان دوو تەپۆڵکەی سەفاو مەروە جگە لە تەوافی کەعبە ، حەوت جار دێن و دەچن لە نێوان ئەو دوو تەپۆڵکەیە و ئەوەش بە ( سعی –ڕێگە ڕۆشتن –هەوڵ – تەقەلا ) ناودەبەن و ئاوی زمزمیش بە پیرۆز ئەژمار دەکەن .

لەم دوو ئەستۆرەیەدا کە مێژوو نوسانی ئیسلامی گواستویانەتە وە و لە ڕوی یەک نوسیویانەتەوە ، لە هی کتێب و نوسراوێکی مێژوو نوسانی غەیر ئیسلامی و عیبری بەرچاو ناکەوێت ، و پێویستە بە بەشێک لە  حیکایەتی ئەفسانەیی عەرەب  یان لە ڕیزی ئەفسانەکان کە یەهودیەکان بۆ بەرقەراری باشکردنی پەیوەندی دراوسێیەتی عەرب و خۆیان ئەفراندبێتیان ، دابنێین .

پێش شرۆڤە کردنی بە گشتی ئەو ئەفسانەیەی کە نوسەرە موسڵمانەکان  دەربارەی دروست کردنی کەعبە لە لایەن ئیبراهیمەوەو لێک گرێدانی سەرچاوەی ئاوی زمزم ، پێویستە جەخت لەو خاڵە بکەینەوەو سەرنجی خوێنەر بۆ ئەوە ڕابکێشین کە یەکەم : هیچ جۆرە بەڵگەیەکی مێژوویی دال لە سەر بوونی کەسیەتیەگرنگەکانی وەکو ئیبراهیم و ئیسماعیل و یەعقوب لە بەردەستدانیە ، و ئەگەر ئەو جۆرە کەسانە ڕۆژێک لە ڕۆژان لە ژیانی ڕمادیی و ڕاستە قینەدا ژیاون کەسیەتیەکی  بەو جۆرە گرنگ نەبوون کە مێژوو بیریان بهێنێتەوە . دووەم : وای دابنێین کە ئەم جۆرە کەسیەتیانە لە دەرەوەی داستانەکان و لە ڕاستیدا لە ژیاندا بوون ، دۆخی وەبیرهێنراو لە تەورات و نوسراوەکانی قورئان و ئەفسانەی موفەسیرەکانی ئیسلام جەخت لەوە ناکاتەوە . لە سەر بنەمای دەقەکانی تەورات کە تەنیا وەرگیراوە لە کتێبێکی بەردەست دەربارەی ئیبراهیم ، هاجەرو ئیسماعیلە ، ئەو جیگایەی کە هاجەر پاش لە هاتنە دەرەوەی لە خێمەکەی ئیبراهیم تیایدا مایەوە و لە هەوڵی بە دەست هێنانی ئاودا بوو ، ناوی ( بیر شبع ) ئەو جێگایەیە لە بیابانەکانی باکوری فەلەستین بە دووری 45 کیلۆمەتری لە ئورشەلیم و 55 کیلۆمەتر لە ( تل ئایۆ ) و ئەو جێگایەش بە دووری نزیکەی    1500 کیلۆمەتر دوورە لە مەککە ، هاوکات قسەی نوسەرانی ئیسلامی لە سەر ئەو بنەمایەیە کە ئیسماعیل لەو کاتەدا منالێکی شیرە خۆرە بووە ، و پاژنەی پێکانی داوە بە زەوی مەککەدا و سەرچاوەی ئاوی زمزمی دۆزیوەتەوە ، ناتوانرێت بە دروست لەقەڵەم بدرێت . جگە لەوەی کاتێک ئیبراهیم ، هاجەرو ئیسماعیلی لە ماڵی خۆیانەوە ڕەوانەی بیابان کرد ، ئیسماعیل تەمەنی 16 ساڵی بوو نەک منالێکی شیرە خۆرە .

دەربارەی جێگای نیشتە جێ بوونی ئیسماعیل و نەوەکانی واتا ( ئیسماعیلیەکان ، و ئادومیانەکان و ، حوریانەکان )  هاوکات بۆچوونی توێژەرانی ئیسلامی دروست نیە  ، زۆرێک لە لێکۆڵیاران و نوسەرانی ئیسلامی بیابانی  ( فاران ) بە جێگای نیشتە جێ بوونی ئیسماعیل بە هەڵە دەکەنە حیجاز و دەنوسن  ، کە هاجەر لەگەڵ کورەکەی ئیسماعیل لە ناوچەی فارانەوە کە هەمان مەککەیە نیشتە جێبوون و ئیسماعیل بە هاوکاری باوکی کە ئیبراهیمە ماڵی کەعبەیان دروست کرد .

بەنی ئیسرائیل لە سۆنگەی گرنگی دانەوە بە پێغەمبەرەکانی خۆی  تەواوی هێڵکاری  هاتو چۆو ئەو جێگایانەی کە ئیبراهیم  تیایاندا نیشتە جێ بووە  دیاری کردووە ، لە تەوراتدا بە ڕوونی ئاماژەی پێدراوە ، لە سەر بنەمای تەورات  :

(تارح کورەکەی و ابرام و کورەزاکەی خۆی لوت ، کوری هاران ، و بوکەکەی سارای ژنی ابرامی هەڵگرت و لەگەڵ ئەوان لە  ( ئور ) ناوچەی کلدانیەکان کۆچی کرد تا بڕۆن بۆ ناوچەی کەنعان و گەیشتن بە حران و لەوێدا نیشتە جێ بوون ) پیدایش 31-  11

پاش مردنی تارح ( ابرام ژنەکەی خۆی سارای و برازاکەی خۆی لوت لە لای چەند کەسێک کە لە حەران ناسییونی دانا ، و خۆی چو بۆ ناوچەی کەنعان ) پیدایش 5-12

(پاشان لەوێ چوو بۆ شاخێک کە لە خۆرهەڵاتی ( بیت ایل ) ە خەیمەیەکی لە وێ هەڵدا ) پیدایش 8-12

(بە یەکجاری لەوێدا نیشتە جێ بوو ابرام هات بۆ میسر ) پیدایش 10-12

(ابرام لەگەڵ ژنەکەی لە میسر دەرچوون و هاتن بۆ بیت ایل ئەو شوێنەی کە خەیمەکەی تیاهەڵدابوو ) پیدایش 4-13( ابرام خیمەکەی گواستەوە و لە بلوتستان کە ڕاگوزاری پیاو چاکان بوو نیشتە جێ بوو ) پیدایش 8-13

(چونکە دووساڵ بە سەر نیشتە جێبوونی ابرامدا تێپەری لە ناو چەی کەنعان ژنەکەی ابرام کەنیزەکەکەی خۆی هاجەری میسری بە شوداو سکی پربوو منداڵێکی بوو ) پیدایش 4-17

( ابرام نەوەد و نۆساڵەبوو کۆچی دوایی کرد ، خەتەنە کراو کوڕەکەی ئیسماعیل سانزە ساڵەبوو کاتێکی کە خەتەنە کرا ) پیدایش 24-18

( سارە سکی پڕوو لە تەمەنی پیریدا کورێکی لە ابرام بوو ناوی نا ئیسحاق ) پیدایش 2-21

(پاش ئەم ڕوداوانەی کە خودا ابرامی تاقی کردەوە ، پێی وت : ئەی ابرام ، ابرام وتی سەرم لە ڕێتە . وتی : ئێستا کورەکەی خۆت کە تاقانەیە و خۆشت دەوێت واتا ئیسحاق هەڵبگرەو برۆ بۆ ناوچەی موریا لەوێ لەیەکێکێک لەو شاخانەی کە پیشانتی دەدەم بیکە بە قوربانی ) پیدایش 1/3-22

(ڕۆژانی تەمەنی سارە 120 ساڵ؟ٙ تێپەڕی و سارە لە گوندی اریع کە شوێنی پیاو چاکان بوو مرد ) پیدایش 1-23

(وە ابرام ژنەکەی خۆی لە ئەشکەوتەکانی بیابانی مکفیلە ( ( machpelahلە بەرانبەر ڕێگوزەری پیاو چاکان لە ناوچەی کەنعان بە خاک سپارد ) پیدایش 19-23

(ڕۆژانی ساڵەکانی تەمەنی ابرام کە تیایدا ژیاوە 175 ساڵ بوەو ابرام لە کاتی مردندابوو لەو پەڕی پیریدا گەیشتەوە بە هۆزەکەی ) پیدایش 8-25

(وە کوڕەکانی ئیسحاق و ئیسماعیل ئەویان لە ئەشکەوتی مکفیلە لە بیابانی عفرین بە خاک سپارد پیدایش 9-25)

(ماوەی تەمەن و ژیانی ئیسماعیل 137 ساڵ بوو کە کۆچی دوایی کرد ، وگەڕایەوە ناو هۆزەکەی خۆی کاتێک ئەوان لە حویلە تاشور کە بەرانبەر میسرە بەرەو لای ئاشور نیشتە جێ بوون ) پیدایش 18-25

بۆ ڕوونکردنەوەی هەڵکەوتی جوگرافیایی دروستی فاران ، شوێنی نیشتە جێ بوونی ئیسماعیل و ڕەچەڵەکی ئەو ، سەفەرنامەی قەومی یەهود لە تەوراتدا پاش دەرچوونیان لە میسر لە سەردەمی موسادا هەڵدەدەینەوە ، بە دروستی پێویستە سەرنج بدەین کە بەنی ئیسرائیل پاش دەرچوونیان لە میسر بەروە باشور واتا بەرەو کەنعان دەرۆشتن نەک بەرەو ناوچەی باکوری دوورگەی عەرەب .( بەنی ئیسرائیل پاش دەرچونیان لە میسر بەرەو بیابانی سبن کە نێوانی ئیلیم و سینا یە ڕۆشتن ) خروج 1-16

( وه له بیابانی سینەوه کۆچیان کرد بۆ ڕفدیم ) خروج 2-17

(له ڕفدیم لەگەڵ عەمالیقەکاندا به جەنگ هاتن ) خروج 8-17

(پاشان له ڕەفدیمیش کۆچیان کرد بەرەو بیابانی سینا و له بیابانی تەنیشت شاخی سینا نیشته جێ بوون ) خروج 2-19

( له بیابانی سیناوه کۆچیان کرد چوون بۆ حچیروت ) اعداد 18-33

(پاشان له حچیروت کۆچیان کردوو له بیابانی فاران نیشته جێ بوون ) اعداد 16-12

پاشان موسا به فەرمانی خودا له هەر بنەماڵەیەک کەسێکی بۆ سیخوری نارد بۆ ناوچەی کەنعان ) اعداد 13-3

(ئەوەی قسەکانی موسا که بەرەو ئەردەن له بیابانی عربه و له بەرانبەر سوف و له نێوان فاران و نوفل و لاویان و حچیروت به تەواوی ئیسرائیلیەکانی وت ) : تشنیه 1-1

بەم جۆره :

1-له سەر بنەمای دەقەکانی تەورات و ناوەڕۆکی کتێبی ( فەرهەنگی کتێبی پیرۆز ) نوسینی ( جیمز هاکس ) فاران بیابانێکه که بەنی ئیسرائیل تیایدا بۆ له وەڕاندنی مەڕەکانیانیان سوڕانەوه ، و سنورەکەیشی له باشوری دەشتی شورەوه دەست پێدەکات تا ناوچەی کەنعان ، له خۆرهەڵاتیەوه دۆڵی عربه و له خۆرئاواشیەوه ( دیەالرمله ) که ماوەکەی تا شاخی سینایه ، و له لای خۆرئاوایەوه دەشتی شام بوه . شاخی فاران هەمان ئەو شاخیه که ئەمرۆکه پێی دەڵێن ( مژرعه ) ئەوەش هەمان ئەو ناوچەیه که ئیبراهیم و یەعقوب و یوسف بۆ ڕۆیشتن بۆ میسر لەوێوه تێپەڕین و ماوەی زیاتر له هەزار کیلۆ مەتر له مەککەوه دوره .

2-له سەر بنەمای بەندی 18 ی بابی 25 سەفەر و سەرهەڵدان ( سفرو پیدایش له تەوراتدا ) ئیسماعیل و نەوەکەی ئەو له ناوچەیەک له ( حویله ) تا ( شور ) بەرانبەر میسر نیشته جێبوون . شور ناوچەیەکه له باکوری خۆرئاوای فەلەستین ، و له ناوچەسنوریەکانی باشوری میسردایەو پێشی دەڵێن ( دەشتی ئیشام )

3-له بەندی 9ی بابی 25 سەفەرو سەرهەڵدان ( سفرپیدایش ) دەنوسێت : ( وه کورەکانی ئیسحاق و ئیسماعیل ئەویان له ئەشکەوتی مکفیله له بیابانی عفرون به خاک سپارد ) ئەوەش ئەوه دەگەیەنێت که ئیسماعیل له نزیکی حبرون نیشته جێ بووه که ئیبراهیم نزیک لەو شوێنه بووه ، که توانیویەتی به سود وەرگرتن له کەرەستەکانی هاتو چۆ ، سەفەر بکات و ئەو کاتەش له کاتی کۆچی دوایی باوکیدا له شوێنی نیشته جێبوونی ئەو ئامادەبێت ، و به هاو کاری براکەی تەرمەکەی باوکی له بیابانی مکفیله به خاک بسپێرێت .

4-له سەر بنەمای سەفەر نامەی تەورات باکوریی ترین ناوچەیەک که ئیبراهیم سەفەری بۆ کردبێت ناوچه سنوریەکانی باشوری میسر بووه ، و ئەو ناوچەیەش تا مەککه زیاتر له یەک هەزار کیلۆمەتر دووره .

له بەر ڕۆشنایی ئەو دەقەانەی سەرەوه به شێوەیەکی یەکلاکەرەوه دەتوانین بڵێن : ئەوەی که له کتێبی توێژەره ئیسلامیەکان بەتایبەت ڕۆشتنی ئیبراهیم بۆ حیجاز و دروست کردنی کەعبه به دەستی ئەو کورەکەی ئیسماعیل نوسراوه ، هیچ بنەماو دروستی یەکی تیا نیه ، و ئەفراندنی خەیاڵی عەرەبەکانه . نه

ئیبراهیم نە ئیسماعیل هیچ کات نەچوونەتە ناو خاکی حیجاز ، تا بگات بەوەی کە بینایەک بە ناوی کەعبە لە و ناوچەیە دروست بکەن . ئەو ئەگەرە دەشێ دابنێین کە لە نەوەکانی ئیبراهیم ئیسماعیل کۆچیان کردبێت بۆ باکور و وای دابنێین ئەوانەش هەمان ئەو یەهودیانە بوون کە لە ناوچەکانی مەدینەو یەمەن نیشتە جێ بوون و بە هوی دمارگیری ئیمتیازاتی قەومیەوە ، بەردەوام بوبن لە سەر باوەڕە ئاینیەکانی باپیرانی خۆیان و بە تەندی پابەند بوبێتن بە بەکار هێنانی زمانی زگماکی خۆیانەوە کەعیبری بووە . بەگشتی بۆ بەرجەستە کردنی ژینگەیەکی ئارام بۆ بازرگانی کردن و بەردەوامی ژیان ، بەو پاساوەو لە سەر ئەو بنەمایەی کە عەرەبەکان لە نەوەی ئیسماعیلن و ئیبراهیم ئیسماعیل بە هاوکاری یەک بینای کەعبەیان دروست کردبێت ، زۆر لاوازە ، بەڵام خودی یەهودیەکانی نیشتە جێی عەرەبستان هیچ کات نە قورەیش و نە هەموو عەرەب بە نەوەی ئیبراهیم و ئیسماعیل نازانن . لە بەر رۆشنایی ( سیرەی ابن هیشام ) کاتێک کە یەکێک لە پیاوە دیارەکانی یەهود بە ناوی ( عبدالله بن سلام ) موسڵمان بوو ، یەهودیەکان پێیان وت : ( تۆ خۆت باشتر دەزانی کە پێغەمبەریەتی تایبەت مەندی بەنی ئیسرائیلە نەک عەرەب ) ئەو گەرە لە ئارادایە کە ئەو نوسراوەی تەورات :

(پاشان کە ئیبراهیم لەوێوە بۆ شاخێک کە دەکەوێتە خۆرهەڵاتی ( بیت ایل ) کۆچی کرد و خیمەی خۆی هەڵدا و هەر لەوێ قوربانی خانەیەکی بۆ خوداوەند دروست کرد و ناوی یەهوەی بەیاد هێنایەوە ) پیدایش 8-12

سەرچاوەی ئەفسانەی دروست کردنی کەعبە بە دەستی ئیبراهیم بە تەندروست دانانێت .

لە قورئاندا هاوسەر گیری ئیبراهیم لەگەڵ هاجەر کەنیزەکەکەی سارا ، و لە دایک بونی ئیماعیل و ، تورەیی سارە لە کەنیزەکەکەی و دواتر دەرکردنی ئەو دوانە لە ماڵی ئیبراهیم ، هیچ پاساوێک هەڵناگرێت ، بەڵام دەربارەی بینای کەعبە بە دەست ئیبراهیم و ئیسماعیل چەند ئایەتێک هاتوە کە لێرەدا دەیان هێنینەوە :

(یەکەمین ماڵ کە بۆ خەڵک دروستکرا مەککەی پیرۆز بوو بۆ رێنمونی کردنی خەڵک لەوێوە ، لەو ئایەتدا روونە کە لە ئاستی ئیبراهیم هەرکەسێک کە دەچێتە ناویەوە پارێزراوە ، لە لایەن خوداوە پێویستە کە هەر کەس باوەڕی هەیە حەجی بیت الله بکات . سورەتی ال عمران ئایەتی96-97

( کاتێک کە جێگای تایبەتمان بۆ ئیبراهیم دیاری کرد و پێمان وت بۆ ئێمە هاوڵ دامەنێ و ماڵی ئێمە بۆ تەواف کەران وێستاوە کان کڕنوش بەرەکان پاک بکەرەوە ) سورەتی حج ئایەتی 26

(کاتێک کە ئیبراهیم پایەکانی بەرز کردەوە و لەگەڵ ئیسماعیلی وتیان پەروەردگار ئێمە قبوڵ بکە تۆ داناو زاناو بیستەری ) سورەتی بقرە ئایەتی 127

(کاتێک کە ئیبراهیم وتی خودایە ئەم شارە بپارێزە و بۆ دانیشتوانەکەی و ئەوەی کە باوەڕی بە الله و رۆژی قیامەت هێناوە سەرفراز بکە ) سورەتی بقرە ئایەتی 126

(ماڵی کەعبەکمان بۆ کردنە جێگای کۆبوونەوە و جێگایەکی ئارام ، مقامی ئیبراهیم کە شوێنی نوێژکردنی ئەو بوو لەگەلچ ئیبراهیم و ئیسماعیل پەیمانماندا کە ماڵەکەی من تەواف بکەن و پاکی بکەنەوە ) سورەتی بقرە ئایەتی 125

2-حەجی ماڵئاوایی ( حجە الودا ع )

حەج کردن مەراسیمێکە کە مێژووی سەرهەڵدانی هەروەک دەست پێکی بینای کەعبە لە تاریکیەکانی کاتدا بە شاراوەیی ماوەتەوە ، ئەوەی کە لە بەر دەستە ئەوەیە کە ئەو مەناسکەی کە ئەمڕۆ ِکە لە مەراسیمی حەجی موسڵماناندا ئەنجام دەدرێت ، لە حەرام کراوەکان – پەرستن ، سوڕانەوە بەدەوری کەعبەدا و ماچ کردن و دەست لێدانی بەردە ڕەشەکە و وەستان لە سەرە عەرەفە و مزدلفە – ڕۆشتنی نێوان سەفا و مەروا – تاشین یان کورت کردنەوەی موی سەر ، قوربانی کردنی مەڕو وشتر ، بە گشتی مەراسیمێکن کە لە نەریتە دێرینەکانی عەرەب سەرچاوەی گرتوە ، عەرەبەکان سەردانی کردنی کەعبەو مەناسکی حەج بە شێوەیەکی زۆر بە شکۆوە ئەنجام دەدەن . بە جۆرێک کە ابن کلبی دەنوسێت : هۆزی نزار کاتی ئەنجامدانی مەراسیمی حەج دەیان وت ( لبیک اللهم لبیک لبیک لا شریک لک ، الاشریک هولک ، تملیکە و ما ملک ، لبیک اللهم لبیک ) هەڵبژاردنی ئەو دەستەواژانەو جەختکردنەوە لە ڕۆحانیەتی الله ، بەشێکە لەو ڕستیەی کە هاو مانایە و ئەمڕۆکە لە کاتی ئەنجامدانی سەردانی کەرانی بیت الله الحرام لە سەر زاریانە بەرگوێ دەکەوێت و هەتا ناوی خودا لەگەڵ ناوی خودای عەرەبی جاهیلیەت یە ک ناوە .

لە ساڵی دەیەمی هیجرەتدا ، محمد کەرەسەی سەفەری بۆ حەج ئامادە کردوو فەرمانی بە خەڵک کرد تا بۆ ئەنجامدانی حەج خۆیان ئامادە بکەن . ئەو مەبەستی بوو تا لەو سەفەرەدا ، مەناسکی حەج ئەوەی کە خودی خۆی لە کاتی لاوێتیدا پەروەردە کرابوو لەسەری و ئەنجامی دەدا فیری موسڵمانەکانیشی بیکات ، خەڵک کە لە مەبەستی محمد تێگەیشتن ، دەستە دەستە لە شاخ و دۆڵ و بیابانەکانەوە هاتن بۆ مەدینە ، هەندێک لە مێژوو نوسان ڕێژەی هاوەڵانی محمد لەو سەفەرەدا بە حەفتا هەزار کەس دەخەملێنن ، محمد لە ڕۆژی 25 ژی العقد بەرەو لای مەککە کەو تە ڕێ و لە ( ژی الخلیفە ) هەندێ شتی لە خۆی حەرام کردو جەستەی خۆی بە دوو پارچە داپۆشی . هەمویان پێکەوە بە وتی لبیک بەرەو مەکە بەرێکەوتن .

( لبیک اللهم لبیک ، لاشریک لک ، الحمدوالنعمە والشکر، لک المک ، لبیک لاشریک لک لبیک )

زیرەتکاران ڕۆژی چوارەمی ژی الحجە گەیشتە مەککە . محمد بە هەڵەداوان بەرەو کەعبە ڕۆشت و دەستی بە بەردە ڕەشەکەدا هێناو ماچی کرد ، حەت جار بە دەوری کەعبەدا سوڕایەوە ، لە سێ تەوافدا لە لای ڕاستەوە تا بەرانبەر بەردە ڕەشەکە ڕۆشت . پاشان نزیک لە ئاستی ئیسبراهیم نوێژی دابەست . دوبارە بەردە ڕەشەکەی ماچ کردەوە . چوبۆی صفا، نەریتی ( سعی لە نێوان سەفاو مەروادا بە جێ گەیاند . ڕۆژی هەشتەمی ژی حجە ڕۆشت بۆ لای ( منی ) شەویی لەوێدا لە خەیمەکەی خۆیدا بردە سەر . بەیانی ڕۆژی دواتر ، پاش ئەدای نوێژی بەیانی ، ئەوکاتەی کە خۆر دەرکەوت ، سواری حوشترەکەی بوو بەرەو ( عەرەفات ) ڕۆشت ، خەڵکی لە تەواوی ئەو مەراسیمانەدا تەواو بە هیلاک چوبوون ، نیوەڕۆی هەمان ڕۆژ بەرەو ( عەرەفە ) ڕۆشت و لە وێدا کە هێشتان لە سەر حوشترەکەی بوو ، بە دەنگێکی بەرز خەڵکەکەی بانگ کردوو وتارێکی خوێند و وتی :

(ئەمڕۆکە ئاینی ئێوەم بۆ ئێوە ڕێک خستو ئەوەی کمە پێویست بوو پێم گەیاندن ، ڕازی بووم کە ئیسلام ئاییینی ئێوە بێت ) سورەتی مائیدە ئایەتی 3

محمد لە عەرەفات گەڕایەوەو شەوی لە مزدلفە بەسەر برد ، بەرەبەیان چوو بۆ مشعرالحرام ، پاشان چوبۆلای منی ، بە درێژیی ڕێگا ( رمی جمراە – ڕەجم کردن –هاویشتنی بەرد –بە نەفرەت کردن) ەنجامدا . کاتێک گەیشتە خێمکەی خۆی 63 حوشتر بە ڕێژەی ساڵەکانی عمرە نەزر کرد ، موی سەری خۆی تاشی و کۆتایی بە مەراسیمی حەج هێنا .

چونکه پاش وێران بوونی دوو بت ( اساف ) و ( نائلە ) موسڵمانەکان لە ئەنجامدانی ڕێگە ڕۆیشتنی نێوان سەفاو مەروا نیگەران بوون و ئەوەیان بە بەشێک لە پەرستنی دوو بت دادەنا محمد ئایەتی 158 سورەتی بە قەری خوێندەوە و ڕێگە ڕۆشتنی نێوان سەفاو مەروای بە بەشێک لە ئەنجامدانی فەریزەی ئایینی حەج جێگیر کرد .

موفەسیرینی ئیسلامی لە تەفسیری ( رمی جمراە ) دا دە نوسن : کاتێک کە ئیبراهیم خرایە ژێر تاقیکردنەوەی ئەوەی کە دەبێت کورەکەی لە ڕێگەی خودا بکاتە قوربانی ، شەیتان لە ناو ڕێگادا سێ جار ئیبراهیمی توشی واس واسە کرد کە تا لەو کارە پەشیمان ببێتەوەو فەرمانی خودا بشکێنێت و جێبەجێی نەکات ، بەڵام ئیبراهیم لە هەر شێجارەکەدا شەیتانی ڕەجم کرد و بەسەری دا زاڵ بوو ، بەو هۆیەوەیە کە هاویشتنی بەرد ( رمی جمراە ) هاتە ناو فەریزەکانی حەج و وەک نەریتێکی ئیلاهی جێگیر بوو ، و حەجاجەکان بەشێک لە ئەرکی حەجەکەیان ڕەجم کردنە تا پیشانی بدەن ئەوان هەروەکو ئیبراهیم مرۆڤێکی پێگەیشتون و پەیمانەکەیان نوێدەکەنەوە :

(ملە ابیکم ابراهیم هو سمیکم المسلمین من قبل ) سورەتی حج ئایەتی 78

نهێنی مانەوەی حەج لە ئیسلام دا بەجۆرێک کە لە سەردەمانی پێشوو پێش سەرهەڵدانی ئیسلام هەر هەبووە ، و لە ناو بەرژەوەندی ئابووری و ژیانی خەڵکی مەککەدا چەسپیو بووە . ناوچەی مەککە هیچ جۆرە گژو گیایەکی لێ ناڕوێت . بازرگانی و هاتنی زیارەکارانی ماڵی خودا ، تەنیا دەست کەوت زیارەت کردنی کەعبە هەتا بازرگانی ئەو شارە وێران دەبوو . هەمان خاڵ بوو کە چەندین ساڵ قورەیش دژایەتی محمدو بانگهێشت کردنەکەیان دەکرد .کاتێک محمد لە مەدینە ئەو خاڵە بنچینەیەی سەرنجدا . ڕوگەی ( قیبلە ) موسڵمانانی لە پەرستگەی ئورشەلیمەوە گۆڕی بۆ کەعبە ، بە ئایەتی 37 ی سورەتی ئیبراهیم :

(پەروەردگار بەراستی من هەندێک لە نەوە و خێزانم لە دۆڵێکی وشک وبیچ کشتوکاڵدا نیشتە جێ کردوە ، تانوێژەکانیان ئەنجام بدەن پاشان دڵ هەندێک لە خەڵک بگۆڕە و لە ڕزق و ڕۆزی بەهرەمەندیان بکەیت تا سوپاس گوزاری تۆ بن . )

لە ڕاستیدا ئەدای دەروونی و ئارەزووی دڵی خودی محمدە کە لە زمانی ئیبراهیمەوە دەی گێڕێتەوە . ئیسلام بە تەواوی پاشاوەکانی عەرەبەکانەوە لە بابەت هاتنی ئیبراهیمەوە بۆ مەککە و دروست کردنی ماڵی کەعبە بە دەستی ئیبراهیم و ئیسماعیل زیرە کیەکی نواند تا بتوانێت ژیانی ئابووری و ژیانی عەرەبەکانی نیشتە جێی مەککە بژێنێتەوە ، و لە مەترسی لە ناو چون و وێران بوونی یەکجارەکی بەرگری بکات .

تەواوی مەناسکەکانی حەج وەکو ڕێگە ڕۆشتنی ( هەروەلەی ) نێوان سەفاو مەروا سەردانی کردنی شەوانە بۆ عەرەفات و مزدلفە و ڕەجم کردنی شەیتان و هتد .... تەنیا گرنگی بەخشینە بە کردەی حەج کە بە شێوەی خویەکی هەمیشەیی لێهاتوە و ئەگینا هیچ قسەیەک لەم فەرمودەیە بێ ماناتر نیە :

( الحجر یمین اللە تعالی فمن مسحە فقد بایع اللە ) (1)

بەردە ڕەشەکە دەستی خودایی گەورەیە ، هەرکەس دەستی لێ بدات بەیعەتی بە خوداداوە .

ئیمامی غەزالی کە لە فیقە بەناو بانگ و دیارەکانی ئیسلامە ، بەشێکی کتێبەکەی خۆی بە ناوی ( احیاو علوم الدین ) تایبەت کردوە بە نەریتی حەجەوە و لە دەستپێکی هەریەک لە مەراسیم و دروشمی حەج کورتەو پوختەیەکی نوسیوە و لە کۆتایشدا ئەنجام گیری کردووە ، کە مەراسیمی حەج بەندایەتیەکە ، و ئەو هیچ جۆرە هۆیەکی شیاو بۆ ئەنجامدانی مەناسکی حەجی بە پێویست نەزانیوە ، و ئەوەی تەنیا

وەک جێبەجێکردنی فەرمانێک لە لایەن خوداوە ئەنجامداوە . هەروەها لە بارەی ( رمی حجراه ) لە کتێبی ( کیمیای سعادت ) دەنوسێت : ( مەبەست لێی دەربڕینی بەندایەتیە ، لە ڕێگەی پەرستنی پاکەوە )

ئەم جۆرە قسانە دیدو بۆچونی یەکێک لە مەزنترین پێشەواکانی جیهانی ئیسلامە ، بە تایبەت لەو سەردەمانەی کە دەمارگیری ئایینی گەشتبوە لوتکە ، ئاماژەیە بۆ چەندین دۆخ و بابەت کە ئیمامی غەزالی نەی ویستوە یان بە هۆی کۆمەڵایەتی و هزری گشتی یەوە نەیتوانیوە دەری ببڕێت .

---

3-مانگە حەرامەکان :

سروشتی ژینگەی ناهەموار ، خۆرەتاوی سوتێنەر ، زەویەکی گەرم و بێ ئاو ، لە زۆرترین نازەویەکانی عەرەبستاندا دەرفەتی هیچ جۆرە کشتوکاڵێک یان سەوز بوونی گیایەک نیە . لە دێر زەمانەوە شارنشینان پێداویستیەکانی خۆیان تەنیا لە ڕێگەی بازرگانیەوە بە دەست هێناوە . بەڵام هێرشی بەزەییانەی هۆزە بیابان نشینەکان کە سەرتاسەری ئەو ناوچەیە بە شێوەیەکی پەرتەوازە دەژیان بژێوی ژیانی خۆیان لە سەر دزی و تاڵانی کاروان چیەکان دابین دەکرد ، کە زەوق و خرۆشی هەر جۆرە کردەیەکی بازرگانی لە دڵدا خەفە دەکرد . رۆژگارێکی زۆر نارەحەت سەری هەڵدابوو ، نا ئارامی و کوشتن و دزی و تاڵانی گەیشتبوە لووتکە . هەمووان لەو بارو دۆخەی کە خۆیان خولقاندبویان ، نیگەران بوون . بۆ وینا کردنی ئەو دۆخەو بەرجەستە کردنی ژینگەیەکی باشتر بۆ ژیان ، تەواوی سەرۆک هۆزەکانی عەرەب کۆبوونەوە و لە کۆبوونەوەیەکدا کە چەندین سەدەپێش لە دەرکەوتنی ئیسلام ڕێکخرابوو ، لە سەر بنەمای ڕێزگرتن لە مانگە حەرامەکان کە تا ئەندازەیەک هۆی دابین کردنی ئاسایش و ئارامی یەکی کاتی بوو لە عەرەبستان جەختی لێکرایەوە و بەڵێنیاندا پابەند بن پێوەی .

لە سەر ئەو بنەمایە لە چوارمانگی ساڵدا هیچ کەس مافی دەستدرێژی کردنی بۆ سەر ئەوی تری نەبوو . هاتو چۆی کاروان چیەکان لە ماوەی ئەو چوارمانگەدا ئازادبوو . هەرکەس دەی توانی بە بێ ترس لە هێرشی کەسانی تر یان هۆزەکانی تر لە سەرتاسەری عەرەبستان هاتو چۆ بکات . بەڵام لە مانگەکانی تری ساڵدا دەست گرتن بە سەر کاروانەکاندا و کوشتنی پیاوان و بە دیل گرتنی ژنان و منداڵان ، مافی دیاری کراوی هەر عەرەبێک بوو . مانگە حەرامەکان بریتین لە : ( ژی القعده ، ژی الحجه ، و محرم و سێ مانگی یەک لە دوای یەک کە عەرەبەکان پێیان دەوت مانگە ساردەکان مانگی ڕەجەب کە بە مانگی ( تاک – فرد ) دانرابوو . هەر بەو جۆرە لە ماوەی ئەو چوار مانگەدا کاروانەکان دەکەوتنە بەر هێرش و پەلامار ، یان کەسێک دەکوژرا ، تەواوی هۆزەکە ڕێک دەکەوتن لە سەر تۆڵە سەندنەوە یان داوای خوین باییان دەکرد . بازرگانەکانیش هەوڵیان دەدا بەرێخستنی کاروانەکەیان بە جۆرێک ڕێک بخەن ، کە پێش کۆتایی هاتنی مانگە حەرامەکان خۆیان بگەیەننە جێگای مەبەست و ئارام .

لە ئەنجامی بونی ڕێژەیەک ئاسایش و ئارامی کە لە مانگە حەرام کراوەکاندا بەرقەرار بوو ، بازارەکانی کڕین و فرۆشتن لە هەموو ناوچە جیا جیاکانی عەرەبستانەوە فراوانی و گەشەی بە خۆیەوە بینی ، کە عەرەبەکان بە ( سوق ) ناوزەدیان کردبوو . بە ناوبانگترین ئەو بازارانە بازارەکانی ( عکاف ) ( سوق مجنه ) و سوقی ( ژی المجاز ) بون .لەو بازارانەدا جگە لە مامەڵەی بازرگانی ، عەرەبەکان شانازیەکانی قەبیلەیی و شێعریان دەخوێندەوە و دیالۆگیان ئەنجام دەدا .

یەهودیەکان و مەسیحیەکان بە ئاسودەیی و ئاسایشێکی تەواو ڕاو بۆچوون و باوەڕی خۆیان ڕشادەگەیاند  و هەمووان دڵنیا بوون کە بە هۆی ڕێزگرتنی مانگە حەرامکراوەکانەوە  هیچ کەس دەست درێژی ناکاتە سەر ئەوی تر .

هاوکات محمد هەمیشە لەو بازارانەدا بەشداری دەکردوو ، لەگەڵ پەیڕەوانی ئایینە جیاجیاکان گفتو گۆو دیالۆگی دەکرد . عەرەبەکان  پاش بەشداریکردنیان لە بازاری ( مکارە ) زیارەتی کەعبەیان دەکردو بەردە ڕەشەکە یان ماچ دەکرد و ئەو بتانەی دەیان پەرست ستایشیان دەکردو پێش کۆتایی هاتنی مانگە حەرامەکان  دەگەڕانەوە بۆ نیشتمانی خۆیان .

لە هەنێک کاتدا ، لە کۆبونەوەی سەرانی هۆزەکانی عەرەبدا ، یەکێک لە سەرۆک خێڵەکان ئەو ڕستیەی دەوت :

(من ئەم ساڵ مانگی محرەم دەخەمە مێژووەوە و مانگی سەفەر هەڵدەبژێرم )

بیرهێنانەوەی ئەو ڕستیە  ، بەو مانایە بوو کە ئەم ساڵ لە جیاتی سێمانگی بە دوای یەکدا ( ساردە ) تەنیا دومانی دوابەدوای یەک حەرام کرابوو ، مانگی محرەم  بە بەشێک لە مانگە حەرام کراوەکان ئەژمار نەدەکرا ، و پێشنیار دەکەم  لە جیاتی ئەو مانگی سەفەر بە بە بەشێک لە مانگە حەرام کراوەکان ئەژمار بکرێت . جێگیر کردنی ئەو پی پێشنیارەش دەبووە هۆی  کەم کردنەوەی ماوەو کاتی جەنگ و دزی و تاڵانی  کاروانەکان و خۆبە دورگرتن لێیان .

مێژوو نوسان دەنوسن : یەکەمین کەسێک کە ئەو نەریتەی لە کۆبوونەوەکەی سەرانی سەرۆک هۆزەکانی عەرەبدا چەسپاند و مانگە حەرام کراوەکانی کانی گۆڕی  ، ( عمرو بن لحی  )بوو  کە یەکێک بوو لە سەرۆک هۆزەکانی بەنی کانە .

قورئان ئەم نەریتە دێرینەی عەرەبی بەدەوی و یاسای مانگە حەرام کراوەکانی بە شێوەی چێوەی ئیلاهی چەسپاندو مافی کوشتارو دزی و تاڵانی بۆ ماوەی هەشت مانگ لە ساڵێکدا لە سەرانسەری عەرەبستاندا بە فەرمی ناساند .

(ڕێژەی مانگەکان لە لای خوداوەند و لە کتێبی الله دا لەو ڕۆژەی زەوی و ئاسمانەکانی خولقاندوە  12 مانگە کە تیایدا  4 مانگی حەرام کراوە ، ئەم ئاینە جێگیرو بەرجەستەیە ، جگەلەوەش لە و مانگانەدا ستەم لە خۆتان مەکەن  ) سورەتی تۆبە  ئایەتی  36

هەر لە هەمان سورەتی تۆبە ئایەتی  37 دا هاتوە ، جێگۆڕکێ  و دواخستنی مانگە حەرام کراوەکان بە کفر ئەژمار دەکرێت :

( جێگۆڕکی و دواخستنی مانگە حەرام کراوەکان زیات کردنی کفرە کە بە هۆی ئەوەوە کافرەکان گومڕا دەبن  ، ستڵێک حەرامی دەکەن و ساڵێک تەحریمی دەکەن تا بەراوردی بکەن لە گەڵ ئەو مانگانەی کە خوداوەند تەحریمی کردوە بەو جۆرەی کە ئەوەی خودا حەرامی کردوە ئەوان حەڵاڵی بکەن  )

( جا کاتێک مانگە حەرام کراوەکان تەواو بوون کافرو بێ باوەڕان بکوژن لە هەرکوێدا ئەوانتان بینی  ) سورەتی تو بە ئایەتی 5

ژیان نامە نوسان ( سیرە )  ولیکۆڵیارانی ئیسلامی ئیسلامی بۆ پڕکردنەوەی ئەو کەمو کورتیە زۆرەی لە تەفسیرەکاندا ، دەستیان کردوە بە ئەفراندنی تایبەت .

ابو علی گبرسی لە کتێبی ( مجمع البیان ) دا لە ژێرەوەی تەفسیری ئایەتی 98 سورەتی مائدە دا لە هەمبەر مانگە حەرام کراوەکان و زۆر ڕێز لێگرتنی ئەو مانگانە دەنوسێت :

(ناحەزان یاسای نوسراویان لە ئایینی ئیسماعیلەوە بە میرات بردبوو تا ئەوکاتەی کە ئیسلام سەری هەڵدا و ئیسلام وەک شەریعەتی خوداوەندی چەسپاندی )

بە جۆرێک لە بابەت حەجەوە وتراوە ، هیچ کات نە ئیبراهیم و نە ئیسماعیل هەنگاویان نە هاویشتوەتە ناو خاکی حیجازەوە و مانگە حەرام کراوەکان لە ناو یەهودیەکاندا پێشینەیەکی نیەو لە تایبەتمەندیەکانی عەرەبی پێش ئیسلامە کە پاش سەرهەڵدانی ئیسلامیش بوە یاسای خوداوەندی .

4-تۆڵە سەندنەوە ( تۆڵە )

تۆڵە کردنەوە یاسایەکی زۆر کۆنی مرۆڤەکانە کە بۆ ڕازی کردنی هەستی ڕق و کینە دروست بووە لە سەردەمانی سەرەتایی شارستانیەتی مرۆڤدا کە هێشتان حکومەتی ناوەندی و ڕێکخراوەیی بۆ بەڕێوە بردنی کۆمەڵگە بونی نەبووە . تۆڵە سەندنەوە لە لایەن خودی زوڵم لێ کراو یان خێزان و هۆزی ئەوەوە ئەنجام دراوە . لە نێوان ئەو لەو حانەی سەردەمی دەسەڵاتداریەتی ( ئورنامو ) پاشای گۆتیەکان ( 2044- 2027 پ-ز ) لە میزیۆپۆتامیا دۆزراوەتەوە ، چەند هشێکە لە کتێبی یاسای ئەو ، کە دەتوانرێت ئەوە بە کۆنترین کۆمەڵە یاسایەکی تۆمارەکانی جیهان دابنرێت . لەو کۆمەڵەیەدا ، یاسای بە ناو بانگی تۆڵە سەندنەوە ، تۆمار کراوە . هەر لە سەر ئەو بنەمایە یەکێک لە تاکەکانی هۆز بەدەستی کەسێکی تری هۆزێکی تر بکوژرایە یان بریندار بکرایە بکوژ یان لێدەر ئەبوایە تۆڵەی لێبکرایەتەوە . لە کاتی نکوڵی لێکردنی هۆزی کەسی بکوژ لە تۆڵە سەندنەوە ، تەواوی تاکەکانی هۆزی کوژراو داوی خوێن باییان دەکرد و ئەگەر بکوژ لە هۆزەکەی خۆی هەڵبهاتایە و یان ئەگەر دەربیجەیەک هەبوایە بۆ ئەوەی ڕیچگری بکات لە تۆڵە لێ سەندنەوەی ئەوا خوێن لە جیاتی خوێن مەحکوم بوو بە کوشتن ، هەرکەس مافی ئەوەی هەبوو لە هەر کوێدا دەستی پێی بگەیشتایە بیکوشتایە ولەو سۆنگەیەوە هیچ بەرپرسیاریە تیەک لە ئەستۆی نەبوو .

ئەو نەریتە سەرەتایە لە تەواوی ناو هۆزەکانی ناوچە کانی میزیۆپۆتامیا ، فەلەستین ، و شامات ، باو بوە و لە تەوراتیشدا جەختی لێکراوەتەوە .

قورئان لە ئایەتی 179 ی سورەتی بقرە دا تۆڵە سەندنەوە بە وەزیفەی مرۆڤ شانازی دادەنێت .

( ئەی باوەڕدارانی هۆشیار تۆڵە کردنەوە بۆ ئێوە مایەی ژیانە )

(ئەی ئەو کەسانەی کە باوەڕتان هێناوە تۆڵە سەندنەوە وەزیفەو لە ئەستۆی ئێوەیە ، کوشتنی پیاوێکی ئازاد لە جیاتی پیاوێکی ئازاد ، کۆیلە لە جیاتی کۆیلە ، ژن لە جیاتی ژن ) سورەتی بقرە ئایەتی178

5-ڕۆژو

یەکێچکی تر لە وەزیفەکان کە لە سەر بنەمای نەریتی دێرینی هەرەبی جاهیلیەت لە قورئاندا جێگیر کراوە و فەریزەی پەیوەندی دارە بە ڕۆژوو گرتنەوە . ئەم فەریزەیە لە سەر بنەمای ئایەتی 183ی سورەتی بقرە دیاری کراوە :

( ئەی ئەو کەسانەی کە باوەڕتان هێناوە ، ڕۆژوو گرتن لە سەر تان نسراوە هەمان شێوە کە لە سەر ئەو کەسانەی پێش ئێوە نوسراوە )

لە ئیسلامدا ڕۆژو گرتن بوە وەزیفە ، دەستوری چۆنیەتی ڕۆژوو گرتن و ئەو مانگەی کە پێویستە تیایدا سی (30 ) ڕۆژ بەڕۆژوو بیت لە ئایەتەکانی تری قورئاندا ئاماژەی پێدراوە .

ڕوونەکە مەبەستی قورئان لەو ( کەسانەی کە پێش لە ئێوە ) پەیرەوانی ئاینەکانی یەهودی و مەسیحی یە . بەڵام لە تەوراتدا فەرمانێکی ڕاشکاوانە بۆ ڕۆژوو گرتن نەهاتوە . چل ڕۆ بەڕۆژو بونی موسا و ئیلیا بەگشتی بە بێ فەرمانی یەهوە و هەر بە ویتی خۆیان بووە . یەهودیەکان لە کاتی ڕودانی هەر تەنگەژەو موسیبەتێکدا ، ڕۆژو وەک نەریتی گشتی ناگرن و بەڵکو هەتا ئاژەڵ و منالّی شیرە خۆرەش لە خواردن دە گرنەوە . تەنیا ڕۆژو گرتنێکی شەرعی و دەستوری کە لە تەوراتدا بەچاو دەکەوێت، ( یوم کیپور ) ( ڕۆژوی کفارە – واتە ڕۆژی پاککردنەوەی تاوانە ) یەهودیەکان لە کۆتایی چەژنی کرناکان کە بەرانبەرە بە مانگەکانی سیپتامبەر و ئووکتۆبەر بۆ دەرخستنی پاکیەتی و پابەندیەتی و بەخشین یان لە گوناحەکان ، لە ڕۆژی کفارە دا بەڕۆژوو دەبن ، و ماوەی ئەو ڕۆژوو گرتنەیش 24 کاتژمێرە لە خۆرئاوابونەوە دوبارە بۆ خۆر ئاوابوون و ئەوەش تەنیا یەک ڕۆژە لە ساڵێکدا . هەڵبەت ڕۆژی نادەستوری لاوەکی تر بۆ ڕۆژی یاد کردنەوەی وێران بوونی پەرستگەی ئورشەلیم و ئەو بابەتانە ئەنجام دەدەن ، بەڵام لە هیچ شوێنێکی تەوراتدا نەنوسراوە . بەڵام یەهودیە توندڕەوەکان وەک خۆیان هەفتەی دوڕۆژ ، ڕۆی دوو شەممان و ڕۆژی پێنج شەممان بەڕۆژوو دەبن . ڕۆژی کفارەیش تەنیا یەک ڕۆژە کە کاهینی مەزن بە جلوبەرگێکی سپیەوە مافی چونە ژوورەوەی ئەو جیگا زۆر پیرۆزەی ئۆرشەلیمی هەیە .

لە صحیفەی ئشعیای پێغەبەردا ، لە بابی 58 ژمارە 5 تا 9 فەرمانەکانی یەهوە بۆ قەومی یەهود دەربارە ڕۆژو گرتن دەنوسێت : ( ئەوە بەڕۆژوو بونێکە کە من چێژی لێدەبینم زنجیرەکانی شەرانگێزی بپچڕێنە و کۆت و بەندی کۆیلەیەتی بپسێنە ، زوڵم لێکراوان ئازاد بکە ، تەواوی جۆرەکانی کەڵەوەکان (کۆت و بەند ) بپسێنە نانی خۆت لەگەڵ برسیەکان دابەش بکە ، ئەو بەدبەختانەی کە پەناگەیەکیان نیە لەماڵەکەی خۆت جێگا بکەوە ، ئەگەر ڕوتێکت بینی ئەو داپۆشە ، لە هاوڕەگەزەکانی خۆت ڕو وەرمەگێڕە )

لە ئاینی عیساشدا بچوکترین دەستور یان ئاماژەیەک بە پابەند بووون و حەتمی بوونی ڕۆژو گرتنەوە بەرچاو ناکەوێت . مەسیحیەکان هەتا لە ڕۆژی کفارەدا بەڕۆژوو نابن . عیسا لە بابەت ڕۆژوو گرتنەوە دەڵێت : ( ڕۆژ و گرتن کردەیەکە پێویستە مرۆڤ لە دڵی خۆیدا ئەنجامی بدات ، نە ئەوەی کە وەک نەریت لە بەرانبەر نۆرم و نەریتێکی تایبەتدا ڕۆژو بگرێت ) ئاینی زەردەشت سیچیەمی ئاینە کە قورئان بە ئاینی هەق و خاوەن کتێبی ئاسمانی دادەنێت ، لە ئاینی زەردەشتیدا نە تەنیا شتێک دەربارەی ڕۆژو گرتن بەرچاو ناکەویچت ، بەپێچەوانەوە زەردەشت پەیرەوانی خۆی لە خواردن و خواردنەوە مەنع ناکات و دەڵێت :

( کەسێک کە هیچ ناخوات هێزی پێویستی بۆ ئەنجامدانی کارە قورسە پیرۆزەکانی نیە )

نەریتی ڕۆژوو لە قورئاندا ، تەنیا پشت ئەستور بە هەمان نەریت و نۆرمێک بوە کە پێش دەرکەوتنی ئیسلام لە عەرەبستان و بە تایبەت لە ناو هۆزەکانی قورەیش و حنفا دا باو بوە . لەو سەردەمەدا دیدی بیرمەندە مەزنەکانی عەرەب وابوە کە هەریەکێک ماوەیەک لە ساڵ سەرقاڵی عیبادەت و نزیک بونەوە لە خودا بێت (1 )عبدالمگلب باپیری محمد لەو کەسانە بوە کە ساڵی یەک مانگ خەڵوەتی گرتوە . بەڕۆژوو بوەو خواردنەکەی خۆی لە ناو هەژاراندا دابەش کردووە . ئەو جێگایەی کە ئەو بۆ خەڵوەت و پارانەوە هەڵی بژاردبوو ، هەمان ئەو جێگایە بوو کە دواتر محمد ئەوێی بۆ بیر کردنەوە و ئارامی ڕۆح و ڕۆژو

گرتن سودی لێ وەردەگرت . مێژوو نوسان جگە لە عبدالمگلب ( ورقە بن نوفل ) و امیە بن مغیرە ) بەو کەسانە دادەنێن کە پێش سەردەمی دەرکەوتنی ئیسلام نەریتی ڕۆژوو گرتنیان ئەنجام داوە . یعقوبی مێژوونوسی دیار لە بەرگی دووەمی کتێبەکەی دا دەنوسێت : کە عبدالمگلب لە سەردەمی جاهیلیەتدا چەندین نەریتی هەبوو کە دواتر لە ئیسلامدا چەسپێنراوە . وەکو بە حەرام زانینی مادەی هۆشبەر ، زینا کردن و لێدانی قامچی لە زیناکار ، قەدەغە کردنی تەواف کردنی کەعبە بە روتی ، قەدەغە کردنی هاوسەر گیری لەگەڵ محارمدا ، بەرگری کردن لە چونە ژوورەوەی هەرماڵێک بە بێ پرس ، فەرمان بە چاکەو نەهی لە خراپە ، ڕێز گرتنی چوارمانگە حەرام کراوەکە ، و بەرگریی کردن ( بۆ سەلماندنی ڕوی راستی یەکتر و نەفرەت کردن لە یەک ) بەڵام ڕۆژو گرتن ڕیشکێکی دێرینتری هەیە و یەکێک بوە لەو نەریتانەی کە چەندین سەدە پێش ئیسلام بونی هەبووە و لە داهێنانی هزری عبدالمگلب نەبووە .

پاش ئەوەی کە ئیسلام بەهێز بوو ، و بە شێوەی ئایینێکی نوێ لە بەرانبەر دوو ئایینی تری ئیبراهیمی هەڵتۆقی . محمد هەمان نەریتی دێرینی عەرەب و میراتی خێزانی بە یەکێک لە وەزیفەکانی ئایینی موسڵمانان دانا.

---

1-سیرە ابن هشام ج1 ص 154

لە سەرتاداو لە سۆنگەی سیاسیانەی ڕۆژەوە ، ڕۆژانی ڕۆژو گرتن هەمان ئەو ڕۆژە کەمانە بوو کە یەهود تیایدا بەڕۆژوو دەبوون . بەڵام پاش کۆچکردنی محمد بۆ مەدینە ، مانگی ڕۆژو گرتنی گۆڕی بۆ سی ڕۆژی مانگی ڕەمەزان . موسڵمانەکان لە تەواوی مانگی ڕەمەزاندا لە بەرەبەیان پێش دەرکەوتنی خۆر تا ئاوابوونی خۆر و هاتنی شەو دورە پەرێز بوون لە خواردن و خواردنەوە و دوکوڵ کیشان . بەڵام بە درێژایی شەو خواردن و خواردنەوە و هەتا سەرجێیی کردن لە گەڵ ژنەکانیان لە سەر بنەمای ئایەتی 187 سورەتی بقرە ڕێ پێدراو بوو .

(حەڵاڵ کراوە بۆتان خەوتن لەگەڵ ژنەکانتان ، ژنەکانتان پۆشاکن بۆ ئێوە ، الله دەی زانی کە فێڵتان لە خۆتان دەکرد ، بەڵام تۆبەی ئێوەی قبوڵ کردو لە ئێوە خۆش بوو ، ئەتوانن لەگەڵ ً ژنەکانتان سەرجێیی بکەن ، ئەوەی کە خودا بڕیاری لە سەرداوە بۆتان ئەنجامی بدەن ، بخۆن بخۆنەوە تا ئەو کاتەی کە هێڵی سپی بەرەبەیان لە تاریکیدا دەردەکەوێت ، پاشان بەڕۆژوو بن تا شەو دادێت نەچنە لای ژنەکانتان ، و لە مزگەوتەکاندا بمێننەوە ، ئەوە سنوری خوداوەندە نابێت بیبەزێنی )

6- نوێژ

نوێژ بریتی یە لە کۆمەڵێک نزای ڕۆژانە و مناسکی پەستن کە باوەڕداری هەر ئایینێک بۆ پەرستنی خودای ئەو ئایینە ئەنجامی دەدات . لە هەر ئایینێکدا مناسک و نۆرمی تایبەتی بۆ هەڵبژاردنی نوێژ هەیە . پێش سەرهەڵدانی ئیسلام هاوکات نوێژ کردن لە ناو عەرەبەکاندا باو بوە و ئایەتی 35 سورەتی انفال ئەو ڕاستیە دەسەلمێنێت :

( نوێژ کردنەکانیان لە بەردەم ماڵی کەعبەدا جگە فیکە لێدان و چەپڵە لێدان شتێکی تر نیە ) ئاماژەیە بە هەمان بابەت . نوێژی موسڵمانان پێک دێت لە 17 ڕکات و 5 جار لە شەوو ڕۆژێکدا پاش گرتنی دەست نوێژ ئەدا دەکرێ ، بەرجەستە کردنی نوێژی پێنج کاتە لە وورۆژدا لە ئایینی ئیسلامدا ، لە ئاینی زەردەشتی وەرگرتوە ، لە دوو ئاینەکەی تری ئیبراهیمیدا نوێژ لە هەفتەیەکدا تەنیا یەکجار لە کەنیسە ( سیناگۆگ ) و یان لە کڵێسا دا ئەنجام دەدرێت .

نوێژ لە ئایینی یەهودا بەو جۆرەیە کە پاش ئەوەی ئامادەبوان لە جێگا کانی خۆیان لە کەنیسە جێگیر بوون واعیز دەچێتە سەر مینەبەرو نزای تایبەت دەخوێنێت . بیستەران هەڵدەستنەوە و بە خاکێتی و ملکەچی بە پێوە دەوەستن ، پاشان چەند ئایەتێک لە تەورات دەخوێندرێتەوە ، پاشان چەند دەستەواژیەکی نوێژ دوبارە دەڵێنەوە . پاش خوێندنەوەی تەورات ئەنجار صحیفەکانی پێغەمبەران دەخوێننەوە . تەوراتیان بە 52 بەش دابەش کردوە ، هەر رشۆژێکی شەممان یەک بەش لەو بەشانە دەخوێننەوە . بەجۆرێک کە لە کۆتایی ساڵدا تەواوی پێنج سەفەری کتێبی پیرۆزیان خەتم کردوە . ئاینی مەسیح کە لە سەرەتادا مەراسیم و نزاکردنی ئایینی خۆی لە کەنیسەکانی هەودا ئەنجام دەدا ، ئەو نەریتەی لە ئاینی یەهودەوە وەرگرتوە و مەسیحیەکان هەر رۆژێکی یەک شەممە بەیانی یان ئێوارە مەراسمێکی هاوشێوەی مەراسیمی یەهود لە کڵێسادا ئەنجام دەدەن .

قورئان لە ئایەتیەکانی 17و 18ی سورەتی الرۆمدا کاتی ئەنجامدانی نوێژی لە چوار دەرفەتی شەوانەو رۆژانە دیاری کردوە .

(فسبحان الله حین تمسون وحین تصبحون وله الحمد فی السموات والارچ عشیا و حین تقهرون )

سوپاس گوزاری خودابە لە شەوان و بەرەبەیان وە ئەو لە زەوی و ئاسمانەکان و لە کۆتایی رۆژ و کاتی نیوەڕۆدا ستایش بکە.

لە ئایەتی 114ی سورەتی هود دا دەڵێت : ( نوێژ بکە دوو جار رۆژوو کاتژمێرەکانی نزیک شەو ) وە لە ئایەتی 78 سورەتی اسرا دا دەڵێت : (کاتی خۆر ئاوا بوون تا تاریکی شەو نوێژ بکە و هاوکات لە بەرەبەیانیشدا )

وە لە ئایەتی 25 سورەتی دهر دا دەڵێت : ( وە لە کاتی شەودا یادی خودابکەو پاشان سوجدەی بۆ ببە )

بەڵام ئەو نەریتەی محمد کە خۆی لە ئایینی زەردەشتی وەرگرتوە ، بە پێج نۆبە دایناوە ( بەرەبەیان ، نیوەڕۆ ، دوای نیوەڕۆ ، پاش خۆر ئاوا بوون ، دواهەمینیش دوکاتژمێر دوای خۆر ئاوابوون ) شیعە مەزهەبەکان بە گشتی نوێژەکانی نیوەڕۆ و دوا نیوەڕۆ و کاتی خۆر ئاوا بوون و دوای کاتی خۆر ئاوا بون ( عشا ) پێکەوە کۆدەکەنەوە و سیچجار لە شەوو رۆژێکدا نوێژ دەکەن ، ئەم نوێژانە بە کۆ و لە مزگەوتدا بەڕێوە دەچێت ، بەڵام لە کاتی زەروردا بە شێوەی تاکیش ئەنجام دەدرێت ، نوێژی بە کۆمەڵ لە لای شیعەکان لە خوشەویستی دیار نەمانی ئیمامی زەمانە .

لە رۆژی جەژنی رەمەزان و جەژنی قوربان ، کە گرینگترین دوو جەژنی موسڵمانانە ، نوێژی بە کۆمەڵی تایبەت لە بەرەبەیانی جەژندا ئەنجام دەدرێت ، کە وەکو نوێژە کۆمەڵایەتیەکانی تر فەرزکراون .

6- رۆح ، جنۆکە و دێو

باوەڕبوون بە بوونی رۆح و جن و دێو ، لە باوەرە هەرە سەرەتایەکانی مرۆڤە کە لە سەردەمی پاش چاخی بەردینی نوێ لە وێنا کردنی مرۆڤدا ماوەتەوە و لە بەرایی یەکەمی کتێبەکەدا و هاوکات بەرایی پەیوەندیدار بە باوەڕی عەرەبی پێش ئیسلام بە دیوختی باسمان کردوە .

ئەو باوەڕانە لە سەرانسەری خۆرهەڵات و لە ناو هۆزەکانی کە لە ناوچەکانی میزیۆپۆتامیا و فەلەستین و شامات دەژیان ، بایەخی زۆری پێدەدرا ، یەکێک بوولە باوەڕە باوەکانی عەرەب و هاوچاخی دەرکەوتنی ئیسلام . قورئان ئەو باوەڕە دێرینەی عەرەب بە رۆح و جن ، بە شێوەی قسەی خوداوەند جێگیر دەکات

و ژیان بەو بوونەوەرە ئەفسانەیانە دەبەخشێت و لە ئایەتە جیاجیا کاندا ناویان دەهێنێت . هەتا سورەتێکیشی بە ناوی ( جن )وە بۆ ئەو بونەوەرە خەیاڵیانە تایبەت کردوە .

لە بەر ِرشنایی ئایەتەکانی قورئان کە وتەی خوداوەندن :

(جنەکانی لە گڕی بێ دوکەڵی ئاگر خولقاند ) سورەتی الحجر ئایەتی 27

(ئێمە زۆر جن و مرۆڤ مان دروست کردوە بۆ دۆزەخ ) سورەتی اعراف ئایەتی 179

قورئان خەسڵەت و تایبەتمەندیەتی هاوشێوەی مرۆڤی بە خشیوەتە جنەکانیش . جنۆکەکانی ناو قورئان دەتوانن ببیستن و ببینن ، قسە بکەن ، بخوێننەوە و بنوسن ، و بۆ ڕێنمونی کردنی ئەوانیش پێغەمبەر لە لایەن خوداوە بۆ ئەوانیش ڕەوانە کراوە، تا ئەوانیش لە ڕۆژی دوایی بترسێنێت )سورەتی انعام ئایەتی 130

(کاتێک هەندێک لەوان گوێیان لە خوێندنەوەی قورئان بوو بونە ئیسلام ) سورەتی جن ئایەتی 1

(لە ناو ئێمەدا هەندێک موسڵمان و هەندێک خوانەناس هەیە ئەوانەی کە ئیسلام بون ڕێگای سەرفرازیان دۆزیوەتەوە ) سورەتی جن ئایەتی 14

(لە ئایەتی 9ی سورەتی جن دا کە بە وەکالەت لە لایەن جنەکانەوە دەڵێت :

(ئێمە بۆ گوێگرتن لە قسە لە کونجێکی ئاسماندا خۆمان حەشار دەدا ، بەڵام ئێستە کە کەسێک بیەوێت ئەو کارە ئەنجام بدات یەکسەر نەیزەکێکی بۆ ئامادەیە )

لە بەر ڕۆشنایی ئەم ویناکردنەی عەرەبەکاندا ، ( جنۆکە ) کان بونەوەری سیخوڕن کە بۆ دزینی نهێنیەکانی خودا لە ئاسمان خۆیان حەشار داوە ، لە قورئاندا هاتوە ، بۆ دەرپەڕاندنی جنۆکەکان و شەیتان لە ئاسمانەکان  ئایەتی 5 سورەتی الملک دا دەڵێت :

(ئێمە ئاسمانی دنیامان بە چرا ڕۆشن کردەوە ، بۆ ڕاو کردنی شەیتانەکان و بۆ ئەوان ئەشکەنجەی ئاگرمان ئامادە کردوە )

قورئان بۆ سەلماندنی دروستی خۆی و هاندانی ئەو بەشە ی جنۆکەکان کە باوەڕیان بە ئیسلام هێناوە داوای جەنگیان لێدەکات و داواش لەوانە دەکات  کە گومانیان لە دروستی و خواوەندی بوونی ئایەتەکانی قورئان هەیە، کە سورەتێکی وەک سورەتەکانی قورئان دابنێن ئەگەر چی هاوکاری و پشتگیری یەک بک بن  سورەتی ئیسرا ئایەتی 88

وە ئەو دەستیەی جنۆکەکان کە پەیڕەوی لە ڕێگای هەق ناکەن هەرەشەی ئاگری دۆزەخیان لێدەکرێت . سورەتی اعراف ئایەتی 179

قورئان جنۆکە کان هاندەدات ئەگەر ڕۆژێک توانیان بفرن بە ناو ئاسمان و زەویدا ئەوا دەبێت ئەو کارە ئەنجام بدەن  . سورەتی ارحمن  ئایەتی 33

جەخت کردنەوەی قورئان لە سەر بونەوەرێکی نەبینراو بە ناوی جنۆکە لە سەر زەوی ئەو باوەڕەی لە لای گشت موسڵمانان خولقاندوە کە محمد پێغەمبەرێکە کە بۆ ڕێنوێنی مرۆڤ و جنۆکە ڕەوانە کراوە ، و ریوایات و حەدیسی زۆر هەتا لە کتێبە بروا پێکراوو پاشگرە ئیسلامیەکانی وەکو ( جامع الصحاح ) ی ابی الحسین مسلم بن اخجاج و صحاحی بخاری لەو جەخت کردنەوانە بەرچاو دەکەوێت  .

دەربارەی بونەوەرێکی خەیاڵی تری وەکو رۆح هاوکات ئایەتی زۆر و جیاجیای وەکو سورەتی الاسرا ئایەتی 85 و سورەتی انبیا ئایەتی 38 وسورەتی معارج ئایەتی 4 و ئایەتی 2ی سورەتی نحل له قورئاندا بەرچاو دەکەوێت .

هاوکات الله له دوجێگەدا له رۆحی خۆی بۆ خولقاندنی ئادەم و سکپڕکردنی مریەم سودی وەرگرتوه . وەک له ئایەتی 4ی سورەتی قدر دا هاتوه ، مەلایکەو روح له شەوی قەدردا دیچنە سەر زەوی و تا بەرەبیان له سەرزەوی دەمێننەوە. ( 1)

---

1-بۆزیاتر زانیاری له بابەت ڕیشکی ئەم باوەڕە بگەڕێوە بۆ بەرایی ئایینی زەردەشت و جەژنی فروردینگا ( فرودک )

(تنزیل الملائکه والروح فیهابڒن ربهم من کل امر سلام هی حتی مگلع الفجر )

زیندەوەر ناسان ( بایۆ لۆجیستەکان ) باوەڕیان وایە کە ژیانی ئەو ڕەگەزە بێگیان و کیمیاییانە لە ژینگەو باروودۆخێکی گونجاودا خولقاون ، ڕەمزی بونی ژیان لە سەر گۆی زەوی ، لە چێوەی یاساگەلی کیمیایی جیهاندایە .جیهان بە جۆرێک نەخشە کێشراوە ، کە ژیان لە ژینگەو بارو دۆخێکی گونجاودا حاشاهەڵنەگربێت . گیاندارانی سەر زەوی بەرهەمی ڕاستەو خۆی خودی زەوین ، و هیچ فاکتەرێکی سەرەوەی سروشت لە خولقاندنیاندا دەستی نەبووە ، لە ڕێکخستنی ڕەگەزی کیمیایی ئازاد لە گەردوندا ، وەکو : ئۆکسجین و نایترۆجین . وە چەندین مادەی خاوی تر ، بە تەدریج ڕەگەزی تری وەکو موگناتیس و گازو شێ و هەواو هتدد .... خولقاوە . وە تیشکی بەهێزی خۆر لە دروست کردنی میتاپۆلیس و ترشە لۆک ، و ڕەگەزی تری وەکو فسفۆر و سلولەکان دروست بوە ، دروست بونی خانەکان و سلول و پرۆتینەکان و نیترۆنەکانی سەرەتای ژیانی گژو گیا و لە ئەنجامی نەش و نمای نئۆکلیدە کان ، بونەوەری تاک سلولی خولقاند و پاش ئەویش سەرەتاکانی ژیانی بوەنەوەر دەست پێدەکات . لە کۆتا قۆناغی ژیانی زیندەوەر دا لە ئەنجامی پەرەسەندو پێگەیشتن ڕێگا بۆ خولقانی زیندەوەری ئاڵۆزتر خۆش دەکات . سروشت پاش چەندین ملیارد جار هەڵە لە تاقیکردنەوەکانی خۆیدا سەرکەوتو دەبێت لە خولقاندنی مرۆڤدا ، شیکاریەجیاجیاکان سەلماندویانە کە هیچ جیاوازیەک لە نێوان پێکهاتەی ئۆرگانی مرۆڤ و یان زیندەوەرەکانی تری نزیک لە خێزانی مرۆڤ یان زیندەوری تاک سلو دا بونی نیە . پێک هاتەکانی جەستەی مرۆڤ بە هەمان باروودۆخ و هاو تەریب لەگەڵ جەستەی زیندەوەرە تاک سلولەکان یان ئەو زیندەوەرەکانی تری شێرو بەبرو زیندەوەرانی گەورەو بچوکدا بونی نیە ، کە دریژە بە ژیان دەدەن ، هەریەک لە مەودای خۆیدا بە گشتی وەزیفەی کۆمەلایەتی خۆی لە ئەستۆ گرتوە . تا ئەو کاتەی کە لە نێوان پێک هاتە ئۆرگانیەکانی مرۆڤ و یان جەستەی زیندەوەرەکانی تردا هاوئاهەنگی ، بوونی هەیە ژیانیش بەردەوام دەبێت . وە کاتێک کە پێکهاتە تایبەتەکانی جەستە کە بونی ئەنرژی و ژیانە لێک دابڕێن دیاردەی مەرگ سەرهەڵدەدات .

زانستی ئەمڕۆکە سەلماندویەتی کە تەن و ئەنەرژی ، جسم و ڕۆح لێک جودا ناکرێنەوە . بە وتەی ئەنیشتاین بیردۆزی ئەڵمانی ( E=MC2 ) بە واتایەکی سادە تر ماددەو ئەنەرژی شیاوی گۆڕانن بۆیەکتر و ئەگەر کەمێکی پێویست ئەنەرژی بونی هەبێت ئەوسا مادده دەتوانێت دروست ببێت .

لە پێک هاتەی زیندەوەرێکی تاک سلولیدا ، کە نموونەی گشتی پێک هاتەی ئۆرگانی جەستەی مرۆڤێکە ڕۆح و مادده یەکن و لە نێوان ماددەو ئەنەرژی و یان جەستەو ڕۆح دوالیزمی بونی نیە . ئەو تەقینەوە مەزنەی کە لە بیابانی نوادا لە ساڵی 1945 ی زایینی ڕویدا ، سەلماندی کە لە بونی ئەتۆمێکدا کە بچوکترین گەردیلەی جەستەیە ، ئەنەرژیەکی مەزن هەیە . جەستەی مرۆڤ لە ملیاردەها خانە و یان

یەکەی جسمی پێک هاتوە ، و ڕێکخستنی ئەم خانانە ئەنەرژی و جوڵە بەرهەم دێنن . ئەوەی کە فەلسەفەی کۆن و پێشینان بە ناوی ڕۆح ناویان بردوە ، شتێک نیە جگە لە وزەی ( ئەنەرژی ) ژیان .

بە شێوەیەکی کۆنکرێتی دەتوانین بڵێن ، کە ڕۆح بە واتای بونەوەرێکی دەرەکی و جیا لە جەستە کە لە جەستەدا بوبێتە هۆی زیندویەتی ژیان بونی نیە . لە هیچ یەکێک لە کتێبە زانستیەکاند بە تایبەت پزیشکی و بایۆلۆژی لەوڵاتانی پێشکەوتو شتێک بە ناوی ڕۆحەوە بەرچاو ناکەوێت ، و لە سۆنگەی زانستیەوە بونی ئەو جۆرە بونەوەرە خەیاڵیە . ئەنەرژی ژیان ، بە لەدەستدانی هاوسەنگی و پێکهاتەی سلولەکانی جەستە و مەرگ ، لە ناو دەچێت و وێران دەبێت و پاشماوەیەکی لێ نامێنێتەوە ، تا بۆ ئاسمانەکان بەرز بێتەوە ، و درێژە بە ژیانی خۆی بدات . لە شەوانی قەدردا زەحمەتی سەفەری درێژ لە ئاسمانەوە بۆ سەر زەوی تەحەمول بکات و لە بیابانی مەحشەردا بۆ وەڵامدانەوە ئامادە بێت .

بەرایی شەشەم :

قورئان

قورئان ، کتێبێکی ئاسمانی موسڵمانەکانەو زۆر جێگای ڕێزو پەرستنی باوەڕدارانە بە ئاینی ئیسلامەوە و تەنیا پاش دەست نوێژ گرتن دەست لەو کتێبەوە دەدەن . تەواوی سورەتەکانی قورئان بێجگە لە سورەتی نۆهەم ( بە دەستەواژەی ( بسمالله الرحمن الرحیم ) دەست پێدەکات . قورئان پێک دێت لە 6236 ئایەت لە 114 سورەتدا کە 95 سورەتی مەکیە و 19 سورەتیشی مەدینەییە .

سورەت لە دەستەواژەی سور بە مانای بڵندی و بەرزی وەرگیراوە و ئەو دەستەواژەیەش لە بابەت هەر پارچەیەکی سنووردارو بەشەکی قورئان بە کار هێنراوە ، ڕێژەی ئایەتەکانی هەر سورەتێکی قورئان یەکسان نین بەیەک ، زۆرترینیان سورەتی بقرە یە کە 286 ئایەتە و کورتترین سورەتیشیان سوەرتی ( کوپر ) کە بریتی لە 3 ئایەت .

لەو سۆنگەیەوە کە تەوای قورئان لە لایەن بونیادنەری ئایینەکەوە نوسراوەتەوە ، لە ناو کتێبە ئایینیەکانی تردا تایبەتە بە تاکەوە . لە قورئاندا قسەکەری سەرەکی اللەیە کە لە چەندین بەشیدا وەک فەرمان و ڕاستەو خۆ دەستوراتەکانی خۆی بۆ موسڵمانەکان ڕشادەگەیەنێت ، و هەندێک کاتیش محمد قسەکانی خودا دەگوازێتەوە ، لە هەندێک بەشیشیدا قسەی محمد و خودا تێکەڵ بە یەک دەبن کە قسەکەری سەرەکی تیایدا دیار نیە .

هەندێک لە ئایەتەکان بە ڕوونی ئەو حیکایەتانە دەگێڕنەوە کە بێژەرەکەی ناتوانیت بە اللەی دابنێت . خوداوەند لە قورئاندا بە گشتی بە شێوەی وەک کەسی سێهەم و بە سیغەی کۆ قسە دەکات و سود لە ئاوەڵ ناوی ( انا ) وەرناگرێت و دەڵێن ( انزلنا ) و (ارسلنا ) ( وجعنا ) بەڵام لە هەندێک کاتدا زەمیری قسە کەر تاک بە کار دەهێنێت و دەڵێت :

( اڑا وحیپ الی الحواریین ان امنو بی ) سورەتی سبا ئایەتی 123

کاتێێک کە وەحیم بۆ حیواریونەکان نارد کە باوەڕبە من بهێنن .

(فاڑا سوینە و نفخت فیە من رۆحی . ل 72

پاشان کاتێک  که من ئەوانم دروست کرد و له ڕۆحی خۆم کرده ئەوان  .

له کات وله سەردەمی محمدا کۆمەڵێک قسەی خوداوەند به چ ناوێکەوه ناوزەد کرابوو ، بەڵگەیەکی یەکلاکەروه و ڕوون له بەردەستدا نیه  ، بەڵام دەتوانین بڵێن  له سەردەمی ئەبوبەکردا که قورئان کۆکرایەوه ناوێک که هاوەڵانی محمد بۆ ئەو کتێبه دایان نابوو ، ( مصحف ) بوو ، له خودی قورئانیشدا ئەم کتێبه زۆر ناوی بۆ دیاری کراوه ، که بەشێک لەوانه له ڕاستیدا بکەرن نەک ناو . له ناو هەموو ئەو ناوانەو ئەو سیفاتانەدا ، وشەی قورئان  بەربڵاو تره  و ئەم دەستەواژەیه    58 جار له ناو خودی قورئان خۆیدا هاتوه ، موسڵمانەکان باوەڕیان وایه ، که قورئان هەڵگری گشت داخوازی و بابەتێکه و هیچ شتێک له دەروەی قورئان بوونی نیەو له خودی قورئانیشدا ئایەت لەو بارەیەوه هاتوه : ( لا رگب ولا یاس الا فی کتاب مبین ) سورەتی الانعام ئایەتی 59

له سەر بنەمای باوەڕەکانی ئیسلام ، قورئان کتێبێکی ئاسمانیه و ڕێک قسەی خوداوەنده که له ئەزەلەوه له ئاسمانی حەوتەم له دەفتەری چارەنوس ( لوح محفوف )  نوسراوەتەوه : ( بل هو قورئان مجید فی لوح محفوف ) سورەتی البروج ئایەتی 22-21

بەڵکو ئەوه قورئانێکی شەریفه که له لەوح محفوف دا پارێزگاری لێکراوه .

کەسانێکی تری وەکو ( دحیه کلبی ) ( 1) که جوبره ئیل له شێوەی پەریدا پیشان دەدات ،  پەیامی بۆ محمد هێناوه . ناوی جوبره ئیل له ئایەتەکانی  97 و  98 ی سورەتی بقره دا و له ئایەتی  4 سورەتی تحریم دا هاتوه ، و   ئەو دوو سورەتەیش مەدینەین  ، و له پێش ئەماندا له سورەتەکانی تری مەکیدا زیاتر ئایەتەکان له سەر ڕۆح و ڕۆحی القدس هاتون .

---

1-حیه کلبی یەکێک بو له دەوڵەمەندەکانی عەرەب که به کەسێکی باش و ڕوخۆش و بەخشنده سەردەمی شارەکەی خۆی بوو ، محمد داخوازی خوشکی ئەوی کرد بەڵام ( شراف  ) پێش هاوسەرگیری کردنی له گەڵ محمدا کۆچی دوایی کرد  دحیه له ساڵی 45 هیجری کۆچی دوایی کردوه .

ستایلی داڕشتنی ناوەڕو ک و مانای ئایەته مەدینەیی و مەکیەکان زۆر جیاوازن له یەکتر . ئایەته مەکیەکان کورت و پڕمانا و خۆش ئاهەنگن ، لەو ئایەتانەدا ، به جۆش و خرۆشەوه  قەسه له سەر پەرستنی خودا و ئەشکەنجەی خوداوەند و له ناو چوونی ئەستێرەکان و نزیک بوونەوەی ڕۆژی پەسڵان دنیا ئاخیری . داڕشتنێک که له ڕێکخستنی ڕستەو ڕیزکردنی وشەکاندا بەکار هاتوه له چەمکێکی قوڵ و کورتدا بەیان کراوه ، بەڵگەن له سەر ئەوەی که ئەم دەستەواژانه پێش وەخته دانراون ، و له سەرەتادا نەوتراون . سورەته مەکیەکانی قورئان ، زیاتر جەخت له هاندانی خەڵک دەکات بۆ باوەڕ هێنان و خواپەرستی و ستایش کردنی خودای تاک ، یارمەتی دانی هەژاران و بەڵێنی پێدانی بەهەشت و دۆزەخ فەرمانی بنەڕەتی و یەکلاکەرەوەن . یاساکانی حکمی کەسیەتی و کۆمەڵایەتی ، فەریزه ئایینی یەکانی وەکو ڕۆژوو گرتن و نیکاح و تەڵاق و زەکات و خمس ، جیهاد و فەرمان بەچاکەو نەهی له خراپه و میراتی و سنووری سزای کاری خراپه ، به شێوەکی گشتی دەتوانین بڵێن که :

1-هەر سورەتێک که وشەی ( کلا )ی تیدابێت مەککی یه . هاوکات وشەی کلا هەڵگری مانای سەرزەنش کردنه و ڕەوەشی قورئان له مەککەدا له ڕوبەڕوبوونەوەی کافران و نەیارەکانیدا له سەر بنەمای سەرزەنش کردن و سەرکۆنه کردن بووه نەک تەمێ کردن و سزادان .

2-هەر سورەتێک کە تیایدا سوجدی تیا هاتبێت ئەوە مەککی یە .

3-هەر سورەتێک کە بە پیتی برگەی ( الم - الرو ) و نموونەی وەکو ئەم بر ◌گانە دەستی پێ کردبێت مەککی یەو جگە لە هەردوو سورەتی بقرە و ئال عمران .

4-ئەو سورەتانەی کە باس لە داستانی پێغەمبەرەکان و خەڵکی پێش خۆی دەکات مەکی یە جگە لە سورەتی بقرە .

5-هەر سورەتێک کە تیایدا باسی ئادەم و حەواو شەیتان هاتبێت مەکی یە جگە لە سورەتی بقرە .

6-هەرسورەتێک کە تیایدا دەستەواژەی ( یا ایهالناس ) هاتبێت مەکی یەو هەرسورەتێکیش کە تیایدا ( یاایهالزین امنو ) هاتبێت مەکی یە .

7-تەواوی ئەو سورەتانەی کە هەڵگری فەریزە ئایینیەکان و مافی کەسیەتی و یاسای مەدەنی و کۆمەڵایەتی و ئەحکامی شەرعی بن مەدینەیین .

محمد پاش خوێندنەوەی هەر ئایەتێکی نوێ جێگای جێگیر کردنی ئەو ئایەتە ، خۆی دیاری دەکرد بۆنموونە دەی وت : ئەو ئایەتە لە فلان سورەت و پاش فلان ئایەت دابنێن .

هەر بە و هۆیە وە بوو کە لە هەندێک سورەتە مەککی یەکاندا چەندین ئایەت بەرچاو دەکەوێت ، کە لە مەدینە بۆ موسڵمانان خوێندراوەتەوە . بەڵام بە فەرمانی محمد ، لە نێوان سورەتە مەکیی یەکاندا دانراوە .

بە واتا یەکی تر دابەزین و خوێندنەوەی ئایەتەکان هەمیشە لە سۆنگەی ڕوداوو پێشهاتەکان بوە بەڵام ڕێک خستی ئایەتەکان بە فەرمانی محمد لە نێو سورەتەکاندا جێگیر دەکرا .

قورئان لە مەککە بە شێوەی نوسراو ڕێک نەخرابوو ، بەڵکو موسڵمانان لە بەریان دەکرد ، خودی محمد کە خاوەنی هزرێکی بە هێز بوو ، تەواوی قورئانی لە بەر کردبوو بە گشتی لە کۆڕو کۆبونەوەی تایبەت بە خوێندنەوەی قورئان لە گەڵ هاوەڵەکانیدا بەشداری دەکردو هەڵەکانی ئەوانی ڕاست دەکردوە ، خوێندنەوەی قورئان وەک عیبادەت ئەژمار دەکرێت . کتێبی قورئان لە سەر کاغەزو پێستە و ئێسقانی وشتر و یان بەرد ، دەنوسرایەوە . چەند کەسێک بەرپرس بوون لە وەی کە محمد ئایەتێکی دە خوێندەوە ئەوانیش یەکسەر یادداشتیان دەکرد . بەو کەسانەیان دەوت ( نوسەرانی وەحی ) دواتر ئەو ئایەتانەی کە نوسەرانی وەحی یادداشتیان کردبوو ، بۆ تەواوی موسڵمانەکانیان دەخوێندەوە ، هەندێکیان دەیان نوسیەوە و هەندێکیشیان لە بەریان دەکرد . چوونکە بەبەردەوامی کۆڕو کۆبونەوەی خوێندنەوەی قورئان بەردەوام بوو ، ئایەتەکان لە ئەنجامی چەند بارەکردنەوە و وتنەوەی لە یادگەدا سەیف دەبوو . ناودارترین کەسکە قورئانی لە بەر بوو لە سەردەمی محمد خۆیدا ( عبدالله بن سعود ، ابی بن کعب ، معاژ بن جبل ، علی بن ابی تالب ، زید بن سابت ) بوون کەسی دواهەمینی نوسەرانی وەحی لە سەردەمی عسمانداو و دواتریش بوە بەرپرسی کۆکردنەوەی قورئان ، کۆکردنەوەی قورئان بەگشتی لە سەردەمی ئەبوبەکردا دەستی پێکرد ، بەڵام عسمان هەوڵی تەواوی دا گشت ئەو پەڕە پەرتەوازو پرشوبڵاوانەی کە قورئانی لە سەر نوسرابوو لە کتێبێکدا کۆکردەوە و نوسخەیکی ئیزافیشی لێ هەڵگیرا ، ئەم قورئانەی کە ئێستا لە بەر دەستی موسڵمانانندایە هەمان ئەو نوسخەیە کە عسمانی کوری عەفان کۆی کردەوە .

بۆ ئاشنایەتی زیاتر بە ناوەڕۆک و چۆنیەتی داڕشتنەوەی قورئان و شیکردنەوەی دابەزین و نوسینەوەی یان بە وتەی لیکۆڵیارانی ئیسلامی ( هۆی دابەزینی ) چەند ئایەتێک هەڵدەبژێرین و لیکۆڵینەوەیەکی ڕونتر دەخەینە بەردەم خوێنەرانی بەرێز :

1-لە مەدینە ڕۆژێک محمد چوو بۆ ماڵی عبدالله بن جحش تا خوشکەکەی ئەو داوا بکات بۆ زید بن حارسە زڕکورەکەی خۆی ، داخوازی کرد ، عبدالله و زەینەب بەو هۆیەی کە زەید ماوەیەک کۆیلەی محمد بوبو بە باشیان نەزانی کە ئەو پرۆسەیە لە بەر دۆخی خیڵەکیەتی و خێزانی ئەنجام بدەن ، و ئەو پێشنیارەی محمدیان ڕەد کردەوە ، ئەوەش شتێکی زۆر ئاساییە کە لە زۆرێک لە ناو خێزانەکانی ئەمرۆشدا ڕودەدات . هاوکات لە بەر ئەوەی کە کەسوکاری کچەکە بە پێشنیارەکەی محمد ڕازی نەبوون بەڵام محمد لەو کەسانە نەبوو کە گوێ لە بۆچوونی نەیاری خۆی بگرێت ، بە ڕاستەو خۆو بە تورەیی یەوە بە عبداللەی وت : ئەوسەرپێچی کردنە بۆ تۆو بۆ موسڵمانان نەهاتوە کە فەرمانی پێغەمبەری خودا بشکێنن .

( ماکان امومن ولا مؤمنه اژا قچی الله و رسوله امرا این یکون لهم الخیره من امرهم ) سورەتی احزاب ئایەتی 36

کاتێک کە خوداو پێغەمبەری خودا فەرمانیان بە کارێک کرد و قەزاواتیان کرد ، هیچ موسڵمانێکی بە پیاوو ژنەوە مافی ئەوەیان نیە سەرپیچی بکەن .

2-ڕۆژێکی هەینی محمد لە مزگەوتی مەدینە دانیشتبوو ، مزگەوتەکەش بچوک بوو تەواوی گۆشەکانی مزگەوتەکە لە لایەن ئەو کەسانەی کە خۆیان لە محمد نزیک دەکردەوە گیرابوو ، هەندێک لە موسڵمانەکانی کە لە جەنگی بەدردا بەشداریان کردبوو ، هاتن بۆ مزگەوتەکە ، سڵاویان کردو چونکە جێگایەک بۆ دانیشتن نەمابویەوە ، لە سەر پێ وەستان ، چونکە محمد زیاد لە پێویست ڕێزی لە موسڵمانەکانی جەنگی بەدر دەگرت ، و لە لایەن هیچ یەکێک لە ئەوانەی کە دانیشتبوون هەڵنەسانەوە بۆ ئەوان دابنیشن ، محمد بەو کەسانەی کە دانیشتبوون وت هەڵبسن و جێگاکانی خۆتان بۆ پیاوانی جەنگی بەدر چۆڵ کەن ، ئەو فەرمانەی محمد بوە هۆی ناڕەزایی و نیگەرانی و بە ناداد پەروەریان ئەژمارکرد ، محمدیش هەر لەوێدا بۆ سەپاندنی فەرمانەکەی خۆی ئایەتی 12ی سورەتی مجادلەی بۆ موسڵمانەکان خوێندەوە .

(یا ایهاالژین امنو اژا قیل لکم تفسخوا فی مجالیس فا فسخوا یفسخ الله لکم و اژا قیل لکم انپزوا فانپزوا یرفع الله الژین امنو لکم )

ئەی ئەو کەسانەی کە باوەڕتان هیناوە کاتێک لە مەجلیسەکاندا پێتان دەڵێن جێگاچۆڵکەن چۆڵی کەن ، الله کەسانێک کە باوەڕی هێناوە بەرزتر لەوان دەکات )

ڕوونە کە بیرهێنانەوەی وشەی الله لەو ئایەتەدا تەنیا بە مەبەستی تەقویت و زەمانەتی ئیجرائی ئایەتە کەیە و ئەگەرنا فەرمانی محمد و خودی ئایەتەکە بۆخۆی پەیوەندی بە هەیمەنەی ئیلاهی و یان نۆرمی پەرستشەوە نیە .

3-عەرەبی بەدەوی پاش قبوڵ کردنی ئیسلام  و چونە ناو جەرگەی موسڵمانانی مەدینەوە ، هەروەکو دۆخی بیابان نشینی پێشوی خۆیان ڕەفتاریان دەکرد ، هەڵسوکەوتی ناشارستانی یان ئەکرد و وەک کەسێکی ئاسایی لەگەڵ محمدا مامەڵەیان دەکرد . لە کاتی ڕۆشتندا چەند هەنگاوێک لە دوای محمدەوە دەڕۆیشتن . لە دورەوە بانگی محمدیان دەکرد و یان بە دەنگی بەرز و لە دەروەی ماڵەکەی بانگیان

دەکرد بێتە دەرەوە . محمد بۆ سەرنج دانان لە سەر ئەو جۆرە خەڵکە بیابان نشینە نە بە نەریتی شارنشینی و ناپەسەندی هەڵسوکەوتیان وتی :

( یا ایها الژین امنو لاتقدموا بین یدی الله ورسوله ) سورەتی حجرات ئایەتی1

ئەی ئەو کەسانەی باوەڕتان هێناوە دەست لە ڕوی خوداو پێغەمبەرەکەی لە ئەنجامی کارەکانتان هەڵمەبڕن .

(یاایها الژین امنو لاترفعوا اصواتکم فوق صوت النبی ولا تهجروا له بالقول کجهر بعچکم لبعچ ان تحبگ اعمالک وانتم لا تشعرون ) سورەتی حجرات ئایەتی 2

ئەی ئەو کەسانەی کە باوەڕتان هێناوە لە کاتی قسە کردندا دەنگی خۆتان بە سەر دەنگی پێغەمبەردا بەرز مەکەنەوە و بانگی ئەو مەکەن هەمان شێوە کە هەندیک لە ئێوە بانگی کەسانی تر دەکەن نەبا کارەکانتان ناشایستە بێت .

( ان الژین ینادونک من ورااالحجرات اکپرهم لایعقلون ) سورەتی حجرات ئایەتی4

ئەوانەی کە لە پشتی دیوارەکانەوە تۆ بانگ دەکەن زۆرترینیان عاقڵ نابن )

( ولو انهم صبروا حتی تخرج الیهم لکان خیرا لهم والله غفور رحیم ) سورەتی حجرات ئایەتی5

ئەگەر ئەوانە ئارمیان بگرتایە تا بێتەدەرەوە بۆلایان ئەوا بۆ ئەوان باشترە و خودا لیخوش بوو بەخشندەیە .

ئاساییە کە 5 ئایەتی پێشو لە سورەتی حجرات کە بە شێوەی فەرمانی سیتماتیکی و پرەنسیپ بۆ ئاشنا کردنی عەرەبە بیابان نشینەکان بە نەریتی شار نشینی دەربچوێنێ . بچوکترین پەیوەندی بە بە ویست و ئیرادەی خوداوە نیە و تەنیا بریتی یە لە ئەزموونی کەسیەتی محمد و بۆ بەرجەستە کردنی پرەنسیپ بووە لە بونیادی کۆمەڵگەی نوێی ئیسلامدا و لە لایەن خوداوە ئەم ئایەتانە دانەبەزیون .

4-لە جەنگی موسڵمانانندا لەگەڵ قەبیلەی بنی نزیر ، چوونکە ماوەی گەمارۆدان درێژەی کێشا و یەهودیەکانیش بە جدی بەرگریان لە خۆیان دەکرد ، محمد بۆ شکاندنی ورەی بەرگری کارانی یەهود فەرمانی کرد باخی دارخورماکانی یەهود ببڕنو بیان سوتێنن . یەهودیەکانیش نارەزایەتیان لە بەرانبەر ئەم کارەی محمدا دەربڕی و وتیان : تۆ خۆت ئامۆژگاری خەڵک دەکەیت لە گەندەڵی و کاری خراپ دوور کەونەوە و ناشتنی دارو درەخت بە جۆرێک لە عیبادەت ئەژماردەکەیت و ئێستا فەرمان دەدەیت دارەکان ببڕن و دارخورماکان بسوتێنن ، محمدیش لە وەڵامدا پیانی وت :

( ما قگعتم من لینه او ترکتموها قائمه علی اصولها فیادن الله ولیجری الفسقین ) سورەتی حشر ئایەتی5

ئەو درەختانە بڕیان و هەڵیان کێشان بە فەرمانی خودبووە ، بۆ ئەوەیە کە گوناحکاران لە ناو بچن .

لە عەربستان ، بە یەکێک لە فاکتەرە گرنگەکانی ئابووری ئەژمار دەکرا ، یەهودیەکان هیوادار بوون کە پاش ڕزگاربونیان لەو گەمارۆیەی موسڵمانان بگەڕیچنەوە سەر ژیانی ئاسایی خۆیان و سود لە باخی دارخورماکانیان وەربگرن . کاتێک فەرمانی محمدیان بینی و تێگەیشتن کە ئیتر هیوایەک بۆ مانەوە و درێژەدان بە ژیان لەوێدا نەماوە ، پێشنیاری ئاشتیان کردوو بۆ هەمیشە خاکی عەرەبستانیان بەجێ هێشت . سیاسەتێکی گونجاو بوو ، بەڵام بە خودایی کردنی ئەم فەرمانە باوەرشبون لاوازدەکات کاتێک خودا لە دژی بەشێکی عەبدەکانی ژینگەو ژیان دەشوێنێت .

5-محمد لە ساڵی هەشتەمی کۆچیدا ویستی دەستگرتنی بە سەرمەکەدا لە هەمووان شاردەوە ، ( حاگب ابی بلتمە ) بەڕێکەوت پەی بە مەبەستەکەی محمد بردو کەنیزەکەکەی خۆی ( صفیە ) لە گەڵ نامەیەکدا ڕەوانەی مەککە کرد ، تا خزمەکانی خۆی لە مەبەستەکەی محمد ئاگادار بکاتەوە . سیخورەکانی محمد بەزوویی ئەو هەواڵەیان پێگەیاند . ئەویش علی بن ابی تالبی بە دوای کەنیزەکەکەدا ڕەوانە کرد ، هێشتان صفیە زۆر لە مەدینە دور نە کەوتبوە وە عەلی پێی گەیشتەوە ، هەرچی هەوڵیدا نامەکەی بداتێ بەڵام نەیدایە ، ئەویش هەرەشەی لە کەنیزەکەکە کرد ئەگەر نامەکەی نەداتێ ئەوا دەست بەسەری دەکات . کەنیزەکەکە لە ناو پرچەکانیدا نامەکەی دەرهێناو دایە دەستی عەلی ، محمد پاش خوێندنەوەی نامەکە حاگبی بانگ کرد ، حاگبی وتی : من باوەڕم بە خوداو پێغەمبەرەکەی هەیە و لە ئایین هەڵنەگەڕاومەتەوە ، بەڵام لە مەدینەدا کەسم نیە ژن و منداڵەکانم لە مەککەن ئەو کارەم بۆیە کردوە کە ژن و منداڵەکانم بە ئاسودەیی بژین ، چوونکە حاتب لە گەورەکانی موسڵمانان بوو و لە جەنگی بەدردا ئازایانە بەشداری کردبوو ، محمد تەنیا سەرزەنشتی ئەوی کرد و ئایەتی 1 تا 3ی سورەتی ممتحنە ی بۆ موسڵمانان خوێندەوە :

( ئەی ئەو کەسانەی کە باوەڕتان هێناوە دوژمنی ئێمەو دوژمنی ئێوە بە دوست وینا مەکەن و کەس بۆ لای ئەوان مەنیرن ئەوەی لە لایەن خوداوە بۆیان هاتوە کافربوون . پێغەمبەر ئێوە ڕزگار دەکات . بە الله خودای خۆتان باوەڕ بهێنن و بۆ جیهاد لە ڕێگەی من و بۆ ڕەزامەندی من دەرۆیتە دەرەوە و خۆ حەشار دان بۆ ئەوانە بۆلای دۆستەکانیان خەڵک دەنیرن .

6-هەندێک لە ماڵی دۆستان و سەرناسی هاوەڵانی محمد لە مەدینە بۆ ئەوەی کە پیشانی ئەوانی تری بدەن کە لە تایبەتەکان و نزیکەکانی محمدن پەیتا پەیتا بۆ دیدەنی محمد دەهاتن و بە بێ پێویست بوون لەگەڵ ئەو گفتو گۆیان دەکرد . محمد بۆ سنوور دانان بۆ ئەم سەردانی کردنە نا پێویستانە فەرمانی بە هەموو موسڵمانان کرد :

( یا ایهاالڑین امنو اڑا ناجیتم الرسول فقدموا بین یدی نجویکم صدقە ڑالک خیر لکم ) سورەتی مجادلە ئایەتی 13

ئەی ئەو کەسانەی باوەڕتان هێناوە پێش گفتو گۆلەگەڵ پێغەمبەر سەدەقە بە هەژاران بدەن ئەوە بۆ ئێوە باشە .

پاش ئەو بارودۆخەی تیایدا ئەو ئایەتانە خوێندرانەوە بەشێکی زۆر لە ئەوانەی سەردانی محمدیان دەکرد خۆیان دورە پەرێز گرت پاش ماوەیەک لە ئەنجامی نیگەرانی خەڵک محمد بە ناچاری هەڵوەشاندنەوەی ئەو ئایەتەی بە ئایەتی 14 هەمان سورەت بە موسڵمانانی وت :

(ئایا ترسای پێش سەردانی کردنی پێغەمبەری خودا سەدەقە بدەیت ئیتر چوونکە ئەو کارەت نەکرد خودا تۆی بەخشی .

7-پێش سەرهەڵدانی ئیسلام ، لە ناو عەرەبەکاندا نەریت بوو ئەگەر کەسێک بۆ حەج یان عەمرە مەحروم دەکرا، لەو کاتەدا مەبەستی سەردانی کردنیشی هەبوایە ، لە دەرگای ماڵەکە یان لە دەرگای خێمەکەوە نەدەچوە ژوورەوە ، بەڵکو لە پشتەوە بە دزیەوە دەچووە ژوورەوە ئەو کارەیشی بە باش دەزانی . بەڵام عەرەبی هۆزەکانی قورەیش ( کنانە ، خزاعە ، پقیف ، بنوعامر ) ئەو نەریتەیان جێبە جێ نە دەکردوو هەر لە دەرگاوە هاتو چۆیان دەکرد . ڕۆژێک محمد سەردانی ماڵێکی ئەنساری کرد لە کاتیکدا سەردانی کردنی ئەو ماڵەی لە خۆی حەرام کردبوو بەڵام چوونکە لە هۆزی قورەیش بوو لە دەرگاوە چوە ژوورەوە (قگبە بن عامر) یشی لەگەڵدابوو ، خەڵک ناڕەزایەتیان دەربڕی و تیان : قگبە پیاوێکی گەندەڵەو هاوکات لە هۆزەکانی قورەیشیش نیە لە دەرگاوە چوەتە ژوورەوە ، محمد بە قگبە وت

هۆی هاتنە ژوورەوەت لە دەرگاوە چیە  قگبەیش پێی گوت  من پەیرەوی لە تۆ دەکەم ، و هەرکارێک بکەیت منیش دەی کەم . محمد وتی من لە هۆزەکانی قورەیشم . قگبەیش وتی ئاینی من و ئاینی تۆ یەک ئاینە ، وەڵامەکەی قگبە مەنتیقی و کۆنکرێتی بو ، ئیتر محمد بڕیاریدا کە ئەو نەریتە کۆنەی عەرەب بسڕێتەوە و ئایەتی 158 سورەتی بقرە بۆ ئەو مەبە ستە بۆ موسڵمانان خوێندەوە .

(باشی لەوەدا نیە کە لە پشتی دیوارەوە بچیتە ژوورەوە بەڵکو نیکوکار ئەو کەسەیە کە ئازابێت . لە کاتی هاتنی بۆ ناو ماڵەکان لە دەرگاوە بێت )

8-محمد لە دەست پێکی بانگهێشتی پێغەمبەراتی دا خەڵکی مەککەی بۆ شاخی صفا بۆ هەواڵێکی گرنگ بانگ کرد و پێغەمبەرایەتی خۆی لە وێدا ڕاگەیاند ، ابولهب مامی پێغەمبەر وەرگەڕاو بە محمدی وت  : ( ئەی لە تۆ محمد بۆ ئەو هەواڵە ئێمەت بانگ کردوە ) خەڵکەکەی بە و قسەیە دووبەش کرد . محمد بێدەنگ بوو نەفرەتی لە ابو لهب کرد :

(هەردو دەستی ابو لەهب ببرێت ، سود نەبینێت لەوەی بە دەستی هێناوە  بەزوویی دەچێتە ئاگری دۆزەخەوە و ژنکەیشی کە بە کوشت بچێت کە پەتێکی خورمای لە ملدایە )

کاتێک قاسم کورەکەی محمد مرد  ، ( عاص بن وائل ) کە لە نەیارەکانی محمد بوو  دەستی کردە سوکایەتی کردن بە محمد و دەی وت بە مردنی قاسم ئیتر محمد جێگە نشین و پشتی نیە و ئەو بە ( ابتر ) بە وەجاخ کوێر  دەمێنێتەوە .محمدیش سورەتی کوپری لە وەڵامی ئەودا خوێندوەتەوە :

( انا اعگیناک الکوپر فصل لربک وانحر ان شانئک هوالابتر )

کوسرمان بە تۆ بەخشی  نوێژ بۆ پەروەردگارت بکە  قوربانی ئەنجام بدە دوژمنەکانی تۆ ( ابترن ) ئەو سورەتە لەو کاتەدا کە لە هزری محمد دا ئامادەیی هەیە هێزی فیکری و ڕەوان بێژی ئەو دەردەخات ، بە تەواوی حیکایەتێکە لە هەست و ناخی کەسیەتی بێژەرەوە دەردەچێت و هیچ ئاسەوارێکی ئیلاهی و ئایینی تیایدا بەرچاو ناکەوێت .

---

1-ابتر : لە فەرهەنگی زاراوەکاندا بە مانای دەم کوت کردن و وەجاخ کوێر دێت . بەڵام موفەسیرە ئیسلامیەکان  بۆ پڕکردنەوەی جێگای بە تاڵی تەفسیرەکەیان  مانایەکی تریان بۆ ابتر داتاشیوە ، و بە مانای بچوک و لارو کەسێک کە هیچ لە بار دا نەبوبێت لێک دەدەنەوە ، ابتر بەمانای خەسڵەتی هەموو ئەو کەسانە دادەنێن کە لە بەرانبەر محمدا نەیاربوون .

نەفرتێکە کە محمد  لە بەرانبەر کارە ناپەسنەکانی ابولهبدا . و وەڵامێکیشە بۆ سوکایەتیەکانی عاص بن وائل . خراپ نیە بڵێن کە نەفرەت کردنی محمد  دەربارەی ئەوە هیچ کاریگەری نەبوو . ابو لهب کە پاش جەنگی بەدر توشی تایەکی توند بوو   مرد و بە دەستی ساق و لکاو بە جەستەیەوە بە خاکیان سپارد  ، عاص بن وائل خاوەنی کورێکی سەرکێش بوو بە ناوی  عمرو بن  عاص و کوری کورەکەیشی ناوی عبدالله  بو .

9-بە جۆرێک کە موفەسیرینی قورئان  لە ابن عباسەوە ڕیوایەتی دەکەن ، پیاوێک لە مهاجیرەکان ژنێکی لە ئەنساریەکان هێنابوو  دەی ویست  هەر وەک نەریتی مهاجرەکان لە مەککە نیشتە جێ بون لە پاش و پێش چێژی لێ ببینێت و سێکسی لە گەڵ بکات  ژنکەش بەمە ڕازی نەبووە  ، پیاوە ئەنساریەکە ڕوداوەکەی بۆ محمد باس کردوە  و سکاڵای لای  کردوە . محمدیش ئایەتی 223 ی سورەتی بقرە بە

شێوەی یەکێک لە حکومەکانی خودا بۆ موسڵمانان بە ژن و پیاوە وە خوێندەوە : ( نساو کم حرپ لکم فاتوا حرپکم انی شئتم )

ژنەکانتان کێڵگەی ئێوەن چۆنتان دەوێت بیان کێڵێن . یان بە واتایەکی تر ، کە موفەسیرەکانی قورئان سودیان لێوەرگرتوە ( من قیام و قعود و اصگجاع و اقبال و ادیار ) بە پێوە بە خەوتویی لە پێشەوە لە دواوە بە هەموو شێوەیەک )

10-ڕۆژێک محمد لە مەدینە بۆ ڕوبەڕوو بونەوەی دوژمنەکانی و ڕێکخستنی جەنگێک کە دواتر بە (جەنگی تبوک ) ناونرا لە بیری ڕێکخستنی هێزو کۆکردنەوەی سوپادا بوو . ڕێکەوت هەوا زۆر گەرم بوو ، ساڵێکی وشەکە ساڵی و قات وقڕی بوو کە دارخورماکان بۆماوەی دووساڵ هیچ بەریان نەگرتبوو . هەندێک لە ئەسحابەکان بە بەهانەی جۆراو جۆر داوای مۆڵەتیان لە محمد دەکرد ، تا لە و جەنگەدا بەشداری نەکەن . محمد کە لە بەرانبەر بەشێکی زۆر لەوان گیرودە بوو بوو ، پێش گەیشتنی کاتی دیاری کراو ، ئەو جۆرە مۆڵەتەی دەدا ، کاتێک سەرنجی دا کە ڕێژەی ئەوانەی مۆڵەتیان پێدراوە زۆر بووە ، بەسەر خۆیدا هاورای کردوو وتی ( خودا لە باوکت خۆش بێت) خودا لێت ببورێت . بۆچی پێش ئەوەی کە بزانی چ کەسانێک ڕاست دەکەن و درۆزنەکان بناسی مۆڵەتیان دەدەیت .

(عفا الله عنک لم اژنت لهم حتی تبین لک الڑین صدقوا و تعلم الکاڑبین ) سورەتی تۆبە ئایەتی43

بە کار هێنانی دەستەواژەی خودا لێت ببورێت لە و ئایەتەدا ، هێمایەکی روونە بۆ گفتوگۆی دەرونی خودی محمد خۆی ، ئەگەرنا پەروەردگاری جیهان کە ئاستێک لە ئەو بەرزتر لە جیهانی بوندا بوونی نیە ، لە ئاستێکی باڵاتر داوای لیبوردن بۆ محمد ناکات . مەگەر خودا سوعبەتی لەگەڵ کەسێکی تر هەیە کە لە وەحیدا دەستەواژەی نەرمی وەک خودا لە باوکت خۆش بێت یان خودا لە سەر هەڵەکانت لێت ببورێت بەکار بهێنێت .

ئەوە یەکەمین جاربوو کە محمد بە هۆی هەڵەیەک کە ئەنجامی دابوو خۆی سەرزەنشت دەکرد .
هاوشێوەی هەمان بابەت لە سورەتی عبس دا دەربارەی ئەو نهێنیە و لە ئایەتەکانی75 تا 77 سورەتی اسرا دا لە ڕوداوی غەرانیقدا بەرچاو دەکەوێت و ئەوەش هەستی دەرونی و پێشبینی خودی محمدە کە بە شێوەی ئایەت لە قورئاندا ڕەنگی داوەتەوە نەک فەرمانی خوداوەند .

11-داستانی ( عبدالله بن سعد ابی سرح ) و ئایەتی 93 ی سورەتی انعام

تەبەری لە تەفسیرەکەی خۆیدا داستانی عبدالله بن سعد بەو جۆرە دەنوسێت :

عبدالله بن سعد بۆ گۆڕینی وەحی دەی نوسی و لە درۆزنەکان بوو، چونکە پێغەمبەر بەوی دەوت ( سمیا علیما ) بنوسێت عبدالله بن سعد لە جیاتی ( علیما حکیما ) دەنوسی و کاتێک کە پێغەمبەر ( علیما حکیما ) دەوت عبدالله دەینوسی ( سمیعا علیما ) پێغمبەر ئەو ئایەتانەی بەو جۆرە بۆ موسڵمانەکان دە خوێندەوە کە عبدالله بن سعد نوسیبوی ، ئەو کات گومانیان لە عبدالله کرد لە کاتی نوسینەوەی وەحیدا و بوە کافر . وتی ئەگەر وەحی بە محمد دەگات هاوکات وەحیش بۆ کن دێت ، ئەگەر خودا ئەو قسانە دەنێرێت ، منیش هاوشێوەی ئەوەی کە خودا ناردویەتی ناردم . محمد وتی سمیعا علیما من وتم علیما حکیما و بە هەمان ناوەڕۆک کە من وتم لە ناو قورئاندا نوسراوەتەوە . پاشان عبدالله لە دین هەڵًًگەرایەوە و محمد ئایەتی 93 سورەتی انعامی دەربارەی کارو کردەوەی عبدالله بن سعدی بۆ موسڵمانان خوێندەوە .

ئەو گۆڕانکاریەی کە عبداللە بن سعد  بە ئارەزووی خۆی لە قسەکانی محمد دا کردی  هێشتان تا ئیستاش لە ئایەتەکانی قورئاندا ماوەتەوە و موسڵمانانی جیهان بە هەمان ناوەڕۆک قورئان دەخوێچننەوە  .

عبداللە پاش هەڵگەڕاندنەوەی لە ناو موسڵمانان ماوەیەک  قاچاغ بوو بە نارەحەتی ژیانی دەگوزەراند . محمد خوێنی ئەوی حەلاڵ کردو مۆڵەتی بە موسلمانان دا تا لە هەرکوێدا ئەویان بینی بیکوژن .

بە جۆرێک لە مێژووی تەبەری و دارالمغازی دا هاتوە  ( عبداللە  چو بۆ ماڵی عسمانی کوری عفان کە هاورێی منالی خۆی بوو  پەنای بۆ برد  عسمانیش هاورێکەی برد بۆ لای پێغەمبەری خودا ، عوسمان داوی لێخوش بوونی لە پێغەمبەر کرد بۆ عبداللە و پێغەمبەر ماوەیەک بێدەنگ بوو  سەر ئەنجام هاورێکەی عسمانی بەخشی . هاوەڵانی پێغەمبەر وتیان ئەی پێغەمبەری خودا ئەگەر بت ویستایە ئەو بنێرین بۆ دۆزەخ  ئەوا بە چاو ئیشارەتێکت بۆ بکردینایە ، پێغەمبەر وەڵامی دانەوە کە پێغەمبەر بە چاو فەرمانی کوشتن نادات  (1)

---

1-یەکێکی تر لە نوسەرانی قورئان کە لە چۆنیەتی دابەزینی ئایەتەکانی قورئان و خوداوەندی بونی وەحی گومانی کرد و لە محمد هەڵگەڕایەوە ( ابن ابی داود ) بوو بەڵام لە چارەنوسی ئەو هیچ زانیاریەک لە بەردەستدا نیە .

12-داستانی غەرانیق و ئایەتی شەیتانی

ئەو  داستانە ابن سعد لە چینەکانی ( الکبری و گبری   ) لە مێژووی پێغەمبەرو الملوک دا گواستویەتیەوە ، و زۆرێک لە موفەسیرین لە دژی ئەو داستانە بابەتی زۆریان نوسیوە ، کورتەی داستانەکە لە بەر ڕۆشنایی ئەو کتێبانەی سەرەوە نوسراوەتەوە  :  کاتێک قورەیشیەکان ئەشکەنجەو ئازاری زۆری موسڵمانەکانیاندا کۆچکردن بۆ حەبەشە لەو ئازارو ئەشکەنجەیەی موسڵمانانی کەم نەکرد ، ڕۆژێک محمد لە کاتی خوێندنەوەی ئایەتەکانیدا لە دەوروبەری مەککە ئەو ئایەتانەی سورەتی نجم ی خوێندەوە :

افر رایتم اللات والغری ......   ئایا بینیت دەستی لات و غەرا   سورەتی نجم ئایەتی19

ومناه الپالپە الاخری ........ وە مەنات سێیەمین و ئەوانی تر سورەتی نجم ئایەتی20

تلک الغرانیق العلی   ( کە لە جوانیدا  ) باڵندەکان بەرز دەفڕن ئایاتی شیتانی

و ان شفاعتهن لترتجی   هیوابە شیفای ئەوانە هەیە .

پاشان سورەکەی تەواو خوێندە وە و ئەنجا کرنوشی برد  . هەموو ئامادەبوەکانی لەوێدا لەگەڵ محمد کرنوشیان برد ، خەڵکی قورەیش لەوەی کە محمد خوێندبویەوە خۆشحاڵی خۆیان دەربڕی و وتیان ئەوەیە کە محمد قبوڵی کردوە کە لە شفاعەتی بتەکاندا هیوای ڕزگاری هەیە ، و مافی ڕێزگرتنی بەوان داوە . لەسەر ئەو بنەمایە هیج جیاوازیەک لە نێوان ئێمەو محمدا نیە بەو جۆرە ئیتر دەستیان پاراست لە ئەشکەنجەو ئازاری موسڵمانەکان . موسڵمانانی نیشتە جێی حەبەشە کە هەواڵی وازهێنانی قورەیشیان لە ئەشکەنجەو ئازار لە سەر موسڵمانەکان پێگەیشت گەڕانەوە بۆ مەکە . بەڵام هەر لەو ئان و ساتەدا ،

محمد موسڵمانەکانی کۆکردەوە و پێی وتن  کە شەوی ڕابوردوو جوبرەئیل هاتوەتە بینینی و پێی وتوە کە  ئەو دوئایەتە ئەو نەی هێناوە و ئایەتەکانی      73  تا  77 ی سورەی اسرا ی بۆ موسڵمانەکان خوێندەوە :

( خەریک بوو تۆ لە سەر ئەوە لابدەن کە ئێمە وەحیمان پێ کردبویت ، کەمێک ئارەزووت بە لایاندا دەکرد ، ئەو کاتە ئیتر دوو بەرانبەر لە ژیان و لە مردندا ئازارمان پێ دەچەشتیت ، پاشان کەسیش فریات نەدەکەوت هتد... )

محمد پاش خوێندنەوەی ئەو ئایەتانەی سورەتی اسرا هەردوو ئایەتی پێ ٚشوی بە ئایەتی شەیتانی و یاساغ ناو برد (1)

---

1-کۆمەڵێک گوزارەی نا مەفهوم کە سەلمان رشدی بە ناوی ( ئایاتی شیتانی  ) کۆی کردوەتەوە لە بەر ڕۆشنایی ئەو داستانەدا کۆکراوەتەوە .

بەشێک لە موفەسیرین و مێژوو نوسان ئەو ریوایەتە بە دروست نازانن و بەڵگەی ئەوش دێننەوە کە نا هاوئاهەنگیەک لە سیغەی گوزارەی ئایەتەکانی دواتری قورئاندا لەگەڵ ئایە تە ناو هێنراوەکاندا بیردێننەوە ، بەڵام بەشێکی تر لە موفەسیرین لە سەر ئەو باوەڕەن کە ڕیوایەتی هەمان ئەو ئایەتانە دروستە کە وتراوە و بەڵگەشیان ئەوەیە کە یەکەم : نا هاوئاهەنگی لە سیغەی گوزارەی ئایەتەکانی قورئاندا شتێکی نوێ نیە و کەمتر چەند ئایەتێک دە توانرێت لە قورئاندا ببینیت کە لەگەڵ ئایەتەکانی پێش یان دواتریدا هەماهەنگی هەبێت و پەیوەندیەکی بابەتیان هەبێت . دووەم : گەڕانەوەی موسڵمانەکان لە حەبەشەوە کە بە هۆی ڕۆحی ڕازی بوونی محمد بە خوێندنەوەی ئەو ئایەتانەی کە نواندی قورەیشیەکان دەستیان لە ئەشکەنجەو ئازاردانی موسلمانەکان هەڵگرت . سێیەم : ناوەڕۆکی ئایەتەکانی 75 تا  77 ی سورەتی اسرا ئەو چیرۆکە بەیان دەکات کە محمد لە ئەنجامی خوێندنەوەی ئەو ئایەتانەی سورەتی نجم بوە هۆی سەرزەنشت کردنی و ئەگەر لەو جۆرە ئایەتە لە قورئاندا بوونی نیە  بەڵگەیەکیش بۆ سەرزەنشت کردنی محمد نەدە بوو .

بەڵگەی چوارەم  ناوەڕۆکی ئایەتەکانی 51 تا 52ی سورەتی حج :

بە سەرنجدان بە بەڵگەکانی سەرەوە بەشێک لە موفەسیرین کاتی قبوڵ کردنی دروستی ڕیوایەتی ئەو ئایەتانە بە شەیتانی دادەنێن و بە دەست وەردانی شەیتان لە کاتی خوێندنەوە ئایەتەکاندا دای دەنێن .

هشام بن محمد کلبی لە ساڵی 204 ە.ج کۆچی دوایی کردوە لە کتێبی الاصنامدا دەنوسێت :

( قورەیشیەکان لە کاتی تەواف کردنی کەعبەدا ئەو سرودەیان دە خوێندەوە  )

واللات والعزی                ومناە الپالپە الاخری

فانهن الغرانیق العلی          منها الشفاعە ترتجی

بە سەرنجدان بەو پێشینەیەی کە محمد لە هەمبەر ئەو سرودە لە هزرو یادگەی خۆیدا هەی بوە ، ئەو ئەگەرە بونی هەیە کە پاش خوێندنەوەی ئایەتەکانی    19  و  20 ی سورەتی نجم  باقی سرودەکان ناخود ئاگا لە سەرزاری محمدوە وتراوە . دواتر کە محمد لە خەڵوەتدا بیری لە قسەکەی خۆی کردوەتەوە و بیری لە گاریگەریە سلبیەکانی کردوەتەوە ئەو ئایەتانەی قەدەغە کردوە کە بخوێندرێنەوە  .

13-معراج و ئایەتی 1 سورەتی اسرا .

بنەماو سەرچاوەی داستانی معراج ئایەتی یەکی سورەتی اسرایە :

( سبحان الڑی اسراو بعبدە لیلا منالمسجدالحرام الی المسجد الاقصی الڑی بارکنا حولە لنریە من ایاتنا انە هو السمیع البصیر )

خودای مەزن بەندەکەی خۆی لە مزگەوتی الحرام برد بۆ مزگەوتی الاقصی کەدەورو بەریمان پیرۆز کردوە تا ئایەتەکانی خۆمانی پیشان بدەین ئەو بیستەرو بینایە .

ئەو ئایەتە بناغەی یەکێک لە داستانەکانی (محبرالعقول اسلامی ، نڤیر سفر (اردویراف ) ی پیرۆزی زەردەشتی (1) گەشت بۆ جیهانی دەرەوەی سروشت و گەڕانەوەی بۆ سەرزەوی ، یان لە میعراجی یوحەنا و اشعیا لە ئینجیل و تەورات دا وەری گرتوە . موفەسیرینی قورئان باوەڕیان وایە کە ناوەڕۆکی ئایەتەکانی سورەتی 17و18ی سورەتی نجم : (چاوی ئەو لە بینینی ئەو شتانە چاو بەستی لینەکراوە و جاوی لێ لا نەداوە ، ئەو هەندێک لە دەستکردە مەزنەکانی خودای بینوە ) دەربڕی ئەوەیە کە محمد لە سەفەری جەستەیی خۆیدا بۆ ئاسمانەکان بە یارمەتی خودا چوەتە دەرەوەی زەوی و ئەو دەستکردانەی بینیوە کە خودا خولقاندونی .

---

1- بگەڕێوە بۆ بەرایی ئاینی زەردەشتی

لە بەر رۆشنایی نوسراوی لێکۆڵیارانی ئیسلامیدا ، معراج ماوەیەک پێش کۆچ کردنی محمد بوە بۆ مەدینە ، لە ساڵی 621ی زاینی ، شەوێک محمد پاش نوێژی خەوتن (عیشا ) لە ماڵی ( ام هانی ) کچی مامی خۆی خەوتبوو رویداوە . بەیانی رۆژی دواتر محمد روداوەکەی بۆ کچە مامی گێڕاوەتەوە ، ام هانی ئەوی لە بڵاو کردنەوەی ئەو هەواڵە مەنع کردوە ، بەڵام محمد پێشنیارەکەی ئەوی قبوڵ نەکردوەو روداووی معراجی بۆ هاوەڵەکانی خۆی گێڕاوەتەوە .

دەربارەی معراج و ئەوەی کە ئایا معراجی جەستەیی ( بەرزبوونەوەی جەستەی بوە ) یان بەڕۆحی معراجی کردوە، چەندین وتار لەو بارەیەوە نوسراوەو بە گشتی ئەو کەسانەی کە خۆیان بە شارەزا لە بواری زانستی ئایین دا دەادەنێن ، بۆچوونی جۆراو جۆریان باس کردوە ، کە باس کردنی ئەو بۆچونانە بابەتی ئەم کتێبە نیە . تەنیا بەکورتی باسی ئەوەی کە محمد حسین هیکل کە لە کتێبەکەی خۆیدا ( ژیانی محمد ) لە ژیاننامەی ( منکهم ) گواستویەتیەوە پەسەند دەکەین :

( نیوە شەوێک کە بێدەنگی باڵی بە سەر تەواوی جیهاندا کێشابوو ، هەموو بێدەنگو ئارام ، چووبونە خەوە وە ، محمد دەنگێکی بیست کە بە ئەوی دەوت هەڵسە ، محمد هەستاو جوبرەئیلی بە شێوەیەکی درەوشاوە و روخسارێکی سپی هەروەک بەفر و موویەکی بۆرەوە لە بەردەم خۆیدا بینی ، کە پێکهاتەیەکی سەرسورهێنەری هەبوو ، باڵەکانی هەر وەکو باڵی باز بوو ، بۆراق نوشتایەوە و محمد سواربی پشتی بوو ، بۆراق بە خێرایی تیر ( 1) لە بەرزایی شاخەکانی مەککەوە رێگوزەرەکانی دەوروبەریەوە بەرەو باشور فڕی . جارێک لە نشێوەکانی (مدین ) ئەو جێگایەی کە خودا تیایدا لەگەڵ موسا قسەی کردبوو ، جارێکی تر لە ( بیت اللحم ) کە عیسای تیایدا لە دایک بوبو وەستا ، محمد لە ( بیت المقدس ) لە پەرستگەی سلێمان لەگەڵ ئیبراهیم ، موسا و عیسا نوێژی کرد . پاشان دەستی بە سنگی یەعقوبە وە ناو لە وێوە بە خێرایی بەرەو ئاسمانەکان بەرز بویەوە .

ئاسمانی یەکەم بریتی بوو لە نوقرەی پەتی ، ئەستێرەکان بە زنجیری ئاڵتونی پێکەوە بەسترابوونەوە ، و لە سەر هەر یەکێک لەو ئەستێرانە فریشتەیەک پاسەوان بوو ، کە شەیتانەکان نەتوانن لەوە زیاتر بڕۆنە سەرەوە و جنۆکە کان نهێنی ئاسمان نەزانن ، لە ئاسمانی یەکەمدا محمد درودی لە ئادەم کرد ، لە شەش ئاسمانەکەی تر لەگەڵ نوح و عزرائیل فریشتەی مەرگی بینی ، کە تەنێکی ترسناکی هەبوو ، ماوەی نێوان هەردوو چاوی حەفتا هەزار رۆژ ڕێگە ڕۆشتن بوو ، سەد هەزار دەستە فریشتە لە ژێر فەرمانی ئەودابوون ، و ناوو مێژووی لە دایک بوون و ڕۆژی مردنیان لە کتێبێکی گەورەدا دەنوسیەوە ، فریشتەی ئەشکەنجەی بینی ، کە ڕوخسارێکی تورەی هەبوو و لە سەر کورسیەکی ئاگراوی دانیشتبوو ، ئاگر لە ژێر فەرمانی ئەودا بوو ، فریشتەیەکی تری بینی کە بەشێکی جەستەی ئاگربوو بەشەکەی تریشی بروسکە بوو ، وە چەند دەستەیەک لە مەلائیکەکان لەدەوروبەری بوون ، لە ئاسمانی حەوتەم کە جێگای خەڵکی دادپەروەرە فریشتەیەکی بینی کە لە زەوی گەورەتربوو ، حەفتا هەزار سەری هەبوو ، هەر سەرێکیشی حەفتا هەزار دەمی هەبوو ، هەر دەمێکیش حەفتا هەزار زمانی هەبوو هەر زمانێکیشی بە حەفتا هەزار زمانی جیاواز قسەی پێدەکرد ، و هەر زمانێکی بە حەفتا هەزار زاراوە ئەدای دەکرد ، و هەموو ئەوانە ستایشی خودایان دەکرد ، لەو کاتەدا لە بەرزایی ( سدره المنتهی ) کە لای راستی عەرشی خودا بوو لە سەر ملیۆنەها ڕۆح فریشتە ئاسا سێبەری دەکرد ، شەپۆلی دا ، پاشان بە دەریا فراوانەکان و ناوچە پڕلە نور و تاریکیەکان کە ماوەی نێوانی هەریەکەیان پێنج سەدساڵی ڕۆیشتن بوو ، تێپەڕی و بە حیجابێکی جوان و تۆکمەوە لە سەر و هەمو جوانیی و شتەکانەوە گوزەری کرد ، حەفتا هەزار گروپی مەلائیکە بێجوڵە لە کرنوشدابوون مۆڵەتی قسە کردنیان نەبوو ، هەستی کرد کە دەگاتە ئاستی خوداوەند ، ترسێک ئەوی داگرت ، زەوی ئاسمان ، تێکەڵاو بوون ، ماوەیەک بە ناو تاریکیەکی ترسناکدا تێپەڕین ، پاشان ، گەیشتنە عەرش و بە ئەندازەی دو هەنگاو یان کەمتر ماوەی هەبوو ، بە چاوەکانی نوری خودای بینی ، خودای مەزن ، دەستی ڕەحمەتی هێنا بە سەر سینەو پشتی محمد دا و پشتی بوە بەفر پاشان ئارامیەکی بێوینەی هەست پێکردوو گەیشتە ئاستی فەنا بوون .

ابن هیشام لە محمدەوە دەی گێڕێتەوە کە پاش بینینی ئادەم پیاوانێکم بینی کە دەمیان هەروەکو دەمی وشتر وابوو ، پارچە ئاسنیان بە دەستەوە بوو ، کە ئەو پارچە ئاسنانەیان بە ددان لەت دەکردو پاشان لە خوارەوەیان دەردەهاتەوە ، پرسیم لە جوبرەئیل ئەمانە کێن ؟ وتی : ئەوانە ئەو کەسانەن کە ماڵی پەشیمانیان خواردوە ، پاشان کەسانێکی ترم بینی کە شێوەی سەرسورهێنەریان هەبوو ، و خەڵکی هەروەکو وشتری مەست بە سەریاندا تێدەپەڕین و هێزی جوڵە کردنیان نەبوو . بە جبرەئیلم وت ئەوانە چ کەسانێکن ؟ وتی : ئەوانە بەرتیل خۆرەکانن ، پاشان کەسانێکی ترم بینی کە گۆشتی تازەو لەگەڵ گۆشتی لاوازو کۆنەو بۆگەندا لە سەر ڕوخساریان بوو ، گۆشتی تازەیان لە سەردادەناو گۆشتە کۆنەکەیان دەخوارد ، و بە جبرەئیلم وت ئەمانە کێن ؟ وتی : ئەوە ئەو کەسانەن کە دەستیان لە ژنە حەڵاڵەکان بەرداوە و بە دوای ژنانی حەرامدا ڕۆشتون . پاشان ئەو ژنانەم بینی کە بە مەمکیی خۆیان هەڵواسرابوون . بە جبرەئیلم وت ئەوانە کێن ؟ وتی : ئەوانە ئەو ژنانەن کە کوڕی خەڵکیان لە جیاتی میردەکانیان کردوەتە مێردی خۆیان ، پاشان منی برد بۆ بەهەشت ، لەویٚ کەنیزەیەکم بینی کە سەر ئێمەی سوڕماند ، لیم پرسی کەنیزی کێی ؟ وتی کەنیزی زید بن حارسم .

گێڕانەوەی معراج ئەوەندە ئەفسانەیی و بیٚ بنەما داڕێژراوە کە هەتا بەشێک لە پێشەواکانی موسڵمانانی وەکو ( فخرالدین رازی ) ( ساڵی 606 هیجری ) لە تەندروست بوونی گومانی کردوە .

14-ناسخ و مەنسوخ

موسڵمانان لە سەر ئەو باوەڕەن کە قورئان کۆنەو لە ئەزەلەوە بونی هەبووە ، و پاش ڕاگەیاندنی پێغەمبەریەتی محمد بە تەدریج لە لایەن جبرەئیلەوە بۆی دابەزێنراوە ، و بۆ موسڵمانان خوێندراوەتەوە .

ئایەتەکانی 21 و 22 سورەتی البروج ( بل هو قران مجید فی لوح محفوظ ) بە بەڵگەی سەلماندنی باوەڕی خۆیان جەخت لێدەکەنەوە . بەڵام دژێک کە ئەو باوەڕە لەگەڵ حەقیقەتی مەلموس بە ناوی ناسخ و مەنسوخ دێنێتە پێشەوەو پەردە لە سەر سستی و بێبنەمایی ئەو تەفسیرە بە ڕوونی هەڵدەماڵێت .

منسوخ ، لە دەستەواژەی موفەسیرە کان و فقە ئیسلامیەکاندا بریتی یە لە و ئایەتەی کە لە سەردەمێکی دیاری کراودا هێزی ئیجرایی هەبووە و بەڵام دواتر بە هۆی دابەزینی ئایەتێکی ترەوە ( ناسخ ) ماناو بەهای خۆی لە دەست داوە و لە قورئاندا سڕاوەتەوە ، لەو جۆرە ئایەتانە لە نوسراوەکانی توێژەرەکاندا زۆر بەرچاو دەکەوێت . قورئان بۆ کارکردی نەسخی ئایەتی پێشوی خۆی دەڵێت : ( ئایەتێک نسخ ناکەین یان لە یادی ناکەین مەگەر کاتێک کە لەو باشتر یان لە ئاستی ئەودا بهێنینەوە ) سورەتی بقرە ئایەتی 106

( ئەگەر ئایەتێک بە ئایەتێکی تر نسخ دەکەین ، الله بە ئەوەی کە دەینێرێت ئاگایە ، ئەوانە دەڵێن تۆ هەر لە خۆتەوە شت هەڵدەبەستیت بەڵکو زۆربەی ئەو نەزانانە تیناگەن پێیان بڵی کە ڕۆحی القدس ئەوانەی دابەزاندوە تا موسڵمانان ڕێنمونی بکات . سورەتی نحل ئایەتەکانی 101 و 102

لە ئیسلامدا بنچینەی سەرەکی ئەوەیە کە خودای یەکتا خولقێنەرو بەدی هێنەری جیهانی بوونە . هیچ شتێک بە بێ ئیرادەی ئەو نایەتە بوون ، لە ناو ناچێت ، و یان گۆڕانی بەسەردا نایەت ، چارەنوسی تەواوی مرۆڤ لە دەفتەری ئەزەلی ئەودا تۆمار کراوە ، بۆهەرکەسێک ئەوەی دیاری کراوە هەر ئەوەیە . قورئان قسەی خودایە و لە ئەزەلەوە بونی هەبووە ، بەڵام کاتێک کە ئەم بنچینەیە لە گەڵ ناوەڕۆکی ئایەتەکانی 106 سورەتی بقرە و ئایەتی 103 و 120ی سورەتی نحل پێکەوەو لە یەک کاتدا دەخوێنینەوە ، ناکۆکیەک دروست دەبێت ، و بابەتی نوێ دێتە گۆڕێ . مەگەر خودای بە تواناو باڵا دەست لە سەروی هەمو شتەکانەوە ، بەدرێژایی ملیارد ساڵ دەرفەتی نوێکردنەوەی بۆچوون و ڕاستکردنەوەی ئایەتەکانی قورئانی نەبووە کە لە ماوەی 23 ساڵی پێغەمبەرایەتی محمدا دووبارە ناچار بە نسخی فەرمانە پێشوەختەکانی و بریاری پێشینەیەکانی خۆی بووە ، گۆڕینی بریارو گەڕانەوە بۆ باوەڕی پێشو لە تایبەت مەندیەتی خەسڵەتی مرۆڤێکی سادەیە کە توانای پێشبینی کردنی ئایندەی نیە و ناچار دەبێت لە سەر بنەمای پێشهاتەکان هێڵی گوزەرو دۆخی پێشوی خۆی ریفۆرم بکات . پێدانی خەسڵەتی مرۆیی بە خودای خولقێنەری جیهانی بوون ، ناکوکی لە ئایەتەکانی قورئاندا دەخولقێنێت ، کە شیاوی سەرنجدان نیە و هەمان ئەو شتەیشە کە بوەتە هۆی خولقاندنی چەندین ناوەندی جیاجیا ( کۆن یان نوێبونی قورئان ) .

ئەگەر ئەم بابەتە بە بێ لایەنانە و بە بێ دەمار گیری ئایینی شرۆڤە بکەین ، دەگەینە ئەو دەرئەنجامە سادەو ساکارە عەقلاًنیەی کە چوونکە زۆرینەی ئایەتەکانی قورئان لە سەر بنەمای ئەزمونە کەسیەتیەکانی محمد و پێشبینیەکانی ئەو دارێژراوە و تەنیا پەیوەندیان بە کاتی تایەتی خۆیانەوە هەبووە ، هەندێک کاتیش پێشهاتەکانی دواتر وابەستەیی و ڕەد کردنەوەو بەتاڵ کردنەوەی فەرمانەکانی پێشو و دەرکردنی حکومی نوێ بووە کە گشتگیرتر ببوبێت و زیاتر بوارەکان لە خۆ بگرێت . لەو بارەیەوە محمد بە نسخ کردنی ئایەتەکانی پێشو و پڕکردنەوەی شوێنی ئەو ئایەتانە بە ئایەتی نوێ ، کێشەو گرفتی کۆمەڵگەی تازە لە سەر پێ وەستاوی ئیسلامی چارە سەر کردوە و ، بۆ ئەوەی کە

موسڵمانان هیچ گومانێک لە ئایەتەنوێ کان نەکەن ، بەشێوەیەکی گشتی  وای پیشانداوە کە ئەو ئایەتانە لەلایەن خوداوە نێردراوە و بۆ ڕزگار کردنی موسڵمانان خوێندویەتیەوە  .

15-ژنەکانی محمد و ئایەتی سورەتەکانی احزاب و نور

ژنەکانی محمد لە خولقاندنی زۆریک لە ئایەتەکانی قورئان و ئەحکامی ئیسلامیدا دەستی باڵایان هەبووە ، بێ بنەما نیە کە بەشێک لە دەقەکانی قورئان تایبەتکراون بە ژنەکانی محمدەوە  .  بە تەدریجی کە تەمەنی مرۆڤ دەچێتە ساڵەوە بەسروشت  گۆڕان کاری جەستەیی و فیزیۆلۆژی لە جەستەو کۆئەندامی دەمارو هەتا شێوازی بیرکردنەوەشدا ڕودەدات  مرۆڤێکی تەمەن پەنجاساڵە زۆرجیاوازە لەو سەردەمەی کە بیست ساڵەبووە . لە ئەنجامی ئەزموون و خوێندنەوەی هێزی هزری  بەرەو کامڵ بوون دەچێت . خرۆشانەکان شەهوات و ئارەزووی جەستەیی وەک سەرەتا نامێنێت . خرۆشی و هەوڵێک کە کەسێک لە سەردەمی گەنجیەتیدا بەرانبەر بە ڕەگەزی بەرانبەری هەی بوە لە چوونە ساڵیدا کەم دەبێتەوە .بەڵام لە بەر ڕۆشنایی ئەو بەڵگە مێژوویانەدا بەو جۆرەی کە ڕیوایەتیان کردوە ، لە بوونی کەسێەتی محمدا ، ئاستێکی ڕاستەو خۆ لە نێوان زۆری تەمەن و زیاتر بوونی حەزی سێکسی لە بەرانبەر ژناندا هەبووە ، و لەو بوارەدا تا ئەو ئەندازەیە پێش کەوتوە کە خودی خۆی لە خواستی لە ڕادەبەدەری دەروونی و شەهوانی خۆی  بە ئایەتی قورئانی لە خۆی قەدەغە بکات . لە ئایەتی 52 سورەتی احزاب هاتوە ( لە مە بەدواوە ئیتر هیچ ژنێک بۆ تۆ حەڵاڵ نیە نە ئەوەیش کە دوان بە دوان بگۆڕیتەوە ئەگەر چی زۆر حەزیشت لەوانە دەکرد )  بەڵام بۆ ئەوەی کە هەموو دەرگاکان بەڕوی خۆیدا دانەخات  و هەندێک لەوان بە کراوەیی بهێڵێتەوە لە کۆتایی ئایەتەکەدا ئەوەی پێ ئیزافە دەکات (مەگەر تەنیا ببێتە خاوەنی کەنیزە )

محمد لە تەمەنی 23 ساڵیدا لەگەڵ ژنێک کە 17 ساڵ لە خۆی گەورەتر بوو هاوسەر گیری کرد ، یەکێک لە مەرجەکانی پرۆسەی هاوسەر گیری ئەوەبوو کە ئیدارەدانی دۆخی دارایی خەدیجە هەروەکو خۆی لە دەستی خۆیدا بمێنێت و محمد مافی دەست وەردان و بەکار هێنان و مامەڵەکردنی پێوە نەبێت .محمد لە ترسی ئەوەی کە نەبادا لە ئەنجامی جیابوونەوەی لە خەدیجە ، بگەرێتەوە سەردۆخی هەژاریی و بێنەوایی پێشوی تا ئەو کاتەی کە خەدیجە زینو بوو ئەوە وەفادارو بەرانبەر بەڵێنەکەی .

خەدیجە دوو کوڕی بە ناوەکانی  ( قاسم و عبدالله )  چوارکچیشی بە ناوەکانی  ( زینب ، رقیە ، ام کلسوم و فاتیمە ) بۆ محمد خستەوە  .  سەبارەت بە کوڕەکانی محمد هیچ زانیاریەک لە بەردەستدا نیە ، ڕەنگە هەربە کۆرپەیی مردبن ، زینب مێردی کرد بە (ابو العباس بن ربیع ) کوڕی خوشکی خەدیجە ، رقیەو ام کلسوم مێردیان کرد بە کورەکانی ( ابو لهب  ) بەڵام پاش ئەوەی کە محمد بانگەشەی پێغەمبەرایەتی کرد ، کورەکانی ابو اهب ژنەکانیان تەلاقدا و عسمان هەردوکیانی خواست بەڵام پاش مردنی یەکیان ئەوی تریانی خواست . فاتیمە کە لە هەموان بچوک تر بوو لە کاتی مردنی محمد دا تەنیا منداڵی زیندوی ئەو بوو شوی کرد بە علی و پاش ماوەیەک لە مردنی محمد ئەویش مرد .

پاش مردنی خەدیجە محمەد ئازادی تەواوی کارکردنی بە دەست هێنا تا ئەو کاتەی کە مرد . بە پێی نوسینەکەی  ( ابولفدا ) لەگەڵ بیست ژن هاوسەرگیری هەمیشەیی و کاتی  کردوە ، جگە لەوەش هەمیشە چەندین کنیزەی هەبووە (1) ئەمە جگە لە چەندین ژن لە مەدینە بە مەبەستی نزیکی و خەوتن لەگەڵیان بە بێ نەریتی خنیکاح  لە خزمەتیدا بوون . قورئان ئامۆژگاری موسڵمانان دەکات :

(لەگەڵ ئەوانەی کە حەتان لێیانە هاوسەر گیری بکەن ، دو دوان و سیان چوار ) سورەتی نسا ئایەتی3

پاش گێڕانی چەند ڕۆژێکی ماتەم بۆ مردنی خەدیجە ، محمد ( سودە ) ی بێوەژنی ( سکران بن عمرە ) کە یەکێک بوو لە موسڵمانە مهاجرەکانی حەبەشە هاوسەرگیری کرد . پاش ماوەیەکیش عایشەی کچی ابوبکری داخوازی کرد . چوونکە عایشە تەمەنی تەنیا حەوت ساڵ بوو ، مارەی بڕی تائەو کاتەی تەمەنی عایشە گەیشتە نۆ ساڵ ، شەوی بوکو زاوایان ئەنجام نەدا ، محمد لەو کاتەدا تەمەنی 53 ساڵ بوو ، پاشان لەگەڵ ( زینب ی کچی خزیمە ) هاوسەرگیری کرد پاش ئەویش ( ام سلمەی کچی ابی امیە ) ی کردە ژنی خۆی و پاشان لەگەڵ ( حفسە ی کچی عمرو ) پاشان لە گەڵ ( زینبی کچی جحش ) هاوسەرگیری کرد .

---

1-پرۆفسوروات ( watt) لە کتێبی محمدو مەدینەدا ئەو ژنانەی کە پەیوەندی سێکسیان لەگەڵ محمدا هەبوو بە 36 ژن ئەژماردەکات .

زەینەبی کچی جحش ژنی ( زید بن حارسە ) بوو زڕکوڕەکەی محمد ، لە بارەی ئەو هاوسەرگیریەوە لیکۆڵیاران دەڵێن کە ڕۆژێک محمد دەچێت بۆ سەردانی زید ، زەید لە ماڵەوە نابێت و زەینەب پێشوازی لە محمد دەکات . زەینەب جلێکی ناسک و تەسک لە بەردەکات کە تەواوی جوانیەکانی جەستەی دیاردەبێت ،عەشقی ئەو کاردەکاتە سەر دڵی محمد و سێ جار محمد دەڵێت ( سبحان الله مقلب القلوب ) زەینەب گوێی لەوە بوو ئاسەواری عیشقی لە ڕوخساری محمدا بە ڕوونی هەست پێ کرد . کاتێک زید هاتەوە بۆ ماڵەوە زەینەب بە غروری تەواوە وە ڕوداوەکەی بۆ زید گێرایەوە زیدیش چوە لای محمد و پێی وت کە ئامادەی زەینەب تەلاق بدات و لەگەڵ محمد هاوسەرگیری بکات . محمد پێی وت واز لە ژنەکەت مەهێنە بەڵام زید کە ئامانەتی محمد بوو قسەکانی ژنەکەی بە پەیوەندیەکی تنودو تۆل لەگەڵ محمدا دانا ، زەینەبی تەلاق داو محمد لە ڕەواڵەتدا دورە پەرێزی دەکرد لە خواستنی زەینەب بەڵام هەمیشە هەست و دڵی سەرقاڵی ئەوەبوو چۆن زەینەب بخوازێت . محمد لەو پڕۆپاگندانەی کە ڕەنگ بوو پاش هاوسەرگیری لەگەڵ زەینەب بکەوێتەر سەر زار دەترسا . زەید زڕکوڕی محمد بوو ، عەرەبەکان محمدیان بە باوکی زید بانگ دەکرد ، وەزیدیشیان بە کوری محمد بانگ دەکرد ، نەریتی عەرەب و تەواوی ئەو خەڵکانەی کە لە ناوچەکانی فەلەستین و شامات و ڕۆمدا دەژیان وابوو کە زڕکوڕیش هەروەکو کوڕی ڕاستەقینە ئەژمار دەکراو خاوەنی هەمان ماف و ئیمتیازات بوو کە کوڕی ڕاستەقینە هەی بوو ، ئەحکامی میراتی و قەدغەی هاوسەرگیری لەگەڵ بووک ، لە ناو یەک خێزان و لە نێوان باوک و کوڕدا ناشیاو بوو ، هاوکات ئەمە بۆ زرکوڕیش هەمان نەریت بوو ( 1)

---

1- ڕۆژێک محمد بە مەبەستی بازرگانی ڕۆشت بۆ بازاری عکاڤ . خدیجەی کچی حارسە کە کۆیلەیەکی زیرەک و ئازابوو کڕی بۆ محمد ، کاتێک ( حارسە بن شراحیل الکلبی ) هەواڵەکەی پێ گەیش هات بۆ مەککە تا کوڕەکەی لەگەڵ خۆی بباتەوە ، حارس چوەلای ابو تالب و پێی وت کە کورەکەم بەدیلی هێنراوە بۆ مەککە و بیستومە کراوەتە غوڵامی برازاکەت ، داوات لێدەکەم کە یان ئەم پیچ بفرۆشیتەوە یان ئازادی بکەیت و بیگێرِیتەوە بۆم . ابوتالب محمدی لە بابەتەکە ئاگادار کرد .. محمد وتی : زەیدم ئازاد کردوە بۆکوێ دەیەوێت بڕوات . حارسە کاتێک تێگەیشت کە زەید ئازادە دەستی کوڕەکەی گرت لەگەڵ خۆیدا بیباتەوە ، بەڵام زید نەڕۆشت لەگەڵ باوکی و وتی چوونکە محمد منی ئازاد کردوە من لەو جیا نابمەوە ، باوکی زید تورەبوو هاواری کرد ئەی هۆزی قورەیش ئێوە شاهید بن کە من زیدم لە کوڕی خۆم بێ بەری کرد . محمد لە بەرانبەر قسەکەی حارسە وتی ئەی هۆزی قورەیش بزانن و ئێوە شاهید بن کە لە ئێستاوە زید کوڕی منە من بۆ ئەو وئەو بۆ من میراتی یەکین .

بۆ وەلانانی کێشەکانی پرۆسەی هاوسەر گیری لەگەڵ زەینەبدا و بەرگری کردن لە رشەخنەو سەرزەنشت کردن و پرۆپاگندەی نەیارەکانی ، محمد دۆخی ئایەت و ئەحکامی نوێی لە ئیسلام گۆرینی گشتی نەریتی دێرینی عەرەب لەوبارەوە ئەنجامدا . ئایەتی 40 ی سورەتی احزاب :

( ماکان محمد ابا احد من رجالکم و لکن رسول الله و خاتم النبین )

محمد باوکی هیچ یەکێک لە پیاوانی ئێوە نیە بەلکو پێغەمبەری خودایە دواهەمین پێغەمبەرە .

وە ئایەتی 4ی هەمان سورەت : ( ما جعل ادعیا کم ابناو کم ژلکم قولکم بافواهکم والله یقول الحق )

زرکورەکانی ئێوە کوری ڕاستەقینەی ئێوە نین ، ئەوە دەستەواژەیەکە کە ئێوە بەکاری دێنن بەڵام خودا ڕاست دەڵێت . ئەو ئایەتانەی بۆ خەڵک خوێندەوە و بەم جۆرە بە هەڵوەشاندنەوەی ن ◌شەی هاوسەرگیری لە گەڵ ژنی زرکورەکەیدا چارەسەرکرد . ئەم کارەیش بۆ محمد ئاسان بوو پاشان ئایەتی 37 هەمان سورەت :

(کاتێک دەڵێت بەو کەسەی کە خوا نیعمەتی ئیمانی پێ بەخشیوە تۆش چاکەت لەگەڵ کردوە کە لە ژنەکەی جیا نەبێتەوە و لە خودا بترسێت ، شتێک لە دڵ و دەرونی خۆتدا دەشاریتەوە کە خودا پێی دەزانێت ، لە خەڵک دەترسی و بەڵام خودا لە پێشترو بە سزا ترە کە لەو بترسی ، کاتێک کە جاکاتی◌◌ک کە زید بێزاربوو لە ژنەکەی ئەومان بە تۆ بەخشی تا هیچ شەرمەزاری و نیگەرانیەک بۆ ئیمانداران دروست نەبێت کاتێک کە ژنی زرکوری خۆیان مارە دەکەنەوە کاتێک کە تیر دەبن و پێویستیان پێی نامێنێت فەرمانی خودا جیچ بەجێ دەکرێت .

◌ڕێگای بۆ هاوسەرگیری لەگەڵ زەینەب خۆش کرد ، موسڵمانەکانیش بۆداخوازی محمد و فەرمانی خودا مل کەچ بوون .

تا ئەو کاتە ، ژنانی موسڵمان هەروەکو ژنانی عەرەب بە بێ حیجاب و بە ئارایشتی جوان و خۆڕازاندنەوە لە کوچەو بازاڕو ناو خەڵک دەهاتن و دەچوون . هاوەڵانی پێغەمبەر ئاسایی بوو بە بێ مۆڵەت وەرگرتن و بانگهێشتکردنی پێش وەخت دەچوونە ماڵەکانی محمد ، چەندین کاتژمێر دادەنیشت ، و پاش خواردن گفتوگۆیان دەکرد ، ژنەکانی محمدیش بەگشتی لەو کۆڕی پیاوانەدا بەشداریان دەکرد ، لە شەوی زاوایەتی محمد لەگەڵ زەینەبدا ژنەکانی محمد بە بیچ حیجاب بۆ پێشوازی لە میوانەکان بەشداریان کرد ، و بە ڕوی خۆشو قسەی خۆشەوە پێشوازیان لە پیاوان دەکرد . ئەو ڕوداوە لە دیدی محمدا بە پەنهانی نەمایەوە ، ڕاستی دۆخەکە ئەوە بوو ، کە بە هۆی عیشقی توندی محمدەوە بۆ زەینەب ، زید ژنەکەی خۆی تەلاق دابوو تا محمد بتوانێت بیخوازێت . ئەگەر پێچەوانەی ئەم ڕوداوە ڕوی دابا یەکێک لە هاوڵە نزیکەکانی محمد دڵی بچوایەتە سەر یەکێک لە ژنەکانی محمد ئەبوایە چی بکرادیە ؟ (1)

---

1-(گلحە بن عبدالله ) بە هاورێکەی خۆی دەوت کە چۆن محمد ژنەکانی ئێمە دەکاتە ژنی خۆی و ئێمە ناتوانین ژنەکانی ئەو بخوازین ، پاش مردنی محمد پێویستە ئەو کارە بکەین .

ابن عباس دەنوسێت : ڕۆژێک پیاوێک چو بۆبینینی یەکێک لە ژنەکانی محمد ، محمدیش ئەوی لەو کارە سەرزەنش کردو پێی وت : ئیتر نابێت ئەو کارە ڕوبداتەوە ، پیاوەکە وتی کە ئەو ژنە کچی مام یەتی ، محمد وتی ئەو دەزانم بەڵام لە دوای الله کەسێک لە من زیاتر حەسود ترو ئیرەیی تر نیە .

پیاوەکە بە هەڵاتن لە ماڵی ژنەکەی محمد دورکەوتەوە و دەی وت ئەم رۆکە ئێمە لە قسە کردن لەگەڵ کچەمامەکانماندا قەدەغە دەکەیت ، پاش مردنت ئەو دەکەمە ژنی خۆم .

هەمان ئەندێشەو گفتو گۆکانی بڵاو لە مەدینە دەربارەی هاوسەر گیری چەندین جارەی محمد لە گەڵ ژنە جوانەکان ، بوە هۆی سەرهەڵدانی ئایەت و ئەحکامی نوێ لە ئیسلامدا ، حجاب هاتە ناوە وەو جێگاو شوێن و کاتی تایبەت بۆ هاتو چۆی هاوەڵان و یارانی محمد بۆ ماڵەکانی دیاری کرا . بۆ ئەوەی کە هیچ کەس هەتا پاش مردنی محمدیش نەتوانێت لە گەڵ ژنەکانی هاوسەر گیری بکات ، بۆیە ژنەکانی محمد ناونران بە ( ام المؤمنین ) ئایەتی 53 سورەتی احزاب دەربارەی چوون بۆ ماڵی محمد قسە کردن لە گەڵ ژنەکانی : ( ئەی ئەو کەسانەی باوەڕتان هێناوە مەچنە ماڵی محمد پێغەمبەری خوداوە مەگەر ئەوەی کە پێشتر بۆ نان خواردن بانگ کرابی ، بەبێ ئەوەی کە چاوەڕوانی پێگەیشتنی خواردن بیت ، کاتێک کە میوانداری کرایت ، وەرە ژورەوە و کاتێک کە نانەکەت خوارد خێرا بڕۆ . بۆ چیرۆک گێرانەوە نەمێنیتەوە ، ئەوە دەبێتە هۆی ئازاردانی پێغەمبەر ، ئەو شەرم دەکات پێتان بڵێت ، بەڵام الله لە وتنی حەق شەرم ناکات ، کاتێک کە پرسیارتان لێدەکەن ( ژنەکان ) لە پشتی حیجاب و چادرەوە وەڵام بدەنەوە ، وئەوە دەبێتە هۆی پاکی دڵی ئێوە و هاوکات دڵی پیاوانیش و نابێت کە پێغەمبەری خودا نیگەران بکەن و نابێت کە پاش مردنی ئەو هەرگیز لەگەڵ ژنەکانی ئەو هاوسەرگیری بکەن هاوکات ئەمە لەلای خودا گوناحێکی گەورەیە )

ئایەتی 6 شورەتی احزاب دەربارەی نازناوی ( ام المؤمنین ) :

(النبی اولی بالمؤمنین من انفسهم و ازواجه امهاتهم و او لوالارحام )

ێغەمبەر نزیکتر بە ئیمانداران لە خودی خۆیان ، وە ژنەکانی دایکیانن ، خاوەنی بەزەین .

ئایەتی 59 سورەتی احزاب بۆ دانانی حجاب :

( ئەی پێغەمبەر بە ژنەکانت و کچەکانت و ژنانی موسڵمان بڵێ کە حیجابەکانیان لە بەر بکەن ئەوە بۆ ناسینەوەی ئەوان ئاسان ترە و هیچ نیگەرانیەکی تێدا نیە )

ئایەتی 32ی سورەتی احزاب دەربارەی خودی ژنەکانی محمد :

( ئەی ژنەکانی پێغەمبەر ئێوە چوونکە وەک ژنانی تر نین بە نەرمو نیانی قسە لەگەڵ کەسدا مەکەن تا کەسێک کە دڵی نە خۆشە چێژ لە ئێوە نەبینێت ) ئایەتی 33 هەمان سورەت :

( لە ماڵەکانی خۆتاندا ئارام بگرن و جوانیەکانی خۆتان بۆ پیاوانی بێگانە دەرمەخەن هەمان شێوەی سەردەمی جاهیلیەت پێشو کە بە دیار دەکەوتن )

ئایەتی 30 سورەتی احزاب :

( ئەی ژنانی پێغەمبەر ئەگەر لە ئێوە کارێکی ناشیرن دەربکەوێت ئەشکەنجەی ئێوە دوبەرانبەرە )

ئایەتی 31 سورەتی نور دەربارەی دانانی حیجابە بۆ تەواوی ژنان :

( بەو ژنانەی کە باوەڕیان هێناوە بڵێ ، چاو تان بپارێزن و داوێنی خۆتان مە خەنە باوەشی ناپاکانەوە ، جوانی خۆیان دەرنەخەن جگە لەوەی کە دیارە سەرپۆشەکانیان بدەن بە سەر سینەو ملیاندا و جگە لە مێردەکانیان بۆ کەسی دەرنەخەن ، باوکان و کوڕی براو یان خوشک و یان ئەو ژنانەی کە پێکەون

یان کەنیزەک و یان ئەو پیاوانەی کە پیرن و ئارەزوی سێکسان نیە و ئەو مندالانەی کە هێشتا هیچ دەربارەی سێکس نازانن خۆتان دەرمەخەن و جوانیەکانتان داپۆشن )

16-داستانی افک و ئایەتەکانی سورەتی نور

لە ناو عەرەبەکاندا ئەوە باو بوو کە هەرکات دەچوون بۆ جەنگ یەکێک لە ژنەکانیان لە گەڵ خیان دەبرد ، تا لە شەواندا تەنیا نەبن . لە سەفەرێکدا کە محمد بۆ جەنگ لەگەڵ هۆزی بنی مصگلق دەرۆشت ، عایشەی لەگەڵ خۆیدا برد ، پاش شکستی هۆزی بنی مستلق و کۆتایی هاتنی جەنگ ، مشتومرێکی نەخوازراو لە نێوان مهاجیرو ئەنساریەکاندا لە ناو سوپاکەدا سەری هەڵدا ، محمد بۆ بەرگرتن لەو مشتومرەو تەشەنە نەسەندنی لە سر ئەو دەستکەوتانەی کە لە جەنگەکەدا دەستیان کەوتبوو ، فەرمانی گەڕانەوەی دا . تەواوی رۆژ ، تەواوی شەو بەشێک لە رۆژی دواتر سوپا بەڕێوەبوو . جەنگاوەران بە جۆرێک هیلاک و ماندو بووبون کە بە ناچاری لە رۆژی دووەمدا فەرمانی پشودانی دەرکرد ، هەمووان لە تاو ماندویەتی چوونە خەوێکی قوڵەوە و مشتومڕی رۆژی پێشو بە یەکجاری لە بیری کەس نەما . عایشە کە بۆ پێویستیەک چوبوە بیابان لە گەڕاندنەوەیدا سەرنجی دا ملوانکەکەی لێ ون بووە ، بۆ دۆزینەوەی ملوانکەکەی دووبارە گەڕایەوە بۆ بیابان . لە هەمان کاتیشدا فەرمانی وەرێکەوتنی سوپا دەرکرا . سوارەکان وایان زانی کە عایشە لە بیابان گەڕاوەتەوە و چوتە ناو کەژاوەکەی خۆی بەرێکەوتبوون ، کاتێک کە موسڵمانەکان گەیشتنەوە مەدینە ئەوەند سەرقاڵی دابەش کردنی دەستکەوت و تاڵانی جەنگ بوون ، کە هیچ کەس ئاگای لە ون بوونی عایشە نەمابوو ، کاتێک عایشە دەگەڕێتەوە و دەگاتە جێی سوپاکە دەزانێت کە سوپا لەوەو پێش وەڕێ کەوتوە . لە هەمان جێگادا دەمێنێتەوە تا ئەوانەی بە شوێنیدا دەگەڕێن بیدۆزنەوە . چەند کاتژمێرێک دواتر گەنجێکی عەرەب بە ناوی ( سفوان بن المعتل ) کە لە دوای سوپاکەوە دەگەڕایەوە و بە گشتی لە چەند کاتژمێر دواتر بە دوای سوپاکەدا دەگەرایەوە گەیشتە جێگای سوپاکە ، سفوان لە بینینی عایشە لە بیابانەکەدا سەری سوردەمێنێت و ئەو سواری پشتی وشترەکەی خۆی دەکات و لە رۆژی دواتر لە ناوەڕاستی رۆژدا بەبەرچاوی هەموو خەڵکەوە ژنە جوانەکەی محمد دەگەیەنێتەوە ماڵەوە ، محمد کە سەرقاڵی هاوسەرگیری کردنە لەگەڵ ( جویریە ) کچی سەرۆک خێڵی بنی مستلق هیچ ئاگای لە ون بوونی عایشە نەمابوو ، بەڵام کاتێک کە سیخورەکانی محمد دەنگۆی بڵاوبونەوەی لە مەدینەدا کە عایشە لەگەڵ گەنجێک لە بیابان ماوەتەوە بڵاو بویەوە و گەیاندیانە محمد ، نیگەران بوو . ونبوونی ملوانکەی ملی عایشە لە بیابان ، دواکەوتنی عایشە لە قافڵەی کاروانەکە و مانەوەی شەوێک لە بیابان و هاتنەوەی لە رۆژی روناک و بە سواری پشتی وشتریکی گەنجێکی جوانی عەرەب بابەتێک بوو کە هەموو خەڵکی مەدینە دەماو دەم دەیان گێرایەوە .

دەرکەوتی دۆخەکە دروستی پرۆپاگندەکەی خەڵکی دەسەلماند و ئەو دۆخەی کە لە نێوان عایشەو سفواندا رویدا بوو لە کەش و هەوای مەدینەدا زۆر بە روونی دەکەتە بەرچاو . لە ئەنجامی ئیرەیی بردن و نیگەرانی ، رەفتاری محمد لەگەڵ عایشەدا گۆڕاو لە گەڵیدا بە ساردی مامەڵەی دەکرد . عایشە بە بیانوی نەخۆشی مۆڵەتی لە محمد وەرگرت تا بۆ ماوەیەک بڕواتەوە بۆ ماڵی دایکی ، محمد ڕەزامەندی دەربڕی و عایشەی رەوانە کرد . عایشە یەک مانگ لە ماڵی دایکی مایەوە ، لەو ماوەیەدا قسەو قسە لۆک لەو بارەیەوە بە ئاشکرا دەکرا، لە هەموو شوێنێک باس باسی عایشەو سەفوان بوو ، خودی عایشە لە لایەن ژنی یەکێک لە مهاجرەکانەوە لەو پرۆپاگندەیەی کە دەربارەی پەیوەندی نێوان عایشەو سەفوان لە بیابان لە سەرزمان بوو ئاگادار بوو ، محمد لەگەڵی دا لەو بارەیەوە راوێژی کرد ، علی وتی : ئەی پێغەمبەر ژن زۆرەو ئەو تەلاقی بدە ( 1) تەلاقدانی عایشە واتی سەلماندنی تەواو پرۆپاگندەکان و گوناحکاری عایشە بوو ، ئەو دۆخە جگە لەوەی کە ابوبەکرو لایەنگرانی و خێڵەکەی لە دژی محمد دەوەستانەوە ، هاوکات بۆ ئابڕوی محمد و کەسیەتی محمدکاریکگەریەکی سلبی دادەنا و هەرگیز لێی

نەدەبویەوە ، محمد وای بە باش زانی کە ڕاستەو خۆ ئەم بابەتە لەگەڵ عایشە خۆی باسبکات و ئەگەر ئەو کارەی کردوە تۆبە بکات و خودوەندیش تۆبەکان دەبەخشێت .

عایشە کە بە توندی دەگریا وتی :

( بە خودا هیچ کات تۆبە ناکەم خودا دەزانێت کە بێ گوناحم ئەگەر ئەوەی خەڵک دەی لێێن ڕازی ببم درۆدەکەم و وە ئەگەر ئینکاری لێ بکەم خەڵک باوەڕم پێناکات )

محمد بە بینینی فرمێسکی چاوی ژنە جوانەکەی بە تەندی کەوتە ژێر کاریگەری هەستەکانیەوە ، هەستاو هات بۆ مزگەوت ، چوە سەر مینبەرەکەو ئایەتەکانی 11 و 12 و 20ی سورەتی نوری بۆ خەڵک خوێندەوە :

( ئەو دەستیەی لە ئێوە کە بە درۆ بوختان دەکەن ، گومانی تیا نیە کە بۆ ئێوە خراپە ، بەڵکو بۆ ئێوە باشترە هەریەک لەئێوە جەزای گوناحێک کە ئەنجامی داوە ببینێت ، و ئەوکەسەی کەزیاتر ئەو گوناحەی کردوە توشی سزای گەورەتر دەبێت ) ئایەتی 12 ی سورەتی نور

---

1-هەمان پێنیاری علی بۆ محمد یەکێک لە فاکتەرەکانی دوژمنایەتی نێوان عایشەو علی بوو کە لە دواتردا جەنگی جملی لە سەردەمی خەلافەتی علی یدا لێکەوتەوە .

(بۆچی وەختێک بیستان نەتان وت ڕەوانیە کە ئەو قسەیە بکەین ، خودایا تۆ پاکی و ئەوە تۆمەتێکی گەورەیە ) سورەتی نور ئایەتی 16

(الله ئێوە ئامۆژگاری دەکات کە ئەگەر ئیماندارن هەرگیز ئەو بوختانە دوبارە نەکەنەوە ) سورەتی نور ئایەتی 17

( ئەوانەی کە پێیان خۆشە خراپەکاری لە ناو موسڵمکانانندا بڵاوبێتەوە لە دنیاو ئەو دنیا ئەشکەنجەی بێ بڕانەوە چاوەڕوانیانە ) سورەتی نور ئایەتی 19

وەدەربارەی سزای ئەو کەسانەی کە تۆمەت دەبەخشنەوە وتی :

( ئەوانەی کە تۆمەت بۆ ژنانی پاک داوێن دروست دەکەن ، و چوار شاهید ناهێنن ، هەشتا قامچی یان لێ بدەن ، و هیچ کاتێک شاهیدی ئەوانە قبوڵ نەکەن و ئەوانە لە فاسقەکانن ) سورەتی نور ئایەتی4

ماناو ناوەڕۆکی ئەو ئایەتە فەرمانی کرد تا سێ کەس کە تۆمەتیان بۆ عایشە دروست کردبوو قسەو قسەلۆکیان لە ناو شاردا بلاو کردبویەوە بۆ هەریەکەیان هەشتا قامچیان لێ بدەن ، و بەم جۆرە کۆتایی بە هەموو ئەو قسەو قسە لۆکانە هێنا و عایشەیش گەڕایەوەماڵی محمد .

دواتر محمد بۆ دڵنەوایی کردنی ئەو کەسانەی کە قامچیان خواردبوو لە سەر ئەو بابەتە ئاشتی کردنەوە و هەوڵیدا ئەو ڕوداوە بە یەکجاری لە یادگەی هەمواندا بسڕێتەوە .

17-داستانی ماریە ، خۆ بەدورگرتن ونە خەوتنی لەگەڵ ماریە ئایەتەکانی سورەتی تحریم .

لە وەڵامی ئەو نامەیەی کە محمد بۆ مقوقس فەرمانڕەوای میسری نوسیی بوو ، مقوقس خەڵاتی زۆرو دوکەنیزەی بە ناوەکانی ( ماریە ) و ( سیرین ) بۆ محمد ناردبوو . محمد سیرینی بە خشیە حسان بن سابت و ماریەی بۆخۆی هێشتەوە ، محمد زۆر هۆگری ماریە بوو، چوونکە ماریە کەنیزەی ئەو بوو محمد نەی دەتوانی شەوێک بۆ ئەو دیاری بکات و لای بمێنێتەوە ، ناو بە ناو لە نیوە شەودا بە بەهانەی

جۆراو جۆر لە ماڵی ژنەکانیەوە دەهاتە دەرەوە و لە ناو دارخورماکان کە شوێنی نیشتە جێبوونی ماریە بوو ، دەچووە دیداری .

رۆژێک کە سەرەی ( حەبسە ) کچی عمر بوو ، محمد چوو بۆ ماڵ حەبسە حەبسە بە کارێک چو بوو بۆ ماڵی دایکی ، محمد کەسێکی نارد بە شوێن ماریەدا و مارەیەش هات بۆ ماڵی حەبسە بۆ لای محمد و ماوەیەک لە گەڵ ًیدابوو ، کاتێک حەبسە گەڕایەوە ، هەستی کرد محمد لە ماڵەکەیدا تەنیا نیە ، لە دەروە مایەوە تا ماریە لە ماڵ هاتە دەروە ، حەبسە بە چاوی گریانەوە هات بۆ لای محمد و پێی وت :

( ئەو کەسەی کەلای تۆ بوو بینیم ، بە خوا تۆ سوکایەتیت بە من کرد ، کە لە ماڵەکەمدا لەگەڵ ئەو ڕات بوارد ، ئەگەر من لە بەرچاوی تۆدا سوک نەبم ئاوات لەگەڵ من نەدەکرد . )

محمد بۆ دڵنەوایی کردنی حەبسە هەستایەوە و سوێندی خوارد کە ئیتر ماریە لەو حەرام بێت .
داوایشی لە حەبسە کرد کە ئەو بابەتە لەگەڵ ژنەکانی تریدا باس نەکات . بەڵام ئیرەیی حەبسە هەڵچوو بوو خۆی پێنەگیرا و بابەتەکەی بۆ عایشە باس کرد ، عایشەیش ڕۆژێک بە ناراستەو خۆ ئەو بابەتەی لە محمد گەیاند ، کە ئاگاداری ئەو ڕوداوەیە ، هەمان بابەت بوە هۆی داڕشتنی ئایەتی 3ی سورەتی تحریم لە قورئاندا .

( کاتێک پێغەمبەر قسەیەکی نهێنی لای ژنەکانی درکاند ئەنجا باسەکەی گەیاندە ژنەکانی تری خواش پیغەمبەری ئاگادار کرد و ئەویش بە ژنەکەی وت وتی کێ پێی وتی وتی زانای نهێنی زان )

چەند ڕۆژێک بە سەر ئەو ڕوداوەدا تێپەری محمد هەر داڵغەی لای ماریە بوو ، بەڵام ئەو سوێندەی کە خواردبووی ڕێگەی نەدەدا کە نیوە شەوێک بڕوات بۆ لای ماریە ، ئەو کێشەیە بوە هۆی داڕشتنی ئایەتەکانی 1و 2 ی سورەتی تحریم :

(یا ایهاالنبی لم تحرم ما احل الله لک تبعی مرجات ازواجک والله غفور رحیم ) ئەی پێغەمبەر بۆچی لە بەر خاتری ڕەزامەندی ژنەکانت ئەوەی کە خودا بە تۆی حەڵاڵ کردوە لە خۆتی حەرام دەکەیت )

(قد فرچ الله لکم تحله ایمانکم والله مولیکم و هو العلیم الحکیم )

هاوکات خودا هەڵوەشاندنەوەی سوێندەکانتانی بۆ بڕیارداون خودا گەورەتانەو یارمەتی دەرتانە .

بە فەرمانی خودا محمد سوێندەکانی خۆی فەرامۆش کردوو دیداری نیوە شەوانەی لەگەڵماریە دا بە پێی پێویست ڕێک دەخست ، پاش ئەوەی کە ماریە کوڕێکی لە محمد بوو بە ناوی ئیبراهیم ئەویش وەک ژنەکانی تری مارەی کردوو ماڵێکی لە تەنیش مزگەوتە کەدا بۆ گرت و شەوێکی بۆ دیاری کرد .

18-داستانی ناکۆکیەکانی ناو خێزانەکانی محمد و ئایەتەکانی 28 و 26 ی سورەتی احزاب .

ڕۆژێک محمد نەهات بۆ پێش نوێژی بۆ مزگەوت ، ابوبەکرو عمر چون بۆ ماڵی محمد و بینیان کە محمد بێدەنگ و نیگەران ، لە نێوان حەبسەو عایشەدا دانیشتوە ، عومر لە دڵی خۆیدا وتی با شتێک بڵێم محمد پێبکەنێت ، وتی ئەی پێغەمبەر ئەگەر ژنی من لە من نەفقە وەربگرێت ، ئەوا لە ملی دەدەم ، محمد وتی ئەم دوانەی کە لە دەوری منن و لە من نەفقە وەردەگرن ، ابوبەکر کوتەک کاری عایشەی کردو عومەریش حەفسەی تەمێ کرد . تا ئیتر ئەو داوا کاریە لە محمد نەکەن ، و محمد ئایەتەکانی 28 و 29ی سورەتی احزابی داڕت و بۆی خوێندنەوە :

(ئەی پێغەمبەر بە ژنەکانت بڵێ کە ئەگەر ژیان و ماڵی دنیایان دەوێت وەرن با هەندێک شتومەک و مالی دنیاتان پێببەخشم ئەنجار دەست بەردارتان بم )

( وە ئەگەر پێغەمبەری خوداتان دەوێت ، و دنیای دوایی ، ئەوا الله بۆ چاکەکاران پاداشتی زۆری بۆتان داناوە )

وە ئامۆژگاری موسڵمانانیشی کرد ، :

( هەرچەند هەوڵبدەیت ، ناتوانی لە نێوان ژنەکانتان دادپەروەرانە مامەڵە بکەیت ، لە کاتێکدا ئەگەر زۆیش سوربن لە سەری جا نابێت هەر ڕو لە یەکیان بکەیت و ئەوی تر هەڵپەسێرن ) سورەتی نسا ئایەتی 129

داستانی ئەو ژنانەی کە بە بەلاش خۆیان پێشکەشی محمد دەکرد و ئایەتەکانی 49 و 51 سورەتی احزاب

لە نێوان چوار ژندا کە بە بەلاش خۆیان پێشکەشی محمد کردبوو ، لەگەڵیدا دەخەوتن بە بێ ئەوەی کە مارە کرابن یان نەریتی هاوسەرگیریان بۆ کرابێت ( ام شریک ) لە هەمویان جواتر بوو ، جوانیەکەی ئەو ژنە بە ئەندازەیەک بوو کە ڕقە عایشەی هەستاندو بە تەوسێکەوە وتی :

( نازانم ئەگەرژنێک بە بەلاش خۆی پێشکەشی پیاوێک بکات چی بەهایەکی هەیە ؟ )

ام شریک لە وەلامی عایشەدا وتی : ئەوەی کە ویستمان کردمان . و محمدیش بۆ بەفەرمی کردنی کارەکانی خۆی ئایەتی 50 ی سورەتی احزابی بۆ عایشە و موسڵمانان خوێندەوە و تیایدا ام شریکی بە ژنێکی موسڵمان ناوبرد .

( ئەی پێغەمبەر ئێمە بۆمان حەلاڵ کردیت ئەو ژنانەی کە هەڵتبژاردوون ، ئەوانەیشی کە کرێت پێداون و چ ئەوانەیشی کە کەنیزی تۆ بوون و خودا ئەوانەی بە شێوەی غەنیمەت کردوەتە بەشی تۆ ، و هەمانشێوەش کچەمامەکانت و کچە خاڵەکانت و کچە پورەکانت و ئەو کچە پورانەت کە لەگەڵتا کۆچیان کرد هەمویمان بۆ تۆ حەلاڵ کردوە و ئەو ژنە موسڵمانەیش کە خۆی پێشکەشی پێغەمبەردەکات و ئەگەر پێغەمبەر بیەوێت مارەی بکات . وە ئەوە تایبەت بە تۆیە نە بۆ هەموو موسڵمانان ) سورەتی احزاب ئایەتی 49 (1)

عایشە بە بیستنی ئەو دوو ئایەتە بێ چەندو چۆن وتی : ( انی اری ربک یسارع فی هواک )

( من دەی بینم خوداکەت ململانێ بۆ دابین کردنی خواستەکانی تۆ دەکات )

محمد بۆ تەمێکردنی عایشەو وەبیر هێنانەوەی ئەوەی کە ژنان مافی خۆ تێهەڵقورتاندنیان نیە لە ویستو حەزی سێکسی پیاواندا ئایەتی 51ی سورەتی احزابی بۆ ژنان خوێندەوە :

( پێویست نیە بۆ چونە لای ژنەکانت سەرەیان بۆ دابنێیت ، هەرکامیان کە ئارەزوت لێ بوو بیهێنە لای خۆت و هەرکامێکیشیان کە نەت ویست وازی لێبێنە ، هیچ لە سەر تۆ نیە ، ئازادی و ویستی ڕەهای تۆ لە وازهێنان لە ژنەکانت و بۆ ئەوانیش ئەم جۆرە هەڵسوکەوتە باشترە )

ژنەکانی محمد لە ترسی ئەوەی کە نەبادا محمد ئەوان تەلاق بدات ، هاتن بۆ لای محمدو پێیان وت دەربارەی ئێمە چی بڕیارێکت هەیە ، هەرکارێک کە ویستو خواستی تۆیە ئەنجامی بدە ، ئێمە لە خزمەتی ویستو خواستی تۆداین ، لەو کاتە بەدواوە سەرە بۆ ( عایشە و ، حەبسە و ، ام سەلمە و ، زەینەب ، و ماریە ، بە شێوەیەکی عادیلانە و ڕێکو پێک دانراو سەرەی شەوانی ( سودە و ، سفیە و ، و جویریە و ، مەیمەونە و ، ام حبیبە ، هەموو کات دوادەخرا .

---

1-پێویستە سەرنج لە سەر ئەوە دابنێین کە لە ئایینی ئیسلامدا ( سیغەی نیکاح ) بە شێوەی بەخشیش و کرێ جایز نیە ، ئەو ئایەتە بە جۆرێک دانراوە کە ئەو بابەتە تایبەت دەکات تەنیا بە محمدەوە و ئەو موسڵمانەکانی تر لەو بەهرە خودایە بێبەرین .

بەرایی حەوتەم :

بەهەشت و دۆزەخ لە ئیسلامدا

باوەڕبوون بە بەهەشت و دۆزەخ و سزای خودا لە دنیایەکی تر لە ئایینە کانی ئیبراهیمیدا ، لە ئایینی زەردەشتەوە سەرچاوەی گرتوە و وەرگیراوە ، یەهودیەکان پێش دەست بەسەربوون و دورخرانەوەیان بۆ بابل و نیشتە جێبونیان لە میزیۆپۆتامیا ، لە هەمبەر دۆزەخ و ژیانی پاش مردن شتێکی ئەوتۆیان نەدەزانی . لە سەفەری پێنج لایەنەدا ( اسفار پنج گانە ) پێش دیل بونیان یەهودیەکان دایان ڕشتوە و نوسیویانەتەوە ، ئەو سزایانەی کە یەهوە بۆ بەندە سەرپێچی کارەکانی خۆی دایناوە سنووری مەحروم کردنیانە لە دەستکەوتە دنیاییەکان ، تەمەنی کورت ، و یان دیل بون بە دەستی دوژمنان زیاتر نیە . پاداشتی ئەو کەسانەیشی کە فەرمانەکانی یەهوە جێ بە جێدەکەن و گوێ ڕایەڵی دەبن و ئەرکە ئایینی یەکان بەجێ دەگەیەنن ، لە بەرانبەر هەر گوناحێکدا کە ئەنجامیان داوە ، بە پێی ئاستی گوناحەکە قوربانی برژاندن پێشکەشی یەهوە بکەن . تەمەنی درێژوئارامی و ئاسایشە لە ژیاندا . وە یەهوە ئەو و خێزانەکەیشی تا هەزار نەوە بەرەکەت دەدات .

( ئەو کاتەی بارانەکانی ئێوەم لە وەرزی خۆیدا باراند ، و زەوی مان ژیاندەوە ، درەختەکانی بیابان بەری خۆیان گرت تا ئەو کاتەی ترێ پێگەی و پاشان تا چاندنی تۆ و . نانی خۆتان بە هیواشی دەخۆن و لە زەویدا بە ئارامی نیشتە جێ دەبن ، سەلامەتیم بە خشیوەتە زەوی ، بە ئارامی دەخەون و لە هیچ شتێک ناترسن ، گیانەوەرە درندەکانم لە سەر زەوی لە ناو برد ، شمشێر بە ناو ئێوەدا تێناپەڕێت ، دوژمەنەکانی ئێوەم شکاند ، ئاوڕم لە ئێوە داوەتەوە نەوەخستنەوەم پێ بەخشیون . دەغڵو دانی کۆنی ساڵی ڕابوردوتان دەخوارد . بەڵێنی خۆم لە گەڵ ئێوە توند تر دەکەم ،ماڵەکەی خۆم لە ناو ئێوەدا دروست دەکەم ، لە گەڵ ئێوە هاتو چۆ دەکەم ، من خودای ئێوەم و ئێوەش گەلی من ) لاویان 26-4 /12

ئەوە ئەو بەهەشتە بوو کە یەهوە پێش دیل بونیان بە دەستی بابل یەکان بەڵێنی بە یەهوە پەرستان و گوێڕایەڵەکانی یەهوە دابو . بەڵام پاش ئەوەی کە گەلی یەهود بە فیکرو باوەڕە زەردەشتیەکان دەربارەی دنیاو ژیانی پاش مردن و ئەو دنیاو ڕۆژی پەسڵان ، و ڕێگەی ڕاست و سزای دوایی و بەهەشت و دۆزەخ ئاشنایەتیان پەیدا کرد . ئەو باوەڕانە چوە ناو باوەڕی ئەنبیای پاش دورخرانەوە بوە ڕێچکەو لە دوایشدا بوە باوەڕی هەردوو ئایینەکەی تری مەسیحەیت و ئیسلام . لە نامەکەی پێشبینیەکانی ( پترۆسدا ) کە لە ناوەندی کڵیسادا پەسەند نەکرا، بەڵام لە ناو مەسیحیەکاندا بایەخی تەواوی هەیە ، بە کورتی باسی بەهەشت و دۆزەخی هاوشێوەی زەردەشتیەکان دەکات . لە پەڕەگرافێکدا دەنوسێت : ( جەهەنم جێگایەکە کە تیایدا خوێن و کوشتن و توندو تیژی و سزادان بونی هەیە ، و گوناح کاران تا بینە قاقا تێی چەقیون . لە چاڵە ڕەشەکانی دۆزەخدا کرمی پیس بونی هەیە ، کە بەبەردەوام دەلکێن بە

جەستەی گوناح کارانەوە ، جەستەی گوناح کاران بە زنجیرێکی وەک ئاگر داپۆشراوە ، بۆ ئەوەی کە ئەوانە زیاتر هەست بە ئازار بکەن پارچە پارچە جەستەیان دەبڕن و فڕێی دەدەنە ناو دەریای ئاگرەوە )

بەو نوسراوەی پترۆس ، چوار جۆگە لە بەهەشتدا بونی هەیە کە یەکیان هەنگوین و ئەوی تریان شیرو سێیەمیان شەراب و لە چوارەمیشدا رۆن .

نیشتە جێ بوونی زەردەشتیەکان لە رۆم و یەمەن و حیجاز هۆکار بوو بۆ ئەوەی کە ئیسلام ڕاستەو خۆ دەستی بگاتە سەرچاوەی باوەڕی ئەفسانەی بەهەشت و دۆزەخیەکان و بتوانێت داستانێکی پوخت تر لە ئەوەی کە لە دوو ئاینەکەی تری یەهود و مەسیحدا هەیە دەربارەی رۆژی دوایی و بەهەشت و دۆزەخ لە قورئاندا بگێڕێتەوە :

بە باوەڕی موسڵمانان سیرات پردێکە کە لە سەر دۆزەخ دروستکراوە و بە یەکێک لە دەرگاکانی بەهەشت کۆتایی دێت ، گوناحکاران و درۆزنەکان لە کاتی پەڕینەوە لەو پردە دەکەونە بەر پەلاماری دوکەڵ و ئاگر ، ، وە بە هۆی گەرمی یەوە ناتوانن پەنا بەن بۆ هیچ لایەک ، ( شیخ سدوق قمی یەکێکە لە فقەکانی ئیسلامی لە کتێبەکەیدا بە ناوی ( اعتقادات ) لە بەرایەکانی 29 تا 30 دا دەڵێت : سیرات حەقە و ئەو پردەیە کە لە سەر دۆزەخ دروستکراوە ، و تێپەڕینی تەواوی بونەوەران لەسەر ئەو پردەوە دەبێت ، و ئایەتەکانی 72 و 73ی سورەتی مریم و ئایەتی 74ی سورەتی موئمن :

لە ئێوە تەنیا ئەو کەسانە دەچنە بەهەشتەوە کە باوەڕیان بە دروستی خودا هەبوبێت . ئەو کەسانەی کە گوێ رایەڵ بون بەڕیان دەکەین و زاڵەکان لە سەر ئەژنۆ چۆک پێدادەدەین )

پەڕینەوە لە پردی سیرات و کەوتنە ناو دۆزەخ جیگیر دەکات . بە باوەڕی شێخ صدوق قمی ئەو کەسانەی کە باوەڕناهێنن بە پردی سیرات لەو دنیا ئەوانە لە دین دەرچوەکانن . .بە باوەڕی موسڵمانان ( اعراف ) ماوەی نێوان بەهەشت و دۆزەخە ، لەو جێگایەدا ئەو کەسانەی کە کاری باش و خڕپیان هێندەی یەکە نیشتە جێکراون . نێوان بەهەشتیەکان و نیشتەجێیانی اعراف حیجابێکە و لە نێوان نیشتە جێیانی اعرافیشدا ئەو کەسانەن بەهەشتیەکان ئەوانە دەناسن و پێیان دەڵێن : ( نەیەنە ناو بەهەشتەوە وئەوانە وایان دەوێت ) سورەتی اعراف ئایەتی 44

نیشتە جێ بوانی اعراف لە نێوان دۆزەخیەکاندا هەندێک ناسیاو دەبینن و پێیان دەڵێن : ئایا کۆکردنەوەی پارە بۆ ئێوە بەس نەبوو ، ئایا ئیوە خەڵکانێکی لە خۆبایی نەبوون ؟ ) سورەتی اعراف ئایەتی 46

هاتنی رۆژی دوایی لە قورئاندا بە چەندین جۆری جیاواز باس کراوە . ئایەتی 53 سورەتی یس ، دەسپێکی رۆژ بە ( هاورێکی کتوپڕ ) دەزانن . ئایەتی 33 سورەتی عبس ( هاوراێک گوێ کەڕدەکات ) و ئایەت 13 سورەتی حاقە ، ئایەتی 8 سورەتی مدپر و ئایەتی 18 سورەتی النبیا ( فوکردن بە نەفخی سوردا ) و دەڵێن هاتنی رۆژی قیامەتە . بەڵام بەرواری ڕودانی رۆژی دوایی لە قورئاندا دیار نیە . لە ئایەتی 47 سورەتی سجدە ، ئایەتەکانی 187ی63 سورەتی احزاب و ئاماژەدەدات :

(هیچ کەس بەروارو کاتی ڕودانی رۆژی دوایی نازانێت ، تەنیا الله نەبێت ) بەڵام ئایەتی 1 سورەتی قمر و ئایەتی 1 سورەتی النبیا ، ڕودانی رۆژی دوایی بە نزیک و لە ناکاو دەزانن .

بەڵام بە پوختی وەسفی گشتی رۆژی دوایی بەهەشت و دۆزەخ ئەوەیە ، پاداشتی چاکەکاران و سزای خراپەکاران لە زمانی قورئانەوە . قورئان لە کۆی 1261 ئایەت تەنیا لە 74 ئایەتدا لە بارەی رۆژی دوایی و بەهەشت و دۆزەخەوە قسەدەکات :

1-ڕۆژی دوایی :

( کاتێک ئاسمانەکان لەت لەت دەبن ، کاتێک ئەستێرەکان پرشو بڵاو دەبنەوە ، کاتێک دەریاکان دەتەقێنرێنەوە ، کاتێک گۆڕەکان هەڵدەگەڕێنرێنەوە ) سورەتی انفتار ئایەتەکانی 1-5

(کاتێک خۆر دەپێچرێتەوە و روناکی نامێنێت ، کاتێک کێوەکان لە شوێنی خۆیان هەڵدەکنرێن ) سورەتی تکویر ئایەتەکانی 1و3

( کاتێک ڕوداوەکە ڕودەدات ، هەڵبەزو دابەز دەکات کاتێک زەوی دەشڵەقێت و شاخەکان هەڵدەتەکێن ) سورەتی واقعە ئایەتەکانی 1بۆ 5

(کاتێک کە زەوی ان و بەرین دەبێتەوە و هەرچی لە ناویدایە فڕێی دەداتە دەرەوە ) سورەتی انشقاق ئایەتی 3و 4

( ئەوکاتە لە دو شێوەدا فو دەکرێت بە کەڕەنادا لە قۆناغی یەکەمدا ، هەرکەس لە ئاسمانەکان و سەرزەوی دایە ، جگە لەو کەسانەی کە الله ویستی لە سەر یان نیە بێهۆش دەبن . پاشان جارێکی تر فو دەکرێتەوە بە کەڕەنادا مردوەکان لە گۆڕەکانیاندا هەڵدەسنەوە و هەموو بە سەر سامیەوە ڕادەوەستن ) سورەتی الزمر ئایەتی 68

( ڕۆژ تیایدا پەنجا هەزار ساڵە ) سورتی معارج ئایەتی 4

(زەوی بە نوری خودا ڕۆناک دەبێتەوە ، پێغەمبەران شەهیدەکان دێن و قورئان لەوێدانراوە تا بە هەق داوەری خەڵک بکەن تا زولمیان لێنەکرێت .) ئایەتی 69 سورەتی الزمر

(لە نێوان ڕزیمەلایکەو ڕۆحەکاندا کە جگە لەوەی خودا مۆڵەتی داون ناتوانن قسە بکەن ) سورەتی البنیا ئایەتی 38

( خودای تۆ لەگەڵ فریشتەکان ڕزێک ڕێک دەخات ) سورەتی الفجر ئایەتی23

(خودای تۆ دانیشتوە لە سەر عەرشێک کە هەشت فریشتە هەڵیان گرتوە ) سورەتی الحاقە ئایەتی17

( هەریەک لەو فریشتانە خاوەنی دو یان سێ یان چوار جوت باڵن و بەوەی کە خودا بیەوێت و مەلائیکە دەوری عەرشی خودایان داوە و تەسبیحات دەکەن ) سورەتی الزمر ئایەتی75

(هەموان لە ڕێگەی دورەوە ئەو دەبینن بەڵام ئێمە لە نزیکەوە ئەو دەبینین ) سورەتی معارج ئایەتی6-7

( خەڵکەکان دەستەدەستە دێن و دەرگاکانی ئاسمان دەکرێنەوە ) سورەتی النبیا ئایەتی18-19

(لەو ڕۆژەدا هیچ یەکێک لەو خەلکانە ناتوانن قسە بکەن ، دەست و قاچ و زمانیان قسەدەکەن و شاهیدی لە سەر ئەو کارە دەدەن کە پیان کراوە ) سورەتی نور ئایەتی 24 سورەتی یاسین ئایەتی 65

(گوێ کان ، چاو ێستی جەستە لە دژی شاهیدی دەدەن ) سورەتی فصلت ئایەتی19

( خودا تەکانێک بە زەوی دەدات ، تا پیان بلێت ئەی خەڵکینە ئلیەتەکانی ئێمەتان بە درۆ دەزانی ) سورەتی النمل ئایەتی 84

(ئەو ڕۆژە ، ڕۆژێکە کە مرۆڤ ، ناتوانێ ئاوڕ لە براو خوشک و دایک و باوکی منالەکانی بداتەوە ، هەرکەس لەو ڕۆژەدا بە خۆیەوە سەرقاڵە ، هەندێک لە ڕوخسارەکان خۆشحاڵن و هەندێکیشیان نیگەران و ڕەش داگەڕاون ) سورەتی عبس ئایەتی 33-42

(لە ڕۆژی کۆتایی دنیادا کەس فریای هاورێکەیشی ناکەوێت ، هەر چەند کە یەکیش دەبینن ، گوناحکار ئارەزوودەکات بۆ ڕزگاربون لە سزا منالەکانی و براکانی و کەسوکارەکەی بکاتە قوربانی ) سورەتی معارج ئایەتەکانی 8-14

( لەو ڕۆژەدا هەموشتێک ئاشکرا دەبێت ، و هیچ شتێکی کەس بە شاراوەیی نامێنێتەوە ) سورەتی الحاقە ئایەتی 18

(لە ڕۆژی دوایدا ترازەوەکان دادەنرێن ستەم لە هیچ کەس ناکرێت ) سورەتی انبیا ئایەتی 84

( هەرکەس تای تەرازوەکەی قورسە ئەوە ئەو ڕزگاری بوە و هەرکەس تای تەرازەوەکەی خاڵیە ئەو زەرەر مەندە ) سورەتی مومنون ئایەتەکانی 104-105

( نامەی کردەوەی هەر کەس دراوەبەدەستیەوە دەی دەهێنن و خودا پێی دەڵێت نامەی کردەوەکانت بخوێنرەوە ئەمرۆکە ڕۆژی گەیشتنە بە لیپرسینەوەی تۆ ) سورەتی اسرا ئیەتی 14-15

( ئەو کاتە نامەی کردوەی هەموکەسێک دەکرێتەوە ) سورەتی تکویر ئایەتی 10

(نامەیەک لە لایەن دوفریشتەوە دەدرێتە دەستی ڕاست و دەستی چەپی هەرکەسێک ) سورەتی ق ئایەتی 16

(مرۆڤ لە هۆی ئامادە بوونی خۆی ئاگادار دەکرێتەوە ) سورەتی تکویر ئایەتی 14

( لەوڕۆژەدا خەڵک بە سەر سێ پۆلدا دابەش دەبن ) سورەتی واقع ئایەتی 5

(یارانی دەستی ڕاست و یارانی دەستی چەپ و نزیکەکانی دەرگای خودا ) سورەتی واقعە ئایەتەکانی 10-11

( ئەوانەی کە نامەی کردەوەکانیان دەدرێتە دەستی ڕاستیان پیان دەڵێچن بیگرە و نامەکە بخوێنەوە و ئەو لە بەهەشدا جێگەی پێدراوە ،) سورەتی الحاقە ئایەتی 19-21

(ئەوانەی کە نامەی کردەوەکانیان بە پشتی دەستی چەپ پێدەدرێت بەزوویی لە ناو ئاگری دۆزەخدا دەسوتێنرێن ) سورەتی انشقاق ئایەتەکانی 10-12

2-بەهەشت :

( باخەکانی بەهەشت ، بازن و دەست بەندی ئاڵتونیان لەدەست دەکرێت ، پۆشاکی سەوزی ئاوریشمی ئەستور وجوان دەپۆشن ) سورەتی الکهف ئایەتی 31

(پانتایی بەهەشت بە ئەندازەی پانتایەکانی ئاسمان و زەویە ، ) سورەتی ئال عمران ئایەتی 127

(لەوێدا ڕوبار ئاوو ، شیرو ، هەنگوینی پوختە کراو وە شەرابی خۆش و کە سەرئێشە دروست ناکات هەیە ) سورەتی محمد ئایەتی 16

(بەهەشت شوێنی مانەوەی هەمیشەیی ئەوانەیە کە شایستەن ، کە لەگەڵ باو کو کەسەکانی خۆیاندا دێنە ناوی یەوە و مەلائیکە لە هەموو دەرگاکانەوە دەچنە سەردانیان ) سورەتی رعد ئایەتی 24

(ئەو کەسانەی کە لە خودا ترساون ، پۆل پۆل بەرەو بەهەشت ڕێنمونی دەکرێن ، بۆ ئەوەی بەوێ بگەن دەرگاکانی بەهەشت دەکرێنەوە ، خزمەتکاران پیان دەڵێن سلاو لە ئێوە پاک بونەوە ، وەرنە ژوورەوە ) سورەتی الزمر ئایەتی 73

(ئاوریشمی ئەستورو تەنک دەپۆشن ) سورەتی الدخان ئایەتی 53

(لە سەر جێگەی چنراو لە زێرو گەوهەر ) سورەتی واقعە ئایەتی 15

(..... و لە سەر ئەو ڕاخەرانەی کە بە ئاوریشم چنراون شانیان داوە ) سورەتی الرحمان ئایەتی 54

( .... وە لەو درەختانەی کە دڕکیان نیەو تیک ئالاون و سێبەرێکی زۆریان هەیە و ڕوبارەکان بە بنیاندا تێدەپەڕن دادەنیشن ) سورەتی واقعە ئایەتەکانی 27-30

( ...... وە لەو پێک و پالانەی کە لە بلورو نوقرە تێکەڵەیەک لە کافوری بەهەشت و زەنجەفیل دەنۆشن ، و دەوریان بە کوری لوسکە و نورانی و جاویدانی کە هەر وەک مروارین گیراوە ) سورەتی الزمر ئایەتەکانی 16-20

(......... وەپایلەی پڕ لە شەراب کە چێژێکی زۆری هەیە سەرنایەشێنێت پێیان دەدەن ) سورەتی صافات ئایەتی 44

(لە میوەکانی بەهەشت هەرچی بیەوێت ) سورەتی تور ئایەتی 22

(لە میوەکانی خورما هەنارو باخەکانی ترێ ) سورەتی الرحمن ئایەتی 68

(لە گۆشتی باڵندەکان کە ئیشتیها دەکەنەوە ) سورەتی واقعە ئایەتی 20

(...... وە ئەوان جوت دەکەین لە گەڵ حۆریە چاو کەژاڵەکان ) سورەتی صافات ئایەتی 47

(کچانی پڕ لە زەوق و مەمک قوت و هاوتەمەن ) سورەتی النبیا ئایەتی 32

(کە هەر وەکو مرواری و یاقوتن ) سورەتی الرحمن ئایەتی 58

(حۆری جوان کە نەدەستی ئادەمیزاد و نە دەستی جنیان بەرنەکەوتوە ، سورەتی الرحمن ئایەتی 56

(...... وە ئێمە ئەوانەمان خولقاند و بە کچێنی دروستمان کردون وە هاوکات هاوسەری هاوتەمن ) سورەتی واقعە ئایەتەکانی 34-36

( ئەوانەی کە بەختی باشیان هەبوو لە بەهەشتی جاویدان ، مادام کە ئاسمانەکان و زەوی ماوەتەوە ئەمێننەوە ) سورەتی هود ئایەتی 111

(نە خۆ ئاوادەبێت و نە سەرما هەیە ) سورەتی الدهر ئایەتی 13

( بە هیچ جۆرێک ماندوبوون ئازار بەوانەناگات ، وە لە بەهەشت دەریان ناکەن ) سورەتی الحجر ئایەتی 45

(مەزەی مەرگ دوبارە ناچێژنەوە و لە سزای دۆزەخ بەدورن ) سورەتی الدخان ئایەتی 56

3-دۆزەخ :

( دۆزەخ چیە ؟ یچ ئەندامێک ناهێڵێتەوەو دەست هەڵناگرێت ، پێستیان ڕەشدەکات ، نۆزدە فریشتە سەرپەرشتی دۆزەخ دەکەن ) سورەتی مدسر ئایەتەکانی 27 31

(بۆ گوناحکاران جەهەنم جێگایەکە که تیایدا نە دەمرن و نە بەزیندویش دەمێننەوە ) سورەتی تەها ئایەتی 74

( جەهەنم ئەو جێگایەیە بەڵندراوە بۆ گوناحکاران و حەوت دەرگایەو هەردەگایەک تایبەتە بە بەشێکیان ) سورەتی الحجر ئایەتەکانی 43-44

(لە راستیدا خودا بۆ زاڵەکان ئاگری دۆزەخی فەراهەم کردوە ، کە لە هەمو لایەکەو دەوریان دەدات ، ئەگەر هاوار بکەن لە ئازارو تینویەتیدا ئەوا بە ئاویکی پیس و بۆگەن ئاویان دەدەن ، کە وەک خڵتەی کانزای تواوە وایە ئەوەندە گەرمە دەموچاویان دەسوتێنێت ) سورەتی کهف ئایەتی 29

(خودا زۆر جن و ئادەمیزادی بۆ ناو دۆزەخ دروست کردوە ) سورەتی اعراف ئایەتی 178

(....... وە ئەو کەسانەی کە کفریان کردوە و نامەی کردەوەیان دەدرێتە دەست چەپیان و بەرەو دۆزەخ بەرێ دەکرێن ، بۆ ئەوەی بگەنە جەهەنم دەرگاکانی دەکرێتەوە و پێیان دەڵێن لە دەرگاکانی دۆزەخەوە بچنە ژوورەو بە شێوەیەکی جوان لە وێدا بمێننەوە ) سورەتی الزمر ئایەتی 71-73

(پاشان ئەوانە دەست گیر دەکەن و ، بە زنجیر کێشیان دەکەن ، کاتێک کە زنجیر لە ئەستۆی ئەواندایە ، هەڵدەکێشرێن لە ئاوی گەرم پاشان دەیان خەنە ناو ئاگرەوە ) سورەتی المومن ئایەتی73

( خواردنی ئەوانە جگە لە کیم و جەراعەت ، هیچی تر نیە ، و ئەو خواردنەیش تەنیا گوناحکاران دەی خۆن ) سورەتی الحاقە ئایەتی 36-37

( ئەوانەی کە پێشتر لە نازو نیعمەتدا بوون ، لە ئاگرێکی سوتێنەرو ئاوی کوڵاودا و لەناو دوکەڵێکی نەساردو نەفێنکدا دەخولێنەوە ، ئەنجار لە بەری داری ژەقنەموت دەخۆن و ورگ و سکتانی لێ پردەکەن و لە ئاوی کوڵاو دە خۆنەوە ، ئەوەیە میوانداریەتی ئەوانە لە ڕۆژی دوایدا ) سورەتی الواقعە ئایەتەکانی 40 تا 56

( داری ژەقنە موت لە ناخی دۆزەخدا دەروێت خونچەکانی هەروەک سەری دێوە گوناحکاران لەبەری ئەوە دەخۆن ، و سکیانی لێ تیردەکەن ، پاشان تێکەڵەیەک لە ئاوی گەرمیان پێدەدرێت ، پاشان بۆ ناو دۆزەخیان دەگێرنەوە ) سورەتی صافات ئایەتەکانی 62-66

( ئاگر بۆ ئەوانەیە کە بە توندی هاواردەکەن و دەناڵێنن ) سورەتی هود ئایەتی109

(....... وە وە تیایدا دەمێننەوە هەمیشە تا ئاسمانەکان و زەوی بمێننەوە ) سورەتی هود ئایەتی110

(جلی ئاگرین دەکرێتە بەری ئەوانە ئاوی گەرم دەرپیچژن بە سەریاندا ، تا تەواوی ئەوەی کە لە سکیاندایە و پیستیان تێکەڵ بەیەک بن ، و بۆ ئەوانە گورزی ئاگراوی ئامادە کراوە ، هەر کات هەڵبدەن لە نیگەرانی رزگاریان ببێت ، دووبارە دەیان گێرنەوە تا مەزەی ئاگر بژێژن ) سورەتی حج ئایەتەکانی 20-22

(..... وە ئاوی گەرم دە خۆنەوە ، جۆگەکان پارچە پارچە دەکەن ) سورەتی محمد ئایەتی17

(.... وە هەرکات پێستی ئەوان پاک بویەوە دەیان گۆڕین ) سورەتی نیسا ئایەتی59

( ...... وه دەرگاکانی ئاسمان لە سەر ئەوان ناکرێتەوەو ناچنە ناو بەهەشتەوە ، تا ئەوکاتەی کە وشتر لە کونی سوزنەوە تێپەرێت ) سورەتی اعراف ئایەتی 38

( دواتر خوداوەند بە دۆزەخ دەڵێت ، ئایا پۆشیت ، دۆزەخیش دەڵێت ئایا هی تر هەیە ؟ ) سورەتی ق ئایەتی 30

بەرایی هەشتەم :

ئایینی ئیسلام پاش کۆچی دوای محمد

ه رۆژی مردنی محمد دا ، ابوبکر و عمر بیستیان کە ئەنساریەکان کۆبونەتەوە و دەیانەوێت جێگرەوەیەک بۆ محمد دابنێن . چوونکە ئەوە ئاشکرابوو کە دەبوە هۆی دوبەرەکی لە نێوان ئەنسارو مهاجیرەکاندا و ناکۆکی دەخستە ناو موسڵمانانەوە لە ئەنجامدا بێدەرتان بوونی خودی ئەوان لە هێزو دەسەلات دەبێت . هەردوکیان بەرەو لاە کۆبوونەوە کە رۆشتن . هەریەک لە ئەنسار و مهاجیرەکان دەربارەی مەخفەرکانی دەستەی خۆیان و ئەو هەنگاوانەی کە بۆ پێشکەوتنی ئیسلام ناویانە باس دەکرد . هەر یەکەیان خەلافەتی بە مافی خۆی دەزانی . ابوبکر پێشنیاری کرد کە عمر بن ختاب لە مهاجیرەکان و عبیدە بن جراح لە ئەنساریەکان وەک ئەمیر و وەزیر بۆ ئیدارەدانی دۆخی موسڵمانان هەڵبژێرن . بەڵام لە ناکاو عمر هەستایەوە و دەستی ئەبوبەکری گرت و وتی ( مەگەر پێغەمبەر فەرمانی نەدا تۆ پێش نوێژی موسڵمانان بکەیت . تۆ جێگرەوەی ئەویت و بەیعەت بە تۆ دەدەین تا بە باشترین کەس مە خوشەویستی پێغەمبەر بوە بەیعەت بدەین ) ئەو قسانە کاریگەری کردە سەر دڵی ئامادەبوان و مهاجرین و ئەنسار هەردولایان بەیعەتیان دا بە ئەبوبەکر و ئەویان وەک یەکەم خەلیفەی موسڵمانان دەست نیشان کرد .

ئەبوبەر ماوەی دوساڵ خەلیفە بوو ، لە کاتی کۆچی دواییدا عمری کردە جێگرەوی خۆی ، لە سەردەمی حکومەتی ئەم دوو خەلیفەیەدا ، کە عەرەبەکان لە سەر باوەرو ئیمانی خۆیان بون و خرۆش و توندو تیژی و کوشتن و دزی و تاڵانی هێشتا لە سروشت و هەناویاندا مابوویەوە و لە ئەنجامی کاریگەری فێرکراوە ئیسلامیەکاندا ئەو خواستانە بە شێوەی جیهاد لە رێگەی خودا دانرابوو ، ئازایانە بونە لایەنێکی هێرش بەرو لە ماوەیەکی کەمدا دراوسێییچشکەوتوەکانی خۆیان داگیر کردوو سنوورو نفوزی ئایینی ئیسلام تا سنورەکانی چین و هندستان لە خۆرهەلات و تەواوی باشوری ئەفریقا لە خۆر ئاواو گەیاند .

لە باشور پاش فەتحی دیمەشق و شامات لە بەرانبەر قوستەنتەنیە وەستان . لە سەردەمی خولەفاکانی دواتر فەرماندەی سوپای موسڵمانان بە ناوی تاریق هەنگاوی بەرەو ئیسپانیا نا . موسڵمانان پاش فەتحی تەواوی ئیسپانیا چوونە ناو خاکی فەرانساوە ، بەلام لە روبەروبونەوەیەکدا لە پواتیە ( poiuteeکە لە خاکی فەرنسا دا رویدا بە توندی لە شارل مارتل ( Charles martel ) شکستیان خواردو گەرانەوە ئیسپانیا .

پاش کوشتنی عمر بە دەستی ابو لولو ، موسڵمانەکان عسمانیان کردە خەلیفە . لەو روداوە گرنگانەی سەردەمی خەلافەتی ئەو کۆکردنەو دارشتنەوەی قورئان بوو . لە ساڵی 658 زاینی لە ژێرکاریگەری نارەزایەتی گشتی و هەڵچوونی دانیشتوانی مەدینە و ئەو روداوانەی کە رویدا ، عسمان کوژرا ، خەڵک لە دەوری عەلی کوری ابو تالب کۆبوونەوە و ئەویان کردە خەلیفە ، سەردەمی کورتی خەلافەتی عەلی هاورێپچکەوت بوو لەگەڵ جەنگە ناوخۆیەکانی ، جمل و صفین و نهروان و سەرهەڵدانی گروپی خوارجەکان و دواتر کوشتنی عەلی بەدەستی یەکێک لە ئەندامانی ئەو گروپە . پاش کوشتنی علی خەلافەت کەوتە دەست هۆزی بنی امیە نەیاری دێرینی بنی هاشم و ئیتر دەسەلات بوە شێوازی

پاشایەتی و بۆماوەیی . ناوەندی دەسەڵاتداریەتی لە کوفە بوو کە ناوەندی خەلافەتەکەی عەلی بوو گوازرایەوە بۆ دیمەشق .

لە ساڵی 750 زایینی عەبسیەکان سەرکەوتن بە سەر ئەمەویەکانداو دەولچەتەکەی ئەوانیان هەڵوەشاندەوە و بۆخۆیان زنجیرەی عەباسیەکانیان پێک هێنا . ناوەندی خلافەتیان لە دیمەشقەوە گواستەوە بۆ بەغداد . تا هێرشەکەی هۆلاکۆ خان و مەغۆل و کوژرانی ( المعتسم باللە ) دواهەمین خەلیفەی عەباسی ، بەدەستی خانی مەغۆل ئەو زنجیرەیە لە بەغداد حکومیان دەکرد ، بەڵام ساڵانێک پێش هێرشی مەغۆل دەوڵەتی اوەندی ئیسلامی دەسەلات و هێزی خۆی لە دەست دابوو ، حوکمی خۆجێیی لە سەرانسەری ناوچەکانی موسڵمان نشین کەمتر ئیتاعەتی خەلیفەکەی بەغدایان دەکرد ، لە زۆرینەی ناوچەکاندا خەلیفە تەنیا بە شێوەیەکی زارەکی وەکلایەنی حکومەکان و بیرخستنەوەی ناوی ئەو لە خوتبەکاندا کۆتایی دەهات .

لە ماوەی یەک سەدە دوای کۆچی دوایی محمد ، بە تەدریج باوەرو جیاوازی جۆراو جۆر لە هەناوی ئایینی ئیسلامدا بەدیار کەوت ، یەکەمین دەرکەوتی ئەم جیاوازی و ئینشیقاقە لە کاری لێکۆڵینەوە لە حەدیسەکان و ریوایەتەکاندا سەری هەڵدا . حەدیس بریتی لە گێرانەوەی قسە یان کردەو رەفتاری محمد لە لایەن یەکێک لە هاوڵانی یان نزیکەکانی کە بە ئامانەتەوە گێرابێتیەوە و هەموان پیادەی ئەو نەریت و نۆرمە بکەن کە لە ناوەندی ئیسلامدا بونی هەبووە و محمد بۆخۆی کاری پێ کردبێت ، یان خولەفای راشیدین لە سەر بنەمای ئەوسونەتانە ی محمد کاریان کردبێت .

چوونکە نوسەران کۆکەروانی حەدیسەکان هەریەکەیان بۆچون و باوەرێکی گروپی و ئایینی تایەتی خۆی هەبووە . حەدیسەکانیان کۆدەکردەوە یان گۆرانکاریان تیایاندا دەکرد ، کە بەو جۆرەی کە لە هرژەوەندیان بوو خۆیان دەیان ویست دایان دەرێژایەوە .

البخاری ماوەی سەدەو نیوێک دوای کۆچی دوای محمد لە ناو شەش سەد هەزار حەدیسدا 7295 حەدیسی هەڵبژارد ، و لە ( جامع الصحاح ) خویدا دینایەوە . لە سۆنگەی موسڵمانانەوە ئەو کتێبە گرنگترین کتێبی حەدیسەکانە ، بەڵاک کاری کۆکردنەوەی حەدیسەکان بەوەش کۆتایی نەهات و نوسەران و توێژەرە ئایینیەکان ، بە تایبەت لایەنگرانی گروپی ( شێعە اپنی عشری ) بۆ کۆکردنەوەی حەدیسە کان بە جۆش و خرۆشێکەوە هەوڵی زۆریاندا ، بە جۆرێک لە سەردەمی ( علامە مجلسی ) رێژەی حەدیسەکان و ریوایەتەکان لە ملیۆنێک زیاتر تێپەری ( 1 )

ژیان نامە نوسەکان ( سیرە نوسان )ی ئیسلامی هەمان ئەو حەدیس و ریوایاتانەی کە لە زمانی خەڵکەوە بیستبویان دەیان نوسیەوە و بە هیچ جۆرێک راو بۆچونی کەسێیەتی خۆیان لە بابەت دروستی و راستی ئەو حەدیس و ریوایەتانەوە نەدەدا . بە جۆرێک کە ( ابو جعفر گبری ) لە پێشەکی کتێبەکەی خۆیدا بە ناوی ( تاریخ گبری ) دەنوسێت :

---

1- سونەت و ریوایەتەکانی تایبەت بە محمد پێغەمبەری ئیسلام ، لە چەندین کۆمەڵەی حەدیسەکاندا کۆکراوەتەوە ، کە گرنگ ترینیان بریتین لە : جامع الصحاح محمد بن اسماعیل البخاری ( 1940- 256 ه ) کۆمەڵەی صحاحی مسلم بن حجاج نیشاپوری ( 206 – 261 ) کۆمەڵەی صحاحی سلیمان بن داود الفارسی ( 202-275 ) جامع السنن احمد نسانی خراسانی لە ساڵی 303 هجری کۆچی دوایی کردوە ، جامع السنن ابن ماجە قزوینی ( 209 - 273 ) کۆمەڵی صحاحی محمد بن عیسا ترمدی لە ساڵی 279 هجری کۆچی دوایی کردوە ، الکفی لیدوانی کلینی .

( کەسێک کە سەرنجی کتێبە کەی ئێمە دەدات ، پێویستە ئەوە بزانێت  کە من هەرچیم لە م کتێبەدا هێناوەتەوە و مەرجم داناوە تا نوسەری ئەوەبم  لە سەر بنەمای باوەڕ بە هەواڵ و پاشماوەیەی کە بە من گەیشتوە ، و من دوبارە نوسەروەی ئەوانەم و هەموو دەگێرمەوە بۆ ڕاویەکانی کە لە سەر بنەمای ئەو شتانەی کە بە عەقڵ و لیکدانەوەی هزری داڕێژراونەتەوە . بۆیە هەر هەواڵێکی ڕابوردوو کە لەم کتێبەدا دامناوەتەوە ئەگەر بە بۆ  1چوونی خوی؟ ّنەر شتێکی نەشیاوە پێویستە ئەوە بزانێت کە دەربارەی ئەوەی لە لایەن ئێمەوە دانەنراوە ، بەڵکو ئەوە هەواڵی پێشینانەو بۆئێمەیان گواستوەتەوە ئێمەش بەو جۆرەی هەواڵەکەمان پێگەیشتوە هەروا دووبارە دەی گێرّێنەوە  )

دەستەواژەی تر ی هەر بەو جۆرە لە پێشەکی زۆرینەی کتێبەکانی ژیان نامە نوسەکان و کۆکەرەوەکانی حەدیس و چیرۆکە ئاینیەکانی وە کو ( مغزی وافدی ، گبقات ابن سعد ، تاریخی یعقوبی ، اسباب النزول واحدی و اخبار الرچا ابن بابویە ) بەرچاو دەکەوێت . بەڵام نوسەری ئەو کتێبانە هیچ جۆرە بەرپرسیارەتیەک دەربارەی دروستی و راستی ناوە ڕۆکی ڕیوایەتەکان و حەدیسەکان لە ئەستۆ ناگرن ، سەرەڕای ئەوەش کە بە گرنگترین سەرچاوەی باوەڕ پێکراوو متمانەی فقە کانی ئیسلامی ئەژمار دەکرێت و زۆرێک لە توێژەران و نوسەران و فقەکانی ئیسلامی کردویانەتە چاوگ و پاڵ پشت . حەدیسە کان یان بە واتایەکی تر گوڵبژێرێک لەو کتێبانە بۆ سەلماندنی فتواو یان ئەحکام و نوسینەکانی خۆیان بە کاری دێنن .

ئەو کتێبانەی کە تاکو ئێستا توێژەرە ئیسلامیەکان نوسیویانە ، بە گشتی بۆ سەلماندنی دۆخێکی تایبەتی جێی سەرنج بوە و نوسەرەکەیش بنەماو پێشەکی بەو جۆرە دادەرێژێت کە هەنگاو هەناگو تا کۆتایی کتێبەکە مەبەستی خۆی لە هزری خوێنەردا جێگیر دەکات . بۆ گەیشتن بەو ئامانجە بە هەر جۆرە حەدیس و ڕیوایەت و یان گوزارەیەی کە لە ڕێگەی تێگەیشتن لە مەبەستی  ئەو سود بەخش بوە دانراوەتەوە نارەحەتی گەران و پشکنین ئەوەی کە ئایا حەدیس و ڕیوایەتەکان متمانە پێکراون یان جێی متمانە نین  بەدوادا چونی بۆ ناکەن . وسەرەکانی دواتریش لە ڕوانگەی کەسیەتی و ئاستی زانستی نوسەرەکانی پێشو  هەمان حەدیس بە شێوەی  ( سەرچاوەی باوەڕ پێکراو ، ) دەنوسنەوە . بەم جۆرە هەرحەدیسێک بە گشتی جێگەی خۆی لە نێوان حەدیسەکانی تردا کردەوە ، بە جۆرێک کە ئەگەر لە کۆی حەدیسەکان سەرنج بدرێت هزرو عەقڵ هیچ یەک لەوانە بە تەندروست دانانێت .

گروپە ئیسلامیە جیاوازەکان :

معتەزیلە  ، یان یەکەمین گروپی لیبراڵی ئیسلامی  ، لایەنگری باوەڕی عەقلانیەت بوون و کرداری موسڵمانانیان لە و کاتەدا بە دروست دەزانی کە لە سۆنگەی عەقڵ و مەنتیقەو گونجاوبێت . معتەزیلە ، تیۆریاکانی ئایینی ئیسلامیان لە گەڵ فەلسەفەی یونان تێکەڵاو کردوو باوەڕی نوێیان  لە سەر بنەمای لۆژیک و عەقڵ بونیادنا . معتەزیلە بنچینەی باوەڕەکانی خۆیان لە سەر بنەمای قوتابخانەی ئیختیار ، ئازادی مرۆڤ  لە هەڵبژاردن و پەرچە کرداری خۆیدا ، جێگیر کردوو دژی ئەو باوەڕە گشتی یە بوون کە ( خوداوەند هەرکەس کەبیەوێت ڕێنمونی دەکات و هەر کەس کە بیەوێت گومڕای دەکات ) وە ئەوەیان بە بنچینەی دادپەروەری خوداوەندی دەزانی و هەرشتێکیش دژی بنچینەی دادپەروەری ئیلاهی بوو ، بە بە تاڵ دایان دەنا . جگە لەوەش دێرین بوونی قورئانیان پێ قبوڵ نەبوو دەیان وت کە قورئان نوێ و دانراوە ، و خوداوەند لە کاتی زەروریدا دایناوە و دای بەزاندوە ، معتەزیلە کان بنەمای کۆن بون و ئەزەلی بونی قورئانیان بە ناتەبا لەگەڵ بنچینەی یەکێتی ئەزەلی بوونی خودادا دادەنا  .  پەیرەوانی ئەو گروپە  لە گەڵ ئەو ڕایە نەبوون کە وەرگێڕانی زاراوەیی ئایەتەکانی قورئان و وێنا کردنی خودا

بەو جۆرەی کە لە عەرشی باڵا دانیشتوە . ئەو شێوە وەرگێرانەیان لە بەرانبەر بکوژی چاوو گوێ بۆ جەستەی خوداوەند دەزانی ، لە پاش سەدەی چوارەمی هیجری یەوە ئیتر پاشماوەو ئاسەواری گروپی معتەزیلە بەرچاو ناکەوێت .

قوتابخانەی حەنەفی :

ئەم قوتابخانەیە لە عیراق لە لایەن کەسێکەوە بە ناوی ( ابو حەنیفە نعمان بن سابت کابلی ) ( 80-150 هیجری ) خاوەنی کتێبی ( الفقە الاکبر ) دامەزرا . ابو حەنیفە بنچینەی فێرکراوەکانی خۆی لە سەر پێوانە و کۆڕا دامەزراند . ئەحکامەکانی قورئان لە لە سەر بنەمی دوو تەفسیرو لێکدانەوە دادەناو کەمتر سەرنجی حەدیسەکانی دەدا . ابو حەنیفە ئەحکامی قورئانی بە بنەمای کارەکانی خۆی دانابوو ، بەڵام لە کاتی ئیجراکردنی ئەحکامەکانی قورئاندا وەک پەرچە کردار ڕوبەڕوی گرفتێک دەبویەوە ، دەگەڕایەوە بۆ سەر بنچینەی پێوانە و کۆڕا و فتوای دەدا . هەر چەند کە ئەگەری ئەوە هەبوو کە فتواکانی جیاواز بوون لە ئەحکامەکانی قورئان قوتابخانەی پێوانەو ئیجتیهاد زۆر بە زویی لە عیراق و تورکیا بڵاو بویەوە ، و پەیرەوانی ئەم قوتابخانەیە لە وڵاتانی ئێران و تورکیا و هیندستان و عیراقن .

قوتابخانەی شافعی :

ئەم قوتابخانەیە لە لایەن _ ابە عبداللە مالک بن انس ) لە دایک بووی ( 95- 179 ) خاوەنی کتێبی ( الموگا ) بونیاد نراوە . ئەو مەکتەبەکەی خۆی لە سەر دوو بنەمای حەدیس و قورئان بونیاد نا . لە کاتێکدا کە ئەو دوو بنەمایە نەیتوانیایە وەڵامدەرەوە بێت بە دۆخەکان دەگەڕایەوە بۆ بنژینەی ( اجماع ) لە بابتە ئاڵۆزەکاندا سودی لە پێوانە وەردەگرت ، هەربەو جۆرە لە نێوان دوو بنچینەی پێوانە و اجماعدا ناکۆکیەک سەری هەڵدایە ، چێوەی بەرژەوەندی گشتی دەکردە بنەماو کاری پێدەکرد . موسڵمانانی باشوری ئەفریقا ( تونس و الجزائیر و مراکش ) پەیروی لەم قوتابخانەیە دەکەن .

مەکتەبی شافعی :

ئەم قوتابخانەیە لە لایەن ( ابو عبداللە محمد بن ادریس شافعی ) ( 146-240 کۆچی ) خاوەنی کتێبی ( اصول فقە ) وە بونیاد نراوە . ئەم مەکتەبە زیاتر پەیڕەو لە حەدیس دەکات .لە کاتێکدا کە ناکۆکیەک لە نێوان حەدیس و دەقەکانی قورئاندا دروست ببێت ، ئەوا بنچینەی حەدیس لە پێشە . ئەو جەدەلی بنچینەی ئاین بە گشتی ڕەد دەکاتەوە و حەدیسەکان بە بڕبڕەی پشتی شارستانیەتی ئیسلام و گونجاو لە گەڵ بارو دۆخی وڵاتانی ئیسلامی دەزانێت . مسڵمانانی میسر و سوریەو عیراق پەیڕەوی لە مەکتەبی شافعی دەکەن .

قوتابخانەی حنبلی :

ئەم قوتابخانەیە لە بەغداد لە لایەن ( احمد بن حنبل مروزی ) ( 164-241 کۆچی ) خاوەنی کتێبی ( المسند الامام احمد ) بونیاد نراوە و لە سێقوتابخانەی پێشو تر وشکترو توندڕەوترە . ئەو قوتابخانەیە باوەڕی بە دەقە ڕاشکاوو ئاشکراو زارەکیەکانی قورئان و حەدیسە . هیچ جۆرە تەفسیرێک بە شیاو نازانێت . لە ماوەی 200 ساڵ پێش بزوتنەوەی وەهابی بۆ زیندو کردنەوەی قوتابخانەی حنبلی لە عەرەبستانی سعودی سەری هەڵدا و ئێستا ئەم قوتابخانەیە لەو ناوچەیە ئاینی دەسەڵات دارە .

قەتابخانەی شێعە :

ئەو بزوتنەوەیە لە سەرەتای مێژووی ئیسلام و ڕاستەو خۆ پاش کۆچی دوایی محمد سەری هەڵدا .پەیڕەوانی ئەو قوتابخانیە سێ خەلیەفەی سەرەتا بە داگیر کەری خەلافەت دەزانن و باوەڕیان وایە کە

محمد کوڕی مامی و زاواکەی خۆی علی بن ابی تالبی لە ( غدیرخم ) (1) بە جێگرەوی خۆی بەوانەی کە ئامادەبوون ناساند . وە ئەو امیر المومنینە . شیعەکان مافی ئیمامەت بە فەرمانێکی خودایی و فەریزەیەکی ئاسمانی دەزانن و ڕێوایەتێک لە محمدوە بۆ ئەم مەبەستە دێننەوە :

(انی تارک فیکم الپقلین کتاب اللە وعترتی ) ( 2) بە بەڵگەی دروستی ئەو ئیدعایەی خۆیانی دادەنێن . هەر بە جۆرە سێ خەلیفەی یەکەم ، وەک مستەحەقی جێگرەوەی پێغەمبەر نازان . پاش علی دو کوری ئەو حسن و حسین بە دوای یەکدا ئیمامی دووەم و سێیەمن و علی بن حسین بە خەلیفەی چوارەم قبوڵدەکەن . پاش ئیمامی چوارەم شیعەکان گروپی ( زیدیە ) کە لایەنگرێکی زۆری ئەوانە لە یەمەن دەژین ( 3) لە شیعەکانی تر جیا دەبنەوە و ( زید بن علی بن الحسین ) بە جێنشینی ئیمامی چوارەم دەزانن . بەڵام دوو گروپی تری شیعە . باوەڕیان بە ئیمامەتی ( محمد الباقرە ) و پاش ئەویش بە ( جعفر الصادق ) هەیە . لەوێشدا شێعەکان دابەش دەبنەوە بەسەر دوبەشی ( اسمعیلیە ) و ( اپنی عشری (

شێعەی ئیسماعیلی ( اسمعیل ) کوڕی گەورەی جعفر الصادق بە ئیمام قبول دەکەن و ئەمەش بە هۆی ئەوەی کە گوایا ( اسمعیل ) دەست پێشخەری لە خواردنەوەی شەراب دا کردوە و باوکی نەیکردە جێگە نشینی خۆی و کورەکەی تری ( موسی الکاقم ) ی بە جێنشینی خۆی دیاری کرد ، بە تۆمەتێکی بێبنەما دەزانن و ئینکاری لێ دەکەن . چونکە ئیسماعیل پێنج ساڵ پێش مردنی باوکی کۆچی دوایی کردوە .

---

1-ناوچەیەکە لە نێوان مەککەو مەدینەدا . و. ک .فەرهەنگی عمید .

2-لایەنگری سونەت ئەو حەدیسە کە لە کتێبی یعقوبی نوسراوە قبوڵ ناکەن و کۆنتاکتیان لەگەڵ سیرەی ابن هشام و مێژووی تەبەری دا هیە وحەدیسە کە بەم جۆرە دە خوێننەوە ( انی تارک فیکم الپقلین کتاب اللە وسنە نبیە )

3-لە سەدەی پانزەیەمی کۆچی تا شۆڕشی دواتر یەمەن ، ئەو کیشوەرە لەلایەن نەوەکانی حسن بن علی بە شێوازی زیدیە بە ڕێوە دەچوو .

لایەنگرانی ئەو باوەڕیان وایە کە ئەو لە سۆنگەی بەشێوەیەکی نهێنی ( غەیبی ) ڕۆشتوەو ( امام منتقر ) هەر ئەوە کە دووبارە دەگەڕێتەوە . بۆ سەلماندنی ئەم بابەتە ئەو ئایەتانەی قورئان بە شێوەی بە ڵگە دێننەوە و بە ویستو حەزیی خۆیان تەفسیری بۆ دادەتاشن و دەنوسن :

ئیسماعیلیە بە پێک هێنانی جەلەسانی نهێنی و بونیاد نانی بنچینەی تایبەتی دەست پێشخەری کردن و بەم ڕێگایە زۆری لە دەوری خۆی خڕ کردوەتەوە ، کە لە بەرانبەر حکومەکانی کاتدا دژایەتی کردوە . گەرچی لە سەرەتادا دۆخێکی سەرکەوتونەیان بۆ نەرەخسا بەڵام لە دوایدا توانیان خەلافەتی فاتمە لە باشوری ئەفریقا دابمەزرێنن . و ماوەی چەندین سەدە لە سەر میسر و لیبی و تونس و شامات حکومەت بکەن . هەمانشێوەش زنجیرەی ( قرامگە ) لە کەنارەکانی کەنداوی فارس دابمەزرێنن ، کە لە ناوچەی یەمەنەوە تا ئێراق حکومەت بکەن و بەو پەڕی شانازی و هێزەوە لە بەرانبەر خەلیفەکانی عەباسیدا ڕابوەستن . قرامتەکان لە هێرشێکی لە ناکاودا کە لە سەردەمی حەجدا بۆ سەر مەکە ئەنجامیاندا زۆرێک لە حەجاجەکانیان کوشت و بەردەرەشەکەیان لە دیواری کەعبە جیا کردەوە و لەگەڵ خۆیاندا بردیان و ماوەی بیست ساڵ لەلای خۆیان هێشتیانەوە و بە نێوان گیری المنصور پاشاکانی فاتیمەی میسر کە بۆ خۆی پەیرەوکارو لایەنگری گروپی ئیسماعیلیە بوو بەردەڕەشەکەیان گێرایەوە جێگای پێشوی خۆی .

یەکێکی تر لە گروپەکانی ئیسماعیلیە . گروپێک بوو کە بە دەستی حسن سباح لە قەزوین دایمەزراند . پەیرەوانی ئەو گروپە دۆخی تیرۆرکردنی نهێنیان دروست کرد و هەرکەس دژایەتی ئەو گروپەی بکردایە بە دەستی یەکێک لە فیدایەکانی دەکوژرا ، و لە کاتی برینداربونی فیدایەکەشدا خۆی دەکوشت . ئەم گروپە لە روداوی هێرشێکی مەغۆل بۆ ئێران بە تەواوەتی لە ناو چوون . بەڵام شێعەی سەربەوان لە لوبنان تا ساڵانێکی دواتریش مابونەوە ، و رشید الدین السنان ناسراو بە شێخ الجبال رێبەری ئەو گروپە بوو لە لوبنان . لە جەنگی سەلیبەکاندا ترسێکی زۆری خستبوە دڵی فەرماندەکانی سەلیبەکانەوە .

ئەمرۆکە زۆرێک لە پەیرەوانی ئەو قوتابخانەیە لە زنگبار ، پاکستان و هندستان دەژین و بەشێکی زۆریشیان ( ئاقاخان محلاتی ) بە ئیمامی خۆیان قبوڵ کردوە . ئاقاخان نارازی بوو بە دواهەمین ئەمیری ئیسماعیلیەی ( الموت ) دەگات . ئەو گروپە ئەمرۆکە پەیرەوی لە فەرمانەکانی کەریم ئاقاخان ، نەوەی ئاقاخان محلات دەکەن و لە ناوچەی کنزینگتون ( ( Kensingtonی لە ندەن پەرستگایەکیان بونیادناوە .

شیعەکانی ( اپنی عشری ) یان دوانزە ئیمامی باوەڕیان وایە کە دوای جعفر صادق ئیمامەت بۆ کوری دوەمی ئەو موسای کازم و پاش ئەویش بە بۆ علی رەزا ، محمد الجواد ، علی النقی و حسن العسکری یەو کەسی دوانزەیەم بە ناوی محمد بن الحسن کە نازناوی مهدی یە لە تەمەنی 5 ساڵی لە حەزە ئاوەکەی مزگەوتی سامەڕا بە راستر لە ( حەوزە ئاوەکەی ماڵی باوکی ) لە ناکاو ون بوو ( 1) و رۆژێک بۆ بەرقەراری کردنی دادپەروەری لە جیهاندا دەگەڕێتەوە و تا کۆتایی دنیا حکوم رانی سەرزەوی دەکات . بەباوەڕی شێعەی دوانزە ئیمامەکە المهدی لە ژیاندایەو خەڵک هەمورۆژێک پاش نوێژ کردن ، بۆ گەڕانەوەی هەرچی زوتری ئەو نزاو سەنادەکەن و لە رۆژی لە دایک بونی ئەودا جەژن دەگێرن .

شێعەکان باوەڕیان وایە کە ئاست ( مقام ) ، نوری ئیمامەتی لە عەلی ابن تالیبە وە بە میراتی ماوەتەوەو تەواوی ئیمامەکان بە دوو خەسڵەت جیاوازن :

---

1-بۆڕونکردنەوەی زیاتر لەوبارەیەوە بگەرێوە بۆ بەرایی ( هەلسەنگاندن )

1-پاک و خاوێنی و خۆبە دور گرتن لە هەڵە .

2-زانستی ئایینی و وەستان لە سەر گشت زانستە پێشینەیەکان و ئایندە و بە هرەمەندی .

شێعەکان لە سەرەتادا و لە هەمو شوێنێک لە ژێر ئەشکەنجەو دەستدرێژی باوەڕدارانی تری قوتابخانە ئیسلامیەکاندا بوون . و کاتێکیش ئازارو ئەشکەنجە کۆتایی دێت . بە ناچاری و بە سود وەرگرتن لە بنچینەی باوەڕی رۆحی خۆیان بوختانیان دەکرد . شێعەکان لە هەمبەر باوەڕە ئایینیەکان و باوەڕ بوون ئاستی باڵا زرۆ توندن و ئەو توندیەش دەربارەی حسین بن علی ئیمامی سێیەم زۆر زیاتر لە و ئاستەدایە .

بنەما ئایینی یەکان کە شێعەکان زۆر باوەڕدارن پێی بریتین لە : یەکتایی ، پێغەمبەرایەتی ، ئیمامەت ، دادپەروەری ، و رۆژی دوایی کە لە گەڵ دۆخی قبوڵکردنی ئەهلی سونە جیاوازیان لە بواری ئیمامەت و دادپەروەریدا هەیە .

پاش ئەوەی کە صفویە ئایینی شێعەی دوانزقە ئیمامی ( اپنی عشری ) وەک ئایینی فەرمی ئێران ڕاگەیاند ، شێعەکان جێگاو شوێنی مانەوەیان بۆ کۆکردنەوەو ڕاگەیاندنی ڕاشکاوانەی باوەڕە ئایینیەکانیان ئاناو ئەمڕۆِکە لە وڵاتی ئێران و پاکستان و لوبنان و زنگبار کۆبونەتەوە .

لە ئەنجامی فشارو هەوڵی پێشکەوت و گەشە کردنی کۆمەڵگەی ئیسلامی ، ئەمڕۆکە لە زۆرینەی ناوچە موسڵمان نشینەکان یاساگەلی ئیسلامی پیادە کردنی خۆیان لە دەست داوە و یاساگەلی داهێنراو ئەمڕۆکە جێگای یاسای پەیوەندیداری بە 1437 ساڵ پێش ئیستا گرتوەتەوە . ئازادی کار زیاتر بە خەڵکی وڵاتە ئیسلامیەکان دراوە ، یاسا گەلی ئیسلامی بریتین لە هەڵگەڕاوە لە دین بە کوشتن و سزای زیناکاران بەردباران کردن و سزای دز دەست برین و چەندین یاسای تر لە کردەوەکانی تری وەک جیاوازی چامچی لێدان . ئەمانە بە هۆی بەڵگەی جۆراو جۆری نێونەتەوەیی وەکو ڕاگەیاندنی مافی مرۆڤ و ڕێکەوتنە نێونەتەوەیەکان . زۆرێکی لە یاسای ئیسلامی خستنوتە ژێر پرسیارەوە و ئەو یاسایانە کەوتونەتە بەر ڕەخنەی توند لە کۆمەڵە یاسایەکی وڵاتانی ئیسلامیدا سڕاوەتەوە ، بەوەی کە قەرئان ڕاشکاوانە دەستکەوتی سو خواردن بە حەرام دەزانێت ، و بە توندی قەدەغەی کردوە ، تەقریبەن بانکە کانی کیشورە ئیسلامیەکان لە ژێر ناوی جیاوازدا و تا ئەندازەیەکی زۆر ڕیاکارانە لە بەرانبەر کڕیارەکانیاندا ئیزافەی نرخ دەکەن و سو وەردەگرن .

نهێنی زۆری هەندێک لە کیشوەرە ئیسلامیەکان لە سەر تەوقیت کردنی هەرچی زیاتر شەریعە ت و دروشمە ئیسلامیەکان هەڵگری تەوقیتی ڕۆحی فەرمانڕەوایەتی و پابەند بوون وئیتاعەتی یەک بە یەکی تاکی کیشوەرەکەیە .

یاسای ئایینی دیکتاتۆری ، ڕۆحی ئازادی بیرو ڕاو ، و ئازادی خوازی و متمانە بوون بە کەسیەتی دەکوژێت ، تەنیا لەو ژینەگە ئاینیانەدایە کە فەرمانڕەوا دیکتاتۆرەکان دەتوانن لە هەناوی هەریەکێک لە تاکەکانی ولات گەرا دابنێت و فەرمان و ویستەکانی خۆی بە ناوی تەفسیرو لیکدانەوەی قسەی خودا بخاتە بواری جێ بەجێ کردنە وە و لەو یەکیەتیەی کە لە ناو تاکەکانی وڵاتدایە لە ژێر ئاڵای ئایین و لە ئەنجامی کاریگەری تەلقینی ئاینی پیادە بکات و بۆ مەبەست و بەرژەوەندی تایەتی سیاسی و ئابوری خۆی بەکاری بهێنێت .

بەشی پینجەم :

هەڵسەنگاندن

یەهودیەکان بە درێژی ماوەی دەست بەسەری و دورخرانەویان بۆ بابل ، ئاشنایەتیان لەگەڵ هزری نوێی ئایینی دا پەیدا کرد . چوونکە ئایینی یەهود ، بە پێغەمبەری جیاجیا سەری هەڵدا ، لە حاڵەکاتی گەشەکردن و بوژاندنەوەدا بوو ، زۆرینەی هزری نوێی ئاینەکانی تر لە باوەڕی ئایینی خۆیدا کۆکردبوە وە ، یەکێک لەو باوەڕانە دەرکەوتنی ( ناجی ) ڕزگار کەر بوو . لە سەر بنەمای باوەڕی زەردەشتیەکان ، لە هەمبەر کۆتایی دنیا و بۆ ڕزگاری جیهان لە خراپە کاری و چەپەڵیەکان ، بە مەبەستی

له ناو بردنی ئیهریمەن ، و بەرقەراری حکومەتی ئاهورامزدا ، ڕزگار کەری مرۆڤایەتی بە ناوی ( سوشیانت ) دەردەکەوێت .

پێشەواکانی گەلی یەهود که ئەم فیکرەیان بە گونجاو بۆ هەلومەرجی سیاسی خۆیان و باشترین کەرەسەی دەرکەوتنی ڕوناکی زانی . هیوایەکی گەش لە دەڵی یەهودیەکاندا گەشایەوە ، بە بڵاو کردنەوەی داستانی دەرکەوتنی مەسیح و بەرقەراری سەرلە نوێی حکومەتی بەهێزی خوداوەندی ئیسرائیل ، و کەوتنە درۆینە کردن و سەرکوت کردنی یەهودیەکان . بڵاو کردنەوەی ئەو داستانە و خولقاندنی هیوا لە دڵی یەهودیەکاندا ، ژینگەی بۆ قبوڵ کردنی عیسا وەکو مەسیحی ڕۆژی دوایی ڕەخساند و بوە هۆی کۆکردنەوەی خێرای بەشێکی زۆری یەهودیەکان لە دەوری عیسا . چوونکە عیسا زوو لە ژیان دەرچوو یەهودیەکانیش هیچیان شین نەکرد لە چاوەڕوانیەکەیان . هیوایان دایە دەست مەسیحێکی تر لە ئایندەدا . عیساییەکان ، کە زۆر زوو مەسیحەکەیان لە دەست دابوو ، گەڕانەوەی سەر لە نوێی ئەو بە سواری پەڵە هەورەکان و بەرقەرارکردنی حکومەتی خودا بە دەستی ئەو ، وەکو ڕوکنی بنچینەیی باوەڕی ئایینی خۆیان قبوڵیان کرد .

بە سەرهەڵدانی ئیسلام ، و دەست گرتنی بە سەر تەواوی خۆرهەلاتدا ، میرو باشوری ئەفریقا ، ئەندێشەی دەرکەوتنی ڕزگارکەر هەروەکو زۆرێک لە فیکری زەردەشتیەکان و یەهودیەکان چوە ناو ئاینی موسڵمانانیشەوە . موسڵمانان باوەڕدار بوون کە کەسێک بە ناوی مەهدی لە نەوەی محمد بن عبدالله پێغەمبەری موسڵمانان ، بۆ ڕزگارکردنی دنیا لە خراپەکاریەکان بەدیار دەکەوێت . کیسانیەکان گروپێک بون لە موسڵمانەکان کە لە دەوری محمد حنیفەی کوڕی علی بن ابی تالب کۆبوو بوونەوە ، و ڕاپەڕینیان لە دجژی ماميان ئەنجامدا . کاتێک کە محمد حنیفه مرد ، کیسانیەکان باوەڕیان بە مردنی نە دەکردوو دەیان وت کە محمد لە شاخی ڕزوی نزیک مەدینە شارراوەتەوە و بە زووی دەگەڕێتەوە . کیسانیەکان باوەڕیان وا بوو ، کە ئیمامەکان چوار جەستە زیاتر نین ، علی حست حسین و محمد حنیفه ، بەم جۆرە فیکری دەرکەوتنی سوشیانتی زەردەشتیەکان لە شێوەو تەنی کەسیەتیەکی تردا بە ناوی مەهدی چوە ناو ئایینی ئیسلامەوە . زید بن علی نەوەی حسین ، ئیمامی سێیەمی شێعەکان ، لە سەردەمی بنی امیەدا ئیدعای خەلافەتی کردو هات بۆ کوفە ، پەیرەوانی نەوەکانی عەلی بن ابی تالب لە دەوری کۆبوونەو ئەم حەدیسەیان خوێندەوە : ( ان مهدینا سیڤهر فی الکوفه ) مەهدی ئێمە لە کوفە بەدیار کەوت . زەیدیان بە مەهدی داناو لەبەرانبەر خەلافەتی بنی ئومەیە بە خەستی ڕاپەڕین . خەلیفە لەشکرێکی بۆ سەرکوت کردنی ئەوانە ڕەوانە کرد ، و زید لەو ڕاپەڕینەدا کوژرا . بەڵام مهدی بوونی هەر وەک خۆی مایەوە و ئەمڕۆکە شێعەکانی گروپی زیدیە لە چاوەڕوانی سەرلەنوێی دەرکەوتنەوەی زەید دان .

کاتێک ( عەلەویەکان ) لە دژی بنی ئومەیە ڕاپەڕین ، و ( محمد عبدالله زکیه ) نەوەی کوڕی ( جسین بن علی ) ئیدعای خەلافەتی کرد ، حەدیسێکی تر لە لایەن محمد بن عبدالله وە دانرا :

( ئەگەر لە تەمەنی جیهان تەنیا یەک ڕۆژ مابێتەوە ، خوداوەند ئەو ڕۆژە درێژ دەکاتەوە تا پیاوێک لە نەوەی من ، کە ناوی لە ناوی من و ناوی باوکی لە ناوی باوکی من دەچێت ، زیندەدەکاتەوە )

کاتێک بنی عەباس ئیدعای خەلافەتی کرد ، بۆ پشتیوانی و سەرنج ڕاکێشانی شێعەکان و بەتایبەت ئێرانیەکان حەدیسێکی تری خوێندەوە : ( کاتێک کە ئاڵای ڕەشتان لە لای خۆراسانەوە بینی ، ئەوا مژدەی دەرکەوتنی مەدی ڕابگەیەنن )

بۆ ڕەوای بەخشین بەم حەدیسە ، ابو مسلم بۆ ئامادە کردنی هێز و بەرزکردنەوەی ئاڵای ڕەش و ڕەوانە کردنی بەرەو خۆراسان ، حەدیسێکی تری ئەفراند : ( ان القائم من ولد فاگمه ) ( دەرکەوتنی

مەهدی ) لە کوڕەکانی فاتمەیە ، مەهدیەت لە ناو نەوەکانی علی بن ابی تالب دا چەسپی ، و مەهدی گەری پەیوەست بو بە شێعی گەری یەوە .

پاش مردنی جعفر بن محمد ، ناسراو بە الصادق ، شێعە کان چاوەڕوانی مهدی بوون لە ئەوەی ئەو . بە جۆرێک کەلە مێژوودا هاتوە ( حسن بن علی ) ناسراو ( العسکری ) ئیمامی یانزەهەمی شێعەکانە 27 ساڵیدا مردوە ، چونکە هیچ کوری نەبووە و ترسی لەوە هەبووە کە شێعەکانی دوانزە ئیمام توشی پەرت وبڵاوبین . شێعەکان پروپاگندەیان کرد کە خاوەنی کوڕێکی پێنج ساڵەیە کە لە حەوزەکەدا دیار نەماوە . هەوڵی جعفر بن علی برای حسن بۆ تێگەیاندنی خەڵک لەو باسە کە براکەی لە بنەڕەتدا مناڵی نەبووە گەیشتە ئەو ئەندازیە کە بە ناویانان بە درۆزن .

یەکێک لە شێعەکان بەناوی (عسمان بن سعد ) لافی لێدەدا کە ئیمام پەنهانەو ئەوی وەک نوێنەر راسپێردراوی ( باب ) خۆی لە ناو شێعەکاندا هەڵبژاردوە . تا قسەی خەڵی بگەیەنێتە ئیمام و وەڵامی ئەوەیش بە خەڵکی بلێتەوە . بەمجۆرە عسمان ساڵانێکی زۆر وەکو ( باب ) ئیمام مەبەستەکانی خۆی لە سەر شێعەکان دەچەسپاندو سودی لێدەبینین . پاش مردنیشی ، کورەکەی ( محمد بن عسمان ) و پاش مردنی ئەویش ( حسین بن روح ) بەرپرسیاریەتی ( باب ) ئیمامیان لە ئەستۆ گرت . پاش حسین بن رۆح ( محمد علی سیمری ) بوەجێگرەوەی . لەو سەردەمەدا حەدیسی جۆراو جۆر بۆ سەلماندنی ئەو بابەتەی کە مەهدی و رۆژی دوایی هەمان ( محمد بن الحسن ) غایب دێتەوە بوون . دەربارەی کات و چۆنیەتی و جێگەی دەرکەوتنی مهدی هاوکات حەدیسی زۆریان دارشت . وەکو ئەوانەی کە ڕوایەتیان دەکرد کە : ( ئیمام دەمەو ئێوارە لە مەکەوە دەردەکەوێت ، و نیوە شەو دەڕواتە سەر منارە و هاوەڵانی خۆی کە 213 کەسە لە چوار گۆشەی جیهانەوە بانگیان دەکات بۆ لای خۆی و بەرەبەیان بەدەستی شمشێرەوە دەست دەکەن بە کوشتنی کافرەکان .

بەم جۆرە باوەر بوون بە غەیب بوونی محمد بن الحسن ، ناسراو بە مەهدی و دەرکەوتنی ئەو لە رۆژی دوایدا بوە باوەڕی بنچینەیی گروپی شێعەکانی دوانزە ئیمام .

محمد بن علی سیمری لە کاتی مردنی خۆیدا جێگرەوەی بۆ خۆی دانەناو وتی : ئیمامی زەمان لە ناو خەڵک ڕۆشت و ئیتر ( بابی ) بۆ پەیوەندی خەڵک ئیمام بونی نەما .

گەرچی بە مردنی محمد بن سیمری دامەزراوەی ( باب ) پێچرایەوەو لابرا . بەڵام بابەتی دەرکەوتنی ئیمامی زەمان و ڕزگار کردنی دنیا بە دەستی ئەو هەر بە گەشاوەیی لە دەل و دەرونی شیعەکاندا مایەوە .

شێعەکان لە ترسی ئازارو ئەشکەنجەی سونەکان ، ناچار بە شاردنەوەی باوەڕی خۆیان بوون . و هیچ جۆرە باسێکیان لە بابەت غەیب و دەرکەوتنەوە و ، باب و ئیمام نەدەکرد . ئەم دۆخە چەندین سەدە درێژەی کێشا ، ا ئەوکاتەی کە صفویە جڵەوی دۆخی ئێرانی گرتە دەست . چونکە تورکە عسمنیەکان ، چاوی تەماحیان بڕی بوە ئازەربایجان و قەفقاز . سونی مەزهەبیش بوون . صفویە بۆ بزواندنی هەستی ئایینی ئێرانیەکان ، و ئامادە کردنی هێزێکی مللی بۆ ڕوبە ڕوبونەوەی دراو سێ بە هێزەکەیان . مەزهەبی شێعەی بە شێوەی فەرمی ئایینی وڵات قبوڵ کرد . هەمان دۆخ بوە هۆی بەهێز کردن و عەلەنی کردنی باوەڕی شێعەکان و ئاشکرا کردنی باوەڕی ئایینیان . واعیزو پروپاگندە چیانی ئاینی بۆ بەهرەمەنبوونی ئابوریانە هەرچی لە هێزی بیرکردنەوەیاندا بوو ، پێشنیاریان کردوو هەر رۆژێک حەدیسێکی نوێیان لە لە بابەت پاکی و بێگەردی و وڵایی و زانستی ئایینی و پەیوەندی ئیمامان بە زانستی غەیبەوە لێک دەدایەوە و بەگشتی گەشبین بون بە ئەفسونی نەوەکانی علی . لە دایک بوونی

هەریەک لەوان بوە بەشێک لە جەژنە فەرمیەکان و مردنیشیان بوە ڕۆژی ماتەمینی مللی . بەڵام هێشتان لە هەمبەر ( باب ) ئیمام و پەیوەندی ئەو لەم دنیایەدا هەواڵێک نەبوو .

شێخ احمد احسائی بە سود وەرگرتن لە فەلسەفەی ئەفلاتون و ئەرستۆ دەربارەی هۆی بوونی شتەکان لە دنیادا وتی : چوار هۆی خەلق کردنی جیهان ، ئیمامەکانن ، خولقێنەری جیهان ، ژیانەوەی خەڵک هەڵسوڕێنەرو ڕێنومایی کەر ئیمامەکانن . پەروەردگار جیهانی ڕشتەی کارەکانی سپاردوەتە ئەوان و جەستەی ئێمەش لە ئیختیاری ئەواندایە . هەر ساتێک ئیرادەبکەن ، و جەستەیەک ئامادە بکەن و دروستی بکەن ، ڕۆحی ئیمامی تێدەکەن .

بنەمایەکی تر کە بوە جێی تەفسیرو سەرنجی شێخ احمد ، ڕۆژی پەسلان ، کۆتایی دنیا بوو . ئێخ دەی وت : مرۆڤ خاوەنی دوو تەنە ، یەکیان بریتی لە چوار ڕەگەزەکە ، خاک ، با ، ئاو ، ئاگر ، دروستکراوە و پاش مردن شێوەی دە گۆڕێت و دەگەڕێتەوە سەر بنچینەی خۆی ، وە تەنی دووەم کە جاویدانەو لە ناو ناچێت ، و لە ڕەگەزی ( هورقلیائی ) ( 1) دروست کراوە .لە دنیاکەی تر ، مرۆڤ بە شێوەو شکڵی ئێستای سەر لە نوێ زیندو نابێتەوە ، بەڵکو لە گەڵ ڕەگەزری هۆرقلیائی خۆی واتا بە بونێکی جیاواتر نەک وەک پێکهاتەی ئێستای جەستەی زیندو دەبێتەوە و لێی دەپێچرێتەوە .

شێخ احمد بە سود وەرگرتن لە فلاسەفەی یونان لە سەر بنەمای ئەوەی کە جیهانی بوون دابەش بوە بە سەر چوار بەشدا ، ئاو ، ئاگر ، خاک ، با . کە بە شێوازێکی ڕێک کاریگەریان لە سەر یەک داناوە ، میعراجی محمدیشی بەم سۆنگەیە تەفسیردەکرد ، کە محمد بن عبدالله ، لە کاتی بەرز بونەوی دا بۆ عەرشی باڵا ، لە بەشی خاک و ڕەگەزی خاکی ، و لە بەشی – با – دا ڕەگەزی بای و لە بەشی ئاودا ڕەگەزی ئاوی و لە بەشی ئاگردا ڕەگەزی ئاگری ، خۆی ڕزگار کرد ، تا توانی لە بەشە جیا جیاکانی تری ئاسمان تێپەڕێت و بگاتە عەرشی باڵا .

دەربارەی ئیمامی زەمان هاوکات شێخ احمد احسائی وئەفراندن و داهێنانی نوێی ئەنجامدا ، چوونکە باوەڕ بە بە مانەوەی کەسێک بۆ ماوەی هەزار ساڵ لە سۆنگەی عەقڵانیەوە شیاوی قبوڵ کردنیە . شێخ دە ویت : ئیمامی زەمان کە لە دوژمەنەکانی خۆی بێباک بوو چوە جیهانی هۆرقلیائی و هەر کات تەنێکی ئامادە کراو ببینێت .

---

1-هۆرقلیائی : وشەیەکی عیبریە ، واتای هەوای گەرم ، لە دەستەواژەی جیهانی باڵا یانی جیهانەکەی تر جیهانی دەرەوەی سروشت ، جیهانێکە لە نێوان جیهانی تەن (جسمانی ) و جیهانی ( مجردات ) پەتی . و. ک . فەرهەنگی عمید .

خۆی دە خاتە ئەو جەستیەوە ، شێخ بە یاد هێنانەوەی داستانی دێرینی ( باب ئیمام ) لە نوسینەکانی خۆیدا ، ئیدعای ئەوەی دەکرد ، کە ئەو ئیمامەکانی بینیوە و لەگەڵ ئەواندا قسەی کردوە ، و خۆی بە ( جێگرەوەی تایبەت ) و باب ، ئیمام لە قەڵەم دەدا .

شێخ احمد بنچینەی ( دادپەروەری ) کە بنچینەی پێنج لایەنەی ئایینی شێعەکانە ، بە دروست نەدەزانی و ئەوەی سریەوە و وتی : خەسڵەتەکانی ئیلاهی هەموو لە یەک ئاستدان ، هەڵبژاردن و پێشخستنی یەکێک لەو خەسڵەتانە لە بەرانبەر خەسڵەتێکی تری خودادا و قبوڵ کردنی بە بنچینەی ئاین بنەمایەکی دروستی نیە .

بەم جۆرە شێخ بە هەڵبژاردنی شێوەی ( تەئویل ) واتا تێکەڵ کردنی هەندێ ئایەتی قورئانی لەگەڵ باوەڕی تایبەتی خۆی ، هەندێک لە بنچینەی باوەڕی شێعەکانی ڕەد کردوە ، و خۆی بنچینەیەکی تری لە جێگای ئەوانە دانا ، کە لە لای شێعەکانیش پەسەندە . پیِغەمبەرایەتی ، ئیمامیەت ، گۆشەی چوارەم ( رکن رابع ) کە خودی شێخ احمد لە سەر سێ بنەمای سەرەوە ئیزافەی کردوە ، ڕوکنی رابع ، گۆشەی چوارەم بریتی یە لە : باوەڕ بە بوونی ( شێعەی کامڵ ) مەبەستی لە شێعەی کامڵ لە گروپی شێخدا ، بەڵگەی سەلمێنراوی خوداوەندی یە لە سەر خولقاندن و پەیوەندیەکانی نێوان ئیمامانی غائیب و خەڵکی . شێعەی کامڵ ڕێگاو چاڵ بە خەڵک پیشاندەدات ، خەلکیش پێویستە لە غیابی ئیمامی زەماندا لۆژیکی خۆی بناسێت و پەیڕەوی لێ بکات . چوونکە ئیمامەکان لە چێوەی هۆرقلیائیدا ژییانی ڕۆحی دەکەن . لەو سۆنگەیەوە ڕەنگە لە چێوە و تەنی شێعەیەکی کامڵدا بەدیار بکەون ، هەر کەس کە گەیشتە ئاستی شێعەی کامڵ . شیاویەتی و توانای ئەوە بە دەست دێنێت ، کە ڕۆحی هرقلیائی ئیمامی زەمان بچێتە جەستەیی و لە جیهاندا بەدیار بکەوێت . تا خەڵکی بتوانن لە ڕێگەی ئەوە وە دەستیان ڕابگات بە ئیمامی زەمان .

شێخ احمد احسائی لە ساڵی 1242 کۆچی ، کۆچی دوایی کرد و پاش ئەویش خوێندکارەکەی ( سید کاڤم رشتی ) بوە جێگرەوەی شێخ و ماوەی 17 ساڵ ئەو تۆوەی کە شێخ احمد چاندبوی ئاوی دەدات و پەروەردەی کرد ، و شوێنکەوتوانی فراوانترو نوێتر کرد . سید کازم ئەو دەسەتەواژەی کە ( کاتی دەرکەوتنی ئیمام نزیک بوەتەوە ) بە بەردەوام دوو بارە دەکردەوە و هەر بە و بۆنەیەشەوە لە کاتی مردنیشیدا کەسی بە شوێن گرەوەی خۆی دیاری نەکرد .

لە ئەنجامی فێرکراوەکانی سەید کازم رشتی دا ، بابەتی ( باب ئیمام ) و نزیک بونی دەرکەوتنی ئیمامی زەمان ، ە جەستەو گیانی تەواوی خویچندکارەکانیدا بەرجەستە بوە و هەموات لە چاوەڕوانی ڕودانی ئەو ڕوداوەدان . ( ملا حسین بشرویە ای ) ماوەی 40 ڕۆ لە مزگەوتی کوفە خەڵوەتی گرت و نزاو کردو پاڕایەوە ، شتێک بەدیار بکەویچت و بچێتە خزمەتی ئیمام یان باب ئیمامی دەست کەوێت .

پاش مەرگی سید کازم شێخیەکان دابەش بوون بە چەندین بەشەوە ، بەشێکیان لە دەوری کەریم خان ، کوڕی مامی فتح علیشا ، خوێندکاری سەید کازم لە کرمان کۆبوونەوە . دەستەیەکی تریشیان لە دەوری میرزا شفیع تبریزی ، یەکیکی تر لە شاگردەکانی سەید کازم کۆبوونەوە . لە هەمان ئەو کاتەدا یەکێک لە شاگردەکانی سەید کازم بە ناوی ( سید علی محمد شیرازی ) ڕای گەیاند کە ( باب ) ئیمام زەمانە . مەلا حسین و 16 کەسی تر لە شاگردەکانی سەید کازم لە هەمان کاتدا بۆ هەواڵی دەرکەوتنی ئیمامی زەمان هاتبوونە شیراز ، بەیعەتیان دایە سەید محمد علی و یەکەمین گروپی ( بابیەکانیان ) بە ناوی ( گروپی حی ) دروست کرد . لە ناو ئەوانەی کە بۆ یەکەمین جار بونە شوێنکەزوتی سەید محمدعلی ، تەنیا یەک کەس ئامادەنەبوو ، تا کۆتایی تەمەنی هەرنەیتوانی سەید محمد علی ببینێت .

بەڵام ئەم ڕێکەوتە نەبووە هۆی ئەوەی کە کە تا دواساتی ژیانی هەر بەرگریکاری سەرسەختی بابی یەکان بوو گیانی خۆی لەو پێناو ئەو باوەڕەدا لە دەست بدات . ئەو کەسە ژنێکی بە ناوی ( فاتمە ناسراو بە ام سلمە ) کچی ملا ساڵح برغانی یەکێک لە زاناکانی بەناو قەزوین و خاوەنی پلەی ئیجتیهاد بوو . فاتیمە بەگشتی لە قوتابخانەی باوکی و مامەکانی خۆی کە لە مجتەهیدەکانی ناسراوی قەزوین بون ، ئامادە دەبوو ، خروش و توانای فراوانی لە وەرگرتنی زانستی ئایینیدا لە خۆیدا دەبینی . سەرەتا بە شێخگیری و باوەڕەکانی شێخ احمد احسائی و سەید کازم رشتی ئاشنایەتی پەیدا کرد ، سەید کازم رشتی لە نوسینەکانی خۆیدا ، لەگەڵ فاتیمە ئەوی بە ناوی ( قرە العین ) ناونا . پاش مەرگی سەید کازم قرە العین چو بۆ کەربەلا تا ناوەندی خوێندنەکەی ئەو بەڕێوە ببات ، و لە ئێراق خۆی لە شێوەی فاتیمەی زهرا ، کچی محمد پێغەمبەری ئیسلام دا دەربخات . کاتێک ئاوازی دەرکەوتنی

( باب ) ئیمامی له شیراز بیست ، له لایەن مەلا حسین بشریەای یەوە بە غایبی پەیوەندی کرد بە شوێن کەوتوانی سەید علی محمد شیرازی یەوە . ماوەیەک دواتر ، ماڵ و منداڵی بە جیچ هێشت و هاورێ لە گەڵ ئەو بابیەکنی تر بەرەو ئێران کەوتەرێ و کەوتە بانگەشە کردن بۆ ئاینێکی نوێ .
کاتێک کە سید علی محمد ، لە ماکۆ لە زینداندا بوو ، لە نوسینەکانی خۆیدا ، لە گەڵ قرە العین ئەوی بە گاهرە ناونا .

سەید علی محمد لە سەرەتای رۆژەکانیدا ، بابی ئیمامی دەزانی ، هەمان ناو لە سەر شوێنکەوتوانی ئەو مایەوە . بەڵام ماوەیەک تێ نەپەڕی کە بانگەشەی ئیمامی زەمانی کردو خۆی بە مەهدی رۆژی دوایی دانا . چوونکە لە حەدیسەکانی لە مەڕ دەرکەوتنی ئیمامی زەمان دا هاتوە ، کە لە کاتی دەرکەوتنی مەهدیدا ، ئاڵا ڕەشەکان لەلای خۆراسانەوە دەجوڵێن و خودی ئیمام دەمەو ئێوارە لە مەککە بەدیار دەکەوێت و بەرەبەیان شمشێر بەدەستەکان دەکەونە کوشتنی کافرەکان ، سەید علی محمد بۆ دروستی بەخشین بەو حەدیسانەو سەلماندنی ئەو بابەتە ، کە ئەو مەهدی رۆژی دواییە ، مەلا حسین بشریەای نارد بۆ خۆراسان تا ئاڵای ڕەش لەو پلانەدا بشەکێننەوە و خۆیشی چوە مەکە ، لە کاتی سەفەری سید بۆ مەککە ، و ئەو کارەی کە لەو شارەدا ئەنجامی داوە ، هیچ بەڵگەو نوسراوێک لە بەردەستدا نیە . و ڕەنگە ئەو سەفەرەش هەر ڕوی نەدابێت . ئەوەی کە ئاشکرایە فەرمانی والی فارسە ، کە سید علە محمدی لە بوشهر و گواستەوە بۆ شیراز و لە ماڵی والی زیندانی کرد .ڕێکخستنی یەکەمین کۆبوونەوەی زاناکان لە شیراز بۆ گەیشتن بە نزای سەید علی محمد . چوونکە سید محمد نەیتوانی بۆ ئیدعاکەی خۆی بەڵگەی سەلماندن و باوەڕ پێکراو و دروست پێش کەش بکات . زاناکان ئەویان تەکفیر کردوو ، بە فەرمانی والی بە تیانەوە بە دارێکی خرەوە و بە ڕوی ڕەشەوە لە شاخی بەرزنی شیراز خلیان کردەوە خوارەوە و هیواداربوون کە تا لە سەر مینبەر تۆبە لە کردەوە کانی خۆی بکات و پەشیمان ببێتەوە .

دەرکەوتنی گروپی ( باب ) لە ڕاستیدا پێویستە بەرهەموو دەست کەوتی دۆخی خراپی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابووری ناوچەکەی ئەو کاتە بوبێت . دەوڵەت مەزنە داگیر کەرەکان بۆ سود وەرگرتنە هەرچی زیاتری دۆخی ناهەمواری ئێران ئەو ئاشوبانەیان دروست دەکرد . ئایین تەنیا ڕێگایەک بوو ، کە کۆمەڵانی خەڵک بە دەستڕاگەیشتنیان دەیانتوانی نیگەرانی و ناڕەزایەتی و ڕەخنەکانی خۆیان بە گوێی مەملەکەت و دنیادا بدەن .

ئەو نمایشانەی کە لەلایەن والی و زانائایینیەکان لە شیراز ئەنجام درا ، ناوبانگێکی زۆر گەورەی بۆ سەید محمد علی دروست کرد، بەشێکی زۆر بە مەبەستی زیارەتی چون بۆ شیراز ، باشترین دۆخی بۆ سەید محمد عەلی فەراهەم کرد . تا بە سود وەرگرتن لە ساویلکەیی خەڵک گۆڕانکاریەکی گەورە لە سەرانسەری مەملەکەتدا بەرچا بکات . خەڵکانێک کە بەدرێژایی نزیکەی هەزار ساڵ شەو و رۆژ چاوەڕوانی دەرکەوتنی ئیمام بون . و هەر رۆژێک لە کۆتایی نوێژدا سێ جار لە خودا دەپارانەوەکە دەست پێشخەری بکات لە ناردنی ئیمام . ئەو کەسانەی کە ئارەزویان دەکرد ، سەردەمی دەرکەوتنی ئیمم ببینن ، و لە تەنیشتی ئەوە وە شمشێر بوەشێنن یان بکوژرێن . ئێستا بە گوێی خۆیان دەی بیستن کە ئیمامی زەمان لە شیراز بە دیار کەوتوە . تەنیا ڕوداوێکی بچوک پێویست بوو تا ئەو شەپۆلە گەورەی هەستی دەرونی بکەنە کردارو شۆرشێکی مەزنی هاوشێوەی شۆڕشەکەی محمد لە عەرەبستان لە ئێراندا پەرپا بکەن . سەید علی محمد ، پیاوێکی ڕاوەستاوو مەیدانی نەبوو ، ئەو ئەزمونی پێویستی نەبوو . پەی پێ بردنی دۆخی سیاسی و سایکۆلۆژی قوڵ و هۆشیارانەی پێویستی نەبوو ، تا لەو دۆخە بێجیاوازیەدا ، کە ئیدعاکانی خولقاندبوی بە دروستی بیقۆزیتەوە . نەبوونی زانیاری ئایینی و بێ بەرنامەیی زانستی ئەو بە تەدریجی خەڵکی لە دەور دوور خستەوە . سەید عەلی لە ماڵەکەی خۆیدا دەست بەسەرو لە ژێر چاودێری دابوو ، باوڕ پێکراوی دەوڵەت ، والی ئەسفەهان ، بە نهێنی چەندین

سواری نارد بۆ شیراز  تا سەید علی بهێنن بۆ ئەسفەهان .  سوارەکان لە و شپرزەیی و بی سەرەو بەرەییەی شار کە لە ئەنجامی ئەو پرۆپاگندانەوە دروست بوو بوو  سودیان وەرگرتو بە بێ هیچ بەرگرێک سەیدیان برد بۆ ئەسفەهان . سەید علی محمد جگە لە ناکۆکی زۆری لە گەڵ زاناکانی ئەسفەهان لە ماڵی والی دەژیا ، بەڵام ئەو ماوە زۆری نەخایاند ، شەش مانگ پاش نوێنەری دەوڵەت هات وبرازاکەی هەموو رودوەکەی بۆ صدراعظم گێرایەوە . میرزا قاسی  سیدرای بۆ ماکۆ دور خستەوە و پاشان ئەویشی لە قەڵای چهریق لە سنووری تورکیە زیندانی کرد .

تا ئەو مێژووە ، سیچ ساڵ لەوە رۆژەوەی کە سەید علی محمد شیرازی بە ئاشکرا بانگەشەی کرد ، تێدەپەڕی و ناو بانگی ئەو سەرانسەری ئێرانی تەنی بوەوە ، ملا حسین بشریەای و ئەو شویچنکەوتوەکانی تری  کەوتنە پرۆپاگندەی ئاینێکی نویچ و سەرقاڵی بانگهێشتی خەڵک بوون بۆ شۆڕش .بە پەیوەست بوون بە مەلا محمد علی قدوس ، کە زاناو بیرمەندی سەو سەردەمانەبوو ، قرە العین کچی مەلا ساڵح برغانی لە دەوری شوێنکەوتوانی سەید کۆبوونەوە و ناوبانگی ئەویش لە ناو خەڵکدا دەنگدانەوەی هەبوو . صدراعظم بۆ ڕوونکردنەوەی هزری خەڵکی لە ڕاستی دۆخەکە و درۆزنی و بێ مایەیی سەید ، فەرمانیدا لە دانیشتنێکدا لە حزوری ولعهد – ناصرالدین میرزا  - و زاناکانی تراز یەکەمی تەبریز ، سەید دادگایی بکەن و کۆتایی بە باسە کە بهێچنن . چوونکە سەید نەیتوانی لە کۆبونەوەکەدا وەڵامی دروست و قاینکەری مجتەهیدەکان بداتەوە ، زاناکان ئەویان تەکفیر کرد . سەید تۆبە نامەیەکی نوسی و پاش لێدانێکی کەم ئەویان گەڕاندەوە بۆ قەلای چهریق و تا ساڵی  1266 لە هەمان قەلادا زیندانی بوو .

بە درێژی ئەو ماوەیە بابیەکان لە مازندەران بە سرۆکایەتی مەلا حسین ، و لە زنجان بە سەرۆکایەتی ملا محمد علی و ، لە تەبرێز بە سەرۆکایەتی میرزا یەحیا دارابی ، پێک هەڵدادانێک دروست بوو ، ڕێژەیەکی زۆر لە هێزیی دەوڵەتی و شورشگێرەکانیان کوشت . ناسرالدین شا کە پاش محمد شا چوبوە سەر تەخت ، بە ڕاوێژ کردن لەگەڵ میرزا نقی خان امیر مەزن ، گەیشتنە ئەو دەرەنجامەی کە تا سەید زیندوە ، بەرینی ئەم پێکدادانانە کۆتایی نایەت ، بەپێچەوانەوە دەبێتە هۆی سود وەرگرتنی دەوڵەتانی داگیر کەر ، و دەستوەردانی زیاتری ئەوان لە کارو باری ناو خۆی ئێران ، هەروەها باسی لە ناو بردنی سەید علی محمد  هاتە گۆڕێ ، پاش دەرکردنی فتوایەکی مجتەهدەکانی تەبرێز کە بڕیاری لە سێدارەدانی یەسد بوو لە ساڵی 1266 ی کۆچی لە کاتێکدا کە لە 31 ساڵ تێندەپەڕی لە سێدارەیان دا .

یەکەمین کتێبێک کە سەید علە محمد نوسیی بوی تفسیریک بوو لە سەر سورەتی کوسر بە زمانی عەرەبی بوو ، ئەو ماوەی کە لە زیندانی چهریق بوو ، کتێبێکی تری بە ناوی  ( بیان ) بە تێکەڵاوی زمانی فارسی و عەرەبی نوسی . ئەو کتێبە بوبوە کتێبی ئەحکام ئاسمانی بابیەکان ، چونکە باس و بابەتی ئەو کتێبە ،    پیشاندەری نەخوێندەواری تەواو و بێ مایەیی نوسەرکەی بوو هەتا لە هونەری داڕشتن و ڕێنوسی هەردوو زمانەکەدا ، بە هایەکان هەوڵیاندا ، تا تەواوی نوسخەکانی ئەو کتێبە ، کۆبکەنەوە و لە ژێر دەستی غەیر بەهایەکان دەری بێنن چوونکە بە عەیبەیەکی زۆر گەورەی مامۆستاکەیان دەزانی .

بیان پێک هاتبوو لە ، 19 یەکە و هەریەکەیەکیش بریتی بوو  لە 19 باب کە 11 یەکەیان لە لایەن سەید علی محم لە زینداندا نوسرابوو و هەشت یەکەکەی تر میرزا یەحیا نوری یان ( صبح ازل  ) تەواوی کردبوو . یان بە باوەڕی بابیەکان ، کۆی یەکەکانی تر بۆ صبح ازل دابەزیبوو .

یەکەی  19 لە یەکەکانی پیرۆز کراو  لە گەڵ ( بەیان ) ئەو کەسانەی کە بۆ یەکەمین جار باوەڕیان بە سەید علی  محمد هێنا و بەیعەتیان پێدا ،  ( یارانی حی  ) هەژدە کەس بوون ، کە بە سەید خۆیەوە

دەبوونە نۆزدە کەس ، سەید کتێبەکەی خۆی بۆ نوزدە دانە و هەر دانەیەکیش بۆ نۆزدە باب ، هەموساڵێک لە 19 مانگ و هەرمانگێکیش بە 19 رۆژ دابەش کردبوو ، پاشماوەکانی ساڵ ( رۆژەکانی کبیسە ) بە رۆژانی ( بها ) ناوزەدی کردبوون .

بابیەکان تاریخی نوێیان بە ( تاریخی بدیع ) ناوزەد کردبوو ن رۆژانی بەرۆژووبوونی بابیەکان ، لە 19 رۆژی کۆتایی ساڵ و پاش پێنج رۆژی کبیسە دەستی پێدەکرد ، بە جۆرێک کە رۆژی یان رۆژی یەکەمی مانگی سێ رشۆژی جەژنی قوربانە و ئەوەبە جەژنی رەمەزانیان دانابوو . ماوەی ئەم جەژنە ، 19 رۆژە کە لە رۆژی یەکەمی تایبەت بە سەید محمد علی و هەریەک لە رۆژەکانی تریش تایبەت بوو بە یەکێک لە هاوەڵانی ( حی ) پێنج رۆژی کبیسە لە یەکەم رۆژی دەست پێکردنی رۆژوو گرتنەوە تایبەت بوو بە خواردن و خواردنەوەو رشابواردن . لە رۆژانی بەرۆژوو بووندا ، هەر بابێک وەزیفەیەتی 19 ئایەت ، لە ئایەتەکانی ( بیان ) بخوێنێتەوە و 19 جار بڵێت ( الله الله ربی ولا شریک یا الله احد ) هەر بابێک پێویستە هەر 19 ساڵ یەکجار هەمو پێداویستیەکانی ناو ماڵەکەی خۆی نوێ بکاتەوە .

چوونکە سەید علی محمد و جێگە نشینەکەی میرزا حسین علی ، هیچ زانیاریەکی دەربارەی ئایینەکانی تر نەبوو ، ئاینی ئیسلامیان کردە سەرمەشقە خۆیان و هەوڵیاندا ، لە هەر سۆنگەیەکەوە بێت ، هەر لە رێچکەو چارە نوسەوە هەنگاو بنێن . چوونکە ئایەتەکانی قوران بە عەرەبی کە زمانی محمد بوو ، نوسرابویەوە ن لە سەر هەمان بنەما سەید محمد و میرزا حسین کتێبی ( بیان ) و ( اقدس ) یان بە عەرەبی نوسی ، نوێژوو رۆژوو حەج و ئەو ئەحکامەکانی تری قورئان هەتا زیارەت نامەکانی خەڵک قسور لە کتێبی بابیەکان و بەهائیەکان دا بە شێوەی ئیسلامی و بە عەرەبی دەنوسرانەوە . ( باب ) ئەحکامی پەیوەندی دار بە میراتی و حیجابی خانمان و ، دەست پاکی ، پاک داوێنی و ، بەرتیل خواردن ، نوێژی جەماعەت و ، زۆرێکی تر لە ئەحکامەکانی ئیسلامیان گۆری و ئەحکامی نوێیان لە سەر بنەمای ئەوەی کە لە قورئاندا یاساغ کرابوو دانایەوە . گەرچی قورئان سەرمەشقی سیەد علی بوو لە نوسینی کتێبی ( بیان ) دا بەلا ًَم یەسد لە کتێبە کەی خۆیدا جگە لە کۆپی کردنەوەی زۆرینەی ئەحکامەکانی قورئان پەروەردەو فێرکردن و خوێندنی زانست و کتێبی ئایینی جگە لە نوسینەکانی خۆی لە باوەڕدارانی حەرام کرد . بە و خۆیە وە بابیەکان قورئان و کۆی کتێبە ئایینیەکان و فیهقیەکانیان سوتاند و تەنیا خوێندنەوەی کتێبی بەیانیان لا بەس بوو . دواتر میرزا حسین علی ئەو قەدەغەکاریەی هەڵوەشاندەوە و نوسی :

خوداوەندی ئێوە ئەوەی لە کتێبی ( بەیاندا ) دای بەزاندوە ، کە پێویستە هەموو کتێبەکانی تر لە ناو ببرێن ، لێتان خۆش بوو ، ئێمە ئێستا مۆڵەتی ئێوە دەدەین ، کە ئەو زانستەی کە سودی بۆ ئێوە هەیە بیخوێننەوە )

لە ( بەیاندا ) ( باب ) سەرەتای دروست بوونی هەمو شتێکە ، ئاگرو روناکی ، هەمیشە لەدەور قسەکانی ئەو دەخولێنەوە ، هەمان شێوەی محمدکە محمد لە پێشترە لە موسا و قورئانیش لە پێشترە لە تەورات (بیان ) لە پێشترە لە قورئان .

(بۆیە ئەوەی لە سەر موسڵمان و باوەڕدارە کە لە چاوەڕوانی تەواوی بینینی شێوەی محمد دان و کاتێک کە ئەو لە خەودا ببینن ، شانازی دەکەن بەڵام ئەو بە دەستی خۆمان لە کێوی ( چهریق ) زیندانی دەکەین )

( بیان ) خەڵک لەو رۆژو کاتەی کە سەید علی محمد بانگەشەکەی خۆی عەلەنی کرد ، بۆ قبوڵکردنی ئایینی نوێ بانگ هێشت دەکات . هەر کەس لە و مێژووە وە لە ئیتاعەت کردنی ئەو و فەرمانەکانی سەرپێچی بکات و قەسەکانی ئەو قبوڵ نەکات ، واتا گومراو دەرچوون لە فەرمانی خواد ، کەسێک کە

دژایەتی بکات ، کافرەو خوێنی حەڵاڵە ، هەر کەس بانگەشەکەی ئەو ببیستست و باوەڕی پێنەهێنێت ، تەواوی سەروەت و سامان و ماڵی بۆ بابەکان حەڵاڵە و دەستی بەسەردا دەگیرێت .

لە سەر بنەمای رشاسپاردەکانی ( بیان ) کۆتایی دیداری خوداوەند دیداری ( باب )ە و مەرگ لە ناکاو لە فەناوە بۆ بینینی ( باب ) تەواوی بونەوەرەکان بە قسە کردن لەگەڵ ( باب ) خولقێنراون و هیچ مومکینێک هەر وەک ( باب ) نیە ( باب ) بنەمایو سەرەتای هەموشتێکە .

سەید علی محمد لە سسەرتای بانگەشەکەی خۆیدا ئامۆژگاری ئەوەی دەکرد ، کە جەستەی ئەو پاش مردن لە یەکێک لە حەرەمەکانی مەککە یان مەدینە ، بە خاک بسپێرن ، و خەڵک بۆزیارەت کردنی بێن بۆ سەر گۆرەکەی بۆ ئەوی ، بەڵام دواتر لەو وەسیەتەی خۆی پەشیمان بویەوە و شیرازی وەکو ئارامگای خۆی هەڵبژارد . و وتی : ( هەرکات پیاوێکی بە هێز لە ئۆمەتەکەی ئەو سەری هەلدا ، بیت الله الحرام ، تێک بدات و هەرکەس لە توانای دا هەبوو ، جێگای مالی لە دایک بوونی ئەو لە شیراز نۆژەن بکاتەوە و رەنگی بکات و خەڵکی ئەو ماڵە زیارەت بکەن و مەناسکی حەج لەوێ ئەنجام بدەن . ) یەکەی 4- 16

هەر پیاوێک کە دەچێتەناو کۆمەڵێک پیاوەوە پێویستە بڵێت ( الله اکبر ) و ئەو کۆمەڵەیەش لە وەڵامدا بڵێن ( الله عقیم ) ئەگەر ژن بێت و بێت ، پێویستە بڵێت ( الله ابهی ) و کۆمەڵکەش بڵێن (الله اجمل )

سەید احمد پرۆسەی هاوسەرگیری تەنیا بە گرێدراوی رەزامەندیەتی هەردوولایەن و رەزامەندیەتی ئەولیا و وەکیل ئەوان و هەروەها شاهید بە بایەخ و پێویست نە دەزانی ، ئەم حکومەش دواتر لە لایەن میرزا حسین علی و رەفز کرایەوە و رەزامەندیەتی باوک و دایکی لە سەرمەرجەکانی پرۆسەی هاوسەر گیری ئیزافە کرد . بەڵام هەردو ئاینی بابی بە هائی ، پێدانی مارەیی بە مەرجی پێویستی گرێبەستی هاوسەرگیری نازانن . باب مۆڵەتی بە ژنان داوە تا هەروەکو حۆریەکانی بەهەشت جلو بەرگی حەریر بپۆشن . خۆیان ئارایشت بکەن و بە شێوەی حۆریەکان لە ماڵ ◌ەکانیانەوە بێنە دەرەوە و بچنە ناو پیاوانەوە ، بە بێ حجاب لە سەر کورسی دابنیشن . بەڵام بە مۆڵەت وەرگرتنی لە لای مێردەکەی ، تا ئەو جوانیە لە بوونی ئەواندا دەرکەوێت . یەکەی 8- باب 15

حورمەتی دابەزین بەرتیل خواردن بە پێیی ئەحکامی ( بیان ) کە بابیەکان دایان ناوە .

مۆڵەتی فەرموو خودای بەهرەمەند لە دابەزاندنی گشتی ئەمرۆکە لە نێوان ئەواندا ) یەکەی5 باب 18

ئەم حکومە دواتر لە زمنی زۆرێک لە ئەحکامەکانی تری ( بیان ) لە لایەن بەهائیەکانەوە لە کتێبی ئشراقات دا جێبەجێ کرا .

باب ، نوێژی موسڵمانانی گۆری و شێوازی نوێژێکی تری بۆ بابیەکان دانا، نوێژی بە کۆمەڵی بە حەرام دانا و تەنیا لە کاتی نوێژ نەبێت لە سەر مردوو ، نوێژی بە کۆمەڵی لابرد . ئەم حکومە واتر لە لایەن میرزا حسین علی پەسەند کرا .

لە ئایینی بابدا ، پاکیەکان یان پیرۆزیەکان بریتین لە ( ئاگرو ، ئاوو ، خاک ، و هەوا ، ( بیان جەستەی هەر پیاوێکی بابی رون و پاکە . حەرام کردنی مۆسیقا و سود وەرگرتن لە ئاڵتون و زیوو نەتاشینی ریش و زۆرێک لە شتە قەدەغە کراوە ئیسلامیەکان . لە ئایینی باب لابراوە . بەڵام حکومی پەیوەندیدار بە شەراب و خواردنەوەی سرکەر هەر بە هێزی خۆی ماوەتەوەو قەدەغە کردنی دوکەڵ و تریاک و بەکارهێنانی دەواودەرمانی پزیشکیشیان پێ ئیزافە کراوە . ئەحامەکانی باب ، لە لاپەرەکانی 17-45 کتابی ( اقدس ) بوە جێگەی پەسەندی بها الله .

هیچ کەس بۆی نیە ڕەخنە کردەوە و حکوم و فەرمانەکانی باب و لە غیابی ئەویشدا بگرێت . و کردارەکانی بخاتە ژێر پرسیارەوە ، بەڵکو ( باب - ئامنا ) بابن کە دەتوانن ڕەخە لە هەموو کەس بگرن . بابیەکان پێویستە مردوەکانی خۆیان لە گۆڕی بلوریندا دابپۆشن ، وە ئەگەر بلور نەبێت ئەوا لە بەردی مەرمەر سود وەربگیرێت ، وە لەیەکیچک لە پەنجەکانیشیدا ، موستیلەیەک کە ناوی خودای لە سەر هەڵکۆڵرابێت .

سەید محمد علی لە ( بیان ) دا دەنوسێت ، کە بەیان پێویستە بە قەڵەمی سور بنوسرێتەوە و زۆربکرێت ، ئایینەکەی تا ساڵی 2021 کۆچی مایەوە . هەر کەس لە ماوەی ئەو سەردەمەدا ئیدعای پێغەمبەرایەتی کرد ، و کتێب و ئایەت و ئەحکامی دانا . ئەوا قبوڵی نەکەن . وە ئەگەر پاش ئەو ماوەیە ( من یڤهر الله ) دەرکەوت و ئایەتی هێنایەوە ، ئەوا دژایەت و بەرهەڵستی کردن لە بەرانبەر ئەودا ڕەوا نیە . فەرمان بە شوێن کەوتوانی دەکات ، کە بە شوشەی بلورینی پڕ لە عەتر پێشکەشی ( باب ) بکەن . بەڵام بە جۆرێک کە دواتر وتیان هێشتان مەرەکەبی ( بیان ) بە گشتی وشک نەبوەتەوە کە میرزا حسین علی هەستا بە بانگەشەی ( من یڤهر الله ) خۆی بە ئیمامی زەمان و پێغەمبەری وەهمی پایەی خودا دانا و ئاینی بە هائیەتی سەرلە نوێ دارشتەوە . بە جریچک کە ئەمرۆکە ، هیچ پاشماوەیەکی ئەو ئاینە نەماوە .

گروپی ئەحمەدیە :

جگە لە بەهائیەت لە ئێران گروپێکی تر لە هینوستان لە کۆتاییەکانی سەدەی 19 ی زاینی لە لایەن کەسێک بەناوی غلام احمد قادیانی کە لە ساڵی 1908 ی زاینی هاتوەتە بوون . غلام احمد وا ئیدعای دەکرد کە ئەو نەتەنیا مەهدی ڕۆژی دواییە . بەڵکو وێنەیەکە لە وینشۆ خودای هیندیەکان و مەسیحی ڕۆژی دوایی مەسیحیەکان و سوشیانتی زەردەشتیەکان و مائی بودایی و هندیەکان ئەوە . بەڵاک تەواوی ئەو ناوانەی کە غلام احمد لە سەر خۆی داینا بوو هیچ کات پەیوەندی خۆی لەگەڵ ئیسلامدا نەپچڕاند . و ئیدعای پیچغەمبەریشی نەکرد . بەڵکو ئەو خۆی بە پەیڕەوانی محمد بن عبدالله دادەنا . و باوەڕی وا بوو کە جەنگی پیرۆز نابێت بە زۆری چەک ئەنجام بدریچت ، بەڵکو پێویستە لە ڕێگەی لۆژیک و دیالۆگەوە ئەنجام بدرێت . بەو جۆرە کە بنەمای جیهاد کە بە چەک ئەنجام دەدرێت و لە بنچینەکانی فەریزەکانی هەموو ئیسلامە ، ئەوەی لە ئاینەکەی خۆیدا سڕیەوە .

بەرایی شەشەم :

کۆتایی و دەرئەنجام :

(ئەوەی کە من دەتوانم لە بابەت خوەداوە وێنای بکەم

هەمان زانستی ڕەهایە بە بوونی هێزێکی عاقڵانەترو باڵاتر

لە خەیاڵ و وەهم کە لە دنیای دەرەوە لە تیگەیشتنی مرۆڤ دا دیارە )

البرت انیشتاین

ئادەمیزاد بەسروشت ئاژەڵێکی تیۆری سازە کە دوای هەر ڕوداوێک ، تیرۆیەکی تایبەت بۆ سەرنجدان لە سەر ئەو  ڕوداوە دەخولقێنێت تا لە گەڵ واقیع چون یەکی بکات . مرۆڤی سەرەتایی  بۆ سەرنجدانی ڕوداوە سروشتیەکان و دڵەڕاوکێ کە هەر ساتێک ژیانی دەخستە مەترسیەوە ، لە مێشکی پێنەگەیشتوی خۆیدا بوونی هێزی ڕەمزی دەخولقاند و بۆ سەرنج دان بە دیاردە سروشتیەکان ، بە هێزی بێتوانای خەیاڵی خۆی دەستی دایە ئەفسانە سازی و ئەفسانەکانی خولقاند . بۆ پارێزگاری لە خۆی لە بەرانبەر مەترسیەکان دەستی بۆ لایەنی پارێزەرو پاسەوانانێک ڕاکێشا کە تەنیا و تەنیا لە خەیاڵ و وینا کردنی خۆیدا بونێکی دەرەکی هەبوو ، بەو جۆرە تیۆری بونی خوداکان و پاشان هێزی ڕەهای بونیاد ناو باوەڕی کرد کە بە ئیجراکردنی نۆرم و نەریتی پەرستن ئەو هێزە پەنهانە ئەوان لە کێشەو بەڵادەیان پارێزێت و  لە چارە سەرکردنی گرفتەکانیاندا هاوکاریان دەکات . ئەگەر سەرنجێکی وردی ئاینەزیندوەکانی جیهان بدەین کە لە لایەن زۆرترین خەڵکی جیهانەوە قبوڵ کراون وەهەتا بەشێکی زاناو بیرمەندانیش پابەندن پێیانەوە ،  دەبیینین کە باوەڕدارانی ئەم ئاینانە لە گەڵ ئەو ئەفسانە و چیرۆکانەی کە خۆیان دروستیان کردوە و لە دواجاردا هەر بۆ خۆشیان باوەڕیان پێ هێناوە جگە لە بێ مایەیی هیچی تر نیە .

لە هیچ یەکێک لە تیۆریا ئایینیەکاندا مرۆڤی سەرەتایی  کە پایەو بنەمای باوەڕی ئەمرۆی ئێمە پێک دەهێنن ، ئەنگیزەیەکی عەقڵانی و لۆژیکی و مەنتیقی بونی نەبووە . بەڵکو بەهۆی فاکتەرە ئابوری یەکان و ململانێنی مانەوە سەرچاوەی گرتوە . لە سەرتاسەری ئەو سەدەو چاخانەی کەلە تەمەنی مرۆڤ دەگوزەرێت فاکتەری ئابووری لە سەر تەواوی هزرو کرداری مرۆڤ باڵا دەست بووە . سکی یەکتریان دڕیوە قورگی برای خۆیان بە چنگ گوشیوە تا بە کەرستەی بەرهەم هێنان و هێزی ئابووری ئەوانەوە مامەڵە بکەن .

بۆکۆنترۆڵ کردن و چاودێری ئەو فاکتەرە ئابوریانە لە بەرانبەر ڕوداوی ئاسمانی تیۆریای بوونی خودایان ئەفراند . بەڵام ماهیەتی بابەتەکە هەتا بە ئەفراندنی خودای نادیارو هاوکات ویناکردنی ڕەواڵەتی ، هیچ کات گۆڕانی بەسەردا نەهاتوە . هێمای جوان و دڵگیر ، پرۆپاگندە و گۆشکردنی فراوانی جۆراو جۆر کە لە لایەن پرۆپاگندە چیان و واعیزانی ئایینە جیاوازەکان بە کار دەهێنرێت . تەنیا دەمامکێکە کە بە دەوری خانەی ناوەندی  - ئابووری و پەیوەندی ئابووریدا پێچراوەتەوە . تا حەقیقەتی بابەتەکە لە سۆنگەی تاکە نەخوێندەوار و خۆش باوەڕەکانی کۆمەڵگاوە کە زۆرترین باری قورسی  تیۆریای وجودی خوداکان لە ئەستۆیانە . بە دەمامکەوە پیشانیان بدەن و دەسەڵات و حاکمیەت کە لە ڕیشەی ئابووری یەوە سەرچاوە دەگرێت و لە سەرپۆشی ئاییندا  تا قوڵایی ڕۆح و دەروونی چینی خوارەوەی کۆمەڵگەدای دەچێنن ،  سەرکوت بکرێت و بۆ هەمیشە هەر بەو جۆرە بیهێڵنەوە .

شرۆڤەیەکی کورت ماهیەتی بنچینەیی بابەتەکە ئاشکرا دەکات و بە جوانی ئەوە بەرچاو دەخات کە  بە درێژایی مێژوو هاوتەریبی گۆڕانکاریەکان لە ئەنجامی پشکنینە زانستی یەکان و کەرەسەی بەرهەم هێنان و چەمکی ئابوری بەدیار کەوتن . هاوکات تیۆریای بوونی خوداکانیش گۆڕانیان بەسەردا هاتوە . هەروەک ئەوەی خوداکانی کە مرۆڤ لە کۆتایەکانی قۆناغی بەردینی نوێ و چەرخی شوانی دەی پەرست لەگەڵ خوداکانی سەردەمەکانی دواتردا جیاوازە . لە سەردەمانی هۆزە سەرەتایەکاندا ، کە هێشتان یاسای مۆدێرن و پرەنسیپێکیان بۆ ڕێکخستنی خێزان و پەیوەندی تاک لەگەڵ یەکتر نەبوو ، مرۆڤ بابەتی ئایینی هێنایە پێشەوە و سیستەمی دەشتەکی خێڵی لە چێوەی ئایندا داڕشت . ئەم سیستەمانە بە تەدریج بونە یاسای پیرۆزی ئاسمانی و بەهیچ جۆرێک گۆڕانیان تیا ئەنجام نەدرا . چیرۆک و ڕیوایەتی خێڵکیەتی لەگەڵ شاخ و دەشتی فراوان ، بە شێوەی داستانی سەرسوڕهێنەر بۆ سەلماندنی بوونی خوداکان و پێوانەی هێزی غەیبی دروست کراو هاتنە ناو باوەڕو نۆرمە ئایینیەکان .

خەڵکی ئەو ئەفسانانەی وەک واقیعیەتێکی ڕەها و هێمای هێزی خوداوەند قبوڵ کرد . پیرۆزیان کردن و تایبەت مەندیەتی و خەسڵەتی سەروی مرۆڤیان پێ بەخشین . بەتێپەڕینی کات ، ئەو ئەفسانانە لەگەڵ خورافات ئاوێتە بوون ، چونکە بە گشتی خەڵک ئەفسانەکانیان بە شێوەی حەقیقەتی ئاسمانی قبوڵ کردبوو . خورافاتەکانیش هەمان شێوە ی فێرکراوەی پیرۆزی خودایان لە خۆ گرت .

سەرهەڵدانی تیۆریای بونی خودکان لە مێشکی مرۆڤدا بە سەرە بوە هۆی خولقانی تاک لە خێڵە جیاجیاکاندا لافی ئەوەیان لی دەدا بەبەردەوامی پەیوەندیان لەگەڵ خودادا هەیە . زو باوەڕکردنی خەڵکی سادەو ساویلکە هۆی تەشەنە سەندنی زیاتری ئەم باوەڕە ئاینیانە بوو هەروەها هێزکردنی لاف لێدەران و پەیوەندیان بە خوداکانەوە . لە ئەنجامی بەگوێدادان و نەریتی بۆماوەیی ، باوەڕ بە بوونی هێزی خوداوەند لە وجودی مرۆڤدا چەکەرەی کرد و جێگیر بوو . خوداکان بە هۆی ئەو کەسانەی کە خۆیان بە شێوەی پەیوەندی نێوان خوداو مرۆڤ دەناساند . شێوەو شکڵ یان گرتو خەسڵەتی ڕەمزی خوداوەندیان لە خۆیان ناوە . سێحربازان و کاهینەکان و لافلێدەران پەیوەندیان لەگەڵ خودایان بۆ سەرنج ڕاکێشانی خەڵک و گەورەتر پیشاندانی ئەو کارەی ئەنجامی دەدەن . نزاو پاڕانەوە کڕنوش بردنیان لە کاتو شوێندا ڕێک خست و جێگای تایبەتیان بۆ نزاکردن و ئەنجامدانی مەناسکی پەرستن و سوتاندنی هەزبیلە دامەزراند . بەم جۆرە ، پایەی پەرستگەی گەوری وەکو ئورشەلیم ، مەککە ، ینارس ، ئامریتسار و هی تر یان پێ دامەزراند .ئاکامی کاریگەر نەبوونی نزاو پاڕانەوە لە هێزی غەیبی بێدەرتان مانەوەیان پێداویستی دەردە دارانی بە دەست نەهێنا . ئەنجار دەست پێشخەریان لە ئەنجامدانی قوربانی بە ئاژەڵ و هەتا مرۆڤ لە بەردەرگای هێزی باڵا لەودیو سروشت دەست پێ کرد .

بەم جۆرە ئایین ، کۆمەڵێک پرسیاری جۆراو جۆر کە مرۆڤ دەربارەی چۆنیەتی و مەبەست لە خولقاندنی جیهانی بوون و دیاردە سروشتیەکان تەرح کردبوو ، وەڵامی شیاوی دەرک کراوی خۆی وەرگرتبوە وە ، چونکە لە پێشنیاری پرسیارەکاندا شێوازی هزرو بیری مرۆڤ لە سەر بنەماو داوەری یەکان بونیادنرابوو . هەر چی چۆنێ بوویێت ، وەڵامەکان بە و مەنتیقەی کە جێگای قبوڵ کردنی هزری مرۆڤ بوە ، هاو ئاهەنگیەکی دروست دەکرد و لە سنووری توانای هزری مرۆڤ بەدەر نەبوو . بەو لۆژیکە ئەو کارو کردەوانەی کە مرۆڤ لە ئەفسانە ئایینی یەکاندا دەی دایە پاڵ خودا لە ڕاستیدا کارو کردەوەیەک بوون کە ئەگەر خودی خۆی خودابوایە ئەم جۆرە کاروکردەوانەی ئەنجام ئەدا . (1)

---

1-کزنوفانس ( Xenophanes) فەیلە سوفی سەدەی شەشەمی پێش زاین بە یونانی دەنوسێت : ئەگەر ئەسپ و مەڕ بیان ویستایە ، بۆخۆیان خودایەکیان دادەسەپاند و ، شێوەی وئەو خودایانەیان وەک شکڵی خۆیان وینا دەکرد .

خودادروست کراوەکانی خولقێنراوی کارگەی خودا سازی مرۆڤ ، خاوەنی هەمان خەسڵەت و کەمو کورتی بوون ، کە لە بوونی من و ئێوەدایە . ئەوانیش وەک من و ئێوە تورە دەبن ، تۆڵە دەسێننەوە ، مەکر دەکەن ، هەڕەشە دەکەن و بەڵێنی بێ کرداری دوور دەدەن و چاوەڕوانن لە ئێمە لە بەرانبەریاندا کڕنوش ببەین و ئەوان بپەرستین ، تا هەستی لە خۆبایی بونی ئەوان تێر بکەین . ئەوە دۆخی مرۆڤ – خودایی یە ، کە لە سەرەتای پەیدابیوونی تیۆریای بوونی خودایان و باوەڕە ئایینیەکان هاتوەتە بوون . هێشتان لە گشتێکی نزیکدا بە تەواوی یاوەریە ئایی نیەکانەوە لە مرۆڤی ئەمرۆشدا بوونی هەیە . لە کتێبە ئاسمانیەکانی ئایینی یەهودو ئیسلام دا خوداوەند ( جبار ، قهار ، غیورو حسود ) تۆڵە سێن و جەنگخوازە و هەمیشە لە هەمبەر هێزی موعجیزە ئاسای خۆی دەدوێت . تا پەیڕەوانی فەرمانەکانی ئەو

بە ترس و لەرز و بە بێ چەند و چۆن جێبەجێ بکەن . ڕێبەران پێشەوایان و پرۆپاگندەچیەکانی ئایینی ، کە بەرژەوەندی ئابووری و ژیانی دنیایی ئەوان وابەستە بە مل کەچی باوەڕی ئاینی و وەرگرتنی باوەڕی خورافی دێرین ی خەڵکە ، لە کتێب یان گوتارە پرۆپاگندەیەکانی خۆیاندا لە سەر مینبەرەکان لە بڵند گۆکانەوە ، ئەوان وەک نوێنەرو بریکاری خودا قسە دەکەن ، ویست و خواست و خەسڵەتەکانی ڕادەگەیەنن ، لە هەمبەر داپەروەرن ، کردەوەی باشیان ، موعجیزاتەکانیان و وەزیفەی مرۆڤ لە بەرانبەر خوداوەند و بەهەشت و دۆزەخیدا قسە دەکەن . کە گوایە لە شەوی ڕابوردودا لە کۆڕی مرۆڤەکاندا لە حزوری خودادا خەڵوەتیان گرتوە .

روونە کە ئەو جۆرە بونەوەرە خودا نیە ، بەڵکو بتێکە کە بۆ دابین کردنی بەرژەوەندی ئابووری واعیزەکانی ئایین و فریودان و گەوجاندنی زۆرینەی خەڵکی ساویلکە . لە کارگەی خودا سازی مرۆڤدا دروست کراوە .

هیچ یەکێک لە تاکەکانی مرۆڤ ، لە هەڵبژاردنی ئەو ئاینەی کە پەیڕەوی لێدەکات ، بەویستی خۆی نەبووە ، ئەگەر من یان ئێوە خوێنەرانی بەرێز موسلچمان ، مەسیحی ، یەهودی ، یان بودائین ..... ئەو ئاینانەمان بە ئارەزوو ویستی خۆمان هەڵنەبژاردوە . ئایینی ئێمە بەشێکە لە بۆ ماوەیی بە میراتی ، کە لە دایک و باوک و باپیرانمانەوە بە ئێمە گەیشتوە ، من و ئێوە پێش ئەوەی کە موسڵمان یان مەسیحی و یان یەهودی بین (ئەژداد ) پەرستین . ئەگەر ئێمە لە خێزانێکی تر بهاتینایەتە دنیا و یان باوک و دایکمان لە سەر ئاینێکی تربان من و ئێوە ئەمڕۆکە لە بەرانبەر خودایەکی تر نە ئەم خودای ئێستا کڕنوشمان دەبرد و خەسڵەتی باڵا و هەڵبژێردراوی ئەمان ئەژمار دەکرد .

دووەمین فاکتەرێک کە لە پەروەردەکردنی باوەڕی ئایینی ئێمەدا کاریگەری هەبوە ، کۆمەڵگە و گۆش کردنیک بوە ، کە ئەو کۆمەڵگەیە بە درێژایی تەمەنی ئێمە لە نەستی ناوەوەی ئێمەدا گێنراوە .
کۆمەڵگەی پێش بونی ئێمە بونی هەبووە و پاش مەرگی ئێمەش هاوکات هەر درێژە بە ژیانی خۆی دەدات . کۆمەڵگە زمانی خۆی فێری ئێمە دەکات ، و فیکری خۆی بە شێوەی ڕێگایەک کە ئێمە پێویستە بەدرێژایی ژیانی خۆمان بیبڕین ، ئێمەی لە سەر گۆش دەکات . هزرو نەستی مرۆڤ بە تایبەتی لە کاتی منداڵیدا ئامادەیی فراوانی بۆ قبوڵ کردنی ویستی گۆش کردن هەیە . چەندبارە کردنەوەی چێوەکانی ئایینی بە درێژایی کات ، بە شێوەی نەریتی ناوەندی لە نەستی ناخود ئاگای کەسەکاندا دەچەسپێت و بە شێوەیەک جێگیر دەبێت کە بە هیچ جۆرێک مەنیق و لۆژیکی عەقڵانی لە توانانی گۆڕینیدا نەبێت .
کۆمەڵانی خەڵک بە کەلەپور و نەریت ، ئایینی خۆیان بەدەست دێنن ، نە باە عەقڵ و مەنتیق ، و لیکۆڵینەوە . هەر بەو هۆیەوەیە کە لە ئاستانەی سەدەی بیست و یەکەمدا لە کۆمەڵگە جیاوازەکانی مرۆڤایەتیدا ، و هەتا لە ناو بیرمەندانیشدا ، ڕوبەڕوی جۆرێک لە باوەڕو دەبینەوە کە هۆکاری میراتی پاش تێپەڕینی سەدەکان ، لە سەردەمی جاهیلیەتەوە ، هێشتا هەروەک ڕشابووردوو لە مێشکی مرۆڤی ئەمڕۆشدا بە زیندویی هێڵراونەتەوە ، مرۆڤی سەرەتایی ڕودانی ڕوداوەکان و کارەساتەکان لە جیهاندا ، بە ئیرادەی خوداکانی دەزانی و هێزەکانی سەرەوەی سروشت و هێزە شاراوەکانی بە هۆکاری دروست بوونی ئەو ڕوداوو پێشهاتانە وێنا دەکرد ، ئەگەر شارێک لە ئەنجامی زەوی لە رزە وێران ببوایە ، ئەگەر بارانێکی بە خور لە ئایمانەوە بباریایە یان توفانێکی بە هێز شارەکانی کەنار دەریاکانی ویران بکردایە ، هەموو ئوانەیان بە نیشانە و هێمای موعجیزەو تورەیی خوداکان بۆ تەمێ کردنی گوناحکاران دەزانی . ئەوەش بە دروستی جۆرێکی بیرکرنەوەیە کە لە ناو زۆرینەی پەیڕەوانی ئاینە زیندوەکانی ئەمرۆشدا بەرچاو دەکەوێت . تێپەڕینی سەدەکان و پێشکەوتنی زانستی و گۆڕانی فیکری و هزری مرۆڤ ، نەیتوانیوە ، گۆڕانکاری گەورە و گرنگ لەو جۆرە فیکرەدا بخولقێنێت . ئەوانە دابڕاون لەوەی کە ئێمە لە دنیایەکی تری کردارو پەرچە کرداردا دەژین . نەک لە دنیای موعجیزەو خورافاتدا .

زۆرینەی ئەو کەسانەی کە باوەڕی ئاینی باوکیان بە میراتی بۆ ماوەتەوە ، و گرفتی ڕۆژانە دابین کردنی ژیانی ڕۆژانە و دەرفەتی متالاو پشکنینی بەوانە نەداوە ، ئامادەی گوێبیستی وشەیەکی مەنتیقی و لۆژیکی کە باوەڕی بێدەرەتان و هیچ لە باردا نەبویان پوچ بکاتەوە نین . لە بابەتی ئایینی و دەمار گیری ئایینیدا ، هەتا بیرمەندان هێزی لۆژیکی خۆیان لەدەست دەدەن .

تەاوی ئاینەکان لە سەرەتای سەرهەڵدانیانەوە ، بەختەوەری و ، ئارامی گیان و رۆح و ، گەیشتن بە لوتکەی مرۆیی و ، ئاسایشی دنیایی و دنیای کۆتایی یان کردوتە سەردێڕی مەرامنامەی خۆیان . بەڵام بە کردار دەی بینین ، کە هیچ یەکێک لە گروپە ئایینیەکان لە هیچ سەردەمێکی مێژوودا ، نەتەنیا کەمێک لە گێشە لە ئەژمارنەهاتوەکانی مرۆڤیان چارەسەرنەکردوە ، بەڵکو بەڵکو بە گەوجاندنی زیاتر و باوەڕی خورافی و ئەفسانەیی و فاکتەری گومڕایی و بەدبەختی و نارەحەتی زیاتریان بۆ مرۆڤ فەراهەم کردوە . ئەوەنەبێت کە بە دەستەواژەی خەیاڵی هیوای دواڕۆژێکی ئەفسانەیی یان لە دڵی مرۆڤەکاندا خولقاندوە .

بە تایبەت لە هەناوی چینی هەژارو سادەو ساویلکەی کۆمەڵگە ، ئەوانەیان لە هەر هەوڵ و هێمەتێک بە ئیرادەی خۆیان لە چالاکی و جوڵە لە ژیاندا خستوە و لە روی ئابوریەوە هەر بە داماوی هێشتونیانتەوە . ئەگەر کەسێک خۆی بە بەبەرپرسی وەڵامدەرەوەی کارەکانی خۆی بزانێت . ئیتر خوداوەند لە ئاکامی ئەو کردەوە خراپەدا ، بە هاوەڵی کەمتەرخەمی ئەژماری ناکات و لە ناو هەناوی خراپیەکاندا دەتوانێت خراپەیەکان لە سەر خۆی لابدات .

بە درێژایی مێژوو ، نە ئاگری دۆزەخ و نە بەڵێنەکانی بەهەشت ، هیچ یەکیان نەیانتوانیوە ، مرۆڤ لە کردەوەی تاوانکاری بگێڕنەوە ، لە بەرانبەر کرداری خراپی ئەودا بەرگرێک دروست بکات . بە پێچەوانەوە ئەگەر ئاوڕێک لە جەنگە ئایینیەکان بدەینەوە ، ئەو کەسانەی کە بەناوی ئایینەوە کوژراون ، ئەو کارەساتانەی کە بە هاندانی پێشەواو واعیزانی ئایینی جیاواز بە دەست خەڵکی ساویلکە و دەروێش و دەمار گیرە ئایینیەکان رویداوە ، ئەژمار بکەین ، ئەو تاوانانەی کە بە ناوی خوداوە ئەنجامدراوە ، ئەژمار بکەین ، ئەوکاتە تا ئاستێک ڕۆدەچینە قەلایی بابەتەکەوە کە ئاستی دەبەنگی و گەوجی مرۆڤ و ئەو بەلایەی خودا دروستکراوەکانی دەستی خودی مرۆڤ خۆی و پرۆپاگندە چیانی ئاینەکانە جیاوازەکان بە سەر نەوەی ئادەم و حەوا دا هێناویانە پەی پێدەبەین و دەی بینین .

باوەڕە ئاینیەکان کە لە باوکەوە دەگوازرێتەوە بۆ منالّ و لە ئەنجامی چەند بارەبونەوەی و گۆش کردنی لە نەستیدا ، بە شێوەیەکی دەمار گیریانە . هەمیشە بە شێوەی کەرەستەیەک بۆ پیادە کردنی مەبەستی کۆمەلایەتی و ئابووری پێشەواکان و واعیزەکانی ئایین بەکار هێنراوە . زۆرێک لەو کەسانەی کە لە ناکۆکیەکانی باوەڕو ئاینی و برکوژی ئاینیدا بەشداری دەکەن . لە کاتی ئاساییدا خەڵکی باش و شیاون . ئەوەی کە ئەو کەسانە دەگۆڕێت بۆ ئاژەڵی دڕندەو خوێنخۆر هاندان و فتوای پێشەواو واعیزە کانی ئایینە، و دەستەواژەی رۆحانیەکانە کە بە سود وەرگرتن لە خاڵی لاوازی خەڵکی دەمار گیری ئایینی ئەوانە بۆ ڕێگایەک کە بەرژەوەندی ئابووری و کۆمەلایەتی خۆیانی تیایە هان دەدەن . قەڵەم و تیۆریای گەورەترین بیرمەند و نوسەران بۆ بە ئەنجامگەیاندنی مەبەستی خۆیان بە کار دێنن ، تا لە حوکمی بنەماکانی ئایینی لە مێشکە چەق بەستوەکاندا و زۆرینەی خەڵکی نە خوێندەوار و ساویلکە بکوژن و دەمامکی حەقیقەت بە ئەفسانەکان بپۆشن . ئەوانە دەرزی سڕبوون لە خەڵدەدەن تا وەک ئەوەی دەیانەوێت هەڵیان سوڕێنن ، بۆ پیشاندانی مەزنی ئەو کارەی کە ئەنجامی دەدەن ، دەبەنگ کردنی هەرچی زیاتری خەڵک کۆلیژی زانستی ئاینی و ئیلاهیات بۆ فێر کردنی ئەفسانەکان و ئەستۆرەکان دادەمەزرێنن . و نازناوی پڕ شکۆو خورافی لە خۆیان دەنێن . تا هەر جۆرە گومانێک دەربارەی تەندروستی ئەو ئەفسانە ئایینیانە لە هزری خەڵکدا بسڕنەوە .

تا ئەو کاتەی کە خەڵک بە حەقیقەتی ئاینەکان و باوەڕە ئەفسانەیەکانی خۆی پەی نەبات ، و تێنەگات کە ئایین و مەزهەب و پێشەوایانی ئایینی بون و ژیانی خۆیان بە قەرزاری ئیتاعەتی کوێرانەی ئەوان بە گەوجاندن و دەمارگیری پەیرەوانی خۆیانەوەیە . و تا ڕۆژێک کە خەڵک لە هەوڵی ئازاد کردنی خۆیدا نەبێت لە ژێر باری گرانی ئیستیسماری ئاینی دا ، هاندان و پاڵنانی ئاینی بە مەبەستی بەهرەوەرگرتن لە ئابووری بە هێز و ئەستوری خۆیان هەروا دەمێننەوە و لە ناو کۆمەڵگەدا هەر بەو جۆرەی ئێستا دەمێننەوە .

تەواوی شوێنکەوتوانی ئایینەجیاوازەکانی جیهان ، هەتا خێڵە ڕەش پێستەکان ، کە لە دارستانەکانی ئەفریقا هێشتان وەک هۆزی سەرەتایی ژیان بە سەردەبەن ، باوەڕی ئایینی خۆیان بە وەحی ئیلاهی دەزانن ، موسڵمانان لە سەر بنەمای ئایەتەکانی قورئان ، باوەڕیان وایە ، کە هەرئاینێک جگە لە ئیسلام ، لە لای خودا ڕەد کراوەتەوە و لە و دنیاش زەرەر مەند ئەو کەسانەن کە شوێن ئەو ئاینانەی تر کەوتون . یەهودیەکان و مەسیحیەکان لە بارەی ئاینی خۆیانەوە باوەڕیچکی هاوشێوە یان ئەفراندوە .
یەهودیەکان گەلی یەهود ، بە گەلی هەڵبژێردراوی خودا دەزانن و ئامادە نین هیچ کەسێک غەیری یەهودیەکان لەم شوناسە مەزنەدا هاوبەش یان پشکی هەبێت . مەسیحیەکان ، کوڕی خودا ، باوەرشیان وایە و دەڵێن : تەنیا ئەوە کە لە ڕۆژی دوایدا داوەری گەلان دەکات . هندیەکان و شوێن کەوتوانی ئەو ئاینەکانی تر ، وای وێنا دەکەن تەنیا ئەوەی کە جێگای باوەڕی ئەوانە ڕاست و دروست و هەقە ، و ئەوانی تر بە گومڕا دەزانن ، شوێن کەوتوانی هەر یەکێک لە ئاینەکان ، لە تەوەری وێناکانی خۆیدا ، باوەڕە بە خودایەکی باش و جیاواز لە خودای ئاینە کانی ترە ، لەم سۆنگەیەوەش بە هەڵبژێردراوی دەزانن ، و سەرنجیچکیان لە سەر داوەری هاوشێوەی شوێن کەوتوانی ئەو ئاینەکانی تر دەربارەی باوەڕی ئاینی خۆیان نیە . بەلام ڕاستی بابەتەکە ئەوەیە کە هیچ یەکێک لەم بونەوەرانە خودانین ، بەڵکو ئەو بتانەن کە بە خەسڵەتی مرۆڤی جۆراو جۆر ، لە ڕۆحی خەڵکدا خولقاون و جێگیر بوون .

شوێنکەوتوانی ئاینەکانی ئیراهیمی ، و گروپە پەرتەوازەکانی ئەم ئاینانە خوادیەکی ون دەپەرستن ، گەرچی بە ڕەواڵەت بابەتەکە پێویستە هەرسێ ئایینە گەورەکەی دنیا خاوەنی یەک خودای تەنیا بن و لە فەرمان و ئەحکامێکی هاوشێوە پەیرەوی بکەن . بەڵام بە کردەوە و حەقیقەتدا ، کەسیەتیەکی خودای نادیار لە سەر بنەمای هەڵکەوتی جوگرافیایی ، فاکتەرە ئابوریەکان ، و تایبەتمەندیە ئەخلاقیەکانی هەر یەک لە بونیاد نەرانی هەر سێ ئاینەکە یەهود و مەسیح و ئیسلام دەگۆڕێت و فەرمانی جیاواز و ناکۆک دەردەکات .

بۆ ڕونکردنەوەی ئەو بابەتە . چەند دەقی ناکۆک لە ئەحکامەکانی ئەم سێ کتێبە بە دەستەواژەی ئاسمانی هەڵدەبژێرین و ڕونکردنەوەی زیاتر دەدەینە خوێنەران .

ئابووری سنورداری گەلی یەهود ، زیاتر بە شوانی مانگاو مەڕ هەڵچنراوە و بۆ هاتو چۆو سەفەر سودیان لە گویدرێژ بینوە . بە هاەمان شێوە فەرمانەکانی یەهوە ، بۆ گەلی یەهود ، دەربارەی ئەوقوربانی کردنەی کە پێویستە پێشکەش بە یەهوە بکرێت ، بە کورتی لە دەوروبەری مانگاو مەرو بەرخ زیاتر ناڕوات و خواردنی گۆشتی وشتر و کەروێشک و بەراز یەهوە لە یەهودیەکانی حەرام کردبوو .

ئیسلام بە سەرنجدانی نەریت و ئابوری دورگەی عەرەب ، بە جۆرێکی تر لەگەڵ ئەو بابەتە ڕو بە ڕو دەبێتەوە ، وشتر ، تەوەری سەرەکی ئابووری بچوکی عەرەبی پێک دەهێنا . عەرەب پشتی ئەم ئاژەڵەی بۆ بار و سواری و جەنگ بە کاردەهێنا ، شیری وشتریان دە خواردەوە ، بە پێست و خوری وشتر جل و بەرگ و خەیمەو سەرپۆشیان دروست دەکرد ، پاشەڕۆی وشتریان بۆ سوتاندن بە کار دەهێنا ، و

گۆشتی وشتر خۆراکی شاهانە و تایبەتی خێڵ بوو . بۆ هەر ساڵێک لە ساڵەکانی وشتر و هەر حاڵەتێک لە حاڵەتەکانی ئەم ئاژەڵە زمانێک دروست کراوە و قەسیدەیەکی پاراو دارێژراوە ، سەلمێنراوە بەو جۆرەی کە ئیسلام بە پەیڕەوی کردنی لە فەرمانەکانی یەهوە تا ئاستێک سودی لە ئەو فاکتەرە گەورە و بنچینەیەی ئابووری بیابان وەرگرتوە . بچوکترین هیوا بە گەشە کردن و بڵاوبونەوەی ئایینی ئیسلام لە ناوچەی عەرەب نەبوو . محمد زیرەکتر لەوەی کە هەبوو ، ئەو بابەتە ژیاریەی دنیای عەرەب لە دیدی ئەوە وە هەر بە پەنهانی مایەوە . هەروەها لە سەر بنەمای داخوازی ئابووری محەلی فەرمانی ئاسمانی تەوراتیان گۆڕی . چەندین ئایەت بۆ وەسف و پیاهەڵدانی وشتر دابەزی و ئەو ئاژەڵە سەرسوڕهێنە خولقاوە ، لە ناو ئایەتەکانی قورئاندا بە هێزی خوداوەند ناسێنرا، فەرمان بە موسڵمانان کرا تا وشترەکانیان لە ڕێگەی خودادا بکەنە قوربانی . گۆشتەکەی بخۆن ، و بەشی زیارەت کاران و حەجاجەکانیش بدەن .

عیسا پیاوێکی پاک و ئاشتی خواز بوو ، شوێنکەوتوان و موریدەکانی خۆی لە کرداری توندو تیژی لە ڕوبەڕوبونەوەی نەیارانیان و یان کاتی بانگەشە کردنی ئایینی ئاگادار دەکردەوە ، و دەی وت :

( بیستوتە کە وتویانە ، چاوێک بە چاوێک و ددانێک بە ددانێک ، بەڵام من بە ئێوە دەڵێم ، بە شەڕانگێزیانەوە ڕوبەڕو مەبنەوە ، بەڵکو ئەگەر یەکێک زلیەکی لێدایت ڕوی خۆت بسوڕێنە و ئەگەر کەسێک ویستی لە بەرانبەر تۆ سکاڵابکات و یەخەت بگرێت ئەوا یەخەی خۆتی بۆ بکرەوە ) متی 38-5

تایبەتمەندیەتی هەناوی عەرەب لەگەڵ ئەو جۆرە ئاشتی و ئاسایشە دا بێگانەبوو ، ئەو دۆخەی کە عیسا لە ڕوبەڕو بونەوەی نەیارەکانیدا پیادەی دەکرد ، لەلای عەرەب پەسەند نەبوو . عەرەب کەسایەتی یەکی زوو هەڵچوو توند و تورەبوون ، و بە بچوکترین شت یان تۆمەتێک هەروەک کورەی ئاگر دادەگیرسان و داوەریان بە نوکی شمشێر دەکرد . ئەگەر توانای نەبوایە لە کرەکەدا مامەڵەی نێوانیان پاکتاو بکات . ئەو دریەی هەمیشە لە یادا دەمایەوە تەواوی تەمەنی هەر کینەو ڕقی تۆڵەسەندەوی لە بیر نەدەچویەوە .

خودی محمد لەو چێوەیە بێبەری نەبوو ، ئەو یەک عەرەبی تەواو عەیار لەگەڵ تەواوی تایبەت مەندیە نەژادیەکانیدا بوو . بەو جۆرە فەرمانێک کە ئیسلام لە ڕوبەڕوی نەیارەکانی موسڵماندا دەدات ، لەگەڵ فەرمانەکانی ئینجیلدا ، جیاوازیی بنچینەیان هەیە ، و ئەمەش دەگەرێتەوە بۆ تایبەت مەندیەتی خرۆشی نەژادی عەرەب . ئیسلام تۆڵەسەندنەوە بە مایەی درێژەدان بە ژیان دەزانێت . ( لە سورەتی بقرە ئایەتی 175 ) دا ئەو ئامۆژگاریەی موسڵمانان دەکات هەتا هەنگاوێک باڵاتر دەڕوات و لە چاوەڕوانی دەرفەتێک و بەدەستهێنانی بەهانەیەکدایە بۆ کوشتنی نەیارانی ئایینی . محمد فەرمان بە شوێنکەوتوانی خۆی لە مەدینە دەکات، جگە لە مهاجرین و ئەنسارو ئەوانەی کە پاش هیجرەت پەیوەندیان بەڕیزی موسڵمانانەوە کردوە لە هەر جێگایەک غەیر موسڵمان و نەیارانتان بینی بیان کوژن . سورەتی تۆبە ئایەتی 9 . لە گەڵ ئەوانەدا ئەوەندە بجەنگە تا فیتنە لە جیهاندا نەمێنێت ، و ئایین ئایینی الله بێت سورەتی انفال ئایەتی 40

لە ئاینەکانی یەهودو مەسیحدا ، هیچ جۆرە قەدەغە کردن و سنوربەندیەک دەربارەی خواردنەوەی سرکەر بۆگشت بونی نیە . تەنیا کاهینەکان و ڕابیەکانی یەهود لە کاتی ئیجراکردنی مەناسکی پەرستندا لە خواردنەوەی سرکەر قەدەغە کراون . عیسا کوڕی خودا لە کۆتایەکانی دواهەمین شەوی ژیانیدا ، گیلاسی شەرابی نۆشی ، و دەرخواردی شوێنکەوتوەکانیشی دا . یەکێک لە موعجیزە گەورەکانی عیسا گۆڕینی گۆزە ئاوەکانە بە باشترین شەراب بۆ میوانە ئامادە بوەکانی زەماوەند .

له ناوەندی ئیسلامدا ، بە سروشت لە نەریتی دێرینی عەرەبدا فەرمانێک کە لە هەردوو ئاینی ئیبراهیمی دا بونی نەبووە ، قەدەغە کردنی خواردنەوەی سرکەر و شەراب بوە بۆ موسڵمانان .

بەڵام پاش بیستساڵ لە بانگەشە کردنی دەست پێکی پێغەمبەرایەتی محمد ، ڕوداوێک بوە هۆی گۆڕینی فەرمانە ئاسمانیەکانی دو ئایینی پێشو . ڕۆژێک لە ماڵی یەکێک لە ئەنساریەکان ، لە مەدینە خوانێکی میوانداری ڕێک خرابوو ، میوانەکان لە کاتی خواردندا شەرابی زۆریشیان خواردەوە ، پاش خواردنی نان هەریەک لە ئامادەبوان کەوتە گێرانەوەی یادگاری یە کەسیەتی و خێڵەکیەکانی . هێواش هێواش کار لە گفتوگۆی زارەکیەوە گەیشتە دەست ڕاکێشان بۆیەک ، عەرەبێک ئێسقانێکی وشتری گرتە سەرو چاوی ( سعد بن ابی وقاص ) و ناوچاوی شکاند . هەواڵەکە گەیشتەوە محمد ، چونکە ترسی لەوە هەبوو کە مەست بون و لە خۆ بێ ئاگابون ، هۆکاری نیفاق بوو لە ئایینی نوێی ئیسلام و دەبوە هۆی تەفرەقەی موسڵمانان . هەروەها لە سۆنگەی سیاسی و کاتەوە بۆ پێشکەوتنی ئایین قەدەغە کردنی شەراب و خواردنەوەی سرکەر بە زەروری زانرا ، و ئاسەوارو کاریگەریەکانی بە خێرایی لە ناو موسڵمانانندا بڵاو بویەوە . سورەتی مائدە ئایەتی 92

ئاساییە ئەگەر ئەو پیاوە عەرەبە تورە نەبوایەو دەموچاوی سعدی بریندارو خوێناوی نەکردایە ، ئەمرۆکە بۆ موسڵمانان خواردنەوەی سرکەر و شەراب لە لایەن ئاسمانەوە قەدەغە نەدەکرا .

عیسا پیاوێکی تەنیا بوو و ڕەنگە لە تەمەنی کورتی خۆیدا ، هەرگیز لەگەڵ ژنێکدا نەخەوتبێت . لە دیدی عیساوە ، هۆی ئامانجی هاوسەر گیری پێک هێنانی خێزان و خستنەوەی نەوەیە . نە پاڵنەری شەهوەت و تێرکردنی پێداویستی سێکسی ، بەو جۆرە ، فەرمانێ کە عیسا لەو بارەیەوە دەری کرد ، بۆ بەرگرتن لە هەڵوەشاندنەوەی خێزان و بێ سەرپەرشت بوونی منداڵ ، عیسا پرۆسەی هاوسەر گیری سنووردار کردوو تەلاقیشی یاساغ کرد و وتی :

( لە سەرەتای دروست بوون دا، خودا ئەوانی بە ژن و مێرد خەلق کرد . لەو ڕوانگەیەوە پیاو پێویستە باوک و دایکی خۆی بەجێ بهێڵێت و بچێتە لای ژنەکەی ، و ئەو دوو جەستەیە ببنە یەک جەستە . بۆیە ئەوەی خودا پەیوەستی کرد ، مرۆڤ نابێت ئەوە لێک جیابکاتەوە ، هەرکەس ژنی خۆی تەلاق بدات ، و یەکێکی تر مارە ( نیکاح ) بکات . واتازینای کردوە و ئەگەر ئەو ژنە لە مێردەکەی جیابویەوە و لە یەکێکی تر مارە کرا ، ئەوا زینای ئەنجامداوە ) مرقس 13/2-1

ئیجرا کردنی فەرمانی ئاسمانی عیسا لە بواری هاوسەر گیری و تەلاقەوە ، لەگەڵ نەریتی عەرەب و دۆخی سروشتی خودی محمد جیاوازی ئاسمان و ڕێسمانە . بەم هۆیەوە ، نەیتوانی فەرمانی کە لە لای ئینجیلەوە لە بابەت هاوسەر گیری و تەلاقەوە هاتوە بکاتە نەریتی شوێن کەوتوەکانی خۆی .
بەپێچەوانەوە ئیسلام مۆڵەتی بە موسڵمانان دا حەرەم سەرایەک لە ژنانی گرێ بەست (سیغە) و کەنیزەک دروست بکەن . تەلاق بدەنە دەستی پیاو و ئامۆژگاری کردن ئەگەر ژنێک نەتوانێت بەتەواوی خواست و ویستەکانی پیاوێک جێ بەجێ بکات پاش پێدانی مارەییەکەی ئەوا تەلاقی بدات ، و یەکێکی تر بکاتە ژنی خۆی یان کەنیزێک بە بێ ئەنجامدانی پرۆسەی هاوسەر گیری و پێدانی کرێ لەگەڵیدا بخەوێت و جوت ببێت . گرنگترو زیاتر لەوانەی سەرەوە ، جیاوازیەکی فاحشیانەیە کە لە خەسڵەت و تایبەت مەندیەتی خودی خودا و پەیوەندی خودای یەکتای نادیار لەگەڵ پەیڕەوانی هەریەک لە ئاینە سێ کۆچکەیەکەدا ئەنجامی دەدات .

عیسا بوونی خودای بە شتێکی سەلمێنراو دەزانی و هیچکات بۆ سەلماندنی بەڵگەو بەهانەیەکی بۆ لۆژیکی خودا نەهێناوەتەوە . لە دیدی عیساوە خودا وەک باوکێک وایە کە منداڵەکانی بە چاک و خراپەوە خوش دەوێت . عیسا بۆ بەختەوەری و بەخشندەیی ( باوک ) سنورو بەرگرێکی دانەنابوو

دەی وت : ( سۆزو خۆشەویستی خودا بۆ چاکەکاران و خراپە کاران وەک یەکە ، و مرۆڤ هەرچەند گوناحکاربێت و تاوان بکات ، هیچ لە سۆزی خودا کەم ناکات بۆی ، گەرچی ئەو کەسە تەواوی کەرەستەکانی ڕەفاهەیەتی ژیانی کە لەلایەن باوکەوە بۆی فەراهەم کراوە ، بە کەیف و خۆشی ڕابوێرێت ، بەڵام باوک هەر ئەوی خۆش دەوێت )

عیسا هیچ کات هەڕەشەی لە شوێنکەوتوانی خۆی دەربارەی ئەو کوناحەی کە ئەنجامیانداوە نەدەکرد . لە ئایینی عیسادا ( خودا عیشقە و لە عیشقیشدا ترس و تۆقاندن بونی نیە . هەر کەس بە بەختەوەری بژی لە ناو خودادایەو خوداش لەودایە ) نامەی 1 یوحنا

لە ئاینەکانی یەهود و ئیسلامدا ، دەربارەی عیشق و خۆشەویستی خودا بۆ بەندەکانی بەرچاو ناکەوێت ، لە هیچ یەکێک لە ئایەتەکانی قورئان و یان نامەکانی کتێبی پیرۆزی یەهود دا دەستە واژەیەکی خاکی لەوەی کە فەرمانی خوداوەندی بێت بۆ بەختەوەری مرۆڤ و خۆشحاڵ کردنی و گەیشتنی بە کەماڵی مرۆڤایەتی بەرچاو ناکەوێت . بەل ًٍکو بە پێچەوانەوە لە هەموو شوێنێکدا باسی ترس و تۆقین لە خودایە و پەیڕەوی کردنی کوێرانە فەرمانی دیکتاتۆریانەی خوداوەندە . یەهوەی گەلی یەهود ، بە هۆی سۆزو خۆشەویستیەوە نەبوو کە گەلی ئیسرائیلی هەڵبژارد . بەڵکو ئەو کارەی لە بەر ئەوە ئەنجامدا تا گەلێکی تایبەت بە خۆیی هەبێت و بە ملکەچیانە فەرمانەکانی جێبەجێ بکەن . دهوە گەلی یەهودی لە میسر ڕزگار کرد ، تا تەنیا ئەو بپەرستن و گەلی ئەوبن ، و لەو بترسن . یەهوە گەلی هەرەشە لە گەلی یەهود دەکات کە ئەگەر سەرپێچی فەرمانەکانی بکەن و لەبەرانبەر خودایەکی تردا کڕنوش ببەن بەرهەمی کشتوکاڵی ، مەڕوماڵاتی ئەوان لە ناو دەبات . خۆیان و نەوەکانیان توشی بەڵای جۆراو جۆر و دیل بون و زەلیل بونیان لە لایەن دوژمنانیانەوە دەکات .

ئیسلامیش بە ڕێڕەوی تەوراتدا هەنگاو دەنێت و موسڵمانان لە تورەیی خوداو ئاگری سوتێنەری دۆزەخ دەترسێنێت . قورئان ، لە چەندین لایەنەوە ئەو چیرۆک و داستانانەی رگەلانی ڕابوردو باس دەکات کە لە ئەنجامی تۆڵەی الله دا بەندە سەرپێچی کەرەکان چیان بە سەر هاتوە . بە غرورو شانازیەوە یادیان دەکاتەوە . لە دیدی ئیسلامەوە ، مرۆڤ تەنیا بۆ پەرستنی شەووڕۆژی خودا و جێبەجێ کردنی فەرمانی ئەو خولقێنراوە . ترس و تۆقین لە تورەیی خودا و سزای دۆزەخ ، پێوانەی زیادی تەقوای مرۆڤە لە هەردوو ئایینی یەهود و ئیسلامدا. نە خۆشەویستی خودایی . ئەم دوو ئایینە خودا بە ( تورە ، زۆردار ، خۆسەپێن و تۆڵەسێن ناسراوە . و چەندین جار ئەم بابەتە بە موسڵمانان و باوەڕداران وتراوەتەوە و ئەوانیان بە سزای خودا ترساندوە .

ئەم ناکۆکی و کەم و کورتیانە ، گەرچی بە ڕەواڵەت بچوک و بێبایەخ دێنە پێش چاو، بەڵام لە حەقیقەتدا بەڕون و ئاشکرا جیاوازی گەورەن کە لە سیستەمی ئابووری و ، کۆمەڵایەتی ، و نەریتی و تایبەتمەندیە ئەخلاقی و نەژادیەکانی دوو گەلی عەرەب و یەهودن . بونیاد نەرەکانی ئەم ئاینانە لە کاتی پایە ڕێژی ئایینەکەیاندا بوونی هەبووە و ڕەنگدانەوەی ئەو جیاوازیانە لە حکومی ناکۆکی ئاینەکانی ڕابوردودا دەبینین .

کاتێک ئێمە قبوڵکان کرد شارستانەیت ، سیستەمی ئابووری و کۆمەڵایەتی ، هەڵکەوتی جوگرافیایی و باوەڕی هەر گەلێک فاکتەری کاریگەرو دیاری کەری بونیاد نانی هەر ئاینێکە .

---

1-وما خلقت الجن والانس الالیعبدون . سورەتی الژاریات ئایەتی 56

ئیتر ئاسمانی و خودایی بوونی ئایینەکان خۆ بە خۆ دەچێتە ژێر پرسیارەوە ، و یاساکانی ئایینی ئاسمانی شێوەی یاسای مەدەنی و سیستەمەکانی کۆمەڵایەتی کە بەدەستی مرۆڤ دروست بووە بە خۆی دەگرێت . بە سروشت لە گۆڕانکاریەکۆمەڵایەتی و گۆڕانی هۆکارەکانی ئابووریئەو یاسایانەش گۆڕانیان بە سەردادێت .

کاتێک بە دیدی عەقنیەوە کنەی ئەم بابەتە بکەین . پەی بە گومڕایی خۆمان دەبەین ، و تێدەگەین ، کە ئێمە هەمووومان لە کۆمەڵی بچووکەکاندا هەڵخەڵەتێنراوین . کە عەقڵ و شعوری خۆمان دەربارەی قبوڵ کردنی وەهم و ئەفسانەکان کردوەتە قوربانی . چاوو گوێمان دادەخەین و ڕادەستی ، دەستی باوەڕی ئەفسانەو خورافیی کۆنەو دێرین کە ئەژدادمان هەزاران ساڵ پێش دایان هێناوە کردوە. تەاوی ئەو کتێب و نوسراوانەی کە بە ناوی خوداوە نوس نراون ، بە دەستی کەسانێکی وەک من و ئێوە بە سەرنجدان بە باری ئابووری و کۆمەڵایەتی کات و شوێن دارێژراون و ئەو خودایانەی کە کتێبی ئاسمانی تەورات و ئینجیل و قورئانی بۆ ئێمە ناردوە ، هەروەکو خودامردوو لە یاد کراوەکان هەموو بتی دروست کراوو داهێنراوی دەستی مرۆڤن . پێشەوایان و واعیزەکانی ئایینی ترسیان لە بێداربوونەوە وگەشە کردنی هێزی بیرکردنەوەی خەڵک هەیە ، بەرژوەندی ئابووری و دنیایی ئەوان دەکەوێتەبەردەم هەڕەشەو لە کاتێکدا کە خەڵک هۆشیارە . لە بەرانبەر دەرکەوتنی فیکرە نوێکاندا ، دیوار دروست دەکەن و خواستی خورافی دێرین و ئەحکامی بەستە کراوی کۆن ، بە شێوەی حەقیقەت و واقیع خەڵکی لە سەر گۆش دەکەن . خەڵکی خۆش باوەڕو ساویلکەش ، بە داخەوە کە زۆرینەی ڕەهای هەر کۆمەڵگایەک پێک دەهێنن ، باوەڕەکانی خۆیان لە سەر هەمان بنەمای چێوەی ئەو حکومانە دادرێژن ، و قوبڵی دەکەن . کە ڕێگای ڕزگاری و ڕەفاهیەتی دنیایی و ئەو دنیا لە پەرستنی ئەو بتە خەیاڵیانەدا یە . لە ئەنجامی چەندبارەبوونەوەی ئەو کاتورە دا ، هێزی ئەفراندن و عەقڵ لە مرۆڤدا دەمرێت . ئەحکامی ئایینی ئەفسانەکان ، ئاوێتەی ڕۆح و جەستەی ئەوان دەبێت بە جۆرێک هەتا بە بیستنی بچوکترین دەستەواژەی ناکۆک لەگەڵ باوەری کۆنی هەڵدەچن و نا خودئاگایانە هەستی نەیاری و تۆڵە سەندنەوە لە ناخیاندا چەکەرەدەکات .

باوەڕ هێنان بە ڕێچکەی فیکرێکی پێش وەخت ئەفرێنراوو بنەمایەک کە لە ڕابوردویەکی دورو بە پێی کات و شوێن دانراو . هۆی دواکەوتویی فیکری و مەحروم بونە لە واقیع بینی و زانستی پەروەردەیی مرۆڤی بە کوێرانە بۆ دۆڵی دەمار گیری کێش کردوە کە بوەتە هۆی ڕۆچوونی مرۆڤەکان بۆ ناو هزری توندو تیژی و کوشتن و وێران کردن .

ئەوەی کە سەلمێنراوە ، ئەگەر ئێمە هەزارجاری تر لەو ئەفسانانە بخولقێنین ، و هەزاران کتێبی پیرۆز بنوسین ، هیچکات ، پەی بە مەزنی و هێزی خوداوەند نابەین . هیچ کۆزەیەک لە توانیدا نیە خەسڵەت و تایبەت مەندیەتی ئەوەی کە دروستی دەکات بناسێت . ئێمە کاتێک دەتوانین گۆشەیەک لە مەزنی و گەورەیی خودا وەند لە وەهمی خۆماندا وێنا بکەین کە پەی بە بچوکی و گەجی و دەبەنگی خۆمان لە بەرانبەر جیهانی بوندا ببەین .

لێرەدا موڵەت لە خوێنەرانی هێژا وەردەگرم ، بە ڕودانی سەفەرێکی کورت بۆ ئاسمانەکان بڕۆین و گۆشەیەکی زۆر بچوکی جیهان کە تیایدا دەژین ، تا ئەوێ کە عەقڵ زۆر پێنە گەیشتوی ئێمە ڕێگەدەدات ، لە سۆنگەی زانستەوە تێی بڕوانین .

کۆمەڵەی خۆر کە گۆی زەوی ئێمە بە یەکێک لە و ئەستێرە بچوکانە ی ئەو کۆمەڵەیە ئەژمار دەکرێت . لە گۆشەی کاکێشانەکانەوە ڕێگایەکی خولگە یە . لەو کاکێشانانەدا زیاتر لە دوسەد هەزار ئەستێرە بوونی

هەیە . ئەو کاکێشانە بەو گەورەییە ، لە بەرانبەر ئەو کاکێشانەکانی تردا ، زۆر بچووکە . لەو کاکێشانانەدا ، کە خاوەنی ڕایەڵەی خڕن ، ئەستێرەی درەو شاوە بوونی هەیە کە هەزار بەرابەری خۆری ئێمە ڕوناکترە . خۆری ئێمە 333432 جار گەورەترە لە زەوی ، یەکێکە لە ئەستێرە هاترۆجینیەکان . ئەوەش لە بەرانبەر ئەستێرەکانی تردا بە ڕەواڵەت قەبارەیەکی گەورەتری هەیە . و هەرچەند ئاپۆرەی گازی ئەو زیاتر بێت ، هێزی ڕاکێشانی ناوەندی زیاترە . ئاستی گەرمای دەرەکی خۆری ئێمە ، 5000 هەزار پلەی سانتیگرادە . بەڵام ئەو ئەستێرانەی کە بۆنمونە تا دە بەرانبەری خۆرە ، دەبەرانبەر زیاتر لە خۆیان تیشک دەدەنەوە .

کاکێشانی ( اندرومە ) کە لەو کاکێشانەکانی تر لە ڕێگای خولگەیی نزیکترە خاوەنی سەدان ملیۆن ئەستێرەیە کە گەورەیی خۆری ئێمە لە بەرانبەر هەرئەستێرەیەکی ئەو کاکێشانەدا ئەستێرەیەکی زۆر بچوکە . لە زۆرترین کاکێشانەکاندا ، ئەستێرەی درەو وە بوونی هەیە . کە دوو هەزار جار لە خۆری ئێمە گەورەترە ، و ئەتێرەی تری گەورەتریش هەن کە هێشتان لە خولگەی بەستەڵکیدا دەخولێنەوە . هەر یەکێک لەو ڕاکێشەرە سپی و یان پێچاو پێچانەی کە لە ئاسماندا بەرچاو دەکەون . خودی دنیایەکی گەورەی ئەستێرە سەربەخۆکانن ، کە ڕەنگە قەبارەی ئەوانە سەدەها بەرانبەر دنیای خۆری ئێمەبێت . لەو خولگە پێچاو پێچانەدا کە هەر یەکەیان کۆمەڵیەکی گەورە پێک دەهێنن . ملیونها لەوانە لە گەردوندا بوونی هەیە . خولگەی ( کراب ) خاوەنی بارستایی ( 30,000,000,000.000,000,000 ) خولگەییە . ژمارەی ئەستێرە نوێکان کە تا ئێستا دیدەوانی ( پالومر) ی ئەمریکا ئاشکرای کردووە بریتی لە( 50,000,000,000,000,000 ) پ ؒگەیشتو ، تا ئێستا 350 کاکێشان ئەم جگە لە کاکێشانە ناسراوەکان ئاشکرا کراوە . کە هەریەکەیان پێکدێن لە 5 بۆ 20 کاکێشانی بچوکتر . هەر یەکێکیش لەک کاکێشانە بچوکانە خاوەنی نزیکەی سەد ملیارد ئەستێرەن ، کە قەبارەی هەریەکەیان بە شێوەیەکی ناوەند هاو قەبارەیە لەگەڵ خۆردا . ماوەی ئەم ئەستێرانە ، لەگەڵ زەیدا 130 بۆ 450 ملیۆن ساڵی ڕوناکیە ( 1 ) دورترین ئەستێرە کە شەپۆلی ڕادیۆیی دەگاتە سەرزەوی ، ماوەی دەهەزار ملیۆن ساڵی ڕوناکیە بۆ سەر زەوی .

بە بۆچونی ( مارتین ابل ) ئەستێرەناسی ناوداری دیدەوانی کمبریج و ( لومتر ) کەشیش و بیرمەندی مەزنی بەلژیکی ، جیهان لە دە تا 15 ملیارد ساڵ پێش لە ئەنجامی تەقینەوەیەکی مەزن کە هێزی لە دەرەوەی ویناکردنی مرۆڤەوەیە ، دروست بووە و کاکێشانەکان کەوتونەتە گەردوونی بێ کۆتایی و لە هەرلایەکەوە داگیرساون . نیوەی هێزێکی گەورە کە بوەتە هۆی تەقینەوەیەکی گەورە ، ئازادانە بۆ درەو شاندنەوەی ئەستێرەکان بەکارهاتوە . نیوەکەی تریشی ، ئامادە بۆ تەقینەوەکانی دواتردەبێت . لە جیهانی سەرتایدا ، بارستایی پلەی گەرما ، و وزە بە ئەندازەیەک بووە کە ئەلکترۆنەکان لە کاتی پێکهاتنیانی ئتۆمەکاندا لە مەداری خۆیان دەرچوون ، میۆنان ساڵ تێپەڕی تا لە ئەنجامی کاریگەری ساردبوونەوەی جیهانی بوون سەرهەڵدانی ئوتۆمی پایەدار ئیمکانی دروست بوونی پەیدا کرد . کاتێک ئەلکترۆنەکان لە ناو ئتۆمەکاندا جێگیر بوون ، و تیشک توانی ئازادانە بە ناویاندا تێپەڕێت ، لە ناکاو جیهان شەفاف بوو . ماددەی وەکو پرۆتۆن و نوتۆن و ئەلکترۆنەکان دروست بوون ، و ژیان سەری هەڵدا .

---

1-تیشک لە سانییەکدا سێ سەد هەزار کیلۆمەتر دەبڕێت .

له سەر بنەمای تیۆریاو فۆرمۆلبەندیەکەی ئەنیشتاین ( E=MC2 )وزە لە گەردونی ئامادەبودا گۆڕا بە مادە . بارستایی وزە لە گۆ ئاگراویەکاندا ، تەقینەوەکانی دواتری بە دوای خۆیدا هێنا ، بونی ( هلیۆم ) لە ئاستی خۆر و ئەو ئەستێرەکانی تر ڕەسەنیەتی ئەو تیۆریایە پەسەند دەکات . پاش دروست بوونی خولگەی ئەستێرە گەرۆکەکان و ساربوونەوەی ئەستێرەکان ، سروشت ئەو دەرفەتەی بۆ هەڵکەوت ، تا تاقیکردنەوە کیمیایەکانی یەک لە دوای یەک ئەنجام بدات ، پاش ملیاردها جار هەڵە یەکەمین ئۆرگانیزمی زینو دروست بوو . یاساگەلی تایبەت و زۆر دەقیق بۆ سوڕانی نەزمی جیهان دەرکەوتن . ئەگەر کرانەوەی جیهان بە ئەندازەی یەک زەرب ملیون خێراتربوایە ، مادە کە خاوەنی خێرایی پێویست بوایە بۆ هەڵاتن لە ژێر فشاری گوشین ، لە دەست پێکی خۆیدا ، هەلدەهات و دور دەکەوتەوە و کاکێشانەکان دروست نەدەبوون . ئەگەر هێزی خانەیی تەنیا چەند لە سەدێک لەوەی کە هەیە ئەستورتربوایە ، ژیان دروست نەدبوو زیاد بوونی هێزی خانەیی دەبوە هۆی ئەوەی کە تەواوی هاترۆجینی سەرەتایی لە سەرەتای دروستبونی جیهان دەگۆڕا بە ( هلیۆم ) ( 1) بەبێ هایترۆجین درەوشانەوەو تیشک هاویشتنی ئەستێرەکان ئیمکانی نەبوو .

له سەر بنەمای تیۆریی کرانەوەی ئەنیشتاین ، تیۆریاکانی ( الکساندر فریدمن ) زانای ڕوسی بە جیهانێکی کراوە و بێسنوور ، کرانەوە هەگیز ناوەستێت . جیهانی بکەر هێشتان نەگەیشتوەتە سنوورەکانی کرانەوەی خۆی و کاکێشانەکان لەیەک دور دەکەونە وە و هەڵهاتنیان لە یەک بەردەوامی هەیە . ئەو ئەزمونانەی کە لە سەرنجی یاسای هۆبل ( hubble)ئەنجام دراوە ، دروستی ئەو تیۆریایە دەسەلمێنێت . ئەو یاسایە لە سەرەتادا لە سەر ئەو بنەمایەیە ، کە ئینحرافی سور پشت راست کەرەوەی دورکەوتنەوەی ئەستێرەکانە و هەرچەند ئەستێرەکان دورتر بکەونەوە .

---

1- . heliumهلیۆم : وشەیەکی یونانیە ( هیلیۆس ) بە مانای خۆر، جۆرە گازێکە لە ئەتۆمسفێری خۆرەوە پەیان بە بوونی بردوە لە هەندێک لە کانەکاندا بوونی هەیە . و.ک .فەرهەنگی عمید .

هێزی هەڵاتنلە ناوەندی ئەوانە زیاتر دەبێت . دەزگانوێکان ، نەتەنیا ماوەی نێوان ئەستێرەکان و بزوتنی کاکێشانەکان سەرژمێری دەکەن ، بەڵکو مەوادی پێکهاتەی هەر ئەستێرەیەکیش دیاری دەکەن . ڕێک وەک ئەوەی کە زاناکان دۆزیویانەتەوە ، لە هەر شەش سەد ملیۆن ئەستێرە یەکێک لەوان ئیمکانی بوونی دۆخی زیان و دروستبوونی زیندەوەری تیایە . بەم جۆرە ، لە سەدەها ملیارد ئەستێرەدا ڕەنگە ژیان بە جۆرێک بونی هەبێت .

بەم لێدانەوانە ، بە وتەی ئەو زانا مەزنە کە بۆیەکەمین جار واقیعیەتی ئایینی ئیسلامی پیشانی فارسەکاندا ، ئەم زەویەی کە ئێمەی لە سەر دەژین لە بەرانبەر مەزنی جیهانی بوندا هەتا بەقەد دەنکە زەیتونێک لە بەرانبەر ئاوی ئۆقیانوسەگەورەکان و دەریاکان بچوکترە ، و مرۆڤ لە بەرانبەر ئەو مەزنایەتیەدا زیندەوەرێکی ئێجگار بچوک و وردە کە تەواوی ماوەی تەمەنی بە بەراورد بە ئاستی تەمەنی جیهان لە یەک سات تەنیا یەک سات کورت ترە . موتاڵای خەلق بوونی جیهانی بوون ، و نەزمی باڵادەست بە سەریەوە ، ئێمە بۆ سەرەتاو بنچینەکەی ڕێنمایی دەکات کە هەتا وێناکردن لەو بارەوە ، زۆر باڵاترە لە توانای مێشکی مرۆڤ ، چی بگات بەوەی کە کەسێک بەوەکالەت لە لایەن دروست کەری ئەم دنیا بێ کۆتاییەوە چەند شتێک بگوازێتەوە و خۆی بە نوێنەری ئەو دابنێت .

پاش ئەم سەفەرە کورتە زانستیە ، لە دەرەوەی کتێبەکە ، مۆڵەت بدەن ، بگەڕێنەوە بۆ سەر زەوی و پێکەوە وەڵامی ئەم پرسیارانەی ژێرەوە بدەینەوە :

ئایا ئەو هێزەی خودای خولقێنەری جیهانی بوون ، کە مرۆڤ تەنیا گۆشەیەکی بچوکی لە مەزنی و دەسەڵاتی دروستکراوەکانی ئەو دەتوانێت دەرک بکات ، و ڕەنگە لە سەر ڕووی سەدەها ملیارد ئەستێرەی تر بونەوەری هاوشێوە یان بە ئاستی پێگەیشتو تر و ئاڵۆزتر لە مرۆڤی خەلق کردبێت ، هەمان ئەو بتەیە کە کتێبی پیرۆزی ئایینە جیاجیاکان بە ئێمەیان ناساندوە ؟

ئەو هێزە باڵایە هەمان ئەو بونەیە کە لە گۆشەیەکی بیابانی وشکی فەلەستین ، هاتوەتە سەر زەوی و بە موسای وت : تاماڵێک لە دارئەرخەوانی بۆ دروست بکات ، تا تیایدا نیشتە جێ ببێت ، بەسەر دوژمنانی موسادا بەردی باراند و یان لە گۆشەیەکی تری هەمان بیابانی بێ ئاو و گیاوە ، بە محمدی وت کە بۆچی خەوتن و جوت بوون لەگەڵ ماریەدا دوادەخەیت ، مۆڵەتی بە موسڵمانان دا تا لە شەوانی مانگی ڕەمەزاندا ، لەگەڵ ژنەکانیان جوت بین ، یان لە جەنگی بەدردا ، لە ئاسمانی حەوتەمەوە ، هاتە سەر زەوی و پیاوەکانی قورەیشی بە دەستی خۆی تیر باران کردو کوشتنی ؟

ئایا ئێمە خولقێنەرێکی وا کە بەشێکی کەمی لە مەزنی و گەورەیی دروستکراوەکانی ئەو دەزانین ، لەگەڵ بەرێوەبەرانی هوتێلە گەورە چەند ئەستێرەکاندا هەڵەناکەین ؟ کاتێک کە باوەڕدەکەین ، کە بە قەرەبووکردنەوەی چەند پلەی خوارو ڕاستی ئێمە ، لە دنیادا ، خولقێنەری جیهانی بوون لە بەهەشت بە کەباب و میوەی ئاودارو شەرابی نایاب میوانداری لە ئێمە دەکات و لە شەویشدا بۆ تەواو کردنی میوانداریەکەی ، یەکێک لە حۆریە چاو مەستە کچەکان بۆ ژووری هەریەکێک لە ئێمە دەنێرێت ؟

ئایا قوبلی دەکات تەواوی هاتو هاواری ئایینی ، و خولقاندنی داستانەکانی بەرهەمی مێشکێکی بچوکی خودی مرۆڤ بدرێتە پاڵی کە بۆ باشتر بوون و خۆش گوزەرانتربوون و ڕشازی کردنی غەریزەکانی و باری ئابووری ئەفراندونی ؟

ئایا وا ویناى ناکات کە یەهوە ، باوک ، الله ، و ئەو خوداکانی تر ، کە جێگای پەرستنی مرۆڤی ئەمرۆکەشن ، هەمو ئەمانە ، هەروەکو خودا مردوو لە یاد کراوەکان ، دروستکراو دەستکردی کارگەی خودا سازی مرۆڤ و بەرهەمی مێشکی بچوکی ئەون ؟

ئایا لەگەڵچ من هاورشا نیت کە کاتی ئەوە گەیشتوە کە دەربارەی باوەڕە دێرینەکانی خۆمان ، دەربارەی خودا نوێبکەینەوە و سەرنجی نوێ لە سەریان دابنێین و قبوڵی بکەین ن کە ئێمەو هەموو بونەوەرەکانی تر زۆربچوک و لاوازین ، کە بە حکومی سروشت پێویستە ماوەی کورت و سنورداری لە سەر ئەم گۆی زەویە بژیەین و ئەگەر ئێمە :

لە سەر تەواوی ئەو ئەستۆرانەی کە بە ناوی ئایین ، لە باوو باپیرانەمانەوە بە میراتی بۆمان ماوەتەوە ، لە ئەنجامی گۆش کردنی کۆمەڵگەوە وەرمان گرتوە هیڵێک لە نێوانماندا بکێشین ، و کارگەی خودا سازی بۆ هەمیشە دابخەین .

سەرنجی چاکو خراپی پەیوەندی خۆمان لەگەڵ دەورو بەر لە سەر بنەمای جۆردۆستی و چاکە کاری دابڕێژین .

لە جیاتی خورافات و ئەفسانە ئایینیەکان ، عەقڵ و مەنتیق بە شێوەی داوەری کارو کردەوەکانمان قبوڵ بکەین .

دنیایەکی باشتر بە دەر لە ڕق و کینە و نەفرەت بۆ هەموو ڕەگەزەکان کە بەرهەمی جیاوازی یە ئایینیەکان و ئاگری گەوجاندنی پێشەوایان و واعیزەکانی ئاینەکان لە ناو ببەین.

مۆڵەت بدەن لە دنیای خەیاڵی و درۆینی ئایین و مەزهەب بێینە دەرەوە و بگەڕێینەوە بۆ جیهانی ڕاستە قینە و ڕێگایەک هەڵبژێرین کە لە سەردەمەی تەمەنێکی کورتی ژیاندا بۆ خومان و هاوڕیان و نزیکەکانمان و کۆمەڵگەو دواتر بۆ دنیای مرۆڤایەتی تاکێکی بەسود بین .

کۆتایی